# بیرەوەرییەکانی
# عەلی ئەکبەرخانی سەنجاوی



# سەردار موقتەدر

ساغکردنەوەی:
دکتۆر کەریمی سەنجاوی

وەرگێڕانی:
دکتۆر حەسەن جاف

هەولێر ٢٠١١

# بیرەوەرییەکانی
# عەلی ئەکبەرخانی سەنجاوی
# سەردار موقتەدر

ساغکردنەوەی :
دکتۆر کەریمی سه نجاوی

وەرگێڕانی :
دکتۆر حەسەن جاف

- ناوی کتێب: بیرەوەرییەکانی عەلی ئەکبەرخانی سەنجاوی سەردار موقتەدر
- ساغکردنەوەی : دکتۆر کەریمی سەنجاوی
- وەرگێڕانی : دکتۆر حەسەن جاف
- سەرپەرشتی هونەری و بەرگ: عوسمان پیرداود
- نەخشەسازی: عیسام موحسن
- بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١١٥)
- چاپخانە: چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(      )ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە.

## پێشەکی وەرگێڕ

له شوباتی ساڵی ١٩٧٩دوای بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و لەگەرمەی ئـەم شۆڕشـەدا، ئێوارەیـەکی مەترسـیدار ونـاخۆش کـە پاسـدارانی کۆمیتـەکانی شۆڕشی ئیسلامی هەموو شوێنێکیان تەنیبوەوە وجادەکانیان گرتبوو وسەنگەریان تێدا دامەزراندبوو لە شـاری کەرەجـەوە لەگـەڵ رەعناخـانی هاوسـەری داود بـەگی جافـدا و گەلاوێـژخانمی هاوسـەرم کـچی داود بەگدا بـەرەو مـاڵی دکتـۆر کـەریمی سەنجاوی کە دۆسـتایەتیەکی بتـەوی لەگـەڵ بنەماڵەکەمانـدا هـەبوو، کەوتینـە رێ ئەوکاتە کەریم سەنجاوی لەلایەن حکومەتی کاتی مەهدی بازرگانەوە کـە یەکـەمین حکومەتی ڕژێمـی ئیـسلامی بـوو کرابـووە وەزیـری دەرەوەی ئێـران، ئێوارەیـەکی درەنگ بەهەر چەرمەسەریەك بوو گەیشتینە ماڵی دکتـۆر کـەریم سـەنجاوی، خـۆی وخانمەکـەی فـەخرولملوك کـە لەبنەماڵـەی ئەردەڵانەکانـە بەگـەرمی هاتنـە پێشوازیمانەوە و دەیانزانی هۆی هاتنەکەمان چی یە. خوالێخۆشبوو سالاری کوڕی داود بەگی جاف لەلایەن پاسدارەکانەوە دەستگیر کرابـوو لەگـەڵ گـەورە پیـاوانی ڕژێمی شادا لەتەلەفزیۆندا وەك تۆمـەتبارێك نیـشاندرا هـەروەك نـاوبراو بـێ گونـاه سەری تیاچوو بۆ مێژوو دەینووسم کەناوبراو بووە قوربانی پیلانێکی قێزەونـی لـە پێشەوە تەنراو لەلایەن دوژمنانی بنەماڵەی جاف و هۆزی جافەوە لەناوچەی پـاوە وکرماشـاندا ئـەینا خواگەواهـە سـالار وەکـو مـن دەیناسـم زیـانی بـۆ گیانلەبـەرێك نەبووە چی بگاتە پـواری کوشـتن وخـوێن ڕشـتن، دکتـۆر سـەنجاوی دڵـی گەلاوێـژ ورەعناخانی دایەوە کە ناڕەحەتی ونیگەرانیان دەنواند ووتی ئەوەی بـەمن بکرێـت کۆتایی و دریغی ناکەم وخۆم دەبمە پارێزەری سالار خواحەزبکات ڕزگاری دەکەم.

بەمنی گووت ئاغای دکتـور جـاف فـەرموو بابڕۆینـە کتێبخانەکـەم یاداشـتێکی گرنگـت پـێ نیـشاندەدەم، دەسـتمی گـرت وبـەرەو ژێـر زەمینەکـەیان کـە کتێبخانەیـەکی گـەورەی تێـدا بـوو بردمـی گووتیـشی دکتـۆر تـو مێژوونووسـیت ومێـژووت خوێنـدووە پێویـستە ئـەم ڕاسـتیە بزانیـت هـەر کەسـێك بەشـداری

لەسیاسەتدا بکات دەبێت چاوەڕوانی هەموو جۆرە کارەسات وناخۆشییەك بێت ئێوەیش نەدەبووایە تێکەڵاوی سیاسەت ببوایەن کەبوون دەبێ توانای ئەوەتان لە ووزەدا بێت بەرگەی تەوژمەکەی هەرچەندە تیژبێت بیگرن، ئەزانم لاتان قورس وسەنگینە وەك بنەماڵەیەکی ناسراوو دیاری کورد خۆتان خستووەتە ماڵی منەوە کە یارمەتیتان بدەم ولەم تەنگ وچەڵەمەو قەیرانەدا کە تێی کەوتوون ڕزگارتان بکەم، لەم لایەنەوە ناڕەحەت مەبن، ئێمەیش ڕۆژگاریٚ خۆمان خستووەتە ماڵی ئێوە وداخوازی یارمەتیمان لیٚ کردوون.

لەڕاستیدا نەمزانی دکتۆر سەنجاوی ئاماژە بەچ ڕووداوێك دەکات.. ووتم قوربان نازانم ئێوە کەی داخوازی یارمەتیتان لەئێمە کردووە، ووتی پەلەمەکە، لەکتێبخانەکەی دەفتەرێکی گەورەی دەرکردو ووتی خەتی شکستەت بۆ دەخوێندرێتەوە، ووتم بەڵیٚ، ووتی ئەمە بیرەوەرییەکانی خوالێخۆشبوو عەلی ئەکبەر خانی سەردار موقتەدری مامە کە لە شەڕی جیهانی یەکەمدا خۆی وبراکەی سالار زەفەر وسالار موقتەدری برازای بەهەڵهاتوویی و بیٚ دەرەتانی وسەرلێشێواوییەوە هاتونەتە ماڵی وەسمان پاشای جاف لە هەڵەبجە و هاوسەری وەسمان پاشا عادیلە خانم خزمەتێکی شایانی کردوون ولەگەڵ مەحمود پاشادا هەوڵیان داوە کە لە ئینگلیزەکان بەخشینیان بۆ وەربگرن. سەیری ئەو لاپەڕەیانم کرد کە ئاماژەی پیٚ کردبوو، یاداشتەکانم یەکجار بە گرنگ و بەکەڵك هاتە بەرچاو، دکتۆر ووتی خەریکم لەسەرەوە دەینوسمەوە پێشەکی و پەراوێزی بۆ دەنووسم بەڵام دەستکاری دەقەکەی ناکەم. ووتم دکتۆر ئەگەر ڕۆژێك تەواوت کرد هەوڵ دەدەم ئەگەر مۆڵەتم پیٚ بدەی وەریگێڕمەوە سەر زمانی کوردی، چونکە ئەم بیرەوەریانە سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری ناوچەی کوردنشینی ڕۆژئاوای ئێران وناوچەکانی تری کوردستان وسەبارەت بە عێل وعەشرەتە ناسراو و نەناسراوەکانی ئەم ناوچەیە دواوە بە بۆچوونی من یەکجار بە کەڵك وبەسوودە، حەیفە ئەم زانیاریانە میللەتی کورد پێی نەزانی. ووتی خودا کەریمە هەر کە تەواوم کرد دەینێرم بۆت، وا ڕێکەوت من ئێرانم بەجێهێڵا، ئەویش بە هەڵهاتوویی ئێرانی بەجێهێڵا، دوای مردنی خوالێخۆشبوو دکتۆر کەریم سەنجاوی بە حەوت ساڵ لەلایەن مریەم خانی کچیەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی

ئەمریكا ئەم بیرەوەرییە بەچاپ گەیی كتێوەكە كەوتە دەستم. بڕیاریوەرگێڕانیم دا، دەستم پێكرد لەماوەی دە مانگدا تەواوم كرد بەتەواوكردنی ئەو بەڵێنەی كە بەخوالێخۆشبوو دكتۆر سەنجاویم دابوو هاوردمە جێ.

ئەوەی شایانی باسە خوالێخۆشبوو كەریم سەنجاوی پیاوێكی ڕەوشت بەرز وڕاست گۆ وخۆنەویست ومیوان نەواز وزیرەك وخوێندەوار بوو، لەئاستی ڕامیاریدا بڕوایەكی بەهێزی بەتێزی ئیرانییەت هەبوو، ئەم بۆچوونەی بەهۆی هێندێك فاكتی مێژوویی ڕەگەزی وزمانی كە لەلایەن ناسیۆنالیستەكانی ئێرانەوە جەختی لەسەر دەكرێ لای ئەویش خۆی نیشاندەدا وزۆرجار لە دانیشتنەكەماندا زۆر تر لە ماڵی ئەواندا دەكەوتینە مشتومڕەوە و وادیارە دكتۆر كەریمی سەنجاوی وەكو قوتابیەكی قوتابخانەی مامی عەلی ئەكبەرخان كە ئەویش هەر لەو بڕوادا بووە كە كورد شاخەیەكە لە نەتەوەی ئێران وكورد نابێت خۆی بە میللەتێكی سەربەخۆ وجیاواز لە ئێران بزانێت، چونكە ئەم جۆرە بیرۆكەیە بۆ كوردێكی ئێرانی لە ڕوانگەی ئەوانەوە هێڵی سوورە بێ ئەوەی ئەم حەقیقەتە لەبەرچاو بگیرێت كە ئێران مانای ناوی وڵات دەدا لە وڵاتی ئێرانیش چەندین نەتەوەی وەك فارس، تورك، كورد، عەرەب، بەلووچ، توركمەن تێیدا دەژین، ئێران نەك هەر نەتەوە نییە بەڵكو وڵاتێكی فرە نەتەوەیە، بۆ چارەسەركردنی قەیرانی نەتەوەكانی ئێران، پێویستە وڵاتەكە بەپێی ڕژێمێكی فیدراڵی دیموكراسی دابڕێژرێتەوە، وگومان لەو حەقیقەتەدا نییە بەهێز وسەركوتكردن ئەو وڵاتە سەقامگیر نابێت و ناڕواتە ڕێگاوە وئەنجامێكی خراوی لێدەكەوێتەوە وحاشاكردنی كاربەدەستانی ڕژێمەكانی ئەم ووڵاتە لەبوونی گەلانی جۆراوجۆر لەئێراندا چارەسەری ئەم قەیرانە ناكات. ئەوەی لەم پێشەكییەدا دەمەوێ ئاماژەی بۆ بكەم خوالێخۆشبوو عەلی ئەكبەرخان لە بیرەوەرییەكەیدا بە توندی هێرشی ناڕەوای بردۆتە سەر چەند سەرۆك هۆز و عەشیرەتەكانی دراوسێیان كە مێژوویەكی دەرەخشان و پڕ لە سەروەری و شانازییان هەیە وەك تیرەی وەلەدبەگی و باوەجانی وتایشەیی كەو لە تیرە ناسراوەكان و گرنگەكانی عێلی جافی ئێرانن، هەروەها هێرشێكی بێجێی بردۆتە سەر ئەردەڵانەكان، بەتایبەت خوالێخۆشبوو سەردار ڕەشید، كە ڕۆڵێكی بەرچاوی هەبووە لە مێژووی كوردستانی ئێراندا. جێی سەرسوڕمانە ئەم جۆرە تۆمەتانە لە

کەسایەتیەکی ناسراوی وەك ناوبراو بوەشێنەوە[1] ، بێگومان بەندەی وەرگێڕ هاوبیر و هاوتۆمەتی خوالێخۆشبوو عەلی ئەکبەرخان نیم، بەلام وەکو ووتم بەبۆچوونی من ئەم بیرەوەرییە سەبارەت بە بارودۆخی کوردستانی ڕۆژهەلات لەو قۆناغ و سەردەمانەدا کە باسیان کراوە بەکەڵك و سوودمەندن. لەو بڕوادام بە وەرگێڕانی ئەم بیرەوەریەی خوالێخۆشبوو عەلی ئەکبەرخانی سەنجاوی کە یەکێك لە پیاوە گەورە وناسراوەکانی دەڤەری ڕۆژئاوای ئێران بووە، ئومێدەوارم خزمەتێکی بەرچاوم بەمێژووی میللەتەکەمان کردبێت ویادی ئەو پیاوە هەڵکەوتووەم دووبارە زیندوو کردبێتەوە.

**دکتۆر حەسەن جاف**

**هەولێر- ڕێکەوتی ٢٣/ ٩/ ٢٠٠٨**

١.چەند دۆستیکی ریزدارم ئاموژکاریمیان کرد کەئەم بیرەوەرییە وەرنەگیرمەوە چونکە عەلی ئەکبەر خان هیرشیکی نارەوای کردوتەسەرهەندی سەرۆك هوزو کەسایەتییە ناودارەکانی روژئاوای ئیران کەبەشیکە لەکوردستانی روژ هەلات لەولامی ئەم ئەزیزانەدا دەلیم هەر قوناغیکی میژوویی دابونەریتی تایبەت بەخوی هەیە ودوژمنایەتی خێڵایەتی لەکوردستاندا حاڵەتیکی سەردەمی شەری یەکەمی جدهانییە ورەوشتی خێڵایەتی عەلی ئەکبەر خان لەوقوناغە بەدەرنەبوە بویە پیوپستە لەهەلسەنگاندنی کەسایەتیو رەوشیی عەلی ئەکبەر خاندا بەپیوەری ئەم سەردەمە داوەری نەکەین ئەکەر بیکەین بیگومان تووشی هەڵە دەبین.

## پێشەکی مریەمی کچی دکتوور کەریمی سە نجاوی

ئەم کتێوە بەرهەمی چەند ساڵەی کۆششی باوکم دکتۆر کەریمی سەنجاوی بۆ نووسین وپەراوێز دانانی بیرەوەریەکانی مامەی عەلی ئەکبەرخانی سەردار موقتەدر سەرداری عێلی سەنجاوییە، ئێستاکە دوای حەوت ساڵ لە کۆچی دوایی باوکم شەست وحەوت ساڵ دوای مەرگی سەردار موقتەدر چاپ دەکرێت.

گوێی دانی باوکم لە نووسین ولە سەرەوە نووسینەوەی ئەم بیرەوەریە تا ئەو شوێنەی کە ئێمرۆ بۆ خزمان ونزیکانی ئەوە ڕوونە تەنها لە کۆکردنەوەی هەندێ یاداشتی پەرت وبڵاودا خەست نابێتەوە، بەڵکو هەوڵ وکۆششی کردووە کە ئەم یاداشتانەی لە ڕوانگەی ڕەوتی ڕووداوەکانی مێژوویی یەوە پەیوەند بدرێت ولەهەر کوێیەکا پێویست بووبێت زانیاری سوودمەند وبەکەڵکی بخرێتە سەر، ئەم زانیاریانەی کە خراوەتە سەر ئەم بیرەوەرییە لە فەسڵەکانی سەرەتای کتێوەکەدا بەتایبەت سەبارەت بە مێژووی عێلی سەنجاوی وعێلات وعەشایەری دراوسێیان لە باشووری کوردستان دا بە ڕۆنی بەرچاو دەکەوێت.

هەروا لە دووبارە نووسینەوەی ئەم بیرەوەریانەدا باوکم هەوڵی داوە کە پتر یاداشتەکانی سەردار موقتەدر بە پەخشانێکی ڕەوان وگونجاو دەربڕێت بێ ئەوەی لە ڕۆحی قسەکان وشێوەی باس وڕەسەنایەتی دەقەکەدا دەستکاری وناهەمواری ببار بێرێت لەڕوانگەی منەوە لەم کۆششەیدا یەکجار سەرکەوتوو بووە. دڵبەندی وپەیوەندی باوکم بە مامی سەردار موقتەدرەوە تەنها بەهۆی خزمایەتی نەبووە، سەردار هەمیشە لەساڵەکانی منداڵی ولاوی باوکمدا باوکمی وەك منداڵێکی خۆی سەیر کردووە وخۆشیویستووە ونەوازشتی کردووە. ئەوی لە هەموو قۆناغەکانی تەمەنی دا وخوێندنیدا لە نێو قەڵای سەنجاوییەوە تا خوێندنی باڵای دکتۆرای یاسا لە فەرەنسە هەمیشە پاڵپشتوو ڕێنمایی بووە. جگە لەمە لە ڕوانگەی باوکمەوە سەردار موقتەدر وێنەرێکی تەواوی نیشتمان پەروەری، ئازا وبوێر، وخەباتگێڕبووە، کە لە سەرتاسەری ژیانیدا توانا وبوون ودەسەڵاتی عێلی سەنجاوی لەڕێگای پاراستنی سنووری ڕۆژئاوای ئێران وخەباتی میللیدا لە هەستیارترین وقەیرانی ترین دەورەکانی مێژووی ئێرانی نوێدا تەرخان کردووە. بەشێوە و تەعبیرێکی تر دەتوانرێ جێ پێی ئەم ڕەوشتی میللی سەردارە لە کۆششە سیاسیەکانی باوکم لە دەیەکانی ئایندەدا بەچاو ببینێت.

بەبۆچـوونی مـن گرنگـی پێـدانی بـاوکم لـە نووسـینەوەی ئـەم بیرەوەریـەدا بەشێوەیەك لە دانەوەی قەرزی مەعنەویی سەبارەت بە سەردار موقتەدر دەچێت، جگە لەمە وەکو باوکم لە پێشەکی کتێوەکەدا هێناویـەتی ئـەم یاداشـتانەی وەکـو دیارییـەك ناقابیـل بـۆ نـەوەکانی ئێـران دەژمێـردرێ. نووسـینی ئـەم بیرەوەریـە ناقابیلەی گرنگتر لە نووسـینی بیرەوەریـەکانی ژیـانی سیاسـی وفەرهـەنگی خـۆی زانیـوە وهـەرگیز دەرفـەتێك بـۆ نووسـینی سەرگوزەشـتی ژیـانی خـۆی بەدەسـت نەهێنا. کتێوی "أمیدها ونا امیـدی هـا" لـە حەقیقەتـدا بریتـی یـە لـە وتووێـژێکی درێژی باوکم لەگەڵ بەرنامەی مێژووی زارەکی لـە زانکـۆی هارواردایـە. بـێ گومـان ناکامیەکانی سیاسی ساڵەکانی دوادوایی ژیانی وهەورەها دووری نەویستانەیشی لە نیشتمانەوە ئەوی لە ئەنجامدانی ئەم ئەرکەدا سەرنەخست...

ئەوەی لەم کتێوەدا هاتووە هەر ئەو نووسخەیە کـە بـاوکم نوسـیویەتیەوە کـە بێ کە م وزیادی چاپ کراوە ئەوەی کە لە کۆتایی دەقەکەیشدا کەوتووە کە وەکـو جوملەیەکی ناتـەواو بـەجێ مـاوە هـەروەکو کـە لـە نوسـخەی دەسـت نووسـەکەدا هاتووە چاپ کراوە، هۆی ئەم کەم وکوڕی یە بەتەواوی ڕوون نییە، ڕێـی تێدەچـێ لاپەڕەکانی دوادوایی لە دەست تێوەردانی زەمان ودەوران بەتایبەت ساڵەکانی پـڕ ماجەرای دە ساڵەی دوایی نەپارێزراوە، هەروا ڕێی تێدەچێ سەردار موقتەدر خۆی نەیویـستبێ سـاڵەکانی دوادوایـی تەمـەنی بـاس بکـات یـا وەك بـاوکم هـەوڵی تەواوکردنی سەرجەم دەقەکەی بۆ نەڕەخسابێ.

ئێستاکە ئەم کتێوە سەرەنجام چـاپ کـرا مـن وبراکـانم لـەپێش هەموومانـەوە دایکم، فەخرولملوکی سەنجاوی قەدر زانینی خۆمان بەتایبەت ئاراستەی هاوسـەرم عەباسی ئەمانـەت دەکـەین، کـە هـەل ومـەرجێکی لـەباری بـۆ بڵاوکردنـەوەی ئـەم کتێوە فەراهەم کرد هەروا لە ئاغای کاوەی بەیات کە بـەدڵ گەرمییـەوە سـەبارەت بـە چـاپی ئـەم کتێـوە لـەڕێگای چـاپەمەندی شـیرازەوە هـەوڵ وتەقـەلای داوە، دەکەین.

**مریەمی سە نجاوی**
**( ئەمانەت )**
**دانشگاهی اللینوی جنوبی**
**مانگی ئازاری ١٣٨٠**

# بەشی یەکەم

## کورتەیەکی مێژوویی
## بارودۆخی عیلایەتی کرماشان

لـە دەڤـەری کرماشـان عێلاتێکـی فـراوان هـەن، هەنـدێکیان لەناوچـوون، بـەو مانایـە یـان بوونەتـە شارنـشین یـا گوندنـشین ئـەو داب ونەریتـەی عێلایەتیانـەیان لەدەست داوە، یا بەهۆی ڕووداوە جیاوازکانـەوە پـەرت وبڵاوبوونەتـەوە ولـەنێوان عێلاتەکانی تردا تواونەتەوە. هەندێ لەوانەش لەبەر لاوازی دەوڵـەت وبـێ بایـەخی وکەم تەرخەمی کاربەدەستان ولێپرسراوانی ئـەم سـەد ساڵەی دوایـی یـە، دەڤـەر وزێدەکانیان بەستراونەتەوە بە خاکی عوسمانی وعێراقەوە یان جەلای نیشتمانیان هەڵبژارد وڕوویان کردە ناوچەکانی "میزۆبۆتۆمیا". مـن نامـەوێ لەپێشەکی ئـەم بیرەوەرییـەدا کـە سـەبارەت بـە تایفـەی سـەنجاوی وخـەباتی میللیانـە لـە شـەڕی یەکـەمی جەهانیـدا بەدرێـژی باسـی تایفـەکانی تـر بکـەم چـونکە زانیارییەکـەم سـەبارەت بـە ئەوانـە تـەواو نیـە، لەگـەڵ ئەمەیـشدا بۆئـەوەی ڕووداوەکـان وزانیارییەکان کـە لـەم بیرەوەریـەدا هـاتوون بگەنـە یـەك وبـارودۆخی کـە تایفـەی سـەنجاوی تێدا دەژیـا ڕوونکەینـەوە وناسـاندنی ئـەو عێلاتانـە کـە بەناچـار لـەم بیرەوەریەدا ئاماژەیان پێ کراوە، ناچـارم سـەبارەت بـە عـێلات وتایفـەکانی تـری دەوروبـەری سـەنجاوی بەتایبـەت تایفـە سـنوورییەکانی کرماشـان کورتـە باسـێك بکەین.

**عێلی زەنگەنە:**

گرنگرتـرین عێلـی کرماشـان لـە مێـژوودا عێلـی زەنگەنـە بـووە، کـە هێزێکـی گەورەی سەربازیان هەبووە، مێرانێکی ناودار لەنێوانیانـدا هەڵکـەوتووە وەك شـێخ عەلی خان وەزیر وسەرداری ناسراوی شاه سلێمانی سەفەوی، سەرۆکایەتی فەوجی سەربازی زەنگەنـەو هـەموو فەوجـەکانی کرماشـان لـەم دواییـەدا بەدەسـت ئـەمیر

تومان محمد رەزاخان زەهیرولملكەوە بووە[1] تایفەی سەنجاوی وەكو بەم زوانە باسی دەكرێت ماوەیەك لەنێوان عێلی زەنگەنەدا بوونە وملكەچی سەرۆك وحوكمڕانەكانیان بوونە، بەڵام ئێمڕۆ ئەم عێلە گەورە وناوداره لەئێراندا مەرجەكانی عێلایەتیان لەدەست داوە. سەرۆكەكان ودەست ڕۆیشتوو وپیاو ماقوڵەكانیان لەشاری كرماشاندا نیشتەجێن ولەگرنگترین وگەورەترین بنەماڵە ناودارەكانی ئەو شارە دەژمێردرێن.

تایفەكانی زەنگەنە هەرچی بووە لەنێو عێلات وتایفەكانی تردا تواونەتەوە و ناوونیشانێكی عێلایەتییان لێ بەجێ نەماوەتەوە، بەڵام بەپێچەوانەی ئێرانەوە لەعێراقدا بەتایفەیەكی گەورەو ناودار دەژمێردرێن چونكە لەپشت ناوچەكانی خانەقینەوە تا سنووری كەركوك نیشتەجێن.

**عێلی كەڵوڕ:**

گەورەترین عێلی دەڤەری كرماشانن، دەتوانین بڵێین گەورەترین عێلی كورد زمانن لەم دەورو چەرخەدا[2]. ئەم عێلە خەڵكێكی ئازا ودلێر وسواركار ودەس گوشاد ومیوان دۆست وسەرزن و وئافرەت بازن، ژمارەیان بیست تا سی هەزار بنەماڵەیەك دەبن و لە تایفە وتیرەی جیاواز پێكهاتوون كە گرنگترینیان چوار تایفەیە، كە بریتین لە: "خالیدی، سیاه سیاه، شیان، وكازم خانی" كە ئەمانە بەناوی "هەزارە"یشەوە ناسراون، مەزهەبی خەڵكی كەڵوڕ بەتەواوی شیعەیە[3]. وكەمێكیان "عەلی اللاهی" مەزهەبن.

---

[1] لە ساڵنامەكانی ساڵی ١٣١٣– ١٣١٤ كۆچی كە پەیوەستی كتێوی مێژووی ساسانی یە،كە خوالێخۆشبوو محەمەد حوسەین خانی زكاو ئەلملك داینوە نووسراوە فەوجی زەنگەنە ژمارە ٧٠ بە سەرپەرشتی حاجی زەهیر ئەلمولكی ئەمیر تۆمانە، بریكاری سەرۆكی فەوج وخاوەن پلەكانی تر ٢٦ كەس بوونە.

[2] وادەزانم بۆچوونەكەی خوالێخۆشبوو عەلی ئەكبەر خان لەم بابەتەوە لەشوێنی خۆیدا نییە، چونكە بەپێی ئامارەكانی ئەو سەردەمە وئەم سەردەمەیە عێلی جاف لە ئێران وعێراقدا لە عەشیرەتی كەڵوڕ زۆرترن.

[3] ئەم هۆزە لە كوردستانی عێراقدا زۆربەیان سونی مەزهەبن.

ئەم هۆزە لەمێژوودا یەك سەرۆك یان (عێلخان)یان هەبووە، خاوەنی چاكترین موڵك و لەوەڕگا بوونە، ناوچەكەیان كە دەكەوێتە بەشی خوارەوەی وولاتی كرماشان لەپشت دەروازەكانی ئەو شارەوە تا سنووری ئێران وعێراق ناوچەیەكی پان وپۆڕ و بەیەكەوە بەستراوە، بەپێی دابەشبوونی لەشكری لەسەر بنچینەی بنەڕەتی كۆن، عێلی كەڵۆر یەك فەوجی ٨٠٠ سەربازییان هەبووە، كە چوار سەدیان لەتیرەی هەزارە وپاشماوەكەیان لەتیرەكانی تر بوونە[١].

هەموو موڵك و لەوەڕگاكانی كەڵۆر وەكو گشت عەشیرەتەكانی تر كە سەربازیان بە میری پێشكەش كردووە موڵكی دەوڵەت بووە كە لەجیاتی موچەی سەربازەكاندا پێیان دراوە.

ئەم كەشتزار ولەوەڕگا پان وپۆڕانە لەمێژە عیلخانەكانی كەڵۆر لەدەستی تایفە وتیرەكانی تریان دەرهێناوە وكردوویانەتە موڵكی تایبەتی خۆیان تا بەهۆی بێ لیاقەتی ودووبەرەكییانەوە و دەسیسەكانی حاجی حەسەن نازناو (وەكیل الدولە)وە بەشێكی سەرەكی ئەم موڵكانە كەوتە دەست ئەم كەسایەتیە مەرموزە.

لە مێژدا سەرۆكایەتی عێلی كەڵۆر بەدەستی بنەماڵەی حاجی زادەكان بووە ودوای ئەوان كەوتووەتە دەست یاوەرییەكانی ئێستاكەی كرماشان. لەدەورەی فەرمانڕەوایی محەمەد عەلی میرزای دەوڵەت شادا ١٢٢٠– ١٢٥٠ه.ق خوالێخۆشبوو حاجی شەهبازخان سەرۆكی عێلی كەڵۆر بووە ولە شەڕەكانی دژ بە كەهیار پاشا خزمەتێكی شایانی كردووە. دوای ئەو كەسایەتی شایستە وناوداری ئەو بنەماڵەیە (مستەفا قولی خانی دیوان بەگی) سەرۆك بووە. لەبنەماڵەی یاوەرییەكان بەدوای یەكتردا محەمەد حەسەن خان وڕەزا قولی خان وزەینولعابدین خان سەرۆكایەتی ئەم عێلە گەورەیانە كردووە. وئەم سەرۆكایەتیە بەردەوام لەو بنەماڵەیەدا ماوەتەوە تا دوا سەرۆكیان كە دووچاری شۆڕش و یاخی بوونی داوود خان هاتووە وبەم شێوەیە فەرمانڕەوایی وسەرۆكایەتی ئەو عێلەیان لەدەست داوە.

داوود خانی ئەمیر ئەعزەم كە زۆرجار پیاهەڵدان ووەسف وناوی لەم بیرەوەرییەدا دەكرێت و دەبرێت ئەو كەسایەتیەیە كە فەرمانده وسەركردەی

[١] لە ساڵنامەی ساڵی ١٣١٣– ١٣١٤ سەبارەت بە عێلی كەڵۆر وەها نووسراوە: فەوجی شمارە ٦٩ بە فەرماندەی محەمەد عەلی خانی سەرتیپ ستبری خاوەن پلەكان بیست ونۆ كەسن.

لەشکری سالارولدەولە بووە کە لەدەوڵـەتی سـەردەم یـاخی بووبـوو، دژی ڕژێمـی نویٚ مەشروتییەت ئالاٰی شۆڕشی بـەرپا کردبـوو، تائەوڕادەیـە جارێـك سـوارەکانی گەیـشتنە باغـشا وسـاوەی نزیکـی تـاران. بـەڵام سـەرئەنجام لەبەرانبـەر لەشـکری دەوڵەت وموجاهیدینەکان وهێزی بەختیارییەکانـدا شکستی هێنـا و خـۆی وکـوڕە ئازا ودڵێرەکەی عەلی ئەکبەرخان لەم شەڕەدا نزیك ناوچەی (سەهنە) کوژران.

داوودخان سەر بەتایفەی خالیدی یە کە گرنگترین وبەهێزترین تیرەی کـەڵورە، کوێخایەتی وسەرۆکایەتی ئەم تیرە بەدەست باپیرەی ئەوەوە بووە.

داوودخان کوڕی عەباس خان کوڕی ئەسعەد خان کـوڕی عەبـدوڵا بـەگ کـوڕی عەبدول محەمەدە، بەمانای تیرەی خالیدی دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەکەی ئەو.

زینولعابدین خـان عێلخـان وسـەرۆکی کـەڵور بـەگوریس بـاپیرەی داوود خـانی خنکاند. دوای ماوەیەك عـەباس خـان کـوڕی ئەسـعەد خـان هـەلێکی بـۆ ڕەخـسا. بەتایفەکەیەوە هەڵیکوتایە سەر سەرۆکی کەڵور وبراکـەی تـوانی پاشـاخانی کـوڕی زەینولعابـدین بــە شمــشێر پارچــە پارچــە بکــات، ولەتۆڵــەی باوکیــدا شمــشێرە خوێناوییەکەی (لێسییەوە).

دوای زەینولعابدین خان، محەمەد عەلی خانی بـرازای بـووە سـەرۆك وعێلخـانی کەڵور وداودخان سەرۆکی تیرەی خالیـدی بووەتـە بریکـاری لەبـەڕێوەبردنی عێلـی کەڵوردا وکاروباری سەرکردایەتی ئـەو عێلـە، بـەڵام ئـەم ڕێکەوتنـە زۆری نەخایانـد وەکـو لەدواییـدا باسـی دەکـەین، داوودخـان ئەویـشی لەکارخـستوو خـۆی بـووە فەرمانڕەواو سـەرۆکی ڕەهـای عێلـی کـەڵور. داوودخـانی ئـەمیر ئـەعزەم پیـاوێکی گەورە وبەهیمەت ولێبوورد ومیوان نەواز وبەرزەفڕ بوو. توانـا وسـامانێکی فراوانـی بەدەست هانی هەموو گەشت زار ولەوەڕگاکانی ناوچەی کەڵوری کەوتـە دەسـت، و لە چـنگی ئاغـای حەسـەن خـانی وەکیلولدەولـە وکوڕەکـانی دەرهـانی. لـەماوەی سەرۆکایەتی ئـەودا تـیرەی خالیـدی هێـز وتوانـا وسـامانێکی فراوانیـان وەدەسـت کەوت بەڕادەیەك هەموو تایفەکانی تریان شاردەوە ونەخشیان نەما وسڕایەوە.

لەبەر زوڵم ودەسـت درێـژی ئـەم تیرەیـە بەشـێك لەوخەڵکـە بەتایبـەت تـیرەی "خەمان" بەگزادەکانی گیلان وتایفەکانی سیاە سیاە وکەڵەپا ئێرانیان بەجێهێشت و لـە دەوروبـەری خانـەقین ومەندەلیـدا نیـشتەجیٚ بـوون. داوودخـان بـەو توانـا

گەورەیەوە وئەو سوارە شەڕکەر وئازا ودلێرانەی کە لەژێر فەرمانیدا بوون، ملکەچ وگوێڕایەڵی بوون، دەیتوانی ببێتە مایەی وبناغەی خزمەتێکی گەورە وشایان بۆ گەل وووڵاتەکەی، بەڵام بەداخەوە هەموو توانا ودلێری وکارامەیی ولێهاتوویی خۆی لەڕێگای لار وپووچدا بەفیڕۆ دا.

**عێلی کرند :**

عێلی کرندیش وەك عێلی کەڵور، یەك فەوج سەربازیان هەبووە وسەرۆکایەتی ئەو فەوجە لە کۆنەوە بەدەست بنەماڵەی مەلیك نیازخانەوە بووە[1] و لەدەورانی ئەم دواییەدا حوکمڕانی وسەرۆکایەتی کرند بەدەست عەلی مورادخانی "ئیحتشامولمەمالیك"ەوە بووە. دوای ئەو کەوتە دەست ئیسماعیل خانی سالار ئەفخەمی کوڕی.

هەوارگەی هاوینە وزوسانی ئەم تایفە شارۆچکەی کرند ودێهاتەکانی دەوروبەری و ڕێژاو وبان زەردە وپاتاق وبەشێك لە بشیوە بووە، جگە لەمانە دێهاتێکی یەکجار چاك وبەپیتیان نزیك قەسری شیریندا کە بە سەرئاسیاو بەناوبانگە هەیان بووە.

لەوەڕگاکانیان ناسراو بە جگەرلو وجن هەردە وشك مەیدان بووە، کە زۆربەی ئەو ناوچانەیان لەدەست دەرچووە وکەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی کەڵورەکانەوە. ئەم ناوچانەی کە باسمان کرد موڵکی پاکی دەوڵەت بووە کە لەجیاتی موچەی سەربازیدا بە عێلی کرند بەخشراوە. بەڵام ئیمڕۆ سەرۆکەکانیان ئەم ناوچانەیان بە موڵکی تەواوی خۆیان دەزانن.

کرند شارۆچکەیەکە کە چەند هەزار کەس جەمعیەتیەتی. کە بەجوانترین وچاکترین ناوچەی ئێران لەئاست ئاو وهەواو دیمەنەوە دەژمێردرێت. لەلایەکیەوە کێوێکی جوانی بەشکۆ وبەرز وسەرسەخت لەپاڵیدایە ولەلایەکی ترەوە دەشتێکی

---

[1] لە ساڵنامەی پەیوەست بە مێژووی سوڵتانەکانی ساسانی ساڵی ١٣١٣– ١٣١٤کۆچی بەم جۆرە نووسراوە فەوجی کرند ژمارە ٦٨ لەژێر فەرماندەیی عەلی مورادخانی ئیحتیشامولمەمالیك ئەمیر تومان، نصرالله خانی سەرتیپ سەرپەرشت و یاوەر سێ کەس.

پان پۆڕ پڕ لەپیت وبەرەکەت گرتوویەتیە بەر. شارۆچکەکە خۆی هالەنێو دۆڵێکدا و لەپاڵ دەشتێکی سەوز، کە چەندین کانی زۆر ئاو وجوان و دڵنشینی تێدایە.

لــە کرنــددا خــەڵکێکی جوولەکــەی تێدایــە کــە بــە کاســپی وبازرگــانی وپیشەسازییەوە دەست بەکارن. وادیارە ئەم جولەکانە لەبەرئەوە لەوێدان چوونکە قوتابخانەی ئەلیانس لەو شارۆچکەیەدا دروست کراوە. خـەڵکی کرنـد خـەڵکێکی بەهۆش وزیرەك وئازا ووەتـەن پـەروەر وپیـشەسازن، کـە لـە چـەقۆ وکلیـل وقفـڵ دروستکردندا کارامە وبەناوبانگن.

پیـشەسازانی کرنـدی تفـەنگی سـێ تـیری فرەنـسەوی ودەمانـچەی مـاوزەری ئەڵمانی وەك خۆی دروست دەکەن کە ناتوانرێت بەئاسانی لـە یـەکیان بکرێتـەوە. لەشەڕی نێو دەوڵەتی ئەم دواییەدا زیانێکی فراوانی مـادی ومەعنـەوییان لێکـەوت. لەکاتی هێرشەکەی هێزەکانی حوسەین رەئوف بەگی تورك وەکـو لەمـەودوا باسـی دەکەین بەتەواوی تالآن کران وپتر لەسەد وپەنجاکەسیان لێکـوژرا ودوایـی کەوتنـە بـەر شـالآوی دەسـت درێـژی رووسـەکان وزەرەرو زیـانێکی فراوانیـان لێکـەوت. مەزهەبی و ئاینییەکانی کرند زۆربە "عەلی وللای" یە.

گۆران :

گۆران عێلێکی گەورەیە بەچەند بەش دابەش بووە و هەر بەشـێکی بـە یاسـای سەربازی ولەشـکری پێـشوو سـەد سـەربازیان پێـشکەش کـردووە، سـەرۆکی هـەر دەستەیەك بەپێی یاسای سەربازی ولەشکری کۆن سولڵتانیان پێ دەووتن، کە ئەم پلەیە هاو رەدیفی پلـەی سـەروانی ئیمـرۆ وایـە، لـەم ڕووەوە سـەرۆکی تایفـەکانی گۆرانیان بە سولڵتانی گۆران ناودەبرد.

گرنگترین تایفەکانی گۆران بریتین لە:

تایفەی گاوارە، کە جێگا ومەرکەزی سەرۆکی عێڵی گۆرانن، و نزیکەی هەزارو پێنج سەد بنەماڵەیەك دەبن.

دەستەی تفەنگچی فەتاح سـولڵتانی کـە بـە (بریـایی) بـەناوبانگن، نزیکـەی حـەوت سەد بنەماڵەیەك دەبن.

دەستەی تفەنگچی فرامەرز سولڵتانی، نزیکەی هەزار بنەماڵەیەك دەبن.

دەستەی قەڵخانی وەیس عەلی سوڵتانی، کە نزیکەی هەشت سەد بنەماڵەیەك دەبن.

دەستەی قەلخانی عەلی سوڵتانی نزیکەی هەزار ودووسەد بنەماڵەیەك دەبن.

دەستەی نیریژی (نیرژی) و کویك وعەلی ئاغایی، نزیکەی هەشت سەد بنەماڵەیەك دەبن.

دەستەی بی بیانی، بیویانی رەزا سوڵتانی، نزیکەی پێنج سەد بنەماڵەیەك دەبن.

دەستەی جافی تایشەیی و قادر میر وەیسی، کەدوو هەزار بنەماڵەیەکن.

ئەم هەشت تایفە فەوجێکی ٨٠٠ سەربازیان هەبوو کە بە دەوڵەت پێشکەشیان دەکرد کە بە ئازایی ودلێری بەناوبانگن. فەوجی گۆران بەناوی شوێنەکەیانەوە بە فەوجی قەڵازنجێر ناوبانگیان دەرکردووە. سەرۆکایەتی عێلی گۆران لە دوو سەد ساڵ لەمەوپێشەوە بەدەست بنەماڵەی مەلیك باسم خانەوە بووە، کە ماوەیەك بە هێز وتواناو ماوەیەکیش بە زەبوونی ولاوازی حوکمڕانیان کردووە.

گۆرانەکان چەند کەسێك لە سەرۆکەکانی خۆیانیان کوشتووە وخنکاندوویانە حوسەین خانی سەردار موعەزەم، کە ئاخرین فەرمانڕەوایان بوو پتر لە چل ساڵ حکومەتی کرد. لەسەرەتاوە ویستی بەهێز وتوانا وبرایی لەگەڵیان بجولێتەوە وڕەفتار بکات بەڵام گۆرانەکان کوژرانی باوباپیریان خستەوە یادی ناچار دەستی لە قودرەت نومایی و بەهێز ڕەفتار کردن هەلگرتوو کەوتە دوو دەستی و جیاوازینانەوە لەنێو تایفەکاندا.

موڵك ولەوەڕگا وشوێنی ژیانی تایفەکانی گۆران بەتەواوی موڵکی دەوڵەتە، تایفەکانی گۆران ئەو ناوچانەیان بەپێی ژمارەی ئەو سەربازانەی کە ئەیدەنە دەوڵەت لەنێوان خۆیاندا دابەشیان کردووە، بەڵام سەرۆکەکانی تایفەکان هەرکاتێ دەستمان ڕۆشتبێ وەك موڵکی خۆیان لەو شوێنانەدا جوڵاونەتەوە. حوسەین خانی سەردار موعەزەم چونکە خۆی لەبەرانبەر هێزو توانای تایفەکاندا لاواز دەبینی هانای هێناوە بەر فێڵ وتەڵەکە بازی، کچەکەی خۆی شاهزەنان خانم کە کچێکی ناوداربوو دای بەداوود خانی کەڵور وماوەیەك بەپشتیوانی ئەو بەهێز وتواناوە جوڵایەوە. داوودخان چەند جارێك بۆ یاریی وکۆمەکی بەلەشکرێکەوە

پــەلاماری گــۆران دەدا بــەڵام هــەموو جارێــك دووچــاری بەرگرییــەكی ســەختی گۆرانەكان دەبووەوە وكارێكی نەدەبردە پێشەوە.

لەتایفــەی گۆرانــەكان تایــشەییەكان وقــادر مــیر وەیــسییەكان ونیریجیــەكان وبیویانییــەكان[١]. ســونی مەزهــەبن وتایفــەی گــاهوارە (گــاوارە) دوو دەســتە لــە تفەنگچیەكان ودوو دەستە لە قەڵخانییــەكان عــەلی ولــلای مەزهــەبن یــان بەووتــەی خۆیان "ئەهلی حەق"ن و زۆربەیان لە دەستەكانی ئەو تایفەن سەبارەت بە ئازایی وبــوێری وخــۆڕاگری قەڵخانییــەكان و هــەم تفەنگــچیەكان هەمیــشە نــاودارتر و لەپێشەوەی هەموو تایفەكانی گۆران بوونە.

## جیاوازی مەزهەب

پێشەوایی مەزهەبی تایفەكانی عەلی وللای گۆران و بەشێ لە خەڵكی سەنجاوی بەدەست سەیدەكانی گۆرانەوەیــە، كــە "تەكیەكــەیان" لــە گونــدی "توماشــی"یــە كەكەوتۆتە شوێنێكی چاك لەپاڵ ڕووبارێكی زۆر ئاو وبێشەیەكی سەوز وپڕ درەخت دایە. پێشەواكەیان لەم دواییەدا سەید ڕۆستەم بوو كــە پیــاوێكی یــەكجار ڕەوشــت بەرز وكارامە وشایستەبوو. خــۆی وســەید شەمــسەدینی كــوڕی لــەنێوان تایفــەكانی عــەلی ولــلای دا یــەكجار خۆشەویــست وبــەڕێز بوونــە ســەید ڕۆســتەم نــەوەی خوالێخۆشبوو سەید براكەی نــاودارە كــە لــە قوتبــە گــەورە ورەهبــەرە مەزنــەكانی عــەلی ولــلای یەكانــە لایــەنگیر ومورییــدەكانی ســەبارەت بــە ئــەو كــەراماتێكی زۆر دەگێڕنەوە، پیاوێكی ڕەوشت پاك و خەڵكی بەگشتی باوەڕێكی زۆریان پێی بووە، هەمیشە لە تەكیەكەیدا جەمعی دەروێش بەزكر ونەزرونیاز وخوێندنی كەلام كــە لــە سروودەكانی عەلی لــلای یەكانــە ســەرگەرم بوونــە. یــەكێ لــەو دەروێــشە ناودارانــە دەروێش نەورۆزی سەنجاوی بووە.

---

[١] تایشەیی وقادر میروەیسی وبیویانی ونـیرژی، ئـەم تایفانـە هـەموویان لەمێـژووی كـۆن ونوێـدا جاف بوونە، ئەم تیرانە بەهۆی كوشتنی قادر بەگی كویخسرەو بەگی سەرۆكی هۆزی جافەوە لەناوبژی ئەم تیرانەدا كە بەشەر هاتبوون لەسەر تەكبیری قادر بەگ پـێش وەفـاتی، ناوچـەی جافی مورادیان بەجێ هێڵاوە وهاتوونەتە پاڵ گۆرانەكان.

تایفه سونی مەزهەبەکانی کرماشان وکوردستان بەگشتی پـەیڕەوی مەزهـەبی شـافیعین، وسـەربە تەریقـەتی نەقـشبەندی یـان قـادرین. پێـشەوای تەریقـەتی نەقـشبەندی لـەم ڕۆژانـە بەدەسـت جـەنابی شـێخ حوسـامەدین وشـێخ عەلائەدینەوەیـە، کـوڕانی شـێخ عوسمـانی سـەراجەدین.بەداخـەوە شـوێن وجێگـا وتەکیەیان لە دەرەوەی ئێران ولە عێراقی عوسمانیدایە.

شێخ حوسامەدین پیاوێکی گەورە ودانا وفەقیه ودینداره، هـەموو مەرجـەکانی شێخایەتی وڕەوحانی تێدایـە بەسـەر ئەمانەیشەوە، ئێـران دۆسـتە، ونفـوز وتوانـا ودەسـت ڕۆیـشتنێکی ڕاسـتەقینەی لـەنێو تایفـەکانی سـونی مەزهەبەکانـدا هەیـەو کاروباریـان بەدەسـت شـێخانی تەریقەتەوەیـە. زانـا ومـەلاکانی شـەریعەت لـە بەرانبەریاندا ناچار بەتەسلیم وخۆبەدەستەوەدانەوەن.

پێـشەواکانی نەقـشبەندی یـا قـادری وهـەتا قوتـابی وشاگردەکانیـشیان عـالم وفازل وفەقیه و ئەدیب وشاعیر بوونـە وهـەن، لـەم دواییـەدا مـەلا عەبـدولڕەحیمی مەولەوی تاوگۆزی سەربە تایفەی باوەجانی یە کە لە دەورەی خۆیدا لە عیلم وئاین و ئەدەبی فارسی وعـەرەبی وشعری جـوانی کوردیـدا لـە عەجایبـەکانی ڕۆژگـارە، بەپێچەوانەی سونییەکانەوە سەیدەکان وپێشەوا ورەهبـەرەکانی عـەلی وللاییـەکان کە زۆربەیان نەخوێندەوار وخەڵکی سادە وڕەمەکین و کەمتر ئامادەن سەبارەت بە ئاین وتەریقەتەکـەیان کـە لـە ئاینـە بـاتنی وڕەمزییەکانـە زانیارییـەکی سـوودمەند بخەنەڕوو، یان وەك زانیارییەك بیخەنە سەرکاغەز. ئەمـە شـتێکی سەرسـوڕهێنەرە بەڵام لەمە عەجایب تر ئەوەیە لەگەڵ ئەوەدا تایفەکانی سونی مەزهەب بەسـەختی پابەنـدی ئـاینی پێـشەواکانیانن کـە بـە فەزیلـەت وکـەمالی دینـی و ئەدەبییـەوە بـەناوبانگن، وە بـە ڕاشـکاوی ئـەحکامی ئیسلام سـەبارەت بـە یـەکێتی وبرایـەتی وخۆپاراسـتن لـە تونـد وتیـژی براکـوژی لـەنێو موسـوڵماناندا بڵاودەکەنـەوە و بانگهێشتی بۆ دەکەن. ئەم تایفانـە پابەنـدی عەهـد وپـەیمانێك نـین چـەندین جـار بینراوە نەتـەنها لەگـەڵ میـوان وپەناهەنـدەکانیانا غـەدر وخیانـەت دەکـەن بـەڵکو لەگەڵ براکانیشیاندا ڕەحم وبەزەییان نیشان نەداوە. بێ گومان ئەم جۆرە دڵڕەقی و بێ بەندو باری شەقاوەتە لەنێوان هەموو تایفەکاندا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئەم خوو ڕەوشتە زبرو ناپەسەندە لەنێوان خەڵکێکدا کە پێـشەوای دانـشمەند وزانایـان

هەبێ ودەمارگیریی فراوانی ئاینیان هـەبێت جێـی سەرسـوڕمان وجێـی بـاوەڕکردن نیە.

بەپێچەوانەی ئەوانـەوە هـەر ئـەو گۆرانـەکانی قـەڵخانی لەگـەڵ ئەوەیـشدا کـە عێلاتـی ترین و توندوتیژترین عێلی سەر زەویـن وپێـشەوای دانـا وزانایـەکیان نیـە، لەگەڵ ئەمەیشدا خەڵکێکی سینە ساف وسادە وئامادەی فیداکارین وپابەند وعەهد وبەڵێن وپەیمانیانن.

ئەم جیـاوازی مەزهەبییـە بـۆ تایفـەکانی گـۆران سـەرەنجامێکی مـاڵ کاولکـەر وناگەوار وناخۆشی لێ کەتووەتەوە.

## سەرلێ شێواوی تـایفەکانی گۆران

تایفەی گەهوارە کە شوێنی نیـشتەجێیان شارۆچـکەی گـەهوارە ودێهاتـەکانی دەوروبەریەتی چاکترین موڵك وزەوی گۆرانەکانیان بەدەستەوەیە. ئـەم گونـدە لـە حەقیقەتدا شوێنێکی سەوز ودڵڕفێنە کـە هالـە ی کێـوێکی پـڕ درەختـدا. ڕووبـاری زەمکـان لـە پاڵیـدا یـە لـە شارۆچـکەیەکی بـچووك دەچـێ نزیکـەی چـوار سـەد بنەماڵەیەکی تێدا دەژی، وچـەند دوکـانێکی نـەجاڕی ئاسـنگەری وکـەوش دروونـی تێدایە کە کشتوکاڵیان جگە لە گەنم وجۆ بریتی یە لە باغداری وتوتن کـاری. سـێو وتـوتنی گـەهوارە لـە هـەموو ناوچـەکانی خۆرئـاوادا بەناوبانگـە. ئەگـەر ئاسـایش وئەمنییەت ودادپەروەری بەرقەرار بێت ئەم ناوچەیە توانـای پێـشکەوتن وئـاوەدان بوونەوەی بەبەرەوەیە، بەڵام بەداخەوە ئێمرۆ بە ئاگری نائـەمنی وئـاڵۆزی وسـتەم ودەست درێژی هەندێ لە سەرۆکەکانیەوە دەسووتێن.

دوو دەستە لە تایفـەی تفەنگـچی کـە بـەناوی سـەرۆکە پێـشووەکانیانەوە بـە فرامەز سوڵتانی وفەتاح سوڵتانی بەناوبانگن بە ئازاترین ودلێرترین خـەڵکی گـۆران دەژمێردرێن. فەرامەرز سوڵتان کوڕی ڕۆستەم سوڵتان پیاو چاکی لایەق وشایـستە ودادگەر بوو، سەودای گەورەیی لەسەردا بوو لەدەورەی زلولسوڵتاندا دەستگیر کرا ولەسـێدارە درا. دوای ئـەو کوڕەکـەی جەهانبـەخش خـان کـە نازنـاوی "زەرغامولـسەڵتەنە" بـوو، بـووە سـەرۆکی تایفەکـە لەگـەڵ ئـەو هـەموو لیاقـەت وکارامەیی وقسەزانی وقەریحەداری وخەت جوانی وئینشا چاکی وخوێندەواریەیدا،

پیاوێکی فیتنەباز ولەخۆڕازی ودەست درێژکەر بوو. ئەو بە دەسیسەربازی وفێڵ وتەڵەکە ودژایەتی بەردەوام بنەماڵەی فەتاح سوڵتانی لەنێو برد ونابوتیانی کرد. وسەرۆکایەتی ئەو تایفەی لە فەرمانڕەوای گۆران بۆ زۆرابخانی برای وەرگرت. لەدەورەی ئەودا خەڵکی تفەنگچی تووشی هەموو جۆرە ستەمێك هاتن وزۆربەیان چوونە نێو تیرەکانی ترەوە وخۆیان شاردەوە ولەبەرچاودا وون بوون. بەشێکی زۆریان لەبەر هاوسێیەتی وڕەوشت چاکی سەرۆکەکانی تایفەی سەنجاوی هاتنە نێو تایفەکەمانەوە وبوونە خزمەتکاری تایبەتی خۆم وبراکانم، لەوەفاداری وئازایی وبوێری ودڵسۆزیدا چاکترین وهەڵبژێردراوترین سوارخاسانی سەنجاوی بوون.

سەرۆکایەتی تایفەی وەیس عەلی سوڵتانی بەدەست بارامخانی ڕەشیدولسەلتەنەوە بوو.کە لە لێهاتوویی وئازایی وکارامەییدا یەکەم پیاوی ناوچەی ڕۆژئاوا دەژمێردرا. هاوکاری وفیداکاری ئەو زاتە سەبارەت بە ئێمە کەلە بەرەنگاری ئینگلسەکاندا دێینە سەر باسی چاکترین نموونەی جوامێری وخۆڕاگرییە کە دەتوانی بێتە سەر مەشقی هەر ئێرانییەکی نیشتمان پەروەر. ئەم تایفە هەر وەك چەند جارێك کەوتوونەتە بەر شاڵاوی دەست درێژی قەڵخانیەکانی عەلی سوڵتانی، بەڵام کارزانی ودانایی وکارامەیی ڕەشیدولسەڵتەنە ئەم تایفەی پاراستووە وتوان لەنێو گۆرانەکاندا بەسەربەرزی وتاڕادەیەك بە خۆشگوزەرانی بژین. ئەم تایفە لەتایفەکانی تری قەڵخانیەکان لە شارستانیەتەوە نزیك ترن.بەڵام ئەو زاتە تەمەن یاری نەدا وژیانی کورت بوو ئێستاکە براکانی بەتایبەت قادر سوڵتان وڕەشید ئەلسەلتەنەی دووەم پیاوانێکی شایستە وبەتوانان ئەگەر باروذۆخ وئەوزاع یارمەتییان بدات دەتوانن تایفەکەیان بەرەو پێشکەوتن وئاوەدانی ببەن.

تایفەی "قەڵخانی" ناسراو بە"عەلی سوڵتانی" لەتایفەکانی تری قەڵخانی دواکەوتووترن بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پیاوانێکی ئازا وچالاك وبوێر وزیرەك وسادەن. زۆر ڕووی داوە لە کارزار و شەڕ و شۆڕدا بەچەن پارچە نان وچەند بەڕوویەك قەناعەتیان کردووە، بەڵام هەرگیز ئامادە نەبوون خۆ بەدەستەوە بدەن وزەبون وملکەچ بن. ئەگەر ئەم خەڵکە چاك پەروەردە بکرایەن سەرۆك و ڕێنیشاندەری چاك ولێزان وداناو کارامە ڕەهبەرییانی بکردایە ڕێی تێدەچوو کە پێشکەوتنێکی

بەرچاویان وەدەست بهێنایە و هەتا بەسەر هەموو تایفەکانی تری گۆراندا زاڵ بوایەن وسەرۆکایەتییان بگرتایەتە دەستمان. بەڵام بەداخەوە لە نەخوێندەواری وجەهالەتێکی تەواودا سەرگەردانن کارو پیشەیان دزی وجەردەیی وتاڵان ودەست درێژییە بەسەر خەڵکانی تردا. زۆربەی تایفەکانی سونی مەزهەبی گۆرانیان لەنێو بردووە ولەژیانی فەقیری وبەدبەختی وپەرتەوازەییدا ڕۆژگار دەبەنەسەر.

سەرۆکەکانیان لەم دەورە وزەمانەدا ئەسەدوڵڵا بەگ کوڕەکەی جەهانگیرە کە نموونەی تەواوی عەیاری هۆشیاریوبوێری وخەڵك ئازاردان وشەرارەت ونەگونجاوی لەگەڵ خەڵکدا، ئەم تایفەیە لەسەرەتاوە بەزۆر وبەهێز وبەیارمەتی حکومڕانی گۆران دەستەی "بیویانیکانیان" لەناوچەکانیان بریووە وناچاریان کردوون بۆ ناوچەکانی "میزۆبۆتۆمیا" کۆچ بکەن وپاشماوەکانیشیان لەوپەڕی ناخۆشی وفەلاکەت دا دەژین ودووچاری هەموو جۆرە ستەمێکن بەرەو سەرنگونی ونابوودی ولەبەین چوون دەڕۆن. دوای بیویانیکان نۆبەت هاتووەتە سەر قادر میر وەیسییەکان، قەڵخانیەکان بە پێشکەش کردنی بەرتیلێك بە حوکمڕانی گۆران جێگا وشوێنی ژیان ونشیمەن ولەوەڕگاکانیان زەوت کردوون وهەڵیان کووتایە سەریان ودوای شەڕو پێکدادان وخوێن ڕژانێکی فراوان و درێژ خایەن، قادر میر وەیسییەکان کە نزیکەی حەوت سەد بنەماڵەیەك دەبوون ناچار بەکۆچ بوون وڕویان کردە ناوچەکانی میسۆبوتامیا (میزۆبۆتۆمیا).

تایفەی تاییشەییش لەزەمانی خۆیدا گەورەترین دەستەی عێلی گۆران وخەڵکێکی کاسبکار وخاوەن مەڕو ماڵات، وسامان دار بوونە. توانا ودەوڵەمەندی ئەمانە بووە هۆی جوڵانەوەی هەستی حەسادەت وتەماحی تایفەکانی تری گۆران، بەتایبەت قەڵخانیەکانی تری عەلی سوڵتانی. تاییشەییەکان کەوتنە بەر هێرش وشاڵاوی تایفەکانی قەڵخانی لەلایەکەوە ولەلایەکی ترەوە وەلەد بەگیەکان. تایشیەکان وەك "سندان" لەدوولاوە کەوتنە بەر چەکوشی ئەم دوو تایفەیە، ناچار ئەوانیش ناوچەکانی خۆیانیان بەجێهێڵاو لەنێو عێلەکانی تردا خۆیان شاردەوە یان بەرەو میزوپوتومیادا کۆچیان کرد. بەشێکی کەمیان کە مابوونەوە لەژێر دەستی قەڵخانیەکاندا زەبوون بوو بوون وسامان ومەڕو ماڵاتیان لەدەست دابوو وهیچیان بۆ نەمابووەوە، ئەمانیش وەك قەڵخانیەکان کەوتنە دزی وجەردەیی

دەتوانین بڵێین لەم بوارەدا لە مامۆستاکانیان بردەوە. تایفەیەکی تری سونی مەزهەبی گۆران نیرژی یە. نیرژییەکان کە دەستەیەکی بچووکی کویکەکان بەشێکن لەوان، سەرۆکی ئەم تایفەیە لەم دواییەدا سەفەروخان کوڕی یار وەیس سوڵتان بوو. پیاوێکی لێهاتوو ڕاست گۆ، و هەتا ئەو لەژیاندا بوو نیرژییەکان لەبرەودا بوون وەك خۆیان مانەوە. سەردار موعەزەم حوکمڕانی گۆران کچەکەی خۆی لێ مارەکرد بەکاریگەری وڕێنمایی ئەوەوە توانی حوکمڕانی ودەسەڵاتی خۆی بپارێزێت، دوای کۆچی دوایی ئەم پیاوچاکە کە لەگەڵ فەوتی ڕەشیدو ئەلسەلتەنەنەدا کە دۆست وهاوکاری بۆماوەیەکی کەمیان لەنێواندا هەبوو، برا دەسیسە باز وخیانەت پیشەکانی سەفەروخان بەناوی شابازخان وڕەزاخانی نیرژی، سەرۆکایەتیان گرتە دەست، لەپێشەوە کوڕە ئازاو دلێرەکەی ئەکبەرخانیان کوشت، ودوای ئەم کوشتنە کەوتنە گیانی خەڵکی بێتاوانی نیرژی وئەم تایفەیە بەرەو تیاچوون ونابوودی دەڕۆن.

**- عێلی جاف :**

لەهجەی جافی شێوەیەکە لە زمانی کوردی کە قەڵەمڕەوی ئاخافتن بەم لەهجەیە لەئێران وعێراقدا دەڤەرێکی یەکجار فراوانی گرتۆتەبەر ولەگەڵ لەهجەی سۆرانی سولەیمانی ولەهجەی کوردستانی سنەیی ولەهجەی تایفەکانی موکری ومەهاباددا نزیکن. ئەسڵ وبنچینەی ووشەی جاف نادیارە بۆم[1]. ئاهەنگی لەهجەی جافی ئەگەر چی بە موحکەمی وبتەوی لەهجەی کوردی ئێمە نیە، بەڵام زۆر ناسك وشێوایە. ئەو تایفانەی بەم لەهجەیە ئەدوون بە جاف بەناوبانگن گرنگترین

[1] دکتور کەریمی سەنجاوی دەڵێ بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە لەم دواییەدا، دکتۆر حەسەن بەگی جاف لە تێزی دکتۆراکەی خۆیدا لە دانشگەدەی ئەدەبیاتی تاراندا کردوویەتی دەڵێت، ئەم ووشەیە لە — جاو — و —جاوان— ەوە هاتووە کە جوانڕۆ یان جاوان رود نموونەیەتی. (ئەم پەراوێزە دکتۆر کەریمی سەنجاوی نووسیوویەتی، بۆ زانیاری پتر دەڵێن کە ووشەی جاف لە جاوانەوە هاتووە و ئەم ووشەیە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە وسەرەنجام جاوان بۆتە جاف. بڕوانە کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف: تەئریخی جاف لێکۆڵینەوەی دکتۆر حەسەن جاف، بەغدا، ١٩٩٥، ل٢٠– ٢٣.)

تایفەکانی ئەم ئێلە لە وولاتی کرماشاندا بریتین لە تایفەکانی جوانڕۆ وباوەجانی، قوبادی وەلەد بیگی، تایفەکانی سونی مەزهەبی گۆران کە لە پێشەوە باسمان کرد هەر بە لەهجەی جافی ئاخاوتن دەکەن. گرنگترین وگەورەترین تایفەی جاف لەم ڕۆژانەدا تایفەی ڕەسەنی ئێرانی عێلی گەورەی جافی مورادییە کە بەداخەوە لەدەرەوەی مەرزەکانی بەزۆر سەپێنراو بەسەر ئێراندا دەژین.

**- عێلی جوانڕۆ :**

بەچەند بەشێك دابەش بوونە:

١- دەستەی وەکیل کە ئێستاکە نزیکەی هەزار ودووسەد بنەماڵەیەك دەبن. ئەم ئێلە بەتەواوی نیشتەجێن ودەستمان لە کۆچەری ودەوارنشینی هەڵگرتووە وئیشی سەرەکی خەڵکەکەی باغداری وئاژەڵدارییە. شوێنی نیشتەجێیان لەلایەن بەرگری وشەڕەوە یەکجار موحکەمە. بەسەرۆکایەتی تایفەی جوانڕۆ وەکیل دەوترێ وەکالەت، لەمێژە پلەیەك بووە لە دەستگای حکومەتی والییەکانی کوردستاندا بەومانایە تایفەکان وەکالەتیان داوە پێی تا بێتە وێنەریان لەلای والییەکانی کوردستان یاوەك بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە والی ئەم پلەیەی پێ سپاردووە کە ببێتە وەکیل ولەچوارچێوەی ئەو وەکالەتەدا سەرۆکایەتی تایفەکان بکات[١].

خەڵکی جوانڕۆ ئازاد وئازاو بەرزەفڕ وکاسبکار وچالاکن. بەڵام لە خوو پیشەی دڕەندەیی ودزی وجەردەییەوە دوورن. قەڵای موحکەمی جوانڕۆ لە بنیاتەکانی ئەمان للا خانی والییە کە بۆ جێگای حکومەت دروستی کرد.هەستەی بازرگانی وکەسابەتی جوانڕۆ شارۆچکەی پاوەیە کە چەند هەزار نەفەرێك جەمعییەتی هەیە لەشوێنێکی جوان ودڵڕفێن وپڕ جموجووڵدایە.

**- وەلەد بەگی :**

ژمارەی جەمعیەتیان لە دوو سەد بنەماڵە پترتر نیە بەڵام نزیکەی سێ سەد تا چوار سەد بنەماڵە لەتایفەکانی وەك تایشەیی و ئەوانی تر هاتوونەتە نێوانیانەوە، وەلەدبەگییەکان هاوسێی باکوری خۆرئاوای سەنجاوییەکانن.

---

[١] ئەم بۆچوونە لە ڕاستتر دەچێت. "وەرگێڕ"

له هەوارگەی هاوینەدا زەوی ودێهاتی چاکیان هەیە، لە هەوارگەی زمستانیشدا جێگـا وزەوی زۆر چـاکیان لـە موڵکـەکانی دەوڵـەت بەدەسـت هێنـاوە. دزی وجـەردەیی ودەسـت درێـژی لەنێوانیانـدا بـەربڵاوە لـەم ڕووەوە لـە قەڵخانییـەکان کەمتر نین ئەگەر یەکێك بڕواتە میوانیان پێویستە ئاگای لە شـت ومەکەکـەی بێـت، ئەگەر لەگەڵیان عەهد وپەیمانێکت بەست، یان پەنات بۆ بردن پێویستە لـە غـەدرو خیانەتیان لە مەترسیدا بیت[١].

سەرۆکی تایفەی وەلەد بەگی لەم دواییەدا فەتاح بەگ وکوڕەکـانی بـارام بـەگ "سەردار ئەکرەم"، یەعقوب بەگ "سـەردار ئەمجـەد"، سـۆفی بـەگ وعـەزیز بـەگ بـوون، ئـەم چـوار کەسـە خوشـکەزای بـاوکم بـوون وبەئێمـەیان دەووت خـاڵۆ. بەگزادەکانی وەلەد بەگی سوار چاکانی ئازا ودلێر وبێ باکن.

- **باوەجانی و قوبادی :**

جەمعیـەتی ئەمانـە نزیکـەی دوو تـا سـێ هـەزار بنەماڵەیـەك دەبـن، هاوینـە هەواریان لەدەوروبەری کێوی ساراوەندایە، کە لە کێوە ناسراو وبەرز وبەشـکۆکانی ئێرانە، ئەم ناوچەیە خۆش ئاو وهەوایە پڕ لە بێـشە وجەنگـەڵی چـڕ وپـڕو جوانـە، بەڵام بۆ کشتوکاڵ دەست نادات سەرۆکی باوەجانییەکان لـەم دواییـەدا موحەمـەد بەگی "ئەمیر ئەسعەد" کوڕی حـەبیبوڵلا بـەگ بـوو، هـەر ئـەو کەسـەیە کـە سـالار ئەلدەولە لە حاتەم بەخشیەکەیدا ئەم نازناوەی پێ بەخشیبوو، کە ئـەم نازنـاوەی بۆ خۆی بەبچووك دەزانی ولە پلەو پایەی خۆیـدا نەیـدەبینی و لـەم بارەیـەوە لای سالار ئەلدەولە شکاتی کردبوو ناڕەزایە دەربڕیبوو. سالار ئەلدەولەش پێـی وتبـوو زۆری نەماوە داوای نازناوی "ئەمیرولموئمینین" بکەی.

محەمەد بەگ پیاوێکی سادەو نەخوێندەوار وپیشەو خووی غەدر بوو، ئەو هەر ئـەو کەسـەیە کـە جـەردەکانی کاپیتـان "شـولتز"ی ئـەڵمانیان بـۆ تـالانی پـول وپارەکەی کوشتیان.

---

[١] پێم وایە خوا لێخۆشبوو عەلی ئەکبەرخان لە توهمەداندا یەکجار زیادەڕەوی کردووە. "وەرگێڕ"

یەکێ لە برا هەڵکەوتووەکانی مستەفاخان بوو، کە لە شەڕێکدا لە ناوچەی سەنجاوی لەلایەن کەڵورەکانەوە کوژرا. ئەو براکەی تریان حەمە تەقیێ بەگ ئەمیر عەشایەر بوو کە بەدەستی خیانەت، پیشەی سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان کوژرا ڕەحمەتی خوای لێ بێ.

- **تایفەکانی هەورامان :**

هاوسێی جوانڕۆن وبەیەکەوە بەستراون، بەڵام لەیەك جیاوازن ولێشاو و بنەچەکیان یەك نیە. عێلی گەورەی هەورامان لە کۆنترین وڕەسەنترین تایفەکانی ئێرانن. هەورامان دەبێتە دوو بەشەوە: هەورامانی لهۆن و هەورامانی تەخت. هەورامانی تەخت دەبێتە سێ بەشەوە: رزاو وتەخت ودزڵی. ئەم سێ بەشە هەروەك هەر یەکێکیان سەرۆکێکی هەیە. بەڵام ئەوەندە یەکێتی و هاوکاری لەنێوانیاندا بەرقەرارە بەیەك تایفە دەژمێردرێن. خەڵکی هەردوو هەورامان نیشتەجێن وگەرمیان وکوێستان ناکەن. هەورامییەکان خۆیان لە ڕەگەزی ساسانیەکان دەزانن، سەرۆکی هەورامانی لهۆن جافر سوڵتان کوڕی موحەمەد سەعید سوڵتان کوڕی حەسەن سوڵتانە کە نزیکەی بیست کوڕی هەیە ونازناوی "سان"ە. سان بەلەهجەی هەورامانی بەمانای گەورە وسەرۆکە، وادیارە وشەی سننج هەر لەم ڕیشەیەوە وەرگیراوە کە سانان دژە بەمانای قەڵای گەورەکان، یاوەکو سوکبووی وشەی سوڵتانە.

جل وبەرگی هەورامییەکان خۆیان دروستی دەکەن، لە هەورامان دزی وجەردەیی شەوان بەرچاو ناکەوێت. ئەگەر دزییەك ڕووبدا بە بۆچوونێکی بەهێز تایفەکانی تر کە هاتوونەتە هەورامانەوە ئەنجامی دەدەن، دەروێش لەنێوانیاندا کەمە، میوان دۆست و دەست بڵاون بەڵام سیفەت وڕەوشتێکی یەکجار خراویان هەیە، ئەویش دڵڕەقی وخوێن ڕێژی و براکوژییە.

هەورامانی لهۆن نزیکەی دوازدە هەزار وپێنج سەد بنەماڵەیەك دەبن، وهەر سێ بەشی هەورامانی تەخت پتر لە دەهەزار بنەماڵەیەکن. شوێنەکانیان بەتەواوی شاخاوییە، کێوەکانی سەخت ودژوارە چونکە زۆربەی ئەو کێوانە سەنگ و دەوەنی گەورەیە، تاڕادەیەك زەوییان بۆ درەختکاری کشتوکاڵ دەست ناکەوێ بەڵام

لەدەشتەکانی بین ئەلنەهرەین دا گوندی چاك وپڕ پیت وبەرەکەتیان سەندووە. ئاینیان ئیسلامە وپەیڕەوی مەزهەبی سونین ودەمارگیرن بۆ ئەو مەزهەبە ویەکجار توند وتیژن لە بیروباوەڕی ئاینییاندا.

نفوز ودەسەلاّتی مەلا وشێخەکان لەنێوانیاندا لەڕادە بەدەرە، زمانی ئەم تایفانە لەهجەی تایبەتی هەورامی یە کە لەکۆنترین و ڕیشەدارترین زمانەکانی ئێرانە هەر ئەو لەهجەیەیە کە سرودەکان وئاهەنگەکانی "ئورامنی" لەدەورەی ساسانیەکاندا پێیێ ووتراوە. لەمێژدا قەڵەمڕەوی ئەم لەهجەیە پان وپۆڕتربوو تا ئێستاکە، لەگەڵ ئەمەشدا هێشتانە دەبینین لە دەڤەری کرماشاندا خەڵکەکانی دێهاتی کەندووله و کرندوسەیدەکانی گۆران وعێلی باجەلان بەم لەهجەیە گفتوگۆ دەکەن، هەروا ئەم لەهجەیە زمانی شیعریی زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانە وەك کرماشان کوردستان هێشتانە هەر بەو لەهجەیە شیعر دەڵێن وهەر لەو بابەتەوە بەردەوامن. هەرچی کتێوی داستانی کوردییەکان هەیە وەك داستانی خورشید وخاوەر ونادر وتوپاڵ وکەنیزەك هەموویان بەم لەهجەیە نووسراوە، بەلاّم نموونەی جوان وشیرینی ئەم لەهجەیە غەزەلە دڵ نشینەکانی مەولەوی تاوگۆزی یە.

## ئەو عێلاتانەی کە بەهۆی گۆڕانکاری سنوورەوە لەئێران دابڕان

پێویستە بەکورتی سەبارەت بەهەندێ عێلەکانی کرماشان و کوردستان کە بەهۆی گۆڕانکاری سنوورەکانی ئێران لەم وولاّتە دابڕان بنووسم.

بێ گومان ئەم تایفانە ئێرانین وئەو سنوورە دەست کردانە کەبەسەر وولاّتەکەماندا سەپێنراوە ناتوانێ لەئێرانی بوونیان وەدەر بنێ.

یەکێ لەم تایفانە عێلی باجەلانە کە لەدەوروبەری قورەتوو نزیك قەسری شیرین نیشتەجێن، جەمعییەتیان نزیك سێسەد تا پێنج سەد بنەماڵەیەك دەبن وپەنجا سوارێکیان بەدەوڵەت داوە[1] سەرۆکەکەیان لەم دواییەدا عەزیزخانی باجەلان بوو، کە لە ئازایی وخۆگریدا ناویان بوو بە مەسەل و دەیانهێنایەوە، شوێنی نیشتەجێیان بەهۆی چەسپاندنی سنوورەوە ساڵی ١٩١٤ز لەنێوان ئێران

---

[1] لەساڵنامەی ساڵی ١٣١٤ك تۆمار کراوە کە جەمعیەتی سوارەکانی باجەلان بەسەرۆکایەتی عەزیزخانی باجەلان.

ودەوڵــەتی عوســـانی و وێنــەری دەوڵــەتی ئینگلــیس وڕووس کەوتــە بەشـــی عوسمانییەوە ولەئێران دابڕا.

و لە عێلەکانی تر عەشیرەتی شەرەف باینی یە "شـەرەف بـەیانی" شـەرەف بادینی کە جێی نیـشتەجێی گـەرمیانیان ناسـراوە بەشـێخان وهـۆرین ولەچـاکترین ناوچەکانی زەهاو ومـوڵکی تـەواوی دەوڵـەت بـوو، وسـەرۆکایەتییان لـەم دواییـەدا بەدەسـت عـەزیزخانی شـەرەف بەیانییـەوە بـوو[1]. سـەد سـەربازیان بـۆ خزمـەت بەدەوڵـەت داوە سـەرکردەیان لـەم دواییــەدا بەدەسـت عـەزیز خـانی شـەرەف بەیانیەوە بووە کـە یـەکێ لـە سـەرۆکی نـاودار وڕێـزدار وڕاسـتگۆکانی ناوچـەکانی کرماشان دەژمێردرێت. جەمعییەتی ئەم تایفە هەزار بنەماڵەیـەك دەبـن بەداخـەوە دوای چەسپاندنی سنوور لەم دواییەدا بوو بـە بەشـێك لـە خـاکی "میزۆبۆتۆمیـا". خۆزگە بەرپرسێکی دانا وکارزان لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دەچووە ئـەم دەڤـەرە ولەنزیکەوە خەڵکی شەرەف بایینی وموڵك ولەوەڕگاکانی شێخان وهۆرێنی دەبینی ئـەو سـاتە بۆیـان ڕوون دەبـۆوە چـی ناوچـەیەکی بـەپیت وسـامانداری وەك زێـڕ، وخەڵکێکی ڕەسەن لەئێران دابڕاویان لەدەست چوو.

– عێلی جافی مورادی :

بێگومان لەهەموو ئەم عێلانە گرنگتر عێلی جـافی مورادییـە کـە جەمعییـەتیان بتر لە بیست هەزار بنەماڵەیەکە کـە ئـەم عێلـە گەورەیـە لەسـەرەتای سـەڵتەنەتی قاجارییەکاندا بەتەواوی سەر بەئێران بوون[2] وتـابیعی والی کوردسـتان دەژمێـردران وهەوارگـەی کوێـستانیان لـە ناوچـەکانی "میزۆبۆتۆمیـا" دا وهەوارگـە ولـەوەڕگای هاوینانیان لەخاکی ئێراندا لە سـنووری کوردسـتان وسـەقزەوە تـا نزیکـەی بیجـار وگەرووس بوو.

---

[1] هەر لەو ساڵنامەیەدا هاتووە کە جەمعیەتی شەرەف بـەیانی بەسـەرکردایەتی عـەزیز محەمـەد خان.

[2] بەشێ لەم هۆزی جافە لەدەوروبەری ساڵی ١٦٢٨ز کـاتێ سـوڵتان مـورادی چـوارەم بەغدای گرتـەوە دەسـتی یارمـەتیان بـۆ درێـژ کـردو لـەم سـەرکەوتنەدا کـە لـەمێردی وئازایەتیـەکی مەردانـەیان نوانـد هــەر سـەبارەت بەمــە سـوڵتان مـورادی چـوارەم نازنـاوی مـورادیی پـێ بەخـشیوون ئـەم نازنـاوە لـەو سـەروبەندەدا بـە نازنـاوێکی زۆر گـەورە دەژمێـردرا. باسـیل نیکتین، الأکراد، ص١٦٨.

لەبەر لاوازی والییەکانی ئێران دەوڵەتی عوسمانی لەو ناوچانەدا قودرەت وتوانا ودەسەڵاتی پەیدا کرد، دەوڵەتی ئێران لەمافی خۆی لەسلێمانیەوە وناوچەکانی دەوروبەری دەست بەردار بوو.

کەم کەم ئەم تایفانە لە ئێران دابڕان لەو عەهدنامەیەدا کەلەنێوان ئێران وعوسمانیدا بەستراوە هاتووە: "ئەو تایفە کۆچەریانە ئەو ماوەی لەئێراندان تەبەعەی ئێرانن وئەو ماوەی لە خاکی عێراقدان تەبەعەی دەوڵەتی عوسمانی دەژمێردرێن[1]. چونکە زۆربەی عێلی جاف بە ئاژەڵداری وپەز بەخێوکردنەوە خەریکن، هەموو ساڵێك چەند مانگێکی هاوین بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان ڕوودەکەنە هەوارگە کوێستانەکانی دەوروبەری "سنە"، ماوەیەك لەو ناوچانەدا ئەگوزەرێنن دەست درێژی ئەکەنە سەر سامان ودارایی خەڵکی ئەو ناوچانە تا ئەو ڕادەیە چەند جارێك والیەکانی کوردستان وەك فەرهاد میرزا "موعتەئەمەد ئەلدەولە"[2] هێرشی کردووەتە سەرو

[1] لەسەدەی یازدە وشازدەهەمیش بەدواوە ململانێی وکێشەو شەڕ لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی ودەوڵەتی سەفەوی لەسەر داگیرکردنی کوردستان بەنیازی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی گەورە وبەربڵاو خۆی نواند وکێشەکە گەیشتە ئەوپەڕی لەشەڕی چالدێراندا کوردستان زەرەر وزیانێکی زۆری لێکەوت. ئەم وولاتە لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی ودەوڵەتی سەفەویدا بەشکرا. هەردوو دەوڵەتەکەش بەردەوام هەوڵی ئەوەیان دەدا کوردەکان لەدژی یەکتر وبۆ یارمەتیدان وپشتگیری لێکردنیان بەکاربێنن، لەم زۆرانبازییە خوێناویەدا نەتەوەی کورد زیانێکی گەورەی لێکەوت کوردەکان بەناوی دوژمنایەتی سونەگەری وشیعەگەرییەوە بون بەداردەستی ئەم دوو دەوڵەتە. بڕوانە: جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، وەرگێڕانی دکتۆر کاوس قەفتان، بەغدا، ١٩٨٧، ل٧١.

[2] فەرهاد میرزا "معتمد الدولة" کوڕی فەتحعەلی شایە مامەی نەسرەدین شا ساڵی ١٢٣٣ك لە دایك بووە، بە سەختگیری وخوێن ڕێژی بەناوبانگە، لەناو فارس وکوردستاندا فەرمانڕەوایی کردووە لە ساڵەکانی ١٢٨٤– ١٢٩١ والی سنە بووە و لەگەڵ حەمە پاشای جافدا نێوانیان چاك نەبووە داوای لێکردووە کە عەشایەری جاف لەئێران نیشتەجێ بکات وتابعەیەتی ئێران وەربگرن وڕێگای دەست درێژی تیرەکانی جاف نەدا بۆ سەر ناوچە سنووریەکانی ئێران، حەمە پاشا ئەم بڕیارە قبوڵ ناکات و شەڕو شۆڕێکی زۆر لەبەین عەشایەری جاف وهێزی دەوڵەتی ئێراندا ڕوودەدات. سليمان نوار، تأريخ العراق الحديث من نهاية حكم داود باشا الى نهاية حكم مدحت باشا، القاهرە، ١٩٦٨، ص٧.

نەیهێشتووە بێنە خاکی ئێرانەوە[1] .

سەرۆکی عێلی مورادی لەدەرەوەی حوکمڕانی ناسرەدین شای قاجاردا محەمەد پاشا[2] کوڕی کەیخوسرەو بەگ کوڕی زاهیر بەگ بووە[3]. حەمە پاشا لەسەرۆکە لایق و کارزان وناودارەکانی کوردستان بووە، پیاوێکی بەتوانا وهەڵکەوتوو وبەهێز وتوندوتیژ بووە. نازناوی پاشایەتی بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە پێ بەخشراوە.

عێلی جافی مورادی لە چەند تیرەیەکی ناسراو پێکهاتووە کە گرنگترینیان تایفەی شاتری ومیکایەلی وروغزایی یە. عەزیزی شاوەیس سەرۆکی شاتری لە

---

[1] ئەم بڕیارەی فەرهاد میرزایە لە گۆڕانکارییەکە بە سەر پەیوەندی سیاسی نێوان دەوڵەتی عوسمانی وئێراندا هاتبووە کایەوە دوای بەستنی پەیماننامەی "ئەرزنە رومی دووەم" کە لەساڵی ١٢٦٣کۆچی/ ١٨٤٨زاینیدا بەستراوە، سەرچاوە دەگرێ. مادەی هەشتەمی ئەم پەیماننامەیە ئەم راستیەمان بۆ روون دەکاتەوە کە هەردوو دەوڵەتەکە شەڕی گەرم لەنێوانیاندا نەمابوو، ڕێك کەوتبوون، دژی دوژمنەکانیان کە یەکێکیان هێزی ڕزگاریخوازی میللەتی کوردبوو لەو مادەدا هاتووە: هەردوو دەوڵەتەکە موافەقەتیان کرد بەهێزی هەردوو وڵات لەو عەشائیرە کوردانەی کە لە سنوورەکان هاتوچۆ دەکەن و ئاژاوە دەنێنەوە، بدەن، لەشکری هەردوو لا لەسەر سنوورەکان جێگیر ببن. لەم قۆناغەدا بوو هۆزی جاف یەکجار بەهێز بوون، سەرۆکی هۆزی جاف حەمە پاشای جاف بە هەموو توانایەکیەوە هەوڵی داوە هۆزەکەی بەسەربەخۆیی بژین و لەم ڕووەوە هەوڵی داوە سەر بۆ کاربەدەستانی ئێران وعوسمانی دانەنەوێنێ ودژی نیشتەجێکردنی هۆزی جاف ڕاوەستێ، لەبەرئەمە عەشایەری جاف گرفتاری وناڕەحەتیەکی زۆریان بۆ هەردوو دەوڵەتەکە پێکهێنا. دکتور فریدون ادمیت، أمیر کبیر در ایران، تهران، ١٣٤٨، ص١٣٦.

[2] حەمە پاشا: ١٢٣٠– ١٢٩٩ك. پیاوێکی ئازا وبوێرو ژیر بووە، توانی هۆزی جاف یەکبخات وبیانکاتە خاوەن دەسەڵاتێکی گەورە. سەری بۆ کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی وئێران شۆڕ نەکردووە، ئەم دوو دەوڵەتە هەمیشە مەترسیان لێ کردووە، تێکۆشیوون کە بەهۆی میرنشینەکانەوە یان لەڕێی دوژمنانی تری ناوخۆی ئەم هۆزەوە بەدەسیسەیەکی نالەبارانە وقێزەون لەناوی بەرن. بڕوانە: گۆڤاری ژیان، ساڵی ١٠، ژمارە، ٤٥٠.

[3] کەیخوسرەو بەگ کوڕی سلێمان بەگە وسلێمان بەگیش کوڕی قادر بەگە و قادر بەگیش کوڕی زاهیر بەگە.هەروەك هەندێ لەو بڕوایەدان قادر بەگ کوڕی عبداللە بەگە وعبداللە بەگیش کوڕی زاهیر بەگە.

حەمە پاشا هەڵگەڕایەوە[١] ولێی یاغی بوو[٢] زۆربەی تایفەکانی جافی مورادی کردە هاودەستی، حەمە پاشا ناچار لە ڕێگای قەڵای شەمێرانەوە هاتە ناو ئێرانەوە ولە جوانرۆ نیشتەجێ بوو دوایی بەچەند سوارێکەوە چوو بۆ تاران و پەنای بردە "ناسرەدین شا" بەفەرمانی شا بەڕێزەوە خزمەت کرا ولەماوەی مانەوەی لە تاراندا میوانی دەوڵەت بووە[٣]، سەرەنجام بە مەیانگیری دەوڵەتی ئێران دەوڵەتی

---

[١] وەکو لە پەراوێزدا باسمان کرد هەردوو دەوڵەتەکە هەوڵیانداوە هۆزی جاف جێنشین بکەن وهیزو توانایان وەك عێلێکی کۆچەریی بەهێز وتوانا لەنێو بەرن، ئەوەتا بەڕوونی لە ژمارە ٣٣٧ی (١٠)ی مانگی سەفەری ١٢٩٠ی ك ٩/٤/ ١٨٧٣ز ڕۆژنامەی زەورادا دەربارەی کۆچی حەمە پاشای جاف بۆ ئێران و یاخی بوونی لە فەرمانی حکومەت هاتووەکە سەرۆکەکانی هەردوو تیرەی "شاتری و هارونی" لەسەر بانگهێشتی دەوڵەت بۆ سوپاسگوزاری تایبەتی بەرامبەر بەو یارمەتی هەڵاوێردنەی لە چاکەی شاهانەوە پێیان گەیشتووە و بینا لەسەر ئەوەی کە داوایان کردووە کە لەمەو لا ڕاستەوخۆ موراجەعەت بە حکومەت ئەکەن وحەمە پاشا ئەخەنە لاوە چونکە لە فەرمانی دەوڵەتی عوسمانی سەرپێچی کردووە. ئەم داوایە لەم بارەوە پەسەند کرا. لەکاتێکا زەوی وزار بەخۆڕایی بوو نیشتەجێکردن دەدرا سەرۆکەکانی ئەم دوو تیرەیە، گفتیان دا کە لە بەرانبەری ئەو زەوی وزارەدا پێیان ئەسپێردرێ شت بەگەنجینەی دەوڵەت پێشکەش بکەن کار بەدەستی تایبەتیش دانرا بۆ پیشاندانی ئەو شوێنانەی پێویستن بۆ کشتوکاڵ تێدا کردنی، ئەم ناوبراوانە ولەچوارچێوەی دانی سەنەدی تاپۆدا جا هەرکەس بەناوی خۆیەوە.

[٢] لەنیزامی عەشایریدا ئەو تیرەی لەگەڵ هۆزەکەیدا بێ هۆیەکی گونجاو کۆچ نەکات وگوێڕایەڵی سەرۆکی هۆزەکەی نەبێت بە یاخی دەژمێردرێت، و شاترییەکان کە چوونە لای میری ونیشتەجێ بوونیان قبوڵ کرد بە یاخی دەژمێردرێن.

[٣] وادیارە خوالێخۆشبوو عەلی ئەکبەرخان وەك هەندێ لە مێژوو نووسانی سەردەم سەبارەت بە وەزعی ڕامیاری ئەو دەورەیە بەتەواوی ئاگادار نەبووە وهۆی کۆچی حەمە پاشا و هۆزی جافی بۆ ئێران بەتەواوی لەیەك نەداوەتەوە. ئەوەی شایانی باسە دەوڵەتی ئێران بەپێی پەیماننامەی ئەرزەنە ڕومی دووەم ئەبووایە بەهێز دژی حەمەپاشا وجافەکان ڕاوەستێت بەڵام لەتواناناییاندا نەبووە ئەم هۆزە ئازا وچەکدارە کۆچەرییە سەرکوت بکەن و وەك "ئەمرێکی واقع" لە حەمە پاشا وهۆزی جاف نزیك بوونەتەوە وویستوویانە بۆ خزمەتی سیاسەتیان رایان کێشن ولەم بارەوە خزمەتێکی زۆریان بە حەمە پاشا کردووە ڕێزیان لێگرتووە ولەلایەن ناسرەدین شای قاجارەوە نازناوی خانی پێ بەخشراوە ومیرنشینی زەهاوی پێ دراوە وهەموو ناوچەی سەرسنووری ئێران وعوسمانی پێ سپێردراوە، عوسمان بەگی کوڕی کردۆتە حاکمی جوانرۆ وفەرمانی ناسرەدین شا لەم بابەتەوە بەدەستەوەیە حەمە پاشا نزیکەی سێ ساڵ لەئێراندا دەمێنێتەوە و لەم ماوەیەدا هۆزی جاف دەسەڵات

عوسمانی قبوڵی کرد کە بگەڕێتەوە خاکی عوسمانی وجارێکی تر ببێتە سەرۆکی ئەو عێلە. ناسرەدین شا خلعەتی شمشێر وحەمایلی ئەمیر تومانی پێ دەبەخشێ، بەدڵنیاییەوە لەڕێگای بەغداوە[1] گەڕایەوە زێد ووەتەنی خۆی[2].

---

وتوانایەکی یەکجار زۆر پەیدا دەکەن، دەست درێژی دەکەنە سەر ناوچە سنووریەکانی دەوڵەتی عوسمانی وئەو ناوچەیە دەشێوێنن کە کاربەدەستانی دەوڵەتی عەسمانی بەجارێ تەنگە تاو دەبن وهەرچی تێدەکۆشن لەناوی بەرن دەستمان نایگاتێ، ناچار ئەم دەوڵەتە پەنا دەباتە بەر دیبلۆماسیەت بەهۆی باڵوێزخانەکەیانەوە لەتاران داوای تەسلیمکردنەوەی حەمە پاشا وشێخ عوبەیدوڵای نەهری دەکەنەوە. (بڕوانە: گۆڤاری بدرسیهای تاریخی ، ژمارەی یەکەمی-ساڵی پێنجەمی نیسانی ١٩٧٠- ١٣٣٩)، بەڵام ئێران لەتوانایدا نەبووە بەدەستیوە بدات، لە ڕاستیدا ئەو دەسەڵاتە ڕەهای حەمە پاشا لەئێراندا نارەزایی کاربەدەستانی حکومەتی ئێران دێنێتە کایەوە. ئەوەبوو دوای شەڕو شۆڕێکی زۆر حەمە پاشا بەیارمەتی هەندێ لە کاربەدەستانی حکومەتی عوسمانی کە دوستی بوون گەڕایەوە بۆ ناوچەی شارەزوور، لەسەرەتاوە دەوڵەتی عوسمانی ڕێزی لێدەگرن، ودەیکەنە بریکاری پارێزگاری سلێمانی ولەدواییدا قائیمقامی هەڵەبجە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەردوو دەوڵەتەکە لەدەسەڵاتی حەمە پاشا نیگەران ونارەحەت بوون بەتایبەتی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی زۆریان رك لێی بووە، وهاتنەوەیان بەهەل زانیووە کە داوێکی بۆ بنێنەوە. وەکو لەمەو پێش باسمان کرد لەوە ماوەیەدا کە حەمە پاشا لە ئێران بوو بەپێی سیاسەتی "توازن القوی" هاوسەنگی هێز، عوسمانیەکان بۆئەوەی هێزێکیان لە جافەکانەوە هەبێت دەسەڵاتێکی زۆر ئەدەن بە عەزیزی شاوێس سەرۆکی تایفەی کەرەم وەیسی کە لەگەڵ هۆزی جاف وحەمە پاشادا بۆ ئێران نەچووبوون دەوڵەتی عوسمانی مولکێکی زۆری بەم تایفە بەخشیبوو. پاش دانانی حەمە پاشا بە قائیمامی هەڵەبجە، کەرەم وەیسییەکان هان دەدەن دژی حەمە پاشا بجولێنەوە وئەوەبوو گیروگرفتێکی زۆریان بۆ حەمە پاشا دروست کرد و دەسەڵاتیان وەك قایمقامی هەڵەبجە لاواز کردبوو، لەهەلێکدا حەمە پاشا عەزیزی شاوێس دەگرێت لەگەڵ چەند کەسێکیدا دەیخاتە بەندیخانەوە، ماوەیەکی زۆر لە بەندیخانەدا دەمێنێتەوە وسەرەنجام بە نەخۆشی (زات الرئە) بە مردنی خوایی دەمرێ. کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەت دوژمنەکانی حەمە پاشا هەروا دوژمنەکانی ناوخۆی حەمە پاشا پروپاگەندەیەکی زۆر بڵاو دەکەنەوە کە حەمە پاشا عەزیزی شاوێسی لە بەندیخانەدا دەرمانخوارد کردووە ولە چەسپاندنی ئەم تۆمەتەدا سەردەکەون. کەرەم وەیسییەکان بەشوێن هەلدا دەگەڕێن حەمە پاشا لەناوبەرن ئەوە بوو کاتێ حەمە پاشا لە ساڵی ١٢٩٩ك لە چیمەنی برایم سەمین نزیك شاری کفری خەریکی ڕاوکردن دەبێ دەیکوژن. بەم جۆرە دەسیسەی کاربەدەستانی عوسمانی سەردەکەوێت. (وەرگێڕ).

[1] لەڕێگای قەزەرەباتەوە بە مەیانگیری تەحسین پاشا والی بەغدا گەڕایەوە بۆ سلێمانی وناوچەی شارەزوور. (وەرگێڕ)

[2] گوایە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە وچەند ساڵێك لەمەو پێش بەهۆی پێش هاتی کودەتای عێراقەوە داود بەگی جاف کوڕی فەتاح بەگ نەوەی حەمە پاشا کە لەپیاوە ناودارەکانی

مەیانەی ئەوو عەزیز ئاغای شاتری بەڕووکەش چاك بووەوە. بەلاّم پاشا ئەو سووکییەی پێشتری لەدڵدا حەشار دابوو، بەهانەیەکی بەدەست هێناو عەزیز ئاغای خستە زیندانەوە، ناوبراو لەزینداندا بە مەرگی ئاسایی یابەهۆی زەهرەوە وەفاتی کرد. حەمە پاشا لەڕۆژی مردنیا بەدەوارو بنەو بارێکی زۆرەوە سەرگەرمی ڕاوبووە براکانی عەزیزئاغا دوای بەخاك سپاردنی شەو بەهەشت سواری هەڵبژێردراوەوە هەڵدەکوتنە سەر دەوارەکەی حەمە پاشا و بەخنجێر دەیکوژن بەلاّم چونکە ئەم جارە تایفەکانی جاف بەهاوکار لەگەڵ خۆیاندا نابینن کۆچ بۆ ئێران دەکەن. لەم دەورەدا جەوامێر سەرۆکی ناوداری عێلی ئەحمەد وەند چەلەبی "هەمەوەند" کە لە دەوڵەتی عوسمانی یاغی بووبوون بە تایفەکەیەوە هاتبوونە ئێرانەوە[1].

بکوژەکانی حەمە پاشا پەنا بۆ جەوامێری هەمەوەند دەهێنن، بەلاّم هۆزی جاف مەودایان نادەن، بەلەشکرێکی گەورەو فراوانەوە پەلاماریان دەدەن لەگەڵ ئەوەشدا کە عێلی هەمەوەند ئازایی ودلێرییەکی زۆر دەنوێنن و لەناوچەیەکی سەختی وەکو داڵەهۆدا شەڕیان دەکرد بەلاّم ئەوانەی بەشوێن حەق سەندنەوەی

---

عێراق بوو، لەگەڵ خانەوادەکەیدا پەنایان بۆ ئێران هێنا. بەفەرمانی شاهەنشاه خزمەتی لێکرا مەخابن ئەم پیاوە ناودارە لەتیمارستانی میهری تاراندا بەنەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد ئێستاکە بنەماڵەکەی وکورەکانی لە پەنا وپاراستنی د ەوڵەتی ئێران بەرخوردارن. د. ك. سەنجاوی.

[1] ئەم زانیارییانەی عەلی ئەکبەر خان وورد نییە، چونکە بکوژەکانی حەمە پاشا لەناوچەی چەمچەماڵدا دەڕۆنە لای جەوامێر هەمەوەند، جەوامێریش بەهۆی ناکۆکییەکی پێشتر لەگەڵ حەمە پاشادا بکوژەکانی حەمە پاشا دەگرێتە خۆی ودوای شەڕێك لە ناوچەی باسەرە وزەهاودا لە ئێران جێگیر دەبن ودەوڵەتی ئێرانیش بە هەلی دەزانن کە هەمەوەندییەکان بەرانبەر بە هێزی جاف ڕاوەستێنن ئەوە بوو هەموو ناوچەی زەهاوی پێ بەخشی وهەزار تومەنی مانگانەی بۆ بڕییەوە ودەسەلاّتێکی زۆری دایە وقەلاّیەکی لە قەسری شیرین لە بەرامبەر بە قەلاّکەی حەمە پاشا لەناوچەی شێروانەدا بۆ دروست کرد بەلاّم هەروەك لەمەوپێش لە پەراوێزەکەدا باسمان کرد دوای پەیماننامەی ئەرزەنە رۆم دووەم کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی وئێران هەوڵیاندا وە سەرۆکێکی هەڵکەوتووی کورد لەمەیدانا نەهێڵن وئیتر بەم جۆرە دەبینین جەوامێری هەمەوەند لە ئەنجامدا لەسەر پیلانێك ودەسیسەی کاربەدەستانی عوسمانیەکان وئێرانیەکان سەری تیاچوو. لە حەقیقەتدا هەم حەمە پاشای جاف وهەم جەوامیری هەمەوەند وسەدان سەرۆکی کوردی تر بە شمشێری یەك سیاسەت کوژران.

خوێنی حەمە پاشاوە بوون بەسەریانا زاڵ بوون وپتر لە سی کەس لەسەرۆك وگەورەکانی هەمەوەند[1] لەو شەرەدا کوژریان ومالٚ ودارایییان بەتالاٚن ڕۆیشت[2].

دوای حەمە پاشا مەحمود بەگی کوڕی پلەی پاشایەتی پێ بەخشراوە ومەحمود محەمەد ئیبراهیمی خالۆی مەحمود پاشا[3] بووە سەرۆکی شاتری مەحمود پاشا سالٚی ١٣٣٦هـ سالٚی شەڕ وەستانەوەی شەڕی یەکەمی جەهانی کۆچی دوایی کرد.

## پاشماوەی والی زادەکانی ئەردەلاٚن

ئەو سێ تایفەی ناویمان هێنا تایفەی جوانڕۆ وهەورامان وجاف بوون، کە لە حەقیقەتدا بەشێك بوونە لە وولاٚتی ئەردەلاٚن وسەر بەوالیەکانی ئەو میرنشینە. ئەم کتێوە جێی ئەوە نییە کە سەبارەت بە والیەکانی کوردستان بەمانای کۆنترین و ناودارترین بنەمالٚەی کورد کە لەهەندێ لە قۆناغەکاندا قەلٚەمڕەوی حکومەتەکەیان بە پانایی دەولٚەتێکی گەورە بووە، باس بکەین بەتایبەت لە دەور وزەمانی ئێمەدا چونکە لە مێژەوە والیگەری ومیرنشینەکەیان تیاچووە وسەرنگون بووە. دواترین والی کوردستان ئەمان للا خانی دووەم بووە کە بە "غولاٚم شا خان" بەناوبانگە. نەوەی ئەمان للا خانی گەورەیە، نەوەی فەتح عەلی شای قاجار لە کچێکییەوە کە سالٚی ١٢٨٤ك کۆچی دوایی کرد بنەمالٚەی ئەردەلاٚن بەهۆی زاوایەتی پاشاکانی ئێرانەوە وەك خان ئەحمەد خان زاوای شا عەباسی گەورە خوسرەوخان زاوای

---

[1] کەریم بەگی فەتاح بەگی محەمەد پاشا دەلٚێ: لەشەڕی دالٚەهۆدا دەرویش ئاغای برای جەوامێر ئاغا دەکوژرێ، بەلاٚم خوالێخۆشبوو پیرەمێرد دەلٚێ لەشەڕی باسەرەدا دەرویش ئاغا کوژراوە.

[2] بەبۆچوونی خوالێخۆشبوو پیرەمێرددەروێش ئاغا برای جەوامیر لە شەڕی باسەرەدا کوژراوە، بەلاٚم هەندێ لە مێژوونووسان لەو بڕوایەدان کە لە ناوچەی زەهاو کوژراوە.

[3] مەحمود پاشا دوای باوکی بۆتە سەرۆکی عەشیرەتی جاف. مەحمود پاشای جاف هەر لەسەردەمی لاویدا بەلٚگە ونیشانەی هەلٚکەوتوویی پێوە دیار بووە، لێهاتوویی وزیرەکی مەحمود پاشا لەلایەن ئەو مێژوو نووسانەی باسیان کردووە بەئاشکرا پەنجەی بۆ ڕاکێشراوە وددانی پێدا نراوە. بڕوانە: محەمەد ئەمین زەکی بەگ: مشاهیر الکرد وکردستان، ج٢، ص١٨٢. هەروەها، شاکر خصباك،الأکراد، بغداد، .ص١٦٦.

فەتح عەلیشا، مەزهـەبی شـیعەیان هەڵبـژاردوو چـوونە سـەر ئـەو مەزهەبـە. بـەڵام زۆربەی خەڵکی کوردستان سونی مەزهەب و پەیڕەوی مەزهەبی شافعین.

دواترین والی کوردستان کە ئەمان للا خانـە کـە بـە غـوڵام شـاخان بەناوبانگـە کوڕی خوسرەو خانی ناکام کە والیە خانمی کچی فـەتح عەلیـشا دایکـی بـوو سـەر بەمەزهەبی "شـەیخییە" بـوو مزگـەوتێکی گـەورەی لـە سـنە بـۆ دروسـت کـردن و دەیویست حاجی محمد کـریم خـان لـە کرمانـەوە بـۆ کوردسـتان دەعـوەت بکـات، بەڵام ئەم لایەنگیرییە بووە هۆی یاخیبوونی خەڵك و بەڵایەکی گەورەی لێکەوتەوە. دەوڵەتی مەرکەزی ناچاربوو کە شازادە فەرهاد میرزا موعتەمـەد ئەلدەولـە کـە لـە لایەکـەوە خـاڵۆی والیـەکانی ئـەردەڵان بـوو بیکەنـە حـوکمڕانی ئـەردەڵان ولـەم مێژووەوە زنجیرەی حکومەتی والیەکانی کورد لەو میرنشینەدا بچڕا ولەنێوچوو.

دواتـرین کەسـایەتی لـەو بنەماڵـەدا کـە فـەرمانڕەوایی ناوچـەی کوردسـتانی بەدەستەوە بووە عەلی ئەکبەرخانی "شەرەف ئەلمولکـە" کـوڕی محەمـەد صـادق خـان بـرازای غـوڵام شـاخانە، کـە خزمـەتێکی شـایانی بـە دەوڵـەتی ئێـران کـرد، ولەلایەن شازادە فەرهاد مـیرزاوە بـووە حـوکمڕانی هـەموو ناوچـەی جـوانڕۆ وهـەر بەفەرمانی ئەو شازادە محەمەد سەعید سوڵتانی هـەورامی لهـۆنی بـاوکی جەعفـەر سوڵتان کوژرا.

عـەلی خـان ناسـراو بـە خانحـاکم وسـلێمان خـانی "شـەرەفولمولك"ی دووەم، کوڕەکانی عـەلی ئەکبـەر خـانی شـەرەفو ئـەلمولك، دوای خـۆی جێگـای حکومـەت وفەرمانڕەواییان لە سنەوە گوێزاوە گوندی ڕەوانسەری کرماشان کـە ئەکەوێتـە ی کێـوی شـاهۆوە. کوڕەکـانی "خانحـاکم" حوسـەین خـان وعـەباس خـان بـوون. حوسەین خان گەنجێکی لێهاتوو و ئازاو دلێر وڕاستگۆ، لایق وشایـستەبوو، لەگـەڵ مندا دۆست وعەهد وپەیمانی هەبوو، و لەنێو خەڵکیشدا خۆشەویست بـوو، نـاوبراو حەمیدە خانمی کچی سلێمان خانی "شەرەفولمولك"ی هێنا کە ئافرەتێـك ونـاودار وڕێك وپێك وئاراستەبوو، ئەم بارودۆخە ناوداریيەی حوسـەین خـان بـەدڵی عـەباس خانی ناسراو بەسەردار ڕەشید نەبوو، هەسـتی رکـوکین وشـکۆ وحەسـادەتی گـرِی گرت وئەو لاوە هەڵکـەوتووەی دەرمـانخوارد کـرد. حوسـەین خـان لەسـەر مەرگـدا سەرپەرشتی منداڵەکانی بە من سپارد و تا لە وزەمـدابوو لـەو وەسـییەتە لام نـەدا

وهیچ كاتێك نەمتوانی ئەو خیانەتە مەزنەی سەردار ڕەشـید ببەخـشم كـە براكـوژی بوو.

وتەكانم سەبارەت بە هۆز وعەشرەتەكانی كرماشـان لـەیرادا كۆتـایی پێـدێنم و لـەبارەی چـۆنیەتی دروسـت بـوونی عێڵـی سـەنجاوی لـەم بـارودۆخ وموحیتـە عەشایەرییەدا باس دەكەم، بێ گومان عەشایر وهۆز وتایفەكانی كرماشان هەر ئەم تایفانـە نـین كـە باسمـان كـرد. ئەگـەر ئەوانـەیان كـە لـەم پێـشەكیەدا باسـیانمان نەكردووە لەبەر بچووكی وبێ شانی ئەوان نەبووە، بەڵكو بەهۆی ئەوەوەیە كە ئەو تایفانە لەدەرەوەی باسەكەماندان كە سـەبارەت بـە عێڵـی سـەنجاوییە، بۆنموونـە عێلی گەورەی سونقرو كلیایی یە كـە ناوچـەكەیان دەكەوێتـە بـاكوری خۆرهـەڵاتی كرماشانەوە كە مەركەزیان شاری "سونقور"ە. لە مێـژووەوە لەگـەڵ ئـەم تایفـەدا سەروكارمان نەبووە، بەڵام لەم دواییەدا كە لەنێوان سـەركردە وكوێخاكانیانـدا دوو دەستەیی پەیدا بوو "فەتحولسولتانی" كولیـایی ڕووی كـردە سـەنجاوی وئێمـەش چوینە هانایـەو وسـوارەكانیان لـە شـەڕی سـەنجاوییەكاندا دژ بـە ڕووسـەكان ئـەو پـەڕی ئـازایی ودلێرییـان نوانـد وشـەهیدەكانیان لـەخاكی سـەنجاویدا بـەگۆڕ سپاردراوین.

## عێلی سە نجاوی چۆنیەتی دروست بوونی

عێڵـی سـەنجاوی پێكهاتـەی بـارودۆخێكی عێلایەتییـە لەگـەڵ ئەمەشـدا چـەند هۆیەكی تایبەتی لە دروست بوونی مێژووی ئەم عێلەدا كاریگەربووە بە پێچەوانەی ئەوەوە كە لە یەكەم سەیركردندا یەتە بەرچاو كە ئەم عێلە گەورەیە ئێستاكە بـتر لە پێنج هەزار بنەماڵەیەك دەبن لە یـەك بنەچـەك وسەرچـاوە ولیـشاو نـین، بـەڵكو پێشهات وڕووداوە مێژووییەكانی مەعلوم و نا مەعلوم لـە پێكهاتـەی هـۆز وتـیرەی جیاوازەكانیدا كە پەیوەندییان بە یەكەوە نەبووە و دوور لەیەك بوونە، لەیەك نزیك بوونەتەوە وبەدرێـژایی ڕۆژگـار لـە كۆبوونـەوەی ئـەم تـیرە وهۆزانـە عێلێكـی یـەك پارچە ویەكسان وهاوكار پێكهاتووە، سـەیرێكی تیرەكـانی ئـەمڕۆی ئـەم عێلـە كـە لەخوارەوە ناویان دەهێنین دەبینین كە چـەند تیرەیـەكی ئـەم عێلـە لـە فارسـەوە هاتوون وهەنـدێكیان لـە كوردسـتانی عێراقـەوە وهەنـدێكی تریـان لـە لورسـتانەوە

هاتوونەتە دەڤەری کرماشـان یـا وەك بـەزۆر کـۆچ کراونەتـە ئـەم ناوچـەیە. عێڵـی سەنجاوی ئەمانەن:

چاڵایی بەلەهجەی ناوچەیی "چالای".

اللاهیار خانی "للای خانی".

دولەتمند ودوستچە.

دارخوور.

صوفی.

خسرو.

کل کل.

جلیلوند، بەلەهجەی ناوچەیی جیلەوەن.

سیمنوند، سیمینەوەن.

باقی، باغی.

سرخاوند.

عەباسوەند "هەواسەوەند".

چوار تیرەی سەرەتاکە بـریتین لـە چـالایی واللاهیـار خـانی وتایفـەی دار خـۆر لەگەڵ هەندێ لـە تیرەکـانی تـر کـە گرنگیـان نـەماوە ووتاڕادەیـەك لـەم قۆناغـەدا لەبەین چوون وەکو ڕەهبەروەند وبلوچەشنیان ومەکەوەند ومەجریلدن، هـەموویان لە تایفەکانی فارسن و لەمێژەوە لەودیوە هاتوون.

سـێ تیرەکـەی تـر صـۆفی وخەسـرەو وکـل کـل کـە سـەرجەم بـەدالیان یـان دیالیانیان بەناوبانگن لە دەوروبەری شارەزوورەوە نزیـك بـە قەراغـەکانی ڕووبـاری سـیروانەوە هـاتوون. تیرەکـانی سـیمەوەند وجەلیلوەنـد و سـرخاوەند و سورخکی"سورەکی" کە بەدەسـتەی ویزوبـچوك بـەناوبانگن لـە تـیرەو تایفـەکانی لورستانن. بنەماڵەی باقی یان باغی نەژاد وبنەچەیان عەرەبە هـەروەکو بەتـەواوی زمـانی عـەرەبیان لەبیرچـووەتەوە و بـەزمانی کـوردی لەهجـەی سـەنجاوی گفتوگۆدەکەن وهاوزمانی تیرەکانی تری سەنجاوین.

سەبارەت بە تـیرەی عەباسـوەند کـە لـە تـیرە گـەورەکانی سـەنجاوی بوونـە، ئیمرۆ بچووك بوونەتەوە دەڵێن لـە خـەڵکی ناوچـەی زەهـاون ومەزهـەبیان سـونی

بووه و له دەورەی سەید یەعقوب باپیرە گەورەی ساداتی گۆران بوونەتە ئەهلی حەق ونیشتەجێی دێیەکانی خۆرئاوای ناوچەکانی سەنجاوین.

چالایی واللاهیار خانی یەك ئەسڵن وریشەو بنەچەکیان یەکێکە، وسەرۆك وگەورەکانی سەنجاوی لەم دوو تیرەن. سەبارەت بەناوی چالایی دوو بۆچوون بە دەستەوەیە، یەکێکیان گوایە گۆڕاوی ووشەی "چەلەبی"یە کە تیرەیەکە لە کوردەکانی فارس سەر بەعێلی قەشقایی. بۆچوونەکەی تر ئەوەیە گوایە ناویان شوێنێکە بەناوی چالایی بەکرە لەناوچەی کوند، لەو شوێنەدا بوون پێش کۆچ کردنیان بۆ ناوچەی کرماشان. لەلایەکی ترەوە چالاییەکان خۆیان لە نەسلی کوردەکانی شەبانکارە "شوان"کارەی کوردی ناوچەی فارس دەزانن کە ئەم ڕوایەتە جێی متمانەو سەلماندن نیە[١].

## کۆچی تیرە وتایفەکانی سه نجاوی

لە حەقیقەتدا تیرەکانی چالایی وتیرەکانی تر کە باسمان کردن لە ناوچەی فارسەوە کۆچیان کردووە و ئەم حەقیقەتە جێی لاری ورەتکردنەوە نیە، بەڵام سەبارەت بە بنەچەك وتەبار و شوێنی نیشتەجێ بوونیان مێژووی ڕاستی کۆ چ کردنیان وهۆو چۆنیەتی ئەو کۆچ کردنە لە تاریکی مێژوودا وون بووە وئێمە نەمانتوانیوە لەم بارەیەوە زانیاریەك بهێنینە دەست و لەتوانای ئێمە بەدەرە. بۆیە سەبارەت بەئەوان ناچارم پشت بە ڕوایەت وگومان وقسەی پێشینەکانمان ببەستین. وەك لەنێو سەنجاویەکاندا باوە کۆچی ئەوان لە فارسەوە لەدەورەی شا عەباسی گەورەدا ڕووی داوە، ئەگەر ئەم ڕوایەتە وەك خۆی بسەلمێنین هێشتانە نازانرێت کۆچ کردنیان لە فارسەوە بۆ ئەم دەڤەرە بە چی مەبەستێك بووە، ئایا بۆ گوێمالی وملکە چکردنیان بووە یان بەمەبەستی سەرحەدداری وپاراستنی سنوورەکانی ئێران بووە لە هێرش ودەست درێژی تورك وعەرەبەکان بۆ ئەم ناوچەیە کۆچ دراوین بەڵام دەتوانین پێشبینی بکەین بڵێین ملکەچ کردنیان لەسەر ویست وداخوازییان نەبووە، وەك دەیگێڕنەوە دوای مردنی ئەو پاشا گەورەیە یا

---

[١] بۆچ وانە بێ..! تیرەیەکی کورد لە فارسەوە هاتبێت لە شوانکارەیی کوردی فارسەوە نزیکترن یا هۆزێکی تر.

لـەقۆناغێکی تـری قۆناغـەکانی مێـژووی ئێرانـدا وەك عـادەت بـووە سـەرلەنوێ دەگەڕێنەوە دەڤەرە ئەسڵیەکەی خۆیان، بەڵام لەبەر چەند گۆڕانکاری وئاڵوگۆڕێك وولات ودەڤەرەکەی خۆیان بـۆ ژیـان پەسـەند نـەکردووە و دووبـارە گەڕاونەتـەوە ناوچەی کرماشان. لەلایەکی ترەوە چـونکە عێلـی سـەنجاوی ئێلێکـی نوێیـە و زۆر کۆن نیە ئەم ناوەی کـە هەیانـە لەسـەدەیەك یـان دوو سـەدە تێناپـەڕێت، چـونکە زمانەکەیان کوردی نزیك بە لوڕییە ومەزهەبی ئەسڵی وسەرەکیان تەریقەتی ئـەهلی حەقـە کـە زۆر لـە مەزهـەب وزمـانی تایفـەکانی زەنـدی دەچـێت کـە ئێـستاکە لـە دەوروبەری تارانـدا جـێگیرن، دووبـارە دوای لەنێوچـوونی سـەڵتەنەت وحکومـەتی زەندییەکان کۆچ دراوینەتە ئەم ناوچەیە، وڕێی تێدەچێ کۆچـی تـیرەو تایفـەکانی سەنجاوی لە دەڤەری فارسەوە بۆ کرماشان پەیوەنـدی لەگـەڵ ئـەو ڕووداوە شـوم ونالەبارانەی سەرەتای دەوری قاجارییەکان هەبووبێ.

بەڵام ئەم گومانە لەگەڵ ئەم داستان وڕیوایەتانەی کـە لـەنێو سـەنجاوییەکاندا بـاوە گوایـە کۆچـی ئـەوان لـە دەورەی سـەفەویەکاندا ڕوویـداوە، و هاوکارییـان لەشەڕەکانی نادر شا وتوبـال عوسمـان پاشـادا گوایـە نەخـشێکی بەرچـاویان لـەو شـەڕانەدا هـەبووە، ناگونجێت. لەیەکـچوونی لەهجـە ومەزهـەبیان لەگـەڵ هەنـدێ لەتیرەکانی زەندا بەڵگەی ئەوە نیـە کـە هـەردووکیان یـەك بنەچـەك ویـەك زمـان ولەیـەك کـات وزەمانـدا کۆچـیان کردبـێ، چـونکە عێلـەکان بـەهۆی بـارودۆخی کۆمەڵایەتی وژیانی تایبەتی دەوارنشینی زمان ومەزهەب وداب ونەریتی خۆیـان لـە شارنـشینەکان زیـاتر دەپـارێزن، لەگـەڵ ئەمەیـشدا ئـەم بارودۆخانــە بـەهۆی هاوسـێیەتی ونزیکـی وپەیوەنـدی تایفەکانـەوە ولـەژێر کاریگـەری کـەش وهـەواو موحیتـە نوێیـەکان لـە گۆڕانکـاری وجـێ گۆڕانـەوە بـەدەر نیـە، و نـاتوانرێ لـەو گۆڕانکارییە خۆیان بپارێزن.

گومان لەوەدا نیە زۆربـەی تیرەکـانی سـەنجاوی، چـی ئەوانـەی کۆچـکردووی شیرازن یان ئەوانەی لە لورستانەوە یان لە کـەناری سـیروانەوە هـاتوون پـەیڕەوی مەزهەبی ئەهلی حەق بوونە وهەن ، وئـەم حاڵەتـە هۆیـەکی سـەرەکیە بـۆ ئـەوەی یەکێتییـەك لـەنێوان ئـەم هـەموو تـیرەو تایفـە جیاوازانـەدا کـە هـەموو یـەکێکیان بنەچەکێکیان هەیە، بەرقەرار بکات.

بەڵام ئەو زانیارییە پێش کۆچ کردنیان بۆ دەڤەری کرماشـان ڕوون نیـە، ئایا لەسەر مەزهەبی ئەهلی حەق بوونە یان نەخـەیر. وەکو زانـراوە کـەم یـا پـێش لـە سەد ساڵ بە کۆشش وهەوڵی دوو پێشەوای یـەکجار بـەناوبانگی ئـەهلی حـەق کـە سەید یەعقوب وسەید براکە بوون ئەم تەریقەتە لـەنێو خـەڵکی گۆران وتایفـەکانی دەوروبەریاندا بڵاوبووەتەوە. وخەڵکانی ئـەم دەڤـەرە ئـەم تەریقەتـەیان هەڵبـژارد وبوونەتـە لایەیـەنگیری، دوور نیـە هەنـدێ لـەتیرەکانی عێلـی سـەنجاویش لـەم دەوروبەرەدا بوونەتە پەیڕەوی ئەم تەریقەتە.

وەکو دەیگێڕنەوە تایفەی صۆفی کە لە تایفە گەورەکانی سـەنجاوین لەپێشدا لەسەر مەزهەبی ئەهلی سونەت بوونە، هەتا لەشێخەکان و صۆفییەکان بوونە. هەر ئەم داستانەیش سەبارەت بەتیرەی عەباس وەندیش بـاوە، نەتـەنها سـەبارەت بـە زمان وچۆنیەتی کۆچی تایفەکانی ئێستاکەی سـەنجاوی بـۆ ناوچـەکانی کرماشـان ناتوانرێ بڕیارێکی یەکجاری ونەزەرێکی قـەتعی بـدرێت[1]. بـەڵکو هـۆی هەڵبـژاردنی ناوچەی سەنجابی (بەلەهجەی ناوچەیی "سەنجاوی") بۆ زۆر کەس لە خەڵکی ئـەم دڤەرە بەڕاستی ڕوون نیە.

بۆچوون وایـە گوایـە هەڵبـژاردنی ئـەم نـاوە پەیوەنـدی بـە ئاینێکـەوە کـە لـە مێژەوە لە ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتدا باو بووە پاشماوەی ئـەو بیروبـاوەڕە خـورافی یـەی ئیلاتەکانە سەبارەت بە هەندێ لەجانەوەران، بێگومان ئەم بۆچوونە سـەبارەت بـە خـەڵکی سـەنجاوی وناوەکـەیان ڕاسـت نیـە، سـەنجاویەکان هـیچ جـۆرە حورمـەت وپیرۆزیی بۆئەم جانەوەرە چوست وچالاکە کە پێستە نەرم وجوانەکەی کە هەندێ ئافراتان وپیاوانی بەدوای جوانیدا گەڕاو دەیکەنە پـاڵتۆ وبالاپۆشـیان، قایـل نـین. ئەگـەر هـاتو ئـەم باوەڕەمـان قبـوڵکرد وسـەلماندمان ودامانـە پـاڵ سـەنجاویەکان

---

[1] بەپێی بیروباوەڕی حەبیب لوی کە کتێوێکی سەبارەت بە جووەکانی ئێـران نووسـیوە بـەرگی یەکەم ١٣٣٤ ل١٨٨ دەڵێت: سـەنجاویەکان گوایـە لـە بـەنی بنیـامین و پاشمـاوەی ئەسـپاتە گووم بووە ئیسرائیلیەکانن. ئەم بۆچوونە لە حەقیقەتەوە دوورە، سەنجاویەکان وەکو ڕۆنیان کردەوە لە یەك بنەچەك نین وخەڵکی ئەسڵی کێوەکانی کوران ودالاهۆ ناژمێردرێن، بەڵکو لـە شوێن وجێ جیاوازەکانەوە هاتوون ومەرکەزی سەرەکیان ناوچەی فارسە.

دەبوایە باوەڕیان بە جانەوەرێکی ترسناکتر وەکو گورگ هەبوایە ئەم بۆچوونە لە ڕاستیەوە نزیکتر بوو.

تیرەی چالایی بەپێی ئامۆژگاری و وەسییەتێك کە لەدەورەی منالّییەوە وەچە دوای وەچە لە باوك ودایکیانەوە بیستوویانە لەو بڕوایەدا بوونە کە لەنێوان ئەوان وگورگدا پەیوەندییەکی مەرموز ونەزانراو هەبووە هەرگیز نابێ ڕاوی گورگ بکەن وئەگەر گورگیان بینی نابێ بکەونە شوێنی وتەقەی لێبکەن، و بیکوژن، ئەم کردەوەیە نەگبەتییان بۆ ئەهێنێت. مەگەر گورگەکە پەیمان بشکێنێ وهێرش بکاتە سەریان.

بۆچوونێکی تر سەبارەت بەناوی سەنجاوی باوە گوایە کاتێ شاری هەراتی ئەفغانستان لە لایەن موحەمەد شای قاجارەوە (١٢٥٣ك) گەمارۆدرابوو سوارەکانی سەنجاوی جیاواز لە فەوجی زەنگەنە لەنێوان لەشکری دەولّەتی قاجاردا بوون چونکە زۆربەی سەرکردەکانیان پالّتۆ وبالاپۆشی خەز وپیسی سەنجابیان لەبەرکردبوو، وبەو جل وبەرگەوە دەهاتنە پێشگای فەرماندەی لەشکرەکە و بەو ناوەوە ناوبانگیان دەرکرد وئەوانیش ئەم ناوەیان بۆ خۆیان بەچاك وگونجاو زانی، و ئەم ناوەیان هەڵبژارد، چونکە عێلی سەنجاوی کۆن نین تاڕادەیەك ئەم بۆچوونە پالّپشت دەکات وبەڕاست دێتە بەرچاو تا ئەو ڕادەیەی بۆ نووسەر ئاشکراو ڕوون بووە لە هیچ کتێوێکی مێژوویدا لەهیچ فەرمانی وبەلّگەنامەکانی دەولەتدا پێش دەورەی قاجارییەکان ئەم ناوە بەرچاو ناکەوێت[1].

[1] لە سالّنامەکانی دەولّەتیدا دوادوایی حکومڕانی ناسرالدین شا کە بە کۆششی ئیعتمادولسەلّتەنە و وەزیری انطباعاتی ئەو کاتە بلاّوی کردۆتەوە کە پەیوەستی کتێوە مێژووییەکانی ئەو چەرخەیە وەکو در التیجان فی تأریخ بنی الاشکان ١٣٠هـ.ق تاریخی پادشاکانی ساسانی ١٣١٤هـ و تاریخ جبال شروبن ١٣١١هـ.ق کە بە چاپ گەییوە لە دەستە سوارەکانی سەنجاوی سەرکردەکانی باس دەکات، بەلّگەیەکی نوێ کە لەم دواییەدا کەوتە بەرچاومان مێژووی سەنجاوییەکان ئەگەیەنێت پێش قاجارییەکان کتێوی روستەم التواریخی محەمەد هاشم ئاسف، کە مەشهورە بە روستەم الحوکەما کە سەبارەت بە زۆربەی ڕووداوەکانی حوکمڕانی شا سولّتان حوسەینی سەفەوی و تا ناوەڕاستی حوکمڕانی فەتحەلیشای قاجار دەدوێ، سێ جار ناوی سەنجاوی تێدا هاتووە.

## هۆی یەکگرتوویی ویەکێتی تایفەکانی سە نجاوی

ئەوەی گرنگە لەم بارەوە چۆن ئەم تایفە وتیرانەی کە ئەسڵیان یەکێك نیە و جیاوازە لەسەرەتای حوکمڕانی قاجارییەکاندا یەکیانگرتوو عەشیرەتێکی یەکگرتوو هاوکاریان پێکهێنا بەپێی ڕیوایەتێك کە لەپێشەوە باسمان کرد لەسەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی سیازدەهەمدا تایفەکانی سەنجاوی ناوێکی سەربەخۆیان نەبووە وتابعی عێلێکی گەورەتر بوونە لەگەڵ ئەمەیشدا لەنێوان ئەو عێلە گەورەشدا هۆزێکی یەکپارچە ویەکگرتوویان تەشکیلداوە، بیٚ گومان ئەم تیرە ناوبراوانە پێش ئەوەی ناوی عێلێکی سەربەخۆیان لێبنرێت، بەشێك لە عێلی گەورەی زەنگەنە بوونە. سەبارەت بەم ئێلە دەزانین کە لە دەورەی سەفەوییەکاندا پایەو پلەیەکی دیارییان هەبووە کە لەنێوانیاندا پیاوانێك وەك شێخ عەلی خان وژیری لێزان وکارزان ولێهاتووی شا سلێمانیان تێدا هەڵکەوتووە، کەوابێت ئەگەر باوەڕمان بە مێژووی کۆچاندنی هەندیٚ لە تیرەکانی سەنجاوی هەبێت زۆر ئاساییە کە سەرپەرشتی ورێکخستن وتەنزیماتیان بەئەستۆی سەرۆکەکانی ئەم عێلە گەورەیە بوویٚ. هەروەها ئەم هۆزە جێی باوەڕ ومتمانەیان بوویٚ، بۆ ڕاپەڕاندنی هەموو کاروبار وئەرکێکی دەوڵەتی. هەروەها ئاساییە کە ئەم تایفەیە جیٚ و پەنایان لەلای ئەم عێلە گەورە، کە جێی متمانەی دەوڵەتی ئەو سەردەمە بوونە، دۆزیبێتەوە. عێلی زەنگەنە متمانەی دەوڵەتی قاجاریان، بەتایبەت لە سەرەتای حوکمڕانیاندا، پاراست بوو وەکو دەزانین لەنێوانیاندا سەردار وسەرکردەو پیاوانی ناودار هاتنە کایەوە کە زۆربەی سەرکردایەتی و فەرماندەیی فەوج و لەشکرەکانی کرماشانیان بەئەستۆوە بووە، هەتا لەم دوادواییەیشدا کە ئەم عێلە ناوبراوە وەك عێلێکی گرنگ وسەرەکی لە ناوچەکانی ئێراندا کاریگەری خۆی لەدەست دابوو، ئەبینین لەشاری کرماشاندا کەسایەتی وەك زەهیرولملك وئەعزەم ئەلدەولەی ئەمیر تومانیان هەبووە، جگە لەمە کاروباری میرییشان ڕاپەڕاندووە. بیٚ گومان ناوەڕۆکی عێلی سەنجاوی ئەو تیرانە پێکیان هێناوە کە لە فارسەوە کۆچاندوویانن، تیرەکانی تر کە لە لورستان وشارەزوورەوە هاتوون سەرەتا لەدەوروبەری عێڵی گەورەی زەنگەنەدا دامەزراون ودوایی هاتوونەتە نێوان سەنجاویەکانەوە.

ئێستا پێویسته بزانین چی هۆیەك بووەتە مایەی نزیكی ویەكێتی ویەكگرتوویی ئەم تیرانە. گرنگترین مەسئەلەیەك لە ژیانی كۆمەڵایەتی عەشایردا چەند شتێكە.

یەكەم: شوێن وجێگا ولەوەڕگای هاوبەش بۆ وڵاخ وپەز وئاژەڵەكانیان چۆنیەتی دابەشكردنی ئەم شوێنانە لەنێو تیرەكاندا.

دووەم: خزمەتی سەربازی ولەشكری وەك لە كۆنەوە دانرابوو.

سێیەم: بەرگری لەبوون ومەوجودییەتی عێل بەرامبەر عێل وتایفە وعەشیرەتەكانی تر. ئەمانەی كە باسمان كردو لەگەڵ یەكێتی وهەماهەنگی و یەكسانی زمان ومەزهەب چەند هۆیەكی گرنگن بۆ یەكگرتوویی ویەكێتی تیرەكانی سەنجاوی ئێستاكە سەبارەت بە هەریەكە لەم هۆیانە كورتە باسێك دەكەین.

شوێنەكانی گەرمیان وكوێستان :

سەنجاویەكان لەمێژەوە خاوەنی مەڕ ومالات وئاژەڵ ووڵاخ بوونە، چونكە هەمیشە بەزۆر كۆچاندویانن، كۆچاندن وژیانی ئاوارەیی و گیرسانەوەیان لەنێو تایفەكانی تردا مەودای ئەوەی پێنەداون بوونە خاوەنی ماڵ وكاشانە وسامانێكی تر. بەپێی داستانێك كە لە بنەماڵەی ئێمەدا باوە، سەنجاویەكان پێش هاتنیان بۆ ناوچەی كرماشان شوێن وجێگایەكی دیاریان نەبووە وهەمیشە بەپێی بارودۆخی ناوچەكە وهاوكاری تایفەكانی تر یا پشت بەستن بەهێز وتوانای خۆیان بەدەست درێژی بۆ سەر تایفەكانی تر شوێن ولەوەڕگایان بەدەست هێناوە. تا دەورەیەك هاتە پێشەوە كە سەرەتا وچۆنیەتیەكەی ڕوون نیە لەلایەن كاربەدەستانی دەوڵەتی وئەیالەتییەوە لەنێوان عێلی گەورەی زەنگەنەدا ناوچەی ناسراو بەقەڵای سەوزی وئاغ داغ وباغچە وقەتار، لە سنووری ئێران دا، لە سنووری قەسری شیرینەوە تا نەوت شا وقەزەرەبات بۆ لەوەڕگاو هەوارگەی هاوینە وزمستانەیان دەست نیشانكرا. ئەم ناوچەیە لەلایەن ئاوو هەوای پاك ودڵ ئەنگیزەوە لەوەرزەكانی زمستان وبەهاردا ولەبابەت زۆری سەوزی وهەموو جۆرە لەوەڕێكەوە بە چاكترین لەوەڕگاكانی خۆرئاوای ئێران دەژمێردرێت.

لە حەقیقەتدا ئەوی خەڵكی سەنجاوییە لەو سامان وماڵ وڕووخۆشی ودڵ وزنویەتیە كە هەیانە قەرزاری ئەم ناوچەیە پڕ پیت وبەرەكەت وپیرۆزەن كە

ئێستاکە بەسەر چەم ودۆڵەکان وبەرزاییەکانیانەوە بەوناوانەی کە سەنجاوییەکان لێیان ناون بەناوبانگن وهەریەکێ لەوانە پەیوەندی لەگەڵ رووداوێ یا داستانێکی مێژووینەی پەیوەندیدار لەگەڵ ژیانی ڕابردوویاندایە کە لەدواییدا ڕوونی دەکەینەوە کە چۆن و بەچی شێوەیەك بەشی سەرەکی ئەم دەڤەرە گرنگ و پڕ بەهایانە لە خاك ونیشتمانەکەمان جیاکرایەوە ودابڕان.

ئەوەی شایەنی باسە کە سەنجاوییەکان چاکترین پەروەردەکەری ئاژەڵن بە مەڕ وبزنەوە و عاشقی ئەم مەڕومالآتەن تا سنووری پەرستنیان ڕەگەزو نەژادی مەڕەکانی سەنجاوی بە ڕەنگی سپی یەکسانەوە وبەرزی وجوانی و خوری چاك ودڵگیر وشیری فراوان چاکترین ڕۆن و کەم وێنە ودەگمەنن لەناوچەی کرماشاندا، بەڵکو لەسەرتاسەری ئێراندا بەچاکی بەناوبانگن.

لە چاکترین ڕۆژگارەکانی دەست ڕۆیشتوویی وتواناییاندا سەنجاوییەکان خاوەنی نزیکەی هەشت سەد هەزار گەلە یان چوارسەد هەزار گەلە بوونە. هەروەك ئێمڕۆ بە قسەی خۆیان دەوڵەتمەندییەکەی ئەوساکەیان نەماوە، بەڵام دەتوانین بڵێین کە مەڕەکانیان چاکترین جۆری مەڕن لە دنیادا.

## مای دەشتی سە نجاوی

سەنجاوییەکان هەمیشە وێڵان وسەرگەردانی لەوەڕگای گەرمیان وکوێستان بوونە، بەم شێوەیە ناچاربوونە هەموو ساڵێك لەوەڕگای ئاژەڵەکانیان لە تایفەکانی تر یاوەك لە خاوەن موڵکەکان ودەست ڕۆیشتووە نا خۆییەکان ئیجارە بکەن.

ناوچەیەك لەسەرەتای هاتنیاندا بۆ دەڤەری کرماشان دەیانویست بەدەستی بهێنن دەشتی مای دەشت و شاخەکانی دەوروبەری بووە.

مای دەشت "ماە دەشت" لەوەڕگای ڕەشە ولآخەکانی پاشاکانی ماد بووە، جێی ڕاو وشکاری خوسرەوی پەروێزی ساسانی کە ئیمڕۆ لەگەڵ شاخەکانی نزیکیدا پتر لەسەد وپەنجا گوندی تێدایە، و مەساحەتەکەی نزیکەی پێنج فەرسەخ لە دە فەرسەخدایە دەکەوێتە ڕۆژئاوای کرماشانەوە و یەکسەر بەوشارەوە بەستراوە. ئەم دەشتە لەمێژدا ناوەڕۆکی سەرەکی گرنگی شارستانیەت وکەشت وکاڵی خەڵکی ئێرانی کۆن بووە. بەڵگە بۆ ئەم ووتانە جگە لە ناوەکەی ئەو ووتەیە

دروست کراوانەیە کە لە پاڵی یەکدا ڕیزکراون ئەمانە ئابادانی وپاراستن ونیایشی و پەرستنی خەڵکی دەورەکانی کۆن وباستانی ئێران بوو، ئێستاکە بە لەهجەی کوردی ناوچەی "چیا" و فارسی چەقا ناوی نراوە وگوندەکانی دو چەقا سێ چەقا، چەقا زەرد، چەقا کەبود، چەقا نەرگس، چەقا قەزان تێدایە. وادیارە ڕیشەی ئەم ووشەیە تورکی نیە هەروەك ئاسەواری دەورەی تورکان لەم ناوچەیەدا بەڕوونی دیارە ولەناوەکاندا دەکەوێتە بەرچاو وەك "قەرەدانە، قەباق تەپە، چەقا قەزان، وغیرە.

ووشەی "چیا" لەزمانی کوردیدا بەمانای کێوی بچووکە، هەروا مەسەدەری فیعلی چەقانن، دەلالەت لە چەقاندنی شتێك لە زەویدایە، دوور نیە کە ووشەی چیا وچەقاپ وگوندەکانی ناوبراو کە بەو ناوەوە ناسراون لەو ڕیشەوە وەرگیرابێت.

بەڵگەیەکی تر بۆ کۆنی وئاوەدانی وشارستانیەت لەم دەشتەدا ئەو گۆڕ و قەبرە کۆنانەیە کە هەندێ جار لە کەناری تەپەکاندا دەدۆزرێنەوە کە ئاسەواری مێژوویی گرانبەها لە چەك ولیوانو ودەفر وبگرە تا شت ومەکی زینەتی تێدایە.

ماهدەشت "مایدەشت" ئەگەر چی لەمێژدا موڵکی دەوڵەت بووە بەڵام ئەم ناوچەیە زوتر لە ناوچەکانی تر بوونەتە موڵکی تایبەتی دانیشتوانی دەڤەرەکە، چونکە کاتێ سەنجاوییەکان هاتنە ئەم ناوچەیەوە زۆربەی گوندەکانی لە ژێر دەسەڵات و موڵکایەتی خاوەن موڵك ودەست ڕۆیشتووەکانی شار ودەوروبەریدا بووە. لەم دەشتەدا چەندین کانی وسەرئاو وچەشمەسار بەرچاو دەکەوێت کە لەساڵە باراناوییەکاندا ئاو لەزەویەوە هەڵدەقوڵێ و دەبێتە لافاو، وهەموو زەوییە نزم ونزیکەکان دەگرێتە بەر. دوای کەمبوونەوەی ئاو ئەم زەوییانە دەبێتە ناوچەیەکی سەر سەوز کە بۆ ئاژەڵدارەکان جێی ئەو پەڕی خۆشحاڵیە. ئێستا کە باران کەمتربووەتەوە وکشتوکاڵ پترتر بووە، ئەو لەوەڕگایان و پورەی کۆنە لەدەوروبەری گوندەکانی مایدەشتدا کەمتر دەبینرێت بەڵام لەو دەورو زەمانەدا کە تیرەکانی بەرەو ئەم ناوچانە هاتوون بێ گومان دیمەنی ئەم چیمەن زار و وسەوزاییە بەرەو ئەم شوێنانە ڕایانی کێشاوە. نووسەر لە یادێتی کە لەبەهاراندا

لەنێو گیا وسەوزە گیا ڕواوەکانی لەوەڕگاکاندا نەتەنها پەزەکانی دەشاردەوە هەتا ئەسپ و وڵاخە بەرزەکانیشی دەپۆشاند وبەچاو نەدەبینران.

سـەنجاوییەکان لەسـەرەتاوە بەشـێوەی گەلـەدار هاتوونەتـە ئـەم دەشـتەوە ولەوەڕگاکانیان لەخاوەن موڵکەکانی ناوچەکە کەزۆربەیان لەکوێخا وسەرکردەکانی زەنگەنە بوونە ئیجارە دەکرد، بەدرێـژایی چـەندین سـاڵ ئـەم بـارودۆخی کۆچـی گشتی یە بۆ ناوچە کوێستانییەکان لەهاویندا وبۆ ناوچە گەرمیانیەکان لە زوستاندا بـەردەوام بـووە هـەتا خـاوەن گەلـە مەڕوپـەزەکان سـوودی نیـشتەجێ بـوون وکشتوکاڵکردن و موڵکدارییان زانی ولەم دەشتە پڕ پیت وبەرەکەتەدا کە بە وتـەی خۆیـان سـفرەی مورتـەزا عـەلیان پـێش قـەدەمیان پـێ دەگـوت جـێگیر بـوون، و کەوتنە خولیای سەندنی موڵك وزەوی ئەم ناوچەیە. وادیارە ڕێنما وپێشکەوتوویان لەم بابەتەوە وەکو دەبینین باپیرەی ئێمـە حەسـەن خـانی بـەختیار بـووە، بـەڵام زۆربـەی خـەڵکی سـەنجاوی وەك فـەلاح وکەشـت کـار بـەپێی ڕەسـم و یاسـای موڵکایەتی ئەو ناوچەیە ٤/٣ بەشی کەشتکار و٤/١ بەشـی خـاوەن موڵـك لـە زەوی دەیەدا و ٣/٢ بەشـی کەشـتکار و٣/١ بەشـی خـاوەن موڵـك لـە زەوی کەشـتوکاڵی بـەراودا لـە دێهـات وزەوییـەکانی موڵکدار وخـاوەن زەوییەکانـدا نیـشتەجێ بـوون وکەوتنە دروست کردنی گوندی نـوێ. ئـەم تێکەڵاوکردنـەی کـشتوکاڵ وپەزدارییـە لەلایەکـەوە ڕێگایـەك بـوو بـۆ بـەهێز کردنـی پیتـی زەویـەکان، لەلایـەکی تـرەوە سەنجاوییەکان توانیان کـە زۆربـەیان دەسـت لـە کۆچـەرایەتی هـەڵگرن ولـە گونـد وعێلاخەکانـدا جـێگیر بـبن وگەلـە پـەزەکانیان بـەهۆی شـوانەوە بنێرنـە ناوچـە گەرمیانەکان.

بەم شێوەیە لە دەشتی مایدەشتدا لەپاڵی خوان وسـفرەی مورتـەزای عـەلی دا یـەکێ تـر لەپێویـستیەکانی یـەکێتی وهاوکـاری ویـەکگرتن وهـاودڵی وهاوبەشـی تیرەکانی تری سـەنجاوی پێکهـات ویـەکانگیر بـوو. لـەم دەشـتەدا سـەنجاوییەکان خانەوکاشانە وگوند وقـەڵاو باغیـان دروسـت کـردو هـەر لـەم دەشـتەدا باوبـاپیری ناوداریـان بـەگۆڕ سـپاردووە، وبـۆ بـەرگری سەربەسـتی وئـازادی وسـەرفرازیان لەبەرانبەر تایفەکانی تردا کەوتوونەتە شەڕەوە.

## ڕێگاکانی کۆچ

لەوانەی کە باسمان کرد دوو خاڵ بە چاکی ڕوون دەبێتەوە، یەکەم ئەوەیانە کە سەنجاوییەکان بۆ شوێنی هاوینە هەوار وکەشتوکاڵیان بەپێچەوانەی تایفە تاڕادەیەك کۆنەکانی تری کرماشانەوە وەك کەڵورەکان وگۆرانەکان وکرندییەکان دەوڵەت شوێنیانی نەداونێ وبۆیانی دەست نیشان نەکردووە.

دەوەوەم شوێنە هاوینە هەوارەکان نەلکاوەتە شوێنە گەرمیانەکانیانەوە، ئەگەر سەیری نەخشەی وولاتی کرماشان بکەین دەبینین کە لەناوچەی مایدەشتەوە کە هەوارگەی هاوینە و هەوارگەی سەنجاوییەکانە تا قەسری شیرین و لەوەڕگای باغچە وقەتار. هەوارگەی هاوینیان نزیکەی بیست تا سی فەرسەخ دوورە، ئەو زەوی زارانەی دەکەوێتە نێوان ئەم دوو هەوارگەوە خاوەنیان تایفەکانی کەڵور وکرند وگۆرانە. بەووشەیەکی تر، سەنجاوییەکان ناچاربوونە هەموو ساڵێك دووجار ئەم مەسافەت ومەودا دورودرێژە ببڕن لەنێوان تایفەکانی تردا لەگەڵ ئەگەری مەترسی وخەتەرەوە بگرنەبەر، تا بگەنە قۆناغەکانیان. گوزەرگا وڕێگای تێپەڕینیان لەسێ ڕێگا پترتر نەبووە، یەکەمیان ڕێگای گشتی کاروانەکان کە لەقەسری شیرینەوە تا کرماشان کە لە کرند وسەرەمبل وپاتاق وسەرپێلی زەهاوەوە تێدەپەڕی دەگەیشتە قەسری شیرین. دووەم، ڕێی ناسراو بە وەرقەلا "بەرقەلا" کەلەڕێگەی قەلا زنجیر وگاراوە لەنێوان تایفەکانی گۆراندا تێدەپەڕێت. سێ یەم، ڕێگای ناسراو بەدەربەند ئیستیخوان "ئیستقان– درونسقان" کە لەخاکی کەڵورەوە تێپەڕدەکات. ئاساییە کە لەنێوان ئەم ڕێگایانەدا ڕێی گشتی وسەرەکی لەهەموویان سەلامەت تر وبێ مەترسی ترە، هەروەك هەندێ جار کۆچەکەرەکان تووشی یاساوڵەکانی میری دەهاتن کە ئاسایش وپاراستنی ڕێگاکانیان پێ سپێردرابوو، ئەمانە ئازار و زەحمەتێکی زۆریان بۆ کۆچکەرەکان بەبار دەهێنا. بەکارهێنانی دوو ڕێگاکەی تر هەروەك لە ڕێگا گشتیەکە کورت ترەو پڕە لەسەرچاوەی ئاو وگیا وعەلەف بۆ مەڕ ووڵاخەکانیان بەلام تێپەڕین بەم دوو ڕێگادا پەیوەندی بە دۆستی ونێوان چاکی لەگەڵ ئەو تایفانەدا کە سەنجاویەکان بەناویاندا تێدەپەڕین هەبوو، ئەم بارودۆخە وەهای لە سەنجاویەکان کردبوو کە هەمیشە ئامادەی بەرەنگاری ئەو تایفانەن کە دەیانویست هەڵکوتنە سەریان یان

نارەحەتی بۆ کۆچکەرەکانیان دروست بکەن، ئەتوانم بڵێم ئەو وەزع وبارودۆخەی ڕێ وبانە کە سەنجاوییەکان بەناچاری دەبوایە لەم ڕێگایانەوە تێپەڕینایە لە خوو ڕەوشتی سەنجاویەکاندا کاریگەر بووە، کۆچکەرەکان، چونکە دەیانزانی لەنێو تایفەکانی ترەوە تێئەپەڕن هەستیان بەیەکبوون وخۆیەتی زیاتریان دەکرد وتا لەتوانا و وزەیاندا بوو "کۆچەرەکانیان" دەڕازاندەوە وبارەکانیان بەسەر پۆشی جوانی ڕەنگا وڕەنگ دادەپۆشی و ئافرەتەکانیان جل وبەرگی چاکیان لەبەردەکرد و بەسەر باربەند وبەرەو نیو کەتی جوان وڕازاوەوە سواردەبوون کە پیاوە چەکدارەکان لەنزیك ئافرەتەکانەوە رێیان دەکرد وئامادەی بەرگری بوون[1].

## خزمەتی سەربازی

تایفەکانی سەنجاوی بەهۆی ئەوەوە کە لەوەڕگای گەرمیانیان کە مولکی دەولەت بووە وپێیان دراوە، لەبەر ئەمە ئەرکی سەرشانیان بوو لەنێو عێلی زەنگەنەدا فەوجی پیادەیان هەبێت وهەمیشە دوو سەد سوار بۆ ئەو هێزە ئامادە بکەن. تیرەکانی سەنجاوی بۆ پێشکەش کردن وئامادەکردنی ئەو سوارانە بەپێی دابەشی لەوەڕگاکان تەنزیمێکی تایبەتیان بۆ عێلی سەنجاوی ڕەخساندبوو، وعێلی سەنجاویان بۆ چوار بەش دابەش کردبوو:

دەستەی چالایی جەمعییەتی اللاهیار خانی.

دەستەی عەباسوەند.

١- دەستەی حەق نەزەر خانی کە هەمووتیرەکانی دالیان وخوردە دەستەیشی دەگرتە بەر. هەر دەستەیەك پێویست بوو پەنجا سوار بەسەرۆکایەتی سولتانێك ئامادە بکات و سوارەکانی سەنجاوی سەرتیپێك

---

[1] شاعیری کورد مەولەوی تاوگۆزی لە پەسن و وەسفی وئافرەتە جوان وشیرینەکانی کۆچەرییەکاندا دەڵێ:

**نەوای کەژاوەی لیلی نازانن**
**سەرەتای تلتمیت شیرین رازانن**
**چوون خێل دلان دلدەن پر داخان**
**جوق جوق سیامالْ چین پەی ئێلاخان**

وســەرهەنگێك ویاوەرێکیـان هـەبوو، کـە لـەنێوان سـەکردەکانی چـالایی و واللاهیارخانیدا هەڵدەبژێران.

لەوەرگای گـەرمیان بـەپێی ژمـارەی سـوارەکانەوە لـەنێوان تـیرەو تایفەکانـدا دابەشدەکرا. بەم هۆیەوە لەوشەی خۆجێیدا مەساحەتی لـەوەڕگاکان "سـوار"یـان پیێ دەگووت. کەیـەك سـوار لـەوەڕگایی نزیکـەی جێگـا وشـوێنی دوو گەلـەی پـەز ومەڕوماڵاتە هەر سـواری لەوەڕگایـەك بەچـوار "پـا" و هـەر پـایش بـە چـوار مـێخ دابەشکرابوو. ئامادەکردن وڕازاندنەوەی سواران لەنێون تیرەو بنەماڵەکانیشدا هەر بەم پێیە دابەشدەکرا.

یـەکێك لـە داب ونەریتـە چـاکەکانی ئـەم عێلـە کـە هـەموو سـاڵێك چـاویان دەخشاندەوە بە دابەشبوونی لەوەڕگا هاوبەشەکاندا هەروا چۆنیەتی دابەشـکردنی دادوەرانە لەنێوان تیرەکاندا.

لـەوەڕگای گـەرمیانی سـەنجاوییەکان مـوڵکێکی هاوبەشـی گـشتیانەیان بـوو، کەسێك ئەو شوێنانەی بە موڵکی تایبەتی یان بنەماڵەیی نەدەزانی، هـەروەك جێـی شوێن وهەوارگەی هەرتیرەیـەك بـەپێی سـونەتی کـۆن وەك لەپێـشدا دابەشـکرابوو ودەست نیشانکرابوو ئاشکراو ڕوون بوو. بەڵام چۆن هەرساڵێك لەبەر کـەمی وزۆری وەرزی باران بـارودۆخی لـەوەرگاکان دەگـۆڕا، زوربـە پێویـست بـوو لەناوەڕاسـتی پـایزدا دوای تێپـەڕینی وەرزی بارانـەکان ونزیـك بوونـەوەی تایفـەکان بـۆ شـوێن وجێگاکانیـان چـەند کـارزان ولێزانێـك ڕەوانـەی ئـەو ناوچـانە دەکـرا تـا لەهـەموو ڕوویەکەوە لێی بکۆڵنەوە. دوای کۆبوونەوەیەکی گشتی بەسـەرۆکایەتی سـەرۆکی عێل دەرەخسا کە لە جـەنجاڵترین کۆبونـەوەکانی عێـل دەژمێـردرا، زۆربـەش ئـەم کۆبوونەوە بتر لەچەند ڕۆژێك بەردەوام دەبێت تا سەرکردەی تیرەکان ڕەزامەنـدی خۆیان سەبارەت بەدابەشکردنی نوێی ئەو ساڵەی لەوەڕگاکان دەخستەڕوو.

گومان لەوەدا نییە سەبر ولێزانی و ڕێنمایی سەرۆکی تایفە بۆ کـپ کردنـەوەی ئـەو هـەرا وکەشمەکەشـە یـەکجار کاریگـەرە. بـەم جـۆرە بـوونی سـەرۆك عێلێـك هەرساڵێك یەکجار پێویست بوودەکـات ئەگـەر سـەرۆکی تایفـە بەهۆیـەك نـەیتوانی لەگەڵ عێلدا کۆچ بکات کوڕەکەی یان براکەی یان یەکیێ لەخزمەکانی بەڕەزامەندی تایفەکان بۆ سەرۆك عێلی دەست نیشان دەکات.

بەپێی داب ونەریتی کۆن باجێکی تایبەتی بۆ سەرۆك عێل تەرخانکراوە، ئەویش پارینەیەك لە وولاخی بەرزدا، و بەرخێك لەهەر گەلەیەکی مەڕ وپەزدا، پێویست بەڕوون کردنەوە نییە ئامادەکردنی سوارانێ کە بۆ سەربازی دەولـەت دەنێـردرێن وبـوونی جەمعیەتێکی تایبـەت وجیـاواز بـە ئـالآی تایبەتـەوە لـەژێر سەرۆکایەتی ورێنمایی سەرۆکەکانیان لەپێویستییەکانی گرنگی یەکیەتی وهاوکاری خـەڵکی سـەنجاوین، کاربەدەسـتانی دەولـەت هەمیـشە لـەم بارودۆخـەی سەنجاوییەکان سوودمەندبوون. چـی بـۆ لەشکرکێـشی بـۆ شـوێنە دوورەکـان وەك ناردنیان بـۆ هـەرات یـان خوراسـان و تـەبرێز، وچـی لەشەڕوشـۆڕە ناوخۆییەکانـدا بەمەبەست هاوکاری وخزمەت بـە حوکمڕانـانی کرماشـان یـان بـۆ سەرسـنووورداری وپاراستنی ئەمنییەت وئاسایشی ڕێگاکـان، وەك چـەندین جـار ئـەم مەوزوعـە لـەم کتێوەدا دەکەوێتە بەرباس.

## لەهجە و زمانی تـایفەکانی سە نجاوی

لەنێوان عێلەکانی کرماشان کە لەهجە وئاهەنگی جۆرا وجۆر وجیـاوازی تێدایـە لەهجەی تایفەکانی سەنجاوی تایبەت ودیارە. نوسـەری ئـەم یاداشـتنامە زماننـاس نیە، سـەبارەت بـەم مەوزوعـە تێبینییـەك دەخاتـە ڕوو لەئـەنجامی ئەزموونـەکانی تایبەتی خۆیەتی، ورێی تێدەچێ لەگـەڵ تیبینیـەکانی لێزانـەکانی ئـەم هونـەرەدا نەگونجێت.

زمانی کوردی زمانێکی ئێرانیـە کـە زمـانی فارسـی، دەریـی شـاخەییك گـەورە وتەنومەندێتی. هەندێ لە خاورشناسەکان کە دەستپێـچی سیاسـەتە ئیـستیعماری وئیمپریالییەکانن بەنیەتێکی خراپەوە پەیڕەوی لەو سیاسەتە ناسراوە دەکـەن کـە بریتیە لە "دوو دەسـتەیی بخـەرەوە، حکـومڕانی بکـە" ولـەڕێگای ئـەم سیاسـەتە چەوتەوە ویستوویانە پێچەوانەی ئەم حەقیقەتە بکەن کە لەئارادایە بەپێی ویـستی گوماناوی دەوڵەتەکانیان گـاهێ ڕەنگـی کلـدان وئاشـووری لێدەسـوون وکـاتێکیش بەلەهجەیەکی تورانی دەینوێنن، بەڵام چونکە بۆیان ڕوون بۆتـەوە کـە ئـەم هـەوڵ وکۆششەیان لەم بوارەدا بێ ئەنجامە، کەوتوونەتـە کەڵکەڵـەی ئـەوەوە کـە زمـانی کوردی وەك زمانێکی سەربەخۆ وجیاواز لەزمانـە ئێرانییـەکان بنـوێنن، گوایـە ئـەم

زمانە لەگەڵ زمانە ئێرنییەکاندا هاوڕیشە وهاوتەبار نیە. ئەمەیە نموونەیەکی تەواو لە خیانەت بەزانست وحەقیقەت وجۆری یاری بەسەرنوشتی میللەتەکان. بەداخەوە هەندێ لە کوردەکان بێ ئاگا وزانین لە بنەچەك وریشە ونەژاد ومێژووی ئارياییان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندی چەندین ساڵەی عەرەب وعوسمانی، بێگومان دەمارگیری مەزهەبیش لەم بوارەدا یاریدەر و ونەخشی خۆی هەیە. ئەمانە هەمووی وای لەو کوردانە کردووە بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد کەوتوونەتە دوای ئەو سیخوڕانەوە کە خۆیان بە ڕۆژهەڵات شناس داوەتە قەڵەم. جیاوازی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی فارسیدا پتر لەجیاوازی ئەو زمانە لەگەڵ لوڕیدا یان فارسی لەگەڵ گیلەکیدا نیە. دەتوانین بڵێین کەجیاوازی هەندێ لە لەهجەکانی کورد لەگەڵ یەکتریدا بترە لە جیاوازی کوردی وفارسی.. لەو بڕوایەدام دۆزی کورد سەرئەنجام پێویستە رێی حەلێکی ئێرانی بۆ بدۆزرێتەوە.

بەدەر لە لەهجەی هەورامی کە زمانی شعر وئەدەبی کوردیە وسنووری ئاخاوتن بەم لەهجەیە لەچەند تایفەیەك بەولاوە ناگرێتەوە، لەهجەکانی تری کوردی کە ئێستاکە لەئێراندا بەکاردێت وئاخاوتنی پێدەکرێت، لەسنووری لوڕستانەوە بیگرە تا ئازربایجان دەتوانین بیکەینە چواربەشەوە. کوردی نزیك لە لوڕی، کرماشانی و کوردستانی وکرمانجی ناوبنێین. گرنگترین وەسیلەیەك بۆ ناسین ودەست نیشانکردنی هەر لەهجە وزمانێك شێوەی صەرفیی فیعلەکانیەتی چونکە فیعەکانە کە زمانەکان دەخاتە جووڵە وگیانیان پێدەبەخشێت.

لەم لەهجە ناوبراوانەدا تەرتیبی صەرفی فیعلەکان بەتایبەت فیعلی موزارع، وە ووشەی بەردەوامیی (ئیستیمرار) بەتەواوی دەست نیشان ونومایان ودیارە و لەهجەکان دەناسێنێت و دەستنیشانیان دەکات:

١- لە لەهجەی کوردی نزیك بە لوڕیدا لە جێی ووشەی (می) فارسی لە فیعلە موزارعەکان ومازی بەردەوامدا "می کنم و می کردم" میمی فەتحەدار (مَ) بەکاردێت وەك: **مَکەم و مَکردم**.

٢- لە لەهجەی کوردی کرماشانیدا بەو مانایە لەنێو شار وتایفەکان وگوندە نزیکەکانەوە ووشەی بەردەوام "ئیستیمرار" بەتەواوی لادەبرێت ولەجێی "می کنم" و "می کردم" دەڵێن: کم، **کِردم** و یان کردیام.

له لههجەی کوردستانی (جافی) وسۆرانی نیشانەی موزارع هەمزەی فەتحەداره وەك: أکەم، أچم، ئەخۆم، لەجێی می کنم، می روم، می خورم.

٣– له لههجەی کرمانجی وموکریدا لەجێی هەمزەی فەتحەدار دالی فەتحەدار بەکاردێت وەك **دَ**کم، **دَ**چم.

ئەگەر بێت وئەم حاڵەتانە سەبارەت بە زمان ولههجەی سەنجاوییەکان بەکاربێنین بێگومان ئەو زمانەیە کە عێلی زەنگەنە پێی ئاخاوتوونە کە لههجەی گشتی وهاوبەشی هەموو ئەو تایفانە بووە چی ئەوانەی لە فارسەوە کۆچیان کردووە، چی ئەوانەی لە شارەزوورەوە هاتوون یان ئەو تایفانەی کە لە لورستانەوە کۆچیان کردووە. لەحەقیقەتدا ئەم لههجانەی لههجەی کوردی نزیك بە لوڕییە. بەڵام ئایا ئەم لههجەیە زمانی ئەسڵی سەنجاوییەکان بووە پێش کۆچکردنیان، یاوەك دوای ئەوەی هاتوونەتە ناوچەی کرماشانەوە بەم لههجەیە دواون بەحوکمی بارودۆخی هاوسێیەتی و تێکەڵاوی لەگەڵ تایفەکانی تردا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەتەواوی ڕوون وئاشکرا نیە و ناتوانیت سەبارەت بەم مەسەلەیە بە بورایی بڕیاربدرێت. هەرچۆن بێت ئەم هاوزمانیە یەکێ تر لە هۆ سەرەکیەکانی یەکیەتی ونزیك بوونەوەی تیرەکانی سەنجاوییە. چونکە هاوزمانی شێوەیەکە لە نزیکی وخزمایەتی هاوبیری وهاوبەشی لەچۆنیەتی لە ڕووداوەکان، تێگەیشتن وبەراوردن کردنیان. لەحەقیقەتدا زمان دەرگایەکی گەورەیە بۆ هاوکاری ونزیکی ولەیەك گەیشتن. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بارودۆخ وشێوەی زمانی سەنجاوییەکان وەك خۆی ماوەتەوە وگۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، چونکە زمان بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە وگۆڕینی ئەم لههجەیە لە لههجەیەکی سادە وساکارەوە کە بۆ نووسین دەست نادات و بنەڕەتێکی بتەوی بۆ نەڕەخساوە بەپەلە بەرەو شێوە وشکڵ گرتن دەڕوات و چوارچێوە پەیدا دەکات وگۆڕانکارییەکەی وەك گەشەکردن وپەرەسەندنی مرۆڤ هەستی پێدەکرێت ولەبەرچاوە.

ئێستاکە هەروەك لههجەی تیرەکانی سەنجاوی هەر ئەو لههجەی پێشوویە کە لههجەی کوردی نزیك لە لوڕیی پێدەووترێت، لەگەڵ ئەمەیشدا دوو گۆڕانکاری سەرەکی تێدا پەیدابووە.

یەکـەم: لەهجـەی سـەرکردەکانی تیرەکـانی چـالایی وهەنـدێ لـەو تیرانـەی کـە نزیکیانن، بریتی یە لە لەهجەی کوردی کرماشانی. ئەم گۆڕانکاری ونزیك بوونـەوە بەهۆی هاوسێیەتی وتێکەڵاوی لەگەڵ خەڵی شارەکان ومولکداری ونیشتەجێ بوون لە گوندەکاندا کە کەشتوکاڵکەرەکانیان هەر بەم لەهجەیە گفتوگۆ دەکەن.
دووەم: لەدێهاتەکانی باکوری مایدەشتدا، ئەو دێهاتانەی کـە مـوڵکی سـەرۆکەکانی سەنجاویە، خەڵکێکی زۆر لە عێڵی جاف، قوبادی، باوەجانی، پـاوەیی، نیـشتەجێ بوونە وسەرئەنجام لەهجەی سێیەمی بـەمانا لەهجـەی جـافی کوردسـتانی لـەنێوان سەنجاوییەکان بڵاوبوەتەوە.

## مەزهەب

یەکێ تر لە هۆکاری پەیوەندی ویەکێتی تیرە جیاوازەکانی سەنجاوی یـەکێتی مەزهەبیانە. وەکو لە پێشەوە باسمان کـرد زۆربـەی تایفـەکانی سـەنجاوی ئـەهلی حەقن وەکـو خۆیـان دەڵـێن تایفـەی سـان تایفـستانن. لـەو زانیاریـە کـەم وکـورت وبڵاوەی سەبارەت بە بنەچەی ئەم تایفانە بەدەستەوەیە نـاتوانین بـە یـەکجاری و ڕوونی کەینەوە کە ئایا لەکۆنەوە هەر ئـەم مەزهەبـەیان بـووە یـاوەك لـە ناوچـەی کرماشاندا ئەم مەزهەبـەیان بۆخۆیـان هەڵبـژاردووە دوورنیـە زۆربـەی ئـەو تایفانـە پێش کۆچکردنیان بۆ ئەم ناوچەیە لەسەر مەزهەبی ئەهلی حـەق بوونـە بەتایبـەت ئەگەر لە یادماندا بێت کە لە شێوە وئەم مەزهەبە لە هەندێ لـە ناوچـەکانی فـارس وخوراساندا هەبووە وەك مەزهەبی موشەعشەعیەکان، ئەم گومانە لەم ڕووەوە پتر پاڵپشت دەکرێت لەوەدایە کە ئـەو تایفانـەی ناویـانبرا بـۆ سـنووورداری وپاراسـتنی سنوورەکان لەبەرامبەر پەلامار وشاڵاو ودەستدرێژی عوسمانیەکان کـۆچ کراونەتـە ئـەم دەڤـەرە. هەرچـۆنی بێـت ئـەوەی جێـی دڵنیاییـە کـە سـەرجەم تیرەکـانی سـەنجاوی لەمێـژەوە کـە پەیوەنـدییان لەگـەڵ سـەرۆکەکانی شـیعەمەزهەبی زەنگەنـەدا پەیـدا کـردووە، پـەیڕەوی مەزهـەبی ئـەهلی حـەق بوونـە وئـەم هاومەزهەبییە ئولفەت وهاوکاری وخزمایەتی لەنێوانیاندا پتەو کردووە وبۆتـە هـۆی یـەکێتی ویەکـسانی تایفـەکانی سـەنجاوی لـە هەنـدێ ناوچـەکاندا بۆتـە هـۆی جوڵانەوەیـەکی ڕۆحـانی فـراوان لـەو ناوچـانەدا. یـەکێ لـەو نموونانـە پەیـدابوونی

پێشەوای گەورەی تەریقەتی ئەهلی حەق "سەید یەعقوب وسەید براکە"یە کە لەنیوەی دوومی سەدەی سیازدەهەمدا لەنێوان تایفەکانی گۆراندا وەدەرکەوت، سەنجاوییەکانیش بەهۆی هاوسێیەتی ونزیکی ئەم تایفانەوە ئەم تەریقەتەیان هەڵبژاردووە وهاتوونەتە ڕیزیەوە بوونەتە مورید وپەیڕەو وسەرسوپەردەی ئەم خانەدانانە. ئەم هۆیە یەکێ لە هۆیە سەرەکیەکانی نزیکی و دۆستی ویەکێتی بتەوی بەردەوامی تایفەکانی سەنجاوی وگۆرانە. بەڵگەی ئەمە کە تیرەکانی سەنجاوی لەپێشدا سەربەم تەریقەتە بوونە لەوەدایە کە سەرجەم تیرەکان مورید وپەیڕەو وسەرسوپەردەی سەیدەکانی گۆرانن. وەکو خۆیان دەڵێن هەموویان مورید وپەیڕەوی یاد ویادگانین "یادگای نین" بەڵکو مورید وپەیڕەوی بنەماڵەکانی تری تەریقەتی ئەهلی حەقن وەك شا برایمی و ئاتەشبەگی کەلەنێو گۆرانەکاندا بەربڵاوە وڕەچاو دەکرێت. نامەوێت سەبارەت بەم تەریقەتە بەووردی بکۆڵمەوە، پاڵپشتی وپشتیوانی لە لایەکیان بکەم وئەو لایەنەکەیان بەدرۆبخەمەوە، لەحەقیقەتدا من ئەو مافە بەخۆم نادەم سەبارەت بە بنەچەك ولێشاویان بنووسم بەلام بۆ سوودی خوێندەواران چەند خاڵێك کە لەبەرچاودایە باس دەکەم ئەویش ئەوەیە کە ئەم تەریقەتە لە مەزهەبەکانی باتنی وڕەمزییەکانە، کە کەم کەس لە ڕەمز ونهێنیەکانیان تێگەیشتووە و زۆرکەم سەبارەت بەو ڕەمزانە ئاخاوتن دەکرێت.

دووەم نازناوی "عەلی وللای" کە خەڵکی بەسەریاندا سەپاندوویەتی لەڕاستیدا ئەوان عەلی بەخوا نازانن بەڵکو بەیەکێ لە پەیدابوونی زاتی حەقی دەزانن و بەتەجەلی تەواوی پەروەردگار دەیژمێرن.

سێیەم ئەوان خۆیان بە موسوڵمان دەزانن وڕێزێکی فراوان بۆ قورئان وشەریعەت دادەنێن.

چوارەم تەریقەتەکەیان دوورە لە دەمارگیرییەوە وبتر باوەڕیان بە برایی وهاوکاری وسازشە لەگەڵ هەموو ئاین ومەزهەبەکاندا بەو شێوەی کە سەبارەت بە زمان باسمان کرد لەیرەدا پێویستە لەسەر شانم کە بڵێم دوای دروست بوونی عێلی سەنجاوی وەکو عێلێکی سەربەخۆ وجیاواز لە تایفەکانی تر دوو گۆڕانکاری سەرەکی سەبارەت بە مەزهەبی سەنجاوییەکان خۆی نواندووە.

یەکەم سەرکردەکانی تیرەی چالایی بەتایبەت بنەماڵەی ئێمە وهەندێ لە تیرەکانی تـر بوونەتـە پـەیڕەوی مەزهـەبی شـیعە وئـەم مەزهەبـەیان هەڵبـژاردووەو ئـەم گۆڕانکارییە لە باپیرمەوە "حەسەن خان" و بـاوکم خوالێخۆشـبوو "شـێر محەمـەد خـان" سەمـسام ئەلمـەمالیك ڕوویـداوە وهـۆی ئـەم گۆڕانکارییـە بریتـی یـە لـەو پەیوەندییـە بەردەوامـەیان بەخـەڵکی شـاری کرماشـانەوە ودۆسـتایەتییان لەگـەڵ بنەماڵەی "ئال ئاغا" وکوڕەکانی خوالێخۆشبوو محەمەد باقری بەهبەهانی هەبووە هـەروەها ژن وژنخوازیمـان لەگـەڵ شـازادەکاندا و لەلایـەکی تـرەوە کارکردنمـان ماوەیـەکی درێـژ وبـەردەوام لــە دەسـتگاکانی حکومەتـدا وگرتنــە ئەسـتۆی بەرپرسـایەتی وسـنووورداری و خزمـەت بـە زائیرینـی نەجـەف وکەربـەلا ودانـانی مەجلیسی ماتەمینی عاشوورای حوسەینی.

گۆڕانکارییەکی تر پەیوەندیان لەگەڵ عێڵـی جافـدا و هاتنیـان بـۆ ناوچـەکانی سەنجاوی وژن وژنخوازیان لەگەڵ سـەنجاوییەکاندا بـووە هـۆی ئـەوەی هەنـدێ لـە سەرکردە وسەرۆکەکانی تیرەکانی سەنجاوی ڕوو لە مەزهـەبی سـونی بکـەن وئـەو مەزهەبە هەڵبژێرن سەرەنجام لەنێوان تیرەکـانی سـەنجاویدا ئـەمڕۆ سـێ مەزهـەب دەبینرێـت ئـەهلی حـەق شـیعە وسـونی لـەپاڵ یەکـدا بـەڵکو بەتێکـەڵاوی بەرچـاو دەکەون، زۆرینە بۆ ئەهلی حەق وبەدوایدا شیعە وسونی یە.

نیعمەتێکی گەورە وبەئەرزشە کە ئەم خەڵکە لێی بەهرەمەند وسوودمەندن کـە نایەتە بەر وەسف، ئەویش ئەم سـوڵحو سـەفا وسـازش وبرایەتییەیـە کـە لـەنێوان پەیڕەوان ومووریدانی ئەم مەزهەبانەدا بەرقەرارە. ئەوانە بـە ئاسـانی ژن لەیـەکتری دەخوازن. لەبنەماڵەیەکدا ڕێی تێدەچێ باوك ئەهلی حەق وکوڕ شـیعە ودایـك وکـچ سونی مەزهەب بن. ئەم جیاوازیانە بە هیچ شێوەیەك نابێتە هـۆی کـەم کردنـەوەی خۆشەویستی وپەیوەندییەکانی بنەماڵـەییان. هـەرگیز نـەبینراوە کـە کێشمەکێـشم وململانێ ودوودەسـتی وشـەڕ وشـۆڕی مەزهـەبی لەنێوانیانـدا ڕووبـدات. نـەبینراوە مەزهەبێك لە ئەرزشی مەزهەبێکی تر کەم کاتەوە و بەسووکی سـەیری بیروبـاوەڕە پیرۆزەکانی مەزهەبەکەی تر بکات. ئەم نیعمەتە گران قیمـەت و بەئەرزشـە کـە لـە مەرجەکانی تایبەتی کۆمەڵانی شارەکانە کە قۆناغێکیان لە شارسـتانیەتدا بڕیـووە بێگومـان هێـشتانە سـەنجاویەکان نەگەیـشتوونەتە ئـەو قۆناغـە، بـەڵام لەگـەڵ

ئەمەیشدا ئەم شێوە پەسەندە کە دوورەپەرێزییە لە دەمارگیری بەهەموو شێوەیەکی لەنێوان ئەم تایفە سادە وساکار ودڵخاوێنانەدا دەکەوێتە بەرچاو و بەڕوونی دیارە.

## شەڕوشۆڕە عەشایرییەکان

ژیانی عەشایری لەگەڵ شەڕو شۆڕو کەشمەکێشمدا هاورێ وهەم ئاهەنگە. ڕوون کردنەوەی لەلایەکەوە پەیوەندی بە بارودۆخ وئەوزاعی ئابوورییەوەیە، کاتێ سامانی خەڵکی لە گەلەداری بەخێوکردنی مەڕومالاتدا چڕببێتەوە وئەوانە ناچاربن بۆ تێرکردنی ئاژەڵەکانیان لەهەرکوێ لەوەڕگایەك هەیە بەشوێنیەوە بوون و بەدوایدا وێڵان بن ونەتوانن سامان وسەروەتەکەیان بترتر بکەن ناچار ئەوانەی کە نەدارن یان کەمێکیان هەیە هەوڵبدەن ئەوانەی کە ساماندار ودارارن تالان بکەن وئەوەی هەیانە لە دەستمان دەربێنن وبڕفێنن. لەلایەکی ترەوە هەر ئەم ئابووری گەلەدارییە پێویستی بە ژیانی دەوار نشینی کۆچکردنی هاوین وزوسانە، گرنگیدان بەخزمایەتی ووابەستەیی باوکانە، دروست بوونی تیرەکان ئەوانەی لە یەك بنەچەکن، هەورەها دروست بوونی تەشکیلاتی عێلایەتی، هاوپەیمانی ویان دژایەتی ودوژمنی وکینەو کێبەرکێ کەوتنە نێو تایفەکانەوە لەم قۆناغە کۆمەلایەتیدا دەکەوێتە بەرچاو. هەروا ئەم شێوە ژیانە لە کەش وهەوایەکی ئازاددا وفەزایەکی پان وپۆڕدا و پەیوەند نەبوون بە هیچ یاسا ونیزامێکەوە تەنها نیزام ویاسا وداب ونەریتی عەشایەری نەبێت، ئەم بارودۆخەیە تاکو کەسانی عەشایری ئازاد وسەربەست وجەنگاوەر وخودسەر ودوورە پەرێز لە شارستانیەت وهەتا لە خۆڕازی ومەغرور ولەخۆبایی بە ئەسڵ وبنەچەك ونەژاد تەبارەوە بەبار هاووردووە.

ئەو خۆهەڵکێشانی نەژادییەی "بەنی ئیسرائیل" –جووەکان– پەیوەندی لەگەڵ دەورەی گەلەدارییاندایە. عەرەبەکان ومەغۆلەکان لەم بارودۆخەدا خۆیان بە نەژادی بەرتر کە شایستەی ئەوەبن فەرمانڕەوایی دونیا بکەن دەزانن.

"شەڕ وشۆڕ" بۆ کەسایەتی عەشایەری لەلایەکەوە پێویستییەکی مانەوە وژیانە، ولەلایەکی ترەوە وەرزش وڕابواردنە هاشاڵ و هاورێی ئەو لەم ڕێگادا لەلایەکەوە "ئەسپە" ئەم جانەوەرە جوان وخۆش ڕەوتەیە کە وەسیلەی تاو و

ڕمبازی وخۆنیشاندان وخودنومابییە، لەلایەکی ترەوە "سەگە" ئەو دوژمنە کۆنـەی گۆرگ ودزە، کە وەسیلەی پاسەوانی وڕاووشکارە.

ئەم یاسا گشتی یە بۆ وەزع وبارودۆخی تایفـەکانی سـەنجاوی دەگونجێت. سەرەتا بۆ ڕزگـارکردنی وەزعـی خۆیـان لـە تەبەعییـەت ومـل کەچـی خـەڵکی تـر، دوایـی بـۆ پاراسـتنی خۆیـان لـە بەرامبـەر تایفـەکانی تـردا بـەردەوام ناچـار بـە شەڕوشۆڕ بوونە، کورتەیەك لەم شەڕوشۆڕانە لەلاپەڕەکانی داهاتوودا باس دەکەین لەیرەدا ئامانجمان دەرخستنی ئەم خاڵەیە، کە پێویستی وزەرورەتـی ئامـادەبوون بۆ ململانێی عەشایەری پێویستی کردووە لەلایەکەوە تیرە بە بنەچەك جیاوازەکان بەڵام یەك زمان ویەك مەزهەب ویەك شوێن ولەوەڕگا، لەوساکە پترتر لە یـەك نزیـك بوونەوە ولەلایەکی ترەوە ملکەچی وتەبەعیەتی وسـەرۆکایەتی ورێنمـایی کەسـانی لەخۆیان قبوڵبکەن.

لەهــەر کۆمەڵگایــەکی گــەورە یــان بــچووکدا ئەگــەر پێویــستیەکانی ژیــان گۆڕانکارییەك ئیجاب بکـات، لەخۆیـەوە کەسـانی شایستە ولێهـاتوو بـۆ ڕەهبـەری وسەرکردایەتی ئەو گۆڕنکارییە خۆی دەنوێنێ، لە کۆمـەڵگای بـچووکی سـەنجاویدا ئـەم گۆڕانکارییـە بـەهۆی بنەماڵـەی ئێمـەوە هاتـە کایـەوە ، لەحەقیقـەت چـونکە مێژووی دروست بوونی ئەم عێلە وەك ئێلێکی سەربەخۆ وجیاواز لە تایفەکانی تری کرماشـان عێلێـك کـە کەسـایەتی تایبــەتی خـۆی لەلایــەن والی وحوکمڕانــەکانی کرماشانەوە و دەوڵەتی مەرکەزی ئێرانـەوە بەفـەرمی ناسـراوبێت وسـەرۆکەکانیان بەبەڵگەی فەرمی پاڵپشت کردبێ لـە یـەك سـەدە بترتـر تێناپـەڕێت. مێـژووی ئـەم عێلە لە سێ وەچەدایە، وەچەی باپیرەکانمان و وەچەی باوکانمان ووەچەی ئێمە. ئێمە  بەکورتی ئەم مێژووە وەك سەردێڕێکی جیاواز باس دەکەین.

## شێوەی دروست بوونی عێلی سە نجاوی

لەتیرەکانی سەنجاویدا وەك هەموو عەشایرەکانی تر فەخرکردن بە باوبـاپیران ونیاکانیانــەوە بەرچــاودەکەوێت. لەحەقیقەتــدا پیــاوان وکەسـایەتییەکی نـاودار

ولێهـاتوو لەنێوانیانـدا هەڵکـەوتووە کـە بـە دلێـری و بـوێری خۆیـان نوانـدووە وکـاروکردەوەی قارەمانـەیان لێ وەشـاوەتەوە. بێگومـان کـوڕو نـەوەکانیان حەزدەکەن سەبارەت بەپێشینە وشەڕوشۆڕەکانی باوپیریان لەم یاداشتەدا ببینن، بەڵام ئەوەی لە توانامدایە، هەوڵدەدەم لەم بارەوە بەدرێژی باس نەکەم وچاوی لێ دەپۆشم هەروەك لەو بڕوادام ئەم چیرۆك وداستانانەی لەزەمینـەی لێکۆڵینـەوەی کۆمەڵناسیدا سەبارەت بـە بـارودۆخ وحـاڵ و ئـەوزاعی عێـل وتایفـەکان بـێ سـوود نەبێت، هەروا لە زەمینەی حیکایەتخوانی وداستان سەراییدا دڵڕفێن وشیرین بێت. جگـە لـەم لایەنانـە هەوڵـدەدەم بـەپێی توانـام بەدرێـژی باسـی شەڕوشـۆڕ ودوژمنایەتییەکان لەگەڵ تایفەکانی تردا نەکەم چونکە سوودێك لە نوێ کردنـەوەو بیرخستنەوەی ئەو ڕووداوانەدا نییە ونابینم چونکە ئەم عێلایـەت وعەشـایرانە لـەو بڕوادام سـەرجەم ئێـرانین وبـرای یـەکترن شـەڕی بـرا لەگـەڵ بـرادا "براکوژی"یـە بارودۆخێکی نالەبار بووە کە کاتی بەسەرچووە، وپێویـستە ئیمـڕۆ لەیادببرێتـەوە وبخرێتە خانەی فەرامۆشییەوە[١].

ئامانجمان لەم پێشەکیانە ئەوەیە کەڕوونی بکەینەوە تایفەی سـەنجاوی چـۆن دروست بووە وهاتووەتەکایەوە، لەمێژوویەکدا بەهۆی شەڕی جەهانی و وێرانکەری نێـو دەوڵەتییـەوە هێـزە دەسـت درێژکـەرەکانی بێگانـە وەك عوسمـانی وڕووسـی وئینگلیز هاتنە نێو خاکی ئێرانـەوە و وڵاتەکـەمانیان کـردە مەیـدانی شـەڕ وخـوێن ڕشتن، بارودۆخی ئەم تایفەیە چۆن بـووە؟ وچـۆن توانیوویـەتی ڕووبـەڕووی وئـەم ڕووداوە شومانە بوەستێتەوە؟ بۆیە سەبارەت بەو ڕووداوانە ئەدووم کە پەیوەندی لەگەڵ باسەکەدا هەیە.

## باپیرەکانی سەرکردەکانی سەنجاوی

لەپێـشەوە ڕوونم کـردەوە کـە تیرەکـانی سـەنجاوی لـەژێر کاریگـەری هۆیـە ئابووری وکۆمەڵایەتی وڕەوانیە تایبەتییەکان لە کۆمەڵگای وابەسـتە وپەیوەندیـدار

[١] بەبۆچـوونی مـن ئـەم قـسانە قـسەی خوالێخۆشـبوو دکتـۆر کـەریمی سـەنجاوییە چـونکە خوالێخۆشـبوو عـەلی ئەکبـەر خـان هێرشـی بردۆتـە سـەر زۆربـەی هۆزەکـانی دراوسـێیان، و بەخراوە باسـی زۆربـەیانی کـردووە، و هـەر زۆریـش شـانازی بـە شـەڕ و شـۆڕەکانی خـۆی و سەنجاوییەکانەوە کردووە. "وەرگێڕ"

بـه عێڵـی زەنگەنـەوە یـەکتریان گرتـوو لەبـەر بـەکارهێنان وئیـدارەی لـەوەڕگا هاوبەشەکان و دابەشکردنی ئەرکی سەربازایەتی و چەند کاروبارێکی عێلایـەتی تـر بوونـە چـوار بەشـەوە. دەسـتەی چـالایی و اللاهیارخـانی وعـەباس وەنـد وحـەق نەزەرخانی. ناوەڕۆك وهەستەی سەرەکی ومەرکـەزیی ئـەم تایفانـە لـە حەقیقەتـدا ئـەو تیرانـەبوون کـە لەفارسـەوە کـۆچ کرابـوون. چـالاییەکان و اللاهیارخانیـەکان لەبنەڕەتدا لەیەك بنەچەن وسـەرۆکەکانی ئـەو دوو تیرەیـە لەمێـژەوە سـەرکردەی تیرەکانیـان بوونـە، سـەبارەت بـە باوبـاپیرو بنەچـەکیان پـێش کـۆچ کردنیـان لـە فارسەوە زانیاریەکمان نیە، کۆنترین کەس لەم بنەماڵەیەدا کە ناوەکەی دەزانـین و پێمان گەیشتووە شێخ عەلی ناسراو بە شـێخەلەیە کـە پـشتی پێنجـەمی ئێمەیـە و وادیارە هاوچەرخی ئاغا محەمەدخان وفەتح عەلیشای قاجار بووە. شـێخەلە چـوار کوڕی هەبووە بەناوی مەنوچەهر وغەریب شا وزولفەقار وعەلی زەمان.

مەنوچـەهر کـوڕە گەورەکـەی دوو کـوڕی هـەبووە بـەناوی بـەختیار وبـەرخوردار، بـەختیار سـەرکردەی گـەورەی بنەماڵـەی ئێمەیـە، بـەمانا بنەماڵـەی بـەختیاری سەنجاوی و بەرخوردار باپیرە گەورەی بنەماڵەی بەرخورداریيەکانە.

غەریب شا بە ووتەی عامیانە "هەروشە" باپیرە گـەورەی سـەرۆکەکانی بنەماڵـەی الهیارخانی یە.

زولفــەقار کوڕەکــانی خــدامرووەت و خــداڕەحیم بوونــە، خــدامرووەت بــاپیرەی بنەماڵەی عەزیزیەکانە کە لە سەر کردەکانی ئێستاکەی سەنجاوین.

لە عەلی زەمانەوە کوڕێك بەناوی خوب یار "خوبیلە" باس دەکرێت کە بۆ ناوچـەی کەرکوك کۆچیان کردووە وکوڕێـك بـەناوی ئیـبراهیم ئاغـای هـەبووە، بـەڵام ئیمـڕۆ سەبارەت بەم بنەماڵەیە زانیارییەکمان بەدەستەوە نیە.

لە دەورەیەکدا کە بەختیارخان وبەرخوردار خـان سـەرکردەی تـیرەی چـالایی بــوون دروســت بــوون ویــەکگرتنی تیرەکــانی ســەنجاوی و دابەشــبوونیان بــە چواربەشـەوە گەیـشتووەتە ئـەنجام وسـەرۆکی ئـەو تیرانـە نازنـاوی "خـانی"یـان هەڵگرتووە. بەختیارخان هەروەك سەرکردەو گـەورەی تـیرەی چـالایی دەژمێـردرا موڵك وزەویەکی تایبەت بەخۆی نەبووە و لە زەوی زارو موڵکەکانی خـاوەن موڵکـە شارنشینەکان و ناوچەییەکان کەشـتوکاڵی دەکـرد، واباوە کـە دەیـوت، خۆزگایـە

بەئەندازەی شوێنی ماڵەکەم زەویم هەبوایە ئەگەر پێمان بووترایە لەیرا بڕۆ ئەمتوانی بلێم لە ماڵی خۆمدام و چۆنیەتی ژیانم بەدەست خۆمەوەیە، بەڵام ئەم ئارەزوویەی نەهاتەدی تا دەورەی حەسەن خان کوڕە لایق وشایستەکەی هاتەکایەوە.

## حەسەن خان دامەزرێنەری سەنجاوی

حەسەن خانی بەختیار کە لە بنەڕەتدا دامەزرێنەری بنەماڵەکەمانە بەڵکو دامەزرێنەری عێڵی سەنجاوییە لەدەورەی ئەو باپیرە گەورەماندا من لەژیاندا بوومە، باوکم شێر محەمەدخان کوڕە بچووك ومنداڵی دورەی باپیرم بووە. بەپێی ئەو وەسفەی کە لە باوکم وخەڵکی ترەوە بیستوومە پیاوێکی باڵابەرز وچوارشانە سپی ڕەنگ ودوو چاوی گەش ومووی خورمایی ڕەنگ بووە، ڕیشە درێژەکەی تا نزیك پشتوێنەکەی شۆڕبووبووەوە، ولەودیوە دەبووە دو فیلقانە کە مشتی خەنجەرەکەی لە نێوانیاندا دەکەوتە دەر، جل وبەرگەکەی لە دەورانی دەوڵەمەنیشدا بریتی بووە لە شەرواڵێکی پان وپۆڕ وگوشاد کراسێکی کەرباسی و کەوایەکی ئاوی ڕەنگ وسەرپێچ ومێزەرێکی ڕەنگاوڕەنگ ئەم جل وبەرگە جێی سەرسوڕمان وپێکەنینی کوڕەکانێتی.

حەسەن خانیش وەك باوکی ماوەیەك بێ موڵك وسامان ماوەیە لە زەویەکانی موڵکدارەکانی تێردا کەشت وکاڵی دەکرد وجێی کشتوکاڵی پتر لە گوندی "سەرتەپە" لە گوندەکانی قەڵای دارنجان بوو. چەند جووت گایەکی هەبوو، کاتی خۆشبەختی وبیاری ڕووی کردە کەسێك وسیلە ودەست پێچی بۆ فەراهەم دەبێت و کارەکانی ڕوو لەئاسانی دەڕوات.

دەیگێڕنەوە ساڵێك باران کەم دەبارێت، بەڵام خەرمانەکەی ئەو بەرەکەتی تێدەکەوێت پتر لە دوو سێ خەروار گەنمی دەست دەکەوێت، لەو سامانە هەرچی پێویست دەبێ بۆ خۆی هەڵیدەگرێت، پاشماوەکەی بە قەرز دەداتە موڵکدارەکانی مایدەشت، ساڵێ دوای ئەم ساڵە کە باسمان کرد قات وقڕی وگرانیەکی زۆر پەیدا دەبێت، کە تائیمڕۆش خەڵکی کرماشان وکوردستان وهەمەدان باسی دەکەن وبەهاو قیمەتی گەنم لە یەك مەن بە یەك قڕانەوە دەگاتە یەك قران وپێنج شایی

هەندێ لەو موڵکدارانە لەبەر قەرزاری موڵکەکانیان دەفرۆشنەوە، حەسەن خان لەڕێی کۆمەك ویاریوپێشکەش کردنی بەزر وتۆو زارع وفەلاحگەلێکی زۆری لێ کۆدەبێتەوە، وزەویەکانیان بەچاکی ئاوەدان دەکەنەوە لەمەودوا هێدی هێدی دەبێتە خاوەنی چەند گوندێك، ئەو موڵکانەی کە لە سەرەتای ئەو ساڵانەدا سەندبوویان بریتی بوون لە دوو گوندی چگنی وچوار گوندی خورنە دێهاتەکانی بابان وگوزەران وبەندار. بەدوای ئەو ساڵانەدا گوندەکانی عەلی حەسەن، وزالوئاب وبیردا وئامرئاباد وقباق تەپە وچەلەبی وبابانی و عەزیزخانی ونەورۆلە وموڵکشا و خەبیر وسیر عەزیز وهەشوێلان ودواب و چقاخەزان و وێران وقەلقەش دەسێنێت.

دێهاتی قەلعە وبابانی عەزیزخانی بە عەزیز خانی خدا مرووەت قەباق تەپە وچەلەبی بە عەلی ئەکبەرخانی کوڕی مەهدی خانی بەرخورداری و عەلی حەسەن بە ئیبراهیم خانی برای، کۆزەران بە حەیدەرخان ومیر عەزیز بە ئەکرەم خان کوڕەکانی بەرخوردارخان بەندار بەسەرکردەکانی للای خانی وسەرابی تیرانی بە ئەعزەم خان وچقاخەزان بە شەفیق خان برای عەزیزخان وئامر ئاباد بە سەفەروخان کە هەموویان لە سەرکردە وخانەکانی سەنجاوین وخزمی نزیکین، بەقیمەت وبەهایەکی کەم دەفرۆشی پێیان وقیمەتەکەی کەم کەم لێیان دەسێنێتەوە موڵکێ کە بۆ خۆی مایەوە وەکو بابان و چوار گوندی خورنە ودێهاتەکانی مەلکشا وخەیبەر ودوو گوندی چنگی و زالو ئاب و نەورۆلە وهەشویلان یا "هەشیلان" جلوگیر ودوو ئاو بووە لە دواییدا گوندەکانی خانیل وگوشتر وشادی ئابادیش لە دەڤەری کوردستان دەسێنێت ودەبێتە یەکەم خاوەن موڵکی دەڤەری کرماشان.

بێگومان گۆڕانکاریەکی زۆر هات بەسەر ئەم موڵکانەدا بۆنموونە لە دەورەی حەسەن خان خۆیدا چونکە یار موراد خانی اللاهیارخانی لەگەڵ روستەم سوڵتانی گۆراندا سەرۆکی هۆزی تفەنگچی دا ژنخوازی دەکات کچەکەی خۆیی دەداتێ، حەسەن خان بۆئەوەی دەستی ئەم دوانە لەیەك ببڕێت دێت وکەشت زارەکانی بەندار کە هاوسێن و نزیکی ناوچەی تفەنگچی بوونە وەردەگرێتەوە ولەجیاتیا دێهاتەکانی هەشەوێلان و دوو ئاو و "جلوگیری" بە اللاهیار خانی کوڕی یار موراد

خان دەدات، فەرامەرز سوڵتانی ناودار میوەی ئـەم ژن وژنخوازیەیـە و خوشـکەزای اللاهیار خانە.

## جیابوونەوەی سە نجاوی لە زەنگەنە

تا دەورەی حەسەن خان سەنجاوییەکان تایفەیەکی سەربەخۆ نـەبوون و سـەر بەعێلی زەنگەنە بوون. لە دەورەی حوکمڕانی میرزا سەلیم خاندا لەلایـەن ئـەوەوە براکەی میرزا موحەمەد خان فەرمانڕەواری سەنجاوییەکان بوو و حەسـەن خـانیش ڕیش سپی وپیاوماقوڵی سەنجاوییەکان.

مـیرزا موحەمـەد خـانی زەنگەنـە پیـاوێکی تـەماحکار وسـتەمگەر ولـەخۆڕازی وڕەفتار لار وئەخلاق خراو بوو، سـەنجاوییەکان هـەم ڕق وکینـە وهـەم ترسیـشیان لێـی بـوو، بـەدوای هەلێکـدا دەگـەڕان کـە لـە زوڵـم وسـتەم ودەسـت درێژییەکـەی ڕزگاریان ببێت. ئەم هەلە لـە ڕووداوێکـدا کـە پەیوەنـدی بـە کەسـێك بـەناوی خـدا نەزەرەوە بوو کەوتە دەستمان کورتەی ئەم ڕووداوە بەم شێوەیە:

ساڵێك لەو ساڵانەدا کە میرزا محەمەد خان بە عەنعەنە وهاتوهوتێکی تەواوەوە دەڕواتە گەرمیان "گەرمەسێر" خوانەزەر ناوێ کە سەر بەتیرەی دەوڵەتمەندەکانە سوارێکی شۆخ وئازاو دلێر وخۆشەویـستی سـەنجاویەکان بـوو، لەسـەر ڕووداوێکـی ناموسـی خوشـکەکەیی وشـوانەکەیان دەکـوژێ، وادیـارە بـەم بەهانـەوە بـەڵام لـە حەقیقەتدا لەبەر قازانج وسـودی حکومـەت دەکەوێتـە بـەر تـوڕەیی وبەدواچـوونی حوکمڕانی سەنجاوی، مـیرزا محەمـەد خـان فـەرمان بـە حەسـەن خـان دەدات کـە بیگرێت وبیباتە بەردەستی، حەسـەن خـان هەرچـی ئـەم لاو ئـەولا دەکـات وعـوزر دەهێنێتەوە بێ سوود دەبێت. ناچار دەڕواتە ماڵی خوانەزەر، سەرپەرشتی عێل و تایفـە و دەسـتەکانی سـەنجاوی لـەم کـات وزەمانـەدا چـوار پیـاوی نـاودار بوونـە گەورەی دەستەی حەق نەزەرخانی "فەتاح خانی کوڕی حەق نـەزەرخان گـەورەی دەسـتەی چـالایی" کـەرەم خـان کـوڕی بـەرخوردار خـان بـاوکی هاوسـەرەکەی حەسەن خان، گەورەی دەستەی اللاهیار خانی یارموراد خان وگـەورەی دەسـتەی عـەباس وەنـد "سـەبز عـەلی خـان" سـەران وکوێخاکـانی سـەنجاوی سـەرجەم کۆدەبنەوە و حەسەن خان بە ڕەهبەر وپێشەوای خۆیان هەڵدەبژێرن بڕیار دەدەن

كه خوانەزەر خان ببەنە لای میرزا محەمەدخان ئەگەر لـە گوناهەكـەی خـۆش بـوو چی لەوە چاكتر، و ئەگەر خۆش نەبوو لەنێوی ببەن وبیكوژن، لەسەر ئـەم بڕیـارە بـە گـشتی سـوێند دەخـۆن شەسـت كـەس لـە سـەركردەكان وكوێخاكـان وسـوارە دلێرەكانی سەنجاوی "خوانەزەر"یان برد ونزیكەی بیست كەسێكیان كـە بـەدوای حەسەن خانەوە بوون چوونە چادرەكەی میرزا محەمەد خانـەوە، خـان بـێ هـەواڵ پرسین بە حەسەن خان دەڵێت ویـستم خوانـەزەر بێریـت ئێـستا بـە لەشـكرێكەوە هاتیتە لامان.

دوای ماوەیەك بە "فەراش باشی" فەرمان دەدات كە خوانەزەر زنجـیر بكـات. خوانەزەر لە ئەسپەكەی نەهاتـە خـوارەوە هـەڵی كوتایـە سـەر فـەراش باشـی بـە دەمانچەیەك كە پێی بوو مێشكی دەپژێنێ سـەنجاویەكان كـە دەنگـی دەمانـچەكە دەبیستن دەزانن خوانەزەر ئیشی خـۆی كـردووە و كـار لـە كـار تـرازاوە ئـەمانیش هەڵدەكوتنە سەر محەمەد خان و بە خەنجەر دەیكـوژن وبـە شەسـت سـوارە سـەد وپەنجا سەرباز وپەنجا سواری میرزا محەمەد خـان چـەك دەكـەن وخێـوەت وشـت ومەكەكەی تالآن دەكەن. كە فەسڵی بەهار دێت وعێـل بـەرە وكوێـستانەكان كـۆچ دەكات حەسەن خان بەهاودەستەكانی دەڵێت مـیرزا سـەلیم خـان لـە مـن بـەولاوە كەس بە بكوژی براكەی نازانێت ئێوە هەمووتان بگەڕێنەوە من وچەند بنەماڵەیـەك لە تایفەكەمان لە گەرمیاندا دەمێنینەوە. میرزا سەلیم خان كە لە كوشتنی براكـەی و شۆڕش ویاخی بوونی سەنجاویەكان ئاگادار دەبێت وبەبەهانەی ئەوەوە دەوڵـەت داوای وئامادەبوونی فەوجی زەنگەنەی كردووە، لە عێلی كولیایی دوو سـەد سـوار داوادەكات بەنهێنی بێ ئـەوەی كـەس بزانێـت چـی بەدەسـتەوەیە و دەیـەوێ چـی بكات بەرەو گەرمیان بە ئامانجی تۆڵە سەندەنەوە دەكەوێتە ڕێ، لەو كاتەدا مـاڵی حەسەن خان لەناوچەی تەناب دەبێت چەند كەسێك لە خزمەتكارەكانی كە بـەرەو قەسری شیرین دەڕۆن لە شوێنێكدا كە بە "گورگاوان" بەناوبانگە تووشی لەشكری زەنگەنە دەبن، یەكسەر دەگەڕێنەوە خەڵكی گوندەكان ئاگـادار دەكـەن. حەسـەن خان ومحەمەد ڕەحیم خان وئاغا خانی كوڕی حەسەن خان لەگەڵ چەند سـوارێكدا بۆ بەرگری لەشكری زەنگەنە دێنـە پێـشەوە وە بـە ژنـەكان فـەرمان دەدەن كـۆچ بكـەن وبڕۆنـە ناوچـەی "كوەكـەج" لەشـەڕێكدا كـە لەگـەڵ لەشـكری زەنگەنـەدا

ڕوودەدات ئاغا خانی کوڕی حەسەن خان دەکوژرێت، هەر لەو کاتەدا شازادە خانمی هاوسەری حەسەن خان دایکی کوڕە بچوکەکانی "خدا مروەت خان" وشێر محەمەد خانی باوکم کردەوەیەکی قارەمانانەی لێ دەوەشێتەوە، فەردەیەك پارەی سپی کە لەماڵیان دەبێت بەیارمەتی خزمەتکارێك موحکەم دەیبەستێتە تەنافێکەوە، دای دەهێلێێتە ڕووباری "تەنگاب"ەوەسەری تەنافەکە دەبەستێتە ڕیشەی درەختێکەوە کە تەقەی تفەنگ نزیك دەبێتەوە منالەکان ودانیشتوانی ماڵەکە ڕەوانە دەکات وخۆیشی سوار ماینێ دەبێت کە لەپێشدا زین وبەرگی کردبوو، هەرچی وڵاخی بەرزە لە قاتر وماین وهەرچی تر کە بوویان دەیداتە بەر، هەرچۆنێ بێ خۆی دەگە یەنێتە ناوچەی کەچ کە بە "شا کوە" شاکێو بەناوبانگە.

حەسەن خان لەوە زیاتر بەرگری ناکات تەرمی کوڕەکەی لە شەقی کێوێکدا نزیکی تەنگاب دەشارێتەوە و بەرەو شاکێو دەکەوێتە ڕێ. ئەو شەوە لەو کێوەدا لەتەنیشت ماڵ وسامانە تالآنکراوەکەیدا بەسەر دەبات.هاوسەرەکەی ئاگاداری دەکات کە هەرچی خشڵ وشت ومەکی ژنانەی هەیە لەگەڵ خۆیدا هاوردویەتی وپارەکانیشی لەشوێنێکدا شاردووەتەوە. سبەی لە کێوەکە دێتە خوارەوە دەبینێ لەشکرەکە گەڕاوەتەوە وهەرچی شایانی تالآن بووە بردوویانە وپاشماوەکانیشیان سووتاندووە. حەسەن خان بەیارمەتی هاوسەرەکەی دەگاتە ئەو شوێنەی کە پارەکانی تێدا شاردووەتەوە، تەنافێك کە بە درەختەکەوە بەستوویەتی دەبینێ فەردە پارەکە دەهێنێتە دەرەوە و بەو پارەیە بۆ هەر بنەماڵەیەك کە لەگەڵیان بوون، شت ومەکی کە پێویستی ژیانیان بوو لە خانەقین دەیسێنن وبۆ حەسەن خان دەوارێکی گەورە پەیدا دەکەن و بە بنەماڵەکانی دەوروبەری دەواری ڕەس وچیخ دەدەن و هەرکەسێ لە جێگای دیاریکراوی خۆیدا جێگیر دەبێت. کاتێ عێل دەگەڕێنەوە هەوارگەی هاوینەیان حەسەن خان بە سەرکردەکان وکوێخاکانی سەنجاوی دەڵێت ئیتر دەتوانن لەبەرامبەر هەڕەشە و گوڕەشە ودەست درێژی سەلیم خان ڕاوەستین، ئەگەر ئەو برای کوژراوە منیش کوڕم کوژراوە و ماڵ وسامانم بەتالآن براوە، لەو بڕوادام فەرمانڕەوای کرماشان ئەگەر پشتیوانیمان لێنەکات بێگومان دژایەتیمان ناکات. لەگەڵ عیلەکەیاندا بەرە وهەوارگەی هاوینە دەڕۆن و لەگەڵ ئەسەدوللآ خان، سەرۆکی تایفەکانی گۆران، دەکەونە گفتوگۆوە و

پێی ڕادەگەیەنن ئەگەر ئەو لەبەرامبەر سەلیم خاندا ڕاوەستێت و پشتیوانی لە ئەوان بکات سەرجەم عێلی سەنجاوی دەبنە لایەنگیری. بەم جۆرە عێلی سەنجاوی لە زەنگەنە جیا دەبێتەوە. دوو ساڵ دوای ئەم ڕووداوە سەلیم خان فەوتی کرد، حەسەن خان دەکەوێتە بیری جیاکردنەوەی سەنجاوی لە گۆرانەکان. لەگەڵ نوری محەمەد خانی زەنگەنەدا لە بنەماڵەی سەلیم خان کە پیاوێکی ڕەوشت بەرز ونەفس پاك وخاوێن بوو، وژنخوازی دەکات، کچەکەی بەگزادەخانم دەداتە نور موحەمەدخان دوای ئەم ژن وژنخوازییە دەبێتە دۆستی حەسەن خان وسەنجاوییەکان. سەرکردەکانی هەرچوار دەستەکەی سەنجاوی حەسەن خان بە سەرۆکی عێل هەڵدەبژێرن، بە پێشکەش کردنی پارەیەك بە حوکمڕانی کرماشان بڕیاری جیاکردنەوەی سەنجاوی لە گۆرانەوە دەهێنێتە دەست وحەسەن خان دەبێتە سەرۆکیان.

## کوڕەکانی حەسەن خان

لەلایەن ژن ومناڵەوە هەروەك حەسەن خان چەند جارێك دڵی سوتاوە، بەڵام لەو بارەوە پیاوێکی سەرکەوتوو بەختەوەر بووە، مناڵەکانی بەرهەمی سێ هاوسەرێتی.

هاوسەری یەکەمی کە ئامۆزای خۆی بووە، کچی کەرەم خانی بەرخورداریيە، کە سێ کوڕی لێی بووە بەناوی محەمەد ڕەحیم خان وئاغا خان وکەریم خان کە هەرسێ کە یان ئازا ولێهاتوو بوونە، بەڵام هەرسێ کەیان لەژیانی باوکیاندا کوژراون.

سەبارەت بە کەریم خان لە دواییدا دەدەوێین، وەکو باسمان کرد ئاغا خان هەر ئەوەیە لە شەڕی تەنگابدا لەگەڵ زەنگەنەدا کوژراوە کەریم خانیش ئەحمەد بەگی هەمەوەند کە بە "ئەجەل" بەناوبانگە، باوکی جەوامێری یاغی بەناوبانگ دەیکوژێ. دوای ماوەیەك لەناوچەی مایدەشتدا تێدەپەڕێ ئیسماعیل خانی بەرخورداری دەستگیری دەکات و چەك وئەسپەکەی لێ دەستێنێ ودەیداتە دەست کوڕەکەی و چەند سوارێکەوە تا بیبەنە خزمەت حەسەن خان وتۆڵەی لێ بسێنێتەوە. حەسەن خان ئەحمەدی ئەجەل ماچ دەکات وئەسپێك وجل بەرگێکی

نویٚ ودەمانچەیەکی پێشکەش دەکات و تا سنووری گۆران لەگەڵیان دەڕوات و بەکوڕەکەی ئیسماعیل خان دەڵێت بەباوکت بڵێ تۆڵەی خوێنی کوڕەکانم بەم شێوەیە دەسێنمەوە. بەڵام چەند ساڵ دوای ئەم ڕووداوە لەشەڕێکدا ئەم ئەحمەد ئەجەلە بەدەستی سەنجاوییەك کەناوی برجعەلی بوو ئەجەلی هات.

هاوسەی دووەمی حەسەن خان ژنێکی مەلایریی بووە بەناوی بانو ، کە لە سەفەرێکی بازرگانیدا دەیهێنێ ولەو ئافرەتە خوسرەوخانی مامەم دێتە دنیاوە، کە پیاوی بەزم وڕەزم بوو، و بە هونەرمەندێکی سەنجاوی دەژمێردرا، خاوەنی چەند کوڕێکی لێهاتوو کارامەبوو کە دوانیان حەبیبوللاخان وسوحبهتوڵلا خان بوون، لەشەڕی عەشایریدا کوژران، و ئەسەدوڵڵا خان "سالار مکەرەم" کە ئێستا لە ژیاندایە یەکێکی تر لەو کوڕانەیە کە لەو ئافرەتە بووە. جەواهیر خانی کچی حەسەن خانیش هەر لەم ژنەیە کە ئامۆزاکەی دای بە حەیدەرخانی کوڕی بەرخوردار خان کوڕەکانی حەیدەرخان هەموویان لە ئەون.

هاوسەری سێیەمی حەسەن خان کە ناوی شاهزادەیە کچی یوسف بەگی ڕەحمان بەگ بوو، لە بەگزادەکانی جوانڕۆ بوو کە بێوەژن بوو، هاوسەری سێیەمیەتی. خدا مرووەت خانی مامم وشێر محەمەد خانی "سەمسام ئەلمەمالیکی" باوکم، و بەگزادە خانمی هاوسەری نورمحەمەد خانی زەنگەنە لەم هاوسەرەی سێیەمە. هەروەها ئەم ئافرەتە لەمێردە پێشووەکەی کچێکی هەبوو بەناوی خانزادە خانم کە خوشکی باوکم ومامەم بوو لەدایکیانەوە، حەسەن خان باوە پیارەی ئەم کچەیە، دایە موحەمەد قولی بەگی سەرکاری کە لە تایفەی بەرازبوو، کە هەموو کوڕەکانی ئەم محەمەد قولی یە "عبدللا بەگ، محەمەد بەگ، ئەمجەد بەگ" لەم ئافرەتەن[1].

[1] ئەم خالەی بنەماڵەییە لە سوود بەدەر نیە ئەگەر ڕوونی کەینەوە. خانزادەخانم جگە لەو کوڕانەی کە باسمان کرد سێ کچی ناوداری لە محەمەد قولی هەبووە، یەکەم مینا خانم کە بووە هاوسەی عەلی ئەکبەرخانی شەرەف ئەلملوکی والی کوردستان، دووەم حەبیبە خانم کە هاوسەی عەلی خانە کە بە خان حاکم بەناوبانگ بوو کوڕی عەلی ئەکبەر خانی شەرەفولمولك بوو، کە دایکی حوسەین خان وعەباس خانە، کە بەسەردار ڕەشید بەناوبانگە بەم هۆیەوە بە ئێمەیان دەگوت خاڵ وخاڵۆزا. سێیەم ڕەعنا خانم کە لەپێشدا هاوسەری ڕۆستەم بەگ

موحەمەد ڕەحیم خان :

موحەمەد ڕەحیم خان کوڕە گەورەکەی حەسەن خان لە ناودارترین پیاوانی بنەماڵەی ئێمەیەکە دەستی ڕاستی باوك وشەریك وهاوبەش وهاوکاری دەورەی لاوی حەسەن خان دەژمێردرێت. لەکاتی خۆیدا یەکە پیاوی کارزان وشەڕو شۆڕ وململانێ عەشایەریەکان بوو، زۆربەی موڵکەکانی حەسەن خان بەدەستی ئەم پیاوە لێهاتووە سەندراوە، ناوبراو لەگەڵ باوکمدا سی ساڵ جیاوازی تەمەنیان هەبوو تا ئەو ڕادەیە کە فەرەج الله خانی کوڕی نزیکەی دەساڵ لە باوکم بەتەمەن تر بوو. محەمەد ڕەحیم خان پیاوێکی بەرزەفڕ وبەشوێن پلە وپایە وماقاما گەڕاو وسەختگیر وتوندوتیژ بوو، ساڵی ١٢٨٧ھ کە ناسرەدین شا لەڕێی کرماشانەوە بۆ زیارەتی نەجەف وکەربەلای پیرۆز دەڕۆیشت لەچەند شوێنێکدا شانازی ئامادەکردنی وسیلەی خزمەتی شای بۆ ڕەخسا، لەم ڕووەوە کەوتە بەر لێشاوی نەوازش وقەدر لێنان. بەڵام هەر لەو ساڵەدا بە فیتی "مەلیك نیازخانی کەندی" کە ئەوی بە ڕەقیبی خۆی دەزانی بەشێوەیەکی خائینانەو نامەردانە لەلایەن سێ پیاوی سەنجاویەوە بەناوی حاتەم خان و شابازخان ومیرزا خان کوژرا. بکوژەکانی بەرەو بەغدا هەڵاتن بەڵام بەهۆی سکاڵای حەسەن خانەوە و فشاری دەوڵەتی ئێرانەوە بکوژەکانیان گەڕاندەوە بۆ ئێران، فەرمانڕەوای کرماشان بکوژەکانی بە کۆت وزنجیرەوە دایە دەستی حەسەن خانەوە تا تۆڵەیان لێ بسێنێتەوە. ئەو نامەیەکی بۆ فەرمانڕەوای کرماشان نارد وتێیدا ڕوونی کردبۆوە کە بە کوشتنی ئەم بکوژانە کوڕەکەم زیندوو نابێتەوە و لەبەر عینایەت ونەوازشی شاهانە وبۆ دوعای سەلامەتی شا ئەمانەم بەخشی.

---

سەرۆکی تایفەی وەلەد بەگی بوو چونکە ڕۆستەم بەگ لەلایەن کە سێك بەناوی قەمگە کوژرا، عەزیز بەگی برای لە خۆی مارەکرد چونکە عەزیز بەگ لەبەر تەنگژە ولەیەك تێنەگەیشتنێك خانزادەخانمی خەسووی کوشت، عەبدوڵابەگی کوڕی محەمەد قولی لەخوێنی دایکیا عەزیز بەگی کوشت وڕەعنا خانم دوای ئەوە بووە هاوسەری فەتاح بەگ سەرۆکێکی تری وەلەد بەگیەکان کە کوڕە ناودارەکانی بەناوی بارام نازناو سەردار ئەکرەم، یەعقوب بەگ نازناو سەردار ئەمجەدو صۆفی بەگ و چوار کوڕی تر کە ئەوانیش هەر بەم هۆیەوە خوشکەزای سەمسام ئەلمەمالیك دەژمێردرێن.

عیماد ئەلدەولە فەرمانڕەوای کرماشان سەبارەت بە قەدر دانی لەم کردەوەی حەسەن خان ئەم هەواڵەی گەیاندە پایتەخت ولەسەرەوە فەرمانی حکومەت وفەرمانڕەوای ناوچەی سەنجاوی بۆ حەسەن خان دەرچوو. لێ بووردنی حەسەن خان لە بکوژەکانی کوڕەکانی نموونەی جەوامێری وڕەوشت بەرزی ئەو زاتەیە، سەنجاویەکان موەفەقی وسەرکەوتنی ئەویان لای پەروەردگارەوە دەزانی، وایان دەزانی کە حەسەن خان فریشتەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە کە پارێزەری بنەماڵەکە بوو لەپێشهاتوو و ڕووداوە سەخت ودژوارەکاندا بۆ ئاسان کردن ونەهێشتنی ئەو ناخۆشی وگرفتاریانە داوای یارمەتییان لەو فریشتەیە دەکرد.

دوای فەوتی حەسەن خان بەپێی وەسیەتێك کە کردبووی تەرمەکەیان بۆ نەجەف برد ولەوێ لەدۆڵی سەلام دا بەگۆڕیان سپارد. ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونە کە ئەو خوالێخۆشبووە پەیڕەوی مەزهەبی "شیعە" بووە.

## فەرەجوڵڵا خان وحاجی حەسەن خان وەکیل ئەلدەولە

جێنشینانی حەسەن خان سێ کوڕی ناودار بوونە خدامرووەت خان وخەسرەو خان وشێر محەمەد خانی باوکم و کوڕەکەی فەرەجوڵڵا خانی کوڕی محەمەد ڕەحیم خان بوون.

فەرەجوڵڵا خان دە ساڵ لە باوکم گەورەتربوو، چەند ساڵێك لە خەسرەوخان بە تەمەن تر وساڵێك لە خدا مرووەت خان کەم تەمەن تربوو.

دوای کۆچی دوایی حەسەن خان سەرکردایەتی بنەماڵەکە وحکومەتی سەنجاوی گەیشتە فەرەجوڵڵا خان لەبەرئەوەی سەنجاویەکان بەگشتی وبراکانی بەتایبەتی ڕێزێکی فراوانیان بۆ بیرەوەری محەمەد ڕەحیم خان هەبوو هەتا سوێندی گەورەیان "ڕۆحی محەمەد ڕەحیم خان" بوو. لەلایەکی ترەوە خوالێخۆشبوو محەمەد ڕەحیم خان لە ژیانی باوکیدا هەموو کاروباری عێلی ومیری وزۆربەی موڵکەکانی بەدەستەوە بوو و تاڕادەیەك بۆ برابچووکەکانی کە لەدایکی نەبوون مافێکی ڕەوا نەدە بینی. دوای شەهیدبوونی خوالێخۆشبوو ئەو زاتە حەسەن خان تەسەرف و بەکارهێنانی موڵکەکانی بەدەست کوڕەکەی فەرەجوڵڵا خانەوە هێشتەوە لەسەرەمەرگدا وەسیەتێکی بۆ کوڕەکانی کرد کە پاڵپشت

وپشتیوان وپارێزەری بن. فەرەجوڵڵا خان لاوێکی جوان ورێك وپێك و شۆخ وقۆز وبالآبەرز وچوار شانە بوو، کە سەیرت دەکرد پاڵەوانە کۆنەکانی ئێرانت ئەهاتەوە یاد. لەگەڵ ئەمەشدا کەسایەتیەکی لاواز وبێ بڕیار وئیرادە نەرم وبێ تەدبیر ونا تەوان بوو، بەم وەسفەیشەوە مامەکانی ملکەچی سەرۆکایەتییەکەی بوون. خدامرووەت خان گەورەی براکانی و بنەماڵە ویسەیی هەرگیز داواکەری حکومەتی سەنجاوی نەبوون. خدامرووەت خان ڕویشتە کرماشان، پێشکەشیەك کە لەو دەورە وزەمانەدا باوبوو پێشکەشی لێپرسراوانی کرماشانی کرد تا سەرکردایەتی حکومەتی سەنجاوی بە فەرمی بۆ فەرەجوڵڵا خان وەربگرێ[1]. هەموو خانەکان وکوێخاکانی سەنجاوی ملکەچ وگوێڕایەڵی بوون لەنێوان عێڵی سەنجاویدا کەسێ دژایەتی نەدەکرد. تا دەسیسە وفێڵ وتەشقەڵەی ئاغا حەسەن خان کە بە وەکیل ئەلدەولە بەناوبانگ بوو هاتە پێشەوە.

ئێستاکە پێویستە سەبارەت بەم پیاوە مەرموزە ڕوون کردنەوەیەك بخەینە بەرچاو. حاجی ئاغا حەسەن کوڕی خەلیل عەرەبی بەغدادیە وادیارە بەبنەچەك "جووە" وباوکی بە پیشەی دارکیش قەساو دەهاتە نێوان عێڵەکانی ئێرانەوە، هەموو ساڵێك چەند گەلەیەك پەزی دەسەند وبۆ بەغدای دەبرد ودەیفرۆشت، کەم کەم سامانێکی تاڕادەیەك چاکی پێکەوەنا، و دەستی کردە بازرگانی. خەلیل عەرەب "ئاغا خەلیل" دوای چوونە "مەکە" نازناوی بووە "حاجی ئاغا خەلیل" چونکە بنەچەك ڕەگەزێکی ئاشکرا وعەشیرەتێکی دیاری ناسراوی لەنێوان عەرەبەکاندا نەبوو ڕووی کردە کرماشان ولەوێدا جێگیربوو. لەو دەورەدا ئاغا حەسەن منداڵ بوو باوکی ناردیە قوتابخانە کە گەیشتە تەمەنی لاوی لێهاتوویی وئازایی کارزانی وحیساب دانی بۆ هەموو خەڵکی کرماشان ڕوون بووەوە.

دوای مردنی باوکی ڕۆژ بەڕۆژ بووە یەکە پیاوی کرماشان بەڵکو هەموو ئێران، هەروەکو باوکی ناسنامەی ئێرانی وەرگرتبوو بەلآم ئاغا خەلیل چونکە لاوازی و ناتەوانی دەوڵەتی ئێرانی دەبینی لە بەرزی وتەرقی سەرکەوتنی دەوڵەتی تورك

[1] لەساڵنامەیەك کە پەیوەستی کتێوی مرات البلدان ساڵی ١٢٩٧ھ نووسراوە "جەماعەتی سەنجاوی بە سەرکردایەتی فەرەج الله خان".

دڵنیا بووبوو، لە تابعیەتی دەوڵەتی ئێران دەستی هەڵگرت ودەبێتە تابعیەتی دەوڵەتی عوسمانی وناسنامەکەیان هەڵدەگرێت.

کەم کەم هاتە نێو سیاسەتەوە پەیوەندی لەگەڵ باڵوێزەکانی وڵاتە بێگانەکاندا پەیداکرد، رامیاری لەگەڵ بازرگانیدا تێکەڵاوکرد، هەر دەوڵەتێکی بە بەهێز بزانیایە لێی نزیك دەبۆوە، تا ئەو رادەیە بووە وەکیلی پارێزراو وخاوەن پلە ونیشانی دەوڵەتی ئینگلیس و نازناوی "وەکیل ئەلدەولە"ی بەسەردا دابرا وبەم نازناوەوە شانازی دەکرد، دەوڵەتی عوسمانی وڕووس وئێرانیش بە پێشکەش کردنی نیشانی بەرز بەو زاتە درێغیان نەکرد. هێدی هێدی سەروەت وسامانی لە سنوور تێپەڕی، و دستی کردە موڵك کڕین، و تارادەیەك سەرجەم موڵکەکانی کەلۆرەکانی سەند، چی بەزۆر چی بە پارە، تا بەفێڵ وتەڵەکەبازی جۆراو جۆر. بەم شێوەیە بووە خاوەنی سەدان شەش دانك و موڵك و دێهاتێکی فراوان.

سەبارەت بە سەنجاویەکان تا باپیرم حەسەن خان لەژیاندابوو نەیتوانی دەست بکێشێتە نێو موڵکەکانی سەنجاویەکانەوە، ماوەیەك لەمەوپێش ئاغا حەسەن موڵکێکی لە ناوچەی "مای دەشت" بەناوی "هەفت ئاسیان" حەوت ئاسیاو لە خزمەکانی گۆران کڕی، بەم جۆرە بووە دراوسێی سەنجاویەکان.

فەرەجوڵڵا خان هەروەك هەموو شتێکی لە موڵکەوە بیگرە تادەگاتە سەرکردایەتی ئێل قەرزاری لێبوردن ویاریوکۆمەکی مامەکانی بوو، لەبەرئەوەی ئەو نەوەی حەسن خان بوو بەپێی شەرع مافێکی لەو موڵکانەدا نەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا گوێی نەدەدا بە نەسیحەت ورێنمایی مامەکانی وەك گەورەیەك، سەرۆکێکی سەنجاوی ڕەفتاری نەدەکرد، لەگەڵ دوژمنێکدا کە لە کەمیندا بۆی دانیشتبوو، گرێبەستی دۆستایەتی وبرادەری بەست. وئاغا حەسەنی "وەکیل ئەلدەولە"ی کردە ڕاوێژکار ونهێنی پارێز ویارو یاوەری خۆی. لەم دەورەدا سوڵتان موراد میرزای "حسام ئەلسەلتەنە"[1] بووە فەرمانڕەوای سەرجەم ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران.

---

[1] سوڵتان موراد میرزای حوسام السەلتەنە کوڕێ عەباس میرزای ولیعەهدە، لە ساڵەکانی ١٢٩٤ تا ١٢٩٨کۆچی فەرمانڕەوای کرماشان بووە.

وەکیل ئەلدەولە لەنێو سەرجەم سەرکردەکانی سەنجاویدا پتر لەگەڵ لالای خانی سەنجاوی کە پیاوێکی زیرەك وکارا ولێهاتوو بوو پەیوەندی هەبوو، هەموو جارێك ناوبراوی هەڵدەنا وەك داخوازی سەرۆکایەتی وحکومەتی سەنجاوی بکات. فەرەجوللّا خان ناچار پەنای بۆ وەکیل ئەلدەولە هێنا و مەبلەغێك پارەی بەناوی بەرتیلەوە لەرێگەی وەکیل ئەلدەولەوە بۆ فەرمانڕەوای کرماشان نارد، تا لە شەڕی اللاهیار خان ڕزگاری ببێت.

لەحەقیقەتدا هێز وتوانا ونفوزی وەکیل ئەلدەولە زۆر لەوە گەورەتر بوو کە حوسامو ئەلسەلتەنەنە یان کاربەدەستێکی تر بتوانن لەبەرامبەریدا خۆیان ڕابگرن. جێی داخە ئەم سەرداره ناوداره بەو هەموو ئابڕ وشانازیەوە لە دەڤەری خوراسان وفەتحی هەراتدا بەدەستی هێنابوو خۆی دابەدەستەوە وبووە ملکەچ وگوێڕایەڵی خزمەتکارێکی ناسراوی بێگانە.

گومان لەوەدا نیە ئەو هێزەی کە لەپشت کوێرکردنەوەی کاریگەری فەتحی هەراتدا بوو هەر ئەو هێزە ئەوی کردە خواجە ودەست نیشاندە وملکەچی وەکیل ئەلدەولە. بەم شێوەیە بەیارمەتی وەکیل ئەلدەولە لالای خانی بووە یاریدەری حکومەتی سەنجاوی و پلەی سنوورداری وپاراستنی ئاسایش وئەمنییەتی ڕێگای قەسری شیرین قەلا سەوزی پێ سپێردرا. لەحەقیقەتدا ئەو دەستپێچێك بوو بەدەست وەکیل ئەلدەولەوە، هەرچی ئەو دەیگووت ئەم ئەنجامی دەدا.

لەماوەی سنووری ئەودا جەردەکانی عوسمانی چەند جارێك ڕێیان بە کاروانەکان دەگرت وسامان وکوتاڵی بازرگانەکانیان بەتاڵان دەبرد. حسام ئەلسەلتەنە داوای لە فەرەجوللّا خان کرد بێت بۆ لای وئەوی بەبەرپرسی ئەو دز وجەردەیی وپشێوییەی سەرسنوور ژمارد بەڵام لەحەقیقەتدا ئەو گوناهێکی لەو بوارەدا نەبوو، چونکە بەرپرسایەتی سەرەکی پاراستنی ڕێگاوبان وسنوورەکان لە ئەستۆی لالای خانی دا بوو.

بیرۆکەی سەرەکی ئەم بەهانەیە لە تەماح وچاو بڕینە سامان وگەنجینە ئەفسوناوییەکەی حەسەن خاندا دەسوڕایەوە. بێگومان **"زلوسولَتان"** لە ئەوزاعی مامی گەورەی بێخەبەر نەبووە کە سەبارەت بەو دەڵێ: "حوسامو ئەلسەلتەنەنە کە والی خوراسان بوو لە هەرکەس هەرچی بویستایە، بەهەرناوێکەوە

بێ دەیسەند وزەوتی دەکرد وبەو پەڕی شورەییەوە بەسەختی لەبەندیخانەی گیردەکرد ومەبلەغێکی گەزافی لێدەسەند و بەشێوەیەکی قێزەون بەرەو تاران دەینارد[1]. بەم شێوەیە فەرەجوڵڵا خانی بێگوناە خرایە بەندیخانەوە ولەلای خان بەشێوەیەکی فەرمی بووە حوکمڕانی سەنجاوی.

حوسامو ئەلسەلتەنەنە فەرەجوڵڵا خانی شکەنجە کرد، تا گەیشتە سنووری مردن وتیاچوون. مامەکانی هەروەك لێی ڕازی نەبوون و بە بۆدەڵە دەهاتە بەرچاویان، بەڵام لەبەر دەمارگیری بنەماڵەیی بۆ ڕزگارکردنی کەوتنە تەلاش وکۆششەوە.

حوسامو ئەلسەلتەنەنە مەبلەغێکی یەکجار فراوانی بۆ بەرەڵاکردنی داخوازی کرد، خدامروەت خان کە بۆ ڕزگارکردنی برازاکەی هاتبووە شارەوە زوو بۆی ڕوون دەبێتەوە کە هەرچی هەیە ها لەژێر سەری وەکیل ئەلدەولەدایە، ناچار هانای بۆ دێنێ وەکیل ئەلدەولە جەریمەکەی " فەرەجوڵڵا خان" بە مەبلەغێکی دیاریکردە کە ژمارەکەیم ئێستا لەیاد نیە دەبڕێتەوە، هەرچی شتومەکی بەقیمەت و ئاڵتون وزیوی ژنانە هەبوو دەیفرۆشن لەگەڵ ئەمەشدا سێ هەزار وپێنج سەد تومانی جەریمەکە بەسەریانەوە دەمێنێتەوە. سەرەنجام ئەوەی کە ئەبووایە نەبووایە ڕوودەدات. "خانەکان" چوار گوندی شلە وزالوئاب وچواردانگی کەشت وزارەکانی بەندار کەسەرجەم نزیکەی پانزە تا بیست پارچە گووندێکیان لەلای وەکیل ئەلدەولە خستە گرەو وڕەهنەوە، کە لەجیاتی ئەواندا ئەو مەبلەغەی کە بەسەریەوە مابۆوە بە حوکمڕانی کرماشان بدات.

لە سەری کاتی دیاریکراودا بە قەرز وقۆڵە ویارمەتی سەرکردە وکوێخاکانی سەنجاوی مەبلەغەکە تەواودەکەن وفەرەجوڵڵا خان لەگەڵ خۆیدا دەیباتە شار وپێشکەشی دەکات. وەکیل ئەلدەولە بە خەتی خۆی قەبزی وەرگرتنی دەداتە دەستییەوە وپێی دەڵێ نا، یەك دوو ڕۆژی تر دەقی ئەسلیی سەنەدەکە پەیدادەکەم وئەیدەمە دەستتانەوە. بەڕووکەش لەگەڵیا بە نەرمی ونەوازشەوە دەجوڵێتەوە وبەڵێنی حکومەت وحوکمڕانی دووبارەی سەنجاوی پێدەدات، تا

[1] مەسعود میرزا "زلوسولتان" تاریخ گزشت مسعودی، تهران، ١٣٦٢، ص٢٢٦.

وەعدەی سەنەدەکە یەتە پێشەوە بەفیتی ئەو حوکمڕان فەرمان دەداتە یاساوڵ وکاربەدەستانی حکومەت کە دەست بەسەر موڵکەکانیانا بگرن.

ئەم مەوزوعە خەڵکی پێی دەزانێت، سەرکردەکانی سەنجاوی سەرجەم شکات دەبەنە لای حکومڕانی کرماشان بەڵام قیڕە وهەرا وشکایەت وسکاڵایان ناگاتە شوێنێ. فەرەجوڵڵا خان سەرلەنوێ زیندانی دەکرێت، تا ناچار دەبن کە مەزرەعەی نەورۆڵە لەجیاتی بەهرەی مەبلەغێکی وەهمی ودەست هەڵوەستدا بدەنە وەکیل ئەلدەولە.

من ئەم ڕووداوەم بەچاکی لەبیرە، حەق گەواە وشاهید ئەوەی ووتوومە ونووسیوومە ڕاستی ڕووداوەکەیە و بەهیچ جۆرێك لە حەقیقەت لام نەداوە، وەکیل ئەلدەولەش هەم قەرزەکەی خۆیی بردەوە وهەم موڵکەکانی ئێمەش بەناحەق لە دەستمانی دەرکرد.

جێی سەرسوڕمانە حوکمڕانی ناوبراوی کرماشان دوای لەسەرکار لابردنی لە هەمەدانەوە هەواڵی بۆ بنەماڵەکەمان نارد موڵکەکانتان وەرگرنەوە، تەسەروفی بکەن، ئەو سەگبابە پارەکەی منیشی هەڵلوشاو خواردی.

هەموو ئەو زەرەر وزیان و زەبوونیە کە تووشی بنەماڵەکەمان هات هۆکەی نالایەقی وبودەڵەیی و نادانی فەرەجوڵڵا خان بوو.

گەواهی نامەیە کە فەرەجوڵڵا خان لەم بوارەوە نووسیوویەتی ئێستاکە بەدەستمەوەیە لەگەڵ گەواهی ومۆری جەمعێ لە ناسراوان وپیاوماقوڵانی ئەو دەورەیە لەسەر داخوازی فەرەجوڵڵا خان گەواهیان داوە بۆ تۆمارکردن لە مێژوودا لە خوارەوە دەینووسین.

گەواهی جەنابەکان، پیاوە بەشان وشەوکەتەکان، شازادە بە عیزەت وڕێز وسەرکردە و بازرگان وکەسانی تر لە ئاییندارانی ئەو ولایەتە، دوو دەقی نووسراوی وەکیل ئەلدەولە سەبارەت بە سێ هەزار وپێنج سەد تومان بە خەت ومۆری خۆیانەوە کە بەم بەندەیەی داوە نووسیوویەتی، دەیخەمە بەرچاوی پیرۆزتان، ئەوەی بەڕاستی دەزانن لەم بارەوە بە موقتەزای فەرمانی پەروەردگار کە دەفەرمێ "وتكتموا الشهادة وأنتم تعلمون ومن يكتمها فقد عاصم قلبه" شایەتی وگەواهی خۆتان مەحز بۆ ڕەزای خواو نزیکی لە پێغەمبەریەوە لە

پەروایزی ئەم نامەیەدا بەمۆری شەریفتان ئەم نووسراوە بڕازێننەوە، بیگومان لەکاتی پێویستدا دەبێتە بەڵگەیەك والسلام على من إتبع الهدى.

ئەم دوو نووسراوە بە خەت ومۆری خوالێخۆشبوو وەکیل ئەلدەولەیە، میر عیمادیش نەیدەتوانی ئەم جۆرە بنوسێت، چی دەگاتە خەڵکانی تر.

**"صدر السلطنة"**

یاهو شهید للا: نووسینەکانی نزیك لە خاقانەوە فەرەجوڵڵا خانی سەرتیپی سەنجاوی لەوپەڕی ڕاستیشدایە، بەتایبەت ئەو دوو مۆرە نووسین ومۆری خوالێخۆشبوو وەکیل ئەلدەولەیە کە سەبارەت بەسێ هەزار وپێنج سەد تومانەکەی خوالێخۆشبوو حوسامو ئەلسەلتەنەنە "خاکی سەرگۆڕەکەی بۆندار بێت" نووسیوویەتی هەرکەسێك بڵێت خەتی ئەو خوالێخۆشبووە نیە لەحەق لایداوە وچاوی لێ پۆشیوە وبێ ئیمانی نواندووە، "الحكم لله" حوکم وبڕیار لای خوایە.

**"ئیحتشامولمەمالیك"**

بەندەی دەرگای ئەو کەسەی پەنای بۆدەبەین وبەهانامانەوەیەت، من نەجەف قولی خانی یاوەر شایەتی وگەواهی دەدەم ئەم دەست خەتە کە بە مرەکەبی شین نووسراوە، لە پایەبەرز وشەریف وبالادەست "حشمەت ئەلسەلتەنە" وەرگرتووە بۆ نزیك لە خاقانەوە فەرەجوڵڵا خانی سەنجاویم نارد وئەو دەست نووسە گەواهی ڕاستی وکارکردی ئەو سێ هەزار وپێنج سەد تومانەیە.

**"نەجەف قولی خان"**

خوا شاهید گەواهە، نووسراوەکە وخەتەکە ومۆرەکە هینی وەکیل ئەلدەولەیە.

**"ئەمین للا"**

ئەو دوو نووسراوە کە بە دەستی مقرب الخاقان فەرەجوڵڵا خانەوەیە کە سەبارەت بە سێ هەزار وپێنج سەد تومان نووسراوە، هەر دوو نووسراوەکە دەست خەتی وەکیل ئەلدەولەیە وگومانی تێدا نیە، خاکی مەزارەکەی بۆنخۆش بێت.

**"ئەمینە حاجی ملك محمد بن أحمد. محمد بن جعفر"**

بەنـدەی دەرگـای پـەروەردگار دوو نووسـراوە کـە بەدەسـتی مقـرب الخاقـان فەرەجوڵڵا خانەوەیە خەت ومۆری خوالێخۆشبوو وەکیل ئەلدەولەیە و لـەو بـارەوە گومانێك لە ئارادا نیە.

**"یار ئیبراهیم"**

بەنـدەی دەرگـای پـەروەردگار لەسـەرەتاوە لـە کـردەوەی مقـرب الخاقـان فەرەجوڵڵا خانی سەرتیپ ئاگادار بووم خوا گەواهە ئـەم دوو نووسـراوە سـەبارەت بە سێ هەزار وپێنج سەد تومانە خەت ومۆری خوالێخۆشـبوو وەکیـل ئەلدەولەیـە، خاکیگۆڕەکەی بۆنخۆش بێت، گومانی تێدا نیە من خۆم لەوێدا بوومە و ئاگـاداری ڕووداوەکەم.

**"عەلی ئەکبەر"**

ئەم دوو نووسراوە سەبارەت بەسێ هەزار وپێنج سەد توومـانی خوالێخۆشـبوو وەکیل ئەلدەولەیە کە لای مقرب الخاقـان فـەرەجوڵڵا خـانی سـەرتیپە، سـەیرکرا، بێگومان خەتی خوالێخۆشبوو، وەکیل ئەلدەولەیە.

**"معاون نظام"**

دوو نووسراو "طفرا" کە بەخەت ومۆری خوالێخۆشبوو وەکیل ئەلدەولەیـە کـە بەدەستی فەرەجوڵڵا خانی سەرتیپی سەنجاویەوەیە بینی کە سـەبارەت بـەو سـێ هەزار وپێنج سەد توومانە کە بێگومان خەتی خوالێخۆشبوو وەکیل ئەلدەولەیە.

**"محەمەد هادی ومحەمەد عەلی"**

## فیتنەی فەرامەرز سوڵتان

لەم دەورەدا دوو فیتنە وئاشووبی گەورە لەناوچەی کرماشاندا ڕوویدا، کـە لـە مێژووی ئەم دەڤەرەدا بە فیتنەی فەرامەرز سوڵتان و فیتنـە و ئاشـووبی جـەوامێر ناسـراون، بـەڵام لـە حەقیقەتـدا لـەم ڕووداوانـەدا حـاجی حەسـەن خـانی وەکیـل ئەلدەولە نەخشی هەبووە وجێی دەستی دیارە فەرامـەرز سـوڵتان کـوڕی ڕۆسـتەم سـوڵتان سـەرۆکی تایفـەی تفەنگـچی گۆرانـە. پیـاوێکی ئـازا ونـەترس وبـەرزەفڕ وبەشوێن مەترسیدا گـەڕاو، حـوکم ودەسـەڵاتی بەسـەر هـەموو تایفـەکانی گۆرانـدا

دەڕۆیشت. وحوکمڕانی فەرمی کە "حوسەین خانی مەنسور ئەلمولك" بوو لە ئاستی ئەودا دەسەڵات وهێز وتوانایەکی نەبووە.

فەرامەرز سولّتان لەناکادا بیّ هۆیەکی ڕوون وئاشکرا، کە عەقلّی مرۆڤ نایسەلمێنیّ کەوتە ئاشووبنانەوە وئاڵای یاغی بوونی بەرزکردەوە، بەڵام ڕیشەی ئاشووب وئاژاوەکەی زۆر لە کەسایەتی ودەسەڵاتە سنووردارەکەی ئەو قووڵتربوو.

ڕەزا قولی خان عێلخانی کەڵور، عەلی موراد خان، ئیحتشامولمەمالیك ئیحتشامولمەمالیك، حوکمڕانی کرند اللاهیار خانی سەنجاوی حوکمڕانی دەست نیشاندەی وەکیل ئەلدەولە وخاڵۆی فەرامەرز سولّتانیش ئەمانە سەرجەم لەم ڕووداوانەدا هاو دەست وبەشداربوون. لەلایەکی ترەوە تایفەی هەمەوەندی چەلەبی بەسەرۆکایەتی جەوامێری بەناوبانگ وسەلیم ئەحوول وفەقیّ قادر لە دەڤەری زەهاودا، ئاشووب وئاژاوەیەکی بەربڵاویان بەرپا کردبوو.

دەوڵەتی مەرکەزی بۆ بەرنگاری دەسیسە وفرت وفێڵی بێگانەکان وسەرکوتکردنی ئاشووبگەڕان ولەنێوبردنی ئاژاوە ونائەمنی، حوکمڕانی دەڤەری ڕۆژئاوای ئێرانی شازادە "زل ئەلسولتان"، کە لە پۆپەی دەسەڵات وناوداری وبەناوبانگیدا بوو، سپارد بە مەحموود خانی "ناسر ئەلمولك" ئامۆزاکەی حوسەین خانی ئەمیر تومانی قەراگوزلو ناسراو بە حوسام ئەلمولك لێپرسراوی ناوچەکەیانی پیّ سپارد[1].

فەرمانڕەوای نویّ بە فەوجەکانی هەمەدانەوە بە هێز وسەربازەکانی خۆیشییەوە هاتە نێو شاری کرماشانەوەو شازادە "ظل السطان"یش بە لەشکرێکی گەورەوە گەیشتە "بروجرد" شازادە سەبارەت بە بارودۆخی ڕامیاری ئەو دەورەیە کە لەپشت پەردەوە دەجووڵایەوە دەنووسیّ: لەهەموو خراپتر: "ئەو نارەزایی ئاشکرای باڵیۆزی گەورەی عوسمانی لە تاران وباڵیۆزی خۆمان لە ئەستەمبولّ حاجی موحسین خانی موعین ئەلمولك فەخری بەگ لە تاراندا سەبارەت بە هاتنەکەی من دەیاننواند گوایە "زل ئەلسولتان" نابێت بە لەشکرێکی گەورە وفراوانەوە بێتە سنووری "عێراقەین" ئەگەر بەو هێزەوە لە سنووردا جێگیر

---

[1] مەحمود خان ناسراو ئەلمولك و حوسەین خان حوسام ئەلملوك لە ساڵی ١٣٠٠ تا ١٣٠٨هـ. ق حکومەتیان کردووە.

ببێت، ئێمەیش هێز ولەشکر دەبەینە سەر سنووری هەردوو وولآتەکە. سەرەنجام بە موتمانەی دەوڵەتی ئینگلیس وبالیۆزی گەورەی ئینگلیس جەنابی "مسیوا گامسون" کە دڵنیایانی کردەوە کە دەست درێژییەك ناکرێتە سەر سنوور وکەسێك سنوور نابەزێنێت، ئەم لەشکرکێشی یە بۆ دامرکاندنی عێلەکانی کرماشان وتایفەی شەرئەنگێز و ئاشووبگەڕی هەمەوەندی چەلەبی وباجەلانە کە سەرۆکی هەمەوەندەکان جەوامیرە وباجەلانەکانیش عەزیزخانە.

سەرئەنجام هەرووای لێهات پاشای گەورە وپیرۆز نامەیەکی بۆ بالیۆزی ئینگلیس نووسی وبە ڕەزامەندی باوکم منیش تەلەگرافم بۆ بالیۆزی ئینگلیس نارد کە هەرگیز خەیالێکی خراو وبێ فەڕ لەئارادانیە، دۆستیی هەردوو دەوڵەتەکە هەروا بەرقەرار وبەردەوامە وتەنها ئامانجی ئەم لەشکرکێشی یە ڕێکخستن ودامرکاندنی ئێلاتەکانمانە وئاسایش چەسپاندن لەو ناوچانەدا، دڵنیابن ئامانج هەر ئەمەیە وشتێکی تری بەدواوە نیە[1].

یەك دوو جار حاجی موحسین خانی وەکیل ئەلدەولە لە کرماشانەوە ڕۆیشتە بروجرد لەوێشەوە هاتەوە کرماشان. سەرکردەکان وکوێخاکانی سەنجاوی و مامەکانم خدامرووەت خان، فەرەجوڵڵا خان، خوسرەو خان، چوونە پێشوازی حوسام ئەلمولکەوە وکەوتنە بەر لێشاوی نەوازشت ولوتفی حوسام ئەلمولك. ئەم ناوبراوانە تایفەکانی سەنجاوییان لەدەوروبەری اللاهیار خانی یاغیدا نەهێشت وئەویش ناچاربوو پەنا بواتە بەر گۆرانەکان و هانای بۆ فەرامەرز سوڵتانی خوشکەزای هانی ماڵو سامان وکاشانەی سپاردە قەریب خانی برازای.

حوسام ئەلمولك لەشکرەکەی بەرەو کاروانسەرای مایدەشت برد، حوسەین خانی مەنسور ئەلمولك حوکمڕانی فەرمی گۆران کە زەبوونی فەرامەرز سوڵتان بووبوو لەگەڵ هەندێ لە گۆرانەکاندا هاتنە خزمەتی، لەبەر ئەم خۆپیشاندانە سەربازیە زۆربەی تایفەکانی کەلۆر لە دەوری ڕەزا قولی خانی ئاشووب گەڕدا بڵاوبوونەوە ونەمان ولەگەڵ محەمەد خانی دوژمن وڕەقیبیدا هاتنە نێو لەشکری دەوڵەتەوە.

---

[1] تاریخ مسعودی، ص٣٠١.

ڕەزا قولی خان چونکە خۆی بە تەنها بینی وکەسێك لە دەوروبەریدا نەمابوو وزانی لەتوانایدا نیە بەرگری بکات بەتەگبیری وەکیل ئەلدەولە لەگەڵ چەند خزمێکیدا بۆ تاران هەڵهاتن. حوسام ئەلمولك پێش جووڵانەوەی لەشکرەکەی بۆ سەر فەرامەرز سولتان بەشێر محەمەد خانی باوکم فەرمانیدا کە قەریب خانی اللاهیار خانی سەرکوت بکات، ئەم کارە بە ئاسانی سەریگرت. حوسام ئەلمولك لە شوێنێکدا کە بە "تەختگاه" بەناوبانگە لەگەڵ یاغیبووەکاندا کەوتە شەڕەوە، هێزی فەرامەرز سولتان بە سەختی شکستی هێنا وخۆیشی هەڵهات وپەنای هێناوە عێلی باوەجانی وکێوی "ساراوەند". اللاهیار خانیش لێی جیابووەوە وخۆی گەیاندە کرماشان وبووە پە ناهەندەی وەکیل ئەلدەولە.

حەبیب بەگی سەرۆکی عێلی باوەجانی داب ونەریتی ئێلایەتی شکاند وپێشێلی کرد وفەرامەرز سولتان وحاجی موڕادی مامەی دەستگیر کرد ودای بەدەستی لەشکرەکەی حوسام ئەلمولکەوە، هەرچی شتومەك ولەوازمی هەبوو تالآنی کرد.

فەرزامەرز سولتان یاغی وخائین دەژمێردرێت بەڵام کردەوەکەی حەبیبوڵلا خان زۆر لە کردەوەکەی ئەوناشیرین تر وقێزەون تر وقورس ترە. وەکیل ئەلدەولە لەمە زیاتر بەرگری وپاراستنی اللاهیار خانی لە بەرژەوەندی و قازانج ومەسلەحەتی خۆیدا نەدەبینی، ئەوەبوو حوسام ئەلمولك، فەرامەرز سولتان وحاجی موراد خانی تفەنگچی و اللاهیار خانی سەنجاوی لەژێر چاودێری سەربازیدا ڕەوانەی ئەسفەهانی کردن.

فەرامەرز سولتان کە سەرکردەیان بوو لە سێدارە درا، ڕەزا قولی خانی کەڵوڕ دەستگیر کرا ولە تاراندا زیندانی کرا. بەم جۆرە ئەم ئاژاوە وئاشووب وبەڵایە کە نەبناغەیەکی کۆمەڵایەتی یاوەك میللی یا ئاینی هەبوبێت کۆتایی پێهات ودەسیسەکەیان بووە نەفشی سەرئاو. لەم شەڕوشۆڕەدا سوارەکانی سەنجاوی بەسەرۆکایەتی مامەکانم وباوکم لەپێشەوەی لەشکری دەوڵەتەوە بوون.

دوای بەرکەناری ولاچوونی اللاهیار خان چونکە سەرکردەکانی سەنجاوی هێشتانە خۆیانیان لە فرت وفێڵ وشەڕ وکینەی وەکیل ئەلدەولەوە دڵنیا نەدەبینی بڕیاریاندا کە عەلی ئەکبەرخانی کوڕی مەهدی خانی بەرخورداری کە ئامۆزایان بوو بیکەنە حوکمڕانی فەرمی سەنجاوییەکان. بۆ ئەم ئامانجە خدا مرووەت خان

دەڕواتــە مــاڵی عــەلی ئەکبــەرخان کــە بــۆ وولاتــی "میزۆبۆتۆمیــا" ســەری خــۆی هەڵگرتبوو، و بانگهێشتی کرد کە سەرۆکایەتی عێلی سەنجاوی لـە ئێرانـدا بگرێتـە ئەستۆ ولەسەر داخـوازی سـەرکردەکانی سـەنجاوی دەبێتـە حـوکمڕانی سـەنجاوی بەڵام ئەم کردەوەیان لەدوایدا بووە مایەی پەشـیمانییان وسەرئێـشەیەکی فراوانـی بۆیان بەبار هێنا.

## فیتنەی جەوامێری هەمەوەند

ماوەیەکی زۆر کەم دوای یاغی بوونی فەرامەرز سوڵتان فیتنە وئاشووب ویاغی بوونی جەوامێر دەستی پێکرد، لـە حەقیقەتـدا ئـەم دوو یـاغی بوونـە پەیوەنـدیان بەیەکەوە هەبوو. جەوامێر کوڕی ئەحمەد ناسراو بە "ئەجەل"ە، سەرۆکی تایفـەی هەمەوەند "ئەحمد وەند"ی چەلەبی لەگەڵ بەشێ لە تایفەکانی خۆیدا لە دەوڵەتی عوسمانی یاغی بووبوو.

لە دەوروبـەری کەرکوکـەوە هاتنـە ئێـران، لەناوچـەکانی زەهـاودا شەڕوشـۆڕو ئاشووب و ئاژاوە و فەسـادێکیان نایـەوە، هـەروەك دەسـتی لـە یـاغێتی فەرامـەرز سوڵتاندا هەبوو، دەستی تێکـەڵاوبوو لەگەڵیـدا، بـەڵام لەبـەر مـەیانگێری حوسـەین قـولی خـان "ئـەبو قـەدارە" والی پـشتکوە، کـە "زل ئەلـسولتان"ی دڵنیـاکردەوە سەبارەت بە جەوامێر، ئەوەبوو سەرئەنجام لەگەڵ جەمعێکی لایەنگیر وپەیڕەوانیدا لە (بروجرد) گەیـشتە خزمـەت شـازادە "زل ئەلـسولتان". ئـەو هاوڕێکـانی لەگـەڵ خۆیـدا بـۆ ئەسـفەهان بـرد، لـەتاران لـە کـانی مەسـعودییە میوانـدارییانی لێکـرد وخزمەتیانی کرد، و لەوێ مانەوە تا بەتـەواوی بەخـشران وبـۆ جـێ بـەجێ کردنـی داخوازیـەکانی وچـاککردنەوەی بـارودۆخی ژیـانی ناردیانـە لای "ناسـر ئـەلمولك " ئـەویش کردیـە حـوکمڕانی قەسـری شـیرین و بەرپرسـیاریەتی سـنوورەکانی پـێ سـپاردن پاشمـاوەی عێلـی هەمەوەنـدیش (چـەلەبی) بەبەهانـەی پەیوەنـدی بـە جەوامێرەوە، بەڵام لە ژێرەوە بە فەرمانی لێپرسراوانی عوسمانییـەوە بـە ئامـانجی ئاشـووب وئـاژاوە نانـەوە هاتبوونـە ئێـران. لـەناکادا خـەرمانی ئـاژاوە وفەسـاد وئاشـووب ئـاگری گـرت، دەسـتمان کـردە تـاڵان وبـڕو وجـەردەیی، سـامانی بازرگانەکانیان تاڵانکرد وزۆریان لێ کوشتن ودەست درێـژی ناموسیـشیان دەسـت

پێکرد هەتا خـانمی مـەزن خوشـکی "زل ئەلـسولتان" کـە بـۆ زیـارەتی نەجـەف و کەربەلا دەڕۆیشت لە دەست درێژییان ڕزگاری نەبوو.

ماوەیەك ڕێگای بازرگـانی داخـرا، عوسمانییـەکان بەبەهانـەی نـا ئـەمنی ڕێگـا وبان وسنوورەکانەوە لەشکرێکی گـەورەیان هێنایـە سـنووری ئێـران، دەیانویـست بەبەهانـەی بـەرگری ومـەنعی دەسـت درێـژی هەمەوەندەکانـەوە بێنـە نێـو خـاکی ئێرانەوە. حوسام ئەلمولك ئەو مەودایەی نـەدانێ، چـونکە دەیزانـی نەخـشەکانیان چی یە، و بەلەشکرێگی گەورەوە کەوتە ڕێ، وادیارە نامەی بۆ جەوامێر ناردبوو کە دڵنیای بکاتەوە ئەم لەشکرە بۆسەر ئەو نـەهاتووە وداوای لێکردبـوو بەرامبـەر بـە هێزی عوسمانییەکان ڕاوەستێت، هەتا ئەو دەگاتە ناوچەکە. هەموو چەکدارەکانی سەنجاوی وگـۆران وکـەلۆر لەگەڵیـدا هـاتبوون بەتـەکبیر وفێڵێـك جـەوامێر دەسـت گیرکرا وکـوژرا. ئاشـووب گـەڕەکانی تایفـەی هەمەوەندیـشی دەسـتگیر کـرد. بـەم جۆرە بەهانەی دوڵەتی عوسمانی پووچ بووەوە[1] لەشکرەکانیان بەسەرشۆڕیەوە لە سنوورەکانی ئێران پاشەکشەیان کرد.

گاڵتەچــیەك ســەبارەت بــە لەناوچــوونی ئاشــووبی جــەوامێری هەمەوەنــد ووتوویەتی:

**ساڵی مارو هەزارو سێ سەد وچوار**
**جەوامێر کوژرا وەك سەگی هار[2] .**

لـەم شـەڕەدا خەسـرەو خـانی مامـەم و شـێر محەمـەد خـانی بـاوکم ئـازایی ودلێرییەکی فراوانیان نواند. خوسرەو خان گولە دای لە دەستی، بۆ ئەم مەبەسـتە مووچـەیەکیان بـۆ تـەرخان کـرد، بـاوکم دوو ئەسـپ لـەژێریا کـوژران، ئەسـپێك وخلعەتێکیان پێشکەش کرد وڕێزیان لێ گرت.

---

[1] وادیارە خوالێخۆشبوو عەلی ئەکبەر خان لەم بارەوە ڕاستی نەپێکاوە، چـونکە خوالێخۆشـبوو جەوامێری هەمەوەند بەهاوکاری هەردوو دەوڵەتی عوسمانی وئێران، بەپێی پلانێکـی دارێـژراو لە قەسری شیریندا کوژرا.

[2] جێی داخە کە خوالێخۆشبوو عەلی ئەکبەر خان بەم شعرە قێزەونە باسی کوشتنی ئـەو پیـاوە ئازاو هەڵکەوتووەی کردووە کە ژیانی لە هەردوو دەوڵەتەکە تاریك کرد.

به گەڕانەوەی لەشکرەکە حوسام ئەلمولك سەرکردەکانی سەنجاوی نەوازشت کرد وسەبارەت بە سکاڵاکەیان سەبارەت بە "وەکیل ئەلدەولە" داوای لێ کردن بۆ شار بێن. بەڵام بەداخەوە زۆری نەخایاند نەخۆشی ڕیشانەوە لە کرماشاند بڵاوبووەوە، لەپێشەوە حاجی حەسەن وەکیل ئەلدەولەی کوشت وبەدوای ئەودا حوسام ئەلمولك، ئەو پیاوە گەورە وناودار وخزمەت گوزارەیش هەر بەو نەخۆشی یە کۆچی دوایی کرد.

## بیرەوەری منالی وسەرەتای لاوی

تا ئەم باسە وەکو سەیرکەرێکی بێگانە ڕووداوەکانم گێڕاوەتەوە، سەرەتاکەی بەدەورەی باوکمەوە دەستی پێکرد وکە نووسەری ئەم بیرەوەریە ئەو کاتە هاتبووە دنیاوە بەڵام تەنها منالێکی ساوا بووە لە ڕووداو وپێشهاتەکاندا بەشداری نەکردووە، وە هەتا ئەم دەورەیە چۆنم بیستووە وەها گێڕاومەتەوە و نووسیوومە، کاتی ئەوە هاتووە شێوەی نووسینەکەم بگۆڕم و ڕووداوەکان خۆم چۆنم بینیوە و بەشداریم تێدا کردووە یا دەستم تێیدا هەبووە بینووسم.

## ناسنامەی بنەماڵەکە

یەکەمین جار چاوم لەم دنیادا کردەوە لە دایك بووم[1]، خەڵك وشتەکانم لەیەك جیاکردەوە و ناسیانم، سەرەتا کەسایەتی خۆشەویستی دایکمم بینی. دایکم کچی ئاغا خان نەوەی عەزیزخانی سەنجاوی لەبنەماڵەی خدا مرووەت خانە، ناوی فاتمە ونازناوی "گەوهەر ئەلدەولە"یە، فریشتە وڕۆحی ماڵمان دەژمێردرا، باوکم عاشقی بوو، ڕێزی لای بوو، موتمانە وباوەڕیشی پێی بوو، خزمەتکارەکانی ماڵ سەرجەم تەعریف وستایشیان دەکرد، بەڵام لێشی چەکەرەیان دەکرد ودەترسان، خان وسەرکردە وکوێخاکان بە ئەدەب وڕێزەوە لای دادەنیشتن. بەهۆی بوونی ئەوەوە ماڵی ئێمە هەمیشە جێی ئیش وکار وکۆشش وماڵداری وخۆشیی بینی بووە.

---

[1] نووسەری ئەم بیرەوەریە مێژووی لەدایك بوونی خۆی تۆمار نەکردووە چوون فەوتی یە لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا لە خوردادی ١٣١٤ش ڕوویداوە کە ڕێکەوتی ١٣٥٤کۆچی یە، بووە، مێژووی لەدایکبوونی دەکاتە ڕێکەوتی ١٢٩٠ك.

باوکم شێر محەمەد خان نازناو سەمسام ئەلمەمالیك بچووکترین کوڕێ حەسەن خان بوو، مەیانە باڵا، بەهێز وتوانا، مۆر خورمایی، چاوەکانی "هەنگوینی ڕەنگ"، وڕۆیەکی گوشاد وکراوەوە، پێستێکی سپی کە لەبەر تیشکی هەتاودا ڕەنگی تێری بەخۆوە گرتبوو وگۆڕابوو. لەچاوی ئێمەدا تاقانە وقارەمانی ماڵ و مەزهەری قودرەت وئازایی وتوانایی بیٚ سنوور بوو.

دوای باوکم ئەو کەسەی کە بەڕێز وئیحتیرامەوە سەیرم دەکرد مامەم خدا مرووەت خان بوو کە برای دایکیی باوکم بوو، کە زۆر لەیەك دەچوون وەك ئەوە وابوو دووبارەی یەك بن، جل وبەرگەکەیان لەیەك دەچوو، کەسم نەبینیبوو یان نەمبیستووە وەکو ئەم دوو برایە دۆست وعاشقی یەکتر بن، هەروەك لە تەمەندا دە ساڵ لە باوکم بەتەمەنتر بوو، بەڵام هەرگیز داخوازی سەرۆکایەتی عێل وبنەماڵەکەی نەدەکرد. پیاوی شەڕوشۆڕ ورەزم نەبوو، بەڵام بەعەقڵ وتەگبیر وقسەی نەستەقی بەجێیەوە چاکتر لە هەر شمشێرێك بۆ پاراستن وسەرکەوتن وسەرفرازی بنەماڵەکەی بەکاری دەبرد. باڵوێز و وێنەری هەمیشەیی بنەماڵەکەمان بوو لە دیوانی حکومەت وجێگا ودەستگا فەرمیەکاندا، بۆ پێشکەوتن وگەشەکردنی کاروباری باوکم وەك ڕاوێژکار و وەزیرێکی موتمانە پێکراو ڕاوێژکەرێکە دڵسۆز ولەو بوارەدا هەوڵ وکۆششی دەفەرموو و درێغی نەدەکرد لەنێو عێلدا ولە شوێن وجێگە تایبەتیەکاندا لەپێش باوکمەوە بوو، بەڵام لە کاروباری فەرمیدا هەرگیز نەدەکەوتە پێش باوکمەوە. ئافرەتێکی جوان وخوێن شیرینی ئارایشکراوی بەرتر لە کاروباری حکومەت و ڕامیاری دەزانی و لای پەسەند تر بوو لە کاروباری ژیانی ڕۆژانەدا جل وبەرگی چاك وئاراستەی دەپۆشی وژیانی نموونەی نەزم وڕێك وپێکی وپاکیزەیی بوو. عەمارەکانی ماڵەکەی هەمیشە ئازووقەی دوو ساڵی تێدا بوو.

خوسرەوخانی برای باوکم لەژنێکی ترەوە، کەسایەتیەکی تری هەبوو کە جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئەوانی تردا، ئەو مرۆڤێکی ئازا ودلێر وسوارچاك وشیعر وئەدەب وکتێو دۆست بوو، دڵبەندی سۆفیەکان وعارفەکان بوو، وماڵەکەی جێگا ومیعادگای دەروێشان بوو. لەسازێکی دڵنشین ودەنگ وئاوازێکی دڵفڕێن چێژی دەبرد وگاهێکیش لێوێکی تەڕ دەکرد دەیخواردەوە. سوڵتان خانمی هاوسەری کچی ئیبراهیم خانی بەختیار لە ئافرەتە ناودارەکانی بنەماڵەکەمان دەژمێردرا،

کوڕەکانی حەبیبوڵلا خان وسوحبەتوڵلا خـان وئەسـەدوڵلا خـان هاوتەمـەنی مـن وبراکانم بوون وەکو لەمەوداوا باسی دەکەم من وبراکانم کە گەورەو تەمەندار بووین کچەکانیمان بە هاوسەری هەڵبژارد.

یەکێکی تر لە خزمە نزیکەکانم کە خۆشمدەویست ئاغا خان باوکی دایکم بـوو، ئەو دڵبەنـدی وپەیوەندییـەکی فراوانـی بـە منـەوە هـەبوو، چـونکە منـی شـەبیهی خوالێخۆشبوو عەزیزخانی باوکی دەبینی، هەندێ لە خاڵ وخاڵۆزاکان کە هـاوڕێ و هاوتەمەن ونزیکم بوون، پێویستە ناوی ئەمان لـلا خـان و کـەریم خـان وحوسـەین خانی خاڵۆزام بهێنم.

دایکم بۆ باوکم سیانزە کوڕی هاوردووە دنیاوە، کە لەمانە قاسم خانی سەردار ناسری براگەورەم ومن وبرا بـچوکترەکەم حوسـەین خـانی سـالار زەفـەر ماینـەوە، قاسم خان دوو ساڵ ونیو لەمن بەتەمنتر بوو، حوسەین خـان نزیکـەی پـانزە سـاڵ لەمن بچووکتر بوو.

## بیرەوەرییەك لە باوکمەوە

دەورەی منالّی قاسم خان ومن، تافی لاوی وناوداری وسەرەتای هاوسـەرگیری باوکم بوو. ئەو بەهێز وتوانا وقسەزان وقـسە سـەنج مـەردم دار وگالّتەچـی وچـالاك وبەجموجووڵ وڕوخۆش ودەست گوشاد وخاوەنی خوان وسـفرەی گوشـاد ومیـوان دۆست بوو، ئازا وبوێر بوو، لە قارەمانی وشەڕ وپێکدادانەکانیدا داسـتانی زۆر دەم بـەدەم دەگێڕرایـەوە، لەمانـە ئـەم دوو داسـتان وڕووداوە بـوو کـە خـۆی بۆمـانی گێڕاوەتەوە.

بـاوکم ووتـی: "تـازە ژنم هێنـابوو لەسـەرەتای سـاڵەکانی زاوایەتیمـدا، ڕۆژێ ئەحمـەد کـە بـە "ئەحمـەدە کـوێر" بەناوبانگـە لـە بـەهادوران وشـەڕکەران وسەردەستەی جەردەکانی وەلەد بەگییەکان بـوو، هەرناوەکـەی ترسـی دەخـستە دڵـی پیـاوانی هـەر عێلێکـەوە، هـەڵی کوتایـە سـەر گوندەکـەمان و ئاژەڵـەکانمانی بەتالاّن برد. لەوکاتەدا من وخدا مرووەت خانی برام هەردوو لـە گونـدی "زالوئـاو" دەژیاین. ئەو ڕۆژە لە حەمامێکدا کـە بـە چـیخ بۆمیـان دروسـت کردبـوو خـەریکی خۆشۆردن بووم. براکەم بە خەڵکەکەی ڕاسپاردبوو کەسێك لـەم بـارەوە هیـچم بـۆ

نەگێڕنەوە، بەڵام هاوسەرەکەم خۆی گەیاندە پشتی حەمامەکە ووتی تۆ خۆت قۆز دەکەیت ودوژمنانیش گوندەکەیان بەتاڵان برد. زوو لەشۆردن بوومەوە و فەرمانم دا ئەسپە ڕەشەکەی براکەم بۆ زین بکەن بەچەند سوارێکەوە کەوتمە دوایان زۆری نەخایاند پێیان گەیشتم، قیڕاندم: کوێری پیس دونیات خاڵی بینیووە کە جەسارەتی تاڵان داویە لەسەرت، ئەحمەد کە دەنگەکەی بیست گەڕاوە دواوە قیڕانی ها، ئیمڕۆ ڕۆژی ڕاوو شکاری بەرازە، لەوەڵامیدا ووتم بەهەڵەدا چوویت، ئیمڕۆ ڕۆژی گرفتاری وزەبوونی ڕێوییە (ئاماژەیە بەوە کە سەنجاویەکان بەراز دەخۆن و وەلەد بەگیەکانیش کە سونی مەزهەبن ڕێوی بە حەڵاڵ دەزانن ودەیخۆن)، هێشتا نەگەیشتبووە من دوو گوولەی پێمەوەنا، بەڵام نەمی پێکا. زانیم فیشەکی تری پێ نییە دام لە ورزەنگی ئەسپەکەم و هەڵمکوتایە سەری، واڕێکەوت ماینەکەی بە فال بۆشیلەی ئەسپەکەی بیست دەست وقۆڵی سست بوو. تفەنگەکەمم لە پێشەوە لە زینەکە هێنابووە دەرەوە و ئامادەی تەقە بووم، هێزی بەرگری لەدەست دابوو زۆر تۆقابوو، ویستی بۆی دەرچێ وهەڵبێت بەڵام بە ئاسانی پێی گەیشتم، پەسەکێکی ئەستووری لەبەردابوو، بە نووکی تفەنگەکە لایەکیم لادا وتەقەم لێکرد وبەسەر زینەکەیەوە ماتم کردو کوشتم وکردمە پشتوێنەکەیدا و دامە زەویدا، هاوڕێکانی بێ ئەوەی بەرەنگاری بکەن هەڵهاتن وئاژەڵە تاڵانکراوەکەم گەڕاندەوە بۆ گوندەکەمان.

زۆری نەخایاند کە سەرجەم تایفەی وەلەدبەگی لەگەڵ هەندێ لە تایفەکانی تردا بۆ خوێن سەندنەوەی ئەحمەدە کوێرپەلامارمانیاندا و قەڵاکەمانیان چەند ڕۆژێك گەمارۆدا، بەڵام هیچیان بەهیچ نەکردو سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێنا، هەتا سەرئەنجام حەبیبوڵلا بەگی باوەجانی گەڕایەوە و ئەوانیش بڵاوەیان لێکرد".

داستانێکی تر ئەمەیە فەرمووی"ماوەیەك ماڵمان لە کێوی (بە نی گەن)بوو، شەوێ لە دەواری دەرەوەدا میوانم بوو خەریك بووین نانی ئێوارەمان دەخوارد، لەناکا هەستم کرد لەژێر کەرساکەمەوە ماریێ دەجوڵێتەوە، بێ ئەوەی حاڵەت ووەزعم تێك بدەم یاوەك بە میوانەکان شتێك بڵێم بەچاکی ونەرمیەوە ملی مارەکەم گرت وخستمە ژێر ئەژنۆمەوە وبەدەستەکەی تر شیووم دەخوارد، دوای

تـەواوبوونی خـواردن ودەسـت شـۆرین و خواحـافیزی لـە میوانـەکان سـەیرم کـرد مارەکە خنکاوە".

باوکم ئەو جۆرە داستان وچیرۆکانەی بۆ خۆهەڵکێشان بۆمـان نەدەگێڕایـەوە، بەڵکو بۆ پەروەردەکردنی ڕۆحی ئازایی وبوێری لە دڵماندا ئـەم جـۆرە داسـتانانەی دەگێڕایــەوە. زۆرجــار ڕوویــدەدا ئــەزموونی ســەختی بەســەرماندا دەســەپاند وناچـارمانی دەکـرد کـە شـەوان بڕۆینـە شـوێنە تاریـك ودوور دەسـتەکانەوە تـا عەلامـەتیێ لـەو شـوێنەدا دابنـێین، یـان لـەو شـوێنەوە شـتێك لەگـەڵ خۆمانـدا بهێنینـەوە. دەیگـووت بـێ عـەقڵ وترسـنۆکەکان لـە تـاریکی دەترسـن وپـشتی لێ دەکەن وڕوو لەڕۆشنایی دەکەن، لەحاڵێکدا ئەگەر مەترسیەك هەبێت لە ڕۆشـناییدا خۆی دەنوێنێ ودەردەکەوێ.

## دەورانی خۆشی مناڵی

لەدەوروبەرمانــدا هەمیــشە دایــەن ولەلــەکان وخزمــەتکارەکانمان باســی شــەڕوپێکدادانی پاڵەوانـەکان، هـەروەها سـەبارەت بـە شـەڕکەرە جـەنگاوەرە عەشــایرییەکان، چــیرۆك وداســتانیان بۆمــان دەگێڕایــەوە. پاڵەوانــەکانی داستانەکانمان یـەك بەیـەك دەناسـی، کەیخوسـرەو شـای شـاکان، سیاوەشـی بـێ گوناه، ڕۆستەم ئەو پاڵەوانە سەربەرز ودلێرە کە سەد مەن سەنگینی وقورسـایەتی خۆی لـە ئاسمانـدا بـەجێ هێڵابـوو تـا کـاتێ بەسـەر زەویـدا دەڕوات ئـەرز توانـای هەڵگرتنی هەبێت وقووت نەخوات، بە گورزی سەد مەنیەوە و کڵاوی دوو فیلقانـەی سەریەوە ڕەخشی بەهێز وچابوکیەوە، بەتوانایی جوانمەردی ودلێری وڕاست گۆیی و پاکی و ئێران پەرستیەوە نموونەی بەرز وباڵای مرۆڤایەتی بـوو. گـودەرزی پـیر، گیویی دلێر، بیژەنی جوان وگـورگینی مـەکار، سـەرجەم ئەمانـە لـە ڕۆح و هەسـت ودەروونماندا دەژیان.

ڕۆژان کە مناڵەکانی گوندمان کۆدەکردەوە ودەکەوتینە یەك وڕاومـان دەکـرد، من هەم ڕەخش بووم کە پێم بە زەویدا دەدا ودەم شـێلان، و هـەم ڕۆسـتەم بـووم کەس بەرگەمی نەدەگرت ودوژمنم لـەنێو دەبـرد. لەهاوتەمەنـەکانی گوندەکەمانـدا

دەستەی خۆمم هەبوو، و براکەمیش دەستەی خۆی هەبوو، لەسەر هەر منالێکی بزێو وچاپوکدا ناو پاڵەوانێکی ئەفسانەکانمان دەنا.

زۆربەی کات قەند وشیرینی وگوێز ونوقڵ کە لەماڵەوە دەماندزی لەنێو پاڵەوانەکانماندا دابەشمان دەکرد، دایکم لەم ڕەفتارەی ئێمە زۆر ناڕەحەت ودڵگران دەبوو، و شکایەتی ئەبردە لای باوکم، بەلاّم باوکم چونکە ئێمەی خۆشدەویست گوێی بەم شکایەتانە نەدەدا. بەلاّم ئەگەر من لەبەرامبەر براکەمدا ڕاوەستایەم شەڕم لەگەڵیا بکردایە بەسەختی عیقابیان دەدام ودامیان دەپلۆسایەوە.

ئازموونی ژیان فێری ئەم دووبرایەی کرد کە هاوکاری ویەکێتی لەنێوانماندا یارمەتیدەرمانە بەرامبەر دوژمنە دەرەکیەکانمان. هەرلە منداڵییەوە دەستەکانمان دەکردە یەك وبەیەکەوە یاریمان دەکرد ویەك ئالاّمان بەرز دەکردەوە، دەکەوتینە جەولانەوە لەکاتی داگیرکردنی قەلاّ خەیاڵیەکان وولاّتەکانی تردا. لەبەیانیەوە تا نیوەڕۆ ولەنێوەڕۆوە تا ئێوارە قیڕەو هەڵهاتن وتاودان وبازدان بەسەر دیوار ودرەختدا و کەوتنە نێو ئاو ویاری بێ نەزم وتەرتیب ودارکردنە نێو کونی مار ومێرودا سەرگەرم بووین، کێو ودەشت وباغ وڕووبار شوێن وجێگای یاریمان بوو بەپێی وەرزی ساڵ شێوەی یاریوسەرگەرمیەکانمان دەگۆڕا، لەبەهاردا چاکترین وپەسەندترین یاریمان گەڕان لەنێو ولاّغ وچوار پاکاندابوو لەو دەشتە سەوز وخوڕەمە پڕ لەچیمەنی سەوزەدا کە جانەوەر ومرۆڤی وەك یەك دەهێنایە جۆش وخرۆش، بێ گومان تەماشای ئەسپە ومایەنەکانمان کە دەلەوەڕیان وڕمبازی ویاری نووما باریك وجوانەکانمان بەپەلی بەرز وباریکیان وچاوە ڕەشە گەورەکانیانەوە چێژێکی زۆری هەبوو. گاوانەکان ئێمەیان سواری ئەسپ ماینی دەستەمۆ وبێ مەترسیان دەکرد، سواری فێربوون وەك بەچکە مراوییەك فێری مەلەوانی بێت وابوو، بە ئاسانی فێری سواری بووین.

لەبیرمە ڕۆژێك کە ولاّخەکان دەگەڕانەوە بۆ گوندەکەمان سواری ماینێکی گەورەی بێ زین و لەقاو بووبووم، ماینەکە لەبەر لێدانی پێم یاوەك بۆئەوەی زووتر بگاتەوە ماڵ دەستی کردە غار کردن، خەریکبوو دەیخستم، بەلاّم من خۆمم چەسپاندە ملیەوە وخۆمم گرتەوە، بەم پێشهاتە گەواهی نامەی سواریم وەرگرت.

ڕابواردنەکانی ترمان کاتێك بوو کە گەلەی ئاژەڵەکان خۆرئاوا بۆ گوندەکە دەگەڕانەوە ژنان وکچان بەقازانی پاك وتەمیز وشۆراوەوە بۆ دۆشینی مانگا ومەڕ وبزنەکانەوە دەست بەکار دەبوون، ئێمە هێشتانە منالێکی پاك وبێ تاوان بووین، بەڵام دان بەوەدا دەنێم لەتەمەنی منالێدا سیمای شەرمانە وسنگە قووت ولەرزۆك ودەنگی ناسکی کچەکان کاریگەرییەکی سەرسوڕهێنەری بەسەرمەوە هەبوو.

## شکە نجەی قوتا بخانە ودەرس خوێندن

بەداخەوە ئەم هەموو ژیانە پڕ لەخۆشی وسەفایە چتێك ناخۆشی کردبوو ئەویش ڕۆیشتنی ناچاری بۆ قووتابخانە بوو. باوکم بۆ خوێندن فێرکردنمان مامۆستایەکی بەناوی میرزا جەعفەر کە خوێندەوارییەکی چاکیشی هەبوو و لەخەت و نووسین وئەدەبدا بەهرەی هەبوو بۆمان تەرخان کردبوو. هەموو بەیانییەك لەخەو ڕامانی دەپەڕاند ئەمانی بردە سەر گۆماوێك کە لەنێو ماڵدا بوو بەدەستە ئێسقان دارەکەی پەنجە درێژەکانی دەم وچاومانی دەشۆردین وقژە ئاڵۆزاویەکەمانی شانە دەکرد. دوای ئەمە بەرنامەی شکەنجەی دەرس خوێندن دەستی پێدەکرد.

ألف، ب، پ، ت، ألف دوزەبر ان دوزەبر ان دو پیش أن. چی شکەنجە وعەزابێکی دڕندانە بوو، براکەم زوو لەگەڵ ئەم بارودۆخە نوێیەدا خۆی گونجاند وڕەزامەندی مامۆستای بەدەست هێنا بەڵام تەحەمولی ئەم شکەنجەیە لە سەرەوەی ووزەی منەوە بوو، شەوان خەوی سەیرم دەبینی، لەئاسماندا هەڵدەفڕیم، دایکم لەگەڵ کارەکەرەکاندا دەبینی لە گەشت زارەکاندا دەگەڕان وپیاسەیان دەکرد، بە نیگەرانییەوە سەیری هەڵفڕینەکەمیان دەکرد، منش بە سووکی وچالاکییەوە بەسەریاندا سووڕم دەخوارد ولەپاڵیاندا دەنیشتمەوە. ئەم خەوە خۆشە وبەرز فڕینە لەکوێ وئەم بەندکردنە لەچوارچێوەی قوتابخانەدا لەکوێ..، لەهەرشوێنێك کۆترێك یان قەلەڕەشێکم دەبینی لەگەڵ هەڵفڕینیاندا منیش هەڵدەفڕیم. بەدوای بچوکترین بەهانەدا دەگەڕام تا خۆم بگەیەنمە ناوەڕاستی حەوشەکەمان، مامۆستا بۆئەوەی هەڵنەیەم موحکەم دەمی گرت ولایەك لەکەواکەمی دەخستە ژێر پێیەوە. جاربەجارێك دەنگی دڵنەواز وخۆشی

دایكمم لەوپەڕی حەوشەكەوە دەبیست وكاتێكیش دایكم بە باڵای بەرز وشۆخیەوە بە جل وبەرگی جوان وسەرومێزەری ئاراستە وڕێك وپێكیەوە دەبینی كە لەبەر هۆدەكەیدا هاتوچۆی دەكرد وام دەزانی دژییكی بەرز لەنێوانماندا بەرقەرارە كە نەتوانرێ لێی بپەڕێتەوە. زۆرجار هەوڵمدەدا خۆمی پێ بگەیەنم بەڵام پێی ناقۆڵای مامۆستا لەشوێنی خۆمدا وەك مێخ دامی دەچەقاندەوە ولە جوڵاندنەو دەیخستم. ئەم قیڕاند دایە دایە بگەرە فریام! لەم زیندانە ڕزگارم بكە. دایكم دەیویست بێتە هانامەوە بەڵام لەترسی باوكم نەیدەوێرا بێتە یاریوكۆمەكمەوە، هەڵەشەیی من هاوكات بووبوو لەگەڵ سەختگیری مامۆستادا كە گەیاندبوویە فەلاقە ودار وداخستن ولێدان.

لەڕاستیشدا بەرگەی ئەم هەموو ئەشكەنجەم نەدەگرت، بێ ئەم لاوئەولا دەستم لەخوێندن هەڵگرت و، بەیانیەك زوو لەماڵ دەرچووم وخۆرئاوایەكی درەنگ گەڕامەوە ماڵ، شەو لەپاڵی دایكمدا خۆم دەشاردەوە. نزیكەی دوو هەفتە بەم شێوە تێپەڕی بەڵام بیری هەڵهاتن ویاغی بوون ژیانی نایاسایی ڕەنجی دەدام، چەند جارێك مناڵەكانی هاوڕێم دەنارد مریشك لە دێ بدزن و بێ خوێ و نمەك دەمانكردە كەباب وبەلەزەتەوە دەمانخوارد، خاوەنی مریشكەكان لای باوكم شكایەتیان كرد، یەكجار تووڕەبوو تا ئەو ڕادەیە شەفاعەتی دایكیشم كاریگەر نەبوو، بێ بەزەییانە دامیە زەویدا وخنجەرێكی خستە سەر گەڵووم، دایكم خۆی خستە سەر دەستیا وڕزگارمی كرد، وادیار بوو ئەم تنوو تیژیە بەڕێكەوتنی هەردووكیان سەری گرتبوو، تا بمترسێنن. باوكم بە مەرجێ بەخشیمی كە لەبەیانیەوە بڕۆمەوە قوتابخانە، بەڵام من ودەرس خوێندن بەیەكەوە نەدەگونجاین، دەرس فێربوون لە وزەمدا نەمابوو، بڕیارمدا ماڵی باوكم بەجێ بهێڵم. ڕۆژێك سبەی زوو لەخەو هەڵسام، جل وبەرگم پۆشی وبەهێوری لە دەری ماڵەكەمانەوە چوومە دەرەوەو بەپەلە خۆمم گەیاندە ماڵی باوكی دایكم "ئاغا خان" كە ماڵیان نیو فەرسەخێ لە گوندەكەی ئێمەوە دوور بوو، باپیرم لەدایكمەوە نیشتەجێی گوندی بابان بوو، هەروەك لەپێشەوە باسم كرد ئەو منی یەكجار خۆشدەویست، لەماڵیدا بۆمن قەدەغەیەك لەئارادا نەبوو، ئەوەی دەمویست بۆم دەڕەخسا هەموو شتێك بۆم ڕەوابوو، هەرچیم بكردایە وبۆ

هەرشـوێنێك بڕۆشـتمایە و هەرچـیم بویـستایە کەسـی بـەرگری لێ نـەدەکردم ونەیاندەوێرا سەرزەنشتم بکەن.

بەهۆی خۆشەویستی باپیرمەوە هەموو دانیـشتوانی مـاڵ وگوندەکـە نەوازشـت ودۆسـتایەتی ولوتفیـان نیـشاندەدا وڕێزیـان لێـدەگردم. مناڵـەکانم وەك ئەوسـا لەدەوری خۆم کۆکردەوە ناوو پلەی جۆراو جۆرم پێیان بەخـشی. یـەعقوب کـوڕی مامۆستا ئەحمـەدی ئاسـنگەرم کردبـووە وەزیـری دەستەڕاسـتی خـۆم، سـەرجەم هاوڕێکانم بـێ ئـەوەی کـارێکی نـاڕەوا بکـەن بـەهۆی "پاڵەوانەکانمـەوە" بـۆ چـاو ترساندنیان ئەزیەت وئازار دەدان، بتر لەیەك مـانگ بـەم جـۆرە تێپـەڕی تـا ڕۆژێـك دایکم بۆسەردان هاتە ماڵی باوکی، قاسم خانی برام ومـەلا جەعفـەری مامۆسـتامی لەگەڵدا بوو، بەبینینی برا گەورەکـەم زۆر خۆشـحاڵ بـووم. مـیرزا جەعفـەر وێنـەی لاوێکی بەڕووی کاغەزێکەوە کێشابوو جقەیەکی کردبـووە سـەری چـەند پاڵـەوانێك بەناوی ڕۆستەم وگیو وگۆس و بیژەنی لـە هـەردوو لایـەوە کێـشابوو، ووتـی ئەمـە وێنـەی تۆیـە، مـن بـەووردی سـەیرم کـرد. قاسـم خـانی بـرامیش ڕەسـم ونیگـاری دەکێـشا، زۆر حەسـوودیم بـرد، بـەخۆمم ووت ئەگـەر تائێـستا لەقوتابخانـە بمامایەتەوە منیش دەمتوانی بەئاسانی ڕەسم ونیگار بکێشم.

دایکـم دوو سـێ شـەوێك لـەماڵی باوکمـدا مایـەوە و زۆر مەحەبـەت ونەوازشـت ومیهرەبـانی پیمـدەکرد ئـەو ڕۆژەی دەیویـست بگەڕێتـەوە بـە نەوازشـتێکی تایبەتیەوە داوای لێم کرد بگەڕێمەوە بۆ مـاڵ. زۆر حـەزم دەکـرد لەگـەڵ براکەمـدا یاری بکەم ڕەسم ونیگار بکێشم بەڵام لە باوکم دەترسام. ئاغا خانی بـاپیرم ووتـی لەگەڵتا دێمەوە تاکەس نەتوانێ دەستت بۆ درێـژ بکـات، بـاپیرم ودایکـم بردمیانـە خزمەت باوکم، دەستی بـاوکمم مـاچ کـرد وئـەویش بـێ سەرزەنـشت ماچـمی کـرد وبەسنگیەوە چەسپاندمی، ئەو بۆنە خۆشە کە لەسنگی مەردانەی باوکمـەوە هاتـە لووتمدا هەتا ئێستاش هەر هەستی پێدەکەم ولەیادمدا ماوەتەوە.

لەسـبەینێوە چـوومە قوتابخانـە، لـەو دەورەدا تەمـەنم هەشـت یـا نـۆ سـاڵێك دەبوو، دەرسێك کە دەیاندایێم بـەزۆری فێـری دەبـووم، بـەڵام چـونکە ووشـەکانم لەیـەك نـەدەکردەوە زۆر گـوێم نـەدەدایێ، ڕۆژەکـەی تـر ئـەوەی فێـری بووبـووم بەرودوا وەڵامم دەدایەوە، مەلا ناچار تورە دەبوو گوێمی ڕادەکێشا، قاسـم خـانی

برامی کردبووی جێگری خۆی بۆئەوەی دەرسم پێ ڕەوان بکات، هەروەك ئەم کردەوەم زۆر لاگران بووبوو بەڵام لەگەڵیا ڕاهاتم، دەورەی خوێندنمان سێ یان چوار ساڵێك درێژەی کێشا، سەرەنجام دەمانتوانی نامە بنووسین وبخوێنینەوە. بۆ کوڕی سەرۆك وسەرکردەکانی عەشایەر لەو کات وزەمانەدا لەوە زیاتر پێویست نەبوو، کاکم زۆر لەمن چاکتر دەیخوێندەوە ودەینووسی، بەڵام خەت ونووسین ونیگارکێشانی من لەو چاکتر بوو.

## مەزهەب لە بنەماڵەی ئێمەدا

بنەماڵەکەمان لەبارودۆخێکی دوور لە دەمارگیریی مەزهەبی بەبار هاتووە. باوکم ودایکم وبنەماڵەی دایکم ومامۆستاکەمان شیعەن، سەرکار وپێش خزمەت وعەمماردارەکەمان و هەندێ خەڵکی تری دێیەکەمان سنیی مەزهەبن، دانیشتوانی گوندەکە هاوڕێ وهاوبازی ویاریمان بوون، وەك سەرجەم تایفەکانی سەنجاوی سەر بە تەریقەتی ئەهلی حەقن، دەستەی جۆراو جۆری دەروێشەکانی شیعە وسونی گاهێ لەگەڵ سەرکردەکانیانا بۆ ماڵ وقەڵاکەمان دەهاتن وچەند ڕۆژێك دەمانەوە. لەبیرمە کە دەروێشەکانی شیعە بەتایبەت پێشەواکانیان شارستانی بوون، بەئەدەب وکەمتر خۆیان هەڵدەنا و دەخستە ڕوو. لەگۆشەیەکی باغەکەدا یان لەپاڵ دیوارێکدا جێگایان بۆ ڕادەخستن، وکەشکۆڵەکانیان بە درەخت ودیوارەکاندا هەڵدەواسی ودوکەڵیان دادەمەزراند. هەندێکیان بە ئاوازێکی خۆش ودڵنشینەوە شیعریان لە مەنقەبەتی حەزرەتی عەلی وئیمامەکاندا دەخوێند، کە یەکجار دڵی دەخرۆشاند وشۆرێکی بەرپا دەکرد. ئامادەبوون وبەشداری لەم مەجلیسانەدا هەتا بۆ ئێمەی منداڵیش بێ تام وچێژ نەبوو.

دەروێشەکانی سونی مەزهەب بەتایبەتی قادرییەکان هەراو بەزمێکی سەیریان بەر پادەکرد، جل وبەرگی کۆن وشڕیان دەپۆشی وبە قژێکی ئاڵۆزکاوییەوە زکریان دەکرد. هەرکاتێ ئەم دەروێشانە بهاتنایەتە ماڵمان تا شەو دادەهات زکریان دەکرد. ئاگریاندەکردەوە وبەسەریدادەڕۆیشتن، ساجی داخیان دەخستە بان سەریان وبەزمان ساجەکەیان دەلێسایەوە، یاوەك چەقۆو کێرد وسیخیان بەسك ورووومەتیاندا دەچەقاند. ئەم کردەوانە مەترسیەکی زۆری دەخستە دڵمانەوە

وبەترسەوە دەچووینە تەماشای ئەم دەروێشانە، بـەڵام ئـەم کاروکردەوانـەیانمان لەڕێزی داب ونەریتی مەزهەبیدا دەژمارد.

هەنـدێ لـە پێـشەوایانی گـەورەی تەریقـەتی نەقـشبەندی وەك جـەنابی شـێخ حوسام ئەلدین نەقشبەندی کە پیـاوێکی گـەورە ولێهـاتوو خـاوەنی کەرامـەت وزۆر ئێران دۆستیشە، هەمیشە لەگەڵ بنەماڵەی ئێمەدا پەیوەندیەکی چاکی هەبووە، تا ئەنجامیش هەر ئەم پەیوەندییە بەردەوام بووە. باوکمیش لەگـەڵ عـالم وداناکـانی شیعەکانی شاردا، بەتایبەت لەگەڵ ئیمام جومعـەی کرماشـاندا، پەیونـدی هـەبووە وزۆر کات ڕێکدەکەوت بەوپەڕی ڕێزگرتنیانەوە دەهاتنە ماڵمـان. ئـەم پابەندبوونـە مەزهەبیـە کـە لەشـارەکاندا ڕەواجـی هـەبوو لای ئێمـە بەرچـاو نەدەکـەوت. لەگوندەکەماندا مزگەوتێك یا تەکیە وخانەقایێك نەبوو. هەرکەسێ بیویـستایە نوێـژ بکات یا نەزرو نیازێـك ئـەنجام بـدات، بۆخـۆی ئـەنجامی دەدا وپێویـستی بـەکاری دەستە جەمعی نەبوو.

باوکم ودایکم نوێژ وڕۆژوویان ئەنجام دەدا. دایکم تا ئـەو ڕادەیـە خوێنـدەواری هـەبوو کـە بتـوانێ "قورئانـە گەورەکـە" کـە دەسـت نووسـی میرزاجەعفـەر بـوو بیخوێنێتـەوە. لـە مـاڵی ئێمـەدا هـەموو ڕۆژەکـانی مـانگی محـەڕەم قوربـانی و خواردەمەنی بەسەر خەڵکدا دابەشدەکرا، بەڵام داب ونەریتی دەستە دروست کردن وسینە کوتان وزنجیر لێدان وڕەوزە خوێنـدن بەرچاو نەدەکـەوت. ڕۆژی عاشـورا بـاوکم بـەپێی پـەتی ڕێـی دەکـرد ودڵبەنـدی حـەزرەتی حوسـەین بـوو. کـاتی وا هەڵدەکـەوت لەگـەڵ هەنـدێ لـە کوێخاکـانی ئـەهلی حەقدادەکەوتـە کەشمەکـەش ومـــشتومڕ وقـــسە بـــەزۆران دانـــەوە. بەگاڵتـــەوە پێیـــانی دەگـــووت مـــن "حوسەینولڵاهی"م ناوی ئێمە ناوی هەرسێ کوڕەکەی ئەوین، قاسم وعەلی ئەکبەر وحوسەین کە لەشەهیدەکانی کەربەلان.

خەڵکی دەوروبەرمان سەبارەت بەئاین وموقەدەساتی یەکتری ڕێزیان دەگـرت، یاوەك دەس کەم بێلایەنبوون. لەگـەڵ ئەمەیـشدا لەنێوانـدا کەسـایەتیەکی لووتکـە وبەسەر هەموانەوە کە مەعشوقی هەموان وتەکیـەگای هـەمووان بـوو ولـە هەڵـسان ودانیشتندا وردیی زمانی هـەمووان بـوو ئـەویش مـەولا عـەلی بـوو. لـەبیرو هەسـتی ئێمـەی مناڵـدا، لـەو بارودۆخـە عەشـایەریەدا، دوو کەسـایەتی پۆپـە ولەسـەرووی

"مرۆڤی ئاسایی" خۆی دەنواند، یەکێکیان ڕۆستەم قارەمانی هێز ودلێری وئێران پەرستی. ئەوی تریان مەولا عەلی کە لایەنێکی مەلەکووتی وئاسمانی هەبوو. لەم بارەوە لەبیرەوەریەکانی منالّیمدا ئەم داستانە لەیادما ماوەتەوە کە ڕوون کەرەوەی ئەم بیروباوەڕ وڕۆحانیەتەیە. مامۆستاکەمان بۆمانی دەگێڕایەوە: ڕۆژێ کە حەزرەتی عەلی لە فەتحی خەیبەر دەگەڕایەوە لە لوتفی پەروەردگار سەبارەت بەخۆی وئەو سەرکەوتنە بێ هامتایەی بەدەست هێنابوو، خۆشحالّ وشادومان بوو، لەڕێگادا نزیك لە تەنگەیەکدا تووشی سوارێکی بە هەیبەت وقارەمان دێت کە سواری ئەسپێکی کەتە وزل وگورزێکی قورس وسەنگینی بەشانەوەیە و کڵاوێکی دوو فلیقانەی مەفرەقی لەسەردایە. سوارەکە بێ ئەوەی سەلام بکات لەپالّیەوە تێدەپەڕێت، ڕێگەکە تەنگ بووە و زەنگی هەردوو ئەسپەکە لەیەك گیردەکەن وهەردووکیان بۆ ڕێکردنەوە فشار دێننە سەر ئەسپەکانیان، لەناکادا ئەسپی مەولا چەند پێیەك دەکەوێتە پاشەوە و وزەنگیەکان لەیەك دەبنەوە وڕێگاکە دەکرێتەوە وهەردووکیان تێدەپەڕن. دوای ئەم ڕووداوە مەولا عەلی هێشتا نەگەیشتبووە مالّ ولەو ڕێگادا تووشی عەرەبێك دێت ڕیگای لێدەگرێت، ناچار دەبێت لە ئەسپەکەی دادەبەزێت و دەکەوێتە زۆرانەوەلەگەلّیدا، عەرەبەکە مەولا بەرز دەکاتەوە ودەیدا بەزەویدا یەکجار لەم دوو ڕووداوە ناڕەحەت ومەلول دەبێت. دێتەوە مالّ وداستانی بێ هێزی وناتەوانی خۆی وهەلّگەڕانەوەی نەوازشت وعینایەتی پەروەردگار سەبارەت بە خۆی بۆ حەزرەتی پێغەمبەر دەگەڕێنێتەوە، پێغەمبەر دلّی دەداتەوە وپێی دەلّێ: ئەو سوارەت نەناسی؟ ئەوە شەبەحی ڕۆستەم پالّەوانی داستانەکانی ئێران بوو، ئەو زمان ولاشەی نەبوو تا سەلاوت لێ بکات، ئەگەر تۆ سەلاوت لێ بکردایە بەفەرمانی خودا زیندوو دەبووەوە ودەکەوتە دووت وکەمەر بەندی خزمەتتی دەبەست وئەو خزمەتەی بۆ شاکانی ئێرانی ئەنجام دابوو بۆ تۆیشی دەکرد. ئەو عەرەبەیش من بووم کە بە فەرمانی خوا لەبەردەمتا پەیدابووم هەتا هەمووومان ئەوە بزانین وبیسەلمێنین کە هەر سەرکەوتنێك لە خواوەیە.

لەو دەوروزەمانەدا نەمدەتوانی ئەم داستانە لەیەك بدەمەوە بەلّام ئارەزووم ئەوەبوو کاشکی حەزرەتی مەولا سەلاوی لەو "شەبەحە" بکردایە تا زنوو بووایەتەوە وئەم دوو کەسایەتییە خۆشەویستە یەك دەست بووایەن یارو یاوەری

یەکتری، بەڵام ئێستاکە دەزانم ئەم داستانەوە ڕەنگ دانەوە وتەجەلی ئارەزوو ئامانجەکانی میللی ئێران زەمینە. ڕۆستەم ڕەمزی ئەساڵەت و ڕەسانەیاتی وئێرانیەت ومەولایش مەزهەری بڕواو ئیمانی ئیسلامییەت، ڕزگاربوون وکامەرانی وسەرفرازی لە یەکێتی ئەم دووانەدایە.

## وەرزش وياريیەکان

خوێندن وقوتابخانە هەموو کاتی ڕۆژانەمانی داگیر نەدەکرد، نیمەڕۆ بەدواوە بە دوو سەعاتێ لە خوێندن دەبووینەوە و دەستمان دەکردە یاری کردن، یارییەکان هێدی هێدی گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو لەو حاڵەتی بێ نەزمی وبێ قەوارەییەی دەورەی منداڵی دەرچووبوو، وەرزشێکی ڕێك وپێك جێگەی گرتبووەوە.

یەکێ لە گرنگترین یارییەکانی ئەو سەردەمە چوگان بازی بوو، بەزمانی کوردی "هەچان"یان پێدەگووت. هەچەیان لە درەختەکانی بێشەو جەنگەڵەکان یان درەختی میوەکان دروست دەکرد و"گۆو"کەیش هەر لە گرێی درەخت دەتاشی. یاریکەرەکان دەبوونە دوو بەشەوە، لەهەر بەشێکیدا دە تا یازدە کەس بەشداریان تێدا دەکرد. مەیدانی یارییەکە سەبارەت بە تەمەنی یاریکەرەکان بچووك وگەورە دەبووەوە، زۆر پێش دەهات گەنجەکانی دوو گووند لەگەڵ یەکتریدا یاریوپێشبڕکێ وموسابەقایان دەکرد، و تەمەندارەکان، پیران لەنزیك مەیدانی یارییەکەدا تەماشایان دەکرد، یاری هەچان پڕ لە شوڕ وهەیەجان ومەترسی یە. دەیگێڕنەوە شەیتان لەترسی گیانی خۆیدا نایەتە نێو ئەم یارییەوە.

من زۆر حەزم لەم یارییە هەبوو لە توونـد ڕاکردن وچاپوکیەتی ولێزانی و لێدانی گۆوەکەدا کەس لە هاوتەمەنەکانم نەدەگەیشتە پلەو پایەم.

یارییەکی تر "تووپان" بوو. تۆپەکە کە بە بەن سفت دەبەسترا وخڕیان دەکردەوە، بەپێی تیر وپشك دەبوونە دوو دەستەوە، دەستەی سەرەوەی زەوی یارییەکە، دەستەیەکیان لە خواریی زەویەکەوە. دەستەی سەرەوە کە نەوبەتی لێدانی تۆپەکەیان دەکەوتە دەست بەدوای یەکدا لە تۆپەکەیان دەدا ودەیانداوە یەکتری وبەم شێوەیە تۆپەکەیان دەدایە بەر، تۆپەکەیان بەرز لێدەدا بۆ دەستەی

زەوی خوارەوە و هەر کەسێك نەوبەتەکەی بەسەر چووایە ئیتر مافی لێدانی تۆپی نەدەما مەگەر خۆی زیندوو بکردایەتەوە بەو شێوەیە کە بۆ لێدانی تۆپەکە بەڕاکردن بگاتە خاڵێك کە سی تا پەنجا پێ لە شوێنی یاری تۆپانەکەوەیە، بەو خاڵەیە "دال"یان پێدەگووت، کە پێی دەگەیشت دەبووایە بەڕا بگەڕایەتەوە لەکاتی ڕاکردنەکەدا یاریچیەکانی دەستەکەی تر دەیانتوانی بە تۆپەکە بیپێکن، هەرکاتێ نەوبەتی تووپ لێدانی دەستەی سەرەوە تێدەپەڕی زیندوو نەبوباینەتەوە یان دەستەکەی بەرامبەریان بە ئاسمانەوە تۆپەکەیانی بگردایەتەوە، یا لەهەڵهاتندا وهاتوچۆدا تۆپەکە بەر یەکێکیان بکەوتایە سەرجەم دەستەکە دەدۆڕان پێویستە بڕۆنە خواری مەیدانی یاریەکەوە. لە ئەنجامی یاریەکەدا هەر دەستەیەك کە نەوبەتێکی تر وماوەیەکی زۆرتر لەسەرەوەی زەویەکەدا دەمانەوە سەرکەوتوو بردەوە دەژمێردران.

یەکێ تر لە یارییەکان "هەلوکان"بوو کە لە یاری ئەلەك ودوولەکی شار دەچوو، بەڵام لەنێوانیاندا جیاوازی هەبوو. ئەم یاریە ڕێك وپێك تر وئاراستە تر وژمارەی یاریچیەکانی بتر ترە.

یارییەکی تر زۆرانبازی یە، و کێبەرکێی هەڵهاتن وبازبازێن ومەلەیە. لەڕاستیدا زۆرانبازی سەردەستەی ئازموونی هێز وتوانامان بوو. هەروەك نەزم ویاسای زۆر خانەکانی شاری نەبوو. زۆرانبازەکان پەنجەیان لەپشتوێن وناوقەدی یەکتر گیر دەکرد ودەکەوتنە زۆرانبازی وململانێ، هەرکەسێك ئەوەکەی تری بەزەویدا بدایە، هەتا ئەگەر پشتیشی لە زەوی نەدابایە، هەر بردبوویەوە وسەرکەوتوو دەژمێردرا. زۆرانبازی عەشایەری ئازموونی تەواوی هێز وتوانای زۆرانبازەکانە ، هونەرێکی تێدا بەرچاو ناکەوێت، هەتا پاشقوول دانیش لەو یاریەدا ڕێگای پێدراوە وتوانا وهێزی زۆرانبازەکە دەنوێنێ.

لەمناڵی وسەرەتای لاویدا هاوتەمەنەکانمان بێ گوێدان بە پلەی کۆمەڵایەتیمان لەگەڵماندا زۆرانیان دەگرت. باوکم دەست خۆشی لەو جۆرە یاریانەی دەکرد وسەرکەوتووەکانی هەڵدەنا وتەعریفی دەکرد بەڵام کە گەورە بووین و چووینە تەمەنەوە کەم کەم هەڤاڵەکان وهاوتەمەنەکانمان دەستمان لە زۆران گرتن

لەگەڵماندا هەڵگرت، من وبراکەمیش زوو زانیمان لەگەڵیاندا زۆران بگرین، کە وایلێهات کەسیٚ نەبوو لەبەرامبەرماندا، خەڵکی ترمان دەدا بە زۆران.

باوکم زۆرجار دەهاتە تەماشای یارییەکان هەتا خۆیشی لە هەندیٚ لە یاریەکاندا وەك تووپان بەشداری دەکرد، و زۆر لەو یاریەدا چالاك وبەهێز بوو، و کە ئەو دەهاتە نێو یارییەکەوە و بەشداری دەکرد خزمەتکار وپیاوە بەتەمەنەکانیش دەهاتنە نێو یاریەکەوە ویاریەکە شێوەیەکی گەرم وشیرینی لە خۆدەگرت.

## ڕاوی غولامەکانی حکومەت

یەکیٚ تر لە یاریەکانمان ڕیٚ گرتن لە کاربەدەستانی میری بوو. ئەو دەوروزەمانە تەمەنم دە تا دوانزە ساڵێك دەبوو، کاربەدەستانی میری و ولایەت دەهاتنە گوندەکان وپێیان دەوترا "غولام". من دوژمنی سەرسەختی ئەم دەستەیە بووم، لە جۆری جل وبەرگ وئەندامی شل وشێواو وکلاوە پێکەنین هاوردەکەیان و شێوی سواربوون وزین بەرگی ولاخەکانیان ڕکم دەهاتەوە وتووڕەمی دەکرد. کلاوێك لە پێستی مەڕی شاهرودی کە نیو باڵێك درێژ دەبوو دەیانکردە سەر، لەچەند شوێنێکی کلاوەکەیاندا تووکی پێوە نەمابوو، لەبەر کۆنی وشڕی ڕەنگە ڕەشەکەی ڕەنگی سەوزی لیٚ نیشتبوو، ناخونەکانیان ڕەنگی خەنەیی پێوەبوو، پشتوێنەکانیان پڕ لە چین وچرووك وهەمیشە یەخەیان کراوە وڕەنگی شەرابی لیٚ نیشتبوو، بالاپۆشێکی فلتوو گوشاد پشتوێنێکی پڕ لە پێچ وپلوچ. لەحەقیقەت شێوەو سیمایان قێزەون بوو.

غولام کە فەرمانێکی پێدەدرا کە بڕۆن بۆ گوندەکان یابوویەکی بەکریٚ دەگرت تا دەگەیشتە گوندەکە، بە گەیشتنە هەر گوندێك لەپێشدا چەند کەسێکیان بەر شەلاق دەدا، دوای خواردنی مریشك وپلاوێکی فراوان مەبلەغێك پارەیان لەخاوەنماڵەکە دەسەند، ئەسپێك یان ماینێك بە بێگار وەردەگرت ولەگەلٚ خۆیدا خاوەن ماڵەکەشی دەبرد کە هەم خزمەتی بکات وهەم ولاخەکە بگەڕێنێتەوە. لەگوندێکی تردا هەر ئەم بەرنامەیەی دووبارە دەکردەوە.

سەبارەت بە پارە وەرگرتنیان وناڕەحەتی وئازارەکەیان ئاگام نەبوو ، بەلام لە شێوە وجل وبەرگ وناخنە خەناویەکەیان ڕکم دەهاتەوە. هەر کە غولامێکمان

لەدوورەوە دەبینی بەدەستە ولەشکری منداڵەکانەوە ڕێگامان لێیان دەبەست. ئەوەندە قسەی ناشیرین وگاڵتە وبەردمان تێدەگرتن ناچار دەبوون هەڵبێن. بەهۆی ئەم چاوبڕی وکردەوەی ئێمەوە هەمیشە کوندی قلیج خانی لە ئەزیەت وئازارەکانی ئەم غوڵامانە پارێزراو بوو.

## ئەسپ سواری وتەقە کردن

ئەو ڕۆژەی کە بۆ من وبراکەم ئەسپێکی تایبەتییان تەرخان کرد وزین وبەرگێکی نوێیان لێ کردو خۆشی وشادومانیم گەیشتە کەشکانەی فەلەك. باوکم یەکێ لە سوارەکانی کە پیاوێکی ناسراو وخاوەن ئازموون بوو سەرپەرشتی فێرکردنی سواریمانی خستە ئەستۆی. سەرگەرمی و ڕابواردنی تازەمان ئەمە بوو کە بڕۆین بۆ تەویلەی ئەسپەکان تەماشای ئەسپ ومایینەکان بکەین، لەکاتی ئالیك پێدان یان تیمارکردنیاندا. ویا قسە بەزۆراندان لەگەڵ عەمارداەرەکەدا سەبارەت بەو میقدارە ئالیکەی کە دەبوایە بدرایەتە ئەسپ ومایینەکان.

مامۆستاکەمان فێرمانی کرد کە چۆن خۆمان بەسەر زینەوە ڕاگرین وبەرێك وپێکی دانیشین وهەردوو ڕانمان بچەسپێنینە هەردوو لای قەبرەغەی وڵاغەکەوە ولەقاو وجلەوەکە لە پێشمانەوە ڕاگرین و لەخۆمانەوە ورزەنگی لێ نەدەین وبێ جێ تاو وغار نەدەین.

باوکم لە سەفەرە کورتەکانیدا ئێمەی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، هانمانی دەدا کە بە ئەسپەکانمان تاو بدەین و تێبینی خۆی سەبارەت بە سوارکاری ئێمە دەخستە ڕوو، مامۆستای سوارکاریەکەمان هەندێ جار سواری ئەسپەکانمان دەبوو تادڵنیابێ کە شێوەی لەقاوکردن وڕەوت کردنی ئەسپەکەمان ڕاست وتەواوە. سمولاقی ئەسپێکی فێرکراو تاڕادەیەك وەك ئاهەنگێکی منەزەم وسەمایەکی ڕێك وپێك وایە.

لە زەمانی ئێمەدا ڕمبازی یەکجار باوبوو. بێگومان ئەم ووشەیە "ڕم" هەر ووشەی ڕمی عەرەبیە کە "نیزە"یە، نیزەیش ئیمڕۆ بەکارنایەت ونەماوە، بەڵام لە دەورانی باپیرە گەورەکانماندا لە چەکە گرنگەکانی سوارەکان دەژمێردرا. سوود وەرگرتن لەم چەکە پێویستی بەهاوکاری سوار و وڵاخەکەیەتی ئەسپ بۆ سووڕ

خـواردن و كەوتنـە پـشتی سـوارەكەی دوژمنـەوە پێویـستە نـەرم وچـابك وچـالاك لەدەسـتی سـوارەكەیدا بێـت. و لـەم بـارەوە بـەكارهێنانی ئـەو وەرزشـە ببـووە سنەتێكی نەگۆڕاو.

لە سوارچاكیدا نەدەگەیشتمە پلەی براكەم، ئەو لەحەقیقەتدا یەكێ لـە سـوارە بێ هاوتاكانی عەشایەری ڕۆژئـاوابوو، لەبەرئەمـە هەركەسـێك ئەگـەر ئەسـپێك یـان ماینێكی نایابی هەبوایە ئارەزووی ئەوەبوو ماوەیـەك سـەردار ناسـر سـواری ببێـت وڕای بێرێت. لەگەڵ ئەمەیشدا منیش سوارێكی خراو نەبووم، لە خۆڕاگرتن وئەسـپ لەدەست بووندا لە كەس كەمتر نەبووم. لەتەمەنی دوازدە وسیازدە سـاڵیدابوو كـە تفەنگیـشیان پێـداین. تفەنگـەكانی دەورانـی منداڵیمـان تفـەنگێك بـوو كەرەنـدەل ومەكنزیان پێدەگووت، كـە یـەك تـیر بـوو، فیـشەكەكانی گـەورە ومـەفرەقی بـوو، تفـەنگ وفیـشەك وەك كاڵایـەكی بازرگـانی دەژمێـردرا و لەشـاردا دووكـانی تفـەنگ وفیشەك فرۆشی تایبەتی هەبوو، چونكە لەو دەورە وزەمانەدا سوار وسەربازەكانی فەوجە عەشایرییەكان پتر لەسەر خەرج ومەسرەفی خۆیان چەكیان ئامادە دەكـرد بۆ هەر تفـەنگێك كـە دەسـێنرا فیـشەكی پێویـست لەگەڵیـدا بـوو، بـەڵام لەمـەودوا پڕكردنــی قــەواغی فیــشەكەكان یــاوەك "هەڵوەســتنیان" بــە ئەســتۆی خــاوەن تفەنگەكەوە بوو.

لـە ماڵـەكانی ئێمـەدا چـەند چەمەدانێكی گـەورە پـڕ لـە بـارووت ومـەفرەق و تەرەقە وچاشنی هەبوو. لەكاتی شەڕدا كەسانی لێزان وتایبەت هەمیـشە خـەریكی هەڵوەستنی قەواغەكان وپڕكردنیان بـوون، ئـەم كـارە هەنـدێ جـار زەرەرو زیـانی لێدەكەوتەوە. لە یادمە جارێك بەشـێك لـە خانگەكـەمان تەقییـەوە چـەند كەسـێك لەنێو چوون. من لەپڕكردنی فیشەك وهەڵبەستندا لێزان وكارامە بووم. قەواغـەكانم بە ووردی پاك وتـەمیز دەكـردەوە، قـاڵبم دەگـرتن، بارووتەكـەم بـە قورسـاییەكی دیاریكراو و بەووردەكارییەوە كێشانەم دەكرد تەرەقەی چاكم بەكاردەهێنا، سەری گوللەكانم لەجێی خۆیدا موحكەم دەچەسپاند، هەتا وای لێهاتبوو ئەو فیـشەكانەی من پڕم كردبوون لە فیشەكەكانی كارخانەكان چاكتر بوو.

یەكێكی تر لە ساز وبەرگەكانی دەورانی جوانیمان "فیـشەك لـغ" فیـشەك دان بوو. هەرسوارێك بەپێی توانای خۆی یەك یـا دوو قـەتار فیـشەك لغـی بـە پـشتەوە

دەبەست یا چەپ وڕاست بەسەر سینەیدا بەریدەدایەوە کەلەم دواییەدا بەچاولێکردنی سەرداری مەشروتیەتی ئێران ستار خان، ستارخانییان دەبەست.

زۆربەی سەراجە بەناوبانگەکان لەشارەوە دەهاتنە ماڵەکانمان یەك دوو مانگێك دەمانەوە وبەپێی داخوازی و ویستی خاوەنەکانیان زین وبەرگ وفیشەك دانیان دروست دەکرد.

کات وبێ کات لەسەفەردا یا لە ڕاودا یا لەماڵدا سەرگەرمی و ڕابواردنمان تەقەکردن ونیشان پێکان بوو. من تفەنگچییەکی کارامە نەبووم بەڵام چاوێکی تیژ ودەستێکی موحکەم ودڵێکی ئارامم هەبوو، و تیرەکانم لە سواری وپیادەدا زۆربە لەنیشانی دەداو دەیپێکا.

تفەنگ بەخشین بە ئێمە بەو مانایەبوو دەورانی منالێمان بەسەر چوو هاتینە ڕیزی پیاوانەوە و جێی خەوتنیان لە ژوورەوەی ماڵەوە گوێزاوە دەرەوەی ماڵ.

## ڕاو و شکار

یەکێ تر لە دیاردەکانی تری ژیانی عەشایر ڕاو وشکارە. ڕاو لەناوچەکانی ئێمەدا بۆ خواردن وکەسابەت وئاڵوێر نەبوو، بەڵکو شێوەیەکی ڕابواردن ووەرزشە، هەر بەم بۆنەیەوە یەکجار جۆراو جۆرە، ڕاوی سەرکردە وخان وپیاوماقوڵان بە "قووش" بۆ جۆری ئاسایی قوش کە شاهینە یا چەرخ کە بەزمانی کوردی "باڵەواییان" پێدەگوت، کەپلەوێرێکی ڕاوکەری چاو ڕەشە کەبۆ شکار وڕاوی جانەوەرە گەورەکان پەروەردە دەکرا. ئەوی تریان "باز وتەرلانە یا قزلە" کە بۆ ڕاوی کەو وپۆر وسوێسك، لاوەکان بۆ ڕاوی پەلەوەرە بچووکەکان لە تۆرمتە وواشە سوودیان دەبرد، نەجیبترین وپەسەندترین وجوانترین پەلەوەریی ڕاوی "پەلەوەری بازی تەرلان"ە کە ئەندامێکی درێژ وڕێك وپێك وسەروگەردەنێکی ئاراستە وچاوێکی زەرد وگەشی هەیە.

بازگرەکان بەتۆڕ و داوباز دەگرن وقوشچیەکان بە وەرزش وتەمرینی تایبەت بەخاوەنی دەکەن وفێری ڕاو وشکاری دەکەن. لەماڵی ئێمەدا هودەیەکی تایبەت بۆ قوش وقوشچیەکان تەرخانکرابوو، لەو ڕۆژەوە بازیان بەچاوبەسرایی دەهێناوە هەتا ئەو ڕۆژەی پەروەردە وفێرکردنی ڕاوی تەواو دەبوون وئامادەی ڕاو دەبوو،

ئێمه بـه شـوێنی خـواردن پێـدان وبـانگ کردنـی وچـاوکردنەوەیان وهەڵـدانیان لـه هۆدەکەدا هەڵفرینی کورت وبەبەن وڕشتەیەك هەڵفڕاندنیان بەدەرووری خۆدا، هەروا هەڵفڕینی درێژخایەن وئازادمان سەیردەکرد. له هونـەری ئـەم وەرزشـەدا ئـازموده بووبووین. یەکەمجار هەڵدانی بازم له ڕاودا بۆ گردنی کەو لەئاسمانـدا بینـی وگـوێم لەدەنگی خۆشی زەنگۆڵەکانی پێی بـوو، خۆشـحاڵی ونەشـاتیکی لەیادنـەکراوم لـه خـۆدا هەسـت پێکـرد. لەلایەکـەوه هـەراو قـیڕەی سـوارەکان و هـەوڵی سـەگه ڕاوکەرەکان بۆ گرتنی نێچیرەکان ئـەبووه هـۆی مەترسـی بازەکـان ونێـچیرەکەیان بەردەدا وهەڵدەفڕین له ئاسماندا بـەرز دەبوونـەوه وگەڕاندنـەوەی دووبـارەی ئـەو بازانه کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵکو کارێکی سـەخت ودژوارە. لەیادمـه ڕۆژێ یـەکێ لـه بازەکـانی زۆر چـاکی بـاوکم بـەم شـێوەیه لەئاسمانـدا وون بـوو ئـەو شـەوه هەموومان له غەم وماتەمیدا سەرمان نایەوه.

ڕاوی خـەڵکی ڕەمـەکی عەشـایەری ڕۆژئـاوا ڕاوی ئاسـك وکەروێـشك بـەهۆی تانجییـەوه، سـەرکردەو لاوانـی کـورد عەشـقێکی تایبـەتیان سـەبارەت بـه تـانجی هەیه، لەنزیك خۆیاندا خواردنی دەدەنێ وجوانترین جلی دەکەنـه سـەر، ملوانکـەی زیوینی زەنگۆڵەدار لەملی دەکەن وشەوان لەهۆدەی خۆیاندا یا لەسەر جێگاکانیان دەیانخـەوێنن. تانجیـەکانی کوردسـتان لاقێکـی درێـژ وکەمـەر ونێوقـەدێکی باریـك وسنگێکی پانو پۆڕ وسەروگەردنێکی جوان وچاوێکی ڕەش وپێستێکی کەم تووکی هەیه، بەڕاستی جوان وبەدڵاچوون و دەتوانم بڵـێم کـه چـاکترین نـەوعی سـەگه لـه هەموو دونیادا.

بـۆ پیـشاندانی پەیوەنـدی ودڵبەسـتەگی فراوانـی لەڕادەبـەدەری خـەڵکی ئەوناچانه باسی دەمـارگیری مـاڵ کاولکـاری عەشـایەری گێڕانـەوەی ئـەم داسـتان وچیرۆکه بێ جێ نەبێت.

دەگێڕنـەوه لـەدەورەی حەمـه ڕەحـیم خـانی مامـەم دا یـەکێ لـه کوێخاکـانی سەنجاوی تانجیەکی نایابی هـەبووه، سـەعید بـەگ سـەرۆکی هـۆزی وەلـەد بـەگی تەماحی تێـدەکات ولەخاوەنەکـەی داخـوازی دەکـات، چـونکه خاوەنـەکی دەسـت دەنێته ڕوویەوه وڕازی نابێت بیداتێ، حەمـه سـەعید بـەگ هەڕەشـەی لێـدەکات و سەرئەنجام ئەو پیاوه دەکوژێ و تانجیەکه بەزۆر داگیر دەکات. بنەماڵـەی کـوژراو

هانا دەبەنە لای حەمە ڕەحیم خان و شکاتی خۆیانی لادەکەن، حەمە ڕەحیم خان دەڵێت خورشیدی هاوسەرم لێم حەرام بێت ئەگەر تۆڵەی ئەم بنەماڵە غەدر لێکراوە نەسێنمەوە. لە وەرزی زوستاندا لەکاتێکی گونجاودا سەد سوارێکی هەڵبژێردراو لەگەڵ خۆیدا دەبات ولە ی کێوی "بەمۆ" لەشوێنێکدا، کە بەباغی سەعیدخان بەناوبانگە هێرش دەباتە سەر سەعید بەگ، لەم شەڕەدا سەرۆکی هۆزی وەلەد بەگی وچەند کەسێ لە بنەماڵەکەی دەکوژرێن[١].

پایز وزوستان وەرزی ڕاووشکارە. لە ساڵەکانی ئاشتی وئارامیدا باوکم وخوسرەوخانی مامم ومن وبراکەم و ئامۆزاکانم وهەندێ لە سەرکردە وکوێخاکانی سەنجاوی بەپێی بڕیارێك کە لەپێشدا درابوو هەفتەی جارێك لەیەکێ لەماڵەکاندا شەوانە کۆدەبینەوە، شەومان لە شەوچەرە خواردن وگێڕانەوەی داستانەکانی ڕابوردوان دەبردە سەر. سبەی زوو هەرکەسێك تانجی خۆی رس کردبوو دەکەوتینە ڕاو وشکاری ناوچەکەوە ، هەندێ جار ژمارەی ڕاوچیەکان ئەوەندەی لەشکرێکی لێدەهات. لەساڵەکانی سەرەتای سواریماندا کەمن وبراکەم منداڵ ونازك بووین بەرگەی سەرمامان نەدەگرت لەسەرمای وشکی بەیانیاندا دەلەرزیم و لەگەڵ ئەمەیشدا خۆشحاڵ وشادومان بووین چونکە هاتبووینە ڕیزی گەورەکانەوە ودیمەنی ڕاوو شکار دەبینین. دوای چەند سەعاتێك ڕاو کردن چەند سەعاتێکیش تەرخان دەکرا بۆ جەرو بەحسو بیگرە ودەری مەکە سەبارەت بە چۆنیەتی ڕاوەکە. هەرخاوەن تانجییەك دەستی بە تەعریف وپیاهەڵدانی تانجیەکەی دەکرد، وچۆن کەوتووەتە بەری سەرجەم تانجیەکانیانەوە وهەندێ جار ووشە وململانێ دەگەیشتە ڕادەیەك کە مەرجیان دەبەست وسەرلەنوێ تانجیەکانیان کۆدەکردەوە وئەو دوانەی لەسەر تانجیەکانمان کەوتبوونە مشتومڕەوە گوایە یەکێکیان لەوەی تر تیژترە دووبارە بەریان دەدانە شکارێکی تر بۆ ئازموون کردنیان سەلماندنی قسەکانیان. پێشبڕکێی ئەسپ وتانجی لە ڕابواردنە بەردەوامەکانی ئێمەبوو.

---

١ خوالێخۆشبوو عەلی ئەکبەر خان لەلایەکەوە دەڵێت کە پێویستە دوژمنایەتییە عەشایرییەکان نوێ نەکەینەوە وەکو وتراوە (کای کۆن بە با نەدەین) چونکە دەبێتە هۆی کینە و ئاڵۆزی نێو دانیشتووانی دەڤەرەکە ، لەلایەکی تریشەوە ئەم جۆرە داستانەکان بۆ دەگێڕێتەوە کە کولاندنەوەی زامی کۆنە.

ڕاوی ئاسك بەسوارییەوە یا لەکاتی تاودا وپێکانیان بە تفەنگ پیشەی سوارە ناودارەکان بوو، کە ئاوازەی تفەنگچێتییان لەنێو سەرجەم عێلەکاندا باس دەکرا. مـن ڕاوو شـکارم بـۆ سـواری وتەقـەکردن حـەز لێـدەکرد وبەسـەگ وتـانجی وکەروێشکەوە دڵبەند وخۆشحاڵ نەبووم. کاتێ کە گورەبووم وبوومە خاوەنی مـاڵ و منـاڵ، لەگـەڵ ئەوەیـشدا هـەموو پێویـستییەکانی ڕاو وشـکارم ئامـادە کردبـوو، هەمبوو، بەڵام حەزم زۆر لە ڕاو نەبوو، بەپێچەوانەوە قاسم خانی بـرام عاشـقی ڕاو وشکار بوو، وهەمیشە چـاکترین تـانجی وبـازی هـەبوو، هـەرگیز تێـر نـەدەبوولێی. ڕۆژانی ڕاو وشکار کە هەموان هیلاك وخەستە دەبوون و بۆ پشوودان دەگەڕانـەوە، ئەو کاتی لـەڕاو دەسـتی هەڵـدەگرت و کـە شـەو دەهـات بەسـەردا دەسـتی لـە ڕاو هەڵـدەگرت ئـەو کاتـەی هـەموو شـوێنێك تـاریکی دایـدەگرت ئـیتر ڕاوچـی زەوی ونێچیرەکەی لەیەك جیا نەدەکردەوە.

ئێستاکە دەورانی ئەسپ سواری وتانجی وڕاو بەسەر چووە، پیرە پیاوەکانمان بـە دڵتـەنگی وحەسـرەتەوە دەڵـێن سوارچاکەکان بەسـواری وئەسـپی چاکەوە و تانجی چاك وملوانکەدارەوە ڕۆیشتن وهەتا هەتایە نابینرێنەوە.

## حوکمداری وبەرپرسیاریەتی سنووریی باوکم

گوێزانەوەمان لەنێو ماڵـەوە بـۆ بەشـی پیاوەکـان سـەرەتایەکی نـوێ بـوو لـە ئاسـتی پـەروەردە وخوێنـدن وئازموونـدا بوومـان. خـەڵکی شـار، کاربەدەسـتانی دەوڵەت، گەڕۆکەکان، دەروێشەکان، گـەورە پیـاوان، کوێخـا وپیرەکـان کـە مـووی سپی سنگیان لە یەخەی کراسـەکەیانەوە هـاتبووە دەرەوە، کوێخـازادە لاوەکـان، چالاك وبێ ئارام، شۆخ وبەشوێن مەترسیدا گەڕاو بەردەوام بۆ ماڵی ئێمـە دەهـاتن وهات وچۆیان دەکرد، ئێمەش هێدی هێدی لەگەڵ یەکاو یەکیاندا ئاشنا دەبووین و دیوەخانەکـەمان بـۆ سـەنجاویەکان هەمیـشە ئاوەڵـە بـوو، هـیچ شـتێك بـۆ ئـەوان قەدەغـە نـەبوو ئـازادبوون هەرچـییان بگووتایـە، یـا بکردایـە یـا خوانەخواسـتە بشکاندایە کەسێك لێیان توورە نەدەبوو، لێیان نەدەکۆڵایەوە، تـەنها ڕووی خـۆش وڕەوشت چاکی وقسەی خۆشی بەردەوامی باوکم نەبێت شتێکی تر لەئارادا نەبوو.

من وبراكەم لەديوەخانەكەدا دادەنيشتين، كوێخاكان بە دەنگێكی بەرزەوە كە لە قیڕە دەچوو دانوستانیان دەكرد. زۆربەی قسەكانیان سەبارەت بە بارودۆخی عێل وڕووداوە عەشایەریەكان بوو، یا سەبارەت بە ئەسپ وتانجی وڕاو وشكاربوو، هەندێ جار سەبارەت بە شاری كرماشان و كردەوەكانی حوكمڕانی ولایەت قسەدەكرا، ئێمەیش لەخۆمان پرسیارمان دەكرد، ئەم شارە چۆنە ئایا ڕۆژێك یەتە پێشەوە ئەم شارە ببینین؟ هەندێ جار گەورەكان لە هۆدەیەكدا یا لە كەنارێكی دەشتدا كۆبوونەوەی تایبەتیان دادەمەزراند، ئێمە هێشتانە مافی بەشداریمان لەو كۆبوونەوانەدا نەبوو بەلام ئاشكرابوو سەبارەت بە دۆست ودوژمنی عەشایەری بوو.

لەدەرەوە ڕووبەڕووی بیروباوەڕی گشتی "ئەفكاری عمومی" عێلەكە دەبووینەوە وهەستمان دەكرد لە هەموو ئان وكاتێكدا سەبارەت بە هەموو شتێك لە ئازموون وبەراوورد وكێشانەدایین. كەم كەم تەمەنم گەیشتبووە شازدە وحەڤدە ساڵە، خۆمم بە پیاو دەزانی بە بالایەكی بەرز وباریكەوە كە لە باوك وبراكانم وئامۆزاكانم وزۆربەی سوارەكان و كوێخاكانی سەنجاوی بەرز تربووم. بەلام بەداخ وپەشیمانیەوە زانیم هەرچی لەبابەت خوێندن ونووسینەوە فێری بووبووم لەیادم چوەتەوە، بەلام قاسم خانی برام هەموو شتێكی بەچاكی دەخوێندەوە و دەینووسی، باوكم ئەم وەزعەی منەی فەرامۆش نەكردبوو هەندێ جار دەیدا پێمەوە وزەهرەكەی تا نێو جەرگم دەڕۆیشت.

لەو دەورەدا بوو كە برا بچووكەكەمان حوسەین خان كە لە دوایدا نازناوی سالار زەفەری لێنرا هاتە دونیاوە، كەم كەم هەستمان بە بوونی دەكرد. منالێك كە بۆ باوكی ڕۆڵەیەكی خۆشەویست بوو بۆ ئێمەش برایەكی دڵسۆز وئەرزشدار هاتە بار.

ئێستاكە دەورەی منالی وخوێندن وئەسپ سواری وتەقە وتفەنگچێتیمان تەواو كردبوو، وتەنها خەریكی وەرزشی ڕاو وشكار بووین. شەو وڕۆژ لە ئارەزووی گرنگترین وحەقیقەترین وەرزشدا بووین كە ئەویش شەڕو شۆڕبوو، ئەم ئارەزوومانە لە خودا داخوازی دەكرد.

زۆری نەخایانــد پێــشهات ورِووداوەکــانی ناوچــەکەمان دوو دەســتەیی ودوژمنایەتی نێوخۆیی وململانێ وکەشمەکەش لەسەر حوکمداری سەنجاوی ئەم ئارەزووەمانی بەراوورد کرد.

## حکومەتی عەلی ئەکبەرخانی بەرخورداری لە سە نجاویدا

بـۆرِوون کردنــەوە: لــەو دەوروزەمانــەدا ســەرکردایەتی تایفــەی ســەنجاوی بەدەستی عەلی ئەکبەرخانی بەرخوردارییەوە بوو. وەکو ئاماژەم بۆ کرد بەهۆی گرفتاری فەرەجوڵڵا خان و فەرمانرِەواییە کورتەکەی باللاهیار خانەوە لەگەرمەی دەمارگیری وململانێی بنەماڵەکەمان لەگەڵ ئاغا حەسەنی وەکیل ئەلدەولەدا، عەلی ئەکبەر خان ئەم هەلەی بۆ رِەخساو فەرمانرِەوایی گرتە دەست. قودرەت وتوانا ودەست رِۆیشتوویی وەکیل ئەلدەولە لەو دەوروزەمانەدا کۆسپێك بوو لەرِێگای فەرەجوڵڵا خاندا یا هەر کەسایەتیەکی تر لە بنەماڵەکەماندا، تاکو سەرلەنوێ فەرمانرِەوایی بگرێتە دەست.

عەلی ئەکبەر خان کورِی مەهدی خانە ونەوەی بەرخوردار خانە، بە ئامۆزای ئێمە دەژمێردرا. بەختیارخان باپیرەی ئێمە و، وبەرخوردار خان باپیرەی عەلی ئەکبەرخان برابوون. ئەو پیاوێکی دلێر وبوێر وسەلحشور دەست گوشاد وخاوەن خوان ودیوەخان بوو. ئەم سیفاتانەی کەسایەتیەکی خۆشەویست ودڵرِفێنی لێ دروستکردبوو، ئەم سیفاتانەی بووە هۆی ئەوەی کە خدامرووت خانی مامەم برِوا بۆ عێراق بە شوێنیا و داخوازی لێبکات ببێتە سەرکردەی عێلەکەمان لە ئێراندا. لەگەڵ ئەم سیفەتە چاکانەدا کە هەبووی هەندێ سیفەتی خراو ونالەبار وناشیرینی هەبوو کە ئامانجێکی چاکی نەبوو بۆی.

لەسەرەتای ژیان لاویدا وەزعێکی نالەبار وئاشوفتەی هەبووە. ماوەیەك لەئێراندا وماوەیەك لە میزوپوتومیادادا ژیانی گوزەراندبوو. لەدزی وجەردەیی ودەست درێژی بۆ سەر سامان وماڵی خەڵکی درێغی نەکردبوو، لە دەمارگیری میللی ونیشتمانی وهەتا عێلایەتیش بەدوور بوو. لەگەڵ عوسمانیەکاند هاودەست بوو، بۆ پاراستنی سەرکردایەتی وپلە ومەقامەکەی پشتی بە سەرۆك عێلەکانی تر دەبەست. جگە لەمانە وبەسەر هەموو ئەمانەوە پەیمان وعەهد شکێن ولەپاراستنی

بەڵێن وپەیمانیدا خۆگرنەبوو، تا بڵێی هەوسران و پیس و بەشوێن ئافرەتاندا وێڵان وبەناوبانگ بوو، لە شەهوەترانیدا گەیشتبووە ڕادەیەك گوێڕایەڵی پاراستنی ناموسی خەڵکی نەبوو.

لەسەرەتای سەرکردایەتی بنەماڵەکەماندا مامەکانم فەرەجوڵڵا خان وخدامروەت خان کە زۆربەی موڵك ودەسەڵاتی بنەماڵەکەمانیان بەدەستەوە بوو لەگەڵ سەرجەم تیرەکانی سەنجاویدا هاوکاریان لە گەڵیدا دەکرد. خدامروەت خان لە حەقیقەتدا ڕاوێژکاری بوو هەموو کاروئیشە گەورەکان بە ڕاوێژی ئەو وبەپێی تەدبیر وقسەی ئەو ڕادەپەڕیا وتەواو دەبوو. خدامروت خان لە ماڵی عەلی ئەکبەر خاند هۆدەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان کرابوو، بەم جۆرە نۆ ساڵ لە حوکمڕانییەکەی بە خۆشی وئاشتی ودۆستایەتی تێپەڕی. لەم ماوەیەدا کەم کەم پێی بۆ شارکرایەوە و لەگەڵ خەڵکی شاردا تێکەڵاو بوو، لەگەڵ بەرپرسان وکاربەدەستان، ولەگەڵ پیاوماقوڵان وناوداران وخوێندەوارەکانی شاردا ئاشنایەتی وپەیوەندی پەیدا کرد. لەم کەسایەتییانەی کە ناسینی یەکێکیان "ئاغا عبدولڕەحیمی وەکیل ئەلدەولەی کوڕی ئاغا حەسەن"بوو کە دۆستایەتییەك کەوتە نێوانیانەوە ئەم کەسایەتییە نازناوی "وەکیل ئەلدەولە" بوو، بەڵام ئەو بەهرەی باوکییە لە زیرەکی وکاردانی وهۆشیاریدا نەبوو، هەرچەندە باوکی هەڵکەوتوو بەتوانا وشایستەو کارامە وسیاسەتمەدار وبەتەدبیربوو، ئەو ئەوەندە بێ توانا وبوودەڵە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا بەهۆی پێشینەی باوکییەوە وئەو سەروەت وسامانە بێ ژمارەی کە هەبووی، هەروا وەسڵەت وژن وژنخوازی لەگەڵ بنەماڵەی ئیمام جومعەدا پلە ومەقامێکی بەرزی بۆخۆی پێکهێنابوو.

اللاهیارخانی سەنجاوی بە زیرەکی و ووردبینی خۆی وبەهۆی پێشینەی دۆستایەتی لەگەڵ ئاغا حەسەنی وەکیل ئەلدەولەدا کاریگەریەکی زۆری بەسەریەوە هەبوو، هەر ئەویش بووە وەسیلەی هاوپەیمانی ودۆستایەتی ونزیکی عەلی ئەکبەرخانی بەرخورداری لەگەڵ وەکیل ئەلدەولەی دووەمدا. ئاسایی بوو کە ئامانجی سەرەکی ئەم دۆستایەتی ونزیکییە کە ئەنجامەکەی تەنها لە زەرەر وزیانی بنەماڵەکەی ئێمەدا بوو، غەیری ئەمە شتێکی تری بەدواوە نەبوو، چونکە وەکیل ئەلدەولەی دووەم لەلایەکەوە ئێمەی بەکۆسپ لەڕێی بەدەست هێنانی

سـوود وقـازانج لـه مولّكـه داگیركراوەكانـدا كـه بـاوكی بەناحـەق داگـیری كردبـوو، دەزانی، و لەلایەكی ترەوه عەلی ئەكبەرخانیش هێـز ودەسـەڵاتی ئێمـەی بەكۆسـپ وسووكیەك بۆخۆی دەژمـارد. هێـدی هێـدی و لەسـەرخۆی دژایـەتی ونـا سـازگاری لەگـەڵ بنەماڵەكەمانـدا دەسـتی پێكـرد. لەسـەرەتادا بـه بەهانـه ودەسـت ئـاوێزی جـۆراو جـۆر كەوتـه ئـازار وئەزیـەتی تیرەكـانی سـەنجاوی كـه سـەر بـه ئێمـه، و وەفـاداری بنەماڵەكـەمان بـوون. خـدا مـروەت خـانی مامـان لێـی دووركەوتـەوە، اللاهیار خان جێگەی ئەوی گرتـەوە. دوای ئەمانـه دەسـتی كـردە ڕەفتـاری وەهـا ناپەسەند و ناشیرین كه ڕێزی لەنێو خەڵكدا نەما ولێی یاغی بوون.

لـەوكارە ناپەسـەندانەی كـه لێـی وەشـایەوه بەشـێك لـه مەزرەعـه وزەوی كشتوكاڵ ولەوەڕگاكانی سەنجاوی دا به تەبەعـەی عوسمانییـەكان، و لـەم كـارەی خـراپتر كـه كردبـووی "سـۆزانیەكانی مـەیان كـەل"ی هێنایـه سـەنجاوی بـۆ دامركانـدانی شـەهوەترانی خـۆی. ئـەم كردەوەیـەی ڕووداوێكـی یـەكجار سەرسوڕهێنەربوو، چونكه به پێچەوانەی ئاینی ئیسلامی ونـاමووس پەرسـتی وداب ونەریتی عێل وعەشایەر بوو.

چەند بنەماڵەیەك كاولی نزیك شارۆچكەی سەرپێلی زەهاو له گوندێكی بچووكدا كه ناوی مەیان كەل بوو لەكەنار جادەی كاروانەكاندا نیشتەجێ بـوون كـه ژیانیـان لەڕێی سازلێدان و گۆرانی ووتن وخۆفرۆشییەوه دەبـردە سـەر. هـەرپیاوێك لەوانـه ماڵێكی هەبوو، ژنێك یا چەند ژنێكی تێدابوو ئافرەتەكان سازیان دەژەند وگۆرانیان دەووت وسەمایان دەكرد، خۆیشیان دەفرۆشته میوانـەكانیان، ببونـه جێگـای بـێ عفـەتی وبـێ ناموسـی وبـێ ئـەخلاقی ونەخۆشـیه "جنـسیەكان" كـه لـه نزیكـی كردنەوەوه پەیدا دەبن. ئەم سۆزانییانه لەسەر ڕێگای كاروانەكاندا، كـه بۆزیـارەت دەڕۆیشتن، هەموو ساڵێك سەدان بەڵكو هەزارانیان بەو نەخۆشییانه تووش دەكـرد وله ئاگری ئەو نەخۆشییانەدا دەسووتان.

عەلی ئەكبـەرخان ئـەم كۆمەڵەیـەی بـۆ مایدەشـتی سـەنجاوی دەعـوەت كـرد، لەنێوان كەس وكار وخزمەكانی خۆیدا دابەشی كردن وجەماعەتەكەی "ئەمان لـلا" گۆرانی بێژی لای خـۆی هێڵایـەوه. شـەوان هەرسـواری گـۆرانی بێـژێكی دەخـستە پاشكۆوه لەپاڵێكدا خـەریكی فسق وفجـور وبـێ ناموسـی بـوون. ئـەم فەزیحـەت

وڕسوایی وبێ ئابڕوییە بووە هۆی ناڕەزایەتی ژنانی ناموسدار وپیـاوانی بـەغیرەت ودەمارگیری عێلەکەمان.

## یاغی بوونی تایفەکان

لەپێشەوە سەرپێچی و یـاغی بـوون لەلایـەن دوو تـیرەوە دەست پێکـرد، کـە گـرنگترین تایفـەکانی سـەنجاوین ئـەویش تیرەکـانی سـۆفی وسـیمینوەندن. عـەلی ئەکبەرخانی بەرخورداری بە خەیاڵی گوێ ڕاکێشاندانیان لەشـکریانی کـردە سـەر، بەڵام لەشەڕەکەدا بەسەختی شکستی هێنـا، ئـەم ڕووداوە بـووە هـۆی جەسـارەت ونافەرمانی تیرەکانی تر. ئەم یاغی بوونە عەلی ئەکبەرخانی ناچار کـرد شـکات بـۆ حوکمڕانی کرماشان بەرێت. کوێخاکانی سـەنجاوی هاتنـە مـاڵی بـاوکم و داخـوازی تەگبیر ویارمەتییان لێ کرد، باوکم چووە لای حوکمڕان ڕازی کرد بەرتەکیی نیـشان نـەدات ودەسـت نەخاتـە کاروبـاری نـاوخۆی عەشـیرەتەکەوە، چـونکە بـە سـوود ومەسڵەحەتی تەواو نابێت.

لە وەرزی پایزدا عێل سەرگەرمی کۆچ بۆناوچە گەرمیانییەکان بـوون، هەنـدێ لە کوێخاکان لەباوکم داخوازییان کرد ئەو ساڵە لـە گەڵیانـدا کـۆچ بکـات. ئـەو بـۆ پاراستنی شـوانەکان وبـەهێزکردنی ورەی لایـەنگرەکانی ئـەم پێـشنیارەی قبـووڵ کردو پێویستیەکانی کۆچی ئامادەکرد.

لەو ساڵەدا ژیان لەژێر دەواری ڕەشـدا وکـۆچ لەشـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی تـر تەماشای دیمەنی ڕەنگاو ڕەنگ، بینینی کێـوە پـڕ لـە جەنگـەڵ ولـەوەڕگای سـەوز وپڕ لە گیاکان، ڕووباری پڕ لە ئاو وهەوای هەمیشە پاك وتەمیز ودڵخۆشکەر لەگەڵ ڕاوی پۆڕ وئاسکدا بینی، لە حەقیقەتدا ژیانێکی نوێ پڕ لـە جموجـووڵ وچـالاکی و سەرمەستی دروست کردبوو. بەهۆی بوونی باوکمەوە عەلی ئەکبـەر خـان نـەیتوانی دەست درێژی بکاتە سەر شوان ولایەنگران ومەنسوبانمان. لەگەڵ ئەمەیشدا چـەند گەلەیەك لە لەوەڕگاکانی خدامروەت خان وخوسرەو خـانی فرۆشـتبووە خـەڵکێکی تـر، بـاوکم لـەم کـردەوە نـاڕەوای حـوکمڕان یـەکجار تووڕەبووپـەیامێکی بـۆ نـارد لەمەودوا چاوەڕوانی دۆستی وهاوکاری ئێمە نەبێت.

هەرلەو بەهارە تەڕ وسەرسەوز و چالاکی بزوێنەی گەرمیاندا لە ئەنجامی بینین وسـەرلێدان وبەبەرژەوەنـد زانینـی کوێخاکـانی سـەنجاوی بـاکم بڕیاریـدا عـەلی

ئەکبەرخانی بەرخورداری لە حوکمڕانی سەنجاوی لاببات و خۆی ببێتـە حـوکمڕانی سەنجاوی. ئەم بڕیارەی بۆیەدا چونکە برا لەخۆ گەورەترەکانی کەسـیان بەتـەمای حوکمڕانی سەرکردایەتی سەنجاوی نەبوون و هانیان بۆ ئەم ململانێیەش دەدا.

خـدامروەت خـان سـەرجەم عـەقلٚ وتـەگبیری خـۆیی وخوسـرەوخانیش تێکـڕا ئـازایی ودلێـری خـۆیی وکـوڕە گـەورەکانی بـاوکمی خـستەکارەوە، کوێخاکـانی سەنجاویش پتر حەزیان لـە سـەرکردایەتی ئـەو بـوو، چـونکە بـە پیـاوێکی کارامـە ولێزانـی عەشـایەری دەیـانزانی کـە پیـشە وڕەفتـاری لەگـەڵ خەڵکدا چـاکە ولـەم بابەتەوە ئەویان زیاتر بە پەسەند تر دەزانی و لەخۆییانەوە نزیکتر دەبینی.

لەیرەدا حەق ناسین ناچارم دەکات ئاماژە بۆ ناوی چەند کەسێك بکەم کە لەم ڕاپەڕینەدا هاوکـار وپـشتیوانی ڕاسـتەقینەی بـاوکم بـوون. یەکـەمیان عـەزیزخانی حەمە عەلی سەرۆکی تیرەی سۆفی کە پیاوێکی ئازاو بـوێر وژیـر وقـسەزان وخـۆگر وشەڕکەر بوو، خۆی وسەرجەم کەس وخزمانی ئازا ودلێری بنەماڵەی پایەی بتەوی ئەم گۆڕانکاری وململانێیە بوون. دوای ئەو حوسەین زاهیر بووە جێنشینی هەربـەو ئازایی ودلێری ولێزانی وغیرەتەوە کارەکەی ئەوی درێژەپێدا وهەرگیز لای نەدا.

یەکێکی تر، ئەکبەر سوهراب سەرۆکی کوێخاکانی تیرەی سیمینوەند بوو، کـە لە ئازایەتیدا دەگمەنی دەورە بوو کـە بـە تاقـە سـوارە کـاری لەشـکرێکی ئـەنجام دەدا. دلاوەری خۆی وباوکی وکوڕەکانی کە هەمیشە بە ئازاترین ودلێرترین پیـاوی ناوچەکە دەناسران، لەڕاستیدا کۆڵەکە وپایـەی ئـەم ڕاپەڕینـە بـوون. کـەمێك لـەم دووانە کەمتر سەلیم ئاغا سـەرۆك وکوێخـای تـیرەی جەلیلوەنـد بـوو کـە هـاتبووە ڕیزی دۆستان ولایەنگرانی باوکمەوە کە لە ئازایی وڕاسـتی وخـۆگری ومەردایەتیـدا تاقانەی ڕۆژگار بوو. دوای ئەمانە چاکترە بڵێم پێشی ئەمانە ناوی کوێخـا ئەحمـەد خان سەرۆکی تیرەی دەوڵەتمەندم بهاوردایە کە خزمـەتکاری تایبـەتی بـاوکم بـوو، پیاوێکی ژیر وبە تەکبیر وخێرخواز بوو، بەرژەوەندی زان بوو کە زۆربەی کاروباری عێل بە ڕاوێژکاری ئەو ئەنجام دەدرا. باوکم ئەم پیاوە کە جێـی موتمانـە وبـاوەڕی بوو ناردە نێو تایفەکان کە لەلایـەن ئـەوەوە دانووسـتانیان لەگەڵدا بکـات وئەگـەر ئامـادەی هاوکـاری وبـەرەنگاری وململانـێ بـن بەیعـەت وعەهـد وپـەیمانیان لێ وەربگرێت.

ئەو لە عەزیزخانی محەمەد عەلی وحوسەین زاهیر وئەکبەر سوهراب وچەند کەسێکی تر عەهد وپەیمان وسوێندی دۆستایەتیانی بۆ باوکم لێ سەندن. بەداخەوە لەدوادوایی بەهاردا کە عێل بەرەو ئیلاخ دەگەڕایەوە کاتێ لەلای دەربەندی ئیسقاندا تێدەپەڕی عەزیز خانی محەمەد عەلی کەوتە بەر پەلەمار وشالآوی بێ هۆی چەند خوێن ڕێژێکی "کەلۆر" وکوژرا. دەیگێڕنەوە کە عەلی ئەکبەرخانی بەرخورداری، دەروێش خانی باغی ناردبووە لای داوود خانی کەلور داخوازی لێ کردبوو کە دەست درێژی بکاتە سەر تایفە کۆچ کەرەکانی سەنجاوی و ناڕەحەتییان بۆ دروست بکات.

کە ئەم خەبەرە ناخۆشە گەیشتە باوکم لەناڕەحەتیدا فەرمانی بە ژن ومال و منالەکەیدا کە شیوەن وزاری و گریانی بۆ بکەن. دوای ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەیش تایفەی سۆفی هەر لەسەر ئەو عەهد وپەیمان وبەلێنەیان مابوونەوە وهەوارگەی ئیلاخی خۆیانیان جێهێڵاو بەسەرکردایەتی حوسەین زاهیرخان گەیشتنە دۆڵی "نیلاورە" وکێوی بەنی گەز کە پڕبوو لە لەوەڕگاو بێشەو جەنگەڵی جوان ودڵڕفێن وکانی و سەرچاوەی سازگار کە هەوارگەی بنەماڵەی ئێمەبوو.

عەلی ئەکبەرخان بەپەلە سکالآی لای فەرمانڕەوا و والی کرماشان کردبوو، کە شێر محەمەد خان بەشێك لە سەنجاویەکانی لێم یاغی کردووە وبردونیەتە لای خۆی، کە خەبەری ئەم شکایەتە گەیشتە باوکم شەوانە لەگەڵ حوسەین زاهیر وفەتاح بەگی سەرۆکی عێلی وەلەدبەگیدا کۆبوەوە ودوای دڵنیابوون لەلایەن ئەوانەوە فەرمانی دا تایفەی سۆفی کۆچ بکات وبچنە لای وەلەدبەگیەکان. لەو قۆناغەدا فەرمانڕەوایی کرماشان بەدەست حەسەن عەلی خان ئەمیر نیزام گەروسی یەوە بوو [1].

وێنەرێك لەلایەن ئەوەوە هاتە مالمان، جەنابی حکومڕان لە فەرمانەکەیدا باوکمی سەرزەنشت کردبوو، فەرمانی دابوو کە پێویستە تیرەی سۆفی تەسلیمی وێنەرەکەی بکرێت تا کۆچیان بکات وبیانداتە دەستی عەلی ئەکبەرخانی حاکمی سەنجاوییەوە. باوکم خزمەتێکی چاك وفراوانی لە وێنەرەکەی کرد، وئەوی لەخۆی

---

[1] حەسەن عەلی خان ئەمیر نیزام گەروسی لەساڵی ١٣١٠هـ تا ١٣١٥هـ دووجار حوکمڕانی کرماشان بووە.

ڕازی کرد، و لەوەڵامی ئەمیر نیزامدا نووسی کە بارودۆخەکەیان بەپێچەوانەوە گەیاندوەتە جەنابتان تایفەی سۆفی پەنایان بۆ عێڵی وەلەدبەگی کە لە تایفەکانی کوردستانن بردووە، چونکە ئەوان عەلی ئەکبەرخان بە بکوژی عەزیزخانی سەرۆکیان دەزانن. ئەو وێنەرەش ڕاپۆرتێکی دابووە حوکمڕان پاڵپشتی لە نامەکەی باوکم کردبوو. چەند ڕۆژێکی تر هەر ئەو وێنەرە هاتەوە وڕۆیشتە لای تایفەی وەلەدبەگی و داخوازی لێکردن تایفەی سۆفی بگەڕێنێتەوە بەڵام ئەوان بەشێوەیەکی فەرمی وڕاشکاوی لە شکایەتەکەیاندا عەلی ئەکبەرخانیان تۆمەتبار کردبوو کە هاندەری کەلورەکان بووە لە کوشتنی دوور لە پیاوەتی ومەردایەتی سەرکردەکەیاندا و هەرگیز ئامادە نین دەست لەخوێنی هەڵبگرن وملکەچی بکوژەکەی بن. تایفەی سۆفی لە هاوین وپایزدا لەنێوان هۆزی وەلەدبەگیدا مانەوە.

## دیداری کرماشان بۆ یەکەم جار

باوکم بۆ نەهێشتنی نیگەرانی و ناڕەحەتی و دڵدانەوەی حوکمڕانی کرماشان بەپێویستی زانی خۆی بڕواتە شار ولەنزیکەوە مەسەلەکە تاوتوی شی بکاتەوە. قاسم خانی برام ومن کە زۆر حەزم دەکرد شار ببینم لەگەڵ خۆیدا بردمانی. لەبیری خۆمدا لەکاتی منداڵییەوە سەبارەت بە شار زۆر شتم بیستبوو خەون وخەیاڵێکم لەسەردا دەپەروەراند، بەڵام کاتێك گەیشتمە شار بارێکی قورس لە نائومێدی ودڵتەنگی دڵمی داگرتەوە. بەتەواوی نازانم سەبارەت بە جوانی و ئاراستەیی و ڕێك وپێکی شوێنێك کە خەڵکی پێی دەڵێن "شار" چی وێنەیەك لەبیرمدا بوو بەڵام ئەوەی کە بینیم بەپێچەوانەی خەونەکانمەوە بوو. دەرگایەکی وێران، شەقامێکی خۆڵاوی و ناهەموار وپڕ لە بەرز ونزمی پڕ لە ولاخ ولاخدرەکان. دوای ئەمانە خانگەکانی نزم وبەقووڕ دروست کراو وبەیەکەوە چەسپاو وکۆڵانەکانی تەسك وپێچ پێچ کە بۆنی ئاوەڕۆکانی وچاڵیی پیساییەکانی کە سەریان دانەپۆشرابوو هەناسەی مرۆڤیان تەنگ دەکرد، سەرچاوەو کانییەکانی هەمووی ئالودە وپیس بوو، کە ژنانی شار دەوری وقاپ وقاچاغەکان وجل وبەرگە کۆنەکانیان تێدا دەشۆرییەوە وهەر لەو سەرچاوەدا ئاویان بۆ خواردن هەڵدەقۆزا وکەڵکیان لێ وەردەگرت.

خــەڵکێکی بــێ نــەزم و تــەرتیپ، بــە قــیڕەو هــەراو مــەزات وڕێزیــان لەهاتوچۆکەرەکان نەدەگرت. دەتبینی کەسێك ڕانی گۆشتی بزنی بەدەستەوەیە بەدەنگێکی بەرزەوە جاڕێ فرۆشتنی دەدا. یەکێکی تر تەشتێکی گەندەڵی ئاوی سیری بەسەرەوە بوو، کەسێکی تر لە شەقامە سەرەکیەکەدا قاتری نال دەکرد. لەو چەند ڕۆژەدا ئەوەی بینیم لەشاردا لام گرنگ وبەدڵما چەسپا کە لە یادما ماوەتەوە، یەکێکیان ئەو بازاڕە پڕ لەشت ومەکە ڕەنگاوڕەنگەبوو کە خاوەن دوکانــە هوشــیارەکان بەســەر ســەکۆی دوکانەکانیانــەوە دانیــشتبوون وبەزیرەکییەکەوە سەرگەرمی سوێند خواردن بوون بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی دێهات وعەشایەرەکان کە شتومەکەکانیان لێ بسێنن. ئەوی تریان مزگەوتی عیماد ئەلدەولە بوو بەکاشیکاری جوانیەوە ونەخش ونیگاری پڕ لە هونەرییەوە هەرگیز لە یادم ناچێتەوە.

## سوڵحێکی فیتنە هەڵگرسێن

دوادوای پــایز کــاتێ کــە عێــل بــەرەو جێگــاو هەوارگــەی گەرمیانــەکانیان دەگەڕانەوە بەپێی فەرمانی باوکم تایفەی سۆفی بۆ سەنجاوی گەڕانەوە تێکڕا خەریکی کۆچ بووین کە عەلی ئەکبەرخانی بەرخورداری کەوتە بیری ئاشتبوونەوە وسولْح لەگەڵ بنەماڵەی ئێمەدا. لاوەکانی بنەماڵەکەمان لەم هەموو مودارا وگوێڕایەڵی وملکەچیە سەبارەت بەم حوکمڕانە لەرزۆکە توڕە ودڵگران وتاقەتیان بەسەر چووبوو، بەتایبەتی من حەزم بەم ڕێکەوتن وسولْحە نەدەکرد، بەڵام لەبەرامبەر باوکم ومامەکانمدا نەم دەتوانی ڕەخنەیێ بگرم و دەنگ بەرز بکەمەوە.

ڕۆژێ کە بڕیاربوو کۆبوونەوە ئاشتی وڕێکەوتن لە گوندی کوزەراندا کە بەشێکی مولْکی سەرکردەکانی بنەماڵەی بەرخورداری بوو بەرپا بێت. عەلی ئەکبەرخان بە سەرجەم کوڕەکان وبنەماڵەکەیەوە کە خۆیان بۆ ئەم ڕووداوە ئامادەکردبوو هاتنە شوێنی دیاریکراو. لەلای ئێمەشەوە خدامروەت خان، فەرەجوڵڵا خان، خوسرەوخان وعەبدوڵا بەگ کە بۆ میوانیمان هاتبوو لەگەڵ باوکمدا تێکڕا هەموو لاوەکانی بنەماڵەکەمان کەوتینە ڕێ بۆ ئەو جێگایە چونکە ماڵی ئێمەو تایفەی سۆفی لە کۆزەرانەوە نزیك بووین نزیکەی حەوت سەد پیاوێك لەلایەنگرانی ئێمە خۆیان گەیاندە ئەو شوێنە وگوندەکەیان خستە ژێر

دەسەڵاتیانەوە. گەورەکانی بنەماڵەی ئێمە وعەلی ئەکبەرخان بۆ ئەوەی بە ئازادی دانووستان بکەن لە گوندەکە چوونە دەرەوە، قاسم خانی برام ومن وئامۆزاکانم و حەبیبوڵلا خان وسوحبهتوڵلا خان لەگەڵ کوڕەکانی عەلی ئەکبەرخاندا و چەند لاوێکی تر لەو بنەماڵەیە لە هۆدەیەکدا بەرامبەر بەیەك دانیشتبووین. من بە ئەسەدوللاخانی کوڕی عەلی ئەکبەرخانم گووت ڕێکەوتن وئاشتی لەنێوان ئێمە وئێوەدا سەرناگرێت، ئێوە لووتتان بای کردووە ویەکجار بەرزە وبە ئاسمانەوەیە تا نەماڵرێت تا باکەی لێ دەربچێت وکەم بێتەوە ئەم کۆبوونەوانە سوود وئەنجامێکی نیە. لەلایەن ئەوانەوە فەیزوڵاخان نەوەی حەیدەرخانی بەرخورداری هاتە قسە ودەنگی بەرز کردەوە، ووتی نەخەیر وانیە گەورەکان هەموو شتێك ڕاست دەکەنەوە ودەیخەنەوە شوێنی خۆی، بۆتۆیش ناماقووڵی دەمێنێتەوە لەم قسەیە یەکجار تووڕەبووم، بەپەلە دەستم دایە خەنجەر، حەبیبوڵلا خان وکوڕەکەی خوسرەوخان وچەند کەسێکی تر کەوتنە نێوانمانەوە بۆ ناوبژی کردن ومنیان بەتووندی گرت، وجمەیان لێم بڕی، فەیزوڵا لە تووڕەبییەکەم ترسا ولە هۆدەکە هەڵهات وبە قیڕە وجنێودان کەوتمە شوێنی لەترسدا خۆی گەیاندە ژووری ئافرەتەکانەوە و ژنەکان بەشیوەن وگریانەوە ڕێگەمیان لێ بەست، فەیزوڵا لە دەری پشتی خانگەکەوە هەڵهات ولە گوندەکە بۆی دەرچوو. خەڵکەکە کە ئەم خەبەرەیان بیست وبازاڕەکەیان بە تێکچوو هاتە بەرچاو هەرچی بەدەست هەڵدەگیرا لە گوندی کۆزەران فڕاندیان لەم کەشمەکەش وهەراو بیگرە ودەری مەکەدا کۆبوونەوەی گەورەکان تێکچوو، خزمەتکارەکان ئەوەی ڕوویدابوو بۆیانیان گەڕاندبووەوە.

کاتێ عەلی ئەکبەرخان بەتەکەبور وخۆبەزل زانین ونەوازشتێکی دەست هەڵبەستەوە گووتی ئەم زیادەڕەوی وخنجەرکێشانە چی بوو؟ منیش بە لووت بەرزییەکەوە، لەکاتێکدا دەستێکم بەسەر لولەی تفەنگەکەمەوەبوو وئەوی تریان بەسەر مشتی خەنجەرەکەمەوە، وەڵامم دایەوە: "زیادەڕەو وخۆنەناس کوڕەکان وکەس وکارو خزمەکانتە". ڕەنگی پەڕیو تێکچوو، وئیتر هیچی نەگووت.

## یەکەمین شەڕ و پێکدادان

لــە کۆبوونــەوەی کــۆزەران هیــچی لێ نەهاتــە بــار، چــونکە ئامــانجی عــەلی ئەکبەرخان فیتنە وفێڵ بازی بوو. لەلایەکەوە بڕیاریدابوو ئـەم زوسـانە لـە شـاردا بمێنێتەوە ولە وەکیل ئەلدەولە وئەمیر نیزام والی کرماشانەوە نزیک بێـت، وئەگـەر پێش ئامەدێکی نالەبار ڕووبدات بۆ خـۆی بـێ خـەتا و تـاوان بنوێنێـت، لەلایـەکی ترەوە بەکوڕەکانی واللاهیـار خـانی بـاوەڕپێکراوی فـەرمانی پێویـستی دابـوو کـە شەڕو گۆبەن لەگـەڵ ئێمـەدا دروست بکـەن ودەست درێـژی بکەنـە سـەر تایفـەی سۆفی وسیمینوەند. هەروا بە عەزیز خانی باجەلانی زاوای سپاردبوو کە هاوکـاری لەگەڵ کوڕەکانی واللاهیار خاندا بکات سەبارەت بـە دژایـەتی وناخۆشـی ونـاکۆکی ڕەخساندن لەگەڵ ئێمەدا.

عێل کۆچی کرد تاگەیشتە جێگایـەك کـە بـە "بشیوە" ناسـراوە، مـاڵی ئێمـە لەگەڵ تایفە یەکگرتووەکاندا بوو. لەوێوە ئەوان کەوتنە پێشەوە بەشێك لە تایفەی بەرخورداری، بەسەرپەرشتی داراب خانی کـوڕی ڕۆسـتەم خـان، هـەروا سـەرکردە وپیاوماقووڵی ناسراو بـە "نـەقیٚ خـانی" سـەر بـەتیرەی لـلای خـانی جیابوونـەوە وهاتنــە خزمــەت بـاوکم. ئـەوانیش لەگـەڵ تایفـەکانی لایـەنگیری ئێمـەدا یەکسەر کەوتنە ڕێ. دوای چەند ڕۆژێك هەواڵمان پێگەیشت کە کوڕەکانی عەلی ئەکبـەرخان و اللاهیار خان سەرگەرمی نانەوەی فیتنە وفەساد وئاشوب وئاژاوەن.

اللاهیـار خـان تیرەکـانی کُـل کُـل وخوسـرەو وکوێخاکـانی حـەق نـەزەرخانی هاندابوو کە بڵێن تایفەکانی سۆفی وسیمینوەند ودەوڵەتمەند نابێ بێنـە لـەوەڕگای باخچە وقەتارەوە. ئەم قسە ناڕەوا و پڕ لـە دەلەسـەو بـێ بناغەیـە بـەمانای شـەڕ نانەوە بوو. چونکە ئەو تایفانە کەناویان برا وەکو تایفەکانی تر مافی کەڵك وسوود وەرگرتنیان لەو لەوەڕگانەدا هەبوو.

لــەو قۆناغــەدا بـاوکم بــەهیچ شـێوەیەك حــەزی لـە بـەرپابوونی شــەڕ وشـۆڕ نەدەکرد، ئەو دەیویست عەلی ئەکبەرخان بگەڕێتەوە وبەبەڵگـەوە ڕوونـی بکاتـەوە کە شکاندنی پەیمان لەلایەن ئێمەوە ڕووینەداوە. جگە لەمە بوونی ئەو لە مەقەری حکومەتی کرماشاندا لە دەسیسە وپیلانی لایەنگران وهاوکـارانی وەکیـل ئەلدەولـە دەترسا ئەگەر شەڕێك قەوما ئەو بە فیتنەگەر و ئاشوب هەڵگیرسێن بیدەنە قەڵەم.

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت بە پێچەوانەی هەڵوێستی باوکمەوە اللاهیار خان بەچالاکییەوە هەوڵی دەدا کە ناخۆشی وبشێوی لەنێوان ئێمە وبەرخوردارییەکاندا بگاتە شەڕ وخوێن ڕشتن. وەك قسەی پێشینان دەڵێت دەیویست ئاوەکە بتر قوڕاوی ولێڵ بکات تا بتوانێ ماسی بگرێت، چونکە ماوەیەکە لەزەتی فەرمانڕەوایی چەشتبوو، هەر بەو تەمایە ماوەتەوە وئەو بیرەی لەسەردایە. لەلایەکی ترەوە ئەو کینەی تایفەی سۆفی لە دڵدا مابوو لەژیانی عەزیز خانی موحەمەد عەلی دا چەند جارێك ململانێی لەگەڵدا کردبوون شکستی هێنابوو. ئێستاکە دەیویست بە تیرێك چەندین نیشان بپێکێت. هەم دەستی هەردوو بنەماڵەکەی بەختیار و بەرخورداری بخاتە خوێنی یەکترییەوە و بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بکات تا سوودی لێ وەربگرێت وهەم تۆڵەی چەندین ساڵەی لە تایفەی سۆفی بسێنێتەوە.

کاتێ کۆچی تایفەکانی لایەنگیرمان گەیشتە شوێنێك کە بە "نەی پەهنە" بەناوبانگە، اللاهیارخان بۆ بەرەنگارییان کوێخاکانی تری بۆ ماڵەکەی دەعوت کرد وبڕیاری تەگبیری پێویست دەدەن. لەلایەکی ترەوە ئەم هەواڵە بڵاوبووەوە کە عەزیزخانی باجەلان خەریکی ئامادەکرنی لەشکرێکە. ماڵی ئێمەلە زەهاو بوو تایفەکان نووسییان بۆمان کە اللاهیار خان بێ ئەملا وئەولا فیتنە وئاشوبێ بەرپادەکات، هەرچی زووترە بگەیەنە ئەیرە. باوکم بەدوو ئامانجەوە بڕیاری کۆچی دا، یەکێکیان زووتر خۆی بگەیەنێتە "ئاقداغ" بەڵکو مەودا نەدا کوڕەکانی عەلی ئەکبەرخان لەم فیتنە وئاشوبەدا بەشداری بکەن ولەلایەکی ترەوە لەلایەنگرەکانیەوە نزیك بێتەوە. نامەیەکی ئامۆژگاری بۆ کوڕەکانی عەلی ئەکبەرخان نارد، لەهاندان ودەسیسە وفیتی اللاهیارخان بۆ بەرپاکردنی دژایەتی ودوو دەستەیی لەنێوان تایفەکانی سەنجاویدا ئاگاداریانی کردبوو. کاتێ پەیك ڕەسانەکە گەڕایەوە بۆلامان ڕوون بووەوە کە خانزادەکان گوێیان بە ئامۆژگاری ونەسیحەتەکەی باوکم نەداوە و شەڕکەرەکانیان بۆ شەڕ ئامادە کردووە وپەنجا سواری عەزیزخانی باجەلانیش هاتوەتە یارییانەوە.

کۆچەکەمان کە لەکەناری قەسری شیرینەوە تێدەپەڕی هەواڵیان هێنا کە ئەوان بەرەو هۆزی باغچە ڕۆیشتوون. باوکم ئیتر ڕاوەستانی بە مەسلەحەت

نـەزانی، فـەرمانی جوڵاندنـەوەی دەرکـرد. ئـەو ڕۆژە کـەمن خـەریك بـوو نزیـك لـە ئارەزوەکـەم بوومــەوە، ئـەویش بەشـداری لــە شــەڕدا بــوو. بەپەلـە ولەناخــەوە ســەرگەرمی ئامــادەکردنی پێویـستییەکانی شــەڕ وچـەکەکەم بــووم، تفەنگەکـەم بـەوردی پـشکنی فیـشەکەکانم یـەك یـەك پـاك کـردەوە، ئەسـپە بەناوبانگەکـەم "دەهمان" بەدەستی خۆم زینم لێ کرد. باوکم بەدایکم وخەڵكماڵەکەمان ڕایسپارد هەتا هەواڵیان پێنەگات لە شوێنەکەی خۆیاندا بمێننـەوە و کـۆچ نەکـەن. ژمـارەی ئێمـە لـە بیـست سـوار زیـاتر نـەبوو بـەڵام نـاوی بـاوکم بـۆ یارمـەتی دۆسـتانی لـە لەشکرێك کاریگەرتر بوو. گەیشتینە نیوەی ڕێگا تاك تاك دەنگـی گولـە دەبیـسترا، باوکم لە پێشەوە ئەسپەکەی تاودا ئێمەش بەدوایدا کەوتینە غـارکردن. گەیـشتینە نێو فەرسەخی "تەنگاب" هەروەك ژمارەی شەڕکەرەکان وئامادەییمـان کـەم بـوو، بەلام بە گوێی خۆمان دەمانبیست کە ئافرەتەکانی هۆزەکەمان دوعاو نـەزریان بـۆ سەلامەتی وسەرکەوتنمان دەکرد. ئەمە پتر هانمانی دەداو بوێرترمانی دەکـرد کـە بەوپەڕی دلێرییەوە خۆمان بگەیەنینە تەپەکانی "زەینەل کێو" لەوێـدا جـەمعێکی زۆر لەخـەڵکی پیـادەو بـێ چـەك بـەدارو چـماقەوە کۆبوونەتـەوە وسـەبارەت بـە چۆنیەتی شەڕکەرەکان پرسیارمان کرد، ووتیان دوای دوسەعات شەڕ لایەنگرانمان پاشەکشەیان کردووە وچەند کەسێکیش لـە تایفـەی سـۆفی بریندارببوونـە. ئـەوان بەرپرسیاریەتی ئەم شکستەیان دەخـستە ئەسـتۆی داراب خـانی بەرخوردارییـەوە کە لەو شەڕەدا هەلپەرستی کردبوو و لەگەڵماندا ڕاستی نەکردبوو.

بـاوکم پیادەکـانی کـردە دوو بەشـەوە و فـەرمانی پێـدان کـە لـە هـەردووڵای بەرزییــەکانی کێوەکــەوە بــەڕاکردن بێنــە خــوارەوە وهاواربکــەن شـێرخان هــات شێرخان هات، ئێمەش بەتاو لە تەپەکانەوە هاتینـە خـوارەوە. نـاوی ئەفـسوناوی باوکم کاریگەری خۆی کرد. دۆستە پەرت وبڵاوەکانمان کـۆکردەوە ودڵیـان قـوەت وهێزی گرتەوە وبەبوێرییەوە هەڵیان کوتایە سەر سەنگەرەکانی دوژمن. بـێ بـاکی وچاونەترســی ئێمــە وهێرشــی ســەخت و لــەناکا وبەپەلــەمان لەڕادەیەکـدا بــوو دوژمنەکانمان بـە بـێ نەزمییـەوە سـەنگەرەکانیان بەجێهێشت وهـەڵهاتن وشـەش کەسیان لێ کوژرا، لەنێوانیاندا دوو سەرکردەیان لە جوملەی کوژراوەکانـدا بـوون . شەڕکەرەکان بەهەراو قیڕەو هاوارەوە دەوری سەنگەرەکانی قەریب خـانی بـرازای

اللاهیار خانیاندا، شەڕکەرەکانی دەوروبەری لەترسدا هەڵهاتن وخۆیشی کاتی دەویست سواری ئەسپەکەی بێت ولەمردن ڕزگاری بێت. کەوتە بازنەی پەلاماردەرەکانەوە دەورەیان داو لە ئەسپەکەی هاوردیانە خوارەوە بەدیلی گرتیان، وسەرجەم سەنگەرەکان بەم جۆرە کەوتەدەستمان. دوژمنەکانمان تا نزیکەی عێلی هەمەوەند فڕاند وکەوتینە دوویان، سەرەتای لەشکرە شکست هێناوەکە گەیشتە نزیك ئەو عێلە، نزیکەی سەد سواری تازە نەفەس هاتنە یارییانەوە وهێرشیان هێنایە سەرمان. شەڕێکی سەخت وخوێنین ڕوویدا، بەڵام ئاگرێك کە لەدڵماندا گڕی گرتبوو بەم تەقوتۆقانە نەدەکوژایەوە. دوای یەك سەعات شەڕ وپێکدادان هەمەوەندەکان شکستیان هێنا و شەڕ خامۆش بووەوە.

لەم دەمارگیرییەدا کە یەکەم ڕۆژی ئاشناییم بوو لەگەڵ شەڕوشۆڕدا نموونەی ئازایی ودلێری سوارێکی هەمەوەندم لەو شەڕەدا بینی کە لە یادما ماوەتەوە. لەلای ڕاستەوە دەست ڕێژمان لێدەکرا، زۆری نەخایاند سەنگەرەکەیانمان بۆ ئاشکرابوو بەچەند سوارێکەوە هەڵمان کوتایە سەریان وئەوانیش لە سەنگەرەکە هاتنە دەرەوە وشاڵاویان هێنا بۆمان، بەڵام زۆری پێنەچوو توانای بەرگرییان لەدەست داو شکستیان هێنا، بەڵام مەحمود عەبدول محەمەد کە لە سوارە ناودارەکانیان بوو هەڵنەهات، بەسواری جەولانی دەدا ودەسوڕایەوە وتەقەی لێمان دەکرد. لەلایەن ئێمەوە ئەکبەر سوهراب و ئەکبەری کوڕی عەزیزخان حەمە عەلی وحوسەین زاهیر وپاشای کوڕی مەلا پیرە، کە هەرچواریان بە ئازایی ودلێری لەنێوان سەنجاویەکاندا بەناوبانگ بوون لەگەڵ مندا بەتاو هەڵمان کوتایە سەری، پێش هەموومان ئەکبەری عەزیزخان پێی گەیشت دەست ڕێژی لێکرد نەیپێکا، بە قۆناغی تفەنگەکەی کێشای بەسەریا بەڵام کاریگەر نەبوو هیچی پێنەکرد، ئەکبەری عەزیزخان لە پێشیەوە تێپەڕی، ئەکبەری سوهراب گەیشتە سەری، دەست ڕێژی لێ کرد،پەراسووی ماینەکە ورانی ڕاستی مەحمودی پێکا وزاماری کرد، بەو حاڵەیشەوە دەست ڕێژی لە ئەکبەر سوهراب کرد وماینەکەی بریندارکرد. مەحمود بەو ئەسپە زامارەوە لەنێوان ئێمە دەرچوو، هەڵیکوتایە سەر سوارە لێکەوتووەکەمان، لە دامێنی کێوی "گەچ"دا ماینەکەی گلا وبەڵام بەو پەڕی چالاکی وچاپوکییەوە خۆیی لە مردن ڕزگار کرد.

لەشـــەڕی هەمەوەندەکانــدا چـــەند کەســێك لـــە هـــەردوولا زامـــار وکـــوژران. ئەسپەکەی قاسم خانی برام بەدەسـی مـیر حەسـەنی سـەنجاوی کـە لـە دەسـتەی دوژمنەکانماندا بوو زامارکرا. نزیکەی عەسر شەڕ بەتـەواوی کۆتـایی هـات. هـەموو ئاژەڵـەکانی تایفـەی خوسـرەو وکوێخاکـانی حـەق نـەزەرخانی کەوتـە دەسـتمان، تایفەی سۆفی وداراب خان دەیانویست تاڵانیـان بکـەن، بـەڵام بـاوکم ڕازی نـەبوو، گووتی سەنجاوی سەنجاوی تاڵان بکات شـەرم وشـورەییە. نزیکـەی خۆرئـاوا وەك لەشکرێکی سـەرکەوتوو فـاتیح گەیـشتینە مـاڵی داراب خـان لـە تەنگـەناب. بـاوکم قـەریب خـانی لـلای خـان کـە بـەدیل گیرابـوو دای بەدەسـتی ئەکبـەر سـوهراب وحوسەین زاهیرەوە وبەهەردووکیانی ڕاگەیاند ووتی لەنێو ئێمەدا ڕێی تێدەچێ بـرا کوژراوێك یا دڵسووتاوێك پەیدابێت بیەوێت تۆڵـە بـسێنێتەوە نـەنگ وڕسـواییەکەی هەتاهەتایـە بـۆ ئێمـە وئێـوە دەمێنێتـەوە چـاکترە بـەرەڵای بکـەین. سـەرجەم کوێخاکـان ووتەکـەیان پەسـەند کـردو دیلەکـەیان بـەرەڵاکرد وبەسـەلامەت هـەتا شوێنێکی بێ مەترسی لەگەڵیدا ڕۆیشتن.

## یەکەمین شەڕمان لەگەڵ کەڵورەکاندا

ئێمە بەم سەرکەوتنە لەخۆبایی ومەغرور بووین، بەڵام هەر شەڕوشـۆڕ ولەیـەك دانێـك یـەکێك هەڵگیرسـێنەریەتی. بـاوکم شـەوانە چـەند کەسـێکی دەنـاردە لای دوژمنە شکست هێناوەکان تابزانێت خەیاڵیان چی یە وچیان بەدەستەوەیە.

پیاوەکـان گەڕانـەوە، لێمـان ئاشـکرابوو کـە ئەسـەدوللاخانی کـوڕی عـەلی ئەکبەرخان دەروێش خانی باغی ومحەمەد خانی هەمەوەند وچەند کەسێکی تر لـە کوێخاکانی سەنجاوی پەنایان بۆ عێلی کەڵور بردووە کـە یارمـەتی وکۆمـەکیان بـۆ شەڕ لەگەڵ ئێمەدا لێ وەربگرن. باوکم ڕیش سپی وکوێخاکانی عێلی کۆکردەوە کە بزانێـت نـەزەر وبۆچـوونیان چـی یـە..؟ تێکـڕا هـەموویان جگـە لەچـوار کەسـیان لەوبڕوادابوون کە داودخانی کەڵور یارمـەتییان دەدات ودێتـە هانایانـەوە وناوچـەی "تەنگاب" شوێنێکی مەترسیدارە وبۆ بەرگری‌وشـەڕ گونجـاو نییـە، بۆیـە چـاکترە کۆچ بکەین وبەرەو کێوی ئاقداغ بڕۆین بەڵام سێ کـەس لـە کوێخاکـان فـەتح علـی کـوڕی محەمـەد عـەلی و ڕەحیمـە لـە تایفـەی سـۆفی وڕەوشـەن عـەلی دەوڵەتمەنـد

وباوکم لەو باوەڕەدا بوون کە داودخان یارمەتییان نادات ونایەتەهانایانەوە چونکە پیـاوێکی هوشـیارو زیرەکـە، هێـشتانە بەتـەواوی دەسـەڵاتی بەسـەر سـەرجەم کەڵورەکانـدا نەچەسـپاوە وبـێ هۆیـەکی گونجـاو بەشـداری لـەم ململانـێ و کەشمەکەشە وشەڕوشۆڕەی نێوان عێلەکانی تردا ناکات و بەخۆڕایی دەستی خۆی ناخاتـە خوێنیانـەوە. جگـە لەمانـەی کـە باسـکرا ناوچـەی تـەنگاب شـوێنێکی موحکەمە، بەچاکی بـەرگری تێدا دەکرێت، هـەروەك پـتر لـە سـەد کـەس لەگـەڵ بیروڕای یەکەمدابوون، بـەڵام ڕای کەمینـە زاڵ بـوو بەسـەر زۆرینـەدا و بەسـەریاندا سەپاندی، بەڵام ڕووداوەکـانی ئـەم دواییـە، پووچـەڵی وناڕاسـتی ئـەم بۆچـوونەی ڕوون کردەوە.

ئەم بۆچوونە کە داودخان لە ململانێ ودوو دەستەیی وشەڕو شـۆڕی نـاوخۆیی ئێمەدا بەشداری ناکات، بۆچوونێك بوو کە لە دڵپاکی وخۆشباوەڕییەوە هەڵدەقوڵا. ئەو سێ ساڵ لەمەوپێش لەنێو عێلی کەلوردا خۆی نواندبوو، محەمـەد عـەلی خـان هەر بەناو عێلخـان وسـەرکردەی کـەلور دەناسـرا، چـونکە دەسـەڵات وحوکمـداری ڕاسـتەقینە هـەر بەدەسـت داوداخانـەوە بـوو. لـەم مـاوەدا بـۆ پەرەپێـدانی توانـا ودەسەڵاتی لەهیچ کردەوەیەك خۆی لانـەدەدا. ئـەو حـەزی لێبـوو هەمیـشە لـەنێو تایفەکانی تـردا ململانـێ وکەشمەکـەش و دوودەسـتەیی بەرقـەرار بێـت، تـابتوانێ چاکتر هێز ودەسـەڵات وتوانـای خـۆی بنوێنێـت. جگـە لەمـە خزمـەتکار ولایـەنگیر ومەنسوبەکانی پێویستیان بە تالآن وبڕۆ بوو.

بەم شێوەیە سەرجەم تایفەکان لەسەر فەرمانی باوکم لە تەنگابدا کۆبوونەوە، هەرتایفەیـەك لـە شـوێنەکەیدا سـەنگەریان هەڵکەنـدن. سـەنگەری دوو ئـاوان، کـە جێگایەکی موحکەم بـوو، کەوتـە بەرئێمـە. بـاوکم فەرمانیـدا لەشـوێنە بەرزەکانـدا چاڵیان هەڵکەند، پەیکەکان هەواڵیان هێنا کـە داودخـان لەشـکرەکەی خـستووەتە ڕێ وگەیشتۆتە ماڵی کوێخا محەمەد حوسەین دالیانی سـەنجاوی، چـەند کەسـێکی سەنجاوی ئـەو دەوروبـەرە کـە بـەنهێنی لەگـەڵ ئێمـەدابوون، هـەواڵی جمووجـوڵی لەشکری کەڵوریان پێمان گەیانـد. جـارێکی تـر خەڵکەکـە کۆبوونـەوە وپێـشنیاری کۆچیان لەو ناوچەیە دووپات کردەوە، بەڵام کوێخا دەسـت ڕۆیـشتووەکان وبـاوکم نەیانهێڵا کۆچ بکەن.

هێـزی ئێمـه لـەو شـوێنەدا لـە سـەد وپـەنجا تفەنگـچییەك بـتر نـەبوو، بـەڵام کەلورەکان لەهەزار سوار زیاتر بوون سەنجاوییەکانی دوژمنانیش نزیکەی دووسـەد وپەنجا تفەنگچیەکیان هەبوو، عێلی هەمەوەندیش چووبوونەوە کۆویانەوە.

دوای ڕۆژێك پێش خۆرهەڵاتن لەشکری کەڵور وسەنجاوییەکانی لایەنگیری عەلی ئەکبەرخانی بەرخورداری وهەمەوەندەکان لە سێ لاوە هێرشیان هێنایـە سـەرمان. دەنگی دەست ڕێژ لە هەموو لایەکەوە دەبیسترا، سەنگەری دوو ئاوان کە بۆ ئێمـە تەرخان کرابوو، بەچاکی بەرەنگاری دەکرد، نزیکـەی نیـوەڕۆ سـوارە شـکاوەکانی سۆفی وسیمینوەند گەیشتنە لامان، ئاشکرابوو کـە هەرچـی مـاڵ ومـاڵات وئـاژەڵی وئـەو دوو تایفـە هەیـە بـە تـاڵانی ڕۆیـشتووە، بـەڵام تـیرەی دەوڵەتمەنـدەکان واللاهیارخانی نەقی خانی و دەستەی داراب خانی بەرخورداری خۆیان گەیانـدبووە نزیکی سەنگەرەکانمان ولەتاڵان ڕزگاریان بووبوو.

تانێوەڕۆ لەهەموو لایەکەوە هێرشیان دەهێنایە سەر سەنگەرەکانمان، نزیکەی عەسر هەستمان بەهیلاکی وخاوبوونەوەی دوژمن کرد، کوێخا حوسەین زاهـیر وشـا موورادی برای ومن سواربووین ودامان لە ڕووباری تەنگاب. ڕەوشـەن عـەلی وناسـری وبراکانی ئەحمـەد خـان وچـەند سـوارێکی تـر کەوتنـە دوامـان وهاتنـە یاریمانـەوە هێرشمان بردە سەر کەلورەکان، چەند سەنگەرێکمان پـێ چـۆڵ کـردن وناچـار بـە پاشەکـشەیانمان کـرد، نزیکـەی دە گەلـە مـەڕ وپـەزمان کەبـە تـاڵانی برابـوون گەڕاندەوە. ئەمجارە هێرشمان کردە سەر سەنگەرەکەی داوخان بەڵام نزیکەی دوو سـەد سـوار لەتایفـەی سـیاه سـیاه و خـەمانی کـەلور خۆیـان خستە نێـوان ئێمـە وسەنگەرەکەی داودخانەوە، چەند کەسێك لە هەڤاڵەکانی ئێمە توانـای بـەرگرییان لەدەستدا وهەڵهاتن، من وکوێخا حوسەین وشامورادی برای کـە لـە حەشـارگەیەکی نزیکماندا ئەسپەکانمانیان بەدەستەوەبوو،ماینەوە، لە سەنگەرکانمانەوە تەقەمان دەکـرد، شـامورراد ئاگـادار بـوو چـەند سـوارێکی کـەڵور بەدزییـەوە لەدۆڵێکـەوە بەرەوخوار بوونەتەوە وبەرەو ئێمە مل دەنێن وخەریکن نزیکمان دەبنەوە، هاواری کرد هوشیاربن هێرشیان کردە سەرتان، من وحوسەین گوێمان بە هاوارەکەی نەدا، دووبارە هاواری کرد مـن ئـەڕۆم ئەسـپ ومایـنـەکانتان وەرگرنـەوە، ئـەم جـارەیش گوێمان نـەدایێ، ئـەم جـارە قیڕانـدی و جنێـوێکی بـە حوسـەین دا و ووتـی کـورە

کوژریای ئەسپ ومایینەکانی جێهێڵاو هەڵهات. دەنگی پێی چەند سوارێك بەسەر ئەو تاشە بەردەوە کەسەنگەری ئێمەبوو بیستمان بەرەوسەرەوە هەڵکشاین، چەند سوارێکم بینی کە لەنێوان ئێمە وولاخەکانماندا دامەزراون وبە چاپوکییەکەوە خۆمان هەڵدایە نێو کۆردەرەیەکەوە کە سەبیلاو دروستی کردبوو، چەند تەقەیەکیان لێمان کرد. بەڵام نەپێکراین، یەکێ لەو سوارانە دابەزی وسواری ماینەکەی کوێخا حوسەین بوو، هەردووکمان پێکەوە دەست ڕێژمان لێکرد، سوارە ومایینەکە گلان بەڵام سوارەکە بەپەلە هەڵسایەوە وبەپەلە هەڵپەڕیە سەر ئەسپەکەی من و لە کوردەرەکە دەرچوو، هێرشمان بردە سەریان لەسەنگەرەکانی ئەملاو ئەولامانەوە گوولە وەك تەرزە بەسەرماندا دەباری، بەڵام جێی خۆشحاڵی وخۆشبەختی بوو کە کەسمان پێوە نەبووین. سوارەکان هەڵهاتن بەڵام ئەسپەکەی منیان برد، خۆمان گەیاندە ماینە کوژراوەکەی کوێخا حوسەین، کەوتینە کردنەوەی زین وبەرگەکەی.

لەم بەینەدا کوێخا سوهراب کە بەهۆی شامورادی هەڵهاتووەوە لە ڕووداوەکە ئاگادار بووبوو بەپەلە خۆی گەیاندە ئێمە لەئەسپەکەی دابەزی ودای بەمن وخۆی کەوتە بەرمان، حوسەینیش زین وبەرگەکەی کردە کۆڵەوەولە ڕووباری تەنگاب تێپەڕین وگەیشتینە لای باوکم و سوارەکانی تر، باوکم سەبارەت بەمن یەکجار نیگەران وناڕەحەت بوو، کە منی بە سەلامەتی بینی خۆشحاڵ بوو وەکو ئەوەبوو هەموو ناڕەحەتی وغەمی شکست وتاڵانی لەیاد چووبێتەوە، نزیکەی خۆرئاوا شەڕ بە زیانی ئێمە کۆتایی هات، سەرجەم ماڵ ومالات وئاژەڵی تایفەی سۆفی سیمینوەند وئەو گەلە مەڕ وئاژەڵانەی ئێمە کە بەشوانەکانی تایفەی سۆفی سپاردبوو تاڵان کران. لەلایەن ئێمەوە چەند کوژراو وبریندارێك هەبوون، زیانی کەڵورەکان لەبیست کەس بترتر بوو.

لەحەقیقەتدا هۆی سەرەکی ئەم زیانە و تێکشکانە هەڵەی باوکم وچەند کوێخایەکی سەنجاوی بوو. ئەگەر بەرەو کێوەکانی ئاقداغ وماڵی عەلی ئەکبەر خان بڕۆشتینایە، لەجێی ئەوەی تاڵان بکرێین تاڵانمان دەکرد، یا دەمانتوانی دەس کەم لەناوچەکە دەریان پەڕێنین ولەشوێنێکی قایم وموحکەمدا بگیرسێنەوە.

ئەو دەوروزەمانە حكومەتی قەسری شیرین وزەهاو بەدەستی حوسەین خانی مەنسور ئەلمولك، سەرۆكی عێلی گۆرانەوە بوو. كەڵورەكان لەبەرخاتری گۆرانەكان نزیكی ئاقداغ نەدەبوونەوە وئەگەر بهاتنایەش كارێكیان ئەنجام نەدەدا.

داودخان بەم كردەوە ناڕەواو ناپەسەندەی هەڵەیەكی نالەباری لێوەشایەوە، كە چارە ناكرێت، چونكە بێ هۆ دەری كینە ودوژمنایەتی لەنێوان سەنجاویی ولەكەڵوردا ونێوان بنەماڵەی خۆی وبنەماڵەی ئێمەدا، كەهەردوو بەرەو سەركەوتن وتەرەقی وپێش كەوتن هەنگاویان دەنا كردەوە دوژمنایەتیەكە ڕۆژ بەڕۆژ فراوانتر وگەورەتر دەبوو، وزیانێكی گەورەی بە هەردوو لامان هێنایە كایەوە.

## پەرێشانی دوای تێكشكان وعیبرەتەكانی

عێلی تالانكراو لە تەنگابدا مایەوە وئەو زوسانەی بەسەختی وپەرێشانی بردە سەر، ئێمەش بۆ ماڵەكەمان كە نزیكی قەسری شیرین بوو گەڕاینەوە، باوكم دەیویست ئاقداغ لە دەستی عەلی ئەكبەرخان ولایەنگرەكانی وەدەربێنێ، بەڵام بۆ ئەنجامدانی ئەم كارە پێویستی بە هاوكاری گۆرانەكان بوو. بۆ ئەم مەبەستە نامەیەكی بۆ حوسەین خان حوكمڕانی قەسری شیرین، كە ماڵی لە زەهاو بوو، نووسی، منی ڕاسپارد كە ئەو نامەیە بگەیەنمەدەستی، فەرمووی پێش ئەوەی بڕۆیتە لای سەرێ لەماڵی حوسەین عەلی سوڵتان كە پلەی وەزیری حوكمڕانی هەبوو، بدە.

حوسەین عەلی خان بەرووكەش خۆی بەیارمەتیدەرمان دەنواند، پێكەوە چووینە خزمەتی حوسەین خان، حوكمڕانی قەسری شیرین، هەموو سەركردەكانی تایفەكانی گۆران لەوێ بوون. وادیار بوو حوكمڕان حەزی لە یارمەتیدانمان نەدەكرد، بەڵام سەرپێچی وڕازی نەبوونی خۆی خستە ئەستۆی عەلی سوڵتانی قەڵخانیەوە، ووتی یارمەتی وكۆمەكی ئێمە بۆ ئێوە دەبێتە هۆی ناڕەحەتی و بەرپرسیاریەتی عێلی گۆران.

حوسەین خان لەوەڵامی نامەكەی باوكمدا بە ئەدەبەوە نووسیبووی، ئێستا تۆ كە هاتوویتە قەسری شیرین میوانی من وهەموو عێلی گۆرانی، بە ئەركی سەرشانی خۆمی دەزانم كە هاوكاریتان بكەم، بەڵام چوونە شەڕ وململانێوە بۆ ئێمە مایەی

بەرپرسـیارییە، بـەڵام هــەر ئێـستا سـکاڵایەکی درێـژ سـەبارەت بـە تـۆ وعێلـی سەنجاوی بۆ ئەمیر نیزام دەنێرم، دڵنیام بێ ئەنجام نابێت.

لەڕێگای گەڕانەوەمدا لە زەهاوەوە بیستم عەلی ئەکبـەر خـان لـە کرماشـانەوە کەوتووەتـە ڕێ بـەرەو قەسری شـیرین وهـاتنی خـۆیی بەتـەلۆگراف ڕاگەیانـدبوو، هەندێ لە سەنجاویەکان وخزمانی هاتوونەتە پێـشوازییەوە هاوڕێکـانم پێـشنیازیان کرد کە ڕێگاکەمان بگۆڕین بـەڵام قبـوڵم نـەکرد. لەشـوێنێکدا کـە بـە "شـا گـدار" بەناوبانگە نزیك قەسری شـیرین، گەیـشتینە یـەك، نزیکـەی دوو سـەد سـوارێك لـە پـشت گۆڕەپانـە سـەرەکیەکەدا جـێگیر بووبـوون، ڕێگایـەکی باریـك کـە لـەوێوە جیادەبووەوە گرتمانە بەر بێ ڕاوەستان بەردەوام بووین لە ڕێکردندا. سەیرم کـرد جوڵانەوەیـەك لـەنێوان خەڵکەکـەدا پەیـدابوو، دەنگـی عـەلی ئەکبـەرخانم بیـست دەیگوت ئەو نیە، ئـەو نیـە. دامـان لـە وزەنگـی ئەسـپەکانمان وبەپەلـە تێپـەڕین، لەچاو نووقم بووین.

لە قەسری شیرین کە گەیشتمە خزمەت باوکم نامەکەم داپێی ورووداوەکەم بـۆ گەڕاندەوە ودوای سەعاتێك عەلی ئەکبـەرخانی بـەرخورداری وعـەزیزخانی باجـەلان لەگــەڵ پێـشوازی کەرەکانـدا گەیـشتنە قەسـری شـیرین. ئـەو شـەوە تابـەیانی ووریـابووین. هـەردوو کـەس چـووینە سـەنگەرێکەوە، هـەموو سـاتێك چـاوەڕوانی پەلامار وشاڵاوی دوژمنەکانمان بووین. سبەی کـە عـەلی ئەکبـەرخان وباجەلانـەکان قەسری شیرینیان جێهێڵا ئەو کاتە دڵنیا و ئاسوودەبووین. باوکم چەند سکاڵایەکی نووسراو وبەتەلگرافیش بەناوی خۆی وهۆزی تاڵانکراویـەوە بـۆ ئـەمیر نیـزام نـارد. وەڵامەکە درایەوە، ووتبووی عەلی ئەشرەف خان لێپرسراوی پلەبـەرزی حکومـەتی ئەیالەتمان بۆ وەرگرتنەوەی مـاڵ وسـامانەکەتان بـەرپرس کـردووە، وناردوومەتـە ئەوێ عێلەکەتان دڵنیا بکەنەوە ئەوەی حەقە جێبەجێ دەکرێت.

لەحەقیقەتدا عەلی ئەشرەف خان دوای چـەند ڕۆژێـك هاتـە نێـو عێلـی کـەلور، بەڵام داودخـان گـوێی نـەدایێ و دوو هـەزار تومـەنێکی بـە بـەرتیل داپێـی وزمـانی بەست. ئێمەش دوای نزیکەی دوو هەفتە قەسرمان بەجێهێڵا وکۆچمان کرد. تێکـڕا لەگەڵ پشتماڵەکەماندا چووینە نێو عێلی سەرۆکی گۆران. عـەلی سـوڵتان سـەرۆکی تایفەی قەڵخانی بەزاهیر ڕووخۆشی نواند. بـەڵام قەڵخانیـەکان نامـەردیان گەیانـدە

پۆپـه. شـەوێك نزیكـەی پێـنج پـەزی هاوڕێكانمانیـان دزی، جـل وكورتـانی گـا وقاترەكانیشیان دزی تائەو ڕادەیـە لـە بردنـی ملوانكـەی ملـی تانجیـەكان خۆیـان نەدەپاراست. عەلی سوڵتانمان لە ڕووداوەكە ئاگاداركرد بەڵام سوودێكی نەبوو، لـە وەڵامدا ووتی: قەڵخانیـەكان مـاڵی خـوایش دەدزن، نـاتوانین بـەرگرییان لێبكـەین. كاتیێ سەرۆكی تایفەیەك بە دزی وجەردەیی هۆزەكەیەوە شـانازی بكـات بێگومـان كردەوەی پەیڕەوەكانی ئاشكرا وڕوونە.

عەلی ئەشـرەف خـان بەرپرسـی حكومـەتی ئەیالـەت دوای جێهێڵانـی ناوچـەی كەلور هاتە قەڵای سەوزی ماڵی عەلی ئەكبەرخان. عەلی ئەشرەف خـان ئـەو گشتە زەلیلـی وزەبـوونی وملكەچـیەی لـە بەرامبـەر داودخانـدا نوانـدبوو، دەیویـست لـە ئاستی عەلی ئەكبەرخاندا خۆی بنوێنیێ وهێز وتوانا نیشان بدات. پێـی دا بەزەویـدا وبەسـەختی داخـوازی تاڵانییـەكانی كـرد. هەرچـۆنیێ بـوو نزیكـەی دەهـەزار مـەڕ وبزنێكـی لەسـەنجاویەكانی لایـەنگری عـەلی ئەكبـەرخان و هەمەوەندیـەكان كـۆكردەوە. بـاوكم وخەڵكـە تاڵانكراوەكـە كـە بـۆ وەرگرتنـەوەی مـەڕ وماڵاتیـان ڕۆیـشتبوون دەبیـنن تـەماحی بـەرپرس هاتووەتـە جـۆش وداخـوازی چـوار هـەزار تومەن لەجیاتی زەحمەت وهیلاكی خۆی وكارمەندەكانی دەكـات. بـەڵام پـەزەكان ئەوەندە لەڕ ولاواز بووبوون توانای بەرگری وەرزی زوسانیان نەدەكرد.

سەنجاوییەكان نەچوونە ژێرباری داخوازییەكەوە، ڕازی نەبوون ئەو مەبلەغـەی پێبدەن، عەلی ئەشرەف خانی بەرپرس وعەلی ئەشرەف خانی حـوكمڕان، دەهـەزار لە مەڕەكانیان فرۆشت وقیمەتەكەیان وەك برا لەنێوان خۆیاندا دابەشكرد. ئەمەبوو سەرئەنجامی ماف سەندنەوەكەی فەرمانڕەوای كرماشان حەسەن عەلی خان ئـەمیر نیزام گەروسی.

ئەم ڕووداوە بۆمن، ئەوكاتە تەمـەنم نـۆزدە سـاڵێك دەبـوو ویـەكجار هەسـتیار بووم، بووە مایەی عیبرەتێكی فراوان. لەپێش هەموو شتێكدا تێگەیشتم كە ڕێگای سەركەوتن وپێشكەوتن وەكو ئەوەی لـە خەیاڵمدایـە سـاف وهـەموار وبـیێ كۆسـپ نیە، بەڵكو ڕێگایەكی سەخت ودژوارە. دووەم، دۆستی و ڕەفاقەت بە مەسـلەحەت وسوود وقازانجەوە بەستراوە ونابێت لە خەڵكی چـاوەڕوانی بـیێ جـیێ بكـەیت ولـەم

ناوچەیەدا مەقامداری وپایەداری کە ماف وەربگرێتەوە وجودی نیە وهەرکەسێك پێویستە پشت بە بازوو وهێزی خۆی ببەستێت.

بەهار بەسەردا هات، ماڵمان لە قەراوێزی زەهاودا، چاوەڕوانی هاتنەوەی تایفەکانمان دەکرد. باوکم کوێخا وسەرۆکەکانی تایفەکانی کۆکردەوە وپیانی گووت بینیتان چۆن لەحەق و مافتان لە موڵك ولەوەڕگاتان بێ بەشکران، بینیتان عێلێکی تر بەناحەق دەستی کردە دژایەتیتان وئەم هەموو زەرەروزیانەیان لێ خستن، زانیتان میریی توانای ماف وەرگرتنتانی لە وزەدا نیە، بە زەبوونی ودەسەپاچەییەوە هیچی پێنەکرا؟ بەرپرسەکەی حکومەت ئەو فەزیحەت ورسواییە قێزەونەی بەبارهێنا، تاڵانی نائومێدتان نەکان، لە دوژمن مەترسن، سامانی لە دەسرۆیوو جێی پڕ دەبێتەوە، ئەوەی جێیان پڕ نابێتەوە ئەو پیاوە ئازاو لێهاتووانەن کە لەدەستمان دەرچوون وبوونە کۆچی قوربانی بەڵام جێی خۆشحاڵییە لەم شەڕ وشۆڕە سەختەدا، زیانێکی گیانی گەورەمان لێنەکەوتووە، ئەم ڕووداوە فێرمان دەکات کە پێویستە پشت بە هێزی خۆمان ببەستین، ولەم دونیای پڕ لەجەنجاڵ وئاژاوە وناخۆشەدا ڕێگا بکەینەوە وبێ وچان بەرەو پێشەوە بڕۆین، ئیمڕۆ کە خزم وخوێش وبێگانە ستەمیان لێمانکردووە و ئەو ستەمەیان بەڕەوا زانیوە، ئێوەش مەردانە هەرچی لەتواناتاندایە بۆ تۆڵەسەندنەوە بیخەنە کار ودەرسی عیبرەت بە دوژمنەکانتان بدەن.

دوای ئەم قسانەی باوکم لایەنگرەکانمان بەشوێن تۆڵەدا دەگەڕان، و لەم ڕووەوە یەکجار توند وتیژ وکینە لەدڵ وزبر بوون. چەند مانگێك تێنەپەڕیبوو کە هەرکەسێك هەندێ شت ومەك وپێویستی ژیانی فەراهەم کردبوو، تیرەکانی تری سەنجاوی ئاسایش وسەلامەتی خۆیانیان لە دوستی ئێمەدا دەبینی، پۆل پۆل ودەستە دەستە دەهاتنە ڕیزی دوستانمانەوە.

## هەڵێك بۆ خۆپیشاندان

ئەمیرنیزام گەروسی لە فەرمانڕەوایی لابرا وسالار ئەلدەولە[1] کوڕی موزەفەرەدین شا پاشای ئێران جێی گرتەوە ولەلایەن ئەوەوە زیائولدەولە "ضیاء الدولة" هاتە کرماشان وموشیر دیوان بووە جێگری حوکمڕانی کوردستان، سلێمان

[1] حوکمڕانی یەکەمی شازادە ئەبو فەتح میرزای سالار ئەلدەولە، لە کرماشاندا ساڵی ١٣١٥هـ.ق.

خـانی شـەرەف ئـەلمولکیش بـووە حـوکمڕانی جـوانڕۆ ولـەم قۆناغـەدا دەوڵـەتی مەرکـەزی ئـێران لەوپـەڕی لاوازی وبـێ سـامانیدا بووهـەر خانێـك وسـەرۆك هۆزێـك خولیـای سـەربەخۆیی وخودموختـاری کـەوتبووە سـەر. عێلاتـی باوەجـانی و وەلەدبەگیش دژ بەحاکمی فـەرمی ناوچـەکەیان یـاغی بووبـوون وسەرپێـچییان لـە دانی ئەو باجەی کە بۆ عەشیرەتەکانیان دەست نیشانکرابوو، دەکرد.

شەرەف ئەلمولك بۆ دامرکاندنی یاغییەکان لە سالار ئەلدەولـە داوای هێزێکـی یارمەتیدەری کرد، بەتایبەت ناونیشانی کردبوو کە بەفەرمانی "شێرمحەمەد خـانی سەنجاوی" بەو هێزەوە کە هەیەتی بێتە یارمەتیەوە وبـەپێی فـەرمانی حکومـەتی ناوەندی سەد سواری قۆزاق کە بەسوارەی شەرەفی بەناوبانگ بوون لەگەڵ هێـزی شێخ ئیسماعیلی وکەمانکەرەکانی کوردستان بۆ یارمەتی حاکمی جوانڕۆ هاتن.

سـالار ئەلدەولـە تەلـەگرافێکی بـۆ بـاوکم ناردکـە هەرچـی زوتـر بڕواتـە یارمەتیانەوە، ئێمە چاوەڕوانی هـەلێکی وابووین کـە خۆمـان بنـوێنین. لەخزمـەت بـاوکم ومامەکانمـدا بەهـەموو هێـزی سـەنجاوی ولایەنگرەکانمانـەوە کەوتینـە ڕێ وهاتینە ڕیزی هێزەکەی شەرەف ئەلمولکەوە.

شـەڕوپێکدادانی هـەردوو لا لـە زنجـیرە شـاخەکانی "بـەنی گـەز"دا ڕوویـدا. وەلەدبەگییەکان وباوەجانییەکان تیغـەی کێوەکـەیان داگیر کردبـوو. لەسـەرەتادا شـاڵاوی سـوارەکانی کەمانگـەر وشـێخ ئیـسماعیلی سـەرکەوتوو نـەبوو ، شـەرەف ئـەلمولك ڕووی کـردە خـدامرووەت خـان وخوسـرەو خـانی مامـەم وبـاوکم داوای یارمەتی لێکردن. سوارەکانمان شاڵاویان هێنـا لەشـوێنێکدا کـە بـە "پـردی شـێر" بەناوبانگە لەگەڵ هێزی دوژمندا ڕووبەڕووبوونەوە. ئەوکەسانەی کە زووتـر خۆیـان گەیاندە سەری کێوەکە بریتی بوون لە خوسرەوخان وحـەبیبوڵلا خـان وکوڕەکـەی ومن ومەلا حاتەم وحاجی قۆشچی. دوای ئێمە سواری تر گەیشتن، هەر کە بەسـەر بەرزاییەکاندا دامەزراین زۆری نەخایاند هێزی دوژمن تێکشکان، سـوارەکانی شـێخ ئیسماعیلی وکەمانگەر وقـۆزاقی شـەرەفیش لـەدامێنی کێوەکـەوە هێرشـیان هێنـا هێزی باوەجانی وەلەدبەگی بەیەکجار پـەرش وبڵاوبونـەوە. لـەو ڕۆژەدا حـەبیبوڵلا خانی ئامۆزام ئەوپەڕی ئازایی نوانـد، لـەپێش هەموانـدا بـوو، لـەڕیزی پێـشەوەی شەڕکەرەکاندا دیاربوو، ترسی لە گوولە نەبوو، لە سواری وپەلاماردا بێ هاوتـابوو،

دەست ڕێژی وورد وکاریگەر بوو، ئیعتیراف دەکەم هەتا بەم تەمەنە گەیشتووم ئازاو دلێرێکی وەکو ئەوم لە دەڤەری سەنجاویدا نەبینیووە.

من وحەبیبوڵلا خان ودەسواری کە لەگەڵماندا بوون لەشکرە تێکشکاوەکەمان تا دەشتی میرئاوا ڕاونا وهەندێ سواری بەگزادەکانی وەلەدبەگی لە پشتی لەشکرە تێکشکاوەکەیانەوە بەپاشەکشێوە بەئازایی شەڕیان دەکرد. باوەجانیەکان و وەلەدبەگییەکان بەناچاری لەیەك دابڕان. دەستەی یەکەمیان ڕێی "تەنگەی لوشە"یان گرتە بەر ودەستەی دووەم لەکوێرە ڕێگاکانەوە کەوتنە دوای هۆزەکەیان. لەوێدا هێزەکەی من وحەبیبوڵلا خان گەیشتبووە پەنجا سوار زیاتر. قاسم خانی برام بەچل سوارێکی کارامەوە خۆی گەیاندە ئێمە. گەیشتینە پاشماوەی وەلەدبەگیەکان، شالاوْمان بردە سەریان، ماینە کەحیلەکەی فەتاح بەگ سەرۆکی عێلی وەلەدبەگی لەژێریدا کوژرا، ماینەکەی تری لەدەشتی میراوادا بەگوللەیەکی من هەڵدێراو لەناوچوو. سەختی ودژوای کێویی "داری لرز" بووە هۆی ڕزگاربوونیان.

پێشڕەوی عێلی وەلەدبەگی کە هاوسەر ومناڵەکانی فەتاح بەگ بوون، خۆیان خستە پەنای قەڵخانیەکانەوە وپاشماوەی عێلەکە تالانکران. سلێمان خانی شەرەف ئەلمولك سەرکەوتن وهەلی بەدەستهێنابوو، دەیویست بەتەواوی تۆڵەی خۆی لەم تایفە یاغیانە بسێنێ وتا نابوودی وخۆبەدەستەوەدانەوە لەسەریان بڕوات و سەرجەم ئەو باجانەی کە بەسەریانەوەیە لێیان وەرگرێتەوە تا جارێکی تر نەتوانن سەر هەڵبهێننەوە. لەبەر چەند هۆیەك ئێمە نەماندەتوانی پاڵپشتی داخوازی و ویستەکانی شەرەف ئەلمولك بکەین. یەکەمیان باوەجانییەکان خۆیان گەیاندبووە کێوێکی سەخت ودژوار و خۆیان تێداحەشار دابوو ودامەزرابوون ولەوێدا هیچ سوارێك توانای جموجوڵی نەبوو. دوومیان فەتاح بەگ و وەلەدبەگییەکان ببونە پەناهەندەی قەڵخانیەکان و بۆ ئێمە نەدەگونجا دژی گۆرانەکان بکەوینە شەڕەوە، چونکە دوای ڕووداوی شەڕی ئێمە وکەڵۆرەکان و بەرقەراری دوژمنایەتی لەنێوانماندا، ئەو ساڵە ناچار بووین تایفەکەمان لەڕێگەی "گاڕێیی"یەوە بەناو عێلی گۆرانەکاندا ببەینە ناوچە گەرمیانیەکان، ئاسایی بوو لەحاڵەتی دژایەتی قەڵخانیەکاندا ئەم ڕێگایەشمان لێ دەبەسترا.

باوکم بێ لەیەکدانـەوە ئـەم مەوزوعـەی لەگـەڵ شـەرەف ئەلمولکدا کـردەوە، هەروەك ئەو گوێڕایەڵی زەرەروزیانی ئێمە نـەبوو، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی بەڵگـەکانی ئێمە بتەو ولەجێی خۆیدا بـوو نەیـدەتوانی بەئاسـانی لاری لێبکـات وناچـار خۆیـدا بەدەستەوە ورازی بوو. باوکم هەروا پێـی ڕاگەیانـدبوو چـونکە هـۆزی وەلەدبـەگی تـالآنکراوە توانـای دانـی بـاجی سـاڵەکانی پێـشووی لـە ووزەدا نـەماوە، وهـۆزی باوەجـانی کـە زەرەرو زیـانێکی ئـەوتۆیان لێنەکـەوتووە و خۆیـان لەپەناگایـەکی سـەختدا حەشـارداوە، هـیچ سـوارێك دەسـتی پێیـان ناگـات، تـۆیش بەسێـسەد شەڕکەرێکی باشووکی وجوانڕۆیی هێزی بەرەنگاری ئەوانت لە ووزەدا نیە، کەواتـە بەرژەوەندیت لەوەدایە لە بەدواچوون وچاودێری وەلەدبەگییەکان چاوبپۆشیت وبۆ دواچوون وسـەرکووتی باوەجانییـەکان لـە هـۆزی قەڵخانییـەکان کـە ئاشـنای ئـەو ناوچانە وتاشەوانی چاکن کەڵك وەربگریت و داوای یارمەتییان لێ بکەیت.

شەرف ئەلمولك پەند وئامۆژگاریەکانی باوکمی بەدڵ بوو، گوێی بۆ ڕاهـێڵاو بـۆ جێبەجێ کردنی پێشنیارەکانی داوای یارمـەتی لێکـرد. بـاوکم نامەیـەکی بـۆ عـەلی سوڵتانی قەڵخانی نووسی وداوای یارمەتی لێکرد. قەڵخانیەکان کە دوژمنی خوێنیی باوەجانیەکان بوون ئـەم ڕۆژەیـان لـەخوا داوا دەکـرد، و بەوپـەڕی خۆشـحاڵییەوە بڕیاری هاوکارییـان دابەمـەرجێك دەست لەسـەری فـەتاح بـەگ و وەلەدبەگیـەکان هەڵگرین.

دوای چەند ڕۆژ مانەوە لە مـیراوادا بـۆ بەدواچـوونی باوەجانیـەکان گەیـشتینە "دەشتی حُر" شەڕ دەسـتی پێکـرد، سـوارەکانیان توانـای بـەرگرییان لـە دەست دابـوو بـەڵام شـەڕکەرە پیادەکانیـان دامێنـی شـاخەکەیان داگـیر کردبـوو، و بەدەستمانەوەبوو ئـەو کاتـەی عـەلی سـوڵتانی قـەڵخانی بەسـەد سـوار ودوو سـەد چـەکدارو نزیکـەی هـەزار پیـادەی بـێ چـەکەوە گەیـشتە شـوێنی شـەڕەکە، بەگەیشتنیان باوەجانییەکان ورەیان بەردا ومەترسیان لێ نیـشت. حـەبیبوڵلا خـان سـەرۆکی باوەجانیـەکان موحەمـەد عـەلی بـەگی کـوڕی نـارد بۆئـەوەی شـەرەف ئەلمولك ببینێت، داوای خۆبەدەسدانەوەی کرد، لەیرادا ڕووداوێ هاتە پێشەوە کـە گەڕاندنەوەی چاکترە. سەرجەم سەرکردەکانی لەشکر وسـەرۆکەکانی قـەڵخانی لـە چادرەکەی شەرەف ئەلمولکدا کۆبووبوونەوە، سەبارەت بە چۆنیەتی هێرش کردنە

سەرباوەجانییەکان ووتوێژیان دەکرد، شـەرەف ئـەلمولك بـە فیـز و هەیبەتێکـەوە دانیشتبوو. لەناکادا میر ئاخورەکەی هاتە پێشەوە سەری دانەواند وووتـی قوربـان حەمە عەلی بەگ خۆی فڕێ داوەتە "تەویلە"، مەنسوری پیاوی باوکم کە گاڵتەچـی بوو ووتی خوا عافووی خـۆت وباوکـت بکـات وادەڵێـی "تەویلـە"، وەك ئـەوە وایـە تەویلەکــە لــە خــشت وئــاخورِ دروســت کرابــێ وچــل ئەســپی عــەرەبی تێــدا بەسـتراوەتەوە. تەویلەکـە چـەند یابوویـەکی کرنـدی بەدارێکـەوە بەسـتراونەتەوە، تەویلــەی چــی..؟ هــەمووان گوێیــان لــە قــسەکانی کەربــەلایی مەنــسوور بــوو دەستمانکردە پێکەنین. شـەرەف ئـەلمولکیش بـە گاڵتەکـەی زانـی بـەلام بـەڕووی خۆیدا نەیهێنا و قسەی نەکرد.

شەرەف ئەلمولك پەناهەندەیی و خۆبەدەست دانەوەیان وبەدوادا نەچـوونیانی بەچەند مەرجێکەوە قبووڵ کرد. یەکەمیان، سەرجەم باجە دواخراوەکانیان لەگـەڵ چـوار هــەزار تومـان جەریمـەی یاغیبوونیـان بـدەن. باوەجانیـەکان مەرجـەکانیان قبووڵ کرد، دوای ئەمە لەشکرەکە بڵاوەی لێکرد.

ئــەم لەشکرکێـشیە بـۆ ئێمـە سـوودی گـەورەی هــەبوو یـەکێکیان خــەڵکی تــالانکراوی ســەنجاوی بــەم تالانانــە کەلــەم شــەڕەدا بەدەسـتمان هێنـابوو وەزع وبارودۆخی ژیانیانی تا ڕادەیەك چاککردبووەوە، لەهـەمان کاتیـشدا خزمـەتێك بـە دەوڵــەتی ناوەنــدییان ئــەنجام دابــوو. بــەپێی فــەرمانی ســالار ئەلدەولــە زیائولدەولە"ضیاء الدولة" سنووررداری قەلای سەوزی بە باوکم سپارد.

وەرزی پایز کاتێ کۆچی عێل بەسەردا هات هەر ئەو ڕێگایەمان گرتەبەر کە بە گاوری بەناوبانگە ولەنێو عێلی گۆرانـەوە تێدەپـەڕێت، قـەلا سـەوزی وگونـدەکانی دەوروبەری ولەوەڕگاکانی ئاقداغمان بەدەستەوە گرت. باوکم لەوەڕگاکانی لەنێوان تالانکراوەکانی هۆزەکەماندا دابەشکرد کە لە فرۆشـتنی ئـەوەی لـە خۆیـان زیـادە دەسـتکەوتێ بەدەسـت بهێـنن. عــەلی ئەکبــەرخانی بــەرخورداری بــەماڵ ومنــاڵ ودەوروبەرەکەیەوە چووە نێـو کـەلورەکان، هەنـدێ لـە تایفـەکانی سـەنجاوی بـەو ئامانجەوە کە ئەو بە یاریوپاڵپشتی کەلورەکان دەتـوانن حکومەتەکـەی سـەربەخۆ وبتەوبکات لای مانەوە.

سەلیم ئاغا کوێخای تایفەی جەلیلوەند بەسەرجەم تایفەکەیەوە هاتنە خزمەت باوکم ولەمەودوا بووە یەکێك لە لایەنگران ودۆستانی ڕاستەقینەی باوکم. هەندێ لە تــیرەی خوســرەویش هاتنــە ڕیــزی لایەنگرەکانمانــەوە کــاتی بــەهار وەرزی گەڕاندنەوەی عێلی بەسەردا هات لە فەرمانێ زیائولدەولە گەیشت داکـۆکی کردبـوو کە پێویستە باوکم بۆ پاراستنی ڕێی کاروانەکان لە قەڵای سەوزیدا بمێنێتەوە. ئەو پەنجا سواری کە لەلایەن میرییەوە موچەیان بـۆ تـەرخان دەکـرا ناونووسـی کـرد. لەتیرەی سۆفی وسـیمینوەند سـیانزە کـەس وبیـست وحـەوت کەسـی تـر لـەنێوان تیرەکـانی دەوڵەتمەنـد وجەلیلوەنـد وعەباسـوەند وکوێخاکـانی چـالایی هەڵبـژارد وناونووسی کردن ودە کوێخای لای خۆی هێڵایەوە وبەمنیش فەرمانیدا کە لەگەڵیدا بمێنمەوە وپاشماوەی عێلەکەی بۆ ئێلاخ ڕەوانە کرد.

## فەرمانڕەوایی ئیقبال ئەلدەولە

لەو قۆناغەدا سالار ئەلدەولـە لـە حوکمـداری کرماشـان دەسـتمان کێشایەوە. مـیرزا محەمـەد خـانی غـەفاری کاشـی نازنـاو "ئیقبـال ئەلدەولـە" بـۆ حکومـەت وفەرمانڕەوایی کرماشان دەستنیشان کرا[1]. وابـڵاو بـووەوە کـە ئـەو نێـردراوە کـە داودخانی کەلور سەرکوت بکات. لەو دەورە وزەمانەدا عێلخانی سـەرۆکایەتی ئـەو عێلە گەورەی کەلورە بەشێوەیەکی فـەرمی بەدەسـت محەمـەد عـەلی خانـەوە بـوو بـەڵام هـەر بـەناو بەدەسـتییەوە بـوو چـونکە لەحەقیقەتـدا فـەرمانڕەوایی ڕەهـا ودەسەڵاتی ڕاستەقینە بەدەست داودخانەوە بوو.

ساڵێ لەمەوپێش زیائولدەولە جێگری حوکمڕانی کرماشان بۆگـوێ ڕاکێـشاندن ودامرکاندنی داود خان لەشکرێکی بردە سەر داودخان بەڵام لەشـکرەکەی دەوڵـەت لەنزیکـەی هـارون ئـاوادا لەبەرامبـەر هێزەکـەی داودخانـدا شـکا وبەپەرێـشانیەوە هەرچی تۆپ وقورخانەیان هەبوو کەوتە دەست هێزەکانی داودخان.

دوای ئـەم ڕووداوە دەسـت درێـژی ودەسـەڵاتی داود خـان ڕۆژ بـەڕۆژ بترتـر دەبوو، ناوچەکانی کرماشـان وکوردسـتان جـارێکی تـر دووچـاری فیتنـە وئاشـوب

[1] یەکەمین دەورەی فەرمانڕەوایی ئیقبال ئەلدەولە ساڵەکانی ١٣١٦– ١٣١٩کۆچی بووە.

وئـاڵۆزی بـووەوە. ئـەم بارودۆخـە بـووە هـۆی لابردنـی بەپەلـەی سـالار ئەلدەولـە ودانانی ئیقبال ئەلدەولە لەشوێنی ئەودا.

عەلی ئەکبەر خانی بەرخورداریش وەزعێکی هاوشـێوەی محەمـەد عـەلی خـانی لەکەلوردا هەبوو ئەویش بە نازناو حوکمڕان بوو، بەڵام نەیـدەتوانی لـە سـەنجاویدا دانیشێت ناچار خۆی خستبووە پەنای داودخانەوە. داودخانیش دەکۆشیا یارمەتی بدات لەناوچەی سەنجاویدا فەرمانڕەوایەکی سەربەخۆو بێت، بـەو ئومێـدەوە جگـە لە کەلور لەنێو هۆزەکانی تریشدا لایەنگیری وگوێڕایەڵی هەبێت.

ئیقبـال ئەلدەولـە هێـشتانە عـەلی ئەکبـەرخانی لەسـەر ئیـشەکەی لانـەبردبوو، بەڵام گوێی نەدەدایێ، بەڵام سەبارەت بە مامەکانم خدامروەت خان وخوسرەوخان کە لە ئێلاخدا بوون لوتف ونەوازشتی دەنواند. بەم شێوەیە پشتیوانی داودخان لە عەلی ئەکبەرخان وعینایەت ولوتفی ئیقبال ئەلدەولە سەبارەت بە بنەماڵـەی ئێمـە، ئاگری حەسادەت ودووبەرەکی لەنێوان ئێمە و بەرخورداریەکانـدا بڵێسەی سـەند. بـاوکم هەمیـشە لـە گەرمیانـەوە بۆمـانی دەنووسـی تـا دەتـوانن بـە هێـوری ڕەفتاربکەن، بەڵکو بێ شەڕ وشـۆڕو کەشمەکـەش کـاری سـەنجاویەکان یەکسەرە بێتـەوە ودووبـەرەکی ودوژمنـی لـەنێوان ئێمـە وبنەماڵـەی عـەلی ئەکبـەرخانی بەرخورداریـدا کـە ئـامۆزای ئێمـەن نـەمێنێت. بەداخـەوە پێـشهاتێکی نـاخۆش ودڵتەزێن تێکڕا ئەم حسابانەی هەڵگێڕایەوە ولەنێوی برد.

## سەرئەنجامی کاری عەلی ئەکبەرخانی بەرخورداری

عەلی ئەکبەرخان کە لەناوچەی کەڵوردا نیشتەجێ بووبوو چاوەڕوانی یارمـەتی داودخانی دەکرد، کوڕەکانی هاندەدا کە لە مایدەشتی سەنجاویدا تەنگ بە کـەس وخزمانی ئێمە هەڵچنن وهۆی فیتنە وگەندەڵی دروست بکـەن تـا بـەو دەستپێـچەو بەهانەوە بتوانێ هێزی کەلور بهێنێتە یاریوکۆمەکی خۆیەوە.

لەو خزمانەمان کە تووشی ڕکەبەری ئەو بووبوون بریتیبوون لـە عـەباس خـان وفەتحوڵاخان ئامۆزاکانی باوکم وبراکانی سوڵتان خانمی هاوسەری خوسـرەو خـان ونیشتەجێی گوندی "عەلی حەسەن" کەلەنزیکی قەڵای چەلەبی دایـە، کـە شـوێنی حوکمڕانی عـەلی ئەکبەرخانـە. پـەیڕەو ولایـەنگرانی بەرخورداریـەکان شـەوانە لـەم

دێهاتانەدا دەستمان دەکردە دەست درێـژی ودزی وجـەردەیی وئاسایـشی خـەڵکی دێهاتەکانیان ئاڵۆز کردبوو.

خوسرەخان بۆ بەرگری لەم دەست درێژی وگەندەڵی یە فـەرمان دەدات مـاڵی عەباس خان وفەتحوڵڵا خان لەوێ باربکەن وبێنە لای خۆی لە "نـیلاوەرە". هـەروا بەپێی فەرمانی ئەو ماڵی ئێمە وماڵی قاسم خان ودایکم قـەڵای قلـیج خانییـان کـە نزیـك جێگـای چـەلەبی بـوو بـەجێهێڵاو هاتنـە قـەڵای خـدامرووەت خـان. لەگـەڵ ئەمەیشدا کوڕەکانی عەلی ئەکبەرخان دەست لە ئاژاوە وبشێوی هەڵناگرن، لەڕۆژی ڕووناکدا چەند سوارێکی خۆیـان دەنێرنـە گونـدی عـەلی حەسـەن ودوو هێـستر کـە خـەریکی جـووت بـوون دەفـڕێنن وڕەشـید خـانی کـوڕی عـەباس خـان کـە بـۆ سەرپەرشـتی کاروبـاری کـشتوکاڵ وفەلاحـەکان مـابۆوە لەگەڵیانـدا دەکەوێتـە شەڕەوە. کوڕەکانی عەلی ئەکبەرخان لەگەڵ لایەنگرەکانیاندا گوندی عەلی حەسەن ئابلۆقەدەدەن، وپەیکێك ئەم هەواڵەی گەیانـدە "نـیلاورە". ئاهوخـانی هاوسـەری ڕەشـیدخان دەسـت دەکاتـە قیـژەوگریان وقـژ ڕنـین. حـەبیبوڵلا خـانی کـوڕی خوسـرەوخان تـووڕەدەبێ وبەچـەند سـوارێکەوە بەپەلـە دەڕواتـە یـاری ڕەشـید خانــەوە هــەواڵ گەیــشتە مــاڵی ئێمــەش قاسـم خــانی بــرام بەهێزێکــەوە، کــە لەژێردەستیدا بوو، بەدوایاندا دەکەوێتە ڕێ. بەگەیشتنی حەبیبوڵلا خـان وشـاڵاوی توند وبەهێزی کە بەئاسانی بەرگەی نەدەگیرا، هەردوو گوندەکەی عەلی حەسەن لە ئابلۆقە ڕزگار دەکات و هێرش کەرەکان هەڵدێن وتـانزیکی قـەڵای چـەلەبی دوایـان دەکەون، فیشەکێك لە سەنگەرەکانی قەڵاوە بەر سینەی حەبیبوڵلا خان دەکەوێ، هاوڕێکانی تەرمی نیوەگیانی بۆ گوندی عەلی حەسەن دەگێڕنـەوە. اللاهیـار خـانی سەنجاوی کە بۆ یاری کوڕەکـانی عـەلی ئەکبـەرخان هـاتبوو کـە هـەواڵی کوشـتنی حەبیبوڵلا خان دەبیـسێت، بەرژەوەنـدی خـۆی لـەوەدا نـابینێ کـە دەسـت بخاتـە خـوێنی ئێمـەوە، لەگـەڵ هاوڕێکانیـدا خـۆی دەگەیەنێتـە خەڵکەکـەی ئێمـە کەلـە گوندی عەلی حەسەن کۆبووبوونەوە. خاڵۆکـانی ئێمـە کـە تـازە دۆسـتییان لەگـەڵ بنەماڵـەی عـەلی ئەکبەرخانـدا بەرقـەرارکردبوو، لـەو شـەڕەدا بەلایـەنگیری ئـەوان بەشـدارییان کردبـوو، بـەو پـەڕی پەشـیمانی وشەرمەسـارییەوە گەڕانــەوە بــۆ ماڵەکانیان.

خۆرئاوای ئەو ڕۆژە عەلی ئەکبەرخان بە بێ دەرەتانی وپەژارەیەکی فراوانەوە دەگەڕێتەوە ماڵەکەی. داودخان پێی ڕاگەیاندبوو چونکە حکومەتی کرماشان تازە گۆڕاوە لەبەرژەوەندی خۆیدا نابینێ کە دەست بخاتە ئەم شەڕو شۆڕ وکەشمەکەش و دووبەرەکیەوە.

بنەماڵەکەمان ئەو شەوەمان لەپاڵ تەرمی حەبیبوڵلا خاندا کە گیانی دەدا بردە سەر. قاسم خانی برام سوێندی خواردبوو کە دەمار لەڕۆژگاری دوژمنان دەربهێنێت وکاریان یەکسەرە بکاتەوە. بەیانی ئەوڕۆژە بۆ تۆڵە سەندنەوە هێرش دەبەنە سەر قەڵای چەلەبی عەلی ئەکبەرخان منالەکانی کە توانای بەرگرییان لەخۆدا نەدەبینی قەڵاکەیان چۆڵ کرد و بەرەو ناوچەی کەلور هەڵهاتن، قاسم خان تەعقیبانی کرد وکەوتە شەڕەوە لەگەڵیاندا، لەو شەڕەدا دوو کەس لەپیاوەکانی عەلی ئەکبەرخان کوژریان، بەڵام خۆیان بەساغ وسەلامەتی گەیشتنە کەلور. هێزی هێرشکەرەکانمان قەڵای چەلەبییان وێرانکرد، سەرجەم ماڵ وشتومەك ومەڕ وئاژەڵ و وڵاخیان بەتاڵان برد، ودوو گوندی چەلەبی وقباق نەپان وێران وتاڵان کرد، کە ئێستاکەیش هەر وێرانە.

قاسم خانی برام گەڕاندییەوە، کە گەڕاینەوە حەبیبوڵلا خان لە حاڵەتی گیانداندا بوو، دەم ورووی هەڵزناویم ماچ کرد، پرسی: برا چیت کرد؟ سەبارەت بە هاڵهاتنی عەلی ئەکبەرخان و وێران وتاڵانکردنی گوندەکانیم بۆ باس کرد. ووتی ئیتر مەرگ لام ئاسانە و زۆری پێنەچوو گیانی دەرچوو. جێی داخ وئەفسوسە بۆ لەناوچوونی حەبیبوڵلا خان کە دایك لە سەنجاویدا بەدەگمەن یەکێکی وك ئەو لە ئازایی ودلێری وبوێریدا دەخاتەوە.

خوسرەوخان مەیتی کوڕەکەی دەباتە گوندی نیلاوەرە ولەوێ دەینێژن. ئەمان للا خان وکەریم خان وخالۆکانمان بە پەشیمانی وترسەوە شەو دەڕۆنە سەر گۆڕەکەی حەبیبوڵلا خان ودەبنە پەناهەندەی خوسرەوخان، کە ئەو هەواڵە دەبیسێت کوڕەکەی تری سوحبەت خان دەنێرێتە شوێنیاندا ودەیانباتەوە بۆ ماڵ وماچیان دەکات ونەوازشتیان پێ ڕەوا دەبینێت وپێیان دەڵێت من داخی لەدەست چوونی کوڕە لاوەکەمم بینی هەرگیز ئەو مەودایە بەخۆم نادەم کە ئاغاخانی باوکتان تووشی ئەو داخە سەختە بێت. زۆرتر هۆی نەوازشت ومەحەبەتی

خوسرەوخان سەبارەت بەئەوان لەبەرخاتری قاسم خانی بـرام ومـن بـوون چـونکە ئەوان خالۆی ئێمە بوون.

عەلی ئەکبەرخان دوای ئەم ڕووداوە ماوەیەکی زۆر لەناوچەی کـەلوردا مایـەوە وکـاتی وەهـایش بووبەدەسـت کـورتی وهەژارییـەوە لـەخاکی عوسمانیـدا بـە پەناهەندەگی ژیانی دەبردە سەر، ئـیتر هـەرگیز نـەیتوانی بـۆ ناوچـەی سـەنجاوی بگەڕێتەوە.

## فەرمییەتی حوکمڕانی باوکم

لەسـەر سـنوور هـەواڵی شـەهید بـوونی حـەبیبوڵلا خانمـان پێگەیـشت، دونیـا لەبەرچاوماندا ڕەش وتاریك بـوو، لەناوچـوونی بـۆ بنەماڵەکـەمان زیـانێکی یـەکجار گەورە بوو، کە هەرگیز جێی پڕنابێتەوە. کوێخاکـانی سـەنجاوی لەگـەرمیان تێکـڕا هاتنـە خزمـەت بـاوکم وپاڵپـشتی ولایـەنگیری خۆیانیـان خـستە ڕوو. ئیقبـال ئەلدەولەیش نامەیەکی پڕ سۆزی بۆدڵدانەوەمان نارد وئاماژە بەو وەعـد وبەڵێنـەی حکومەت کردبوو وداخوازی کردبوو هەرچی زووترە خـدامروەت خـان بێتـە لای بـۆ سەروسامان دانی وەزع وکاروبـاری بنەماڵەکـەمان. بێگومـان ئیقبـال ئەلدەولـەیش دەیویست نەوازشـت و لوتفمـان لەگەڵـدا بکـات، بـەڵام هـۆی سـەرەکی ئـەم لوتـف ونەوازشتە چاککردنەوەی وەزع وبارودۆخی ئێمە نـەبوو، بـەڵکو بـۆ ئاراسـتەکردنی کاروبـاری حکومەتەکـەی وبەدەسـت هێنـانی بـەرتیلێك کـە لەسـەرۆك هـۆز ودەسرۆیشتووەکان دەسێنرا. لەو قۆناغەدا بەرتیل دوو شـێوەی هـەبوو بـەرتیلێك کە گوناهکارێك یان تۆمەتبارێك بۆ ڕزگارکردنی خۆی بـە کاربەدەسـتانی حکومـەت دەیدا. بەرتیلێکیش کـە سـەرۆك هۆزەکـان وکەسـایەتیە ناودارەکـان پێـشکەشیان دەکرد بۆ پێشکەوتن وپلە ومەقام بەدەسهێنانیان لە سایەی حکومەتەوە.

لەحەقیقەتداجیاوازییـەك لـەنێوان ئـەوەی خزمـەتی دەکـرد وئـەوی تـر کـە خیانەتی دەکرد نـەدەبینرا. هەرچۆنی بێـت دەس ودائـیرەی حکومـەت مەسـرەف وخەرجیان پێویست بوو. خدامروەت خان کە ئازموونێکی زۆری لە کاروباری میریدا

هـەبوو ڕۆیـشتە شـار دوای چـەند ڕۆژێـك فـەرمانی حوكمـداری عێلـی سـەنجاوی وسەرسنووورداری و پاراستنی سنووری بۆ باوكم هێنا[1].

ئەو ڕۆژەی كە ئەم نامـەی پـڕ لوتـف ونەوازشـتەی ئیقبـال ئەلدەولـە گەیـشتە دەستی باوكم ڕووی كردە من وفەرمووی نازانی لەم نامەدا چی نووسـراوە، ئەگـەر خوێنـدەوار بووایـەی ئـەم نامــەت بخوێندایەتــەوە شـانازیت دەكـرد، ئێـستاكە نەخوێندەواری وادیارە سەبارەت بە كاروباری مـن بێگانـە وبێخەبـەر دەمێنیتـەوە. ئەم ووتەی وەك چەخماخە لەمندا كاریگەربوو. توانـای مانـەوەم لەمەجلیـسەكەیدا نەما وبەشەرمەسارییەوە لە مەجلیسەكەی چوومە دەرەوە.

سـەید عـەزیز كرنـدی كـە سەرپەرشـتی مـاڵی ئێمـەی دەكـرد لـە خزمـەت دەروێشێكی خاكیدا، كە قەنبەر عەلی ناوی بوو، دەرسی دەخوێنـد، پـێش ئـەوەی ئەم سەرزەنشتە دڵتەزێنە لـە بـاوكم ببیـستم لـە خـەم وپـەژارەی نەخوێندەواریـدا دەسوتیام ومەلول بووم. بەڵام ئەو ڕۆژە بڕیارمدا ئەم عار ونەنگە بەسـەر خۆمـەوە نەهێڵم. ئەم مەوزوعەم لەگەڵ سەید عـەزیزدا بـاس كـرد، منـیش لەگـەڵ دەروێـش قەنبەردا دەس بەكاری خوێندن بووم. داخوازیم لێیان كرد كە ئەم باسە بـە نهێنـی بمێنێتەوە، لای كەس نەیدركێنن.

پاش نێوەڕوان كە هەمووان دەخەوتن من لەگلـەڵ مامۆسـتا نوێیەكەمـدا وەك گوناهكارێـك كـە بیـەوێ ئاسـەواری تاوانەكـەی بـسرێتەوە ولـەنێو بـەرێ، دەسـت بەكاری خوێندن ونووسین دەبـووم. چـونكە مایـە وبنـچینەیەكی خوێنـدنی منـاڵیم هـەبوو لەگـەڵ بڕیـارو توانـای لاویمـدا تێكـەڵاوم كـرد وبـە گـورجی لـە خوێندنـدا پێشكەوتم، چەند مانگێك تێنەپەڕی بووكە سەعدی وحافزم بەچاكی خوێندەوە، بە خەتێكی ڕێك وپێك وخوێنراوەوە نامەم دەنووسی.

---

[1] لە ساڵنامەی ساڵی ١٣١٤هـ.ق كە پەیوەستی بەشی دوومی مێـژووی پاشـاكانی ساسـانی یـە، بەم شێوە باسی سەركردەكانی ناوچەكانی كرماشانی كردووە. جەنابی ئیقبـال ئەلدەولـە والی كرماشان وسەرحەدی عیراقەین جەنابی میری میرانە مەزنەكان زەهیر ئەلمولك ئـەمیر تومـان، میری میران محەمەدعەلی خان ئەمیر تومان ئێلخانی كەلور مـیری میرانـە مەزنـەكان حوسـەین خانی ئەمیر تومان حاكمی گۆران، سەركردەی میرە مەزنـەكان شـێر محەمـەد خـان سـەرۆكی تایفەی سەنجاوی، سەركردەی میرە مەزنەكان معاون نیزام حاكمی سەنقور.

ڕۆژێ لە مەجلیسی باوکمدا نامەیەك لە سوحبەتوڵڵا خانی ئامۆزامەوە پێم گەیشت، نامەکەم کردەوە دەستم کردە خوێندنەوەی باوکم بەسەرسامییەوە دەیگوت تۆ کەخوێندەواریت نیە بۆچی سەیری نامەکە دەکەیت..؟ عەرزم کرد خوێندن ونووسین مەرجی خوێندەواری نیە؟ فەرمووی کەواتە بیخوێنەوە، عەرزم کرد نەخێر ئەمیانە ناخوێنمەوە، نامەکەی ئیقبال ئەلدەولەم بدەرێ تا بیخوێنمەوە. بەپەلە سندووقی نامەکانی داواکرد، نامەکەی دا بەدەستمەوە، نامەکەم لەسەرەتاوە تاکۆتایی بێ لارو پێچ وهەڵە و وەستان بەدەنگێکی بەرز خوێندەوە. ڕووی باوکم لەخۆشیدا وەك گووڵ گەشایەوە، فرمێسکی شادی وغروری کە ئەو ڕۆژە لەچاوم هاتە خوارەوە ئەو عەرەقی شەرمەسارییەی لەمەوپێشمی سڕییەوە. دڵم ئارام وئاسوودە بوو، پتر لەوساکە کەوتمە بەر لوتف ونەوازشتی باوکم. دوای ئەم ڕووداوەیش هەر لەخوێندن ونووسیندا بەردەوام بووم تا گەیشتمە پلەیەك کە لەنێوان سەرجەم سەرۆك هۆزەکانی ئەو کاتەدا منیان بە نووسەر وخوێندەوار دەژمارد. گومان لەوەدا نیە لەشاری کوێراندا یەك چاو پاشایە.

## سەرکوتکردنی دەست درێژکەرەکانی عێراقی وعوسمانی

هەر کە فەرمانی حوکمداری باوکم گەیشت، عەلی ئەکبەرخانی بەرخورداری کە لە یاریوکۆمەکی کەلورەکان نائومێد بووبوو، کەوتە نامە نووسین بۆ عەرەبەکانی ڕەبیعە وبەنی وەیسی عێراق هانیانی دەدا کە لەوەرگای "باخچە وقەتار" کە لە تەسەروف و دەسەڵاتی سەنجاوییەکاندا بوو، بسوتێنن.

ڕۆژێك کە هەواڵی سوتاندنی لەوەرگاکانمان پێگەیشت باوکم یەکجار ناڕەحەت وتووڕە بوو، ووتی ئەم کردەوە ئەوپەڕی جانەوەرییە پێویستە بڕۆیت ئەو ئاگرە بکوژێنیتەوە، ئەم فەرمانە ئەوپەڕی ئارەزووم بوو، سی سوارم لە چاکترین وئازموودەترین سوارەکانم هەڵبژارد. پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە قەڵا سەوزیوە کەوتمە ڕێ، ئێوارە لە شوێنێکدا کە بە تەپ "کل" بەناوبانگە ڕاوەستاین، وڵاخەکانمان ئالیك دا وخۆمانیش شیوی ئێوارەمان خوارد. پاش نیوەشەو گەیشتینە "نی کەنە". چوار کەسم نارد کە دەوروبەری کانی ناوچەکە بە نهێنی بپشکنن، دەمویست بزانم ئەگەر عەرەبەکان لەوێدا بن هێرش ببەینە سەریان.

پیاوەکـان هـەواڵیان هێنـا کـە جـێ سمـی ئەسـپەکان و لێڵـی کـانی وسەرچـاوەکە ئەوەدەگەیەنێ کە عەرەبەکان بەم زووە ئەم شوێنەیان بەجێهێڵابێت، وادیارە لـەم دەوروبەرەدان. دووبـارە دوو کەسـی تـرم نـاردە نێـوان قامیـشەڵان وزەلەکانـەوە، پێیانم ووت لەوێدا خۆیـان حەشـار بـدەن تـا هـەواڵێکی ڕاسـتیمان بۆدەهێننـەوە، بمێنینەوە.

سبەی زوو پیاوەکان هەواڵیان هێنا کە عەرەبەکان نزیکەی هەشتا سوار بەڵکو بتریشن، دە تا دوانزە سـواریان بینیـووە کـە "کونـەکان"یـان پـڕ لـەئاو دەکـرد و ڕۆیشتن وئێستاکە لـەو دەوروبـەرەدا ئاگریـان کردۆتـەوە. بەپەلـە کەوتینـە ڕێ تـا پـێش ئـەوان سەرشـاخی باخـچەی بـچووك بگـرین ولەوێـدا دامـەزرێین. هـەر کـە گەیشتینە سەر شاخەکە، سەد پێیەك لێیان دوور بووین کە لەگەڵ هەندێ لەوانـەدا ڕووبەڕووبووینــەوە، ئــەوانی تریــان بڵاوبووبوونــەوە، ســەرگەرمی ئــەو کــردەوە قێزەونەبوون ئەویش سوتاندنی لەوەڕگاکانە. بەزمانی کـوردی قیڕانمانـە سـەریاندا بەعەرەبی وەڵامیان داینەوە، چونکە بەرزایی شـاخەکە بەدەسـتمانەوەبوو خۆیـان بـۆ ڕانـەگیراو هـەڵهاتن، بیـست شـەڕکەرێکیان لەبەردەممانـدا سـەنگەریان گـرت، ئێمـەش لـە ئەسـپەکانمان داوەزیـن لەگەڵیانـدا کەوتینـە شـەڕەوە وهەنـدێ لـە چـەکدارەکانمان هێرشـیان کـردە سـەر سـەنگەرەکانیان، لـەپێش هەموویانــەوە سەلیمی عەلی ئاغا بوو، کە ئەوپەڕی ئازایی وبوێری نواند. بێ مەترسی لە گوولـەی دوژمن خۆی گەیاندە سەنگەرەکەیان، چەکدارەکانی تریش بەدوایدا کەوتنە هێرش بردنـە سـەریان عەرەبـەکان خۆیـان بـۆ ڕانـەگیرا وتێکـڕا هـەڵهاتنیان هەڵبـژارد وکوژراوەکانیـان بـەجێهێڵا لـەنێوان کوژراوەکانـدا مـەیتی "جـەلعودی ڕەبیعـە" سەردەستەی جەردە وپیاوخراوەکانمان دۆزییەوە.

دوای کوژانەوەی ئاگرەکـانی لـەوەڕگاکان بەسـەرکەوتنەوە گەڕاینـەوە. بـاوکم تەلوگرافێکی سەبارەت بـە دەسـت درێـژی عەرەبـەکان وسـووتاندن وئاگربـەردانی لـەوەڕگاکان بـۆ ئیقبـال ئەلدەولـەی نـاردبوو، ڕووداوەکـانی پێڕاگەیانـدبوو، دوای گەڕانـەوەمان دووبـارە بـە خـەڵکێکی زۆرەوە چـووینە قەسـری شـیرین. بـاوکم سـەرلەنوێ ڕاپـۆرتی سـەرکووت کردنـی دەسـدرێژیکەرەکان وکـوژرانی جـەلعوودی

عەرەبی بۆ نووسی. ئێوارەی ئەو ڕۆژە تەلوگرافی ئیقبال ئەلدەولە سەبارەت بە ڕێزلێنانی باوکم ودەستخۆشی لە ئازایی وبوێری من گەیشتە دەستمان.

لەئەنجامی ئەم ڕووداوەدا لەلایەکەوە کەوتمە بەر نەوازشت ولوتفی باوکم ولەوسا زیاتر پشتی پێدەبەستم وموتمانەی پێ دەکردم، ولەلایەکی ترەوە حکومەتی کرماشان ناسیمیان وگرنگیان پێدام. هەروا لەنێوان تایفەکانی "میزۆپۆتامیا"دا ناوبانگم دەرکرد وئاوازەم بەرز وبڵاو بووەوە.

نزیکی وەرزی پایز باوکم گەڕایەوە بۆ ئێلاخ تا وسیلەی کۆچ وباری عێلەکەمان ئامادە وڕێك بخات وخۆی بەشێوەیەکی تایبەتی بگاتە خزمەت فەرمانڕەوای کرماشان. لە غیابی خۆیدا سەرپەرشتی سنوور وپاراستنی سنوورەکان وڕێگاکانی پێ سپاردم. ئەو دووسێ مانگە بەوپەڕی تواناوە نەزم وئاسایشی سنوورەکانم پاراست وترسێکی زۆرم خستە دڵ خانەقینیەکان و عەرەبەکانی سەر بەعوسمانیەکانەوە.

عەلی ئەکبەرخان حوکمڕان وسەرۆکی پێشووی سەنجاوی لە دەورەی بەرپرسیاریەتی سنووری خۆیدا چەند پارچەیەك لە موڵکەکانی قەڵا سەوزی دابووە چەند تەبەعەیەکی عوسمانی. ئەوانە هیچ باجێك یان حەقی موڵکانەیان بەکەس نەدەدا، چەند پارچەیەکی زەوی زیاتریشیان لەو دەوروبەرەدا داگیرکردبوو، بەڵکو ئەم زەویانە زۆربە بەدەست چاوشەکان ویان باش چاوشەکانەوە بوو، بەمانا بەدەستی یاساوڵەکانی عوسمانییەوە بوو، کە لە قشڵەکانی سەر سنووردا کاروباری پاراستنی سنووریان پێ سپێردرابوو.

ساڵێ لەمەوبەر باوکم بۆ بەدەسهێنانی ئەو زەوی وزارانە هەوڵ وتەقەڵای دابوو بەڵام نەگەیشتبووە ئەنجامێك. ئێستاکە بەرپرسیاریەتی سنوور بە ئەستۆی منەوە بوو، نامەیەکم بۆ عەباس خان "عطاء الوزارة" کە بەرپرسیاری ئێران بوو لە خانەقین نووسی، ڕوونم کردەوە کە چاوشەکان وباش چاوشەکانی قشڵەکانی سنوور چەند پارچە زەوی ئێرانیەکانیان لە دەورەی حوکمداری عەلی ئەکبەرخانی بەرخوردارییدا بەناڕەوا داگیر وزەوت کردووە، پێویستە لەگەڵ قائیمقامی خانەقیندا ووتووێژ بکەیت، ئەم دوو خاڵە بگرنە بەرچاو:

یەکەم: پێویستە ئیمساڵ حەقی موڵکانەکەمان بەتەواوی ڕەوانەی بکەن.

دووم: لەمەودوا مافی کشتوکاڵیان لەو زەوییانەدا نیە.

دوای چەند ڕۆژێك وەڵامی نامەکەم هاتەوە، ناوبراو ووتبووی هەرچی دەکۆشـم دانوسـتان دەکـەم لەگەڵیانـدا سـەبارەت بـەم مەوزوعـە وەڵامێکـی ڕاسـت نادەنـە دەستمەوە، دەڵێن ئەوەی زۆری هەیە مافی تەسەروفیشی هەیە.

منیش بڕیارمدا کـە دەسـت وبازوویـەکی بـەهێزیان پـێ نیـشان بـدەم. بەپەلـە چەند سوارێکم ڕاسپارد کە هەموو کشتوکاڵەکانیان بسوتێنن، بیست گایشم ڕەوانە کـرد هـەموو بوێـستانەکانیان وسـەوزی کارەکانیـانی هەڵگەڕانـدەوە، خـۆمیش بـە سـوارێکی زۆرەوە لەبەرامبەریانـدا ئامـادەبووم. نـەیانتوانی بـچووکترین بەرتـەك نیشان بدەن. لەدوو ڕۆژدا کارەکان سەری گرت، ئـەم ڕووداوەم بەدرێـژی گەیانـدە ئیقبـال ئەلدەولـە. لەحەقیقەتـدا لـە سەرزەنـشتی میریـی دەترسـام بـەڵام بەپێچەوانەوە وەڵامەکەی سەراپا ڕێزلێنان وسوپاس وقەدردانی بوو.

لە زوسانی ئەو ساڵەدا کە عێل بەگشتی لەخزمەت باوکمدا هاتبوونە گەرمیان و تێکڕا بەسەر لەوەڕگاکانیانەوە جێگیر بووبوون، ڕووداوی بەم شێوەیە ڕوویدا:

یوزباشییەك بەناوی "یونس ئەفەنـدی" کـە سـەرۆکی یاسـاوڵەکانی عوسمـانی وسەرپەرشت ولێپرسراوی قشلەکان، لەڕووباری دیالەوە تا ڕووباری ئەڵوەند، بـوو، بەخەیاڵی تۆڵەسەندنەوە لە کردەوەکەی چـەند مـانگێی لەمەوپێـشم، فـەرمانی بـە کۆویەك لە چاوشەکانی دابوو چەندگەلەیەك لـە ئاژەڵـەکانی تایفـەی عەباسـوەندی سـەنجاوی بەبەهانـەی لـە مـەرزێتی پەڕینـەوە فڕانـدبوویان، نێـوەڕۆ هـەواڵی ئـەم دەست درێژی وجەردەییـەم پـێ گەیـشت، بـاوکم بەپەلـە فـەرمانی دا بجوڵێینـەوە بەرەو قشلەی "قەڵەمە" کە جێگای ڕووداوەکە بوو ڕۆیشتین، کـە لـەوێ سـەیرمان کرد زیاتر لە پـەنجا یاسـاوڵ لەگـەڵ ئەوانـەی کـە بـۆ وەرگرتنـەوەی ئاژەڵـەکانیان هاتبوون کەوتوونەتە شەڕەوە. بێ وەستان هێرشمان کردە سـەریان، یاسـاوڵەکان پـاش بەرگریـەکی کـورت هـەڵهاتن، سـەنجاویەکان مەڕوماڵاتەکـەیان وەدەسـت کەوتەوە، گوندی قەڵەمەمان ئابلۆقەدا. یوزباشی یونس ئەفەندی لەگەڵ سـوارێکی یاساوڵدا تووشی مـن وکوێخـا ئەکبـەری سـوهراب هـات، یوزباشـی ڕووبـەڕووی مـن بووەوە، ئەکبـەر سـوارەکەی بەگولەیـەك تـەختی زەوی کـرد، ئەسـپ وچـەکەکەی داگیرکرد، من گەیشتمە نزیکی یونس نەمدەویست بیکـوژم، قیڕاندمـە سـەریدا کـە

خۆی بدات بەدەستەوە، لەم گێروداوەدا حاجی موورادی سەنجاویش گەیشت، هەر بەسوارییەوە ملی یونسی گرت وهەردووکیان لە ئەسپەکە کەوتنە خوارەوە، بەپەلە گەیشتمە سەریان ولولەی تفەنگەکەم لە سنگی یونس باشی توندکرد، ناچار خۆیدابەدەستەوە، ئەسپ وچەکەکەیم سپاردە یەکێ لە هاورێکانمان، ئەکبەری سوهرابیش بەدەست کەوتەکەیەوە گەڕایەوە، لەناکادا سوارێکی سەنجاوی کە ناوی عالیخان بوو، بە"عالکە" ناودەبرا، کە قینێکی کۆنە عوسمانیەکانی لەدڵدابوو، گەیشتە لامان بێ پرسیار و وەڵام فیشەکێکی نا بە سنگی یونس ئەفەندییەوە، کت وپڕ گیانی لەدەست دا، لەم کردەوە دڕندانەی عالیخان بەحەدێك تووڕەبووم، ویستم هەر لەوێدا بیکوژم، بەڵام سوارەکان وکوێخاکان شەفاعەتیان بۆ خوازی ونەیانهێڵا دژی کارێك ئەنجام بدەم.

دوای کوشتنی یونس ئەفەندی هێرشمان بردە سەر قەڵەمە وهەرچی ئاژەڵیان هەبوو کەوتە دەستمان، نزیکەی عەسر شەڕوپێکدادان کۆتایی هات، لەیاساوڵەکان چوار کەس ولەئێمەش دوو کەس کوژران، یەکێکیان یار عەلی کە یەکێك لەسوارچاکە هەڵبژێردراوەکانی سەنجاوی بوو.

پاش ئەم ڕووداوە بەرپرسانی عوسمانی کەوتنە خۆیان و زانیان کە سەرپەرشتیکەر ولێپرسراوی ئەم قۆناغەی سنوور پیاوی سازش وبەرتیل نین وپێویستیان بەخزمەتکاری ونەوکەری دەوڵەتێکی بێگانە نیە، ولەسەر بەرژەوەندی وڵات وهاووڵاتیەکانیان بازرگانی ناکەن.

دوای ئەم ڕووداوە یاساوڵەکانی عوسمانی بەتایبەتی باش چاوشەکان بوونە دوژمنی خوێنەخواری سەنجاویەکان وهەمیشە کاربەدەستانی حکومەتی عوسمانییان دژیان هاندەدا. لەنێوانماندا چەند جارێك شەڕوشۆڕ ڕوویدا، بەڵام بەویستی خوای گەورە هەمیشە ئەنجامەکان بە سەرکەوتنی ئێمە تەواو دەبوو. لەم شەڕانەدا زۆر بە شێتانە وسەرپەتییەوە پەلامارم دەدا. ناوم بووە مایەی ترس ودڵەلەرزەی دوژمن، وابەناوبانگە ئافرەتانی خانەقین منداڵەکانیان بە ناوهێنانم دەترساند، ووشەی "سەرپەتی هات" لە وتەکانیاندا ئاماژە بۆ من بووە.

بەم شێوەیە لەنێوان تایفەی سەنجاویدا سنووورداری وپاراستنی سنوور لە مەرجەکانی ئێران پەرستی دایە، لەنێوان تایفەی سەنجاویدا. بەو واتایە

دووبـــەرەکی و کەشمەکەشـــی بـــەردەوام لەگـــەڵ خـــەڵکی ئـــەولای ســـنووردا ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ توندوتیژی ودەستدرێژی هەمیشەیی لێپرسراوانی دەوڵەتی عوسمانی دا کە هێشتانە لەنێو ئێمەدا بە دەوڵەتی ڕۆم بەناوبانگ بوو، بـووە هـۆی خۆنواندنی هەستی سەربەخۆیی و خۆیبوون لەدیوی ئێمـەدا وهەسـت بـە جیـاوازی لـەوان وخۆبـەزلتر زانـین سـەبارەت بەوانـەی لـەولای مـەرزەوە دەژیـان، هـاتبووە کایەوە. هەر ئەم هەستە بووە هۆی حەزلێکردنی داستانە دێرینەکانی ئێـران، وەك شانامە وداستانە نیشتمانیەکانی تر کە بەلەهجەی کوردی لـەنێوان ئێمـەدا بـاوبوو، لەشەونشینیەکاندا دەخوێندرایەوە، وەکو داستانی حەوت لەشـکری ئێـران وتـوران وداســتانی شــەڕی نــادر وتوپــال وداســتانی "کــەنیزەك". ئــەم داســتانە باســی کـەنیزەکی دەکـات کـە لـەئێرانی ئابلۆقـەدراو وتـالانکراودا هەڵـدێت ولەدەشـتێکدا تووشی چەند پاڵەوانێکی ئێرانی دێت کە خەریکی ڕاو وشکارن.

سـتەمی ئافراسـیاو وکارەسـاتێك کـە بەسـەر خـەڵکی ئێرانـدا هـاتووە بۆیـان دەگێڕێتەوە، سەرزەنشتیان دەکات کـە وڵاتەکـەیان کـاول و وێـران کـراوە وئـەوان خەریکی ڕاو وشکارن. ووتەکانی کاریگەری خۆی دەکـات وپاڵەوانـەکان دەسـت لـە شــکار وڕاو هەڵــدەگرن ودەچــنە یاریوهانــای هاووڵاتیەکانیانــەوە، ســەرئەنجام ئێرانیەکان سەرکەوتن بەدەست دێنن ودەبێتە بەشیان.

## کارەساتێکی نوێ

لـەکۆتایی بـەهاری ئـەو سـاڵەدا، بـاوکم گەڕایـەوە بـۆ ناوچـەکانی هاوینـەی مایدەشت، ئەو شوێنەی کە مولـك وقـەلاو ماڵـەکانی ئێمـە ومامـەکانمی تێـدا بـوو. باوکم سەرلەنوێ سەرپەرشتی سنووری بەمن سپارد، شەست سواری هەڵبژاردە لـە سوارەکانی عێـل لام مانـەوە، خـۆمیش سـی سـواری خزمـەتکاری تایبـەتی تـازەم گرتبـــوو. نزیکـــەی ســـەد ســـواری هەڵبـــژاردە وچـــالاك هەمیـــشە ئامـــادەی بزاقوجولاندنـــەوە بـــوون وهێزێکـــی بـــچووك بـــەلام کاریگـــەربووین کـــە تێکـــڕا دراوسێکانمان حساویان بۆ دەکردین.

لـەوەرزی هاوینـدا سـەرجەم سـەرکردە وکوێخاکـانی سـەنجاوی بـۆ بەشـداری لەسـاڵیادی شـەهید بـوونی حـەبیبوڵلا خـان دەڕۆنـە مـاڵی خوسـرەوخانی مـامم.

لەگەرمەی پرسەکە هەستی خەڵکەکە هاتبووە جۆش لەکاتێکدا هێشتانە هەمووان جلی ڕەشی تەعزیە وماتەمینیمان دانەکەندبوو، بڕیار دەدەن لەتۆڵەی ئەو لاوە شەهیدەدا دەستێکی تر لە عەلی ئەکبەرخانی بەرخورداری حوکمڕانی پێشووی سەنجاوی بوەشێنن، کە لەوکاتەدا لەناوچەیەك لەنێوان کەلور وسەنجاویدا کە نیو فەرسەخ لەشارۆچکەی هارون ئابادەوە دوورە دەژیا. بەداخەوە ئەم بڕیارە "پەلە"یە بووە مایەی کارەسات وماتەمێکی گەورەتر بۆ بنەماڵەکەمان وتایفەی سەنجاوی. بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم ڕووداوە ناخۆشە ڕێکەوتی ئەو ڕۆژانە محەمەد عەلی خان ئێلخانی فەرمی کەلور، داود خان سەرۆکی تیرەی خالیدی وسەرکردەکانی تیرەی سیاە سیاە وشیانی کەدوژمنی یەکتربوون بۆ هارون ئاوا دەعوت دەکات، تا نێوانیان چاك بکاتەوە، ئاشتی وتەبایی لەنێوانیاندا بەرقەرار بکات. تێکڕا لە ترسی یەکتریدا بەسوار وچەك وبەرگ وتفاقەوە کە نزیکەی دووهەزار سوارێك دەبوون لە هارون ئاوا کۆبوونەوە. خەڵکی قین لەدڵ وبەشوێن تۆڵەداگەڕاوی سەنجاوی لەم ڕووداوە بێخەبەر بوونە، ئەگەنە شوێنێك کە بە "بەرزەکایە" بەناوبانگە ونزیك هارون ئاوایە.

کوێخا ئەکبەری سوهراب هەواڵی گەیشتنی لەشکری کەلوری پێدەگات بەردەمی باوکم وخوسرەوخان دەگرێت وناهێڵێت بڕۆن، دەڵێت سەرجەم سەرکردەکانی کەلور کە نزیکەی دوو هەزار سوارێکن دوێنێ ئێوارە گەیشتنە هارون ئاوا. لەبەرژەوەندیدا نیە لەمە زیاتر بڕۆنە پێشەوە، سەرکردەکانی سەنجاوی بڕیاری گەڕانەوە دەدەن وچەندسوارێك دەنێرن کە ئەو سوارانەی کە لەپێشەوە وەك پێشقراول نێررابوون بیانگێڕنەوە، بەڵام لەکلۆڵی وبەدبەختیدا کە ئەگەنە سوارەکان دەبینن شەڕ لەنێوان هەردوو لادا دەستی پێکردووە، ئەوانیش دەچنە یاری شەڕ کەرەکانیانەوە، عەلی ئەکبەرخان ولایەنگرەکانی توانای بەرگرییان نامێنێ وهەڵدێن، وهەموو ماڵ ومالات وئاژەڵیان تالان دەکرێت وتا هارون ئاوا دەیانفڕێنن.

دەنگی تەقەی تفەنگ کە دەگاتە کەلورەکان سوار دەبن و وەکو لافاو سوارەکانی سەنجاوی ڕادەماڵن وتا شەش فەرسەخێ دەکەونە شوێنیان ولەم شەڕەدا خوسرەوخانی مامەم وسوحبەتوڵلا خانی کوڕی وعەلی پاشاخان کوڕی

فەتحوڵڵا خان ومیرزا کوڕێ موسا لەسەنگەرێکدا دەکوژرێن، لـە سـەنگەرێکی تـردا ئەکبەر سوهراب ئەو سوارە ناودارەی سـەنجاوی دەکـوژرێ، هەرلـەو شـوێنەدا کـە خوسرەوخان وهاوڕێکانی دەکوژرێن قاسم خانی برام دەکەوێتـە بەرشـاڵاوی چـەند چەکدارێکی کەڵورەوە وئەسپەکەی دەکوژرێت، بـەڵام بەوپـەڕی ئازاییـەوە خـۆی لەمردن ڕزگار دەکات ونیوەشەو بە پێیـەکی زامـدارەوە دەگاتـە گـەهوارە شـوێنی حـوکمڕانی حوسـەین خـانی گـۆران. لەوێـدا هــەواڵی کوشـتنی خوسـرەوخان وسوحبەتوڵلا خان وئەوانی تر دەداتـە بـاوکم وسـبەی بـە ڕێنمـایی ئـەو مەیتـەکان دەگوێزنەوە ناوچەی سەنجاوی و لەوێدا دەیان نێژن.

ئەم کارەساتە دڵتەزێنە فاجیعەیەکی مەزنی تر بوو کە بـەهۆی دەسـت درێـژی کەڵورەکانەوە لەئێمە کەوت. سەنجاویەکان بۆ ساڵێکی تـریش ڕەش پـۆش بـوون. ئیقبال ئەلدەولە کە ئەم هەواڵەی بیست بەڕووکەش بۆ سەرکوتکردنی داودخـان لـە باخی زەهیر ئەلمولك لەدەرەوەی کرماشان لەشکرێکی ئامـادەکرد وبـەم هەڕەشـە وچاوسوورکردنەوەیە نزیکەی دەهەزار تومانی "مافی قـسەنەکردنی" لـەداود خـان وەرگرد. چونکە تێکڕا کەڵورەکان لەم خوێن ڕێژیەدا بەشـداربوون بەچـاکی نـەزانی لەمەزیاتر دوست ولایەنگیر بۆ داودخان بڕەخسێنێت.

## تـاڵان بەدوای تـاڵان دا

هەواڵی ئەم شەڕ وماتەمەم لەسەر سنوور پێگەیشت، تاڵان وبرۆی چـەند سـاڵ لەمەوپێـشی "تـەنگاب"م کەوتـەوە یـاد. بڕیارمـدا کـە دەسـتێك لـە کـەڵورەکان بوەشێنم وزەرەرو زیانێکی گەورەیان لێبدەم و تۆڵەیان لێ بسێنمەوە.

بـەگورجی وپەلـە بەسـوارەکانمەوە بـەرە وگـەیلانی غـەرب شـوێنی زوسـانەی کـەلورەکان کەوتمـە ڕێ وخـەڵکێکی تـریش لـەم لاولاوە هاتنـە ڕیزمانـەوە. شـەو بەڕێگەوە بووین سـبەی کـە ڕۆژ بـووەوە لـەناکا وەك بەڵایـەکی ئاسمـانی داباریـنە سەریاندا هێزێکی گەورەیان لەئێلاخدا سەرگەرمی گرفتاریەکانیان بوون.

دانیـشتوانی گـیلان چـونکە پـەرت وبـڵاو بووبوونـەوە غـافڵگیربوون، توانـای بەرگریان لەدەستدا بوو وسەرجەم ئاژەڵ و وڵاخ وماڵ وماڵاتیـان کەوتـە دەسـتمان جگە لە ماین وگا وچـادر وشـت ومـەکی مـاڵ مـەڕ وپـەزە تاڵانکراوەکانیـان دوازدە

هەزار سەرێك دەبوو. من لە نووسینی ووشەی تالأن هەستی شـەرم دەمگرێ، داب ونەریتێکی ماڵ کاولکەر ووێرانکەرە، مەخابن ئەم داب ونەریتە هەستەی سـەنتەری ژیانی عێلاتییـە. بـۆ خـەڵکی عەشـایەر تـالأن وبـڕۆ نەتـەنها شـورەیی نیـە، بـەڵکو دەستکەوتی شەڕە، زۆربە دەبێتە هۆ وئەنگیزە وئامـانجی کەشمەکـەش وململانـێ وشەڕوشۆڕە عێلایەتییـەکان. بەپێـچەوانەی ووتەکـەی ئـەدیب ئەلمـەمالیك کـە بـۆ پێداویـستی هـۆنراوە ووتوویـەتی "آنـچنان غـارت نەسـنجابی کندنـە زنگنـەرا" بەشـێوەیەك تـالأنکرا نـە سـەنجاویەکان کردیـان ونـە زەنگەنـە. ئـەم شـیعرە لـە ڕاسـتیەوە دوورە، سـەنجاویەکان خـووی تـالأن وبڕۆیـان نیـە، چـونکە سـاماندار وخاوەن ئاژەڵن لە تایفەکانی تر تا ڕادەیەك ساماندار ترن، لـەم کـردەوە قێزەونـە بێزارن وهەرگیز دەست بەتالأن ناکەن مەگـەر بـۆ تۆڵەسـەندنەوە و سـەرکوتکردنی دوژمن.

تالأنی گیلانی ڕۆژئاوا تاڕادەیەك تۆڵەی تالأنی تەنگابی سەندەوە. دەسکەوتی سەرەکی ئێمە جگە لە دەرامەت ودەستکەوتی موڵك ولـەوەڕگاکانی قـەلا سـەوزی، بریتـی بـوو لـە بـاجی ڕێـداری وپاراسـتنی ڕێوبانـەکان کـە بـە "قـەرە سـواران" بەناوبانگ بوو، کە لەهەر باری حوشترێك کـە بـۆ بازرگـانی بهاتنایـە چـەند قرانێـك وەردەگیرێت. وڕۆژانە دەبووە مەبلەغێکی بەر چاو.

لەم قۆناغەدا کەوتمـە گـەورەکردن وجوانکـاری ماڵەکـەم وبیـست سـواری تـرم هاوردە ڕیزی خزمەتکارە تایبەتیەکانمەوە، چاکترین ئەسپ وتازەترین چەکم کڕی، زۆر گرنگیم دەدایە ساز وبەرگ وجلی سوار وپەیڕەوەکانم ولـەقاوی زیـوم دەکـردە دەمی ئەسپەکانم. هەرکاتێ خەڵکی خانـەقین یـان مەنـدەلی میوەیـەکیان بـەدیاری بهێنایە بۆم، ئەگەر بەهاو قیمەتەکەی پێنج قران بووایە دە تومـانم پێـدەدان، یـان هەوڵم دەداکە سفرەکەم هەمیشە ڕەنگی بێت بۆ سەرجەم میوانەکان یەکسان بێت بێ جیاوازییەك.

لەکاری حکومەتی ولێپرسـراوی فـەرمی سـنوورداریدا وکاروبـاری ماڵدا تنوتیـژ بووم لاریم بەهیچ شێوەیەك قبوڵنەدەکرد وهەر لارییەکم بەتوندی جـەزا وجەربـەزە دەدا خزمەتیشم بەچاکی و بەرچـاو دەکـرد وپاداشـتم دەدایـەوە. بـەخت وئیقبـال وسەرفرازی هاتبووە پیریمەوە وکارە دژوارەکان بـۆم ئاسـان دەبـوو، وبـەرەوپێش

دەڕۆیشتم، کەم کـەم ناوبـانگم لـەنێو هۆزەکـانی ئێـران وعوسمانیـدا بڵاوبـووەوە، بوومە مایەی ئومێدی دۆستانم ودوژمنانم حەسوودی وبەخیلییان پێم دەبرد.

## کەشمەکەشی ئیقبال ئەلدەولە و داودخان

ئیقبال ئەلدەولە هەروەك دەهەزار تومانی بەرتیلی لەداودخان سـەندبوو بـەڵام هــەر لەخــەیاڵ وســەودای گوێمــاڵینی داودخانــدا بــوو، بــۆ ئــەم ئامانجــە دوژمــن وڕەقیبەکانی ئـەوی لەناوچـەی عێلـی کـەلوردا وەك ئەکبـەرخان سـەرۆکی تایفـەی سیاە سیاە و خان باخانی شەیانی نەوازشت ولەخۆی نزیك کردەوە. محەمەد عەلی خانی ئێلخانیش لەژێرەوە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەواندا جووت بووبوو بەڵام لەترسی داودخان جەسارەتی جموجوڵی نەدەکرد.

والی کرماشـان ئـەم سـەرکردانەی بـانگ کـردە کرماشـان وهێـزی دڵـی پێـدان ودیاریو خلعەتی پێبەخشین وناردیانییەوە. دوای گەڕانەوەیان دوژمنی وکێبـەرکێی ئەمانە بلێسەی سەند وگەیشتە شەڕوشۆڕ ولەو شەڕەدا "شاهین"ی برای داودخـان کوژرا. لەو کاتەدا ئیقبال ئەلدەولە بەهێزێکی حکومەتـەوە لەکرماشـانەوە گەیـشتە قەسری شیرین وسەرجەم سـەرۆك هـۆز وعەشـیرەتەکانی ئـەو ناوچـەیە کـە بریتـی بـوون لـە گۆرانـەکان وسـەنجاوی وشـەرەف بـەیانی وباجـەلانی بانگهێـشت کـرد وسەرکردە یاغیەکانی کـەلوریش هاتنـە خزمـەتی ولەشـکرەکەی ئیقبـال ئەلدەولـە گەیشتە سێ هەزار سوار. ئەوکەسانەی کە لەنێوان ئەم هۆزانەدا کە بەگیان ودڵەوە لە خزمەتیدا بوون سەبارەت بە نابوودی داودخان دەکۆشان ئێمـەبووین، ئێمـەیش ئامانجمان تۆڵە سـەندنەوە بـوو، ولەلایـەکی تـرەوە ئەکبـەرخان وباباخـانی کـەڵور بوون کە ژیان وئاسایشیان بەدەست داودخانەوە کەوتبووە مەترسییەوە.

محەمەد عـەلی خـانیش پەیکـەکانی لـەهات وچـۆدا بـوو بـۆ پەیوەنـدی لەگـەڵ ئیقبال ئەلدەولـەدا ولەنامەکانیـدا دەینووسـی کـە ئـەو لـەژێر چـاودێریدایە، بـەڵکو "دیلە" وئەگەر بۆی بڕەخسێت هەڵدێت ودەگاتە خزمەتی.

ئیقبــال ئەلدەولــە لەشــکرەکەی جوڵانــدەوە و "موعــەدەل ئەلمــەمالیك"ی سـەرکردەی لەشـکرەکە لـە جێگایەکدا کـە بـە "گورگـاوان" بەناوبانگـە دامـەزرا، پەیکەکان هەواڵیان هێنا کە داودخان بە هەموو سـوار ولەشـکرەکەیەوە کەوتۆتـە

ڕێ وجماوە وخەریکی سەنگەرهەڵکەندن وخۆ قایمکردنن لەقەڵای کۆنی گیلاندا. لە مەودای دوو فەرسەخی گیلان دا، ئۆردووی دەوڵەت بوونە سێ بەشەوە، گۆران وشەرەف بەیانیەکان باڵی ڕاستیان پێ سپێردرا، باڵی چەپیان خستە ئەستۆی سەنجاویەکان وکەلورەکانی سەر بە حکومەت.

پەنجا سواری کەلور بەسەرکردایەتی باباخان و پەنجا سواری سەنجاوی بەسەرکردایەتی من بووینە پێش قراولی لەشکرەکە. داودخانیش بەهەموو هێز وتوانایەکییەوە گەیشتە دەشتی گیلان وسوارەکانی کردە دوو بەشەوە، بەشێکی لەبەرامبەر گۆرانەکاندا دامەزراندوئەو بەشەکەی تری لەبەرامبەر ئێمەدا ڕاگرت. وخۆیشی بەچەند سەد سوارێکەوە لە ناوەڕاستدا مایەوە.

شەڕ لە هەموو لایەکەوە دەستی پێکرد، ئێمە هێرشمان بردەسەر قەڵای گیلان وسەنگرەکانی دەوروبەریمان بەئاسانی داگیرکرد. ماینەکەی من لە گەرمەی شەڕدا کوژرا سەعاتێکی نەخایاند کەلۆرەکان ئەو قەڵا بتەو و موحکومەیان چۆلکرد وهەڵهاتن وبەشەڕ وحەماسەتێکەوە کەوتینە دوایان وسوارەکانمان گەیشتنە نێوان لەشکرە هەڵهاتووەکە. خەڵکانێکی زۆر لە هەردوو لا کوژران وزاماربوون، من خۆم عەزیزخان ناوێکم بەدیل گرت وچەکەکەیم لێ کردەوە.

گۆرانەکانیش ئەو لەشکرەی کە لەبەرامبەریاندابوون شکاندیانن، لەشکرە داشکاوەکەی کەلور لەڕێی "تەپلەتیت" خۆیان گەیاندە بەرزایی کێوەکە. عەمەلەی داودخان لە شوێنێکدا کە پێی دەووترا "وێژەنان" دامەزرابوون، لەیەك فەرسەخی عەمەلەکاندا نزیکەی دوو سەد سواری کەلور بەوپەڕی ئازایی وبوێرییەوە بەرگرییان دەکرد وبتر لەیەك سەعات بەری لێشاوی هێرش بەرەکانیان گرت ولەبەرامبەریاندا ڕاوەستان.

لەم شەڕەدا ئەکبەر کوڕی عەزیزخان کە لەگەڵ مندا بوو ویەکێ لە هەڵبژێراوترین وناودارترین سواری سەنجاوی بوو کوژریا.

بەرگری وخۆڕاگری یەك سەعاتەی کەلۆرەکان بۆ کۆچ دانی عەمەلەکانیان بوو، ئەو بەرگرییە بووە هۆی ڕزگارکردنی بەشی زۆر لە شت ومەك ومەڕ ومالآت وژن ومناڵیان کە لەمەیدانی مەترسیداری شەڕەکەدا بوون.

نزیکــی خۆرئــاوابوون شــەڕ وەســتایەوە، لەشــکرەکەمان گەیــشتە شــوێنی عەمەلەکان، هەندێك دەوار وچەند سەر مەڕ وپەزێك لە شوێنەکەدا بـەجێ مـابوون. هەروەك ئەو شەوە بـەفرێکی فـراوان بـاری بـەڵام ئـەو دەوارانـە ومـەڕەکان بوونـە مایەی حەسانەوە ومیوانداریییەکی چاکی لەشکرەکە.

سبەی زوو کەوتینە دوای لەشکرە هەڵهاتووەکـە، تایفـەی خالیـدی کـە هـۆزی داودخانە گەیشتبووە نزیکی سنووری خـاکی عوسمـانی سـەرلەنوێ شـەڕ لـەنێوان ئێمە وئەواندا دەستی پێکردەوە. خالیدییـەکان بـەزیانێکی زۆرەوە شـکان بەشـێك لێیان بەتاڵانکراوییەوە بوونە پەناهەندەی عوسمانیەکان.

دوای ئــەم ڕووداوە فــەرمانی گەڕانــەوەی لەشــکرەکە دەرچــوو، لەشــکرەکە دەستکەوتەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد، وبەشێکیان بەشێوەی پارەی نەقـد درا بە ئیقبال ئەلدەولە کە سەرجەم دەستکەوتەکەی گەیشتە دە هەزار تومان بەم شێوەیە لەو دەوروزەمانەدا وپێویستییەکانی لەشکرکێشی و موچەی شەڕکەرەکان وسوود ودەسکەوتی فەرمانڕەواکان دابین دەکرا.

لـەم ڕووداوەدا محەمـەد خـانی عێلخـان هـەلێکی بـۆ ڕەخـسا وخـۆی گەیانـدە خزمەت ئیقبال ئەلدەولە وکەوتە بەر نەوازشت ولوتفی و خەلعەتی پێبەخشرا. ولەم دیدارەدا بەهای حوکمدارییە نوێ وکەم دەوامەکەی کە بریتی بـوو لەحـەوت هـەزار تومان پێشکەش بەوالی کرماشان کرد.

ئەکبەرخانی سەرۆك هۆزی سیاە سـیاە وخانباخـانی شـەیانیش بوونـە وەزیـر وپێشکاری ئەو بە ئومێد وئارەزوویەکی فراوانەوە گەڕانەوە نێو عێلی کەلور.

ئــەم هێــز وقــودرەت وتوانــا نواندنــە لــە هەرلایەکــەوە بیگــری لــە ســوود ومەسـلەحەتی ئیقبـال ئەلدەولـەدا بـوو، بـەڵام شکـست ودارمـانێکی گـەورەی بـۆ داودخــان نەهێنایــە بــار. وەرزی زوســان لەگــەڵ عێلــە تاڵانکراوەکەیــدا لــەخاکی عوسمانیـدا تێپەڕانـد، بـەهار کـە عێلەکـەیان گەڕانـەوە ئـێلاخ داودخـان دووبـارە "گـیلان"ی داگیرکـردەوە وعەمەلـەکانی خـۆیی لەناوچـەی "گـواور" دامەزرانـد، محەمەد عەلی خانی عێلخان بەناچار پەنای بـردە بـەر سـوڵح وئاشـتی، سـەرلەنوێ بووەوە ژێر دەستە وگوێ بە فەرمانی داودخان.

عێلخانی ناوبراو دەیویست سنوورێك بۆ هێز ودەسەلاَتی داودخان دابنێت. بەم خەیالَ وئەنگیزەوە ویستی "خوێن بەستی" نێوان ئەو وئەکبەرخان دروست بکات، شوێنی سولَح وخوێن بەستەکە هارون ئـاوا دادەنێـت باباخـان لـەڕووی مەترسـی و ووردەکارییـەوە لـەو مەجلیـسەدا بەشـداری ناکـات، بـەلاَم ئەکبـەرخان بەسـی سوارێکەوە دێتەهارون ئاوا، لە چادرەکەی محەمەد عەلی خاندا نیشتەجیَ دەبێت.

داودخـان بـە جەمعیـەتێکی زۆرەوە یەتـە نێـو چـادری عێلخانـەوە وهـەر کـە گەیشتن جەوانمیر خان کە لە دواییدا نازناوی زەرغامو ئەلدەولە"ضرغام الدولـة"ی پیَ بەخشرا، لە حزوری ئێلخاندا ئەکبەرخان دەکوژێت وبەپەلە سوار دەبێت وتێکڕا تایفـەی سـیاه تـالاَن دەکـەن وڕۆژیـان ڕەش دەکـەن ومالَکـاول وویـران وپەرێـشانیان دەکـەن. بـەم جـۆرە داودخـان تـالاَنی تایفەکـەی بـە زیـاتریش وەردەگرێتەوە، و هێز ودەسـەلاَتی لەوساکە پترتـر بـوو. عـەلی جـان خـانی بـرای ئەکبـەرخان وخـان باباخـانی شـەیانی بـۆ ئیقبـال ئەلدەولـە پەنادەبـەن. ئیقبـال ئەلدەوله سـەرلەنویَ سـەرۆك عێـل وهۆزەکـان بـۆ کۆکردنـەوەی لەشـکر دەعـوەت دەکات وبەم هەڕەشە وگوڕەشە وخۆنیشاندانە سی هەزار تومەنی تری لە داودخان سەند وجولاَنەوەی لەشکرەکە ڕادەوەستێنێت.

پەناهەندەکان بەنائومێدییەوە گەڕانەوە ناوچەی کەلور وخۆیـان خـستە مـالَی داودخان ناوبراو ئەوپەڕی خزمەتیانی لیَ کرد، کچێکی خۆی لە عەلی خان مارەکرد، کچێکی تریشی دا بە باباخان. بەم شێوەیە سەرجەم تایفەکانی کەلَوری خستە ژێر دەسەلاَت وفەرمانییەوە ولەماوەی دوو سالَێکدا هێز ودەسەلاَتی گەیـشتە ڕادەیـەك کە هەزار سواری تایبەتی وئامـادەی هـەبوو. ئـەم هێـزە کـە بـە لەهجـەی کـەلَوری "هوگـل"یـان پێـدەگووت، لـە هەلَبـژاردەترین لاوانـی کـەلور پێکهـاتبوون وئەمانـە سـەرجەم لـەنێوان عەمەلەکانـدا[١] دەژیـان وموچـەکەیان داودخـان دابینـی دەکـرد. زۆری نەخایانـد محەمــەد عــەلی خــانی لــە کارەکــەی دەرکــرد وخــستیە لاوەوە

[١] ووشەی عەمەلە کە لەم بیرەوەریەدا هاتووە، لەنێوان هەندیَ لە تایفەکانی تری کـورد و لـوردا بەکاردێت. ئەم ناوە بەسەر ئەو بنەمالاَنەدا چەسـپێنراوە کـە هەلَبـژاردەی سـەرۆك عێلـەکانن ولەپشتی دەواری سەرۆکەوە دەواریان هەلَداوە و هەمیشە لەگەلَیانـدان وگـویَ بـە فـەرمانین. ژمارەیان هەندیَ جار دەگاتە هەزار بنەمالَە، بیَ گومان ئەم ووشەیە لە هاومالَەوە وەرگیراوە.

وفەرەجوللا خان ناوێکی لە بنەماڵەی حاجی زادەکانی کرماشانی کردە عێلخانی کەلور. ئەم گۆڕانکاریە حکومەتی ناوەندی وئەیالەتی ناچار کرد بەشێوەیەکی فەرمی پلەی عێلخانی بەداودخان بسپێرن. لەسەرەتادا نازناوی "سەردار نەسرەت"یان پێبەخشی ولەدوایدا بەنازناوی ئەمیر ئەعزەم شان وشەوکەتیان رازاندەوە.

گومان لەوەدا نیە داودخان "ئەمیرئەعزەم" لەپیاوە هەلکەوتوو ناودارەکانی رۆژئاوای کوردستانە، خوێندەوار نەبوو بەلام لایق ودلێر وکارامە ودەست گووشاد ودەهەندە بوو بەگوزەشتی هەبوو، هەدەف وئامانج وئارمانی گەورەی لەسەردا دەپەروەراند. لەو دەوروزەمان ورۆژگارە ئالۆزەدا بە سی هەزار بنەماڵەی گوێڕایەڵی کەلورەوە و ئەو ناوچە گەرمیان وکوێستانانەی بەیەکەوە لکاندەوە و بەو سامان وسەروەتە وسوارە ئازاو بوێرانەوە کە لەژێر دەسەلاتیدا بوون دەیتوانی پلە ومەقامێکی یەکجار شایان وبەنرخ بۆ خۆی وهەم بۆ مێژووی ئێرانیش برەخسێنێت بەلام مەخابن ئەو هەموو توانا ودەسەلاتە زۆرەی خۆیی لەخزمەت زۆرداران وئیستیبداد دا ودژایەتی بەردەوام لەگەڵ تایفەی سەنجاوی و بنەماڵەی ئێمەدا بەفیڕۆدا.

## قازانجی من لەم شەڕ ودەمارگیری یە

فەروخ خان عێلخانی کورتماوەی کەلور بەناکامییەوە گەڕایەوە کرماشان، بەلام کوڕەکانی بەچەند سوارێکەوە ڕۆیشتنە خاکی عوسمانی. عەلی ئەکبەرخانی بەرخورداریش کە لەکاتی تێکشکان ودارمانی داودخانەوە لەعێراقدا مابووەوە، خۆی پێیان گەیاند وهاتە ریزیانەوە. بەتێکڕا نزیکەی سەد تا سەد وپەنجا سوارێکیان پێکهێنا، ولەناوچەکانی تایفە نزیکەکاندا لەسنوورەوە ئاژەوەیان دەنایەوە، تا ڕۆژێك لە شوێنێکدا کە بە "کەل داود" بەناوبانگە ولەنیو فەرسەخی سەرپێلی زەهاودایە، ڕێ بە کاروانێکی بازرگانەکان دەگرن وشەست قاتریان بەبارەکانیانەوە دەبەن، ئەوکاتە من لێپرسراوی سنوور بووم ولە قەلا سەوزیدا دەژیام.

نێوەڕۆ تەلوگرافی لە ئیقبال ئەلدەولەوە گەیشتە دەستم بەم دەقە: "عەلی ئەکبەرخان " فە تحولئە یالەی" کوڕی فەروخ خان لەگەڵ داودخاندا شەست

قاتریان تالآنکردووە بەگورجی ڕێگایان لێبگرە". بێ دواکەوتن سواربووم هاوڕێکانم لە بیست وپێنج سوار بتر نەبوون، ئەگەر چاوەڕوانی کۆکردنەوەی سـوارم بکردایـە بێگومان تالآنکەرەکان لەدەستمان دەردەچوون. لـەڕووباری ئەڵوەنـد وتەنگابـەوە تێپـەڕین، لەشـوێنێکدا کـە بـە "دۆڵـی خـرس" بەناوبانگـە لـە دوورەوە جـەردە وپیاوخراوەکانمان لەگەڵ قاترە تالآنکراوەکاندا بینی.

لەسەر ئاوەکەی "تەپە کەل" داوەزین، هاوین بـوو، هـەوا یـەکجار گـەرم بـوو، دەست وڕوومان شـۆرد وخۆمـان فێنـك کـردەوە ئامـادەبووین، دەسـوارم بـەنهێنی ناردە شوێنێك کە "کن بز"یان پێدەگووت تا بەریان لێبگرینەوە.

سوارەکانی فەتحوئەلئەیالە لە حەفتا سوار زیاتر بوون، بـە پـانزە سـوارێکەوە هەڵمان کوتایە سەریان "چـارەی دز هەڵهاتنـە" قاترەکانیـان خـستە پێـشیانەوە، بەپەلـە هــەڵهاتن نەیانـدەزانی بـەردەمیان گیراوەتــەوە، لـەناکادا ئـەو دەسـوارە لەبەردەمیاندا قووت بوونەوە ودەستڕێژیان لێ کردن، سەریان لێشێواو ژلێژان چەند کەســێکیان لێ کــوژراو دوو کەسیــشیان بــەدیل گــیران. یــەکێ لــە کوژراوەکــان شــامارخان نــاوێ کــە ئــامۆزای داودخــانی کــەلور بــوو، پاشمــاوەی ســوارەکان قاترەکانیان بەجێهێڵاو وون بوون.

نیوە شەو گەیشتمە قەڵا سەوزی، ئـەوەی ڕوویـدابوو بەدرێـژی بەنامەیـەك بـۆ قەسری شیرینم نارد، تا پێش ئەوەی بگەمە ئەوێ بە تەلوگراف کرماشـان ئاگـادار بکەن. سبەی قاترەکان ودوو دیلەکەم لەپێشەوە ڕەوانە کرد، وخۆمیش بە هــەموو سوارەکانەوە کەوتمەڕێ. زۆربـەی خـەڵکی قەسـری شـیرین وبەرپرسـی تـەلوگراف خانە وبەرپرسی گومرگ وباج وبریکاری حکومەت هاتبوونە پێشوازییەوە، ئێمـەیان بە تەنتەنە وعەنعەنە وشکۆیەکی تەواوەوە بردە نێو شارەوە.

پێش نیوەڕۆ وەڵامی تەلوگرافی ئیقبال ئەلدەولە گەیشت، کەدوای قەدردانی و دەست خۆشی فراوان نازناوی فەتحوئەلئەیالەی لە مەحموود خـانی کـوڕی فـەروخ خان وەرگرتەوە وبەناوی حکومەتەوە دابووی بـەمن. سـەیرم کـرد نازنـاو لـەوڵاتی ئێمەدا ماناکانی خۆی لەدەستداوە وبووەتە نـاوی کەسـایەتیەکان، وەرگرتنـەوەی نازناو لەکەسێك وپێشکەشکردنەوەی بە یەکێکی تر کـارێکی بێمانـا وبـێ جێیـە، و بـێ سـوودە ولـە وەڵامـی تەلوگرافەکـەدا لەگـەڵ سوپاسـی فراوانمـدا لـە لوتـف

ونەوازشتی حکومەت ووتم چونکە فەتحوئەلئەیالە یاغی یە تەحەموولی نازناوەکەی ئاسان وسازگار نیە. سەرلەنوێ لەلایەن ئیقبال ئەلدەولەوە تەلوگرافێکی قەدردانی ودەست خۆشییەکێ تر گەیشت کە لەبەر ئازایی ودلێریتان پیرۆزبایی پێشکەشکردنی نازناوی شوجاع لەشکر لەلایەن دەوڵەتەوە، پێتان، لێدەکەم.

قاترەکان هینی ئیمام جومعەی کرماشان بوو، بەئاگاداری بەرپرسی تەلوگراف خانە سپاردمە جێگری حکومەتی قەسری شیرین. سەبارەت بەم خزمەتەوە ئیمام جومعە بووە یەکێ لە دۆستە نزیك وڕاستەقینەکانم کە لەدوایدا لەکەسایەتی ئەو زاتە لەزۆربەی قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا کەڵك وسوودم لێ وەرگرت.

دوای ماوەیەك لەلایەن ئیقبال ئەلدەولەوە جلێکی سەرداری بەناوی دیاریوپێشکەشی وخلعەتەوە گەیشت کە سی تومان ئەرزش وبەهای بوو. من سەد تومانم بە هەڵگرەکانی ئەو دیارییە بەخشی.

## شایی و شینم

لەو کات وزەمانەدا هەروەکوماڵەکە و دیوەخان وشت ومەکی ماڵەکەم یەکجار ڕێك وپێك وچاك بوو لەگەڵ ئەمەشدا خۆمم بەخاوەن ماڵ وژیان نەدەزانی ماڵەکەمم وەك پاسگای جەندرمە دەهاتە بەرچاو، کە هەمیشە ئامادەی هێرش وبەرگری بێت. بۆپیاوی کورد ماڵ ئەو شوێنەیە کە ژن ومناڵەکانی لەوێدا دەژین، ئەگەر چی چوار دیوارییەکی لە قووڕ دروست کراو بێت یا کەپرێك لە دار وگەڵای درەخت دروست کرابێ، یا دەوارێکی ڕەش یا لەوایەکی شڕ و دڕاوی داخراو لە سایەی درەختێکدا بێت، پیاوێك کە ژنی نیە ماڵیشی نیە.

نزیکەی چوار یا پێنج ساڵ بوو ئێلاخم نەبینیبوو، تێکڕا ژیانم بە بەرپرسیاریەتی سنوور وململانێی کەشمەکەش وشەڕ وشۆڕەوە دەبردە سەر. لەخۆمدا هەستم بە هیلاکی ودڵتەنگی و خەمۆکی دەکرد، حەزم دەکرد بگەڕێمەوە نێوان بنەماڵە وخزم وکەس وکارو یادگارەکانی دەورەی مناڵیم وئەگەر ڕێکەوتیش ژن بهێنم. لەدڵمدا گەوهەرتاج خانمی ئامۆزام کچی خوالێخۆشبوو خوسرەو خانم بەدەستگیرانی هەڵبژاردبوو، کچێکی تری ئەو خوالێخۆشبووە زەرین تاج خانم هاوسەری قاسم خانی برا گەورەم بوو، کە دایکی کوڕەکانی سلێمان خانوعەلی

خان وئەشرەف خان وکەریم خان بوو، کچە گەورەکەی تری خاوەر خانم هاوسەری غوڵام شاخانی کوڕی خوالێخۆشبوو فەرەجوڵڵا خـان بـوو، کـە چـەند سـاڵێك دوای گواستنەوەی لـە منـداڵ بوونـدا فـەوتی کـرد. غـوڵام شـاخان دەیویـست لـەجیاتی ژنەکەیدا گەوهەر تاج خانم مارەبکات. سوڵتان خانم دایکی گەوهەر تاج خانم لەبـەر دوو هۆ حەزی دەکرد بیداتە غوڵام شاخان، یەکەمیان، نەیدەویست ئافرەتێکی تـر ببێتە خاوەنی ماڵ وسـامانی کـچە فـەوت کردووەکـەی، دووەمیـان غـوڵام شـاخان خوشکەزای بوو.

چونکە سوڵتان خانم ئـافرەتێکی بـەتوانا وکارامـە بووبەسـەر خوسـرەو خـانی مامـمدا بەتـەواوی زاڵ بووبوو، ئەویشی ڕازی کردبوو کە گەوهـەر تـاج خـانم بدرێتـە غــوڵام شــاخان، بــەڵام ئــەم داخوازیکــەرە پیاوێــك بــوو لــەنگ وزەبــوون ولێکەوتووترســنۆك ونــەخۆش وعــەقڵ ســووك، گەوهــەرتاج خــانم بــێ پــەردە وبەڕاشکاوی بە دایك وباوکی ووتبوو گەر بتانەوێ بەزۆر بمدەنە غوڵام شاخان خۆم دەکـوژم، جـارێکیش تریـاکی خواردبـوو ونزیکـی مـردن بـووەوە. هـیچ کـاتێ مـن ڕووبەڕووی گەوهەرتاج خـانم نەبووبوومـەوە قـسەمان لەگـەڵ یەکتریـدا نـەکردبوو، بەڵام هەندێ جار کە خانمەکان لە مەجلیسی پرسـە وشـاییدا بەشـدارییان دەکـرد هەندێ وەسفی جوانی ئـەوم لێ دەبیـستن. دایکـم بـەردەوام سـەبارەت بـە جـوانی وشایستەیی ئەو باسی دەکرد، وبەئاماژە تێمی دەگەیاند ئەویش حەزی لە تۆیە.

وادیـارە ئـەویش هـەر لـەو ڕێگـاوە هەسـتی بـە حـەز وخواسـتی مـن کردبـوو. لەبەرامبەر ئەم داخوازیە ناگونجاوی غوڵام شاخاندا سوێندم خـوارد ئەگـەر دەسـت لــەم خەیاڵــە هەڵنــەگرێت دەی کــوژم، چــەند جــارێکیش دەیویــست بــۆ مــاڵی خوســرەوخان بــڕوات ڕێگــەم پێــدەگرت وهەڕەشــەم لێ دەکـرد، ئـیتر دوای ئــەم هەڕەشەیە نەیدەوێرا بڕوات بۆ ماڵیان ولای هەندێ کەسانی بنەماڵەکەمان وتبـووی کە ئەوخەیاڵەی لەسەردا نەماوە و وازی لێ هێناوە.

دوای کوشتنی خوسـرەوخانی مامـەم ئـەوەی لەتوانامـدابوو بـۆ خزمـەتکردنی منداڵەکانی درێغیم نەکرد. خدامرووەت خانی مامەم کـە ژنەکـەی خوشـکی سـوڵتان خانم بووچەند ساڵێك لەمەوپێش کۆچی دوایـی کردبـوو، هاوسـەری نـەبوو، چـووە ئەوبیرەوە کە سوڵتان خـانم بۆخـۆی بهێنێـت ومیراتـی وموڵکـەکانی خوسـرەوخان

لەنێوان خۆی وباوکمدا دابەش بکات، لەکاتێکدا برا شەهیدەکەیان دوو کوڕ وچەند کەنیشکێکی هەبوو. بەڵام سوڵتان خانم ژنێکی لێهاتوو ژیر بوومناڵەکانی زۆر خۆشدەویست بەم بەرنامەیە ڕازی نەبوو، منیش گەیشتمە خزمەتی دڵنیام کردەوە تا گیانم لە بەدەندا بێت نایەڵم ئەم نەخشەی مام وباوکمە سەربگرێت.

لەدانیشتنێکدا بە ڕاشکاوی بە مامەمم گووت، چونکە سوڵتان خانم بەم شووکردنە ڕازی نیە بۆ تۆ چاکترە لەو بیروخەیاڵە دەست هەڵگریت، هەتا ئەو ڕادەیە ووتم: ئەگەر ئەویش ڕاز بێت تۆ ناتوانی ماڵ وسامانی مناڵەکانی خوسرەوخان بۆخۆت تەرخان بکەیت وبیبەیت، توانای نواندنی ئەم باسەم لای باوکمدا لە وزەدانەبوو، بەڵام بەدایکم گووت کە قسەکانم بگەیەنێتە ئەو.

هەروەك چەندین ساڵ بوو لە ماڵ وخزم وکەس وکار وبنەماڵە دوور بووم و لەسنووردا دەژیام، بەڵام گەڕانەوەی دوو مانگەم وهەڵوێست ودانوستانی من بووە هۆی ئەوەی کە خدامروەت خان بەشێوەیەکی کاتی بێ دەنگ بێت، بەڵام هەمیشە لەو فیکرەدا بوو کە بەهەر شێوەیەك بێت من ڕازی بکات ورۆژێ پێمی گووت گەوهەرتاج خانمت بۆ مارە دەکەم وسی دانگ گوندی نیلاوەرەی موڵکی خوالێخۆشبوو خوسرەوخان دەکەمە ناویەوە، من بەوپەڕی توڕەیی وئالۆزی وگوستاخی یەوە وەڵامم دایەوە کە دابەشکردنی سامان وموڵکەکانی خوسرەوخان خوای گەورە دابەشی کردووە.

خواگەواهە ئەم هەڵوێستەی منە بۆ بەدەستهێنانی گەوهەرتاج خانم نەبووە، چونکە دەمزانی ئەو دوای فەوتی باوکی بڕیاری بەدەست خۆیەوەیە وحەزیش لە من دەکات. ئامانجم تەنها ئەوەبوو کە سامان وموڵکەکانی خوسرەو خان کە خۆی وهەردوو کوڕە دلێرەکانی کە لەڕێی باوکمدا بەو شێوە دڵتەزێنە کوژرابوون، بۆ مناڵەکانی تری کە ماون بمێنێتەوە.

خەیاڵەکانی مامەم بەهەرشێوەیەك لەیەکبدرایەتەوە بە پێچەوانەی حەق وشەرع بوو وئەم ستەمە وجدانمی ئازار دەدا. قاسم خانی برام کە کچێکی تری خوالێخۆشبوو خوسرەوخان هاوسەری بوو لەگەڵمدا هاوبیر وهاوهەڵوێست کردبوو. ئەم کردەوانەم بووە هۆی ئەوەی کە مەحەبەت وخۆشەویستی دایکانەی سوڵتان خانم بۆخۆم ڕاکێشم.

دوای دوو ساڵ شەهیدبوونی خوسرەوخان هاتمەوە ئێلاخ. قاسم خانی برام بووە بەرپرس وپارێزەری سنوور. دایکم وباوکم لەگەڵ سوڵتان خانمدا کەوتنە وتووێژەوە وگەوهەرتاج خانمیان بە فەرمی کردە دەست گیرانم وخۆیان بۆ شایی زەماوەندم ئامادەکرد. لەم ڕۆژەدا عەلی ئەکبەرخانی بەرخورداری یاغی بووبوو، لەخاکی عوسمانیدا دەژیا وبەهاوکاری دەستەیە لە جەردە وپیاوخراوی تایفەی هەمەوەند وتاڵەبانی وزەنگەنەی عێراق چەند جارێك لەنێوان سەرپێڵی زەهاو وقەسری شیریندا جەردەیی و تاڵان وبڕۆیان کردبوو.

موعەدەل ئەلمەمالیك کەلەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە حوکمڕانی زەهاو وقەسری شیرین بوو، لە فەرمانڕەوای کرماشان بۆ سەرکوتکردنی ئاژاوەچیەکان یاری خواست. ئیقبال ئەلدەولە نامەیەکی بۆ باوکم نووسی فەرمانی دا کە من بە سەدو پەنجا سوارێکەوە بڕۆمە یارمەتی وکۆمەکی موعەدەل ئەلمەمالیکەوە، هەروك باوکم بەبەهانەی ژنخوازی منەوە عوزری هێنایەوە کە مۆڵەتی بدرێتێ نەڕوات، بەڵام عوزرەکەی قبووڵ نەکرا. لە نامەیەکی تردا ئیقبال ئەلدەولە هاتبووە وەسف وپیاهەڵدانی شان وشەوکەتمان وتبووی ئێمە چاوەڕانی گەورەترین لە عەلی ئەکبەرخان، بەڵێنیشی دابووکە ئەم مەئمووریەتەم لە پەنجا ڕۆژ پتر ناخایەنێت.

کۆتایی هاوین بوو بە سەدو پەنجا سوارێکی هەڵبژاردەوە بەرەو سنوور کەوتمەڕێ. وارێکەوت ئەو شەوەی گەیشتینە قەسری شیرین سوارەکان وخزم وکەسانی عەلی ئەکبەرخانی بەرخورداری یەکێ لە گوندەکانی "جگەر لوو"یان تاڵان کردبوو. سبەی زوو ناڵە وهاواری تاڵانکراوەکان موعەدەل ئەلمەمالیکی لە خەو ڕاپەڕاند. ناوبراو پەنای هاوردە من، ومنیش بەپەلە بەسوارەکانمەوە کەوتمە تەعقیبی جەردەکان. لە شوێنێکدا کە بە "گن بز" بەناوبانگە گەیشتینە یەك و وەکو ووتراوە "الخائن خائف" خاین دەترسێت، جەردە وپیاوخراوەکان لەیەکەمین بەرخورددا هەڵهاتن وپەرت وبڵاو بوونەوە وسێ کەسیان لێ کوژرا کە یەکێکیان کوڕی کەیخوسرەوخانی سەنجاوی لە بنەماڵەی للا نەزەرە، چوار کەسمان بەدیل گرت، سەرجەم تاڵانیەکانمان بەدەست کەوتەوە وتێکڕا لەگەڵ دیلەکاندا تەسلیمی موعەدەل ئەلمەمالیکمان کرد.

هەروەك ئەو جەردە وپیاو خراوانە گرنگی وئەرزشێك وەهایان نەبوو، بەڵام ئەم سەرکەوتنی کت وپڕە لە پێشکەوتن وناودەرکردن وناوبانگی مندا زۆر کاریگەر بوو.

لەگەڵ قاسم خانی برامدا کە بەرپرسی سنوور بوو دانوستانمان کرد ولەگەڵ موعەدەل ئەلمەمالیکدا کەوتینە وتووێژەوە کە دەمانەوێ عەلی ئەکبەرخانی بەرخورداری لەم سنوورەدا کە بووەتە مایەی ئاژەوە وبشێوی وبارودۆخی ناوچەکەی شێواندووە لەم ناوچەیە دەربەرێنین، ئێستاکە ماڵی وخزم وکەس وکارەکانی لە ئێراندان، ئەگەر نوێنەری دەوڵەت ڕەزامەندی لەسەر بێت لەناکادا هێرش دەبەینە سەریان وئاژاوە و ملهوڕی ویاغیەتییان بۆ هەمیشە لەڕیشە دەردێنین وسەرکوتیان دەکەین. موعەدەل ئەلمەمالیك دوای دوو دڵی ودڵەڕاوکەیەکی فراوان پێشنیارەکەمانی قبوولکرد بەمەرجێ دەستدرێژی نەکەینەسەر خاکی عوسمانی.

شەو کەداهات من وبراکەم بە سوارەکانمانەوە ڕوومان کردە شوێنەکەیان. لە جێگایەکدا کە پوشکەی شەفیع خانی بەناوبانگە دامانە سەریاندا ودوای بەرگرییەکی کورت بەپەلە وبەبێ نەزمی وسەرلێشێواوییەوە کۆچیان کرد، بەڵام سەرجەم ماڵ ومالآت وئاژەڵەکانیان کەوتە دەستمان. من وبراکەم هەرکەسێکمان بەشی خۆی وەرگرت پاشماوەی دەسکەوتەکەمان لەنێوان سوارەکاندا دابەش کرد. هەزار وپێنج سەد تومانیشمان پێشکەشی مەعەدەل ئەلمەمالیك کرد.

نزیکەی چل ڕۆژ لە قەسری شیرین مامەوە هەر کە موعەدەل ئەلمەمالیك لە ئاسایش وئەمنیەتی سنوورەکە دڵنیابوو بەپێی بەڵێنێك کە ئیقبال ئەلدەولە بە باوکمی دابوو مۆڵەتی گەڕانەوەمیان دایەوە.

دوای گەڕانەوەم باوکم بۆ ئامادەکردن وڕێکخستنی زەماوەندەکەم دەست بەکاربوو، هەر لەو پایزەدا کاتێ کە عێل بەرەو گەرمیان دەڕۆیشت زەماوەندەکەم بە شکۆ وجەلالێکی عێلایەتی تەواوەوە ئەنجام درا. ئیقبال ئەلدەولەیش پالْتاوێکی کشمیری نایابی بەناوی دیاریوخلعەتەوە بۆمی نارد. لەنامەیەکی پڕ لەنەوازشت ولوتف ومیهرەبانیدا ئومێد وسەرکەوتنی گەورەی خستە پێشمەوە. لەم قۆناغەداخۆشبەختی و کامەرانیم گەیشتبووە پۆپە.

گەوهـەرتاج هـەر هاوسـەرم نـەبوو بـەڵكو یـارو یـاوەر ومـونس وخۆشەویـست ومەعشوقم بوو. گەوهەر تاج شـیرین وخۆشـڕوو و میهرەبـان وپاكدامێن وخانـەدار وشایـستە وبـەغیرەت بـوو، هـەرگیز بـەد خـوویی ولاری وكـەچ ڕەفتـایم لێ نـەبینی هەمیشە سەرحاڵ و ڕووخۆش دەمبینی.

مـەخابن ئـەم كامـەرانی وسـەعادەتمە لـە دوو سـاڵ زیـاتری نەخایانـد. سـاڵی دووەم سكی پڕ بوو، لـەكاتی منـداڵ بوونـدا بەسـەر منداڵەكەیـەوە، بـەهۆی نـادانی مامانەكەوە كۆچی دوایی كرد، وەكو دوو خوشكەكەی تـری پـێش ئـەو ودوای ئـەو هەربەو دەردەوە سەریان نایەوە ولە دونیا ڕۆیشتن. ئەو كچەی كە هێنایە دونیـاوە دوای چەند ڕۆژێك فەوتی كرد.

مەرگی گەوهەرتاج خۆشبەختی وكامەرانیمی لەبەین برد، ماوەیـەك وەك شـێت ودێوانە ئاگام لەخۆم نەبوو ولەماڵ نەدەهاتمە دەرەوە، چەند جارێك ویـستم خـۆم بكوژم، بەڵام دایكم وسەید عەزیزی مامۆستام بەرگرییان لێم كرد ونەیانهێشت خۆم بكوژم. چل ڕۆژ نەچوومە حـەمام و ڕیشم نەتاشـی تـا بـاوكم وكوێخاكـان كەوتنـە سەرزەنشت وئامۆژگاریم، بەنەویستییەوە بردمیانە دیوەخـان وبـاوكم ئـەمری كـرد كە ڕیشم بتاشن و لەگەڵ خۆیدا بردمیە حەمام.

كەم كەم كاروباری عێل و سەر سـنوورم دەسـت پێكـردەوە، بـەڵام زامـی دڵـم هەرگیز سارێژ نەدەبوو. ئێستەكە كـە ئـەم یاداشـتە دەنووسـم نزیكـەی چـل سـاڵ بەسەر ئەو كارەساتەدا تێپەڕیووە وڕووداوی زۆرم بەسەردا هاتووە، هێشتانە بەژن وبـاڵای جـوان ونـازەنینی وڕووخۆشـی ومیهرەبـانی لـە یادمدایـە و فەرامۆشـم نەكردووە. ئـەو لـە دوا دەمـی ژیانیـدا كـە داوای بینینمـی كردبـوو هاتمـە پاڵیـەوە وخـۆی خـستە باوەشمـەوە ودوای كـەمێك هـەتا هەتایـە چـاوی نووقانـد، هـەرگیز لەیادی ناكەم ولەبیرم ناچێتەوە.

دوای فـەوتی گەوهـەرتاج سـەركەوتن وپێـشكەوتنی زۆرم بەدەسـهێنا وزۆر ناوبـانگم دەركـرد، بـەڵام لەحەقیقەتـدا كۆچـی دوایـی ئـەو دوادوایـی وكۆتـایی خۆشبەختی وسەركەوتنم بوو وسەرەتای ئاوابوونی بەخت وشان وشەوكەتم بوو.

لەدەورەیەكدا كە تەمەنم بیست وشەش ساڵ بوو، دوای سێ ساڵ پاش فەوتی گەوهەر خانم خوشكەمناڵ ونادانەكەیم كە نیم تاج خـانمی نـاوبوو مـارەكرد وبـووە

هاوسەرم. جێی تەعەجووب وسەرسامیە کە ئەم دوو خوشکە هەروەك لە میوەی یەك درەختن ولە باوك ودایکێکن، بەڵام لەیەك نەدەچوون. هەرچەندی ئەو هوشیار وزیرەك بوو ئەم بوودەڵە ونادان وبێ مایە بوو، ئەو چەندی ماڵدار بوو ئەم ماڵ وێرانکەر وڕوخێنەربوو. ئەو چەندی میهرەبان بوو ئەم نامیهرەبان وعەبووس وترشڕوو بوو. دوو سێ ساڵێك هەرچۆن بوو بەڕەنج وزوحمەت ومەینەتەوە لەگەڵیا بردمە سەر، ئەنجام بێ ئەوەی تەڵاقی بدەم لێی جیابوومەوە.

لەتەمەنی سی دووساڵیدا "نورتاج خانم" کچی میرزا خوسرەوی دەوڵەت داد بێوەژنی بەتەمەن گەنجی خوالێخۆشبوو خان خانانی یاسەمی کوڕی خوالێخۆشبوو حوسەین خانی سەردار موعەزەم سەرۆکی عێلی گۆرانم مارەکرد. لەمێردە پێشووەکەی کوڕێك وکچێکی منداڵی هەبوو. کە لەماڵی مندا گەورەبوون و وەکو منداڵی خۆم گەورەیانم کرد. کوڕەکەی ئەو کەسایەتیەیە کەلەدواییدا بووە کەڵە شاعیر وئەدیبە ناودارەکەی ئێران ئەویش ڕەشید یاسەمی یە. من یەکجار خۆشحاڵم کە لەپەروەردەی ئەم لاوە خوێندەوار وژیر وهەڵکەوتوو بەهرەمەندەدا بەشێکم هەبووە. هەروەکو مایەی ئەدیبی وخوێندەواریەکەی بۆ دایکی وخوالێخۆشبوو خوسرەوی باپیرەی دەگەڕیتەوە.

بە ئینسافەوە دەڵێم کە شاهزادە خانم هاوسەرێکی شایستە بوو بۆم. لەجوانی ونازەنینی دا بەهرەیەکی زۆری بردبوو، هەروەك ڕەفتار وڕەوشتی شارستانیانەی هەبوو خووڕەوشتی من عەشایەری وعێلایەتی بوو. زۆر زوو هەستی بە خووڕەوشتم کرد، وخۆی گونجان لەگەڵمدا. میوانخانەکەمی کە زۆر هەستیاربووم دەربارەی و بەووردی چاودێریم دەکرد، بەوپەڕی نەزم وپاك وتەمیزی وڕێك وپێکی وئابڕومەندییەوە ئەیبردە ڕێگاوە وهەڵیدەسووڕاند، وڕێگەی سەرزەنشت وڕەخنە وبەدخوویی لەم بابەتەوە لێم دەبەست. هەرکاتێك لە ئیش وکارێك یا سەفەرێك بە هیلاك وخەستەیی دەگەڕامەوە ڕێك وپێکی ماڵ ونەزم وتەرتیبی ماڵ وخزمەتی چاکی خەستەیی وهیلاکیەکەمی نەدەهێڵا ولەبیرمی دەبردەوە.

تەقدیر وچارەنووس سێ تاجی پێبەخشیم (گەوهەر تاج، نیم تاج، نور تاج)ن هەر تەنها تاجی یەکەم عەشق ودڵدار وکامەرانی وسەعادەت بوو.

## حکومەتی عەلا ئەلدەولە

لەم بەینەدا ئیقبال ئەلدەولە لابرا ولەجێی ئەودا سەرەتا مەهدی قولی خانی مەجید ئەلدەولە وبەدوای ئەودا ئەحمەد خانی عەلا ئەلدەولە[1] یان کردە فەرمانڕەوای کرماشان. هەروەك ئیقبال ئەلدەولە لە کارە سەرەکیەکاندا سەرکەوتوو نەبوو لەگەڵ ئەوەیشدا یەکێ لە فەرمانڕەوا چاکەکانی کرماشان دەژمێردرێت. عەیب وکەم وکوڕی سەرەکی ئەو بەرتیل وەرگرتن بوو، بەڵام ئەم ڕەوشە ناپەسەند وقێزەونە داب ونەریتی ئەو دەوروزەمانەیە بوو، شتێکی ئاسایی دەژمێردرا. هەرکەسێ بۆ حوکمڕانی ناوچەیەك هەڵیانبژاردبایە بەپێی گرنگی وسامانی شوێنەکە پێویستە مەبلەغێکی بەرچاوی بەسەدری ئەعزەم سەردەم ودەربارییەکان وهەتا خەزێنەی دەوڵەت پێشکەش بکردایە. لە حەقیقەتدا بەشێوەیەك لە دەسەڵات وحوکمڕانیەکەی دەسەند. ئەگەر وەهای نەکردبایە هەمیشە لە مەترسی ئەوەدا بوو کە لەلایەن دەربارییەکانەوە دەربکرێت وبخرێتە لاوە وهەرگیز بەردەوامی خۆی لەو پلە وپایە ومەقامەدا بە مسۆگەر نەدەزانی بۆیە ناچار هەوڵیدەدا بە هەر فرۆفێڵ و وسیلەیەکەوە بێت لەماوەیەکی کورتدا ئەوەی داویەتیە کاربەدەستانی حکومەتی مەرکەزی و دەربارییەکان لە خەڵکی ناوچەی حوکمڕانیەکەی وەربگرێتەوە وگیرفانی پڕ بکات. ئەمەبوو پیشە وڕەوشی کاربەدەستەکان. ئیقبال ئەلدەولەیش هەروەك ئەوانی دەکرد چونکە ئەوانیش ئەندامێك بوون لەتان وپۆی نیزامێکی دواکەوتوودا. لەگەڵ ئەمەیشدا کاتێك هاتوو لەگەڵ سالار ئەلدەولەداویا حەسەن عەلی خانی ئەمیر نیزامی گەڕوسی حوکمڕانی پێش ئەوی کرماشان بەراوردیان بکەین، پێویستە سەلاو بنێرین بۆ ڕۆحی پاکی ئیقبال ئەلدەولە.

ئەمیرنیزام لە پیاوە دەست ڕۆیشتووەکانی ئەو سەردەمەی دەوڵەت بوو، لە دەرباری پاشاییدا ڕێزێکی تایبەتی هەبوو، هەر پێشنیازێکی بۆ حکومەتی مەرکەزی بناردایە قبوڵ وپەسەند دەکرا، لەگەڵ ئەمەیشدا لە دەورەی حوکومڕانی ئەودا بۆ خۆشگوزەرانی وکامەرانی وئاسوودەیی وپاراستنی ئاسایش وئەمنیەت وسەرکوتکردنی پیاوخراوان ویاغییەکان کارێکی ئەوتۆی ئەنجام نەدا و لێی

[1] عەلا ئەلدەولە لە ساڵی ١٣٣٠هـ.ق بووە حوکمڕانی کرماشان.

نەوەشایەوە. بەدەسێکی کراوە ودڵێکی گوشادەوە بەرتیلی وەردەگرت، بەڵام ئیقبال ئەلدەولە حەزی لە ئاوەدان کردنەوەبوو، و زۆر لای گرنگ بوو قەڵەمڕۆی حوکمڕانیەکەی بەڕووکەشیش بێت ئاوەدان بێتەوە وحاڵەتێکی چاك وئابڕومەند لە خۆی بگرێت. کە هاتە سەر سنوورەکان بۆ پشکنینی قەسری شیرین وقەڵای سەوزی وێران وکاول هاتە بەرچاو نەو ژنەوە وچاککردنەوەیانی لە دەوڵەتی مەرکەزی داخوازی کرد وداواکارییەکەی قبووڵ کرا.

کاتێ کە من بەرپرسی سنوور بووم لەژێر چاودێری مندا قەڵای سەوزی دروست کرا، هەر ئەویش قەڵای جەوامیری هەمەوەندی تەعمیر و ئاوەدان کردەوە، لە دەست درێژی بەرپرسانی حکومەتی بۆ سەرماڵ وسامانی خەڵکی تاڕادەیەك کەم کردەوە. ئامانج وهەدەفی گەورەی ئەوەبوو نەهێڵێت نفوز ودەسەڵات وتوانای داودخانی کەلور پەرەبسێنێت، بەڵام لەم هەوڵ وکۆششەیدا ڕووبەڕووی سەرپێچی وئاژاوە وکارشێوانی پیاوی ئاینی گەورە ودەست ڕۆیشتووی کرماشان حاجی ئاغا نەوەی ئاغا باقری بەهبەهانی بووەوە کە لایەنگران وپاڵپشتکەرانی سەرسەختی داودخان بوو، ولەلایەن ئەوەوە قازانجی زۆری پێدەگەیشت، هەر بەهاندانی ئەو حاجی ئاغایە خەڵکی شاری کرماشان دژی ئیقبال ئەلدەولە هەڵسیان ومانیان گرت وبازاریان بەست. ئەم شۆڕش وسکاڵایانە بووە هۆی گۆڕانی ولادانی لەسەر پلە ومەقامەکەی.

عەلا ئەلدەولە فەرمانڕەوای نوێی کرماشان بەتوانایی وکیفایەت وزۆرداری وبوێری وبێباکی بەناوبانگ بوو، سوود وەرگرەکان لە دەسگای حکومەتدا چونکە هەواڵی ئەم شوهرەت وناوبانگەی ئەویان بەو شێوەیە بیستبوو، ئومێدیان وابوو بەهاتنی ئەو شان وشەوکەت ودەرامەتیان زیاتر ببێت.

لەو دەورەدا لە دەوروبەری حوکمڕانی ئەیالەت جەمعێکی زۆر بەنازناوی جیاوازەوە وەك بەرپرسی نووسینگەی حوکمڕان "منشی"، باجگر، و لەشکرنووس، و لێپرسراوی ئاخور و تەویلەی حوکمڕان وفەراش وخزمەتکار وغولام بەرچاو دەکەوتن. هەرکاتێ حوکمڕان یا والی بۆ دیدەنی پێشەوایەکی ئاینی یا کونسولێکی بێگانە لە سەنتەری حکومەتەوە بکەوتایەتە ڕێ نزیکەی سەد فەراش وخزمەتکار وپاسەون ویاساوڵ بە گورزی زیوینەوە بە دوو ڕیز لە پێشی والییەوە

ڕێیان دەکرد، وبەدەنگی بەرز هاواریان دەکرد "هەڵسن، بڕۆن مەوەستن[1] " وبە قەمچی وەشاندن خەڵکیان لەسەر ڕێگای حوکمڕان لادەدا ودووریان دەخستەوە، حوکمڕانیش کە چەند پێیەك لەوانە دوورتر بوو بە کەشوفشێکەوە هەنگاوی دەنا وڕێی دەکرد، چەند کەسێك لە پیاو وخزمەتکارە تایبەتیەکانی لەملاو لایەوە یا لەپشت سەریەوە عەبا وجانتا وقلیانەکەیان هەڵدەگرت وبەدوای ئەمانەدا ژمارەیەکی بێشومار لە خزمەتکارەکان وفەراشە بێکارەکان ڕێیان دەکرد. ئەم جەمعە موفت خۆرە جەندرمەکان وکوێخاکانی کۆڵان وناوچەکانی شار وئەوانەی بەتامای پلە ومەقام وکاروباری حکومەت بوون بۆ پێشوازی عەلا ئەلدەولە خۆیان ئامادە کردبوو، ولە خۆ شیرین کردن درێغیان نەدەکرد. بەڵام ئەم جۆش وخرۆشە زۆر زوو دامرکایەوە وئەم ئارەزوویانە بووە نەخشی سەرئاو.

عەلا ئەلدەولە سێ لەسەر چواری ئەم بێکارانەی لە دەستگاکانی حکومەتدا دەرکرد و بەلایەوەنا و داب ونەریتی "هەڵسە وبڕۆ"ی قەدەغەکرد. هەرکاتێ لە مەقەری حکومەتەوە دەهاتە دەرەوە بتر لە سێ یا چوار سوار یا پیادەی لە دەوروبەریدا نەبووە. فەرمانی دا بەشازادە وگەورە پیاوانی کرماشان کە لەڕەفتار وهەڵسان ودانیشتنیاندا سادە وبێ کەش وفش بن، هەروەها فەرمانیدا لە کۆڵان وجادە سەرەکیەکاندا چرا دابنرێت تا ئەو شوێنانە ڕووناك بێتەوە، بۆ تەمیزی وپاکی وئاوڕشێنکردنی "مەیدانی تۆپخانە" کە سەیرانگای گشتی سەرجەم شارەکە بوو، چەند فەراشێکی تایبەتی دامەزراند، لە پاداشتی خزمەتگوزاری ئەو بەرپرسانە کە بە کاروباری حکومەت بۆ گوند ودێهاتەکان یا نێو ئێلات وعەشایرەکان دەچوون، بۆ هەر فەرسەخێ کە دەیانبڕی بۆیان هەبوو قڕان ونیوێك وەربگرن، لەوەزیاتر وەریان بگرتایە بە سەختی سزایان دەدرا.

هەندێ جار خۆی دەگۆڕی ودەچووە نێو بازاڕەوە لە دووکانەکان شت ومەکی دەسەند، ئەگەر سەرپێچی یا زیادەڕەوی لە نرخ وقورسایی وکێشانەدا وەدی بکردایە بەسەختی سزایانی دەدا وگوێیانی دەماڵی. ژمارەی پەنجا کەسی لە کوڕە شازادەکانی شار کە تەمەنیان نزیکەی یانزە ساڵێك دەبوو جل وبەرگی سەربازی کردەبەریان وڕەوانەی سەربازخانەکانیانی کرد، وفەرمانیدا بە مەشقی سەربازی

---

[1] بیستوومە ووتراوە "دورو کور شو"

ونیزامـی سـەرگەرم بکـرێن وبـە تۆپـە کۆنـە نەمـساویەکان مەشـق بکـەن. چـەند پیاوماقوڵێکی لە خەڵکی شار کەچاوساغ ووریا وئاگاداری بارودۆخی شار وناوچەکە بوون هەڵبژارد کە لە بنکەکانی پۆلیس وجەندرمەدا دانیشن وسەبارەت بـە سـکاڵاو داخوازیەکانی خـەڵکی بکۆڵنـەوە، پیـادەکردن وئەنجامـدانی ئـەم بڕیـارەی خـستە ئەسـتۆی "سـەهم ئەلدەولـە"ی کوڕیـەوە، بـەڵام هەرچـەندی بـاوکی هەڵکـەوتوو شایستەبوو، کوڕەکەی بەپێچەوانەی ئەوەوە مرۆڤێکی بێکارە وسەربەهەواو لـووت بەرز وشەلاتی وهەوەسباز بوو.

عەلا ئەلدەولە پیاوێکی توندخوو، تەنها بیروباوەڕی خۆی نەبێت بیروڕای هـیچ کەسێکی تری قبووڵ نەبوو، لەسەر شت ڕۆیی ودرێـژدادڕ وتـا بڵێـی خـوێن ڕێـژیش بوو. دوژمنەکانی دەیانگووت شمشێرەکەی **"شمر بن ذی الجوشن"** لـە مـاڵی ئەودایە هەر فەرمانێك یا بڕیارێکی دەربکردایە پێویست بـوو هەرچـی زووتـرە جـێ بەجێ بکرایە، شەفاعەتی لەکەس قبوڵ نەدەکرد، زۆر زۆر توڕە ودەمارگیر دەبوو، لە دوژمنیدا قین لە دڵ ولە دۆستیدا زوو دەگۆڕا وجێگەی موتمانە نـەبوو، بـەرزەفڕ ومەقام پەرست وسەودای زۆری لەسەردا بوو، هەرچۆنێ بێ دادگـەری و نـەزمی لـە فەرمانڕەواکانی تر چاکتر بوو، وتەماحیشی لە ئیقبال ئەلدەولە وئەمیر نیزام کەمتر بوو.

کـاتێ ئـەو بـووە فـەرمانڕەوای کرماشـان قاسـم خـانی بـرام "سـەردار ناسـر" لەلایەن باوکمەوە بەرپرسی سنوور بوو، منیش لە ئێلاخدا بەبۆنـەی کۆچـی دوایـی هاوسەرەکەمەوە خەفەت بار ودڵتـەنگ ومـەلول بـووم. بـاوکم دەیویـست خـۆی لـە سنووردا بمێنێتەوە، بەرپرسـی قەسـری شـیرین سـنوور بکـات وقاسـم خـانی بـرام سەرکردایەتی وبەرپرسیارێتی کاروبـاری عێلـی سـەنجاوی بگرێتـە ئەسـتۆ. منـیش لەگـەڵ خۆیـدا لـە کاروبـاری سـنووردا هاوکـاری وبەشـداری بکـەم. بـەم نیـەت وئامانجەوە گەیشتە خزمەت عەلا ئەلدەولە ودوای ڕێکخستنی بـارودۆخی دەرامـەت وموڵك وماڵیەوە بەرەو قەسری شیرین ڕۆیشت.

عـەلا ئەلدەولـە سـەبارەت بەخزمـەتی مـن لـە سـنووردا لـە دەورەی ئیقبـال ئەلدەولەدا ئاگادار بووبوو، لەسەر داخوازی باوکم عەلا ئەلدەولە ناردی بە شوێنمدا ودڵـی دامـەوە ولـە حـزوردا فـەرمانی داپـێم کـە هەرچـی زووتـر بڕۆمـە سـنوور لـە

حەفتەیەکدا مـافی ئـەوەم ببێـت سـەد ووشـە بـە تـەلوگراف بەبـەلاش بنێـرم بـۆ حکومەتی کرماشان.

دوای گەیـشتنمە سـنوور وجێگیربـوونم لـە قەڵاسـەوزیدا هەرچـۆنێ بـاوکم ویستبووی قاسم خانی برام "سەردار ناسر" بەرەو ئێلاخ گەڕایـەوە، سەرپەرشـتی عێلی گرتە ئەستۆ.

## ڕووداوی ڕاوێژکارە بەلجیکیەکە

لەم دەورو قۆناغەدا مەسعود نیزام حاکمی سەرپێڵی زەهـاوبوو، نزیکـەی سـی سواری کەلور و سی کەسی پیادەی گۆرانی لەگەڵ دابـوو، لـەو دەورەدا ڕاوێـژکارە بەلجیکیەکانی گومرگ لە سنووری ڕۆژئاوادا جێگیر بووبوون. لەو مێژووەدا قەسری شـیرین گـرنگترین دەروازەی بازرگـانی ئێـران دەژمێـردرا کـە شـەو و ڕۆژ کاروانـە گــەورە وبەشــکۆکان بــەردەوام بــەدوای یەکتریــدا لــەو دیــووەوە تێدەپــەڕین وســەرەکیترین شــت ومــەکی هــاوردە لــە دەرەوە ونێــردراو بــۆ دەرەوەی ئێــران "واردات وصادرات" لەوێوە دەهاتە نێو و دەڕۆیشتە دەرەوەی وڵاتەوە.

سەرۆکی ئەم ڕاوێژکارانە پیاوخراوێکی بەلجیکی بوو ناوی مسیو "سزاری" کـە دەیانگووت لە بنەچەکدا ئینگلیـزە، ئـەو دوای ماوەیـەك بـووە بەرپرسـی گـومرگی سەرجەم ڕۆژئاوای ئێران وسنوورەکانی تا ئەیوان وپشکۆ لـەژێر دەسـەڵاتیدا بـوو. وپەنجا سواری چاك وکارامە لەژێر دەست وفەرمانیدا بوون.

سزاری پیاوێکی "فیرعەون ئاسا" وگەندەڵ وچـەوت وبـەدخووبوو، بەسـووکی ســەیری ئێرانیــەکانی دەکــرد، بازرگانــەکان ووەکیلــەکانیانی ئــازاردەدا، بــاوکم هەرچەندە تەمێی وئامۆژگاری دەکـرد بـێ سـوود وبـێ هـوودە بـوو، و پـتر ڕوودار ودەسدرێژی دەکرد.

یەکێ لە کردەوە ناشیرین وناپەسەند ونالەبارەکانی پاپووش دروست کردن بۆ خەڵکی بوو. بۆ نموونە شەوان موتمانـە پێکراوەکـانی خـۆی دەنـارد کەسـندووقێك جەواهیر وشت ومەکی قاچاغ لە ماڵی کەسێکدا بخەنە ژێر خاکەوە، سبەی هەر بەو لێپرسـراوانەوە کـە کارەکـەیان ئـەنجام دابـوو ڕووی دەکـردە ئـەو ماڵـە ودەسـتی دەکردە پشکنینی وسندووقەکە وشـت ومـەك قاچـاغەکانی لـەژێر خـاك دەهـاوردە دەرەوە ولەبەرچاوی خەڵکیدا، لە حزووری باوکمدا ئەو کەسەیان قاچ دەبەسـتەوە

وبەدار وقەمچی دەکەوتە گیانیان. بەم جۆرە خەڵکی قەسری شیرین لە ستەم ودەست درێژی ئەم کابرایە کەوتبوونە تەنگاوێکی یەکجار فراوانەوە. هەندێ خەڵك کۆچیان کرد وکاروبار وسامان ومالّیان گوێزایەوە خانەقین.

هەروەك دەست درێژی وتالآن وبڕۆی سزار ئاشکرا وروون بوو، بەڵام چونکە پێش هاتنی بەلجیکیەکان گومرگی ئێران بارودخێکی یەکجار خراو وئالۆزی هەبوو، بەتایبەت لە سنووری ڕۆژئاوادا، ئەو خراپی وئالۆزی وهەرکەس بۆ خۆییە گەیشتبووە ڕادەیەك سێ یەکی دەرامەتی گومرگ نەدەگەیشتە خەزێنەی دەوڵەت، دەوڵەت وحکومەتەکانی سەردەم هەمیشە لە سەرجەم بەرپرسانی سنوور داخوازیان دەکرد کە بیروباوەڕ وتێڕوانین وبۆچوونەکانی بەلجیکیەکان دەربارەی گومرگ لەبەرچاو بگرن وهاوکاری لەگەڵیاندا بکەن، باوکم لە هاوکاری درێغی نەدەکرد. بەڵام سەربەهەوایی ولووت بەرزی وستەم وگەندەڵی سزار بەڕادەیەك بوو ماوەیەك بەبێ دەنگی ومودارا کردن تێپەڕی تا ئەوکاتەی کە لار وچەوتی وکردەوە دوور لەیاساکانی کەوتە ڕوو.

عەلا ئەلدەولە نامەیەکی بۆ باکم نارد کە کردەوەکانی بخاتە ژێر چاودێرییەوە، من لەم پیاوە بێگانە خۆبەزلزان وفیرعەون ئاسایە بێزار بووم. هەرکاتێ دەگەیشتینە یەکتری گوێم نەدەدایە و بێ سلاّوکردن دادەنیشتم وبەخەنجەر وچەکەکەمەوە خەریك دەبووم دەستم بەسەریاندا دەهێنا ویاریم پێیان دەکرد. لای چەند کەسێکی جێ متمانەی ئەو بە ئەنقەست دەمووت هەرلەم ڕۆژانەدا شەڕێ لەسەر خەڵکی ئەم ناوچەیە کەم دەکەمەوە، ئەم قسانەی پێدەگەیشت، کەم کەم هەستم کرد لە من دەترسێت وهەوڵی نزیکی ودۆستایەتی دەدات، تا ڕۆژێ لە مەجلیسێکدا دانیشتبووین دەمانچەیەکی زۆر چاکی ماوزەری ئەڵمانی بەلاقەدیەوە بوو، دەستم برد ودەمانچە ماوزەرەکەم لە لاقەدی کردەوە، و ڕەنگی تێکچوو وهەڵبزڕکا، بەڵام بە میهرەبانی وبزە پێکەنینێکی دەست هەڵوەستەوە ووتی چەکێکی چاك ونایابە شایستە ولایقی تۆیە، پێشکەشی دەکەم. منیش سوپاسم کرد وکردمە لاقەدمدا. لەدوای ئەم ڕووداوە هەمیشە بەڕووکەش وای نیشاندەدا کە دۆستمە تا ئەوەی گەندەڵی وستەمی گەیشتە ڕادە وسنوورێك کە هەندێ لە هاوکارەکانی حەقیقەتەکانیان لای لێپرسراوی گومرگی کرماشان خستە

ڕوو و ڕوون کردەوە. عەلائەلدەولەش لەم بارەیەوە پێی داگرد ولەسەر کاروباری گومرگی کرماشان لابراو ناردیانەوە بۆ تاران.

وەکو بیستم لەلایەن حکومەتەوە ناردوویانە بۆ شیراز، بێگومان لەوێش هەر ئەم ئاگرە دەنێتەوە وئەو ناوچەیەش کاول دەکات، چونکە سزار لە گومرگی ڕۆژئاوا دوورخرایەوە، بێئەوەی لە پێشدا ئاگادارم بکات وداخوازی دەمانچەکەی بکاتەوە بزانێت ئەیدەمەوە یان نایدەمەوە، یەکسەر لای عەلا ئەلدەولە سکاڵای کردبوو کە دەمانچەیەکم لای عەلی ئەکبەرخانی سەنجاویە، بە ئامانەت لای داناوە، بەڵام ئەو زەوتی کردووە وئامادە نیە بیداتەوە. عەلائەلدەولە نامەیەکی بۆم نووسی وداکۆکی لەسەر ئەوە کردبوو کە دەمانچە ئەمانەتەکەی مسیو سزار بگەڕێنمەوە. خوا شاهیدە ئەگەر ئەو بێ سکاڵا داخوازی دەمانچەکەی بکردایەتەوە دەمدایەوە، بەڵام مەسەلەکە کە گەیشتە شکات وسکاڵاکردن، کردەوەکەیم بە سووکی سەبارەت بەخۆم هاتە بەرچاو، ئیدی ئامادەی گەڕاندنەوەی نەبووم. لەوەڵامی عەلا ئەلدەولەدا نووسیم کە مسیو سزار ساڵێك لەمەوپێش دەمانچەیەکی بەدیاری پێم بەخشیووە، منیش بەخشیومەتە یەکێ لەسەرکردەکانی عەشایەری عوسمانی، قیمەت ونرخەکەی چەندێکە تا بۆی ڕەوانە بکەم. سەرەنجام دوای بیگرە ودەری مەکەی زۆر و وێنەگرتنی دەمانچەکە بە لاقەدمەوە، ڕازی بوو پەنجا تومان نرخی دەمانچەکە وەربگرێت، ئیتر شەڕی بۆ هەتا هەتایە لەناوچەی ڕۆژئاوادا نەمێنێ.

## تۆرانی باوکم وبەخشینم لەلایەن ئەووەوە

لەوماوەی پێنج شەش ساڵەدا کە من وسەردار ناسری برام لێپرسراوی قەڵا سەوزی وسنووربووین، باوکم لە من یا سەردار ناسر یەك مەن گەنم لە دەرامەتی گوندەکان یا یەك دینار پول وپارەی لە دەرامەتی قەرا سۆرانی وسەر سنووورداری داخوازی نەکردبوو. بەشی زۆری ئەم دەرامەتانە تەرخان دەکرا بۆ مووچە ویارمەتی سوارەکان وئامادەکردنی ئالیکی وڵاخەکانیان، بێگومان ئێمەیش لەو دەرامەتە سوود وقازنجی تەوامان لێدەکرد.

لەو ساڵەدا باوکم بڕیاریدا کە بەشێ لەو دەرامەتە پێشکەشی ئـەو بکرێـت، بـۆ ئەم مەبەستە کوێخا ئەحمەدخانی دەوڵەتمەند کە لـە پیـاوە ژێـر وخێرخوازەکـانی سـەنجاوی بـوو ناردیـە لام. وەڵامـم دایـەوە سـەبارەت بـە میقـدار وچـۆنیەتی ئـەو دەرامـەت و دەسـتکەوتانەی ئێمـە گەیاندوویانەتـە جـەنابت ڕاسـت و وورد نیـە. لەکاتێکدا ڕاسـتیش بێـت، مـن کـوڕی ئـەوم، هـەر دەرامـەتێکم هـەبێ بـۆ خزمـەت وسەربەرزی وئابڕووی ئەوە.

دوای دوو ڕۆژ کوێخـا ئەحمــەد گەڕایــەوە پــەیامێکی دژوارتــری هێنـا بــۆم، وەڵامێکی ناخۆشتری بیست. بەهۆی ئەم دڵگرانیەوە نزیکەی دوو هەفتە نەچـوومە قەسری شیرین تا هەواڵم پێگەیشت کە باوکم چەند پیاوێکی ناردووە سەد خـەروار جۆی گوندەکانی قەڵای سەوزی وەربگرن. فەرمانم دا شتێکیان نەدەنێ ونامەیـەکم نارد، تێیدا ڕوونم کردەوە مووچـەی دوو مـانگی سـوارەکانی خزمـەتکاری دەوڵـەت لەم مەحسولاتە پێیان دراوە، نزیکەی بیست خەروار جۆو گەنمم بـۆ مووچـەی دوو مانگەی خۆم هێڵاوەتەوە. هەنووکە عێل هاتووەتەوە گەرمیان ئیتر مەترسییەك بۆ سـنوور لـە ئـارادا نـەماوە، ئیجـازە بفەرمـە بگەڕێمـەوە بـۆ ئـێلاخ وئـەم خزمەتـە بەجێبهێڵم.

ئەم نامەیەم بە سەفەروخاندا کە پیـاوێکی قسەخۆش ودەنـگ خـۆش وخـۆش خووبـوو ڕەوانـەی لای بـاوکم کـرد. ئـەو بەنائومێـدی وزەبوونییەکـەوە گەڕایـەوە، سەیرمکرد وەزعەکە بەم شێوەیە کە هاتووەتە پێشەوە قابیلی چاك بوونـەوە نـی یە.

هەر کەسێ مانگی زوسان تێپەڕی بـێ ئـەوەی مۆڵـەت وەربگـرم گەڕامـەوە بـۆ ئێلاخ ونووسیم بۆ باوکم هەرکێ خۆی بە باشی دەزانێ بیکاتـە بەرپرسـی سـنوور. دوو مانگ لە خزمەت دایکمدا بووم، عێل لە گەرمیانەوە گەڕایەوە. قاسم خانی برام جێگیری سەرۆکی عێل بوو. بـاوکم لـە غیـابی منـدا نامەیـەکی بـۆ عـەلاء ئەلدەولـە نووسیبوو کە قاسم خان لەنێو عێلدا بمێنێتەوە وشوجاع لەشکر بێتە سـەر سـنوور چونکە ئەو لە من تۆراوە، تکایە بەرپرسـێك بنێـرە و فـەرمان بفـەرموو کـە بڕواتـە قەڵا سەوزی.

عەلا ئەلدەولە نامەیەکی پڕ لەمیهرەبانی وئامۆژگاری بۆم نووسی و ووتبووی چۆن دەبێت منالّ لە باوك بتۆرێت، یاوەك باوك سەبارەت بە کوڕەکەی بیّ لوتف ونەوازاشت بێت. من دلّنیام باوکت تۆی خۆشدەویّ، تۆ ژیرتر وئازاتر لەوەیت کە لەم کاتەدا باوکت بەجێبهێلّیت وشوێنی کار وخزمەتت بەرەلاّ بکەیت، بەپەلە بگەڕێرەوە سەر سنوور وکاروباری خۆت. ئەگەر تەنگ وچەلّەمە وگرفتاریەکت هەیە نامەم بۆ بنووسە. منیش لەبەر بیّ ئیش وکاریم ولەو کردەوە ناپەسەندەم سەبارەت بە باوکم شەرمەزاربووم و وەلاّمم دایەوە، فەرمانەکەت جێبەجیّ دەکرێت، هەر ئەم حەفتەیە دەگەڕێمەوە.

دوای چەند ڕۆژێك گەیشتمە خزمەت باوکم ئەوم گەرم ودلّنەرم وپڕ سۆز وشوور نەهاتە بەرچاوم، بەلاّم زۆریش بیّ لوتف ومەحەبەت نەبوو، زۆر لە قەسری شیریندا نەمامەوە، گەڕامەوە بۆ قەلاّ سەوزی. سەرکارەکانی گوندەکانم دیاریودەست نیشان کردو لە شوێنە گرنگەکاندا چەکدارم دامەزراند.

لەم ماوەی دووربوونەوەمدا زنجیرەیەك دزی وجەردەیی ڕوویدابوو. هەمیشە هەوالّ دەگەیشت تایفەکانی هەمەوەند وتالّەبانی وزەنگەنە لە عێلەکانی کوردی سەر بە دەولّەتی عوسمانی خەریکی دەست درێژین. سەر سنوور بارودۆخێکی هەستیاری بەخۆوە گرتبوو، بەردەوام دەبوایە هوشیار و چاوکراوەبم.

هاوین هاتە بەرەوە، ڕۆژیّ بە نیەتی خۆشۆردن بەچوار سوارێکەوە بەرەو قەسری شیرین دەڕۆیشتم، سوارێك بە غار بەرەوڕوومان هات، کە نزیك بووە سەیرم کرد "برج عەلی"یە، وا بۆی چووم ولەیەکم دایەوە کە ئەبێت هەوالّێکی گرنگی پیّ بێت، ئەو پەیك ونامەرەسێنەری باوکم بوو کە سەبارەت بە ڕووداوە گرنگەکان بەملاولادا دەینارد. ووتی جەردە وپیاوخراوەکانی هەمەوەند هاتوونەتە سەر گوندی قادر ئاغا وئەوەی تێیدا بووە تالاّنیان کردووە، تەلوگرافێك لە حکومەتی کرماشانەوە گەیشتووە کە بە پەلە سەمسام ئەلمەمالیك بکەوێتە شوێنی جەردەکان ودەست گیریان بکات، منیان ناردووە کە ئەم هەوالّەت پیّ بگەیەنم تا هەرچی زووترە خۆت بگەیەنیتە ئەو ناوچەیە. منیش هەر بەسوارییەوە نامەیەکی کورتم بۆ خزمەتکارەکان نووسی کە بیست سوار وچەکدار بۆ پاراستنی ڕیّ لە شوێنەگرنگەکاندا دامەزرێنن پێنج سوار لە قەلاّکەدا بمێننەوە

وپاشماوەکانیان زوو بجمێن ولەڕێگای کانی نەوت وتیلەکۆوە خۆیان بگەیەننە هۆرین وشێخان، هەروا فەرمانم دا هەردوو ماینەکەم لەگەڵ خۆیاندا بهێنن، خۆمیش لەگەڵ حاتەم خان وسێ سواری تر بەناوی شیرەی شاموراد ومامۆستا عەزیز وعەلی کەپنەك شیر بەرەو قەسری شیرین ڕۆیشتین. کە گەیشتینە ئەوێ بیستم باوکم بە سوارەکانیەوە بەدوای جەردەکاندا ڕۆیشتبوو، وڕای سپاردبوو کە لەڕێی گەردەنەی بێشکانەوە پێیان بگەین.

کاتێ گەیشتمە قەسر ماینەکەم پەکی کەوتبوو، سپاردەمە حاتەم خان وماینەکەی ئەویان بۆم زین کرد، لەگەڵ سێ سواری تردا بەغار کەوتینە ڕێ. لەنزیکەی تەنگەی بێشکاندا گەیشتمە باوکم، سەیری سەعاتم کرد پێنج فەرسەخ ڕێگامان لە یەك سەعات ونیودا بڕیبوو. لەگەڵ ئەوەشدا چارەکە سەعاتێك بۆ گۆڕینی زینەکان لە قەسری شیرین دواکەوتین.

قادر ئاغا ی باجەلان لەشوێنێکدا کە بە سەراوکوانك بەناوبانگ بوو نیشتەجێ بوو، خۆی پلەی سەرهەنگی هەبوو وموچەی وەردەگرت، پەنجا سوارێکی حکومەتی هەبوو، ئەو شوێنەیان پێ سپاردبوو لەجیاتی موچەی سوارەکان وئالیکی وڵاخەکانیاندا، جگە لەمە هەرساڵێك مەبلەغێکی بەناوی پاداشتەوە پێدەدرا. ئەم جۆرە موچەی پاداشتانە هەروەك دەچووە حساوی دەوڵەتەوە بەڵام سوود وقازانج وەرگرتن لەحەقیقەتدا بۆ حوکمڕان وباجگیرەکان ولەشکرنووس دەگەڕایەوە، لەو ڕۆژانەدا بەهۆی گەرمای هاوینەوە ئاژەڵەکانیان شەوانە بۆ لەوەڕگاکان دەبردە دەرەوە.

لەتاڵانی یەکەمدا جەردەکانی هەمەوەند دابوویان بەسەری ئاژەڵ و وڵاخەکانی گوندەکەدا نزیکەی دوو هەزار مەڕ وپەزیان وحەوت سەد گاو مانگایان بەتاڵان بردبوو. قادر ئاغا خۆی بە چەند سوارێکەوە بەغار کەوتبووە شوێنیان وگەیشتبووە پێیان، دوای پێکدادانێکی کورت ئەسپەکەی زامار دەبێ، ناوبراو هەروەك "کوانك قەڵەمەی" لەلایەن دەوڵەتەوە پێدرابوو بەڵام سەربەخۆ نەبوو، تابعی مەسعود نیزام حوکمڕانی زەهاو دەژمێردرا.

مەسعود نیزام ڕووداوی تاڵانیەکەی بە تەلوگراف بە کرماشان دابوو، لەلایەن حکومەتی کرماشانەوە تەلوگرافێ بۆ باوکم "سەمسام ئەلمەمالیك" دەنێردرێت کە

به پەله بۆ سەرکوتکردنی جەردە وپیاوخراوان وگەڕاندنەوەی تالآنیەکان دەست بەکاربێت وبە شوجاع لەشکریش خەبەر بدە لە قەلا سەوزییەوە بجمێت. هەر بۆئەم مەبەستە کاتێ کە لە تەنگەی بێشکانەوە تێپەڕین تووشی دەروێش خان کوڕی حەمە کەریم خان ئەلوەندی بووین، کە بەسێ سواری کەلورەوە لە خزمەت مەسعود نیزامدا بوو. چونکە نێوانی ئێمەو کەلورەکان چاك نەبوو خۆیان لەڕێگاکە لادا وئێمەیش تێپەڕین، گەیشتینە کۆتایی دەشتەکەی نێوان قۆپی سەیرمان کرد پیاوێك ماینێکی سپی زۆر چاك ڕادەکێشێ، لێم پرسی ئەم ماینە هی کێیە؟ ووتی هی قادر ئاغایە، ووتی ئەسپەکەی زاماربووە ئەم ماینەی بۆ دەبەم. ئەوماینەی کە سواری بوو بووم یەکجار خەستە وپەك کەوتووبوو، پێویستم بە ماینێکی تازە نەفەس بوو، ئاماژەم بە شێرەی خزمەتکارم کرد کە ماینکەی لێ بسێنێت، ناچار خۆی دا بەدەستەوە[1] ومایەنەکەی قادر ئاغام زین کرد، بەپەلە کەوتینەڕێ تا سەرابی مامشان ڕانەوەستاین. چەند ئەسپ وماینێکی سوارەکان لەپێ کەوتن، بۆ نەفەس تازەکردنەوە وهیلاکی دەرچوون ڕاوەستاین تا باوکم وسوارەکان گەیشتن، عەرزی باوکمم کرد قادر ئاغا خۆی پلەی سەرهەنگی هەیە وپەنجا سواری حکومەتیش لە ئیختیاریدایە وئەم ڕووداوەیش لەناوچەی مەسعود نیزام ولەنزیکی عێلاتی شەرەف بەیانی وباجەلاندا ڕوویداوە، بەلآم نەمەسعود نیزام ونە عەزیز شەرەف بەیانی ونەعەزیزخانی باجەلان لەم ڕووەوە هیچ شورو دڵگەرمیەکیان نەنواندووە، لەیراد ئێمە وادیارە دەفرێکی گەرمتر لە چێشتەکەین. باوکم بە توند وتیژییەکی زۆرەوە وتووڕەبوونێکی بێ ئەندازەوە ووتی وادیارە دەترسیت..!
ئەگەر دەترسیت لەمەو دوا تەشریف مەیەرە. عەرزم کرد ناترسم بەلآم خۆ کوژی وزەرەر وزیانی بێ جێش ڕەوا نابینم.. تائەیرا هاتین پتر لە دە ئەسپمان پڕوکان ولەبەین چوون. قەریب خان اللاهیار خانی قسەکانمی پالپشت کرد، باوکم بەتووندی لەویش تووڕەبوو. من لەم بەرخورد وەلآمەی باوکم تووڕە ودەمارگیر بووم، کەلآوەکەم دا بەزەویدا و ووتم من ئەگەر دەترسم، جنێوێکم بەوکەسەدا کە ناکەوێتە شوێنم. ورزەنگیم لە ماینەکەم دا، نیو فەرسەخێ ڕۆیشتم ویستم بزانم چەند سوار بەدوامەوەن تێکڕا پانزە سوار کەوتبوونە شوێنم کە زۆربەیان

[1] ئەم کردەوەی خوالێخۆشبوو عەلی ئەکبەرخان لەگەڵ قسەکانیدا ناگونجێت.

پیاوەکانی باوکم بوون، لەنێوانیاندا ناسر برای کوێخا ئەحمەد خان وقولی پێش خزمەتی باوکم و وەیس موراد کە بە وەیسکە "کەچەل" بەناوبانگە وئەحمەد خانی نور مەحلەم بینی ولە خزمەتکارەکانی خۆم عەلی کەپنەك شر وشاموراد کوڕی مامۆستا عەزیز وسەیفەی سەکینە وعالیخان باوەجانیش هاتبوون.

دوانزە کەس لە پەنای دوانزە ئیمامدا بەرەوپێشەو تاومان دەدا. پێش قراوڵی وەیسکە کەچەل بوو. کە گەیشتینە یەکەمین گەردنەی هۆمرمل بینیم وەیس موراد لە ئەسپەکەی دابەزی وبە سوارەکانم گووت بێگومان وەیسکە سواری بەدی کردووە بۆیە لە ئەسپەکەی داوەزی، کە گەیشتینە سەری گەردنەکە داوەزین بینیمان سەرجەم دەشتی هۆمەرمل پڕە لە سوار وئاژەڵ ومەڕ ومالآتی تالآنی کە جەردەکان تالآنیان کردبوو کە ئێمەیان بینی ژلێژان و پێچانە یەکدا و نزیکەی چل سوار لە تالآنەکە دوورکەوتنەوە وبەرەو ئێمە ملیان نا. ئێمەش تەنگەی ئەسپەکانمان توند وموحکەم کردەوە وسواربووین، بەسوارەکانم گووت بکەونە شوێنم کەمێك کە ڕۆیشتم بینیم تەنها چوار ماونەتەوە شاموراد وشێرە وئەحمەد خان وەلی موراد، تەپەیەك لە لای ڕاستی جەردەکاندا بوو ئەوان دەیان ویست پێش ئێمە بگەنە ئەو تەپەیە ولەوێدا دامەزرێن، هەرچۆنێك بوو ئێمە لایەکی وئەوانیش ئەولاکەی تەپەکەیان گرت. ووتمە وەلی موراد کە سەری تەپەکە بگرێت تا ئەگەر ئەوان هێرشیان هێنایە سەرمان ئەو لەسەرەوە لە ئێمە بەرگری بکات بەسێ سواری ترەوە پەلاماریانم دا، لەمەودای دووسەد پێیەکدا لە ئێمەوە دوور سەنگەریان گرتبوو، منیش بە سوارەکانم ووت لە مەودایەکی گونجاودا نزیك یەکتری سەنگەر بگرن، سەیرم کرد چوار سوار لەوانە بەدزییەوە خۆیان لەئێمە نزیك دەکەنەوە ئامادەی بەرگری بووم، کە لەناکادا هاواری ئەحمەد خانی نور مەحەل بەرزبۆوە ودیم یەکێ لە سوارەکان پەلاماری داوە، ئەحمەد خانیش هەڵهات،

بۆ ڕزگارکردنی بەپەلە سوار بووم، هێرش کەر تفەنگێکی پێمەوە نا، مەودام نەدایێ بە فیشەکێ ئەسپەکەیم کوشت، هەڵسا وبەگورجی خۆی گەیاندە نێو سوارەکان. لەم بەینەدا عەلی کەپنك شر بەغار خۆی گەیاندە ئێمە دیم دەستی گولە لێی داوە، پرسیم چی ڕوویداوە ووتی چوار سوار لەبەرامبەرماندا بوون لەپاڵ

خەرمانە گەنمەکاندا سەنگەریان گرتبوو، ئێمە حەوت سوار بووین هێرشمـان بـردە سەریان سەیفە بەسەختی دەست ومەچەکی زاماربووە، عالیخان باوەجانی ڕزگاری کرد، قولی پێش خزمەتیش زاماربووە ومایىنەکەی کوژراوە، یەکێ لـە سـوارەکانمان خستیە پاشکۆیەوە ولەمەیدانی شەڕەکە دەربازی کرد.

دوایی من زاماربووم، دوایی ناسر برای کوێخا ئەحمەد کە پاشماوەی ئێمە بـوو هـەم خـۆی وهـەم ئەسـپەکەی کـوژران، پرسـیم سـوارەکانی دوژمـن بـەرەو کـوێ ڕۆیـشتن ووتـی ماونەتـەوە. خـەریکن دەڕۆن. ئێمـە چـوار سـوار ماینـەوە، پەلامارمانیاندا، سێ سواری تر لەدوژمن بۆ هوکاری وکۆمەك بەهاوڕێکانیان لـەملاو ئـەولای ئێمـەوە بـەغار هـاتن، کـاتێ پێیـان گەیـشتین،شامکی مامۆسـتا عـەزیز، ئەوپیاوە مەردو دلێرە پێشقراوڵمان بوو، یەکێکیانی دایەبەر بەدەستڕێژی گوولـە و کوشـتی، منـیش سـوارێکی تریـانم تـەختی زەوی کـرد، ئـەو دوو سـوارەکەی تـر هەڵهاتن زۆری نەخایانـد سـەرجەم سوارەکانی جـەردەکان هـەڵهاتن تالانیـەکانیان بەگشتی بەجێهێڵا.

ئێمـە بـێ مەترسـی هاتینـە نێـو گەلـە ئاژەڵـە تالانکراوەکـەوە، کەوتینـە کۆکردنەوەی مـەڕ و وڵاخـەکان بۆئـەوەی بیانگەڕێنینـەوە، ئێمـە سـەرگەرمی ئـەو کارەبووین، باوکم وسوارەکان بەغار گەیشتنە لامان. بـاوکم سـەبارەت بـە وەزعـی من یەکجار پەرێشان ونیگەران بوو، کاتێ منی بەساغی بینی کـە سـەراپا لـە خـۆڵ وعەرەقـدا غـەرق بوومـە، لەئەسـپەکەی داوەزی، باوەشـی پێمـا کـردو فرمێـسك بەچـاویدا هاتـە خـوارەوە، بۆجـارێکی بـۆونی لـەزەت بـەخش وخۆشـی سـنگی ونەوازشت ومەحەبەتیم هەست پێکرد، کە بەرزترین وگـرنگترین پاداشـت وشـانازی بوون.

سـەرجەم تالانـەکانمان دابەدەسـتی نیـزام وقـادر ئاغـاوە، مەسـعود نیـزام ڕووداوەکەی بە تەلوگراف بۆ کرماشان نارد. لە حوکمڕانی کرماشـانەوە وەڵامێکـی قەدرزانین هاتەوە کە لامانە وبەم مانایەیە:

" ئەمیری ئەمیرەکان مەسعود نیزام "میر پەنجە"،حـاکمی زەهـاو بـەپێی هـەواڵی تەلوگرافەکـەت سەمـسام ئەلمـەمالیك وکوڕەکـەی جـەردە وپیاوخراوەکـانی هەمەوەندیان شـکاندووە ومـاڵ ومـاڵات وسـامان وئـاژەڵ و وڵاخـە تالانکراوەکـانی

گونـدی قـادر ئاغایـان گەڕاندۆتـەوە و دو کەسـیان لـە دوژمـن کوشـتووە. هـەزار ئافەرینیان لێ بێت مەرجی وەزیفەناسـی ومـافی پالێـشتوو بـەرگرییان لـە دەولـەت گەیاندۆتە پۆپە وبە چاکترین شێوە نواندوویانە. بێگومان پێویستە بـزانن کـە ئـەم خزمەتە بە فیڕۆ ناڕوات وبیٚ ئەنجام نابێت، درێژایی ڕووداوەکەمان لەڕێی پۆستەوە بۆ بنێرن.

**فەرمانفەرما سالار لەشـــکر**

**٢٥ ربیع الاول سالّی ١٣٢١**

باوکم لە دەقی تەلوگرافەکە ولاچوونی عەلاءئەلدەولە کـەمێك ناڕەحـەت هاتـە بەرچاوم. ئەم نامەیە یەکەمین تێهەڵچوون وبـەرخوردی نـوێی ئێمـە و ئـەو شـازادە ناسراوە پێشینەدارەبوو کە لەمەودوا بەسەرهاتی تالّ وتفت و یان شیرینمان لەگەلّ ئەو زاتەدا دەبێت.

## حکومەتی فەرمانفەرما

والی نـوێی کرماشـان شـازادە عەبدولحوسـەین مـیرزای فەرمانفـەرما بـوو کـە لەتواناترین پیاوانی دەرباری دەولّەت دەژمێردرا. لەئاسـتێکدا دەتـوانین بلـێین کـە لایقترین وشایستە ترین پیاوی بنەماڵەی قاجارییەکانە لە دوا دوایی حوکمڕانیاندا.

سەبارەت بە ڕەوشی ڕامیاریوپەیوەندی لەگەلّ بێگانەکاندا لەلاپـەڕەکانی تـردا مەودای قسەکردنمان زۆرتـر دەبێـت. لـەیرەدا سـەبارەت بـە کەسایەتی ئـەو زاتـە وبـارودۆخی فـەرمانڕەوایی وچـۆنیەتی یـان پـۆرکردن و تۆکمـەکردنی دەسـەلات وتوانـــایی ونفـــوزی لەکرماشـــاندا وڕەوشـــی لەگـــەلّ چـــین وتوێـــژەکانی خـــەلك وسەرکردەکانی هۆزەکاندا وبەتایبەت لەگەلّ بنەماڵەی ئێمەدا بـە کـورتی ئامـاژەی بۆ دەکەین.

ئـــەو لەشـــێوەی حـــوکمڕانی وڕەوشـــی ئەخلاقیـــدا لـــەخالێکی بەرامبـــەری پێشووەکەیدا بوو، بەکورتی بەپێچەوانەی ڕەوشی ئەوبوو. عەلا ئەلدەولە تیـژخوو، جنێودەر، تەنگبین وڕووکەش بین.بەهیچ شـێوەیەك لـەیادی کۆکردنـەوەی سـامان ومـالّ ومولـك ودروسـت کـردن وکۆکردنـەوەی لایەنگیرانـدا نـەبوو. بـەلاّم سـەودای گۆڕانکاری ونەوئاوەڕێی لەسەردابوو. فەرمانفەرما بە پێچەوانەی ئـەوەوە پیـاوێکی

خوێن سارد، بە سەبر وبردەبار وحساوگەر وخەڵك بەخۆكەر بوو، بە وقار وبەشان وشەوكەت ورەوشت بەرز بوو. هەیبەت وجەلال وشكۆی حكومەتی زیندوو كردەوە، گرنگی بە ئاوەدان كردنەوە نەدەدا ولە قەڵەمڕۆی حوكمڕانیەكەیدا وەك ئەوەی موڵكی تایبەتی خۆی بێت فەرمانڕەوایی دەكرد.

لە دەستە بەندی ودوژمنكارییەكانی كاربەدەستانی حكومەتی مەركەزی بەچاكی ئاگادار بوو ودەیزانی چۆن پوچەڵیان بكاتەوە، یاوەك چۆن ئەو دەستە بەندیانە بۆ سوود وقازانجی خۆی بەكاریان بهێنێت. هۆشێكی فراوان وبیرێكی تیژی هەبوو. سەرجەم بنەماڵە ناسراوەكان وپیاوە دەستڕۆیشتووەكانی كرماشان و سەركردەكانی عەشایەر وهەتا ڕەوشی ئەخلاقیانیشی دەناسی، تائەو ڕادەیە لە پەیوەندییە خزمایەتییەكانیان وژن وژنخوازیەكانیان وژمارەی منداڵەكانیان وئاگاداربوو. بەوپەڕی تواناوە دڵ وباوەڕی خەڵكی بۆ خۆی ڕادەكێشا وبتەوی دەكرد. هەركەسێك بەپێی توانا وكەسایەتیەكەی بۆ پێشكەوتن وئامانج وقازانجی تایبەتی خۆی سوود وكەڵكی لێوەردەگرت.

زۆربەی كەسایەتیە دەسڕۆیشتووەكانی كرماشان وەك موعینو الرعایا یان موعاون ئەلمولك، وحاجی ئاغا بەرار موعتەزدی وحاجی شەریف خانی برای بیگلەربەگی و وەكیل ئەلمولك ونەسیر دیوان وبراكانی هەموو لە خزمەتیا بوون، وكارە تایبەتیەكانیان بۆ ئاساندەكرد وهەڵیان دەسووڕاند، هەموویان بەگشتی خۆیان بە پەیڕەو وبچووكی ئەو ومناڵەكانی دەژمارد.

فەرمانفەرما ڕەوشی وابوو لە هەركوێ بووایە وكارووەزیفەیەكی پێ بسپێردرایە تێكەڵاوی خەڵكی ئەو ناوچەیە دەبوو وژنیانی لێ دەخوازی ولەكاروبارە بازرگانیە گەورەكانیاندا دەبووە هاوبەشیان. هەربەم شێوەیە لە كرماشانیش ژنی هێناوە وبووەتە خاوەنی ماڵ و مناڵ ومولكێكی زۆری سەند. هیچ فەرمانڕەوایێ جگە لە عیماد ئەلدەولەی دەولەت شا بەئەندازەی ئەو لە خەڵكی كرماشاندا كاریگەر نەبووە. هیچ كەسێك وەكو ئەو موڵك وسامانی كۆنەكردوەتەوە. ئەو بەقسەی كرماشانیەكان بووە "حەزرەتی بەرز وپیرۆزی بێ ڕەقیبی ئەو شارە".

جگە لە كارامەیی لە هەڵسوڕاندنی كاروباری حكومەت وكۆكردنەوەی سەروەت وسامان، لەبواری لەشكری وسەربازیدا كارامە وبەتەكبیر ودلێر وخۆڕاگر بوو.

بەداخـەوە ئـەم هـەموو توانـا ولێهـاتوویی وشایـستەییەی خـۆی تـەنها بـۆ سـوود وقازانجی تایبەتی خۆی بەکاردەهێنا.

لە دەورەی یەکەمی حوکمڕانیەکەیدا کە لە ساڵی ١٣٢١ تا سـاڵی ١٣٢٤کۆچـی بەردەوام بوو، لەو ماوە درێژەدا هەنگاوێکی بۆ ڕێکخستنی بـارودۆخی کۆمەڵایـەتی نەهاویشت وبچووکترین دەسگا وسـامانێکی خێرخوازانـەی بەجێنـەهێڵا. خراوتـرین ڕەوشتی ئەخلاقی کە هەبووی خەسیسی وڕەزیلی بوو، کـە بەسـەر زمـانی خـەڵکی ناسراو وڕەمەکیەوە بوو.

قاسـم خـانی بـرام سـەردار ناسـر ڕۆژێـك لـە مەجلیـسێکی کرماشـانیەکاندا گەڕاندییەوە "مـن ئیمـڕۆ موعجیزەیـەکم کـردووە، لـە کـەرەم عـەلی شـەلاتی ویـاج سـێنی ناسـراوی کرماشـان تومـانێکم پـارە سـەندووە". بیگلەربـەگی کـە لـە دەسـوپێوەندە تایبەتییـەکانی فەرمانفـەرما بـوو وەڵامـی دایـەوە ووتـی خـان مـن موعجیزەکەم گەورە ترە، لە شازادە دوو قران جەژنانەم وەرگرتووە.

ڕەوشی لەگـەڵ سـەرۆك هۆزەکانـدا لەسـەر بناغـەی پێویـستیەکانی سیاسـەت ومەسـڵەحەت وقـازانجی خـۆی دەگۆڕیـا ولەسـەر ئـەو بناغەیـە دامـەزرابوو. دەبـێ بووترێ لەو دەوروزەمانـەدا کـە ئـاژاوە وبـشێوی وشـەڕ وشـۆڕ سـەرتاپای ئێرانـی داگرتبوو وبـشێوی تـرین ونالـەبارترین ڕۆژانـی مێـژووی ئێـران دەژمێردرێـت، ولـەو قۆناغـەدا دەوڵـەتی مەرکـەزی ناتـەوانی وبـێ دەسـەڵاتی وزەبـوونی گەیـشتبووە ڕادەیەکی زۆر وسەرکردەی وڵاتەکـە موزەفـەر الـدین، شـا نـەخۆش وناتـەوان وبـێ دەسـەڵات بـوو. لـەم دەورەدا فەرمانفـەرما سـەرکەوتووانە تـوانی ئاسایـشی ئـەو ناوچەیە بپارێزێت. لەگەڵ داود خانی ئەمیر ئەعزەم عێلخانی کەلور کە بەتواناترین پیاوی ڕۆژئاوای ئێران دەژمێردرا، بە نەرم ونیانی لەگەڵیا جوڵایەوە وبە ڕا وتەکبیر وکەسـایەتییە بـەهێز وتوانـای خـۆی ئـارامی کـردەوە گـوێ بەفـەرمان هێڵایـەوە، وبەپێی پێویست لـە چـەند ڕووداوێکـدا کـەڵکی لێـوەرگرت. لەگـەڵ سـەرکردەکانی گۆرانـدا بەتایبـەت جـەهان بـەخش خـان زەرغـامو ئەلـسەلتەنەنە"زةرغـامو ئةلـسةلتةنة"، سـەرکردەی تایفـەی تفەنگچی بـارام خـان "ڕەشـیدو ئەسـەڵتەنە" سەرۆکی تیرەیەك لـە قەڵخانیـەکان، خۆشـیانی دەویـست ونەوازشـت ومەحەبـەتی لەگەڵیاندا دەنواند. نەزەر عەلی خان پیاوی بەتوانا وسـەرکردەی تایفـەی ئـەمرایی

لورستانی پشکۆ گوێ بە فەرمانی بوو. سەرکردەکانی سەنقر وکولیایی ملکەچ وگوێڕایەڵی بوون.

لەگەڵ بنەماڵەی ئێمەدا یەکجار بەلوتف ومەحەبەت بوو، ڕێزی باوکمی لابوو وحوکمڕانیەکەی لە قەسری شیریندا هێڵایەوە، باوکمیش سنووورداری وپاراستنی سنووری بەدڵی ئەو دەبردە ڕێگاوە. قاسم خانی برامی بەنازناوی سالار زەفەر ومنی بەنازناوی سالار موقتەدر موفتەخەر کرد ومەحەبەت ونەوازشتی لەگەڵماندا نواند وبرا بچووکەکەمان حوسەین خان کە هێشتا مێرد منداڵ بوو، خوێندەواری تەوای نەبوو ناوی نابوو بەبرو ئەلمەمالیك وبەنەوازشتی تایبەتی خۆیەوە بە "بەری" بانگی دەکرد، ودایکیشم فاتمە خان بەنازناوی گەوهەر ئەلدەولە موفتەخەر کرد.

## ڕووداوەکانی مەشروتیەت و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داودخانی کەڵوردا

لەم دەورەدا بۆ تایفە و بنەماڵەکەمان مەترسییەکی زۆرهاتبووە کایەوە، ئەویش بەهۆی داودخانی ئەمیر ئەعزەم عێلخانی کەڵورەوە بوو.

بێگومان داود خان پاش بتەوکردن وبەهێزکردنی قودرەت وتوانا ودەسەڵاتی خۆی سەربەخۆیی وسەرپێچی هیچ تایفە وعێلێکی تەحەموول نەدەکرد. ئەو لەماوەیەکی کورتدا سەرکەوت کە سەرجەم دوژمنە ناوخۆکانی عێلی کەڵور سەرکوت بکات ولەنێویان بەرێت، هەروەك کاربەدەستانی حکومەتی کرماشان دژی سەرۆکایەتیەکەی بوون، بەڵام توانی بێتە عێلخانی تێکڕا عێلی کەلور. هەموو موڵك ولەوەڕگاکانی ناوچەی کەلوری داگیرکرد ولە دەرامەتەکەی سوودی دەبرد، ماڵ وماڵات وحەشەم وئاژەڵ ونەقدینەی لەسنوور بەدەر بووبوو لەنزیك لورستان دا ناوچەی بەرفراوانی ئەیوان لە دەرەوەی موڵکی کەلورەکاندا کە لە قەڵەمڕەوی سنووری پشتکۆدا بوو، داگیرکرد وخستیە ژێر دەسەڵاتیەوە.

والی ئەو ناوچەیە لەگەڵ ئەو هەموو شان وشەوکەت وشۆرەت ودەسەڵاتەیدا کە هەیبوو، مەترسی لێی بوو وکەوتبووە سێبەریەوە، لە سنووری ئێمە لەگەڵ

حوســـەین خـــانی "مەنــسور ئــەلمولك"دا خزمایـــەتی ژن وژنخـــوازی کـــەوتبووە نێوانیانەوە وکچەکەی مارە کرد.

تایفەی گـۆران هــەروەك گوێڕایـەڵی وپــەیڕەوییان لــە ســەرکردە فەرمیەکـەیان لەلایەن دەوڵەتەوە نــەدەکرد بــەڵام لەئاسـت شـان وشـەوکەت وشـکۆ ودەبدەبـەی داودخانـدا ناچـار بـە گوێڕایـەڵی وملکەچـی بووبـوون. تـەنیا عێلێـك لەبەرامبەریـدا ڕاوەستابوو عێلی سەنجاوی وبنەماڵەی ئێمە بوون.

ئەو سەبارەت بە باوکم ڕێزێکی فراوانی دەنواند وبەردەوام لەچـەند شـوێنێکدا باسی سەرسەختی وئازایی ئێمەی دەکرد، وبۆ دۆستی ئێمە ئەرزش وگرنگـی قایـل بوو تائەو ڕادەی نەوەکەی غەزال ئەلسەلتەنەنەی کچی جەوانمێر خانی "زەرغـامو ئەلــسەلتەنەنە"ی لـــە حوســـەین خـــانی بـــرا بـــچوکەکەمان کـــە هـــەردووکیان نەگەیشتبوونە تەمەنی ژن هێنان وشووکردن لەیەکتری مارەیانی کرد.

لەگـەڵ ئەمەیـشدا بەرپرسـی قەسـری شـیرین وسـنوور لەلایـەن باوکمـەوە لـە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئەودا بۆی قووت نەدەدراو ئاسان نەبوو. دەیویـست هـەموو ئەوناوچانە بەتایبەت دەروازە ودەرگای بازرگانی قەسری شـیرین لـەژێر دەسـەڵات ونفوز وچاودێری خۆیدا بێت وئێمـە لەچـوار چێوەی بـچووکی ناوچـەی سـەنجاوی ومایدەشتدا حەشار بدات، ملکەچ وپەیڕەوی خواست وفـەرمانی ئـەوبین وئەمـەیش بۆئێمە دەستی نەدەدا وتەحەمووڵی لە وزەماندا نەبوو.

داودخان لەلای کاربەدەستانی کرماشان دژی ئێمە دەجووڵایەوە وکاروبارمـانی دەشێواند. دەست ڕۆیشتوان وگەورەپیاوان وناسراوانی شـاری دژی ئێمـە هانـدەدا وتایفەکانی تری ناچار بە دوژمنـی ئێمـە دەکـرد. دژایەتیەکـەی گەیـشتە ڕادەیـەك گرێبەستی هاوسەری نەوەکەیی، غەزالە خانم لەگەڵ حوسـەین خـانی برامـدا پـێش گوێزانەوە، بەپێـچەوانەی شـەرعی خـواو پێغەمبـەر هەڵوەشـاندەوە، ولەسـەرۆکی تایفەی باجەلان، کە لە نزیکی قەسـری شـیریندا دەژیـا وزۆر بـەناوبانگ بـوو مـارە کرد.

هەروەها بەشێکی گەورە لەتایفەکانی سەنجاوی بەتایبەت تیرەی "سۆفی" کە لایـەنگیری دێرینـی ئێمـە بـوون هەڵگەڕانـدەوە ولێمـان یـاغی بـوون ولەناوچـەی

کەلوردا، لە دەوروبەری بنەماڵەی عەلی ئەکبەرخانی بەرخورداریدا نیشتەجێیانی کرد.

لەلایەن دەوڵەت وحکومەتی کرماشانەوە دڵنیا وئاسوودەبووین، بەڵام لەلایەکی ترەوە نابێت بەدەوڵەت وحکومەت پشت ببەستیت وئومێدت پێیان هەبێت، چونکە ئەو دەوروزەمانە حکومەتی مەرکەزی یەکجار لاواز وناتەوان بوو، پاراستنی نەزم وئاسایشی لە وزەدا نەبوو ونەیدەتوانی دەستدرێژی تایفەکان دژی یەکتری ڕاوەستێنێت. بۆیە ناچار بووین سەبارەت بە ڕاوەستان وڕووبەڕوو بوونەوە لەئاست مەترسی وخەتەری گەورەی لەناوچووندا چارەیەك بدۆزینەوە وبۆ پاراستنی مەوجودیەت وبوونمان پشت بەتوانای خۆمان ببەستین وبکەوینە بەرگری، ولەم دۆخەدا هانامان بۆ چەند دەست ئاوێز ودەست پێچێك هێنا، کە بریتی بوون لەدۆزینەوەی تایفە وهۆزە هاوپەیمانەکانمان کە لەئێمەوە نزیك بوون ودۆستایەتی دێرین لەنێوانماندا هەبوو. بتر کردنی سوار وچەکدار وژمارەی خزمەتکارە تایبەتییەکان، دروست کردنی قەڵاو سەنگەری بەرگریکردن وپەیداکردنی دۆست ولایەنگران ویاوەران لەشار ولەدەوروبەری حکومەتدا. وابزانم ڕوون کردنەوەی هەریەك لەم مەتلەب ومەوزوعانە بۆ زانین وئاگاداری لە ئەوزاع وبارودۆخی عەشایری وکۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە بێ سوود نەبێت.

هاوپەیمانی ویەکێتی عەشایری هیچ کاتێك ولەهیچ قۆناغێکدا بتەو ونەگۆڕاوو پایەدار نەبووە، چونکە زۆربەی ئەو تێك چوون وململانێیانە بۆ کینە وغەرەزی تایبەتی وسوود و مەسلەحەتی کاتی دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا هەندێ پەیوەندی ئاسایی وکۆمەڵایەتی و ئابووری لەنێوان عەشایرەکاندا وەدی دەکرێت کە ئەم تایفە وهۆزە جیاوازانە لەیەکتر نزیك دەکاتەوە وئەم تێك چوون ولەیەك زوویر بوون ودوژمنایەتیە زوو تێپەڕەکان کاریگەریەکی ئەوتۆ ناکاتە سەر ئەو نزیك بوونەوە وهاوپەیمانیانەدا، چونکە هۆی نزیك بوونەوە ودۆستایەتی وهاوپەیمانێتی بەهێزترە لەجیاوازی ودوو دەستەیی ودوژمنایەتی. بەڵام ئەوی ڕاست بێت هەندێ لەوجیاوازی ولەیەکدانی مەسلەحەت وقازانجانە دەبێتە هۆی کەشمەکەش وململانێ وبچڕێنی پەیوەندییە دێرینەکان ودوژمنایەتی پایەدار وبەردەوام.

گرنگترین پەیوەندییەکان بریتین لە ئولفەت وهاوکاری ویەکێتی زمان ومەزهەب وئابووری هاوبەش ویەك بنەچەك بوون وخزمایەتی وتێکەڵاوی کۆمەڵایەتیە.

سروشتیترین ونزیکترین دۆستانمان گۆرانەکان بوون، کە زۆربەیان لەگەڵ سەنجاویەکاندا هاومەزهەب بوون ولەئاست داب ونەریت ولەهجە وزمان وشێوەی جل وبەرگەوە لەیەکەوە نزیك بووین. جگە لەمانەیش لەپێشەوە باسمان کرد یەکێ لەگرنگترین ڕێگاکانی تێپەڕینی سەنجاویەکان بۆگەیشتنە هەوارگە گەرمیانیەکان لەنێوان تایفەکانی گۆرانەوە تێدەپەڕی وئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی کە گۆرانەکان سەبارەت بە ئێمە لە هەموو لایەنێکەوە نزیکتر وبەئولفەتتربن، ئەم تێکەڵاویە خۆشەویستی لەنێوانماندا بتەوتر وبەهێزتر دەکرد.

نزیکترین تایفەکانی گۆران کە هاوسێمان بوون تایفەی تفەنگچی بووکە لە سەردەمی ئێمەدا سەرۆکایەتییان بەدەست جەهانبەخش خانی "زەرغامو ئەلسەلتەنە"ی کوڕی فەرامەرز سولتانی بەناوبانگەوە بوو، کە ڕووداوی یاغی بوونی لە دەوڵەت لە لاپەڕە پێشووەکاندا باسمان کرد.

جەهانبەخش خان خوێندەوار وخەت خۆش وقسە زان وبەتەکبیر بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەسیسەچی وئاژاوە بەرپاکەر وبی وەعد وبەڵێن وپەیمان وملِ جیڕ وعیناد بوو. تەنگی ژینگەی ناوچەی تفەنگچیەکان لەلایەکەوە چنۆکی وتوندوتیژی وستەمی بێ سنووری جەهان بەخش خان سەبارەت بەخەڵك وپەیڕەوەکانی، لەلایەکی ترەوە بوونەهۆی دوورکەوتنەوەی تفەنگچیەکان لە دەوروبەریدا، وئاسایش وژیانێکی چاکتر وئاسوودەتر لەلای ئێمە ببیننەوە، ولەپاڵ خوان وسفرەی پڕ نیعمەتی پاککراوی مایدەشتی سەنجاویدا نیشتەجێ ببن. هەروەك لەپێشەوە باسم کرد گرنگترین سوارەکانمان وخزمەتکارە تایبەتیەکانمان لەنێوان ئەم کۆچکردووە لەدەست ستەم هەڵهاتوانە هەڵبژارد وئەم کردەوەیش دەبووە هۆی زیزی ودڵگرانی جەهانبەخش خان سەبارەت بەئێمە، ولەبەر ئەمە لە هەموو هەلەکاندا دژمان دەجووڵایەوە وخەریکی دەسیسەچینی وبشێوکاری وخراوی بوو.

جگە لەو سەرکردەکانی گۆران کە سەبارەت بە ئێمە دۆستی وخۆشەویستی ومەحەبەتیان دەنواند. پێویستە لەنێوانیاندا ناوی دوو کەس بەتایبەت بهێنم، نەتەنها لە هەڵبژێراوترین ومەردترین سەرۆکەکانی عەشایری ڕۆژئاوابوون، بەڵکو لە

زیرەکترین وهوشیارترین ونیشتمان پەروەرترین ئێرانی دەژمێردرێن. ئەو دوو زاتـە یەکێکیان بـارام خـانی ڕەشید ئەلسەلتەنە کوڕی شێرخانی سـەرۆکی قـەڵخانی لەتایفەی وەیسی عەلی سولتانی یە، وئەوی تریان سەفەروخانی کوڕی یار وەیس کە بەسەرهەنگ بەناوبانگە، کە سـەرۆکی تایفـەی نیرجـی "نـیرژی"[1] بـوو، لەگـەڵ ئەویشدا لەیەك زوویر بووین ونێوان تێکچوونی کـاتی دەکەوتـە نێوانمانـەوە، بـەڵام هەر لەڕیزی دۆستان ویارانی وەفادارماندا مانەوە.

لە دۆستـەکانی تـری موتمانـە پێکراوەکانمـان لـەنێو گۆرانەکانـدا سـەیدەکانی ئەهلی حەق "یارسان" بوون، کـە بریتـی بـوون لـە سـەید ڕۆسـتەم وسـەید عـەزیز وکوڕەکانیـان کـە لـە زۆر ڕووداودا هەمیـشە هـەوڵ وکۆشـشیان بـۆ نزیـك بوونـەو ولەنێوبردنی دوو دەستەیی وجیاوازی وناڕەحەتی و نیگەرانی تەرخانکردبوو.

هاوپـەیمانێکی تـر کـە ئـەمانتوانی لـەنێوان تایفـە هاوسـێکانماندا چـاوەڕوانی یارمەتی و دۆستایەتییان لێ بکەین تیرەکانی باوەجانی و قووبادی "قـوایی" عێلـی جاف بوو. کە لەو سەردەمەدا مستەفاحانی کوڕی حەبیبوڵلا خان سەرۆکیان بـوو. مستەفاخان لەسەرۆکە ئازا ودلێـر ویـەك قسە وخـاوەن بـەڵێن وپـەیمانی ناوچـەی ڕۆژئـاوای ئێـران دەژمێـردرا. بانگهێـشتی دۆسـتی ئێمـەی قبـووڵ کـرد وهاتـە دەممانەوە وپەیمانی لەگەڵماندا بەست وتا پایان وکۆتاییش لەسـەر بـەڵێن وعەهـد وپەیمانەکەی مایەوە، تا ئەوڕادەیە کە گیانی خۆی لە یەکێ لە شەڕە سەختەکانی ئێمە وکەلورەکاندا لە ناوچەی سەنجاویدا بۆ پاراستنی بەڵێن وپەیمانەکـەی بـەخت کـرد. براکـەی تـری "حەمـە تـەقێ بـەگ"یـش کـە لـەم دواییـەدا بـە "ئـەمیر عەشایەر"بـەناوبانگ بـوو لـە هەڵکـەوتوانی نـاوداری ئـەو ناوچـەیە دەژمێـردرا وتـا دواترین ساڵی ژیانی لە دۆستان ویار ویاوەری ئێمە بوو، ولەلاپـەڕەکانی تـری ئـەم بیرەوەریەدا ناوی بەزۆری بەرچاو دەکەوێت.

کە سانێکی تـر کـە ئومێدێکی زۆرمـان پێیـان بـوو، والیزادەکـانی ئـەردەڵان، جێنشینی ڕەوانسەر لـە دامێنـی سـەخت ودژواری کێـوی شـاهۆدا بـوون. هاوسـێ وچەند فەرسەخێك لە گوندەکانی ئێمەوە دوور بوون. ئـەوان مـوڵکێکی زۆریـان لـە دامێنی وپاڵی ئەم کێوەدا هەبوو، بەپێی جێگا وپلە ومەقام وعیزەتی سەد سـاڵەی

[1] تایفەی نیرژی لە کوردستانی عێراقدا سەر بە عێلی جافە.

بنەماڵەکەیان لەنێوان تایفەکانی کوردستاندا نفوز وڕێزێکی تایبەتیان هەبوو، بەهۆی لاوازی ولەنێوچوونی هەیبەتی دەسگاکانی حکومەت لەم ناوچەیەدا داب ونەریت وپلە ومەقامی کۆمەڵایەتی خۆیان پاراستبوو وسەودای والیەتی پێشوویان لەسەردابوو، هەروەك ئەم سەردەمە حوکمڕانی سنە وکوردستان نەبوون، بەڵام بەهۆی پەیدابوونی کەسانێکی شایستە وهەڵکەوتووی وك عەلی ئەکبەرخانی شەرەف ئەلمولك وکوڕە گەورەکەی عەلی خان کە بە حاکم بەناوبانگ بوو، سەرجەم تایفەکانی جاف هەورامان لایەنگیری وپەیڕەوییان دەکردن ولەنێوان عەشایرەکاندا هێزێکی بەرچاویان دروست کردبوو. کاربەدەستانی میریش گوێڕایەڵیان بوون هەر لەبەر کۆمەك ویاریونفوزی ئەوان وپێشینەی حوکمڕانییان لە کوردستاندا "سالار ئەلدەولە" توانی تایفەکانی کوردستان لە دەوروبەری خۆیدا کۆبکاتەوە وسەودای سەڵتەنەت وپاشایەتی لەسەریدا بپەروەرێنێت.

دوای خان حاکم سەرکردایەتی ئەم بنەماڵەیە لە ڕەوانسەر کەوتە دەست سلێمان خانی شەرەف ئەلمولکی دووەم کوڕی عەلی ئەکبەرخانی شەرەف ئەلمولکی گەورە. ئەم زاتە پیاوێکی کەم مایە ولەخۆڕازی ولووت بەرز وخۆبەزلزان بوو، ڕێزی لێدەگیرا نەك لەبەر ئازایی وناوداری عەشایری بەڵکو تەنها لەبەر پێشینەی بنەماڵەکەیان. کەسایەتی جێی ئومێد ومتمانەی ئەم بنەماڵەیە حوسەین خانی کوڕی حاکم بوو کە لەدلێری وڕاستیدا بێ نەزیر وبێ هامتا بوو، لەنێو خەڵکیدا ڕێزدار وخۆشەویست بوو، ئەو بە خوشکەزای باوکم دەژمێردرا ولەسەرەتای ئەم یاداشتانەدا ووتومە ناوبراو لە دۆستە ڕاستەقینەکانی ئێمەبوو، وتا لەژیاندا مابوو ئەمانتوانی لەسەر دۆستی وپاڵپشت ویاری ئەو حیساو بکەین. بەڵام بەداخەوە شیرازەی ژیانی لە تافی لاویدا بەدەست برا پیاوخراوەکەیەوە عەباس خانی سەردار ڕەشید بچڕا ولەنێو چوو.

کورتەی ئەم باسە ئەمەیە:

عەباس خانی برای لەناخدا پیاوێکی گەندەڵ وئاژاوەکار ودەسیسەباز وبەرزەفڕ بوو. ئەو سەبارەت بە کەسایەتی وئەو خۆشەویستی وڕێزە کە حوسەین خان هەبووی حەسوودی وڕشکی دەبرد. بەتایبەت پاش ئەو ڕووداوەی کە حوسەین خان حەمیدەخانی کچە جوان ونازەنینەکەی سلێمان خانی شەرەف

ئەلمولکی هێنا، کە عەباس خان چاوی بەسەریەوە بوو ودەویویست بۆ خۆی مارەی بکات وببێتە هاوسەری.

سەردار ڕەشید لە هەلێکی ڕێکەتوودا وخائینانە وبەوپەڕی نامەردییەوە برا ئازا ودلێرەکەیی بە قاوە دەرمان خوارد کرد ودوای ماوەیەك توانی برا ژنەکەی بەپێچەوانەی ویستی خۆیەوە مارەبکات. بەم شێوەیە دوای شەرەف ئەلمولك سەرجەم موڵك وسامانی بنەماڵەکە ولەنێوانیاندا بەشی براکەیشی کە دوو کوڕی هەبوو داگیر بکات.

حەمیدە خانم کەسایەتیەکی ناودار ولەئافرەتە هەڵکەوتووە ناسراوەکانی کوردستان بوو. بۆخۆی چەند خزمەتکار ودام ودەسگایەکی تایبەتی هەبوو. ولەم هاوسەرە براکوژەی بێزارو ڕقی دەهاتەوە ودەیویست هەرچۆنێ بێت لە شەڕی ڕزگاری بێت. بەهۆی هەندێ لەوانەوە کە پەیوەندی خزمایەتییان بە بنەماڵەی ئێمەوە هەبوو ولەنزیك موڵکەکانی ئەواندا دەژیان پەیوەندی لەگەڵمدا پەیدا کرد ومەیل وعەلاقەی سەبارەت بەمن نیشاندا[1] و وەسیەتەکەی خوالێخۆشبوو حوسەین خانی بەبیرم هاوردەوە کە هاوسەرو منالەکانی بپارێزم، منیش پێش ئەوەی بیبینم دڵبەندی بووبووم، جگە لەمە ئەم هاوسەرگیرییە لە مەسلەحەت وبەرژەوەندی وسوودی عێلایەتییەوە بە سوودمەندم دەزانی، وبەسوود وەرگرتن لەم حاڵەتە دەمانتوانی لەبەرامبەر داودخاندا ڕاوەستین. بەڵام لەم بوارەدا تووشی سەرپێچی وناڕەزایی وملەجیڕەی باوکم وقاسم خانی برام هاتم، خۆمیش کەم کەم سەیرم کرد پیادەکردن وبەئەنجام گەیاندنی ئەم ئارەزووە لەلایەکەوە برینداری وزوویری شازادە خانمی هاوسەرمی بەدواوەیە کە دڵبەندیم وخۆشم دەوێ وقەرزاریشیم، ولەلایەکی ترەوە ڕێی تێدەچێت وممکینە ببێتە هۆی کەشمەکەش وشەڕ وشۆڕ وکوشتن وبڕین. کەم کەم لەم سەودایە چاوم پۆشی ودەست بەرداری بووم، بەڵام پەیوەندی ودۆستایەتیم لەگەڵ حەمیدە خانم وکوڕەکانی خوالێخۆشبوو حوسەین خاندا پاراست ونەم بچڕاند وهەر بەردەوام هێڵامەوە، ئەویش لەسەرجەم کاروبار وگیروگرفتەکانی سەنجاویدا هەمیشە پشتیوانی لێدەکردین ولەئاستماندا وەفادار

[1] بەبۆچوونی من نەدەبووایە خوالێخۆشبوو عەلی ئەکبەرخان سەبارەت بەم مەسەلەیە بدوایە، چونکە لە داب و نەریتی کوردەوارییەوە بەدوورە.

مایەوە. پێویستە ئەویشە باس بکەم من وئەم خانمە هەروەك چەندین جار لـەماڵی خۆیاندا بەتەنها ماومەتەوە وگفتوگۆمان کردووە هەرگیز لە جـادەی پـاکی وتـەقوا نەچووینەتە دەرەوە. ئەو زۆر لەوە زیاتر کەسایەتی خۆیی پایـە بـەرزتر وبـەڕێزتر دەزانی کە لەبەر هەوەس وحەز وخواستی کاتی خۆی بدۆڕێنێت.

باوکم جێ پێی لە قەسری شیرین وسنووردا بتـەو وموحکـەم بووبـوو، ولەوێـدا نیـشتەجێ بـوو، بڕیاریـدا موڵکـەکانی لـەژیانی خۆیـدا لـەنێوان ئێمـە، هەرسـێ کوڕەکەیدا دابەش بکات. گوندی قلیج خان وقەڵاکەی کە لەوێـدا گـەورە بووبـووین لەگەڵ کەشتزار وگوندەکانی دەوروبەریدا بـۆ حوسـەین خـانی سـالار زەفـەری بـرا بچووکمان تەرخان کرد، دایکیشم گوندی چەقاقزان کە موڵکی مەوروسی خۆی بـوو پێی درا. گوندەکانی بابان وچنگی وبەندار وعەباس ئـاوا وکەشـت زارەکـانی تـیران وکۆترەوانی دا بەقاسم خانی سەردار ناسری برام ومن کـە هـەردووکمان بـەنیوەیی ئەو موڵکانە تەسەروف وکەڵکی لێوەربگرین.

قاسم خان گوندی بابـانی بـۆ نیـشتەجێبوون وژیـان هەڵبـژارد، منـیش گونـدی "بەندار" وبەپێی تواناییمـان سـەرگەرمی دروسـت کردنـی بـاخ وقـەڵاو شـتی تـری پێویست بووین. لەبارودۆخی عەشـایریدا قـەڵا دوو نەخـشی سـەرەکی هەیـە. هـەم لەکاتی شەڕدا پەناگا وشوێنی بەرگرییە وهەم بۆ ژیان وکاروباری بنەماڵە شوێنێکی لـەبار وسـوودمەندە، بەتایبـەت لـەبواری بـەرگری و لـەکاتی شەڕوشـۆڕدا، چـونکە قـەڵایان لەشـوێنەبەرزەکاندا دروسـت دەکـرد تابەسـەر زەوییـەکانی دەوروبەریـدا لەکاتی بەرگریدا دەستدرێژ وموسەلەت بێت. درێژی پەلی دیوارەکـانی قـەڵا بـەپێی توانای خاوەنەکانیەوە لـە سـەد مـەتر زیـاتر یـا کـەمتر بـوو، شـورە ودیوارەکـانی دەرەوەی یەکجار زەخم و پان وبتەبوو لەبەرد وگەچ ونورە یاخشتی کـاڵ دروسـت دەکـرا. هـەر قەڵایـەك چـوار بـورجی هەیـە. لـەناوەوە هـەموو لایـەکانی لـەژێر ساختمانەکەدا دەور تا دەوری بنایەتەکە بەبەرزی یەك مەتر ونیـو دروسـت کرابـوو وکۆنەباجەیان بە مەودا ومەسافەتێکی دیاریکراو تێیدا دروسـت دەکـرا بـۆ بـەرگری وتەقەو دەست ڕێژ کردن لە کاتی بەرگریدا. ئاوی خواردنەوەی قەڵاکە یا لـە کـارێز ویا بیرو چاڵ دابین دەکرا. بەشی یەك ساڵ ئازووقە وئالیـك وداری سـووتەمەنی لـە عەمارێکی گەورەدا کۆدەکرایەوە. هـەر قەڵایـەك دوو بەشـە، بەشـی نـاوە وبەشـی

دەرەوە. حەوشی دەرەوەی بریتی یە لە دیوەخانە وچەند هۆدەیەکی چاك بۆ پێشوازی میوانەکان ودانیشتن وحەسانەوەی خزمەتکارەکان، ئەو هۆدانەی لە تەویلەی ولاخەکان وبنایەتی عەمەلەکانەوە نزیك بوو.

بەشی ڕێك وپێکی قەلا لە بەشی ناوەوەیە، کە حەوشەکەی بە حەوزێکی ئاوخواردنەوە وباغچە ئاراستە کراوە ولەنزیك حەوزخانە حەمام ودەست شۆر دەبینرێت. هۆدەکانی بەپێی وەرزەکان سوودی لێوەردەگیرا. هۆدەکانی بەشی باکور لە زوستاندا وباشوور لە هاویندا بەکاردەهێنراو کەلکی لێوەردەگیرا.

دایکم لەلایەکی قەلای قلیج دا کارگایەکی قالی ومافورچنینی دانابوو، بۆ هەر هۆدەیەك لە هۆدەکان کە لای گرنگ بوو وحەزی لێدەکرد مافووری بە ئەندازەی هۆدەکە چنی بوو وئامادەی کردبوو، هەروا لەنێو قەلاکەدا بەرە وخورجین وشەلتان وجلی ولاخ وهەتا لەوا وکولەبالی شوانەکان دروست دەکرد. پێویستی بەڕوونکردنەوە نیە قەلا لەڕۆژگاری ئاشتی وئاسایشدا شێوەی کارگەیەکی گەورەی بەخۆوە دەگرت کە لەنێویدا جگە لە کارەکەر ودەستوپێی ژوورەوەی مالّ جەمعی بە نازناوی نازر وسەرکار وخزمەتکار وئاودار ومیرزا بنووس ولەلە ودایەن وچێشتکەر ونانەوا وبەرپرسی حەمام وعەماردار میهتەر وفەراش وئێشکچی وبەرپرسی شکار وڕاو وکەسانی تر سەرگەرمی خزمەت بوون. لەکاتی شەڕدا شێوەی سەربازخانەیەکی بۆ شەڕکەرەکان وبیمارستان وخەستەخانەیەك بۆ زامدارەکان بەخۆیەوە دەگرت. لەهەمان کاتیشدا ئافرەتەکان ومندالّەکان وخزمەتکارەکان خەریکی کاروباری ئاسایی خۆیان دەبوون.

کاتی نووسینی ئەم یاداشتانەم حالّەت وقیافەی دایکم دەهێنمە بەرچاووم کە لەکاتی شەڕ وگەمارۆی قەلاکە بەپێی پەتی و پەژارەوە لەنێوان دالانە گەورەکاندا هات وچۆی دەکرد وقورئانێکی بەسەرەوە دەگرت وبەدوعا ونەزەرو نیاز سەرگەرم دەبوو.

## بترکردنی خزمەتکارە تایبەتییەکانم

خزمەتکاری بەمانای تایبەتی لە عەشایردا داب ونەریتێکە کە بەپێی ئەوە پیاوێکی شەڕکەر خۆی تەنها یا لەگەلّ کەس وکار وبنەمالّەکەیدا خزمەتی سەروکێك قبوولّ بکات ولەخزمەتیدا بێت بێ ئەوەی پێشەکی وتەشریفاتێکی

تایبەتی دەست نیشانکراوی لەئارادا بێت، لەنێوان ئـەو وسـەرۆکەکەیدا پـەیمانێکی زارەکـی دەبەسـترێت، کـە لەلایـەن خزمـەتکارەوە بریتـی یـە لـە خزمـەتکای و وەفـاداری وئەمانەتـداری وراسـتی وئامـادەبوونی شـەڕکردن ودرێغـی نـەکردن لـەم بابەتـەوە. وەلەلایـەن سـەرۆکەکەوە پێویـستە بیپـارێزێ لـە دوژمنـانی وژیـانی خۆشگوزەرانی و وسایل وتفاقی شەڕی بۆ دابین بکات.

ژیـانی عەشـایری لەلایەکـەوە لـە ئاژەڵـداری وبـەخێوکردنی ئاژەڵـدا خـۆی دەنوێنێـت وهـەموو شـتێکی لـەو بـوارەدا خەسـت دەبێتـەوە. ولەلایـەکی تـروە شێوەیەکە لە خۆئامادەکردن وپەروەرشی ژیـانی سـەربازی وسەلحشوری یـە، کـە ئەویش هەر تەواوکەری ژیانی ئاژەڵدارییە.

هێزی سـەرەکی عێـل وعەشـایر بێگومـان پیـادە شـەڕکەرەکانیەتی کـە لـەژێر فەرمان وڕابەری سەرۆکەکانیان بۆ بەرگری لەبوون وسوودی خۆیان یا بۆ زاڵ بوون بەسەر دوژمنەکانیاندا، یا داگیر کردنیان لەژێر ڕهبەری سەرۆکەکانیاندا شەڕدەکەن وچۆنیەتی ژیانی عەشـایری شـەڕکەرە ئـازا ودلێـر وهەڵبـژێردراوەکان، دەخاتـەڕوو دەیان نوێنێـت. بـەڵام ئـازموونی تێهەڵچوون وکەشمەکەشـی بـەردەوام وپەیاپـەی ئێمەی تێگەیاندبوو لە هەموو شوێنێکدا و لەهەموو ڕووداو وحاڵەتێکدا تـەنها پـشت بـەهێزی شـەڕکەرە ئـازا وسەربەسـتەکان ببەسـترێت، کـە بـەهۆی دەمـارگیری عەشایرییەوە، وکۆدەبنەوە وئامادەی شەڕ وخۆبەخت کردن دەبن.

پیاوانی عەشایر، بەمانا ئەوانەی خاوەنی ئاژەڵ و وڵاخ ومەڕ ومالاّتن کـاتێ بـە وورەیەکی بـەرز وبـەهێزەوە شـەڕ دەکـەن، ئەگـەر ئـەو شـەڕە پەیوەنـدی لەگـەڵ مەسلەحەت وسوود وقازانجی ڕاستەخۆی ئەواندا هەبێت، بەڵام هەرساتێ شـەڕەکە تەنها پەیوەندی بە حەیسییەت وشەرەف وکەسایەتی سەرۆکەکانیانەوە هەبێت، یا هەست بکەن مەترسییەك بۆ گەلـە ئاژەڵـەکانیان هاتۆتـە کایـەوە ئـەو سـووربوونە لەدەست دەدەن وئامادەنین شەربکەن، بەڵکو خۆیشیان لەشەڕ دەدزنەوە.

بـۆ ئـەو شەڕوشـۆڕانە کـە لـەپێناوی ئامـانجێکی بـەرزدا دوور لـە مەسـلەحەت وقـازانجی تـەنگی خێڵایـەتی دەکرێـت پێویـستی بـەفێرکردن وڕێنمـایی کردنـی بەردەوامە. بێگومان خۆ ڕانەگرتن وشکانی ئەو هەموو هێـزە عەشـایەرییەی سـالار ئەلدەولە لەبەرامبەر هێزێکی کەمی هەندێ موجاهدین دەگەڕێتەوە بـۆ ئـەم هۆیـە.

بۆیە بارودۆخی ژیانی عەشایری فێرمانی کرد جگە لە هێزی شەڕکەرە عەشایرەکە هێزێزێکی تایبەتی لە خزمەتکارانی هەڵبژێرراو پێکبێنین. پێشڕەو وڕێنیشاندەرمان لەم بیرۆکەدا باوکم بوو.

ئەو پێش ئەوەی ڕووداوەکە ڕوو بدات وبکەوێتە شەڕەوە لە دەوروبەری خۆیدا جەمعێ لە کوێخا وکوێخا زادەکانی سەنجاوی یا لەتایفەکانی تری کۆدەکردەوە. دەیگێڕنەوە باپیرمان حەسەن خان دامەزرێنەری سەربەخۆیی سەنجاوی کاتێ بۆ ئەنجامدانی کاروبارێك دەڕۆیشتە شار لەگەڵ خۆیدا تەنها خزمەتکارێکی دەبرد، کە بەسواری یابوویەکەوە شت ومەکی سەفەری باپیرمی لەگەڵ خۆیدا بۆ شار دەبرد. بەڵام وەزعی ئێمە هەرسێ براکە گەیشتە ڕادەیەك کە نزیکەی حەوت سەد سوار ئامادە ویێ لە ورزەنگیمان هەبوو. خزمەتکارەکان لەنێو گەنجانی تەمەن بیست تا سی ساڵەدا هەڵدەبژێردران. لەسەرەتای کارەکەدا هەندێ هەڤاڵانی دەورەی گەمە ویاری منالێمدا کە بە چالاکی وزیرەکی وخۆش خزمەتییان باوەڕم هەبوو، بۆ خزمەتکاری هەڵیانم بژارد، بەڵام لەدواییدا کە کارەکە ڕەنگێکی تری بەخۆیەوە گرت وگەورەتر بووە پێویستمان بە وردەکاری زۆرتربوو لە هەڵبژاردنی خزمەتکارەکاندا.

کەسێ دەکرا بە خزمەتکار کە لەشەڕێکدا ئاوازی ئازایی ودلێری دەنگی دابێتەوە، یاوەك لە بنەماڵەیەکە کە بە ئازایی و دلاوەری بەناوبانگن، یاوەك خاوەنی برا وخزم وکەس وکاری ئازا وچست وچالاك بن. بۆنموونە سەبارەت بە خزمەتکارێکی ناسرا و کە چۆن هاتە ڕیزی خزمەتکارەکانی قاسم خانی برامەوە دەدوێین.

لەسەرەتای لاوی قاسم خاندا کە تازە ژنی هێنابوو، یەکەمین کوڕی شیرەخۆرە بووە، شەوێك دزێك دێتە دەوارەکەیەوە هەموو جل وبەرگ وزین وچەکێکی کە هەبووی بردبوو. لەم ڕووداوە قاسم خانی برام زۆر ناڕەحەت وپەرێشان وسەرشۆڕ دەبێت. دوای ماوەیەك گەنجێك دەگاتە خزمەتی دەڵێت قوربان ئەگەر ئەو دزە کە ماڵەکەی دزیوە بێتە خزمەتت وهەرچی لێتی بردووە بێ کەم وکوڕی بیگەڕێنێتەوە بۆت وئامادەی خزمەتکاریتان بێت، لەتاوانەکەی چاو دەپۆشیت ودەیبەخشیت ودەیکەیتە خزمەتکاری خۆت؟ قاسم خان بەو گەنجە

بەڵێن دەدات کە بیبەخشێت. ئەوکاتـە ئـەو گەنجـە دەڵێـت قوربـان ئـەو دزە مـنم ئـەڵماس گـۆران لـە تایفـەی تفەنگـچیم، هـەموو شـت ومەکـەکانت بـێ دەسـتکاری ئامادەیە، لەڕاستیدا ناڕەحەتی وپەرێشانی و نیگەرانی فراوانی تۆم بیـستبوو، ئـەو حاڵەتەی جەنابتم زۆر لاگران وناخۆش بوو تەحەمولیم نەکرد وئێستا لە خزمەتدام.

بـەو جـۆرە ئـەو گەنجـە هاتـە ڕیـزی خزمـەتکارەکانی قاسـم خـانی برامـەوە ولەهەموو شەڕە دژوار وسەختەکاندا بەشداری دەکرد وبووبووە یەکێ لە بـەرزترین وبەناوبانگترین خزمەتکارەکانی قاسم خان وبەردەوام لە خزمەتیدا بوو تا لەشـەڕی ئێمە وعوسمانیەکاندا لە شارۆچکەی کرند شەهید کرا.

خزمەتکارەکان لەنێوان لاوانی نـاوداری سـەنجاوی یـا عەشـایرە هاوسـێکانمان بەتایبەت تایفەی تفەنگچی گۆران هەڵدەبژێران. ئەوان بتر خزمەتکاری قاسـم خـان "سەردار ناسر"ی برامیان بەلاوە پەسەندتر بوو تامن، چونکە ئەو لەنێو تایفەکـەدا پلەی حکومەتی هەبووە ودەیتوانی سوود وقـازانجی زیاتریـان پێبگەیـەنێت. جگـە لـەوە ڕووخۆشـی وڕەفتـار وکـردار چـاکی ئـەو زیـاتر لەگـە ڵ خـوو تەبیعـەتی خزمەتکارەکاندا دەگونجا.. بتر لە سێ سـەد خزمـەتکاری تایبـەتی هـەبوو کـە لـە بەناوبانگترین خزمەتکارەکانی بنەماڵەکەمان بوون، وەکو یار محەمەد کە بـە یـارە بەناوبانگ بوو، وئەڵماس گۆران وسوهراب وبرا ئازاکانی، کوڕەکانی نـادر وکاکـەولا نەزەر وخزمەکانی وحەبیب میرئاخوور وموحەمەدی یاساول، وموراد عەلی تەپڵژەن کە بە فەرشکە ناسراو بوو وشاسواری ئالآهەلگر لە کوڕی خزمەتکارەکاندا بوون.

هەندێ لە خزمـەتکارەکان کـە دەهاتنـە خزمەتـەوە خۆیـان ئەسپ وچـەکیان هـــەبوو بـــەڵام داب ونـــەریت وەهـــابوو کـــە ئێمـــە ئەســـپ وتفـــەنگیان بـــدەینێ وفیـشەکەکانیان دوای ماوەیـەك ەتایبـەت لەسـەرەتای سەرۆشـۆڕەکاندا بـۆ دابـین بکەین. هەروا خۆیانیش بۆڕازاندنـەوە وڕێـك وپێکـی وئاراسـتەیی خۆیـان خەنجـەر ودەمانچەیان پەیدا دەکرد ودەیان بەستە خۆیانەوە.

تفەنگەکان لەسەرەتاوە تفەنگە یەك تیرە قوڕقوشمیەکان بوو، کەم کەم بوونە سێ تیری فرانساوییەکان پێـنج تـیری ئـەڵمانی ورووسـەکان، لەئەنجامـدا بـووە دە تیری ئینگلیزییەکان.

لـه ماڵـەكانی ئێمـەدا عـەمارێكی بـچووكی چـەك وفیـشەك وبـارووت هـەبوو. سەبارەت بە جل وبـەرگی سـوارەكانی ئێمـە بـەرگ وچـەك وئەسـپی سـوارەكانمان یەكجار ئاراستە ورازاوە وڕێك وپێك بوون. بەڕادەیەك جیاكردنـەوەی خزمـەتكار لـە سەرۆكەكەیان كارێكی ئاسان نەبوو. خزمەتكارەكان كەسایەتیە پڕ جۆش وخرۆش و گاڵتەچی وچست وچالاكەكاك بـوون. لایـان گـران نـەبوو لـە خزمـەت هـەركام لـە سـەرۆكەكانی عەشـیرەتەكاماندا بـن، لەشـەڕەكاندا هەمیـشە ئامـادەی فیـداكاری وخۆبەختكردن و دان قوربانی دان بوون. زۆرجـار ڕوویـدەدا بـە دوو سـەد یـا سـێ سـەد سـواری هەڵبژێردراوەكانمانـەوە بـچینە شـەڕی هـەزار سـوارێكی دوژمنـەوە سەركەوتنیش بەدەست بێنین.

بۆ دابین كردنی مووچەی ئەم سوارانە چارەیەك لەمە زیاترمـان نـەدەبینی كـە ئەم سوارانە و بنەماڵـە وخزمـەكانیان لـە گونـدەكانی مایدەشـتدا جێنـشین بكـەین وسەرپەرشتی وكوێخایەتی ئەو گوندانە بخەینە ئەستۆیانەوە، چی ئەو گوندانە هی خۆمان بێت یا موڵكدارە شارییەكان.

گومان لەوەدا نیە ئامادەكاری ئەم خزمەتكارانـە بـۆ شـەڕ وشـۆڕی بـەردەوام دەرفـەتی كشتوكاڵ كردنیـان بـۆ نەدەمایـەوە لـە خزمـەتی فەلاحـەكانی نـاوخۆی دێهاتەكان سوودیان وەردەگرت. وحەقی موڵكانە خـاوەن موڵكـە شارنـشینەكانیان بەچاكی پێیان نەدەگەیاند. ئەم بارودۆخە بووە هۆی دژایەتی وململانێی هەندێ لە خاوەن موڵكـە شارنـشینەكان لەگـەڵ ئێمـەدا بـێ ئـەوەی لـە بـارودۆخی ناوچـەكە تێبگەیەن پێویستیەكانی لەیـەك بدەنـەوە ئێمـەیان بەداگیركـەر ودەسـت درێژكـەر دەژمارد.

خزمەتكارە تایبەتیەكان كاتێ تەكمیل كـران وژمارەیـان زیـادی كـرد ووەك لـە پێشەوە باسم كرد نزیكەی حەوت سەد كەسێك دەبوون، وبتر لە هەزار وپێنج سەد سوار لە عێلی سـەنجاوی ئامـادەی خزمـەت بـوون. بـەم جـۆرە كـۆی هێزەكـەمان نزیكـەی دوو هـەزار سـوارێك دەبـوون، لـەو دەورەوزەمانـەدا ئـەم هێـزە هێزێكـی بەرچاو وحیساو بۆ كراو دەژمێردرا.

## یاران و دۆستانی شارنشین

سەبارەت بە دەوڵەتی مەرکەزی وحکومەتی ئەیالەتی دڵنیابووین، چونکە لە وەزعو بارودۆخێکی ئاڵۆزدا نەبووین بەشێوەیەك بتوانن بە ئاشوبگەر یان یاغی بمانژمێرن. لەماوەی سێ نەسلدا لە هەموو گێروگرفت ورووداوەکان وشەڕو شۆڕ وململانێیەکاندا یارمەتی حوکمڕانانی کرماشان و وێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزیمان داوە وهیچ کاتێك مایەی دەردەسەری وناڕەحەتی وئاشوب وئاژاوە بۆ دەوڵەت نەبووینە ، بەڵام لەلایەکی ترەوە نابێت ئومێدت بە دەوڵەت هەبێت چونکە لەو دەور وزەمانەدا یەکجار بێ هێز وبێ توانا ودەسەڵات بوو، ونەیدەتوانی نەزم وئاسایش بەرقەرار بکات ودەست درێژی تایفەکان بۆ سەر یەکتری نەهێڵێت. جگەلەمە حوکمڕانانی ئەیالەت پێشە ئەوەی لە بیرۆکەی خزمەتدابن لەبیری سوود وقازانجی خۆیاندا بوون، بە ئاسانی دەتوانرا هەندێ لەوانە بە پێچەوانەی داد وعەدالەت، بەپێچەوانەی بەرژەوەندی دەوڵەت ومیللەت دژی کەسانێکی بێتاوان وخزمەتگوزار هان بدرێن. لەبەر ئەمە سەبارەت بەم لایەنە لەلایەن ئێمەوە ئەوپەڕی ووردەکاری وچاودێری پێویست بوو، چونکە ڕەقیب ودوژمنەکەمان لەئێمە یەکجار بەسامانتر وبەتوانا ودەسەڵاتدارتر بوون، دەستێکی زۆری لەنێو شارنشیناندا هەبوو، لەگەڵ ئەوەیشدا ئێمە بەرپرسیاری پاراستنی سنووربووین کە کارێکی یەکجار هەستیار بوو، بەدەست ئاوێز وبەهانەی جیاوازەوە دەتوانرا لە کاروباری ئێمەدا دەست درێژی وخراپەکاری بکەن، یاوەك خزمەتەکەمان بە شێوەیەکی پێچەوانە وچەوت بخەنە ڕوو.

بەڵام لەحەقیقەتدا هەر وەزیفەی سنووورداری وپاراستنی ڕێگا وبانە گشتیەکان پێش هەموو شتێك یارمەتیدەری ئێمەبوو. هەموو ڕۆژێك چەندین کاروانی بازرگانی گەورە وبازرگانەکان ومیوانی مەرقەدی ئیمامەکان لە نەجەف وکەربەلا لە مەرز تێدەپەڕین. جگە لە پاراستنی ئاسایش وئەمنیەتی ڕێگاکان وخزمەتی هاتوچۆکەران لەلایەن سوارەکانی سەنجاوییەوە زۆربەی گەورە پیاوان دەبوونە میوانی باوکم، کە لەنێوانیاندا هەموو ساڵێك جەمعێکی زۆر لە چین وتوێژە جیاوازەکانی شاری کرماشانیان تێدا بوو. ئەم بارودۆخە بۆ ئێمە چاکترین دۆست وپڕوپاگەندەکەری پەیدا دەکرد.

باوکم جگە لە تـەعمیر ونۆژەنکـاری قـەڵای جـەوامێری هەمەوەنـد لـە قەسـری شیریندا لە خوارەوەی ئـەو قـەڵادا خـانگێکی بـچووکتری بـۆ ڕاپەڕانـدنی کاروبـاری حکومەت وپێشوازی لە میوانەکان دروست کرد. هەروا لە نزیـك ڕووبـاری ئەڵوەنـد، لەنێو شارۆچکەکەدا خانگێکی گەورەی دروست کرد کە هۆدەکـانی سـەرەوەی بـۆ کاروباری تایبەتی خرۆی وبەشەکانی تری بۆ پێـشوازی لـە میوانـەکانی، هـاووڵاتی وبێگانە، تەرخان کردبوو. هـەر چـەند بـەهۆی داگیرکردنـی گونـدەکانی مایدەشـت لەلایەن خزمەتکارەکانەوە زۆربەی خاوەن موڵکـە شارنـشینەکان دژی ئێمـە بـوون بەڵام چینی ناوەندی کۆمەڵگەی شار کە بریتی بـون لـە کاسـبکاران وئەوانـەی کـە سەروکاریان لەگەڵ بازرگـانی وزیارەتـدا هـەبوو کـە لـەم سـاڵانەی دواییـەدا بوونـە هـەوێنی ڕاپـەڕینی مەشـرووتیەت لـە کرماشـاندا، لایـەنگیر وپـارێزەری ئێمـەبوون وپاڵپشتیان دەکردین.

خالێکی تر کە یارمەتی ئێمەی دەدا ژن وژنخوازییەك بوو کـە نێـوان بنەماڵـەی ئێمـە وبنەماڵـەی شـازادە محەمـەد بـاقر مـیرزای خوسـرەوی دا بەرقـەرار بووبـوو، چونکە هەروەك لەپێشدا باسم کرد، کـچە گەورەکـەی ئـەم شـازادە، نورتـاج خـانم بێوەی خوالێخۆشبوو خان خانانی یاسەمی بووە هاوسەرم و قاسم خـانی بـرامیش دوای فەوتی هاوسەرە پێشووەکەی کچە بچووکەکەی هەر ئەوی بەناوی لەعیا خانم کە بە "وجیە ئەلدەولە" بەناوبانگ بوو هێنا و بـووە هاوسـەری. شـازادە محەمـەد باقر میرزای خوسرەوی دەوڵەت داد کوڕی محەمەد ڕەحیم میرزار ونەوەی محەمەد عەلی میرزای دەوڵەت شایە کە لە گەورە پیاوانی کرماشانە. پیاوێکی ڕێـزدار وڕێـك وپێك وسەربەست وخوێندەوار وشاعیر ودەروێش ڕەوشت ودروست کار وئازادیخواز و وەتـەن پەرسـت بـوو. سـەرەتای خزمـەتی لـە حکومەتـدا لـە تـەلوگراف خانـەی کرماشـانەوە دەسـتی پێکـرد. دوایـی بـووە سەرپەرشـتی مەکتـەبی بەڕێوەبـەری حکومەت، لـەم دواییـەدا کاروبـاری بازرگـانی گرتبـووە ئەسـتۆ. کـوڕە گەورەکـەی شـازادە موحەمـەد سـادق مـیرزای دەوڵـەت دادیـش لـە هـەموو بوارەکانـدا خـوو ڕەوشتی باوکی بە میرات بردبوو، لە تەلوگرافخانـەی کرماشـاندا خزمـەتی دەکـرد، دوایی بووە بەرپرسی تەلوگرافی قەسری شیرین.

شازادە محەمەد باقر میرزا لە زۆربەی ڕووداوەکاندا ڕێنمونکەر وئامۆژگارمان بوو، بەهۆی پلە ومەقام وپایە وڕێزی کە لە شاردا هەیبوو مەرجەعییەتیان ناونابوو. وە لەسەرجەم ڕووداوەکان ئاگادریان دەکرد وهەرچی دژی ئێمە بکرایە ویان بووترایە ئاگادارمانی دەکرد تا بکەوینە خۆمان وهەوڵ بدەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە، ئەوەیشی بە خۆی بکرایە چارەسەری دەکرد.

جگە لەم زاتە هەندێ زانا ودانشمەند وپیاوی گەورەی ئاینی دەست ڕۆیشتوو وەك موحەمەد مەهدی فەیز وئیمام جومعەی کرماشان دۆستمان بوون ودەمانیان پاراست وهەندێ لە بنەماڵە ناسراوەکان وەك بنەماڵەی یاوەرییەکان کە لەلایەن کەلورەوە دەرکرابوون، وهەروا زۆر لە سەرکردەکانی زەنگەنە دۆستی وپەیوەندییەکی چاك لەنێوانماندا بەرقەرار بوو. ئەم دۆستایەتی ڕەفاقەتیە بووە هۆی ئەوە کە پشتیوانێکی بتەومان لە شاردا هەبێت بەتایبەت لە دەوروبەری حکومەتدا.

## ڕووداوی مەشرووتیەت لە کرماشاندا

فەرمانفەرما لە ساڵی ١٣٢٤کۆچیدا لە فەرمانڕەوایی کرماشان لابرا ولەجێی ئەودا بۆ جاری سێیەم زەین ئەلعابدین خانی ئەمیر ئەفخەمی قەرەگوزلو دانرا. لە دوایی دوایی فەرمانڕەوایی فەرمانفەرمادا بەنهێنی ولەپشت پەردەوە باسی مەشروتیەت ومەشروتیەتەخوازان دەکرا ودەووترا کە لە تاران زانا ودانشمەند وپیاوانێکی ئاینی زۆر وجەمعێك لە چین وتوێژە جیاوازەکان داخوازیان لەپاشا کردووە کە "عەدالەت خانە" دابنێت وبەپێی یاسا وڵات ئیدارە بکرێت ودەیانەوێ ئازادی ویەکسانی لەنێوان خەڵکدا بەرقەرار بێت، ولەشارە جیاوازەکانی ئێراندا خەڵکی بەلایەنگیرییان هەڵساون. ووشەی عەدالەت وداد ویاسام لام شیرین وگەوارا و دڵپەسەند بوو، بەڵام لە بیرۆکەی ئازادی شتێکم نەدەزانی ویەکسانیم بەپێچەوانەی سروشت دەزانی وشۆڕش ویاغی بوونم بەیاغیگەری وهەڵسان دژ بەئێران وئێرانییەت دەهاتە بەرچاو، وهەرکاتێك لە دانیشتنێکدا لەم قسانە دەکرا بە توندوتیژییەوە ڕووبەڕووی بوێژەکەی دەبوومەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا هێدی هێدی ولەسەرخۆ بیرۆکەی ئازادی ومەشروتە خوازی لەبەر چەند هۆیەك هاتە نێوانمانەوە وخۆی بەسەرماندا سەپاند.

یەکـەمیان: سـەرجەم کـەس وکـار وخزمـانی دۆسـتەکانمان لـە کرماشـاندا لایەنگیری مەشروتییەت بوون و پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرد. بانگهێـشتی خـەڵکیان دەکرد کە ببنە لایەنگیری ئەم بیرۆکەیە.

دووەم: هەندێ عالم ومەرجەعی تەقلیدەکان ئێمەیان هاندەدا کە ئـەم ڕێگەیـە هەڵبژێرین وبیگرینە بەر، لە کۆی ئەوانەدا "ئاغا عەلی هەیئەت" کە یـەکێك بـوو لـە قوتابیـەکانی حـەوزەی عیلمیـە کـە بـۆ پڕوپاگەنـدەی مەشـروتییەت لـە کەربـەلا ونەجەفی پیرۆزەوە بۆ کرماشان هاتبوو. لە قەسری شـیرین چـەند ڕۆژێـك میـوانی ئێمەبوو، ونامەیـەکی لـە ئاخونـد مـەلا کـازمی خوراسـانیەوە بـۆ بـاوکم هێنـابوو و مەشـروتییەتی بـە چـاکی نـاو باسـکردبوو وداخـوازی لـە بـاوکم کردبـوو کـە لـە مەشروتییەت پاڵپشتی وپشتیوانی بکات.

سێیەم: شێوە وجۆری پەروەرش وتەربیەتی من بووە هۆی گۆڕانکاری بیروبـاوەڕم سەبارەت بـە حکومـەت ودەوڵـەت و زوو لـە ڕامیـاری تێبگـەم کـە بەدرێـژی باسـی دەکەم.

ڕۆیـشتنم بـە پـەنجا سـوارێکی سـەنجاوییەوە بـۆ تـاران وتـەورێز بـۆ یارمـەتی خزمەتی موحەمەد عەلی پاشای قاجار، خۆی لەخۆیدا یاریدەرم بوو سەبارەت بـەم زوو زانینە وتاوتوێ کردنی بارودۆخەکە وهەڵـسەنگاندنی ڕووداوەکـان وهەڵبـژاردنی ڕێگای مەشروتییەت.

چوارەم: وابـزانم ئەمـەیان لـە هـەموویان گـرنگترە، ئـەویش دوژمنـی ئێمـە لەگـەڵ داودخان عێلخانی کـەلور کـە دوژمنـی سەرسـەخت وهـەرە گـەورەی مەشـروتییەت بوو، کە هەر ئەمەیش بووە هۆی ئـەوە کـە ئێمـە ڕێگـای مەشـروتییەت بگرینەبـەر ومەشروتیەتمان لاپەسەند بێت. لەو دەوروزەمانەدا بۆ ئێمەی عەشایر بەتایبەت بۆ ئێمەی سەنجاوییەکانی سنوورنشین ئەم بیرۆکەیە ئێمەی زۆر دەبزوانـد ودەهەژانـد هەستی نیشتمان پەرستی وئێرانییەتی لـە ئێمـەدا بتـەوتر دەکـرد. لـە حەقیقەتـدا بیرۆکەی ئازادیخوازی ومەشرووتەخوازی لەگەڵ ئێران پەرستیدا یەکیان دەگرتـەوە ویـەکتریان تـەواو دەکـرد. بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئـەو شـتەی ئێمـەی زیـاتر بـۆ ئـەم بیروباوەڕە ڕاکێشا وبووینـە لایـەنگیر وپـەیڕەو وپاڵپـشتی مەشـروتە، دوژمنایـەتی ودژایەتی سەرسەختی داودخان، لەگەڵ ئەم بیروباوەڕەدا، بوو.

لەساڵی ١٣٢٤کۆچیدا دەنگ وباس و ئاوازەی مەشروتییەت لە کرماشـاندا وەك سەرجەم جێگاکانی تری ئێران بڵاو بووەوە. چەندین ئەنجومەن وکۆمیتەی جیـاواز بــەناوی ئەنجومــەنی عەدالــەت، ئەنجومــەنی بازرگانــان، ئەنجومــەنی خــاوەن موڵکــەکان، ئەنجومــەنی شــازادەکانی لایــەنگیری مەشــروتییەت دامــەزرا. تێکـڕا لەڕێگەی تەلوگرافەوە بەشێوەیەکی فەرمی داخوازییان لە پاشا دەکرد کە فەرمانی مەشروتییەت دەربهێنێت وبەئەنجامی بگەیەنێت.

ســەرکردە ئازادیخوازەکــان ومەشــروتەخوازەکانی کرماشــان کــە بــۆ مێــژوو پێویستە ناویان بهێنین لە چینی دانشمەندەکان وزاناکان وپیاوە گەورەکانی ئاینی بریتی بوون لە: حاجی محەمەد مەهدی، فەیزی مەهدەوی، حـاجی مـەلا حوسـەین ئەسفەهانی کە بەحاجی ئاخونـد بـەناوبانگ بـوو وکوڕەکـەی شـێخ محەمـەد عـەلی ڕەوشەن وشێخ عەبدولحوسەین "قـەوام ئەلعولـەما". لەشـازادەکان محەمـەد بـاقر میرزای خوسرەوی دەوڵەت داد، مەلیك ئیرەج میرزای ئـەمیر موحتـەرەم، محەمـەد سادق میرزای دەوڵـەت داد وشـازادە عـەلی خـان. لـە بازرگانـەکان وکاسـبکارەکان حاجی سەید ئەسەدوللاوحاجی حـەبیبوڵلا مەلـەکی بـرای حـاجی مـەلیك محەمـەد، سەید ئەحمەد ئاغای مـیر عەبـدولباقی، حـاجی موستەشـار کـە بـە حـاجی داداش بەناوبانگ بوو، سەید حوسەینی کەزازی نوێنەری کرماشان لە خولی یەکەم ودووەم وســێیەمی ئەنجومــەنی نوێنــەرانی ئێرانــدا، وســەید ئەحمــەد کــەزازی بــرای هەروەهاحاجی ڕۆستەم بەگی سارابی، سەید مەهدی، مـیرزا سـادقی موعتەمـەدی، حاجی میرزای عابـد موشـیر ئـەلرەعایا، تـەیمیور خـانی قـەناد مەشـهەدی "کـەلب عــەلی" قــەوام ئــەلرەعایا، صــدیق دەفتــەر "فــەرەهپور". لــە گــەورە پیــاوان وپیاوماقووڵەکان و سەرکردەکان ئەبو ئەلحەسەن خانی زەنگەنـە، خـان باباخـانی زەنگەنە "بەهادور لەشکر"، عەلی پاشا خانی مەنوچەهری ، مـیرزا ئەحمـەد خـانی موعتـەزەد ئەلدەولـە، سـلیمان خـانی عیمـاد ئـەلرەعایا، محەمـەد جـەواد خـانی یاوەری، سەمسام ئەلدەولە حاجی مورتەزا قولی خانی زەنگەنە، میرزا عـەلی خـانی سەرتیپ کە بە خانە خەراو بەناوبانگە.

فـەرمانی مەشـروتییەت لـە هـاوینی سـاڵی ١٣٢٤كۆچـی ڕێكـەوتی ١٣مـورداد (تەزموور)ی ١٢٨٥هەتاوی[1] وبێ دواكەوتن لە كرماشـانەوە بـۆ هاوبەشـی لـە خـولی یەكـەمی مەجلیـسی نوێنـەرانی ئێرانـدا دەرچـوو، ئـەبو ئەلقاسـم مـیرزا لـە لایـەن شازادەكانەوە وحاجی محەمەد سالح باوكی نەسیر دیوانی فزونـی لەلایـەن خـاوەن موڵكەكانەوە وحاجی مەلیك محەمەد بەنوێنەرایەتی بازرگانەكان وكاسبكارەكانەوە هەڵبـژێران وبـۆ تـاران ڕۆیـشتن. بـەڵام لـە سـاڵی ١٣٢٥دا كەشمەكـەش وململانـێ ودژایـەتی نێـوان محەمـەد عـەلی شـا كـە تـازە بـە پاشـایەتی گەیـشتبوو لەگـەڵ ئەنجومـەنی نوێنـەرانی ئێرانـدا دەسـتی پێكـرد. شـاو دەسـت وپێوندەكـەی دژی مەشروتییەتی نوێی ئێران دەست بەكاری تێكدان وخراوكاری ودووبـەرەكی نانـەوە بووبوون.

دوای ئەوەی ئەمین ئەلسولتان "ئـەتابوك" لەئـەورووپاوە بـۆ ئێـران گەڕایـەوە وسـەدر ئـەعزەم "سـەرۆك وەزیرانـی" ئێرانـی گرتـە دەسـت، ئـەم كەشمەكـەش وململانێیـە بترتـر و توندوتیـژتر بـوو، وئـاژاوەی "مەشـروتە ومەشـروعە" دەسـتی پێكرد وسەرتاسەری شارەكانی ئێرانی گرتەوە.

لەم ساڵەدا بۆ یەكـەمین جـار شـازادە ئـەبو ئـەلفتح مـیرزا "سـالار ئەلدەولـە" لەناوچەكانی لوڕستان وبروجەردا یاغی بوو، بەڵام ڕاپەڕینەكـەی بـتر دژی محەمـەد عـەلی شـای بـرای بـوو تـا مەشـروتییەت، بـەڵام ڕاپەڕینەكـەی لـە كرماشـاندا ڕەنگدانەوەیەكی ئەوتۆی نەبوو. هەرچۆنێ بوو زۆری پێنەچوو، فیتنە وئـاژاوە بـێ مایە وئەساسەكەی سەركوتكرا ولەنزیكی نەهاوەند لەبەرامبەر هێزەكانی دەوڵەتـدا شكستی هێنا وخۆی خستە پەنای كونسوڵخانەی ئینگلیسەوە لە كرماشان. ودوای دڵنیاكردن وتامین وەرگرتن دایانە دەستی عەلی خانی زەهـیر ئەلدەولـە حـوكمڕانی كرماشـان ولـەژێر چـاودێریدا ناردیانـە تـاران ودوای ماوەیـەك بـەرەڵاكرا وبـەرەو ئەورووپا ڕۆیشت تا دووبەرەكی وفیتنە وفەسادی سەرلەنوێ دوای تێپـەڕینی چـەند ساڵێك لە كرماشان وناوچەكانی تری ڕۆژئاوای ئێراندا دەست پێبكات.

---

[1] ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران ٤جەمادی دووەم ساڵی ١٣٢٤كۆچی، ڕێكەو تـی مـانگی پێنجـەمی ساڵی ١٩٠٦زاینی لە تاراندا كرایەوەن كە ڕێكەوتی ڕۆژی لەدایكبوونی موزەفەدین شایە.

له هاوینی ساڵی ١٣٢٥کۆچی که شێخ فـەزلولا نـوری ولایـەنگرەکانی تارانیـان بەجێهێـشت وخۆیـان لـە حـەزرەتی عەبدولعەزیمـدا حەشـاردا ودژی مەشـروتییەت ئاژاوەیەکیان بەر پاکرد، له مەجلیسی نوێنەرانەوە تەلوگرافێکی زۆر بـۆ شـارەکان نێردرا، وسەبارەت بە دژایەتی شێخ ولایەنگرەکانی لەگەڵ مەشروتییەتدا بە درێژی باسکرابوو.

له کرماشـان لایـەنگرانی مەشـروتییەت لـە تەلوگرافخانـەدا کۆبونـەوەو لەوێـدا مانیـان گـرت، و لـە داخوازییـەکانی ئەنجومـەنی نوێنـەران پاڵپـشتیان دەکـرد. لەبەرامبەر ئەوانیشدا موستەبدەکان ودژ بە مەشروتییەتیش بە هاندانی لێپرسراوی دەوڵـەت وفریـووی شـێخ فـەزلولا نـوری خۆیـان کـۆکردەوە ودژی مەشـروتییەت ڕاوەسـتان وبەرەیـەکیان پێکهـانی ودروسـت کـرد، سـەران وسـەرکردەکانی دژ بـە مەشروتییەت وئازادی لە کرماشان کە شایانی ئەوەبن ناویان بهێنرێت بریتی بـوون لە محەمەد ڕەزاخانی زەهـیر ئـەلمولك، ئیـسماعیل خـانی موعـازد ئـەلمولك ، ئاغـا ڕەحیمی موجتەهید، ئاغا ئەبولقاسمی ڕەئیسی ئەلعولەما، ئاغـا مـەحمودی بـرای، ئاغا موحەمەد حوسەین خانی موعین ئەلرەعایا، وبراکانی، حەسەن خانی موعـاون ئەلمولك ئەکبەرخان وشێخ عەلی عەسکەر وفەرەج خـانی ئیلخـانی، نەسـیر دیـوانی فزونی شەریف خانی ئەمین ئەلمەمالیك، وکیل ئەلمولك، ئاغا بەرار خانی موعتـەزد ئەلمەمالیك، وچەند کەسانێکی تر.

لــەم کەشمەکەشــو وململانێیــەدا لــەنێوان موســتەبدینەکان کــە جێــی کۆبوونەوەیان ماڵی ئاغا ئەبو ئەلقاسم سـەرۆکی عولـەمابوو. ومەشـروتەخوازەکان بەسەرکردایەتی حاجی ڕۆستەم بەگی سارابی شەڕوشۆڕێکی سەخت ڕوویدا کە لەم شەڕوشۆڕەدا یەکەمین قوربانی مەشروتەخوازەکان لـە کرماشـاندا حوسـەین خـانی زەنگەنەی یاوەر لە خزمـانی نزیکـی ئەبوئەلحەسـەن خـانی زەنگەنـە بـوو کـە لـەم کەشمەکەشـەدا کـوژرا. لـەم شەڕوشـۆڕەدا مەشـروتەخوازەکان شکستیان هێنـا. لایـەنگرانی موسـتەبدەکان ودژە مەشـروتییەتەکان بەتایبـەت پـەیڕەوانی "مـوعین ئـەلرەعایا" و "مـوعین ئـەلمولك" بەیارمـەتی وکۆمـەکی سـەربازانی حکومـەت وکارمەنـدانی دەسـتگاکانی حکومـەت، بـازاڕی شـاریان لـە دەربەنـد ومەیـدانی تۆپخانەوە تا جێگایەك کە بە چوار ڕێی ئاخیرەت بەناوبانگە تـاڵان کـرد وهیـچیان

بەسەر هیچەوە نەهێڵا، لە ئەنجامدا نزیکەی دوو هەزار کەس لە خەڵکی شارەکە ماڵیان کاول و وێران بوو.

جەمعێکی زۆر لە تالآن کراوەکان چوونە تاران بۆ سکالآو شکایەت کردن، ولە ئەنجومەنی نوێنەراندا مانیان گرت ورێکەوتی هەر ئەو ڕۆژانە بوو کە عەلی ئەسغەر خانی ئەتابووك "سەدری ئەعزەم" بەدەستی عەباس ئاغای موجاهیدی تەبرێزی کوژرا ووەزعی ئەنجومەن ودەوڵەت تێکچوو. تالآنکراوەکانی کرماشان بەدەستی خاڵی گەڕانەوە. ئەم خاڵەیش پێویستە بخەینە سەر باسەکەمان. ئەو ماوەی کە مەشروتەخوازەکانی کرماشان لە تەلوگرافخانە ودەوروبەریدا مانیان گرتبوو، زۆربەی مەسرەف وخەرجی مانگرتووەکان سەید ئەسەدوللاوسەید حەبیبوللامەلیك گرتبوویانە ئەستۆ وئەم ناوە چاکەیان بۆ خۆیان بەجێهێڵایەوە.

دوای ئەم ڕووداوانە ئەمیرئەفخەم لە حوکمڕانی لابراو سوڵتان محەمەد میرزای سەیف ئەلدولە، برای عەین ئەلدەولە بووە حوکمڕانی کرماشان. ئەم فەرمانڕەوایە چەند مانگێك کە حوکمی کرد لەگەڵ ئەوەیشدا کە حکومەتی مەرکەزی فەرمانی دابوو بە توندی لەکەڵ خەڵکیدا بجوڵێتەوە، زۆر بەنەرم ونیانی جوڵایەوە تا کۆتایی ساڵی ١٣٢٥کۆچی لابرا وعەلی خانی زەهیر ئەلدەولە جێی گرتەوە وبووە حوکمڕانی کرماشان. ئەویش هەروەك ڕێنموونە بەردەوامەکانی حکومەت توندوتیژ بوو و بەپێی ئەو ڕێنماییانە دەبوایە بە توندی ڕەفتای بکردایە، بەڵام ئەویش بە نەرمی لەگەڵ ئازادیخوازەکاندا جوڵایەوە. یارمەتی تالآنکراوەکانی دا وبۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ وخوێندەواری وکاروباری خەیر خوازانە هەوڵ وکۆششێکی زۆری کرد و بەوپەڕی ئەدەب ودەروێش سیفەتانەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی دەهاتنە لای یان داخوازیەکیان لێی بوو ڕەفتاری دەکرد ولەگەڵیاندا ڕووخۆش ومیهرەبان بوو، هەمووان خۆشیاندەویست ورێزێکی تایبەتیان بۆی هەبوو.

لە قۆناغی فەرمانڕەوایی ئەودا بوو دوای بۆمبا هاویشتنە سەریا پایتوونەکەی محەمەد عەلی شا لەلایەن سەدری ئەعزەمەوە، بەفەرمانی محەمەد عەلی شا فەرمانێ دەرچوو کە لە سوارەکانی عێلی کەلور سەد سوار ولە سوارەکانی سەنجاوی پەنجا سوار بۆ پاراستنی شا ڕەوانەی تاران بکرێن. زەهیر ئەلدەولە ئەم فەرمانەی بە داودخانی عێلی کەلورو باوکم ڕاگەیاند، بۆ سەرکردایەتی سوارەکانی

کـەلور جـەوانمیر خـان زەرغـامو ئەلدەولـەی کـوڕە گـەورەی داود خـان دەسـت نیـشانکرا، منیـشیان بـۆ سەرپەرشـتی وسـەرکردایەتی سـوارەکانی سـەنجاوی هەڵبـژارد، مـن ئـەم خزمەتـەم بەوپـەڕی مـەیل وڕەغبەتـەوە قبـووڵکرد، چـونکە ئـارەزووم ئـەوەبوو تـاران پایتـەختی بـەناوبانگ ببیـنم، و لەنزیکـەوە ڕووداوە سیاسـیەکانی پایتـەخت تـاوتویێ بکـەم، بـەڵکو بـەخت وشـانس یـاریم بـدات ئـەم پێشهاتە ببێتە هۆی سەرکەوتن وپێشکەوتنێك لە ئایندەمدا.

پەنجا سوارم لەنێو کوێخاکان وکوێخازادەکـانی سـەنجاوی وخزمەتکارەکانمـدا هەڵبژارد، تا لەوزدا بوو ڕێك وپێك کردنی چەك وجـل وبـەرگ وڕازندنـەوەیان هـەوڵ وتەقــەلاّم دا. ڕۆیــشتنی ســوارەکانی ســەنجاوی وجــەوانمیر خــان وســوارەکانی کەلورنیـشتەجێ بوونمـان لـە تارانـدا وکەشمەکـەش وکێبڕکێـی سـوارەکانی کـەلور لەگەڵ ئێمەدا لـەکاتی بینینـدا کـە کاممـان ئالاّکـەمان لـە پێـشەوە بێـت و تـۆرانی جەوانمیر خـان وگەڕانـەوەی بـە تۆراییـەوە لـە تـاران وڕۆیـشتنمان لەگـەڵ "عـەین ئەلدولـە"دا بـۆ تـەبرێز وگەراندنـەوەی کتـوپڕی ئێمـە لەبـەر ئـەو هەواڵـە ئـاڵۆزە وناخۆشانەی کرماشان وبنەماڵەکەمانەوە خۆی لەخۆیدا داستانێکی سەمەرەیە، کە پێویستە بە جیاوازی لەسەری بنووسرێت.

هــەروەك لــە پێــشەوە باســم کــرد ئــەم گەشــتەی منــە بــۆ تــاران خــاڵێکی وەرچەرخێنەری سەرەکی بوو لە بیروباوەڕی منـدا کـە کەسـایەتی منـی بەتـەواوی گۆڕی. هەر لەم سەفەرەدا بوو کە لەگەڵ کەسـایەتی جۆراوجـۆردا دانوسـتانم کـرد وبەخوێندنەوەی ڕۆژنامەکانی تاران هەستم بەهۆی بـەرەنگاری و ململانێـی ئـازادی لەگەڵ ئیستیبدادا کرد وکەوتمـە بـەراوورد وکێـشانەیانەوە ولەمێـشکمدا بیرۆکـەی ئازادیخوازی و وەتەنپەرستی یەکترییان گرت وسەقامگیر بوون. لەم بابەتەوە جێی خۆیەتی سەبارەت بەم وەزعە فەسڵێکی تایبەتی وسەربەخۆی بۆ تەرخان بکرێت.

## تیاهەڵچوون وشەڕوشۆڕ لەگەڵ داودخانی کەلوردا

زەهیر ئەلدەولە ماوەیـەکی کـەم دوای ڕۆیـشتنی ئێمـە بـۆ تـاران لەسـەرەتای دەورەی ئیستیبدادی بچووکدا لەبەر نەگونجاندنی لەگەڵ ڕەوشی نوێی دەوڵەتدا لە حوکمڕانی کرماشان لابرا ولـەجێی ئـەودا شـازادە عـەزیزوڵڵا مـیرزای زەفـەر ئەسـە

ڵتەنە دانرا. یەکێ لەکاروکردەوە ناڕەواکانی ئەم فـەرمانڕەوا موسـتەبدە، باوکملـە حوکمڕانی قەسری شیرین وبەرپرسی سنوور بەهاندانی داودخانی کەلور لابرد. لـەم بارەیەوە پێویستمان بە ڕوونکردنەوەیەك هەیە:

لەم مێژووەدا داودخـانی کـەلور بـە سـوارێکی فراوانـەوە هێـرش دەباتـە سـەر قەسری شـیرین جێـی حـوکمڕانی بـاوکم، هـەروەك دەیزانـی ئـەم شـارە شـوێنێکی هەسـتیار وگرنگـی سـنووریە ورێگـاو دەروازەی بازرگـانی ومەرکـەزی ئـۆفیس ودەسگاکانی دەوڵەتە. باوکم چونکە لە سنووردا هێزێکی ئەوتۆی لەدەستدا نـەبوو و لەبەر خۆلادان لە خوێن ڕێژی وکوشتن وتالآن قەسری شیرینی چۆڵ کرد وبـەرەو کرماشان ڕۆیشت تا لەڕێگەی حکومـەتی ئەیالەتـەوە دە سـتدرێژییەکەی داودخـان ڕاوەستێنێت ولە حکومەت یاریوکۆمەك وەربگرێت.

داود خـان هاتـە نێـو قەسـری شـیرینەوە مـاڵی بـاوکم وخـزم وکەسـانی تـالآن دەکات ولەجێی ئەودا نوێنەرێکی خۆی دادەنیت. هیز وتوانا وسامانی زۆرو فراوانی داودخان لاوازی وناتەوانی حکومەتی مەرکەزی دەبنـە هـۆی ئـەوەی شـکایەتەکەی بـاوکم ڕەنگدانـەوەی نەبیـت وبخرێتـە پـشت گـوێ. لـەم بارەیـەوە بەڵگەنامەیـەك بەدەستەوەیە کە خۆی لەخۆیدا ئەم ڕووداوە ڕووندەکاتەوە ئەویش گەواهینامەیەك کـە لـەو مێـژووەدا بـاوکم ئامـادەی کـردووە جـەمعێکی زۆر لـە سـەرجەم چـین وتوێژەکانی کۆمەڵگای شار تۆمار وئیمزایان کردووە. دەقی گەواهنامەکـەی بـاوکم وئیمزاکەرەکان بەم شێوەیە:

حزوری موبارەك حەزەراتی عولەمای بەناوبانگ شازادەکانی بەشکۆ وعیـزەت، سـەرکردە بـەرز وجوامێرەکـان وبازرگانـە بـەڕێزەکان وسـەرجەم کاسـبکار وچـین وتوێژە بە ئاینکەی کرماشان، بە جەسارەت وبێ باکییەوە ڕایدەگەیەنم ئـەم پـیرە پیاوەی خزمـەتکارەی دەوڵەتـە خـۆی وبراکـانی وبـاوك وبـاپیرەی چـەندین سـاڵی ڕەبەق وبەردەوام کە لە سنووردا لەڕووی ڕاستی وشاپەرستی ودەوڵەت ویستییەوە دەسـت بـەکاری خزمـەت وفیـداکاری بووینـە وبـۆ بـەخت کردنـی ژیـان وسـامان وئاسایشمان دریغیمانە نەکردووە، تـائیمڕۆ چـواردە سـاڵە بەندەسـەرۆکی تایفـەی سەنجاویم وبەرپرسـی پاراسـتنی سـنوور وجێنـشینی حـوکمڕانی قەسـری شـیرینم وچاوم لەماڵ وپەیوەندی وئاسایشی تایبەتی خـۆم پۆشـیوە، خـۆم وکوڕەکـانم لـە

قەسری شیرین وقەڵا سەوزیدا لە هەوای گەرم ورەشەبا وگڕەدا ژیاوین، هاوین وزوسان لەبەرەنگاری ولەنێوبردنی پیاوخراوەکانی عوسمانی وجەردە ڕێگرەکانی ناوخۆیی ودابین کردنی ئاسایش ورێگە وجادەکان وپاراستنی ئاسایشی زیارەتکەرەکانی نەجەف وکەربەلای پیرۆز وئاوەدانکردنەوەی قەسری شیرین وبەرزکردنەوەی ناوی دەوڵەت بە چاکە ولەئەنجامدان وپیادەکردنی فەرمانەکانی ئەیالەت دەست بەکار وسەرگەرم بووینە ودریغیمان نەکردووە، پێیەك لە ڕێگەی خۆبەخت کردن وملکەچی لامان نەداوە تا بەسای خواوە سنووری قەڵا سەوزی کە هەمیشە شوێنی دەست درێژی بێگانەکان وکوشتنو وبڕینو وتالانی عەشایرەکان بوە ئێستاکە بووەتە شوێنی ئەمنوئاسایش وبەڕادەیەك ئەم ئاسایشە بەرچاو ونومایانە کە بۆتە مایەی حەسادەتی هاوسێکانمان وڕێگە وخاڵی "دۆڵی جەمیارە" کە جێی مەترسی وتۆقاندن بوو ولەم بارەوە بە مەسەل دەهێنرایەوە، ڕێگەکەی ئێستاکە لە بۆ حەمام چوون ئەمنوئاسایش ترە. قەسری شیرین کە بە شاری خراو ودارماو و وێرانە ناودەبرا ومایەی سەرزەنشتی هاوسێکانمان بوو لەگەڵ خانەقیندا هاوشان ورەدیفە.

خزمەت بەدەولەت ودابین کردنی ئاسایش ورەحەتی وخۆشگوزەرانی زیارەتکەرانی حەزرەتی سەید ئەلشوهەدا (ڕەزای خوایان لێ بێت) خستومانەتە بەر هەموو ئەرکێکمانەوە ولە هەموو شتێك لامان گرنگتر بووە. ئێستا دەبینین دوای شەست ساڵ لە خزمەت وفیداکاری، کەسانێکی ڕق لە دڵ ودەستدرێژکەر دەیانەوێ خزمەتەکانم بە خیانەت بنوێنن، داواکارم لەڕێی خوادا هەرکەسێ سەبارەت بە بارودۆخی ئەم سنوورە ئاگادارە ولەخزمەتی ڕاستەقینەی بەندە زانیاری هەیە وئەم سکاڵای منە بەڕاست دەزانێت، ئەم سکاڵایە بە مۆر وخەتی پیرۆزی خۆی برازێنێتەوە کە لەڕۆژی پێویستدا دەبێتە بەڵگەیەك.
شوێنی مۆری ئاغا بە عەزەمەت و بەشان وشەوکەتەکان.

**سەمسام ئەلمەمالیك**

**بسم للا تعالی**

لە خزمەتگوزاری جەنابی سەمسام ئەلمەمالیك و کوڕەکانی وکەسانی وخزمەکانی گومانێك نیە. ئەوەی سەبارەت بە تەعریف وپیاهەڵدانی ناوبراو ڕاستە

ولەڕووی ڕاستگۆیی وخێرخوازی دەوڵەتی پایە بەرز ومیللەتی ڕەوشت پاکەوە نووسراوە، بوونی ئەو بۆ دەوڵەت وئاسایش وئەمنیەتی ڕێگا وبانەکان وپاراستنی سنوور یەکجار پێویست وزەروریە.

**بیست وچواری موحەرەموالحەرام/ساڵی١٣٢٧**

**ئیمزا ومۆری بیست کەس لە عولەما وزاناکان وپیاوەئاینییەکان**

**هەندێ لەم گەواهینانە بەم دەقەی خوارەوەیە:**

ئەوەی سەبارەت بە جەنابی ئاغا بە عەزەمەتەکان ئەشرافی دار ئەلدەولە ڕاست وحەقیقەتە، ئەگەر وابێت وخزمەتی ڕاستەقینەی ناوبراو بە پێچەوانەوە بنوێنرێت ئیتر کەسێك سەبارەت بە خزمەتکردنی دەوڵەتی پایەدار دڵنیا نابێت ونامێنێتەوە.

**الاحقر الجانی ئیمام جومعە**

منی بێزراو، لە دەورەی سەرۆکایەتی ناوبراودا سێ جار بۆ زیارەتی جێگە پیرۆزەکان "نەجەف وکەربەلا" وجارێکیش بۆ "مەکەی پیرۆز" ڕۆیشتووم ولەم بارەوە مۆەفەق وبەختەوەر بووم. تێکڕا ئەو قسانەی کە لە دەقەکەدا هاتبوو بینیم ولەگەڵ حەقیقەتدا دەگونجێت وڕاستە. وابزانم کاربەدەستانی دەوڵەت پێویستە لە نەوازشت ودڵدانەوەی نموونەی ئەودا درێغی نەکەن وبۆ بەرەنگاری دەست درێژی وتەعەدا لێیان، بکۆشن وهەوڵبدەن.

**الاحقر الجانی**

**الواثق علی للا محمد تقي وچەند مۆر وئیمزای تر**

**بەناوی خوا کە چاکترین ناوە**

ئەم قسانە کە نووسراون پێویستیان بە پرسیار نیە لە هیچ کەسێك لە خەڵکی ئێران، نەپوشراوەتەوە کە لە ڕابردوودا لەنێوان قەسری شیرین وقەڵاسەوزیدا چەندین کەس لە زیارەتکەرەکان گیان وماڵ وحاڵی خۆیان لە دەست داوە، هەروا نهێنی نیە لەو کاتەوە کە جێنشینی حوکمڕانی قەسری شیرین خراوەتە ئەستۆی سەمسام ئەلمەمالیك، سەرجەم بەشەکانی قەسری شیرین وقەڵا سەوزی لەوپەڕی

ئاسایشدایە ولەگەڵ ئەوساکەدا بەراورد ناکرێت. بۆ خوا شایەتی دەدەم هیچ موسوڵمانێك ڕازی نیە کە سەمسام ئەلمەمالیك لەجێی ئەم هەموو خزمەتەدا بگاتە ئەم وەزعە نالەبارە وخزم وکەسانی تالآن بکرێن وخۆیشی دەربکەن. دڵنیام کە لێپرسراوانی دەوڵەتی پایەدار ڕازی بەم ستەمە، سەبارەت بە ناوبراو، نابن.

**جیٚ مۆری محەمەد هادی ومحەمەد صالح**

**ونیزام ئەلعولەما وسیف ئەلشەریعە**

## جیٚ مۆری شازادە پایە بەرزەکان

ئەوەی جەنابی سەمسام ئەلمەمالیك سەبارەت بە خزمەتی خۆی وچەسپاندنی ئەمنوئاسایشی سنوور وڕێگاکان نووسیبووی سەبارەت بە خۆبەخت کردن وفیداکاری خۆی وکوڕەکانی لەڕێی دەوڵەت کە لەم سکالآدا هاتووە جێی گومان نیە خزمەتەکانی لەمەی نووسراوە زیاترە. بەهیواین خزمەت وفیداکاری ناوبراو بە پڕوپاگەندەی درۆینە ورکوکینەی دوژمنانی لەنێو نەچێت، تا خەڵکی تریش چاو لە ئەوان بڕن ولە خزمەتدا کۆشاو وبەردەوام بن.

**موحەمەد باقر میرزا– موحەمەد سادق–**

**ئیقبال ئەلسوڵتان**

خوا شایەتە ئەوەی جەنابی سەمسام ئەلمەمالیك سەبارەت بە خۆی نووسیوە، هەزار یەکێکی نەنووسیووە. نۆ جا ڕۆیشتومەتە زیارەتی شوێنە پیرۆزەکان، لە سەفەرەکانی پێشوودا، ئەو کاتەنەی سەمسام ئەلمەمالیك لە قەسردانەبوو زیارەتکەرەکان ناچار بوون بەسوار وکاروانێکی زۆرەوە وخۆ ئامادەکردنێکی فراوانەوە لە سنوورەوە تێپەڕن وهەمیشە مەترسییان لەوەبوو کە گیان وسامانیان لەدەست بدەن بەڵام پێش شەش ساڵ لە دوا زیارەتمدا بۆ جێگە پیرۆزەکان سنوور وڕێگا وبانەکان وجادە وشەقامەکانم بە شێوەیەکی ئاوەدان وبەئاسایش بینی، لەسەرەوەی پێشبینی بوو. بەم خزمەتەوە دوور لە ویژدان وئینسافە سەمسام ئەلمەمالیك دەربکرێت وکەسێکی تر بخرێتە شوێنی.

**ئیقبال ئەلسەلتەنە**

**جیٚ مۆری سەرکردە بە عەزەمەتەکان**

خزمەتــە چــاکەکانی جــەنابی سەمــسام ئەلمــەمالیك لەکەســێك نەپۆشــراوە، زەحمەتیٚ کــە بــۆ ئاســایش وڕاحــەتی زیارەتکــەرەکان دەیکێــشا ڕوون وبەرچــاوە، هەرکەســیٚ لــەو ڕێگــاوە تێپــەڕیبیٚ بینیــوێتی. خواحــەزبکات بەرپرســانی دەوڵــەت هەوڵدەدەن کە ناوبراو دڵنیا وڕازی بکەن.

(ئەبو ئەلحەسەن، محەمەد جەواد ئــەمیر موقتــەدەر، نەســرەتو للّــا ئــیبن محەمــەد تقی، مورتەزا قولی خان، فەتحولاّ ئیبن ئیبراهیم، محەمــەد قــولی، ئیــسماعیل ســالار محتەشەم وکەسانی تر)..

**جیٚ ئیمزا ومۆری چل بازرگانە بەڕێزەکان**

ڕووداوەکان بەم شێوە بوو:

لەسەرەتای ساڵی ۱۳۲۷کۆچیدا زەفەر  ئەلسەلتەنە لە فەرمانڕەوای کرماشــان دەرکرا ولەجێی ئەودا زەهیر ئەلمولك دانرا. حاجی محەمەد خــانی زەهــیر ئــەلمولك ئەمیر تومان لە بنەماڵە دێرینە ناودارەکانی زەنگەنەی شێخ عەلی خانی یە، کــە لــە ئەو دەورە وزەمانەدا ناودارترین ودەست ڕۆیشتوانی کرماشان دەژمێردران. خودی ئــەو پــیرو بــیٚ توانــا بــوو بــۆ کاروبــاری دەوڵــەت، کــوڕە گــەورە یــەکجار لایــەق وهەڵکەوتووەکەی محەمەد حوسەین خانی ئەعزەم ئەلدەولە کارەکانی ڕادەپەڕانــد وئەنجامی دەدا. لەماوەی حوکمڕانی ئەودا ڕووداوێکــی یــەکجار گــرنگ ڕوویــدا، کــە ئاماژە بە هەندیٚ لەوانە کە پەیوەندییان بەم مێژووەوە هەیە پێویستە.

یەکەمیان، گەڕانەوەی جەوانمیر خان "زەرغامو ئەلدەولە" کوڕی داود خان لە تارانــەوە بــۆ کرماشــان، وڕووداوی کەشمەکــەش وململانێیەکــەی لەگــەڵ خــەڵکی شاردا، درێژەی باسەکە ئەمەیە: خانی نــاوبراو لەبەرئــەوەی بــارودۆخی پایتــەختی ئێرانی بیٚ سەروبەر وپڕ لــە ئــاژاوە ومــیری بــیٚ توانــا وهێــز هاتــە بەرچــاو، بەپەلــە گەڕایەوە، بەسەودای شتی گەورەوە خۆی گەیاندە کرماشان. لەم ڕۆژەدا محەمــەد عــەلی خــانی یــاوەری عێلخــانی کــەلور کــە بــە زۆر دەســتمان لــە حکومــەت وسەرکردایەتی کێشاندبوو، لەشاردا دەژیا وهەمیشە خەریکی سکاڵا نووســین بــوو بۆ گەڕاندنەوەی کارو پلەومەقامەکەی.

جەوانمیرخان دوای گەڕاندنەوەی لـە تـاران هاتـە مـاڵی شـەریف خـانی ئـەمین ئەلمەمالیك، یەكێ لە ساماندارترین خەڵكی شاری كرماشان، بە هاندان وئامۆژگاری هەندێ لە سەركردەكانی كەلور دەكەوێتـە ئـەم بـیرەوە كـە كۆسـپی خـان لەسـەر ڕێگای خۆی وباوكیدا نەهێڵێت وبەهەر شێوەیەك دەبێت لەشار بیفرێنن وبیبەن بـۆ كەلور. چەند كەسایەتیەكی كەلور ڕادەسپێرێت كە بڕۆنـە لای محەمـەد عـەلی خـان گوایە خەڵكی كەلور وسـەركردەكانی تێكـڕا لـە فـلان شـوێنی شـاردا كۆبوونەتـەوە وداخوازیت لێ دەكەن كە لە كۆبوونەوەكەیاندا بەشداری بكەیت، خـانی خۆشـباوەڕ سواری ئەسپی ئارەزوو دەبێت ولەگەڵیاندا دەڕواتە شوێنی بەفێڵ دیـاریكراو. هـەر كە لە شـوێنی شـلوغ وپـڕ هـات وچـۆی شـار دوور دەكەونـەوە دەسیـسەكەرەكان پەلاماری دەدەن وهەڵی دەواسنە ژێـر سـكی ئەسـپەكەیاندا وبەپەلـە دەیبەنـە لای داودخان.

سبەی زوو ئەو ڕۆژە كە ئەعزەم ئەلدەولە بەرپرسی حكومەت وخەڵكی شار بە ڕووداوەكە دەزانـن زۆر تـوڕە ودەمـارگیر دەبـن، كارمەنـدانی حكومـەت وسـەربازە ناوخۆییەكان وچەكدارەكانی تایبـەتی فـەرمانڕەوای كرماشـان وخـەڵكی شـارەكە بەتایبەت مەشـهەدی حەسـەن خـانی معـاون ئـەلمولك ولاگیرەكـانی مـاڵی شـەریف خانی ئـەمین ئەلمـەمالیك ئابڵۆقـە دەدەن، لەبەرئـەوە كـەلورەكان لـە شـوێنەكانی خۆیانـدا سـەنگەریان گرتبـوو، شـەڕێكی خـوێنین لـەنێوان هێـرش كـەران وئابڵۆقەدراوەكاندا ڕوودەدات، كە دوو شەو وڕۆژ درێـژە دەكێـشێت ولـەو شـەڕەدا حەوت كەس لـە سـەركردەكانی كـەلور، كـە یـەكێكیان خانباخـانی شـەیانی زاوای داودخانی كەلور بوو، دەكوژرێن، وبەشێك لە ماڵەكەی ئەمین ئەلمەمالیك دەكەوێتە دەسـتی هێرشـكەرەكان. ئـەمین ئەلمـەمالیك لەترسـی تـالان وسـووتانی مـاڵ وسامانەكەی، دەچێتە لای هێرشكەرەكان وڕازیـان دەكـات كـە شـەڕ ڕاوەسـتێنن، بەمـەرجێك ئـەو جـەوانمیرخان بداتـە دەسـتەوە وبیباتـە لای حكومـەت. لەلایـەكی تـرەوە محەمـەد عـەلی خـانی عێلخـانیش بەسـاغ وسـەلامەتی دوای دوو سـێ ڕۆژ بگەڕێتەوە كرماشان. هەر بەم شێوەیشە كارەكە ئەنجام درا وكۆتایی هات.

جەوانمیر خان وچەند كەسێك لە هاوڕێكانی دەڕۆنە ماڵی زەهیر ئەلمولك، خان یـاوەریش بـە پێـشوازییەكی چاكەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ كرماشـان. بـەڵام ئـەعزەم

ئەلدەولە وزەهیر ئەلمولك جەوانمیرخان زیندانی دەکەن تا باجە دواکەوتووەکانیان دەدەنـەوە، کـە نزیکـەی سـێ هـەزار تومـانیش جەریمەکەیـشی دەدات. هـەروا بەڵێننامەیەکیان لە داودخان وەرگرت کە بۆ ماوەی سێ ساڵ مـانگی هـەزار وپێـنج سەد تومان بداتە محەمەد عەلی خانی عێلخانی پێشوو وارسەکانی بۆ لەمەودوا.

دوای ئەم ڕووداوە هەروەك فەرمانڕەوای کرماشان جـل وبـەرگێکی تورمـەداری بەناوی خلعەتەوە بەجەوانمیر خانی زەرغامو ئەلدەولە پێشکەش کرد وبەرەڵایـشی کرد کە بگەڕێتەوە جێوشـوێنی خـۆی، بـەڵام دوژمنـی لـەنێوان داودخـان وئەوانـدا هەرمایەوە ولەدەورەی سالار ئەلدەولەدا حەقی خۆی سەندەوە لێیان.

لــەو قۆناغــەدا، کــاتێ حکومــەتی ئــەعزەم ئەلدەولــە ڕێکــەوتی دەورەی ئیستیبدادی بچووك بوو، کە پێـشەوای گـەورەی مەشـروتییەتی ئێـران ئاغـا سـەید عەبدوڵای بەهبەهانی لەتارانەوە بۆ کرماشان دوورخرایەوە، بەڵام ئەعزەم ئەلدەولە لەگەڵیدا وەکو دوور خراوەیەك ڕەفتاری نەکرد، بەڵکو ئەوو براکانی وکەس وکـاری کـە نزیکـی سـی کـەس دەبـوون لەیـەکێ لـە گونـدە خـۆش ئاووهـەواکانی خۆیـدا لەکۆشـکێکی تایبـەتی خۆیدا جێیـانی کـردەوە ولـەوماوەی کـە دوور خرابوونـەوە بەوپەڕی ڕێزەوە میوانداریانی لێ کـرد. هـەر لـەم کاتەشـدا فـەتوایی لـە ئایـەت لـلا خوراسانییەوە گەیشت کە باج دانی بە محەمـەد عـەلی شـای حـەرام کردبـوو. ئـەم فەتوایـە ئازادیخوازەکـانی کرماشـان لـە چـاپیان دا وبـەنهێنی لەشـاردا بڵاویـان کردەوە. سەید عەبدوڵای ئیلیاویش کە یەکێك لە موجاهـدینی مەشـروتەخواز بـوو، بۆمبایەکی دروست کرد ولە تەپەی فەتح عەلی خان تەقاندی کە بـووە هـۆی تـرس وتۆقچوونی موستەبدەکان.

لە ڕووداوە گرنگـەکانی تـری کرماشـان، لـەو ڕۆژانـەدا ڕووداوی تـاڵان ووێـران کردن و سووتاندنی حوسەینییەی موعین ئەلرەعایا لەلایەن خـەڵکی شـارەوە بـوو، لەبەر سووك کردن ولێدانی هەندێ لـە پـەیڕەوان ولایـەنگرانیان لـە مـیرزا ئەحمـەد خانی موعتەزد ئەلدەولەی وەزیـری. نـاوبراو یـەکێ لـەپیاوە خێرخوازەکـانی دیـار وناسراوی کرماسان بوو، ویەکەمین مەشروتەخوازی ئەو شـارە دەژمێـردرا وبـەپێی تەشکیلاتی حکومەتی کۆن وەزیری دارایی کرماشان بوو. هەندێك کاروباری دارایـی ومـاڵی بـەقازانجی دەوڵـەت بەکەسـێك ئیجـارە دابـوو کـە بـووە هـۆی دلگرانـی

وناڕەحەتی ئەوانەی کە لەپێشدا لە ئیجارەیاندا بوو، بەمانا بنەماڵەی معینەکان، هەندێك لە کەس وکار وقەمەکێشەکانیان، ڕۆژێك لەبەرچاوی خەڵکیدا هەڵیان کوتایە سەر وەزیری داو ئەیدەنە بەر شەپازلە وچەپۆك وعەباکەی لەبەریدا پارچە پارچە دەکەن.

خەڵکی شار لەم کردەو نالەبار ودوور لەڕێز وحورمەتە توڕە دەبن ودەیانەوێ پەلامار دەرەکان بگرن کە خۆیان لە حوسەینیەی موعین ئەلرەعایادا شاردبۆوە. لەو کاتەدا ئاغا سەید کەمال ئەلدینی برای سەید عەبدولای موجتەهید لەگەڵ ئاغای هەیئەت وێنەری تایبەتی ئایەتو لـلا خوراسانی لەماڵی وەزیری دا میوان دەبن، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شار لەگەڵیاندا دەڕۆنە دیوانی حکومەت ولە ئەعزەم ئەلدەولە داخوازی دەکەن ئەو سوکییەی بە وەزیری کراوە بێ سزا نەیهێڵێتەوە وداخوازی سزادانی هێرشکەران دەکەن، چونکە موعین ئەلرەعایا خەتابارەکان ناداتە دەستەوە، دووبەرەکییەکە تەشەنە دەکات وشەڕێکی خوێنینی لێ دەکەوێتەوە. دوای دوو ڕۆژ ئابلۆقەدان وبەکارهێنانی تۆپ سەرئەنجام حوسەین خانی موعین ئەلرەعایا وبراکانی شەو لەشار دەڕۆنە دەرەوە. بەڵام خەڵکی شار بەتایبەت کەس وکاری مەشهەدی کەلب عەلی قەوام ئەلرەعایا دەست بەردار نابن و وازیان لێ ناهێنن، چونکە تا ئەو مێژووە یانزە کەسیان لەلایەن موعینیەکانەوە لێ کوژرابوو. نە تەنها حوسەینیەکەیان سوتاند بەڵکو چەندین خانە وماڵی لایەنگرانی ئەوانیان تالان کرد. وەزیری کە لە ڕووداوی سووتاند وتالانی حوسەینیە ناڕەحەت ونیگەران بوو بوو، لەگەڵ ئەو ناڕەحەتییەی کە لە موعینیەکان هەبووی، چەند برایەکی بۆ پاراستنی بنەماڵەی موعینیەکان نارد وبۆ ماوەی چەند هەفتەبەك مەسرەفیانی گرتە ئەستۆ. سەرئەنجام بە ناوبژی ومەیانگیری حوسەین خانی ئەمیر ئەمجەدی کولیایی ئاشت بوونەوە وگەڕانەوە نێو شار، وحوسەینیەکەیان لەو ساڵەدا چاکتر دروست کردەوە.

هەر لەو ڕۆژانەدا کە ڕێکەوتی فەرمانڕەوایی ئەعزەم ئەلدولە بوو مەشروتەخوازان وئازادیخوازان لە تاران کۆتاییان بەتەمەنی کەم دەوامی ئیستیبدادی بچووك هێنا. وخولی دووەمی ئەنجونی نوێنەرانی میللەت کرایەوە. زی ئەلقعدە ی١٣٢٧کۆچی ڕێکەوتی ئابانی ١٢٨٨هەتاوی کە لە کرماشانەوە ئەبو

ئەلقاسم میرزا وسەید حوسەین کەزازی وموعازد ئـەلمولك بـە نوێنەرایـەتی خـەڵکی شاری کرماشان هەڵبژێردران.

سەرئەنجام شەڕوشۆڕو دەرگیری وململانێـیَ ئێمـە لەگـەڵ داودخـانی کـەلوردا هـەر لـەم دەورەدا دەسـتی پێکـردەوە. جـەوانمیر خـان زەرغـامو ئەلدەولـە دوای گەڕانەوە لەتاران کە بێ سـامانی وبـێ بەنـد وبـاری وئـاژاوەی پایتـەختی بەچـاوی خۆی بینیبوی وبـۆ بـاوکی گەڕاندبوویـەوە وتێیگەیانـدبوو کـە کـات ئامـادەی هێـز وتوانا ودەسەڵات نیشاندانە. پێکەوە بڕیاردەدەن کە والی پشتکۆ بکەنە هاودەست ویاریدەریان ولە پشتی جەبهەکەیان ئاسودە ودڵنیا بن. دوای ئەم کار ئەنجام دانە تایفەی سەنجاوی وبنەماڵـەی ئێمـە نـابود وسـەرکوت بکـەن ولەهـەلێکی گونجـاودا شاری کرماشان داگیربکەن وبیکەنە هەستە ومەرکـەزی پیـادەکردنی پیلانـەکانیان لە ئایندەدا.

بـەم نیەتـەوە جـەوانمیرخان دەڕواتـە مـاڵی والی پـشتکۆ بـەڵام لـە نەهامـەتی ڕەشی بەختدا ڕۆژێ کە خەریکی رمبازی وغاردەبێت، لە ئەسپەکەی هەڵدێت وکـت وپـڕ دەمرێـت ونەخـشە گەورەکـەی تێکدەچـێت. بـەڵام ئـەو نەخـشەیە بـاوکی بەشێوەیەکی تر بەدوایدا دەڕوات وئەنجامی دەدات.

گەڕاندنـەوەم لەگـەڵ سـوارەکانی سـەنجاویدا لـە تارانـەوە بـۆ کرماشـان لـە دەورەی حکومــەتی ئــەعزەم ئەلدەولــەدا بــوو. بەگەیــشتنمە ئــەوێ زۆر زوو لــە بـارودۆخی ئاشـوفتە وپەرێـشانی بنەماڵـە وتایفەکـەم ئاگـادار بـووم. لەلایەکـەوە بەشێکی زۆری تایفەکانی سەنجاوی بەتایبـەت تـیرەی سـۆفی کـە سـەرکردەکەیان کوێخا سەید ئەحمەد کە لە تاران لەمن تۆرابوو، بە هاندان وخەڵەتاندنی داودخان و جەوانمیر خان لەئێمە یاغی بووبوو، و لەناوچەی کەلوردا لەدەوروبـەری کوڕەکـانی عەلی ئەکبەرخانی بەرخورداریدا کۆببووبوونەوە، لەلایەکی ترەوە باوکم لە بەرامبـەر شاڵاوی سوارەکانی داودخانی کەلوردا ناچار قەسری شیرینی بەجێهێلابوو وپـەنای بردوبووە قەڵای مایدەشتی سەنجاوی. وەهەنوکە وتایفەکانی تـری سـەنجاوی ومـاڵ وکاشانەمان کەوتوونەتە بەر شاڵاوی هێرشی داود خـانی کـەلور وهاوپەیمانـەکانی، کـە لـەدوو ناوچـەوە گـۆران وکـەلورەوە پـەلاماریان بـۆ هێنـابووین بەپەلـە خـۆمم گەیاندە ناوچەی سەنجاوی لە شەڕە بەرگرییەکانی ئێمە لەبەرامبە گۆرانەکاندا کـە

هاوپەیمانی داودخان بوون، قاسم خانی برام سەردار ناسر بازووی زامار بوو بوو بەڵام توانی کە هێرشەکەیان پوچەڵ بکاتەوە.

لەلایەکی ترەوە منیش لەگەڵ بەشێك لە هێزەکانی داودخاندا ڕووبەڕوو بوومەوە ولە شوێنێکدا کە بە کێوی مەحولە بەناوبانگە بە سەختی ناچاریانم بە پاشەکشە کرد. حوسەین خانی برا بچووکمیش کە لەدوایدا نازناوی سالار زەفەری پێدرا لەم شەڕانەدا کە یەکەمین جاریش بوو لەگەڵ شەڕدا ئاشنایی پەیدا کردبوو، بە ئازایی ودلێری خۆی ڕوونی کردەوە کە ئایندەیەکی درەخشان وبەرچاوی لە شەڕدا چاوەڕوان لێدەکرێت.

لەبەرامبەر هێرشی توند وسەنگین وقورسی دوژمن ناچار بووین قەڵاکانی قلیج خانی وبەندار وبابان جێبهێڵین وژن وماڵ ومناڵمان بۆ قەڵای خدامروەت خانی مامەمان بگوێزینەوە ولەوێوە بیان نێرینە ڕەوانسەر لای والی زادەکانی ئەردەڵان، کە بەچاکی خزمەت ومیوانداریيان لێمان کرد.

هێزی دوژمن هاتنە گوندەکانمانەوە وخەڵکێکی زۆریان قەڵاچۆکرد، وقەڵا چۆڵەکانیان سووتاندو شت ومەکێ کە بەجێمابوو یان ئەوەی فەلاحەکان بەدەستمان هێنابوو تالانیان کرد.

دوای چەندین شەڕ و شۆڕ هەر لەو شوێنانەدا ڕووبەڕوویان بووینەوە ودوای شەڕێکی بەردەوام توانیمان بەردەمی پێشڕەوی وپێشەوە هاتنی زۆرتریان بگرین. بەداخەوە لە یەکێ لەم شەڕ وپێکدادانانەدا لەگەڵ سوارەکانی عەلی ئەکبەرخانی کوڕی داودخاندا، یاری ئەمەکداری ئێمە مستەفا خان، سەرۆکی دلاوەری تایفەی باوەجانی، شەهید بوو.

لەم ڕۆژانەدا والی نوێی کرماشان نیزام ئەسەڵتەنەی مافی گەیشتە شار، بەبەرچاوگرتنی ئەو نیگەرانی وناڕەحەتییە کە لە هەر فەرمانڕەوای نوێیەك چاوەڕوان دەکرێت، داودخان بەمەیانگیری وناوژی هەندێ لە دۆستانی قازانج وبەرژەوەندی خۆیی لە دەست هەڵگرتنی شەڕ وبەرقەراری ئاشتی کاتی وسوڵح لەگەڵ ئێمەدا بینی.

دوای پاشەکشەی هێزەکەی داودخان دووبارە گەڕاینەوە شوێنەکانمان، بە تەعمیر ونەوژەنسازی قەڵاکانمان دەست بەکار بووین. باوکم بەیەکجاری قەڵای کۆنی قلیج خانی جێهێڵا وڕماندی ولەنزیکیدا قەڵایەکی گەورە وفراوانتری دروست کرد.

## حکومەتی نیزام ئەسەڵتەنەی مافی

ئەعزەم ئەلدەولە وەکو لـە دواییـدا باسـی دەکـەین بووبـوو بـە مەشـروتەخواز وهەتا لەپێناوی مەشروتیەتدا شەهید بوو. بەڵام لە حەقیقەتـدا پیـاوێکی موسـتەبد وتوندوتیژ وتوندخوو بوو. یـەکێ لـە کارەناڕەواکـانی لـەدوا دوایـی حکومەتەکەیـدا لەسێدارەدانی گەنجێك کە بەحەسەن بژی بـەناوبانگ بـوو. ئـەم حەسـەن بـژی یـە پیاوێکی مەی خۆری بەد مەست بوو، ڕۆژێ لە چـوار بـازاڕی کرماشـاندا لەحاڵـەتی مەستیدا جنێو بە موسـتەبدە ناسـراوەکانی شـاری کرماشـان، وەك ئاغـا ڕەحیمـی موجتەهیـد وڕەئـیس ئەلعولـەما وزەهـیر ئـەلمولك وئـەعزەم ئەلدەولـە، دەدات. ئەعزەم ئەلدەولە ئەمری گرتنی ئـەو گەنجـە بەدبەختـە دەدات ولەحاڵـەتی تـووڕە بوونـدا حـوکم دەدات سـەری لەلاشـەی جیاکەنـەوە. ئـەم فەرمانـە ناڕەوایـە دوای دەرکردنی محەمەد عەلی شا وگەڕانەوەی ئەنجومەنی نوێنـەرانی ئێـران بـووە هـۆی گێروگرفت وتەنگژەیەکی فراوان بۆ ئەعزەم ئەلدوەلە.

کـوڕە گەورەکـەی عـەلی خـانی سـەردار ئـیجلال بـاوك ودایکـی حەسـەن بـژی هەڵگرت لەگەڵ خۆیدا بۆ تاران ڕویشتن ولـە ئەنجومـەنی نوێنەرانـدا مانیـان گـرت. سـەرکردەکانی دەسـتەی دیمـوکرات کـە ئـەعزەم ئەلدەولـەیان خۆشنەدەویـست پاڵپـشتی دایـك وبـاوکی حەسـەن بـژیان کـرد وداخـوازی دادگـایی کـردن وبـە سزاگەیاندنی ئەعزەم ئەلدەولەیان کرد.

کـاتێ ڕەزا قـولی خـان نازنـاو نیـزام ئەلـسەلتەنەلەلایەن دەوڵەتـەوە کـرا بەفەرمانڕەوای کرماشان ئەعزەم ئەلدەولە بەهۆی چەند دۆستێکیەوە لەتاران زانی بە لایەنگیری ئیستبداد تاوانبار کراوە ونیزام ئەلـسەلتەنەڕاسپێردراوە کـە بیگرێـت وڕەوانـەی تـارانی بکـات، لەبـەر ئەمـە شـاری بەجێهێـشت ولەناوچـەی دینـەوەردا نیشتەجێ بوو، و چەکدارێکی زۆری بۆ پاراستنی خـۆی لەدەوروبـەری کـۆکردەوە. نیزام ئەلسەڵتەنەی مافی دەستی کردە فێڵ وتەلەکەبازی لەگـەڵیا ودەسـتی کـردە ناردنی نامەی دۆستانە بۆی ودەعوەتی کـرد بێتـە شـار بـۆ تـاوتوێ کردنـی چـەند مەوزوعێکی گرنگ:

ئەعزەم ئەلدەولـە دڵنیـا بووبـوو لـە دینـەوەرەوە بـۆ گونـدی سـولەیمانیە کـە دەکەوێتـە نێـوان کرماشـان وهەرسـینەوە گوێزایـەوە، بـەڵام بـەردەوام ئاگـادار و

وریابوو. لەم مێژووەدا باقر خانی ئەعزەم  ئەلسەلتەنە، سەرۆکی عێلی کاکاوەند لە عێلەکانی لورستان کە چەند ساڵێك بوو شاری هەرسینی داگیرکردبوو وباجیشی بەدەولەت نەدەدا. نیزام ئەلسەڵتەنەی مافی سەرکوتکردنی ئەوی کردە بەهانە وبۆ ئەعزەم ئەلسەڵتەنەی نووسی کە بۆ ئەم مەبەستە دێتە هەرسین وپێویستی بەیارمەتی ئەو هەیە ولەفلان ڕۆژدا بەلەشکرەکەیەوە میوانی ئەو دەبێت. دووسێ کەس لە خزمەکانی کە یەکێکیان کوڕە گەورەکەی ئەعزەم ئەلدەولە، عەلی خانی سەردار ئیجلال بوو، تکایان لێکرد بڕوات بۆ تاران وخۆی تەسلیمی سەردار ئەسعەدی بەختیاری بکات، و بەو پەیوەندییە چاکە ودێرینەی کە لەگەڵ ئایەتو للا بەهبەهانیدا هەیەتی داخوازی لابردن وخاست کردنەوەی گیروگرفتەکەی بکات، بەڵام ئەعزەم ئەلدەولە ئامادەی ئەم کارە نەبوو، هەڵەی دەکرد ولەسەر هەڵەکەی دەڕۆیشت.

نیزام ئەلسەلتەنەبە لەشکرێکی گەورەوە کە لەسوارە و پیادەی سەربازە ناوخۆییەکان پێکهاتبوو، بە تۆپ وتفاقی شەڕەوە، بە پێشوازییەکی شایانەوە هاتە نێو سولەیمانیەوە وچەند ڕۆژێك لە قەڵاکەیدا مایەوە. شەوی ئەو ڕۆژەی کە دەبوایە بەرو هەرسین بڕوات دوای شام خواردن وبڵاوەی خەڵکی بۆ خەوتن پێش خزمەتی تایبەتی نیزام ئەلسەڵتەنەی مافی دەڕواتە لای ئەعزەم ئەلدەولە وپێی ڕادەگەیەنێت تەلوگرافێکی گرنگ لە تارانەوە هاتووە وبۆ تاوتوێ کردن ومەشورەت سەبارەت بەو تەلوگرافە پێویست بە ئامادەبوونت هەیە.

ئەعزەم ئەلدەولە لەگەڵ کوڕەکەیدا سەردار ئیجلال کە لەداوییدا بە ئەمیر کل ناوی دەرکرد دەڕۆنە دیوانی نیزام  ئەلسەلتەنە، دوای چەند خولێك دەستەیە سەرباز دەوروبەری هۆدەکە دەگرن وخودی نیزام  ئەلسەلتەنەنەیش پەیدا دەبێت وفەرمان دەدات کە باوك وکوڕ هەردوو بە فەرمانی حکومەتی مەشرووتە زنجیر وکۆت بکەن وسواری بایتونێکیانە دەکات کە لە پێشەوە ئامادە کرابوو، لەگەڵ بیست وپێنج سواردا لەژێر چاودێریدا ڕەوانەی تارانیان دەکات.

دوای نیوە شەو کە هەواڵی دەستگیری ئەوان دەگاتە حەیدەر قولی خان فەخیم  ئەلسەلتەنە، کوڕە بچووکترەکەی ئەعزەم ئەلسەڵتەنە فەرمان دەدات

سەرجەم تفەنگ وئەسپ ومالّ وسامانیان هەیە، لەبەرئەوەی دەستی بەسەردا نەگیرێت وتالآنی شەوانە نەکرێت، بۆ گوندەکانی دینەوەر بگوێزرێتەوە.

لەحەقیقەتدا ئەم کردەوەیەی نیزام ئەلسەلتەنەدەسیسەیەکی پیس وقێزەون ونامەردانە بوو. بەتایبەت دوای رۆژێ لەم رووداوە رۆستەم بەگی سارابی ومەشهەدی کەلب عەلی قەوام ئەلرە عایا و چەند کەسێکی تر کە میوانی ئەعزەم ئەلدەولە بوون زیندانیان کردن وفەلاقەیان کردن وبەرەلآیان نەکردن تا لە هەر یەکێ لەوانە مەبلەغێکی بەناوی جەریمەی سزادانەوە لێوەرنەگرتن. بەلآم لە خانی یاغی وسەرکەش کاکەوەند کە هۆی سەرەکی ئەم لەشکرکێشیە بوو، لە رێگای دلآلەکانەوە کە لەهەموو دەورەو زەمانەیەکدا زۆرن، مەبلەغێکی زۆری لێسەندبوو بۆ خۆی وبەشێکی کەمیشی بەناوی دەولّەتەوە وەرگرت وفەرمانی فەرمانڕەوایی هەرسینی داپێی.

## شەڕی نیزام ئەلسەلتەنە لەگەڵ داودخان دا

دوای ئەعزەم ئەلدەولە دووەمین کەسایەتییەك کە نیزام ئەلسەلّەتەنە تێی پێچابوو، داودخانی ئەمیر ئەعزەم عێلخانی کەلور بوو، بەناوبانگی شەڕوشۆڕو سەرلەخەتەردان وسەرکێشی و سوارە شەڕکەر وسامانە فراوانەکەی، کە گوایا پارەکانی لەبەر زۆری لەنێو شەلّتان وهۆردا قایم دەکرد، بووە هۆی ئەم تیپێچانە.

بەگژدا چوونی داودخان کارێکی ئاسان نەبوو، بەتایبەت بۆ کەسێك وەك نیزام ئەلسەلتەنەی مافی کە لەشەڕدا وا بەناوبانگ بوو کە بەخت وئیقبالی نیە. لەگەڵ ئەمەیشدا نیزام ئەلسەلتەنەکەوتە لەشکر کۆکردنەوە، بەهۆی ئاشناییەك وپێشینەی خزمایەتییەك کە لەگەڵ نەزەر عەلی خان سەرۆکی بەتوانای لورستانی پێشتکۆدا هەبووی بەلّێنی وەرگرتبوو کە لەکاتی پێویستدا بێتە هانایەوە وئامادەی خزمەت بێت. هەروەها تێکرا تایفەکان وعێلاتی کرماشانی لەدەوری خۆیدا کۆکردەوە، لەپێش هەمووانەوە ئومێدی گەورەی بە ئێمەبوو، چونکەزامی کۆنی دەست درێژی داودخان لە دلّماندا هێشتانە سارێژ نەبووبوو. سەبارەت بە باوکم وقاسم خانی برام ومن ئەوپەڕی نەوازشتی دەنواند، وئێمەی بە خلعەت ودیاریوپێشکەشی ونازناوی تایبەتی موفتەخەر دەکرد.

دوای ماوەیەك بە بۆچوونی خۆی ئامادەی شەڕبووە. نامەیەکی بۆ داودخان نووسی وداخوازی لێکرد بۆ یەکلاکردنەوەی باجی دەوڵەت کە بەلایەوەیە، بێتە شار ولەوبارەوە ئامادەیی خۆی نیشان بدات.

داودخان لە وەڵامی نامەکەیدا یەکێ لە پێشکارە موتمانە پێکراوەکانی خۆیی بەناوی میرزا شاهین لەگەڵ پێنج هەزار تومان ودوو ئەسپی عەرەبیدا ناردە خزمەتی، وبەبەهانەی نەخۆشیەوە پێی ڕاگەیاندبوو کە ناتوانێ بێتە شار ولەم بارەوە داوای لێبووردنی لێکردبوو. داودخان ئەو میرزایەی بۆ تاوتوێ کردنی کاروباری باجی کە بەسەریەوەیە دەست نیشانکردبوو. خان مافی لەم وەڵامەی داود خانە زۆر تووڕە وزیز دەبێت، پارەکە وئەسپە عەرەبیەکانی گەڕاندەوە وفەرمانێکی توند وتیژی سەبارەت بە ئامادەبوونی داودخان دەرکرد، وبەدەمی بە پێش کارەکەی گووتبوو ئەم پیاوە ساڵی یەك خەرمان توومان لە دەرامەتی ئەم ناوچەیە ولەوەرگاکانی، کە هی دەوڵەتە، دەکەوێتە دەستی، دەیەوێت بە پێنج هەزار تووما‌ن بمخەڵەتێنێت وفریووم بدات. ئەگەر لەکاتی دیاریکراودا ئامادەنەبێت لەشاردا لە بەین دەچێت ونابوود دەکرێت.

لەو کاتەدا داودخان وعەمەڵەکانی لەناوچەی کوێستانی زەوارە کێودا بوون، سەرجەم سەرۆکەکانی تایفەکان وتیرەکانی کەلور دەعوەت دەکات وپەیامی هەڕەشەی دەوڵەتیان پێڕادەگەیەنێت وتێکڕا سوێندی بۆ دەخۆن وبەڵێنی دەدەنێ کە هاوکار وهاوپەیمانی بن لە هەر پێشهاتێکدا.

نیزامو ئەلسەلتەنە چونکە وەڵامی لەبار وڕەزامەندبوونی لە داودخانەوە پێنەگەیشت لەشکرەکەی، کە بریتی بوون لەسەربازە ناوخۆییەکان وتۆپخانەیەك کە لەشاردا هەبوو، خستەڕێ وسوارەکانی تایفەکانی کرماشان، کە بریتی بوون لە گۆران وسەنجاوی وکرند وئەحمەدوەندی بهتویی وسەنقور وکولیایی وپیادەکانی هەروامی وباوەجانی وهێزی نەزەرعەلی خانی پیشکۆیی گەیشتنە خزمەتی. هێزێکی پێکهێنا کە زیاتر لە چوار هەزار کەسێك دەبوو.

لەولایشەوە داودخان بە نزیکەی دوو هەزار سوارێکی ئامادەوە لە بەرامبەریدا ڕاوەستا وخۆی نواند.

شــەڕی هــەردوو لا لــە ناوچــەیەك كــە بەكاروانــسەرای مایدەشــت بەناوبانگــە ڕوویــدا.ســوارەكان كــەلور لای دەشــتیان بەدەســتەوە بــوو، بــەم جــۆرە مــەودای جولاندنــەوەیان زۆرتربــوو، ولەشــكری دەولــەتیش لــە بەرامبەریانــدا لــە كێوەكــانی بە"ڕەنگە ملیان" بەناوبانگە سەنگەریان گرت ودامەزرابوون.

هێزی دەولەت هەروەك لە شوێنێكی بەرزتردا بوون ژمارەكەیشیان زۆرتر بــوو، لەگــەڵ ئەوەیــشدا بــەهۆی نــەبوونی ســەركردایەتییەكی كارامــە ولێــزان ونــەبوونی یەكێتی ویەك دڵی لەنێوانیاندا شكان وباری ئەم شكانە قورسە كەوتەســەر ئێمــەدا. سوارەكانمان وكەلورەكان وەك پەنجەی دوو دەست لەیەك ئـالان وبەیەكدا چـوون ویەكتریان داگرتەوە وسەركوتیان كرد وزیانێكی قورس وسەنگین لە ئێمە كەوت.

لــەم شــەڕەدا ئامۆزاكــەمان، ئەســەدوللاخان دواتــرین كــوڕی خوالێخۆشــبوو خوسرەوخان، بەسەختی بریندار بوو. خالۆزاكەمان حوسەین خانی عەزیزی بـەدیل گیرا. لەم شەڕەدا حوسـەین خـانی بـرا بـچووكمان، كـە تـازە كـەوتبووە شـەڕەوە ئـازموونێكی ئـەوتۆی لـەم بـوارەدا نـەبوو، بەوپــەڕی ئـازایی وبوێرییــەوە چــەند كەسێكی لە مەترسی كوشتن ودیل بـوون ڕزگـار كردبـوو. شـەڕكەرەكانی هـەورامی وباوەجـانیش كـە ئـەولای كێوەكـەیان بەدەسـتەوە بـوو بـە ئـازایی و دلێرییــەوە ڕاوەستان وشـەڕیان دەكرد. لەگـەڵ ئەمەیـشدا زیـانی لەشـكری دەولـەت لـە ڕادە بــەدەربوو. نزیكــەی ســەد وپــەنجا كــوژراو ودوو ســەد زامــداری لێكەوتــەوە وتۆپخانەكەی نیزامو ئەلسەلتەنە كەوتە دەستی داودخان.

نــەزەر عــەلی خــانی والی پێــشكۆیش لەگــەڵ چــەند ســوارێك ودوو كــەس لــە سەركردەكانی كوڵیایی بەدیل گیران. داودخـان بـەڕێزەوە لەگـەڵ دیـل كراوەكانـدا جولایەوە وڕەفتاری كرد وخزمەتێكی چاكیانی كـرد وبەرچـایی وناشـتا وخـواردنی نەهار وشامیانی بە ڕێك وپێكـی دابـین كـرد. ئەوەنـدە خزمـەتیانی كردبـوو دەڵـێن نەزەر عەلی خان لەم بارەوە ووتبووی ئەگەر دیلی ئەمەیە خۆزگایە هەمیـشە دیلـی داودخانی "گەیەزل" سك زل دەبووم.

لـەم دیلییـەدا داودخـان كـچەكەی نـەزەر عـەلی خـانی بـۆ ئەكبـەرخانی كـوڕی داخوازی كرد، وبەژن وژنخوازییەوە شەڕ وشۆڕ ودیلی بووە خزمایـەتی وتێكـەڵاوی

سـەنجاویەکانی لایـەنگیری داودخـان کـە خـاڵۆزا دیلەکـەمانی بەئـەوان سـپاردبوو، وبەشەو بەرەڵایان کردبوو و تاسنووری ناوچەی سەنجاوی ڕەوانەیان کردبوو.

داودخان قایمکاری لەدەست نەدا وحیساوی کاروباری خـۆیی کردبـوو، چـونکە دەیزانی نیزام ئەلسەلتەنەدەست لەسـەری هـەڵناگریٚ ورێـی تێدەچـێت بـۆ نـاردنی هێزێك دەوڵەت هان بدات بۆ لابردنی لەفەرمانڕەوایی کەلور بـەهۆی دۆسـتەکانیەوە کەوتە داخوازی لێبووردنی وخۆبەدەستەوەدانەوە وملکەچـی دەوڵـەت. بەتایبـەت شـەرەفخانی ئـەمین ئەلمـەمالیك، کەوتـە وتووێـژەوە وسـەرئەنجام بـە پێـشکەش کردنی سیٚ هەزار تومان زیانی شەڕ بە دەوڵەت ویەکلاکردنـەوەی بـاجی دەوڵـەت کەبەسەریەوە مابوو هەتا ساڵی ١٣٢٧کۆچی بەم جۆرە کاروبارەکەی دروست بوو، وگیروگرفتێکی لە ڕێگادا نەما. ولەگەڵ چەند کەسێك لە بەڕێزان وپیاوماقوڵانی شار وەك ئەمین ئەلمەمالیك وسەید حەسەنی ئوجاق وئەبو ئەلحەسەن خـانی زەنگەنـە، دوای موتمانـە دانـی نیـزام ئەلـسە ڵتەنـە هاتـە کرماشـان بـیٚ ئـەوەی بـچێتە نێـو شـارەوە، لـە شـوێنێکدا کـە بـە بـاغی زەهـیر ئـەلمولك بەناوبانگـە لەگـەڵ نیـزام ئەلسەلتەنەدا یەکتریان بینی ولەڕووداوە پێشووەکان داوای بەخـشش ولێبـووردنی کرد وبەوەرگرتنی خلعەت فەرمانی سەرکردایەتی کـەلور وسـەرجەم عەشـایرەکانی دەڤەری ڕۆژئاوا سەرکەوتوانە گەڕایەوناوچەی خۆی.

## شەڕێکی تری ئێمە وداودخان

ڕووداوی کاروانسەرای مایدەشت لەهاوینی سـاڵی ١٣٢٨کۆچـیدا ڕوویـدا ودوای شکاندنی هێزی نیزام ئەلسەلتەنەلەلایەن داودخانەوە ناوبراو سەرجەم لەشکرەکەی ڕەوانەی ناوچە کوێستانەکانی وقەڵاکانی ئێمـە کـرد. ئێمـەش قـەڵای نیـو دروسـت کراوی قلیج خانی وقەڵای سەرلەنویٚ دروست کـراوی بەنـدارمان چـۆڵ کـرد وتێکـڕا هێزەکانمان لە قەڵای بابانی قاسم خانی برامدا وسەنگەرەکانیدا کۆکردەوە.

داودخان چادرەکەی لە دامێنی کێوی قراوڵخانە کە دەکەوێتـە نێـو فەرسـەخی بەرامبەری گوندی بابانەوە دامەزراند وسوارەکانی گوندەکانی دەوروبەرمان کە نیو فەرسەخیٚ لە ئێمەوە دوور بوون وەك کلکەوانەی پەنجـەی دەسـت ئابڵوقـەیان دا.

تـەنها خاڵێـك جگـە لـە قەڵاكـە لەدەسـت ئێمـەدا مـابۆوە، تەپـەی تێـران وگونـدی كۆزەران وكەناری ڕووباری بابان وچەند خاڵێكی تر كە گرنگ نەبوون.

بـاوكم لەگـەڵ بەرگریكارەكانـدا لـە قەڵاكـەدا دامـەزریا. سـەردار ناسـری بـرام بەرگری لە گونـدی كـۆزەرانی گرتـە ئەسـتۆ. حوسـەین خـانی سـالار زەفـەری بـرا بچووكمان لەگەڵ سلێمان خانی كوڕی سەردار ناسری برازامـدا كـە بـۆ یەكـەم جـار كەوتبووە شـەڕەوە، ئـەو كەسـەی كـە لەدواییـدا بـە نازنـاوی سـالار موقتـەدرەوە بـەناوبانگ بـوو پاراسـتنی سـنووری قـەڵا سـەوزی لـە جیـاتی منـدا پـێ سـپێردرا، هەروەهایش بەرگری لەتەپەی تیرانـی لـە ئەسـتۆ گرتبـوو. ئـەڵماس گـۆران لەگـەڵ هەندێ لـە خزمەتكارەكانـدا لـە بەرزاییـەكی بـچووكدا نزیـك گوندەكـە سـەنگەریان هەڵكەنـدبوو، منـیش بەرپرسـی وسەركێـشی سـەنگەرەكان وپەیوەنـدییان لەگـەڵ یەكتریدا پاڵپشتی ودابینی پێویستیەكانیان بە ئەسـتۆمەوە بـوو. سـەرجەم هێـزی ئێمە لە شەسەد حەوسەد كەسێك زیاتر نەبوو.

بـەرگریكارەكانی قەڵاكـە شـەو وڕۆژ گیانیـان بەسەردەسـتەوە بـوو ئامـادەی بەرگری بوون. سەرجەم ژن ومناڵ وبەشـێك لـە بنەماڵـەی كوێخـا وخزمـەتكارەكان لەنێو قەڵاكەدا كۆمان كردبوونەوە. دایكم دابین كردنی خواردەمەنی سەرجەم ئـەم جەمعیەتە گەورەی بە ئەستۆوە بوو.

ئابلۆقەكـە نزیكـەی یـەك حەفتـەی خایانـد. هێرشـكەرەكان ڕۆژی چـەند جـار پــەلاماری قەڵاكــە وســەنگەرەكانمانیان دەدا وناچـار بـە پاشەكـشێ دەبوونــەوە. ورەمان هەمیشە بـەهێز بـوو، وپەیوەنـدیمان لەگـەڵ شـاردا شـەوانە بەشـێوەیەكی نهێنـی بـەردەوام بـوو. ئازووقـە وبـارووت وفیـشەك بـەردەوام پێمـان دەگەیـشت، زیانمان بەدرێژایی ئابلۆقەكە زۆر كەم بۆ. لەنێو قەڵاكەدا تـەنها یـەك كـەس كـوژرا، لەسەنگەرەكانی تیراندایش كوێخا عەلی سەلیم ئاغا بریندار‌بوو.

سەرئەنجام بە كۆششی دۆسـتە شـاریەكانمان وبەفـەرمانی حـوكمڕانی ولایـەت جەمعێ لە پیاوماقوڵانی كرماشان هاتنە ناوچەی سـەنجاوی وچـوونە لای داودخـان ودوایش هاتنە قەڵاكەمان، پاش دانوستانێكی زۆر شەڕ وشۆڕ وەسـتێنرا. داودخـان سووربوو لەسەرئەوەی كـە ئێمـە قەڵاكـە چـۆڵ بكـەین، بـەڵام چـونكە ئێمـە دڵنیـا نەبووین لە دوژمن ولەخۆمان دەترساین، ئەم مەرجەمان قبوڵ نەكرد.

سەرئەنجام خۆم ویستم بێ چەك برۆمە لای داودخان، هەروەك هێشتانە هەندێ لە میانگیرکەرەکان لای ئێمە وئەوان مابوونەوە، بە دووربین منیان ناسیبوو. داودخان بە خەڵکەکەی دەوروبەری وتبوو ئەوە عەلی ئەکبەرخانە تەنها سوارە هاتووە بۆ لامان، لەنێو ئێمەدا کوڕ کوژراو، برا کوژراو فراوانن بەڵام سوێند بەخوا ئەگەر کەسێك سوکایەتی پێبکات بە سەختترین شێوە سزای ئەدەم. چونکە نزیك بوومەوە داودخان خۆی لەچادرەکە هاتە دەرەوە، بەرێزەوە لە ئەسپەکە دامیان وەزاند، ڕوومەتمی ماچ کرد و ووتی عەلی ئەکبەرخان من تۆم وەك عەلی ئەکبەری کوڕم خۆشدەوێ. من داودی کوێخا عەباسم، ئەم هێز ودەسەڵاتە خوای گەورە بەمنی بەخشیووە، بڕوا بکە حەز لە شەڕوشۆڕ ناکەم بە فەرمانی خوا دەست لەشەڕ هەڵبگرن.

دوای هاتنەوەم بێ ئەوەی مەرجێك بەسەرماندا بسەپێنێت، یا داخوازی زیانێك کە لێی کەوتووە بکات فەرمانی بە لەشکرەکە دا کە لەناوچەکە دوور کەونەوە ومەجلیسێکی ئاشتی وسوڵح لە کاروانسەرای مایدەشت گرێ بدرێت.

لە خزمەت باوکمدا چووینە شوێنی دیاریکراو، داودخان بە ئەدەب ورێزەوە پێشوازی لە باوکم کرد ولەگەڵ یەکاویەکی ئێمەدا وهەتا لەگەڵ هەندێ لە کوێخا وخزمەتکارەکانی سەنجاویدا بە میهرەبانی ورێزەوە ڕەفتاری کرد.

لە دانوستانەکەدا هەندێ پێشنیاریان کرد کە سەرۆك عێلات وتایفەکانی تریش لەم گرێ بەستی ئاشتییەدا بەشداری بکەن. باوکم بەداودخانی گووت پێویست بەم کارەناکات، ئەگەر تۆ لەگەڵ ئێمەدابیت کەسێك دوژمنی پێناکرێت. سەرئەنجام بەداب ونەریتی عێلایەتی گرێبەستی ئاشتی وسوڵح بەسترا.

لەدوای ئەم ئاشتیە داودخان بە کوێخاکانی سەنجاوی کە لە ئێمە جیا بووبوونەوە گووت ناوچەی کەلور ماڵی ئێوەیە، هەتا لای ئێمەبن میوانی ئێمەن، بەڵام داوی ئاشتبوونەوەی ئێمە وسەمسام ئەلمەمالیك چاکترە ئێوەیش بگەڕێنەوە نێو تایفە وعێلی خۆتان.

لەیرادا پێویستە ئەم خاڵە بخەمە سەر باسەکەم. داودخان هەروەك دوژمنی ئێمەبوو، وزیانێکی گەورەی لێمان خست کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە، ولە سیاسەتدا سەر بە ئیستیبداد بوو، لایەنگیری سەرسەختی سالار ئەلدەولە بوو، و

لـەم کردەوەیـدا ڕێگایـەکی چـەوتی گرتبووەبـەر، بـەڵام داودخـان پیـاوێکی لایـق وشایـستە وهیمـەت بـەرز وبـە گوزەشـت بـوو، و لـەم بـارەوە نموونەیـەکی دیـاری جەوامێری دەخستەڕوو، و نیشاندەدا.

پاشماوەی ڕووداوەکانی مەشروتییەت وفیتنەی سالار ئەلدەولە

دوای ئـەم ئاشـتبوونەوە بـاوکم گەڕایەوەسـەر کـار وئیـشە پێـشووەکەی لـە قەسری شیرین، تیرەکانی سەنجاویش، کە لەئێمە جیابووبوونـەوە، هاتنـەوە سـەر ماڵ وحاڵ وناوچەکانی پێشوویان.

لە دوادوایی ساڵی ١٣٢٨ دا نیزام ئەلسەلتەنەلەبەر ئـەو ڕەوشـە ئیـستبدادییە، کـە گرتبوویـە بـەر دەسـتی کردبـووە دژایـەتی دیموکراتـەکانی کرماشـان، لـە فەرمانڕەوایی لادرا، و لەجێیدا شازادە نەقی عەلی میرزا روکن ئەلدەولە دانرا.

ئەم حوکمڕانە بە پێچەوانەی پێشووەکەی پیاوێکی کەم تـەماح وڕەحـەتیخواز بوو. لە دەورەی حوکمڕانی ئەودا ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایـەتی ولایـەتی کرماشـان بریتی بوو لەحاجی ئاغا محەمەد مەهدی موجتەهد کە سەرۆکی ئەنجومەنەکـە بـوو محەمەد باقر میرزای خوسرەوی جێگری سـەرۆك وئەبوئەلحەسـەن خـانی زەنگەنـە وسەید عەباسی مەلیك زادە وحاجی مـیرزا عابـدی موشـیر ئـەلرەعایا حـاجی بـیگ محەمەد ڕەزاز، ومیرزا جەواد خانی وەزیری، وێنەری دەڤەری کـەنگاوەر وقەسـری شیرین وسەنقر وکولیایی، لەم کاتوزەمانەدا یـار محەمـەد خـانی موجاهیـد بـەهۆی دووبەرەکییـەوە کـە کـەوتبووە نێـوان ئـەو ویـەفرم خـان سـەرۆکی ئاسـایش وپاسەوانەکانی تاران، یەفرم خـان دەیویـست یـار محەمـەد خـان دەسـتگیر بکـات وچەکی لێ بسێنێتەوە وبیخاتە زیندانەوە، ئـەویش هـەڵهاتبوو، وخـۆی گەیانـدبووە کرماشـان وهەمیـشە لەگـەڵ هەنـدێ موجاهیـدی چـەکداری لایەنگریـدا لـە شـاردا دەسوڕایەوە.

یار محەمەد خان لە مورید وپەیڕەوەکانی ئاغا محەمەد مەهدی بوو. ڕۆژێك بـۆ دیداری دەڕواتە ئەنجومنی ولایەتی کرماشان، کـە لـە خانگـەکانی دار ئەلحکومـەی کرماشـاندا بـوو. حـوکمڕانی کرماشـان کـە فـەرمانی نهێنـی حکومـەتی مەرکـەزی سەبارەت بە دەستگیری وچەککردنی یار محەمـەد خـانی، لابـوو، فـەرمان دەداتـە سـەرۆکی جەندرمـەکان لـەو شـوێنەدا ئابلۆقـەی بـدەن ودەسـتگیری بکـەن. یـار

محەمەد خان ك هەست بە مەترسی وگرفتاری دەكات چـەند فیـشەكێك دەتـەقێنیّ تا هەڤاڵەكانی ئاگادار بكات، بەشەڕ وپاشەكشێوە خۆی لە شەڕەكە ڕزگار دەكات. لەم ئابلۆقە وشەڕەدا هەندێ لە خزمەتكارەكان وچەقۆكێشەكانی براكـانی مـوعین بەشدارییان كردبوو.

دوای چەند ڕۆژێك بەهاندان وفەرمانی یار محەمەد خان یەكێ لە خزمانی قەوام ئەلرەعایا كە پێشینەی دوژمنیـان لەگـەڵ موعینیەكانـدا هـەبوو، حوسـەین خـانی موعین ئەلرەعایا براگەورە وسەرۆكی كاردان وژیری ئەو بنەماڵەیە دەكوژێت. بەڵام یار محەمەد خان دوای ماوەیەك لەبەر پاڵپشتو لایەنگیری سـەرۆكەكانی دیمـوكرات گرفتـاری وتەنگژەكـەی پووچـەڵ دەكەنـەوە وتێكـڕا موچـە دواخراوەكـانی خـۆی ولایـەنگرەكانی بـۆ ڕەوانەدەكـەن ولەگـەڵ موجاهیـدەكانی لایەنگیریـدا بـۆ تـاران گەڕانەوە.

ئەم ڕووداوە كاتێ ڕوویدا كە دەنگ وباسی گەڕانەوەی محەمەد عەلی مـیرزا بـۆ باكور بڵاو بووبووەوە، هەر لەم كاتەیشدا بوو فیتنەی سالار ئەلدەولە لە خۆرئاوای ئێراندا دەستی پێكرد وبۆ ماوەی چەند ساڵێك كوردستان وكرماشانی تێكدابوو.

ئەم شازادەی شەڕئەنگێزە چەند سـاڵێ لەمەوبـەر، كـە شۆڕشـە شـێتانە وبـێ سەروبەرەكەی لە دەڤەری لوڕستاندا سەركوت كرا وبۆ ئەوروپا دوور خرایـەوە، لـە سەرەتای ئەم ساڵەدا، ساڵی ١٣٢٩ كاتێك كە محەمەد عـەلی مـیرزای بـرای پاشـای دەركـراوی لەڕێگـەی ڕووسـیاوە بـەهاوكاری ویارمـەتی ئـەو دەوڵەتـە گەیـشتبووە باكوری ئێران، كـەوتبووە خولیـای ڕووخانـدن ونـابودكردنی مەشـروتییەت، سـالار ئەلدەولـە لـە ڕێگـەی بەغـداوە، بـە جـل وبـەرگی نەناسـراوەوە گەیـشتبووە نێـو كوردسـتانی ئێرانـەوە وفیتنـە وئاشـوبەكەی هـەر لـەو دەڤـەرەدا دەسـت پێكـرد بەبەهانەی كوڕێتی شا و پێشینەی فـەرمانڕەوایی لـە كوردسـتاندا زۆری نەخایانـد خـەڵكێكی زۆر لـە سـەركردەكانی عێلـەكان وتایفـەكان لەدەوروبەریـدا كۆبوونـەوە وهاتنـە خزمەتییـەوە. ئـەو بەئاسـانی تـوانی شـاری سـنە پایتـەختی ئەیالـەتی كوردسـتان داگـیر بكـات ولـەویدیوەوە فـوی كـردە زوڕنـای فیتنـە وفەسـاددا وپڕوپاگەندەی خۆیی دەست پێكرد، ولەگـەڵ لایەنگرەكانیـدا لـە شـاری كرماشـان وسەرۆك عەشایر وهۆز وتایفەكاندا كەوتە نامە ناردن ونووسین بۆیان .

لایەنگرە بەناوبانگەکانی سالار ئەلدەولە لە شاری کرماشـاندا بریتـی بـوون لـە براکانی موعینی وتایفەی حاجی زادەکان بەسـەرکردایەتی فـەروخ خـانی عێلخـانی ونەسـر دیـوانی فزونـی وبراکـانی وحـاجی حەسـەنی کەلانتـەر وئاغـا بـەرار خـانی موعتەزد ئەلمەمالیك وشەریف خانی ئەمین ئەلمـەمالیك وئاغـا ڕەحیمـی موجتەهـد وئاغـا مـەحمود بـرای حـاجی ئاغـا محەمـەد مەهـدی وکەسـانی تـر، زۆربـەی سەرکردەکانی تایفەکانی کرماشـان بەتایبـەت داودخـانی ئـەمیر ئـەعزەم عێلخـانی کەلور، بانگێـشتەکەی سـالار ئەلدەولـەیان قبـوڵکرد وئامـادەیی خۆیـان بۆخزمـەت وفیـداکاری نیـشان دا. نامەیـەکی بـەهۆی پـەیکی تایبەتیـەوە گەیـشتە خزمـەت باوکمیش. لەنامەکانیدا خۆیی بە وەلی عەهدی ئێران وپاڵپشت ونوێنەری موحەمـەد عەلی شا ناونیـشان کردبـوو. مـن کـە ئـازموونێکی زۆرم لـە سـەفەرەکەی تارانـەوە بەدەست هێنابوو، عەرزی باوکم وقاسم خـانی سـەردار ناسـری بـرام کـرد کـە ئـەم پیـاوە شـێتێکی یـاغی وفیتنـە وئاشـووب هەلگیرسـێنە، نابێـت بـە قـسەکانی هەڵخەڵەتێن، ئێـران پاشـای فـەرمی ویاسـایی هەیـە، وەلی عەهدەکەیـشی ناسـراو وئاشکرایە، محەمەد عەلی شایش لە سەڵتەنەت لابراوە.

بـاوکم لـە وەزعێکـی دژوار وپێـچیدەدا بـوو، لەلایەکـەوە وێنـەری حکومـەتی مەشروتەی ئێران دەژمێردرا وبەگیان وبەدڵ بـڕوای بـە ئامانجـەکانی ئـەو دەوڵەتـە هەبوو، لەلایەکی ترەوە ئەویان بەناوی پاشایەکەوە گوایە بە ناحەق لە سـەڵتەنەت دەرکـراوە وهەنوکـە بـۆ گەڕاندنـەوەی تـاج وتـەختی خـۆی گەڕاوەتـەوە، دەعـوت کرابـوو، وقبـوڵ نـەکردنی ئـەم دەعوەتـە ئاسـان نیـە. لـە هـەمووی گـرنگتر ئێمـە تایفەیەکی بـچووکین کـە لـەنێوان تایفـە چـەکدارە مەزنـەکانی کرماشـاندا ئابلۆقـە دراوین وهەمیشە لە مەترسی هەڕەشەی بەردەوامی داودخـان عێلخـانی کـەلورداین کە خۆی بە سەرکردەی سەرجەم عەشایری خۆرئاوای ئێران دەزانێـت زۆریـش نیـە دوای شەڕوشۆڕێکی خـوێنین لەگەڵیـدا ئاشـتبووینەتەوە. هـەروك بـاوکم قـسەکانی منی بەڕاست دەزانی، بەڵام پاش لەیەکدانەوەی ئـەو قۆناغـەی دەڤـەری کرماشـان فەرمووی ئێمـە بمانـەوێ یـان نەمانـەوێ پێویـستە ڕەفتـار وکـردار وبڕیارەکانمـان لەگـەڵ بـارودۆخی ناوچـەکەدا بگـونجێنین. ولەبـەر چـاوەڕوانی ڕۆشـن بوونـەوەی وەزعەکە وەڵامێکی ڕوونی نامەکەی سالار ئەلدەولەی نەدایەوە.

سالار ئەلدەولە کە لە کوردستاندا هێزەکەی بەهێز وتوانا دەبوو وعەشایرەکانی کرماشان ولورستان هاتنە پێشوازی دەعوەتەکەیەوە و وەڵامێکی ڕوون وئاشکرایان پێدایەوە. نامەیەکی بۆ لایەنگرەکانی کرماشانی نووسی، بەڕاشکاوی داوای لێکردن دژی ڕژێمی مەشروتە هەڵبسن، و هەرچی دام ودەستگا هەیە لە شارەکەدا بیپێچنەوە. بەپێی ئەو فەرمانە لایەنگرەکانی لە ناکادا هەڵیان کووتایە سەر دام ودەستگا وئەنجومەنی ولایەت ودائیرەکانی داد وئاسایش ودارایی وتەلەفۆن و تەلۆگرافخانەیان تاڵان کرد.

روکن ئەلدەولە فەرمانڕەوای ولایەت کە لە کردەوەی سالار ئەلدەولە ئاگادار بوو، زانی دەیەوێ هێرش بکاتە سەر کرماشان بێ ئەوەی بەرەنگاری بێتەوە یان بەرتەکی نیشان بدات، شاری بەجێهێڵا وڕووی کردە شارۆچکەی سەهنە ولەوێوە خۆی گەیاندە تاران وگۆڕەپانەکەی بۆ دوژمنەکەی چۆڵکرد.

بێگومان لەم قۆناغەدا ئەگەر فەرمانڕەوایەکی شایستە وبەتوانا لە ولایەتەکەدا هەبووایە وبیتوانیایە لەو هێزەی کە لەشاردا هەبوو، و لە عەشایرە ئەمەکدارەکان بە حکوومەت و دەوڵەت سوودی وەربگرتایە و ئەو عەشایەر وعێلاتانەی کە لە دەوروبەریدا کۆببووبوونەوە لەیاریوکۆمەکی شازادەی یاغی بترساندایە، بە ئاسانی دەیتوانی لە هاتنی سالار بۆ نێو شاری کرماشان بەرگری بکردایە وکۆسپی لەڕێگادا دروست بکردایە، ولەو سەرئەنجامە یەکجار ترسناکە کە بەدوای ئەم کردەوەدا ڕوویدا، ناوچەکەی بپارێزایە.

دوای تاڵانی دائیرە وئۆفیسەکانی حکومەت سالار ئەلدەولە لەگەڵ جەمعێکی چەکداری کوردستان وگەرۆس وسەقز وبانەدا بە پێشوازییەکی شایانی لایانگرەکانیەوە هاتە نێو شاری کرماشانەوە ڕێکەوتی کۆتایی بەهاری ساڵی ١٣٢٩. وبەگەیشتنی، بەپەلە داخوازی لە سەرکردەکانی عاشایر وعێلەکانی دەڤەری کرماشان ولوڕستانی کرد کە لە کرماشاندا ئامادەبن.

پێویستە بووترێت کە ئاستی زانیاری عەشایرەکان لەو کات وزەمانەدا یەکجار نزم بوو. ئەوان شتێکیان سەبارەت بە بیرۆکەی ئازادی ویەکسانی ویاسا ومەشروتییەت وملییەت نەدەزانی، بە نەزەرو بۆچوونی موستەبیدەکان وڕەوشی عێلایەتییان گرتبووەبەر ولەوە دوورتر بیریان بڕی نەدەکرد وڕێی تێنەدەبرد.

هەندێ لە سەرۆکە مەزنەکان وەکو داودخانی کەلور سەودای گەورەیان لەسەردا بوو، وخزمەت بە سالار ئەلدەولەیان بە هەلێك دەزانی بۆ گەیشتنە ئامانجەکانیان. هەندێکی تریان وەك والی پشتکۆ سە بارەت بە بیرۆکەی شاپەرستی وپاراستنی سەڵتەنەتی ئێران وفیداکاری لەو ڕێگادا بە نیەتێکی پاکەوە هاتبوونە نێو کێشەکەوە وئەو خزمەتەیان بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانی. هەندێکی تر لە ترسی ئابڕوو حەیسیەتیان وپاراستنی خۆیان ناچار بە ملکەچی بووبوون، بەڵام زۆربەی ئەو خەڵکە کە کەوتبوونە شوێنی سالار ئەلدەولە بە شوێنی تاڵان وبڕۆدا دەگەڕان. یەکەمین کەسێك کە هاتە خزمەتیەوە داود خان وکوڕەکانی وتیرەو سوارە فراوانەکانی کەلور بوون، کە سالار ئەلدەولە نازناوی ئەمیر ئەعزەمو پلەی سوپا سالاری گشتی پێبەخشی.

لە دەڤەری لورستان سەردار ئەشرەف کوڕی والی پیشکۆ ونەزەر عەلی خان سەرۆکی هۆزەکانی پیشکۆیش بە هێزەکانیانەوە هاتنە نێو شاری کرماشانەوە. لەناوچەی کرماشاندا ئەو تایفانەی کە هاتنە نێو هێزەکەی سالار ئەلدوەلەوە جگە لەعێلی کەلور، بریتی بوون لە عێلی گۆران بەسەرکردایەتی حوسەین خانی سەردار مەنسور، تایفەکانی کرند بەسەرۆکایەتی ئیسماعیل خانی سالار ئەفخەم کوڕی عەلی موراد خانی ئیحتشامولمەمالیك، تایفەکانی باوەجانی وقوبادی بەسەرکردایەتی محەمەد بەگی جاف کە سالار ئەلدەولە نازناوی ئەمیر ئەسعەدی پێبەخشیبوو، کە ئەو نازناوەی لە ئاست وپلە ومەقامی خۆیدا نەدەبینی وکەم دەهاتە بەرچاوی، سالار ئەلدەولەیش بە تووڕەو گاڵتەوە ووتبووی شتێکی وەهای نەماوە مەگەر ئەم "خان"ە بیەوێ ببێتە ئەمیرئەلموئمنین، تایفەکانی ئەحمەدوەندی بهتویی ونانکلی بەسەرکردایەتی فەتح ئەلسەلتەنە، عێلەکانی سەنقور وکولیایی بەسەرکردایەتی حوسەین قولی خانی ئەمیرئەمجەد وئەمان لالا خانی فەتح ئەلسوڵتان. سەرئەنجام لەلایەن ئێمەیشەوە بڕیار وابوو کە عێلی سەنجاوی بە دوو سەد سوارەوە بە سەرکردایەتی باوکم بێتە نێو ئەم هێزەوە، ودرێژەی باسەکە بەم شێوەیە:

باوکم لە قەسری شیرینەوە هاتە ناوچەی کوێستان وفەرمانی کۆبوونەوەی سوارەکانی هۆزی دا. بەڕاشکاوی وبێپەردە عەرزیم کرد کە هاوکاری لەگەڵ سالار

ئەلدەولەدا خیانەت بە مەملەکەتی ئێرانە. باوکم زویر وتووڕە بوو ووتی: سالار ئەلدەولە ئێمەی داوا کردووە، داود خانیش لەم بارەوە بۆمانی نووسیوە کە خۆم وکوڕەکانم وسوارەکانمان بیّ دواکەوتن بێنە نێو لەشکرەکەوە، ئەگەر گوێرایەڵی ئەم فەرمانەنەبین لەنێودەچین. سەرئەنجام بڕیار درا کە خۆی تەنها بڕواتە شار وداودخان ببینیّ وبگاتە خزمەتی شازادە. سالار ئەلدەولە لە حزووری داودخاندا باوکم نەوازشت دەکات وقەدری دەگرێت، وفەرمانی پێدەدات بە پەلە بگەڕێتەوە ناوچەی سەنجاوی ولەگەڵ تێکڕا سوارەکان وکوڕەکانیان پەیوەندی بە لەشکرەکەیەوە بکەن. باوکم داخوازی دەکات کە یەکیّ لە کوڕەکانی بۆ سەرپەرشتی عێلەکە بەجیّ بمێنێت، داودخان پێی دەڵێت پێویستە عەلی ئەکبەرخان لەگەڵ خۆتا بهێنیت.

دوای گەڕانەوەی باوکم عەرزم کرد بەهیچ شێوەیەك ئامادەی بەشداری لەم کارەدا نیم. باوکم دووبارە بارودۆخی تایفە وبنەماڵەکەمانی تاوتویّ کرد وهەستیاریوەزعەکەی خستەڕوو. سەرئەنجام بڕیار درا کە ئەولەگەڵ قاسم خانی برامدا لەگەڵ دوو سەد سواری کە کۆی سوارەکانی سەنجاوی تەرخانکراوی خزمەتی دەوڵەت بوو، بڕۆنە نێو لەشکرەکەی سالار ئەلدەولەوە. لەم بارودۆخەدا کە خەڵکێکی فراوان لەشکرە بیّ سەروپیّ وبیّ نەزم وبیّ ورە وبیّ سەرکردایەتییەکەی سالار ئەلدەولەی پێکهێنابوو، وبیّ کۆسپ وبەرگرییەك بەرەوپێشەوە دەچوون بۆ داگیر کردنی پایتەخت لەڕێگای گەنگاوەر ونەهاوەند ومەلایەر وسولڵتان ئاباد وئەراکەوە.

ئەم لەشکرە بیّ ئامانج وئارمان وبیّ موچەیە لە ڕێگاکەیدا لە هیچ دەست درێژی وستەمیّ بە دانیشتوانی گوند وشارۆچکەکانی سەرڕێگایان درێغیان نەدەکرد. هەتا لە چەپاوڵ وتاڵانی خەڵکیش دەستمان نەدەپاراست.

لە دەوروبەری هەمەدانىدا ئەمیر نیزامی قەرە گوزلو، هەروەك سەرۆکی بنەماڵەکەیان لەو قۆناغەدا جێنشینی سەڵتەنەتی حکومەتی مەشروتەی ئێران بوو، پەیوەندی لەگەڵ هێزەکەی سالار ئەلدەولەدا کرد وهاتە نێو لەشکرەکەیەوە.لە سولڵتان ئابادی ئەراکدا کە ئەمیر موفەخەمی بەختیاری سەرکردەی بەرگری وشەڕ بوو لەژێرەوە بەنهێنی دەستی لەگەڵ لەشکرەکەی سالار ئەلدەولە تێکەڵاو کرد.

وهێزەکـەی لـە شـەڕدا شکـستی هێنـا، یـاوەك واخـۆی نیـشاندەدا کـە شکـستی خواردووە، تێکڕا تۆپخانەکەی کەوتەدەست سالار ئەلدەولە.

بـەم شـێوەیە لەشـکرەکەی سـالار ئەلدەولـە بـەرەو پێـشەوە دەڕۆیـشت تـا گەیشتە نزیکەی دەوروبەری باغشایی ساوە و گوندە نەوبەران، لەوێـدا ڕووبـەڕووی هێـــزی دەوڵـــەتی مەشـــروتە بوونـــەوە کـــە بریتـــی بـــوون لەســـوارەکانی بەختیاریوموجاهیدە دلێر وشەڕکەرەکان بەسەرکردایەتی یەفرەم خانی ئەرمەنی.

هـەروەك لەشـکرەکەی سـالارئەلدەولە لـە سـێ هـەزار کـەس بتربـوو، هیـزی مەشروتەخوازان لە چوار هەزار کەس کەمتر بوون. لەشەڕێکی سـەخت وخوێناویـدا لە مانگی میهری ١٢٩٠ ڕێکەوتی شەوالی ١٣٢٩ ڕوویـدا، شکستێکی ئـەوتۆ تووشـی شازادەی یاغی بـوو کـە لەسـاوەوە تـا کرماشـان کـە نزیکـەی حـەفتا فەرسـەخێك دەبێت بێ لادان و وەستان هەڵهات وپاشەکشێی کرد، بێئـەوەی لـە هـیچ شـارێکی نێوان ڕێگادا خۆی بگرێتەوە.

لەم شەڕەدا جگـە لـە ئەکبـەرخان جێگـری فەرمانـدەی لەشـکرەکەی نزیکـەی شەش سەد چەکدار لە لور وکوردەکانی لایەنگیری سالار ئەلدەولە کوژران ونزیکەی پێنج سەد کەس بەدیل گیران. سـەرجەم تۆپخانـەی کوردسـتان وکرماشـانیش کـە بەدەست لەشـکرە یاغیەکـەوە بـوو بـە هـەموو سـاز وبەرگێکیـەوە کەوتـە دەسـت هێزەکانی دەوڵەتی مەرکەزی.

لەم مێژووەدا دوای شکاندن و سەرکووتکردنی یـاغی بـوونی سـالار ئەلدەولـە، فیتنەکەی محەمەد عەلی میرزا لـە تـاران وبـاکوری ئێرانـدا سـەری هەڵدا، کـە ئـەم دەنگ وباسـە ناخۆشـە سەرتاسـەری ئێرانـی گرتـەوە وڕاپـەڕینێکی میللـی هێنایـە کایـەوە. یەکـەمین داسـتانی ئـەم ڕووداوە هەڕەشـەی ڕووسـەکان بـوو سـەبارەت بەدەرکردنی شۆستەری ئـەمریکایی بەرپرسـی گـشتی دارایـی ئێـران وقبـووڵکردنی چەند داخوازییەکی تر، کە ئێرانی دەخستە ژێرچـاودێری فـەرمی دەوڵـەتی ڕووس وئینگلیـسەوە. ئینگلیـسەکان لـەم قۆناغەداپابەنـدی گرێبەسـتی ١٩٠٧ ئینگلـیس وڕووس بوون سەبارەت بە دابەشکردنی ئێران بۆ دوو ناوچەی دەسەلات.

ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران سەبارەت بەم هەڕەشەیە بەرتەکی نیـشاندا وئـەو هەڕەشەیەی قبوڵ نەکرد. وەها بڵاو بووەوە کە ڕووسەکان پـەیوەندی دیبلۆماسـی

خۆیـان لەگـەڵ ئێرانـدا بـچڕاندووە، ولەشـکرێکیان لەڕێگـەی قەفقاسـەوە بـەرەو ئازەربایجان ناردووە .

لەم قۆناغەدا جەمعێ لە موستەبیدەکانی تاران هەوڵیاندا کە محەمەد عەلی شـا لەگەڵ ئەو هـەموو شکستەی بـەدوای یەکتریـدا بەسـەریدا هـاتبوو، و هێـشتانە لـە ئێرانـدا مـابووەوە بـۆ ئـەوەی سـەرلەنوێ بیهێننـەوە سـەر تـەختی سـەڵتەنەت وحـوکمڕانی ئێـران. سـەرکردەیان لـەم بـوارەدا ئەحمـەد خـانی عەلائەلدەولـە حـوکمڕانی پێـشووی کرماشـان بـوو. نـاوبراو داخوازییـەکی بـۆ دەوڵـەتی ڕووسـیە ناردبوو، داوای گەڕاندنەوەی محەمەد عەلی شای کردبوو. ئەوەبوو لە زی ئەلحجەی سـاڵی ١٣٢٩کۆچیدا/ ئـازەری ١٢٩٠هەتاویـدا عـەلا ئەلدەولـە لـە بایتونەکەیـدا بـە گولەی یـەکێ لـە موجاهیدینـەکان لـە گۆڕەپـانی لالـەزاردا کـوژرا. بکوژەکـەی یـار محەمـەد خـانی موجاهیـدی کرماشـانی بـوو. ئـەو لەگـەڵ یـەکێکی تـر لـە موجاهیدینەکاندا بەردەمی بایتونەکەی دەگرێت، ئەو موجاهیدە تورەکەیەك خوڵی بەدەستەوە دەبێت دەستدەکات بە خـۆڵ پژانـدن، یارمحەمـەدیش سـەردەکەوێتە بایتونەکـەوە وعـەلا ئەلدەولـە دەکـوژێ. ئـەم ڕووداوە دەبێتـە هـۆی مەترسـی وهەراسی موستەبیدینەکان، وتوندوتیژی نواندنی ڕوسەکان، چونکە لـەم قۆناغـەدا ئەنجومـەنی وەزیـران بەسـەرۆکایەتی حـاجی نەجـەف قـولی خـانی سەمـسام ئەلسەلتەنە لەگەڵ ناسر ئەلمولکدا دەیانویست لەگەڵ ڕووسەکاندا ڕێککەون چونکە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران ڕازی بە قبوڵی هەڕەشەی ڕووسەکان نەبووبوون و لەم بـارەوە ملـەجیڕەیان دەکـرد. حکومـەت کەوتـە هـەوڵی تێکـدانی ئەنجومـەنی نوێنەرانـەوە ولـەوبارەوە یارمـەتی وکۆمـەکێك وەك دەسـتێکی غـەیبی هاتـە هانایانەوە. ئەو دەستەیش "یەفرەم خانی ئەرمـەنی" بـوو، کـە کەوتـە پـشتیوانی کردنی حکومەت وهەڕەشەی لە ئەنجومەنی نوێنەران کرد وکەوتە هـەوڵ وتەقـەلای لەنێوبردنیانەوە.

جێگـری سـەڵتەنەت بـە پێـشنیاری حکومـەت ڕێکـەوتی دووەمـی مـانگی دەی ١٢٩٠/ دووەمـی موحـەرەمی ١٣٣٠ فـەرمانی حـەل وهەڵوەشـانەوەی ئەنجومـەنی نوێنەرانی دەرکرد ویەفرەم خان جەمعێ لەلایەنگرەکانی خـۆی نـاردە ئەنجومـەنی

نوێنـەران وبـەزۆر هـەموو نوێنـەرکانی ئەنجومـەنیان لـە سـاختمان وبیناتـەکانی ئەنجومەندا دەرپەڕاند ودەرگای ئەنجومەنی نوێنەرانی لە بەهارستاندا دابەست.

کارەساتێکی تـریش هـەر لـەم کـات وزەمانـەدا ڕوویـدا، ئـەویش داگیرکردنـی ئازربیجان لەلایەن لەشکری ڕوسەوە وداگیرکردنی تـەبرێز بـوو. ڕوسـەکان کەوتنـە قەلاچۆ وکوشـتنی ئازادیخوازەکـانی ئێـران وخوالێخۆشـبوو "ثقـة الاسـلام"یـان لـە ساڵی ١٣٢٠ڕێکەوتی ١٠ی مانگی دەی ١٢٩٠ لە سێدارەدا.

هـەر لـەم قۆناغـەدا کـە حـاجی سـەمەد خـانی خـاینی بـەناوبانگ ودەسـت نیـشاندەی ڕووسـەکان بـە یارمـەتی ڕوسـەکان شـاری تـەبرێز دەگرێتـە دەسـتەوە وکوشـتارێکی فـراوان وخیانـەتێکی مـەزن دەنـوێنیٚ. وهـەر لـەم قۆناغـەدا بـڵاو دەبێتەوە کـە ڕوسـەکان گونبـەدی پـیرۆزی حـەزرەتی عـەلی ڕەزایـان لـە مەشـهەد داوەتە بەر تـۆپ. بـەکورتی لـەم کـات وزەمانـەدا هـەرا وئـاژاوە وتەعزیـە وپـەژارە وماتەمینی تێکڕا شارەکانی ئێران دەگرێتەوە. خەبەر گەیشتە ئێران کە ئایەت لـلا ئاخوند مەلا کازمی خوراسـانی لەگـەڵ خـەڵکێکی زۆر لـە دانـشمەندان وقوتابیـانی نەجەف بۆ داخوازی جیهاد لەخەڵکی ئێران بەرەو ئێران کەوتوەتە ڕێ. لەم کاتـەدا فـەرمانیٚ: لـە ئـایتوللا مـەلا کـازمی خواراسـانییەوە گەیـشتە دەسـت بـاوکم، کـە دەقەکەی بەدەستمانەوەیە وبڵاوکردنەوەی بەم بۆنەوە لەشوێنی خۆیدایە:

**بسم الله رحمان الرحیم**

جـەنابی جەلالـەت مـەئام سەمـسام ئەلمـەمالیك، سـەرۆکی عێلـی ئەرزنـدە وگـەورەی سـەنجاوی خـوای گـەورە پـشتیوانی بێـت، سـەڵاوێکی فراوانتـان ئاراستەدەکەم. هەڵبەت بیستووتانە کە ڕوسەکان بەئامانجی نیفاق ودوو دەستەیی ودووبەرەکی نانەوە لەنێوان تایفە و عێلەکاندا، بەوپـەڕی بوێرییـەوە لەشـکرەکەی هێناوەتە خاکی ئێرانەوە وئامانجیان ڕووخانـدنی بناغـە وبنیـاتی ئیـسلامە ولـەنێو بردنی وشەی پیرۆزی لااله الا للا یە وبەکڵێساکردنی مزگەوتـەکانی ئیـسلامە، لـەم حاڵەتەدا لەسەر هەموو خاوەن غیرەت وناموسێك پێویستە کە لە ئیـسلام بـەرگری بکات ولەڕێگای خودادا جیهاد بکات. بەتایبەت لە ئـازایی وبـوێری وجـوامێری ئـەو جەنابە چاوەڕوان دەکرێت کە بکەوێتە هەوڵ وتەقـەلای پاڵپـشتی ئـاینی ئاشـکرای ئیسلامەوە با هەموو جیهـان بزانێـت هـەتا یـەك کـەس لـە عێلـی دلێـر وشایستەی

سەنجاویدا، کە خوای گەورە یارویاوەریان بێت، بمێنێت هەرگیز ڕازی بە زەبوونی هەتا هەتایی ئیسلام ودیلی ژنانی موسوڵمانان بەدەستی کافران نابێت. ڕۆژ ڕۆژی مەردایەتییە ولەبیرکردنی شەڕوشۆڕ ودوژمنایەتی ودوو دەستەیی ناوخۆییە، ڕۆژی یاریوکۆمەك وپاڵپشتی ئاینی ئاشکرای حەزرەتی سەید ئەلمورسەلینە (درودی خوای لێ بێت) خوا سەرکەوتووتان بکات بۆ یاری ئاین ودین والسلام.

**١٩ ذی الحجة الحرام، ڕێکەوتی ١٣٢٩**

**الاحقر الجاني محمد كاظم الخراساني**

جێی سەرسوڕمانە وادیارە ئەمە دوا فەرمانی ئەو کۆچ کردووە بەختەوەرە بوو، چونکە لە ڕۆژی دواتردا ڕێکەوتی ٢٠ذی الحجة ١٣٢٩/ ٢٠ئازەری ١٢٩٠، کاتێ بۆ کۆمەك ویاریی مەشروتییەت وبانگهێشتی جیهاد لەگەڵ جەمعێکی زۆردا لە دانشمەندانی نەجەف بەرەو ئێران دەهاتن کۆچی دوایی کرد.

بەڵام سالار ئەلدەولە لەگەڵ ئەو شکستە گەورە و ئەو ڕسواییە مەزنەی نەوبەراندا کە بە ساتمە وگلیان وچاوزامارییەکی هێزەکەیی دەزانی مەیدانی چۆڵ نەکرد ودوای گەیشتنە کرماشان، کەوتە کەڵکەڵەی کۆکردنەوەی هێزێکی نوێوە. یەکەم کاری ئەوەبوو هەندێ لە بازرگان ودەست ڕۆیشتووەکانی ناوداری مەشروتەخوازی شاری کرماشانی وەك سەید ئەسەدوللاوسەید حەبیب ئەلوملك وحاجی محەمەد عەلی "معین التجار" حاجی ئیبراهیم خان وئەبو ئەلحەسن خانی زەنگەنەی خستە زیندانەوە وئازار وئەشکەنجەیانی دا و مەرەخەسیانی نەکرد تا لە هەریەکێ لەوانە مەبلەغێکی گەزافی سەند. دوایی بەرەو پشتکۆ ڕۆیشت تا لە غولام ڕەزا خانی ئەبو ئەلقەدارە حوکمڕانی ئەو دەڤەرە یاریوکۆمەکی تازە وەربگرێت ومەبلەغێکی نوێ بەدەست بهێنێت.

لە تاران کە کاربەدەستانی دەوڵەتی مەشروتەخوازان لە بیرۆکەی لەناوبردنی شەڕوشۆڕویاغی بوون وفیتنەو فەسادی ئەم شازادە ئاشووبگەرەدا بوون، محەمەد حوسەین خانی ئەعزەم ئەلدەولە، کە لە ژێر چاودێریدا بوو چونکە پیاوێکی هەڵکەوتوو شایستە ودەست ڕۆیشتوو بەتوانای دەزانی، بەشەفاعەتی ورێ نیشاندانی ئاغا سەید عەبدوڵا بەهبەهانی کە لەجیاتی ئەو میواندارى وخزمەتە

شایەنەی ئەعزەم ئەلدەولە کاتێ کە دوور خرابوونەوە بۆ کرماشان، کردبووی، ئەعزەم ئەلدەولەیان ئازاد کرد وکردیانە حوکمڕانی کرماشان. ئەوکاتە سالار ئەلدەولە لە پشتکۆ لەلای حوکمڕانی ئەو ناوچەیەدا میوان بوو ئەعزەم ئەلدەولە هاتە نێو کرماشانەوە ولە دیوانخانەکەی ماڵی باوکیدا کەوتە ڕێکخستنی کاروباری حکومەتەوە، وکەوتە کۆکردنەوەی هێزێك لە پەیڕەوانی خۆی ودۆست ولایەنگرانی مەشروتەخواز بۆ ئەوەی بتوانێ ساختمانەکانی کرماشان لەدەست فەروخ خانی عێلخانی کە فەرمانڕەوای دانراو بوو لەلایەن سالار ئەلدەولەوە دەربهێنن.

فەروخ خان بێ دەرەتان وزەبوون مابووە وکەوتە دانووستانەوە بۆ خۆبەدەست دانەوە، لەم کاتەدا شازادەی شەڕخواز لەگەڵ داودخانی ئەمیر ئەعزەم کە بەڵێنی "سەدری ئەعزەم"ی ئێرانیان پێدرابوو، بە هەزار وپێنج سەد سواری کەلورەوە خۆیان گەیاندە کرماشان وئەعزەم ئەلدەولەیان خستە ئابلۆقە وبارودۆخێکی پڕ لەمەترسییەوە. کە ناچار خۆی وهاوڕێکانی ئەبو ئەلحەسەن خانی زەنگەنە، ئیسحاق میرزا، ئەمیر ئەکرەم، مە لیك ئیرج ، میرزا ئەمیرموحتەرەم، حاجی ڕۆستەم بەگی سارابی وجەمعێکی تر ماڵ وژیانی چەندین ساڵەی خۆیانیان بەجێهێڵاو بوونە پەناهەندەی کونسوڵیەتی ئینگلیس .

لەگەورەکان وحاجی زادەکان ولایەنگران و پەیڕەوانی حاجی فەروخ خانی عێلخانی ماڵەکانی ئەعزەم ئەلدەولە وکوڕەکانی وعەلی خان ئەمیرکل وحەیدەر قولی خانی فەخیم سەڵتەنەو تێکڕا پەناهەندەکانی کونسولگەری ئینگلیس وژمارەیەکی زۆر لە مەشروتەخوازەکانیان تالآنکرد. بەیادگاری ئەم تالآنەوە بوو کە یەکێ لە ئازادیخوازە بەناوبانگەکانی کرماشان میرزا عەلی خانی سەرتیپ لەم دواییەدا ناوی "خانە خەراو"ی بۆ بنەماڵەکەی هەڵبژارد.

چەند ڕۆژێك دوای ئەم ڕووداوە لە تاران یار محەمەد خان لەگەڵ موجاهیدینەکانی هاوڕێیدا لەگەڵ باقر خانی سالاری میللی وحوسەین خانی موجاهیددا داوایان کرد بێنە کرماشان بۆ بەرەنگاری شەڕوشۆڕی سالار ئەلدەولە و لەم بارەوە ئامادەییان نیشاندا. یار محەمەد خان کاتێ نزیك کرماشان بووەوە سالار ئەلدەولە لە کوردستاندا بوو، و بارودۆخ بۆ پەلامار وشەڕ گونجاو دەهاتە بەرچاو.

له شەڕێکدا کە لە کەنار ڕوباری قەرەسوودارووی دا حوسەین خانی موجاهید لەگەڵ چەند کەسێکی تردا شەهید بوون، بەڵام موجاهیدەکان لەپێشڕەویدا بەردەوام بوون. شەو چوونە ناو شاری کرماشانەوە وهەموو ساختمان وبنایەتەکانی دەوڵەتیان داگیرکرد و لەدەست داگیرکەرانیان وەدەر هێنا.

بۆ ڕۆژی دوایی ئەعزەم ئەلدەولە لەگەڵ سەرجەم ئەوانەی پەناهەندەی کونسولگەری ئینگلیس بوون، لەوێ هاتنە دەرەوە وخۆیان گەیاندە هێزەکەی یار محەمەد خانی کرماشانی وکاروباری گرتە دەستەوە. دوایی موجاهیدەکان کەوتنە دەستگیری پەیڕەو ولایەنگرەکانی شازادەی یاغی ولەوانە شەرەف ئەلمولکی ئەردەڵان سەرۆکی تایفەکانی جاف وئاغا مەحمودی برای ئاغا مەهدی کە لە موستەبیدە ناودارەکانی شار بوو، لە سێدارەیان دان. بەڵام ئەم سەرکەوتن وپیرۆزییەی ئەعزەم ئەلدەولە ویار محەمەد خانە لە کرماشاندا ئەم جارەیش بەردەوام نەبوو.

سالار ئەلدەولە نامەیەکی نارد بۆ داود خان وداوای یارمەتی لێکرد، داودخانیش بە سوارەکانی کەلورەوە لەلایەکەوە سالار ئەلدەولەیش بە سوار وپیادەکانی کوردستانەوە لەلایەکی ترەوە لەکۆتایی زوستاندا هێرشیان هێنایە سەر شارەکە. هەروەك موجاهیدەکان لە سەنگرەکانیاندا دلێرانە بەرگرییان دەکرد، بەڵام لایەنگرانی سالار ئەلدەولە کە هێزی سەرەکیان لایەنگران وکەس وکاری فەروخ خانی عێلخانی بوون ولەگەڵ براکانی موعینیدا لە شوێنێکدا کە بە "چنانی" ناودارە ڕێگای هاتنە ژوورەوەی هێزی هێرشکەریان ڕەخساند وشاریان خستە ژێر دەسەڵاتیانەوە وجارێکی تر شار بە تەواوی تاڵان کرا. یار محەمەد خان بەبڵاوکردنەوەی دەنگ وباسی خۆکوشتنی توانی خۆی دەرباز بکات وبەرەو تاران هەڵبێت، بەڵام ئەعزەم ئەلدەولە وکوڕەکەی فەخیم ئەلسەلتەنە کە پەنایان بە یەکێ لە گوندەکانی خۆیان کە ناوی "کەندۆڵە" بوو بردبوو، کەوتنە داوی عەباس خانی ئەردەڵانەوە کە بە سەردار ڕەشید نازناوی دەرکردبوو ئەویش لە خوێنی شەرەف ئەلمولکی مامیدا کە بەرپرسی دەستگیری وزیندانی ئەوانی پێ سپێردرابوو، ئەو دووانە لەگەڵ سەیاد ئەلسەلتەنە کە لاوێکی دلێر وئازادیخواز بوو لەگەڵ ئیعتیلا ئەلدەولەدا بەفەرمانی سالار ئەلدەولە لە زینداندا خنکاندنیان

ومەیتەکانیان لە مەیدانی تۆپخانەدا هەڵواسین. بەم جۆرە بوونە شەهیدی ڕێگای مەشروتییەت.

بێگومان ئەگەر داودخان بەم پایە وپلە وڕێزەوە کە لای سالار ئەلدەولە هەبووی شەفاعەتی لە ئەعزەم ئەلدەولە وکوڕەکەی بکردایە دوو چاری ئەم سەرەنجامە شوومە نەدەبوون. وا بڵاو بووەوە کە شەفاعەت نەکردنی لەبەر ڕك وکینەی ڕووداوەکەیساڵی ١٣٢٧ بوو، و ئەو کردەوەیەی لە دەورەی فەرمانڕەوایی ئەعزەم ئەلدەولەدا سەبارەت بە جەوانمیر خانی زەرغامو ئەدەولەی کوڕی ڕەوا بینی بوو.

دوای ئەم ڕووداوە هەروا کوشتاری مەشروتەخوازەکان و هەتا کەسانێکی بێ لایەنیش بەردەوام بوو. ولەم ڕووداوانەدا پتر لە سەد کەس لە سێدارە دران وچەند کەسێکیان بە نەوت سووتاند وئاگر تێبەردان. ئەمە بوو یەکێکی تر لە ئەنجامەکانی بەرزەفڕی ئەم شازادە ئاژاوچیو وبێ مێشکەی قاجارییە.

لەم کاتەدا کە فیتنەکەی محەمەد عەلی میرزا لە باکوری ئێراندا سەرکوت کرابوو، بەڵام سالار ئەلدەولە دووبارە کرماشان وکوردستانی داگیر کردەوە. ئەم شازادە خۆویستە شێوەی داخوازییەکەی گۆڕی و ئەمساکە وایدەنواند گوایە پاڵپشتی ولایەنگیری لە محەمەد عەلی میرزا دەکات، ئەمجارە ڕاستەخۆ خۆیی بە وارسی تاج وتەختی پاشایی ئێران ژمارد. داودخانی خزمەتکار وسەرکردەی هێزەکانی چاوەڕوان بوو بەم زووانە دوای داگیرکردنی پایتەخت ببێتە سەدری ئەعزەم ئێران.

دەوڵەتی مەرکەزی کەوتە بیری چۆنیەتی لەناوبردنی ئاژاوەکەی سالار ئەلدەولەوە. بۆ ئەم مەبەستە عەبدولحوسەین میرزای فەرمانفەرمای بە دەسەڵاتێکی تەواوەو بۆ فەرمانڕەوای دەڤەری خۆرئاوای ئێران کە بریتی بوو لە کرماشان وکوردستان وهەمەدان ومەلایەر وتویسرکان ونەهاوەند وخوڕەم ئاباد دەست نیشان کرد، ولەگەڵیدا لەشکرێکیان ڕێکخست کە بریتی بوو لە سوارەکانی بەختیاری بەسەرکردایەتی "ضیاء السلطان– ئەمیر جنگ" کوڕی سەردار ئەسعەدی بەختیاریوشەهاب ئەلسەلتەنە وموجاهیدە موسوڵمانەکان بە فەرمانەدەیی یار محەمەد خانی کرماشانی وموجاهیدینە ئەرمەنیەکان

بەسەرکردایەتی "یەفرەم خان" وهەندێ لە سەرکردەکانی قۆزاقی مەشق پێکرا وبەسەرکردایەتی نایب ڕەزا خان هەر ئەو کەسە کەدوای دە ساڵ لەبەر لیاقەت وشایستەیی خۆی جڵەوی وڵاتی گرتە دەست، ئەوکەسەیە کە ئێستاکە شاهەنشای بەتوانای ئێرانە ودانەری سلسلە ودودمانی پەهلەوی یە.

سالار ئەلدەولە کە لەم کەین وبەینە ئاگادار بوو کەوتە پێشدەستی وکۆکردنەوەی لەشکر. دووبارە سەرکردەی هۆزەکانی کرماشان وکوردستان ولوڕستانی لەوانەیشدا باوکم کە بەرپرسی سنوور بوو لە قەسری شیرینەوە بۆ کرماشان بانگهێشت کردن و جەختی لەسەر ئامادەبوونیان کردبوو. ئەو بە باوکمی وتبوو کە تۆ وکوڕەکانت سەبارەت بە خزمەتی من درێغی دەکەن ودڵگەرمی نانوێنن. باوکم دوژمنی داودخانی سەبارەت بە بنەماڵەکەمان پێی ڕاگەیاندبوو پێی ووتبوو ئێمە لە گیان وژیان وبوونی خۆمان دڵنیانین، سالار ئەلدەولە دەڵێت: من لەپێشینەی دوژمنی ئێوە لەگەڵ داودخاندا ئاگادارم، ئەگەر لە خزمەتی مندا ڕاست بن ئێوە لە ئەو دەپارێزم وبەرەو پێشەوەتان دەبەم. کاتێ باوکم دەڕوات سالار ئەلدەولە پێی دەڵێت بە کوڕەکەتان عەلی ئەکبەرخان سەردار موقتەدر بڵێ ئەگەر بە خەتی خۆمیش نامەم بۆ نووسی نەیەتە شارەوە، داودخان سەبارەت بە ئەو نیەتی خراوە.

زۆری پێنەچوو فەرمانفەرما گەیشتە هەمەدان ولەو کاتەدا بەختیارییەکان وموجاهدینەکان لەگەڵیدا نەبوون، چونکە ئەوان سەبارەت بە کردەوەی دەوڵەت کە ئەنجومەنی نوێنەرانی بەستبوو، و حکومەتی مەشروتەیان تێکدابوو ناڕازی بوون وبەم بەهانەوە لە بەشداری کردن لەوسەفەرەدا خۆیان کێشابووەوە. لە شکرەکەی فەرمانفەرما جگە لە سوارە تایبەتیەکانی وقۆزاقەکان بتر بریتی بوون لە هێزەکانی هەمەدانی وسەربازە ناوخۆییەکان کە ئەمیرنیزام کۆیانی کردبووەوە. لە نزیکی هەمەدان لە گوندی سوڵجە "شورجە"دا لاوێکی دلێر وئازاو بوێر و جەنگاوەر بەناوی "عەبدولباقی جەرداوەری" کە لە لایەنگیرە سەرسەختەکانی سالار ئەلدەولە بوو بە هێزەکەیەوە لەوێدا جێگیر بووبوو، و دەست درێژی دەکردە سەر گوندەکانی "ئەمیر نیزام".

عەبدولباقی خان گەیشتنی فەرمانفەرمای بە سالارئەلدەولە ڕاگەیاند وداوای یارمەتی لێکرد. سالار ئەلدەولە مجەلەل ئەلسولتانی کردە بەرپرسی بەرەنگاری فەرمانفەرما وقاسم خانی سەردار ناسری برام وبرایەکی ترمان حوسەین خانی سالار زەفەر لەگەڵ سەد سواری سەنجاویدا ناردە هانا ویارمەتی عەبدولباقی خانەوە.

لە بەهاری ساڵی ۱۳۳۰/ ئوردیبهشتی ۱۲۹۱ لەشکری فەرمانفەرما گوندی سۆلجەیان گەمارۆدا. سەردار ناسر وسالار زەفەر لەگەڵ هێزی سەنجاویدا لەلایەکەوە وعەبدولباقی خان وسوارەکانی تری لەلایەکی ترەوە شاڵاو دەبەنە سەریان. لەشەڕێکی گەرم ودژواردا لەشکری فەرمانفەرما هەروەك سێ هەزار سوارێکی سەربازی پڕ چەك ولەگەڵ تۆپخانەی تەواودا لە گەڵێدا بوو بەسەختی شکان ونزیکەی هەزار سەربازی ناوخۆیی بەدیلی چەك دەکرێن وتۆپەکانی نەوعی شنیدەر دەکەوێتە دەستی سوارەکانی سەنجاوی فەرمانفەرما بە هەڵەداوان لە مەیدانی شەڕەکە هەڵدێت وخۆی ڕزگار دەکات[1].

لەم کاتەدا لە دۆستەکانمەوە نامەیەکم پێگەیی کە تێیدا نووسرابوو کە بۆ فیتنە وسەرکووت کردنی ئاشووبی سالار ئەلدەولە "یەفرم خان" لەگەڵ موجاهیدەکان وسوارەکانی بەختیاریدا بەرپرس کراون وبەم زووانە دەگەنە ئەوێ بەپەلە نامەیەکم بۆ براکانم نارد وپێیانم ڕاگەیاندبوو بە گەیشتنی ئەم نامەیە شەوبێ یان ڕۆژ خۆتان بگەیەننە ناوچەی سەنجاوی. ئەوان لەماوەی ٢٤ سەعاتدا گەیشتنەوە سەنجاوی . هەواڵی هاتنی موجاهیدینەکان لەلایەکەوە وهەواڵی

---

[1] شکست هێنانیان لەبەرامبەر سەنجاویەکاندا فەرمانفەرما خۆی پاڵپشتی دەکات ولە نامەیەکدا کە بۆ کوڕەکەی عەباس میرزا سالار لەشکر نووسبووی دەڵێت: "دوای گەیشتنمانە کرماشان بەختیارییەکان کە لەگەڵ سەنجاویەکاندا لایەنگیری ڕاستەقینەی سالار ئەلدەولەن لەشەڕی شولجە ئەو شکستە بووە بەشمان لەبەردڵگەرمی ئەوان بوو لەشەڕەکەدا. بڕوانە گۆڤاری نگین، ژمارە ١٣٦ ساڵی ١٣٥٥، ل ٣٨. هەر لەم خەبەرە بە گۆڕانکارییەکی کەمەوە لە گزیدە ای از مجموعە اسناد عبدالحسین میرزا فەرمانفەرما، ج٣، ج١، بە کوشش منصور احادیە سیروس سعدوندیان هاتووە وبڵاو کراوەتەوە.

گەڕاندنەوەی لەناکاوی سوارەکانی سەنجاوی لەلایەکی ترەوە بووە هۆی مەترسی فراوانی سالار ئەلدەولە.

ئەو لەپێشدا ووتبووی ئەگەر بە خەتی خۆم سەردار موقتەدرم دەعوەت کرد نەیەتە نێو شارەوە. ئەم جارە ئاغاکان، ئاغا ڕەحیمی موجتەهید وئیمام جومعەی کرماشانی بۆ دڵنیایی ئێمە ڕەوانەی کردبووە لامان. ولەنامەیەکیدا بەخەتی خۆی بۆ باوکمی نووسیبوو کە ئەو تەنگژەیە تەواو بووە وئێستاکە پێویستە هەرچی زووتر خۆت وعەلی ئەکبەرخان وکوڕەکانی تر لەگەڵ هەرچی سوارتاندا هەیە بێن بۆ کرماشان. هەروا مەبلەغێکی پێنج هەزار تومان لەڕێگەی ئیمام جومعەوە بۆ منی بە تایبەت ناردبوو.

خوا ویستی من لەم تەنگ وچەڵەمەیە ڕزگاربکات ئەوەیش بەهۆی ئەو عوزرە بوو کە کەوتە دەستم. سلیمان خانی سالار موقتەدری برازام کە بەرپرسی پاسەوانی سنوور بوو لەگەڵ "سەفەر خانی نیرجی" لەشەڕێکدا دژ بە شێخ نەسرەدین شکستی خواردبوو، و لەمن داخوازی یاریوکۆمەکی بە گورجی کردبوو. بەو ئاغایانەم گووت هەرئێستاکە ئەم نامەیە گەیشتوەتە دەستم ئەگەر من نەچمە هانایانەوە لەبەین دەچن وسەرسنووریش دەبێتە گۆڕەپانی هێرش وپەلاماری شێخ نەسرەدین وبڕیار درا کە ئاغاکان هەر بەم شێوەیە سالار ئەلدەولە ئاگادار بکەن.

باوکم وسەردار ناسری برام لەگەڵ دوو سەد سواری سەنجاویدا ڕۆیشتن بۆ کرماشان. منیش بە پێنج سەد سوارێکەوە بەرەو سنوورکەوتمەڕێ بۆ دۆستە عەشایرییەکانمان نامەم نووسی کە لەناوچەی زەهاودا بگەنە من. بەرەو ماڵی شێخ نەسرەدین کە لەحاجی مەردا بوو جماین. سالار موقتەدر وسەفەر خانیش گەیشتنە ئەوێ شێخ نەسرەدین. توانای بەرگری بەرامبەر بەم لەشکرەی لە وزەدا نەبوو، کەوتەڕازی کردنمان وخۆی خستە ماڵەکەمەوە. شێخم لەگەڵ خۆمدا بۆ قەسری شیرین برد. لەوێدا کە گەیشتمە نەوت شا "مستر سونی" ئینگلیس کە نمایندەی کۆمپانیای نەوت بوو، پێمی گووت کە ئێستاکە هەواڵێ گەیشتووە کە موجاهیدینەکان وبەختیارییەکان لە هەمەدانەوە گەیشتوونەتە لای فەرمانفەرما ولەشەڕێکی سەختدا کە لەگەڵ عەبدولباقی خاندا ڕوویداوە یەفرەم خان سەرکردەی موجاهیدینەکان کوژراوە وبەڵام عەبدولباقی خان وکەس وخزمانیشی

کوژراون ورێی تێدەچێ کە لەشکری موجاهیدینەکان بەرەو کرماشان کەوتبێتە ڕێ.

شەو لە قەسری شیریندا ماینەوە. لەم کاتەدا شازادە محەمەد باقر میرزای خوسرەوی کە لەبەر دژایەتییەك لەگەڵ سالار ئەلدەولەدا کردبووی ڕۆیشتبووە نەجەف وکەربەلای پیرۆز وگەڕابووە خانەقین. چەند سوارێکم نارده شوێنیدا هاوردیانە قەسری شیرین، لەگەڵیدا بەرەو کوێستان ڕۆیشتین. لەشوێنێکدا کە بە "سور خەریزە" بەناوبانگە لەڕێی بێوە نیجەوە بەرەو "تووشامی" ماڵی سەید روستەم ڕۆیشتین. منیش بۆ سوپاس کردنی لە هاوکاری کردنەکەیان، هەروا بۆ مەنعیان لە کۆمەك ویاری کردن بە سالار ئەلدەولە بەرەو کرند ڕۆیشتم. کە گەیشتمە ئەوێ دوو سەعاتی بۆ خۆرئاوا مابوو. دەنگ وباس بڵاو بووەوە کە داودخانی کەلور وکوڕەکەی عەلی ئەکبەرخان لەشەڕێکدا لەگەڵ موجاهیدینەکان وبەختیارییەکاندا شکستیان هێناوە وکوژراون.

دوو سوارم بەپەلە بۆ خوسرەو ئابادی کرند ڕەوانە کرد، کە هەواڵی ڕاستەقینەم بۆ بهێنن. سوارەکان گەیشتبوونە لەشکرە هەڵهاتووەکەی کەلورەکان وهەواڵیان هاورد کە شەڕ لە نزیکی "سەهنە" ڕووی داوە وکوژرانی باوك وکوڕ ڕاستە. بێ ڕاوەستان بەرەو ماڵی سەید ڕۆستەم کەوتمە ڕێ. لەوێوە شازادەم لەگەڵ خۆمدا برد وهەر بەو شەوە بەرەو ماڵی خۆمان لەبەندار کەوتینە ڕێ. بە گەیشتنمانە ئەوێ ئاشکرا بوو کە سالار ئەلدەولە بەئاگاداربوون لە شکستی کەلورەکان وکوژرانی داودخان بەسەرلێشێواوی وترسەوە بەرەو کوردستان هەڵهاتبوو، و باوکم وسەردار ناسری برامیش گەڕابوونەوە ماڵی خۆیان.

ڕووداوی پێشڕەوی موجاهیدینەکان وکوژرانی داودخان وعەلی ئەکبەرخانی کوڕێ بە درێژی بەم شێوە بووە:

سەرەتا یەفرەم خان و موجاهیدینە ئەرمەنیەکان ولەگەڵ یار محەمەد خان وجەمعێ لە موجاهیدینە موسوڵمانەکان بەپەلە خۆیان دەگەیەننە هەمەدان ولەوێوە هێرش دەبەنە سەر گوندی سۆلجە جێگای بەرگری بتەوی عەبدولباقی خان. لە شەڕەکەدا هەروەك موجاهیدینەکان سەنگەر بەسەنگەر بەرەو پێشەوە دەڕۆیشتن چەکدارەکانی عەبدولباقی خانیان پەرت وبڵاو کردەوە. لەدوا سەنگەردا

یەفرەم خان ئەو موجاهیدە دلێر وکارزانە بە گوولەیەك لە پاشەوەی سەنگەرەکەی عەبدولباقی خان دەکوژرێ، بەڵام موجاهیدینـە ئەرمەنیـەکان بەسـەرکردەیی کـری خـان بـێ ئـەوەی لاوازییـەك یـا بێتواناییـەك نیـشان بـدەن لەپێـشڕەوی ناکـەون ولەپێشەوەچووندا بەردەوام دەبن تا سەنگەرەکەی عەبدولباقی خـان داگیردەکـەن وخۆیـشیان بـە زامارییـەوە دەسـتگیر کـرد، وبـێ دواخـستن ئیعـدامیان کـرد. لەشـکرەکەی مجەلـەل ئەلـسوڵتان بـەو پـەڕی بـێ نەزمییـەوە لەیـەك دەترازێـت وپەراگەندە دەبێت وهەڵدێن.

دوای ئەم ڕووداوە بەختیارییەکانیش دەگەنە ئەوێ ولەشکرەکەی فەرمانفـەرما دەکەونـە دوای لەشـکرە هەڵهاتووەکـەی سـالار ئەلدەولـە ودەگەنـە کرماشـان. شازادەی یاغی پاشمـاوەی هێزەکـانی کـە زۆربـەیان سـوارەکانی کـەلور بـوون لـە ناوچەی بێستوندا کۆدەکاتـەوە. دوا شـەڕیان لـەنزیکی سـەهنەدا ڕوودەدات. لـەو شەڕەدا عەلی ئەکبەرخان کوڕە گەورەکەی داود خـان دەکوژرێت. داودخـان لەبـەر کـوژرانی کـوڕە بەناوبانگەکـەی پەرێـشان وماتـەمزا دەبێـت ولەپاشەکـشێدا دوادەکـەوێ، لـەناکادا گولـەی مـەتریلۆزێکی لەشـکرەکەی بەرامبـەری یـەك ڕانـی دەپێکـێ ودەیبڕێـت. کـەلورەکان تـەرمی نیـوە گیـانی سـەرکردەکەیان بـەرەو کرماشـان دەبـەن کـە لەبـەر خوێنرێـژی وژان لـەڕێگادا کۆچـی دوایـی دەکـات. سوارەکانی کەلور بە ترس وپەژارەوە وبەوپەڕی بێ نەزمییەوە وەك گەلەی ئـاژەڵ پـەرت وبـڵاو دەبنـەوە وبـەرەو مـاڵ وناوچـەی خۆیـان دەگەڕێنـەوە. شـازادەی هەڵهاتوویش بە ئاگادار بوون لە کوژرانی داودخـان بەپەلـە کرماشـان جێدەهێڵێت وبەرەو کوردستان دەڕوات.

بەم شێوەیە ڕووداوی دوور لەشانازی شازادەیەکی یاغی وسەردارێکی نـاوداری ئێران وەك داودخان کۆتایی پێدێت.

فەرمانفەرما بـە لەشـکرەکەیەوە لـەنێوان پێشوازی گـەرمی خـەڵك شـارەکەدا دێتـە نێـو کرماشـانەوە وبەپەلـە بـەخش نامەیـەکی بڵاوکـردەوە ئەمـەیش دەقەکەیەتی:

چونکە دەوڵەت دەزانێ کـە هاوکـاری خـەڵکێکی زۆر لەگـەڵ سـالار ئەلدەولـەدا لەڕووی زۆر وناچاریەوە بووە ولەبەر پاراستنی گیان وسـامانی خۆیـان بـووە، بـەم

هۆیەوە و لەبەر پاراستن لێبووردنی گشتی بڵاو دەکەینەوە، بەمەرجێك لەمەودوا کەسێك یاری ئەو شازادە یاغیە نەدات وپەیوەندی لەگەڵیدا نەکات.

مـن باشـم دەزانـی کـە لـەدوای لەبـەین چـوون ونـابوود بـوونی داود خـان وسەرکەوتنی مەشروتییەت نەوبـەتی ئێمـە دێتـە پێشەوە. نامەیـەکم بـۆ خزمـەت باوکم وسەردار ناسری برام نارد وئاگاداریانم کرد کـە شـازادە محەمـەد بـاقر مـیرزا لەماڵی ئێمەدایە. باوکم وبراکەم هاتن بۆ ماڵمان، لەگەڵ شازادەدا یەکترییان بینی، وبڕیاریان لەسەر ئەوەبوو کە بەپەلە بڕۆم بۆ کرماشان.

لەگەڵ چەند سـوارێکدا بـەرەو شـار ڕۆیـشتم. چـوون لەگـەڵ ضـیاء الـسوڵتان وشـەهاب ئەلـسەلتەنەی بەختیاریـدا پێـشینەی دۆسـتایەتیم هـەبوو، ڕاسـتەخۆ ڕۆیشتم بۆ ماڵیان. بەبینینی من وەك ئەوەبوو دەرگایەکی فەرەجیان بۆکرابێتەوە. زۆر خۆشحاڵ بوون، پێویست نەبوو زۆر سەبارەت بەخۆم لەگەڵیانـدا بـدوێم ئـەوان بۆ دامرکاندنی کرماشان وکوردستان پێویستیان بە ئێمە بوو، ئێمەیش لـە کانگـای دڵمانـەوە بـۆ هاوکـاری وپێـشکەوتنی نیازەکانیـان ئامـادەبووین. لەگـەڵ ضـیاء الـسوڵتان وشـەهاب ئەلـسەلتەنەدا گەیـشتینە خزمـەتی فەرمانفـەرما. خۆشـحاڵی نیشاندا ونەوازشتی کرد بەڵام دیار بوو کە زوویرییەکی گـەورەی لـەدڵ گرتـووە بـە بۆنەی ڕووداوی شکستەکەی سۆلجە لەبەرامبـەر سـەردار ناسـر وسـالار زەفـەردا. وهەتا کەڕەتێك هاوردیە ڕوومدا ووتی: من هەرگیز چاوەڕوان نەبووم کە کوڕەکـانی سەمـسام ئەلمـەمالیك لەبـەرەوڕووی خۆمـدا ببیـنم. ووتم: حـەزرەتی پایـە بـەرز ئینسافت بێت، تۆ لەو مەرجەدا ئەگـەر لەشـوێنی ئێمـەدا بووایـەی غـەیری ئـەوەی ئێمـە کردمـان، نـەت دەکـرد. ووتـی چـونکە سەمـسام ئەلمـەمالیك وکوڕەکـانیم خۆشدەوێت لەبەرئەوە ئەم قسەیە دەکەم ئەگینا لە تـەنگ وچـەڵەمەی ئێـوە بـێ خەبەر نیم. دانیشتنەکە بە فەڕ وخۆشی دوایی هات.

فەرمانفـەرما وسـەرکردەکان پێشنیاریان کـرد کـە پاراسـتن وئاسایـشی ڕێـی کاروانەکانی کرماشان لـە پـردی قەرەسووەوە تـا گەردەنـەی "بـی سـور" بگرمـە ئەستۆ. بەم ئامانجەوە مەجلیسکەم بەجێهێڵا وداخوازیەکانیانم بۆ بـاوکم وسـەردار ناسری برام باس کرد.

سەردار ناسری برام لەپێشەوە ملەجیرەی کرد و ووتی تادوێنێ ئێمە لەگەڵ فەرمانفەرمادا شەڕمان کردووە، چۆن ئیمڕۆ لەگەڵیدا هاوکاری بکەین، بەڵام باوکم ئارامی کردەوە وخۆی بەرەو شار ڕۆیشت تەرتیبی موچە وئالیکی وڵاخەکانی دابین کرد. بەدوای ئەم ڕووداوەدا قاسم خانی برام بەسێ سەد سواری هەڵبـژێردراوەوە هاتە نێو کرماشانەوە وسالار زەفەریشی لەگەڵ خۆیدا هێنا وئەو ڕێگەی لەپشتی دەرگای شارەوە هەتا گەردەنەی بێ سووریان گرتە ئەستۆ ولە گوندی بێستوندا جێگیر بوون. منیش لەبەر داخوازی وتکای بەختیاریەکان لەشاردا مامەوە وفەرمانمدا ماڵێکم بۆئامادە بکەن.

ڕۆژێك لە میوانییەکدا لە خزمەت فەرمانفەرما و سەرکردەکانی بەختیاریوسەرانی موجاهید وئەفسەرەکانی قۆزاقدا کۆبووینەوە، سەبارەت بە کوژرانی داودخان باسێ هاتە بەینەوە. بەختیارییەکان وموجاهیدینەکان دەیانویست شانازی کوشتنی بخەنە پاڵ خۆیان. لەنێوانیاندا ئەفسەرێکی باڵا بەرز وقەد باریکی قۆزاق نایب ڕەزا خان هاتە پێشەوە وبەقیافەیەکی مەردانە ودەنگێکی پتەو وبەرزەوە ووتی: حەزرەتی پایە بەرز ئاغاکان هەرچی دەڵێن با بۆ خۆیان بیڵێن بەڵام ئەو فیشەکە لە مەتریلۆزی قۆزاقەکانەوە تەقیوە وبەری کەوتووە.

سەردار ناسر سوارەکانی خۆیی لە خاڵە هەستیارەکانی ڕێگاکەدا دابەشکرد، و سەد سواری بەسەرکردایەتی سالار زەفەرەوە لەگەڵ خۆیدا هێڵایەوە. چەند مانگێك کە لەوێدابوون بتر لە دەجار لەگەڵ کاکەوەندەکان وپیاوخراوانی تایفەکانی تردا کەوتبوونە شەڕەوە.

ڕۆژێك کاروانێکی فراوانی پارچە لەوێوە تێدەپەڕێ وشەو لەوشوێنەی سەردار ناسردا کە لە کەنارەکانی بێستووندا بوو بارەکەیان دەخەن. دزو جەردە وپیاوخراوەکان لە شوێنی کاروانەکە ئاگادار دەبن. شەو بەجەمعیەتێکی زۆرەوە کە پتر لە هەزار سوار بووە شاڵاو دەبەنە سەر کاروانەکە ودێنە ناو کاروانەکەوە دەست دەکەنە تاڵان کردن. لەشەڕێکی سەختدا کە لە نێوان ئەوان وسوارەکانی سەردار ناسردا ڕوودەدات، سەرەتا ئەوان سەردەکەون وچەند سوارێکی سەنجاوی

دەكـوژرێن و زامـار دەبـن. براكـەم بـەهۆی چـاپارێكەوە نامـەی بـۆم ڕەوانـە كـرد وئاگادارمی كرد وداوای فیشەك ویارمەتی كرد، بـە حـاڵێكی پەرێشانەوە ڕۆیـشتمە خزمەتی فەرمانفەرما وفیشەكێم لێ داوا كرد عوزری هێنایەوە. پێـیم گـوت وادیـارە بەڵێنەكانی حەزرەتی پایەبەرزت بۆ سەردار ناسر بەم ئامانجەوە بوو، كە بیخەیتـە مەترسی وخەتەرەوە. ووتی دەوڵەت فیشەكی بـەمن نـەداوە كـە مـن بیدەمـە تـۆ. بەبێ باكییەوە پێم ووت كـە وای لێهـات ڕێگـام بـدە كـە ووشـەكانتان بخەمـە ڕوو، وهەرچـی زووتـر بگەڕێنـەوە. زۆر ناڕەحـەت بـوو وجمێنێكـی بـەخۆی دا. شـەهاب ئەلسەلتەنە وئـەمیر جـەنگ لەوێـدا ئامـادە بـوون، بـە تووڕەییـەوە هاتمـە دەرەوە وووتم هەر ئێستاكە دەنێرم كە سەردار ناسر وسـوارەكان بگەڕێنـەوە. دوای چـەند خولـەكێك شـەهاب ئەلـسەلتەنە گەیـشتە لام وپـسوڵەی دە هـەزار فیـشەكی كـە فەرمانفەرما نووسیبووی دا بە دەسـتمەوە. فیـشەكەكانم وەرگـرت وبۆیـانم ڕەوانـە كرد.

ئەو سوارانەی كە لەگەڵ زامارەكاندا هاتبوون لـە وەزعـی خۆیـان ئاگادارمیـان كرد. لە بەختیارییەكان وموجاهیدینـەكان كۆمـەك ویـاریم داوا كـرد. سـەد وپـەنجا سـواری شـەهاب ئەلـسەلتەنە لەگـەڵ سـەد وپـەنجا سـوار لـە موجاهیدینـەكان بەسـەركردەیی "گریگـۆ" بـۆ یـاری كەوتنـە ڕێ و خـۆمیش پێشتر لـەوان بەچـەند سوارێكەوە كە لەگەڵمدابوون بەپەلە كەوتمە ڕێ كە گەیـشتمە بێـستون بینـیم، كـە سەردار ناسر وسـالار زەفـەر خـەریكی كۆكردنـەوە وڕێزكردنـی مـەیتی پیـاو خـراو وجەردەكانن. نزیكەی سی كەس لە هۆزی كاكەوەند كوژرابوون، ئاشكرابوو لەگـەڵ هەتاو دەرچووندا كاتێ كە جەردەكان سەرقاڵی تالآنی بوون سەردار ناسـر وسـالار زەفەر بەو سوارانەی كە لەگەڵیانـدا بـوون لـە دوولاوە هێرشـیان بردبـووە سـەریان وبەسەختی دەیان شكێنن وزۆربەی تالآنیەكەیان لێ دەسێننەوە.

كـاتێ كـە سـوارەكانی بەختیاریوموجاهیـدەكان گەیـشتن، كـە ڕیـز وژمـارەی مەیتی جەردەكانیان بینی دەست خۆشی وپیاهەڵدان وستایشێكی فراوانیان كرد.

سـەركردەكانی بەختیاریوموجاهیدینـەكان پێـشنیاری سـەركوتكردنی هـۆزی كاكەوەنـدیان كـرد. سـبەێنێ زوو كەوتینـە ڕێ. تـانزیكی "هەرسـین" ئـەوەی كاكەوەنـد بـوو لـەڕێگادا بەشـێوەیەك سـەركوتكران ئـیتر توانـای دەسـت درێـژی

وجەردەییان پێنـەکرێت. ئـەم سـەرکەوتنە گەورەیـەی کـە سـەردار ناسـر وسـوارە دلێرەکانی سەنجاوی لەگەڵ موجاهیدینەکان وبەختیارییەکانـدا بەدەسـتمان هێنـا، بووە هۆی بتر بوونی ناو وحەیسییەتی ئێمە.

هەروەك داودخان دوژمنـی گـەورە وسەرسـەختی مەشـروتییەت لـە خۆرئـاوادا لەبەین چوو بوو، بـەڵام سـالار ئەلدەولـە هێـشتانە هـەر لـەو دەڤەرانـەدا خـەریکی گەندەڵی وفیتنە وفەساد بوو.

لەحەقیقەتدا ئەگەر یارمەتی وخزمەتی سەنجاوییەکان نەبووایە فەمانفەرماڵـەم سەفەرەیدا نەیدەتوانی وەکو پێویست سەرکەوێت وجێ پێـی بکاتـەوە، بەتایبـەت ئەو کاتەی کە لە نێوان ئەو وموجاهیدینەکان دووبەرەکی ودژایەتی پەیدابوو.

## دوا هەوڵدانی یارمحەمەد خان

هۆی تێکچوونی نێـوان فەرمانفـەرما وموجاهیدینـەکان وبەختیارییـەکان چـەند خاڵێك بوو:

یەکەم: ئەو وەکو وێنەری حکومەتی مەشروتییەت باوەڕی بە مەشروتییەت نـەبوو، وەکو شێوەی فەرمانڕەوا وحوکمڕانە موستـەبیدەکان و ڕەوشـی حـوکمڕانی چـەند سـاڵێك لەمەوبـەری خـۆی دەجوڵایـەوە، وخـەریکی بترکردنـی سـامانی خـۆی وفراوانکردن وسەندنی موڵکی نوێ بوو، ولەگەڵ موستەبدینە ناوخۆییەکاندا پتر لـە ئـازادیخوازان نـزیکتر ونەوازشـتیانی دەکـرد، وبەبەهانـەی نـەبوونی پـارە وپـول و نەقدینـە موچـەی موجاهیدینـەکانی نـەدەدا، وئـەوانی دەخـستە تەنگانـە وتـەنگ وچـەڵەمەوە. ولەهـەمووی گـرنگتر موجاهیدینـەکان وبەختیارییـەکان لـە ڕەوشـی حکومەتی مەرکەزی سەبارەت بە داخستنی ئەنجومـەنی نوێنـەران یـەکجار نـاڕازی بوون بەم بەهانەوە وبەنیشانەی ئیعتیراز وناڕەزایی کرماشانیان جێهێڵا وبـۆ تـاران ڕۆیشتن.

بـەڵام چـونکە هێـشتانە سـالار ئەلدەولـە لـەو دەوروبـەرەدا بەتایبـەتی لـە کوردسـتان ولورسـتاندا دەجوڵایـەوە فەرمانفـەرما دەسـت بـەدامێنی حکومـەتی مەرکەزی بوو، وبـەو بەڵێنـەوە کـە لـە تـاران پێیـان درابـوو سـەبارەت بـە دەسـت پێکردنـەوەی هەڵبـژاردن ونـاردنی موچـەکانیان موجاهیدینـەکان وبەختیاریـەکان

گەڕانەوە بۆ کرماشان. بەڵام لەم بەینەدا دژایەتی ودووبەرەکی توندتر لە نێوان موجاهیدینەکاندا پەیدا بووبوو.

ئەرمەنییەکان بەتایبەت سەرۆکە نوێیەکەیان "کەری خان" سەبارەت بە یار محەمەد عەلی خان خەراوی دەڕوانی وکێبرکێ وململانێیەك لەنێوانیاندا دەستی پێکردبوو. وادیارە کوشتنی سەردارە گەورەکەیان یەفرەم خانیان دەدایە پاڵی ئەو وئەویان تۆمەتبار دەکرد.

هەرچی بوو یار محەمەد خان وحوسەین قولی خان ومسیەب خان لەگەڵ سێ سەد موجاهیددا لەئەوان جیابوونەوە. یار محەمەد خان لەگەڵ سالار ئەلدەولەدا پەیوەندی پەیدا کرد وبەڕووکەش بەڵێنی لێوەرگرت کە پەیڕەوی مەشروتییەت بکات. سالار ئەلدەولە لە ڕێگای یەکێك لە موتمانە پێکراوەکانیەوە کە سالار موزەفەری سنەیی بوو، مەبلەغێکی بەرچاوی بۆ یارمحەمەد خان ڕەوانە کرد وکردیە سەرکردەی هێزەکانی خۆی، وەکو باس دەکرا بەڵێنی سەرۆك وەزیرانی پێدابوو.

یار محەمەد خان لەگەڵ موجاهیدینەکانی هاوڕێیدا خۆی گەیاندە گوندی "لائین" و لە سنەدا خۆی گەیاندە سالار ئەلدەولە وکەوتە کۆکردنەوەی هێز. لە سەرجەم دەڤەرەکانی کوردستان لەپاوە وجوانرۆ وئەورامان وتایفەکانی گەشکی ومەنمی وسەقزی وبانەیی نزیکەی دە تا پانزە هەزار سوارەو پیادەی چەکدار وبێ چەك لە دەوروبەریان کۆبوونەوە.

لەیرادا پێویستە سەبارەت بە یارمحەمەدخان بلێم کە بێ گومان ئەو زاتە یەکێ لە جەوامێر وسەردارە ناودارەکانی مێژووی ئێرانە کە پێویستە هەمیشە ناوی بەچاکە باس بکرێت. وئەو لەنێوان خەڵکەوە هەڵسا وخۆی پێگەیاند کاروپیشەی پێشووی سەوزە فرۆشی بوو. لەشەڕەکانی مەشروتییەتدا کاتێ ستار خان لە تەبرێزدا لەبەرامبەر دوژمناندا ڕاوەستابوو، ئەو وحوسەین خان تەنیا کەسانێ بوون کە هاتنە یاری موجاهیدینەکانەوە وخۆیان گەیاندە تەبرێز. دلێری وئازایی ئەو لە تەبرێز وئەردەبێل وتاران وساوە وکرماشاندا بەناوبانگە. هەروەك نەخوێندەوار بوو بەڵام لیاقەتی سەرکردایەتی وسەردارێتی تێدا بوو. ولەگەڵ ئەنجومەنە نهێنیەکانی تاراندا پەیوەندی هەبوو، ودیموکراتخوازە توندڕەوەکان

پشتیوانییان لێ دەکرد ودەیانپاراست. هەروەك حكومەتی مەركەزی وحكومەتی ئەیالەتی خۆشیان نەدەویست ونەوازشتیان نەدەكرد، بەڵام لەنێو خەڵكی ڕەمەکی و سادەی شاردا خۆشەویستییەکی تەواوی هەبوو، هەروەك لەبەرئەوەی لەنێوان چینی هەژارەوە هەڵقولابوو حەسود وململانێکەرێکی زۆری بۆ پەیدا بووبوو. تا ئەو ڕادەیەی شیعرێکیان بە گۆرانی سەبارەت بە ئەو هۆندبۆوە ولە گۆڕەپان وکۆڵان وبازاڕی شاردا دەیانخوێندەوە، شیعرەکەیش بەم مانایە بوو:

**ئەگەر جلێکی تورمە بپۆشی**

**هەر ئەو یارمحەمەدەی سەوزە فرۆشی.**

جگە لەمانە هاوکاری ئەم دواییەی لەگەڵ سالار ئەلدەولەدا، ئەگەر نەڵێم خیانەت بوو هەڵەیەکی یەکجار گەورە وبێ مایە وئەساس بوو، وادیارە لە ڕووی بێ دەرەتانییەوە ئەم کردەوەیەی لێوەشایەوە.

یار محەمەد خان نامەیەکی درێژی بۆم نارد و وتبووی کە ناسر ئەلمولك لە تاراندا خیانەت بە مەشروتییەت وئێران دەکات ولەگەڵ بێگانەکاندا ڕێککەوتووە وئەنجومەنی نوێنەرانی داخستووە ونایەوێ جارێکی تر بیکاتەوە، فەرمانفەرمایش حوکمڕانی خۆرئاوا پیاوێکی موستەبیدە ودوژمنی ئازادیە وخزمەتکاری رووسەکانە، بەڵام سالار ئەلدەولە دەستی لە دوژمنایەتی مەشروتییەت کێشاوەتەوە و بە دەستمانەوەیە، ئێستاکە کاتی ئەوە هاتووە جارێکی تر ئازادیخوازەکان و وڵاتپەرستەکانی ئێران جارێکی تر هەڵسن وڕاپەڕن. بەم جۆرە منی بانگهێشتی پەیوەندی لەگەڵیاندا کردبوو. بەڵام من لەسالار ئەلدەولە قین ورقم دەهاتەوە. لەهەموو هاتن ورۆیشتنەکانیدا بۆ کرماشان هەرگیز نەچوومە لای وئامادەی بیستنی ناوی نەبووم.

یارمحەمەد هەروەك لەنییەتەکەیدا ڕاست بوو، ڕێی تێدەچێ بە فەرمانی هەندێ لە ئەنجومەنە سیاسییەکانی تاران دەجوڵایەوە. بەڵام بە بۆچوونی من ئەم کردەوەیەی بە زیانی وڵات تەواو بوو. وەڵامێکی درێژم بۆ نووسییەوە و ووتم کە ئەم ڕێگایە لار وچەوتە، تۆ سالار ئەلدەولە دەناسی کە چەند دژایەتی سەبارەت بە مەشروتییەت لێ وەشاوەتەوە وچەند خوێنی ڕژاند وچەند تاڵان وبڕۆی کردووە. هاوکاری لەگەڵیا هەروەك بە نیەتی پاکیشەوە بێت خۆ ڕسواکردنە ئەگەر هەندێ

له سیاسیەکانی تاران فەرمانیان پێدا بیت لەگەڵ ئەوەیشدا نابێت ئەم کارە ئەنجام بدەی، ئەوان لەبیری تۆدا نین ئەگەر ڕۆژێك دادگا ولێ پرسانەوەیەك هاتە پێشەوە، دەڵێن یار محەمەد خان ڕاستەوخۆ ئەم کارەی کردووە. ئەگەر لەسەر بڕیاری خۆت وموجاهیدینەکان لە حکومەتی مەرکەزی دابڕابی ئەگەر سەریش نەکەوی ناوی ڕاست وچاکتان بە پاکی و خاوێنی دەمێنێتەوە، وهەمووان تۆمان بە وڵات پەرست وفیداکاری ئازادی دەژمێرن. بەڵام ئێستاکە دەستت خستووەتە نێو دەستی سالار ئەلدەولە وبانگهێشتی کردووی بۆ لای خۆی، خەڵکی تۆ بە کاسەلێس وبێ بیروباوەڕ وهەلپەرست وبەشوێن شەڕوشۆڕدا گەڕاو دەناسن. باش بیربکەرەوە کە ئەم کردەوەکەی تۆیە ئێستا لەگەڵ کردەوەکەی داودخانی کەلوردا چی جیاوازییەکی هەیە..؟ دوای ئەم هەموو گیان بەخت کردن وفیداکارییە لەڕێگای مەشروتییەت دا ڕەوای حەق نیە کە ڕەوشەکەی داودخان بگریتە بەر وئەم کردەوەیشە ئازادیخوازی ناو بنێیت.

دوای ئەم وەڵامە یار محەمەد خان لە من ئومێدی بڕی ودەستی لە نامە نووسین هەڵگرت، بەڵام پڕوپاگەندەکەی لەنێوان بەختیاریەکان وموجاهیدینەکاندا کاریگەری خۆی هەبوو. زۆربەیان بەوپەڕی نیگەرانی وناڕەحەتییەوە کە ڕۆژ بەڕۆژ بترتر دەبوو لە ڕەوشی فەرمانفەرما ودەوڵەتی مەرکەزی شەڕ لەگەڵ هاوسەنگەرە پێشووەکەیاندا بە ڕاست نەدەزانی.

بەم شێوەیە سالار ئەلدەولە ویار محەمەد خان بە خەڵکێکی زۆر ومەزنەوە لە دوا دوایی هاوینی ساڵی ١٢٩١ هەتاوی/ ١٣٣٠کۆچی ڕوویان کردە کرماشان. فەرمانفەرما سەردار ناسری برامی بۆ شار داوا کرد باوکمیش بە سوارەکانیەوە ئامادەبوون. دوو سەد سواری تری سەنجاوی خۆیان گەیاندە هێزەکەمان ئەم جارە لەدەرەوەی شار شەڕێکی گرنگ ڕوویندا. لەشکرە فراوان وبەرەڵاکەی کوردستانی کاتێ بەرگرییەکیان لەبەرامبەر خۆیاندا نەدی بە هەلهەلە وهاوارەوە وەکو کوللە لە دەوروبەری باغەکانی شاردا بڵاوبوونەوە. فەرمانفەرما خۆی لە پەنای حکومەتدا دامەزرا بوو. جگە لە سوارە ئەسەد ئابادیە تایبەتیەکانی، بەهێزێکی قۆزاق ودوو تۆپ ومەتریلوزیکەوە، هەروەها هێزی باوکم وجەهان بەخش خانی گۆران لە خزمەتیدا بوون.

بەختيارييەكان لەشوێنی خۆياندا وموجاهيدينـە ئەرمـەنی وموسـوڵمانەكان لـە شوێنەكانی خۆياندا سەنگەريان گرتبوو.

سەردار ناسری برام لەگەڵ سوارەكانيدا لە ناوچەی "چـنانی"دا دامـەزرا بـوو. من وسالار زەفـەر بـە سـوارەكانمانەوە لـەنێوان موجاهيدينـەكان وبەختياريەكانـدا بوين، يار محەمەد خان وموجاهيدينـە لايـەنگرەكانی هێرشـيان هێنـاوە نـاوەرۆكی شارەوە.

ئەم جارەيش مەحمود خانی "فەتح ئەلئەيالـە" كـوڕە گـەورەی فـەروخ خـانی عێلخانی لە محەلەی بەرزە دەماغدا ڕێی شاری بۆ هێرش كەران كردەوە.

يـار محەمـەد خـان هـەروەك شـەوی پێـشوو گوولەيـەك دابـووی لـە سـنگی وزامەكەی بەستبوو، دلێرانـە وبـێ باكانـە كەوتـە پێـشەوە وبەشـێكی زۆری شـاری داگيركـرد تـا خـۆيی گەيانـدە مەيـدانی "دار الحكومـە" شـوێنی فـەرمانڕەوايی لەوبەرزاييەدا كە بە "تُرە" ناودەبرێت هاتە سەرەوە، ئەم بەرزاييە دەكەوتـە دوای سـاختمانەكانی حكومەتـەوە. چـەكدارەكانی دەوروبـەری فەرمانفـەرما كـە لـە ساختمانەكانی حكومەتدا بـەرگرييان دەكرد شكستيان هێنـا وكەوتنـە هـەڵهاتن. فەرمانفـەرما زەبـوون وپەرێـشان بـوو بـوو، كـەوتبووە بـيری ئـەوەوە ببێتـە پەناهەنـدەی كونسولگەری عوسمـانی، بـەڵام بـاوكم وهەنـدێ لـە هاوڕێكـانی لـەم بڕيـارەی پەشـيمانيان كـردەوە. بـاوكم وجەهانبـەخش خـانی گـۆران هـانی چەكدارەكانی دەوروبەريان دەدا، خۆيان ڕاگرن وبەری لێشاوی يار محەمەد خانيان گرت وهەتا چوار ڕێيانی بازاڕ پاشەكشەيان پێ كردن.

يار محەمەد خان دووبارە هێرش دەهێنێتەوە، لەم بەينەدا فيـشەكێكی يـەكێك لـە سـوارەكانی جەهانبـەخش خـان لـە تفـەنگێكی قوڕقوشمينـەوە لەسـەری يـار محەمەد خان دەدات وكۆتايی بە ژيانی پڕ لە تەلاشيی دلاوەرێكی ئێرانی دەهێنـێ. هاوڕێكـانی كـاتێ سـەركردەكەيان بـە كـوژراوی دەبينـن، هەڵـدێن وپـەرت وبـڵاو دەبنەوە.

سەردار ناسر بە دوو سەد سـوارەكەيەوە لەناوچـەی چـنانی هێـرش كـەرەكان ناچـار بـە پاشەكـشە دەكـات. مـن وسـالارزەفەر لەگـەڵ سـوارەكانماندا لـەنێو

موجاهیدینەکان وبەختیارییەکاندا هێرشمان بردە سەر تەپەی فەتحعەلی خان ئەو تەپەیە لەگەڵ تۆپێکدا کە لەوێدا دامەزرابوو، داگیرمان کرد.

لەهێزەکەی دوژمن سوارەکانی وەلەدبەگی وباوەجانی وعەبدولآخانی کەلور وکەشکیان وحوسەین قولی خان وموسەیەب خانی موجاهید بەرەودلگشا ڕۆیشتن و لەشار چوونە دەرەوە، و بەدەستی سوارەکانی بەختیاری موجاهیدینەکانی "کەری خان" سەرکوت کران.

سوارە وپیادەکانی جوانڕۆ وکوردستانی لە دەروازەی جولەکەکان وقەساوخانەوە هەڵهاتن وکەوتنە بەر لێشاوی ئێمە وزۆربەیان کوژران کە لەنێوانیاندا عەبدولکەریم بەگی وەکیلی جوانڕۆ وچەند کەسێك لە بەگزادەکان دەبینران. وگروهێکی زۆر لە سوارە وپیادەکانیان چەککران ونزیکەی حەوت سەد کەس لە پیادەکان لەناو شاردا ولە هەر دوو کاروانسەراکەدا بەدیل گیران. ئاخرین شەڕی سالار ئەلدەولە بەم شێوەیە دوایی هات. ئەوئەمجارەیش وەك ئەفراسیاوی تیژڕاکەر لە مەیدانی شەڕ هەڵهات. بەڵام بەبۆنەی ئەوەوە سەردارێکی ئازا ودلێری ئێرانی سەدان بەڵکو هەزار هەزاری کرمانج وشوانی بەدبەختی کوردستانی جەنازەکانیان بە گەنیوی لەمەیدانی شەڕەکەدا مایەوە. دە تا پانزە ڕۆژ دوای شەڕەکەیش لە باغەکانی کرماشاندا دەدۆزرانەوە ودەیانسپاردنە خاك.

دوای ئەم پیرۆزی وسەرکەوتنە فەرمانفەرما میوانداریيەکی گەورەی بە شانازی سەرکردەکانی لەشکرەکەیەوە ڕێکخست، و لێپرسراوە بیانیەکان وبەرپرسانی حکومەت وهەندێ لە بەڕێزانی شاری دەعوەت کرد. ولە فیداکاری وئازایی موجاهدین وبەختیاریەکان وقۆزاق وهۆزەکانی سەر بەدەوڵەت بەتایبەت سەنجاوییەکان قەدردانی کرد.

دوای ئەمە کەوتە هەوڵی دەستگیری وگوێ پروانی مەحمودخانی فەتح ئەلئەیالەوە، کە لە دوو جێگاوە ڕێگای بۆ لەشکرەکەی سالارئەلدەولە کردبۆوە. هەر ئەو کەسەی کە لە دەورەی حکومەتی ئیقبال ئەلدەولەدا جەردەیی دەکرد ومنیش بەرپرسی سەرکوت کردنی کرابووم. مەحمود خان توانیبووی لەگەڵ هەندێ سواردا لە شار هەڵبێت. فەرمانفەرما کەوتە دوای ولەگوندی "بیەڕەش-سیاە بید"ی نزیك شاری بیستوندا پێی گەیشت. مەحمود خان دووبارە توانی

هەڵبێت بەڵام کوڕە ئـازا وجوانخاسـەکەی "شـاروخ خـان" کـوژرا. ودوو کـەس لـە هاوڕێکانیشی بەدیلی گیران وبەفەرمانی فەمانفەرما کوژران. بەڵام فـەتح ئەلئەیالـە بووە پەناهەندەی نەزەر عەلی خانی پـشتکۆیی وبـە مـەیانگیری ئـەوەوە بـە دانـی مەبلەغی یانزە هەزار تووماِن لە گوناهی خۆش بوون، وبەرپرسی پاراستنی بەشێك لە ڕێگای سەرەکی لەگەڵ موچـەی دوانـزە سـواردا بـۆی تـەرخان کـرا. ئەمـە بـوو ڕەوشی فەرمانفەرما نوماینـدەی سەرکەوتوویی مەشروتییەتی ئێران.

## ململانێی ئێمە وفەرمانفەرما

شەڕ وشۆڕی سالار ئەلدەولە دوایی هات سەرئەنجامەکەی کـوژرانی داودخـان، عەلی ئەکبەر خان عێلخانەکانی کەلور وسلێمان خانی شەرەف ئەلمولکی ئـەردەڵان وبەرپرسی تایفەکانی جاف وعەبدولکەریم بەگ وەکیـل وسـەرۆکی عێلـی جـوانڕۆی جـاف ولەشـاردا ئـەعزەم ئەلدەولـە حکـومڕانی کرماشـان وکورەکـەی فـەخیم ئەلسەلتەنە وئیعتـیلا ئەلدەولـە وحوسـەین خـانی مـوعین ئـەلرەعایا وئەکبـەرخانی موعینی ولەهەموویان گرنگتر سەرکردە وموجاهیدی دلێر وئازای ئێران یار محەمەد خان وهەزاران کەس لە خەڵکی ناودار ویا نەناسراوی هۆزە وتایفەکان کـە لـەبیابان ودەشتەکانی ساوە وکرماشاندا کرانـە ژێـر خاکـەوە. جگـە لەمـە چـەپاوڵ وتـاڵانی بازاڕەکان وسەدان بنەماڵەی کۆنی شارەکان و وێران کردنی تەواوی شارۆچکەکان، ئەمە بوو دەستکەوتی ئەو خەڵکە لە ئەیالـەتی کوردسـتان وکرماشـاندا لـە مـاوەی کـەمتر لـەدوو سـاڵدا بـەهۆی شـەڕ وشـۆڕ وبـەرزە فـڕی ئـەم شـازادە شـووم ونەگبەتەوە.

دوای چـەند مانگێـك پـاش تـەواوبوونی یـاغیبوونی سـالار ئەلدەولـە موجاهیدینەکان وبەختیاریەکان گەڕانەوە وفەرمانفەرما لـە جێگـەی خۆیـدا جـێگیر بـوو. چـونکە پـاش کـوژرانی داودخـان وبەتایبـەت بـەهۆی هاوکـاری لەگـەڵ موجاهیدینە بەختیاریەکاندا هۆزی سەنجاوی لەنێوان تایفـەکانی کرماشـاندا پلـەی یەکەمی بەدەست هێنابوو. فەرمانفەرما لـە هـەمووی پترتـر بـاوەڕی بـە ئێمـە بـوو ونەوازشتی سەبارەت بە بنەماڵەکەمان دەنواند.

باوكمی دووباره بۆ قەسری شیرین ڕەوانە كردەوە وقاسم خان سەردار ناسری برامی نارده سەنجاوی سالار زەفەری برا بچووكمانی كرده بەرپرسی سەرپێلی زەهاو وسولەیمان خانی سالار موقتەدری برازامانی كرده بەرپرسی پاسەوانی سنووری قەڵا سەوزی، بەڵام داخوازی لەمن كرد لە شاردا بمێنمەوە وهەموو ڕۆژێك لە دار ئەلحكومەدا بگەمە خزمەتی. زۆربەی كاروباری عەشایری بە ڕاوێژی من ئەنجام دەدا. منیش بەوپەڕی ڕاستی ودڵسۆزییەوە بۆ پێشخستنی كارەكان ولەناوبردنی گیروگرفت وكێشەكان وئاسان كردنی كارو داخوازی تایفەكان هەوڵ وتەقەلام دەدا. لەگەڵ ئەمەشدا هەستم دەكرد كە شازادەی حوكمڕان سەبارەت بە من دڵ ڕەشە ولەنێوانماندا ساردییەك هەیە ودوورین لە یەكەوە.

كاتێ كەبەختیارییەكان وموجاهیدینەكان لەوێ بوون لەنێوانیاندا بڵاوبووەوە كە فەرمانفەرما لەسەر بڕیاری ڕوسەكان بووەتە والی هەموو ناوچەی خۆرئاوا، چونكە كرماشان بەپێی گرێبەستی شوومی ١٩٠٧ كە لەنێوان دەوڵەتی ڕووس ئینگلیسدا بەسترا بوو، كەوتبوە بەشی دەسەڵاتی ڕووسەكانەوە.

نێوانی فەرمانفەرما وشەهاب ئەلسەلتەنە ئەمیر جەنگ وسەركردەكانی موجاهیدینەكان خۆش نەبوو. هەتا پێیان گوتبوو كە دوو كەس لە بەختیارییەكان وئەرمەنیەك بەناوی ئەرشاك دەست نیشان كراون بۆ كوشتنت.

چونكە من لەگەڵ سەكردەكانی بەختیارییەكاندا یەكجار دۆست بووم وشەو وڕۆژ بەیەكەوە بووین، ڕۆژێك لە زمنی قسەدا لە منی فەرمانفەرما داخوازی لێم كرد كە هەواڵی مەجلیسەكانی بەختیارییەكان وموجاهدینەكانی پێڕاگەیەنم، منیش بێ ڕاوەستان گوتم: ئەگەر هەواڵ وقسەكانی ئەوان بگەیەنمە خزمەتی پایەبەرزتان، بێگومان قسەكانی جەنابتانیش بۆ ئەوان دەبەم، جگە لەمەش من كاری سیخوڕیم بەكارێكی پەست ونزم دێتە بەرچاو، لەگەڵ سەركردەكانی بەختیارییەكاندا دۆستم وهەرگیز ئامادە نیم دژی ئەوان قسە بهێنم وببەم. ڕەنگی تێكچوو وڕەش داگەڕا وشتێكی نەوت. بەڵام هەمیشە نیگەران بوو، نەوەك من ئەم قسەیەی بگەیەنمە بەختیارییەكان.

دوای ڕۆیشتنیان لەم بارەیەوە لای باوكم گلەیی لێم دەكرد، دوای ڕۆیشتنی باوكم بۆ قەسری شیرین نزیكەی چل ڕۆژ لە كرماشاندا مامەوە، بە پێچەوانەی

چاوەڕوانیم ئەمدی ڕۆژ بەڕۆژ نەوازشت ولوتفی فەرمانفەرمان سەبارەت بە من زیاتر دەبێت، ومن لەهەموو کێشە ورووداوە عەشایرییەکاندا بەشداری دەدا وقسەکانمی دەسەلماند. تا ڕۆژێ نزیکەی سەعات ونیمێ پاش نیوەڕۆ خزمەتکارێ هاتە ماڵمان وپێی ڕاگەیاندم کە شازادە دەیەوێ بتبینێ. منیش بەپەلە بۆ "دار الحکومە" ڕۆیشتم. ماڵی تایبەتی فەرمانفەرما لە ساختمانی بیدستاندا بوو، هاتنی منیان خەبەر پێدا.

لەسەر ویستی خۆی چوومە هۆدەکەیەوە، بینیم هالمە هۆدەی تایبەتی فەرمانفەرمادا شازادە بەجلی خەوەوە نزیکی بەرماڵێك دانیشتبوو خەریکی دوعا خوێندنی دوای نوێژ بوو، قورئانێکی پیرۆز لە پاڵیا دانرا بوو. دوای نیو سەعاتێ لە نەوازشت وخۆیەتی نیشاندان قورئانەکەی بەرزکردەوە ولاپەڕەکانی هەڵداوە و وتی خوێندەواریت ووتم بەڵێ بەئەندازەی خوێندنەوە. سەیرکە ئەم سورەتە سورەتی "بەرائەتە" بە حەقی ئەم قورئانە حەز دەکەم تۆ زۆر پێشبکەویت، بێ پەردە پێت دەڵێم ئەمەوێ تۆ لە حوکمداری ڕۆژئاوادا بەشدار بکەم، بەشێوەیەك هەم بۆمن وهەم بۆ تۆ کەسێك نەتوانێ لەسەر کارمان لا بەرێت. منیش لەبەرامبەر ئەم مەحەبەت ونەوازشتەیدا سەری نەوازشتم هاوردە خوارەوە. ووتی تێگەیشتیت چۆن ئەبێت کە حکومەتەکەی من لەخۆرئاوادا دەستکاری نەکرێت ونەمگۆڕن. ووتم نەخەیر. ووتی هەر بەو شێوەیە کە حاجی سەمەد خانی موراغەیی لە ئازربایجاندا سەربەخۆ بووە.

بە بیستنی ئەم قسەیە یەکبارە خوێنم گەرم بوو هاتە جۆش نزیك بوو لەبەر گەرما وهاتوچۆی خوێن ببورێمەوە. ئەم قسەیە لە کاتێکدا کردی کە ڕووسەکان سەمەد خانی خوێن خۆرو خائینیان بەسەر ئازربایجاندا سەپاندبوو وئەمیش لە خزمەتیاندا باری ئەم هەموو پیاوکوژی وجینایەتەی گرتبووە ئەستۆوە، دڵی هەموو ئێرانیە وەتەن پەرستەکانیان داغدار وزویر کردبوو، لەگەڵ ئەمەیشدا ترسام بەرتەکی نیشان بدەم چونکە ئەگەر بەپێچەوانەی ویستی فەرمانفەرما قسەیەکم بکردایە دووچاری زەحمەت وناڕەحەتی دەبووم، ناچار بێ دەنگ بووم.

ئەو لەوبڕوادا بوو ئەم نەوازشت ومەحەبەت نیشاندانە منی بەتەواوەتی بەرەو خۆی ڕاکێشاوە. بەدوای یەکدا سوێندی بە قورئان دەخوارد کە من دەکاتە بەشدار

له حوکمڕانی خۆرئاوادا وهەموو کاروباری عەشایریم دەداتە دەستەوە. بۆ دڵنیا کردنم ووتی تۆ نابێت بترسیت، ئەگەر من لە پێشکەوتنم و وەزعی بتەوم دڵنیا نەبم دەستم نەدەدایە ئەم کارە گەورەیە. ئەگەر حاجی سەمەدا خان بەشێك لە وولاتی بۆ خۆی بردبێ بۆچی من نەیبەم؟ بەڕاشکاوی دەڵێم ئەم ناوچەیە لە ژێر دەسەلاتی ڕووسەکاندایە. ئەوان بەڵێنی سەربەخۆیی هەمەدان وکوردستان وکرماشانیان بەمن داوە، دەولەتی ئێران لە توانایدا نیە لەشکر بنێرێتە سەرم. ئەگەر بەختیارییەکان دژی من بجولێنەوە منیش بە هێزی ئێوە بەرەنگارییان دەکەم. بۆ زۆرتر دڵنیا کردنم سندوقێکی ئاسنینی کە نزیك شوێنی خەوتنەکەی بوو هاوردە پێشەوە ودەرەکەی کردەوە وئالایەکی ڕووسی هاوردە دەرەوە و ووتی سەیرکە ئەگەر کارەکە بەرەو دژواری ڕۆیشت و دەرەتانم نەما ئەم ئالایە بەسەر ماڵەکەمدا دادەکوتم وبەرزی دەکەمەوە وئەو کاتە دەولەتی ئێران توانای قسەکردنی نامێنێت. من نیەتی خۆمم بێ پەردە بەڕاشکاوی بۆت ڕوون کردەوە. تۆیش بیری خۆت بکەرەوە وسوێندم بەم قورئانە بۆ بخۆ. لەوەلامدا ووتم ئەگەر ئەم کارە هەر بە منەوە پەیوەندی بێت ئامادەم ولە خزمەتدام بەلام بەتەنها توانای ئەم خزمەتەم لە وزەدا نیە، ئایا حەزرەتی پایە بەرزتان لەم بارەوە لەگەڵ سەمسام ئەلمەمالیکدا گفتوگۆتان کردووە؟ ووتی نەخەیر، بەپێویستم نەزانیوە لەگەڵیاندا دانوستان بکەم، چونکە دەزانم قسەکەم ناگەڕێنێتەوە، هەروا لە قاسم خانیش دڵنیام بەلام لەتۆ دڵنیا نەبووم.

بە بینینی ئالا وبیستنی پەیوەندی فەرمانفەرما لەگەڵ ڕووسەکاندا دووچاری دڵگرانی وداڕمانێکی ڕۆحی بووم، بەلام چونکە بێ بڕوایی ودڵنیا نەبوونی خۆیی سەبارەت بەمن ڕوون کردبۆوە زانیم کەوتومەتە تەنگ وچەڵەمەیەکی گەورەوە، وپێویستە لەم بەلایە ڕزگارم بێت.

کەوتمە قسەی نەرم وبەسۆزکردن و ووتم دەربارەی نەبوونی دڵنیایی پایە بەرزتان سەبارەت بە بەندە پێویستە ئەم ڕاستیە بخەمە ڕوو بەندە هیچ کاتێ لە فەرمانی جەنابتان سەرپێچیم نەکردووە، هەرگیز بە پێچەوانەی خواست وفەرمانی باوکم وسەردار ناسری برام ناجولێمەوە. ئەگەر حەزرەتی بەرزتان لەوان دڵنیان پێویستە لەمنیش دڵنیابن. ئەم قسانەی کە فەرمووتان زۆر هەستیار وگرنگن

ئەگەر مەودام پێبدەی بگەڕێمەوە لەم بارەوە لەگەڵیاندا گفتوگۆ بکەم، دوای ڕازی بوونیان ئەگەڕێمەوە بۆ شار وبەهەر شێوەیەك بتانەوێ سوێند دەخۆم.

چونکە قسەکانمی سەلماند مۆڵەتی مەرەخەسی پێدام، منیش دوای دەرچوون لەدار ئەلحکومە بەپەلە لەشار چوومە دەرەوە وقسەکانیم بەتەوای بۆ باوکم وبراکەم گەڕاندەوە. بارێکی قورس لە غەم ونیگەرانی وناڕەحەتی نێو دڵمانی داگرتەوە. باوکم ووتی وەڵامێك لەم بارەوە مەدەرەوە ومنیش لەگەڵ خوای خۆمدا عەهد دەکەم هەتا فەرمانفەرما لە کرماشاندا بێت نەیبینم ونەڕۆمە خزمەتیەوە. ئەوەی لە توانامدا هەیە لە دژایەتی ئەو درێغی ناکەم. ئەوکاتە سرِی نوسراوەکەی یار محەمەد خان ویاغیگەرییەکەی هاتەوە یادم، هەروەك ڕەوش ورەفتای ئەم دواییەی ئەو خوالێخۆشبووەم نەسەلماندبوو، وا بزانم وا یەتە بەرچاوی خوێنەر کە ئەم قسانە بە ئەفسانە ودرۆ بژمێرێ، بەڵام بەشەرافەت وبە هەموو پیرۆزیەکانی ئەم جەهانە سوێند دەخۆم ئەمە هەر ئەو قسانەبوو کە فەرمانفەرما کردی وبیستم وبینیم، وهیچم بەپێچەوانەوە نەگێڕاوەتەوە و درۆیەك لە ئارادا نیە.

کاتێ پاشای وڵات محەمەد عەلی شا ئەمە ڕەفتاری بێت، کوڕەکانی پاشاکان وەك سالار ئەلدەولە وشوجاع ئەلسەلتەنە بن، شازادەکانیش دەبێت هەروەهابن و بیربکەنەوە، بێگومان لەوان چاکتر دەرناچن.

وابزانم ئەو ماوەیەك چاوەڕوانی وەڵام وهاتنم بوو، کاتێ کە ماوەیەك تێپەڕی دەسکەوتێکی نەبوو، سوور کەوتە بیری لەنێوبردنمانەوە ونارديە شوێن بارام ڕەشید ئەلسەڵتەنە سەرۆکی تایفەی قەڵخانی دا، ولەگەڵیدا گەێك نەوازشت ومەحەبەتی نواند. هەروا جەهانبەخش خانی زەرغامو ئەلسەلتەنە، سەرۆکی تایفەی تفەنگچی کە لە خزمانی ئەو بوون، کەوتە بەر لێشاوی نەوازشتی بۆئەوەی بیانکاتە دوژمنی ئێمە. بەڵام بۆ هێزێکی گونجاوتر سەبارەت بەدژایەتی ئێمە لەنێوان عێلی گەورەی کەلوردا دەگەڕا.

دوای کوژرانی داودخان سلێمان خانی کوڕی خۆیی بە وارسی باوکی وفەرمانڕەوا وسەرکردەی عێل دەزانی. بەڵام کوڕەزاکەی داودخان عەباس خان کوڕی جەوانمیر خان کە لەسەرەتاوە نازناوی سەردار ئیقبالی هەبوو ولەدواییدا بووە ئەمیر موعەزەم، ئیمجا خوسرەو مەخسوس چونکە باوکی لە ژیانی داودخاندا

فەوتی کردبوو بەپێی شەرع ویاسا لە میراتی باوکییەوە بەشێکی بۆ نەدەمایەوە، بەڵام ئەم عەباس خانە خۆیی بە لایقتر وشایستەتر وهۆشیارتر وعاقڵتر لە سلێمان خانی مامی بۆ حوکمڕانی وسەرکردایەتی عێلی کەلور دەزانی. لە کوێخا وسەرکردەکانی کەلور جەمعێ لەگەڵ ئەم وجەمعێ لەگەڵ ئەودا بوون، ئەم دووبەرکی وکێبەرکێیە بووە هۆی لەنێوچوونی سامان وسەروەتە بێ سنوورەکەی داودخان لەماوەی سێ وچوار ساڵێکدا خەزێنەی پارە وئاڵتون وزیوە بەناوبانگەکەی، هەروا وڵاخ وچوار پێ ومەڕو ماڵاتی کە لە دوو هەزار ئەسپ ومایین وهێستر وبیست هەزار مەڕ وبزن پتر تر بوو، بەفیڕۆچوون. بەشێك لە لیرەکانی کەوتە دەست فەرمانفەرما تا خامەی لێبوردن و بەخشین بەکاربێنێ بۆ سڕاندنەوەی تاوانەکانی عێل وبنەماڵەی داودخان بەهۆی هاوکارییان لەگەڵ سالارئەلدەولەدا.

فەرمانفەرما ناردیە شوێن سلێمان خاندا بۆ شار. ئەوی لەجێی باوکیدا دانا وئەوی بەنازناوی سەردار نوسرەت دوایش ئەمیر موعزەم وسەرکردایەتی عێلی کەلور سەربەرز وسەرفراز کرد، ئامادەی دژایەتیمانی کرد، ئێمەیش بۆلاوازکردنی سلێمان خان پشتیوانیمان لە عەباس خانی ئەمیر مەخسوس کرد. ویەکەم هەنگاومان سەبارەت بە یەکێتی ودۆستی ئەو مارەبڕینی دووبارەی غەزال ئەلسەلتەنە بوو بۆ حوسەین خانی سالار زەفەری برامان، هەر ئەو خانمەی کە لەپێشدا دەستگیرانی مارە بڕاوی براکەم بوو، خوالێخۆشبوو داودخان بەزۆر گرێبەستی مارەبییەکەی بەتاڵ کردبووەوە، ودابووی بەسەرۆکی تایفەی باجەلان، و لەو ماوەدا بێوەژن بوو.

لەسەر هاندان وخەڵەتاندن وفریوی فەرمانفەرما لەنێوان سەرکردە وکوێخاکانی کەلوردا دووبەرکی پەیدا بوو.

سلێمان خانی ئەمیر ئەعزەم دەستی برازاکەیی لە بەشداری لە کاروباری کەلوردا بەتەواوی کورت کردبووەوە. عەباس خان بۆ یاریوهاوکاری وپاڵپشتی هاتە ماڵەکانمان. ووتمە سەردار ناسر وسالار زەفەری براکانم کە فەرمانفەرما بڕیاری دژایەتی ئێمەی داوە، پێویستە ئێمە بەدڵ وبەگیانەوە هاوکاری عەباس خان بکەین.

کەوتینــە پتــەوکردنی یــەکێتی وبرایــەتی لەگــەڵ هۆزەکانــدا وکەوتینــە هێــز کۆکردنەوە. سەفەروخان سەرکردەی تایفەی نیرجی "نـیرژی" کـە ئەوکاتـە تـەنها دۆستێکی باوەڕپێکراوی ئێمە بوو لەنێو گۆرانەکاندا، ناردمانە لای جـەهان بـەخش خـان، سـەرکردەی تایفـەی تفەنگچی، وئـەو کـە لەگـەڵ ڕەشـید ئەلـسەلتەنەدا دووبەرەکی لەنێوانیانـدا هـەبوو، کردمانـە هاودەسـتی خۆمـان. سـەردار ڕەشـیدی ئەردەڵانیشمان بانگهێشت کرد کە ببێتە لایەنگیرمان وبەهێزەکەیەوە هاتە ماڵمان. ویـستمان ئـەو بکەینـە وەسـیلە ودەستپێـچێك بـۆ چـاککردنەوەی نیـوان سـلێمان خانوعەباس خان بیٚ شەڕ وخوێن ڕێژی، لەم بارەوە ئاگادار کراین کە فەرمانفـەرما وەکیل ئەلمولکی کرماشانی ناردۆتە لای سلیمان خان بۆئەوەی نەچـێتە ژێـر بـاری هیچ سولْح وڕێکەوتنێکەوە.

بەهۆی دۆستەکانمانەوە لە پایتـەخت ئاگـادار کـراین کـە وەزعـی فەرمانفـەرما چـاك نیــە، جگــە لــە دژایــەتی ئازادیخوازەکــانی تــاران ئینگلیــسەکانیش لەبــەر دووبەرەکانێیان لەگەڵ ڕووسەکاندا بیروباوەڕیان سەبارەت بە ئەو گۆڕاوە. زۆربەی نەوازشتی فەرمانفەرما لەگەڵ قەڵخانیەکاندا لەبەرئەوەبوو کە بازرگانی وئاسایشی ئینگلیسەکان لە کرماشاندا تێك بدات وبیخاتە مەترسییەوە.

دوای ئەم خۆ ئامادەکردنە بە هەزار وپێنج سەد سواریکەوە ڕۆیـشتینە هـارون ئابـاد (شـا ئابـادی ئیمـڕۆ). عـەباس خـانی ئـەمیر مەخـسوس لەگـەڵ خالۆکـانی ولایەنگرانی ودەست وپێوەندەکانیدا هاتـە ڕیزمانـەوە. کـاتیٚ سـەرقاڵی دانوسـتان سەبارەت بە سولْح وئاشتی بووین، لەشکری سلێمان خان ئـەمیر ئـەعزەم لـەناکادا هێرشی هاوردە سەرمان. کارەکە لە قسە ودانوستان تێپەڕیبوو چـونکە شەڕوشـۆڕ جێگەی گرتبووەوە.

لــە حەقیقەتــدا ئــازایی ودلێــری ســوارەکانی ســەنجاوی لــەو ڕۆژەدا لــە یادناچێتەوە. بـە غـیرەت وئـازایی وبوێرییـەکی وەهـاوە بـەرەنگاری هێرشـکەرانی کەلور بوونەوە، لەماوەی نیو سەعاتدا لە هـەموو لایەکـەوە کـەلورەکان شکـستیان هێنا. لە ئێمە چوار کوژراو ودە زامار بوون، بەڵام زیانی کەلورەکان وابـزانم بـتر لـە پـەنجا کـەس بـوو، وبەشـێك لـە هۆزەکـەیانیش تـالان کـران. سـلێمان خـان ئـەمیر ئـەعزەمو وەکیـل ئـەلمولکی نێـردراوی فەرمانفـەرما هـەڵهاتن لـەڕێی کاروانـە کێـو

وشەیاوە خۆیان گەیاندە کاروانسەرای مایدەشت. نزیکەی خۆرئـاوابوون لەبـەدوادا چـوونەوەی کـەلورەکان وازمـان هێنـا. فـەرمانمان دا دەوار وچـادر وشـت ومـەکی لەشـکرەکەیان لـە هـارون ئابـادەوە بـۆ زەوارە کێـو بگوێزنـەوە. هەرئـەو شـەوە تابـەیانی زوو تێکـڕا کوێخـا وسـەرکردەکانی کـەلور هاتنـە نێـو لەشـکرەکەمانەوە وبوونە هاودەست وهاوپـەیمانی عـەباس خـانی ئـەمیر مەخـسوس. ئـەو هاتـە نێـو تایفەکەیەوەو لەوێ جێگیر بوو. ئێمەیش فەرمانمان دا سوارەکانی سەنجاوی لەبەر دۆستی وهاوڕێیەتی ئەمیر مەخسوس تالآنییەکانیان بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێننەوە، بەڵام سەبارەت بەو تالآنەی کەوتبووە بەردەستی سـوارەکانی جەهانبـەخش خـان وسەفەروخان پێمان دانەگرت ولە سەری نەڕۆیشتین، چونکە هەر ئەوە بـووە هـۆی دوورگرتنیان لە فەرمانفەرما وسلێمان خانی ئەمیر ئەعزەم.

دوای دوو ڕۆژ ڕاوەســـتان لـــە زەوارە کێـــودا ســـەرکەوتووانە گەڕاینـــەوە ماڵەکانمان. بەگەیشتنمان لـە کرماشـانەوە هـەواڵمان پێگەیـشت کـە فـەرمانڕەوای خۆرئاوا بـۆ یارمـەتی سـلێمان خـان کەوتووەتـە کۆکردنـەوەی لەشـکر. کـەم کـەم هەواڵەکە بووە ڕاست ودوو فەوجی زەنگەنە وکرند کە لای کرماشاندا بوون بە تۆپ ومەتریلۆزەوە بە سەرکردایەتی سـەردار ئەلموعتـەزد جێگـری حـوکمڕانی ئەیالـەت گەیشتنە کاروانسەرای مایدەشـت وهاتنـەوە نێـو هێزەکـەی سـلێمان خـانی ئـەمیر ئەعزەمـەوە.ئێمـەش بـە هـەموو ئامادەییەکـەوە لەگـەڵ سـوارەکانی سـەنجاویدا کەوتینە جموجوڵ وهاتینە "کاشمە" سەرەتای خاکی کەلور. عەباس خانی ئـەمیر مەخسوس وسوارەکانی کەلوریش لەڕۆژی دواییدا هاتنە ڕیزمانەوە.

مـەوادی لەشـکری ئێمـە ولەشـکری نێـردراوی فەرمانفـەرما کـەمتر لـە دوو فەرسەخێك دەبوو. دوای نزیکەی بیست ڕۆژ لەشکرەکانمان لەوشوێنەوە بۆ گوندی "نامیوەند" گوێزرایەوە. کە یەك فەرسەخ لەپشت هێزەکـەی سـەردار موعتـەزدەوە بوو، و نزیکەی دوو فەرسەخ لـە شـار وفەرمانفـەرماوە نـزیکتر بـوو. بـەم شـێوەیە پەیوەنـدی ڕاسـتەخۆیان لەگـەڵ شـاردا تێـك چـوو، وئازووقەیـەکی تـەواویان پێنەدەگەیشت.

بەرەنگاربوونەوەی لەشکرەکان مانگ ونیوێك درێـژەی خایانـد. لـەم ماوەیـەدا شـەوو ڕۆژ سـوارەکان وکوێخـا وسـەرکردەکانی کـەلور یـان لـە ئـەمیر مەخـسوس

جیادەبوونەوە ودەچوونە لای سلێمان خانی ئەمیر ئەعزەم یان بەپێچەوانەوە لەو دادەبڕان ودەهاتنە لای ئەمیر مەخسوس. ئەم بێ بەڵێنی وپەیمان سستی یە دەتوانرێ لە سیفەتە خراوەکانی کەلورەکان بژمێردرێت.

هەموو مەخارج وسەرفیاتی لەشکرەکەمان، ئێمە، هەرسێ براکە گرتبوومانە ئەستۆ وهەتا مەخارج وموچەی خەڵکە هاوپەیمانەکانمانیش وەك سوارەکانی سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان وسالار ئەفخەمی کرند وجەهانبەخش خانی گۆرانیش بە ئەستۆمانەوە بوو.

لەشکرەکەمان بە نەزم وتەرتیب وباوەڕێکی بەرزەوە هەڵدەسووڕاند، بەپێچەوانەوە لەشکری بەرامبەرمان بەو ڕادەیە نێوانیان ئاڵۆز وخراو وتێك چووبوو دووجار بووە هەرایان وشەش کەسیان لە یەکتری کوشت. وابەناوبانگە لە ڕۆژی تێکچوونەکەدا سەردار موعتەزد بۆ پادەرمەیانی وئاشتکردنەوە چووبووە نێوانیانەوە، کاتێ ڕووداوەکە دەگاتە بەکاربردنی تفەنگ وفیشەك هەڵدێت، یەکێ لە کەلورەکان بە زمانی کەلوری پێی دەڵێت: "درگنە قاڵەکە قەومانیت وەکو چێت..؟"

لەم کاتەدا فەرمانفەرما کەوتە فێڵ وفریوەوە ئاغا ڕەحیم وحاجی ئاخوند لە مەلاکانی کرماشانی ناردە نێو لەشکرەکەمان کە ئامانجی ئەم شەڕو شۆڕە چی یە؟ وبەزمانی ئەوەوە ووتیان ئەگەر ئامانج لەم شەڕ وشۆڕە بەشداری عەباس خان لە حکومەتی کەلوردایە، من لەسەر ئەوە ڕازیم ولاریم نیە. براکان لەنێوان خۆیاندا لەگەڵ ئێوە وئاغاکاندا، لەچوارچێوەی خێرخوازیدا، هەربڕیارێ بدەن، منیش ئەو بڕیارە دەسەلمێنم ولام پەسەندە.

سەرئەنجام بەدانوستان وگفتوگۆ لەنێوان کەلورەکاندا وهاتن وڕۆیشتنی ئاغاکان بڕیار درا کە حکومەتی کەلور لەنێوان ئەو دوو ڕەقیبەدا بەدرێژەی سێ دوو دابەشبکرێت، بەو مانایە ٥/٣ ئەو حکومەتە بەشی سلێمان خانی ئەمیر ئەعزەم کوڕی داودخان بێت و٥/٢ ببێتە بەشی عەباس خانی ئەمیر مەخسوس نەوەی داود خان، ئێمەش بەرژەوەندی وقازانجی خۆمان لەم ڕێکەوتن ودابەشەدا دەبینی.

لەشکرەکان بڵاوەیان لێکرد وئێمەیش گەڕاینەوە بۆ ماڵ وخانەی خۆمان، بەڵام هەر زوو بۆمان ڕوون بووەوە کە سەرجەم ئەو دانوستان وبڕیاری سولح وئاشتیە لەسەر بناغەی فێڵ ودرۆ بووە. عەباس خانی ئەمیر مەخسوس لەگەڵ جەمعێ لە ڕێزدارانی تایفەی خالیدی کەلوردا وخالۆکانی خۆی هاتنە سەنجاوی و لەکرماشانەوە هەواڵ گەیشت کە فەرمانفەرما سەد سواری تایبەتی خۆیی لەگەڵ سلێمان خاندا ناردۆتە کەلور وبەفەرمانی ئەو نەزەر عەلی خانی ئەمراییشی بە سەد وپەنجا سوارەوە لەگەڵیاندا ناردووە بەو مەبەستەی کەلور داگیربکەن. ئەمیر مەخسوس کە ئەم هەواڵەی بیست پەرێشان بوو، وبۆ جاری دەووەم داوای کۆمەك و یاریمانی کرد وئێمەش یاریمان دا. حوسەین خانی سالار زەفەری برامان کە زاوای بوو لەگەڵ سەد وپەنجا سواردا ناردمانە هانایەوە. سالار زەفەر بە مەرجێ ئەم بڕیارەی قبوڵکرد کە هەڵبژاردنی سوارەکان بەدەست خۆی بێت، وسەدو پەنجا سواری لە چاکترین وناودارترین سوارەکانی خزمەتکار وهۆز هەڵبژارد.

هەروەها لە شارەوە هەواڵ گەیشت بەپێی بڕیاری فەرمانفەرما بڕیارە بەشێك لە سوارەکان وچەکدارەکانی قەڵخانیش بۆیارمەتی سلێمان خان ئامادە ببن. منیش بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەم هەواڵە پاشماوەی سوارەکانی سەنجاویم کۆکردەوە وجەهانبەخش خان وسەفەروخانی گۆرانم ئاگادار کردەوە وبەرەو قەڵخانی ڕۆیشتم. لەم کاتەدا بەداخەوە نێوانی ئێمە وبارام خانی ڕەشید ئەلسەلتەنە بەهۆی هاندانی فەرمانفەرماوە چاك نەبوو. کاتێ لەشکرەکەمان گەیشتە شوێنێك کە بە ئیمام ڕەزا بەناوبانگە، ڕەشید ئەلسەلتەنە قەڵاکەی خۆیی لە گوندی "بینەر" چۆڵکرد وسوارەکانی جەهانبەخش خان وسەفەر خان ئەو قەڵایەیان سووتاند. منیش سوارەکانی خۆمم خستەڕێ وهاتمە نێو ئەوانەوە، لە ئەنجامی ئەم کردەوەماندا ئیدی قەڵخانیەکان نەیانتوانی یارمەتی سلێمان خان بدەن.

بەڵام سالار زەفەر لەگەڵ سوارەکانیدا دەگاتە کەلور دەبینن عەمەڵەکانی ئەمیر مەخسوس بەمانا بنەماڵە وپیاو ودەست ودایرەی لەگەڵ عەمەڵەکانی ئەمیر ئەعزەمدا تێکەڵاو بوونە وهان لە مەترسی هێرشی لەشکرەکەدا. بڕیار وادەبێت عەمەڵەکانی ئەمیر مەخسوس جیا بکرێتەوە ولەو شوێنەدا نەمێنن. سالار زەفەر بە

ئەمیر ئەعزەم پێشنیار دەکات لەبەرئەوەی دەرگیری وشەڕ لەنێوانیاندا ڕوونەدات مۆڵەت بدات ماڵ وعەمەڵەکانی ئەمیر مەخسوس لەو شوێنە کۆچ بکەن ولە شوێنێکی تر جێگیر بن، ئەویش بەو باوەڕەوە کە ئەمیر مەخسوس بەتەواوی لە کەلور دەردەچێت بەم پێشنیارە ڕازی دەبێت بێ شەڕ وخوێن ڕێژی لەیەکتری جیادەبنەوە وماڵ وعەمەڵەکانی عەباس خان یەك فەرسەخ دوور لەوانەوە لەشوێنێکدا جێگیر دەبن. لەم کاتەدا سەرجەم هێزی ئەمیر مەخسوس بریتی بوون لە سوارەکانی خۆی وسەد وپەنجا سواری سەنجاوی دوو سەد سواری تایفەی تفەنگچی کە والی پشتکۆ بۆپاراستنی ناردبوونی، بەڵام هێزەکەی ئەمیر ئەعزەم لە چەند هەزار چەکدار تێپەڕی بوو.

ڕۆژی دوای جیابوونەوەی عەمەڵەکانی نێوەڕۆ دوای نوێژکردن لەناکادا لەشکری سلێمان خانی ئەمیرئەعزەم، لە دوو لاوە هێرش دەهێننە سەر عەمەڵەکانی عەباسخانی ئەمیر مەخسوس وهەموو ڕێگاکانی دەوروبەریان لێ دەتەننەوە کە کەسێك نەتوانێ هەڵبێت.

سالار زەفەر ڕوودەکاتە سوارەکانی سەنجاوی ودەڵێت ئەمڕۆ ڕۆژی فیداکاری وخۆبەخت کردنە لەڕێگای سەرفرازی و ناوبانگی چاك دەرکردندا، باش دەزانن ڕێگای هەڵهاتنێك لە ناوچەی کەلوردا بۆمان نەماوەتەوە، مەرگ ومردنی سەربەرزانە وسەرفرازانە چاکترە لە ژیانی زەبوونی وجێ تانە وتەشەر. کوشتن وکوژران لای خواوەیە.

هەموو سوارەکانی سەنجاوی لەدوای ئەوەوە بەوپەڕی دلێری وبوێریەکی کەم وێنەوە هەڵدەکوتنە سەر دڵی سوپاکەی کەلور. نەزەر عەلی خان زامار دەکرێت وچەند کەسێك لە خاکدا دەتلێنەوە بەڵام لە پێشەوەچوون دەستبەردار نابن تا ئەو لەشکرە مەزنەی دوژمنە بە یەکجاری لە شوێنەکەی هەڵدەکەنن وناچار بە هەڵهاتنیان دەکەن، لەلایەکی ترەوە ئەمیر مەخسوس وسوارەکانی والی پیشتکۆ ئەو لەشکرەی کە لەکێوەکەدا لەبەرامبەریاندا بوون شکست دەدەن. هەموو سوارە تایبەتیەکانی فەرمانفەرما کە لەگەڵ ئەمیر ئەعزەمدا بوون چەك دەکرێن. زیانی کەلورەکان وسوارەکانی نەزەر عەلی خان لە شەست کەس بتر تربوو.

عەمەڵــەکانی ئــەمیر ئەعزەمومالّــەکانیان کەوتــە دەســتی ســەنجاویەکان وچەکدارەکانی ئەمیر مەخسوسەوە. ڕەبابە خانمی دایکی ئـەمیر ئـەعزەم دەبێتـە پەناهەندەی سالار زەفەری برام. سالار بۆخۆی لە ماڵەکەیدا دەمێنێتەوە ورێزێکـی بەرچـاوی لێدەگریـّت مـەودای چـەپاوڵ وتـالاّنی بـە کـەس نـادات. ژن وماڵەکـەی سـلێمان خـان کـە ماڵەکـەی رەبابـە خـانم لـە ئەمنوئاسایـشدا دەبیـنن لەترسـی دەستدرێژی وبێ ڕێزی سوارە وچەکدارەکانی خۆماڵی دەبنـە پـەناهەنـدەی ئـەوێ. سـالار زەفـەر بـۆ مـاوەی یـەك هەفتـە لـەوێ دەمێنێتـەوە تـا هـەموو کـەلورەکان ملکەچی ئەمیر مەخسوس دەبن؟

ئەم سـەرکەوتنە دوولایەنـەی ئێمـە، بەتایبـەت سـەرکەوتنە مەزنەکـەی سـالار زەفەر پلە وپایە وئیعتیباری ئێمەی لەنێوان سەرجەم تایفەکانی ڕۆژئـاوا ولەچـاوی خەڵکی ناوخۆیی ودەرەکیدا پتر وچەند بەرابەری کردەوە.

سـلێمان خـانی ئـەمیر ئـەعزەم دوای ئـەم شکستە فەزیحەتبارەیـە بەچـەند سوارێکەوە گەیشتە کاروانسەرای مایدەشـت وڕووداوەکـەی گەیانـدە فەرمانفـەرما. شازادەی حوکمڕان بۆی نووسی کە بڕوات بـۆ مـاڵی نـەزەر عـەلی خـانی پـشتکۆیی وفەرمانی بە نـەزەر عـەلی خـان دا کـە بـە هـەموو توانـای خـۆی وهێـزی دلفانـەوە هاوکاری لەگەڵیدا بکات. لـە شـارەوە هـەواڵمان پێگەیـشت کـە نـەزەر عـەلی خـان وەڵامی ڕەزامەندی بۆ فەرمانفەرما داوەتەوە، وبۆی نووسیوە لەم چەند ڕۆژەدا بـە هەموو هێزەکەیەوە دەکەوێتە ڕێ وبەرەو ناوچەکە دێت.

ئێمەش دووبارە جەمعیەتەکانمان کۆکردەوە. پێش ئەوەی نـەزەر عـەلی خـان بگات هاتینە کاروانسەرای مایدەشتەوە، وهەواڵمان بۆ ئەمیر مەخسوس نارد کە بە چەکدرو سوارەکانیەوە بێـتە گەردەنەی چوارزەوەر.

لەشـکرەکەی نـەزەر عـەلی خـان گەیـشتە گونـدەکانی سـەیدەکانی مایدەشـت وکەوتنە دەست درێژی وتالاّن کردن، سلێمان خانی ئـەمیر ئـەعزەمیش لەگەڵیانـدا بوو. کەڕەتێکی تریش بە نامەناردن ووەعـد وبـەڵێن وهەڕەشـە وگوڕەشـە نزیکـەی پێنج سەد کەسێك لە کەلورەکان جیابوونەوە وچوونە لای سلێمان خان.

دوای چەند ڕۆژێك نەزەر عەلی خان لـە گونـدەکانی مایدەشـتەوە هاتـەدەرەوە وبەرەو کێوی "لەعل" کەوتە ڕێ، بەلاّم ئیتر هێزی ئەوەی تێدا نەبوو کە شـاخەکە

جێبهێڵێت وهێرش بکاتە سەر هێزەکەی ئەمیر مەخسوس. لەشکرەکەی لە دوو لاوە لەنێوان ئێمە وئەودا گەمارۆ درابوو.

جارێکی تر لە شارەوە هەواڵمان پێگەیشت کە فەرمانفەرما بە نهێنی فەرمانی بە ڕەشید ئەلسەلتەنەی گۆران داوە کە هەوڵبدات قەڵخانیەکان نەزم وئەمنیەت وئاسایشی جادەی کاروانەکان تێك بدەن. بەڵام ئیدی ئەو ئامادە نەبوو گوێ بە فەرمانی حوکمڕانێکی داڕماو وشکست هێناو بدات، و هەوڵی دەدا کە خۆی لە ئێمە نزیك بکاتەوە، ئێمەیش بە ڕێك وپێکی بۆ پاراستنی کاروانەکانی بازرگانەکان وزیارەتکەرەکان سوار وچەکدارمان ڕەوانە دەکرد، تا ئەوان لە قەسری شیرینەوە تێپەڕ بن ولەشوێنی مەترسیدارەکاندا بیانپارێزین.

بۆ کونسوڵی ئینگلیس وبەرپرسی بازرگانی وبەرپرسەکانی باج وگومرگ بە چاکی وتەواوی ڕوون بووبووەوە کە هۆی ئاژاوەکە هاندانی خودی فەرمانفەرمایە وکەسیَ تر لەو بوارەدا بەرپرس نیە.

## هەڵبژاردنی خولی سێیەم ولەکارلابردنی فەرمانفەرما

لەگەرمەی تێهەڵچوونی ئێمە وفەرمانفەرمادا بوو کە هەڵبژاردنی وێنەرەکانی ئەنجومەنی وێنەران لە کرماشاندا دەستی پێکرد "ساڵی ١٢٩٣ هەتاوی".

لەم قۆناغەدا لە کرماشان وەکو هەموو ناوچە وولایەتەکانی تری ئێران مەشروتەخوازەکان بوونە دوو دەستەوە. دەستەی میانڕەوەکان "موعتەدلەکان"، ودەستە توندڕەو و دیموکراتخوازەکان.

جێی خۆیەتی بووتریَ کە لە هاوینی ڕابردوودا بۆ جاری سێیەم وچوارەم سێبەری شوومی سالار ئەلدەولە لە دەوروبەری کوردستان وکرماشاندا کەوتە دەر، ناوبراو دوای کوژرانی یار محەمەد خان وداڕمان وسەرکووت کردنی دوا ئاژاوەکەی هەڵهات ولەبەرچاودا نەما و ون بوو. لە ناکادا لە (شارود) وسەبزەواردا سەری دەرهێنا ودوای چەندین فیتنەکردن وئاژاوەی سەرنەکەوتوو لە دەڤەرەکانی گورگان ومازەندران وگیلان وزنجاندا دووبارە لە ساڵی ١٢٩٢هەتاویدا خۆی گەیاندەوە کرماشان، بەڵام چونکە داودخانی لە کەلوردا بۆ نەمابووەوە، بەو بەهانەوە کە نێوان ئێمە وفەرمانفەرما تێکچووە ڕووی کردە سەنجاوی نامەیەکی

بۆ سەردار ناسری برام سەرکردەی عێلی سەنجاوی نووسی وبەتەمابوو بێتەماڵیان ولـە هاوکـاری ولایـەنگیری ئێمـە کـەڵك وەربگرێـت، بـەڵام سـەردار ناسـر ئامـادەی هاوکاری وخزمەت کردنی نـەبوو ووەڵامـی ڕەد ونێگـەتیڤی دایـەوە، چـونکە سـالار ئەلدەولـە ئـەمجارە یـار ویـاوەرێکی دەسـت نەکـەوت وڕووی کـردە شـار وبـووە پەناهەندەی کونسولخانەی ڕووس تابە کاریگەری ڕووسەکان وئینگلیسەکان کارێك پێش ببات، دەوڵەتی ئێران ڕازی بـوو کـە موچـەیەکی سـاڵانەی بـداتیٚ. ولـەمانگی میهری ئەو ساڵەدا لەژێر چاودێریدا بردیانـە تـاران ولـەوێوە ڕەوانـەی ئـەوروپا کـرا چونکە موستەبیدەکانی کرماشـان ئـیتر ئومێـدیان لـە سـالار ئەلدەولـە بـرا بـوو، و چوونە نێو حیزبی "ئیعتیدال"ەوە ئەو جل وبەرگەیان کردەبەر.

لە حەقیقەتدا زۆربەی هەڵسوڕێنەرە چـالاکەکانی ئـەم پارتـە، وەکـو حەسـەن خانی معاون ئەلمولك ونەسر دیوانی فزونی وبراکانی لە موستەبیدە توندوتیـژەکان ولایـەنگیر وهاوڕێیـانی پێـشووی سـالار ئەلدەولـە بـوون. بـیرەوەری ئەمانـە لـەو دەوروزەمانـدا ئیـسماعیل خـانی "معاضـدو المولـك"ی مـیرزا نەسـر لـلا نەسـیر ئەلئەتیبا و ناودار بە حـەکیم نەسـیر کۆنـە جوولەکـە وتـازە بـە ئیـسلام بـوو، کـە پیاوێکی کارزان وکارامە وهوشیار بـوو لەبـەر پایـە وکارەکەیـەوە لـە کرماشـانەوە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتە بیانیەکاندا هەبوو، و لەگەڵیاندا دەستی تێکەڵ کردبـوو. وتاڕادەیەك شوێنی حاجی حەسەن وەکیلو الدەولەی گرتبۆوە.

پڕوپاگەندەکـەرەکان بـەهۆی مینبـەری حوسـەینیەکانەوە کاریگـەری زۆری هەبوو، ئەویش سەید ئەکبەر شای ڕەوزەخوینی شیرازی بوو کە بە ئاغا ئەشـرەف بەناوبانگە، یار ویاوەری پێشووی شیخ فـەزل لـلا نـوری بـوو، کـە لەبـەر دژایـەتی فراوانی سەبارەت بە مەشروتییەت لە تارانەوە بۆ کرماشان دوور خرابووەوە، ولەم شـارەدا خـوانی ڕیـا ودرۆ ودەلەسـە وفریـوودانی خـەڵك ڕەمـەکی ودژایـەتی ئـازادیخوازی ومەعریفـەت وقوتابخانـە ویاسـاد وداد وهەرچـی نوێخـوازی بـوو ڕاخستبوو.

هەڵبژاردەی ئیعتیدالیەکان، یان چاکترە بڵـێین هەڵبـژاردەی فەرمانفـەرما لـەم مێـژووەدا ئیـسماعیل خـانی موعـازد ئـەلمولك وعـەلی خـانی ئـەمیر کـل وموعتـەز ئەلدەولەی وەزیری، ولە مەلا ئاخوندەکان (حاجی ئاغا وەلی) بوون کە خەڵکی شار

بۆ ئەو زاتـە وکوڕەکـەی ناوونـاتۆری خـەراویان هەڵدەبەسـت بۆیـان. هەڵبـژاردەی دیمکرات خوازەکان بریتـی بـوون لـە سـەید حوسـەینی کـەزازی وێنـەری پێشووی خولەکانی ڕابردوو شازادە مرئات ئەلسولتان سکرتێری تایبەتی فەرمانفەرما کە لـە تارانەوە لەگەڵ خۆیدا هاووردبووی، میرزا حوسەینی کرماشانی وحاجی ئـەمان لـلا "عـزو ئەمـەمالیك"ی ئـەردەلان کـە لـەژێر دەسـتی ڕاوێـژکارە بەلجیەکیەکەیـدا کاروباری دارایی کرماشانی بەدەستەوە بوو.

سـەرکردەی ئەنجومـەنی هەڵبـژاردنیش بـە ئەسـتۆی محەمـەد بـاقر مـیرزای خوسرەوییەوە بوو کە سەبارەت بە ڕاستی وئەمانەتداری ئـەو کەسـێ نەیـدەتوانی لاری هەبێت.

دەوڵەتی مەرکەزی بەگشتی وفەرمانفەرما بەشێوەیەکی تایبەتی هەوڵیان دەدا کـە هـیچ کەسـێ لـە هەڵبـژێردراوەکانی دیمکراتـەکان نەبنـە وێنـەری ئەنجومـەنی وێنـەران. بـەم بۆنـەوە لـە کرماشـاندا هـەموو شـێوەیەکی دەسیـسەربازی وفریـوو وهاندان وڕاسپاردن وئاژاوەنانەوە وتێکدان دەبینرا وبەکاردەهێنرا. دیمکراتەکانیش بەتووندی موحکەمی لەبەرامبەریاندا ڕاوەستان وبەرتەکیان دەنواند.

شازادە مرئات ئەلسولتان بەڕێك وپێکی ڕاپۆرتی کارەکـانی فەرمانفـەرمای بـۆ کۆمیەتـەی پـارتی دیمکـرات نـارد.ئێمـەیش تاتوانیمـان لەشـار ولـەنێوان هـۆز وعێلەکاندا لە قەسری شیرین وکرند وسەنقر وکولیایی بۆ دیمکراتەکان پروپاگەنـدە وهاوکاریمان دەکرد. بەڵام لەبەر پاڵپشتی وپشتیوانی ئاشکرای حوکمڕانی ئەیالەت لە پارتە مەیانڕەوەکان "ئیعتیدالییەکان"، دیمکراتەکان ئومێدێکیان بە سەرکەوتن نەمابوو.

تەلوگرافی پەیاپەی سەبارەت بە دەست تێـوەردانی هەڵبژاردنـەکان بـۆ تـاران دەنـارد. فەرمانفـەرمایش چـونکە لـە سـەرکەوتنی هەڵبـژێردراوەکانی دڵنیـابوو، لایەنگرەکانی خۆیی ناچار دەکرد کە بە پێچەوانەی ئەوانەوە تـەلوگراف سـەبارەت بە ڕێکی وپێکی وڕاستی ودروستی هەڵبژاردنەکان بۆ تـاران بنێـرن، ئەمیـشە بـووە هۆی ئەوە کە ئیعتیدالیەکان دوای سەرنەکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکاندا سەبارەت بە کێشەی دەست تێوەردانی هەڵبژارد و زۆر لەسەری نەڕۆن.

کـاتێ دوای ئـەنجامی هەڵبژاردنـەکان وخوێندنـەوەی ناوەکـان وسـەرکەوتنی دیمکراتەکان ئاشکرا وموسەلم بوو، دەستەی چاودێران بە ڕەزامەندی فەرمانفـەرما کەوتنە گۆڕینی ناوەکان وسندووقە پڕ لەناوە درۆینە وساختەکانیان ئامـادە کـرد. خەڵکی شارەکە بەم کەین وبەینـەیان زانـی، ڕاپـەڕین وهێرشـیان بـۆ دارئەلحکومـە هێنا وشـوێنی سـندووقە سـاختە ودرۆینـەکانیان خـستەڕوو. سـەرئەنجام بڕیـاردرا چەند باوەڕپێکراوێك شەوانە لای سندووقەکاندا بمێننەوە تا خوێندنەوەی ناوەکان کۆتایی دێت.

ســـەرئەنجام خوێندنـــەوەی هەڵبژرادەنەکـــە تـــەواو بـــوو، هـــەر چـــوار هەڵژێردراوەکەی دیمکراتەکان بە زۆرینـەی حـەوت هـەزار دەنـگ لەبەرامبـەر چـوار هەزار دەنگدا سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنـا. فەرمانفـەرما کـە لەپێـشەوە لیـستی هەڵبژاردەکانی خـۆیی دا بـوو بـە کونـسوڵی ڕووس وپێـی ڕاگەیانـدبوو کـە ئەمانـە نوێنەری ئایندەی کرماشانن، لەم ڕووەوە زۆر نیگەران وپەژارە بووبوو، وئامـادەی واژوو کردنـی ئیعتیبـار نامەکـەیان نـەبوو. بەڕووکـەش وای ڕاگەیانـد کـە دەیـەوێ دەست لەکار بکێشێتەوە. لە ئیدارەی حکومەتەوە وبەرپرسـی دائـیرەی میرییـەوە وهـەواڵ گەیـەنرا بـوو بەبۆنـەی خواحـافیزی و ڕێ سـپاردنی فـەرمانڕەواوە لـە دار ئەلحکومەدا ئامادەبین، بەڵام کاتێ کە بانگهێشت کراوەکان بۆ خواحافیزی ئامـادە دەبن دەبینن جەنابی حوکمڕان کە هەمیشە لە ماوەی ڕۆژەکـانی تـردا پاڵتۆیـەکی تورمــەی ســەربازی دەپۆشــێ وشـاڵێکی قـۆزاقی بـە هێڵێکـی چـەرمی باریکـەوە بەسەریەوە دەبەست. ئەم جارە چەکمەی پۆشیبوو، جل وبەرگی سەفەری لەبەردا وئامـادەی کەوتنــە ڕێ بـوو. بـەڵام دوو سـاڵدات "یاسـاوڵ"ی ڕووس لـە بـەردەم هۆدەکەیدا پاسیان دەدا. فەرمانفرما بە ئامادەبووەکان دەڵێت: من دەمەوێت بڕۆم بەڵام کونسوڵی ڕووس یاساوڵی لە بەردەرگادا داناوە، ڕازی بە ڕۆیـشتنم نیـە. ئـەم یاریونومایشە دەبێتە هۆی سەرسوڕمان وپێکەنینی ئامادەبووان.

فەرمانفەرما ئامادە نەبوو وەزیفە ومەقامی حوکمڕانی خۆرئـاوا بـەجێ بهێڵێـت تا سەرئەنجام بـەهۆی شـکایەت وسـکاڵاو تـەلوگرافی پەیاپـەیی خـەڵکی وچـالاکی وجموجوڵێ دیمکراتەکانی مەرکەز، و بەڵام وادیـارە بـە ڕێکـەوتنی پـشت پـەردەی

سیاسەتی کاریگەری هەردوو هێزە بێگانەکە، ناچاربوو کرماشان بە جێبهێڵێت وبێ دەنگ بکەوێتە ڕێ.

لە حاڵێکدا بەشێکی گرنگی موڵکەکانی سەنقر وکولیایی وکەنگاوەر وئەسەد ئابادی کە لە فەرمانڕەواییە پێشووەکەیدا بەدەست هێنابووخستە سەر کۆی موڵکەکانی تری.

زۆربەی تەلوگرافەکان دژی ئەو لە ڕێگەی ئێمەوە وهۆی شازادە محەمەد سادق میرزای دەوڵەت دادەوە، برای هاوسەرەکانی من وسەرداراسرەوە ڕەوانەی تاران دەکرا، ناوبراو بەرپرسی گەورەی تەلوگرافخانەی کرماشانی نێودەوڵەتی بوو، و جێگای خزمەتەکەی لە خانەقیندا بوو وتەلوگرافەکانی لەڕێگای فاوەوە بۆ تاران دەرۆیشت.

دوای ڕۆیشتنی فەرمانفەرما لەسەر داخوازی ئێمە، سەردار موعتەزد جێگری حکومەتی ئەیالەتی بووە بریکاری فەرمانفەرما تا ئەو کاتە لەشکری ئێمە ونەزەر عەلی خانی پشتکۆیی هێشتانە لە ناوچەی کەلوردا بەرامبەر بە یەکتری ڕاوەستا بوووین. دوای تەواوبوونی شەڕ ونەمانی فەرمانفەرما وزیانەکانی بە هەوڵ وتێکۆشانی ئێمە ونەزەر عەلی خان لەنێوان سەرکردەکانی کەلوردا ئاشتی وسولح بەرقەرا ر بوو، وحکومەتەکەیان لەسەر بنچینەی ٥/٣ و ٥/٢ لەنێوان هەردوو سەرکردەکەدا دابەشکرا. نەزەر عەلی خانیش بۆ پێشکەش کردنی ڕێز وسەلماندنی دۆستی بۆ ماڵمان هات.

هەر لەو هاوینەی ساڵی ١٣٣٢کۆچی ڕێکەوتی ١٢٩٣هەتاوی و ١٩١٤زاینی دا بوو کە تۆپی سەڵتەنەت وتاج لەسەرکردنی سوڵتان ئەحمەد شا تەقێنرا. چەند ڕۆژێك دوای ئەم تۆپ تەقاندنە هەواڵی گرنگتر بریتی بوو لە دەست پێکردنی شەڕی جەهانی ١٩١٤– ١٩١٨ ڕاگەیەندرا.

لەم قۆناغەدا نفوز ودەست ڕۆیشتوویی عێلی سەنجاوی لە خۆرئاوادا گەیشتبووە پۆپەکەی. هەموو کێشەو گیروگرفتە گرنگە عەشایریەکان بەهۆی ئێمەوە دەهاتە ئەنجام وبۆنموونە لە کێشەی نێوان سەرکردەکانی سەنقر وکولیایی دا بۆ بەهێزکردن وپاڵپشتی ئەمان للا خان فەتحو السوڵتان لەبەرامبەر حوسەین قولی خانی ئەمیر ئەمجەددا لەشکرێکمان نارد وفەتح ئەلسوڵتانمان لە شوێنەکەیدا

سەقامگیر کرد.هەروەها لە ڕووداوەکانی شەڕی جەهانیدا کاتێ سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان بە هاندانی بێگانەکان ببوە فەرمانڕەوای کوردستان وئاسف ئەعزەم سەرۆکی بنەماڵەی وەزیری زیندانی کردبوو، کوڕەکەی ئاسف ئەلدەولە هاتە ماڵی سەردار ناسری برام، وپەنای هێناوە ئێمە سالار ئەلموقتەدری برازامان لەگەڵ جەمعێ سواردا ناردمانە سنە وسەردار ڕەشیدمان ناچار بە ئازادکردنی کرد.

جێی ئەفسوس وداخە لەم ساڵانەدا چەند زایعە وکۆسی گەورە لە بنەماڵەکەمان کەوت. یەکەمیان هاوکات لەگەڵ تەواوبوونی شەڕ وشۆڕی سالار ئەلدەولەدا مامەی گەورەمان خدامرووەت خان باڵیۆزی کارزانی بنەماڵەکەمان لە کاروباری دەوڵەتیدا کۆچی دوایی کرد. دوایی لە پایزی ساڵی ١٣٣١کۆچیدا دایکمان فاتمە خانمی گەوهەر ئەلدەولە، ئەو مەشخەڵدارەی پەروەردە و خەڵك ڕاگرەی سەنجاوییە کوژایەوە. ودوای سێ ساڵی ڕێکەوتی ساڵی ١٣٣٤کۆچیدا لە گەرمەی شەڕی جەهانیدا کە لەبەرامبەر ڕووسە داگیرکەرەکاندا سەرقاڵی جیهاد بووین باوکی مەزن وئەرجومەندمان سەمسام ئەلمەمالیك، کە سەبارەت بە ئەو بەدرێژی باسی دەکەین، وەفاتی کرد. بە کۆچی دوایی ئەم مەزنانە لە حەقیەتدا کۆڵەکەی بنەماڵەکەمان بەڵکو سەرجەم عێلی سەنجاوی سست ولاوازبوو.

## جیهادکردن

دەفتەری دووەمی ئەم یاداشتانە کە بەناوی موجاهەدات "جیهادکردن" نووسراوەتەوە پەیوەندی هەیە بەو ڕووداوانەوەیە کە بەهۆی شەڕی جەهانی ١٩١٤– ١٩١٨ لە ڕۆژئاوای ئێراندا، بەتایبەت لە دەڤەری کرماشاندا ڕوویدابوو.

لەم ساڵانەدا ڕێکەوتی ساڵەکانی ١٢٩٣ تا ١٢٩٧هەتاوی سەرزەمینی ئێران لە ناوچەی کرماشاندا پەیتا پەیتا بووە گۆڕەپانی هێرش وململانێ وکەشمە کەشمی سێ هێزی دەست درێژکەری بێگانە. یەکەمجار لە ساڵی ١٢٩٤دا عوسمانیەکان بێ لایەنی وڵاتەکەمانیان شکاند وهێزەکانیان نزیکەی سەد کیلۆمەتر لە خاکی ئێراندا هاتنە پێشەوە. شارۆچکەی "کرند"یان داگیرکرد، چونکە لەبەرامبەریاندا هێزێکی بەرگری لەلایەن دەوڵەتەوە نەبینی، عەشایرە وولات پەروەرەکانی ئێرانی بە سەرکردەیی تایفەی سەنجاوی لە بەرامبەریاندا ڕاپەڕین لە ئەنجامی شەڕێکی

خوێناوی و دلێرانەدا لە شارۆچکەی کرند دەریانپەڕاندن وناچار بە پاشەکشەیان کردن، وبەناچاری خاکی ئێرانیان چۆل کرد وبەجێهێلا.

دوایی لە پایزی هەر ئەو ساڵەدا، بە کۆچکردنی یەك ملیۆن ئێرانی بۆ کرماشان وهێرشی هێزەکانی ڕووس لە ناوچەی خۆرئاوادا جەبهەی میللی هاتە دروست کردن. گرنگترین شەڕەکانی ئەو دەڤەرە لە گەردەنەی بێ سوور ومایدەشتی سەنجاویدا، بەبەشداری گیان بەختکەرەکانی سەنجاوی ڕوویدا. بەرز ونزمی ئەم جیهادە نزیکەی دوو ساڵی خایاند، تا بەرپابوونی شۆڕشی گەورەی ١٩١٧ لە ڕووسیا وگەڕانەوەی لەشکرەکانی ئەو دەوڵەتە بۆ ولاتەکەیان کۆتایی هات. دوای ئەوان هێزی ئینگلیسەکان لە بەرامبەر عوسمانیەکاندا دوای داگیرکردنی بەغدا گەیشتە سنورەکانی ڕۆژئاوای ئێران ولەهێڵی قەسری شیرینەوە هاتە نێو خاکەکەمانەوە وبوونە جێگری هێزە پاشەکشە کردووەکەی ڕووسەکان وبوونە هێزێکی داگیرکەری ڕەها وهەرچیانبوویستایە دەیانکرد.

ئەنجامی دەرگیری لەگەڵ ئەم هێزە داگیرکەرە نوێیەدا، لە ساڵی ١٢٩٧ کارەساتی مەزنی "دەشتی حُری"ی لێکەوتەوە هەروا تالانی گشتی تایفەی سەنجاوی وکوشتن وخنکاندنی بترلە چوار سەد کەس لە سەنجاوی وبەدیل گرتنی قاسم خانی سەردار ناسر سەرۆکی عێل وکۆچی سەرکردەکانی تری سەنجاوی بۆ خاکی عوسمانی لێکەوتەوە.

خستنەڕووی ئەم ڕووداوانە کە نووسەری ئەم یاداشتانە خۆی شاهیدی بووە و یەکێ لە کەسایەتییە سەرەکیەکانی بووە، لە چەند فەسڵێکدا نووسراوەتەوە.

## فەسڵی یەکەم

## شەڕ لەگەڵ عوسمانیەکاندا

ساڵی ١٣٣٢ کۆچی/ ١٢٩٣هەتاوی/ ١٩١٤زایینی ساڵی تاج لەسەرکردنی سوڵتان ئەحمەد شا وسەرەتای شەڕی جەهانییەوە کەم کەم ڕەنگدانەوەی ئەم شەڕە لە ئەوزاع و بارودۆخی جەهانیدا و هەروەها لە دەڤەرەکانی ڕۆژئاوای ئێراندا خۆی نواند.

دوای دەرکردنی فەرمانفەرما، لە فەرمانڕەوایی ولەدەورەی بریکاری سەردار موعتەزدا چەند مانگێك ناوچەی کرماشان لە نەزم وئارامیدا بوو، بەتایبەت بۆ ئێمە هەلێك ڕەخسابوو کە هاوکاری لەگەڵ حوکمڕانی نوێدا بکەن، چونکە حوکمڕانی پێشوو ئاشووب وئاژاوە ودەردەسەرییەکی فراوانی بۆمان دروست کردبوو، هەوڵمان دەدا کە لەپاراستنی ئاسایش وئەمنیەتدا لەگەڵ حوکمڕانە نوێیەکەدا هاوکار بین.

## نیشان کردنی سنووری ئێران وعوسمانی

ڕووداوی گرنگ سەبارەت بە تایفەی سەنجاوی وهەتا وڵاتیش کە لەو ساڵەدا پێش جاڕدانی شەڕی جەهانی ڕوویدا، نیشانکردنی سەرلەنوێ سنووری ڕۆژئاوای ئێران وعوسمانی بوو، بەسەرپەرشتی دەوڵەتی ڕووس وئینگلیس.

لەم سەد ساڵەی دواییەدا دەوڵەتەکانی سەردەم لەئێراندا سەبارەت بە دەستدرێژی بەردەوامی عوسمانیەکان هەمیشە ئامادەی سازش ولێبوردن بوونە وهەرگیز بەرتەکیان نیشان نەداوە. هەروەك ئەو سازشە بە زیانی وڵات تەواو ببوایە سەرئەنجامی ئەم سیاسەتە لەنێو چوونی مافی ئێرانی لەناوچەی سلێمانیەدا لێکەوتەوە. لەم دەورەدا هەر ئەو فشارە لەلایەکەوە ولاوازی وزەبوونی دەوڵەتی ئێران لەلایەکی ترەوە بەردەوام بوو، جگە لەمە پاڵپشتی ئینگلیسەکان لە عوسمانیەکان پتر بارودۆخەکەی ئاڵۆز ودژوارتر کردبوو.

لە دەورەی حوکمڕانی فەرمانفەرمادا ڕێکەوتی سەرەتای بەهاری ساڵی ١٢٩٣هەتاوی/ ١٩١٤زایینی کۆمسیۆنی نیشانکردنی سنوور گەیشتە سنووری کرماشان.

سەرکردایەتی نوێنەرەکانی ئێـران لـەم کۆمـسیۆنەدا ئیعتـیلاو ئـەلمولك بـوو و نوێنـــەری دەوڵـــەتی ئینگلــیس میــستەر ویلــسۆن ونوێنـــەری دەوڵـــەتی ڕووس مینۆرسـکی کـارداری باڵیۆزخانـەی ڕووس لـە ئێرانـدا بـوو، هەرئـەو کەسـەی کـە لەدواییدا بووە ڕۆژهەڵاتناسێکی بەناوبانگ.

لەم کات وزەمانەدا باوکم سەمسام ئەلمەمالیك وەك پێشوو لێپرسراوی سـنوور وحاکمی قەسری شیرین بوو. عوسمانیەکان گرنگییەکی زۆریان بەم نیـشانکارییەی سنوورە دەنواند وهەوڵیان دەدا هێڵی سنوورەکەیان بگەیەننە بەرزترین کێوەکـانی ڕۆژئـاوای ئێـران ودەیـان گـووت کـە لـە ناوچـەی کرماشـاندا بـە پێـی گرێبەسـت ورەزامەندییەکانی ڕابردووی دەوڵەتی ئێران پێویستە نەوت شا وسەرپێڵی زەهاو تا دەگاتە پاتاق وبەڵکو تاسنووری کرند لە بەشی ئەواندا بێت وبژمێردرێت. گرنگترین بەڵگەیەك کە بووە بەرگری پیـادەکردنی ئـەم داخوازیـە بـوونی بـاوکم لـە قەسـری شیریندا وبڵاوبوونەوە ونیشتەجێبوونی تایفـەکانی سـەنجاوی لـە لـەوەڕگاو شـوێنە گەرمیانیەکانیاندا بوو.

بۆ لەناوبردنی ئەم کێشەیە کەسێك بەناوی خواجە هارونی ووتی نەوت چی کـە بازرگـانێکی جـووی بـەناوبانگی قەسـری شـیرین بـوو، کـە لەگـەڵ ئینگلیـسەکان وعوسمانیەکاندا پەیوەندی هەبوو وسیخوڕی کۆمپانیاکـانی نـەوتیش بـوو ناردیانـە لای باوکم وپێشنیاریان پێ کرد پارەیەکی زۆری "لـیرە" کـە نـاوبردنی ژمارەکـەی پێویست ناکا چونکە گـەزاف ودرۆ دەژمێردرێـت، پێـشکەشی بکرێـت بـە مـەرجێك تایفەکانی سەنجاوی بـۆ مـاوەی چـەند ڕۆژێـك نەڕۆنـە ناوچـە گەرمیانیەکانیانـەوە وبگوێزنەوە بۆ ناوچەیەکی تر. باوکم بەو کەسە ناوبراوە وەڵامدەداتـەوە ودەڵێـت: هارون ئەگەر من بە تۆ بڵێم ئەم مەبلەغە پارەیە وەربگرە وشەو دایکتان بهێنە جێ خەوەکەم تۆ ئەڵێی چی؟ ئەمانە هەر ئەم داخوازییە لـە ئێمـە دەکـەن، ئـەم ووڵات وناوچانە هەر وەك دایکی ئێمە وایە، هەرگیز لە پاداشـتی پـارە یـان هـەر شـتێکی تردا ئامادەی خیانەت لە دایکمـان نـین. بەپێـچەوانەوە فـەرمانی دا بـە تایفـەکانی سەنجاوی تـا دوورتـرین شـوێنی گەرمیانـەکانیان بڕۆنـە پێـشەوە لەبەرامبـەر هـەر مەترسیەك یان هەڕەشەیەك بەرگری بکەن وپەرتەك بنوێنن.

خۆی لە قەسری شیریندا مایەوە وئەوپەڕی هەوڵ وکۆششی بۆپاراستنی سنوورەکانی وڵات ومافی خەڵکی سەنجاوی بەکارهێنا، لەو بارەوە درێغی نەکرد. بەداخەوە زەبوونی نوێنەرەکانی ئێران ودەسیسە ودەست تێکەڵاوکردنی سیاسەتمەدارەکانی بێگانە مەودای بەوە نەدا کە ئەو هەوڵو کۆششەی ئەنجامێکی تەواوی لێ بکەوێتەوە. سەرئەنجام بەشی سەرەکی ناوچەی "نەوت شا" ولەوەڕگای باخچە وقەتار کەوتە بەشی عوسمانیەکانەوە. بەڵام بۆ پاراستنی مافی خەڵکی سەنجاوی سەبارەت بە موڵکایەتی ئەو شوێنانە بەیان نامەیەکی تایبەتی لەلایەن نوێنەرەکانی ئەو دوو دەوڵەتە دادوەرەکە ڕێکخرا کە بە ڕەزامەندی نوێنەرەکانی ئێران وعوسمانی پەیوەستی گرێبەستی نیشانکردنی سنوور کرا.

دەقی ئەم بەیاننامەیە بەم شێوەیە:

**دانیشتنی چل ودوو– سورەت جەلەسەی دانیشتنەکە**

لەبەڵخە، ڕیکەوتی مێژووی ٢٧ مەیی ١٩١٤ "ڕەجەبی ١٣٣٢/ خوردادی ١٢٩٣" بەسەرپەرشتی لێپرسراوی عوسمانی دانیشتنێك گرێ درا بە ئامادەبوونی سەرجەم لێپرساوان سورەت جەلسەی سی وهەشتەم وچلەم واژووکرا. سورەتی دوا دانیشتن خوێندرایەوە وداکۆکی لێکرا.

بەیاننامەی نوێنەرانی ئینگلیس وڕووسی سەبارەت بە بۆچوونی ئەوان دەربارەی مافی لەوەڕگای سەنجاویەکان خوێندرایەوە وبڕیاردرا ئەم بەیاننامەیە پەیوەست بە سورەت مەجلیسەکە بکرێت.

**(بەیاننامە)**

بەپێی دانوستانی ڕووس وئینگلیس کە لە دانیشتنی ١٦ی مەیی ڕێکەوتی ٢٠جمادی دووەم سەبارەت بە مافی سەنجاویەکان نزیك بە شاخی باخچە دەستنیشان کراوە، بۆچوونیان وایە پێویستە لێکۆڵینەوەکانی تایبەتی خۆیان لەم بارەوە ئاشکرا بکەن.

بە پێی نامەی فەرمی دەرویش پاشا فەسڵی بیست ونۆیەم ڕاپۆرتی ناوبراو، کاتێ کە کۆمسیۆنی یەکەم کەوتە پشکنینی ڕێکەوتی ساڵی ١٨٤٩ تا ساڵی ١٨٥٢ / ١٢٦٥ تا ١٢٦٨ قشلاقی سەنجاوی کە لەنێوان دەشتەکانی خانەقین وقزل ڕەبات

وكەناری ڕاستی ئاوی نەوت شا وکەناری چەپی گیلان کەوتووە ودرێژ بوەتەوە.
ئەم دەڤەرانەیان وەك موڵکی تایبەتی خۆیان زانیوە وباجێگیان بە بەغدا نەداوە.
ڕاپۆرتە نوێکانی بەرپرسانی فەرمی ئینگلیس وڕووسیش بوونی سەنجاویەکان لە زوستاندا لە زەویەکانی ئەم ناوچانەدا تا قزل ڕەبات درێژەی کێشاوە وداکۆکی لەسەر دەکات.
ئیمزا کەرەکانی خوارەوە خۆیان خەڵکێکی زۆریان لە چادرەکانی سەنجاوی یان لە ڕۆژهەڵاتی باخچە نێوان چاڵەکانی نەوت شا و ئەڵوەندا بینیووە، هەروەها ئەم مەسئەلەیان بۆ ئێمە سەلماندووە کە سەنجاویەکان لەوەڕگای خۆیان لەباخچە لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ وکڕین وفرۆشتن کردووە، بەتایبەت ئەم مەسئەلەیە جێی تێبینیە کە ئێستاکە عێلەکانی تر لەو ناوچەی نزیك باخچەدا نین وبەرچاو ناکەون کە داخوازی ئەم شوێنە بکەن و لاری لە موڵکایەتی سەنجاویەکان بکەن.
ئاماژە بەم خاڵانەی سەرەوە ئێمە بە دادی دەزانین کە عێلی سەنجاوی لە لەوەڕگای خۆیان ولەو زەویانەی کە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی باخچەوە سوودی تەواو وەربگرن کە بەپێی ئەم نیشانە کردنە کە دوا گرێبەستە لەگەڵ عوسمانیەکاندا ئەم ناوچانە کەوتۆتە بەشی ئەوانەوە، هەروەك ئەوسا بمێنێتەوە وسوودی لێوەربگرن.
**شوێنی بەڵخە– ١٣مەی ١٩١٤، ڕێکەوتی جەمادی دووەمی ١٣٣٢**
**ئیمزای مینۆرسکی، ئیمزای وێلسن**

ڕوون نەبووەتەوە کە ئەم شوێنانە پارچەیەك لە سەرزەمین وخاکی عوسمانی بووە یان نا، ئەگەر بووە چۆن دەوڵەتی ئێران ئەمانەی بە عینوانی شوێنی خزمەتی سەربازی بەیەکێ لە تایفەکانی خۆی سپاردووە، کە لە ماوەی پێش لەیەك سەدە بترتر بەردەوام لەم ناوچانە سوودیان بردووە وئەگەر ئەم شوێنانە پارچەیەك لە ئێران بووە ئەم گرێبەستەی دواییە مانای چی بووە؟ کە بە پێی ئەم گرێبەستە ئەم ناوچەیە لکێنراوەتەوە بە خاکی عوسمانییەوە.

## حوکمڕانی ئەمیر موفەخەمی بەختیاری

لە پایزی ساڵی ١٢٩٣هەتاویدا، چەند مانگێك دوای تاج سەرخستنی ئەحمەد شا فەرمانی شاهانە سەبارەت بە بانگەوازی بێ لایەنی ئێران لە ململانێ

نێودەوڵەتیەکاندا دەنگی دایەوە، و مانگێکی نەخایاند خوولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی یاسادانان دوای چەندین ساڵ دواکەوتن کرایەوە.

لە سەرەتای ساڵی نوێدا سەردار موعتەزد لە حوکمڕانی کرماشان لابراو لەجێی ئەودا لوتفعەلی خانی ئەمیر موفەخەم دانرا. بەهۆی دۆستی لەگەڵ بەختیاریەکاندا سەبارەت بە ئەو گەشبین بووم هەروەکو بۆخۆم نەم دەمناسی، پێشوازییەکی گەرمم لێ کرد وبۆ دیدەنی ڕۆیشتم بۆ شار، بەڵام هەموو ئومێد وئارەزووەکانم بەپەلە هەڵگەڕایەوە سەر نائومێدی ورەش بینی.

ئەو جگە لەوەی مێشکی تەواو نەبوو پیاوێکی فیرعەون ئاسا و وەسواس ولەهەمان کاتیشدا پیاوێکی تەماحکار وسامان کۆکەرەوە بوو. نزیکەی دووهەزار سوار کە سێسەدیان بەختیاری بوون، لەگەڵ چوار تۆپ ودوو مەتریلۆزیان لەگەڵدا بوو. نەوازشت ومەحەبەتی زۆر گەرمی لەگەڵ مندا نواند، بەڵام شێوەی ڕەفتاری لە شاردا زوو هەموو چین وتوێژەکانی ناڕەحەت ودڵگران کرد. بەهۆی ستەم وفیرعەونیەوە، بەڵکو لەبەر وەسواسیەکەی فەرمانی دابوو کە ئەوانەی دەهاتنە دیدەنی بەپێی ڕووت بێنە هۆدەکەیەوە. فەڕاش باشییەکەی کە پیاوێکی کەتە بوو بە میوان ودییەنیکەرەکان وهەتا بە کەسانی پایەبەرز وڕێزدار لە شازادەکان وسەرکردەکان وپیاوماقوڵان وبازرگانانی شار رایدەگەیاند هەتا فەرمانڕەوا فەرمان نەدات نابێ دانیشن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەمتر لە خەڵکی شار بۆ دیداری بڕۆن.

ڕۆژێ ئەمیر کل وئەبو ئەلحەسەن خانی زەنگەنە دەڕۆنە بینینی. فەڕاشباشی پێیان دەڵێت بێ کەوش بڕۆنە هۆدەکەیەوە. دەپرسن بۆ؟ دەڵێت حوکمی خانە. دەڵێن ئێمە هەر لەم تەلارەدا بە کەوشەوە هاتووینەتە دیداری شاو پیرۆزباییمان لێ کردووە، کەوای لێهات بۆ دیداری حاکم پێویستە پێ خاوس بێنە ژوورەوە لەم شانازی و ئیفتیخارە سەرف نەزەر دەکەین وچاو دەپۆشین.

دوای مانگێك لە هاتنی ویستبووی بڕواتە سەر سنوور. لەمن داوای کرد کە پێش ئەو بڕۆم ونزیکی سنوور شوێنێکی گونجاو وشیاو وپڕ لە عەلەف وگیا بۆ ڕاوەستان وجێگیری لەشکرەکەی هەڵبژێرم. منیش ناوچەی سەرپێڵی زەهاوم هەڵبژارد. لەم کاتەدا لەشکرێك کە پتر لە سێ هەزار سەرباز سەرجەم بە ساز

وبەرگ وتفاقی سـەربازیەوە بەسـەرکردەیی حوسـەین ڕەووف بـەگ لـە خانەقینـدا دامەزران. سەرکردەی ئەرکانی جەنگی ئەم هێزە ئەفسەرێك بوو بەناوی بەهاء بەگ کـە چـەندجار هـاتبووە قەسـری شـیرین ولەگـەڵ باوکمـدا یـەکتریان بینیبـوو ودانوستانیان کردبوو، داخوازی کرد مۆڵـەت بـدرێت کـە لەشـکری عوسمـانی بێنـە خاکی ئێرانەوە ولە قەسری شیرینەوە تا کرماشان خاڵی سـەربازی دابنـێن. بـاوکم پێی ووتبوو چونکە دەوڵەتی ئێران لەم شەڕەدا بـێ لایەنـە ئـەم داخوازییـە بـەهیچ شێوەیەك قبوڵ ناکرێت، تۆ ئـەتوانی لـەڕێگای باڵوێزخانەکەتانـەوە لـە تـاران یـان کونسولگەریەکەتان لە کرماشان لەگەڵ دەوڵەت وحوکمڕانی ئەیالەت لەم بابەتـەوە گفتۆگۆ بکەن، من لـەڕووی ئیـسلامیەتییەوە ئامـادەم نامـەکانت بـە کونـسوڵ یـان حوکمڕانی کرماشان بگەیەنم، بەڵام ڕازی بوون بۆهاتنی لەشکرەکەت بۆ ناو خـاکی ئێران لە توانا و وزەی من بەدەرە.

تێڕوانینی خـراوی هەڵوێـستی دەوڵـەتی تـورك سـەبارەت بـە ئێـران موسـەلەم بووبوو. باوکم دەیویست بە عاقڵانە لەگەڵیاندا بجوڵێتەوە ودانواستانی نێوان خۆی وبەها بەگی بە نووسین یان بە تـەلوگراف بـە ئـەمیر موفەخـەم وتـاران دەگەیانـد. تورکەکان زانییان تا سەمسام ئەلمەمالیك لە قەسری شـیریندا بێـت ئـەوان نـاتوانن نیـەتێ کـە هەیانـە پیـادەی بکـەن وبیگەیەننـە ئـەنجام، لەبـەر ئەمـە پـشتوێنی دوژمنایەتییان لەگەڵماندا بەست. لەم کاتەدا ڕووداوێك ڕوویدا کـە ئـەم دژایەتییـەی بەهێزتر وتوندتر کرد.

ڕۆژێ محەمـەد حوسـەین نـاوێ کـوڕی شـا حوسـەین یـەکێ لـە سـوارەکانی سەنجاوی کە لە خزمەتی سلێمان خان سالار مقتەدری برازاماندا بوو، کە بەرپرسی پاراستنی ئاسایش وئەمنیەتی سنوور وقەڵا سەوزی بوون، بۆ ڕاو دەڕواتە ناوچـەی ئاقـداغی بـچووك ولەنزیکـەی سـنووردا ئاسـکێ دەکـوژێ ولـە گەڕانـەوەدا تووشـی جەمعی نزیك یـەك سـەد وپـەنجا سـوارەی نیزامـی وعەشـایری عوسمـانی دەبێـت. بەپەلە دوور دەبێتەوە لێیان. سێ سوار لەوانە دەکەونە شوێنی بەو بەهانـەوە کـە لە خاکی عوسمانیدا ڕاوی کـردووە، دەیانـەوێ ئاسـکەکەی لێ بـسێنن وبیبـەن بـۆ سەرکردەکەیان. محەمەد حوسەین سوارەکان دەناسێت کە لـە تایفـەی "کوردلـو" بوون. پیان دەڵێت لەسەرهیچ مەبنە هۆی کوشـتنی خۆتـان ومـن تـا زینـدووبم ئـەم

ئاسكەتان نادەمێ. محەمەد حوسەین لەكاتێكدا ئاسكەكەی بەشانەوە دەبێت بەفیشەكی یەكەم ئەو سوارە وبەفیشەكی دووەم سوارەكەی تر لە خاكدا دەگەوزێنێتەوە وسواری سێیەم هەڵدێت. لەشكرەكەی تورك كە دەبینن سوارەكانیان پێكراون پەلاماری دەدەن. محەمەد حوسەین بە شەڕ وپاشەكشێوە خۆی دەگەیەنێتە تەپەكەی پشت گوندەكە ودەكەوێتە بەرگری. سوارەكانی دەلو كە لەگەڵ توورکەكاندا بوون هێرش دەبەنە سەر سەنگەرەكەی ئەو وسێ سواری تری پێكا، چونكە ئیتر فیشەكی تری پێنامێنێ بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە مەیتی یەكێ لە كوژراوەكان تفەنگە ماوزەرەكەی لەگەڵ فیشەك لغەكەیدا دەفڕێنێ، ئەم كردەوەی محەمەد حوسەینە لە حەقیەتدا پۆپەی دلێری وئازایی بوو.
عەسكەرەكانی عوسمانی وعەشایرەكانی هاوڕێیان هێرش دەبەنە سەر گوندی "چەم شێر" كە یەكێ لە دێهاتەكانی قەڵا سەوزی بوو، شەش كەس لە دانیشتوانی گوندەكە دەكوژن ودێیەكە ئاگر تێبەردەدەن. یەكێ لە خزمەكانی محەمەد حوسەین بەتەلەفۆن هەواڵ دەگەیەنێتە قەڵا سەوزی وڕووداوەكە بۆ سالار موقتەدر دەگەڕێنێتەوە. ئەو لەگەڵ چل سواردا كە لە دەست ڕەسیابوو دەڕواتە یاری محەمەد حوسەین وخەڵكی گوندەكەوە. لە شەڕێكی سەختدا كە لەنێوان ئەوان وتوركەكان ڕوودەدات فەرماندەی توركەكان یوزباشی ئیسماعیل حەقی بەگ لەگەڵ چەند كەسێكی تر لە هێرشكەرەكان دەكوژرێن وپاشماوەكانیان هەڵدێن ولەسوارەكانی سەنجاویش پیاوێك بەناوی ڕوزان كوژرا.

ئەم ڕووداوە وادیارە دەبێتە دەستپێچ وبەهانەیەك بۆ دژایەتی ئێمە وبەرپرسیاریەتییەكیش بۆ ئێمە دروست كرد بەڵام خۆشبەختانە لەلایەن زین ئیسماعیل حەقی بەگ هەموو ئەو نامە وڕاپۆرتانە كەوتە دەستمان كە هەموو لاری وئیعتیراز وبەهانەگرییەكی عوسمانییەكانی بەردەم گرت. سالار موقتەدر ئەو نوسراوانە یلەگەڵ ڕاپۆرتی ڕووداوەكەدا نارد بۆ باوكم. لەم كاتە ئەبو ئەلحەسەن خانی ئەمیر حشمەتی تەبرێزی كە بە نیساری بەناوبانگە لەكاتی هێرشی ڕووسەكاندا بۆ سەر ئازربایجان بۆ توورکیە كۆچی كردبوو، وماوەیەك لە ئەستەمبوڵ لەبەشی نیزامی وعەسكەریدا خوێندبووی وزمانی توركی عوسمانی بە

چاکی دەزانی کاتی گەڕانەوەی بۆئێران لە قەسری شیرین میوانی باوکم بوو، ئەو نامەکانی ناوبراوی بۆباوکم خوێندەوە وبۆ فارسی هەڵیگەڕاندەوە.

بە کورتی ڕونووسی ڕێنماییەك بوو کە بە حوسەین ڕەووف بەگ درابوو و نامەکە لەلایەن حوسەین ڕەووف بەگەوە بۆ کونسوڵی عوسمانی دانیشتووی کرماشانەوە نوسرابوون، بە حوسەین ڕەووف بەگ فەرمان درابوو کە هەتا سەرمیل وکرند لە خاکی ئێران داگیر بکات، لەدواییدا داگیرکردنی کرماشان وکێوی بێستوون لە نەزەردابگرێت وبیخاتە بەرنامە ونەخشەکەیەوە ونفوز ودەسەڵاتی لێپرسراوانی ڕامیاری ڕووس وئینگلیس لەو ناوچەدا بنبڕ بکات، و ئەنجومەنی یەکێتی ئیسلامی پێکبهێنێت.

لەو نامە وڕێنماییانەدا بۆ کونسوڵی عوسمانی لە کرماشان لە مێژووی شوباتی ٢٢ی ڕەبیعی دووەم ١٣٣٣ کە بۆ حوسەین ڕووف بەگ نێردرابوو کە لەلایەن دەوڵەتەکەیەوە بزافی سەربازی ونیزامی لەوناوچەی ئێرانەدا خراوەتە ئەستۆی، پێویستە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی وسوودی دەوڵەتی عوسمانی ولەناوبردنی لێپرسراوانی ڕووس وئینگلیس وبەرنگاری هاندان وئاژەوەیان دەست بەکاربێت.

ئەوەبوو یوزباشی ئیسماعیل حەقی بەگ لەگەڵ جەمعێکدا وچەند کەس چاوش وباشچاوشمان نارد پێویستە لە تەبەعەکانی عوسمانی لە ناوچەکەدا ولە عەشایرە لایەنگیرەکانی عوسمانی جەمعی لەژێر چاودێری ئیسماعیل حەقی بەگدا پێك بێنێ مەشقی نیزامی وسەربازی فێربکرێن، ویوزباشی ناوبراو ببێتە فەرماندەی ئەمانە وئەو سەبازبازانەی کە لە کونسوڵگەری عوسمانیدان لە کرماشان.

باوکم ڕوونووسی ئەم بەڵگەنامانەی بەخەتی حیشمەت لای خۆی هەڵگرت، وئەسڵەکانی لەڕێگای حوکمڕانی ئەیالەتەوە بۆ دەوڵەتی مەرکەزی ڕەوانە کرد. ئەو نووسینە کاتێ دەگاتە ئەمیر موفەخەم ناوبراو بەلەشکرەکەیەوە بەرەو سنوور دەهات. خانی حوکمڕان چەند ڕۆژێ لە شارۆچکەی کرند دا دەمێنێتەوە وهەواڵی ئەو ڕووداوانە بە تەلگراف دەنێرێتە مەرکەز. لەدواییدا دێتە شوێنی ئۆردووەکەی لە سەرپێڵی زەهاو، منیش بە سوارەکانمەوە هاتمە پێشوازییەوە. لە بینینم خۆشحاڵی نیشاندا، ووتی لەحەقیقەتدا تۆ خزمەتێکی گەورەت بە دەوڵەت کردووە وپەردەت لە نهێنیەکانی دەوڵەتی عوسمانی لاداوە، ئەگەر ئەم نامە وبەڵگەنامانە

بەدەست نەكەوتنایە بەرپرسیاریەتییەكی مەزن ودەردەسەرییەكی گەورەمان تووش دەهات، دەوڵەت لە كردەوەی تۆ یەكجار سوپاسگوزار وڕازیە.

لەمەودوا عوسمانیەكان بوونە دوژمنی خوێنیمان. حوسەین ڕەووف بڕیاریدا لە شوێنی كوژرانی ئیسماعیل حەقی بەگ مەزارێك بۆ یوزباشی دروست بكرێت كە هێشتانە تا ئەم مێژووە ماوەتەوە وئەو وبەهاء بەگ سەبارەت بە سەنجاوییەكان وەك ماری زامارکراویان لێهاتبوو [1].

چەند ڕۆژێ دوای جێگیر بوونی ئوردوی ئەمیر موفەخەم لە سەرپێڵی زەهاودا شونمانی ئەڵمانی كە بو كونسولخانەی ئەڵمان لە كرماشان هەڵبژێردرا بوو لەڕێی بەغداوە گەیشتە قەسری شیرین. هەروا كە سێكی گومانلێكراوی تر بەناوی "نیدەر مایەر" كە لەدواییدا ئاشكرا بوو كە لە سیخووڕە كارامەكانی ئەڵمانە گەیشتە قەسر وچەند ڕۆژێ میوانی باوكم بوو [2].

---

[1] سێ شەمە شەشەمی ئاوریلی ١٩١٥ موستەشار ئەلدەولە وەزیری ناوخۆ ڕایگەیاند پرنس ڕویس وەزیری موختاری ئەڵمان گەیشتە قەسری شیرین ولەهەمان كاتدا ئەمیرموفەخەمی بەختیاری حوكمداری كرماشان بە تەلوگراف ڕایگەیاند كە ڕەئوف بەگ فەرماندەی نیزامی عوسمانیەكان لە خانەقین بەگەرمی داخوازی بەدەست دانەوە ویا گوێماڵی سەمسام ئەلمەمالیك سەرۆكی عێلی سەنجاوی دەكات وهەندێ مەرجی تریشی خستوەتە ڕوو، ووتوویەتی ئەگەر ئەم داخوازیانە جێبەجێ نەكرێن بە هەزاروپێنج سەد سوارەوە هێرش دەبەمە سەر كرماشان. بڕوانە كتێوی ایران در جنگ بزرگ، دانانی مؤرخ الدوله سپهر، تهران، چاپخانەی بانك ملی ایران١٣٣٦، ص١٦٠.

[2] اوسكار فون نیدر مایر Oskar vender Mayer كە لەسیخوڕە یەكجار بەناوبانگەكانی ئەڵمان وخزمەت وچالاكیەكی زۆری لە ئەفغانستاندا كردبو. لە لاپەڕە ٤٧ی كتێبەكەیدا بەناوی زیر افتاب درخشان ایران Unterberg Gluttons Iran's كەلەڕێگای یەكێ لە دۆستەكانمەوە هەڵیان گەڕاندەوە بۆم سەبارەت بەم ڕووداوە بەم شێوەیە دەنووسێ: نزیكی قەسری شیرین كە سەرەتای خاكی ئێرانە، دەستەیە لەسوارەكانی حوكمڕانی سنوور سەمسام ئەلمەمالیك پێشوازییان لێمان كرد، وبۆ ڕێز نیشاندان سەبارەت بە ئێمە دەستمان كردە یاری جۆراو جۆر وڕمبازی وچالاكی تر لە قەسری شیرین سەلاویان لە چەند هەڤاڵێكی ئێمە كردبوو وهەواڵی نوێیان لە كرماشانەوە هاورد لە كەناری ڕووبارەكەدا كۆشكێكی گەورە بە دالانێكی فراوانەوە و زۆر جوانەوە بۆ نشیمەنی ئێمە تەرخان كرد. دوایی چومە سەر تەپەیەك كە كۆشكێكی پتە ووموحكەمی فەرمانڕەوای تێدا بوو، لەوێ پیاوێكی پیر بە

سوێلێکی سپییەوە کە زۆر ڕێزدار بوو لەگەڵ جەمعیٚ لەسەرکردەکان کە لای دانیشتبوون خزمەتیان کردین. سەبارەت بە ڕووداوی شەڕی نێو دەوڵەتی و ڕووداوەکانی ئەم دواییەی سەر سنوور دانوستانمان کرد ودوایی حوکمڕانمان بینی، لەگەڵ ئەویشدا گفتوگۆمان کرد. دوای چەند ڕۆژێ هەڤاڵەکان سەبارەت بە بارودۆخی سنوور زانیارییەکیان پێداین وبۆم ڕوون بووەوە کە جەمعی زۆر لە سیخوڕە مەترسیدارەکان کە زۆربەیان لە کارمەندانی ئینگلیسن لە بەغدا لەو ناوچەی سنوورەدان. من نەمتوانی شتێ دژی ئەوانە بنووسم، بەڵام توانیم چەند تەلوگرافێ کە دەیانویست بۆ تاران بنێرن بخوێنمەوە و گومان دەکەم بەشێك لەو تەلوگرافانەیان بۆ تاران نەنارد یاوەك لە دەقەکاندا دەست کارییان کرد.

لە کرماشانەوە دەستەیەك سواری ٢٥ نەفەری کە شونمان ئامادەی کردبوو بۆم گەیشت، زۆر خۆشحاڵ بووم کاتێ زایلەر وکاروانەکەی گەیشتبوونە خاکی ئێران، زایلەر ئاگادارمانی کرد کە ڕەئوف بەگ بە لەشکرێکەوە هاتووەتە خانەقین. ئێرانیەکانیش ئەم هەواڵەیان پێگەیشتبوو ، ونیگەرانی وناڕەحەتیەکی فراوان لەنێوانیاندا پەیدابووبوو.

لە گفتوگۆ جیاوازەکانی حوکمڕاندا چونکە خۆیان بەوڕادەیە بەهێز نەدەزانی کە بەرەنگاری ئەم جۆرە لەشکرە بکەن تکای لەمن کرد کەهەرچۆنێ بووە نەهێڵم ڕەئوف بەگ بێتە خاکی ئێرانەوە. بیروباوەڕی ئەو ڕوون ومەنتقی بوو ولەوان وا تێدەگەیشت کەلەبەر کێشەیەك لە ئەنجامی شەڕدا لە ئێران هاتووەتە پێشەوە سیاسەتێکی ڕاست ودروست بەکارنەبراوە. ولەبەرئەوەی هەستێکی دۆستانەی سەبارەت بە ئەڵمان پێشاندا بوو کە جێی موتمانەی تەواوی ئێمە بوو، لەبەر تکا وداخوازیەکانی ئەو باڵوێزی ئەڵمان بۆ دانوستان لەگەڵ ڕەووف بەگدا لە خانەقین مابووەوە، وئاگاداریم کرد دوای چەند ڕۆژێك سەمسام ئەلمەمالیك بە جەمعیٚ سوارەوە لەسەر سنوور پێشوازی لە دوو باڵوێزەکە کردبوو، و هاتنە لای ئێمە.

بارودۆخەکە لە بەرنامەی هەڕەشەیەکدا کە ڕەئوف بەگ بۆ حوکمڕانی کرماشانی ناردبوو پێچیدەو ئاڵۆز بووبوو، لەبەر تکای سەمسام ئەلمەمالیك باڵوێزەکەمان موداخەلەی کردبوو توانیبووی ڕەئوف بەگ لە هاتنە خاکی ئێرانەوە مەنع بکات، هەتا ئەنجامی دانوستانەکەی لەگەڵ حوکمڕانداڕوون دەبێتەوە. لەیرادا لەنێوان ئەم دوو لەشکری دوژمنەدا کە بەرامبەری یەکتری ڕاوەستابوون بەپەلەیەکی فراوانەوە هێزەکانیان بتر دەکرد وئامادە نەبوون گوێڕایەڵی داخوازیەکانی یەکتری بن.

ئێمە نەخشێکی عەجیب وسەرسوڕهێنەرمان کەوتبووە ئەستۆ. گومان لەوەدا نەبوو کە چەکی چاکتر هێزی نیزامی وسەربازی مەزنتر بەدەست عوسمانیەکانەوە بوو و بەئاسانی دەیانتوانی لە ماوەی دوو دڕۆژێکدا بیٚ بەرگری بەو هێزەوە بێنە خاکی ئێرانەوە، بەڵام کە گەیشتنە ناوچەی شاخ وکێوەکان کە ڕێگای تری تێدا نیە تایفە وهۆزانی تیشتەجێی ئەوناوچانە کە لە شەڕی بچووکدا کارامەن ئەو کاتە ڕێی تێدەچیٚ زۆر زوو بشکێن و ئەم کارە

دوای بیست ڕۆژ وەزیر موختاری ئەڵمان لەگەڵ وەزیر موختاری نەمسادا گەیشتنە قەسری شیرین وباوکم خزمەتێکی گەرمی لێیان کرد. دوایی هەردوو وەزیرە موختارەکە هاتنە سەرپێڵی زەهاوو ماوەی یك دوو ڕۆژ مانەوە، لە ئۆردووەکەدا لەگەڵ ئەمیر ئەفخەمدا گفتوگۆیان کرد. وەکو بڵاوبووەوە ودوای چەند ڕۆژێك ئەم هەواڵە حەقیقەتی پەیدا کرد کە ئەڵمانەکان ئەمیر موفەخەمیان ڕازی کردووە کە لەشکرەکەی لەو شوێنەوە بگوێزێتەوە وبگەڕێتەوە کرماشان، لەگەڵ ئەم بارودۆخە ناخۆش ودژوارەدا ئەمیر موفەخەم تەنها لەبیری قازانجی خۆیدابوو. کاتێ کە لە کرماشان کەوتە ڕێ بەسەرکردەکانی هۆزو عەشایرەکانی ڕۆژئاوای ڕاگەیاندبوو کە لەسەر پێڵی زەهاو بگەنە لەشکرەکەی.

ئەسەدوللابەگ وقەنبەر سوڵتان سەرکردەی یەکێ لە تیرەکانی قەڵخانی زیندانی کردو ڕەشید ئەلسوڵتان کە من زامنی بووم فەلاقەیان کردو خستیانە زیندانەوە ولەهەر یەکێ لەوانە هەشت هەزار تومەن جەریمەی لێ سەندن. سلێمان خانی ئەمیر ئەعزەمیش بە جەمعێکی فراوانی سواری کەلورەوە گەیشتنە لەشکرەکەی، بە گەیشتنیان ئەمیر موفەخەم کەریم خانی سەردار نەسرەتی برایی خستەزیندانەوە. سوارەکانی کەلور هێشتانە جێگیر نەبوو بوون شەڕوشۆڕێکیان دەست پێکرد ولەگەڵ لەشکرەکەی ئەمیر موفەخەمدا کەوتنە شەڕەوە. هەروەك

---

ئەنجامێکی یەکجار خراوی لێ دەوەشێتەوە. ئەگەر ئێمە بتوانین سولح وئاشتییەك بەرقەرار بکەین وئەگەر باڵوێزەکەمان کارێکی بەرچاوی لەم بوارەدا بکردایە خۆشەویستی وهەستێکی چاکمان لەلایەن ئێرانیەکانەوە بۆ پەیدا دەبوو.

بەوپەڕی ڕێزەوە لەلایەن ئەمیر موفەخەم لە سەرپێڵی زەهاو خزمەتمان لێ کرا. ئەگەر بمەوێ هەموو دانوستانەکان بنووسم درێژخایەنە ومەلەل ئاوەرە. دوای چەندگفتوگۆیەك ڕەشنووسی گرێبەستی بۆ عوسمانیەکان ئامادە کرا. دەمزانی ڕەئوف بەگ قبوڵی ناکات مەگەر لە ئەستەمبوڵەوە فشارێك بهێنرێت بۆیە ئامۆژگاری ئێرانییەکانم کرد بەهەر شێوەیەك بێت نەکەونە شەڕەوە لەگەڵ عوسمانیەکاندا وئەم مەوزوعەم زۆر بە گرنگ ژمارد بوویان، ئامۆژگاریانم کرد وبەرەو ناوچە شاخاویەکان پاشەکشێ بکەن. ئامۆژگاریەکەمیان گرتە گوێ بەپەلە فەرمانی پێویست بۆ حوکمڕانی قەسری شیرین دەرچوو بۆ تەرجوومەیەکی ڕوون وڕەوان. لەم بوارەدا بڕوانە کتێوەکەی اوسکار فن نیدر مایر، زیز افتاب سوزان ایران، ترجمەی کیکاوس جەهانداری ، تهران ١٣٦٣ص ٦٠– ٦٤.

چادر وشت ومەکەیان بەجێمابەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا کەلورەکان نزیکەی سێ سەد سەر وڵاخی سواری وچوار سەد قاتریان کە لە تەویلەکەی ئەمیر موفەخەمدا بوو تاڵانیان کرد، لەگەڵ ئەم فەزیحەت ورسواییەدا تەماحی ئەم حکومڕانە کەم نەدەبووەوە. لە ئەمیر ئەعزەم سەد هەزار تووەمانی داخوازی کرد ومەحمود خانی کوڕی فەروخ خانی عێلخانی بۆ فەرمانڕەوای کەلور هەڵبژارد و دیاریو خلعەتی پێشکەش کرد. کەلورەکانیش کە هەواڵی ئەمدانانو سەپاندنە بێ کات وشوێنەیان بیست بەگشتی لەدەوری عەباس خانی ئەمیر مەخسوسدا کۆبوونەوە ولەلایەن خۆیانەوە چەند کەسێکیان ناردە لای حوسەین رەووف بەگ وملکەچیو گوێ فەرمانی خۆیان سەبارەت بە دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند. لەولاوە حوسەین رەووف بەگ لەشکرەکەی کۆکردەوە وعەشایرەکانی هەردوو بەری ئاگادارکرد لە تایفەکانی جافی مورادی وعێلی دزە[1] نزیکەی هەزار سوار ولە عەرەبەکانی دەوروبەری خانەقین وقزل ڕەباتیش نزیکەی هەزار سوارێکی تری لێ کۆبووەوە، کە لەگەڵ هێزی عەسکەرەکاندا کۆیان نزیکەی پێنج هەزار کەسیك دەبوون.

## هاتنی عوسمانیەکان بۆ ئێران و پاشەکشێی ئەمیر موفەخەم

من لەگەڵ سوارەکانمدا لە نیو لەشکرەکەی ئەمیر موفەخەمدا بووم، بەڵام لەبارودۆخەکە ولە بەندکردنی سەرکردەکانی عێلاتی کەلور وگۆران وبەتایبەت زیندانی کردنی ڕەشید ئەلسەلتەنە یەکجار نیگەران وناڕەحەت بووم وڕەنجم دەکێشا، لەبەر خاتری ئەوان نەمدەتوانی لە ئۆردووەکە دوور ببمەوە، ئامۆژگاری و شەفاعەتەکانم لە خانی حوکمڕاندا کاریگەری نەبوو ولە هەشت هەزار توومەنە جەریمەکەی چاوی نەدەپۆشی، ناچاربووم لەلایەن خۆمەوە قەبزی هەشت هەزار توومەنم دا بە حوکمڕان تا ڕەشید ئەلسەلتەنە وقەنبەر سوڵتانم ئازاد کرد. لەجێی ڕەشید ئەلسەلتەنەدا ڕەشید ئاغای برای وەك بارمتە هێڵامانەوە، ئەسەدوللابەگی قەڵخانیش لە زینداندا مایەوە، دەوای دانی هەشت هەزار توومەن ئەویش بەرەڵا بکرێت.

---

[1] ناوی ئەم عێلەم نەبیستووە، وابزانم ئم ناوە عەلی ئەکبەرخان بە هەڵە نووسیوویەتی. "وەرگێڕ"

که هەر لەو دوو ڕۆژەدا ئەم دوو کەسە مەرەخەس کران وهاتنە چادرەکەی منەوە هەواڵ گەیشت کە بەها بەگ لەگەڵ بەشێك لەشکری تورکدا گەیشتووەتە کانە نەوتەکانی نەوت شا و حوسەین ڕەووف بەگیش لە هێڵی جادە وشاخی ئاقداغەوە لە دەوروبەری قۆرە توووەوە هێرشی بۆقەسری شیرین هێناوە. ئەمیر موفەخەم نامەیەکی بۆ سەمسام ئەلمەمالیك ناردبوو هەرکاتێ تورکەکان هێرشیان بردە سەر قەسری شیرین بێ شەڕو بەرگری ئەو شوێنە جێبهێڵە وچۆڵی بکە.

کاتێ پێشڕەوی هێرشکەر دەگاتە نزیك قەسری شیرین، باوکم بە ژن ومناڵەوە لە ڕووباری ئەڵوندەوە تێدەپەڕێ ولەڕێی گاومیشان وجگەر لوەوە خۆی گەیاندە سەرپێڵی زەهاو وئۆردووەکەی ئەمیر موفەخەم.

ئەو ڕۆژە بەهاری ساڵی ١٢٩٤ ڕێکەوتی ١٩١٥ بۆ من تاڵترین وناخۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم بوو. دەمان بینی لەلایەکەوە لەشکری بێگانە هاتووەتە خاکی ئێرانەوە وبە گوستاخی وبێ پەرواییەوە حوکمڕانیان دەکرد، و لەلایەکی ترەوە فەرمانڕەوای بێ خەبەری ئەیالەت لە دووری پێنج فەرسەخی سنووری داگیرکراوەوە بە زەبوونی وبێ دەسەڵاتییەوە بەرتەکیی نیشان نادات. بیروفیکری تەنها لە دەوری داهاتی خۆیدا دەسوڕێتەوە، و لەم ولەو سواڵ بکات وجەریمەیان لێ بسێنێت.

لە ڕۆژی گەیشتنی حوسەین ڕەووف بۆ قەسری شیرین عەباس خانی ئەمیر مەخسوس لەگەڵ جەمعێ سوارانی کەلوردا چوونە خزمەتییەوە، ئەو ئەوانی لە ڕزگارکردنی سلێمان خان ئومێدەوار کرد. ولەو ڕۆژانەدا یوسف خانی ئەمیر موجاهیدی بەختیاری لەکاتی گەڕانەوەیدا لە ئەورووپاوە لەڕێی بەغداوە گەیشتە قەسری شیرین ولەگەڵ حوسەین ڕەووفدا بە درێژی دانووستانی کرد وئەو هاتە سەرپێڵ ولەگەڵ ئەمیر موفەخەمدا گفتوگۆی کرد ودووبارە گەڕایەوە قەسری شیرین ودوا شەوی لەگەڵ کەسێکدا کە مووچە خۆری تورك بوو، دەیانووت گوایە جێگری کونسوڵگەری عوسمانیە لە کرماشاندا گەڕایەوە ئوردووەکە وهەردووکیان لەگەڵ ئەمیر موفەخەمدا دانوستانیان کرد.

کەم کەم بڵاوبووەوە کە خانی حوکمڕان لەڕێگای ئەمیر موجاهید ونێردراوەکەی تورکدا نزیکەی دوانزە هەزار لیرەی پێدراوە بەمەرجێ بەپەلە بەرەو

کرماشان پاشەکشە بکات. دوای ڕۆژێ ئـەمیر موفەخـەم بـە پەلـە فـەرمانی بزافـی لەشـکرەکەی دا. لـەم کاتـەدا هـەموو عێلـی سـەنجاوی لـە گـەرمیانی سـەنجاوی لەدەشـتی قـەڵا شـاهین وبـشێوە ودەوروبـەری سـەرپێڵ کۆبووبوونـەوە. هەرچـی تەلاشمان کرد کە حەرەکەتی ئۆردووەکە دوو ڕۆژێ دوا بخات هەتا عێلی سەنجاوی لە پێشیەوە بگوێزێتەوە سوودی نەبوو، لە پاتاق بالاتـاق تێپـەڕی. ئێمـەش ناچـار فــەرمانی کۆچــمان دا وعێــل بــە وەزعێکــی پەرێــشان وناهــەموارەوە بــەدوای ئۆردووەکەوە کەوتە ڕێ. ژنانی عێل هەرکاتێ دەگەیشتنە سـەربازانی ئۆردووەکـە جنێوی سـوکیان پێـدەدان. مـن وسـەردار ناسـر وسـالار زەفـەر لەگـەڵ سـێ سـەد سواردا ئەو ڕۆژ وشەوە لەسەرپێڵدا لەنێوان هێزەکەداماینەوە وکەوتینە دوای عێل تا تێکڕا لە پاتاقەوە سەرکەوتن.

ڕۆژی حەوتـەم لەگـەڵ خۆرهەلاتنـدا بینیمـان کـە پێـشەڕەوی لەشـکرەکەی حوسـەین ڕەووف لـە هێڵـی جادەکـەوە گەیـشتنە ملـە یـاقوب، ولەپێـشیانەوە سوارەکانی کەلور لە دەبینران، گەیشتنە سـەرئاوی گـەرمی قـەڵا شـاهین. بۆمـان ڕوون وموسەلەم بوو کـە حوسـەین رەووف بـەگ بـە ئاگـاداری وڕەزامەنـدی ئـەمیر موفەخەم جولاوەتەوە وهەواڵی پارە وەرگرتنی دەبێت ڕاست بێت.

لە پاتاقەوە هاتینـە سـەرەوە وسـەیرمان کـرد ڕەشـید  ئەلـسەلتەنە وبراکـانی قـادر ئاغـا ونـادر ئاغـا لەگـەڵ قەنبـەر سـوڵتانی قەڵخانیـدا جـەمعێکی کـەم چاوەڕوانمانن مەعلوم بوو کە براکانی ڕەشید  ئەلسەلتەنە بـێ ڕەزامەنـدی ئـەو لـە ملـەی پاتاقـدا ڕێ لـە لەشـکرەکەی ئـەمیر موخـەم دەگـرن بـۆ ئـازادکردنی بـرا وزیندانیەکانیان، چونکە براکەیان نا دۆزنەوە ئەحمەد سوڵتانی قەڵخانی کە ئـەمیر موفەخـەم کردبوویـە سـەرکردەی تایفـەی قـەڵخانی لـەنێوان لەشـکرەکەدا دەسـت گیری دەکـەن بـەزۆر ڕایدەکێشنە کـەناری جادەکـەوە ولـەنێو درەختـە چـڕەکانی جەنگەڵەکەدا دەی کوژن، ڕەشید  ئەلسەلتەنە لەم ڕووداوە زۆر ناڕەحەت دەبێـت، منیش هەروەك لەم کردەوە دڕندانە ناڕازی بووم بەڵام قسەی سووکم پێیان نەکرد.

## هەوڵدان بۆ ئازادکردنی زیندانیەکان

هەر لەوێدا لە خزمەت سەردار ناسری برامدا لەگەڵ سـەرکردەکانی گۆڕانـدا بـۆ ڕاوێژگاری ومەشورەت ودانوستان دانیشتین وباروۆخەکەمان تاوتۆێ کرد. سلێمان خانی ئەمیر ئەعزەم سـەرکردەی یەکـەمی کـەلور لەگـەڵ براکەیـدا زینـدانی بـوون،

پاشماوەی کـەلورەکانیش لەگـەڵ عـەباس خـانی ئـەمیر مەخـسوسدا خۆیانـدابووە پاڵی حوسەین ڕەووف وکەوتبوونە شوێنی.

جەهانبەخش خان سەرکردەی تایفەی تفەنگچی هەڵوێستی ڕوون بوو،لەگـەڵ ئێمە وڕەشید ئەلسەلتەنەدا دژایـەتی وکینـەی هـەبوو چـاوەڕوانی هـەلێك بـوو کـە بڕواتە پاڵی دوژمـن. تایفـەکانی جـاف وسـنی مەزهەبـەکانی هاوسـێمان لـە دڵـەوە لایەنگیری عوسمانیەکان بوون. لەلایەکی ترەوە لەشکرەکەی ئـەمیر موفەخـەمیش بڕیارە تا یەك دوو ڕۆژی تر بەرەو کرماشان پاشەکشێ بکات، لـەم بارودۆخـەدا لـە پێش حوسەین ڕەووف بەگدا تەنها ئێمە دەمێنینەوە.

دوای تاوتوێ کردنـی ئـەم بارودۆخـە بڕیارمـان دا بـە هـەر بەهایـەك بـووە بـۆ ئازدکردنی زیندانیەکان هەوڵ وکۆشش بدەین.

ڕەشید ئەلسەلتەنە وقەنبەر سـوڵتانیش هـەر لـەو مەجلیـسەدا لەگـەڵ ئێمـەدا پەیمانیان بەست وسوێندیان خوارد کە تا دوا دڵۆپی خوێنیان شـان بەشـانی ئێمـە لەبەرامبەری عوسمانیەکاندا ڕاوەستن وبەرگری بکەن.

بەگـشتی بـە ئامـانجی ڕزگـاری زیندانیەکانـەوە بـۆ ئۆردووەکـە کەوتینـە ڕێ وسوارەکانی سەنجاویشمان ئاگادارکرد کە سەرجەم لە "کرند" بگەنە ئێمە لەگـەڵ سادات وسەرکردەکانی کرندیش هاوپـەیمان بـووین لەلایـەن سـلێمان خـانی ئـەمیر ئەعزەم کە زیندانیی ئەمیر موفەخەم بوو بەهۆی سەید ڕۆستەمی گۆرانەوە هەواڵی ئەوی پێمان گەیاند و وەڵامман دایەوە کە لە هەوڵ وکۆشش داین بۆ ڕزگـارکردنی، ئەویش بەڕووکەش هاتە نێـو عەهـد وپەیمانەکەمانـەوە. چـون ئـەخلاق وڕەفتـاری ئەمیر موفەخەمم لەوان چاکتر دەناسی، داخوازیم کرد کە سەبارەت بە زیندانیەکان گفتوگۆ بکەم. شەست کەس لە خزمەتکارەکانی خـۆم و هۆزەکـەم کـە لـە ئـازایی ودلێریان دڵنیا بووم لەگەڵ خۆمدابرد. کە گەیشتینە ئۆردووەکە ئـەمیر موفەخـەم لەگەڵ جەهانبەخش خانی زەرغامو ئەلسەلتەنە ونەسیر دیوانی فزونـی سـکرتێری دار ئەلحکومە دانوستانیان دەکرد، بە گەیشتی من کۆبوونەوەکـەیان تێـك چـوو، و بە هاوڕێکانم ڕاسپارد کە لە دەوری ئۆردووەکە ئامـادەبن. ئـەمیر موفەخـەم پێمـی ووت دەڵێن کە ئەحمەد سوڵتانی قەڵخانی بە فیتی تـۆ کـوژراوە بـەڵام مـن بـاوەڕم نـەکردووە. سـوێندم بـۆ خـوارد کـە مـن لـەم ڕووداوە بـە هـیچ جۆرێـك ئاگـادارنیم

ودەستم تێکەڵاوی ئەم تاوانە نەکردووە لە کانگای دەڵمەوە لەم ڕووداوە ئازردە ومەلولو داخدارم، بەو شێوەی کە بۆ من ڕوون بوەتەوە ڕەشید ئەلسەلتەنەیش لەم ڕووداوە بێ خەبەرە، براکانی بێ ڕەزامەندی ئەو ئەم کردەوە قێزەونەیان ئەنجام داوە. ووتی بیستوومە سەبارەت بە ڕزگارکردنی زیندانیەکان عەهد وپەیمانتان بەستووە. ووتم بەڵێ، هەر بۆ ئەم کێشەیە هاتوومەتە خزمەتت، هەموو سەرکردەکانی سەنجاوی وگۆران مەرخەسی زیندانیەکان لە تۆ داخوازییانە ئەگەر ڕازی بیت ئەوە هەموویان بەگشتی ملکەچن وگوێڕایەڵ، ئەگەر ڕازیش نەبیت ئێمەیش بەناچاری لەگەڵ زیندانیەکاندا هاودەنگ دەبین. ووتم ئاغای ئەمیر موفەخەم لەشگری بێگانە دە فەرسەخیان لە وولاتەکەمان داگیرکردووە وعێلی کەلوریش کەوتوونەتە دوایان وبوونەتە لایەنگیریان، خۆت لە هەرکەسێ چاکتر ڕادەی دوژمنی حوسەین ڕەووف بەگ سەبارەت بە ئێمە دەزانیت، لەشکرەکەی تۆ تا چەند ڕۆژێکی تر لەم شوێنەدا نامێنێ ودەڕواتە کرماشان، ئێمە لەبەرامبەر عوسمانیەکاندا تەنها دەمێنینەوە ناچارین لە بوونی خۆمان بەرگری بکەین وئەم بەرگرییە لە وزەی ئێمەدا نیە، چاکترە نەوازشت وعینایەت بفەرمیت زیندانیەکان بەرەڵا بکرێن کە لە نەوازشتی تۆ ودەوڵەت ئومێدەوار بن. ڕووی کردە نەسیر دیوان و ووتی ڕوون بووەوە ئەوەی بیستم ڕاست دەرچوو. بەرگێکی قورئان بەسەر پشتیەکەیەوە بوو، وتم ئاغای ئەمیر موفەخەم بە سورەتی ئەم کەلامی پەروەردگارە سوێندت دەدەم زیندانیەکان ئازاد بکە ومەبە هۆی خوێن ڕژاندن. ووتی بە مانا ئەگەر مەرەخەسیان نەکەم خوێن دەڕێژرێ؟ وتم بەڵێ ڕێی تێدەچێت ولەو باوەڕەشدام. وتی گۆرانەکان بەڵێنو تەعەهودێك کە کردوویانە وئەو بەڵگەنامەیەت بە ئێمە سپاردووە دەبێت جێ بەجێ بکەن. لە تەماحو چاوچنوکیو وتەنگ نەزەری ئەم پیاوە دووچاری سەرسوڕمان بووم. وتم پارەی نەقد لە وزەدا نیە وکاتی بەڵگەنامەکانیش بەسەرنەچووە، دڵنیابە لەسەر کات و مەوعیدی خۆیدا دەیدەن. وتی ئێستا بڕ وعەسر بێرەوە تا تەرتیبی بەرەڵاکردنیان بڕەخسێنین.

گەیشتمە ماڵ باوکم داوامی کرد، فەرمووی ئەتەوێ چی بکەی؟ پێم ڕاگەیاند دەمانەوێ سەرجەم زیندانیەکان بەرەڵا بکەین وتێکڕایش بۆ ڕاوەستان لە بەرانبەر حوسەین ڕەووف بەگدا ئامادەین. فەرمووی دەوڵەتی تورکمانت کردوەتە

دوژمنمان، ڕازی نیم سوکییەك بە ئەمیر موفەخەم بکرێت. بەڵام من بەوپەڕی سەرسەختییەوە قسەکانیم ڕەدکردەوە، وسووربووم لەسەر بڕیارەکەی خۆم.

نزیکی عەسر لەگەڵ سەید ڕۆستەمی گۆراندا گەڕاینەوە بۆ ئۆردووەکەی ئەمیر موفەخەم، ئەمجارە لەبەرئەوەی دڵیان پیس نەبێت وگومان نەکەن لە چوار پێنج نەفەر زیاترم لەگەڵ خۆمدا نەبرد. کاتێ هاتینە ژورەوە بینیم سوارەکانی جەهانبەخش خان وسالار مەنسور سەرۆکی گۆران دژی ئێمە ڕیزیان بەستووە وئامادە وەستاون. سەرەتا کەوتمە بیرۆکەی گەڕانەوە بەڵام مەترسی گەڕانەوە بترتر بوو تەوەکولمان بەخوا کرد وهاتینە چادرەکەی سەردار موعەزەمی کوڕی ئەمیر موفەخەمەوە، نزیکەی دە چەکدار لەگەڵیدا دانیشتبوون وپەنجا کەسێك لەدەوری چادرەکەی وەستابوون. سەردار موعەزەم کە دیمی ڕەنگی تێکچوو، خەریك بوو قلیانی دەکێشا، کاتێ دەستی برد کەسەری قلیانەکە بۆ دەرکردنی دووکەڵەکەی هەڵگرێ دەستی دەلەرزی بچڕ بچڕ هاتە قسە وبە لەحنێکی گاڵتەئامێزەوە وتی ئاغای سەردار ئەو هەزار توومەنەی من چی لێهات؟ هاوڕێکانم کە لەگەڵ خۆمدا هاوردبوومن هەستیان بە مەترسیەکەی کرد وبەدوای یەکتریدا ئاماژەیان بۆم دەکرد. منیش چونکە ئاماژەکانیانم بە زیانبەخش دەزانی پشتم تێیان کرد. لەم بەینەدا سەیرمکرد محەمەد حوسەین خانی بەختیاری "چوارلنگ"ی لەگەڵ بیست چەکداردا وفیشەکیان بردوەتە پێشەوە وهاتنە چادرەکەی ئەمیر موفەخەمەوە. لەوەڵامی سەردار موعەزەمدا وتم: هەروەك کاتی بەڵگە وسەنەدەکانی تۆ نەهاتۆەتە پێشەوە، هەروەك ئیمڕۆیش ڕۆژی شەمەیە بەڵام کاتێ کەهاتم بۆ ئەیرا خواجە فەرەجی جولەکەی بازرگانی کرندیم بینی ولەگەڵ خۆمدا هاوردوومە هۆدەکەوە تا پارەکەی ئێوە ئامادە بکات. وتی هۆدەکە لە کوێدایە؟ وتم لەو کاروانسەرایەی کە بەدیوارەکەی ئۆردوگاکەوە چەسپاوە، سەید ڕۆستەم لەم قسەی من سەری سوڕما وتی خواجە فەرەجت لەکوێ بینی؟ وتم سەرم سوڕدەمێنی یەك چارەك سەعات تۆم بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەودا دواخست تازە ئەم پرسیارە دەکەی؟ ئاغا زانی کە من بۆ ڕزگار کردنی خۆم دەستم داوەتە ئەم فێڵە ئیتر قسەی نەکرد. سەردار موعەزەم وتی ئەگەر بڕۆیت کەی

دەگەڕێیتەوە؟ وتم ڕێگاکەی سەد پێیەك دوورتر نیە، ئەگەر پارەکەی نەقد بێت هەرکاتی ژماردنەکەی پێویستە.

لە حەقیقەتدا شەنە لە مەنە کەمتر نەبوو، کوڕیش وەك باوك بە تەماحی پارەوە بە دەستی لەرزۆکەوە دوکەڵی قلیانەکەی دەرهاورد و وتی بڕۆ وزوو پارەکە بهێنە. هاتمە دەرەوە گوڵ نەزەر ویستی هێستری سوارییەکم بێرێت، بەئەنقەست بەدەنگی بەرز ووتم پێویست ناکات هەر ئێستا دەگەڕێمەوە. کە گەیشتمە پێچ ودیواری کاروانسەراکە بەپەلە خۆمم گەیاندە چەند دەوەنە بەردێکی گەورە بەیەکێ لە خزمەتکارەکانم ووت بڕۆ قاتری سوارییەکەم بۆ بهێنە وبە خزمەتکارەکەی سەید ڕۆستەمیش بڵێ ئیتر من ناگەڕێمەوە ئۆردووەکە. دوای گەیشتنمە ماڵ وگەڕانەوەی سەید ڕۆستەم فەرمانمان دا سوارەکانی سەنجاوی و گۆران تێکڕا سەنگەرەکانی سەرەوەی ئۆردووەکە بگرن وئامادەی شەڕبن. لەم بەینەدا میرزا عەلی خانی عێراقی پێشکاری ئەمیر موفەخەم ونەسیر دیوان فزونی سکرتێری دار ئەلحکومە هاتنە چادرەکەمان ووتیان ئەمیر لەم خراو تێگەیشتنە سەری سوڕماوە وئەسەف بارە وئێمەی ناردووە کە ئەم خراو تێگەیشتنە نەهێڵین. منیش ووتم بەڵێ، ئێستا کە سەرنەکەوتن من دەستگیربکەن ئێوەیان ناردووە تا ئەم بەین تێکچوونە چاککەنەوە، بەڵام ئەم بەین تێکچوونە تەنها پەیوەندی بە ئازادی وبەرەڵاکردنی زیندانیەکانەوە هەیە وئەگەر ئەم کارە هەر ئیمڕۆ نەکرێت شەڕ دەقەومێ. نەسیر دیوان ومیرزا عەلی خان ووتیان ئێستاکە شەوە، بەڵێن بدەن کە ئیمشەو بە ئارامی تێپەڕێت، سبەی زوو لەگەڵ خۆرهەڵاتندا سەردار موعەزەم یەتە ماڵتان، ئەوەی داخوازی تۆیە هەر ئەوە دەبێت ئەنجام بدرێت. ووتم بەمەرجێك کەسێك ئیمشەو لە شوێنی خۆیدا نەجوڵێتەوە و ئێمەیش سەنگەرەکانی خۆمان دەپارێزین، بەڵام شەڕ ناکەین چاوەڕوان دەبین.

دوای ڕۆیشتنیان کەوتینە گفتوگۆ وڕاگیری وڕاوێژکاری. بڕیارماندا ئەگەر سبەی سەردار موعەزەم زیندانیەکانی لەگەڵ خۆیدا نەهاورد دەستگیری بکەین. بۆ ئەوەی ئەم کردەوەیە لەماڵی ئێمە ڕوونەدات ڕۆیشتینە ماڵی ئیحتیشام ئەلمەمالیك حوکمڕانی کرند و ویستمان هەر لەوێدا کوڕەکەی ئەمیر موفەخەم دەستگیر بکەین، هەواڵمان پێگەیشت کە سەردار موعەزەم ڕۆیشتووە بۆ ماڵی ئێمە. ئاغا سەید

عەزیزمان نارد کە بیهێنێ بۆ ئەیرا، ووتبووی من لەلایەن ئەمیر موفەخەمەوە هاتوومە بۆماڵی سەمسام ئەلمەمالیك وکوڕەکانی، کارێکم نیە بە ماڵی ئیحتیشام ئەلمەمالیك. ئێمەیش ئیترلە بیرۆکەی دەستگیرکردنی دەستمان هەڵگرت وچاومان پۆشی. گەیشتینە ماڵ بینیمان سەردار موعەزەم لە خزمەتی باوکمدا دانیشتووە. ووتی هاتنی من بۆماڵتان لەبەر دوو شتە، یەکەم لە ڕووداوەکەی دوێنێ خراو تێگەیشتنو ولەیەك نەگەیشتن بووە وئەمیر موفەخەم هەرگیز نیەتێکی خراوی سەبارەت بە ئێوە نیە. ووتم لەم خاڵەیان چاو بپۆشە، خاڵی دەووەمیان باس بفەرمە. وەڵامی داوە، خاڵی دووەم کە ئەمیر ئامادەبووە هەموو زیندانیەکان بەرەڵا بکات، بەڵام ئێوەیش دەست لە ڕێزنەگرتنی هەڵبگرن، خوودی تۆ لەگەڵ مندا بێیت هەموو زیندانیەکان بە شەفاعەتتان ئازاد دەکرێن. ووتم من جارێکی تر نایەمەوە نێو ئۆردووەکەتان. باوکم ووتی، جەنابی سەردارمن بەڕیشی سپیەوە لەگەڵتا دێم. سەردار موعەزەم ڕازی بوو و لەگەڵ سەمسام ئەلمەمالیکدا ڕۆیشتن. زۆری پێنەچوو باوکم گەڕایەوە وئەسەدوللابەگ وڕەشید ئاغای لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە. پرسیم: کەلورەکان چیان لێهات؟ ووتیان ئەوانیشیان بەرەڵا کرد، بەڵام ئەمیر ئەعزەم نەهاتە ئەیرا ووتی ڕاستەخۆ دەڕۆمەوە ماڵی خۆم.

ئێمەیش کێشەکەمان بە تەواوبوو زانی وفەرمانماندا سوارەکان سەنگەرەکانیان جێبهێڵن. پاشماوەی عێلەکە لە دەشتی کرنددا مابوونەوە. ڕۆژی دوایی کۆچیان کرد وبەرەو مایدەشتی سەنجاوی ڕۆیشتن. ئۆردووی ئەمیر موفەخەمیش کرندیان بەجێهێڵا وبەرەو کرماشان بەڕێ کەوتن. هەواڵی ئەم ڕووداوەمان بۆ دۆستانی شارنشینمان ڕەوانە کرد. کرماشانیەکان ڕێیان بە ئەمیر موفەخەم نەدابوو کە بێتە نێو شارەوە، چەند ڕۆژێ لە تاقوستاندا مایەوە تا بەتەلوگراف دەرکردنی لە تارانەوە گەیشت ومحەمەد خانی ئیقبال ئەلدەولە حوکمڕانی دەورەی جوانیم دووبارە بۆ حوکمڕانی ئەو دەڤەرە هەڵبژێررا وگەیشتە شار.

## خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕ

دوای ئەم ڕووداوانە وادیارە پێشڕەوی ڕەووف حوسەین لە خاکی ئێراندا تەنیا بۆ سەرکووت کردنی ئێمە بوو. بۆ ئەم مەبەستە لە قەسری شیرین خزمان

ودۆستانمان وهەر کەسێك ناوی سەنجاوی پێوەوە بوو دەستگیر وزینـدانی دەکـرد ودەکەوتـە ئـازار وئەشـکەنجەیان. حەمیـد خـانی باجـەلانی بـرای هاوسـەرەکەی سلێمان خانی سالار موقتەدری بە گوناهی خزمایەتی ئێمەوە ئیعدام کـرد ونـاوبراو کە لە سەرکردەکانی ناوداری هۆزی باجەلان بوو. شـازادە محەمـەد سـادق مـیرزای بـرای هاوسـەرانی مـن وسـەردار ناسـری بـرام کـە لـە قەسـری شـیرین بەرپرسـی تەلوگرافخانـە بـوو، دەسـتگیر کـرد ولەگـەڵ خۆیـدا هاوردیـە سـەرپێڵی زەهـاو. لەلایەکی ترەوە سەرۆکەکانی تایفەی سونی مەزهەبـەکانی باوەجـانی وەلەدبـەگی وجوانرۆیی بۆ ئۆردووەکەی بانگهێشت کرد ئەوانیش سەرجەم چـوونە خزمەتیـەوە وبەقـسەی ئـەوان گوایـە پـەیرەوی لـە وێنـەری خەلیفـەی موسـوڵمانان دەکـەن، وفەرمانەکانی جێبەجیێ دەکەن ودەگرنە ئەستۆ.

ئـەو یوزباشـی محەمـەد خـدر ئەحمـەد وەنـد چـەلەبی "هەمەوەنـد"[1] ی کـردە سـەرکردەیان وناردیـە نێـو عێلـی وەلەدبـەگی وباوەجـانی ولـە شـوێنێکدا کـە بـە "بەکرە"ی دەوڵەت ئاوا بەناوبانگە کە دەکەوێتـە سـەرەتای خـاکی کوردسـتانەوە وله پشتی سەری ئێمەدا لەشکرێکیان بۆدروست دەکات. سلێمان خـانی کـەلوریش هەر کە لە زیندانی ئەمیر موفەخەم بەرەڵا دەبێت، بەپێـچەوانەی بـەڵێنێك کـە بـە ئێمەی دابوو ڕاستەوخۆ ڕۆیشتە لای حوسەین ڕەووف بـەگ وگوێڕایـەڵی وملکەچـی خۆیی نیشاندا. حوسەین ڕەووف، ئەدهەم بەگی یاوەری نارده نێوان عێلـی کـەلور وهـەردوو سـەرکردەی عێلەکـە بـە هـەموو توانـا وهێزێکیانـەوە لـەڕێی کفـراوەر وگواوەرەوە هاتنە هارون ئاباد "شا ئابادی ئیمڕۆ". حوسـەین ڕەووف بـەگیش بـە ئۆردووەکەیەوە لە پاتاق گوێزایەوە سورخە دیزە ولەم شوێنەدا زۆربەی عەشـایرە عێراقیەکان کە لەگەڵیا هاتبوون مەرەخەس کرد بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیـان تەنها مەحمودپاشای سەرۆکی جافی مورادی بە سی سوارەوە لای خۆی هێڵایەوە. لـە گۆرانـەکانی ئێمـەیش ڕەشـید ئەلـسەلتەنە وسـەفەر خـان چـونکە خۆیـان لـە بـارودۆخێکی مەترسـیداردا دەبینـی بـە هـۆی پێـشینەی ئاشـنایەتی ودۆسـتایەتی لەگەڵ مەحمود پاشادا وموتمانە وەرگرتنیان لەلایـەن ئـەوەوە دێنـە ئۆردووەکـەی حوسەین ڕەووف بەگ ودەگەنە خزمەتی سـەرکردەی لەشـکرەکە، بـەڵام مـەحمود

[1] ئەم زاتە کوڕی خلە پەزەی ناودارە کە یەکێ لە سەرکردەکانی هەمەوەندە.

پاشا نەسیحەتیان دەکات کە کاروباری حوسەین ڕەووف بێ مایە وئەساسە، ئێوە نابێ لە وڵاتی خۆتان خیانەت بکەن وسەنجاوییەکان بە تەنها جێبهێڵن، بڕۆن پشتی یەکتری بە بتەوی ڕابگرن وپاڵپشت بکەن، ئەگەر تورکەکان سەنجاوییەکانیان لەناوبرد نۆرەی ئێوەیش دێت وسەرتان تیان دەبەن. لە کردەوەی خۆیان پەشیمان دەبنەوە وبەنهێنی دوای گەڕاندنەوەیان لە ئۆردووەکە داخوازی بینینی منیان کرد، منیش شەو لە ناوچەی چەقاپور چووم بۆ بینینیان بە توندی جنێو وسوکیم بە ڕەشید ئەلسەلتەنە کرد چونکە دۆستی بووم و ئەوم بە دۆستی خۆم دەزانی، ئەو حەقی بەمندا، بەڵام سەفەروخان بەدڵ وبەگیان لەگەڵ ئێمەدا بوو ، تەنها لەبەر هاوڕێیەتی وهاوکاری ڕەشید ئەلسەلتەنە ئەم کردەوەی لێ وەشابووەوە. لەدواییدا ناخۆشی لەنێوان دۆستاندا سڕایەوە. دووبارە پەیمان وبەڵێنمان موحکەم وبتەو کردەوە. لەنێو گۆرانەکاندا تەنها جەهانبەخش زەرغامو ئەلسەلتەنە بەهۆی دوژمنایەتی ورقەبەریەك لەگەڵ ڕەشید ئەلسەلتەنەدا هەبووی بەنهێنی پەیوەندی لەگەڵ حوسەین ڕەووف دا هەبوو.

ئاغا سەید ڕۆستەم پێشەوای ئاینی تایفەکانی ئەهلی حەقی سەنجاوی و گۆرانیش بەهۆی دوژمنی لەگەڵ سەفەر خاندا کە بینی ئەوان لەگەڵ حوسەین ڕەوف بەگدا پەیوەندیان نەماوە، چووە لای حوسەین ڕەووف بەگ وپەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵیدا پێکهێنا ودوو سێ جار هاتە سەنجاوی پەیامی پڕ لە هەڕەشە وگوڕەشەی لەلایەن حوسەین ڕەووفەوە هێنا وبەناوی خێرخوازیەوە بیروباوەڕی خۆیی دەخستەڕوو کە تورکەکان دەست هەڵگر نین وچاکترە لەم شوێنە کۆچ بکەن وماوەیەك لە دەوروبەری کرماشاندا جێگیر بن.

ئۆردووی حوسەین ڕەووف کە هاتە مایدەشت وچەند ڕۆژێك مایەوە جارێکی تر سەید ڕۆستەم گەڕایەوە. قسەکانی بە ئەندازەیەك منالانە وسوودخوازانە بوو کە منی دەمارگیر کرد، بە زبری وبەڕاشکاوی پێم گووت، ئاغا وا دیارە تۆ بوویتە باوەڕپێکراو وجێ موتمانەی تورکەکان کە ئێمە دەترسێنی ولەم شوێنە کۆچمان پێدەکەیت، بە ڕاشکاوی بە تۆ دەڵێم ئەگەر جارێکی تر خۆت یاوەك کوڕەکەت پێتان بڕواتە ئۆردووەکەی حوسەین ڕەووفەوە تۆ بە دوژمنی سەنجاوی وگۆران دەژمێردرێیت. دوای ئەم هەڕەشەیە ئیتر وازی لە ڕۆیشتنە لای حوسەین ڕەووف

هێنا بەڵام بەنهێنی لە نامە نووسیندا بەردەوام بوو بۆی، بەڵام ئاغا سەید عـەزیزی برای هەمیشە لەبەر ئەم کردەوانەی سەرزەنشتی دەکرد.

## سەرکوتکردنی جەهانبەخش خانی زەرغامو ئەلسەلتەنە

کـەم کـەم پەیوەنـدی جەهانبـەخش خـانی زەرغـامو ئەلـسەلتەنە لەگـەڵ تورکەکاندا ئاشکرا وڕوون بووەوە، زۆراب سوڵتانی برای ناردە خزمـەتی حوسـەین ڕەووف بەگ. ئێمـەش موتمانـە پێکراومـان لـەنێو ئـۆردووی تورکەکانـدا بـەردەوام هەبوو، لەوانە عەلی خانی سەنجاوی کە موتمانـە پێکراوێکـی لێهـاتوو وسـیخورێکی هۆشیار وکارامە بوو–لـەوێ دامـان نـا– نـاوبراو دوکـانێکی خواردەمـەنی فرۆشـیی لەوێدا دەمەزراند لەڕێگەی نێردراوەکانمانەوە بەردەوام ڕووداوەکان وهـەواڵی هـاتو چۆکەرەکانی ئۆردوومانی بۆ ڕەوانە دەکرد.

ڕۆژێـك قاسـیدێکمان لای ئـەوەوە دەگەڕایـەوە لـەڕێگادا تووشـی هـەڵگری نامەکانی جەهانبەخش خان دەبێت بـێ ئـەوەی خـۆی بناسـێنێت کـە سـەنجاوییە دەیخەڵەتێنێ ونامەکەی لێ دەسەنێت. لەو نامـەدا بـۆ حوسـەین ڕەووف نوسـرابوو وەکو لە سکاڵای پێشوودا عـەرزم کـردی، دوو سـەد سـەرباز لەگـەڵ مەتریلۆزێکـدا بنێرە ئەیرا وبە مەحمودخان فەرمان بدە هـەرکاتێ مـن ئاگـادارم کـرد لـەلای شـلە وزالو ئاوەوە هێرش بباتەسەر سەنجاوی، خوا حەز بکات بـەم زوانـە ئەوانـە پـەرت وبڵاو دەکەینەوە. لەگەڵ سـەردار ناسـر وسـالار زەفـەردا لـەم بـوارەوە بیروڕامـان گۆڕییەوە و بریارماندا کە پێویستە هەرچی زووتـرە دوژمنـی نـاوخۆ لـەناو ببـەین. بەپەلە نامەمان بۆ ڕەشید ئەلسەلتەنە وسـەفەروخان و غـولام عـەلی خـانی سـالار مەنـسور نووسـی ئـەوانمان بـۆ "در کـەل" بانگهێـشت کـرد، و نامەکـەی زەرغـامو ئەلسەلتەنەمان بۆیان خوێندەوە تێکڕا بڕیارماندا هەر سبەی زوو پێش خۆرهـەڵاتن هێرش بکەینە سەری. سەبارەت بە بارودۆخی شەڕەکە مەترسیەکمان بوو، چونکە ئەو وبراکەی قەڵایەکی موحکەم وتۆکمەیان بەدەستەوە بوو کە داگیرکردنی ئاسان نەدەهاتە بەرچاو. شەو بە بەهانەی بۆ جوانڕۆ ڕۆیشتنەوە لە سەرجەم گونـدەکانی سەنجاوی سوارمان کۆکردەوە. شەش سەعات لە شەو تێپەڕیبوو پترلە هەزار سوار لە ماڵی مندا لە بەندار کۆبوونەوە، پێش خۆرهەڵاتن قـەڵاکانی جەهانبـەخش خـان

وزۆراب سوڵتانمان که دوو فەرسەخێك لەئێمەوە دووربوو وەك کلکەوانەی دەست ئابلۆقەمان دا.

سەردار ناسر لەڕێگای خزمەتکارەکانیەوە بە خەڵکی تفەنگچی ڕاگەیاندبوو ئەگەر لەشوێنی خۆیاندا بمێننەوە ونەجمێن کەس حەقی بەسەرئەوانەوە نیە ولە ئەمنوئاسایشدا دەبن. پێش نیوەڕۆ جەمعێکی گۆرانەکانیش گەیشتن سوارەکانی سەنجاوی لەم کەین وبەینەدا خۆیان گەیاندبووە تا دوو سەد سێ سەد پێیەکی قەڵاکە. لەم بەینەدا لەنێوان خزمەتکارەکانی من وخزمەتکارەکانی سالار زەفەردا کێبرکێ دروست دەبێت لەسەرئەوەی کامیان پێشکەون بۆ داگیر کردنی قەڵاکە.

غوڵام عەلی سەنجاوی خزمەتکاری سالار زەفەر لە سەنگەرەکەیەوە هەڵسا وبە هاوسەنگەرەکانی جنێو و تانەوتەشەری دا ئەگەر نەکەونە شوێنی ئەسپەکەی تاودا ونزیکەی پەنجا سوارێ کەوتنە دوای وهێرشیان بردە سەر قەڵای زۆراب سوڵتان هەرچی دەستڕێژیان لێ کردن نەگەڕانەوە نزیکەی بیست کەسێکیان خۆیان یان ئەسپەکەیان زامداربوون، پیاوێك لە خزمەتکارەکانی سالار زەفەر کوژرا بەڵام تەواوی سوارەکان بە سەلامەت یان زامداری خۆیان گەیاندە گوندەکە و لەوێوە خەریکی کون کردنی دیواری ماڵەکان تا نزیك دیوار قەڵاکە بوون. ئێمەش بەدوای سوارەکاندا جەمعێ چەکدارمان خستە ڕێ، لە ناکادا بینیمان دەرکی قەڵاکە کرایەوە وجەمعێ ژن قورئانی پیرۆز بەسەریانەوە یان بەدەستمانەوە، بە نیشانەی خۆبەدەستەوەدانەوە، دەیانقیژاند ئەمان ..ئەمان، لە دەرگاکە هاتنە دەرەوە. بەپەلە فەرمانماندا تەقە ڕاوەستێنن، بەسوارەکانی لای قەڵاکەمان ڕاگەیاند کە سەنگەرەکانیان قایم ڕابگرن وبە ژنەکانمان گوت بگەڕێنەوە "بەختمان دا پێتان".

ژنەکان ڕۆیشتن زۆراب سوڵتان وچەند کەسێکی تر پاناهەندەی سەنگەرەکەی سالار زەفەر بوون. لەسەر تکای جەهانبەخش خان کوێخا حوسەینی سەنجاویمان نارد، لەپەنای ئەودا هاتەسەنگەرەکەی ئێمەوە، چەند سوارێکمان ڕاسپارد کە بڕیاردراوە لە قەڵاکاندا تالان قەدەغەیە، ووتمان هەتا مەرێك لە ماڵی کەس نەبرێت. سەرجەم سەنگەرەکان لە سەنگەرەکەی ئێمەدا کۆبوونەوە، سالار مەنسور وسەفەروخان ورەشید ئەلسەلتەنە حەزیان دەکرد کە جەهانبەخش خان وزۆراب سولتان لەگەڵ خۆیاندا ببەن، ئەوانیش قیرانیان ئێمە دیلی عەلی

ئەکبەرخانین، لەو زیاتر موتمانەمان بە کەسی تر نیە. منیش بە جەهانبەخش خانم گوت بە پەلە بەرەو ماڵی ئێمە بڕوات وچەند پیاوێکی خۆمم لەگەڵیدا نارد، کە چاودێری بکەن تا دەیگەیەننە قەڵای "بندار".

سەرکردەکانی گۆران لەم کردەوەی من دڵیان ڕەنجا بوو، بەڵام ئەگەر جەهانبەخش خانم بەوان بسپاردایە مەترسی ئەوەی هەبوو بیانکوشتایە وڕسواییەکەی بۆمن بمایەتەوە. بەزۆراب سوڵتانیشم گوت تۆیش دەبێت هەر ئیمڕۆ کاری خۆت تەواو بکەیت وهەردوو گوندەکەت جێبهێڵیت و بۆ خاکی سەنجاوی کۆچبکەیت وتا ئەنجامی کاری ئێمە لەگەڵ حوسەین ڕەووفدا لەوێ بمێنێتەوە، وهەروەهایشی کرد. بەتەواو بوونی فیتنە وئاشووبی جەهانبەخش خان لەشکری جوانڕۆیش بڵاوبووەوە. مەحمود خدر سەرکردەی ئەو لەشکرە لەگەڵ بارام بەگی سەردار ئەکرەم سەرۆکی هۆزی وەلەدبەگی ومحەمەد بەگی ئەمیر ئەسعەد سەرۆکی هۆزی باوەجانی چوونە خزمەت حوسەین ڕەووف بەگ. لەم کاتەدا قاسدێك هەواڵی پێمان گەیاند کە حوسەین ڕەووف بەگ دەیەوێ ئۆردووەکەی لە سورخەدیزەوە بۆ کرند بگوێزێتەوە وکرندیەکانیش بۆ ڕەونەق وگەشەکردنی کەسبوکاریان لە هاتنیان ناڕەحەت نین، و ئیحتیشام ئەلمەمالیکی حوکمڕانیان ناچار کردووە کە بانگهێشتیان لێ بکات کە هەرچی زووتر بێنە ئەو ناوچەیە. سەرئەنجام ئۆردووی تورك لە کرندا جێگیر بوو، وئەم ناوچەیە هەم لەئاستی ئازووقەی فراوانەوە وئاو وهەوای گونجاوەوە شوێنێکی گونجاو بوو بۆ جێگیر بوونی ئۆردووەکە وهۆزی کەلوریش بەسەرکردایەتی یاوەر ئەدەهەم بەگ، نێردراوی حوسەین ڕەووف بەگ، لە هارون ئاوادا جێنشین بوون.

## پڕوپاگەندە لە شاردا

بارودۆخەکە جێی سەرسوڕمان وپەژارە ومەلولی بوو، لەشکری بێگانە هیچ پەیوەندییەکی بە میللەتی ئێرانەوەنەبوو وبێ هیچ بەهانەیەك وبەڵگەیەك خاکی وولاتەکەمانی داگیرکردووە وفەرشی زۆر وحوکمڕانی ستەمگەرانەیان ڕاخستووە، مەخابن حوکمڕان ولەشکری فەرمی دەوڵەت لەبەرامبەر ئەم داگیرکردنە هیچ جۆرە بەرتەکی یان لارییەکی نیشان نەداوە وپاشەکشێی کردووە، عێل وتایفە

وهۆزەکـانیش لـەجیاتی ئـەوەدا یـەك بگـرن ویـەکێتی ویـەکڕیزی پێـك بهێـنن ولەبەرامبـەر داگیرکەرانـدا ڕاوەسـتن وڕاپـەڕن ودژی بجولێنـەوە، یـان بەلایـەنی کەمەوە لە ماڵەکەی خۆیاندا دابنیشن، چاوەڕوانی هەلێك بن هەندێ بـە ئـارەزووی سـەرۆکایەتیەوە، هەنـدێ بـە بەهانـەی هاوئـاینی یـەوە، هەنـدێ بـەهۆی کێبرکـێ وململانێی نـاوخۆوە، هەنـدێکی تـر بـە تـەماحی قـازانج وسـوودەوە ڕۆیـشتوونەتە پێشوازی داگیرکەرەوە وحەلقەی کۆیلایـەتیان کردوەتـە گوێیـان وهاودەسـتی ئـەو داگیرکەرەن و دژایەتی تایفـەکانی تـری برایـان دەکـەن، کـە خراوەکـی لەگەڵیانـدا نەکردووە. بـێ گوومـان خـەڵکی ڕەمـەکی وسـادە لـەم بـوارەدا گوناهێکیـان نیـە، تـاوانی نەخوێندەوارییانـە ولـە کـورت بینینیاندایـە، ولـە هـەمووی زیـاتر تـاوانی سەرکردە نەخوێندەوار وجاهیل وسوود پەرستەکانیانە.

هــەوڵ وکۆشــشی ئێمــە لــەوەدا خەســت بوبــووەوە کــە بــەڵکو بتــوانین سەرکردەکانی کەلور بکەینە هاودەست ویان دەست کـەم لەنێوانیانـدا هاوپـەیمانی دێرینمان عەباس خـانی ئـەمیر مەخـسوس، کـە هاوپـەیمانی عوسمانیەکانـە، دوور بخەینەوە ولەنێو شاردا دۆست وهاوڕێی کاریگەر بۆ خۆمان بڕەخـسێنین. لەشـاری کرماشـان وەکـو باسـم کـرد سـەرکردەکانی خـەڵك دوو بـەش بـوون، لەلایەکـەوە دەستەی موستەبدین ومـەیانڕەوەکان کـە لایـەنگیری ڕووسـەکان بـوون. لەلایـەکی ترەوە میللەت پەروەرەکان ودیمکراتەکان کە لایەنگیری ئەڵمانەکان بوون.

سەرکردەی دەستڕۆیشتووی مەیانڕەوەکان بریتی بوون لـە ئـەمیر کـل وسـەید حەسەنی ئۆجاق وەکیل ئەلمولك ومعاون ئەلمولك، وبەتایبەت موعتزید ئەلمولك کە لـەم دەورەوزەمانـەدا کـارگوزاری کرماشـان بـوو تـا گەیـشتنی فـەرمانڕەوای نـوێ وەکیلی فەرمانڕەوای حکومەت بوو. ئەوان وفەرمانفەرماییەکان هەروەك سـەبارەت بە ئێمە لە ڕاستیدا چاك بیریـان نـەدەکردەوە، بـەڵام چـۆن دژی حوسـەین ڕەووف بوون ولە هاتنی تورکەکان بۆ کرماشان یەکجار هەراسان وپـەژارە داربـوون لەگـەڵ ئێمەدا نزیك دەبوونەوە وهاودەردی وهاوکارییان دەکرد.

بارودۆخی شار لە ئاستی وێنـەر ونوماینـدەکانی وڵاتـە بێگانـەکان بـەم جـۆرە بوو: ژرکاسـف کونـسوڵی ڕووس ومەکـدواڵ کونـسوڵی ئینگلـیس کـە بـۆ هەمـەدان هـەڵهاتبوون، لەبـەر هەڕەشـەکەی "شـونمان" کونـسوڵی ئـەڵمان نەیانـدەتوانی

بگەڕێنــەوە کرماشــان. شــونمانیش بــە دەســتەیەکی ســەد ســواری نــاوخۆوە کــە نیشانەی دالێکی چەسپاندبوو بە یەخەیانەوە، بەوپەڕی دڵگەرمیەوە دەست بـەکار بووبوو، دەجولایەوە.

ئێمـە لەگـەڵ سـەید حەسـەنی ئۆجـاق و ئـەمیر کـل لـە شـاردا پەیوەنـدیمان بەرقەرار کرد بـوو، بـە ئـەوانمان گـووت کـە ئێـوە لەگـەڵ سـەرکردەکانی کـەلوردا خزمایەتی ودۆستایەتیتان هەیە بارودۆخێ برەخسێنن کە ئەوان لەگەڵ ئێمەدا ببنە دۆست وهاوڕێ یا دەست کەم لە حوسەین ڕەووف دوور بکەونەوە.

ئەمیر کل لەگەڵ عەباس خانی ئـەمیر مەخسوسی زاوایدا وسـەید حەسـەنیش ئــەوەی پێویــست بــوو بــۆ ســلێمان خــانی ئەمیرئــەعزەم نووســییان. موعازیـد ئەلمولکیش وەك کارگوازر ووێنـەری حکومـەت وجێگـری فـەرمانڕەوا بـە کەرامـەت ودانایی خۆیەوە ئامۆژگاری وڕێنماییانی کرد.

سەرئەنجام بە ناوبژی ومەیانگیری ئاغا ئۆجاق وەکیل ئەلمولك بڕیاردرا کـە لـە "هــاروون ئابـاد" لەگـەڵ سـەرکردەکانی کـەلوردا یـەکتری ببیـنین. ئێمـە یـاران ودۆستانمان ڕەشید ئەلسەلتەنە وسەفەروخان و سالار مەنسوری گۆرانمان ئاگادار کردو تێکڕا بۆ هارون ئاباد ڕۆیشتین. دوای چـەند دانیـشتنێکی وتووێـژ ودانوسـتان بە کۆشش وهەوڵی مەیانگیرە شارییەکان سلێمان خانوعەباس خان بەڵێنیان دا کە لەشکرەکەی هارون ئاباد تێك بدەن وبلاوەی پێ بکەن.

ئەم هاتوچۆ ودانیشتن ویەکتر بینییەی ئێمە ئەدهەم بـەگی وێنـەری حوسـەین ڕەووف بەگی بە تووندی دەمارگیر کردبوو. هەواڵیان هاورد گوایە نییەتی خۆکوژی هەیـە. لەگـەڵ سـەرکردەکانی کـەلوردا بـۆبینینی ئەدهەمـەم بـەگ ڕۆیـشتین. لـە تورەییدا لە هۆدەکەیدا دە هات ودەچوو، ولایەکی سویلی خـستبووە ژێـر دانیـەوە وئەیجوویی. چاوی بە ئێمە کەوت بـێ ئـەوەی سـلاوێ بکـات، ڕۆیـشتە هۆدەیـەکی ترەوە. سلێمان خانی ئەمیر ئەعزەم بۆ ئەوەی دڵی بداتەوە کەوتـە دوای لـەناکادا بینیمان کە لەنێوان ئەو وئەدەهەم بەگدا کەشمەکـەش ودەعـوا پەیـدابوو، عـەباس خــانیش چــووە هۆدەکــەوە. دوای چــەند خولــەکێك "قومانــدانیان" ئاشــوفتە وناڕەحەت لەگەڵ خۆیاندا هاوردیانە دەرەوە.

ئاشکرابوو کە ئەیەویٚ نومایشیٚ نیشان بدات وبلاوی کردەوە کە بۆمبایەك هەر ئێستاکە لە مەجلیسەکەدا دەتەقێنێتـەوە، و هـەمووان دەکوژێت. سـەرکردەکانی کەلور بۆمبەکە لە دەستی دەسێنن.

ئەدهـەم لـە هـاتنی ئێمـە بـۆ هـاورن ئابـاد ومـەجلیس بـەرپاکردنمان لەگـەڵ سـەرکردەکانی کـەلوردا حوسـەین رەووفـی لـەم بـارەوە ئاگـادار کردبـوو، وئـەوی سەبارەت بە ئێمە دڵڕەش کردبوو.

ئەو شەوە لە هاروون ئاوا ماینەوە وسـبەی بۆماڵـەکانمان گەڕاینـەوە. دوو ڕۆژ دوای هاتنەوەمان هەواڵمان پێگەیشت کە لەشکری هارون ئاوا بلاوەی کردووە.

دوای بلاوە کردنەکەی هێزەکەی هارون ئاوا لەگەڵ بـاوك وبراکانمـان ڕاوێـژمان کرد وبیرمان گۆڕییەوە. بەپێویستم زانی کە لـەنێوان خـەڵکی شـاردا و بەرپرسـانی ئیداریدا دژی عوسمانیەکان پڕوپاگەنـدە بکـەین ودژیـان بجولێینـەوە. مـن بۆخـۆم داخوازی ئـەم بەرپرسـیە بـووم وڕازیبـووم بیگرمـە ئەسـتۆ. لـەم کاتـەدا هـەواڵمان پێگەیشت کە حوسەین ڕەووف بەگ لەشکرەکەی کردوەتە دوو بەشەوە. بەشـێکی بەسەرکردایەتی بەها بەگ ناردویەتە خوسرەو ئاباد وبەشـێکی لەگـەڵ سـوارەکانی عەشایردا لای خۆی هێلاوەتەوە.

گەیشتمە کرماشان سەیرم کرد کە مسیو شونمان کونسوڵی ئـەڵمان بـە هێـزی پارە وهەوڵ وکۆششی بیٚ هاوتـای خۆیـەوە دەسـەلاتێکی زۆری بەدەسـت هێنـاوە وبەزیرەکیـەکی تایبەتیـەوە هەوڵـدەدات کـە کردەوەکـانی حوسـەین ڕەووف وەك مافێکی ڕەواو ڕاست بژمێرێت وبنوێنێت. چـونکە تـا ئـەو کاتـە میلیـەکان ودۆسـتە دیمکراتـەکانمان سـەبارەت بەنامـەکانی ئیـسماعل حـەقی بـەگ ئاگـادار نـەبوون ولەنیەت و ئامانجی تورکەکان بێخەبەر بوون، لە چەند دانیـشتنێکدا وەرگێـڕدراوی بەڵگەنامەکان کە بـە خـەتی ئـەمیر حیـشمەتی نیـساری بـوو بۆیـان خوێنـدەوە، و ئەوانم لەگەڵ خۆمدا یـەك دەسـت یـەك دڵ کـرد ودوایـی بۆیـانم ڕوون کـردەوە کـە مەیانڕەوەکان وموستەبدەکان لەم کاتە دژوار پـڕ لـەئاژاوەدا نیگـەران وناڕەحـەتن چاکترە ئەوانیش لەگەڵ خۆماندا هاودەست وهاوبیر بکـەین لـە دەسـەلات ونفـوزیٚ کەهەیانە کەڵك وەربگرین.

لەسەر ڕەزامەندی وبە بەرژەوەندی زانینـی هەڤاڵـەکان لەگـەڵ سـەرکردەکانی مەیانڕەوەکاندا کەوتمە دانوستانەوە، ودانیشتنێکی هاوبەشمان لەماڵی ئەمیر کلـدا ڕەخـساند، ودانیــشتنێکی ترمــان لــە مــاڵی قــەوام ئەلعولــەما بــۆ ڕەهبــەرانی دیموکراتــەکان ومەیانــەڕەوەکان بــەرپاکرد. وبەشـێوەیەکی ڕووکـەش لەنێونیانـدا سولْح وئاشتییەکی کاتی دروست بوو. وڕەهبەری ڕاستەقینە ومـەغزی بیرکـرەوەی مــەیانڕەوەکان موعازیـد ئـەلمولك بـوو کـە جێـی موتمانــەی تــەواوی ڕووســەکان دەژمێردرا وئینگلیسەکانیش بەهۆی هاوپەیمانیانەوە لەگەڵ ڕووسەکاندا سـەبارەت بە ئەو گەشبین وخۆشبین بوون وجێی موتمانەیان دەژمێـردرا. ئـەو لـە جموجـوڵی شونمان بەتایبەت لـە نزیکبوونـەوەی هێزەکـەی حوسـەین ڕەووف بـەگ هەراسـان ودڵگران بوو، وژیانی خۆیی لە مەترسیدا دەبینی. مەگەر هەر ئەو حوسەین ڕەووفە نەبوو کە چەند ڕۆژێ لەمەوبەر "خیر للا خان ئـەگنت" ڕوسـی لـە قەسـری شـیرین ئیعدام کرد، بەم شێوەیە چـوومە ئـەو بـاوەڕەوە ئـەو لـە ئێمـە زیـاتر هەوڵـدەدات عوسمانیەکان لەناوببات وشەڕیان کەم بکاتەوە. وهـەموو زانیـاریونفوزێکی فـەرمی خۆیی خستە ژێر دەستمانەوە ولەم بوارەدا درێغی نەدەکرد.

بارودۆخی شارم ئامادە بینی، نامەیەکم بۆ باوکم سـەردار ناسـر سـەبارەت بـە ڕووداوەکان نووسی وداخوازیم لێیان کرد هەرچۆنێ بووە هـەوڵ بـدەن کـە خـەڵکی "کرنــدیش" بکەنــە هاوپــەیمانمان. ســەردار ناســریش ڕەشــید ئەلــسەلتەنە وسەفەروخانی بۆ ماڵێ خۆی دەعوەت دەکات ولەسەر قسەی ئـەوان وبۆچـوونیان ســالار زەفــەر لەگــەڵ ئاغــا ڕۆســتەم وســەفەر خانــدا بــۆ دانووســتان لەگــەڵ کرندییەکاندا دەنێرن.

ئەوان کاتێ دەگەنە ماڵی ئاغا ڕۆستەم خەبەری کەشمەکەش وململانێ لەنێوان کرندیەکان وحوسەین ڕەووف بەگیان پێدەگات وڕووداوەکەیش بەم شێوەیە بوو:

چـەند سـەربازێکی تـورك بـۆ پیـاز کۆکردنـەوە دەسـتدرێژی دەکەنـە سـەر بوێسانەکەی سەید ڕەشید ناوێ کە لەسەیدە دیارەکانی کرند بوو. سەید خـاوەنی بوێـستانەکە لەگـەڵ دەسـتەیەك لـە کرندیـەکان هەڵدەکوتنـە سـەر سـەربازەکان ولێدانێکی چاکیان دەکەن. هەواڵی ڕووداوەکە کە دەگاتـە فەرمانـدەی تورکـەکان، سەیدی ناوبراو دەستگیر دەکات وبەسەختی سزا وگوێماڵی دەدات.

کرندیەکان بۆ بەرەڵاکردنی سەیدەکەیان دەست دەکەنە خۆپیشاندان ودەنگ بەرزکردنەوە، سەربازەکانیش بۆ بڵاوەپێکردنیان چەك بەکاردێنن ولەنێوانیاندا شەڕ دەست پێدەکات.

سالار زەفەر وسەفەر خان کە دەگەنە کرند دەنگی تەقەی تفەنگ دەبیسن، ئەوانیش هەروەك ئامادە نەبوون وکەسێکی ئەوتۆیان لەگەڵدا نەبوو هاتنە نێو شەڕەکەوە. دوای نزیکەی بیست وچوار سەعات شەڕ وپێکدادانی بەردەوام کرندییەکان بەدلێرییەوە لەخۆیان بەرگری دەکەن وتورکەکان لە شارۆچکەکە دەکەنە دەرەوە. لە گەرمەی شەڕی هەردوو لادا لە کرندیەکان ئەسەدوللاناوێ لەگەڵ شەش کەسی تردا دەکوژرێن. زیانی تورکەکان لە سی وچل سەرباز تێدەپەڕی.

چوون بارودۆخەکە لەبەردەم حوسەین ڕەووف بەگدا دژوار وسەخت دەبێتەوە، لەشکرەکەی بەهاو بەگ لە خوسرەو ئابادەوە دەگەڕێنێتەوە. ئەوان لەڕێگەی سەرچاوەسپییەوە خۆیان دەگەیەننە کێوی کرند وشارۆچکەکە دەدەنە بەر مەتریلوز وتۆپ پتر لە سەد وپەنجا کەس لە ژن وپیاو ومناڵی کرندی دەکوژرێن. کرندیەکان ناچا شارۆچکەکە بەجێدەهێڵن، وهەرچی سامانیان بوو بەتاڵان دەڕوات.

نزیکەی یەك حەفتە قاترەکانی لەشکر شتومەکی تاڵان کراوەکان ودارایی وسامانی تاڵانکراوی کرندییەکانی بۆ خانەقین دەبرد ودەیانگوازتەوە. عەبدوڵا خانی کەلور کە بە زەیغەم بەناوبانگ بوو بە پەنجا سوارەوە بە وێنەرایەتی سەرکردەکانی کەلور لە خزمەت حوسەین ڕەووفدا بوو، بەشێك لەم تاڵانیە کەوتە دەستمان.

لەیرادا بە پێوستم زانی سەبارەت بە ئازایی ودلێری ژنێکی ئێرانی ئاماژەیەك بکەم، ئەویش هاوسەری للا موراد خانی بیونیجی بوو. ناوبراو کە هەواڵی شەڕ لەنێوان تورکەکان وکرندییەکاندا دەبیسێت بەپەلە دێتە هانای کرندیەکانەوە. سالار زەفەر لەم دواییەدا بۆمانی دەگێڕایەوە کە ئەم ژنە دلاوەرە کاتی چۆڵکردنی کرند لە پیاوەکان دلێرانە تر دەجەنگی وشەڕی دەکرد.

هەواڵی کارەساتی کرند هەروەك بۆ ئامانج ونەخشەکانی ئێمە سوودمەند بوو، بەڵام منی بێ ئەندازە ناڕەحەت ومەلول کرد.بەڕاستی کردەوەی دڕندانەی تورکەکان سەبارەت بە برا موسوڵمانەکانیان لە کرندا ڕووی ڕووسەکانی لە ئازربایجاندا سپی کردەوە.

لەم پێشهاتە بێ ئەندازە سوود وکەڵکم وەرگرت. نامە پڕ لە شور وسۆزەکەی سالار زەفەر سەبارەت بە کوشت وکوشتار وتاڵانی کرندیەکان لە هەر مەجلیس وکۆبوونەوەیەکدا دەخوێندەوە. خەڵکی شار یەك دڵ ویەك زمان لەگەڵ ئێمەدا هاودەنگ وهاوبیربوون وسەرکردەکانی هەردوو دەستەکە مەیانڕەوەکان ودیمکراتەکانمان بانگهێشتی ماڵی شێخ هادی، لە عولەما وزانا ناوباشەکان کە خەڵکی گوێرایەڵی بوون، کردمانن. جەمعێکی تاڕادەیەك زۆر لەوێدا کۆبووبوونەوە. من خۆم هەوڵمدەدا کە شێخ هادی خۆی بڕواتە سەر مینبەر وخەڵکی شار بۆ بەرگری چەکدارانە بانگهێشت بکات. نازانم لەبەرچی وبەچی خەیاڵێکەوە ئەمیر کل وسەید حوسەینی ئۆجاق نەیاندەویست ناوبراو بڕواتە سەر مینبەر.

لە دواییدا دانیشتنێك لەماڵی شازادە ئەسعەد ئەلدەولەدا بەرپا بوو. لەوێدا نزیکەی شەست کەس لە ڕەهبەران وناودارانی هەردوو دەستەکە بەناوی دەرخستنی هاوکاری ویەك دڵییان لەگەڵ خەڵکی شاردا ئامادەبوون و بڕیاریاندا لەگەڵ ئێمەدا لە شار بێنە دەرەوە. منیش بە ئەوان بەڵێنم دا کە لەشەڕدا بەشداری نەکەن ولە شوێنی گەهوارە لە ناوچەی گۆراندا بتر نەچنە پێشەوە.

مسیو شونمان لە شورو جموجوڵی خەڵکی شار کەوتە مەترسییەوە، هەرچی هەوڵیدا کە بەربەست ومانعی ڕۆیشتنی ڕەهبەرانی خەڵکەکە بێت سەرنەکەوت. لەڕێگەی دیمکراتەکانەوە و قەوام ئەلعولەماوە داخوازی بینینمی کرد، لە ماڵی سەید عەباسی خوردە فرۆشدا بە ئامادەبوونی شازادە محەمەد باقر میرزای دەوڵەت داد کۆبووینەوە. شونمان بە ئیخلاسو دلسوزییەوە سەبارەت بە میلەتی ئێران دوا ودەربارەی هەوڵ وکۆشش وعەلاقەی میلەتی ئەڵمان بۆ ڕزگارکردنی میلەتەکەمان لە زنجیر وکۆتی ئیستیعماری ئینگلیس وڕووس زۆری گووت

ولەسەری ڕۆیشت. ووتی ئێوە وتورکەکان دوو میللەتی موسولمانن بۆچی دەبێت دۆست نەبن ودژی دوژمنە هاوبەشەکانتان هاوکاری نەکەن. وەلامم دایەوە ئێمە سەبارەت بە نیەتی چاکی وپاکی ئەلمانەکان دەربارەی خۆمان ئاگادارین وگومانمان نییە، وتم ئێمە لە ڕووسەکان وئینگلیسەکان بەهۆی ستەمێ کە ئەوان لە ولاتی ئێمەدا ڕەوایان بینیوە ئێستایش ڕەوای دەبینن، بێزارین، ئەگەر عوسمانیەکانیش وەکو ئەوان ڕەفتار بکەن، لەگەل ڕووسەکان وئینگلیسەکاندا جیاوازیان چی یە؟ بەلام سەبارەت بە موسولمانی و هاو ئاینی پێویستە بلێم کە ئێمە سەدان سالی ڕەبەق وبەردەوامە تام وچێژی ئەم هاوئاینیە دەچەشین وستەم وزولم زیاتر بەولاوە شتێکمان دەستکەوت نەبووە. ئەگەر تۆ بتەوێ ئێرانیەکان لەگەلتاندا دۆست بن پێویستە جیاواز لە عوسمانیەکان ڕەهبەران وسەرکردەکانی میللەت وکاربەدەستانی ولاتدا لە پایتەخت وتووێژ بکەن. دانوستانەکەمان بە چاك لەیەکتر حالی بوون کۆتایی هات وئەو بەچاکی بۆی ڕوون بووەوە ئەگەر ئێمە حوسەین ڕەووف بەگ دەمکوت بکەین لە بەرامبەر ڕووسەکان وئینگلیسەکانیشدا ڕادەوەستین.

هەوالی سەرکەوتنی خۆمان وڕێکەوتنمان لەگەل گەورە پیاوانی شاردا وپێکەوە دەرچوونمان گەیاندە باوکم وسەردار ناسر وداخوازیم کرد کە بە پەلە هەرچی هێزی سەنجاویە ئاگادار بکەن و هەوالیش بگەیەننە گۆرانەکانی هاوپەیمانمان سەبارەت بە کۆبوونەوەی گشتی کە لە "گەهوارە" سازدەکرێت ئامادەبین.

دوای یەك دوو ڕۆژ بە نزیکەی سەد وپەنجا سوارێکی خەلکی شارەوە چووین بۆ سەنجاوی. شەو لە قەلای "قلیج خانی" میوانی باوکم بووین. ڕۆژی دوایی بەرەو گەهوارە کەوتینە ڕێ. لەشکرەکەمان لەوێ چاوەڕوانمان بوون. ڕەشید ئەلسەلتەنە وسەفەروخان وگۆرانەکانی تر لە "بیوەنیج" کۆبوونەوە. باوکم لەگەل خەلکی شاردا لە گەهوارە مانەوە وسەردار ناسر وسالار زەفەر وسالار موقتەدر ومن لەگەل سەرجەم سوارەکانماندا وتێکڕا هێزی عێلەوە نزیکەی هەزار وپێنج سەد سوارێك بەرەو بیوەنیج کەوتینە ڕێ. هەموو لەشکرەکەی ئێمە ودۆستەکانمان لەو شوێنەدا کە لە دوو فەرسەخی پشتی کێوی کرنددایە

کۆبووینەوە. جەهانبەخش خان وزۆراب سوڵتانی تفەنگچی لە ناوچـەی سـەنجاویدا گل درانەوە ولەوێ لەژێر چاودێریدا بوون ولەگەڵ خۆماندا نەمانبردن.

لە بیوەنیج هەواڵمان پێگەیشت دوای حەرەکەتی ئێمە و چۆڵکردنی سـەنجاوی لەگەڵ تێکڕا بنەماڵەکانی دەوروبەریانەوە بۆ کرماشان هـەڵهاتبوون. جەهانبـەخش خـــان شـــکانی ئێمـــەی بـــە موســـەلەم دەزانـــی ونیـــەتی وابـــوو دوای شـــکان وسەرکوتکردنمان لەلایەن عوسمانیەکانەوە خۆی وبراکەی بڕۆنە خزمەت حوسـەین ڕەووف بەگ. گرنگیەکمان بەو هەڵهاتنە نەدا وخەریکی ئامادەکردنی خۆمان بووین بۆ شەڕەکە.

## حەماسەی کرند

جەمعیەتی ئێمە وگۆرانـەکان پێکـەوە نزیکـەی دوو هـەزار وپێـنج سـەد سـوار وپیادەیەك دەبووین. نزیکەی دوو سەد کەس لە داخوازیکەرانی کرندی وحەریریش پێمانەوە لکان وهاتنـە ڕیزمانـەوە، چـونکە دوای کوشـتار وتـاڵانی کرنـد لەشـکری تورکەکان بوونە دووبەشەوە. بەشـێك بـە سـەرکردایەتی بـەها بـەگ، کـە لەباشـور وخۆرهەڵاتی شارۆچکەکەدا جێگیر بووبوون وبەشەکەی تـریش لـە ڕۆژئـاوای ئـەوێ بەسەرکردایەتی خودی حوسەین ڕەووف بەگ دامەزرابوون.لەبەر ئەمە بڕیار درا لـە دوو لاوە هێرشیان بکەینە سەر، سەرکردەکانی گۆرانمان ئازاد کرد هـەر لایـەك کـە خۆیان هەڵی دەبـژێرن لەولایـەوە هێـرش بکـەن، ئـەوان لای ڕۆژئاوایـان هەڵبـژارد. داخوازیکەرەکانی کرندی لەگەڵ ئێمـەدا مانـەوە وحەریریـەکان لەگـەڵ گۆرانەکانـدا بوون ولای ئەوانیان هەڵبژارد. لەم کاتەدا ئیحتیشام ئەلمەمالیك پیرە پیاوی ڕیزدار وحـاکمی کرنـد لـە شارۆچـکەکەدا وئیـسماعیل خـانی سـالار ئەفخـەمی کـوڕی لـە ئۆردووەکەی حوسەین ڕەووفدا زیندانی بوون.

ماوەیەك لە شەو تێپەڕی بە شور وسۆز وپـشت بەخوابەسـتنەوە کەوتینـەڕێ، گۆرانەکان لە ڕێی ڕۆژئاواوە ئێمەش لە ڕۆژهەڵاتەوە. نزیکەی نیوە شەو گەیشتینە نیو فەرسەخی "سەرابی کرند". کەمێك چاوەڕوان بـووین سـێ سـەد سـواری لاوی هەڵبژێردراو لەگەڵ سالار زەفەر وسالار موقتـەدردا نزیکـی سـەنگەرەکان دامـەزران وسالار زەفەرمان کردە سەرکردەیان. هەواڵمان دەزانی کـە تورکـەکان لـە هـەردوو لای کێوی کرندەوە سەنگەریان دامەزراندووە، ولە هەر سـەنگەرێکدا نزیکـەی سـی

سەرباز بەرپرسی پاراستنی سەنگەرەکانن. بەم شێوەیە دڵنیابووین ئەگەر بە شەو ئەو سەنگەرانە داگیرنەکەین بێگومان لە ڕۆژدا داگیرکردنیان مەحاڵەو لە وزەدا نیـە لەبەر ئەو بە سالار زەفەرمان ڕاگەیاند کە هەرچۆنی بووە بـە شـەو سـەنگەرەکانی سەر کێوەکە بگرن وخامۆشی بکەن.

سالار بە سێ سـەد پیـادەی شـەڕکەری خۆییـەوە وسـی چـل کرندییـەوە، کـە ڕێیـان پـێ نیـشان دەدان وشـارەزا بـوون، هەڵگژانـە کێوەکـەدا. چـونکە ترسـی ئـەوەمان بـوو کـە عوسمانیـەکان لـە کۆبونەوەکـەمان لـە بیـونیج ئاگـادار بـووبن وسەنگەرەکانی سەر کێوەکەیان موحکەم وپتەو کردبێ، کـەمێك چـاوەڕوان بـووین وزۆر نەچووینە پێشەوە چەند سوارێکمان ناردە لای پیادەکان وپێیانمان ڕاگەیانـد ئەگەر هێزەکەی سالار لە پشتوێنی کێوەکـەدا لەگـەڵ تورکـەکان دایـان لەیـەك بـە پەلە بگەڕێنەوە وئێمە ئاگادر بکەن.

نزیکی سبەی زوو سوارەکان هەواڵیان هێنا کە پیادەکان هەموویان لە کێوەکە چوونەتە سەرەوە، لەمەودوا بە دڵنیاییەوە لەڕێی بـەناوبانگی "بەگولـە"وە بـەرەو دەوروبەری کرند کەوتینە ڕێ. کە گەیشتینە سـەرەتای دەشـتەکە دەنگـی تەقـەی شەڕکەرەکانمان لەگەڵ سەربازەکانی تورکدا بیست. سەردارناسر بـە هێزەکەیـەوە لـە دامێنـی کێوەکـەوە هێرشـی بـردە سـەر ئۆردووەکـە. منـیش لـە پـشت سـەری ئەوانـەوە لـەلای دەشـتەوە پـەلاماری سـەنگەرەکانی پێـشقراوڵی لەشـکرەکەم دا. تورکـەکان سـەنگەرەکانیان جێهـێڵاو بـەرەو مەرکـەزی ئۆردووەکـەی بـەها بـەگ هـەڵهاتن. ئاشـکرابوو کـە شـەڕکەرە پیادەکـانی سـالار زەفـەر سـەرکەوتوو بـوون وهـەموو سـەری کێوەکـەیان داگیرکردبـوو. بەشـێك لـە پیادەکـانی ئێمـە لەسـەری کێوەکەوە تەقەیان دەکرد، بەشێکیش لە ناوەڕاست ودامێنی کێوەکـەوە تەقـەیان لــە مەرکــەزی ئۆردووەکــە دەکــرد. ئێمــەیش لەگــەڵ ســوارەکانماندا هــەروەك کەوتبووینە مەترسییەوە، چونکە لە دوو لاوە لە مەرکەزی ئۆردووەکەی بەها بـەگ نزیك بووبووینەوە، مەتریلۆزەکانیان هەر تەنیا دەیـانتوانی بـەرەو ئێمـە دەسـتڕێژ بکەن، بە گولەی ئەو مەتریلۆزانە چەند سوارچاکێکی هاوڕێم کوژران.

پێویستە ڕوونی بکەینەوە چۆن هێزە پیادەکەی سـالار زەفـەر سـەنگەرەکانی سەر کێوەکەیان داگیر کرد؟

ئەو دوای گەیشتنە لووتکەی کێوەکە دە چەکداری پیادەی هەڵبژێردراو لەگەڵ دوو کەسی شارەزای کرندیدا دەکاتە دوو دەستەوە، کە سەد پێ لەیەکەوە دوور بوون دەکاتە بەرپرسی کۆکردنەوەی ئاگاداری سەبارەت بە سەنگەرەکان وخۆیشی لەگەڵ پاشماوەی چەکدارە پیادەکاندا بە دوایاندا دەکەوێتە رێ.

دەستەی یەکەم کە پێشقراول بوون سەنگەرەکان دەدۆزنەوە ئاگاداری دەستەی دووەم وسالار زەفەر دەکەن، ئەویش چەکدارە پیادەکان دەکاتە دوو بەشەوە، دەستەیەك بە سەرکردایەتی خۆی و ئەو دەستەکەی تر بەسەرکردایەتی سالار موقتەدر. پێش هەتاو هەڵهاتن شاڵاو دەبەنە سەر دوو سەنگەرەکە. سەربازە تورکەکانی ئەو دوو سەنگەرە غافلگیردەبن، دەشڵێژێن بەڵام بەوپەڕی دلێری وئازاییەوە بەرگری دەکەن تا هەموو یان دەکوژرێن. لە چەکدارە پیادەکانی ئێمەیش شاوەلی خزمەتکارەکەم دەکوژرێت، چەندچەکدارێکی تر. یەکێ لە سەنگەرەکان بەرادەیەك بەرگری دەکەن وخۆیان نادەن بەدەستەوە چەکدارەکانمان لە هەموو لایەکەوە ئابلۆقەیان دەدەن دەوەن وبەردی سەنگەرەکان دەرووخێت بە سەریانا. دوورتر لەم دوو سەنگەرە سەنگەری سێیەم ئەوانەی بەرپرسی پاراستنی بوون هەڵدێن و لە شاخەکەوە خۆیان هەڵدەدەنە خوارەوە.

دوای ئەم سەرکەوتنە چەکدارە پیادە کرندیەکان وهەندێ لە سەنجاویەکان پێش خۆرهەڵهاتن لە کێوەکەوە بەرەوخوارەوە دەجووڵێنەوە. دێنە نێو شارۆچکەکەوە. لەگەڵ سەربازەکانی بەرپرسی پاسەوانی ئیحتیشام ئەلمەمالیکدا دەکەونە شەڕەوە، زیندانیەکان ئازاد دەکەن ولەرێی "سەرابی کرند"ەوە دەیاننێرنە ماڵی ئاغا سەید رۆستەم.

پێویستە دان بەوەدا بنێین کە سەکەوتنەکەمان لەو رۆژەدا دەگەرێتەوە بۆ کارامەیی وئازایی ولێهاتوویی سالار زەفەر ورەشادەت بوێری ودلێری جەنگاوەرەکانی هاورێی، کە توانیان پێش هەتاو هەڵهاتن سەنگەرەکانی سەر کێوەکە بێ دەنگ بکەنەوە وداگیری بکەن.

بەڵام بارودۆخی جەبهەی گۆرانەکان بەم چاکیە نەبوو، وابزانم هۆکەیش لەوەدا بوو کە بەشەو نەیانتوانی سەنگەرەکانی سەر کێوەکان لە بەین ببەن بەڵکو لەگەڵ

هەتاو هەڵاتندا هێرشیان دەستپێکرد، کە بەچاکی دەبینـران. سـەربازەکانی تـورك لە سەنگەرەکاندا بەوپەڕی ئازاییـەوە لـە خۆیـان بـەرگرییان دەکـرد. لەبەرئـەوەی سـەنگەرەکانیان زاڵ بـوو بەسـەر هێرشـکەرەکاندا زیـانێکی فراوانیـان لـە پـەلاماردەرەکان خـست. لـە هێرشـی یەکەمـدا نزیکـەی دە جـەنگاوەری لاو وئـازا ودلێری گۆران دەکوژرێن، کەمێك پاشەکشێ دەکەن ولەو بەینـەدا سـێ جـەنگاوەر لە کوڕەکـانی ئاغـا سـەید عـەزیز و سـەید مـەحمودی کـوڕی سـەید مـیر حوسـەین پایەداری وبەرگری دەکەن چەند سەربازێکی تورك لـە سـەنگەرەکە دێنـە دەرەوە، پـەلاماری ئـەم چـوار جـەنگاوەرە دەدەن ودوو نـارنجۆك فڕێدەدەنـە نێـو سەنگەرەکەیانەوە، یەکێ لە کوڕەکانی سەید عـەزیز بـە پارچـەی ئـەو نارنجۆکانـە دەکوژرێت وئەوی تریان زامار دەبێت، سێیەمیان بە گولەی سـەربازی دەکوژرێـت، بەڵام سەید مەحمود کە سەنگەرەکەی کەمێك لەوانەوە دوورتـر بـووە تفەنگەکـەی دەکاتە ملی وبەچەقۆ پەلاماری ئەو دوو سەربازە دەدات وهەردوو کیـان دەکوژێـت وسـەید فـەرەجی ئـامۆزا زامارەکـەی وهـەردوو تفەنگەکـەی ئـامۆزا کوژراوەکـانی دەکاتە سەر شانیەوە و بەرەو چەکدارەکان هەڵدێت. هـەروەك سـەید فـەرەج کـە پارچەیەك نارنجۆك دابووی لە سەری چەند ڕۆژێك زیاتر نەماو کۆچـی دوایـی کـرد. بەڵام ئەو کردەوە دلێرانـەی سـەید مـەحمود لەشـێوەی خۆیـدا شـاکاری ئازایـەتی ودلاوەری دەژمێردرێـت، کـە تـوانی سـێ سـەربازی پـەلاماردەری تـورك بـە چـەقۆ بکوژێت ئامۆزاکەی لە کوشتن ڕزگار بکات.

دوای ئـەم ڕووداوە نزیکـەی سـەد سـەربازی تـورك لـە هێزەکـەی حوسـەین ڕەووفـەوە بـە مـەتریلۆزەوە هاتنـە هانـاو کۆمـەکی سـەنگەردارەکانی تورکـەوە وگۆرانەکان ناچار بە پاشەکشێ دەکەن. لەم پێکدادان وشەڕوشـۆڕەدا سـێ وچـوار جەنگاوەری گۆران دەکوژرێن و شەست کەس زامـار دەبـن لەگـەڵ ئەمەیـشدا دوای ماوەیەك خۆیان کۆدەکەنەوە ولەلایەکی ترەوە لەبەرامبەر لەشـکرەکەی حوسـەین ڕەووفـدا پەیـدا دەبـن. لـە ئـەنجامی دەسـترێژیاندا زیـانێکی فـراوان بـە دوژمـن دەگەیەنن وپتر لە سێ سەد سەر ئەسپ وڕەشە وڵاخی ئۆردووەکە دەکوژرێـت. لـە مەرکەزی هێزەکەی حوسەین ڕەووفەوە سەربازی پیادە وسوار لـەلای باغەکانـەوە دێنە یاریوکۆمەکی بەها بەگەوە.

شەڕ لەنێوان ئێمە وئەواندا بەسەختیەکی هەرچی زیاتر تا نێوەڕۆ بەردەوام بوو. لە نزیکەی نیوەڕۆدا تورکەکان حاڵەتی بەرگرییان بەخۆوە گرت، ولەلای سەرەوەش بەشێك لە چەکدارە پیادەکانی سالار زەفەرکە گەیشتبوونە دامێنی کێوەکە بۆ تالآن کردن هاتنە نێو ئۆردووەکەوە.

زیانی ئێمە نزیکەی بیست کوژراو و سی زامار بوو، لەوانەدا ئاغا موراد کوڕی کوێخا حوسەین تاهیر وکوێخا ئەڵماس خزمەتکاری سەردار ناسر وڕەحیم کوڕی کوێخا ڕەزا لە سەنگەرەکەی مندا کوژران. زیانی تورکەکان چەند بەرابەر لەئێمە زیاتر بوو.

نزیکەی عەسر بە هەستی سەرکەوتنەوە تا نزیکەی دوو سەد سێ سەد پێی ئۆردووەکە پێشکەوتین و هاتینە پێشەوە، ئامادەبووین کە دوای خۆرئاوا لە تاریکی شەودا هێرش ببەینە سەریبان وکارەکە یەکلا بکەینەوە. بەڵام یەك سەعاتی بۆ خۆرئاوابوون مابوو لەناکادا بینیمان لەلای "کانی سپی"یەوە، نزیکەی دە سوار بە ئالآیەکی سپییەوە بەرو ئێمە دێن. کە نزیکبوونەوە سەیرم کرد شونمان کونسوڵی ئەڵمان وکاپیتان سون سونی سویدی سەرکردەی هێزی جەندرمەی کرماشان لەگەڵ کونسوڵی عوسمانیدا بەرەو ئێمە دێن. کونسوڵی عوسمانی لەوان جیابووەوە وبەتاو بەرەو ئۆردووەکەی حوسەین ڕەووف ملی نا . ئەوانی تر بەرەو ئێمە دەهاتن. تەقەم ڕاوەستاند وقەدەغەم کرد تا گەیشتنە نێو سەنگەرەکانمانەوە. شونمان تکای شەڕ وەستانەوەی کرد. وەڵامم دایەوە بە سێ مەرج ئامادەین شەڕ ڕاوەستێنین. یەکەم خودی حوسەین ڕەووف یا سەرکردەی ئەرکانی شەڕیان بێنە سەنگەرەکەمانەوە داخوازی ڕەزامەندیمان بکات. دووەم لەماوەی پێنج ڕۆژ یان یەك هەفتە لەشکری تورك سەرجەم خاکی ئێران جێبهێڵێت وچۆڵی بکات. سێیەم سالار ئەفخەم کوڕی ئیحتیشام ئەلمەمالیك کە لە ئۆردووەکی حوسەین ڕەووفدا زیندانیە بەرەڵا بکرێت. بێ ئەوەی وەڵامێ بداتەوە وتی سەنگەرەکانتان لەکوێدایە؟ لەلایەکەوە کە مەترسی کەمتری بوو سەنگەرەکەی سەردار ناسر وسالار زەفەرم پێی نیشاندا. بۆیان ڕوون بووەوە کە ئۆردووی تورك لە ئابلۆقەی تەواودایە. شونمان ووتی هەرسێ مەرجەکەم قبوڵە فەرمان بدە کە

شەڕ بوەستێننەوە. ووتم ناتوانم تەقە ڕاوەستێنم بەڵام بەڵێنت دەدەمێ لە لایەن ئێمەوە هێرش ناکرێتە سەریان.

لە حزوری ئەودا نامەیەکم بۆ سەردار ناسر وسالار زەفەر نووسی تکام لێکردن تا گەڕانەوەی شونمان سون سون لە هەر هێرش وپەلامارێك دەست هەڵگرن. دیلێکی تورك لای من بوو، شونمان تکای کرد کە بیسپێرمە دەستی، گوتم لەنێو عەشایر وعێلدا داب ونەریتە بەدیل پێویستە دیاریەك یاوەك پارەیەکی پێشکەش بکرێت ولەیرادا شتێکم بەدەستەوە نیە پێشکەشی بکەم. شونمان کیسەیە پارەی خۆی دەرهێنا ودوو لیرەم لێدەرهێنا ودام بەدیلەکە و سپاردمە سوارەکانی هاوڕێی. شونمان ووتی جێی داخە کە ئێوە دوو میللەتی هاوسێ وموسوڵمان بەم جۆرە یەکتری بکوژن. ووتم ئەمە بۆچی بە ئێمە دەڵێیت؟ ئەمە بەوانە بڵێ کە بیست فەرسەخ هاتوونەتە نێو خاکی وولاتەکەمانەوە وداگیریان کردووە وئەم گشتە کوشت وکوشتار وکارەساتە نالەبارانەیان لێ وەشاوەتەوە، پاراستنی ناموسی هەر موسوڵمانێ بۆ موسوڵمانێکی تر پێویست وفەرزە. تۆ سەیری ئەو هەموو خشڵی ژنانەکە کە لەو دیلە تورکە بەدەستمان هێناوە، نزیکەی یەك چارەکە شت ومەکی ژنانە لە ملوانکە وگوارە وکلکەوانە ومورگی کە ژنانی عێلات بۆ ئارایش وجوانی بەکاری دێنن لە دەستە سرێکدا پیانم نیشاندا، ووتم ئەگەر ئەوان موسوڵمان بوونایە وئێمەیان بە موسوڵمان بزانیایە ئەم کردەوەیان لێ نەدەوەشایەوە. کاپیتان سون سون بەتکاوە کەمێك لەو شت ومەکە ژنانەی لێم وەرگرت وسواربوون وڕۆیشتن.

نزیکەی خۆرئاوا سون سون وشونمان لەگەڵ "ڕەوشەنی بەگ"دا کە بە عنوانی بەرپرسی ئەرکانی شەڕ ناساندیان گەڕانەوە وهاتنە سەنگەرەکەی منەوە. شونمان ووتی ئاغا ڕوشنی بەگ بۆ ڕازیکردنی ئێوە هاتووە وئەو داخوازییەی تریش بەڵێن دەدەم تا چوار ڕۆژی تر جێبەجێ بکرێت. منیش مەرجەکانم قبوڵکرد. ڕەوشەنی بەگیش نامەیەکی بۆبەها بەگ نووسی ولەڕێگای یەکێ لە جەندرمە ئێرانیەکانەوە ناردی کە شەڕ بوەستێنرێتەوە. جەندرمەی هەڵگری نامە لە ڕێگادا چەند مەیتی سەربازی کوژراوی تورك دەبینێ ولە هاتنەوەدا دوو

دەمانچەی هەشت تیری نەمساوی لەناو قەدی کوژراوەکان دەکاتەوە ولەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت.

نزیکەی یەك سەعات لە شەو تێپەڕی بوو بەتەواوی شەڕ وەستێنرابووەوە، مەیتی سوارەکانمان کۆکردەوە وفەرمانی حەرەکەتماندا. بۆ هەڵگرتنی مەیتی دوو کەس لە سوارەکان فەتح لـلا ومەنسوری کوڕی سبزە نادر، کەزۆر لە نزیکی ئۆردووی تورکەکاندا کوژرابوون، دە کەسمان تەرخان کرد وبەکاپیتان سون سون سپاردمانن کە سبەینێ تەرتیبی هەڵگرتنی ئەو جەنازانە بدەن.

سەعات ونیوێك لەشەو تێپەڕی بوو، بەنەزم وڕێك وپێکی تەواوەوە کەوتینە ڕێ. ماوەی شەڕی کرند نزیکەی ١٥ سەعاتی خایاند. زیانی ئێمە وگۆرانەکان سەرجەم نزیکەی پەنجا کوژراو وسەد زامار دەبوون. تورکەکان نزیکەی ٤٠٠ کوژراو وزامداریان لێکەوتەوە.

هەروەك سێ شەو ودوو ڕۆژ بوو نەخەوتبووین بەڵام بای نەسیمی سەرکەوتن هیلاکی وخەستەییمانی لە گیاندا سڕییەوە. لەگەڵ هەڵهاتنی هەتاودا گەیشتینە گەهوارە، دۆست ودوژمن تەعریف وتەمجیدمانیان دەکرد. عێلی سەنجاوی نەتەنها لە ناوچەی کرماشاندا بەڵکو لە سەرتاسەری ئێراندا وهەتا لەچاوی بێگانەکانیشدا بە ئازایی ووەتەن پەرستی ناویان دەرکردبوو. ئەمە بوو میوەی گرانبەهای سەرکەوتن.

## مەجلیسی ئاشتی وسوڵح

سبەی بۆ نیوەڕۆ مەیتە بەجێماوەکانیان هاوردەوە. شونمان وسون سون بۆمانیان نووسیبوو کە بڕیارە لەم دوو ڕۆژەدا مەجلیسێکی سوڵح وئاشتی لە خوسرەو ئابادی کرند بەرپا ببێت، ونووسیبووی موعازد ئەلمولك جێگری حوکمڕانی کرماشان لەم بارەوە بە درێژی بۆتان دەنووسێت.

نزیکەی عەسر لە گەهوارەوە بەرەوماڵەکانمان کەوتینەڕێ. ئاغاکانی خەڵکی شار هەر چەند کەسێك لەوان بوونە میوانی یەکێ لە براکانمان. جەمعێ لەوان لە خزمەت باوکمدا بۆ قەڵای قلیج خانی ڕۆیشتن، دووشەو میوانی ئێمە بوون. نامەکەی موعازد ئەلمولك گەیشت نووسیبووی بڕیارە مەجلیسی سوڵح ڕۆژی

دووشـەمە ١٤ شـەعبانی ١٣٣٣ لـە گونـدی خوسـرەو ئابـادی کرنـد بـەرپا ببێـت، پێویستە تەرتیبی بدەن کە لەو مێژووەدا ولەو شوێنەدا ئامادە بن.

ئێمەش نامەمان بۆ سەرکردەکانی گۆرانەکان نووسی و هەموو توانای خزمەتی سـەنجاویمان خـستەکارەوە. نزیکـەی پـەنجا خێـوەتی گـەورەی چـاکمان لەگـەڵ خۆماندا برد وعەسری دوو شەمە لەگەڵ گۆرانەکانـدا گەیـشتینە  خوسـرەو ئابـاد. موعازید ئەلمولك جێگری حوکمڕانی کرماشـان وکاپیتـان سـون سـون سـەرکردەی جەندرمـە بەشـێوەیەکی فـەرمی لەلایـەن دەوڵـەتی ئێرانـەوە بـۆ بەشـداری لـەو دانیشتنەدا دەست نیشان کرابوون.

موعازیـد ئـەلمولك شـازادە محەمـەد بـاقر میرزایـشی لەگـەڵ خۆیـدا هـاوردبو. لەلایەن باڵوێزخانەی ئەڵمانـەوە شـونمان وکنـت کـانیتز نومایـنـدە ونوێنـەر بـوون. پێش ئێمە ئـەمیر ئەعزەموعـەباس خـانی ئـەمیر مەخـسوس سـەرکردەکانی عێلـی کەلور بە سێ سەد سوارێکەوە هاتبوون.

کاریگەری هاتنی ئێمە بەو کەوکەبە ودەبدەبەوە کـەمتر لـە سـەرکەوتنی کرنـد نەبوو. فەرمانماندا چادرەکان لە شوێنێکی گونجاودا نزیکەی سێ سەد پێ دوور لە کـەلور وگۆرانەکانـەوە دامـەزرێنن. سـالار زەفـەرمان کـردە بەرپرسـی ئاسـایش ورێکخستن وبەڕێوەبردنی دانیشتنەکە وبەسەر شاخەکانەوە یاساوڵمان دامەزراند.

سەرکردەکانی کەلور حاڵەتێکی شەرمیان بەخۆوەگرتبوو، چونکە لـەم مـاوەدا بەتـەواوی لەگـەڵ حوسـەین ڕەووفـدا بـوون، وهـەتا جـەمعێ لـە سـوارەکانیان لـە کوشتار وتالانی خەڵکی کرنددا بەشداریان کردبوو، ئێستا بـە شـێوەیەکی دوور لـە شانازیەوە وەك سەرانێکی دەستی دوو لەم دانیشتنەدا بەشداری دەکەن. سەرجەم سەرکردەکانی سەنجاوی گۆران چووینەماڵی شازادە محەمەد باقر میرزا و موعازید ئەلمولك کە بەیەکەوە بوون.

شـونمان وکنـت کـانیتز بـۆ ڕێکخـستنی دانوسـتانی سـوڵح وئاشـتی ڕۆیـشتنە ئۆردووەکی حوسەین ڕەووف بەگ. هەر ئەو شـەوە ئیحتیـشام ئەلمـەمالیك لەگـەڵ سەید ڕۆستەم وسەرکردە تالانکراوەکانی کرنددا گەیشتن.

سـبەی کنـت کـانیتز وشـونمان گەڕانـەوە وڕەوشـنی بـەگیان لـە ئـۆردوی تورکەکانـەوە هێنـا بـوو. دانیـشتنی سـوڵح لـە چـادرەکەی جێگـری حـوکمڕانی

کرماشـاندا بـەرپابوو. وەك داب ونـەریتی ئێرانییـەکان دانوسـتانەکە بـە قـسەی خۆشـەوە دەسـتی پێکـرد، سـەبارەت بـە دۆسـتی دێرینـی دوو میللـەتی هاوسـێ وهاوئاینی ئێران وتورك قسەی زۆر کرا. گوایە عوسمانیەکان بـۆ میـوانی هـاتبوون وئێرانییـەکان لـە هاتنیـان خۆشـحاڵن ولەبـەر کـەمی وەسـایلی خزمـەتکردنیان شەرمەندە و خەجاڵەت بارن.

نەوبـەت کـە گەیـشتە ڕەوشـەنی بـەگ بەلـەحنێکی حەقـدارەوە، بـە زمـانێکی فارسی ڕەوانەوە سەبارەت بە مێژوویـەکی کـورتی دونیـای ئیـسلام قـسەی کـرد و گوتی ئێمە بۆ دوژمنی ئەم میللەتە برایە بۆ ئێـران نـەهاتووین، بـەڵکو بـۆ دوژمنـی وڕاوەسـتان لەبەرامبـەر دوژمنـەکانی وبـەرگری لـە پێـشڕەوی دەسـت درێژانـەی ئەودوژمنانەیان هاتووین. ئێستاکە نیەتی چاکی ئێمە بە خراپـە لەیـەك دراوەتـەوە وبرا ئێرانیەکانمان ئاڵۆز بوونە ونایانەوێ لە خاکیاندا بمێنینەوە، ئێمە لەبەر ڕێـزی هەستیان دەگەڕێینەوە وبەهیچ شێوەیەك گفتوگۆ لەسـەر ئـەوە ناکـەین، کـە لـەم شەڕ ولەیەك دانەدا لەگەڵ کرندیـەکان نزیکـەی سـی کـەسمان لێ کـوژرا، ولـە شـەڕ لەگـەڵ سـەنجاوی وگۆرانەکانـدا چـەند سـەد کەسـێك لـە سـەربازەکانمان کـوژران وزیانێکی قورسمـان لێ کـەوت. ئەمانـە بـەجێی خـۆی. داخوازییـەکی دۆستانەمان ئەوەیـە کـە لـەو ڕۆژی شـەڕەی لەگـەڵ خـەڵکی کرنـدا دوازدە کـەس لـە خـاوەن پلەکانی تورك لەنێو شارۆچکەکەدا بۆ حەمام وخۆشۆردن ڕۆشتبوون، کرندییـەکان هاتبوونــە ســەریان وئــەو ئەفــسەر وســەربازانەیان بــێ ئــەوەی بــەرگری بکــەن کوشـتبوویانن وچـەك وتفـاق وجـل وبەرگەکـەیانیان فڕانـدبوون. ئـەم ئەفـسەرانە هەموویان دایك وخوشکیان هەیە، ئێستاکە پێویستە جل وبەرگ وشت ومەکەکەیان بۆ بنەماڵەکانیان ڕەوانە بکرێنەوە.

ئــەم قــسانەی بەشــێوەیەکی دۆســتانە ومەلولانــەی وەهــا دەگەڕانــدەوە نەتدەتوانی حاڵەتی دوژمنی وفریو وفێڵبازی تێدا وەدی بکەیت.

دوای تەواوبوونی قسەکانی موعازید ئەلمولك وهەندێ لە ئامـادەبووان وەڵامـی قسەکانیان بە سوپاسەوە دانەوە وسەبارەت بە جـل وبـەرگ و چـەك وتفـاق وشـت ومەکی ئەو دوازدە ئەفسەرە کە لە حەمامدا کوژرابوون سـەلماندیان کـە پێویـستە بگەڕێتەوە بۆ ماڵ ومنداڵەکانیان. لەوانەیش کە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو شت ومەکانە

بۆ کەس وکارەکانیان دووان وقسەکانی ڕەوشـەنی بـەگیان پاڵپـشت کـرد سـلێمان خانوعەباس خانی کەلور بوون. بیَ ئەوەی لەم حەقیقەتە بزانن کە لە ڕۆژی شەڕی تورك وکرندییەکاندا نە کەسێك لە حەمامدا کوژراوە ونە کەسێك لە حەمامدا بـووە. من گوێڕایەڵی فێڵەکەی ڕەوشەنی بەگ بووم کە دەیویست بەڵگەنامەیەك بەدەسـت بهێنێت ئێمە تاوانبار بکات، بەڵام چونکە گـەورەکانمان لـە مەجلیـسەکەدا شـازادە محەمەد باقر میرزا وسەردار ناسر سەبارەت بەوە هیـچیان نـەگووت، منـیش لەبـەر ڕێزی ئەوان بیَ دەنگ بووم. خەریك بوو ڕەوشەنی بـەگ بگاتـە ئاواتەکـەی، خـۆمم پێنـەگیرا وڕووم کـردە بـاوکم وشـازادە ووتم مـەودام دەدەن بەنـدەیش بیروبـاوەڕ وئەوەی کە دەیزانم بیخەمەڕوو. دوایی ڕووم کردە ڕەوشەنی بەگ و گوتم سەبارەت بـە قـسە دۆسـتانەکانت سوپاسـگوزارین، سـەبارەت بـەوەی دەفـەرموویت لەبـەر دۆستی ئێران ودژایـەتی دوژمنـەکانی لەشـکرتان هێناوەتـە خـاکی ئێرانـەوە، ئـەم قسانە کاتیَ قبولَ دەکرا وپەسەند دەهاتە بەرچاو کە ئێوە لەسەر داخـوازی ئێـران بهاتنایەتە خاکی ئێرانەوە. بەڵام قسەکانی من تـەنها سـەبارەت بـەو ئەفـسەرانەیە کە فەرمووتە لە حەمامدا کوژراون. ئامادەبووانی ئـەم مەجلیـسە وادیـارە کەسـیان نازانن کە لەو ڕۆژەدا هیچ ئەفسەریَ لە حەمامدا نەبووە. مـن لەلایـەن کرندییـەکان وسەنجاوییەکان وگۆرانەکانەوە هـەواڵی کـوژرانی هـەر خـاوەن پلەیـەکی تـورك لـە حەمامدا بەدرۆ دەخەمەوە، ئەفـسەرەکان سـەرجەم لـە شـەڕدا کـوژراون. جـەنابی ڕەوشـەنی بـەگ تـۆ دەتـەویَ بەهانەیـەك بـۆ فەرماندەکـەت بتاشـیت وبیدەیتـە دەسـتەوە کـە دەسـت پێکردنـی شـەڕ وململانـیَ بخەیتـە ئەسـتۆی کرندیـە بـیَ دەرەتانەکانەوە، کە بتر لە پێنج کور سامان وشت ومەکیان تالاَنکراوە وبتر لە دوو سەد کەس لە پیاو وژن و منالَیان کوژراوە.

لەم قسەی منـە وەکـو دانیـشتوانی مەجلیـسەکە لـە خـەو هەڵسابن پاڵپـشتی قسەکانمیان کرد.

درێژەم دا بە قسەکانم و گوتم جەنابی ڕەوشـەنی بـەگ بۆچـی نافـەرمویت کـە هۆی شەڕ ودەعوا لەگەڵ کرندیەکاندا دەستدرێژی ناموسی سەربازەکانتان بووە؟

لەم قسانەی منە ڕەوشەنی بەگ وەك وا بێت خـاڵێکی گـرنگ و هەسـتیاری بـە چنگ هێنا بێت، خۆی توورە کرد و وتی ئاغا ئەم قسانە تۆمەتە، وتۆمەتی دەسـت

درێژی ناموسی بە توونـدی بـەدرۆ دەخەمـەوە. بـە کاپیتـان سـون سـونم گـووت جەنابی کاپیتان بەشێك لەو ئەمانەتەی کە ئـەو ڕۆژە لـە سـەنگەرەکەدا پـێم دایـت بیخەرە ڕوو. بەپەلە جانتاکـەی لـە جەندرمەکـەی پاسـەوانی داواکـرد. شـت ومـەك وخشڵی ژنانەیەك، کە لە دیلە تورکەکە وەرمـانگرتبوو، دەریهێنـا. ڕەوشـەنی بـەگ تێکـچوو وتوڕیـا ولـە شـوێنەکەی هەڵـسا وموعازیـد ئـەلمولك وشـونمان ئارامیـان کردەوە ودایان نیشاندەوە. لەوەودوا چونکە نەخشەکەی جێی خۆی نەگرت ئیـدی درێژەی بە ئیدیعاکانی نەدا وبێدەنگ بوو.

بڕیاردرا کە موعازید ئەلمولك وشـونمان بڕۆنـە لای حوسـەین ڕەووف بـەگ بـۆ ئەوەی سـالار ئەفخـەمی کـوڕی ئیحتیـشام ئەلمـەمالیك، کـە زینـدانی بـوو، لەگـەڵ خۆیانــدا بهێننــەوە، ودوای کۆتــایی هــاتنی مەجلیــسەکە ڕەوشــەنی بــەگ بــە پێکەنینەوە هاتەبەرەوە و دۆسـتانە دەسـتێکی بـۆم درێـژ کـرد وئـەو دەسـتەکەی کردە ملـم، چـەند جارێـك یـەکتریمان مـاچ کـرد، هەڵبـەت دەسـتپێکردنی ماچـەکە لەلایەن ئەوەوە بوو. پێمی گوت هەستی پاکی تۆ پـیرۆزە، شـایانی قـەدر زانینـە، چادرەکەت لەکوێدایە دەمەوێ هەر ئێستاکە بێمە ماڵتان؟ دەستی یەکتریمان گرت و هاتینە چادرەکەوە. چایی خوارد وبەڵێنی دۆستی پێمدا، منیش بەڵێنی دۆسـتیم پێدا، بەو مەرجەی نـەمن ونـە ئـەو لـە نیشتمانی خۆمـان خیانـەت نەکـەین. دوای خواردنی چایی پێکەوە هاتینە چادرەکەی محەمەد باقر میرزا و موعازید ئـەلمولك. ڕەوشەنی بەگ خواحافیزی کرد وڕۆیشتەوە بۆ ئۆردووەکەی خۆیان.

سبەی موعازید ئەلمولك وشونمان ڕۆیشتنە ئۆردووەکەی حوسـەین ڕەووفـەوە بۆئەوەی بڕیاری ڕەزامەندیی جێهێڵانی خاکی ئێـران لـە لایـەن لەشـکری تورکـەوە بەدەست بهێنن. دوو سەعات پـێش نیـوەڕۆ گەڕانـەوە وسـالار ئەفخـەمیان لەگـەڵ خۆیاندا هاوردەوە. بەدووربین بینیم کـە لەشـکری تـورك هەنـدێ لـە چـادرەکانیان پێچایەوە وخەریکن دەجمێن وحەرەکەت دەکەن. سورەت مەجلیسێکی موافەقـەت نامەی خوسرەو ئاباد کە بە فەرمانی موعازید ئەلمولك، بە خامەی شازادە محەمەد باقر میرزا نوسراوە هەروەك کەمێك نەوازشت وقسەی نەرمی تێدایە، بـەڵام چـونکە بەڵگەیـەکی ڕەسـاو وبتـەوە وگویـای هــەوڵ وکۆشـشی شـونمانە بـۆ تۆمـارکردن لەمێژوودا لەیرادا دەیهێنمەوە.

## سورەت مەجلیس

لە مێژووی شازدەهەمی مانگی شەعبانی بەشکۆدا ١٣٣٣ لە گوندی خوسرەو ئاباد سەربەناوچەی کرماشان بۆ لابردنی دووبەرەکی وشەڕ وململانێ لەنێوان لەشکری دەوڵەتی عەلییەی عوسمانی وسەرکردەکانی عەشایری کرماشاندا ڕوویدا، کە ڕووداوی نالەبار ودڵتەزێن وجێی نارەحەتی لێکەوتەوە، کە لەگەڵ یەکێتی ئیسلامدا ناگونجێت، دۆستایەتی هەردوو دەوڵەتی گەورە ومەزن ویەکێتی موسوڵمانەکانی ئەم دوو وڵاتەی خستوەتە مەترسی ولەرزینەوە، ئەنجومەنێك پێکهێنرا کە بریتی بوون لە نوێنەرانی دەوڵەتی عەلییەی عوسمانی دەوڵەتی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمان ودەوڵەتی عەلییەی ئێران وجەمعێ لە پیاو ماقوڵان وگەورە پیاوان وڕیزدارانی شار ودەوروبەری کرماشان کە سەرجەم پەراوێزی ئەم نامەیان واژوو کردووە لەگەڵ جەنابی خاوەن شان وشەوکەت ڕەوشەن بەگ وەکیلی جەنابی جەلالەت مەئاب ئاغای حوسەین ڕەووف بەگ کە فەرماندەی لەشکری سەیاری ئیسلامیە، دانوستانێکی دۆستانەی ئەنجامدا وتێکڕا سوور بوونە لەسەر ئەوەی لەمەودوا بەربەستی ڕووداو وپێشهاتی نالەبار و خەراو بکەن وبارودۆخێکی ڕاست بڕەخسێنن و درزێك نەکەوێتە ناو کۆشکی موسوڵمانانەوە، وا بڕیاردرا بۆ ئارامکردنەوەی شۆڕ وهەیەجانی گشتی وجێگیربوونی ئەم ئیحساساتە لە شوێنە گونجاوەکەی خۆیدا جەنابی حوسەین ڕەووف بەگ بەپەلە ئۆردووەکەی لە کرند بگوێزێتەوە بەرەو سەرپێڵی زەهاو تا خەڵکی کرند بە ئاسودەیی ودڵنیاییەوە بگەڕێنەوە جێی خۆیان و سەرگەرمی ژیانی ئاسایی خۆیان بن. وگەورە پیاوانی وڵاتیش هەوڵبدەن کە بیروباوەڕی گشتی سەبارەت بە برا موسوڵمانە عوسمانیەکانیان دۆستانە بکەنەوە.

بەپێی ئەم گرێبەستە ئیتر خەڵکی کرند ودەوروبەری زەهاو وقەسری شیرین ئازاد وسەربەستن کە بگەڕێنەوە بۆ سەر پاشماوەی کشتوکاڵیان وخەریکی چاك کردن و گەشەکردنەوەی بن.

سەبارەت بە جێهێڵانی بەپەلەی خاکی ئێران لەلایەن لەشکری عوسمانیەوە کە داخوازی گشتی خەڵکەکەیە، بڕیار لەسەر ئەمە درا کە فەرمانێ لەم بابەتەوە لە باڵوێزخانەی عوسمانیەوە بگاتە کونسوڵی عوسمانی لە کرماشان ئەو کاتە بەپەل

لەشكری عوسمانی خاكی ئێران چۆڵ دەكەن وجێیدەهێڵن وجەنابی فەرماندەی لەشكریش بۆ ئارامكردنەوەی بیروڕای گشتی هەوڵی یەكێتی ودۆستایەتی دەدات ولەم بارەیەوە فەرمانی دەرچوون لە خاكی ئێران هەرچی زووتر دەردەكات ودەیگەیەنێتە ئەنجام بۆئەوەی خوانەكەران ناڕەحەتی وپشێوی وئاژاوە لەسەر سنووردا ڕوونەدات وتا جێهێڵانی سنوورەكانی ئێران بەتێكڕایی سەربازەكانی عوسمانی مافی دەست تێوەردانی كاروباری ئیداری ناوخۆی ئێرانیان نیە ومافی دەستدرێژی كردنە سەر بەرژەوەندی وقازانجی دانیشتوانی ئەو ناوچانەیان نیە.
********

موعازید ئەلمولك كە لەلای حوسەین ڕەووف گەڕابووەوە بەكورتی باسی ڕازیبوونی جێهێڵانی خاكی ئێرانی گەڕاندەوە، بەمنی گووت ئاغای سەردار موقتەدر حوسەین ڕەووف پەیامێكی بۆ خودی تۆ ناردووە ولەمن بەڵێنی وەرگرتووە بێ ئامادەبوونی كەسێكی سێیەم ئەم پەیامەت پێبگەیەنم.

هەردووكمان لە چادرەكە چووینە دەرەوە. لە سێبەری درەختێكی جەنگەڵەكەدا كە سێ پێیەك لێمانەوە دوور بوو دانیشتین، ئەو دوای هەندێ تەمجید وپیاهەڵدانی سەبارەت بە كەسایەتی حوسەین ڕەووف ئەم پەیامەی ڕاگەیاند، كە ڕوون نەبوو كە چەندێكی لەلایەن حوسەین ڕەووفەوەیە وچەندێكی خۆی دروستی كردووە ودەستكردی خۆیەتی. ووتی بەكورتی ناوبراو لە كردەوەی دوژمنایەتی لەگەڵ خەڵكی سەنجاویدا وبەتایبەت لەگەڵ خودی تۆدا پەشیمانە وداخوازی دەوڵەتی عوسمانی سەبارەت بە بەدەست هێنانی دۆستی تۆ ڕادەگەیەنێت، وبەڵێنی شەرەف دەدات ئەگەر تۆ لەگەڵ ئارمان وخواستەكانی ئەودا بگونجێیت، لەپێشدا بە بەرزترین نیشانی دەوڵەتەكەی موفتەخەرت دەكات. دووەم ئەگەر قبوڵ بكەیت مەبلەغێكی بیست هەزار تومان كە لەدەست ڕەسیدایە سەبارەت بە زیانی تۆ وعێلەكەت پێشكەشت دەكات. سێیەم لەڕێگای باڵوێزخانەی عوسمانی لەتاراندا داخوازی فەرمانڕەوایی كرماشانت بۆ دەكات وبۆ مانەوەت هەرچی لە وزەیدا بێت بەكار دێنێت. وەڵامم دایەوە، من لە مەئموریەتەكەی حوسەین ڕەووف ئاگادارم و ئەزانم بەرپرسی داگیركردنی ڕۆژئاوای ئێرانە چۆن ئەتوانم سەبارەت بە نیەت پاكی وچاكی ئەو دڵنیا بم. نیشان وەرگرتن لە دەوڵەتی بێگانە بە نیشانەی ئیفتیخار وشانازی بۆ خۆم نازانم و بەدوایشیدا ناگەڕێم ولام گرنگ نیە. بەڵام سەبارەت بە بیست هەزار تومان كە لەجیاتی زیانمان وەربیگرین،

ئێمە هەرچیمان کردبێ بۆ خزمەتی وڵاتەکەمان بووە ومنەتیش لەم ڕووەوە ناخەینە سەر کەسەوە وپاداشیش لە کەسێك وەرناگرین. سەبارەت بە فەرمانڕەوایی کرماشان جێی نەنگی وڕسوایی لەوە گەورەتر نیە کە باڵوێزخانەیەکی بێگانە ببێتە هۆی ڕەخساندنی فەرمانڕەواییم. کرماشان وڵاتی منە چ پەیوەندییەکی بە حوسەین ڕەووفەوە هەیە، کە ئەم بەڵێنە بدات ئەگەر ئەو من بە پیاوێکی شیاو وکارامە ولێهاتوو دەزانێت چاکترە لە دەوڵەتەکەی خۆیدا داخوازی فەرمانڕەوایی کەرکوك یان موسڵم بۆ بکات.

موعازید ئەلمولك دوای چەند چرکەیەك وەستان ووتی دوایی چی وەڵامێکی بدەمەوە؟ گوتم وەڵام هەر ئەوەیە کە باسم کرد، خۆت هەرچۆنێ دەتەوێ پێی بڵێیت ئازادی.؟ گوتی ئافەرین بۆ تۆ، ئافەرین بۆ هەستی بەرزی وەتەن پەرستیت، وتی ئاغای سەردار نازانیت حوسەین ڕەووف تا چی ڕادەیەك ڕێز بۆ تۆ دادەنێت و ڕیزداری لەلای، وتاچی ڕادەیەك سەبارەت بە سەرکردەکانی کەلور ڕەش بینە وبەخراو باسیان دەکات.

هەر ئەو ڕۆژە دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ خوسرەو ئابادمان جێهێلا. موعازد ئەلمولك وخەڵکی شار وشونمان وکنت کانیتز بەرەو شار ڕۆیشتنەوە. ئێمە وگۆرانەکان وکەلورەکان هەرکەسێك گەڕایەو بۆ ماڵی خۆی ئیحتیشام ئەلمەمالیك وکرندیەکانیش بۆ ماڵی سەید ڕۆستەم ڕۆیشتن. بەشێ لە ئۆردووی حوسەین ڕەووف هەر ئەو ڕۆژەو پاشماوەکەیان دوای سێ ڕۆژی تر بەرەو سەرپێڵی زەهاو کەوتنە ڕێ. دوای چەند ڕۆژێك بێ وەستان لە قەسری شیرینەوە سەرجەم خاکی ئێرانیان چۆڵ کرد. ئەمەیشە بۆ ئێمە گەورەترین پاداشت و دەستکەوت وشانازی دەژمێردرا.

لە حەقیقەتدا ئەم ڕاوەستانە لەبەرامبەر عوسمانیەکاندا ونەترسییان لە خیانەت و دوودڵی ونیفاقی هەندێ لەخەڵکی خۆیی، شەڕی کرند، وسوڵحی خوسرەو ئاباد وچۆڵکردنی خاکی ئێران لەلایەن بێگانەوە بۆ سەنجاویەکان بارودۆخێکی وەهای هاوردە پێشەوە لە سەرتاسەری ئێراندا بە وەتەنپەرستی وئازایی ودلێری بەناوبانگ بن وناودەربکەن. هەروا هەر ئەو شەڕەی کرندەبوو کە لە ئەنجومەنی میللی ئێراندا ڕەنگدانەوەی پەیدا کردوو بووە هۆی لێکۆڵینەوە لە عەین ئەلدەولە و وەزیری ناوخۆکەی فەرمانفەرما، ولە ٢٧شەعبانی ١٣٣٣ /١٩تبری ١٢٩٤ ڕێکەوتی ١٠تەموزی ١٩١٥ حکومەتەکەی هەڵوەشا ولەبەین چوو.

سەرکەوتنی سەنجاوی لەم ئازموونەدا حەسادەت وترسی هەندێ لەسەرکردەی تایفە ناوخۆییەکانی جۆڵاندەوە، یەکێ لەوانە سلێمان خانی ئەمیر ئەعزەم، سەرکردەی گەورەی عێلی کەلوربوو دوای سەرشۆڕییەکانی ئەم دواییەی، کەوتە هەڵپەی نزیکبوونەوە ویەکێتی وژنخوازی لەگەڵ سەنجاوییەکاندا، ولەسەر داخوازی ئەو والیزادە خانمی کچی سەردار ناسری برام کە هێشتانە لە تەمەندا منداڵ بوو لێی مارەکرا. هەروەك ئەم ژنخوازیە هەرگیز ئەنجامی نەگرت چونکە دوای چەند ساڵێك کە هێشتاکە کچەکە منداڵ بوو ولەماڵی باوکیدا بۆ ئەو "میری" ناوبراوە بەهاندان وفیتی برازاکەی وعەباس خانی ئەمیر مەخسوسی ڕەقیبی، بەدەستی برازایەکی ترییەوە کە ناوی "پاشاخان" بوو کوژرا.

لەلایەکی تریش لەو دەستەیە جەهانبەخش خانی زەرغامو ئەلسەلتەنە کە لەبەر هاودەستی وهاوکاری لەگەڵ حوسەین ڕەووفدا ناچار لە سەنجاوی هەڵهات وپەنای بردە کونسولگەری ئەڵمان.

نووسنی دەقی نامەیێ کە بەبۆنەی ئەم دوو مەوزوعەوە شونمان کونسولی ئەڵمان بۆ باوکمی نووسیوە، لە نووسراو وبەڵگەنامەکانی بنەماڵەکەماندا ماوەتەوە، بۆ پیشاندانی شێوەی جوڵانەوەی ئەو سیخوڕە ناوبراوە لەو قۆ ناغەدا بێسوود نیە.

**کرماشان ١٣مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ١٣٣٣**

جەنابی جەلالەت مئاب دۆستی ڕاستەقینە، ئاغای سەمسام ئەلمەمالیك، ئیقبالی بەرز و بەردەوام بی لەم کاری خەیر وئەم ژنخوازیە بەجێیە، کە لەلایەن شەرع وداب ونەریتەوە پەسەند ومایەی هەزاران ئومێد وئارەزو و جێی دڵنیاییە، خوا حەزبکا ئەنجامی چاکی لێ دەبێتەوە. سەبارەت بەم مەوزوعە خۆشە پیرۆزبایی ودەست خۆشیتان لێ دەکەم وشادی وخۆشحاڵیم دەخەمە ڕوو وئاشکرای دەکەم. بەداخەوە وەکو دەڵێن خورما بەسەر دارخورماوەیە دەسیش کورتە و بەئاسانی پێی ناگات، بێگومان ئەگەر لە حزورتاندابوومایە هەر جۆرە خزمەتێ بەسەر شانمەوە بووایە ئەنجامم دەدا. لەخوای گەورە داخوازیمە سەرئەنجامەکەی بە خۆشی وپیرۆزی تەواو بکات.

سەبارەت بە جەهانبەخش خان زەرغامو ئەلسەلتەنە کە کەوتۆتە بەر هەڵسوکەوتی پێشهاتی ڕۆژگار و ماوەیەکی زۆرە لە ماڵ وکاشانەیەوە دوورە و لە

بینینــی خــزم وکــەس وکاریــەوە بــێ بەشــە. لــەم کاتــەدا بوەتــە پەناهەنــدەی کونسولخانەی دەوڵەتی بەتوانای ئەڵمان.

ڕێگــا بــەخۆم دەدەم، لەبەرئــەوەی خــۆم بــە دۆســتی ڕاســتەقینەی جــەنابتان دەزانم ولــەم بارەیــەوە ئــیخلاس وئیرادەیــەکی قــووڵم لەخزمەتتانــدا هەیــە، لەبــەر قازانج ومەسڵەحەتی هەردوو لامان داخوازیتان لێ بکەم نەیەڵیت ئــەو نــابراوە لەمــە زیاتر زەرەر وزیانی لێبکەوێت وبە شپرزەیی وشاراوەیی بمێنێتەوە.

تکایە درەختی دۆستی بنێژە کە میــوەی شــیرینی لــی دەکەوێتــەوە، درەخــی دوژمنی لە ڕیشەوە هەڵکەنە چونکە ڕەنج ومیحنەتی لێ دەکەوێتەوە. وەکو قسەی پێشینان دەڵێــت خنکــاو بــۆ هــەر گیــاو خاشــاکێك دەست ڕادەکێــشێت ودەیکاتــە دەستپێچێ بۆئەوەی لە خنکان ڕزگاری بێت.

ئەگەر خوانەخاستە جەنابتان لە ڕاپەڕاندنی ئەم کارە خەیرەدا درێغی بکەیت، ناوبراو دەست دەداتە کاروئیشی ناڕەوای وەها کــە گــەورە پیــاوان لایــان پەســەند وڕەوا نیە، وکارەکەی دەبێتە مایەی دەردە سەری هەمووان بە گشتی.

لەبەرئــەوەی لــەم قۆناغــە هەســتیارەدا دوژمنایــەتی ســەرکردە بــەڕیزەکان وسەرۆکی عەشایرەکان دەبێتە هۆی دەردەسەری ونیگەرانی دەوڵەتی پایە بــەرزی ئێران. بێگومان دەوڵەتی بە توانای ئەڵمان، کــە دۆســتی نزیکــی ئــەو دەوڵەتــە بــە شان وشەوکەتەیە وزیانی ئەو زیانی ئێمەیە، لەبەرئەمە منیش بە دژایەتی وململانێ لەنێوان عێلەکان وموســوڵمانەکاندا ڕازی نــابم ولام خــۆش نیــە، هــەر بــەم هۆیــەوە دۆستانە داخوازی لە جــەنابتان دەکــەم کــە بارودۆخێك بڕەخسێنێت کــە هەرچــی زووترە جەهانبەخش خان بگەڕێنیتەوە ودڵنیایی تەواو بەناوبراو ببەخشیت. وەکــو پێشوو بێتەوە سەر موڵــك ومــاڵی خــۆی وبەئاســودەیی وئــارامی لــەپاڵ مەحەبــەت ونەوازشتی جەنابتاندا بژی وهەر توانایەکت هەیە بۆئاسوودەیی ئەو بــەکاربێنی لــە قازانجی خۆتاندایە ومایەی سوپاس وقــەدر زانینــی ئــەم دۆســتەتە. هەرچــۆنێ بــێ چــاوەڕەوانی هیمــەتی مەردانــە وهاوکــاری وجولانــەوە وکــردەوەی بەپەلــەتانم و وەڵامێکی کارا وکاریگەرتانم.

لەمە زیاتر زەحمەت بە ڕەوا نابینم، ڕێزی بترم دووبارە دەکەمەوە.

**کونسوڵی دەوڵەتی ئیمپراتۆری ئەڵمان.. شونمان**

# بەشی دووەم

## جیهاد لە بەرامبەر ڕووسەکاندا

بەتـــەواوبوونی شەڕوشـــۆڕی حوســـەین ڕەووف ودەرچـــوونی لەشـــکری عوسمانیەکان لە ئێران، وای بۆ دەچووین کە تـەکلیف وبەرپرسـیاریەتی ئێمـە لـە سنووری کاروباری عەشـایری وناوچـەیی تێپـەڕبووە وگەیـشتوەتە ڕادەی تـاوتوێی کاروبار و کێشەکانی دەوڵەتی.

هــەواڵ وراپۆرتــەکانی شــەڕی یەکــەمی جیهــانی مــەوزوعی دانوســتانی هــەر مەجلیسو دانیشتنێك بوو لەو قۆناغەدا. ڕۆژنامەکانی تـاران کـە حەفتـەی دوو جـار دەگەیشت سەبارەت بە پێشکەوتنی لە شکرەکانی ئـەڵمان لـە جەبهـەی ڕۆژهـەڵات وڕۆژئاوادا باسی دەکرد و وای نیشاندەدا کە مەرکەزی مەملەکەت لـە بـارودۆخێکی کوڵانو جۆشانداپە.

مــەوزوعێك کــە لــە هەرشــتێك لای ئێرانیــەکان قــورس وســەنگین تــر بــوو وناڕەحەتیانی دەکرد بوونی لەشکری ڕووس لە باکوری وڵاتەکەدا و دەست درێـژی بەردەوامیان بۆسەر ماڵ و حاڵی خەڵکی ئێران.

بــیرەوەری ڕووداوی عاشــورای١٣٣٠ وشــەهید بــوونی "ثقــة الاســلام" ونیشتمانپەروەرەکانی تری ئازربایجان وتۆپ بارانی گونبەدەکەی حەزرەتی ئیمـام ڕەزا، وفەتوای جیهادی ئایەتو للا خوراسانی کە بەڕاشـکاوی بـۆ عێلـی سـەنجاوی ناردبوو، کە دژی ڕووسە داگیرکەرەکان دەریکردبوو، هەموو ڕۆژێـك بـۆ ئێمـە نـوێ دەبووەوە.

بــە دەرچــوونی لەشــکری حوســەین ڕەووف لــە ئێــران ڕەوشــەنی بــەگ بـۆ نیشاندانی دۆستی دەوڵەتی عوسمانی هاتە ماڵەکەم ونزیکەی دە ڕۆژ میوانی ئێمـە بوو، ولەماڵماندا لەگەڵ زۆربەی سەرکردە وسەرۆکە عەشایرەکاندا یەکترییان بینـی وسەبارەت بە یەکێتی موسوڵمانان دانوستانیان کرد. ئـەو پڕوپاگەندەکـەرێك، یـان چاکتر بڵێم سیخوڕێکی کارامە وقسەزانێکی دانـاو لێـزان بـوو. بـەڵام پـێش ئـەوەی موسوڵمان ببـێ تـورکێکی دەمـارگیر بـوو. لـە قسەکاندا لابـەلا کنایـەی چـزەداری

سەبارەت بە ئێرانیەکان وزمانی فارسی دەدرکاند، کە ڕووبەڕووی بەرتـەکی تونـدم دەبووەوە.

زۆرنـەبوو ڕەوشـەنی بـەگ مـاڵی ئێمـەی بەجێهێـشتبوو کـە لـە کرماشـانەوە نامەیەکم لەلایەن شازادە محەمەد بـاقر میرزاوەپێگەیشت. نووسـیبووی کـە شـێخ حوسـەینی تـارانی بوەتـە بەرپرسـی پـەروەردەی کرماشـان ولەلایـەن پـارتی دیمکراتەوە لێپرسراوی پروپاگەندەیە ودەیەوێ بێتە سەنجاوی وتۆ ببینێت. منیش چەند سوارێکم بەچەند ئەسپێکەوە ناردە شار وشێخیان هێنایە ماڵمان.

ئـەو لەلایـەن کۆمیتـەی مـەرکزی پـارتی دیمکراتـەوە بـە کۆمیتـەی ئەیالـەتی کرماشان ناسێنرابوو. هەوەرك ئێمە نـەخۆم و نـەباوکم ونـەبراکانم بـە شـێوەیەکی فـەرمی نەچـووبووینە هـیچ پـارتێکی سیاسـییەوە بـەڵام لەگـەڵ دیمکراتەکانـدا ئەوپەڕی دۆستی وهاوڕێیمان دەکرد.

لە سەرکردەکانی دیمکراتەکانی کرماشان شازادە محەمـەد بـاقر مـیرزا وقـەوام ئەلعولـەما ومەهـدی خـانی عیمـاد ئەلرەعایاکـە هەرسـێکیان ئەنـدامی کۆمیتـەی ئەیالەتی بـوون، ولـە خزمـان ودۆسـتانی ئێمـە بـوون. نامـەی تایبـەتییان نـاردبوو سەبارەت بە پێویستی هاوکاری وپاڵپشتیمان لەگەڵیدا.

هـەروەها بـەنهێنی هـەواڵیان پێـدابن کـە دەوڵـەتی ئێـران خـەریکی بەسـتنی گرێبەستی یەکێتی وهاوپەیمانییە لەگەڵ ئەڵماندا، باڵوێزخانەی ئەڵمانیش ئەوی لە پێـشەوەی سـەرجەم کاربەدەسـتانی پڕۆپاگەندەکەرانـەوە بـە شـونمانی کونـسول ناساندبوو.

شـێخ سـەبارەت بـە سـتەمی ڕووسـەکان وهاوکـاری ئینگلیـسەکان لەگەڵیانـدا وپێویستی ڕاپەڕین وخەباتی میللی ویەکیتی موسوڵمانان وسەرکەوتنی موسـەلەمی ئـەڵمان لەبەرامبـەر هاوپەیمانانـدا و سـەبارەت بـە کـارە سـەرەکیەکانی پارتـە میللیەکانی سەنتەری وڵات دانوستانی کرد.

هەروەك قسەکانی جێی قبوڵ وڕەزامەندیم بوو، بەڵام لـە چۆنیەتی کارکردنـدا جیاوازی بۆچوونمان هەبوو. دڵنیام کردەوە کە ئامـانج وئـارەزووم تـەنها خزمـەتی نیـشتمانە وبـۆ هـەموو جـۆرە فیداکارییـەك ئامـادەین. بـۆ نەهێـشتنی جیـاوازی بۆچوونمان لە پیادەکردن وئەنجامدانی فەرمانەکاندا دێمە شار.

## شەڕ وشورم لەگەڵ هەڵگرانی نیشانەکانی داڵ

دوای گەڕانــەوەی شــێخ هــەواڵمان پــێ گەیــشت کــە زۆراب ســوڵتانی بــرای جەهانبەخش خانی زەرغامو ئەلسەلتەنە وڕەزا قـولی خـانی مەسـعود ئەلـسوڵتان برای سالار مەنسور سەرۆکی عێلی گۆران، هـەر یـەکێ لەوانـە بـە سـوارەکانیانەوە ڕۆیشتوونەتە کرماشان ولە کونسوڵخانەی ئەڵمان بوونەتـە کارمەنـد وبـەکرێگیراوی نیــشانەی داڵیــان چەســپاندوەتە کڵاوەکانیانــەوە. جگەلەمــە شــونمان لــە چەقۆکێشەکانی شار وخەڵکی تایبەتی گوندەکان سەد سواری تایبـەتی موچـەخۆر کردووە وبەسەر کڵاوەکانیانەوە نیشانەی داڵ دەبریسکایەوە. هـەروەها بیستیـشم کە لەگەڵ سلێمان خانوعـەباس خـان سـەرۆکەکانی عێلـی کەلوریـشدا کەوتوونەتـە گفتوگۆوە وئەوانیش بەڵێنی ئامادەکردنی چـوار سـەد سـواریان داوە وکونـسولیش چوار سەد نیشانی بۆیان ناردووە.

سەبارەت بەم ڕووداوانە ولـە گوێنـەدان وخودسـەری شـونمان، هـەوەها بایـەخ نــەدانی هەنــدێ لــە ســەرکردەکانی عەشــیرەتەکان ســەبارەت بــە مەســەڵەحەت وبەرژەوەنـدی وڵات بـێ ئەنـدازە نـاڕازی ومـەلول بـووم. لـەم ماوەیـەدا کونـسوڵی ناوبراو چەند جارێك هاتە لام وداخـوازی هەنـدێ سواری لێـدەکردم، بـەڵام هـەموو جارێك وەڵامم دەدایەوە تا پەیوەندی دەوڵەتی ئێران وئـەڵمان ڕوون نەبێتـەوە مـن لەم بوارەدا هەنگاوێ نانێم.

سەبارەت بەم بارودۆخەیە بڕیارم دا هەرچی زووترە بڕۆمـە کرماشـان ولەگـەڵ سەرکردەکانی شار وئەڵماندا دانوستان بکەم وئەوان تێبگەیەنم کـە ئێمـە ملکەچـی دەوڵـەتی مەرکـەزی وپەرلـەمانی ئێـرانین، ودەوڵـەتی ئـەڵمان تـا لەگـەڵ دەوڵـەتی ئێرانیدا ڕێك نەکەوێت، نابێت چاوەڕوانی هاوکاری وپاڵپـشتی خـەڵکی ئێـران بێـت. لەو بڕوایەدا بووم ئەم بۆچوونەم لەگەڵ مەسڵەحەت وبەرژەنـدی میللیـدا دەگونجـا ولەشوێنی خۆیدایە وڕێی تێدەچێت لەم ڕێگایەوە گفتوگۆی هەردوو لا ڕەوەنـدێکی دژوار وتوندتر بگرێتـە خـۆی ویاریوکۆمـەکی ئـەو گرێبەسـتی ئـەڵمان وئێرانـە، کـە گوایە لەنێواندایە، بکات.

لەپێشدا لەگەڵ سەرکردەکانی دیمکراتدا کۆبوومەوە، یەك بۆچونمان بوو، ئەوانیش وەکو من دڵتەنگ وزوویر ومەلول بوون. ڕوون وئاشکرابوو تێکڕا دانوستانەکانی شێخ حوسەین وشونمان بێ سوود وبێ ئەنجام بووە.

شونمان هاتە دیدەنیم بەدرێژی دانوستانێکمان کرد. لەم بەینەدا هەواڵ گەیشت کە مەکداول کونسوڵی ئینگلیس وچرکاسف کونسوڵی ڕووس کە چەند مانگێکە جێگای کارو وەزیفەکەیان بەجێهێشتبوو وبۆتاران ڕۆیشتبوون، دووبارە لەگەڵ هەندێ قۆزاقی ڕووس وئێرانیدا گەیشتوونەتە "کەنگاوەر" ودەیانەوێ بگەڕێنەوە کرماشان. شونمان لەم ڕووداو وهەواڵە ئاگادار بوو، بەپەلە زۆراب سوڵتان ومەسعود سوڵتانی گۆرانی لەگەڵ سواەرکانیاندا کە تازە مووچەخۆری کردبوون، ناردیانیە کەنگاوەر وشەو ئابلۆقەیانی دا. قۆزاقەکانی ڕووس وئێرانی کەوتنە بەرگرییەوە. چەند کەسێك لە گۆرانەکان دەکوژرێن وزامار دەبن وئەسپەکەی زۆراب سوڵتانیش دەکوژرێت.

دوای دوو سێ سەعات شەڕ بە مەیانگیری ساری ئەسلان حوکمڕانی کەنگاوەر ڕێکەوتننامەیەك لە نێوانیاندا بەسترا کە کونسوڵەکان بەرەو هەمەدان بگەڕێنەوە وشونمانیش بەسەرکەوتنەوە گەڕایەوە کرماشان.

لە هەمەدانەوە مەکداوڵ کونسوڵی ئینگلیس نامەیەکی بۆم نارد، یادئاوەری ڕاوەستانمان لەبەرامبەر عوسمانیەکاندا وەبیرخستبۆوە، وداخوازی یارمەتی لێمکردبوو، بۆئەوەی لەگەڵ کونسوڵی ڕووسدا پێکەوە بۆ کرماشان بگەڕێنەوە.

وەڵامم دایەوە هەتا لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە فەرمانێکمان پێنەگات ناتوانین لەخۆمانەوە دەست لەکاری وەها بدەین وبچینە پیرییەوە.

دوای بینینی شونمان لە کونسوڵخانەی ئەڵماندا لە کرماشان بە ڕاشکاوی وبێ پەردە پێم گووت ئەگەر ئەتەوێ وەتەن پەرستانی ئێران لەگەڵتا هاوکاری بکەن پێویستە لەدەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئێران هەلگریت ولەم جۆرە کردەوانە وەك "سوار" کۆکردنەوە وموچەبڕینەوە بۆیان دوورکەویتەوە وبەدەوڵەتی ئێران وخەڵکی ئێران یارمەتی ڕاستەقینە وکاریگەر بدات کە خۆیان بتوانن لەبەرامبەر داگیرکەراندا ڕاوەستن و ڕاپەڕن وبەرگری لە وڵاتەکەیان بکەن.

لەم قۆناغەدا  حاجی ئیسماعیلی ئەمیر خیزی کە بە "قەرە" بەناوبانگە وکاظم زادە وجەمال زادە وسەعدولا خانی دەرویش گەیشتنە کرماشان. حاجی ئیسماعیل ئاغا وێنەری کۆمیتەی بەرگری میللی بووکازم زادە وجەمال زادە وسەعدولاخان لە ئەورووپاوە بە ڕێنماییەك لەلایەن تەقی زادەوە هاتبوون. هاتوانم بینی ولە ئامانجەکانیان ئاگاداربووم کە بۆ هاندان وبتەوکردنی هەستی نیشتمانی دنەدانی خەڵکی بۆ پشتیوانی لە میللیەکان و وەتەنپەرستانی پایتەخت ودروست کردنی کۆمیتەی میللی ناوچەیی بۆ ڕاوەستان بەرامبەر دەست درێژی ڕووسەکان وئینگلیسەکان وهاوکاری لەگەڵ ئەڵمانەکان وعوسمانیەکاندا بۆ کرماشان هاتبوون.

بیروباوەڕی شار دژی ڕووسەکان وئینگلیسەکان بوو. بەڵام لەگەڵ ئەڵمانەکان وعوسمانیەکاندا سازگار وپاڵپشت بوو. بەڵام پیاوانی کاریگەر وکەسانی تاکانەی بەناوبانگ لەدەستەی تردا کە دژی ئەم بیرۆکە بوون بەرچاو دەکەوتن. لەچینی ناوەڕاست وکاسبکار وپیاوە ئاینیەکان وپیاوماقولانی شار بەپەیڕەوی لەبیرۆکەی گشتی پشتیوان وپاڵپشتی ئەڵمانەکان بوون، بەڵام گەورەپیاوان وخاوەن موڵکەکان وبازرگانە گەورەکان وپەیڕەوانی فەرمانفەرما کە چینی موستەبیدەکانی پێشوو دەژمێردران تێکڕا ئەمانە وهەندێ لەوانەی بەناوی حیزبی مەیانڕەوەوە خۆیان نیشاندەدا لە حەقیقەتدا لەژێرەوە سەر بە ڕووسەکان وئینگلیسەکان بوون، هەروەك لە بەرامبەر هەستی گشتیدا وەدوورکەوتنەوەی کونسوڵی ڕوس وئینگلیز لە پانتایی سیاسی کرماشاندا نەیاندەتوانی خۆ یان نیشان بدەن وبجوڵێنەوە. کەسانی ئەم دەستەیە ئەمیر کل وسەید حەسەنی ئۆجاق وموعازید ئەلمولك بوون، و هەرکاتێ لەگەڵ ئەم کەسانەدا سەبارەت بە دەست درێژی ڕووسەکان وئینگلیسەکان دەدواین وەڵامیان دەدایەوە گە دەستدرێژی ودەست تێوەردانی شونمان لە کاروباری ناوخۆدا لەوان بترترە.

لەبەر ئەمە بە وەرگرتنی ڕای دۆستەکان وهەڤاڵەکانمان بڕیارماندا شونمان لە کاروباری بێ سەروبن ونەگونجاو ونامەعقول مەنع بکرێت ودوای ئەوە دەست بدەینە کاروبارە سەرەکیەکان. من دووبارە بینیم وبەدرێژی دانوستانم لەگەڵیدا کرد ولەنێوان قسەکانمدا پێم ووت ئامانجی تۆ لەم سوارکۆکردنەوەیە لەم ناوچەدا نیشانەی داڵی ئەڵمان چەسپاندن بە کلاوەکانیانەوە چی یە؟ ئەم کردەوەی تۆیە

بەڕاستی بەپێچەوانەی ئەو هەستە بەرزەتەوەیە کەسەبارەت بە ئێران لە دانوستانەکانتدا لەگەڵ وەتەنپەرستەکان ومیللیەکانی ئێراندا دەتنواند. ئەم سوارانە نەدەتوانن ئەمنیەت وئاسایش بۆ تۆ فەراهەم بکەن ونە لە کاتی پێویستدا بۆ بەرگری لەم ناوچەیە سوودمەند دەبن بەپێچەوانەوە بەهانە دەدا بەدەستی موخالیفەکانتەوە کە تۆ بەدەست درێژکەر ودەست تێوەردەر بناسێنن ودۆستانیشتان نەتوانن لە تۆ بەرگری بکەن ولەسەر تۆ بێنە دەنگ. لەم ناوچەیەدا بەئاسانی دەتوانرێ هەزار پیاوی جەنگاوەر دروست بکرێت، بەڵام بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە پێویستە دەوڵەتەکەت لەگەڵ دەوڵەتی ئێران ورەهبەرانی میللی لە پایتەختدا ڕێك کەون. بێ ڕەزامەندی دەوڵەتی مەرکەزی هەموو جوڵانەوەیەك ناڕەوایە وئەنجامی نابێت. دووەم پێویستە چەکداری ناوچەیی لەگەڵ هێزی سەربازیی فەرمیدا هاوکارییان هەبێت، ولەم کاتەدا کاریگەرترین هێزی سەربازیی ئێران هێزی جەندرمەی ئێرانە. سێیەم پێویستە چەك وتفاقی شەڕ بگاتە ئەم ناوچەیە وتەرتیبێکی و ڕێك وپێك و ڕاست بۆ ژیان وموچەی ئەم داخوازیکەرانە دابین بکرێت کە ئێستاکە لەم ناوچەیەدا پتر لە پێنج سەد هەزار تفەنگ هەیە بەڵام هەمووی کۆنە ودروستکراوەکانی جۆراوجۆری ئەڵمانی وڕووسی وفەرەنساوی وشوێنی ترە، کە زۆربەی ئەوانە فیشەکی تەواوی نیە، بەم تفەنگە لەکارکەوتووانە وبێ فیشەکانە چی دەتوانی بکەیت وبکرێت بۆ کاری سەرەکی وبەرگری ڕاستەقینە چەکی نوێ پێویستە فیشەکی کافی وتۆپ ومەتریلۆزی پێویستە. چوارەم بڕوابکە لە هەموویان گرنگترە ئەوەیە پێویستە بە داخوازیکەرەکان وسەرکردەکانیان ڕێنمایی گونجا وپڕوپاگەندەی ڕاستەقینە بکرێت کە بزانن چۆن وبۆچی شەڕدەکەن.

سەرئەنجام لەژێر فشاری مندا شونمان ڕازی بوو کە نیشانەکان بەسەر کڵاوی سوارەکانەوە لابەرێت ومازور هۆفمانی ئەڵمانی بەرپرسی کۆکردنەوەی ئەو نیشانانە کرا.

بۆ دانوستان لەگەڵ سەرکردەکانی کەلوڕیشدا ڕۆیشتمە کاروانسەرای مایدەشت. نزیکەی چوار سەعات ئەم قسانەم خوێندە گوێیاندا وئامۆژگارییانم کرد تا ڕازیبوون نیشانەکان لەکڵاوەکانی سوارەکانیانەوە لابەرن وبیدەنە مازور هۆفمان.

## یەکیتی عەشایری

دوای ئەمە بە مەشورەت وڕاوێـژکاری لەگـەڵ ئـەمیر خیـزی وشـێخ حوسـەینی تــارانی وجــەمال زادە وکــازم زادە وســەعدوڵاخان وســەرکردەکانی دیمکراتــی کرماشاندا کەوتینە بیرۆکەی دروست کردنی یەکیتی عەشایرییەوە، ولەم بارەیـەوە نامەیەکی درێژم ناردە خزمەتی سەردار ناسری برام کە سەرۆکی عێل بوو داخوازیم لێکردکە سـەرۆکەکانی عەشـایری ئێـران وئەحمەدوەنـد بانگهێـشت بکـات ولەگـەڵ ئەوانـدا بـۆ سـەرجەم ئـەمیرەکانی کـەلور وسـەرۆکەکانی کرنـد نامـەمان نووسـی وبڕیاری کۆبوونەوەمان لە کاروانسەرای مایدەشت دابوو.

لە ڕۆژی دیاریکراودا هـەموو سـەرۆکەکان ئامـادەبوون. نوێنـەرانی میللیـەکانی پایتــەخت وجــەمعێ لــە ڕەهبــەران دیمکراتــەکانی کرماشــانیش ئامــادە بــوون. ســەرەنجام دوای دوو ڕۆژ دانووســتان پەیماننامــەی یــەکیتی عەشــایری بەســترا، ودەقی تەلوگرافی بۆ حکومەتی ئاغای موستەوفی ئەلمـەمالیك بـە خامـەی ئاغـای ئەمیر خیزی ئامادەکرا کە دەقی هەردووکیان لە خوارەوە نووسراوە:

### "پەیماننامەی عەشایری"

**بسمه تعالی**

لـەم شـەوە پـیرۆزەدا ٣١ ذي القیعـدەی ئەلحـەرام سـاڵی ١٣٣٣ ئێمـەی گیـان بەختکەرەکانی نیشتمان وفیداکارانی ئێران، سەرۆکی عێلات و عەشایری ڕۆژئاوا لە مایدەشـت کۆبووینـەوە بـەدڵێکی سـافەوە کـە لـە هـەموو لەکـە وغـەل وغەشـێك سڕاوەتەوە بەشایەتی خواو پێغەمبەر وهەموو پێغەمبەر وئەولیاکان ئامـادەبووین کە تێکڕا یەك دڵ ویەك قسە بین وهەموو دووبەرەکییـە تایبەتییـەکان بخەینـە لاوە ولەژێر دروشمی کۆمـەڵگای ئیـسلامییەت وئێرانیەتـدا دەسـتی یـەکێتی ویـەك دڵـی وئیتیفاق بۆ یـەکتری درێـژ بکـەین ولـە پاراسـتنی مـافی نیـشتمانی وبەرژەوەنـدی ووڵاتدا تا دوا دڵۆپی خوێنمان هەموو هەوڵ وکۆششی بکەین ولە هیچ فیداکارییـەك لەم بوارەدا درێغی نەکەین لەبەرزکردنەوەی ئـاڵای شـیر وخورشـید وبـەهێز کردنـی دەوڵەتەکەمان بە کردەوە ویارمەتی مـادی ومەعنـەوی کۆتـایی نەکـەین، وبـەتێکڕا موقەدەسـات شـەرەف وناموسمـان سـوێند دەخـوێن تـا لەژیانـداین لـەم ئارمـان

وئامانجە پیرۆزە لانەدەین وسەربەخۆیی ئێران بکەینە پۆپەی ئامانج وئارەزوومان. ئەوانەی ئـەم پەیمانـە پـیرۆزە دەشـکێنن وەك خائینـەکانی نیـشتمان بـژمێردرێن. دوژمنەکانی ئێران وئەوانەی کـە خـاکی پـیرۆزی ئێرانیـان داگیرکـردووە بـەدوژمنی ڕاسـتەقینەو بـەردەوامی خۆمـانی بـزانین وبۆکـورت کردنـەوەی دەسـتی ئـەم دەسـتدرێژکەرانە ئامـادەی هـەموو جـۆرە فیداکارییـەك بـین تـا خـاکی ئێـران جێدەهێڵن.

سلێمان سـەردار نەسـرەتی کـەلور ئـەمیر ئـەعزەم، قاسـم سـەنجاوی سـەردار ناسر، عەباس کەلور ئەمیر مەخسوس، عەلی ئەکبەری سەنجاوی سەردار موقتـەدر، ئیحتیـشام ئەلمـەمالیك ئیـسماعیل کرنـدی، سـالار ئەفخـەم، فـەتح ئەلـسەلتەنە سەرۆکی ئەحمەدوەند، کەریم کەلور، جەهانبەخـشی گـۆران، غـولام عـەلی گـۆران، سالار مەنسور، سەفەر گۆران، بەهرام گۆران، ڕەشید ئەلسەلتەنە.

## دەقی تەلوگراف بە دەوڵەت

لەڕێگەی حەزرەتی ئەشرەف ئاغای سەرۆك وەزیران پایەداری بەردەوام بێـت، بـۆ خـاکی پـای فەلـەك مانەنـدی ئـەعلی حـەزرەت بەشـان وشـەوکەتی هۆمـایۆنی گیانمان فیدای بێت، نوسخەیەکی بـۆ ئەنجومـەنی نوێنـەرانی نیـشتمانی ڕۆژنامـەی بامداد، ڕۆشن وستارەی ئێران ونوبهار. تاریکی ئاسـۆی سیاسـەتی ئێـران وخـراوی بارودۆخی ئایندەی ئەم وڵاتە، هەر ئێرانیەکی پەژارە کردووە چونکە پاشـەڕۆژێکی ترسناك ونالەبار ونەنگین هەڕەشەی لێدەکات وهـەر نیـشتیمانپەروەرێك لـەڕووداني پێشهاتێکی ئەسەفبار ئاگادار دەکات، بەڕادەیەك سەرتاسەری ئێـران لـەو ڕووداوە ناخۆشانە کە لەپێشەوە چاوەڕوانیەتی کەوتۆتە پەژارە ونیگەرانی وحەشـووکەوە. ئەگەر سەیری تێکڕا مەملکەتی ئێران بکەین خاڵێك کە شەڕوشۆڕی تێـدا نـەبێت یـا گوندێك تووشی ئاژاوە وشەڕوشۆڕ نەبوبێ نابینرێت. ئەگەر بەووردی لێبکۆڵینـەوە دەبینین ئەوانەی ئاگری ئەم ستەمکارییە دادەگیرسێنن تـەنها دەسـتی بێگانەکانـە کە بەردەوام جوڵێنەرەوەی فەسادو فیتنە وگەندەڵین، وڵاتی ئێـران وناوچـەکانیان خـستوەتە ژێرپێـی کـردەوە نـاڕەوا وسـتەمکارانەکانیانەوە، خـەڵکی بێـدەرەتان وبەدبەختیان دووچاری کوشتن وبرین وتاڵانە دەستدرێژکەرانەکانیان کـردووە، بـێ لایەنی دەوڵەت یان وەك ناوێکی بێ ناو ژماردووە وگرنگیـان پێنـەداوە وڕێزیـان لێ

نـەگرتووە ومـافی ڕەوا وپـیرۆزی ئێرانیـەکانیان خـستوەتە پـشت گـوێ وبەرچـاو نەکـــەوتووە بـــۆ ســـەرنگونی ونـــەمانی دەکۆشـــن. لەبەرئەمانـــە ئێمـــەی گیـــان بەختکەرەکانی عێلاتەکانی دەوڵەتە بەشان وشەوکەتەکەمان لەبەرامبەر ئەم جۆرە دیمەنە مەترسیدارەدا دەبینین، بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ئاو وخاکی ئێران هەموو دووبەرەکییە عەشایرییەکان وتایبەتیەکانمان فیدای پاراستنی ئـەم نیەتـە پـیرۆزە کرد وبە دڵێکی پاکەوە لەهـەر لەکەیـەکی تایبـەتی لـە مایدەشت کۆبووینـەوە بـە شایەتی خوا وپێغەمبەر هاوپەیمانی ویەکێتیمان بەقەرار کرد وبڕیارماندا تا دواترین هەناسەی خۆمان لە پیادەکردن و ئەنجامدانی ئارمان وئامانجەکانمانـدا کـە بریتـی یــە لــە پاراســتنی نیــشتمان وبڕینــی دەســتی دەســت درێژیکــەرە بێگانــەکان وبـەهێزکردنی دەوڵـەتی نـەمری ئێـران، بڕیـارە لـەم ڕێگایـەدا لـە هـیچ کۆشـش و هەوڵدانێکی مادی ومەعنەوی درێغی نەکەین وبۆ پاڵپشتی شای خۆشەویستمان بـە گیان ومالەوە ئامادەبین. ولەپاشای گەورە وبـەتوانامان تکـا دەکـەین لەمـە زیـاتر مــەودا نــەدەن کــە ئێرانیــەکان زنجــیری کۆیلایــەتی بێگانــەکان بخرێتــە پێیــان ولەبەرانبەر توانا وچاوی بینایانـەوە میللەتەکـەیان لـەژێر شـکەنجەی سـتەمکاراندا بەند بکـرێن وبپلیکێنـەوە. شـەهرەیارا هیمـەتی بـەرزترین کەسـی بـەزەیی لیـوانی شـــەکیبایی و ســـەبری ئێرانییـــەکان پڕبـــووە وڕووس وئینگلیـــسەکان تاکـــەی نیشتمانەکەمان بکەنە هەوارگەی چادرەکانیان، ئاین وبیروباوەڕی پیرۆزمان تاکەی سووکایەتی پێبکـەن؟ بێگانـەکان بـۆچ لـە وڵاتـی ئێمـەدا سـەربەخۆ دەخولێنـەوە وبڕیار دەدەن وئەوەی بیانـەوێ دەیکـەن بـەجۆرێ دژی یـەکتر هانمـان دەدەن تـا دەگەنە ئامانج وهەدەفی خۆیان.

پاشای یـەکتا، ئێمـە هێـشتانە زینـدووین بـۆ پارێزگـاری نیـشتمانەکەمان، بـە شانازییەوە لە گیان ومالٚ وسامان دەستبەردار دەبین.

ئیحتیشام ئەلمەمالیك حاکمی کرند، سەردار نەسرەت حاکمی کەلور، سەردار ناسـر سەرۆکی سەنجاوی، سەردار موقتەدری سەنجاوی، سـەردار ئیقبـالی کـەلور، ئـەمیر مەخسوس، غولام عەلی حاکمی گۆران، سالار زەفەری سەنجاوی، سالار موقتـەدری سەنجاوی، سالار ئەفخەمی سەرۆکی عێلی کرند، نەسرەت لەشکری ئەحمەد وەند، شەهاب ئەلئەیالەی ئەحمەدوەنـد، سـەفەروخانی گـۆران، قەنبەرسـوڵتانی گـۆران، بەهرامی گۆران.

## پڕوپاگەندە لە شاردا

لەمـەودوا لەگـەڵ پڕوپاکەندەکـەرەکان ولێپرسـراواندا گەڕاینـەوە کرماشـان، بوومە میوانی ماڵی موعاون ئەلمولك. هـەوڵ وکۆشـشی ئێمـە بـۆ لابردنـی نیـشانی داڵی ئەڵمانیەکان بەسەر کلاوەکانەوە بووە مایـەی خۆشـی وڕەزامەنـدی سـەرجەم مـەیانڕەوەکانی تـر. چـەندین دانیـشتن وکۆبوونـەوە بەهاوبەشـی لەگـەڵ میللـی گرایەکاندا لە ماڵەکانی دیمکراتخوازەکـان ومەیانڕەوەکانـدا ڕەخسێنرا. لـە هـەموو شوێنێکدا سەبارەت بە پێویستی یەکێتی ولابردنی دووبـەرەکی حزبـی ومەسلەکی فیداکاریی هاوبەشی بۆ بەرگری لە ئـاین ونیـشتمان گفتوگـۆ دەکـرا و دەکەوتەبـەر بـاس. هـەر بـەم شـێوەیە تـەلوگرافێکی زۆر لـە خـەڵکی شـارەوە بـۆ حکومـەتی مەرکەزی نێردراو بڕیاری کۆبوونەوەی گشتی وبانگهێـشت بـۆ ئـەم کۆبوونـەوە لـە حوسەینییەی موعاون درا وڕاگەیەندرا.

لـەو ڕۆژەدا کـە بڕیـاربوو شـێخ حوسـەین بڕواتـە سـەر مینبـەر وقـسە بکـات هەروەك چەند سەد نەفەرێ ئامـادەبوون. موعـاون ئـەلمولك بـە هانـدانی موعازیـد ئەلمولك کۆبوونەوەکەی تێکدا. منـیش لێـی تـۆرام وماڵەکـەیم بـەجێهێڵا. موعـاون ئەلمولك زۆر هەوڵیدا بگەڕێمەوە بەو مەرجە ڕازی بووم بگەڕێمەوە کە کۆبوونەوەی گشتی لـە حوسـەینییەی ئـەودا بـەرپابکرێت، ئـەویش ڕازی بـوو. خـەڵکی شـارمان بانگهێشت کرد.

لە ڕۆژی دیاریکراودا چەندین هەزار کەس لـەو کۆبوونـەوەدا بەشـدارییان کـرد. شـێخ حوسـەینی تـارانی چـووە سـەر مینبـەر بـتر لـە دوو سـەعات سـەبارەت بـە سـتەمکاری ڕووسـەکان وئینگلیـسەکان وشـەهیدەکانی ئازربیجـان وتۆپبـارانی گۆمەزی مەرقـەدی پـاکی حـەزرەتی ڕەزا قـسەی کـرد، هـەر لـەو حاڵەتـەدا وەکـو ڕەوشی "ئەهلی مینبەر" گریانی دەست پێکرد. یەکێك لەنێوان خەڵکەکەوە هەڵسا و گوتی ئەبێت بڕۆم بەچاوی خۆم ببینم کە چـاوی ئـەم کابرایـە فرمێسکی هەیـە ولێی دێتە خوارەوە یاوەك درۆدەکات؟! دانیشتوان نەیانهێڵا ئەو کارە بکات بەڵام کۆبوونەوەکـە ژلێـژا و خەڵکەکـە کەوتـە جموجـوڵ وخـەریك بـوو تێکدەچـوو، ئاماژەمـان بـۆ شـێخ کـرد قـسەکانی کۆتـایی پێبـێنی وسـبەینێ وەکـو پێویـست ڕووداوەکەمان لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردەوە.

لەم حاڵەتەدا تەلوگرافێکی ڕەمـزی شـفرەدار لـە کۆمیتـەی بـەرگری میللیـەوە گەیشت کە ئەڵمانەکان ڕازی نین کە گرێبەست ببەستن لەم بارەوە پێویستە فـشار بخرێتە سەر شونمان. ئێمەش ئەومان بۆ ماڵی خالۆ ئوغلو بانگهێـشت کـرد وبـەزۆر پێمان قبوڵانـد کـە خـۆی بـڕوات بـۆ تـاران ولەبەسـتنی گرێبەسـت لـەنێوان ئێـران وباڵیۆزخانـەی ئەڵمانـدا لـە تـاران بکۆشـێت وگرنگـی پێبـدات. دوای چـەند ڕۆژێـك شونمان پرۆفیسۆر سارەی لەشوێنی خۆیدا دانا وڕۆیشت بۆتاران.

## سەیرێك بەلای تاراندا

لەم قۆناغەدا پایتەخت بارودۆخێکی ئاڵۆز وئاشوفتەی هەبوو، دوای هـەرۆژانی وەزارەتی "عین ئەلدوەلە" لە ئەنجامی ئیستیضاح ولێکۆڵینەوەی دیمکراتەکان لـە ئەنجومەنی میللیدا سەبارەت بە هاتنی لەشکری حوسەین ڕەووف بـەگ وبەزانـدنی سنووری ئێران وشەڕی سەنجاویەکان لەگەڵیاندا، موستەوفی ئەلمەمالیك بۆ جـاری دووەم لــە دەورەی مەجلیـسی سـێیەمدا حکومــەتی ئێرانــی پێکهێنــا ولەوپــەڕی خۆشەویستیدا بۆ دەوڵەتی ئێران هەر لەسەرەتای شەڕی نێودەوڵەتییەوە بێلایەنی خــۆیی نیــشاندابوو بــەلام بــەکردەوە هــیچ لایــەنێك بەتایبــەت هــەردوو لایەنــە ململانێکەرەکە ڕێزیـان لـەو بڕیـارەی ئێـران نـەگرتبوو. ڕووسـەکان بـاکوری ئێـران وئینگلیسەکان باشوری ئێرانیان داگیرکردبوو، عوسمانیـەکانیش لـە هەرشـوێنێکدا بیانتوانیبایە وەکو ئەوانیان دەکرد.

لـە پایتەختـدا دیبلۆماسـیەکانی ئـەڵمان وعوسمـانی لەلایەکـەوە وڕووسـەکان وئینگلیسەکان لەلایەکی ترەوە بەتووندی لە کۆشش وهەوڵداندا بوون.

پیـاوانێکی مـەزن وەك عـەین ئەلدەولـە وفەرمانفـەرما وسوپاسـالار وسەمـسام ئەلسەلتەنە سەر بە ڕووسەکان وئینگلیسەکان بوون، بە پێچەوانەیانەوە پیاوانێکی کارامە ولێهات وناودار کە قورساییەکی نەتەوەیی ومیللیـان هـەبوو وەك موسـتەوفی ئەلمەمالیك وموشیر ئەلدەولە وموئتەمەن ئەلمولك وموخبیر ئەلسەلتەنە لایەنگیری ئەڵمانـەکان بـوون. لـە ئەنجومـەنی نوێنـەرانی نیـشتمانیدا نوێنـەرە بەسـۆزەکانی پارتی دیمکرات پاڵپشتیان لە بیروباوەڕی گشتی دەکـرد، بەسـەرۆکایەتی کەسـانی وەك سلێمان میرزا وسەید محەمەد ڕەزای مساوات ئەمانـە بەئاشـکرا پـشتیوانییان

له ئەڵمانەکان دەکرد. تەقی زادە ڕەهبەری ناوداری مەشروتییەتی ئێرانیش کە لە بەرلیندا دەژیا بە نامە وڕێنماییە بەردەوامەکانی ئازادیخوازەکان نو ومیللی گراکان نو وهەڤاڵە دیمکراتەکانی خۆیی هانی بۆ بەرقەراری دۆستی ویەکێتی لەگەڵ ئەڵمانەکاندا و دژایەتی و ڕاوەستان لە بەرامبەر ڕووسەکان دا دەدا.

پارتی کۆنەپەرست موحافەزەکار ومەیانڕەوەکانی ئەنجومەنی نوێنەران سەر بە باڵوێزخانەی ڕووس وئینگلیز بوون. ڕەهبەرانی وەتەنپەرستەکانیان وەك حوجەت ئەلئیسلام سەید محەمەدی تەباتەبایی وسەید محەمەد سادقی تەباتەبایی کوڕی وحاجی میرزا عەلی محەمەد وحاجی میرزا یەحیای دەوڵەت ئابادی، سەید حەسەنی مودەریس سەربە ئەڵمانەکان بوون، ولەگەڵ پارتی دیمکراتدا پەیمانیان بەستبوو. بەم شێوە کەمینەی مەجلیسیان کردبووە زۆرینە.

لەم کاتەدا کە کەسایەتییەك وەك موستەوفی ئەلمەمالیك وموشیر ئەلدەولە وڕەهبەرانی وەك تەقی زادە وسلێمان میرزا لەڕوانگەی ئێمەوە نەك تەنها وێنەی وەتەنپەروەری وئازادیخوازی وپاکدامێنی بوون، بەڵکو پۆپەی بەرزی و لێهاتوویی وکارامەیی وئازایی وبوێری دەناسران ودەژمێردران. ناوی ئەمانە لە هەموو لایەکدا ولای هەر جۆرە خاوەن باوەڕێك خۆشەویست وڕێزداربوون.

هەواڵمان پێگەیشت کە موستەوفی ئەلمەمالیك لەگەڵ پرنس ڕویس وەزیری موختاری ئەڵماندا، لە دانووستاندان بۆ بەستنی گرێبەستی (سەربازی) وئەحمەد شایش لەگەڵیدا هاوبیرە. بەڵام شاو سەرۆك وەزیران لەسەرخۆ دەجوڵانەوە ونەیاندەویست بەهانەیەك بدەنە دەستی هاوپەیمانەکانەوە کە دژی ئێران هەڵوێست وەرگرن. بەتایبەت موستەوفی ئەلمەمالیك لەو بڕوایەدا بوو تا ئەو کاتەی لەشکری ئێران ساز و بەرگ وچەکی کافی ودڵنیاکەرێکی لە ئەڵمانەوە نەگاتێ پێویستە لە بەستنی گرێبەستدا پەلە نەکرێت.

ڕوسەکان وئینگلیسەکانیش خەریکی پیلانێ بوون کە حکومەتێکی دەست نیشانکراویان وکرێگرتەیان لە تاراندا بێرنە سەرکار، وبزاڤی میللی ونیشتمانی ئێران لە هەموو شوێنێکدا سەرکووت بکەن.

بەم مەبەستەوە ڕوسەکان لەشکرەکەیان لە قەزوینەوە بەرەوە تاران جوڵاندەوە. حکوومەتی ئێران لەبەرامبەر هەڕەشەی پێشڕەوی لەشکری ڕوسدا

بڕیاردەدات کە تاران جێبهێڵێت وپایتـەخت بـۆ ئەسفەهان بگوێزێتـەوە. هـەروەك ئەڵمانەكان كرماشانیان بۆ جێگیربوونی حكومەت گونجاوتر دەزانـی. لـە دوادوایـی ساڵی ١٣٣٤/ ١٢٩٤هـ.ق كە بڕیار بوو دەوڵەت وئەنجومەنی نوێنەران تاران جێبهێڵن وشـایش جـل وبـەرگی سـەفەری پۆشـیبوو، وپایتونەكـەی ئامـادە كرابـوو كتـوپڕ فەرمانفەرما وسوپاسالار وسەمسام ئەلسەلتەنە هاتنە دەرباری شا بەتكا و ڕجاوە مەترسـی چـۆڵكردنی پایتـەختیان بـە شـا ڕاگەیانـد بەتایبـەت لەلایـەن بـاڵوێزی ئینگلیسوڕوسەوە پەیامێكیان بۆ هێنابوو هەركاتێ شا لە پایتەخت چووە دەرەوە ئـەوان بـێ دواكـەوتن حەمـە عـەلی شـای لابـرا ودەگەڕێننـەوە ولەسـەر كورسـی سەڵتەنەت دایئەنێن بە مەیانگیری ئەم پیاوە ناوبراوانە ڕوسەكان بەڵێن دەدەن كە لەشكرەكەیان بگەڕێننەوە بۆ قەزوین. بـەم جـۆرە ڕۆیـشتنی شـا ودام ودەسـتگای حكومەت ڕادەوەستێت ولە تاراندا دەمێننەوە.

بەڵام مەترسییەك كە لـە نزیكبوونـەوەی لەشـكرەكانی ڕووس و بڵاوبوونـەوەی هەواڵی جێهێڵانی پایتەخت لەلایەن دەوڵەتەوە كاریگەری خـۆیی كردبـوو. ڕووداوە مەزنەكەی كۆچكردنی لێ وەشایەوە. دەستە دەستەی كۆچكەرەكان لـە نوێنـەرانی ئەنجومــــەنی میللــــی ڕەهبــــەر وســــەركردەكانی میللەتــــەوە ڕۆژنامــــە نووسەكانوسوخەنوەرانوپیاوانی ئاینی وبازرگانەكان ولەگەڵ جەندرمـەی پایتـەخت بەرە وشاری ئاینی (قوم) نزیك پایتەخت كۆچدەكەن ودەیكەنـە بنكـەی جموجـوڵ وچالاكییان.

پـرس ڕویـس وەزیـر موختـاری ئـەڵمانیش لەگـەڵ كۆچـكردوەكاندا دەڕوات، ودەتوانین بڵێن كە لە هاندەرانی سەرەكی ئەم كۆچە بوو.

لە قم دا بۆ سەر وساماندان بە كاروباری كۆچكردووەكان و بانگهێشتی خەڵكی ئێـران سـەبارەت بـە بـەرگری میللـی ونیـشتمانی بڕیاردەدرێـت كۆمیتەیـەكی هاوپـەیمانی لـە هـەردووپارتی مەیانـەڕەو ودیمكـرات بـە هـەموو دەسـەڵاتێكەوە دامەزرێت. بۆ ئەم ئامانجە ئاغاكـان سـەید محەمـەد سـادقی تەباتـەبایی لـە لایـەن مەیانڕەوەكانـەوە، شـازادە سـلێمان مـیرزا لـە پـارتی دیمكـرات وسـەید حەسـەنی مودەریس لەلایەن بێلایەنەكانەوە هەڵدەبژێردرێن.

هــەر ئــەو کۆمیتــەبوو کــە تەلوگرافونامــەی بــۆ شــارەکان دەنــارد وهــەموو چــینوتوێژەکانیان بــۆ هەڵــسانی میللــی بانگهێــشت دەکــرد. لــەو تەلوگرافانــەدا تەلوگرافێك کە گەیشتە دەستی ئێمە کە بە پەلە بە ئیمزای باوکم وسەردار ناسـری بــرام وەڵامــی درایــەوە وئامــادەبوونی تایفــەی ســەنجاوی بــۆ هــەموو خــەبات وفیداکارییــەك لــەڕێگای بــەرگری  نیــشتماندا خرایــەڕوو. دوای نەڕۆیــشتنی شــا ودەســتگاکانی دەوڵــەت، ڕاوەســتانی هاتنەپێــشەوەی لەشــکری ڕوس بــەرەو پایتــەخت، موستــەوفی ئەلمــەمالیك کۆشــشوهەوڵێکی زۆریــدا کــە کۆچــکردووەکان بگەڕێنەوە بۆ پایتەخت. چونکە ئەنجومەنی نوێنەران بە هۆی کۆچکردنی سی چل کەسی لە نوێنەرە ناودارەکانی لە زۆرینە کــەوتبوو وجــەخیتی لەســەرئەوە دەکــرد بگەڕێنەوە وسەرگەرمی کارەکەیان ببنەوە. بەڵام ترس لە دەست درێژی ڕوسەکان وجموجــوڵ وپروپاگەنــدەی فراوانــی "پــرنس ڕویــس" بــووە هــۆی نەهاتنــەوەی کۆچکردووەکان.

ڕوسەکان هەروەك جوڵەی لەشکرەکەیان لە ڕۆیشتن بەرەو تاران ڕاگرت، بەڵام لە جەبهەکانی تردا وەك زەرەنــد وســاوە وعێــراق وهەمــەدان لــە هاتنــە پێــشەوەی خۆیاندا بەردەوام بوون.

کۆمیتــەی میللــی لــە (قــم) بــۆ بــەرگری لــە شــاڵاوی لەشــکری ڕوس بــە چەکداریکردنی جەندرمە وداخوازیکەرەکانی شەڕ هەڵدەستێت. ئاسایی بــوو تێکــڕا ســەرف وخــەرجی کۆچــکردووەکان وموجاهدینــەکان وجەندرمــەکان، ئەڵمانــەکان گرتبوویانە ئەستۆ کە بە لیرەی ئاڵتون دەدرا.

دەستە بڵاوبووەکانی جەندرمە وموجاهیدینــەکان لــە شــەڕەکاندا لەســەرەتاوە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا ومژدەی فەتح وسەرکەوتنیان بە خــەڵکی دەدا. بــەڵام بەهۆی نەبوونی جل وبەگ وتەقەمەنی کافی وفەرماندەیەکی دیاری شیاوەوە ناچار بە پاشەکشە دەبن شاروچکەکانی. زەرەند وساوە وسوڵتان ئاباد وعێــراق بــەدوای یەکتریدا دەکەوێتە دەستی ڕوسەکانەوە. هێزێکیان ڕوودەکاتە (قم) وئەسفەهان.

نــەهاتنی شــا وئیمزانــەبوونی گرێبەســت لەگــەڵ ئەڵمانەکانــدا و وێــسانەوەی هێرشــی لەشــکری ڕوس بــەرەو پایتــەخت وشکــستی بــەردەوامی جەندرمــە وموجاهیدینەکان دەبێتە هۆی نیفاق وچەند دەســتەیی کۆچــکردووەکان وبەشــێکی

زۆریان دەگەڕێنەوە بۆ تاران. لەگەڵ ئەمەشدا وەزارەتی موستەوفی ئەلمەمالیك ماوەیەك خۆی ڕادەگرێت، هەتا سەرئەنجام لەبەر پاڵپشت نەکردنی نوێنەرانی ئەنجومەنی نوێنەران ونائومێدی لە پێشەوەبردنی ئامانجە نیشتمانییەکانی ئەو پیاوە گەورە ولێهاتووە نیشتمانپەرەوەرە، لەسەرەتای زوستانی هەر ئەو ساڵەدا ساڵی ١٢٩٤، سەفەری ١٣٣٤ناچار بە دەست لەکارکێشانەوە دەبێت. لەجێی ئەودا هەڵبژێردراوی موتمانە پێکراوی هاوپەیمانان شازادە فەرمانفەرما لە ١٦ سەفەر دەبێتە سەرۆك وەزیران وحکومەت دادەمەزرێنێت.

یەکێ لە کردەوەکانی ئەم شازادەیە دوو ڕۆژ دوای ئەوەی بووە سەرۆك وەزیر بەڵکو پێشی دامەزراندنی حکومەتەکەی، نووسینی نامەیەکی فەرمی ونیوە دۆستانە بۆ باوکم بوو. نیەتی سەرەکی ئەو لەم نامەیە کە بە پێچەوانەی داب ونەریتی پەیڕەوکرا وڕاستەوخۆ بێئەوەی حوکمڕانی کرماشان ئاگادار بێت ئەم نامەیەی بۆ باوکم ناردبوو کە ئێمە ناچار بکات دەستی هاوکاری بۆ نیشتمان پەروەرەکان درێژ نەکەین. بەڵام هەر ئەم نامە نوسینە خۆی لەخۆیدا گرنگی عێلی سەنجاوی لە چاوی ئەودا ڕوون دەکاتەوە ودەخاتەڕوو.

لەم نامەیەدا کە ئێستاکە ها لەنێو نامە وبەڵگەنامەکانی بنەماڵەکەدا ماوەتەوە وتۆمارکردنی ئەم نامەیە بێ سوود نایەتە بەرچاو:

١٨سەفەر ١٣٣٤.

جەنابی ئەجەل سەمسام ئەلمەمالیك، پایەی بەرزی بەردەوام بێت، چونکە پۆستی کرماشان بڕیارە بە پەلە بگاتە کرماشان لە کانگای دڵەوە خۆشەویستی نوێ دەکەمەوە. ئەگەر لەحاڵی ئێمە دەپرسی سوپاس بۆ یەزدان لە تەندروستی تەواو بەرخوردارم.

بەندەی ئەعلی حەزرەت بەقودرەت وتوانا شاهەنشای ئیسلام پەنا، گیانمان بە فیدای بێت، بەپێی بە ئیرادە وخواستی بەرزی وتەبعی ملوکانەی خوی سەرۆکایەتی وەزیرانی خستوەتە ئەستۆی منەوە، هەروەك لەڕێگەی تەلوگرافەوە بەشێك لە وەزیرەکان ناسێنراون بەباشمزانی نامەیەك بۆ تۆ بنێرم، ئومێدەوارم لە خزمەت ئەم ئاو وخاکە لە هیچ جۆرە فیداکارییەك درێغی نەفەرموویت. بەپەلە ئەم کورتەیەم بۆت نووسی، کە بزانێت لە هیچ کاتێکدا ولە هیچ پلە ومەقامێکدا ڕاستی

ودۆستایەتی تۆم لەیاد نەکردووە ودروستکار وخزمەتگوزاری تۆ و بەم دەوڵەتە نەمرە هەمیشە چاوەڕواندەکرێت و ئومێدە کە لە ڕێکخستنی کاروبار وهاوکاری وپاڵپشتی پێشکەوتنی ئامانجەکانی حکومەت ئەوپەڕی چالاکی وکارایی بەکار بهێنیت.

**فەرمانفەرما**

هەموو هەواڵەکان وڕووداوەکانی پایتەخت و قم لەڕێگەی نامە وتەلوگرافی ڕەمزی ونهێنییەوە پێمان دەگەیشت.

پڕوپاگەندەکەرانی کە لەلایەن کۆمیتەی بەرگری میللیەوە هاتبوونە کرماشان چونکە باوەڕی تەواویان بە من بوو بۆ کردنەوەی ڕەمز وشفرەی تەلوگرافەکان لە مونشی دانا وکاردانەکەم عەبدولعەلی خانی زەهوری یارییان دەخوازی.

ڕۆژێ دوو تەلوگرافی شفرەو ڕەمز گەیشتبوو کە کردنەوەی ڕەمزەکان خراوە ئەستۆی منەوە تەلوگرافی یەکەم سەبارەت بە هەرۆژانی وەزارەتی موستەوفی ئەلمەمالیك ودانانی فەرمانفەرما بوو. وتەلوگرافی دووەم سەبارەت بە گەڕانەوەی جەمعێ لە نوێنەرانی ئەنجومنی نوێنەران بۆ تاران، ولەوانەدا ئامـاژەی بۆ گەڕانەوەی شازادە "مرئـات ئەلسولتان" نوێنەری دیموکراتی کرماشان دەکرد وبەتایبەت باسی لەوە کردبوو لەبەر پێشینەی دۆستی ئەو لەگەڵ فەرمانفەرمادا وخزمایەتی لەگەڵ سەرکردەکانی سەنجاویدا ڕێی تێدەچێت کە سەنجاویەکان بە دژایەتی ئێمە ناچار بکات ئاگاتان لەوانە بێت.

من تەلوگرافەکەم دوای کردنەوەی ڕەمزەکەی دا بە دەستی حاجی ئیسماعیل ئاغای ئەمیر خیزییەوە، خوێندیەوە ودەستی کردە پێکەنین منیش پێکەنیم. ووتم تەسادوفە کە مەوزوعەکە پێش ئێوە بزانم ئەگەر تۆ خۆت تەلوگرافەکەت بکردایەتەوە وابزانم مەوزوعەکەت دەشاردەوە لەمن وگومانتان دەکرد وبە گومانەوە ڕەفتارتان لەگەڵمدا دەکرد. ڕاستە مرئـات السولتان خزمایەتی لەگەڵ ئێمەدا هەیە، بەڵام کاریگەری بەسەر بیروباوەڕی من وسەردار ناسرەوە نیە، دڵنیام لەم بارەوە ئەو شتێك بۆ ئێمە نانوسێ، چونکە دەزانێت هەرچی بنوسێت کاریگەری نابێت.

له حەقیقەتدا مرئات السولْتان هیچی بۆ ئێمە نەنووسی ولەدواییدا ئاشکرابوو کە ڕۆیشتنی بۆ تاران بەنوێنەری لەلایەن کۆمیتەی بەرگری میللییەوە بۆ دانوستان لەگەڵ موستەوفی ئەلمەمالیکدا بووە، و جیابوونەوەی کۆچکردووەکان بەهۆی لووت بەرزی وخۆویستی سلێمان میرزاوە بووە.

## دروست بوونی لەشکری عەشایری

لەم کاتەدا لەلایەن ئەڵمانەکان وکۆمیتەی بەرگری میللیەوە سەبارەت بە دروست کردنی لەشکرێ لە سوارەکانی عەشایری لەگەڵ مندا دانوستان کرا. من بۆیانم ڕوونکردەوە کە عەشایر دەمارگیریی میللی وئاینی زۆریان هەیە وبە ئاسانی دەتوانرێ ئەم دەمارگیرییە لە ئەواندا ببزوێنرێت. وەکو بینیمان لەم دواییەدا سەنجاوییەکان وگۆرانەکان وکرندییەکان لەبەرامبەر عوسمانییەکان ڕاوەستان ودژیان کەوتنە شەڕەوە، بەڵام بارودۆخی ئابوری وکۆمەڵایەتییان لەحاڵێکدا نیە کە بتوانن ماوەیەکی درێژخایەن لە شەڕی نوێ دەوڵەتیدا لە دەرەوەی جێگا وشوێنی ژیانیان خۆڕاگرن وبەرگری بکەن" مەگەر تەشکیلاتی ڕاست وڕێنمایی چاك بۆیان برەخسێت چەك وساز وبەرگی کافی نوێ بخرێتە ژێر دەستمانەوە وهێزەکەیان لەگەڵ هێز ولەشکری دەوڵەتدا یەکسان بن وموچەکەیان لە هەموو کاتێکدا دابین بکرێت.

ئەڵمانەکان بەڵێنیان دا کە بەم زووە چەك وهێزی کۆمەك ویاری کافی لە ئەڵمان وعوسمانیەکانەوە بگاتە ناوچەکە تەرتیبی مەسرەف وخەرجی داخوازیکەرەکانی بەرگری دەگرنە ئەستۆ ودابین دەکەن. وپێشنیاریان کرد کە بەم دەم ودەستە هێزێکی عەشایری کە بریتی بێ لە دوو تا سێ هەزار کەس دروست بکرێت. هەر لەودانیشتنەدا دابەشکردنی سوارەکان لەنێو عەشایرەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوە بڕیاری لەسەردرا:

سەنجاوییەکان شەش سەد سوار، کەلور شەش سەد سوار، گۆران چوار سەد سوار، کولیایی دوو سەد سوار، ئەحمەدوەندی بهتویی پەنجا سوار. هەروەها بڕیاردرا کە مانگانە بەهەر سوارێك بیست وپێنج تومان وبە سەرکردەکان سێسەد تومان بدرێت.

ئامادەکردنی سوارەکانی سەنجاوی وگۆران وئەحمەدوەندم خستە ئەستۆی خۆم. بۆ ئامادەکردنی سوارەکانی کەلوریش بڕیاروابوو کە حاجی ئیسماعیلی ئەمیر خیزی ڕاستەخۆ لەگەڵ سەرکردەکانیاندا دانوستان بکات.

ئەڵمانیەکان ومیللی یەکان داکۆکیان لەسەر ئەوە دەکرد کە حیساوی سەرفی موچەکانی سوارە عەشایرییەکان لەئەستۆی مندا بیَ ومن بەرپرسیاری بم. بە هیچ شێوەیەك نەچوومە ژێر باری ئەم بەرپرسیارییەتەوە، چونکە نییەتی سوود وقازانج کردنم لەبیردا نەبوو، وبەخیاڵیشمدا نەدەهات، ونەیشمدەویست وەك موچەخۆری بێگانە یان وەك دەستپێچو وەسیلەتی ئەم کارە بناسرێم. جگە لەمانە دەمزانی ڕووبەڕووبوون لەگەڵ سەرکردەکانی عەشایردا لەم بوارەدا مایەی دەردەسەرییەکی گەورەیە، چونکە هەموویان هەمیشە داخوازی بترکردنی موچەکانیان دەکەن وئەگەر پێیان نەدرێت دەکەونە تێکدان وئاڵۆزکردنی کاروبارەکەوە. هەروا نەمدەویست حەسادەت وکینەی سەرکردەکانی کەلور سەبارەت بە خۆم ببزوێنم.

ئەڵمانەکان ودۆستەکان عوزر وحوجەتەکانمیان قبوڵکرد، بەڵام داخوزییان لێمکرد لە کاروباری فیکر و عەشایرییەکاندا هاوکاریان لەگەڵدا بکەم. منیش ئامادەیی خۆمم ڕاگەیاند کە لەم بارەوە درێغی نەکەم.

سوارەکان بەو شێوەیەی کە دانرابوو لەماوەی یەك هەفتەدا هاتنە کرماشان. من بە سەرکردەکانی عەشایر پێشنیازم کرد کە ئەم هەڵسانە وڕاپەڕینەی ئێمە بۆ خزمەت بە نیشتمانە وبەرگری لە خاك وئاوەکەمانە. ئێمە خزمەتکاری هیچ دەوڵەتێك نین تەنها دەوڵەتی ئێران نەبێت. موچەیەك کە ئەڵمانەکان بۆ سوارەکانمانیان تەرخانکردووە ئێمە قبوڵمان کردووە لە ڕووی ناچاری و پێویستییەوە بووە، وهەروەها بۆ بەردەوامی ژیانمانە ودابینکردنی پێویستیەکانی ژیانە. بەڵام لە سەرکردەکانی عەشایر هەریەك لە ئێمە بەئەندازەی کافی سامان ومالمان هەیە و دەتوانین کە ئەم موچەی بێگانەیە کە دەیانەویَ بۆ سەرشۆڕی بیدەنە ئێمە چاو بپۆشین. هەموویان بەیەك دەنگ بڕیاریاندا لە سێسەد تومانی مووچەی مانگانەکە چاو بپۆشن ولەمنیان داخوازیکرد کە بە وێنەری ئەوانەوە ئەم بڕیارە بە ئەڵمانەکان ڕابگەیەنم. منیش خوا شاهید وگەواهە بێئەوەی بڵێم ئەم

پێشنیاره لەلایەن منەوە کراوە بە مـاژور "کلـین"م ڕاگەیانـد کەسـەرکردەکانی عەشایر چونکە ئـەم خزمەتـە کـە ڕاوەسـتان و ڕاپەڕینـە لەبەرامبـەر دوژمنـدا وبـۆ بەرگری لە نیشتمانی خۆیانە سەرکردەکان ئامادەنین موچەیەك وەربگرن. ئەو زۆر خۆشحاڵ بوو، وفیداکاری سەرکردەکانی پەسەند وتەعریف کرد.

دوای ئەمە سەبارەت بە کوردستان وعێلاتی ئەو ناوچەیە لەگەڵ مندا وتوێژیان کرد. ڕوونم کردەوە بۆیان کە سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان تاڕادەیەك سـەرکردایەتی عەشایری سونی مەزهەبەکانی نزیـك کرماشـان دەکـات. هـەروەك خـۆی مرۆڤێکـی سروشت پاك نیە وجێی موتمانە وبـاوەڕ نیـە، بـەڵام ئەگـەر لەگـەڵ ئێمـەدا نـەبێت بەنهێنی لەگەڵ ڕوسەکاندا دەست تێکەڵاو دەکات وسەرگەرمی بشێوی دەبێت.

بڕیاربوو لەگەڵیدا گفتوگۆ بکەم. نامەیەکم بۆ نووسی ونامەیـەکیش بـۆ سـەیدو ئەلدەولە، کە لەنێوان ئەو عەشایرانەدا هـەوێنی زۆربـەی هانـدان وئاژاوەکـان بـوو، نارد و ئەوانم بۆماڵی ئەحمەد بەگ لە خزمانم کە لە گونـدی "جورئـاوا" نیـشتەجێ بوو، بانگهێشت کرد.

دوای کۆبوونـەوە ویـەکتر بیـنین پێـشنیاری هاوکارییـان بـە دڵ وڕەغبەتـەوە قبـوڵکرد. وسـەردار ڕەشـید وسـەید ئەلدەولـەم ئاگـادار کـرد کـە سـەرکردەکانی عەشایری کرماشان بە ئەڵمانەکانیان ڕاگەیاندووە کە سەبارەت بە موچـەی خۆیـان دیناریێ وەرناگرن، ئەوانیش بە ڕووکـەش ووتیـان ئێمـەش هەربـەو جـۆرە دەکـەین بەڵام وادیارە کە قسەکانیان لە ڕاست نەدەچوو. موچەی یەك مانگی سێسەد سوار وسەرکردەکانیان بـە زەمانـەتی مـن بۆیـان نێـردرا. بڕیـار وابـوو سـوارەکانیان لـە ماوەی پێنج ڕۆژدا ئامادە بکەن وچاوەڕوانی من بن کە هەواڵیان بۆ بنێرم.

## مووچەخۆرانی شار

لەم قۆناغەدا ئیقبال ئەلدەولەی کاشی حوکمڕانی دەورەی لاوی و نەوجـەوانیم سەرلەنوێ بوەوە حوکمڕانی کرماشان. هەروەك ئەو توانا وکەسایەتییەی نەبوو کە لەگەڵ من وئازادیخوازەکانـدا ململانـێ بکـات، وڕێگـەی پێـشەوە چـوونی کارەکـان بگرێت بەڵام بە نهێنی لەگەڵ موستەبیدە ناوخۆکاندا بەتایبەت موعازیـد ئـەلمولکی

کاربەدەست وسەردار ئیجلال وئەمیر کـل وسـەید حەسـەنی ئۆجـاق کۆدەبـووەوە، چاوەڕوانی هاتنی لەشکری ڕوسیان دەکرد.

ئەڵمانـەکان هـەروەك لـە کردنـە خـۆی ئەمانـەدا نائومێـد بوویـوون بـەڵام دەیانویست بە نزیککردنەوەی ئەمانە بۆ لای خۆیان ناوخراو وئالودەیان بکەن.

ڕۆژێ پرۆفیسۆر "سارە" کە بە جێنشینی شونمان دەژمێردرا بۆ مـاڵی حـاجی ئیسماعیل ئاغا بانگهێشتمی کرد. هەموو کاربەدەساتان پروپاگەندەکەرەکان لەوێ بوون، و ووتیان ئەمانەوێ سـەبارەت بـە دوو مەسـئەلە دانوسـتان بکـەین. یەکـەم ئەمانەوێ بە چەند کەسێك لە سەران وڕەهبەرانی پـارتی دیمکرات مەبلـەغێ پـارە بدەین، بەبۆچوونی تۆ چی کەسێك شـیاوی ئەوەیـە کـە ئـەم پارەیـەی پێبـدرێت؟ ووتم مەگەر لەلایەن کۆمیتەی مەرکەزییەوە سەرکردە ناوخۆییەکانیان نەناسێنراوە پێتان؟ ووتیان سێ کەس: محمەد باقر میرزا وقەوام ئەلعولـەما وعیمـاد ئـەلرەعایا ناسێنراون. ووتم باشترە لەگەڵ ئەمانەدا دانوستان بکەن وبیروباوەڕ تاوتوێ بکـەن وبگۆڕنـەوە. مەسـئەلەیەکی تـر ئەوەیـە ئەمانـەوێ موعازیـد ئـەلمولك وئـەمیر کـل وسـەید حەسـەنی ئۆجـاق وموعـاون ئـەلمولك وحەزرەتـەکانی فەرمانفەرماییـەکان بکەینە خۆمان وببنە هاودەستمان. ووتم هـاوبیری ئـەوان لەگـەڵ ئێـوەدا مەحاڵـە، هـەتا بـە شـێوەیەکی کـاتی وڕووکەشـیش هاوکـاری لەگـەڵتا ناکـەن. یـەکێ لەئامادەبووان ووتی ئەمانە نەوکەر ودەستنیشاندەی بێگانەن پێویستە ئەمانـە لـە بەین بچن. ووتم ئەمانـە لـەم شـارەداکە دەیبینـی پەیوەنـدی وخزمایـەتییان هەیـە لەگەڵ تێکڕای خەڵکی شاردا. ئەوکاتە دەبێتە شەڕێکی نـاوخۆ و شـووم ونالـەبار و ڕوسـەکان سـوود لـەو بارودۆخـە وەردەگـرن. ئامـادەبووان قـسەکەمیان پەسـەند وپاڵپشت کـرد وبـە ڕاسـتیانزانی. پرۆفیـسۆر "سـارە" ووتـی: دەمانـەوێ لـەنێوان هەندێ لەوانەدا پارەیەك دابەش بکەین. ووتم موعازید ئەلمولك بێگومان دەڵێت ئەو پیاوی دەوڵەتە وناتوانێت پارە قبوڵ بکات، موعاون ئەلمولکیش پیاوی ئەم جـۆرە موعامەلاتانـە نیـە، بـەڵام ئـەوانی تـر هەرچـیان بـدەیتێ بـە منـەت وسوپاسـەوە وەریدەگرن وبەدەسکەوتی دەژمێرن. لە منیان داواکرد لەتەك هەندێکیاندا بکەومـە دانووستانەوە، ووتم چاکترە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بڕۆنە لای عیمـاد ئـەلرەعایا،

کــە خزمــی وەکیــل ئەلمولکــە وکلیلــی بــیری هــەموو موســتەبیدەکان بەدەســت ئەوەوەیە.

بەشێوەیەك لەگەڵ ئەمیر کل وسەید حەسەندا دانوستان کرا کە بێ سێ ودوو قبوڵیان کرد. وبڕیاردرا کە بە یەکەمیان مانگی چوار سەد تومـان وبـە دووەمیـان سێ سەد تومان بدرێت. موعازید نەچووە ژێربـاری ئـەو پێشنیارەوە وموعـاونیش ووتبووی کە تیکەی بێگانـە بـۆ ئـەو حەرامـە لـە گـەروی ناڕواتـە خـوارەوە. بـەڵام وەکیل ئەلمولك لەم "لەواوە" کڵاوێکی بەرکەوت.

شایانی باسە بڕیاروابوو هەربەم شێوەیە بە شازادە محەمەد باقر میرزا وقەوام ئەلعولـەما وعیمـاد ئـەلرەعایا وهەنـدێکی تـر لـە سـەرانی دیمکراتـە ناوخۆییـەکان مەبلەغێ پارە بدرێ پێیان. عیماد ئەلمولك قبوڵی نەکرد و ووتی هەرچی دەیانەوێ بیدەنـە مـن بیـدە وەکیـل ئـەلمولك وقـەوام ئەلعولـەمایش تـا لـە کرماشـاندا بـوو پارەیــەکی وەرنــەگرت. بــەڵام دوای کۆچــکردنی مــەخارج ومەســرەفی بەســەر ئەڵمانەکانــەوە بــوو. بــەڵام محەمــەد بـاقر مـیرزا کـە بـەهیچ جۆرێـك دینــارێکی قبوڵنــەکرد. لــە کوێخــاو حــاجی زادەکـانی کرماشـانیش عێلخـانی ونەسـر دیـوان ودووکەس لە براکانی موچەیان هەبوو. بە هەندێ لە عەمامە بەسەرەکانی خـاوەنی مینبەریش مانگانە موچەیان دەدا.

## جەبهەی کرماشان

وەکو وتمان دوای کۆچی میلییەکان بۆ (قم) ڕوسەکان کەوتنە پێشەوەڕۆیشتن لە خاکی ئێراندا وئامانج وهەدەفیان دوو شت بوو: یەکـەم سـەرکوتکردنی بـەرگری وڕاپـــەڕینی میللـــەتی ئێـــران . دووەم هـــەوڵ وکۆشـــش بۆگەیـــشتنە خـــاکی "میزوپوتامیا" وداگیرکردنی بەغدا وپەیوەندی لەگەڵ ئینگلیسەکاندا ببەستن کە لە "کـوت ئـەلعیمارە" لەلایـەین لەشـکری تورکوئەڵمانــەوە ئابلۆقــە درابــوون. بــۆ پیـادەکردنی ئـەم مەبەسـتانە هەمیـشە هێـزی تـازە نەفەسـیان دەهـاوردە خـاکی ئێرانەوە.

کۆچــکردوەکان، میللــەتخوازەکان لەپێــشدا بــە هەرچــی هێــزی جەندرمــە وموجاهیــدین وداخوازیکــەرەکانی شــەڕەوە کــە لــە دەســت ڕەســیاندا بــوو لــە

دەوروبەری ساوە وزرەند ورەبات کەریم بەرگرییان دەکرد، لە دواییدا بڕیاریـان دا کە مەرکەزی بەرگری سەرەکی بۆ کرماشان بگوێزنەوە. گرنگی بێ حەد ودەگمەنی ناوچەی کرماشان کەم کـەم ڕوون دەبـووەوە، یەکـەم لەبـەر ئـەوەی دوور بـوو لـە هێزی ڕوسەکان وئینگلیسەکانەوە یەك ڕاست نەدەگەیشتنە ئـەو ناوچـەیە. دووەم ڕێگەیەکی سەرەکی گرنگی بازرگانی وسەربازی لـەوێوە تێدەپـەڕی و هاوسـنووری عوسمانیەکان بوو، ئەڵمانەکان وعوسمانیـەکان دەیـانتوانی لـەو ڕێگەیـەوە لەگـەڵ ئێراندا پەیوەندی بگرن ویارمەتی دارایی وسەربازی بهێننە خاکی ئێرانەوە. سێیەم لـە ناوەڕاسـتی ناوچـە شـاخاویەکانی کوردسـتان ولورسـتاندا ، لـەم ناوچـانەدا جەمعێکی زۆر لە عەشایری وتایفەی ئازا وشەڕکەرەکان دەژین ونیشتەجێن. کە بـە ڕەهبەریەکی کارامەوە دەتوانرا هێزێکی بەرچاوی بەرگرییان لێ پێکبهێنریت.

لەبەرئەم هۆیانە بوو کە لەلایەکـەوە ئەڵمانـەکان وعوسمانیـەکان ومیللیـەکانی ئێران ڕوویـان کردبـووە ئـەم ناوچـەیە، لەلایـەکی تریشەوە ڕوسـەکانی تـەماحگیر کردبوو هەرچی زووترە ئەو ناوچەیە داگیر بکەن.

ڕوسەکان نزیکەی فەیلەقێك لەشکری ڕێك وپێکیان هـاوردە خـاکی ئێرانـەوە و لەسـێ جەبهــەوە دەهاتنــە پێــشەوە. بەشــی ســەرەکیان لــە جــادەی قــەزوین وهەمەدانەوە بەرەو کرماشان دەڕۆیشت کە لەبەرامبەریاندا کولونویل محمەد تەقیٚ خـان لەگـەڵ جەندرمـەکان وموجاهیدینەکانـدا ڕاوەسـتابوون وشـەڕیان دەکـرد. بەشـێکی تـر لـە بـاڵی ڕاسـتەوە لـە هێڵـی کەرسـف– بیجـار بـەرەو کوردسـتان دەڕۆیــشتن وبەشــی ســێیەم لــە بــاڵی چــەپەوە لــەهێڵی ســاوەی عێراقــەوە کۆچکردووەکانی تەعقیب دەکرد، کە خاڵی پەیوەندییان ویەکگرتنیان هەمووان لـە کرماشاندا بوو. کۆمیتەی بەرگری کرماشان وئەڵمانەکان لەگـەڵ منـدا دانوسـتانیان کرد کـە هەرچـی زووتـر سـوارەکانی عەشـایر بگەنـە جەبهـەکان. مەسئەلەیەك لـە هـەموویان پێویـست تـر بـوو ئـەویش بـۆ سـنە هێزێـك بنێردرێـت چـونکە هـەواڵ دەگەیـشت کـە هەنـدێ سـواری قـۆزاقی ئێرانـی کـە تـۆپ ومـەتریلۆزیان پـێ بـوو بەفەرماندەیی "مامانوق" ئەفسەری قۆزاقخانە وجەمعێ لە ئەفسەرەکانی قۆزاق لە کوردسـتاندا لــە پایتەختــەوە فــەرمانیان پێـدراوە بــەرەو دەربەنـد وکرماشــان حەرەکەت بکەن.

بەپەلە نامەیەکم بۆ سەردار ڕەشید نارد کە لەگەڵ سوارەکانیدا لە گوندی ماراب ئامادە بێت، ولەلایەن ئەڵمانەکانەوە مسیو شاد و مسیو نومان وەك کونسوڵی دانیشتووی کوردستان بۆ یارمەتی سەردار ڕەشید دەست نیشانکران.

ئیبراهیم بەگ وحەسەن بەگ لە موجاهیدینەکانی قەوقاس بە پەنجا چەکدارەوە ودووکەس لە موجاهیدینەکانی تەورێز کە ناویان لە یادمدا نەماوە وبە دووسەد سوارەوە ولەگەڵ شاد وماندا کەوتنە ڕێ. منیش بڕیاروابوو تا ماراب لەگەڵیاندا بم. سەردار ڕەشید بە هێزەکەیەوە لە یەك فەرسەخی ئەو گوندە ناوبراوەدا چاوەڕوانمانی دەکرد.

دوای بینینی سوارەکان وئامۆژگاری پێویست بە سەردار ڕەشیدو سەید ئەلدەولە، ئەوان لەگەڵ ئاڵمانەکاندا بۆ ماڵی عەلی بەگی کوڕی ئاغا بارام ڕۆیشتن، منیش لەگەڵ ماژوور لاهوتی خان کە لەبەر پێپەروایی وگوێنەدانی لە جەندرمە دەریان کردبوو هاتبووە لای من. وەکو نوێنەری خۆم بەئەوانم ناساند وخۆم گەڕامەوە بۆ کرماشان.

کاتێ هەواڵی گەیشتنی هێزی سەردار ڕەشید بۆ ماراب دەگاتە مامانوف جێگەی بەناوبانگی فەقێ سلێمان دەکاتە بنکەی لەشکرەکەی. لەم لاوە سەردار ڕەشید وسەید ئەلدەولە ولەولایشەوە جوانڕۆییەکان لەگەڵ سوارەکانی عەلی بەگدا تفەنگچیەکانی گەشکیی خۆیان ئامادە وڕێك وپێك دەکەن شەوانە هێرش دەبەنە سەر ئۆردووەکەی مامانوف وشکستێکی سەخت دەهێننە سەریاندا.

مامانوف بێئەوەی بگەڕێتەوە (سنە) لە ڕێگای سەولاوەوە بەرەو هەمەدان دەڕوات، سەردار ڕەشید لەگەڵ ئەڵمانەکاندا بە سەرکەوتوویی دەچنە نێو سنەوە.

ڕوسەکان بەرەوپێشەوە دەچوون وهەروا بەردەوام دەبن لە بەشوێنداچوونی کۆچکردووەکان وجەندرمەکان بەرەوپێشەوە دەچوون. لە هێڵی جادەی قەزوین– هەمەدان بەتایبەتی لە گەردەنەی ئاوەج دا ماوەیەك کۆلۆنێل محەمەد تەقیێ خان لەبەرامبەریاندا ڕادەوەستێت، تا سەرئەنجام بەهۆی زۆری ژمارەی سەربازەکانی ڕوس وهێرشی پەیتا پەیتا وبەردەوامیانەوە ناچار بە پاشەکشێ دەبێت ودێتە هەمەدان.

کـاتی هـاتنی ئـەو بـۆ هەمـەدان مامـانوف وقۆزاقـە بـەزیاوە هـەڵهاتووەکانی کوردستان لە هەمەداندا دەبن، میرزا ئیسماعیل نوبەری وێنەری کۆمیتەی بـەرگری میللـی لـە گـەڵ هەڤاڵەکانیـدا دەڕۆنـە لای کۆلۆنێـل. مامـانوف وقۆزاقـەکان لـە موسـەلادا سـەنگەر دەگـرن. محەمـەد تـەقیٚ خـان هـەواڵ بـۆ قۆزاقـە ئێرانیـەکان دەنێرێت ئێوە بۆچی ملکەچیی مامانوفی ڕوس دەکەن کە دوژمنـی نیـشتمانمانن؟ بێن لەگەڵە یەکدا وەك برابین ومامانوف دەرکەن با بڕواتە ناو ڕووسەکان.

پەیامەکانی لە پلەدارە ئێرانیەکاندا کاریگەر دەبێت، سەرئەنجام جەندرمـەکان هێرش دەبەنە سەر (موسـەلا) زۆربـەی قۆزاقـەکانی ئێرانـی خۆیـان بـە دەسـتەوە دەدەن. ئەم ئازایی وچەککردنەی قۆزاقـەکان سـەرەتای ناوبـانگ و خۆشەویـستی کولۆنێل محەمەد تەقیٚ خان بوو. هێزەکانی جەندرمە وموجاهیدینـەکان کـە ناچـار بـە پاشەکـشیٚ لەبەرامبـەر ڕوسـەکاندا بووبـوون پـەیتا پـەیتا دەهاتنـە ناوچـەی کرماشان لە گەردەنەی (بیی سور) نێوان کەنگاوەر وسەهنەدا جێگیر دەبوون. ئەم شوێنە کە بەسەر ڕێگـای سـەرەکیەکەوە بـوو بـەهۆی درێـژی دۆڵەکـە وئـەو کێـوە بەردانەی لە دەوروبەریدایە چاکترین خاڵ وشوێنی بەرگری دەژمێردێت.

ئەڵمانیـەکان وعوسمانیـەکان هەمیـشە بـە ئێرانیـەکان بـەڵێنیان دەدا کـە بەمزووانە هێزی یارمەتیدەر وچەك وتفاقی کافی بۆ ئێران دەنێرن ودابـین دەکـەن، بەڵام لە یاریدانی سەربازی ونـاردنی لەشـکردا هـەواڵێك نـەبوو تـەنها ئـەوە نـەبێت قوماندان شەوکەت بەگ ئەفسەری تورك لەگـەڵ نزیکـەی دوو هـەزار سـەربازی بـیٚ جل وبەرگی کافیدا هاتنە نێو ئێرانەوە ونێردرانە جەبهەی سـەهنە وبیەسـوور ، لـە هەڵکەندن ودروستکردنی سەنگەرەکاندا یارمەتی ئێرانیەکانیان دا. لەلایەکی ترەوە کۆنت کانیتز (وابەستەی نیزامی مولحەقی عەسکەری) باڵوێزخانـەی ئـەڵمان هـەروا پرنس ڕویس وەزیر موختار لەگەڵ کۆچکردوەکانی ئێرانیدا لە تـاران دەرچـووبوون بەرەو بروجرد دەڕۆیشتن تا لەم قۆناغـەدا لەگـەڵ نیـزام ئەلسەلتەنەی مـافی والی لورسـتان دانوسـتان بکـات بـەڵکو بتوانێـت بـەو نفوز وکاریگەرییەیـەوە کـە لـەناو لورەکاندا هەیەتی ژمارەیەکی زۆر لە عێلـەکانی لورسـتان ئامـادەی هاوبەشـی لـەم شەڕەدا بکات. ئەم کۆنتە ئەفسەرێکی لاو وپیاوێکی کارزان وچالاك وبەشە هامـەت ودۆستی ئێران بوو.

مـەخابن ئـەو و ئەڵمانـەکانی تـر لـە دەستنیـشانکردنی نیزامـو ئەلـسەلتەنەی مافیدا بۆ ڕەهبەری ڕاپـەڕین وبـەرگری میللـی ئێـران بـە هەڵـەدا چـووبوون. نیـزام ئەلـسەلتەنەئەو توانایـە، ئـەو ڕاسـتیە، ئـەو ئیمـان وبـێ تەماحییـە کـە پێویـستی ڕاپەڕین وئەم جۆرە کارە مەزنانەیە، نەیبوو، ئەگەر چی لەپێشدا نەزەر عەلی خانی ئەمرایی کە لەلایەن توانایی عەشایرییەوە یەکەم پیاوی دیار وبەناوبانگی لورسـتان دەژمێردرا بەڵێنی دابوو کە بە دوو هەزار سواری ئەمرایی وسلسلە ودلفانەوە بگاتە جەبهەی شەڕ، بەڵام والی لورستان چاکی لێنەدەڕوانی ونەزەری سـەبارەت بـە ئـەو چاك نەبوو.

نیزام ئەلستەڵتەنە بەم مەرجە ئامادەیی هاوکاری خۆی نیـشاندەدات کـە چـاو لەبەشداری و هاوکاری نەزەر عەلی خان بپۆشن. خۆی بە کانت کنیتز بەڵێنی دابوو کە لە تایفـەکانی تـری لورسـتان تـا دە هـەزار سـوار ئامـادە بکـات کـونتیش وەك دەیگێڕنەوە پێنج سەد هەزار تومانی پێدابوو.

نیــزام ئەلــسەلتەنەئامادەی ڕۆیــشتن بــۆ کرماشــان دەبێــت وبانگهێــشتی سەرۆکەکانی عێل وتایفەکانی (پایی وپیراوەند وسەگەوەند) وتایفەکانی تر دەکات کە بە چەکدارەکانیانەوە بگەنە لەشـکرەکەی. ئـەوانیش بـۆ ئامـادەکردنی خۆیـان داخوازی پارە دەکەن، نیـزام ئەلـسەڵـەنە یـا لەبـەر قایمکـاری یـا بـەهۆی پەسـتی ولاسـارییەوە پارەیـان پێنـادات. سـەرجەم بەنزیکـەی پێـنج سـەد سـوارێکی بـێ سـەروبەرەوە کـە لـە گونـدەکانی دەوروبـەری بروجـرد کـۆی کردبوونـەوە بـەرەو کرماشان دەڕوات.

کنت کانیتز بە ئومێدێکی فراوانەوە ئەنجامی دانوستان وگرێبەستەکەی خـۆیی لەگـەڵ نیـزام ئەلـسەلتەنەدا بـۆ جەنــەراڵ فـون درگلتــز فەرمانـدەی جەبهـەی خۆرهەڵات لەبەغدا ڕەوانە دەکات.

بەڵام بێبەڵێنی نیزام ئەلسەلتەنەی مافی ئەو سەرشۆڕی ونائومێدیـەی کـە لـە ئەنجامی پوچبوونەوەی نەخشەکە هاتەبارەوە بـووە هـۆی سەرنویـشتێکی شـووم ونالـەبار کـە ماوەیـەکی زۆری پێنەچـوو دامێنـی ئـەم ئەفـسەرە جـوان خـاس ودلاوەرەی گرتەوە.

## بەرپرسیم لە کوردستاندا

هەر کە هاتنە پێشەوەی ڕوسەکان لە جەبهەکانی شەڕی جۆراوجۆردا ڕوون بووەوە ئاشکرا. پێویست بوو کە هەر چی زووتر سوارەکانی عەشایرەکان بگەنە جەبهەکان. مووچەی یەك مانگ بۆ شەش سەد سواری کەلور وچوار سەد سواری سەنجاوی وسێ سەد سواری گۆران پێیان درا.

بڕیاردرا سوارەکانی سەنجاوی وگۆران بەسەرکردایەتی من بەرەو کوردستان بڕوات ولە گوندی (قروە)دا جێگیر بن. سوارەکانی کەلور بەسەرکردایەتی عەباس خان لە هێڵی جادەوە بەرەو ئەسەد ئاوا بڕۆن. لە سەرکردەکانی گۆران غولام عەلی خان سالار مەنسور فەرمانڕەوای گۆران بارام خان ورەشید ئەلسەلتەنە وسەفەروخانی سەرهەنگ سەرۆکی تایفەی نیرژی لەگەڵ مندا بن.

ماژورکلین، کاپیتان شنگری ئەڵمانی ناساند کە لە (سینمە) بگاتە من ولەگەڵما بێتە (قروە). دوو ڕۆژ دوای ڕۆیشتنی ئێمە سوارەکانی کەلور کۆدەبنەوە وخۆیان دەنوێنن لەگەڵ ئەوەیشدا کە سەرجەم سەرکردەکانی عەشایر ماوەیە لەمەوپێش بەڵێنیان بە من دابوو منیش لەلایەن ئەوانەوە ئەو بەڵێنەم گەیاندبووە ئەڵمانەکان. گوایە سەرۆکەکانی عەشایر لە موچەی تایبەتی خۆیان چاویان پۆشیوە، بەڵام دوایی کە کەوتینە ڕێ سەرۆکەکانی کەلور داخوازی موچەی خۆیانیان کرد وبە مانگی سێ سەد تومەنیش ڕازی نەبوون.

ئەڵمانەکان پێان ووتبوون کە سەردار موقتەدر لەلایەن ئێوەوە وتویەتی کە ئێوە موچەی تایبەتیتان ناوێ، ئێمەش ئەو چاوپۆشینەی ئێوەمان بە حکومەت ڕاگەیاندووە. سەرکردەکان دەڵێن بەڵێ ئێمە قسەی وامان کردووە بەڵام ئێستاکە موچەکەمان پێویستە. سەرئەنجام بۆ هەر یەکێ لەوانە مانگانە سێ سەد وپەنجا تومان موچەیان بۆ دابین دەکرێت. وکاپیتان (کاوی) ئەڵمانی لەگەڵ سوارەکانی کەلوردا دەکەوێتە ڕێ.

سەرەتای سەفەری ١٣٣٤ ڕێکەوتی نیمەی ئازاری ١٢٩٤ بوو کە هێزە چەکدارەکەم بەرەو سنە جولاندەوە شەوێك لەنێو دەربەند، شەوێك لەکامیاران، شەوی سێیەممان لە فەقێ سلێماندا تێپەڕاند. لەم شوێنەوە چەند نامەیەکم بۆ لاهوتی خان ومسیو شادو و وەکیل ئەلمولکی کوردستانی نارد.

بۆ لاهوتیم نووسی کە شوێنی سوارەکان لە قتارچیاندا دەست نیشان بکات بە گەیشتنی نامـەکانم سـەردار ڕەشـید وسـەید ئەلدەولـە وکەمانگـەرەکان ناڕەحـەت دەبـن. دوو ڕۆژ پـێش ئەڵمانـەکان بـێ لێکدانـەوە یەکـسەر سـەردار ڕەشـیدیان کردبووە فەرمانڕەوای کوردستان و موشیر دیوان بریکاری فـەرمی حکومـەتیان لـە ماڵەکەی خۆیدا زیندانی کردبوو. سەید ئەلدەولە لەم حکومەتـەدا کرابـووە وەزیـر. ئەم دوو کەسە هاتنی منیان بۆ سنە لەبەرژەوەندی خۆیانـدا نـەدەزانی. بـە مـسیو شادوو دەڵێن چونکە لەپێشدا ئاغا بارام دوو کوڕەکـەی لـە شـەڕی دژ بـە سـەردار موقتەدردا کوژراون ئەگەر ئـەم پیـاوە بێتـە سـنە ڕێـی تێدەچـێت کوڕەکـانی ئـەو خوالێخۆشبووە وکەمانگەرەکان ناڕەحەت بن وفیتنەیەك بەرپا ببێت.

* * * * *

دوای ڕۆژێ لـە فـەقێ سـلێمانەوە کەوتینـەڕێ ولـە سـێ فەرسـەخی شـاردا دامەزراین. خواردنی نیوەڕۆمان خوارد لەکاتێکدا چـاوەڕوانی پێـشوازیمان دەکـرد، سوارێك لەلایـەن شـەرەف ئەلمولکـەوە گەیـشت. نامەیـەکی نـاردبوو بـۆم وتبـووی خاوەن ماڵی من تۆیت بەسەربەرزی وشانازیەوە ئامادەی خزمەتم. درێژایی باسەکە هەڵگری نامە بۆتان دەگێڕێتەوە.

پەیامە سەرزارییەکە ئەمەبوو کە چەند ڕۆژێکە موشیر دیوان زیندانیە وسەردار ڕەشید لەلایەن ئەڵمانەکانەوە کراوەتە فەرمانڕەوای کوردسـتان وفـەرمانی بـە مـن داوە وەڵامـی نامەکـەت نەدەمـەوە لەسـەرەوەی خانگـەکانی حکومـەت وشـوێنە گرنگەکان سەنگەر بەندییان کردووە ودەیانـەوێ نـەهێڵن تـۆ بێیتـە نێـو شـارەوە. لەیەك فەرسەخی شاردا لاهوتی خان بەتاو گەیشت ئـەویش بـە درێـژایی قـسەکانی خزمەتکارەکەی شەرەف ئەلمولکی پاڵپشت کرد، ووتی میسو شاد وتکا دەکات کە نەیەیتە شارەوە و ووتویەتی خۆی وکاپیتان (ئود) دێن بۆ بینینم.

لەنیو فەرسەخی شاردا داوەزین. نامەیەکم بۆ شادو نووسی ووتم وادیارە وەکو لـە قـسەکانی لاهـوتی خـان دەردەکـەوێ جێگایـەك بۆسـوارەکانی ئێمـە ئامـادە نـەکراوە، تـا یـەك سـەعات پـێش خۆرئـاوابوون دێنـە شـارەوە وسـوارەکان لـە قتارچیاندا جێگیر دەبن. ئەگەر کەسێك بەرەنگاریمان بکات سەرکوتی دەکەین.

زۆری پێنەچوو کاپیتان ئـود گەیشت. ووتـی ئەگـەر تـۆ بێیتـە شـارەوە شـەڕ دەقەومێت، چاکترە ئەم چەند شەوە لە گونـدەکانی دەرەوەی شـاردا ئیـسراحەت بکەن. پێم گووت ئێمـە هـاتووین لەگـەڵ ڕوسـەکاندا شـەڕ بکـەین ئێـستاکە ڕوسـی ناوخۆیی پەیدابووە، زۆر چاکترە لەگەڵیاندا شەڕ بکەین، بـەڵام بـزانن مـن سـەردار ڕەشید لەئێوە باشتر دەناسـم دڵ وجورئـەتی شـەڕی نیـە. قـسەی تیـا نیـە، یـەك سەعات پێش خۆرئاوا دێینە شارەوە. دوای ئەم قسانەی مـن فـەرمانی حەرەکـەت وجمانمدا.

کە گەیشتینە سەرەتای شار سەیرم کرد خەڵکە سەری خانگەکانیان جێهێڵاوە وبڵاوبوونەتەوە، پەنجا سوار لەلایـەن سـەردار ڕەشـیدەوە هاتنـە پێـشوازیمانەوە. ووتیان بفەرمن، کە مێك چاوەڕوان بـن تـا سـەردار ڕەشـید دەگـات. گوێمـان نـەدا پێیان، لە گەڵ سەرۆکەکانی گۆراندا هاتینە ماڵی وەکیل ئەلمولك و وسوارەکان لـە شوێنی قەتارچیان بەوپەڕی ڕیك وپێکییەوە دامەزران.

دە خولـەکێ تێنەپـەڕیبوو کـە سـەردار ڕەشـید وسـەید ئەلدەولـە بـە ڕەنـگ وبۆیـەکی تێکـچوو هـەڵبزڕکاوەوە هاتنـە دیـدارمان پێیـانم گـووت زۆر خۆتـان گومکردووە. زۆری پێنەچوو مسیو شاد وکاپیتان ئود ومسیو نومان هاتن. ئەوانمە بردە هۆدەیەکی ترەوە ووتم ئێوە لەسـەر چـی موشـیر دیوانتـان زینـدانی کـردووە ونـاوی فەرمانڕەوایـەتیتان بەسـەردار ڕەشـید بەخـشیوە؟ ووتیـان موشـیر دیـوان لایەنگیری ڕوسەکانە. ووتم ئەگەر واشبێت چی پێدەکرێ؟ چـاکترە خۆتـان بنێـرن یاساوڵەکانی بـەردەم ماڵەکـەی لاببـەن تـا یـەکێکی تـر دەکرێتـە سـەرۆکی میللـی شارەکە. بەڵام گوێڕایەڵی ئامۆژگارییە دۆستانەکەم نـەبوون وڕۆیـشتن. بـەم جـۆرە ململانێی ئێمە لەگەڵیاندا دەستی پێکرد.

## دەرگیری لەگەڵ ئەڵمانەکاندا

دەمەویـست موشـیر دیـوان لـەو بارودۆخـە نالـەبارە کـە بەناحـەق دووچـاری بووبـوو، ڕزگـار بکـەم. ماڵەکـەی نزیکـی مـاڵی کوڕەکـانی ئاغـا بـارام وکـۆڵانی کەمانگەرەکانەوە بوو. بینیم ئەگەربیتوغەیری حەیدەر خانی سەنجاوی کـە خزمـی ئێمە وزاوای ئەوان بوو بنێرم ڕێی تێدەچێت شەڕوشۆڕ ڕووبدات. بۆیە ئەوم لەگـەڵ

پــەنجا ســواردا نــارد کەیاســاوڵەکانی بــەردەم مــاڵی موشــیردیوان دەربکــەن، حەیــدەرخان یاســاوڵەکانی لابــردوو دەکەســی بــۆ پاراســتنی ماڵەکــەی دانــا. موشیردیوانی لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەو ماڵەی کە منی تێدابووم هێنا.

ئەم کارەم لەبەر دوو هۆ ئەنجام دا. یەکەم دەمویست ئەڵمانەکان تێبگەیەنم کە ئێرانیەکان ڕازی نابن کە بێگانەکان لە کاروباری ناوخۆیاندا دەستکاری بکەن. دووەم سەردار ڕەشیدم زۆر چەوتوخراوتر لە موشیر دیوان دەزانی.

شەو لەماڵی وەکیلدا ماینەوە سبەینێ لەڕێگەی حەیدەر خانەوە بە عەلی بەگ کوڕی ئاغا بارامم ڕاگەیاند یا پێویستە سوڵح بکات یا لەم شارە بڕواتە دەرەوە بۆ ماڵەکەی بگەڕێتەوە. بەڵام ئەگەر پیاوانە بۆ مەسلەحەت ڕازی بێت خۆم بۆ ڕێز لێگرتنی وعوزرهێنانەوە دێم بۆ سەردانی. عەلی بەگ پیاوانە بە سوڵح ڕازی بوو، منیش لەگەڵ چوار پێنج لە خزمەتکارەکانمدا ڕۆیشتم بۆ ماڵیان. ووتم شوجاع ئەلمەمالیك تۆ دەزانی وخوایش دەزانێ کە لە کێشەی کوژرانی خوالێخۆشبوو حاجی ئاغا وبراکانتدا ئێمە بێ خەتاو گوناهین. لەشەڕدا کوژران وشەڕیش ئەوان دەستمان پێکرد وئەم پێشهاتە هەمیشە جێی دڵتەنگی ومەلولی وشەرمەزاریم بووە وئێستاکەش بۆ سوڵح وعوزرهێنانەوە هاتوومەتە ماڵتان. ئەویش هەڵسا ولەگەڵمدا تەوقەی کرد و ووتی لەوباوەڕەدام تۆ لەوەدا بێگوناهیت وئێمەیش چاومان لەم کارەساتە پۆشیوە.

ئێوارە ونێوەڕۆیەك میوانی وەکیل ئەلمولك بووین تا ماڵەکەی نێو شاری ئیعزاز ئەلمولکیان بۆم چوڵکرد ومنیش ڕۆیشتمە ماڵەکەم.

عەلی بەگ وچەند کەسێك لە بەگزادەکانی کەمانگەر بۆ دیدەنیم هاتن وبەشێوەیەکی ڕووکەش سوڵحێك بەرقەرار بوو. هەر وەك لەو باوەڕەدا نەبووم دڵیان بەم زووە سەبارەت بە من بەتەواوی پاك بووبێتەوە.

ئەڵمانەکان دووبارە هاتن بۆ ماڵەکەم بە ڕاشکاوی پێیانم گووت پێویستە کەسانێکی تر غەیری سەردار ڕەشید وموشیر دیوان ببنە بەرپرسی حکومەتی کوردستان.

بڕیاروابوو لەگەڵ پیاو ماقوڵان ودەستڕۆیشتوانی شاردا دانوستان بکرێت وبزانرێت ئەوان داخوازییان لەمبارەیەوە چییە و چیان دەوێت. خەڵکەکە حاجی

سەردار موکەڕەم گەورە وڕیش سپی ئەردەڵانەکانیان دەست نیشانکردبوو، منیش لەگەڵ ئەڵمانەکاندا وتوویژم کرد بەڵام بۆم ساغبووەوە کە ڕاست ناکەن، تووڕەبووم وهەرچی هاتە سەرزمانمدا پێیانم گووت وهاتمە دەرەوە. کە بینیان بە هەڕەشە وگوڕەشە کارەکە سەرناگرێت، فەرید ئەلدەولە، کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی ئازادیخوازەکان، ناردیانە لام کە حاجی سەردار موکەڕەم ڕازی بە قبوڵی سەرکردایەتی بکەم بەمەرجێك بە ئاڵای ئێران و عوسمانی وئەڵمانەوە بڕواتە (دار ئەلحکومە). ووتم ئەم مەرجە قابیلی قبوڵ نیە، چونکە عوسمانیەکان بەناوی یەکێتی ئیسلامەوە دەیانەوێ خۆرئاوای ئێران وناوچەی سنی مەزهەبەکان بخاتە ژێر دەسەڵات ونفوزیەوە، هەروەك ئەم قسەیە لای ئەڵمانەکان چاك نەبوو بەڵام سەرئەنجام بۆچوونەکەی من پیادەکرا وحاجی سەردار بەڕێزەوە لەگەڵ ئاڵای ئێراندا لەگەڵ عولەما و پیاوماقوڵانی شاردا ڕۆیشتە دار ئەلحکومەی سنە.

کاتێ کە بۆ پیرۆزبایی ڕۆیشتم نەوازشتی نەنواند وکەمتەرخەمی نیشاندا، منیش لە کاتێکدا زیاتر لە پەنجاکەس لە پیاوماقوڵانی شار دانیشتبوون پێم گووت خوالێخۆشبوو حوسەین خانی ئەردەڵان کوڕی خان حاکم کە لەگەڵ مندا دۆست بوو دەیگوت "ئەم بەنی ئەردەڵانە بە ئەندازەیەك خۆبەگەورەزان ولەخۆبایی وخۆپیشاندەر وخۆنوێنن، کاتێ سوار دەبوون ئەگەر ئەسپێکی زین کراو ولەقاوکراو لەپاڵی ئەو ئەسپەی کە سواری بووبوون نەبوایە لە جیاتی ئەو ئەسپەدا زینیان لە بزنێك دەکرد". لە کنایەکەم تێگەیشت وڕەنگی تێکچوو وگۆڕا ولە کاتی خواحافیزیدا بە ئەدەب وڕێزەوە تا دەری هۆدەکەی لەگەڵمدا هات. وبەهێواشی چرپاندی بە گوێمدا ووتی: نە بەئەو شۆری وخوێداریەوە ونەبەئەم، بێ خوێی وبێتامیە...

شەوێ لاهوتی خان هات بۆ ماڵ بینیم مشتێ لیرەی بە دەستەوە بوو. ووتم باشە بوویتە خاوەن لیرە! ووتی لەسایەی سەری تۆوەیە. لە دیمەن وڕوخسار وقیافەیەوە تێگەیشتم کە دەبێت مەسئەلەیەکی گرنگ لەئارادابێت. نانی ئێوارەمان خوارد وتەنها ماینەوە" ووتی ئەم شەست لیرەیە پێشەکی کوشتنی تۆیە، بڕیارە ئەگەر سەد وچل لیرەی ترم بدەنێ بتکوژم. ئێستاکە هاتوومە پێت بڵێم کە مسیو شادو سەبارەت بە تۆ خەیاڵی خراوە. پێم ووت تۆ بەشێوەیەك

ڕەفتار بکە کە ئەوان نەزانن شتێکت بە من ووتووە. ئیتر لەوکاتەوە کەوتمە ئەو بیرەوە کە سنورێك بۆ ئەڵمانەکان دابنێم.

سبەی فەرید ئەلدەولە هاتە دیدەنیم، ئەویش لە ڕەفتار وکرداردا کاسەی ئەلمانەکان سەبری پڕ بووبوو. ووتی هاتوومە لەگەڵ تۆدا ڕاوێژ بکەم وبگەڕێمەوە بۆ کرماشان. ووتم سەبرکە لەم ڕۆژانەدا کارێکی سەرەکی ئەنجام دەدەین.

بە لاهوتی خانم سپارد کە شەو لەگەڵ فەرەید ئەلدەوەدا بێن بۆ ماڵەکەم. عەبدولعەلی خانی زەهوری نوسەرەکەمیش ئامادە بوو. هەرچوارمان دانیشتین تەکبیرمان کرد سەبارەت بە شادو وئەڵمانەکانی کوردستان چی دەبێت بکەین. بەئینسافەوە دەڵێم کە ئەڵمانەکانی تر لە هەموو شوێنێکدا ئاوات وئارمانی ئێرانیەکانیان بەڕێزەوە تەماشا دەکرد. بەڵام ئەم شادویە لە ڕەگەزێکی تر بوو، خۆ بەزلزان وتوڕە وبە چاوێکی سوکەوە سەیری ئێرانیەکانی دەکرد، هەرکەسێکی بویستایە دەیگرت وگوێی ڕادەکێشا وسزای دەدا. لوسکەیەکی تەمەن هەژدە ساڵە بەناوی مسیو فوس کە وەك ژنی وابوو بە موجاهیدینە ئێرانیەکان سووکایەتی دەکرد، جمێنی دەدانێ وقسەی ناشیرینی پێڕەوا دەبینین. ناڕەزاییو زویری فەرید ئەلدەولەیش هەر بەهۆی ئەم توڕەییە وجمێنە بێ هۆ یان هۆدارە بوو کە بە ئێرانییەکان ڕەوای دەبینی. پێم ووت بەدبەختی لەوەدایە ئەگەر دەمارگیری ئێرانیەت لە کەسێکدا بەدیبکەن بەزۆری پارەوپول دەیانەوێ لەناوی ببەن ونابوودی بکەن.

لاهوتی خان درێژایی دانوستانی شادوی سەبارەت بە کوشتنم و وەرگرتنی سێ سەد تومان پێشەکی ئەنجامی ئەو کارە گەڕاندەوە. فرمێسك لە چاوەکانی فەرید ئەلدەولە هاتە خوارەوە. هەردووکمان بڕیارمان دا ئەڵمانەکانی کوردستان وەکو پێویست گوێماڵی بدەین.

بە عەبدولعەلی خان فەرمانمدا بەڵێن نامەیەك لە پێنج خاڵدا ئامادە بکات کە بەهیچ شێوەیەك لەمەودوا مەودای دەست تێوردان بە ئەڵمانەکان لە کاروباری ناوخۆی ئێراند نادرێت.

هەر لەو کۆبوونەوەدا باس لەوە کرا کە حاجی شێخ ئیبراهمی کوردستانی کە ڕەهبەری دەستەی دیمکراتەکانی سنە وپیاوێکی چاك و زیرەك بوو بەڵام تەماحکار

وپارەپەرەست، لەخۆمانی نزیك کەینەوە. پەیامێکمان بۆی نارد هات بۆ بینینمان. ووتمان ئەمانەوێ بارودۆخێك برەخسێنین کە ئەڵمانەکان لە سنەدا وەکو لەگەڵ قەوام ئەلعولەما لە کرماشاندا رەفتاردەکەن لەگەڵ تۆیشدا هەروا بکەن، وهەر پارەو پولێك خەرج دەکرێت دەبێت لە ژێر چاودێری تۆدا بێت. بەڵێنی شەرەفی دا کە هەرچی بڵێین پەیرەوی بکات وئەنجامی بدات.

بڕیار وابوو دوو ڕۆژی تر بە لەشکرەکەمەوە بەرەو (قروە) بڕۆم. خەبەرمان بە حاجی ئیبراهیم دا کە سەرجەم ئەندامانی فیرقەی دیمکرات وخەڵکی شار ئاگادار بکات لەگەڵ خۆرهەڵاتندا لە تەپەی سەلامدا کۆببنەوە وبێن بۆ خواحافیزی موجاهیدینەکان وعەشایرەکان کە لەوێدا کۆبوونەتەوە. لەم کەین وبەینەدا خزمەتکارەکان خەبەریان هێنا کە دەستەیە لە موجاهیدینی تورك هاتوون وئەیانەوێ بتبینن.

دە کەس لە موجاهیدینی تەورێزی بەچاوی فرمێسکاوییەوە هاتنە هۆدەکەمەوە، یەکێ لە سەرکردەکانیان ووتی غیرەتی تۆ قبوڵدەکات کە (مسیو فوس)ی مێرد منالی لوسکەی شادو جمێن بە ئێرانیەکان بدات وسوکییان پێبکات وشەپازلە بداتە بنگوێی موجاهیدینەکاندا. لە وەڵامیدا ووتم ئەو نیشانەی (داڵە) کە کردووتە کڵاوەکەتدا پاداشتەکەی ئەو شەپازلە وجمێنانەیە. ویستی کە نیشانەکە لە کڵاوەکەی بکاتەوە نەمهێڵا. دوو کەس لە موجاهیدینەکان لام مانەوە وئەوانی تریان ڕۆیشتن. پێیانم گووت دەتانەوێ کە لەمەودوا مسیو فوس وئەمسالی ئەو جنێو وزلە وشەپازلەتان لێنەدات؟ ووتیان بەڵێ. ووتم بڕۆن ئێمشەو بە ئارامی وئاسودەییەوە بخەون سبەی لەگەڵ خۆرهەڵاتندا، ئەو کاتە ئێمە دەکەوینە ڕێ سەرجەم موجاهیدینەکان بەبەڵگەی خواحافیزی ئێمەوە بێنە درەوەی شار، هەرکاتێ ئاگادارتانم کرد، نیشانەکان تێکڕا لە کڵاوەکانتان بکەنەوە وبۆمنی بنێرن، بەڵێنتان پێدەدەم کەکارێکتان بۆ بکەم کە دیناریێ لە موچەکەتان کەم نەکرێتەوە ولەبەین نەچێت ولەمەودوا مسیو فوسیش توانای جمێندانی بە ئێوەی لە وزەدا نەمێنێت.

نیشانەی موجاهیدینەکانم بە فاڵێکی چاك لەیەکدایەوە وتەلوفۆنم بۆ ماڵەکانی پیاوماقوڵان ورێزدارانی شار کرد و خواحافیزیم لێیان کرد و ڕامگەیاند کە سبەی

کـــاتیَ کەوتینـــەڕیَ ســـوارەکانمان لـــە دەرەوەی شـــار ڕمبـــازی دەکـــەن، وزۆرسوپاسگوزار دەبین ئەگـەر بـە ئامـادەبوون وهاتنتـان سـەربەرز وسـەرفرازمان بفەرموون. فەرید ئەلدەولەشم ڕاسپارد کە بە ئەڵمانەکان لەلایەن منـەوە بڵێـت کـە ڕیزداران وپیاوماقوڵان وخەڵکی شار بۆ بەدرەقە وخواحافیزی ئێمە دێنە دەرەوەی شار، تکایە ئێوەش بۆ خواحافیزی وتەماشای ڕمبازی تەشریف بهێنن.

فەرید ئەلدەولە لەلایەن حاجی شێخ ئیبراهیمەوە پەیامیان هێنـا کـە تـەرتیبی کارەکە بە جۆرێك دراوە کە سبەینیَ تا نێوەڕۆ بازاڕ نەکرێتەوە وزۆربەی خـەڵك لـە خواحافیزییەکەدا بەشداری بکەن.

کـاتی کەوتنـە ڕێمـان هاتـە پێـشەوە، تەلـەفۆنم بـۆ ئەڵمانـەکان کـرد، کـە سـوارەکانمان لـە شـار چـوونەتە دەرەوە وئێـستا منـیش دەکەومـە ڕیَ، ئێـوەیش زووتر بێن.

لەشار کە چوومە دەرەوە سەیرم کـرد چـەند هـەزار کەسێك لـە خـەڵکی شـار هاتوونەتـە دەرەوە وبـەدوای یەکـدا دێـن وهاتنیـان بەردەوامـە. وەکیـل ئـەلمولك وحـاجی موعتەمـەد وڕێزدارانـی تـر وحـاجی شـێخ ئیـبراهیم بەسـەر تەپەکـەی سەلامەوە دانیشتبوون، منیش بۆ لایان ڕۆیشتم. لـەڕێگادا بینـیم موجاهیدینـەکان ڕیزیان بەستووە ودوو کەس لـە سـەرکردەکانیانم بـانگ کـردو پـێم ووتـن هـەر کـە ئەڵمانەکان هاتن ئاگاداربن لەو شوێنەدا کە ئێمە دانیشتووین تا دەرگای شار خاڵی چەکدار دامەزرێنن وهەرکاتیَ ئاگادارتانم کرد هەموو نیشانەی داڵەکانی ئەڵمانـەکان لە دەستەسرێکدا بهێنن ولەبەردەم مندا هەڵیڕێژن. بڵێن بەهۆی ئـەم نیـشانانەوەیە کە مسیو فوس جنێومان پێئەدات وشەپازلەمان لیَ ئەدات.

گەیشتمە لای پیاوماقوڵانی شار، لە ئەسپەکەم داوەزیم ولایاندا دانیشتم. زۆری پێنەچوو تەنها مسیو شادو نەبیَ کە ووتیان نەخۆشە، سەرجەم ئەڵمانەکان هـاتن. لاهوتی خانم ڕاسپارد کە سـەرجەم خاڵـەکانی چـەکدارەکانی موجاهیدینـەکان ڕێـك وپێـك بکـات. تـا ئـەو کاتـە سـەرکردەکانی گـۆران لـەم پیلانـەم ئاگـادار نـەبوون. داستانەکەم بە کورتی بۆیان گەڕاندەوە.

ڕووم کـردە کاپیتـان ئـود ومـسیو نومـان کونـسوڵی کوردسـتان، ووتم: ڕوس وئینگلـیس وئێـوەی ئـەڵمانیش بـۆ ئێمـە بێگانـە وخـاچ پەرسـتن، هـۆی چـییە

ئێرانیەکان لەگەڵ ڕوس وئینگلیسدا دوژمنن ولەگەڵ ئێوەدا دۆستن..؟ ووتیان تۆ چاکتر دەزانیت. ووتم هۆکەی ئەوەیە کە ئەوان ڕێز لەسەربەخۆیی ئێمە ناگرن و وەك فەرمانڕەوایی ڕەها ڕەفتار دەکەن و لەکاری ناوخۆماندا موداخەلە دەکەن. بەلام ئێوە لەم ماوە کەمەدا کە لەناوچەی (سنە)دان لەوان خراوتر بوونە، هەرکارێکتان ویستبێ کردوتانە، حکۆومەتەکان ئێوە دەست نیشانیان دەکەن ودایدەنێن وپیاوانێ سەربەخۆتان بێت بۆ فەرمانڕەوایی هەڵیدەبژێرن، حوکمرانانی فەرمی زیندانی دەکەن، هەرکەسێ بتانەوێ دەیخەنە زیندانەوە، پێم نالێن جیاوازی ئێوە وئینگلیس وڕوسەکان چییە؟ کاپیتان ئود کە بینی من بە توند وتیژیو توڕەییەوە قسەدەکەم، شتێکی بە مسیو نومان گووت. نومان کاغەزێکی ئامادەکرد وشتێکی بۆمسیو شادو نوسی، هەڵسامە سەرپێ ووتم دانیشە. ووتی دەمەوێ ئەم نامەیە بنێرمە شار. ووتم مافی ئەوەت نیە نامە بنێری. ووتی مەگەر ئێمە زیندانین؟ ووتم بەلێ دەست بەسەرن. بەلام چونکە کاپیتان ئود لە نێو قسەکانیدا ناوی سەردار ڕەشیدی برد، ووتم دەمەوێ لەم دانیشتنەدا بۆت بسەلمێنم کە سەردار ڕەشید ناتوانێ لە ئێمە یاغی بێت. بەسەید حاتەمی سەنجاویم گووت برۆ بەسەردار ڕەشید بڵێ هەر ئێستاکە بۆ ئەیرا بێت، یا ئامادەی شەڕ بێت.

سەید حاتەم ڕۆیشت، زۆری پێنەچوو سەردار ڕەشید وسەید ئەلدەولە و وەکیلی جوانڕۆ هاتن. بۆئەوەی مسیو نومان کە فارسی چاك دەزانی مەوزوعەکە بۆ کاپیتان ئود وئەڵمانەکانی تر وەریگەڕێنێتەوە، بەفارسی بە سەردار ڕەشیدم گووت ئەگەر لەگەڵ ئێمەدایت فەرموو لای ئێمە دانیشە، ئەگەر ملکەچی ئەڵمانەکانیت وپارەوپول بەدەست دێنیت بڕۆ لای کاپیتان ئود. ئەڵمانەکان تێکچوون. ئاماژەم بۆ لاهوتی خان کرد کە موجاهیدینەکان نیشانەکان بێرن. سەرکردەی موجاهیدینەکان هات ونیشانەی داڵەکانی لە بەردەمیدا فرێدا. ووتیان لەکاتێکدا ئێمە لەڕێی وولاتەکەماندا فیداکاری دەکەین هۆی چیە لوسکەیەکی وەك مسیو فوس هەموو ڕۆژێ جمێنمان پێبدات وسوکیمان پێبکات ولە موجاهیدینەکان بدات. لە حەقیقەتدا فوس لە ترسدا خەریك بوو دڵی دەوەستا ودەمرد.

کاپیتان ئود بە نوومانی گوت مەقسودی سەردار چیە؟ ولەئێمە چی دەوێت؟ بەپەلە بەڵێننامە پێنج خاڵیەکەم ئامادەکرد وخستمە بەردەستمان. ووتم پێویستە کاپیتان ئود ومسیو نومان کە کونسوڵی کوردستانە ئەم بەڵێننامەیە لەلایەن ئەڵمانەکانەوە ئیمزا بکات وبەپێی ئەم بەڵێننامەیە بجولێنەوە، چونکە فوسیش سەبارەت بە موجاهیدینەکان سووکی کردووە پێویستە سەرکوت بکرێت.

بە ڵێننامەکەی خوێندەوە کاپیتان ئود کەمێ سەرپێچی وملەجیڕەی کردو عوزری هێنایەوە بەڵام کەدی سوودی نیە ئیمزای کرد.

سەبارەت بە موجاهیدینەکان بڕیارماندا بێ نیشان موچەی پێشویان بدرێتێ وخەریکی خزمەتی خۆیان بن وبەشی زۆریان لەگەڵ ئێمەدا بێن بۆ "قروە" وئەوانی تریان لە سنەدا بمێننەوە. کاپیتان شنگریش کە بەرپرس بوو ئامادەیی خۆی نیشاندا کە لەگەڵ لەشکرەکەی ئێمەدا بێت.

دوای ئیمزای بەڵێننامە وڕێککەوتنەکە بە کاپیتان ئود ومسیو نومانم گووت هەر کارێ لەشاردا هەتانە لەگەڵ فەرید ئەلدەولە وحاجی ئیبراهیم دا دانوستان بکەن بۆتان جێبەجێ دەکەن.

سەرزەنشتێکی زۆری سەردار ڕەشیدم کردو ووتم هۆی ململانێ وکەشمەکەشی ئەم دوانزە ڕۆژی منە لەگەڵ ئەڵمانەکاندا وزەحمەتدانی خەڵکی شار تۆ بوویتە.

ئەم ڕووداوانەم بە درێژی لەبەرئەوە نووسی کە خوێنەری ئێرانی ئەم بیرەوەریانە بزانن ولایان ڕوون بێت ئەگەر هات ولەبەر بەرژەوەندی وڵات ناچار بن لەگەڵ هەندێ لە بێگانەکاندا دۆستی وهاوکاری بەرقەرار بکەن پێویستە کەسایەتی وعیزەتی نەفسیان لە دەست نەدەن وبیپارێزن ولەبەرامبەریاندا سستی و زەبوونی نیشان نەدەن، لەگەڵیاندا دۆست بن نەك خزمەتکار وکرێگرتە.

ئەم ڕووداوە تەنها ململانێو ودەرگیرییەکم نەبوو لەگەڵ ئەڵمانەکاندا، لەگەڵ ئەمەیشدا هەمیشە ڕێزیان سەبارەت بەمن بتر دەبوو چونکە دەیانزانی توندوتیژی من لە ڕووی غەرەزوە نیە، بەڵکو بۆ قازانج وبەرژەوەندیانە[١].

---

[١] شێخ محەمەد مەردوخ کۆکەرەوەی کتێوی بەناوی مێژووی کورد وکوردستان کە زۆربەی کتێوەکەی گەواە وشاهیدی دوو ڕوویی وڕیا وکەڵەکەبازی و گەندەڵی وپیسیەتی ئەخلاق وڕەفتاری ئەون، ئەم ڕووداوەی لەڕووی غەرەزێکی تایبەتی خۆیەوە بەم شێوەیە

دوای ئـەم ڕووداوە فـەرمانی حەرەكـەتم دا، بـە لاهـوتیم ڕاسـپارد كـە لەگـەڵ سوارەكانی سەنجاویدا بە ووردی چاودێری بكات وئاگاداربێـت كەسـێك بـێ نـەزمی وگێرەشێوێنی نـەكات. كاپیتـان شـنگریش بـە نزیكـەی سـەد وپـەنجا سـوارێكەوە لەگەڵ موجاهیدینەكاندا حەرەكەتی دەكرد.

لەشكرەكەمان كە نزیكەی هـەزار سـوارێكی هەڵبـژێردراوبوو بـەرەوە سـەولەت ئاوا كەوتینەڕێ. لەنیوەی ڕێدا تەماشام كـرد لاكـی ئەسـپی یـەكێ لـە سـوارەكانی سـەردار ناسـر لەسـەر ڕێگـادا كـەوتووە وخـاوەنی ئەسـپەكە بەسـەر لاكەكەیـەوە ڕاوەستاوە. پرسیم چی ڕوویداوە. ووتیان ئەم سوارە لە كـەناری جادەكـەدا تـاوی داوە ئەسپەكەی لاهوتی خان سەركێشی بووە ولاهوتی خانیش دوو گولەی ناوەتـە ئەسپەكەیەوە كوشتوویەتی. لەگەڵ خۆمدا بڕیارم دا لەگەڵ پیاوێكی نائارامی وەك ئەم پیاوەدا هاوكاری وسەروكارم نەبێت وهیچ كارێكی پێڕانەسپێرم.

شەومان لە سەولەت ئاوا تێپەڕاند. لـەوێوە هـاتنی سـەرجەم هەواڵـەكانی نێـو سـنەوە وكـردەوەی ئەڵمانـەكان بەرتـەكی خـۆمم سـەبارەت بـە كردەوەكانیـان لەڕێگای قەوام ئەلعولەماوە بۆ كۆمیتەی بەرگری میللی كرماشان نووسـی ولاهـوتی

---

دەگێڕێتەوە: "دوایی عەلی ئەكبەرخان سەردار موقتـەدری سـەنجاوی بـە هـەزار وپێـنج سـەد سوارەوە هاتە دەوروبەری شار، سـەردار ڕەشـید ڕێگـای نـەدایێ بێتـە دار ئەلحكومـەی سـنە سوارەكانی لە مەحەلەی قەتارچیان جێگیربوون وخۆیـشی لەگـەڵ سـەركردەكانی سـەنجاویدا لەماڵی ئیعتمادو ئەلمولكدا كە ئێستاكە دائیرەی جەندرمەیە- جێگیر بوو.

ڕۆژی سێ شەمە چواری ڕەبیعی دووەم شێخ عەلادین لەگەڵ خەڵكەكەیدا بێ ئەوەی قڕانـێ قازانج بكات گەڕایەوە. سەردار ڕەشیدیش كە ڕۆیشتبووە گەروس گەڕایەوە وبەرەو كرماشـان ڕۆیشت. دوایی خەبەر گەیشت كـە مامـانوف دەگەیەتـە ناوچـەكە. غـەیری سـەردار موقتـەدر نەبێ كەسێ لەشاردا نەمابوو. پارەو پولێكی زۆری لە ئەڵمانەكان وەرگرت وبـۆ ڕاوەسـتان لـە بەرامبـەر مامانوفـدا، كـە گەیـشتە پـیر محەمـەد، ئەڵمانـەكانی لـەوێ كـۆكردەوە. دوای دانوستانێكی عەوامانە داخوازی دەخاڵی لە بەڵێننامەیەكدا بۆ پاراسـتنی سـەربەخۆیی ئێـران لەگەڵ ئەڵمانەكاندا ئیمزا كرد، هەرچی نیشان هەیە بەكڵاوەكەی خـۆیی وسـوارەكانیەوە لێـی كردەوە وخستیە ژێر پالەقە وبەرەو سەولەت ئاوا كەوتە ڕێ، دوو سێ ڕۆژێ لەوێ بـوو ئینجـا بۆ ناوچەی سـەنجاوی گەڕایـەوە. كـاتێ ئەڵمانـەكان لـە پیرمحەمـەدەوە بـۆ شـار ئەهاتنـەوە دەیان ووت كاشكی لیرەكانمانی فڕێبدایە نەك نیشانەكانمان..!

تاریخ كورد وكوردستان، چاپ دووم، كتابفروشی غەریقی، سنندج بی تا، جلد دووم، ص٣٢٦.

خانم ڕاسپارد کە هەڵگری گرێبەستەکەم بوو داستانی پیلانی کوشتنی منیان بۆ بگێڕێتەوە. وەهەرچی لە تواناياندا هەیە هەوڵ بدەن کە شادو لەسەر ئەو کارەی لابەرن.

لەشکرەکەمان بەوپەڕی نەزمەوە گەیشتە (قروە). بەڕەفتارێکی باشەوە لەگەڵ خەڵکیدا دەجوڵاینەوە. سوارەکانم لە گوندەکەدا دامەزراند. کاسبکارانی گوندەکەم بانگهێشت کرد ودڵنیام کردن کە کەسێك لەم ئۆردووە ناتوانێ دەست درێژی بکاتە سەریان، کەسێکیش شتێکی پێویست بوو پێویستە بە نرخێکی گونجاو بیسێنێ ونرخی خاروبار وئازوقەم بە ئارەزووی خۆیان دەست نیشانکرد. ئازووقە ونیعمەتی فراوان لە گوندی بچووکی قروەدا زۆر لەشاری سنە چاکتر وبترتربوو، کەسێك لە دانیشتوانی ئۆردووەکە بۆ هیچ شتێك دانەدەما. هەتا شت ومەکی خەرازیش بەپێی پێویست دەست دەکەوت.

## لەکرماشان چی ڕوودەدا

ڕۆیشتنی لاهوتی خان بۆ کرماشان وگەڕانەوەی نزیکەی دوو هەفتەی خایاند. ئەڵمانەکان هەرچەند بە شادويان ڕاسپاردبوو ئاگای لە ڕەفتار وکرداری بێت، بەڵام لەسەر ئیشەکەی لایان نەبرد. هەڵبەتە ئەمەیشە ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوە کە نەیاندەویست پاڵپشتی ڕەفتا وکردارم سەبارەت بە کارمەندەکانیان لە کوردستاندا بکەن.

هێشتا ڕوون نەبووەوە کەئایا داستانەکەی لاهوتی خان سەبارەت بە کوشتنم زیادەڕەوی تێداهەبووە یاوەك خۆی نەیویستووە لە ئیتیهامێکی وەها گرنگ وهەستیاردا شایەتی بدات. منیش ئیتر گوێم نەدایە وبەڵام ڕاپۆرتەکانی سەبارەت بە ڕووداوەکانی دوای جێهێڵانی کرماشانمان زۆر لام گرنگ و بایەخدار بوو.

چەند ڕۆژێك دوای جێهێڵانی کرماشان پرنس ڕویس وەزیر موختاری ئەڵمان کە بەهۆی خود سەری وکردەوەی نەگونجاویەوە لە ئێران دەرکرابوو، لە قومەوە گەیشتە کرماشان، وبەرەو بەغدا دەڕوات. لەجێگەی ئەودا دکتۆر (واسل) وەزیر موختاری نوێ دێتە کرماشان. دوای ئەو جەنەڕاڵی تەمەنداری ئەڵمانی فون در گلتز فەرماندەی گشتی جەبهەی خۆرهەڵاتیش لە بەغداوە گەیشتە کرماشان

وسـەبارەت بـە بـارودۆخی جەبهـەکانی شـەڕ دەکۆڵێتـەوە وڕێنمـایی وفـەرمانی پێویـست بـە ئەفـسەرە ئەڵمانـەکان وئێرانیـەکان دەدات. دوای سـێ ڕۆژ مانـەوە دەگەڕێتەوە بەڵام هێشتانە سەبارەت بە گەیشتن وناردنی هێزی کۆمـەك ویارمـەتی وچەك وتفاقی شەڕ بـۆ ئێـران خەبـەرێك لـە ئـارادا نـەبوو. ئـەو جەنەڕاڵـە نـاوبراوە ووتبـووی کـە بـەهۆی گرنگـی جەبهـەی کـوت ئـەلعیمارە، لـەم قۆناغـەدا، ئـەڵمان وعوسمانی ناتوانن یارمەتی وکۆمەکی گرنگ بۆ جەبهەی ئێران بنێرن.

بەڵام هاتنی ئەو لەم قۆناغەدا بۆ کرماشان گرنگی فراوانـی ئـەم جەبهـەی ڕوون دەکردەوە. لەبەر ئەوەیش بوو کە ورەی شەڕکەرەکانی خۆرئاوا بـەهێز بکـات وتـا هەرچـی زیـاتر لەبەرامبـەر هێرشـی ڕووسـەکاندا ڕاوەسـتن ونـەهێڵن هێزەکانیـان پەیوەندی لەگەڵ جەبهەی (میزوپوتومیادا)دا بکەن.

نیزام ئەلسەلتەنەی مـافیش لـە دوادوایـی مـانگی سـەفەردا بـە جەمعیـەتێکی لورەکانی بروجرد ونەهاوەندەوە کە ژمارەیان دەیان گووت سێ سەد تا پێنج سەد سـوارێك دەبـوون گـە یـشتنە (سـەهنە). پـێش هـاتنی ئـەوان کـەلورەکان بـە سەرکردایەتی عەباس خانی ئەمیر مەخسوس لەگەڵ کاپیتان (کاوی) ئەڵمانیـدا لـە کەنگاوەر جێگیر دەبن. لەم کاتەدا هێرشی سوپای ڕوس بە فەرمانـدەیی جەنـەڕاڵ واسیلف توند دەبێتەوە. جەندرمەکانی ئێرانـی بەسـەرکردایەتی کولونێـل محەمـەد تەقیێ ماوەیەك بەسەرسەختییەوە بەرەنگاری دەکەن، وزیانێکی بەرچاو دووچـاری هێرشکەرەکان دەکەن. بەڵام سەرئەنجام ناچار بە پاشەکشێ وچـۆڵکردنی شـاری هەمەدان دەبن.

لە ئەسەد ئابادا سـوارەکانی کـەلور بەسـەرکردایەتی کاپیتـان کـاو دەرگـیری پێـشقڕاوڵانی لەشـکری ڕوس دەبـن. لـە هێرشـی یەکەمـدا تـا دامێنـی گەردەنەکـە دەشکێن وپاشەکشێیان پێدەکـەن، بـەڵام قۆزاقـەکانی ڕوس بـە تۆپبـارانکردنێکی ناکاییدا کـەلورەکان پـەرت وبـڵاو دەکەنـەوە، تـەلاش وکوشـشی کاپیتـان کـاو بـۆ مەنعی هەڵهاتنی سوارەکانی کەلور بێ ئـەنجام دەبێـت. تـوڕە دەبـێ وبـە تفەنگـە ماوزەرەکەی دوو ئەسپی سـوارەکانی کـەلور دەکـوژێ و بـە عـەباس خـانی ئـەمیر مەخسوس جنێو دەدات، بەڵام کەلورەکان بێ ئەوەی بەرکەنە دواوە تـا کـەنگاوەر

هەڵدێن. لەوێدا عەباس خانیش جنێوی کاپیتان بەخۆیی وکوشتنی ئەسپی سوارەکانی دەکاتە بەهانە و دەگەڕێتەوە بۆ کرماشان.

لەبەرامبەر مەترسی پێشەوەچوونی ڕوسەکاندا جەمعیەتی کۆچکەران لە ئەسفەهانەوە بە دوو دەستە دەگەنە کرماشان. دەستەیەك لەڕێگای سوڵتان ئاوا ومەلایەرەوە خۆیان دەگەیەننە شار کە ناودارترینیان بریتی بوو لە ئایت للا سەید محەمەدی تەباتەبایی وسەید محەمەد ڕەزا مساوات و وەحید ئەلمولکی شەیبانی ومیرزا محەمەد عەلی خان کلوب فەرزین و حاجی عزئەلمەمالیکی ئەردەڵان وسەید حوسەینی کەزازی ومیرزا تاهیری تەنگابنی وحاجی محەمەد تەقیێ شاهرودی وکەسانی تر.

دەستەکەی تر لەگەڵ سلێمان میرزا وسەید محەمەد سادقی تەباتەبایی لە بروجرد ڕادەوەستن تا لەڕێگایەکی ترەوە ولە کاتێکی تردا خۆیان بگەیەننە قەسری شیرین.

وێنەرانی ئەنجومەنی وێنەران وسەرکردەکانی کۆچکەرەکان دوای جێگیربوون لە کرماشاندا لە ماڵی ئایت للا تەباتەباییدا کۆدەبنەوە ونیزام ئەلسەلتەنەبە عینوانی سەرکردەی حکومەتی کۆچکەرەکان هەڵدەبژێرن.

نیزام ئەلسەلتەنەفەرماندەیی خۆی لە سەحنەدا دادەمەزرێنێت، وبەوەعد وبەڵێنی هەڵخەڵەتێنەر ماوەیەك کنت کانیتز سەرگەرم دەکات وسەرئەنجام عوزردەهێنێتەو کە نەزەر عەلی ئەمرایی نایەڵێت کە سەرکردەکان وسوارەکانی لورستان بگەنە لای ئەو. کنت کانیتز لە هەموو شتێك مەئیوس دەبێت، بە دەستەیەك جەندرمە وموجاهیدەوە هێرش دەباتە سەر کەنگاوەر کە تازە کەوتبووە دەستی ڕوسەکان و دەیانشکێنێ وشارەکە داگیر دەکات بەڵام لەوێوە بەرەو (دەبۆ)ی کەنگاوەر دەگەڕێتەوە ودوای نووسینی چەند نامەیەك بە کۆلۆنێل پۆپ وکەسانی تر شەوێك بەشێوەیەکی نهێنی گوم دەبێت. هەندێك دەڵێن خۆی بە تەنها هێرش دەباتە سەر لەشکری ڕوسەکان تا دەکوژرێت وهەندێکی تر دەڵێن خۆیی فڕێداوەتە نێو چاڵێکی کۆنەوە.. وحەقیقەتی ئەم ڕووداوە تا ئێستا ئاشکرا نیە.

من خۆم چەند جارێك ئەو پیاوەم بینیووە، ئەفسەرێکی ئازا وجوانخاس وشەریف بوو، ئێرانیەکانی خۆشدەویست. ئەو سەرئەنجامە ناخۆشەی هەموومانی غەمبارکرد.

دوای ئەوەی رووسەکان ئەسەد ئابادیان داگیرکرد نیزام ئەلسەلتەنە، سەردار ناسر وسالار زەفەر بە سێ سەد سواری سەنجاوی وسەد سواری گۆرانەوە ولەگەڵ کاپیتان سون سونی سویدی وجەندرمەکانی کرماشاندا بەرپرسی ناوچەی سەنقر دەکات. ئەمان للا خانی فەتح سوڵتانی کلیاییش بە سوارەکانیەوە پێی دەگات، بەلاّم مەنسور سوڵتان "حوسەین قولی خانی ئەمیر ئەمجەد" کە لەگەڵ روسەکاندا لەژێرەوە پەیوەندی هەبوو، لەگەڵیان هاوکاری ناکات.

بەشێك لە جەندرمەکان وتێکرا سوارەکانی سەنجاوی وگۆران شەو قەلاّکەی ئابلۆقە دەدەن. ئەو ناچار خۆی دەداتە پەنای سەردار ناسر وکورەکەی وەك بارمتەی وەفاداری دەنێرێتە خزمەتی. خیانەت ومونافیقی ئەو جێی چاوپۆشی نەبوو، بەلاّم لەبەر بەرژەوەندی گشتی ئەو کاتە سەردار ناسر لە گوناهەکەی خۆشدەبێت.

## کات لەناوبردن لە قروەدا

ماوەی مەئموریەت ومانەوەمان لە قروەدا دوو مانگی خایاند. لەم ماوەیەدا کە رێکەوتی کاتی بەرگری و خۆراگرتنی جەبهەی شەری ناوچەی بێ سووردا بوو، ئێمە کار و خزمەتێکی گرنگمان نەبوو ونەکەوتینە شەرەوە وکاتمان بە بێ ئیش وکار دەبردە سەر. دووری سەردار ناسر وکاپیتان سون سون کە هاتبوونە ناوچەی سەنقر لەگەڵ ئێمەدا لەرێگەی شێروانەی چرداوەر کە نزیکەی حەوت سەعات رێ دەبوو، لەگەڵ یەکتریدا پەیوەندیمان هەبوو بەلاّم فراوانی بەفر وباران زۆربەی رێگاکانی گرتبوو.

لەم کاتەدا لە نیزام ئەلسەلتەنەی مافی یەوە نامەیەکم پێگەیشت. لە نامەکەدا پێشینەی دۆستی خۆیی لەگەڵ بنەماڵەکەماندا باس کردبوو، خۆشحاڵی خۆیی نیشاندا بوو سەرلەنوێ لەرێی خزمەت بەنیشتمان یەکتری دەگرینەوە. هەروەها نووسیبووی بەپێی هەواڵێکی باوەرپێکراو عەبدولاّخانی چەرداوەری لەگەڵ روسەکاندا پەیوەندی هەیە وفەرمانفەرما هانی دەدا، پێویستە بە زیندوویی

یان بەمردوویی بیگری وبە چنگی بێریت. هەروەهاش لـە ئەڵمانەکانـەوە فـەرمانێك بۆ کاپیتـان شـنگر هـاتبوو کـە ڕوسـەکان بەتـەمای هێرشـن بـۆ کـەنگاوەرن، تـۆو سوارەکانی سەردار موقتەدر لەلای سالّح ئاوا ودزجەوە خۆتان پێیان نیشان بـدەن ولە پشتی سەریانەوە هەڕەشە ومەترسییان بۆ دروست بکەن.

هەر بەم شێوەیە بە کاپیتان سون سـون وسـەردار ناسـر ڕادەسـپێرێت کـە لـە شوێنی (پل شکست)ەوە، لەنێوان کەنگاوەر وئەسـەد ئابـاددا هێـرش ببەنـە سـەر ڕوسەکان. سەردار ناسر وسالار زەفەر بە زەحمەتێکی فراوانەوە خۆیان دەگەیەننە بـان پارسـینە. ولەمـەودوا لەبـەر زۆی بـەفر وگێرانـدنی ڕێگاوبانـەکان مـەودای پێشەوچوونیان پێنادا ودەگەڕێنەوە بۆ سەنقر. جەنەڕاڵ سون سون بـەو بڕوایـەوە کە سوارە عەشایرەکان کەمتەرخـەمییان نوانـدووە جەندرمـەکان دەخاتـە ڕێ وتـا خۆرئاوا هەوڵ دەدات ناگەنە شوێنێك ناچار بە گەڕانەوە دەبن.

ئێمەش بەپێی فەرمانێ کە پێمـان گەیـشتبوو لەگـەڵ کاپیتـان شـنگر وبیـست سواری چاکدا لە هێڵی جادەوە بـەرەو سـالّح ئـاوا ڕۆیـشتین بـۆ پـشکنین وزانینـی بارودۆخی ئۆردووەکـەی (بـەهار) یـەك سـەعات پـێش گەیـشتنی ئێمـە پێـشقڕاوڵی ڕوسـەکان لـە سـالّح ئـاواوە گەڕابوونـەوە. سـەبارەت بـە ئۆردووەکـەی بـەهار پرسـیارمان کـرد هەرکەسـێ قـسەیەکی دەکـرد. یـەکێ دەیـوت دەهـەزارە، یـەکێ ئەیووت پێنج هەزارە، لەم بارەوە نابێت بـە کەسـێك باوەڕبکـەی. کاپیتـان شـنگر وچەند سوارێکم نارد کە لە سـەری تەپەکانـەوە دووربـین هەڵخـەن، لەگەڕانەوەیـدا ووتی نزیکەی سێ هەزار سوارێك دەبن.

سبەی ئەو ڕۆژە سەرگەرمی ئامادەکردنی ئازووقـەی چـوار ڕۆژ بـووین وبـەرەو شێروانە کەوتینـە ڕێ، مەقـسود ئـەوە بـوو بـەڵکو بتـوانین بـە هێزەکـەی سـەردار ناسرەوە لە سەنقر پەیوەندی بکەین. لە قروەوە تا شێروانە پـتر لـە سـێ سـەعات ڕێ نیە، بەڵام لەبەرفراوانی بەفر بە زەحمەت توانیمان ئەو ڕێگایە لـە دە سـەعاتدا ببڕین. سـەبارەت بـەڕێگا وبانـەکان پرسـیارم کـرد وڕوون بـووەوە کـە پەیوەنـدی لەگەڵ سەنقردا لە توانادا نیە.

شەومان لە شێروانە تێپەڕاند نامەیـەکم بـۆ عەبـدولاخانی چـرداوەری نووسـی. ئەوم بانگهێشت کرد کە لە سەندوق ئاوابم بمبینێت.

لەدوای ڕۆژێکدا بە نزیکەی سی سوارەوە هاتەماڵەکەم دوای چای خواردن نامەکەی نیزام ئەلسەلتەنەم پیشاندا کە نووسیبووی زنوو یان مردوو دەستگیری بکە، ڕەنگ لەڕوویدا نەما وهیچی نەوت. ووتی سەبارەت بەم چاکەت هەر خزمەتێك لەدەستم دابێت بە گیان وبەدڵەوە ئامادەم ئەنجامی بدەم. ووتم دەتوانی لەگەڵ ڕوسەکاندا شەڕ بکەیت؟ ووتی بەڵێ بەتەنها خۆم دێمە نێوان سوارەکانی سەنجاوییەوە وشەڕ دەکەم بەڵام ئەگەر خەڵکی چەرداوەر لەکەڵ مندا هاوکاری نەکەن حەقیانە، چونکە ئەم شوێنە لەهەرلایەکەوە لە ئابلۆقەی ڕوسەکاندایە. ووتم ئەگەر سپاسالار یان فەرمانفەرما بۆ هاوکاری ڕوسەکان فەرمانت پێبدەن ئەوکاتە چی دەکەی؟ ووتی ڕێی تێدەچێت فەرمانیان بەم زووانە دابێت بەڵام من ملکەچیم نەکردووە، ئێستایش لە خزمەت تۆدا بەڵێنی شەرەف وناموس دەدەم کە تا زنوو بم لەگەڵیاندا هاوکاری نەکەم. پرسیم ژمارەی لەشکری ڕوسەکان چەنێکە؟ ووتی ئەوەی بۆم ڕوون بۆتەوە ژمارەی سوارە وپیادەی شەڕکەریان نزیکەی بیست هەزار سەربازێك دەبێت، ودوو ڕۆژە لەسەر یەك هێز دەبەنە ئەسەد ئاباد. سەبارەت بە ئامادەکاری لەشارۆچکەی بەهاردا پرسیم. ووتی نزیکەی دوو تا سێ هەزار سوارێك دەبن بەڵام سەربازی پیادەیان نیە. دوایی بەرەڵام کرد کە بگەڕێتەوە ماڵەکەی وهەمیشە سەبارەت بە لەشکرەکەی رووسەکان هەواڵمان پێبگەیەنێت.

دوو شەوی تر لە سەندوق ئاوادا ماینەوە، پەیکێك لە عەبدوڵاخانەوە گەیشت، نووسیبووی کە ڕوسەکان کەنگاوەریان داگیرکردووە وپەیتا پەیتا لەشکری تازە نەفەس بۆ بیدی سرخ (بی سور) وسەهنە دەنێرن ودەیانەوێ هێرش بکەنە سەر کرماشان.

کەمێك دوای ڕۆیشتنی پیاوەکەی عەبدوڵا خان لەناکادا بینیمان کە پێشقراوڵی ڕوسەکان لە گەردەنەی ساڵح ئاواوە هاتە سەرەوە. دوای دە خولەکێك لەشکرە سەرەکیەکەیان کەوتنە دەر کە بەرەو (وی نشار) دەڕۆیشتن. ڕوون بووەوە کە هەواڵەکانی عەبدوڵاخان ڕاستە وئەم لەشکرە بۆ هێرش هێنانە سەر هێڵی کوردستانە. دەوروبەری (وی نشار) بتر لە باڵێك بەفری تێدابوو. ڕوسەکان جوڵاندنەوەکەیانیان کەم کردەوە وشەویان لەنێو بەفر وسەرمادا تێپەڕاند.

لەگــەڵ خۆرهەڵاتنــدا لــە ســەندوق ئــاواوە کەوتینــەڕێ، گــەرمی نــەکردبوو گەیشتینە دزج. بێئەوەی لەگەڵ ڕوسەکاندا دەرگیر ببین لە (دزج)ەوە بەرەو قروە کەوتینــەڕێ. نیــو ســەعات دوای ئێمــە ڕوســەکان گەیــشتنە دزج. لــە قــروە نــانی نێوەڕۆمان خــوارد. چــەند چــەکدارێکمان نــارد ســەبارەت بــە ئۆردووەکــەی دوژمــن خەبەرێکمان بۆ بێرن. هــەواڵیان هێنــا لەشــکرەکەی ڕوس ڕۆیــشتوونە بــۆ (ســریش ئاوا).

لــە ســریش ئــاواوە تــا قــروە دوو ســەعات ڕێ دەبــوو. دزج دەکەوتــە لای خۆرهــەڵاتی قــروەوە وسـریش ئــاوایش دەکەوتــە لای باکوریــەوە. ئاشــکرابوو کــە ڕوسەکان دەیانەوێ ئێمە ئابلۆقە بدەن. لەگەڵ کاپیتان شنگردا بڕیارماندا کە شەو قــروە جێبهــێڵین. نزیکــەی دوو ســەعات لــە شــەو تێپــەڕیبوو، لەلایــەن کاپیتانــەوە هەواڵیان هێنا کە یەك سندوق لیرەیــان دزراوە. ســەبارەت بــەم ڕووداوە بــە ووردی کۆڵیمەوە. ڕوون بووەوە کــە ســەنوقە لیرەکــە لەگــەڵ تفــەنگێکی مــاوزەری پــەنجا تیردا لەگەڵ سێ پایەکەیدا باری قاترێکیان کردووە، تەنافی بارەکە بــڕاوە، پــەنجا فیشەك کەوتۆتە سەر زەوی، بەڵام سندوقەکەیان بردبوو.

هەروەك سوارەکانی قەڵخانی ونــیرژی بــە دزی نێــو ئــۆردوو بــەناوبانگ بــوون، بەڵام گومان ڕووی کردە ڕەزا قولی خانی مەسعود ئەلسوڵتانی برای سالار مەنــسور حــوکمڕانی گــۆران کــە چــاوی هەمیــشە بــەدوای لــیرەوە بــوو، بەپەلــە کەربــەلایی محەمەدی خزمەتکارم بەسێ سوارەوە نارد کە ماڵەکەی ئابلۆقە بــدەن. واڕێکــەوت گومانەکەم ڕاست دەرچوو.

مەســعود ئەلــسوڵتان کــە ماڵەکــەی لــە ئابلۆقــەدا دەبینــی ســندوقە لیرەکــە بێئــەوەی دەســتی پێــوە دابــێ لــە پەنجــەرەی ماڵەکەیــەوە دەخاتــە خــوارەوە. کەربەلایی محەمەد کە لەپێچی دیوارەکــەدا وەســتابوو بارودۆخەکــە دەبینــێ بــانگ دەکات هەرچۆنبوە لەلای پەنجەرەکەدا ڕاوەســتە قــسەم هەیــە لەگــەڵتا، پــێم بڵــێ چەند لــیرەت لــە ســندوقەکە دەرکــردووە وبردووتــە؟ مەســعود ئەلــسوڵتان ســوێند دەخوات کە دەری ئەو سندووقە نەکراوەتەوە سندوقەکەم بێ دەست تێوەردان بۆ کاپیتان شنگر نــارد. ئــەو چــەند لیرەیــەکی بــە محەمــەد پێــشکەش کردبــوو. یــەك سەعات دوای نیوە شەو جولاینەوە، چونکە هەواڵمان پێگەیی بۆ ئیمڕۆ پارەوپوول

وتفاق وشتومەك لە كرماشـانەوە دەگاتـە ئەڵمانـەكان. ناچـاربووين لـەڕێى سـەراب قاترەوە بـڕۆين چـونكە كاروانـەكانى كرماشـان لـەو ڕێگـاوە دەهـاتن وهاتوچـۆيان دەكرد.

سبەى زوو گەيشتينە ئەو گوندە من وسەركردەكانى گۆران وكاپيتان شنگر لـە قەڵاكەى حيشمەت ئەلمولكدا نيشتەجێ بووين، باقى سـوارەكانمان لـە گوندەكـەدا جێكردەوە. نزيكەى خۆرئاوا پارە وشتومەك وتفاقى ئەڵمانەكان گەيشت.

سبەى زوو يەك سەعات لەشەو تێپەڕيبوو گەيشتينە گوندى گـورگ ئـاوا. هـەوا ئەوەنـدە سـارد بـوو هەناسـەت دەبەسـترا. شـەومان بـە زەحمـەتێكى فراوانـەوە تێپەڕاند. سبەى بەرەو سەلوەت ئاوا كەوتينە ڕێ.

زيادەڕەوى وگەزاف نيە ئەگەر بڵێم كـە لـە گەردەنـەى نەسـاردا نزيكـەى دە بـازوو بـەفرى پێوەبـوو، ئەسـپەكان لەسـەرخۆ وبەسـەختى دەهاتنـە سـەرەوە. هەركاتێ پێـى ئەسـپێك لـە بـەفردا گيريـدەكرد ماوەيـەكى دەخاياند تـا ڕزگاريـان بكردايە. هەرچۆنى بوو لەشكرەكەى ئێمە لە گەردەنەكـە هاتـە سـەرەوە. بـەدواى ئێمە دا پێشقراوڵى ڕوسەكان گەيشتە گورگ ئاوا.

لە سەلوەت ئاوا پێش ئەوەى بڕۆينە شـارى سـنەرێى فـەقێ سلێمانمان گرتـە پێش. يەك سەعات لـە شـەو تێپـەڕيبوو گەيـشتينە ئـەو شـوێنە. سـبەى ويـستمان بەردەوام بين لە ڕێ ڕۆيشتنەكەماندا. ڕوون بووەوە كە گەردەنـەى مـەروارى "ملـە مـەروارى" بـەهۆى بـەفرى فراوانـەوە بـە تـەواوى گـيراوە. لەهـەردوو گوندەكـەى مەروارى شەست بەفرماڵمان خستە ڕێ وبەهێزى ئەسپە بەهێزەكان هەرچۆنێ بـوو ڕێگەمانكردەوە ونزيكـى خۆرئـاوا گەيـشتينە سـەرەتاى نێـوان دەربەندەكـە وسـێ سەعات لە شەو تێپەڕى بوو، بەهۆى هەندێ چراى دەستييەوە كـە پێمـان بـوو بـە زەحمەتێكى فراوانەوە گەيشتينە گوندى برنجان.

لەوێوە هەواڵيان هێنا كە ڕوسەكان دوو ڕۆژە شارى كرماشـانيان داگيركـردووە وسەردار ناسر بە هەموو سوارەكانى سەنجاوى وگۆرانەوە ڕۆژێ لەمـەوپێش لـەنێو دەربەندەوە تێپەڕيوەو گەيشتۆتە ناوچەى سەنجاوى.

## شکستی جەبهەی بیسور وداگیرکردنی کرماشان

جەبهەی بیسور دوا مەڵبەندی گرنگی بەرگری میللی ئێران دوای دوو مانگ ڕاوەستان لەبەرامبەر هێرشەکانی ڕوسەکاندا تێکشکا و هەرەسی هێنا وشاری کرماشان داگیرکرا. لەگەڵ ئەمەیشدا ئەم بەرگریە مەئیوسانە ئەگەر چی لە ڕزگارکردنی نیشتماندا لە دەست درێژی بێگانەکان کاریگەر نەبوو، بەڵام لە جەبهەی خۆرهەڵاتدا کاریگەری چاکی خۆیی نیشاندا یەکێ لە هۆیەکانی سەرکەوتنی عوسمانیەکان لە (کوت ئەلعمارە)دا دەژمێردرێت.

لەشکری هێرشکەری ڕوس لە بیست هەزار سەرباز بترتر نەبوو، چەك وتفاقی شەڕ وتەنزیمی لەشکری ڕێك وپێکیان نەبوو. بێگومان ئەگەر لەبەرامبەریاندا بیست هەزار شەڕکەری ئامادەی ئێرانی بە ساز وبەرگی کافییەوە وفەرماندەیەکی لایق وشایستەوە هەبوایە دەیتوانی هاتنە پێشەوەی هێرشکەرانی ڕاوەستانایە، بەڵکو داگیرکەرانی ناچار بکردایە ئێران چۆڵ بکەن وڕەوانەی خاك وئاوی خۆیانی بکردنایەتەوە. هەروەك دوای ماوەیەك عوسمانیەکان ئەم کارەیان ئەنجامدا. لەشکری ڕوس لە ئێراندا شتێکی گرنگ نەبوون، بەڵام لە ئەوان هیچ تر هێزی بەرگری میللی ئێران بوو کە بریتی بوون لە چەند هەزار جەندرمە وموجاهیدی بێ ساز وبەرگ وبێ چەکی چاك وکاریگەر و بێ فرماندەیێ لایق وشایستە وجەمعێ لەسوارانی عەشایر لەژێر ڕکێف وفەرماندەیی سەرکردە عەشایرە وبەشوێن سوود وقازانجدا گەڕاوەکان، کە زۆربەیان کاسەلێس وهەلپەرست بوون.

ئەڵمانەکان وعوسمانیەکان هەمیشە بەڵێنی کۆمەك ویارمەتی سەربازی وچەك وسازو بەرگی سەربازیان بە ئێرانیەکان دەدا. بەڵام سەرگەرمی ئەوان لە کوت وئەلعیمارەدا بە ئەندازەیەك بوو نەیانـدەتوانی یارمەتیەکی کاریگەر بۆ ئێران بگەیەنن. یارمەتیەکەیان بریتی بوو لە نزیکەی دوو هەزار سەربازی عوسمانی بێ تۆپخانە وساز وبەرگی سەربازی وچەند ئەفسەرێکی ئەڵمانی بە هەندێ لیرەی ئاڵتونەوە. لەم قۆناغەدا نەك تەنها لە یارمەتی پێویست بە هاوپەیمانە ئێرانیەکان درێغیان کرد بەڵکو ساز وبەرگ وچەکێکیش کە ئەڵمانەکان بەتایبەت بۆ ئەم جەبهەیان ڕەوانە دەکرد دەیان ناردە جەبهەی کوت ئەلعیمارە.

لەشکری جەنەڕاڵ (تاوزەند)ی ئینگلیس کە لە باشوری (میزوپوتومیادا)دا گرفتاری ئابلۆقەی لەشکری عوسمانیەکان بووبوو، بۆیە ئینگلیسەکان لە ڕوسەکانیان دەویست هەرچی زووتر لە خۆرئاوای ئێرانەوە فشار بهێننە سەر لەشکری عوسمانیەکان بێنە هانایانەوە، ڕوسەکانیش حەزیان دەکرد پێش ئینگلیسەکان بەغدا داگیر بکەن وسەرفرازی ئەم سەرکەوتنە بێتە بەشی ئەوان. هەر لەبەرئەمە جەنەڕاڵە بەناوبانگەکەیان بارەتوفیان کردە فەرماندەی گشتی هێزەکانیان لە ئێراندا. وبۆ بەهێزکردن وپتەوکردنی لەشکرەکەی هێزی تازەنەفەسیان پێگەیان. فشاری سەختی هێرشەکانیان بەجارێك ڕووبەڕووی کرماشان بووەوە، بەڵام جەبهەی بێ سوور بەسەر سەختییەوە بەرگری دەکرد. هێزی جەندرمە بەسەرکردایەتی محمەد تەقیٚ پسیان وموجاهیدینە گیان لەسەر دەستەکانی تر لەپەنای سەنگەرەکانیاندا دژێکی بتەو وموحکەمیان لەبەرامبەر ڕوسەکاندا دروست کردبوو وهێرشەکانیان پەیتا پەیتا ڕادەوەستان وپوچەڵ دەکردەوە.

لەیرادا پێویست وشایستەیە سەبارەت بە ئازایی وغیرەت و وەتەن پەرستی سەرباز وئەفسەرەکانی جەندرمەی ئێران باس بکەین وپیایاندا هەڵدەین.

ئەمانە هێزێکی بچووك کە هیچ سازوبەرگ وتفاقێکی گرنگیان لەدەستدا نەبوو، بەڵام لە هەموو شوێنێکدا نموونەی بەرزی ڕەشادەت ودلێری وفیداکاریان نیشاندەدا ودەنواند. ئەفسەرانی وەك ئەبوئەلحەسەن خانی پورزەند کە چوار گولەی پێوەبوو هێشتانە لەبەرئەوە ئەلەنگێت ومحەمەد تەقیٚ خان کە لە ڕوودبار وئاوەج وهەمەدان وبی سوردا بەسەر سەختی ودلێرییەوە بەرگری کرد. ویاوەر عەلی قولی خان وسوڵتان غولام ڕەزاخانی پسیان کە لەشیراز وباشوری ئێراندا بوونە نموونەی بەرزی شەهامەت وخۆڕاگری تا شەربەتی شەهادەتیان نۆشی، وحەبیبوڵلا خانی شەیبانی وعەزیز لالا خانی زەرغاموی لەو کەسانە بوون کە پێویستە ناویان هەمیشە بەچاکە وشانازییەوە باس بکرێت، چونکە سەنگەرەکانی (بی سور) ڕاستەخۆ داگیرنەدەکرا، ڕوسەکان کەوتنە ئەو بیرەوە کە دەوری ئەو ڕێگایە بدەنەوە ولەڕێگایەکی ترەوە ڕێی پێشەڕوی بەرەو کرماشان بکەنەوە، بۆیە لەڕێگە نەهاوەندەوە هێرشیان دەست پێکرد.

لەوێدا ماژور (دمارەی سویدی) لەگـەڵ ھەنـدێ جەندرمـەدا توانـای بـەرگرییان نامێنیـت بـەرەو کرماشـان ھەڵدێن. کۆلۆنێـل (پـوپی) ئـەڵمانی کـە سەرپەرشـتی وفەرماندەیی ھێزی بەرگری میللی ئێرانی بە ئەستۆوە بوو، لەبەرامبـەر پێـشڕەوی ڕوسەکاندا وترسی ئابڵۆقەدانی، بەرگریکـەرەکانی (بـی سـور) فـەرمانی پاشەکـشە دەدات وخۆیـشی بـێ دواکـەوتن لەگـەڵ ئەفـسەرە ئەڵمانیەکانـدا بـەرەو (کرنـد) دەکەونە ڕێ. دوای دوو ڕۆژ نیزام ئەلسەلتەنەیش لەگەڵ فەوزی بەگدا لێپرسـراوی سەربازی باڵیۆزخانەی عوسمـانی ڕەفیـق بـەگ شـا بەنـدەری عوسمـانی کرماشـان جێدەھێڵن بەرەو کرند دەڕۆن وسەیلی کۆچکەرەکان دووبارە دەست پێدەکاتەوە.

فەرماندەی لەشکری ھێرشـکەری ڕووس لەڕێگـەی بەیاننامەیەکـەوە بەخـەڵکی کرماشان ڕادەگەیـەنێت بـێ بـەرگری خۆیـان بدەنـە دەسـتەوە ولەلایـەن شـارەوە موعازید ئەلمولکی کاربەدەستی شار لەگەڵ عەلی خانی ئەمیر کل وچەند کەسـێکی تر لە پیاوە ئاینیەکان دەڕۆنە پێـشوازی ڕووسـەکانەوە. لەلایـەکی تـرەوە ئیقبـال ئەلدەولـە فـەرمانڕەوای فـەرمی کرماشـانیش کـە لەلایـەن نیـزام ئەلـسەلتەنەوە زیندانی کرابوو لەڕێگەی سەید حەسەنی ئۆجاقەوە ڕزگـار دەکرێت وبەڕەزامەنـدی ڕوسەکان دێتە نێو شارەوە ودەگەڕێتەوە سەرکارەکەی خۆی. ئەمیر کل بەنازناوی یاریدەدەری ھەڵدەبژێرێت، لەلایـەن ڕوسـەکانەوە جەنـەڕاڵ پـرنس بلوسلـسکی بـە فەرماندەی ھێزەکانیان لە کرماشان دادەنرێت.

ھـاتنی لەشـکری ڕوس بـۆ کرماشـان لـە ٢١ی ڕەبیعـی دووەمـی ١٣٣٤کۆچـی نزیکەی پینجی ئەسفەندی ١٢٩٤ھەتاوی، ڕێکەوتی ٢٥ی شوباتی ١٩١٦دا بوو.

لە کرندا عـەلی مرادخـانی ئیحتیـشام ئەلمـەمالیك حـوکمڕان وخـاوەنی ئـەوی ڕووی خۆشـی بـە نیـزام ئەلـسەلتەنەوکۆچکردووەکان نیـشان نـادات. جگـە لەمـە شارۆچکەی ناوبراو کە لە ھاوینی ھەر ئەو ساڵەدا دووچـاری ئافـەتی تـالآن وبـڕۆی عوسمانیـەکان بووبـوو، وزەی ئامـادەکردنی ئازووقـەو خواردەمـەنی جەمعیـەتی کۆچکردووەکانی لە تواناد‌ا نەبوو. بەپەلە بەرەو قەسری شیرین دەڕۆن لە قەسـری شیرین باوکم سەماسام ئەلمەمالیك خزمـەتێکی شـایانی ھاتووەکـان دەکـات. قـەڵا وعیمارەکەی دەداتە نیزام ئەلـسەلتەنە، ئەفـسەرەکان ولێپرسـراوانی ئـەڵمانی لـە سەرای نوێ حکومەتیدا جێدەکاتەوە.

کۆچکردووەکان کە چەند هەزار کەسێك دەبوون لە ماڵی خەڵکیدا جێیان دەکەنەوە وکارێك دەکات کە لە گوندەکانی دەوروبەری قەسری شیرین وخانەقینەوە خاروبار و ئازووقەو شت ومەکی پێویستیان بەشێوەیەکی رێك وپێك بگاتە دەستمان.

هەوای گەرمی خۆشی قەسری شیرین لە دوادوایی زوستاندا بۆ کۆچکردووە سەرما لێدراوەکان ولەبرسا هەڵهاتووەکان دەبێتە هۆی لەناوبردنی هیلاکی وخەستەییان ودەحەوێنەوە. ڕوسەکانیش بەدوای نیزام ئەلسەلتەنەوکۆچکردووەکاندا تا کرند دەڕۆنە پێشەوە، بەڵام پێشەوەچوونیان لەوێدا دەوەستێت چونکە لە پشتەوە گرفتاری جەبهەی سەنجاویەکان بووبوون.

## سەنجاوی دواترین سەنگەرێ کەمابووەوە

گەڕانەوەی ئەو لەشکرەی کە لەگەڵ منداا بوو لە کوردستانداو گەیشتنمانە سەرەتای خاکی سەنجاوی ڕێکەوتی ئەو ڕۆژانە بوو کە هێزی بەرگری میللی کرماشانیان چۆڵکردبوو شار کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ڕوسەکانەوە.

سەردار ناسر بە جەمعیەتەکەوە کە یەك ڕۆژ پێش ئێمە گەیشتبووە گوندەکانی مەیان دەربەند و وڵلای خانی لە شازادە محەمەد باقر میرزاوە کە لەماڵی ئێمەدا بوو، نامەیەکی پێدەگات کە تێیدا هاتبوو کە نیزامو ئەلسەلتەنە کرماشانی چۆڵکردووە وبەرەو کرند ڕۆیشتووە ونزیکەی دوو سەد کەس لە کۆچکردووەکان ودۆستان وخزمانی شارمان کە لەگەڵ ئەودا نەڕۆیشتنە یەك ڕاست هاتوونەتە ماڵەکانتان وپێویستە هەرچی زووترە خۆت بگەیەنیتە ماڵ.

من ئەو ڕۆژە تانیوەڕۆ لەماڵی عەبدولعەلی خان للای خانی چاوەڕوانی ڕەشید ئەلسەلتەنە وسەفەروخانی گۆران، کە دواکەوتبوون، دەکرد. لەوێ بیستم کە پێشقراوڵەکانی ڕوسەکان گەیشتوونەتە گوندەکانی سەنجاوی . بەپەلە نانی نیوەڕۆمان خوارد وکەوتینەڕێ ونزیکەی دوو سەعات لە شەو تێپەڕیبوو گەیشتمە ماڵەکەم لە بەندار. سبەی ڕەشید ئەلسەلتەنە سەفەروخانیش گەیشتن. سوارەکانمان بۆئیسراحەت کردن ناردەوە بۆ ماڵەکانیان ورامان سپاردن چاوەڕوانی خەبەرمان بن.

دوای ڕۆژێـك كاپیتــان ســون ســون وجەندرمــەكانی لەگــەڵ فــەتح ســوڵتان وسوارەكانی كوڵیاییدا گەیشتنە سەنجاوی.

لەم قۆناغەدا بـارودۆخێكی سەرسـوڕهێنەر وپێـچیدە ودژوار هـاتبووە كایـەوە بۆمـان. لـە هـاوینی ڕابـردووی هـەر ئـەم ساڵەدا كـە ڕووبـەڕووی دەسـت درێـژی عوسمانیــەكان بووبووینــەوە ناچــاربووین بــە هــەموو توانــا وداروونەدارمانــەوە لەبەرامبەریانـدا ڕاپـەڕین وكەوتینـە بـەرگری، تـا خـوای گـەورە ئـەو سـەركەوتنە مەزنەی كردە بەشمان. ئێستاكە شەش مانگ یان حـەوت مـانگ تێنەپـەڕیبوو لـەو كارەساتە تەنها وبێكەس لەبەرامبەر ڕوسەكانی دوژمناندا ڕاوەستاین.

لەمەوپێش خاكی پـان وپـۆڕی ئێـران لـە پـشتی سـەرمانەوەبوو، دەمـانتوانی لەكاتێكدا سەرنەكەوین وبشكێین لەبەرامبەر عوسمانیەكاندا پەنا بـۆ گۆشـەیەك لـە سەرزەمینی ئێـران ببـەین، چاوەڕوانی هاوكـاری ویارمـەتی وپـشتیوانی دەوڵـەتی مەركەزی خۆمان بین، بەڵام ئێـستاكە ئـەو لەپـشتی سـەرماندا نـەماوە وسـەرجەم ناوچەكان لەلایەن ڕوسەكانەوە داگیركراوە ئـەوی دەوڵـەت بێـت بـەناوی دەوڵـەتی ئێرانــەوە لــە تارانـدا نەماوەتــەوە خۆیــان داوەتــە دەسـت ڕوســەكانەوە ودیـل و ملكەچی ئەوانن. كۆمیتەی بەرگری میللـیش مەیـدانیان چـۆڵكردووە وئێـستاكە لـە دواتــرین خــاڵی ســنووری ئێرانـدا كـە قەسـری شـیرینە میـوانی بـاوكمن بــەڵام لەحەقیقەتدا بوونەتە سەربازی باوكم.

ڕوســەكان دوای جــێگیر بــوون لــە كرماشــاندا كەوتنــە دڵدانــەوەی خــەڵك وسەركردەكانی عەشایر وپێشقراوڵەكانیان هەموو ڕۆژێك لە گونـدەكانی سـەنجاوی نزیك دەبوونەوە، بەڵام بێئەوەی توند وتیژی ودەست درێژی بنوێنن دەگەڕانەوە.

ئـەمیر كـل كـە پلـەی یاریـدەدەری حـوكمڕانی كرماشـانی لـە ئەسـتۆدا بـوو، نامەیەكی درێژی بۆ سەردار ناسر ومـن نـاردبوو، ووتبـووی كـە ڕوسـەكان قەسـدی دوژمنییان لەگەڵ ئێوەدا نیە وداخوازی دۆستایەتین. فەرماندەی گشتی هێزەكـانی ڕوسیش چەند كەسێك لە پیاوماقوڵانی شاری نارده ماڵمان دڵنیامانی كرد هەركاتێ لە هاوكاری ئەڵمانەكان وعوسمانیەكان دەست هەڵگرین ولـەم ململانێیـەدا بێلایـەن بین، بچووكترین ئەزیەت وناڕەحەتییەك لەلایـەن ئەوانـەوە بـە ئێمـە ناگـات. بـەڵام چۆن دەمانتوانی سەری خۆمان بخەینـە دەسـتی ڕوسـەكانەوە كـە دەوڵەتەكـەیان

بەشە هەرە گەورەکانی نیشتمانەکەمانی داگیر کردووە وچاوی شوومی بڕیوەتە وڵاتەکەمان؟ ئەو دەوڵەتەی کە لەم ساڵانەی دواییەدا ئەو هەموو کوشتار وخوێن ڕژانەیان بە وڵاتەکەمان ڕەوا بینیووە وئاوادیخواز ونیشتمان پەرەستەکانی ئێرانیان لە سێدارە داوە وشوێنە پیرۆزەکانی ئێرانیان تۆپ باران کردووە.

لەم بارەوە لەگەڵ سەرکردەکانی گۆران وئەحمەدوەندا کۆبووینەوە ودانوستانمان کرد وبڕیارماندا بەپەلە هەیئەتێ بۆ قەسری شیرین بنێرین لەگەڵ وێنەرانی ئەڵمان وعوسمانیەکاندا دانوستان بکەن. کە لە ئەوان داخوازی بکەین کە هەرچی زووتر چەك وساز وبەرگ وتفاقی پێویستمان بۆ ڕەوانە بکەن. دووەم: لە ئەڵمانەکان داخوازی بکەین کە بەشێوەیەکی فەرمی بەپێی بەڵگەنامەیەکی باوەڕپێکراو زیانێك کە لێمان کەوتووە لەلایەن دوژمنەکانمانەوە، قەرەبووی بکەن. سێیەم: لە عوسمانیەکان داخوازی بکەین هەرکاتێ لە بەرامبەر ڕوسەکاندا ناچار بە بەجێهێڵانی ئێران بووین لە خاکی خۆیاندا شوێنی گونجاو وکافی بۆ تایفەکانمان دابین بکەن، وتا کاتی گەڕانەوەمان وەسیلەی ژیان وموچەمان بۆ فەراهەم بکەن وبڕەخسێنن.

بڕیاردرا لەلایەن ئێمەوە سالار زەفەر ولەلایەن گۆرانەکانەوە ڕەشید ئەلسەلتەنە بۆ قەسری شیرین بڕۆن، ولەگەڵ کۆلۆنێل پۆپدا کە فەرماندەی گشتی جەبهەی ئێران بوو ولەگەڵ نوێنەرانی عوسمانیدا دانوستان بکەن وهەرکاتێ لەبەستنی گرێبەستێکدا بە وەرگرتنی موتمانەیە سەرکەوتن ئەو کاتە بە هەموو توانامانەوە لەبەرامبەر ڕوسەکاندا ڕادەوەستین ولەگەڵیاندا شەڕ دەکەین. وئەگەرئەم بەڵێننامەیەیان نەدا وتەزمینێکیان بەدەست نەهێنا، موڵك وشوێنەکانمان چۆڵدەکەین وبەرەو شاخەکانی (داڵەهۆ) دەڕۆین وبێ لایەنی خۆمان بەشێوەیەکی فەرمی دەخەینە ڕوو.

نامەیەکمان لەم بارەیەوە نارده خزمەتی باوکم وداخوازیمان لێکرد کە سەبارەت بەم داخوازیانە بەشێوەیەك کەبە پێویستی دەزانێ لەگەڵ ئەڵمانەکان وعوسمانیەکاندا دانوستان بکات. نوێنەرەکانمان لە خزمەت باوکمدا لەگەڵ ئەڵمانەکان وعوسمانیەکاندا دانوستانیان کرد، داخوازیەکانی ئێمە مەعقول وقابیلی

ڕەدکردنەوە نەبوو، وئەوانیش لەو قۆناغەدا پێویستیەکی زۆریان بە ئێمە هەبوو، بۆیە بەپەلە داخوازییەکانیان قبوڵکرد.

لەلایەن ئەڵمانەکانەوە کۆلۆنێل پۆپ نامەیەکی بۆمان نارد وبەڵێنی دابوو بەم زووانە چەك وساز وبەرگی پێویست دەنێررێت. سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی زیانێکیش کە بەهۆی شەڕەوە کەوتوەتەوە، نووسیبووی کە ئەم داخوازییەی ناردۆەتە لای جەنەڕاڵ (فون در گلتز) فەرماندەی گشتی لەشکری خۆرهەڵات، بێگومان ڕازی دەبێت وموافەقەتی ڕەسمی ئەڵمان بەم زووانە پێتان دەگات.

لەلایەین دەوڵەتی عوسمانیەوە فەوزی بەگی مولحەقی عەسکەری باڵوێزخانەی دەوڵەتی عوسمانی بەڵێنی پێویستی داپێمان.

دەقی تەواوی نامەکەی کۆلۆنێل پۆپ بەم شێوەیە:

**قەسری شیرین ١٢مارس ١٩١٦/ هەشتەمی جەمادی یەکەمی ١٣٣٤.**

خزمەت جەنابان، سەروەران وسەرۆکە مەزنەکانی عێلاتی سەنجاوی وگۆران وئەحمەدوەند وهاوپەیمانەکانیان، خوایاریان بێت.

لە وەڵامی داخوازییەکانتاندا کە لەڕێگەی نامەوە بەهۆی جەنابی ئاغای سالار زەفەر وڕەشید ئەلسەلتەنەوە، ئیقبالیان بەردەوام بێت، پێمان گەیشت. ئەو سەرکردە بەڕێزانە دڵنیا دەکەینەوە وسەرنجیان سەبارەت بەم خاڵانەی خوارەوە ڕادەکێشین:

یەکەم: سەبارەت بە داخوازی فیشەك تفەنگ کە بۆ بەردەوامی شەڕ پێویستە لەبەرئەوەی ئەم سەرکردە بەڕێزانە وهێزەکانیان تا ئیمڕۆ ئازموونی باشیان داوە وجێی ئەوپەڕی موتمانە وباوەڕن، ئەوپەڕی کۆشش وهەوڵ دەدەم کە بەم زووانە پێویستیەکانی داخوازیکراو بگەیەنمە ئەو سەردارە بەڕێزانە، ولەو بارەوە ئەو سەرکردە مەزنانە بەتەواوی ئاسوودە ودڵنیابن.

دووەم: سەبارەت بە زیانێك کە لەلایەن ڕوسەکانەوە تووشی ماڵ وموڵکیان بووە چونکە ئەم مەوزوعە لەلایەن دەوڵەتی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانەوە داکۆکی لەسەر کراوە وڕەزامەندی لەسەر هەیە، بۆیە ئەم مەسەلەم بۆ جەنابی ئەشرەف فون در گلتز پاشا تەلوگراف زەوانەکردکە بیگەیەنێتە دەوڵەتی ئیمپراتۆری ئەڵمان ولەم لایەنەوە ڕەزامەندییان فەراهەم بکات، وبەگەیشتنی وەڵام ئاگادارتان دەکەم.

**روبرست پۆپ**
**١٩١٦ /٣/١٤**

بەڵێننامەی عوسمانیەکانیش بەم دەقە بوو:

**قەسری شیرین، هەشتەمی مارسی ١٩١٦**

خزمەت سەرکردەکانی عەشایری سەنجاوی وگۆران وئەحمەد وەند وهاوپەیمانەکانیان، خوا یاری یاوەریان بێت.

سەبارەت بە داخوازییەك کە لەڕێگای جەناب ئاغای سالار زەفەر وڕەشید ئەلسەلتەنەوە کردبووتان، ئەو سەرکردە بەڕێزانە بەم وەڵامەی خوارەوە ئاسوودە دەکەم:

ئێمە زەمانەت دەدەین لەکاتێکدا لە بەرە پێویستی شەڕ عێلاتی سەنجاوی وگۆران وئەحمەد وەند وهاوپەیمانەکانیان ناچار بە پاشەکشە بۆ خاکی عوسمانی بن، دەوڵەتی بەرزی عوسمانی ئەوان لە خاکی خۆیدا وەکو میوان بەپێی بنەمای داب ونەریتی پەیڕەوکراوی عەشایری جێ دەکەینەوە وخزمەت دەکرێن ودەپارێزرێن.

ئێمە زەمانەت دەدەین لە حاڵەتی ناچاری پاشەکشێدا سەبارەت بەبەردەوامی ژیانی بنەماڵەی عێلاتەکانی ناوبراو لەماوەی مانەوەیاندا لەخاکی عوسمانی مشوریان دەخۆین وهەرزیانێك لەلایەن ڕوسەکانەوە دوچاری ماڵوموڵکوسامانیان بوبێت، بە پاڵپشتی وگەواهی وڕەزامەندی لێپرسراوانی سویدی وئەڵمانی کەلەم بارەوە ئاگاداریان هەیە، قەرەبوو دەکەینەوە.

ئێمە داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەین کە تفەنگ وفیشەك کە بۆ بەردەوامی شەڕ پێویستە بۆ سوارەکان وپیادەکانی ئەو عەشایرانە بە پێی توانا فەراهەم بکرێن.

بەڵێننامەی فەرمی دەوڵەتی ئەڵمان بەئیمزای دکتۆر واسل وەزیر موختاری ئەو دەوڵەتە دوای نزیکەی یەك مانگ لەقەسری شیرین درا بە باوکم.

ئەو بەڵێننامەیە دەقەکەی بەم جۆرەیە:

**قەسری شیرین، لەمێژووی ٢٢ئاوریلی ١٩١٦.**

خزمەت جەنابی جەلالەت مەئاب ئاغای سەمسام ئەلمەمالیك، سەرۆکی عێلی پایەبەرزی سەنجاوی، بۆ ئاگاداری جەنابتان عەرزتان دەکەم کە دەوڵەتی ئیمپراتۆری ئەڵمان لە ئازایی ودلێری عێلی پایەبەرزی سەنجاوی ئاگادار بووە وئەگەر سوارەکانی دلێری سەنجاوی لە خەباتی نیشتمان پەروەرانەیاندا بەردەوام بن، سەبارەت بە زیانێك کە لێیان دەکەوێت پێویستە مەترسیەکیان نەبێت.

لەگەڵ ئەوەیشدا دەوڵەتی ئیمپراتۆری ئەڵمان بۆئەوەی ڕەزامەندی تەواوی خۆیی سەبارەت بە ڕەفتاروکرداری پێشووی عێلی سەنجاوی بسەلمێنێت، بەڵێن دەدات کە هەموو زیانێکی مادی کە دوچاریان دەبێت لە حزوری لێپرسراوانی ئەڵمانیدا قەرەبوویکاتەوە.

لە کۆتاییدا ڕێزی خۆمتان پێشکەش دەکەم.

وەزیر موختاری دەوڵەتی ئیمپراتۆری ئەڵمان

**واســــــل**

* * * * *

هەر کە بەڵێننامەی کۆلۆنێل پۆپ و وێنەرانی عوسمانیمان بەدەست هێنا جەبهەی خۆمانمان لە بەرامبەر ڕوسەکاندا پتەوکرد.

کۆلۆنێل پۆپ فەرمانیدا بە کاپیتان سون سون کە لەگەڵ جەندرمەکانیدا لە سەنجاوی بمێنێتەوە ولەگەڵ ئێمەدا هاوکاری بکات. ئێمە قەڵای گەورە وپان وپۆڕی قلیج خانیمان خستە ژێر دەستمانەوە. لە جەبهەی چوار فەرسەخی خۆماندا پێشقراوڵەکانمان لە سوارەکانی سەنجاوی هەڵبژارد ولە شوێنە پێویستەکاندا سەنگەرمان هەڵکەند. سوارەکانی کولیایی فەتح ئەلسولتان تێکەڵاوی سوارەکانی سەنجاوی بوون. پاراستنی ملەی ئەمیر خانمان خستە ئەستۆی گۆرانەکانی سالار مەنسور وڕەشید ئەلسەلتەنە وسەفەروخانەوەلەیراد، بەرپرسیاری ئێمەش لە دابین کردنی ئەو شەش سەد سوارەدا،کوتابی نەدەهات کە لەبەرامبەر کۆمیتەی بەرگری میللی بەڵێنمان دابوو ئامادەی بکەین دەهات، چونکە شەڕ لەنێو خاکی ئێمەدا بەرپابووبوو، وبەرگرییەکەمان بوونی سەنجاوی بەخۆیەوەبەستبوو.

تێکڕا توانای خۆمان وعێلەکانمان خستە کارەوە، نزیکەی دوو هەزار سەرباز کۆکرانەوە. چەکەکانمان لەوپەڕی چاکیدا بوون، چاکترین تفەنگی ئەڵمانی نەمساوی بە فیشەکی فراوانەوە لەژێر دەستماندا بوو، بەڵام تۆپخانە ومەتریلۆز ونارنجۆکمان نەبوو. هەموو ڕۆژێ پێشقراوڵەکانی ڕوس دەهاتنە گوندەکانی دەوروبەری سەنجاوی ولەگەڵ پێشقراوڵەکانی ئێمەدا دەرگیر دەبوون. زۆرمان حەز

دەکرد چەند دیلێ لە سەربازە ڕوسەکان دەستگیر بکەین تا سەبارەت بە بارودۆخی ڕوس ونەخشەیان چی یە بەدەست بێنین .

ڕۆژێ من وکاپیتان سون سون لەگەڵ پەنجا سوارێکدا بەرەو گوندەکانی چوار زەوەر کە دەکەوێتە چوار فەرسەخی کاروانسەرای مایدەشتەوە، کە شوێنی سەرەکی ئۆردووی ڕوسەکان بوو، ڕۆیشتین، سەرگەرمی دووربین هەڵخستن بووین بینیمان نزیکەی دە سواری ڕوس بەرەو ئێمە دێن، پێش ئەوەی نزیك ببنەوە دوانزە سوارمان نارده دۆڵێك وفەرمانمان دا کە خۆیان نیشان بدەن وبەرەو (چەقا نەرگس) بڕۆن وپێیانمان ڕاگەیاند هەرکاتێ ڕوسەکان پەلاماریان دان بەرەو گوندی زندهەر هەڵبێن.

نەخشەکەمان بەجێوکاریگەر بوو، دوو سوار لە ڕوسەکان بەرەو سوارەکانمان هێرشیان هێنا. دوای ئەوەی ماوەیەك بە شوێنیانەوە بوون ولە سوارەکانی تر دوور کەوتنەوە. سوارەکانمان لە کەمینگاکەیانەوە هاتنە دەرەوە ولە پشتەوە هێرشیان بردە سەریان توانیان یەکێکیان لێ بەدیل بگرن. لەنێوان سوارەکانی ئێمە وسوارەکانی ڕوسدا شەڕ وپێکدادان ڕوویدا. ڕوسەکان بەرەو کاروانسەرای مایدەشت گەڕانەوە. سوارەکانمان دیلەکەیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا.

ئەو ڕۆژە ڕەفتارێکم لەو دیلە ڕوسە بینی کە بووە مایەی تەعەجوب وسەرسوڕمانم. هەروەك کاپیتان سون سون جلی سەربازی لەبەردا بوو، وپلەی ئەفسەری هەبوو، دیلە ڕوسەکە بێئەوەی گوێبداتێ بەترسوتەمەلوقێکی زۆرەوە بچووکی وتەعزیمی بۆ من دەکرد. لەپاڵ مندا دانیشت وهەرچی هەوڵماندا لەگەڵ کاپیتان سون سوندا بڕوات بۆ قلج خانی، نەڕۆیشت، بەتکا و ترسو لەرزەوە خۆیی نوساندبووە منەوە. بردمە چادرەکەم نەوازشتم کرد وچایی وخواردەمەنیم داپێی بەڵام هەرکاتێ چەکدارێك دەهاتە چادرەکەوە تێکدەچوو دەکەوتە حاڵی مەرگەوە.

دوای ڕۆژێك کاپیتان سون سون زۆراب خانی ئەرمەنی یەکێکی تر کە ڕوسیان دەزانی لەگەڵ خۆیدا هێنا. لەدیلەکەم پرسی تۆ کە سەربازیت بۆچی دوێنێ سەلامی ڕێزت بۆکاپیتان نەکرد؟ ووتی ئەو سوارانەی منیان دیل کرد سەربازی نیزامی نەبوون وجل وبەرگی وەك تۆیان لەبەردا بوو، وخۆمم بەدیلی تۆ دەزانی. ووتم باشە بۆچی سەرت هاوردە خوارەوە وتەعزیمت کرد وبەڵام سەلامت نەکرد.

ووتی بیستوومه ئەوپەڕی ڕێز لەئێراندا تەعزیم وملکەچکردنە، منیش ملم کەچکرد وتـوعزیمم کـرد. ووتم بۆچـی دوێنـێ زۆر دەترسـای؟ ووتـی ئەفـسەرەکانی ئێمـە پێمانیان ووتوە کە ئێرانیەکان دیلەکان دەکوژن ونابێت هەرگیز دیل ببیت.

دوای من کاپیتان سون سون چەند پرسـیارێکی لێکـرد. ووتـی لـەچ هەنگێکـدا خزمەت دەکـەیت؟ وەڵامـی دایـەوە: هـەنگی ٤٦. ووتـی سـەرکردە وفەرماندەتان کێیە؟ وەڵامی دایەوە پرنس بلوسلسکی یە.. سەبارەت بە ژمـــــــــــــارەی لەشکرەکەیان پرسیار کرا. ووتی دەهەزار سوار ودوانزە هەزار پیادەن. پرسیار کرا ئێران بێ لایەنە بۆچی هاتوونەتـە نێـو خـاکی ئێرانـەوە؟ ووتـی دەمانـەوێ بـەرەو بەغدا بڕۆین. کاپیتان ووتی لە بەغدادا لەشکرێکی فراوان هەیە ناهێڵن ئێوە بگەنـە ئەوێ. وەڵامی دایەوە پرنس بە ئێمەی ووتوە فەرمانی ئیمپراتۆرە، هەرچۆنێ بـێ دەبێت بەغدا داگیر بکەن، لەم ڕۆژانەدا بڕیارە شەش هـەزار سـواری تـازە نەفـەس (دراگۆن) بگەنە لەشکرەکەمان وبەم زوانە هێرش دەکەین.

لەبـەر ئـەم بـەرخورد تێئالآنـە بـچووکە لەگـەڵ ڕوسـەکاندا بـە ووردەکاریـەوە دەجولآینەوە وهەردوو لامان ژمـارەی پێـشقڕاوڵەکانمان پترتـر کـرد. هـەموو ڕۆژێ لـەنێوان پێـشقڕاولەکانی ئێمـەو ئەوانـدا دەرگـیری پەیـدا دەبـوو. ئـەم بارودۆخـە ڕووبەڕووبوونەوە ناتەواوە بێ شەڕو هێرش کردن نزیکەی یەك مانگی خایاند.

بەشی سـەرەکی لەشـکری ڕوس لـە کاروانسەرای مایدەشـتدا لـەنێوان خـاکی سەنجاوی وکەلوردا بوو. ئەوان یان لـەڕووی ووردەکارییـەوە یـان چـاوەڕێی هێـزی یارمەتیدەری تریان دەکرد لە هێرشی بەربڵاو خۆیان لادەدا.

پـەیکی ئێمـە ڕۆژانـە بەشـێوەی ڕیـك وپێـك بـۆ کرماشـان دەڕۆیـشت، لـە دۆستانمانەوە هەواڵی ڕاستەقینەیان پێمان دەگەیاند. لە جەمسەری ئەواندا پەیکێ لەلایەن شازادە موحسین میرزای دەوڵەت داد برای شازادە محەمـەد بـاقر مـیرزاوە کە لە تەلوگراف خانەدا کاریدەکرد وهەواڵی ڕاستی لابوو، هەواڵی هێنـا کـە شـەش هەزار سەربازی (دراگۆنی) ڕوسی گەیشتونەتە کرماشان.

لە حەقیقەتدائەم شەش هـەزار سـوارە دوای چـەند ڕۆژێك بـە چـوار هەنگـەوە گەیشتن کاروانسەرای مایدەشت وهەندێك کە لەوێ بوون گەڕانەوە.

جەبهەی سەنجاوی کەم کەم گەرمتر دەبوو. جگە لە پێشقراوڵەکانی ڕوس هەموو ڕۆژێك دوو سەد سوار کە مەتریلۆزیان لەگەڵدا بوو گەیشتنە گوندکانمان. هەر کە شەڕ لەنێوان پێشقڕاوڵەکاندا دەستی پێدەکرد بە مەتریلۆز قراوڵەکانی خۆیانیان دەپاراست. لەگەڵ ئەمەیشدا لەم دەرگیری و پێکدادانە پەرتوبڵاوانەدا زۆربە سوارەکانی ئێمە سەردەکەوتن وڕوسەکانیان ناچار بە پاشەکشە دەکرد، زۆرجاریش دەست کەوتیان هەبوو وەکو نیزە وئەسپ وتفەنگ وغەدارە کە لە کوژراوەکانی دراگۆنەکان بەدەستمان دەهێنا. بۆ پشتیوانی ئەم قسەیە لە گوندەکانی سەنجاوی کە لەپێشەوەی جەبهەکە بوون وەك گوندی "زەندهەر"، کە نزیکەی چل بنەماڵەی لە دارخورەکانی سەنجاوی تێدا نیشتەجێبوون، کە پیاوەکانیان بە دلێری بەناوبانگن، پێش دەرگیری لەگەڵ ڕوسەکاندا پتر لە چل تفەنگیان هەبوو بەڵام کەم کەم بەو دەستکەوتانە کە بەدەستمان دەهێنا بوونە خاوەنی سەد تفەنگ وجل وبەرگی سەربازە ڕوسەکانیان دەکردە بەر.

## ڕووداوی ماژور مەسعودخانی کەیهان

هەر کە جەبهەی سەنجاوی گرنگی خۆیی نیشاندا فەرماندەی ئەڵمان لە قەسری شیریندا کەوتە بەهێزکردن وپتەوکردنی ئەو جەبهەیە، وسوڵتان ڕەزا قولی خان کە بە ژمارە یەك بەناوبانگە لەگەڵ دووسەد جەندرمەدا ناردیە یاری کاپیتان سون سون. هەروا ماژور مەسعود خانی کەیهانیش بە دووسەد سەربازەوە کە لەژێر فەرمانیدا بوون ڕەوانەی سەنجاویانی کرد. ئەم ئەفسەرە لە ڕیزی ئەو لاوە ئێرانیانەدا بوو کە لە مەدرەسەی سن سیری فەرەنسە خوێندنی نیزامی وسەربازی تەواو کردبوو. ئەو کاتێ کۆچکردووەکان تارانیان بەجێهێڵا دانوستانی لەگەڵ کۆمیتەی بەرگری میللیدا کردبوو بەڕەزامەندی ئەوان پارەو پولێکی لە ئەڵمانەکان وەرگرت ولە گوندەکانی عێراق نزیکەی دووسەد سەربازی بە مووچە کۆدەکاتەوە وسەرگەرمی مەشق وفێرکردنی سەربازییان دەبێت. ئەم دووسەد کەسە کاتێ گەیشتنە سەنجاوی زۆر دیاری بوون، جل وبەرگ وچەك وسازوبەرگی سەربازییان ڕێك وپێکیان هەبوو، پزیشکێك لەگەڵ نەخۆشخانەیەکی بچووکدا لەگەلیاندابوو کەنزیکەی دە جێگای خەوتنی تێدابوو لەگەڵ دەرمانی کافیدا. بەپێچەوانەوە

جەندرمەکانی جەنەراڵ سون سون لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا بوون. لەم ماوە دورودرێژەدا لەنێوان بەفر وسەرما وسەهۆڵ وڕێکردنی درێژ وتوولانیدا زۆربەی شتومەکەکانیان کۆن ودارزا بوو. بەتایبەت ئەوە نزیکەی بیست ڕۆژ بوو پولێك نەگەیشتبووە کاپیتان وهەموو مەخارج ومەسروفاتیان وسەرجەم موجاهیدینەکانی عێلەکەمان و عێلەکانی تر لەسەر بڕواو موتمانەیەك بوو کە لەلایەن کۆلۆنێل پۆپەوە پێماندرا بوو، ئێمە هەرسێ براکە ئەو مەسروفاتەمان گرتبووە ئەستۆمان.

مەسعود خان کە بارودۆخی پەرێشانی جەندرمەکانی بینی بوو، ڕەونەقی جەمعیەتەکەی خۆیی بینی بوو غرور گرتبووی چونکە بە ماژور ناویان دەبرد وبەم شێوەیە خۆیی لە کاپیتان سون سون لەپێشەوە تر دەبینی نەدەچووە ژێر فەرماندەییەوە.

دوای چەند ڕۆژێك لە گەیشتنی بۆ ناوچەی سەنجاوی کاپیتان پێی ڕاگەیاند کە لەگەڵ هێزەکەیدا لە گوندی مەلك حەسەن، کەخاڵێکی هەستیار بوو، جێگیر ببێت، مەسعود ئەو فەرمانەی جێبەجێ نەکرد.

من ئەو ڕۆژانە بۆ بینینی مەسعود خان بۆ قەڵای قلیج خانی ڕۆیشتبووم. لە قسەکانی تێگەیشتم کە نێوان ئەو کاپیتان سون سون تێکچووە. لە ئامادەبوونی مندا فەرمانێکی لە کاپیتان سون سونەوە پێگەیشت. لەو فەرمانەدا هاتبوو بە فەرمانی کۆلۆنێل پۆپ تۆ لەژێر فەرمانی مندایت، سەرلەنوێ فەرمانت پێدەدەم کە بە جەندرمەکانتەوە بە پەلە بڕۆیتە گوندی مەلك حەسەن. ماژور بەیەکجاری لە کۆرە دەرچوو بەتوڕەییەوە وەڵامی دانەوە کە من ماژورم ئەو کاپیتانە، هیچ کاتێك ناچمە ژێر فەرمانی یەکێك لە پلەدا لەخۆم نزمتر بێت. کەمێك ئامۆژگاریم کرد. ووتم لەبەرامبەر دوژمندا پێویستە هەموومان تێکڕا ویستە تایبەتیەکانمان بخەینە لاوە.

بۆ مەیانگیری وسازکردنیان ڕۆیشتم بۆ بینینی کاپیتان سون گوتی ئەم کەسە ئەگەر جەنەرالیش بێت لەیرادا پێویستە گوێڕایەڵی من بێت. جگە لەمە ئێمە لە ئێراندا دوو تەشکیلات وسازمانی فەرمی سەربازی ونیزامی بەولاوە نیمانە، کە یەکێکیان جەندرمەیە وئەوی تریان قۆزاقە، ئەم ئاغایە لەکوێ پلەی ماژوری بەدەست هێناوە؟ ئەگەر ڕاست دەکات فەرمان وبەڵگەنامەکانی دەردەخات.

ڕاسته مەسعود خان قوتابی سن سیری فەرەنسە بوو وخوێندنی چاکی هەبوو، وکارەکانی چاك ڕادەپەڕاند، بەڵام لەیاسای نیزامی وسەربازیدا گوێڕایەڵ بوون وملکەچی بۆ فەرمانەکان پێویستە ومەرجێکی سەرەکیە. بە بۆچوونی من قسەکانی لەجێی خۆیدا بوو.

دووبارە کەوتمە دڵدانەوەی مەسعود خان، ڕازیم کرد کە بڕواتە مەلك حەسەن. کاپیتان سون سون بۆ سەرکردەی هێزەکەی مەلك حەسەنی نووسی کە شوێنەکانیان بداتە جەندرمەکانی مەسعود خان وبگەڕێتەوە. بەڵام دڵخوری ماژور بەم پەلەیە نەدەسڕرایەوە ولەکارەکانیا گوێڕایەڵ نەبوو وجەندرمەکانی بۆ سەنگەرەکان ڕەوانە نەدەکرد.

ڕۆژێ کاپیتان بۆ سەرگەشی وپشکنین دەڕوات دەڕوانێ سەنگەرەکان چۆڵن. پرسیار دەکات بۆچی سەنگەرەکانتان بەچۆڵی هێڵاوەتەوە. ماژور وەڵام دەداتەوە خاڵێکم پێ سپێردراوە کەم تەرخەمییەك ڕووی نەداوە بۆچی بێ هۆ بەهانە دەگری سون سون لەم وەڵامە تووڕە دەبێت، مەسعود خان دەست دەداتە دەمانچە وکاپیتانیش شەقێکی تێهەڵدەدات، خەڵکی گوندەکە ناوبژیان دەکەن ولەیەکیان دەکەنەوە.

سون سون بەتاو دەگەڕێتەوە قلیچ خانی، ماژور مەسعود خانیش دەستەکەی کۆدەکاتەوە وبەرەو جەبهەی ڕوسەکان دەجولێتەوە. خۆی بە دە سوارێکەوە لەپێش ئەوانەوە ڕێگای کاروانسەرای مایدەشت دەگرێتەبەر، جولانەوەکەی بۆ خۆبەدەست دانەوە بوو. وئەوەی دەنواند کە دەیەوێ خۆی بداتە دەست ڕوسەکانەوە. کاپیتان سون بە نزیکەی سی سوار ومەتریلۆزەکەیەوە بەردەمی جەندرمە پیادەکان دەگرێت و بە مەتریلۆزەکە دەست ڕێژ دەکاتە بەردەمیاندا جەندرمەکان خۆیان دەدەن بە دەستەوە. سون سون چەکیان دەکات ودەیانگێڕێتەوە بۆ قلیچ خانی.

مەسعود خان کە خۆی بێ چەك وسەرباز دەبینێ ڕێگاکەی دەگۆڕێت وبەرەو ماڵی سەردار ناسر دەکەوێتە ڕێ ودەبێتە پەناهەندەی ناوبراو. کاپیتان نامەیەکی بێ ئەدەبانە بۆ سەردار ناسر دەنوسێت ومەسعود خان وەك یاخیەکی سەربازی دەژمێرێت وداخوازی دەکات بیداتە دەستەوە. سەرداریش وەڵامێکی توندی

دەداتەوە. سون سون جەماعەتەکەی ئاگادار دەکات کە بەرەو ماڵی سەردار ناسر هێرش ببەن. ئەفسەرەکانی تری جەندرمەکان پێی دەڵێن مەگەر شێت بووینە ئێمە میوانی سەنجاویەکانین ئەوان بە گیان وماڵەوە لەگەڵ ئێمەدا هاوکاری دەکەن. ئەم هەڵوێستە مانای چییە؟

سەرداریش کە ئەم هەواڵە دەبیسێت فەرمان دەداتە سوارەکانی کە هێرش ببەنە سەر قلیج خانی، و جەندرمەکان ئاگادار دەکەن پێویستە سون سون لەنێوان خۆیاندا دەربکەن، یاوەك ئەوانیش لە ناوچەی سەنجاوی برۆنە دەرەوە ونەمێنن. کە من ئەم هەواڵەم بیست بۆ قلیج خانی هاتم.

کردەوەی سون سون لەڕاستیدا هەم ئەحمەقانە ودڕندانە بوو، سەیرم کرد کە لە ڕەفتارەکەی پەشیمان بوەتەوە، وئەویش ترسا کە ڕووداوەکە گەورەتر بێتەوە. پێم گوت سەردار توڕەیە بەڵام هەرگیز کردەوەیەکی پێچەوانەی بەرژەوەندی لێ ناوەشێتەوە.

نامەیەکم بۆ سەردار نووسی کە ماژور لە سەرەتاوە تاکۆتایی بە هەڵەدا چووبوو، وبەپێی یاسای سەربازی ونیزامی گوناهبارە. جگە لە گوێنەدانی بە یاسای نیزامی بۆچی بەرەو ڕوسەکان ڕۆیشتبوو، ئێستاکە کە بوەتە پەناهەندە لە ماڵی تۆدا ئەو لەم بارەوە قسەیەکی نەماوە، بەسەلامەتی وئاسایشەوە بەرەو قەسری شیرین ڕەوانەی بکە تا ڕووداوەکە بۆ فەرماندەکەی ڕوون کاتەوە وفەرماندەی گشتی هەردوو لایان دادگایی بکات.

سەرداریش ئامۆژگارییەکەمی قبوڵکرد، مەسعودخانی لەگەڵ چەند سوارێکدا ڕەوانەی قەسری شیرین کرد. کاپیتانیش بۆ ڕازیکردنی سەردار چووە ماڵیان وناڕەحەتیەك لە بەیندا نەما وپیاوەکانی مەسعود خان بۆ نێو هێزی جەندرمەکان گەڕانەوە.

## ڕووداوی سەربڕینی پرنسێکی ڕوسی

ڕۆژێ کە نۆرەی پێشقراوڵی و پاسەوانی قەڵخانیەکان بوو، دە سوارێك لەوان بەسەرکردایەتی قەنبەر "مارف قەمەر" لە تیرەی (قُری) کە بە ئازایی وبێباکی وبوێری ودلاوەری بەناوبانگن بەرەو "کاشنبە" دەڕۆن. لەو ڕۆژەدا کوڕی پرنس "بلوسلسکی" فەرماندەی هێزەکانی ڕوس لە کرماشاندا کە پلەی کاپیتانی هەبوو،

به دوو سەد سوارێکەوە دێتە ئەو ناوە کە لە بارودۆخی بەرزی ونزمی زەوییەکانی ئەو دەوروبەرە نەخشە بکێشن. ڕوسەکان تووشی سوارەکانی قەڵخانی دەبن، وهێرش دەبەنە سەریان، قەڵخانیەکان هەڵدێن، وتەنها مارف قەمەر لە شوێنەکەیدا دەمێنێتەوە وبەرگری دەکات. لە ئەسپەکەی یەتە خوارەوە ولەپشتی بەردێکدا سەنگەر دەگرێت وبە فیشەکی یەکەم کاپیتان "بلوسلسکی" وبە فیشەکی دووەم سوارێکی تر لە ڕوسەکان دەکوژێ وبە تیری سێیەم ئەسپەکەی کاپیتان دەکوژێ. قەڵخانیە هەڵاتووەکان کە ئەم ئازاییە دەبینن دەگەڕێنەوە وپێشقراوڵەکانی ئێمە وگۆڕان هاتنە یارمەتیانەوە وشەڕێکی سەخت ڕوودەدات. ڕوسەکان هەڵدێن، شەڕکەرەکان دێنە سەر لاشەی کاپیتانە ڕوسەکە جل وبەرگ وئامێری نەخشە کێشان وزین بەرگی ئەسپەکەی وچەکەکەی، کە بریتی بوو لە تفەنگێك ودەمانچەیەك، دەبەن.

فەتاح ناوێ قەڵخانی کوڕی کەیخەسرەو کە بە (فەتاح کیکل) بەناوبانگە سەری کاپیتان دەبڕێ ودەیخاتە ناو تورەکەیەکەوە و وایدەزانی پیرۆزی وسەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە وچاوەڕوان دەبێت پارەوپولێکی فراوانی وەکو پاداشت پێ بدرێت.

لەو ڕۆژەدا کاپیتان سون سونی سویدی وکاپیتان چێرنەری ئەڵمانی هاتبوونە ئۆردووگاکەی من لە گوندی چقا گنوژ دانیشتبووین سەبارەت بە مەیدانەکانی شەڕ گفتوگۆمان دەکرد لەناکادا بینیمان فەتاح کیکل بەپەلە وتورەکەیەك بەدەستەوە هاتە ژوورەوە، سەرەکەی لە تورەکەکەی دەرهێنا، لەبەردەم من وکاپیتان سون سوندا دانیا وبەلەهجەی قەڵخانی تایبەتی خۆی ووتی قوربان بە ئیقبالی تووە سەری (کاپوتانم)میەعنی (کاپیتانم) هاوردووە. لەم کردەوە بە ڕادەیەك شەرمەسار بووم کە سنورێکی نەبوو. سون سون وچێرنەریش ڕوخساریان لە تووڕەییدا تاریك بوو وداگیرا، بەمنیان گوت ئەم کردەوە دڕندانەیە لە یاسای شەڕدا بەرپرسیاریەتیەکی سەنگین وقورسی هەیە. ئەگەر ئەم کردەوە قێزەونە ڕووینەدایە تەرمەکەیم بۆ ڕوسەکان دەناردەوە. فەرمانم دا سەرەکەبشۆن ولەشوێنێکدا بینێژن.

سیّ سواری سەنجاوی وسوارێکی قەڵخانیم نارد کە لاشە بێسەرەکەشیان هێنایەوە ولەپاڵ سەرەکەیدا ناشتیان. جنێوێکی زۆرم بە فەتاح کیکل دا ولە ئۆردووەکە کردمە دەرەوە. بیستم لە وەڵامی جنێوەکانمدا وتوویەتی "پاداشتێکی عەجیب وسەرسوڕهێنەری دامیّ لەمەڕ هاوردنی سەری کاپیتان، بڕی دەسەر گا نەزربیّ بەسەرمەوە ڕوسەکان وئەڵمانەکان دۆستی یەکترین ودرۆ لەگەڵ ئێمەدا دەکەن".

مارف قەمەر تفەنگە خودکارەکەی کاپیتانی بۆم هێنا وجانتا وئامێری نەخشە کێشانەکەیم دا بە کاپیتان سون سون وچێرنەر. سەیریان کرد وبۆیان ڕوون بووەوە کە تەنگەی کاشنبە نەخشە کێشییان لیّ کردووە.

ڕوسەکان پێش ئەمەیش هەمیشە سوربوون کە تەرمی کوژراوەکانیان بوەنەوە، ئەم جارە بۆ دۆزینەوەی تەرمی ئەم خاوەن پلەیە یەکجار کۆشش وتەلاشیان کرد. هەموو ڕۆژێك دەستەیەك لەوان لەم ناوچانەدا وەدەردەکەوتن ونێوان ئەوان وپاسەوانە تیرەی دارخورەکانی ئێمە شەڕ ودەرگیری ڕوویدەدا.

نزیکەی یەك مانگ بوو نەگەڕابوومەوە بۆ خۆشۆردن وحەسانەوە. هاتمە بەندار شەوم لە گەڵ میوانە شاریەکانمدا کە لە ماڵی ئێمەدا بوون تێپەڕاند. سبەی لەگەڵ خۆرهەڵاتندا دەنگی تەقەی تفەنگ ومەتریلۆز لەو دورەوە دەبیسترا. بەتاو بەرەو مەیدانی شەڕ کەوتینە ڕیّ.

لە بەندارەوە تا جەبهەی شەڕ سیّ سەعات ڕێدەبوو. ڕوون بووەوە کە هەستەی شەڕەکە لە دەوروبەری دارخورەکاندا وگوندی زندهەرە.

کەمیّ پێش گەیشتنی ئێمە سوارەکانی ئۆردووەکەیش گەیشتبوون. وهەرچی خاڵی شەڕکەرەکان هەبوو لەودەوروبەرەدا بە دەنگی تەقەوە هاتبوون وکۆبوونەوە. دەنگی تەقە ڕیزی مەتریلۆز بە ئەندازەیەك تیژ وتووند بوو کە وامان دەزانی هەموو دارخورەکان نابوود کراون.

ڕوسەکان ئەمجارە نەك بە شوێن تەرمدا هاتبوون بەڵکو بە نیەتی تۆڵە سەندنەوەوە پتر لە دوو هەزار سوار وپیادەیان کۆکردبووەوە. پاسەوانەکانمان کە دەیان بینن ولە زۆری ژمارەیان ئاگادار دەبن دەگەڕێنەوە گوندەکە، وسەرجەم ژن

ومنـــاڵ دەنێرنـــە میلـــە وشـــورئاوا. وپیادەکـــان لـــە ســـەنگەرەکانی دەوروبـــەردا دادەمەزرێن.

ڕوسەکان هێرش دەبەنە سەریان وبەرگریکەرەکان هێرشەکەیان دەشکێنن. لـە سەربازەکانی ڕوس پتر لە سی کەس دەکوژرێن وزامار دەبن. بەقسەی ئەوانەی لـە سەنگەرەکەدا بوون چەکدارەکانی ئێمەیش زیانیان لێ دەکـەوێت لەوانـە شاسـواری دارخـوری لاوێکـی دلێـر بـوو کـە ئـاڵاداری ئۆردووەکـەی ئێمـەبوو، دوو فیـشەکی بەردەکەوێت لەگەڵ ئەمەیشدا بەرگری دەکات ونزیکەی دە سـەعات ڕێ بـە هێـرش کـەران نـادات بێنـە پێـشەوە، تـا ئۆردووەکـەمان لـە دەوروبـەرەوە کۆدەبنـەوە ودەگەنە گەرمەی شەڕەکە.

هێزەکەی ئێمە بوونە سێ بەشەوە: سەردار ناسر ومن لەگەڵ سوارەکانماندا لە دڵی لەشکرەکەدا جێگیر بووین. فەتح ئەلسوڵتانی کولیایی بەسوارەکانیەوە لەگەڵ دوو سەد سواری سەنجاویدا لـە بـاڵی ڕاسـتدا جـێگیر بـوون. سـالار زەفـەر لەگـەڵ جەمعێ چەکداری سەنجاوی وموجاهیدینەکاندا لە باڵی چەپیاندا جێگیر بوون.

لـــە هەرســـێ جەبهەکـــەوە شـــەڕ دەســـتی پێکـــرد. دارخورەکـــانیش لـــە سەنگەرەکانیانەوە دەست ڕێژیان دەکرد. نزیکـەی یـەك سـەعات شـەڕی سـەنگەر بەردەوام بـوو. لـەم بەینـەدا کوێخـا عـەلی سـەلیم ئاغـا لـە تـیرەی جەلیلوەنـد کـە سوارێکی دلێر وبێباك بوو، بەڵام هەر بەو ئەندازەیە سادە وڕووکەش بوو بـە چـەند سوارێکەوە گەیشت ودەستی کردە دنەدانمان کە هێرش ببەینە سەریان.

مـن وسـەردار ناسـر لەبـەر دوو هـۆ مۆڵـەتی هێرشمـان نـەدا. یەکـەمیان زەوی ناوچـەکە یـەکجار قـوڕاوی بـوو ئەسـپەکانمان توانـای غـارو تـاوی زۆریـان نـەبوو. دووەمیان ڕوسەکان دوو سـەد چـەکداریان لەبەرامبـەر ئێمـەدا ڕاوەسـتاندبوو و بـە سوارەکانی تریان پاشەکشێیان کردبوو تا لە کاتی پێویستدا هێرش بکەن.

سەلیم کە لەئێمە نائومێد بوو خۆی گەیاندە سالار زەفەر. سـەردار ناسـر ومـن زانیمان کە هەر ئێستاکە سالار زەفەر هاندەدا، سوارێکمان نارد بـۆ لای سـالار کـە هێرش نەکات، بەڵام سوارەکە نەگەیشتبوو لەناکادا سالار زەفەر وموجاهیدینەکانی ســەنجاوی وغــەیری ســەنجاوی کــە بــتر لــە چــوار ســەد ســوارێك دەبــوون لــە سـەنگەرەکانیان هەڵکـەنیان وسـالار زەفـەر لـە پێـشی سـوارەکانیەوە تـاوی دەدا

وشیعری حەماسی دەخوێندەوە. ڕوسەکان لە بەرامبەریاندا هەڵهاتن تا گەیشتنە دۆڵێك کە سەربازەکانیان خۆیان تێدا حەشاردابوو بە یەکجار نزیکەی پێنج سەد سواری نیزەدار بە هورا کێشانەوە هێرشیان هێنایە سەر هێرشکەرە سەنجاوی و موجاهیدینەکان وتێکەڵاوی یەکتری بوون. جەمعیەتەکەی سالار شکستیان هێنا، سوارە ڕوسەکان وسوارەکانی ئێمە بەڕادەیەك چوونە ناو یەکتریدا ونزیك بوونەوە من وسەردار ناسر تەقەمان ڕاگرت وتەقەمان لە سوارەکانمان قەدەغە کرد، بەڵام سواربووین ولەبەرامبەریاندا ڕاوەستاین. ڕوسەکان پتر لە هەزار پێیەك نەکەوتنە شوێنی هێزەکانمان. لەسەنجاویەکان وموجاهیدینەکان لە مەیدانی ئەو شەڕەدا چواردە کوژران وسی زامار بوون. ئەسپەکەی سالار نۆ فیشەکی وەبەرکەوت ولەمەیدانی شەڕەکەدا بە جێما. دووسواری ڕوسەکان بە سەر نیزەوە هێرشیان بردە سەری بە فیشەکێك سواری یەکەم وبە فیشەکی دووەم سوارەکەی تری کوشت وڕزگاری بوو.

هەر کە باڵەکەی سالار زەفەر هێرشیان هانی کولیاییەکان وسەنجاویەکانی باڵی ڕاستیش هێرشیان هێنا. هەروەك سەربازە پیادەکانی ڕوس بە بێڵەکانیانەوە سەنگەریان کەندبوو ولە سەنگەرەکانەوە تەقەیان لە هێرشکەرەکان دەکرد بەڵام سوارەکانی سەنجاوی وکولیایی چوونە نێو سەنگەرەکانیانەوە. ڕوسەکان چەند بۆمبایەکیان بەرەو ئەوان فڕێدا چونکە زەویەکە قوڕاویبوون نەتەقین نزیکەی پەنجا سەرباز لە ڕوسەکان داوانزە شەڕکەر لە سەنجاوی وکولیاییەکان کوژران وزاماربوون.

لەم ڕۆژەدا کولیاییەکان ئازایی ودلاوەرییەکی بێ هاوتایان نیشاندا. ئەسپەکەی فەتح ئەلسوڵتانیش دووسەری نیزەی پێوەبوو. نزیکەی حەفتا تفەنگ دەستکەوتی سەنجاویەکان وکولیاییەکان بوو.

من وسەردار ناسر کە بینیمان سالار زەفەر وڕوسەکان لەیەك جیابوونەتەوە وڕوسەکان بۆ شوێنەکانیان گەڕاونەتەوە ڕۆیشتینە گوندی زەرندهەر. دارخورەکان لەگەڵ گەیشتنی یارمەتی وکۆمەك بۆیان خۆشحاڵ بوون وخۆشیان نواند ولە سەنگەرەکانەوە هاتنە دەرەوە. لەم کاتەدا ڕوسەکان تۆپە قورسەکانیان بەرەو

سەر کێوەکـە گوێزایـەوە ونزیکـەی سـەد تۆپیـان بـە ئێمـەوە نـا کـە زۆر کاریگـەر نەبوو.

نزیکەی خۆرئاوا دوژمن تێکـڕا سـەنگەرەکانی کـۆکردەوە وبـەرەو کاروانسەرا ڕۆیـشتن. ئێمـەش پاسـەوانەکانمان دانـا ولەگـەڵ پاشمـاوەی سـوارەکاندا بـەرەو شوێنەکانمان بەڕێکەوتین. لـەماوەی ئـەم شـەڕەدا یـەك مـاڵ لـە عێلـی سـەنجاوی شـوێنەکانیان بەجێنـەهێڵاو هـەموویان بـەدڵێکی بـەهێزەوە خـەریکی تـۆوم کـردن وکشتوکاڵی بەهارە بوون.

ئەم شەڕە گەورەیە کە بـە ئامـانجی تۆڵەسـەندنەوە بـەهۆی کـوژرانی شـازادە ئەفسەرە ڕوسەکە ونەدۆزینەوەی تەرمەکەی لەلایەن ڕوسـەکانەوە دەسـتی پێکـرد منی خستە یادی داستانێکی کۆن وباستانی شەڕەکانی ئێران وتورانیەکانەوە. لـەو شـەڕانەدا (ڕیـو) شـازادەی ئێرانـی دەکوژرێـت وتاجەکـەی دەکەوێتـە سـەر زەوی ئێرانیەکان هەوڵدەدەن کە تاجەکەی بەدەست بهێننەوە بەڵام لـە گەرمـەی شـەڕدا قەمچیەکەی بارام وون دەبێت وئەو دلاوەرە ئازایە دەگەڕێتەوە مەیـدانی شـەڕەکە ودەکوژرێت.

سـێ ڕۆژ دوای ئـەم شـەڕە گەورەیـە نزیکـەی پێـنج سـەد سـوار وپێـنج سـەد سەربازی پیادەی ڕوس لـە سـەراونێل ودەوروبـەروی کێـوی کـەماجارودا کـە ڕووی کردوەتە مایدەشتی سەنجاوی بەرەو ئێمە دەهـاتن. سـەید حەسـەن کـوڕی سـەید قاسمی مایدەشتی بە سەد سوارێکی موجاهیدەوە لە گوندی قەڵای داراب خـان لـە دامێنی ئەم کێوەدا نیشتەجێبوون.

ڕوسەکان لەگەڵ خۆیاندا تۆپی گەورەیان هاوردبوو کە بە دەنگە مەزن وگەورە وترسناکەکەیەوە خـەڵکی سـەنجاوی دەتۆقانـد. لەسـەری کێوەکـەوە دوو گونـدی قەڵای داراب خان و سێ تەپە وخەڵکەکەی سەید حەسـەن وموجاهیـدەکانی تریـان دایە بەر تۆپ، گولە تۆپەکانی بە ئەندازەیەك گەورەبوون کە لە هەرشوێنێکی بدایە چاڵێکی گەورە ومەزنی لە زەویدا دروست دەکرد سێ مانگ ئاو تێیدا ڕێـی دەکـرد. نزیکەی سەد تۆپ بێ هۆو بێ نیشانە گیری بەفیڕۆ دا چوو، تەنها کاریگەرییـەکیان ڕمانی دووماڵی کرمانجێکی ئەو ناوچەیە بوو.

عەسری ئەو ڕۆژە ڕوسەکان بـەرەو کرماشـان ودایـچی گەڕانـەوە. گولـە تۆپـە بەجێماوەکانیان بە ئەندازەك گەورەبوو کـە سـەنجاویەکان لـە نێوانیانـدا برنجیـان دەکوتا.

لەو ڕۆژانەدا دادگایی سەبارەت بە ململانێ ودووبـەرەکی مـاژور مەسـعود خـان وکاپیتان سون سونەوە لە قەسری شیرین دروست بووبوو نامەیـەکم پـێ گەیـشت. هەردوو لایەنەکە شایەتی منیان قبوڵکردبوو ئەگەرچی بەپێی یاسا ماژور مەسعودم بە گوناهکار دەزانی بەڵام لەبەر ئێرانی بوونی وپەناهەندەیی بۆ ماڵی سەردار ناسر نەمویست بارەکەی قورس بکەم. لەلایەکی ترەوە دۆستی کاپیتـان سـون سـونم لا گرنگ بوو وئەوم بـە ئەفـسەرێکی شـەریف وئـازاو لێهـاتوو دەزانـی. لەبەرئەمـە لـە شـایەتیدانەکەمدا ململانێکـەم گـرنگ نەنوانـد وگەڕاندمـەوە بـۆ تووڕەبـوونی کـاتی هەردووکیان. سەرەنجامەکە ئەوەبوو کە سون سون ئیتر بۆ سەنجاوی نەگەڕایـەوە ولەجێی ئەودا چێرنەریان دانـا وچـەکدارەکانی مەسـعودخانیش چـوونە نێـو هێـزی جەندرمەوە.

لە ئـازایی وشـەرافەتی کاپیتـان سـون سـون هـەر ئـەوە بەسـە کـاتی هێرشـی ڕوسەکان بۆ کەنگاوەر و بیسور دەسـی پێکـرد چـل وهەشـت سـەعات چـاوەڕوانی ماژور کلینی ئـەڵمانی بـوو، وچـونکە کلـین نـەیتوانیبوو پەیوەنـدی لەگەڵـدا بکـات داخوازی لە سەردار ناسـر وسـوارەکانی سـەنجاوی کـرد کـە بگەڕێنـەوە وخۆیـشی دوای ئاگاداربوونی لە داگیرکردنی کرماشان لەلایەن ڕوسەکانەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا دوژمنێکی وەك ئەمیر ئەمجەدی کولیایی لەبەردەمدا هـەبوو، هێـزی جەندرمـەکانی بـە نـەزم وئازاییـەوە لـە سـەنقورەوە جوڵانـدەوە، وفـەتح وسـوڵتانیش بـە حـەفتا سوارەوە لەگەڵیدا هات وبەڕێك وپێکی بێ ئـەوەی زیانێکیـان لێبکـەوێت گەیـشتنە ناوچـەی سـەنجاوی. ئـەم ئازییـە بـووە هـۆی ئـەوەی کـە ئەڵمانـەکان بـە پلـەی کاپیتانیەوە لە لەشکرەکەیاندا دایمەزرێنن.

## خیانەتێکی گەورە لە سە نجاوی دا

دوای ئەوەی گوێمان نەدایە نامەکەی ئەمیر کـل جێگـری حکومـەتی کرماشـان سەبارەت بە دۆستی وسازش لەگەڵ ڕوسەکاندا، سەید حەسـەنی ئۆجـاق موعازید

ئـەلمولك وبيگلەربـەگی بـە ئاماژەی ڕوسـەكان لەگـەڵ عەبدولعـەلی خـانی اللاهیـار خانیدا كەوتنە دانوستانەوە ونامەیان بۆ دەنووسی لەم ڕووداوە دۆستانی شـارمان ئاگاداریان كردین.

عەبدولعەلی خانی كوڕی اللاهیار خانی سەرۆكی تیرەی گەورەی اللاهیار خـانی سەنجاوییە، بنەماڵەكەیان لەگەڵ بنەماڵەكـەی ئێمـەدا لەیـەك بنەچـەكن. یـارموراد خان باپیرە گەورەی ئامۆزای باپیرەی ئێمە حەسەن خانـە ولـە یـاران ولایـەنگرانی گەورەی ئەو دەژمێردرێت. هەروەك لە پێشەكی ئەم بیرەوەرییەدا ئامـاژەی پێكـرا حەسەن خان لە ژیانیدا لە پێشەوە موڵكەكانی بەنداری دا پێیان، بەڵام چونكە یار موراد خانی لەگەڵ ڕۆستەم سوڵتانی تفەنگچی دا ژنخـوازی كردبـوو لەبـەر بـچڕێنی دەستمان لە یەكتری ئەو گوند وباخ و كەشتزارەی ناوبراوانەیان گەڕانـدەوە و ئـەو دێهاتانەی كە ئێستە بە للای خانی بەناوبانگن پێشكەشیانی كرد.

اللاهیارخـان بـاوكی عەبدولعـەلی خـان كـە باسمـان كـرد بـە هانـدانی وەكیـل ئەلدەولە لەگەڵ خوالێخشبوو فەرەجوللا خانی گەورەی بنەماڵەی ئێمـەدا وحـاكمی ئەوكاتەی سەنجاوی دوژمنی دەست پێكردبوو تا خـۆی چـەند ڕۆژێك بـووە حـاكم وفەرمانڕەوای سەنجاوی.

لەو دەوروزەمانەی ئێمەدا پیـاوی خۆشەویـست وهەڵكـەوتووی ئـەو بنەماڵەیـە جەهانگیر خان كوڕی قەریب خان بوو كە ئامۆزای عەبدولعەلی خان دەژمێردرا.

خەڵكی اللاهیار خانی وسەنجاوی بەرەو ئەو و براكانی دەڕۆیشتن وگوێڕایەڵیان بوون. ئەم بارودۆخە هەستی حەسادەتی عەبدولعـەلی خـانی ئـاگرین كردبـوو، وتـا ئـەوەی چـەند سـاڵێكی لەمەوبـەر لـە دانیـشتنێكی میوانیـدا لـە ماڵەكەیـدا ئـەوانی غافڵگیر كردبوو وبێ بەزەییانە جەهانگیر وحەبیب خان ودووبرای تریـان وبرایـەكی خۆیشی كوشتبوو. لەم كۆكوژیە بنەماڵەییەدا كەسێك ڕزگاری نـەبووبوو تـەنها دوو منداڵی بچووك نەبێت. یەكێكیان ئەكبەرخانی اللاهیاریوبرایەكی تری جەهانگیر كـە مەنسور خانی ناوبوو بەهۆی ژنێكی كارەكەرەوە بە جل وبـەرگی گـۆڕاوەوە ڕزگـار كران.

ئەم پێشینە ڕەش و شوومە کینەیەکی عەجیبی سەبارەت بەم خانە براکوژە لە مندا دروست کردبوو، کە هەرگیز نەمدەتوانی ڕووبەڕووی ببمەوە بێ ئەوەی ناڕەحەتی خۆم نیشان نەدەم.

لەم قۆناغەدا پەیوەندی ئەو لەگەڵ ڕوسەکان ودەست ودایرەیاندا ئاشکرا بووبوو. سەردار ناسر ویستی کە بیهێنێت ولەگەڵیدا پرس وجو بکات، ووتم ئەم کارە مەکە چونکە ئەگەر ئەو سەرگەرمی ئەم کردەوەیە بێت بە بانگهێشتی تۆ نایەت بۆ لات وهەر ئاگادار بوو کە لە پەیوەندیو چالاکییەکەی ئاگادارین بەئاشکرا بەرەو ڕوسەکان دەڕوات ودەردەسەرێکی تازەمان بۆ دەرەخسێنێت. چاکترە بۆی بنوسیت کە لە ڕوباری قەرەسوور بەولاوە بە ئەو سپێردراوە پێویستە لە پاراستنیدا هەوڵ وکۆشش بکات ولە جوڵانەوەی لەشکری ڕوس لە دەوروبەری مەیان دەربەندا ئاگادارمان بکات. سەرداریش هەر بەم شێوەیە نامەیەکی بۆ نووسی وئەومان وەکو خۆی هێڵایەوە.

دوای ماوەیەك یەکێك لە باوەڕ پێکراوەکانمان نامەیەکی ڕەمزی بە شفرەی عەلی موراد خانی ئیحتیشام ئەلمەمالیکی کرندی کە بۆ فەرماندەی ڕوسەکانی نووسیبوو بەدەست هێنابوو. پیتەکانی ئەم نامەیەبە ژمارەی هەندەسی نوسرابوون. لەماڵی ئێمەدا خوێندەواری وەك شازادە محەمەد باقر میرزا ومازور لاهوتی خان هەبوون کە لە کردنەوەی ئەو ڕەمزانە دامان دەستەپاچەبوون وبۆیان نەخوێندرایەوە.

عەبدولعەلی خانی زەهوری میرزا بنوسەکەم نامەکەی گرتە دەستیەوە وجگەرەیەکی داگیرساند وچەند خولەکێ لێی ووردبوویەوە لەناکادا هاواری کرد دۆزیمەوە. دۆزینەوەکەی بەم جۆرە ڕوون کردەوە، ووتی: تێفکرام پیرە پیاوێکی کۆنە پەرستی وەك عەلی موراد خان کە پابەندی قەید بەند وناونیشانە لە نامەی ڕەمزیشدا نازناو بەکاردەهێنێت. کاتێ سەیری سەردێڕی نامەکەم کرد ووشەیەکم بینی کە پیتی یەکەم وئاخری لەیەك دەچن وبەخۆمم ووت کە ئەو ووشەیە (ئاغا)یە. دوایی ووشەیەکی چوار حەرفیم بینی کە پیتی سێیەمی لەئەلفێ کە من وام دەزانی ئەلفە لەیەك دەچوون. هەروا ووتم وابزانم ئەم ووشەیەش (جەنابە).

دوای خوێندنەوەی ئەم پێنج ووشـەیە وهـەر بـەیاری ئەوانـەوە ووشـەکانی تریـشم خوێندەوە.

نامەکە ڕاپۆرتێك بوو سەبارەت بە بارودۆخی ئاڵۆزی هێزەکانی میللـی گراکـان وعوسمانیەکان لە ناوچەی سەرمیل وپاتاقدا. سەبارەت بە سەنجاویش نووسیبووی چـاکترە کـە ڕاسـتەوخۆ هێـرش بکەنـە سـەرقەڵا وماڵـەکانیان. لـەو حاڵەتـەدا بـۆ ڕزگارکردنی ژن وماڵ ومناڵیان ناچار دەبن ئـەم شـوێنانە بـەجێ بهـێڵن. هـەروەها ئامۆژگاریانی کردبوو سەبارەت بەم مەوزوعە لـە ڕێنمودەکـانی ئاغـای عەبدولعـەلی خانی اللاهیار خانی کە دۆستتانە سوود وەربگرن.

بۆ ئێمە ئیتر دوو دڵییەکی تێدا نەمابوو کە عەبدولعەلی خان خـۆیی بـە دوژمـن فرۆشتووە. دووبارە نامەیەك لە شازادە موحسین میرزاوە بۆ شازادە محەمەد بـاقر میرزا گەیشت کـە بڕیـارە تـا چـەند ڕۆژێکـی تـر هـەنگێکی نـوێ بگاتـە ڕوسـەکان. جەنـەڕاڵ بـاراتوف فەرمانـدەی گـشتی لەشـکری ڕوس لـە ئێرانـدا ئـەمڕۆ دەگاتـە کرماشان وپرنس بلوسلسکی لەوێ نامێنێت.

دوای دوو ڕۆژ هەواڵمان پێگەیـشت کـە جەنـەڕاڵ بـاراتوف گەیـشتۆتە شـاری کرماشان وهێزی نـوێ پـەیتا پـەیتا دەگەنـە ناوچـەکە. سـەرجەم ئـەم هەواڵـەمان بەهۆی پەیکەوە بۆ قەسری شیرین ڕەوانە کرد.

لەم بەینەدا کاپیتان چێرنەر نامەیەکی بۆم نووسی وداخوازی بینینمی کردبـوو ڕۆیشتمە قلیج خانی، ووتی کۆلۆنێل پۆپ خەبەری پێداوە کە عەباس خانی ئـەمیر مەخسوس لەگەڵ ماژور هۆفمـان وشـەش سـەد سـواری کـەلوردا ڕاسـپێردراوین لـە بەرامبەر ڕوسەکاندا ڕاوەستن ونەیەڵن بەرەوپێـشەوە بـڕۆن. سـەبارەت بـە هـاتنی هێزی تازە بۆ ڕوسـەکانیش ووتـی پـێم وایـە هێـزی تازەیـان بـۆ نـەهاتووە ئەگـەر بهاتایە ئەم خەبەرە بە فەرماندەی ڕۆژهەڵات دەدرا وئەوانیش ئێمـەیان خەبـەردار دەکرد. دوای دوو ڕۆژ هـەواڵ گەیـشت کـە مارشـاڵ فـۆن در گلتـز پاشـا لـە بەغـدا کۆچـی دوایـی کـردووە. ئەڵمانـەکان بـۆ فـەوتی ئـەم سـەردارەیان یـەکجار مـەلول ودڵگرانن.

## شەڕی گاریبیەکان "عەرەبانەکان"

تێکڕا فکر وتـەلاش وهـەوڵی ئەڵمانـەکان لـەوەدا خەست بووبـووەوە کـە لـە بارودۆخی خراو وشڕی ئابلۆقـەدراوەکانی جەنـەڕاڵ تاوزەنـدی ئینگلـیس لـە کوتـو ئـەلعیمارەدا ئاگـادار بـوون وئـەیانزانی قـوتی لایـەموتیان بۆماوەتـەوە وغـەیری خۆبەدەستەوەدانەوە شـتێکی تریـان بـۆ نەماوەتـەوە، بۆیـە دەیانویـست بـە هـەر قیمەت وبەهایەك بووە تا لە توانا و وزەدا هەیە نەهێڵن ڕوسـەکان بـەرەو پێـشەوە بڕۆن تا بارودۆخی کوت ئەلعیمارە یەکلایی دەبێتەوە. ئامادەیی ڕوسەکانیش هـەر بەو هۆیەوە بوو کە فشارێك بهێنن و یارمەتیەك بە ئابلۆقەدراوەکان بگەیەنن.

کاپیتان چێرنەر دەیویست کـە خـۆی بـەرەو دایـچی کـە لـە چـوار فەرسـەخی کرماشاندا بوو بڕوات لە نزیکەوە بارودۆخی ڕوسەکان هەڵسەنگێنێت وئاگادار بێت، چونکە لەو باوەڕەدا بوو هـەرکاتێ ڕوسـەکان ویـستیان هێرشـی گـەورە بـۆ پاتـاق وقەسری شـیرین بکـەن بەشـێکی زۆری هێزەکـەیان لـەم هێڵـەوە بـەرەو (جـوانڕۆ) بجولێننەوە کە لەڕێی (گەورە ڕێی) وگۆرانەوە بەرەو زەهاو بڕۆن. من نەمهێڵا ئـەو کارە بکات و گوتم موسـەلم بـووە کـە هێـزی نـوێ بـۆ ڕوسـەکان گەیـشتووە ولـەم ڕۆژانەدا هێرش دەکەن، و ئەم جولانەوەیە بێ سوودە.

سەرەنجام کاپیتان چێرنەر لەگەڵ فەتح ئەلسوڵتانی کولیاییدا بەرەو (دایـچی) ڕۆیـشتن کـە لـە بـارودۆخی ڕوسـەکان ئاگـاداربن وئێـوارەی درەنـگ گەڕانـەوە. واڕێکـەوت لـە شـەوی هـەر ئـەو ڕۆژەدا ڕوسـەکان نەخـشەکەیان، کـە نەهێـشتن ونابودکردنی هێزی سەنجاویەکان بوو، ئەنجامیان دا. بەشـەو نزیکـەی سـێ هـەزار سواری پیادەیان جولاندەوە ولەڕێی کاشنبە وبیدگلـەوە گەردەنـەی (ملـەی ئـەمیر خان)یان داگیرکرد. سەرجەم سـەربازە پیادەکانیـان بـردە سـەر گەردنـەی مولـە وقلە کێو و قەلای قازی.

سبەی لە خـەو هەڵسابن پاسـەوانەکان هـەواڵی پێـشەوە هـاتنی ڕوسـەکانیان هێنا. کاپیتان چێرنەرم ئاگادار کرد کە بە تێکڕا جەندرمە وتۆپ ومەتریلۆزەکەیەوە بکەوێتـە ڕێ. سـەرجەم سـوارانی سـەنجاوی وگـۆران وکولیـایی لـە گونـدی مـەلك حەسەندا کۆبوونەوە. سوڵتان ڕەزا قولی خانی (نمرە یەك) بە دووسەد جەندرمـەی پیادەوە وتۆپێکی شنیدەری کێوی ومەتریلۆزەکەیەوە هاتنە لامان.

سوارەکانمان هێرشیان دەست پێکرد وبەشێك لـە سـەنگەرەکانی شـاخەکەیان لەدەستی ڕوسەکان وەدەرهێنا. بـەمانا سـێیەکی کێـوی ممولوکـە کەوتـە دەسـتی ئێمـە ودوا سـێ یەکەکـەی تـری بەدەسـتی ئەوانـەوە مایـەوە. سـوارەکانمان کـە سـەنگەرەکانیان داگیردەکـرد جەندرمـەکان بـە فـەرمانی ڕەزا قـولی خـان هێلێکـی زنجیرەیی بەرگرییان دروست کرد وبەرەو سەنگەرە داگیرکراوەکان ڕۆیـشتن. ئێمـە پاشماوەی سوارەکانمان کردە دوو بەشەوە. چوار سەد سواری چالاکی سـەنجاوی بەرەو تەپـەی پـشت میلکـە وشـورئاوا نـارد بـەو ئامانجـەوە پەیوەنـدی ئـۆردووی ڕوسەکان لە گەڵ هەستەی سەرەکیاندا لە مایدەشت بپچڕێنین. من وسـالار زەفـەر پاشمـاوەی سـواری سـەنجاوی وگـۆران وکولیـایی لەگـەڵ مـەترێلۆز وتۆپـە شنیدەرەکەی سـوڵتان ڕەزا قـولی خانمـان لەگـەڵ خۆمانـدا بـرد وبـەرەو جەندرمـە وسوارەکانی خۆمان لە سەنگەرەکاندا ڕۆیشتین. لەبەشی بەرزاییـەکانی کێوەکـەوە کـە بەدەسـتی ڕوسـەکانەوە بـوو دایانمانەبـەر مـەترێلۆز. خۆمـان دا بەزەویـدا وهەرچۆنێ بوو توانرا بەبەرد وخۆڵ سـەنگەرمان بـۆ مـەترێلۆزەکان دروسـت کـرد. جەندرمـەکانیش لـەو سـەنگەرانەدا کەشـەو ڕوسـەکان کەنـدبوویان وسـوارەکانمان داگیریان کردبوو جێگیر بوون.

لـەم بەینـدا تەماشـامان کـرد سـێ عەرەبانـە بـە هێـسترێکی زۆرەوە ئازوقـەو زەخـیرە بـۆ ڕوسـەکان دەبـەن نزیکـەی پـەنجا سـواریان لەگەڵـدا بـوو بەشـێك لـە سوارەکانی ئێمە بەرەو عەرەبانەکان شالاویان هێنـا، لـەناکادا لـەلای ملـەی ئـەمیر خانەوە دەستە دەستە قـۆزاقی ڕوس بـە مـەترێلۆیز وغـەدارەوە هێرشـیان هێنایـە سـەر سـوارەکانمان جەندرمـەکان وسـوارەکان لـە سـەنگەرەکانیاندا و ئێمـەش لـە سەنگەرەکانمانەوە بەرەو ئەوان تەقەمان دامەزراند دایانمانە بەر ڕیـزی مـەترێلۆز. سوارە هێرشکەرەکان لەژێر دەستی ئێمەوە تێپەڕین وهێرشیان دەهێنـا. بـێ هـیچ زیادەڕەوی وگەزافێك سەد سوار لـە قۆزاقـەکان خۆیـان یـان ئەسـپەکانیان پێکـرا، لەگەڵ ئەمەشدا بـەرەو سـوارەکانمان کـە گەیـشتبوونە عەرەبانـەکان تاویـان دەدا وشالاویان دەهێنا تا خۆیان پێگەیاند.

لە دەشـتێکدا کـە درێـژی وپانیەکـەی نزیکـەی دوو هـەزار باڵێـك دەبـوو پیـاو وعەرەبانە کەوتنە سـەر یەکتریـدا و چـوار سـەعات ئـەم کوشـتارە بـەردەوام بـوو،

سەرەنجام ڕوسەکان بەشی زۆر گرنگی عەرەبانەکان وئازوقەکانیان ڕزگار کرد. چەندعەرەبانەیەك وچەند بار فیشەك کە باری قاتر وئۆلاخ کرابوون بووە دەستکەوتی سوارەکانمان.

هەروەك ئەو ڕۆژە ڕوسەکان زیانێکی زۆریان لێکەوت بەڵام لە حەقیقەت نابێ لابدەین ئەوپەڕی ئازایی ودلێرییان نواند. شەڕ تا نزیکەی خۆرئاوای خایاند. زیانیان لە ئەسپ وسەرباز لە حەوت سەد کەس کەمتر نەبوو. ئەوەی موسەلەمە جەنەڕاڵ باراتوف لە کرماشان ووتبووی کە لەو ڕۆژەدا ٤٠٠ قۆزاق کوژرابوون. ژمارەکانیان بە ئەندازەیەك زۆربوو کە تا چوار ڕۆژ زامیاریان بۆ خەستەخانەی کرماشان دەهێنا. ئەسپی کوژراو ئەوەندە زۆر بوو ئەگەر تا چەند مانگێك کەسێکی بێگانە لەوێوە تێپەڕیبێ وای بۆدەچوو کە خەڵکی ئەم ناوچەیە پیشە وپەلایان لەم دەشتەدا بچووکەدا فڕێداوە.

زیانی لەشکرەکەی ئێمە بەسەر یەکەوە بیست وهەشت کوژراو وچل زامداربوو کە کوژراوەکان شانزەیان سەنجاوی بوون.

## کۆتایی بەرگری و پاشەکشێ

بەرگری دوو مانگ ونیوی ئێمە لەو ڕۆژەدا بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت. هەر کە خۆر لە پشتی کێوەکە ئاوابوو وتیشکی هەتاو نەما سەربازە پیادەکانی ڕوس لەسەر شاخەکەوە بەشێوەیەکی ڕێك وپێك ومونەزەم هاتنە خوارەوە وبەفەرمانی ئەفسەرە سەرکردەکانیان دەستە دەستە پشت سەریەکتری هێرشیان هێنایە سەرمان. مەتریلۆزەکانیان بەردەوام وەك باران گولەیان دەباراندە سەرماندا. هەر کە تەنگیان پێهەڵچنین سوڵتان ڕەزا قولی خانی "نمرەیەك" تۆپ ومەتریلۆزەکە وجەمعێ جەندرمەی خۆیی بەجێهێڵاو هەڵهات. فەرمانم دا تۆپ ومەتریلۆزەکەیان بارکرد، ولە مەیدانی شەڕەکە دووریان خستەوە.

ساڵداتە ڕوسەکان لە پێشدا هێرشیان هێنایە سەربالی ڕاستمان کە گۆرانەکان وکولیاییەکان وبەشێك لە سەنجاوییەکانی گرتووە بەر وئەو باڵەیان تێکشکاند وسەنگەرەکانیان داگیر کردن. جەمعێکی زۆر لە شەڕکەرەکانمان لە سەنگەرەکاندا

کوژریان. لە نێو کوژراوەکاندا مەحمود خان خوشکەزای قەنبەر سولّتانی قـەڵخانی دەبینرا.

سالار زەفەر فەرماندەیی جەندرمە بێ فەرمانـدەکانی گرتـە ئەسـتۆ وفـەرمانی تەقەیانی پێدا.

ڕۆژ تاریك بووبوو کە ساڵداتەکان بەرەو سەنگەرەکانی ئێمە دەهاتنە پێشەوە. دەستەی یەکەمیان زۆربەیان کوژران دەستەی دووەمیان بە سکەخشکێ ولـەناکادا بـەقیڕەو هوراکێـشانەوە هێرشـیان هێنـا وخۆیـان گەیانـدە سـەنگەرەکانمان. سەنگەرەکانمان چۆڵکردو نزیکـەی هـەزار پێیـەك بـەرەودوا پاشەکشێمان کـرد تـا بەتەواوی و شەو بەسەردا هات وتەقە ڕاوەستا. لەوێو ڕۆیـشتینەلای سـەردار ناسـر وکاپیتـان چێرنەر کە لە گوندی مەلك حەسەندا بوون، بـە پێـچەوانەی بۆچـوونمەوە بینیم کە عەبدولعەلی خانی اللاهیـار خـانیش لەوێدایـە، بـۆم موسـەلەم بـوو کـە بـۆ فیتنە وفەساد هاتووە لە سەرکردەکانی گۆرانـەوە هـەواڵهاتبوو کـە پاسـەوانەکانی ئێمە ئیمرۆ غافڵگیر بوونە وئاگادار نەبوونە وڕوسەکان بـە هـەلیان زانیـووە وملـەی ئەمیرخانیان داگیر کردووە. ئێستاکە دەمانەوێ تۆڵە بسێنینەوەو دەستگایی تـۆپ ومەتریلۆزێکمان بۆ بنێـرە، کـە سـبەی زوو ئێمـە لـە دەسـتی ڕاسـتەو ئێـوەش لـە دەستی چەپەوە هێرش دەبەینە سەر قـەڵای قـازی وکێوەکـە لەدەسـت ڕوسـەکان وەدەردێنین. سەردار ناسر وکاپیتان چێرنەر وئەفسەرێکی پلەداری نەمساوی وسێ جەندرمەم لەگەڵ تۆپ ومەتریلۆزدا نارده هانایانەوە.

بڕیاروابوو هەر ئەو شەوە تێکڕا لـەو سـەنگەرانەی مـەلك حەسـەندا بمێنینـەوە وسبەی لەگەڵ خۆرهەڵاتدا هێرش بکەین. ئەو ڕۆژە تا سەعاتێك لە شەو تێپەڕی بە شـەڕ وپاشەکـشە تێمـان پەڕانـد. بەگـشتی خەسـتەو هـیلاك وبرسـی بـووین. بـە عەبدولعەلی خانمان گوت بە تۆپ وسـوارەکانتەوە لـە سـەنگەرەکاندا دامـەزرێن تـا ئێمە کەمێ پشوو دەدەین وخواردنێ دەخۆین. بێ ئەوەی بە قسەکەم گرنگی بدات نەڕۆیشت. بۆجاری دووەم پێم گوت ڕامەوەستە بە سوارەکانتەوە بۆ سەنگەرەکان بڕۆ. بە گاڵتەوە ووتی فیـشەکمان پـێ نیـە. ووتم ئێـوە ئیمـرۆ شـەڕتان نـەکردووە وئێستایش شەوە ولەشەویشدا شەڕ نیە، ئێمەیش دوای یەك دوو سـەعات خـواردن وچاییمان خوارد دەگەڕێینەوە بۆ سەنگەرەکان. گوتی ئێمە ناڕۆین خۆتـان بـڕۆن.

به تووڕەییەوە ووتم زووکە برۆ. ووتی ئاغا بەهۆی تێکشکانی ئەمڕۆوە ڕەفتارت گۆڕاوە، دەڕۆی بۆ سەنگەر یا ناڕۆی کەیفی خۆتە، من بەم قسانە سەنگەر ناگرم. لەم یاغی بوونو گاڵتە پێکردنە یەکجار تووڕە بووم ولە ئانێکدا براکوژیەکانی وخیانەتەکانی پێشوویی وئیمڕۆی هاتە یادم. لولەی تفەنگەکەم بە دوو دەست گرت وکێشام بە تەپڵی سەریدا، ئەوەندە بە زەبر لێمدا پاشنگەی تفەنگەکە شکا وئەویش تلایەوە سەرزەوی ویەك دوو فیشەکی ماوزەرم تێ تەقاند وکوشتم.

سبەی لەگەڵ خۆرهەڵاتندا کە چاوەڕوانی دەنگی تفەنگ وتۆپ لە قەڵای قازییەوە بووین بە یەکجاری ئاگادارکراین کە لە پشت جەبهەی ئێمەوە پتر لە شەش هەزار سەربازی ڕوس لە للای خانەوە هاتوونەتە کەندم بان وکەبۆودخانی بێ نیشانەگیری بەبەردەم خۆیاندا تۆپ دەتەقێنن و بەرەو گوندەکان وماڵەکانی ئێمە دەڕۆنە پێشەوە. ئاشکرابوو عەبدولعەلی خان ڕێنمایی ودەلیلیان بوو، وبەم ئامانجەوە هاتبوو لەنێوان سەنجاویەکاندا دوو دەستەیی وفیتنەیەك بەرپا بکات، وجەمعێك لەگەڵ خۆیدا بۆ لای ڕوسەکان ببات بەڵام تەرمەکەی پێش ئەوەی بگاتە ئاواتەکەی گەیشتە ئۆردوگای ڕوسەکان.

نزیکەی پێنج سەد سواری ڕوس بەرەو ماڵی سەردار ناسر لە قەڵای بابان کە لە پێشەوەی ماڵەکانی تری ئێمەوە بوو دەچوونە پێشەوە وبەدوای یەکتریدا تۆپیان دەهاویشت بە جۆرێك تێکڕای دەشتەکەی داگرتبۆوە. چونکە لەلایەکەوە ماڵ ومناڵمان لە مەترسیدا دەبینی لەلایەکی ترەوە ئەمانبینی لە سێ لاوە ئابلۆقە دراوین. بۆ ڕزگارکردنی ژن ومناڵ و ئەو شت ومەکەی کە دەتوانرا هەڵی گرین فەرمانی پاشەکشە وحەرەکەت بەرەو قەڵاکانمان دەرکرد.

سەردار ناسر بەپەلە بەتاو بەسوارەکانیەوە بەری ڕوسەکانی گرت وپەیکێکی نارد کە ژن ومناڵەکانی بەپەلە بەرەو کێوی (بەنی– گەز) بگوێزنەوە.

سوارەکانی ڕوس لە گوندی (چگنی) کە لەنیو فەرسەخی ماڵی سەردار ناسردایە تووشی سوارەکانی ئەو دەبن. کەمێ تەقەو پێکدادان لەنێوانیاندا ڕوودەدات، ڕوسەکان هەر لەوێدا دەست لە پێشەوە چوونیان هەڵدەگرن چونکە ماڵەکەم یەك فەرسەخێ لە مەترسیەوە دوورتر بوولەپێشدا بۆ زانینی بارودۆخە جەندرمەکان وئەفسەرە ئێرانی وئەڵمانیەکان بۆ گوندی قلیج خانی ڕۆیشتم. چەند

سوارێکم بەپەلە ناردەوە بۆ ماڵ کە هەرچی ژن ومناڵەکان وئەوەی لە تواناداهەیە لە شتومەکی ناوماڵەی سوك وبەهادار بەرەو شاخەکانی بەنی گەز وبەڵخان ببەن. بەشێك لە سوارەکانی ڕوس لە لەشکرەکەیان جیابوونەوە وهاتنە شوێنێك کە بە پێنج ئیمام بەناوبانگە. بەدووربین تەماشام کرد کە تۆپێکی بیابانیان لە تەپەکانی پینج ئیمامدا دامەزراندووە. زۆری پێنەچوو کە قەڵای قلیچ خانیان تۆپ باران کرد، بەڵام گولەکانیان نەدەگەیشتە قەڵاکە .

هەندێ لە جەندرمەکانی قلیچ خانیمان جوڵاندەوە. من وکاپیتان چێرنەر بە مەتریلۆزەکەوە چووینە سەر تەپەی (قوباق تەپە)، کە بەرزترین تەپەکانی دەشتی سەنجاوی دەژمێردرا. روسەکانیش بە تۆپە بیابانیەکانیانەوە هاتنە قەڵای چقا ڕەزا، چەند گولە تۆپێکیان لەوێوەهاویشت. لەناکادا دەنگی تۆپە نەمساویەکەمانم لەدەوری قەڵای قازییەوە بیستمان سێ گولە تۆپی بەدوای یەکدا تەقاند، زۆری نەخایاند بێدەنگ بووەوە. دوایی ڕوون بووەوە کە تۆپەکەیان لەکاتی تەقاندندا لە جێگەکەی ترازاوە ولەیەکبوەتەوە وبەتەواوی زیانی بینیوە. جەندرمەکان وقەڵخانیەکان لە تەختەوە بەرەو قەڵای قازی کە سەنگەری سەرەکی ڕوسەکان بوو هێرشیان هێنا بەڵام لەبەر موحکەمی وبتەوی سەنگەرەکانیان وزۆری هێزەکەیان ڕوسەکان سەردەکەون ونزیکەی شانزە کەس لە جەندرمەکان وچواردە لە قەڵخانیەکان دەکوژن وزامار دەکەن.

تا سێ سەعاتی بۆ خۆرئاوا مابوو لە گەڵ کاپیتان چێرنەردا لە "قەباق تەپە" ماینەوە، لەوێوە بۆ سەردانی ماڵی سەردار ناسر ڕۆیشتم سەیرم کرد زۆربەی شت ومەکەکەیان لە شوێنەکانیاندا ماوەتەوە وسەردار خۆیشی بەپەلە ڕۆیشتووە کە قاتر بنێرێت وبارێکی تر لە شتومەکەکان بگوێزێتەوە.

ڕوسەکان سەرجەم خاڵەکانی دەوروبەری خۆیانیان کۆکردەوە ولە گوندی (چقالا)دا ئۆردویان دامەزراند.

لەوێوە هاتمە بەندار نزیکەی پەنجا بار قاتر شتومەکی ماڵەکەم کە بەجێمابوو سوارەکانی کولیایی وچەند سوارێکی موجاهید وسوارەکانی خۆم هەرچیان توانی لە پاشکۆی ئەسپەکانیاندا هەڵیان گرت. بەمەیشەوە نزیکەی بیست بار قاتر شت ومەکی ناوماڵ جگە لە چراو قاپ و قاچاغ ودەفری چینی وشتومەکی بلوری بە

جێمابوون. بینیم ئەگەر ڕوسەکان بگەنە ئەیرا ئەم دەفرە چینیانە دەبەن یان ماڵەکە تێکرا دەسوتێنن. بۆیە بە ئامادەبوونی چێرنەر بەدار ئەوەی دەشکا شکاندم پاشماوەکانیشی فەرماندا بیسوتێنن.

نزیکەی یەك سەعات لە شەو تێپەڕیبوو گەیشتینە بەڵخان. ژن وماڵمان لەوێ بوون، شەومان هەر لەوێ بردە سەر. سبەی زوو پێویست بوو کۆچبکەین بۆ هەلور بڕۆین، چونکە هێستر و وڵاخی کافی بۆ کۆچکردنمان نەبوو، لەپێشەوە ماڵەکانی سەردار ناسر وسالار زەفەرمان نارد. کاپیتان چێرنەر لەوێوە بە سوارەکانی خۆیەوە وپاشماوەی جەندرمەکانیەوە بەرەو قەسری شیرین ڕۆیشتن. ویستی تۆپ ومەتریلۆزەکە لەگەڵ خۆیدا ببات نەمانهێڵا پلەدارێکی نەمساوی بە دوانزە سەربازەوە کە لە دەستەی مەتریلۆزدا بوون لای خۆمان هێڵامانەوە وموچەکانیان تا لەگەڵ ئێمەدا بوون لەلایەن ئێمەوە پێیان دەدرا. لەوێوە بەچەند سوارێکەوە بۆ ووردبوونەوە وسەیرکردن چووینە سەری کێوکە کە ڕووی کردۆتە دەشتی سەنجاوی.

لەشوێنێکدا کە بە (وێژەنگ سەر) بەناوبانگە، دوور بینم هەڵخست، بینیم ئۆردووی ڕوس لە چقالادا سەرگەرمی جوڵانەوە وحەرەکەتن لە پێش ئۆردووەکەوە سی سوارلە ناوەڕاستی جادەکەدا وسی سوار لەباڵی ڕاستەوە وسی سوار لەباڵی چەپەوە ڕێیان دەکرد لە پشتی سەری ئەوانەوە نزیکەی سەد سوارێك لە سێ بەشدا دەجوڵانەوە. پشت سەری ئەوانە سوارەی نیزام ولەپشتی سەری ئەوانیشەوە تۆپخانە ومەتریلۆز ڕێیان دەکرد. هەر تۆپێکی بیابانی هەشت ئەسپ ڕایان دەکێشا. لە پشت سەری هەموویانەوە پیادەی نیزام بە ڕیزی ڕێك وپێکەوە کەوتبوونە ڕێ. بتر لە دووسەد عەرەبانەی گەورە وبچووك ئازووقە وشت ومەکەکانیانی هەڵگرتبوو، سەرجەمی ئۆردووەکە بە بۆچوونی من بریتی بوون لە سێ هەزار سوار ودوو هەنگی پیادە کە کەمتر لە دوو هەزار سەربازێك دەبوون، بەسەر ئەمانەوە نزیکەی پێنج سەد سەرباز بەدوو بەشی تۆپخانە ومەتریلۆزەوە کە ئۆردوویەکی شەش هەزار نەفەری پێك هێنابوو، بەرەو جوانڕۆ دەڕۆیشتن، هەر لەوێوە بەرەو بەندارو دەوروبەری مایدەشت دووربینم هەڵخست نیشانەیێ لە ژیان وهات وچۆم نەدەبینی وەك ئەوەی ئەم دەڤەرە کە بە پیتترین دەڤەری کرماشانە

له ماوەیەکی دوورەوە خەڵکەکەی چۆڵی کردووە. دوای ئەم بینینە بە مەلولییەوە گەڕامەوە بۆ بەڵخان. نزیکەی عەسر ئەو قاترانەی شتومەکەکانی سەردار وسالاریان پێ بارکردبوون گەڕاننیانەوە. ماڵەکەمیشم بارکرد وبەرەو هەلور ڕۆیشتین.

هەر ئەو ڕۆژانەی کە ئێمە ماڵ وژیانی خۆمانمان بە جێدە هێڵاو خۆمان لە کێوەکاندا دەشاردەوە سوارەکانی ڕوس گوندی گەهوارە هەستەی فەرمانڕەوایی تایفەکانی گۆران، هەروا ماڵی ئاغا ڕۆستەم پیری تەریقەتی ئەو خەڵکە لە گوندی (توت شامی) ئاگر تێبەردەدەن، وهاتنە دەشتی (بیوەنیج) وهەروەهایش لەو ڕۆژەدا لەشکرەکەیان لە هێڵی سەرەکی جادەی کاروانسەراوە بەرەو هارون ئاوا (شائابادی) ئیمڕۆکە ڕۆیشتن وبێوەستان خۆیان گەیاندە سەر میلی کرند کە هەستەی سەرەکی لەشکری عوسمانیەکان وجەندرمەکان لەوێدا بوون کە کەوتنە بەر شالآویان.

شەوکەت بەگ وجەندرمەکان بێئەوی زیانێکیان لێ بکەوێت پاشەکشێ دەکەن. هەروا هەر لەو ڕۆژەدا بوو کە مژدەی سەرکەوتنی کوت ئەلعیمارە وخۆبەدەستەوەدانەوەی جەنەڕاڵ تاوزەندی ئینگلیز بە سیانزە هەزار سەربازی ئینگلیزی وهیندییەوە بلاوکرایەوە، وبەم شێوەیە بەرگری دوو مانگ ونیوی سەنجاویەکان هەروەك ئەنجامەکەی شکان بوو، بەلاَم لە حەقیقەتدا ئەنجامێکی پڕ لە شانازی هەبوو، ودەنگدانەوەیەکی چاکی لێکەوتەوە.

## له قەسری شیرین چی ڕوودەدات؟

له تەواوی ئەو ماوەیەدا کە جەبهەی سەنجاوی تا چوار فەرسەخی کرماشان لەبەرامبەر ڕووسەکاندا بەرگری دەکرد، نیزام ئەلسەلتەنەی مافی وکۆچکردووەکان ودکتۆر ڕاسل وەزیر موختاری ئەڵمان و کۆلۆنێل پۆپی ئەڵمانی وفەوزی بەگ کارداری نیزامی باڵیۆزخانەی عوسمانی لە قەسری شیریندا بوون، ئەم شارۆچکە بچووکە کە لە بارودۆخی ئاساییدا پتر لە دوو یان سێ هەزار کەسێك تێیدا ناژی ئێستاکە میوانداری زیاتر لە پێنج شەش هەزار کۆچکردووە.

باوكم بەوپەڕی تەلاشەوە دەكۆشیا پێویستیەكانی ئەم جەمعییەتە گەورە وبێ سەر و سامانە دابین بكات. نوێنەرانی ئەنجومەنی میلی وسەركردەكانی كۆچكردووەكان لەبەر نەبوونی شتومەك وپارەو پول ونالەباری بارودۆخەكەیان وتاریكی ئایندەیان هەموو ڕۆژێك كۆدەبوونەوە وبێ ئەنجام دانوستانیان دەكرد. گفتوگۆكانیان لەلایەكەوە بریتی بوو لە ئەو گلەیی وگازاندەیە كە لە ئەڵمان وعوسمانیەكان هەیانبوو كە ئاوڕێك بەلای ئێراندا ناكەنەوە و بەو بەڵێنەی كە گەیاندنی یارمەتی وكۆمەك بە ئێرانیەكان كارێكیان ئەنجام نەداوە. لەلایەكی ترەوە سەبارەت بە چۆنیەتی بەستنی گرێبەستە نیزامی وڕامیارییەكان لەگەڵ ئەڵمانەكان وعوسمانیەكاندا.

بێ گومان هەموو كۆچكردووەكان كەسایەتیە وەتەنشتیمانیە ورووەبەئایینو وبەغیرەتوموجاهید بوون. بەڵام ئەمانە كەسانێك بوون كە جێ پێیەكیان لە وڵاتدا بۆ نەماوەتەوە وگەیشتوونەتە دوا خاڵی سنووری وڵاتەكەیان وهێزی لەشكری وتوانای داراییان نەماوە. وئەمانە چۆن دەتوانن گرێبەست واژو بكەن وچی توانایەكی دانوستانیان هەبێت سەبارەت بە مەرجەكانی ئەو گرێبەستانە.

ئەم سەرلێشێواویە وئەم ناتەوانییە ونائومیدییە لە پێش بردنی كارەكاندا دڵ ودەروونی كۆچكردووەكانی لاوازكردبوو وئەوانی سەبارەت بەیەكتری ڕەشبینو ئاڵۆز وگرژ وناڕازی كردبوو.

ئاساییە یەكەمین كەس كە ئامانجی ئەم گومان وڕەخنەیە بوو نیزام ئەلسەلتەنەبوو كە لە سەرووی حكومەتدا بوو، لێپرسراو وكاربەدەست دەژمێردرا، ناڕەزایی كەم كەم لە شێوەی دانوستانەكانی نێو مەجلیسەكاندا تێپەڕی وشەونامە وبەخشنامە و بەیانییە ودەسیسەكاری جێی گرتەوە.

مەوزوعی دانوستانەكان پتر سەبارەت بە بێ توانایی نیزام ئەلسەلتەنەلە بەهێزكردن وبەڕێوەبردن و وزە بەخشین بە هێزێكی بەرگری نیزامی لە ئێرانیەكان دەسوڕایەوە. زۆربەی ئێرانیەكان كەوتبوونە ئەو بیرەوە كە كەسایەتیەكی شۆڕشگێڕ وئازا وكارزان لە كاروباری نیزامیدا وەك یەفرەم خان پەیدابكەن كە جەبهەی نیزامی بەرگری میللی بخەنە ئەستۆی.

له ئەنجامی ئەو نامە ونامەنیگارییەدا کە کرابوو حەیدەرخانی عەمو ئۆغلی هەڵدەبژێرن کە پێشینەیەکی درێژی هەبوو لە ڕووداوەکانی مەشروتیەتی ئێراندا، ئێستاکە بە پلەی سوڵتانی لە لەشکری عوسمانیدا خزمەتی دەکرد.

خاوەنی ئەم بیرۆکەیە بتر محەمەد ڕەزای مساوات ومیرزا تاهیری تەنگابنی ونوێنەرانی ئەنجومەنی نوێنەران وئەبوالقاسم خانی بەختیاریوکۆلۆنێل محەمەد تەقیێ خانی پسیان وسوڵتان ئەکبەر میرزا وسەرۆکی سوارەی نادری بوون، کە تێکرا لەگەڵ سەمسام ئەلمەمالیکی باوکمدا مەیانەیەکی چاکیان هەبوو، وئەویشیان هاوبیری خۆیان کردبوو. ئەوان بیێ ئاگاداری نیزام ئەلسەلتەنەنامەیەك بۆ جەنەڕاڵ فۆن در گلتز پاشا فەرماندەی گشتی جەبهەی خۆرهەلات دەنوسن وداخوزی دەکە ن کە ئاوڕێك لە جەبهەی ئێران بداتەوە وگرنگیەکی زۆرتری بدرێتیێ و داخوازی لیێ دەکەن.

لە ئێرانیەکان خۆیان هێزێکی بەرگری پێویست بەرامبەر دووژمنانی هاوبەشیان دامەزرێنێت، ساز وبەرگ وسایلی کافی بخرێتە ژێر دەستمانەوە وپێشنیاز دەکەن کە حەیدەر خانی عەمو ئۆغلی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم هێزە بگوێزرێتەوە بۆ ئێران. نامەکە بە کۆلۆنێل پۆپ دەدەن کە بیگەیەنێتە شوێنی خۆی. چونکە کۆلۆنێل دەیزانی کە دەوڵەتی ئەڵمان توانای دروستکردن ودامەزراندن وتەجهیزی هێزێکی وەهای نیە نامەکەی دابەدەستی نیزام ئەلسەلتەنەوە. نیزام ئەلسەلتەنەئەم نامەیەی بە دەسیسەیەك دژ بە خۆی ژمارد، بەڵام چونەکە ئیمزای باوکمیشی لەژێری نامەکەدا دەبینی وئەویش لەو قۆناغەدا پێویستیەکی تەواوی بە سەنجاویەکان هەبوو نەچووە قوڵیو بنەڕەتی ڕووداوەکەوە و زۆر لێی نەکۆڵییەوە، تەنها لە باوکم گلەیی کردبوو چۆن بیێ ئەوەی ئەو ئاگادار بکات ئەو کارەی کردووە. باوکمیش بۆی ڕوون کردبووەوە کە ئەم کارەی ئەوان دژی ئەو وەك فەرمانڕەوای حکومەت نەبووە.

کردەوەیەکی تر هەر لەو کاتەدا کەوتەڕوو دەسیسەی کوشتنی نیزام ئەلسەلتەنەبوو کە شۆڕشگێڕانێکی ناڕازی وەك حوسەین خان لەلە وئیحسانو لـلا خان وکەریمی دەواتگەری تێدا بەشدار بووبوون، ئەنجامەکەی هەندێکیان زیندانی ودوورخستنەوەی لیێ کەوتەوە.

کاتێ که دەستەی دووەم لە کۆچکردووەکان لە ڕێی بروجەرد ولوڕستانەو دەگەنە قەسری شیرین کەمی ماڵ وخانگ و جێی نیشتەجێبوون وگیروگرفتی ئازووقەنەبوون دوو دەستەیی دەخاتە نێوانیانەوە. ئەمانە پاشماوەی یەك ئۆردووی چوار پێنج هەزار کەسێك بوون که بریتی بوو لە هەنگێکی جەندرمە بە فەرماندەیی ماژور حەبیبوڵلا خان وموجاهیدینەکانی سەردار موحیی ومیرزا کەریم خانی برای وسوارەکانی ئەمیر حیشمەتی تەبرێزی ونیزام ئەلسولتان وجەمعیەتی ماشاللا خان ونایب حوسەین کاشانی و سوارەکانی سەردار سولەتی بەختیاریوسالار ئەعزەم کوڕی سەردار ئەسعەد وبەهادور ئەلسەلتەنە برازای ئەمیر موفەخەم وسالار مەنسور کوڕی سالار زەفەر وسەردار موعەزەم کوڕی ئەمیر موفەخەم که لە سەرجەمی ئەمانە تەنها هەزاروپێنج سەد کەسێك گەیشتبووە قەسری شیرین. ڕەهبەرانی ڕامیارییان سلێمان میرزا وسەید حەسەنی مودەریس وسەید موحەمەد سادقی تەباتەبایی ومیرزا سلێمان خانی مەیکەدە بوون. مسیو شونمان کونسوڵی پێشووی ئەڵمانیش لە کرماشان لەگەڵیاندا بوو. ئەم لەشکرە لەنێو چوار لەنگی بەختیارییەوە تێدەپەڕێ ودەگاتە خورەم ئاوا. لەوێوە سەرکردەکانی لەشکر خەبەر دەدەنە پیاوان وسەرۆکی عێلی پیران پیرانوەند وداخوازیی یارمەتییان لێ دەکەن. پیرانوەندییەکان هەروەك بەڵێنی یارمەتیان پێدابوون هێرش دەبەنە سەریان ودوو شەو بەشەڕ ولەیەکدان لە خورەم ئاوادا دەمێننەوە. تا ناچار لە نەزەر عەلی خانی ئەمرایی دەپاڕێنەوە ئەویش لەگەڵ هەموو دڵگرانیەکدا که سەبارەت بە نیزام ئەلسەلتەنەهەبووی دەچێتە هانایانەوە وجوانمەردانە وپیاوانە بانگهێشتیان بۆ ماڵی خۆی دەکات وچەند ڕۆژێك خزمەتیان دەکات ودوایی خۆیی لەگەڵیاندا دەکەوێتەڕێ، تا کۆتایی خاکی لوڕستان لە گەڵیاندا دەڕوات. لەوێوە شونمان پێنج هەزار تومانی بۆ ڕەوانە دەکات بەڵام ئەو بەوپەڕی ئەدەبەوە پێنج هەزار تومانەکەی بۆ دەنێرێتەوە. دەڵێت ئێوە میوانم بوونە چۆن ئەم ڕسوایی وعارە دەهێنمە سەر خۆمدا کە پولوپارەی میوانداری لەئێوە وەربگرم.

بە گەیشتنیانە قەسری شیرین دوو دەستەیی وجیاوازی وقسە بەزۆراندان لە نێوان ئەوان و نیزام ئەلسەلتەنەدا ولەگەڵ نوێنەرانی ئەنجومەنی نوێنەراندا

گەرمتر دەبێت. بـەڵام پێشەوەچوونی ڕوسـەکان وپێویـستی چۆڵکردنی قەسـری شیرین وکۆچکردنیان بۆ بەغدا بە هەموو ئەم گفتوگۆیانە کۆتایی دینیت[1].

---

[1] ڕاسـتکەرەوەی ئـەم یاداشـتانە بـە پێویـستی دەزانـێ هەنـدێ لـەو دادوەریانـەی کـە لەلایـەن هەندێ لە ئاگادارترین سـەرکردەکانی کۆچـکردووەکان کـە لـە یاداشـتەکانیاندا سـەبارەت بـە ڕاوەستان وخەباتی سـەنجاوییەکان لەبەرامبـەر ڕوسـەکان وهـەوڵ و کۆشـشی خوالێخۆشـبوو شێر محەمەد خانی سەمسام ئەلمەمالیك سەبارەت بەو خزمەت ومیوانداریەی کە سەباەت بـە کۆچکردووەکان کردوویەتی، لەیرادا کورتەیەك بنووسێ:

أ- خوالێخۆشبوو حاجی یەحیای میرزای دەوڵەت ئابادی لە بەرگی سـێیەمی "حیـات یحیـی"دا "تهـران کتابخانـە ابـن سـینا، ١٣٣٠، لاپـەڕە ٣٤١- ٣٤٣" سـەبارەت بـە شکستی جەبهـەی کرماشان لەبەرامبەر ڕوسەکاندا دەڵێ: "کۆلۆنێل پۆپ پاشماوەی لەشکری عوسمانی لەنێوان هـارون ئابـاد وکرنـددا ڕاوەسـتان بـۆ کۆکردنـەوەی هێـز لەبەرامبـەر ڕوسـەکاندا هەنـدێ لـە شـتومەکی جەندرمـەی داپێیـان، بـەڵام نـەیانتوانی لەوێدا خۆیـان ڕاگـرن چـونکە بـارودۆخی دەرونییان یەکجار خەراو وداڕماوبوو وئازووقەیـەك کـە بەشـیان بکـات نـەیانبوو. سـەرئەنجام ئـەوانیش هاتنــە (کرنـد) وکـەم کـەم لـەماوەی دووسـێ ڕۆژێکـدا پاشمـاوەی لەشـکرەکە کەدواکەوتبوون بەهەرجۆرێ بوو خۆیان گەیاندە کرند و وادەهاتە بەرچاو کە چەند ڕۆژێك لـە کرندا بمێننەوە تا بارودۆخی دەروونیان چاك دەبێتەوە ولەش وبەدەنیان خۆی دەگرێتـەوە، بەڵام وادەرنەچوو. یەکەم لەبەرئەوەی دوای شەڕەکەی چەند مـانگ پێـشی حوسـەین ڕەووف بەگی عوسمانی لەگەڵ خەڵکی کرنددا وتاڵان کردنیان، خەڵکەکەی ئەوپەڕی پەرێشان کردبوو ولە تەنگانەیەکی دژوار وسەختدا بوون وئازووقەیەك دەست نەدەکـەوت کـە بەشـی هـەمووان بکات .

دووەم عەلی مورادخانی ئیحتیشام ئەلمەمالیك پیرە پیاوی هەشتا ساڵەی بـرای مـەلیك نیازخـان کە لە بەرگی دوومی ئەم بیرەوەرییەدا ئاماژەم بە ناوەکەی کردووە، کە ئێـستاکە حـوکمڕانی کرندە ومرۆڤێکی بـەدخوو بـێ هۆشـە ونیـزام ئەلـسەلتەنەشی خۆشـناوێ. عـەلی مـوراد خـان نەیدەویـست بـە ڕزگاریخوازەکـان ڕێبـدات تـا بێنـە نێـو شـاری کرنـدەوە، بـەڵام نەیـدەتوانی دەست بێنێـتە ڕێیان وماڵە بچووکەکانی کرند پڕ بوو لە چەند هەزار سـوار وپیـادە. وئازووقـە دەگمەن بووبوو، وبەهاکەی چەندی بوو ئەوەندەی تر چووبووە سەری. جگەلەمە دە ڕۆژێکـی نەخایاند کە ڕوسەکان نزیك کرند بوونەوە وکاری مانەوەیان پێچیدە ودژوار بوو. ڕۆژی بیـست ودووەمـی ڕەبیعـی دووەم بەگـشتی بڕیـاری کۆچـکردنمان دا، ئـەو ڕۆژە کـە ئاشـکرابوو شـار بەجێـدەهێڵین خـەڵکی شـار و سـوارەکانی عێلاتـەکان دەسـتمان کـردە تەقـەکردن. دەنگـی گوللەکان لە دەوروبەری کێوەکانی کرنددا دەنگی دەدایەوە، وات دەزانی کە مەیدانی شەڕە.

هەرچۆن بێ تا عەسری ئەو ڕۆژە کرند بە یەکجاری چۆڵبوو وخەڵکی ئەوێ چاوەڕوانی لەشکری ڕوس بوون. لەشکری عوسمانیش لە کرند پاشەکشەیان کرد، لە سورخەدیزە جێگیر بوون. ڕوسەکانیش لە کرند بەولاوە نەهاتن، ئەگەر بهاتانایە لەشکری عوسمانی نەیدەتوانی بیانوەستێنن ولەبەرامبەریاندا ڕاوەستێت، چونکە ئامادەگی ڕوسەکان زۆر چاك بوو وهێزی جەندرمە یارمەتیەکیان پێنەدەگەیشت.چونکە بارودۆخی دەروونییان خراو و نزم بوو وهیلاکی وخەستەیی سەرباری شکستەکەیان بووبوو.

لەم بارودۆخەدا جەندرمەکان وسوارە وپیادەی نادری بە فەلاکەتێکی زۆرەوە، بە ئەسپە زامارەکانیانەوە وسەربازانی پیادەی پێ خاوسەوە وسکێکی برسی وبەتاڵەوە بە هەڵسان وکەوتنەوە خۆیان گەیاندە قەسری شیرین. وجەمعێك لەوانە لە ڕێگادا بەفەلاکەتەوە گیانیان لەدەست دا بەم شێوەیە قەسری شیرین بووە شوێنی جێگیر بوونی گشتی کە لەفەسلێکی تایبەتیدا باس دەکرێت.

لەیرادا پێویستە بنوسم بۆ چی ڕوسەکان لە کرند تێنەپەڕین؟ وئامانجی سەرەکیان چی بوو؟ بەڵام بۆچی تێنەپەڕین، بەدوو بەڵگە وهۆ:لەپەك دەدەریتەوە

یەکەم: لەشکری سەنجاوی کە بریتی بوو لە سوارەکانی سەنجاوی وگۆران وبەسەرکردایەتی سەرکردە ئازاکانی سەنجاوی وڕەشید ئەلسەلتەنە وکەسانی تر لەگەڵ بەشێك لە جەندرمەکاندا بەشتومەك وئازووقەی کافیەوە بەسەرکردایەتی کاپیتان سون سون ئەڵمانی (ڕاستەکەی سویدییە) بەرپرسی ناوچەی قروە بوون، دوای شکستی کرماشان بە ڕەشادەتێکی هۆشیارانەوە بێ ئەوی هیچ جۆرە زیانێکیان لێ بکەوێت، یاوەك کەمتەرخەمیەك بنوێنن پاشەکشەیان کرد وخۆیان گەیاند (مایدەشت) ناوچەی سەنجاوی.

سەنجاوییەکان بۆ بەرگری لەبەرامبەر ڕوسەکاندا ئامادەبوون. ڕوسەکان لە بوونی ئەم لەشکرە دوو سێ هەزار نەفەرە کە زۆربەیان سواری سەنجاوی بوون یەکجار پەرێشان وپەژارە بووبوون، نەیاندەتوانی لەشکرێکی وەها بخەنە پشت گوێ وفەرامۆشی بکەن وتێپەڕن بەسەریاندا ولەکرند زیاتر بڕۆنە پێشەوە وپێشڕەوی بکەن. پێویستە لەو باوەڕەدا بین هەرچی لەمەودوا ڕوویداوە نەهێڵراوە لەشکری ڕوس بەرەو پێشەوە بڕوات یا خەباتێك یان ململانێیەك لەم مەیدانەدا ڕوویدا بێت شانازییەکەی بۆ سەرکردەکانی سەنجاوی دەگەڕێتەوە، وئەگەر ئەو بەشە جەندرمەیە لەگەڵ سەنجاویەکاندا نەبوونایە ئەوانە ئەو جەسارەت وئازاییەیان لەباردا دەبو کە لەبەرامبەر لەشکری مەزنی ڕوسدا پایەداری بکەن وڕاوەستن.

ئەگەر ئەم لەشکرەیش وەکو لەشکرەکانی تر پەرت وبڵاو دەبوونەوە و بێگومان ڕوسەکان کۆسپێکیان لەسەر ڕێگادا نەدەبینی بۆئەوەی بگەنە مەقسەد وئامانجە گرنگەکانیان. بەڵام مەقسەدی گرنگی ڕوسەکان کە ئەم ڕوداوانەی لێکەوتەوە نەیانتوانی پێی بگەن وئەنجامی

بدەن، ئەویش گەیشتنە لەشکری ئینگلیس بوو کە لە کوت ئـەلعیمارەدا ئابلۆقـەدرابوون، تـا پێکەوە بەغدا داگیر بکەن. وەکو بیـسترا فەرمانـدەی لەشـکری ڕوسـەکان ئـەم مژدەیـەی بـە تەلوگراف دابووە لەشکرە ئابلۆقەدراوەکەی ئینگلیس لە کوت ئەلعیمارەدا.

ب- هـەروا سـەبارەت بـە ڕەفتـاری شـێر محەمـەد خـانی سەمـسام ئەلمـەمالیك دەنووسـێ (لاپەڕەکانی ٣٤٦- ٣٤٧): قەسری شـیرین بـوە مەرکـەزی لەشـکرە میللـی یـەکان بـەڵام بـە کۆمـەڵێ دڵتـەنگی ومەلولیـەوە، چـونکە دوای قەسـری شـیرین لـە خـاکی نیـشتمانەکەمان زەوییەك نامێنێتەوە چونکە لەوێوە بەچەند میلێ خاکی عوسمانی دەست پێدەکات.

تا لە کرماشاندا بووین مەرکەزیەت وگرنگی ئـەو شـارە تـەنها ئومێـدێك دەژمێـردرا، چـونکە بەشێك لە لوڕستان وسەرجەم کوردسـتان لـەژێر دەسـتماندا بـوو، ئومێـدیان وابـوو کـە دوای هاتنی وەرزی بەهار وتوانەوەی بەفر وسەهۆڵەکان کرانەوەی ڕێگا وبانـەکان وسـایلی بـەرگری چاکتر لەبەرامبەر دوژمندا بڕەخسێنن، وزۆری پێناچێت کرماشان پەیوەندی لەگـەڵ تەهرانـدا بەرقەرار دەکات. ئێستاکە ئەم ڕێی ئومێدە بەسـترا. لـە سوچـێکی قەسـری شـیریندا دەبێـت چاوەڕوان بین کە لەشکری عوسمانی بێتە هانامانەوە دووبارە بمانگەڕێنێتەوە کرماشان.

هەیهات.. هەیهات شارۆچکەی قەسری شیرین حکومەتەکەی بەدەستی شێرخانی سەمسام ئەلمەمالیکی سەنجاوییەوەیە. شـێرخان پیـاوێکی تەمـەن حـەفتا سـاڵەیە، دیمـەنێکی جـوان ومووی سەر وریشی سپی یە، تـوێڵێکی پـان وچـاوو بـرۆی پـڕ وگەورەیـە. ئاسـەواری ڕاسـتی وسەداقەت تێکەڵاو بە کەمێك هەیبەت لە چارەو ڕوویدا نومایان ودەردەکـەوێت. جـل وبـەرگی کوردی دەکاتە بەر، کڵاوێکی بەلەواودروست کراو دەکاتە سەر، مـشکییەکی ئاوریـشمی ڕەش وسـپی پێـچداوە بـە دەروبـەری سـەریدا. لـە تـەلارێکی بـچووکدا کـە پەیوەنـدی بـە قـەڵای مەسعودییەوە کە لە بەناو ئاسەوارەکانی جـەوامیری ئەحمەدوەنـد (هەمەوەنـد) نیـشتەجێیە. سەرکردایەتی ئەم شارۆچکەیە وعێلی نـەجیبی سـەنجاوی بـە ئەسـتۆی ئەوەوەیـە. شـێرخان پیـاوێکی عاقـڵ وبەتـەدبیر وتاڕادەیـەکیش ئاگـاداری بـارودۆخی چەرخەکەیـشە، ئازموونـە زۆرەکـەی وا دەنـوێنێ کـە زانیارییـە زانـستیەکانی بـەڕەوادەبینێ و سـەرجەم پیـاوێکی ژیـر وبەفامە.

شـێرخان هـەروەك لـە فەسـڵی پێـشوودا باسـم کـرد چـەند کـوڕێکی شایـستە وکارامـە وهەڵکەوتووی هەیە قاسم خان سەردار ناسر کـە کـوڕە گەورەیـەتی کـە بەتـەواوی لـە بـاوکی دەچێت جگە لەوەی قاسم خـان لاوە، ئـەو پـیرە، قاسـم خـان مـووی سـەری ڕەشـە وبـاوکی مووی سەری سپییە. کوڕی دووەمی عەلی ئەکبەر خـان سـەردار موقتـەدر کـە بـە هۆشمەنـدی وتـەدبیر ودانـایی وشـەهامەت وکارامـەیی لـەنێو عـێلات وعەشـایەری سەرسـنووردا، بـەڵکو سەرجەم دەڤەری خۆرئـاوادا بەناوبانگـە. کـوڕی سـێیەمی حوسـەین خـان سـالار زەفـەر کـە لاوێکی دیمەن جوان، ئاسەواری ئازایی ودلێری ودانایی لە ڕووخساریدا دەردەکەوێ.

شێرخان سامانەکەی لەنێوان کوڕەکانیدا دابەشکردووە. دەڵێت وام کرد بزانم وەرەسەکانم لە دوای خۆم چۆن ئەم میراتە دەخۆن لە ژیانمدا ئەگەر باش خواردیان دوعای خەیریان بۆ دەکەم و لە ڕەفتار وکرداریان خۆشحاڵ دەبم وئەگەر خراو خواردیان ئامۆژگاریان یا ئەدەبیان دەکەم.

شێر خان بە پێچەوانەی عەلی موراد خانی کرندی کۆچکردووەکان و ئەوانەی هاتبوونە قەسری شیرین بە ڕوویەکی کراوە وباوەشێکی والآوە وپان وپۆڕەوە خزمەتیانی لێدەکردن. وبەشێك لە ماڵەکەی خۆیی بۆ سەرکردایەتی لەشکرەکە ونیشتەجێبوونی نیزام ئەلسەلتەنە تەرخان کردبوو، وجەمعیەتە زۆرەکەی کۆچکردووەکانی لە ماڵە بچووکەکانی قەسری شیریندا بە هەر شێوەیەك بوو جێ کردەوە. بەگورجی ئازووقە وخاروباری پێویستی فەراهەم کرد. بێوەستان ئەم پیاوە بەتەمەنداچووەی عێلاتی ئێرانیە، خولەکێك لە خزمەت وبەرپرسیاریەتیەکەیدا درێغی نەکرد ولە کۆبوونەوەی جەمعیەتی چەند هەزار کەسی لەیەك جیاواز کە لەنێوانیاندا ئەمیر وباڵوێز و وەزیر ونوێنەرانی میللەت وسەرکردەکانی عەشایر وپیاوماقوڵانی شار و ڕێزدارانی فراوان دەبینرا تەنگ حەوسەڵە نەدەبوو دەم وچاوی نەدەدا بەیەکدا ولە هەموو توانا ویارمەتیەك کە لەتوانایدا هەبوو کۆتایی نەدەکرد.

ج– هەروا سەبارەت بە نیگەرانی وناڕەحەتی وزویری لە نیزام ئەلسەلتەنە وبانگهێشت لە حەیدەر خانی عمو ئۆغلی بەم جۆرە دەنوسێت (لاپەڕەکانی ٣٥٣– ٣٥٤): تەنها یەك دووکەس لە نوێنەرانی دیمکراتەکان وهەندێ لە لاوەکان کە چووبوونە نێو کۆمیتەی بەرگری میللی یەوە، بەناوی کۆمیتەوە چەند کردەوەیەکیان کرد وئەو جوڵانەوە لە ژێرەوە دژی نیزام ئەلسەلتەنە بوو. بەگشتی لەو بڕوادابوون کە حەیدەر خانی عەمو ئۆغلو کە لەپێشدا لەنێو موجاهیدینە دیمکراتەکاندا بوو، ئێستاکە لە بەغدایە و کەسایەتیەکی بێ باك وئازا وکار ڕاپەڕێنە لە بەرپرسان داخوازی بکرێت کە کاروباری شەڕ ونیزامی بە ئەو ڕاسپێرن، سەرئەنجام ئەو بخەنە شوێنەکەی نیزام ئەلسەلتەنە.

دەیانویست حەیدەرخان لە بەغداوە لەلایەن فون گلتز پاشا فەرماندەیی گشتی ڕۆژئاوا یارمەتی وتوانایی نیزامی ودەسەڵاتی تەواوی پێ بسپێردرێت وبەو تواناوە بێتە ئێران وڕۆحێکی نوێ ببەخشێتە بەرگری میلییەوە وبێ گوێدان وتێبینی بە ڕوس وئینگلیس و بە پێچەوانەوەی ڕەفتاری نیزام ئەلسەلتەنەوە بجوڵێتەوە.

نوسەر زیانی ئەم کردەوەمە بۆ ئەو ئاغایانەی کە ئەمایانە دەویست ڕوون کردەوە بەڵام لە بیروبۆچوونەکەیان دەستمان هەڵنەگرت بێ ئەوەی من بزانم داخوازییەکیان نووسیبوو بۆ فون گلتز پاشا و چوار کەس، سەمسام ئەلمەمالیکی سەنجاوی ئەبو ئەلقاسم خانی بەختیاری موحەمەد تەقیێ خانی سەرهەنگی جەندرمە وئەکبەر میرزای سوڵتان سەرکردەی سوارەی نادری، داخوازیە ناوبراوەکەیان بۆ کۆلۆنێل پۆپ ڕەوانە کردبوو کە بیگەیەنێتە

## سەرگەردانی وکۆچی دوایی باوکم

بەردەوامی بەرگریمان لەبەرامبەر ڕوسەکاندا دوو ئەنجامی گەورە وسەرەکی لێکەوتەوە. یەکەمیان بۆ سەرجەم جەبهەی خۆرهەڵات، بەتایبەت بۆ ئەڵمانەکان وعوسمانیەکان هەلی ڕەخساند کە دوور لە مەترسی پێشەوە چوونی ڕوسەکان شەڕو ئابلۆقەی کوت ئەلعیمارە بە ئەنجام بگەیەنن. ئێمەشی یارمەتیدا کە ئەو زوستانە سەخت ودژوار وعەبووسەی ئەو ساڵە تێپەڕێنین وبگەینە مانگی نیسانی ساڵێکی تر کە هەوا گەرمو دڵخۆشکەر وزەوی لەوەڕگاکان لە سەوزی ودەغڵ ودانەدا پۆشان بوون.

بە نزیکبوونەوەی ڕوسەکان لە قەسری شیرین وچۆڵبوونی لە داروودەستەی نیزام ئەلسەلتەنەوکۆچکردووەکان، باوکم وسلێمان خانی سالار مو قتەدری برازام پاسەوانی سنووری قەڵا سەوزی، بۆخۆیان خێوەت ووەسایل وپێویستیەکانی کۆچ ئامادە دەکەن ودەڕۆنە نێو تایفەکانی سەنجاوییەوە کە بۆ گەرمەسێر هاتبوون کە هەوارگەی کوێستانیان بوو، بەتەواوی لە گەڕانەوەدا بوون بۆ جێو هەوارگە کوێستانیەکان. سەرجەم عێلەکە لەم کاتەدا لە زەهاودا کۆبووبوونەوە، لەڕۆژێکدا لە پشت تەنگەوەبەرە ومێرگ حەسار وبزمیر ئاوا کۆچدەکەن.

---

دەستی فون گلتز پاشا، کۆلونێل پۆپیش بێ دواکەوتن ناردبووی بۆ نیزام ئەلسەلتەنە. نیزام ئەلسەلتەنەیش لەم کردەوە یەکجار زویر وناڕەحەت وقارس و نیگەران بووبوو، ولەو کەسانەی ئەم کارەیان کردبوو کەوتە گومانەوە، بەتایبەتی لە سەمسام ئەلمەمالیك کۆڵایەوە بۆچ ئەم سکاڵایەی واژو کردووە؟ ئەو لە وەڵامدا ووتبووی هەندێ لە نوێنەران داخوازییان لێم کرد کە ئەم سکاڵایە واژو بکەم. نیزام ئەلسەلتەنە زانی کە ئاغای سەید موحەمەد ڕەزای مساوات کە لە کۆمیتەی بەرگری میللیدا وپارتی دیمکراتدایە پێش هاتنی لەشکرەکە لە سەرکردەکان بوو، لەوان زیاتر لەپێشەوەبوو ئەم سکاڵایەی ئامادەکردووە وئەم کەسایەتییانەی ڕازی کردووە ئیمزای بکەن.

بەڵام سیاسەتی نیزام ئەلسەلتەنە سەبارەت بە بێگانەکان لە قەسری شیریندا بەم شێوەیەبوو: هەر کە گەیشتە قەسری شیرین زانی لەمەودوا سەروکاری لەگەڵ لەشکری عوسمانیەکاندا یە، خاوەن پلەکانی ئەڵمان نەخشێکیان نەماوەتەوە، فەوزی بەگ سەرکردەی لەشکری عوسمانیەکانی کردە خۆی ولەسەر خوان وسفرەکەی میوانی دەکرد وزەد وبەندێکی بتەوی لەگەڵیدا بەستبوو. لەحەقیقەتدا لای ئەڵمانەکانی بەردا وخۆی خستە باوەشی عوسمانیەکانەوە.(لاپەڕە: ٣٥٥)

ئێمەیش بە ماڵی خزمەتکارەکانمانەوە لە هـەلورەوە بـەرەو کێوەکـانی دالاهـۆ دەڕۆیشتین ولـەنێو جەنگەڵـە پـڕ لـە دار بـەڕووەکان لـە شـوێنێکدا کـە بـە شـوێل بەناوبانگە نیشتەجێبووین.

لـەوێوە هـەواڵیان هێنـا کـە ڕوسـەکان لـە پـشتمانەوە بـەرەو پـێش دەڕۆن وهەموومان سواربووین و لە بەرامبەریاندا ڕاوەستاین. ئاشـکرابوو کەنزیکـەی سـەد سوارێك دەبوون کە ڕێگایـان وونکردبـوو وگەیـشتبوونە کـەناری ڕووبـاری زەمکـان بەڵام کە چاویان بە کۆچی عێلاتەکان کەوت هەر لەو ڕێگەیەوە گەڕانەوە.

لەم جۆرە شەڕ وپێکدانـەدا لەگـەڵ عێلاتەکانـدا ڕوسـەکان ئەگـەر بیانتوانیایـە لاوەکانیان بێ هۆ دەکوشت شتومەك ودەواریان بە مەترێلۆز پارچە پارچە دەکرد، یاوەك ئاگریان تێبەردەدا. ئەگەر هەلیان بەدەسـت بهێنایـە لـە دەسـت درێـژی بـۆ ژنان کۆتایی و درێغیان نەدەکرد. بەڵام لەنێو عێلی گۆران وسـەنجاویدا نـەیانتوانی دەست درێژی ناموسی بکەن چونکە هەرکاتێ لەنێوان ئەم دوو عێلەوە تێدەپـەڕین زیـانێکی قورسـیان لێ دەکـەوت. زیـانێ کـە لەشـکری ڕوس لـە ڕۆژئـاوادا لـەم دوو عێلەی بینی باوەڕناکەم لە هیچ شوێنێکی تری ئێراندا بینیبێتیان.

شەوی سبەی کە ماڵمان لە شویل بوو سەمـسام ئەلمـەمالیك وسـالار موقتـەدر وهاوڕێکانیشیان گەیشتنە ئەوێ وهاتنە لامان بـاوکم مـژدەی دا کـە عوسمانیـەکان کوتیان داگیرکردووە وهـەموو ئابلۆقـەدراوەکانیان بـەدیل گرتـووە وبێگومـان بـەم زووانە، بۆ بەرهەڵستی ڕوسەکان دێنە نێو ئێرانەوە.

نزیکەی بیست ڕۆژمان لەگەڵ سەرجەم عێلەکەماندا لە ناوچەکانی گەرمەسێری گۆرانەکانـدا تێپەڕانـد. دزەکـانی قـەڵخانی شـەوانە حەشـریان دەکـرد. دووجـار گەڕاینەوە بۆ هەلور، لەوێوە عیلەکە بڵاوەیان لێ کرد وزۆربـەیان بـەرەو مایدەشـت بۆ سەر ئاو وخاك وژیانیان دەگەڕانەوە.

دوای پاشەکـشێ وپـەنابردن بـە کێوەکـان مەنـسور خـانی اللاهیـار خـانی سەنجاوی ئامۆزای عەبدولعەلی خانی کوژراو کە خۆیـشی یـەکێ لـە هـەڵهاتووەکانی کۆکوژیـەکانی بنەماڵەکـەی بـوو، دەڕواتـە لای ڕوسـەکان ونـەنگ و ڕسـوایی خزمـەتکارییان دەخاتـە ئەسـتۆی خـۆیی وسـێ سـەد سـواری ڕوس لەگـەڵ خۆیـدا دەهێنێتـە قـەڵا چـۆڵکراوەکانی ئێمـە و قـەڵاکانی بابـان وبەنـدار وقلـیج خـانی بـە

تەواوی دەسووتێنێ وباغ وبێشەکان لە بنجەوە هەڵدەکەنن. ڕوسەکان بە عەرەبانە درەخت ودارەکانی جەنگەڵ وباغەکان باردەکەن، وهەر بەو دارانەبوو هەموو پردەکانی جادەی نێوان کرماشان وقەسری شیرینیان دروست کرد.

لە هەلور نزیکەی پێنج سەد بنەماڵەیەك لە خزمەتکارەکانمان لامان مانەوە پاشماوەکانیان لەگەڵ عێلدا بەرەو بەنی گەز وبەڵخان ڕۆیشتن وهەر لە ڕێگای ئەو مەنسور خانەوە لە ڕوسەکان تامینیان وەرگرت وبۆ مایدەشت گەڕانەوە.

تازە لە هەلوردا جێگیر بووبووین خەبەر هاورەکان هەواڵیان بڵاوکردەوە کە دووبارە جەمعێ لە ڕوسەکان ڕویان کردووەتە بەندار ودەیانەوێ هێرش بکەنە سەرمان. ئەو شەوە کەش وهەوا و هەوری بوو، وبارانی بەهاری نم نم دەباری وهەورە تریشقە دەنگی دەدایەوە، وئاسمان بە چەخماخەی ئاسمانییەوە لەم شوێن وئەو شوێن ڕۆشن دەبووەوە. هەندێ لەوانەی لە دەوروبەرماندا بوون وەکوئەوەی بەرپرسی ترس و وەحشەت بڵاوکردنەوە بوون ئاماژەیان بە بلێسەی چەخماخەکان دەکرد ونیشانیان دەدا ودەیانووت ڕوسەکانن کە دەوروبەریان ئابلۆقە داوە.

تاسبەی تفەنگ بەدەست وئەسپ زینولەقاوکرا و ئامادە ماینەوە. لەگەڵ براکاندا بڕیارماندا ئەگەر هات وڕوسەکان هێرشیان هێناوە سەرمان تا توانامان هەیە شەڕ دەکەین ، وئەگەر تەنگیان پێهەڵچنین ماڵەکان جێدەهێڵین وژنەکانمان دەخەینە پاشکۆکانمانەوە لە جەنگەڵەکاندا خۆمان دەشارینەوە وئەگەر ڕێگەی هەڵهاتنمان لێ بەسترا ئەوکاتە ژنەکانمان بە دەستی خۆمان دەکوژین و تادەمی مەرگ شەڕ دەکەین تا دەگوژرێین.

شازادە محەمەد باقر میرزای دەوڵەت داد باوکی هاوسەرانی سەردار ناسر ومن کە بە ژن وماڵەوە لە ماڵی ئێمەدا بوون تا خۆرهەڵاتن نەخەوت. ویاداشتەکانی خۆیی کە بۆ نووسینی ڕۆمانێ نووسیبووی بەتەواوی سووتاندی هەروا هەندێ لە خزمەتکارە ترسنۆکەکان بێ سەروپیکان شەوانە هەڵهاتبوون.

سبەی کە لە خەوی بەیانی هەڵساین لەجێی بیگرە ودەریمەکەی ڕوسەکان هەتاوێکی درەخشان ودڵکەرەوەی بەهاری ودەنگی ناسکی دڵۆپەی تاڤگەکان ودەنگی بولبول وپەلەوەرەکانمان هاتە بەرگوێ. شایعەچیەکان شەوانە هەر بەو

شێوەیە مەحو و لەنێوچوون، بە ئاسوودەیی وڕەحەتی کۆچمان کردو چووینە خاك وناوچەی تایفەکانی باوەجانی وقۆبایی، لە شوێنێکدا بە میراوا بەناوبانگە، لەوێدا نیشتەجێ بووین.

سەرکردەکانی ئەو تایفانە محەمەد بەگ کە بە میر ئەسعەد بەناوبانگە محەمەد تەقیێ بەگی ئەمیر ئەلعەشایر ومحەمەد سالح بەگ هاتنە لامان بۆ پیرۆزبایی هەوارگەی تازەمان. دوای چەند ڕۆژێك لەوێوە بەرەو سەراب برد زنجیر کۆچمان کرد. ولە نزیك کانی ئاوەکانیدا نیشتەجێبووین دەوارەکانمان هەڵدا. هەر کە ئارامی وئاسایشێکمان بە خۆوەبینی کەم کەم خزمەتکارە هەڵهاتوو وخۆشاردووەکان گەڕانەوە ولە نزیك ماڵەکانی ئێمەدا دەواریان هەڵدا وبە درێژایی دۆڵەکە ولە کەناری جەنگەڵەکەدا بە مەودای نزیکەی یەك فەرسەخ نیوە ئۆردوویەك پێکهات.

دربردوزنجیر وەرزی بەندی هاوین کە هاتە پێشەوە نەخۆشی باوکم کە لە دەڕۆژ لەمەوپێشەوە تووشی سکچوون بووبوو سەخت تربوو. بەپەلە پیاومان ڕوانەی کرماشان بۆ لای دۆستەکانمان کرد. ودکتۆر حەبیب کە پزیشکێکی لاوی بەناوبانگ بوو، بانگهێشتمان کرد. بەداخەوە نە ڕوسەکان خۆیان بەڵکو دەس ودائیرەکانیان کە ئیدیعای خزمەتکاریان دەکەن، لەوانە حاجی ناسر ئەلسەلتەنەی تەبرێزی کە نازناوی فەرمانڕەوای کرماشانی لەخۆی نابوو نەیانهێڵابوو بۆلامان بێت. لەم کاتەدا بەهۆی سەید حەسەنی ئۆجاق وموعازید ئەلمولکەوە تامینی کە بۆ شازادە محەمەد باقر میرزا گەیشت ئەو بەرەو کرماشان کەوتەڕێ، بەو هیواوە هەرچی زووتر پزیشکێکمان بۆ ڕەوانە بکات.

حاڵی تەندروستی باوکم بێ دەرمان وخزمەتگوزاری پزیشکی لەو شاخەدا ڕۆژ بەڕۆژ خراوتر دەبوو، فەرمووی کە بۆ قەڵای خدامروەت خانی برای وماڵی محەمەد عەلی خانی برازای بیگوێزینەوە، بەڵکو پزیشکێ زووتر بە هانایەوە بگات.

تەخت ڕەوانێك کە دەخرێتە سەرشانەوە کە بە کوردی پێی دەڵێن تەرم بۆمان دروست کرد وخستمانە ڕێی. لەنیوەی ڕێدا دەوارێك کە بۆ ئیسراحەت و ویساندنی هەڵدرابوو دامان نا. فەرمانیدا دەوارەکە چۆڵبکەن، تەنها سەردار ناسر ومن وسالار

زەفەر نەبێ کەس لەوێدا نەمێنێتەوە. دوایی وەسیەتەکەی بۆ ئێمە، سێ براکە، بەم جۆرە فەرموو:

هەرگیز لەگەڵ یەکتریدا دووڕوویی ونیفاق مەکەن، زۆربەی بنەماڵەکەمان دووڕوویی لەنێویانی بردووە ونابودیانی کردووە. ئاگاداربن ژن وخزمەتکارەکان لە یەکتری زویرتان نەکات وناخۆشی بخاتە نێوانتانەوە. خەڵکی سەنجاوی پارچەیەك لە لەش وگیانی ئێمەن، لەگەڵیاندا میهرەبان وخۆشڕوو وخۆشڕەفتار وچاو ودڵ پاك بن. ڕێی وەتەنپەرستییەك کە گرتووتانەتە بەر ڕێگایەکی ڕاست وشەرافەتمەندانەیە نکوڵی لێمەکەنو ولێی دوورمەبنەوە، وهەرگیز ئامادەی خزمەتی بێگانە مەبن. لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا هەرکێ حوکمڕان بێ وهەر مەسلەك وڕێگایەکی هەبێت دوژمنی مەکەن بەم. ژیانی عێلایەتی و کۆچەرایەتییە کە ئێمە وە هەمانە نابێت دژایەتی لەگەڵ بکەنی دژایەتی دەوڵەتدا دژایەتی ئێران وئێرانیەتە ویاغیگەری دەژمێردرێت. وهەرکاتێ حکومەت لەگەڵتاندا خراو جولایەو بکۆشن ئەو ناخۆشیە بەرتەرەف بکەن. لەکاتێکدا کە وەزع زۆر خراو دەبێت وڕۆیشتنی یەکێ لە ئێوە بۆتاران یا کرماشان پێویست بکات عەلی ئەکبەر خان لەنێو عێلدا بمێنێتەوە ویەکێکی ترتان بڕۆن. دوای من قاسم خان نەك برا گەورەتانە بەڵکو لەجێی باوکتانە، خەیری بۆ بخوازن وپەیڕەوی لێ بکەن. عەلی ئەکبەر مایەی شانازی وئومێدمانە، حەسادەتی پێمەوەن. حوسەین برا بچووکەکەتان خۆشتان بووێ، هەرچی ماڵ وشتومەکی ماڵمە دەیدەمە ئەو وبۆئەوی جێدەهێڵم.

* * * * *

نزیکەی خۆرئاوا سەرلەنوێ کەوتینە ڕێ، تا سەرەتای خاکی سەنجاوی لەگەڵیا بووین. لەوێوە هەرسێکمان ماچمان کرد وخواحافیزیمان لێ کرد. چوار سەعات لەشەو تێپەڕیبوو کەیشتبووە ماڵێ محەمەد عەلی خان. شەربانوخانمی خوشکەزای دەست دەکاتە خزمەتی.

ڕوسەکان کە دەبیسن حاجی ناسر ئەلسەلتەنە نەیهێڵاوە پزیشکێك بڕوا بۆ لای تووڕە دەبن وبەپەلە پزیشکێك بۆ قەلای خدا مروەت خان دەنێرن، بەلام مەخابن پزیشکەکە کاتێك دەگات ئەو چەند سەعات پێش لە کاتێکدا کە ناوی

حوسەین ئیمامی خۆشەویست و دوکوڕە خۆشەویستەکەی بەسەر زمانیەوە بوو، کۆچی دوایی دەکات وتەرمەکەی دەبەنە نیلاوەرە ولەلای گۆڕی براکانی خوسرەو خان وخدا مروەت خان، دەینێژن.

دوای ڕۆژێك هەواڵی دڵتەزێنی فەوتی باوکمان پێگەیشت. چوون لەگەڵ ڕوسەکاندا لە شەڕدا ولە شاخ وکێوەکاندا خۆمان شاردبۆوە ڕەسمی پرسەکەمان بۆ کاتێکی تر دانا وشیوەن کردنی ژنانمان قەدەغەکرد وپیاوەکان جل وبەرکی ڕەش نەکەنە بەر. بەڵام ئەم فاجیعەیە نەك گەورەترین موسیبەت بوو بۆ سەنجاویەکان بەڵکو زیانێکی گەورەبوو کە لە هەموو ڕۆژئاوای ئێران وهەمو نیشتمان پەرەستانی ئێران کەوت.

خەبەرەکە کە دەگاتە بەغدا کۆچکردووەکان وئێرانیەکان مەجلیسێکی پرسە وخەتم بەرپا دەکەن، کە سەرجەم کۆچکردووەکان و پلەدارەکانی تورك وئەڵمانی وپیاوماقوڵانی بەغدا تێیدا بەشداری دەکەن.

نیزام ئەلسەڵەنە قسەدەکات ولەزمنی پیاهەڵدانی ئەو خوا لێخۆشبووەدا دەڵێ: داخی من پتر لەو لایەنەوەیە کە یەکێتی عێلی سەنجاوی دوای ئەو تێکبچێت. قەوام ئەلعولەمای کرماشانی سوپاسی ئامادەبووان دەکات، لەوەڵامدا دەڵێت جەنابی نیزام ئەلسەلتەنەنیگەرانی وناڕەحەتی خۆیی سەبارەت بە ئایندەی عێلی سەنجاوی نیشان دا. پێویستە عەرزتان بکەم سەمسام ئەلمەمالیك کۆچی دوایی کرد بەڵام لەجێی خۆیدا سێ سەمسام ئەلمەمالیکی تری بەجێهێڵاوە، موسەلەمە عێلەکە چاکتر وبەهێزتر لە پێشوو دەپارێزن ودەیبەنە ڕێگەوە بەشەرەف وشانازییەوە بە خزمەتە نیشتمانیەکانی شێرخان درێژەدەدەن.

## خۆشی دوای ناخۆشی

لەم ڕۆژانەدا ئێمە یەکێ لە سەختترین ودژوارترین ڕۆژەکانی ژیانمان تێدەپەڕاند. جگە لە زیانی گەورە ولەبیرنەچووەوەی فەوتی باوك کە سەرمایەی عیزەت وسەربەرزی عێل بوو وئاسانکەری گیروگرفتەکانمان لە سەرجەم ڕۆژ وقۆناغە سەختەکاندا، سەرەڕای ئەمە لەلایەن مادی وئاسایش وئەمنیەتی ناوخۆیەتیەوە لە گیروگرفت وچەڵەمەدا بووین. لەماوەی دوومانگ ونیو ڕاوەستان

وپایـەداری لــە بەرامبــەر ڕوســەکاندا دینــاریّ یارمــەتی مــاڵی لەلایــەن نیــزام ئەلــسەلتەنەوئەڵمانەکانەوە نەگەیــشتە دەســتمان. تێکــڕا مــەخارج وســەرفیاتی ئۆردووییەکی چەند هەزار نەفەری موجاهیدەکانی عێـل وجەندرمـەکان لـە ئەسـتۆی ئێمە سێ براکەدا بوو. کە بەپێی بڕیارێك کە بە کۆلۆنێل پۆپمان دابوو لـە گیرفـانی خۆمان سەرفمان دەکرد لەم بوارەدا نزیکەی سەد هەزار تومان قەرزدار بووبووین.

چـۆڵکردنی قــەڵاکان وبــەجێهێڵانیان وتــاڵانکردنی شـتومەکی قـورس وقـابیلی شکاندنی ماڵەکانمان وسوتانی قەڵاکان وبڕینی باغ وبێشەکانمان لەلایەن ڕوسـەکان وهاودەستمانەوە، زیـانێکی مـەزن بـوو کـە لـە ئێمـە کـەوت کـە بـە ئاسـانی جێـی نەدەکرایـەوە وقــەرەبوو نــەدەکرا. لەلایــەکی تــرەوە دەربــەدەری لــە کێوەکانـدا ودوورکەوتنەوە لە تایفە ودۆستە سەرەکیەکان وپەیڕەوانان ومەترسی بەردەوام لە ڕوسەکان ودووری لە کەس وکار وحەوانەوەمان لەنێو عێلاتی تردا کە لە پایداری و وەفادارییان دڵنیـا نـەبووین و دەرگـیری شـەوانە لەگـەڵ دز وجەردەکانـدا، ئێمـەی خستبووە بارودۆخێکی پڕ لە نیگەرانی وناڕەحەتییەوە وپێویست بوو هەمیـشە لـە ئامادەییدا بین.

ئەم هــەموو کارەسـات وگیروگرفتانـە دوشـت تاڕادەیـەك سـووکی دەکـردەوە. یەکەمیان لەکاتی کۆچکردن وچۆڵکردنی ماڵەکانماندا مەڕوماڵەتەکـەمان بەدەسـتی شوانەکانەوە لەنێو تایفە گەرمیانیەکاندا بوو و ولەم بارەوە زیانێکمان لێ نەکەوت، بۆیە گۆشت وماست وشـیر وپــەنیر بـە فراوانـی لەدەسـت ڕەسمانـدا بـوو. شـتێکی تــریش کــاتێ کــە ســەنجاویمان جێهــێڵا وەرزی دژواری زوســانمان گوزەرانــدبوو، ولەناوەڕاستی مانگەکانی بەهاردا بووین کە دەشت وکێو سەوزە وعەلەف ودەغـەل داپۆشیبوو. سەوزی دەشتەکان ومیوەکانی جەنگەڵ وبێشەکان وەك قەزوان مازوو ئالوبالوی کێویی وبستەی کێوی وبەرو خـۆی لـە خۆیـدا خـۆراك ونیعمـەت وهێزێـك دەژمێردرا بۆ دابین کردنی خۆراکی خۆمان و ئەو بنەماڵانەی لەگەڵ ئێمـەدا بـوون. لەگەڵ خۆماندا ئەوەی لەتوانادا بوو ڕۆن وبرنج وخورمـا وشـتی ترمـان هـەڵگرتبوو وهەمان بوو. لە کەمی چەند شتێك وەك شەکەر وچاو نەوت لە زەحمەتدا بووین.

ڕۆژێك لە یەکێك لـە کۆبوونەوەکانمانـدا لەسـەر ئـەم کـەمبوون ونەقـسە تێکـڕا بڕیارماندا کە چای خواردن لە بەرنامەماندا لابەرین. کەمی نـەوتمان بـە سـواتندنی

دار ودرەخت قەرەبوو کردەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا لە نائەمنی ونا ئارامی شوێنەکە وسەبارەت بە دوا ڕۆژمان نیگەران وناڕەحەت بووین.

هاوین هاتە پێشەوە وئازووقەیەك کە هەمان بوو ڕوو لە کەم بوون دەچوو. وەرزی دەرەوی خەلە ومەحسولاتی نوێ نزیك دەبۆوە. بەڵام لەبەر ئامادەبوونی ڕوسەکان لە دێهاتەکانی مایدەشتدا وکینەوڕکی دوژمنەکانمان وهاودەستەکانیان، ڕێگر بوو کە بتوانین سەربەخۆ یا لەڕێی ئیجارکەرەکانەوە مەحسول وبەروبوومەکانمان کۆبکەینەوە وئازووقەی دواڕۆژمان دابین بکەین.

چەند ڕۆژێك بوو لەدوورەوە دەنگی تۆپی شەڕی ڕوسەکان وتورکەکان دەبیسترا و وادەزانرا کە لە مەودای دە فەرسەخێکەوە ئەودەنگە دەبیسیت. بیستمان کە مەیدانی شەڕ لە کێوی "قەش قەهە"دایە و تورکەکان لە حاڵەتێکی بەرگریدان. بەڵام لەلایەن ئەڵمانەکان وکۆچکردووەکانەوە هەواڵمان پێگەیشت کە عەلی ئیحسان بەگ بە هێزێکی کافیەوە بۆ ڕاوەستاندنی پێشڕەوی ڕوسەکان بوەتە بەرپرسی جەبهەی ئێران.

بۆئەوەی لە جێ وشوێنی ناوچەکەمان نزیك بینەوە سوود وەرگرتن لە دۆستی وهاوڕێیەتی سەردار ڕەشید وحەمیدە خانمی هاوسەری شایستەی، بۆ بەدر ئاوای ڕەوانسەر گوێزامانەوە. سەردار ڕەشید بۆ فاتیحە خوێندنی باوکم هاتە ماڵمان. هەواڵێ ڕوسەکانمان لێپرسی، ووتی نەخۆشخانەکەیان بەرەو سنوور گوێزاوەتەوە و نزیکەی سێ هەزار کەسیان لە کرماشان ودەوروبەریدا ماونەتەوە ودووسەد وپەنجا کەسێکیان لە دوئابی للای خانی سەنجاویدان.

دوای دوو ڕۆژێك بۆ بینینی سەردار ڕەشید ڕۆیشتین. ئەم هاتوچۆیانە ڕوسەکانی خستە مەترسییەوە. نزیکەی پێنج سەد سوارێك بە فەرماندەیی بالکنیك "بیچرا خوف"ی قەفقازی کە لای ئەوان خاوەن پلەیەکی گەورەبوو، جولاندیانەوە وهاتنە گوندی "تەپەلوری" سەنجاوی.

مەنسور خانی للایخانی وجەهانبەخش خانی زەرغامو ئەلسەلتەنەی گۆران بە سوارەکانیانەوە ڕۆیشتنە لای بیچرا خوف. بەزۆر دووسەد کەسی سەنجاوییان لەگەڵ خۆیاندا هاودەست کردبوو و بڕیاری هێرش بۆ سەر ئێمە و سەردار ڕەشیدیان دابوو. بڕیارماندا سەردار ڕەشید لە شوێنێکدا کە بە بروارین بەناوبانگە

سەنگەر بگرێت وئێمەش مسکێن ئاوا پتەو وموحکەم بکەین. ڕوسەکان بەرەو پێشەوە هاتن وتەپەی ورم ئاوا (خوڕەم ئاوا)یان کردە شوێنی ئۆردووەکەیان.

لەنێوان ڕوسەکان وچەکدارەکانی سەردار ڕەشیددا شەڕ دەستی پێکرد، سوارەو پیادەی سەردار ڕەشید شکستیان هێنا، سەید ڕەحمەتوللا ناوێ وچەند سوارێکی تر کوژران. هەواڵمان زانی ئەو خەریکی چۆڵکردنی ڕەوانسەرە، لەسەنجاویەکانی نێو لەشکری ڕوس چەند کەسێکیان بە نهێنیەوە هاتنە لامان هەواڵیان هێنا ڕوسەکان چوار تۆپی بیابانیان ڕووکردۆەتە ئۆردووگاکەتان، ئێمەش پێشقراوڵین و دەیانەوێ سبەی زوو بەرەو ئێوە هێرش بکەن. ئێمەش مانەوەمان لەو شوینەدا ودەرگیری ولەیەکدان لەگەڵ سەنجاویەکاندا لەبەرژەوەندی خۆمان نەدەزانی فەرمانماندا کە ماڵەکانمان سەرلەنوێ بەرەو" برد زنجیر" بگوێزینەوە، وشەو ئۆردووەکەمان چۆڵکرد.

بەیانی زوو ڕوسەکان چوار گوللە تۆپیان بەرەو شوێنە چۆڵکراوەکەی ئۆردوگاکەمان هاویشت. سەردار ڕەشیدیش ڕەوانسەری چۆڵکرد، ڕوسەکان بەرەو ئەولا ڕۆیشتن و ئەو شوێنەیان تۆپباران کرد، سەرجەم گوند وبەناوماڵەکانیان سووتاند.

چەند ڕۆژێك بەسەر گەڕانەوەماندا بۆ برد زەنجیر تێنەپەڕیبوو لەلایەن ڕەشید ئەلسەلتەنە وقەنبەر سوڵتانی گۆرانەوە هەواڵێ گەیشت کە تورکەکان بە فەرماندەیی عەلی ئیحسان بەگ ڕوسەکانیان تێکشاندووە وخانەقینیان داگیر کردووە وبەپەلە بەرەو ئێران دێن. ڕەشید  ئەلسەلتەنە نووسیبووی کە من خۆم بۆ پشکنینی ئەم مەسئەلەیە دەڕۆم، هەر هەواڵێ هەبوو پێتانی دەگەیەنم.

دوای دوو ڕۆژ لە قەنبەر سوڵتانەوە نامەیەك گەیشت کە حاجی عارف بەگی قوماندان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە هەڵگری خەلعەت ودیارییە بۆ سەردار ناسر هاتۆەتە ماڵی ئێمە وبەرەو ماڵی ئێوە دەچێت. ئێمەش لەبەر ڕێزلێنانی خەلعەتەکە سالار زەفەرمان لەگەڵ هەندێ سواری تردا ناردە ماڵی قەنبەر سوڵتان. دوای چەند ڕۆژێك لەگەڵ یاوەر حاجی عارفدا گەڕانەوە. دیاریوخەلعەتەکە بریتی بوو لە کاتژمێرێکی ئاڵتون کە بە جەواهیر ڕازابووەوە، ئەم دیاریە پێش پاشەکشێ بڕیارابوو بنێردرێت بۆ سەمسام ئەلمەمالیك، بەهۆی

فەوتی ئەو خوالێخۆشبووەوە خەلیل پاشا فەرماندەی گشتی هێزەکانی عوسمانی لە خۆرهەڵاتدا نامەیەکی پرسەیی بۆ سەردار ناسر نووسیبوو و کاتژمێرەکەشی بۆ ڕەوانە کردبوو. عەلی ئیحسان پاشایش یاوەر حاجی عارف بەگی کردبووە هەڵگری ئەم خلعەت ودیارییە.

حاجی عارف وسالار زەفەر گەیشتنە نیو فەرسەخیماڵەکانمان سەردار ناسر ومن وئەمیر ئەسعەدی باوەجانی، بە سوارێکی زۆرەوە چووینە پێشوازییەوە. حاجی عارف لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە و تێکڕا خاوەن پلەکان وکاربەدەستانی ئەم کارەساتە دڵتەزێنەی کە بەسەر سەنجاویدا هاتبوو ئەویش فەوتی خوالێخۆشبوو سەمسام ئەلمەمالیك بوو، پرسە وسەرخۆشی کرد. دوایی سەعاتەکەی لەگەڵ فەرمانێکدا پێشکەشی سەردار ناسرکرد.

سالار زەفەرلەکاتی گەڕانەوەدا لەماڵێ قەنبەر سوڵتانی قەڵخانی، سلێمان ناوێ کە بە (سلك) بەناوبانگە کە خزمەتکار ولە سوارەکانی سەردارناسر بوو و لەوێ جێدەهێڵێ کە هەرکاتێ ڕەشید ئەلسەلتەنە لەلای عەلی ئیحسان بەگەوە گەڕایەوە هەر هەواڵێك هەبێت زووتر بیگەیەنێتە ئێمە.

هەروەك لەم کاتەدا لەشکرێکی ڕوسەکان هێشتا لە ناوچەی جوانڕۆدا بوون لە پشتی سەرمانەوە دامەزرابوون.

حاجی عارف سوور بوو لەسەرئەوەی کە بێ گوێدان بە ئەوانە بەرەو مایدەشت وجەبهەی سەرەکی کرماشان بڕۆین، بەڵام پەلەمان لەم کارەدا دوور لە بەرژەوەندیمان دەزانی، چونکە ڕێی تێدەچوو کە ئەوان هێرش بهێننە سەر ماڵەکانمان، لەکاتێکدا ئێمە بڕوا ومتمانەی تەواومان بە دۆستی و وەفاداری باوەجانیەکان نەبوو.

چەند ڕۆژێکی خایاند تا سلێمان گەڕایەوە نامەیەکی لە عەلی ئیحسان پاشاوە بۆ حاجی عارف بەگ هاوردبوو. پێی ڕاگەیاندبوو کە تورکەکان هێرشیان هێناوەتە سەر پاتاق وسەرمیل وکرند، تا حەوت ڕۆژی تر لەشکری ئیسلامی، کرماشان لە پیسی ڕوسەکان پاك دەکاتەوە. ڕەشید ئەلسەلتەنە خۆیشی نامەیەکی بۆ ئێمە نووسیبوو کە قەڵخانیەکان لەگەڵ چەکدارەکانی سەفەر خاندا لەسەر کێوەکانی پاتاقەوە هێرش دەکەنە سەر ڕوسەکان.

ئێمەش هەموو سوارەکانمان کۆکردەوە ولەڕێی ئەمیر ئـاوا وهـەلور وگەردنـەی ئەحمەد خانەوە بەرەو مایدەشت کەوتینەڕێ. کە گەیشتینە بەندار قەڵای سـووتاو وباغی بڕاو وبێشەی خراوی خۆمم بینی بـەڵام بـچووکترین گـرنگیم بـە ئـەوە نـەدا. بـەتاو بـەرەو دەوروبـەری زەنـد هـەر شـوێنی پێـشووی شـەڕەکانمان لەگـەڵ ڕوسەکاندا، ڕۆیشتین.

عێل وخەڵکی سـەنجاوی لـە دەشـتی مایدەشـت لـە هێرشـی کتـوپڕ ولـەناکاوی ئێمەدا غافڵگیر وترسیان لێ نیشتبوو، بەڵام زۆری نەخایاند ترسەکەیان بەرتـەرەف بوو. لـەماوەی یـەك ڕۆژدا پـتر لـە هـەزار ودوو سـەد سـوار لـە گونـدی زەندهـەردا کۆبوونەوە. ئۆردووی ڕوسەکان لـە جـوانڕۆدا هـەر کـە خەبـەری جوڵانـەوەی ئێمـە دەبیسن بەپەلە بەرەو گەندمیان و دوو ئاو ودایچی پاشەکشێ دەکەن.

جەهانبەخش خان زەرغامو ئەلسەلتەنەی گۆران ومەنسور خانی سەنجاوی کە لەگەڵیاندا بوون دەکەونە چارەسەری خۆیان.

ڕۆژی دوایی لەگەڵ خۆرهەڵاتندا بەرەو کاروانسەرای مایدەشت هێرشمان هێنا، لەکاتێکدا هێـشتانە پاشمـاوەی لەشـکری ڕوس لـە "زویریـدا" بـەرگریان دەکـرد، دەرگـیری ئێمـە لەگـەڵ لەشـکرە بـێ سـەروبەرەکەیاندا لـە کاروانـسەرادا دەسـتی پێکرد.

ڕوسەکان ناچار بوون بەپەلە زویـر وچـوار زەوەر چـۆڵبکەن. نزیکـەی نیـوەڕۆ سەرەتای لەشکری عوسمانی بێ شـەڕ بەشـکۆیەکەوە وخۆنیـشاندانێکی جوانـەوە گەیشتنە دەشتی مایدەشت. پیـادە نیـزام بـەڕیزی ڕێـك وپێکـەوە لەپـشت سـەری یەکتریـــەوە وەك ســـەیل دەشـــتەکەیان گرتبـــووە بـــەر. ڕوســـەکان بەپەلـــە کاروانسەراکەیان چۆڵکرد. نزیکەی دە هـەزار سـوار وپیادەیـان بـەرەو شـاخەکانی زەنگلیان پاشەکشێیان کـرد. سـوارەکانمان لـە بـاڵی چـەپەوە هێرشـیان دەبـردە سەریان وزیانیان لێ دەخستن. سوارەکانی قۆزاق بەوپەڕی ئازاییەوە هێرشـەکەیان بەرپـەرچ دەدایـەوە وپوچـەڵیان دەکـردەوە. پیـادە نیزامـەکانی ڕوس بـە تـۆپی بیابانیەوە لە هەردوو لای کێوی زەنگلبانەوە دامەزرابوون.

سوارەکانمان تا سـەرەتای تەنگەکـە بەدوایانـدا ڕۆیـشتن ولەوێـدا سـەنگەریان دامەزراند. عەلی ئیحسان پاشا کە لە چوار زەوەرەوە دووربین هەڵدەخات دەرگیری

سوارەکانی ئێرانی لەگەڵ ڕوسەکاندا دەبینیێ، سەری سور دەمێنیێ، لە ڕەشید ئەلسەلتەنە دەپرسێ دەزانی کە ئەمانە سوارەکانی سەنجاوین.

عەلی ئیحسان پاشا گەیشتە کاروانسەرا، حاجی عارف بەگ چووە خزمەتی وهاوکاری سەنجاویەکانی پێڕاگەیاند. لە هاتنەوەدا ڕەشید ئەلسەلتەنە وسەفەروخانی لەگەڵ خۆیدا هێنا. جەمعیەت وسوارەکانی ئەوانیش تێکەڵاوی ئێمە بوون. عارف بەگ ووتی ئیمڕۆ عەلی ئیحسان پاشا سەبارەت بە دلاوەری وئازایی سەنجاوییەکان تەعریفی دەکرد ودەیووت تا ئیمڕۆ نەمدەزانی کە سەنجاوییەکان تا ئەم ڕادەیە ئازا وشەڕکەرن.

دوای نیوەڕۆ فەرمانی پێشەوە چوون لەلایەن عەلی ئیحسان پاشاوە دەرچوو. تیپەکانی سوارە نیزام وەك هێڵێکی زنجیرەیی بەپشت سەریەکدا دەجوولانەوە. سەربازەکان تفەنگەکانیان خستبووە ملیان وڕێك وپێك لەسەرخۆ بێ تێکچوون بەرەوپێش دەچوون. فەرمانیان پێدارا بوو تا سەد پێیەك تەقە لە دوژمن نەکەن. نزیکەی بیست هەنگ پشت سەر یەکتری حەرەکەتیان دەکرد.

ڕوسەکان بە چل تۆپەوە دەستمان کردە بۆمباران کردن وزیانی تورکەکانمان بە چاوی خۆمان دەبینی. سەربازەکان پەیدەرپەی دەکەوتن وغەڵتانی خوێن دەبوون، بەڵام ڕیزەکانیان هەروەك خۆی مابووەوە وبۆمبارانەکە کاری تێنەکردبوو وتێکی نەدابوو.

سەربازەکان کە گەیشتنە تیرڕەسیان دەستەیەك خۆیان دەدا بەزەویدا وئەو دەستەکە هێرشیان دەهێنا وبەرەو پێشەوە دەچوون. ڕوسەکان دایانیانە بەر مەتریلۆز وزیانێکی گەورەیان لێ خستن، تا تورکەکان خۆیان گەیاندە کەناری سەنگەرەکانی ڕوسەکان وبەسەر نیزەوە هێرشیان هێنا. سەعاتێکی زیاتر نەخایاند کە سەرجەم سەنگەرەکانی زەنگلیان وعینلکەش کەوتە دەستمان.

لە حەقیقەتدا ئازایی وبێ باکی وبوێری ودلاوەری سەربازە تورکەکان جێی تەعریف وتەمجید وپیاهەڵدانە. سەربازە پیادەکانی تورك شەو لە سەنگەرەکانی زەنگلیان وعینلکەشدا مانەوە.

عەلی ئیحسان پاشا لە کاروانسەراکەدا نیشتەجێبوو، وسوارەکانمان دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لەگەڵ ڕوسەکاندا ڕووبەڕوو نەبوونەوە. تەنها شەو نەبێ

نزیکەی پەنجا کەس لەو سەربازانە کە لە ئۆردووگای دووئاودا بە جێمابونەوە هاتبوونە دەشتی سەنجاوی. سەنجاویەکانی دانیشتووی ئەو گوندانە هێرش دەکەنە سەریان. سێ سواریان لێ دەکوژن ودوو کەسیش بەدیل دەگرن.

بۆ رۆژی دوایی ڕوسەکان کێوەکانی دایچی وسیمینە ودرکە وچەشمەسفید تا سەراوی کرماشان دەگرن وموحکەمی دەکەن. سوارەکانمان لەنیو فەرسەخیاندا نزیك بە درکە سەنگەر دەگرن لەگەڵ سەرجەم سەرکردەکان وکوێخاکانی گۆران وسەنجاویدا بەسەر تەپەیەکەوە دانیشتبووین، چەند خاوەن پلەیەکی تورکیش لەگەڵماندا بوون، خەریکی دووربین هەڵخستن بووین کە لەناکادا گوللە تۆپێکی (شراپنل) لە نزیکماندا تەقیەوە وهەرکەسێکمان پارچەیەك وەبەرکەوت، تێکڕا جێگەکەمان بە جێهێڵاو بڵاوەمان لێکرد بەڵام بە هەرام خانی ڕەشید ئەلسەلتەنە لەجێگەی خۆیدا نەجولایەوە وەزعیشی تێکنەچوو، خۆم یەکێ لەوانە بووم کە شەرم گرتمی ئەوانیش بێگومان هەر حاڵی منیان هەبووە. ڕەشید ئەلسەلتەنە بە بزەیەکەوە گووتی کاتی وەها هەیە مرۆڤ نابێت گرنگییەك بە ژیانی بدات. لەحاڵێکدا چەند خاوەن پلەی بێگانە لە نزیکماندا دانیشتوون وتماشامان دەکەن، ئەم ترسەی ئێمە مایەی ئابڕوچوونمانە. سەفەروخان لە قسەکانی تێکچوو بەڵام مـن حەقم داپێی، قسەکانیم بەڕاست زانی دووپارچە تۆپ بەرم کەوت، کە یەکێکیان چاویلکەی دووربینەکەمی شکاند وئەوی تریان بازووی چەپمی ڕەش کردەوە.

بەدوای ئەم دوو گوللە تۆپەدا دوانی تریشیان بەرەو ئێمە هاویشت، کە ئەوکاریگەرییەی پێشووی نەبوو. هەر بەو گوللە کە لەپێشدا تەقیبوو ئەگەر مەچەکێ لە خوارترەوە بتەقابایەوە کەسمان بە سەلامەت دەرنەدەچووین. تێکڕا ئەم ڕوون کردنەوەیە بۆ ئەوەیە کە خوێنەر لە ئازایی ودلاوەری ڕەشید ئەلسەلتەنە ئاگاداربێت. تا لەژیاندام ئازایی وخۆڕاگری ئەو ڕۆژەی ئەوم لەیاد ناچێتەوە.

سەعاتێ بۆ خۆرئاوا مابوو فەرمانی عەلی ئیحسان پاشا گەیشتە حاجی عارف بەگ، کە پێویستە سوارەکانی سەنجاوی وگۆران لەلای دایچییەوە هێرش بهێننە سەر ڕوسەکان. بەپەلە جولاینەوە، بەرەو سەراو ونیلۆفەر ڕۆیشتین. دوو دیلە

ڕوسەکەی دوێنێ یان هاوردە لام. پێم ڕاسپاردن کە ئاگایان لێیان بێت تا لەکرماشان دەیدەنە دەستی تورکەکانەوە.

شەومان لە سەراو بردە سەر. سبەی خۆمان بۆ پەلاماردان ئامادەکرد. حاجی عارف سووربوو لەسەرئەوەی کە یەکسەر هێرش ببەینە سەر سەنگەرەکانی دایچی. ڕوسەکان چونکە لە ئامادەبوونمان ئاگادار بووبوون نزیکەی چوار هەزار سوارەو پیادەیان بە تۆپخانەی کافییەوە هێنایە بەردەممان. بە دووربین تۆپخانەکان ومەتریلۆزەکان وسەنگەرەکانیانم بەسەر کێوەکەوە دەبینی. حاجی عارف دەیویست ئێمە لەم شەڕی دژواری شاخاوییەدا دەرگیر بکات بەو ئامانجەوە کە لەشکرەکەیان پێش ئێمە بێتە نێو شارەوە.

دۆستە شارستانیەکانمان وشازادە محەمەد باقر میرزا نووسیبوویان کە ڕوسەکان بەپەلە خەریکی چۆڵکردنی شارن، هەوڵبدەن کە پێش تورکەکان بگەنە شار. بە حاجی عارفمان ووت هێرش هێنانە سەر ئەم سەنگەرە بتەوە شاخاویانە بێ جێیە وئەوان لە حاڵەتی پاشەکشێ دان، هەر کە ئێمڕۆ بڕۆینە پێشەوە وهەڕەشەیان لە پشت سەریانەوە لێ بکەین ناچار پاشەکشێ دەکەن. ئەو سەرلەنوێ سوور بوو لەسەر ئەوە کە ئەمە فەرمانی فەرماندەیە پێویستە ئەنجام بدرێت. نەچوومە ژێر باری ئەم فەرمانەوە وئامادەی حەرەکەت بەرەو شار بووین. ڕەشید ئەفەندی وەرگێر بە گوستاخییەوە ڕووی کردە من ووتی تۆ یەکجار کەللە ڕەقی، پێویستە بزانی هێشتا ئاسەوای زامەکانت بە ئۆردووەکەی حوسەین ڕەووفەوە ماوە وسارێژ نەبووە. بەتوڕەبوونەوە وەڵاممدایەوە چاکترە ڕابردوو لەیاد خۆمان ببەینەوە، ئێمڕۆ ئەوەی پێویست دەکات بیکەین.

بەپەلە سواربووین لە دەشتی خالەوە یەکسەر بەرەو شار هێرشمان هێنا حەیدەر خانی سەنجاویم بە سەد سوارێکەوە کردە پێشقراول، سالار زەفەر بەدوو سەد سوارەوە بەدوایدا ڕەوانەم کرد. لەپشتی سەریانەوە من بە چوارسەد سواری سەنجاوی وگۆرانەوە کەوتمە ڕێ. سەردار ناسر بە پاشماوەی سوارەکانەوە لە پشت سەرمانەوە بوون. بڕیار وابوو کە لە کێوەکانی پشتی سەری باباجانەوە بەرەو دوستوند (دوسەوەند) حەرەکەت بکەین. نەگەیشتبووینە گوندی باباجان لە شوێنێکدا کە (نەعل شکەن)یان پێدەووت هەندێ لە سوارەکانی ڕوس کەمینیان

کردبوو، له ناکاودا هێرشیان برده سەر پێشقراوڵەکانمان وناچاریان بە پاشەکشێ کرد، بەڵام حەیدەر خان خۆی وئامۆزا دلێرەکەی بەچەند سوارێکەوە بەرگرییان دەکرد تا سالار زەفەر وسوارەکانی تریان گەیشتن. ڕوسەکان شکستیان هێنا بەڵام بێ ئەوەی ئەو شێوە ئاساییەی خۆیان کە هەڵاتن وگەڕانەوە بوو لە پاشەکشێدا بەکار ببەن. ئێمەش بەپەلە کەوتینە شوێنیان لەناکادا لەسەر تەپەکانی گوندی باباجانەوە دامانیانە بەر مەتریلۆز، هەروەك چاوەڕوانمان دەكرد تۆپخانە وسەربازەکانی پیادەی ڕوسەکان بەسەر شاخەکانی دایچییەوە جمیان ولە دەستی ڕاستەوە کەوتنە شەڕەوە لەگەڵماندا، بەڵام دیاربوو دەیانویست هەڵێن وکات ببەنە سەر. سوارەکانی سەردار ناسریش گەیشتنە باباجان. لەهەموو لایەکەوە ڕوسەکانمان دایە بەر وئەوانمان تا سیا کەمەر پشت دەروازەی کرماشان پاڵ پێوەنا وبەدوایاندا چووین. هێزەکانی ڕوس لەم جەبهەدا لەژێر فەرماندەیی پالکنیك بیچرا خوف دابوو کە زانوی گوللە لێیدابوو.

لە سیاکەمەرەوە تا کێوی دوستوەند هێڵێکی زنجیرییان ڕێکخستبوو، وتۆپ ومەتریلۆز دەیانی پاراست تۆپخانەکەیان بەشێکی لەپێشەوە بۆمبارانیان دەکرد وبەشێکی تریان لە پشتەوە خۆیان پتەو وقایم دەکرد تا بەشی پێشەوە پاشەکشێ دەکەن.

سالار زەفەر وهاوڕێکانی لە هێڵی جادەوە هێرشیان هێنا. من وڕەشید ئەلسەلتەنە وسەفەروخان بەرەو سیاکەمەر پەلامارماندا. سەردار ناسر بە جەمعیەتە زۆرەکەیەوە لەپشتی سەمانەوە ئێمەیان دەپاراست وبەهێزیان دەکرد. ڕوسەکان ناچار بە پاشەکشێ بوون، تائیمە تێکڕا سیاکەمەرمان داگیرکرد. کەم کەم مەیدانی هێڵی زنجیرە بەرگرییەکەی قۆزاقەکان تەنگتر دەبۆوە، ئەو لەشکرەی گە لەپێشی ئێمەدا بوون بەرەو نێوانی شار پاشەکشێیان دەکرد ولەوێدا خۆیان گرتەوە. شەڕ لەلایەن ئێمەوە ڕاوەستا، بەڵام لەولاوە جەمعیەتەکەی سەردار ناسریان تۆپباران کرد. بەفەرمانی سەردار مەتریلۆزەکە لەگەڵ مندا بوو بەرەو ڕوسەکان گوللە بارانی دەست پێکرد وهێرشیان هێنایە سەر گوندی دوستوەند زوو داگیریان کرد وڕوسەکان ڕۆیشتنە کەهریر. ئێمەیش گەیشتینە دەروازەی گوندی مەجنونی شاری کرماشان.

عەلی ئیحسان پاشا سەرچاوە سپی (چەشمە سفید)ی داگیرکردبوو. ڕوسـەکان لەنێو شـارەوە لەتەپـەکانی بـاغی زەهـیر ئـەلمولك ودلّكشاوە بـەرگرییان دەكـرد. لەكاتێكدا سەرگەرمی ڕۆیشتنەوەی شـار بـووین لـەناكادا بینیمـان كـە سـوارەكانی سـەفەروخان ورزەنگـان لێـدا وبـە نیـەت وئامـانجی تالأنـەوە بـەرەو شـار بـەتاو دەڕۆیشتن. چەند گوللەیەكم تەقاند سێ ماین وئەسپێكیانم كوشـت تـا ڕاوەسـتان، بەتوندی قەدەغەمان كرد كە هیچ كەسـێ حـەقی دەسـت درێـژی بـۆ مـاڵ وسـامان ودوكانی كەسێك نیە وهەركێ سەرپێچی بكـات بـێ وەسـتان تـیر بـاران دەكرێـت. بەرێك وپێكیەكی تەواوە هاتینە نێو شارەوە خەڵكی بـە خۆشـی وهەلهـە لێدانـەوە وپیرۆزباییەوە هاتنە پێشوازیمانەوە ونزیكەی دوو سەد كەسێك لە ڕوسەكان بەڵكو زیاتر كە لەنێو شاردا مابوونەوە بەدەستی خەڵكی كوژران.

لەگـەڵ سـالار مەنـسور وڕەشـید ئەلـسەلتەنە وسـەفەروخان وسـەركردەكانی گـۆران یـەك ڕاسـت چـووینە دار ئەلحكومـەوە وبەپەلـە كوێخاكـانی مەحەلـەكانی شـارمان ئامـادەكرد. جـەنگیزخان نـاوێ كـە كوێخایـەكی گەنـدەڵ و بـەدخوو بـوو دەرمان كرد ولەجێی ئەودا خوسرەوخان لاوێكی موجاهیدمان خستە شـوێنی. بـە كوێخاكان فەرمانماندا كە بە كاسبكارەكانی شـار ڕاگەیـەنن كـە دوكانـەكانیان بـێ ترس بكەنەوە.

لایـەنگرانی ڕوسـەكان وەك حـاجی ناسـر ئەلـسەلتەنەی حـوكمڕان وموعازیـد ئەلمولكی كارگوزار وئەمیر كل جێگـری حكومـەت وسـەید حەسـەنی ئۆجـاق وئاغـا بەرار موعتەزد وكەسانی تر، لەگەڵ ئەواندا یان پێش ئەوان هەڵهاتبوون.

شازادە محەمەد باقر مـیرزا، موقتـەدر ئەلدەولـەی زەنگەنـە كـە لەدواییـدا بـە زەهیر ئەلمولكی دوۆم بەناوبانگ بـوو، هـاوردە لام، شـەفاعەتی بـۆ كـرد كـە لـەم ماوەدا ئەوپەڕی هاوكـاری لەگەڵمانـدا كـردووە ونەیهێـشتووە زیـان وئـازارێ لـەمن بكەوێت. پێم ووت پێویست بە خۆشاردنەوە ناكات وبەوپـەڕی دڵنیاییـەوە بـە كـار وژیانی ئاسایی خۆتەوە خەریك ببە.

## گەڕانەوەی حکومەتی بەرگری میللی و
## دەست پێکردنی دووبەرەکی لەگەڵ نیزام ئەلسەلتەنەدا

هاتنە ژوورەوەی لەشکری عوسمانی بۆ شاری کرماشان لە دوادوایی مانگی شەعبانی ١٣٣٤ کۆچی/ کۆتایی حوزەیرانی ١٩١٦/ ڕێکەوتی یازدەهەمی مانگی تیری ١٢٩٥ هەتاوی، بوو. لەم ماوەیەدا نزیکەی یەك ساڵ بەسەر ئێمەدا وتایفەکانی نیشتەجێی سنووری ئێران ڕووداوی گەورە وسەرسوڕهێنەر وعیبرەت ئامێز تێپەڕیبوو.

لەپێشدا لە هاوینی ساڵێ لەمەوبەر لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکانی عوسمانیدا لە کرند کەوتینە شەڕەوە ئەوانمان لە ئاو وخاکی نیشتمانەکەمان وەدەرکرد. دوای چەند مانگێك لەگەڵ میللیەکان وموجاهیدینە ئێرانیەکاندا لە جەبهەیەکی هاوبەشدا لەگەڵ ئەواندا دژی ڕوسە داگیرکەرە ستەم پیشەکان کەوتینە شەڕەوە. ئەوە تانێ دوای چەند مانگێك شەڕ وشۆڕو ئاوارەیی لە کێوەکاندا لەسەرەتای هاوینی ساڵدا لەگەڵ ئەم هێزە سەرکەوتووەدا بەسەربەرزی وئابروومەندییەوە سەرلەنوێ هاتینە نێو شاری کرماشانەوە.

پێش دەستی ئێمە لە چوونە نێو شارەوە تاڕادەیەك جێی دڵخۆشی وڕەزامەندی علی ئیحسان پاشا نەبوو. لە حەقیقەتدا زۆربەی ئەفسەرە تورکەکان بە چاوێکی پڕ لە غەزەب وڕقەوە سەیرمانیان دەکرد. ماڵەکەمم بردە ماڵی زەهیر ئەلمولك، تورکەکان چەند جارێك داویان لێم کرد چۆڵی بکەم گوێم نەدایێ کاتم دەبردە سەر، تائەمیر ناسر خەلەج لەلایەن نیزام ئەلسەلتەنەوە بەنازناوی حاکمی کرماشان هاتە شارەوە. فەرمانی پێبوو کە بۆ وەزیر موختاری ئەڵمان وبەرپرسانی تریان وهەروا بۆ کۆچکردووەکان خانوو فەراهەم بکات. لەسەر قسەی ئەو ماڵەکەمم بۆ وەزیر موختاری ئەڵمان چۆڵکرد وبۆ ماڵی سەید حەسەنی ئۆجاق گوێزامەوە. لەوێدا بوو "ئەسپە پورەکەم" کە لە هەموو ناوچەی سەنجاویدا بەڵکو لە کرماشاندا وێنەی نەبوو لەبەین چوو.

دوای چەند ڕۆژێك دوای ئەمیر ناسر میرزا ئیسماعیلی نوبەرەیی گەیشتە شار. ئەو دەیگێڕایەوە، بەڵکو شکایەتی دەکرد کە نیزام ئەلسەلتەنەوهاوکارەکانی پەیماننامەیەکی شەرم ئاوەریان لەگەڵ عوسمانیەکاندا گرێبەست کردووە بەهۆی

ئەمـەوە سـلێمان مـیرزای مـساوات وشـێخ محەمـەد حوسـەین ئەسـترابادی ومـیرزا تاهیری تەنگابنی وئازادیخوازەکانی پێشکەوتنخواز لەگەڵ نیزام ئەلسەلتەنەدا بـە سەختی کەوتونەتە ململانێوە، بەڵام سـەید حەسـەنی مـودەریس وسـەید محەمـەد سادقی تەباتەبایی وحاجی میرزا عەلی محەمەدی دەوڵـەت ئابـادی ومـیرزا ئەحمـەد خانی قەزوینی لەگەڵ نیزام ئەلسەلتەنەوهاوڕێکانیدا یەك قسە وهاوبیرن.

نەوبەری بەرپرسی دوو سندووقی شتومەکی بەهادار لەلایەن ئەڵمانەکانەوە بـۆ ئەم شت ومەك وجەواهیراتانـە ئەڵمانـەکان بـۆ ئێـران ناردبوویـان ودەیانویـست لـە جەبهەی شەڕدا لەڕێگەی سلێمان میرزا وکۆمیتـەی بـەرگری میللیـەوە بەهەرکـەس کە پێویست بکـات وەك دیـاری پێـشکەشی بکرێـت. ئـەوەی لەپـشتی ئـەم دیـاری ناردنەوە بوو، وەك دەڵێن تەقی زادە بووە.

هەرچـۆنیٚ بـیٚ ئـەمیر ناسـر خەلـەج ئـەو سـندووقە نێردراوانـە بـۆ حکومـەتی کرماشـان لـە پۆسـتخانەی "بەغـدا" وەردەگرێـت. ئەڵمانـەکان کـە ئاگـادار دەبـن دەنێرنـە شـوێنی ئـەمیر ناسـر نەوبەریـدا کـە ئـەو ئەمانەتـە بگەڕێنێتـەوە. دوای دانوستانێکی زۆر ئەو سندوقەکانیان لە ئەمیر ناسـیر وەرگـرت هەرچـەندە هەنـدیٚ لەوانە لەبەین چـووبوون ودەسـتکاری کرابـوون، بـەڵام شـتومەکە چـاك وبـەهادارە سـەرکیەکەی نەوبـەری دژی وخـواردی وکەسـێك لێـی نەپرسـی بـۆ..؟ وئەگـەر پرسیبێتیشی نەگەیشتۆتە ئەنجامێك. ئـەو ئـەو هـەموو شـتومەکە بـە قیمـەت وبـە هادارەی کەم کەم فرۆشت وکردیە دەستمایەیەکی بازرگانی لە هەمەدان.

چەند ڕۆژێك لە ماڵی سەید حەسەنی ئۆجاقدا بووم کە خاوەن پلەیەك لەلایـەن عەلی ئیحسان پاشاوە هاتە لام. ووتی وەکو ڕاپۆرتێکمان پێگەیشتووە مـەتریلۆزێك لای تۆیە پێویستە بیدەیتـەوە وهەرچـی زووتـر بیگەڕێنیتـەوە. ووتم مەتریلۆزەکـە ئێستاکە لەیرادا نیە و مەوزوعەکەی دەمێنێتەوە تا هاتنی نیزام ئەلسەلتەنە. دوو سەعاتی نەخایاند هـەر ئـەو ئەفسەرە لەگـەڵ کاپیتانێکـدا گەڕانـەوە، ووتم پێیـان ئێوە لە خۆتانەوە هاتوون ئەینا ڕێی تێناچیٚ پاشا هەمچوو فەرمانی بکات.

نزیکـەی خۆرئـاوا دە سـەرباز لەگـەڵ ئـەو دوو دەرەجـەدارە هاتنـە ماڵـەوە وفەرمانێکیان هاوردبوو کە مەتریلۆزەکە لە عەلی ئەکبەر خانی سەنجاوی وەربگـرن وبیدەنە بەشی تۆپخانە. یەکجار ناڕەحەت بـووم. دەسـتی دەرەجەدارەکـەم گـرت

وخستمەسەر مەتریلۆزەکە پێم ووت سەیرکە، نیشانی شێر وخورشیدی پێوەیە نەك مانگ وئەستێرە، عەرزی پاشا بکە ئەم مەتریلۆزە ئەمانەتە لام ونایدەمە کەسێك تا نیزام ئەلسەلتەنەدەگاتە ئەیرا. بە ئەفسەرە نەمساویەکەم گووت بەپەلە مەتریلۆزەکە بیئاژنەرەوە وبیوەن بۆ سەنجاوی.

سەردارناسر وسالار زەفەر چەند ڕۆژێك بوو شاریان بەجێهێڵا بوو، ڕۆیشتبوون بۆ سەرکەشی ماڵی وێران وژیانی تێکچوو وپەرێشانیان. منیش چەند ڕۆژێکی تر لە شاردا مامەوە وچاوەڕێی هاتنەوەی کۆچکردەووەکان وتەداوی زامی پێی سالار موقتەدری برازام بووم، کە لە شەڕی سەراو ونیلۆفەردا لەگەڵ ڕوسەکاندا زامار بووبوو. هەر لەو ڕۆژانەدا تورکەکان فشارێکی زۆریان خستبووە سەرمان. وشەوێکی درەنگ ماژور حەبیبوڵلا خانی کاشی کە لە جەمعەکەیدا پێش ئەوانی ترهاتبووە کرماشانەوە هاتە ماڵمان، لە ڕەفتاری خراو ونالەبار وسوکییەك کە عوسمانیەکان سەبارەت بە ئێرانیەکان لە (میزوپوتامیادا)دا دەینوێنن، دلێکی پڕی هەبوو، ولە گرێبەستەکەی نیزام ئەلسەلتەنەلەگەڵ تورکەکاندا بەسەختی ناڕازی وناڕەحەت بوو. من پێشینەی دۆستیم لەگەڵیدا نەبوو بەڵام لە هەمووان دەمبیست کەسایەتییەکی چاکە وناویان بە چاکە دەبرد. پێمی گوت بێئەوەی ووشەیەك لە تۆ بشارمەوە نیزام ئەلسەلتەنەحەیسیەتمانی بە تورکەکان فرۆشتووە، هاتوومە، تۆ بەڵێنی هاوکاری وهاوپەیمانیم بدەیتێ کە ئەو لەسەر کارەکەی لابەرین وخۆمان لە دیلی تورکەکان ڕزگار بکەین. چونکە ئەوم بە تەواوی نەدەناسی وکارەکەم ژیرانە نەدەهاتە بەرچاو وەڵامێکی تەواوم نەدایەوە وبە نائومێدییەوە جێمی هێڵا.

بەم ئەوزاع وبارودۆخەوە مانەوەم لە شاردا بەچاك نەدەهاتە بەر چاو. بۆ سەنجاوی ڕۆیشتم، کۆچکردووەکانی کرماشانی کەم کەم دەگەڕانەوە، بەڵام نیزام ئەلسەلتەنەهێشتانە نەگەڕابووەوە. جەمعێك لە دۆستانی کۆچکردوو هاتنە دیەنیمان وسەبارەت بە پەیمانەکەی نیزام ئەلسەلتەنەلەگەڵ تورکەکاندا بەخراوە باسیان دەکرد. ئەم کەسانەی کە دژی گرێبەستەکە بوون هەموویان لایەنگیری سلێمان میرزای مساوات وهاودەستەکانیان بوون. کەم کەم مەوزوعی گرێبەستی لەگەڵ عوسمانیدا لام وەك شەوە وکابوسێکی گەورەی لێهاتبوو، هەرچی بیرم دەکردەوە نەمدەتوانی مانا ومەقسودێکی بۆ بدۆزمەوە.

ئەم شەڕەی کە لەدنیادا ڕوویداوە شـەڕی ئەڵمانـە لەگـەڵ دوژمنەکانمانـدا کـە ڕوس وئینگلیـسەکانە ئەگـەر سـەرکەوتنێك بەدەسـت بێـت ئەڵمانـەکان بەدەسـتی دەهێـنن، عوسمانیـەکان هێزێکـی سـەرەکی ئـەم شـەڕە نـین وپاڵیـان داوەتـە ئەڵمانەکانەوە. جگە لەمە کۆمیتەی کۆچکردووەکان بۆ دەرەوەی نیشتمان یـا لـە کونجو پارچەیەکی دوورە دەستی نیشتماندا بە بێ هێز وتوانایەکیەوە ئـەبێت چـی دەسـەڵات وتوانایـەکی هـەبێت سـەبارەت بـە ئاینـدە ودوارۆژی میللـەت و وڵات، گرێبەست لەگەڵ وڵاتێکی بێگانەدا بوەستێت. مەوزوعێکی حەیاتی گرنگ کە ئیمڕۆ لە پێشمانەوەیە دەبێـت هەر لەم هەلەدا پێش هـەموو شـتێك لەبیریـدابێن دروسـت کردن وپڕ چەککردن وئامادەکردنی هێزێکی سـەربازی ونیزامـی تـەواو وکافییـە لـە ئێرانیەکان خۆیان، هێزێك کە بیست هەزار کەس بگرێتـەوە وموجەهـەز بـە چـەکی نوێ، وفێربوونی هونەر وپلانی شەڕی نوێ بێت.

ئایا ئێرانیەکان کـە لـەدەور وزەمـانی هەنـدێ لـە پاشـاکاندا وەك شـا عـەباس ونادرشـا سـەدان هـەزار سـەربازیان کـۆکردەوە نـاتوانن ئـەم جـۆرە هێـزە ئامادەبکەن..؟ بۆ ئـەم کـارە لـەپێش هەموویانـدا چەك ودوای ئەمـە پـارە وپـول بـەدوای ئەوانـەدا مەشـقی ڕاسـتەقینەی نیزامـی پێویـستە وهـەموو ئەمانـە لای ئەڵمانـەکان بەدەسـت دێـن ودەکـرێن. ئەگـەر ئـەوان لەئێمـە دەیانـەوێ کـە شـان بەشانیان لەبەرامبەر دوژمنانی هاوبەشماندا جەبهەیـەکی کاریگـەر دروسـت بکـەین ئەم یارمەتیەمان بدەنێ تا هەل و ماوە ولەدەست دایە ئەم هێزە فراوانـە فەراهـەم بکەین،. سەبارەت بە ئایندەی سوڵح ئەگەر گرێبەستێك پێویست بێت هەر دەبێت لەگەڵ ئەڵمانەکانـدا ببەسـترێت وتـەئميناتی پێویـست سـەبارەت بـە بەرژەوەنـدی وپاراستنی ئێران تێیدا دابین بکرێت.

لەبەر ئەمانە بە بۆچوونی من لەم بارودۆخەدا گرێبەست لەگەڵ عوسمانیەکاندا بـێ سـوود وبـێ ئەنجامـە ولەبەرئـەوەی بـە نهێنـی هیلاویانەتـەوە ڕێـی تێدەچـێت مەرجی زیان بەخش وخراو ورسواهێنەری تێدا گونجا وبێت.

ماوەیەك تێپەڕی نیزام ئەلسەلتەنەگەیشتە کرماشان وکابینـەی حکومەتەکـەی بەم شێوەیە دروست کرد:

نیزام ئەلسەلتەنەسەرۆکی حکومەت.

سەید حەسەنی مودەریس وەزیری داد.
موحەمەد عـەلی خـانی مـافی، سـالار موعـەزەمی کـوڕی نیـزام ئەلـسەلتەنەوەزیری دەرەوە.
میرزا محەمەد عەلی خانی کلوب (فەرزین) وەزیری دارایی.
حاجی عزو ئەلمەمالیك ئەمان للا خانی ئەردەڵان وەزیری فەوایدی عامە.
میرزا قاسم خان سور ئیسرافیل وەزیری پۆستە وتەلوگراف.
ئـەدیب ئەلـسەلتەنەی سـەمیعی بریکـاری وەزیـری نـاوخۆ . وەزارەتـی نـاوخۆ لـە پێشەوە بۆ سلێمان میرزا دیاریکرابوو، بەڵام ئـەو نـە تـەنیا ئـەم پلـەی قبوڵنـەکرد بەڵکو بووە دژی ئەم حکومەتەیش.

نیزام ئەلسەلتەنەنامەیەکی بۆم نووسی بانگهێشتی بۆشار کردبـووم. نامەکـەی لە نامەیەکی قەوام ئەلعولەمادا بوو کـە ئـەویش سـوور بـوو لەسـەر گەڕانـەوەم بـۆ شار. لە کرماشان قەوامم بینی ولە قسەکانی بـۆم ڕوون بـووەوە کـە دژی سـلێمان میرزای مساوات وهەڤاڵەکانیەتی، لەگەڵ جەماعەتی حاجی عزو ئەلمەمالیك وئەدیب ئەلسەلتەنەدا هاوبیر وهاوپەیمان دەهاتە بەرچاو کە هۆی ئەم دووبـەرەکی ونیفـاق وجیاوازییە زۆربەی میرزا ئەحمەد خـانی قـەزوینی یـەکێ لـە ڕەهبـەر ناودارەکـانی دیمکراتەکانە. سـلێمان مـیرزا وچـەند کەسـێکی تـر کـە دژبـوون لەبەغدا مانـەوە، جـــەمعێ لـــە لایـــەنگیرانیان هاتبوونـــە کرماشـــان دژی حکومـــەتی نیـــزام ئەلسەلتەنەپڕوپاگەندەیان دەکرد.

بێ ئەوەی قەوام ئەلعولەما لە بیروبۆچوونی من ئاگاداربێت پێکەوە ڕۆیـشتینە لای نیزام ئەلـسەلتەنەکاتێ لـە عیمـارەتی بیدسـتاندا (دار ئەلحکومـە)ی کرماشـان لەگەڵ هەیئـەتی حکومەتەکـەی دا کۆبووبوونـەوە، کـە هاتینـە ژوورەوە پێـشوازی وسـڵاویان لێکـردین. لەحەقیقەتـدا دەم وچـاوی ئاغـای مودەریـسم لەگـەڵ خۆمـدا تاریك وتفت وتاڵ هاتە بەرچاو. ئەوم تا ئـەو کاتـە نـەبینیبوو، ڕوویـەکی ڕەش کـە بەلای زەردیدا ئەیڕوانی، چەناکەیەکی درێژ و پـڕ لـە لۆچـی هـەبوو، ڕیش ومـووی سەر وڕووی یەکجارکـەم بـوو، لاشـەی لاواز بـەڵام ئێـستقانەکانی وئەنـدامی لەشـی پتـــەو ودەمـــاردار بـــوو، جلێکـــی چـــڵکن ودڕاو لەبەریـــدا بـــوو. حاڵـــەتی دانیـــشتن

وسـەیرکردنی ئـەوەی دەگەیانـد کـە کەسـایەتیەکی موسـتەبد وبـێ بـاك و بـوێر و لێهاتووە.

دوای نیـو سـەعات سەرەخۆشـیکردن ودڵدانـەوە ومـەلوولی نیـشاندان بـەهۆی فەوتی سەمسام ئەلمەمالیکەوە وپرسیار سەبارەت بە کاروبـاری جۆراو جـۆر هـەر حەوتەکـەیان بڵاوەیـان لێکـرد، تـەنها نیـزام ئەلـسەلتەنەومن وقـەوام ئەلعولـەما ماینەوە.

ئەو سەبارەت بە دۆستی ونزیکی لەگەڵ سەمسام ئەلمەمالیکدا قسەی کرد و ووتـی لـەکاتی حـوکمڕانی کرماشـاندا هـیچ کـاتێ مەوزوعـە نیهێنیـەکانم ئـەو نەدەشاردەوە، لە هـەموو پێشهات و ڕووداوێکدا پیـاوێکی مـودەبیر ولێهـاتووبوو. ئێستاکە ئەو کۆچی دوایی کـردووە نـازانم ئـەتوانم لـەئێوە براکـان کـە کـوڕی ئـەو زاتەن هەر ئـەو نزیکـی وخۆشەویستیە چاوەڕوان بکـەم؟ وەڵامـم دایـەوە لـەکاتی پێویستدا بۆ خزمەتی وڵات درێغیمان نەکردووە، ئێستاکەیش لە سنووی تواناماندا درێغـی ناکـەین. ووتـی مەقـسودم دۆسـتایەتیە. ووتم بـاوەڕ ئەفـەرمووی کـە دۆستایەتی هەمیشە لەگەڵ سیاسەتدا تێکڵاوبووە وئێستاکە زۆرتـر ئـەو تێکڵاوییـە دەکەوێتـە بەرچـاو وخـۆی دەنوێنێـت. حـەزرەتی پایەبـەرزتان لـەو کاتـەدا تـەنها حاکمی کرماشان بوویت ولەلایەن دەوڵەتەوە ئـەو کـارەت پـێ سـپێردرابوو، بـەڵام ئێـستاکە بـارودۆخێکی تـر ونازنـاوێکی تـرت هەیـە، لـەم بارودۆخـەی ئیمـڕۆی وڵاتەکەماندا مرۆڤ یـان دەبێـت بـەدوای قـازانج وسـوودی تایبـەتی خۆیـدا بێـت یـا لەبیری خزمەت بە مەملەکەتدا بێت. لەبواری قـازانجی تایبەتیـدا بـاوەڕ بفـەر هـیچ جۆرە مەنفەعەت وسوود وقازانجیێ بۆ کەسێ لە بنەماڵە وعێلەکەمان لە ئـارادا نیـە وبیریشمان لێ نەکردوەتەوە، بەڵکو سەرجەم زیان وزەرەر بووە کە لێمان کەوتووە ودەکـەوێ. کـەوای لێهـات ئـەم کۆشـش وتەلاشـەمان لـەڕێگای خزمـەت بـە وڵات ونیشتماندایە. هەر کاتێ جەنابتان ڕامیارییەکی ئاشکرا وڕوون وڕۆشنت لەپێشماندا نواند وبۆم ڕوون بێتەوە کە بۆ مەملەکەت و وڵاتەکەمان سود وقـازانجی هەیـە، بـە حەزرەتی پایەبەرزتان بەڵێن دەدەم کە خۆم وبراکانم وعێلی سـەنجاوی لەخزمـەت دا دەبین. ووتی بۆچی لەنێو ئێوەدا لەم دوو مانگەدا گۆڕانکاریەك ڕوویـداوە؟ ووتم لای ئێمە خەیر. بەڵام بیستوومانە کە لـەنێوان جـەنابتان وڕەهبـەرانێ کـە میللـەت

گوێڕایەڵیانــە وئاڵاهــەڵگری ئــەم ڕاپەڕینوکۆچــکردنە بوونــە وەك ســلێمان مــیرزاو مساوات وکەسانی تر دووبەرەکی پەیدا بــووە. هــەروەك ئێــران لــە سلێمان مــیرزا وجەمعی کۆچکردووەکان وجەنابتاندا خەست نابێــتەوە، بەڵام ئێمە کاتێك ئەمەمان بینــی کــە خۆشەویــستترین پیــاوان وپێــشەوایانی مەملەکــەت ڕاپــەڕینێکیان بــەرپا کــردووە ولــە خانــە وکاشــانەی خۆیــان کۆچــیانکردووە وخــەڵکی ئێــران بــۆ جیهــاد بانگهێشت دەکەن ئێمەیش هاتینە دەنگیانــەوە وتێکــەڵاوی ئــەوان بــووین وئــەوەی توانیمان کردمان ولەهەمووان زیاتر زیانمان بینــی. ئێــستاکە مافمــان هەیــە بــزانین هۆی ئەم ناڕەحەتی ودووبەرەکیە چی یە؟ ولەسەر چی یە؟ ووتی دەزانم بە سەهو چەواشــە ولار وخێــچی جــەنابتانیان حــاڵی کــردووە، ناڕەحــەتی ودووبەرەکییــەك لەنێواندا نیە..

من سەرگەرمی قسەکردن بووم، قــەوام ئەلعولــەما ناڕەحــەت بووبــوو ئامــاژەی دەکرد بیبڕمەوە، بەڵام دەمویست لە ئەسڵی مەزوعەکە تێبگەم. ووتم خەیر، سەهو وچەواشە ولار وپێچەوانە تێنەگەیشتووم، دووبــەرەکی هەیــە، وئێــستاکە لــە شــاردا جەمعێکی زۆر هەن لە کۆچکردووەکان وئەفسەرە نیشتمان پەرستەکان دژی تــۆن، وایــان بڵاوکردوەتــەوە کــە حــەزرەتی بــەرزتان لەگــەڵ عوسمانیەکانــدا پــەیمانێکت بەســتووە کــە بــۆ دواڕۆژ وئاینــدەی مەملەکــەت زیانبەخــشە، ئێمــە ســەنجاویەکان یەکــەمین کەســانێك بــووین کــە بەڵگەنامــە فەرمیــەکانی دەوڵــەتی عوسمانیمــان بەدەســت هێنــا ولەنیــەتی چــەپەڵ ونالــەبار وخراویــان ســەبارەت بــەم مەملەکەتــە پــەردەمان لادا، ئێــستاکە بەڕاشــکاوی وبــێ شــاردنەوە عــەرزی جــەنابی بــەڕێزتان دەکــەم تــا دڵنیــا نــەبم کــە گرێبەســتێك نەبەســتراوە یــان لــەدەق ونــاوەڕۆکی ئــەو گرێبەستە ئاگادار نەبم کە زیانێکی بۆ مەملەکەت نیە ئامــادەی خزمــەتی بــەردەوام نابم.

حاڵەتی نیزام ئەلسەلتەنەبەتەواوی گۆڕیا. ووتی تــۆ بۆچــوونت وایــە مــن وئــەم هەیئەتە خیانەت بەم مەملەکەتــە دەکــەین. یەکــەم پــەیمانێك نەبەســتراوە. دووەم ئەگەر بەسترابێتیش ئێمە لە تۆ زۆر چاکتر بەرژەوەندی ئــەم مەملەکەتــە دەزانــین. هەروا هەر کەسێك ئەو مافەی نیە تــا ئــەم ڕادە وســنوورە بێتــە نێــو سیاســەتەوە. دوایــی ڕوویکــردە قــەوام ئەلعولــەما و ووتــی لەیادتــە لــە ڕۆژی خــەتمی پرســەکەی

خوالێخۆشبوو سەمسام ئەمەمالیکدا لـە بەغـدا چـیم ووت. وەڵامـم دایـەوە، بـەڵێ، مەرحەمــەت ونەوازشــتی حــەزرەتی پایەبــەرزتانم پێگەیــشت کــە دوای مــەخابن نیشاندانت سەبارەت بێ لیاقەتی وبۆدەڵەیی ئێمە هەرسێ کوڕەکـانی شـێرخان بـۆ جەمعیەتی پرسـەکەرەکان دوابـووی، ئەگـەر شایـستە وقابلیەتـداریش نەبووینایـە نەدەبوایە لە وڵاتێکی بێگانەدا ئێمەت بە نالایق وبۆدەڵە وەسف بکردایە. بەوپەڕی تووڕەبوونەوە هەڵسا و ووتی قسەکردن لەگەڵ تۆدا بێ سوودە. ووتم لەئێمە باشتر وچاکتر زۆرە کە قسەیان لەگەڵدا بکەی.

بەدڵێکی گـیراوەوە هاتمـە دەرەوە. ڕۆیـشتمە خزمـەت شـازادە محەمـەد بـاقر میرزا. قەوام ئەلعولەما لای نیزام ئەلـسەڵـەنە مایـەوە ودوای نزیکـەی نیـو سـەعات هات ودرێژەی ڕووداوەکەی بـۆ شـازادە بـاس کـرد. لەدیمـەن وحاڵـەتی شـازادەوە زانیم کە لە قسەکانی من ناڕازی نەبوو، بەڵام لەلای قـەوام ئەلعولـەمادا ئامۆژگـاری کرد و گوتی بەم ئەندازە وڕادەیە تیژ ڕۆیشتن لە سیاسەتدا ڕاسـت وپەسـەند نیـە، بۆخۆت زەحمەت ودەردەسەر فەراهەم دەکەیت.

قەوام ئەلعولەما ووتی دوای ڕۆیشتنی تۆ نیزام ئەلسەلتەنەسوێندی خـوارد کـە ئەو دەیەوێ سەنجاوییەکان بواتە پێشەوە وسـەرجەم عێـل وعەشـایرەکان بکەمـە پەیڕەویان، بـەڵام ئـیتر مـەئیوس بوومـە. ووتـی بـەڵێنم پێـداوە کـە ئـەڕۆم ئـەوان ئامادەدەکەم کە بێنەوە خزمەتت. ووتم جێی خۆی نەبووە کە ئەم جۆرە بەڵێنـەت داوە، بێگومان تا لە ناوەڕۆکی سیاسەتەکەی نیزام ئەلسەلتەنەتێنەگەین ئامـادەی هاوکاری نابین. قەوام ئەلعولەما ووتی ئـەو کـەلورەکان وگۆرانـەکان لـەخۆی نزیـك دەکاتەوە وناچاریان دەکات لە دژی ئێوە بجوڵێنـەوە. ووتم هـەرکارێ لـە دەسـتی دێت بابیکات ودرێغی نەکات. قەوام ئەلعولەما نائومێد بوو ڕۆیشت.

شـازادە محەمـەد بـاقر مـیرزا ووتـی ئەگـەر چـی حـەق بـە تـۆ دەدەم بـەو عەهدنامەیە لەگەڵ عوسمانیەکاندا خۆش بین ودڵخۆش نیم، چونکە ئـەوان بـەهۆی ئەڵمانەکانەوە لەسەر پـێ وەسـتاون وسـەبارەت بـە ئێمـە نیـەتێکی باشـیان نیـە، ونایشیان دەبێت، بـەڵام ئـەوە بزانـە ئـەوان کینـە وڕکێکـی زۆریـان لـە هەڵوێـست وڕەفتاری پارساڵی تۆ لە دڵدا حەشارداوە، ئەگەر نیـزام ئەلـسەلتەنەیش بکەیتـە دوژمنی خۆتـان ڕێـی تێدەچێت کـە ژیانتـان بکەوێتـە مەترسـییەوە. ئەڵمانـەکان

هەروەك لە تورکەکان ڕازی نین بەڵام لەم قۆناغ وبارودۆخەدا ناتوانن ناڕەحەت وزوویریان بکەن وبیان تۆرێنن ویارمەتی ئێوە بدەن. چاکترە دژایەتیەکەت نەخەیتە ڕوو تا ڕوون دەبێتەوە چ گۆڕانکارییەك لەسیایەتی ئەڵمانەکاندا سەبارەت بە ئێرانیەکان دێتە پێشەوە، چونکە تەقیٚ زادە لە بەرلیندایە، سلێمان میرزا ومساوات وکەسانی تر لە مەوزوعەکە ئاگادارین دەکەن، وڕێیتێدەچێت کە ئەڵمانەکان کارێکی گرنگ وکاریگەر لە ئێراندا بکەن، ئەوەی تێیگەیشتووینە ئەوانیش لە نیزام ئەلسەلتەنەڕازی نین ودڵیان پێی خۆش نیە.

بڕیارمدا لە شاردا بمێنمەوە وسەیرکەری ڕووداوەکان بم. لەماڵی ئاغا بەرار کە بە موعتەزد بەناوبانگە لەگەڵ ڕوسەکاندا ڕۆیشتبوو، نیشتەجێبووم. چەند ڕۆژێك لەمەوپێش نیزام ئەلسەلتەنەبۆ دژایەتی من سلێمان خانی ئەمیر ئەعزەمو عەباس خانی قوبادیان ئەمیر موعەزەم سەرکردەی عێلی کەلور وسالار مەنسور وڕەشید ئەلسەلتەنە وسەفەروخان سەرکردەکانی تایفەکانی گۆرانی بانگ کردبوو. بڕیاروابوو کە دوو هەنگی کۆنی کەلور وگۆران بەسەرپەرشتی سەرۆکەکانیان بێنە شار. بۆ هەرسەربازیٚ مانگی دوانزە تومان و بۆ سەرکردەکانیان هەر موچەی پێشوویان بۆ بڕیایەوە. لەماوەی دوو هەفتەدا هەنگەکان هاتنە شارەوە ولەلایەن ئەفسەرە پلەدارە تورکەکانەوە خرانە ژێر مەشقەوە. ئەم ڕووداوە لە ئەڵمان تاڕادەیەك ناڕەزایەتی فەراهەم کردبوو، چونکە پارەوپولەکە ئەوان دەیاندا بەڵام سەرکردەیی ودەسەڵات بەدەست تورکەکانەوە بوو.

کاربەدەستی سەرەکی تورکەکان فەوزی بەگ بوو، کاتیٚ کە لە باڵیۆزخانەی عوسمانی لە تاران داوابەستەی نیزامی بوو جڵەوی نیزام ئەلسە ڵتەنەی بە دەستەوە بوو وهەرچی بویستایە پێی دەکرد. کەم کەم ئەڵمانەکان ناڕەزایی خۆیانیان نواند بەتایبەتی کاتیٚ مسیو نادلینی وەزیر موختاری ئەڵمان گەیشتە کرماشان. ئەو زاتە هەم ڕامیاری بوو هەم نیزامی وهەم چالاك وکارامە. لەپێشدا لە قەسری شیرین باوکمی بینیبوو وسەبارەت بە سەنجاویەکان بیروباوەڕی چاکی هەبوو، وچەندرمەکانی ئێرانی وئەفسەرە نیشتمان پەروەرەکانیانی دڵگەرم وپاڵپشتی لیٚ دەکردن.

ئەو جەندرمانەی کە لە بەغداوە گەڕابوونەوە دڵێکی پڕیان لە تورکەکان هەبوو وڕکیان لێیـان دەهاتـەوە، ئەڵمانـەکانیش بەرتەکـەکانی ئـەوانیان پاڵپـشت دەکـرد وهانیـان دەدان کـە دژایـەتیان بکـەن. لـەم کاتـەدا شـێخ محەمـەد حوسـەین ئەسترابادی ومیرزا تاهری تـەنگابوونی وحـاجی محەمـەد تـەقیٚ شـاهروودی هاتنـە کرماشـان. ئەمانـە لـەنێو میللیـەکان ودیمکراتەکانـدا ناوبـانگێکی چـاکیان هـەبوو، وداروودەسـتەی نیـزام ئەلـسەلتەنەحەزیان نـەدەکرد ڕێزیـان لێبگیرێـت بـەڵام بـە پێشوازیەکی گەرمی خەڵکەوە هاتنە نێو شـارەوە ولـەماڵی حـاجی محەمـەد بـەگی بازرگـانی خـۆش ئـاوازە نیـشتەجێبوون. چـوومە دیـدەنیان، هـەروەك كەسـیانم نەدەناسی بەڵام لەیەکەم چاوپێکەوتندا شیفتە ودڵبەندی گوفتـار وسـۆزیان بـووم. هەرسێکەیان نیشتمان پەروەر وبەئایین وڕاست کرداربوون. میرزا تاهیر لە هـەڤاڵان وهاوبیرانی سلێمان میرزا وەك دانشمەندێکی زانا ولێهاتوو دەناسرا. شێخ موحەمەد حوسەین ئەسترابادی هەروك لـە دەسـتەی زانایـان ودانـشمەندان وموجاهیدەکانـدا بوو تاڕادەیەك بیروباوەڕی سۆشیالیستی هەبوو. حاجی محەمـەد تـەقیٚ شـاهرودی بازرگانی بە سامان وخێرخواز حەزی لە ئازادی وگەشەکردنی ئابوری ئێران بوو.

ئەمانـە لـە مەجلیسەکاندا بـێ پـەردە سـەبارەت بـە نیـزام ئەلسەلتەنەقسەی خراویـان دەکـرد، تانـە وتەشـەریان لێـدەدا، وزیـانی گرێبەسـتەکەی کـە مـەرجی فەرمیەتی تێدا نەبوو دەدوان. وسەبارەت بە ڕەفتـاری وسـوك و نالـەباری خـاوەن پلە تورکەکان لە بەغدا لەگـەڵ ئێرانیەکانـدا باسـیان دەکـرد. دوای ئـەوان حـاجی ئیسماعیل ئاغـای ئـەمیرخیزی وئـەمیر حیـشمەتی تـەبریزی لەگـەڵ جەمعێکدا کـە نزیکەی بیست کەس لە دیمکراتەکان دەبوون گەیشتنە کرماشان. ئەوانیش بێـزاری خۆیـان سـەبارەت بـە نیـزام ئەلسەلتەنەخـستەڕوو. ولەهەوڵـدان وکۆشـشدابوون هەرچـۆنێ بـووە محەمـەد عـەلی خـانی کلـوب وئـەدیب ئەلـسەلتەنەی سـەمیعی لێ جیاکەنەوە ولەگەڵ سلێمان مـیرزادا ئاشـتیان کەنـەوە . زۆربـەی دیمکراتـەکان لـە مـیرزا ئەحمـەد خـانی قـەزوینی شـکایەتیان هـەبوو وئـەویان بەسەرچـاوەی دووبەرەکیەکان دەزانی ئەویش لە جەمعیەتەکەدا ئەنـدامێکی چـالاك وکـارا ولێـزان وکارزان بوو، ولەبەرامبەر تانەو تەشەرەی هەڤاڵەکانیدا ڕاوەستا بوو.

بەهۆی ئەم ڕووداوانەوە دیمکراتەکانی کرماشـان هاتنـە ڕیـزی دژەکـانی نیـزام ئەلـسەلتەنەوە، وفـشاریان هـاوردە سـەر قـەوام ئەلعولـەما کـە پەیوەنـدی خـۆی لەگەڵیـدا ببڕێـت، ئـەویش لـە نێـوان دوو ڕێگـادا گـیری کردبـوو. کـەڕەتێکی تـر ڕوویکردە من، ئـەمجارە نـاوی نیـزام ئەلـسەلتەنەی بەسـەر زمانـدا نـەهات بـەڵکو دەویست وئامانجی ئەوەبوو کە من بکاتە هـاوڕێ وهـاوبیری چـوار هەڤاڵەکـەی کـە بریتی بوون لە محەمەد عەلی خانی کلوب وئەدیب ئەلسەلتەنەی سـەمیعی وحـاجی عز ئەلمـەمالیکی ئـەردەڵان ومـیرزا ئەحمـەد خـانی قـەزوینی. هـەرپێنجیان هاتنـە ماڵەکەم. دوای سەڵاو وخێرهاتن کردن، میرزا ئەحمەد خانی قـەزوینی نوسـراوێکی لـە گیرفـانی دەرکـرد وخوێندییـەوە، کـە شـێوەی مەرامنامـەی حیزبـی هـەبوو وداخـوازی لێمـان کـرد کـە هـەمووومان واژووی بکـەین. بـێ ئـەوەی ئامـاژەیـەك بـە پەیوەندییەك لەگەڵ نیزام ئەلسەلتەنەدا کرابێ، پێم ووت ئاغـای قـەوام ئەلعولـەما ئـەزانی کـە تائێـستا مـن نەچـوومەتە نێـو هـیچ کۆمەڵـە وحیزبێکـەوە لەگـەڵ دیمکراتەکاندا دۆستم، ئامانج وئارمانم نیشتمان پەرەستی یە وبڕوام بـە حیزبـەکان نیە. ووتیان هەموو خاڵەکانی ئەم نووسـراوە یەکـەمین مـەرجی وەتـەن پەرەسـتی یە، لەم حاڵەدا نابێ عـوزر بـۆ ئیمزاکردنـی بێریتـەوە. ووتم بەومەرجـەی خاڵـەکان وتەعـەهودەکانی تـری لابـەرین ولـە چوارچـێوەی وەتـەن پەرەسـتیدا بمێنێتـەوە، ئیمزای دەکەم. میرزا ئەحمەد خان لەقـسەکانم تـووڕە بـو، وبەتووڕەییـەوە ووتـی چی..چی؟ ئەوە چی دەڵێت..ئەوە چی دەڵێت؟ مرۆڤێکی بێ بیروبـاوەڕ کـە مـرۆڤ نیە. ووتم باش دەزانم چی دەڵێم، جەنابتانیش باشترە ئاگـات لـە قـسەکانت بێـت. کلوب وقەوام ئەلعولەما کەوتنە ناوبژییەوە، منیش دەسپێچێك وبەهانەیەکم کەوتـە دەست، ئیتر ئامادەی درێژەدان بە دانووسـتانەکە نـەبووم. حەزرەتـەکان ڕۆیـشتن وئـاخرین تەلاشـی قـەوام ئەلعولـەما بـۆ هاوردنمـە ڕیـزی جەماعەتەکـەی نیـزام ئەلسەلتەنەپووچ دەرچوو، وبێ ئەنجام مایەوە.

## گفتوگۆ بۆ کوشتنی نیزام ئەلسەلتەنە

چەند ڕۆژێ تێپەڕیبوو کە قەوام ئەلعولەما لە ڕەفتاری خۆی پەشیمان بووبـوو لـە بـێ وەفـایی هەڤاڵـە حکومـەت بـە دەسـتەکانی گلـەیی دەکـرد وهاتـە ڕیـزی

دژەکانەوە. من وئەو وعیماد ئەلرەعایا هەفتەی دووجار یەکتریمان دەبینی. میرزا غەفار خانی زەنوزی ومیرزا ئاغا خانی دەورەی شۆڕشی مەشروتە ومحەمەد ئاغای خالۆ ئۆغلیش هاتنە نێو مەجلیسەکەمانەوە.

دانوستانەکان سەبارەت بە لابردنی نیزام ئەلسەلتەنەولەجێگاکەیدا دانانی کەسایەتیە شۆڕشگێڕەکان بوو. میرزا غەفاری زەنوزی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت نیزام ئەلسەلتەنەلەبەین ببرێت، لەدوای لەنێوچوونی بکەوینە بیری دانانی جێنشینێك لەشوێنەکەیدا. بەقسەی پڕوپوچ وملهوڕیەکی سادەوە ڕێگای لەبەین بردنی بەم شێوەیە پێشنیار کرد. بیست کەسێك ئازا ودەست لەگیان شۆردوو بەبیست جلوبەرگی سەربازی تورکەوە وبیست چەکێ لە نەوعی چەکەکانی ئەوان ودەستێ جلی خاوەن پلەیەکی گەورە بدرێت پێی، دەیووت خۆم بەشەو بەو سەربازانەوە کەجلوبەرگی سەربازە تورکەکانیان لەبەردایە دەڕۆمە دار ئەلحکومەوە ودەیکوژم.

خالۆ ئۆغلی یەکێ لە موجاهیدە تەبرێزیەکان کە هاومالّی بوون، وعیماد ئەلرەعایا عەبدولحوسەین تەرەکەی ناساند، ولەمنیان ویست بەڵێن بدەم ئەگەر کەسێك ئەم کارەی ئەنجامدا وهاتە نێو تایفەی سەنجاوی ئاگام لێی بێت وبیپارێزم. ووتم پاراستن وئاگاداربوون لە فیداییەك کارێکی ئاسانە، بەڵام ئێمە پێویستە بیربکەینەوە، ئەگەرنیزام ئەلسەلتەنەبە کوشتن لەنێوبەرین کێ دەبێتە جێنشینی؟ لەم بارودۆخەی ئێستادا کەسێکی وەهامان هەیە بیخەینە شوێنەکەی؟ ووتیان سلێمان میرزا دەبێتە جێنشینی و توانای ئەو کارەی هەیە. گوتیان ئایا لەگەڵ بوونی موخالەفەت ودژایەتی زۆربەی کۆچکردووەکان وعوسمانیەکان لەگەڵ سلێمان میرزادا دەتوانێ ئەم کارە ڕاپەڕێنێت وبیگرێتە ئەستۆ؟ ئایا ئەڵمانەکان لە کردەوەی پیاوکوژی لەنێوان میللییەکانی ئێراندا بێزار نابن؟ کەسێك ووتی ئاغای مودەریس کە پیاوێکی ئاییندار وئازا وپاکە جێگەی بگرێتەوە چاکترە. ووتمان ئەویش لە دەسەلاتی ئێمەدا نیە. سەرئەنجام ئەم کارە تەنها هەرا ومەزات ودوو دەستەیی و دووبەرەکی وبێ ئابڕوویيەکی زیاتری بۆ ئێرانیەکان لێ ناوەشێتەوە.

بەم شێوەیە جێی خۆشحاڵیە دانوستان سەبارەت بە پیاو کوشتن پوچەڵبوویەوە.

## شکستی نەخشەی سەربازگیری

لــەم کاتــەدا نیــزام ئەلــسەلتەنەلەگەڵ کــەلورەکان وگۆرانەکانــدا بەگــەرمی دەجووڵایەوە ورەفتـاری لەگەڵیانـدا دەکـرد. کاغـەزی بـۆ سـەردار ڕەشـید دەنـارد ودڵــی دەدایــەوە کــە زۆرتــر نزیــك بێتــەوە. ســالار مەنــسوری گــۆران بــە نیــزام ئەلــسەلتەنەی ووتبــوو ئەگــەر تــۆ ســەردارموقتەدر نــەگریت وزینــدانی نەکــەیت کارەکەی ئێمە ناڕواتە پێشەوە. بەدنە وهاندان سەربازەکان پەرت وبڵاودەکاتەوە.

ســەفەروخانی گــۆران ســەرۆکی تایفــەی نــیرژی کــە مێــردی خوشــکەکەی بــوو ودۆسـتی منـیش بـوو، بـەنهێنی مەوزوعەکـەی بـۆم ڕوونکـردەوە. منـیش هەرچـی لەتوانامدا بوو لەنێو دەستە سـەربازەکانی گۆرانـدا پڕوپاگەنـدەم دەکـرد و پێیـانم دەگوت وبیٚ هۆ وبیٚ جهەتـە ئێـوە بـۆ کوشـتن ئامـادە دەکـەن ودەنێـرن، وئەگـەر سـوودێك هـەبێت خۆیـان دەیبـەن. ئەفـسەرە مەشـقپێکەرەکانی تـورك فـشاریان دەهاوردە سەر سەربازەکان کە دەبێت مـووی سـەریان بتاشـن. منـیش بـە ئـەوانم دەگووت ئەگەر ئیمڕۆ سەرتان دەتاشن سبەی سـوێلتانیش بـە مەقەسـت دەبـڕن. گۆرانــەکان گوایــە وادەزانــن بــە هــەر تــاڵێکی مــووی ســوێڵیانەوە فریــشتەیەك یــان شەیتانی پێوە چەسپاوە. لەم مەوزوعە یەکجار ناڕەحـەت دەبـوون وسەرپێـچییان کرد.

بەسەفەر خانم گووت تۆ دەستەی نیرژیەکان هان بدە بەشەو هەڵبێن، ئـەویش ئــەو کــارەی کــرد. دوای شــەوێك ســەرجەم ســەربازەکانی گــۆران هــەڵهاتن، گۆرانەکانیش کە چاوەڕوانی هەلیٚ بوون بڵاوەیان لێکرد. ئەڵمانەکان لەژێرەوە لـەم هەڵهاتنە ناڕازی نەبوون، چونکە مەشقی سەربازەکان بە دەستی تورکەکانەوە بوو بۆیە مووچە وپول وپارەیەکیان لەم بوارەدا نەدەدا.

لەبەر ئەم ڕووداوە کەرەتێکی تر سالار مەنسور لەگەڵ ڕەشید ئەلسەلتەنە وسەفەروخان دەڕۆنە لای نیزام ئەلسەلتەنە. دلێن لە یەکەم ڕۆژدا عەرزمان کـردی کەسەردار موقتەدر لە کاری سەربازەکاندا گێرەشێوێنی دەکات، ئێستایش عـەرزت دەکـەین ئەگـەر دەسـت بەسـەری نەکـەیت ئێمـە هیـچمان پێناکرێـت وخزمـەتێك ناتوانین ئەنجام بدەین.

سەفەروخان جارێکی تر بەشەو ئەم هەواڵەی بۆم گەڕاندەوە. وادیارە نیزام ئەلسەلتەنەدەیویست دەست بەسەرم بکات، بەڵام لەیاغی بوون وبەرتەکی عێلی سەنجاوی وخەڵکی شار ونەیاریی ئەڵمانەکان دەترسا. بەپێچەوانەی چاوەڕوانکراوەوە پتر لەوساکە سەبارەت بە من میهرەبانی ونەوازشتی دەنواند.

ڕۆژێ یەکێ لە خزمەتکارەکانی نارد پێی ڕاگەیاندم نزیکەی عەسر بە سواری بچمە خزمەتی بۆئەوەی لەدەرەوەی شاردا بگەڕێین. عەباس خانی کەلوریش دەعوەت کرابوو.

پێکەوە لە دەرگای قەیسەر ئاواوە ڕۆیشتینە دەرەوە. نیزام ئەلسەلتەنەکەمێ لە سوارەکان جیابۆوە وپێمی گوت بێ با کەمێ گفتوگۆ بکەین. لەپێشدا کەمێ گلەیی کرد ودوایی لەنێو قسەکانیدا ووتی ڕاستە تۆ بوویتە هۆی هەڵهاتنی سەربازەکان؟ ووتم ئەگەر ئەم هەڵهاتنە سەنجاویەکان کردبێتیان ئێمە بەرپرسین.. سوار وسەربازی هەر عێلێك پەیڕەوی سەرکردەکانیانن. ئەگەر هاندان ودنە یان فەرمانێك لە کایەدا بێت پێویستە لەلایەن ئەوانەوە بێت وپەیوەندی بە منەوە نیە. لە ڕوخساریەوە بۆم ڕوون بووەوە کە قسەکانم دەسەلمێنێت. ووتی لەڕاستیدا ناڕەحەتی وبێزاریم لە سەنجاویەکانە، ئەگەر ئێوە بهاتنایەتە پێشەوە ئەوانی تر ئەوەندە لاف وگەزافیان لێنەدەدا وتەوقعیان زۆر نەدەبوو، ئێستاکە ماوەیەکە ئەڵمانەکان پارەوپولێك نادەن وئەوانەیش هەموو ڕۆژێك داوای پارە وپوول وموچە دەکەن. دوایی ووتی عەلی ئیحسان پاشا بەم زووانە بەرەو هەمەدان هێرش دەهێنێت، ئێمە وامان دەزانی کە هەنگەکانی گۆران وکەلور ئامادە دەبن تا لەگەڵ جەندرمەکان لەم هێرشەدا بەشداری بکەن، سەربازەکان هەڵهاتن هەرچۆنێ بێت پێویستە ئێمەیش لەم هێرشەدا بەشێکمان هەبێت، بەپێویستی دەزانم تۆ وسوارەی سەنجاوی لەم خزمەتەدا بەشداری بکەن. ووتم هەروەکو لەکاتی هێرش بۆسەر کرماشان فیداکاریمان کرد، ئێستاکەیش بۆ هەمەدان ڕۆیشتن درێغی ناکەین، بەڵام دەبێت یارمەتی بفەرموویت برۆمە دەرەوە هەرکاتێ پێویست بێت سوار وچەکدار ئامادەدەکەم. ووتی هەر لەئێستاوە بکەوە ئەو بیرەوە ومشوری بخۆ وبەتایبەت بۆ سەردار ناسریش بنووسە. ووتم چاکترە جەنابتان بۆی بنووسن وفەرمانێکی لەم بارەوە بۆ بنێرە.

مۆڵـەتی ڕۆیـشتنی پێمـدا بـەڵام داکـۆکی کـرد کـە هەرچـی زووتـر بـۆ شـار بگەڕێمەوە دوای ئەمە لەگەڵ عەباس خانی ئەمیر موعەزەمـدا بەگـەرمی گفتوگـۆی کرد.

تا پردی قەرەسوور ڕۆیشتین، عەباس خان لـەپێش ئـەودا کـەمێ خـوی نوانـد وچەند گوللەیەکی هاویشت، پەلەوەرێکی لە ئاسماندا پێکا وبەری دایەوە.

شەو لە ماڵی شازادە محەمەد باقر میرزادا بووم کە نامەی نیزام و ئەلـسەلتەنە بۆ سەردار ناسریان بـۆ نـاردم. سـبەی لەگـەڵ هـەتاو هەڵهاتنـدا بـەرەو سـەنجاوی کەوتمە ڕێ. دوو ڕۆژ دوای من سەفەروخان وڕەشید ئەلسەلتەنەیش لە شار چوونە دەرەوە ویەکسەر هاتنە ماڵەکـەم. ڕەشـید ئەلـسەلتەنە هەمیـشە دەیویـست یـەك قسەو خاوەنی وەعد وبەڵێن بناسرێت. ووتـی مـن بـە عەهـد وبـەڵێن لاواز وپـەیمان شکێن نەژمێریت، تۆ ئێمەت لە ڕووداوی نەیاری لەگەڵ نیزام ئەلسەلتەنەدا ئاگادار نەکرد، ئێمەش لەگەڵ ئـەودا بـەڵێن وبڕیارێکمـان هـەبوو. کـاتێ تـۆ سـەربازەکانت ناچـار بـە هـەڵهاتن کـرد، سـالار مەنـسور ومـن ڕۆیـشتینە لای کێـشەکەمان بـۆی گەڕاندەوە بەڵام ئەو دڵی ئەوەی نەبوو کارێك دژی ئێوە ئەنجامبدات، کـە مۆڵـەتی مەرەخەسی و ڕۆیشتنە دەرەوەی شـاری پێتـدا ئێـستاکە ئێمـە لـە حـزووری تـۆدا پەیمان دەدەستین ئیتر پەیڕەوی ئەو نەبین ولەهەموو حاڵێکدا پـەیڕەوی تـۆ بـین. ووتم ڕەشـید ئەلـسەلتەنە مـن لـە تـۆ چـاوەڕوانی ئـەوە نـەبووم هەنـدێ کـەس بتخەڵەتێنن ودژی من دەسیسە بکەی هەرچۆنی بوو گلەیی وبناشتێکی فراوان کرا، کە ئەنجامی نەمانی ناڕەحەتی ودوو دڵی ونیگـەرانی ودڵگرانـی بـوو، وجـارێکی تـر ئەم سێ دۆستە عەشایەرە وەکو جاران عەهد وپەیمانمان نوێ کردەوە.

بەوانم ووت من ئیتر ناڕۆمەوە لای نیزام ئەلـسەلتەنەبەڵام چـونکە بـەڵێنم داوە سەردار ناسر یان سالار زەفەر بە هەندێ سوارەوە لە هێرشی تورکەکاندا بـۆ سـەر هەمـەدان بەشـداری دەکـەن، ئـەم بەشـدارییە بـە سەرپێـچی لـە پەیمانەکـەمان مەژمێرن.

دوای سێ وچـوار ڕۆژێـك دوای ڕۆیـشتنی گۆرانـەکان عـەباس خـانی کـەلوریش بەبەهانـەی کۆکردنـەوەی سـوار لـە شـار هاتـە دەرەوە وئـیتر نەگەڕایـەوە. بـەڵام بەپێی بەڵێنێك کە دابوومـان سـەردار ناسـر بـە چوارسـەد سـوارەوە، خزمـەتکاری

خۆیی وعێڵەکەوە، بەرەو جەبهەی شەڕ ڕۆیشت، و لە ئەسەد ئاوادا گەیشتە عەلی ئیحسان پاشا. ئەو بەهۆی ئەو دڵگرانیەوە کە لەپێش دەستی کردنی سەنجاویەکان لە هاتنە نێو کرماشانەوە هەبووی، بەم هۆیەوە ڕازی بەبەشداری کردنیان لە شەڕەکەدا نابێت. بەهەرحاڵ سەردار ناسر لە ئەسەد ئابادەوە دەجمێت وحەیدەر خان دەنێرێتە لای پاشا کە هێڵی ڕۆیشتنە پێشەوەی سوارەکانی بۆ دەست نیشان بکات، بەڵام پاشا بە تووڕەییەوە پێی دەڵێت مافی ئەوەتان نیە لەمە زیاتر بێنە پێشەوە وبۆتان نیە بێنە هەمەدان. بۆیە سەردار بێ ئەوەی بەشداری لە شەڕدا بکات ناچار بە گەڕانەوە دەبێت.

عەلی ئیحسان پاشا لە ئێرانیەکان تەنها جەمعێ لە جەندرمەکان لەگەڵ خۆیدا دەبات شاری هەمەدانی لە پازدەهەمی مانگی شەوالی ١٣٣٤دا، ڕێکەوتی بیستەمی مانگی موردادی ١٢٩٥داگیرکرد وروسەکانی تا گەردەنەی (ئاوەج) پیی کرد ڕوسەکان کرد.

## بەراووردی زیان وداخوازییەکانمان

کاتێ لە کرماشاندا بووم لەگەڵ (نادولنی) وەزیر موختاری ئەڵمان سەبارەت بەو زیانەی کە لەلایەن ڕوسەکانەوە لێمان کەوتبوو، هەروا سەبارەت بە داخوازییەکانمان بۆ پاراستنی جەبهەی سەنجاوی دانوستانم کرد، بڕیاردرا کەهەرچی زووترە حساوی ئەو پارەوپولەی کە لە گیرفانی خۆمان لە ماوەی دوومانگ ونیوی بەرگری لەبەرامبەر ڕوسەکاندا کە بۆجەندرمەکان وموجاهیدینەکانی ئێرانی خەرجمان کردبوو هەروا میزانی زیانێك کە لە ساختمان ومالێ وباغاتمان کەوتبوو، ڕۆشنی بکەینەوە وبەراوردی بکەین، بیگەیەنینە دەستمان ئەوی لە تواناداهەیە بەنەقد بماندرێتێ وپاشماوەکەی بکرێتە قەبزە وڕەسید وکەم کەم بەپێی توانایان بۆمان سەرف بکەن.

چەند ڕۆژێك دوای هاتنمە سەنجاوی، لەڕێکەوتی ئەو ڕۆژانەدا کە سەردار ناسر لەگەڵ سوارەکانیدا بەرەو ئۆردووی عەلی ئیحسان بەگ ڕۆیشتبوو کاپیتان (شولتز) خەزنەداری ئەڵمانەکان لەلایەن مسیو نادولنی یەوە بەرپرس کرابوو لەگەڵ چەند کەسێکدا بۆ بەراورد کردنی ڕادەی زیانێك کە لێمان کەوتبوو ناونووسی کات و بۆ ڕوون کردنەوەی حساوی داخوازییەکانمان هاتەماڵەکەم.

ئەوم بردە سەر قـەلاّ وێرانـەکانمان وبێـشە و بـاخ و بوێـستانی بڕاومانکانمـان.
زیانی باخ وبوێستانی بەندار کە هی من بووبە سی هەزار توومـان بـەراووردی کـرد.
دوای ئەوی ڕۆیشتە قلیج خانی ماڵێ سالار وزەفەر وڕادەی زیانێك کە لـە قەلاّکـەی کە بەدرێژایی ماوەی شەڕ جێگای جەندرمـەکان بـوو بەتـەواوی وێـران بـوو بووبـە، حەفتاو پێنج هەزار تومان بەراووردی کرد. هەروا حیساوی داخوازییـەکانی ئێمـەی کە بەشێوەی نەقد سەرفمان کردبوو سەد وسی هەزار توومان کەسـری بـەراووردی کرد و سەبارەت بە هەریەکە لـەم خاڵانـەی داخوازییـەکان پـسولە وقـەبز وسـەندی تایبەتی داپێمان.

دوای گەڕانـەوەی کاپیتـان شـۆڵتز ئاغـای نـادولنی وەزیـر موختـاری ئـەڵمان سەبارەت بە پاڵپشتی بەراووردەکەی زیانەکەمان نامەیەکی بۆمان نووسی کەدەقی نامەکەی لەخوارەوە بەم جۆرە هاتووە:

جـەناب موسـتەتاب گـەورە وچـاکترین دۆسـتان نەوازشـت پیـشەکان بـەڕیزان ومیهرەبان.

سـەبارەت بـەو زیانـەی کـە لـە خـەڵکی سـەنجاوی کـەوتووە جـەنابی مـسیو شـوڵتزمان نـاردبوو کـە ئـەو زیانانـە ببینـێ. نـاوبراو دوای بیـنین ولێکۆڵینـەوەی پێویست سەرجەم کـۆی زیانەکـەی بـۆ باڵیۆزخانـەی ئیمپراتۆریـەتی ئـەڵمان ڕوون کردەوە. باڵیۆزخانەی سەنییەیش لـەم بـوارەدا پـشکنینو ولێکۆڵینـەوەی کـردووە وئاگاداری دەوڵەتی ئیمپراتۆری خۆیانی کردووە کە دەوڵەتی ئیمپراتۆری مەبلـەغی زیانەکان دابنێت وبینێرێت بۆ باڵیۆزخانەی ئیمپراتۆری ئەڵمان لە ئێـران تـا بیداتـە خاوەنـەکانیان. ئێـستاکە چـاوەڕوانی وەڵامێـك لەلایـەن دەوڵەتـەوە دەکـەین، بـە گەیشتنی وەڵام ئاگادارتان دەکەین.

لە کۆتاییدا بە هەلمان زانی ڕێزی فراوانمان پێشکەشتان بکەین.

**نادلـــنی**

بۆ دان ویەکسەرە کردنەوەی مەبلـەغی یەکسەد وسـیٚ هـەزار تومـان کەسـری داخوازییەکان کەپارەی نەقدی ودەستی بـوون لەلایـەن منـەوە ئاغـای عەبدولعـەلی خانی زەهوری ولەلایەن سالار زەفەرەوە ئاغای مورتەزاخانی ئەرفەعی زەنگەنە کە

حیساوداری ئێمە دەژمێردرێن ناردماننە کرماشان. نیزام ئەلسەلتەنەکە لە مەوزوعەکە ئاگادار دەبێت موداخەلەت دەکات ودەڵێت دەبێت سێ یەکی ئەم مەبلەغە گل بدرێتەوە بۆ دروست کردنی ڕێگای کرماشان– قەسری شیرین بەکاربهێنرێت. هەرچی نوێنەرەکانی ئێمەیە پێدادەگرن وناڕەزایی نیشاندەدەن کە ئەم مەبلەغە داهات وموچە نیە، ومەبلەغێکەلە قەرەبووی داخوازییەکە کە بەشێوەی نەقد یان شتومەکە کە لەماڵ وسامانی سەرکردەکان کەوتووە. ڕازی نابێت. لەلایەن هەندێ دۆستانەوە وکۆچکردووەکانەوە ئامۆژگاریمانیان کرد کە ئەم بڕیارە قبوڵنەکەین. سوارەکانی کۆچکردووەکان وعێلەکانی تر ناچنە ژێر باری ئەم بڕیارەوە کە مەبلەغی زیانەکەیان کەم بکرێتەوە.

بەم شێوەیە سێ یەکی مەبلەغی زیانەکەمانی لادا وبە نازناوی مەخارج وسەرفیاتی ڕێگاکە دای بە بەشی دارایی حکومەتی کاتییەوە، وسەبارەت بە سێ یەکەکانی تر قەبزەیەکی بە مەبلەغی هەشتا وحەوت هەزار تومان وکەسری دای بە دەستمانەوە، کە دوای گەیشتنی پارەکە بماندرێتێ. بەڵام وەك لە کۆتایی ئەم یاداشتانەدا ڕوون دەکرێتەوە لەیرادا پێویستە بڵێم کە ئەم هەموو قەبزە وسەنەدانە سەرجەم کاغەز ونووسین بوون، وەکو ووتراوە چاکترە بخرێتە ناو گۆزەیەك وئاوەکەی بخورێتەوە.

## سەرلەنوێ پاشەکشێ

پایزی ١٢٩٥ هاتە سەردا وعێل بەرەو گەرمیان ڕۆیشت. بەهۆی وێرانیەوە کە شەڕی ڕوسەکان بەسەرماندا سەپاندبووی ماڵو شوێنێکی ئاوا لە کوێستاندا بۆمان نەمابۆوە، لەبەر ئەمە بڕیارماندا هەموو سەرکردەکان لەگەڵ عێلدا لە خزمەت سەردار ناسر سەرۆکی عێلدا بجمێین، هەریەکە بەپێی توانای خۆی دەواری گەورە بۆ میوان وخێزان دەوارێکی بچووك بۆ خزمەتکار و موبەق ئامادەکرد.

کۆچی عێل ئەو ساڵە فراوانتر وبەشکۆتر لە ساڵەکانی پێشووەوە بوو، وئومێدەواربووین ساڵێك لە ئەمنوئاسایشدا تێپەڕێنین، بارودۆخی جەبهەکانی شەڕ ئەم ئومێدەی بەهێزدەکرد. لەلایەکەوە هێزی عوسمانیەکان لەشکری ئینگلیسەکانیان لە باشووری (میزوپوتومیادا) دا سەرکوتکردبوو وزاڵ بوون بەسەر

وەزعەکاندا. لەلایەکی ترەوە هێزەکەی عەلی ئیحسان بەگ تا پشتی دەروازەکانی قەزوین گەیشتبوون و هاوپەیمانەکانی لە تاراندا خستبووە مەترسیەوە. بارودۆخی رامیاری پایتەختی ئێران لە حاڵی گۆڕانکاریدا بوو.

محەمەد وەلی خانی سپاسالار سەرۆك وەزیران کە بە ڕەهنو کردنی سەرجەم موڵکەکانی ناوچەی مازندەران لە بانکی ڕەهنوقەرزپێدانی ڕوسدا بووە هۆی لەدەست چوونی پارچەیەکی ئاوا وبەپیتوسەرسەوزی نیشتمانەکەمان، بە قبوڵکردنی گرێبەستێکی نەنگین ورسواکەرێك لەگەڵ ئینگلیسوڕوسەکاندا، دارایی وهێزی سەربازی ونیزامی ئێرانی خستبووە ژێر دەسەڵاتیانەوە، لەناچاریدا دەستی لەکارکێشایەوە وپیاوەکانی تری ئیمپریالیستەکان لە حاڵێ خۆشاردنەوە ولە هەوڵی ڕەنگ گۆڕاندندابوون. ئەم جارە باڵیۆزخانەکانی ئینگلیس وڕوس لەترسی نزیك بوونەوەی هێزی عوسمانیەکان ئامادەی جێهێڵانی تاران بوون وبۆ دەوڵەت وئەحمەد شا فشاریان دەهێنا کە حکومەت بۆ شوێنێکی تر بگوێزنەوە.

بەداخەوە ساڵێ تەواو نەبووبوو بارودۆخەکە لەهەموو لایەکەوە گۆڕا. لەلایەکەوە ئینگلیسەکان شەریف حوسەینی مەکە وفەیسەڵی کوڕی وهەموو شەڕکەرکانی عەرەب بەئومێدی سەربەخۆیی ویەکێتی میللەتەکانی عەرەب بە شۆڕش ویاغیبوون دژی عوسمانیەکان خەڵەتانیان وعێلە عەرەبیەکان پڕ چەك دەکەن ولە دوو لاوە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای نیوە دوورگەی عەرەبستاندا هێزەکانی عوسمانیەکانیان خستە ژێر فشارەوە. خۆیشیان جارێکی تر بە توانایەکی پتر وکارا وموجەهەزترەوە بە فەرماندەیی جەنەڕاڵ "مود" لەلای کەنداوی فارسەوە وهێڵی دیجلەوە هێرش دەکەنە سەر کوت ئەلعیمارە ولە جەمادی یەکەمی ساڵی ١٣٣٠ کۆچی ڕێکەوتی فەبرایەری ١٩١٧ زاینی بەهەمەنی ١٢٩٥ هەتاوی دووبارە ئەو ناوچانە داگیر دەکەنەوە وبەپەلە بەرەو بەغدا دەڕۆن.

لەلایەکی ترەوە کە ڕوسەکان لە سەرکەوتنی هاوپەیمانەکەیان لەبەرامبەر عوسمانیەکاندا دڵنیا دەبن هێزەکەیان لە ئێران بتر دەکەن وهێرش دەبەنە سەر هێزەکانی عەلی ئیحسان پاشا وتا (ئاوەج) داگیر دەکەن.

مەترسی پێشەوەچوونی ئینگلیسەکان موسەلەم دەبێت. خەلیل پاشا فەرماندەی گشتی هێزەمانی خۆرهەڵات ووالی بەغدا وای بۆ دەچێت کەچاکرتە بەم

زووانـه لەبەغـدا خواحـافیزی بکـات وبەعـەلی ئیحسان پاشـا فـەرمانی پاشەکشێ دەدات. ئـەم فەرمانـدە کـارزان ودلێـرەی تورکـە لەحاڵێکـدا هێزەکـەی لەوپـەڕی سەرکەوتندا بوو هێزەکەی ئامادەی بەرەنگاری وشکاندنی هێرشـی ڕوسـەکان بـوو بەوپـەڕی ووردەکارییـەوە ولەبەرئـەوەی هێزەکـەی تووشـی ئابلۆقـە و هێرشـی ئینگلیسەکان وڕوسەکان نەبێت پێشدەستی کـرد وخەستەخانە وبەدوایانـدا پێـنج تابور سەربازی پیادەی خستەڕێ ونارديە سنووری عێـراق وئێـران لـە شـاخەکانی حەمریندا لەنێوان قزل ڕەبات وشارەباندا جێگیر بوون.

عێلەکـەمان لــە هەوارگــە گەرمەسـێریەکاندا لــە سـنووری قەسـری شـیرین وشاخەکانی ئاغ داخا بوون کە ئەم هەنگە تورکانە بە ورەیەکی بەرزەوە وبەگەرمی وشۆرەوە لە حاڵێکدا سروودی نیشتمانییان دەخوێند بەلامانـدا تێدەپـەڕین بـەرەو ئەوشوێنەی بۆیان دیاریکرابوو دەڕۆیشتن. پێویستە دان بەوەدا بنێین کە سەربازی تورك لـە ئـازاترین سـەربازەکانی دنیـان، شـورو ئاینـداری ونیـشتمان پـەروەرییان جێگـەی ستایـشو قـەدر زانینـە. بەفـەرمانی عـەلی ئیحسان پاشـا لـەو شـاخانەدا سەنگەری موحکەمیان دەمەزرانـدبوو. بـەدوای ئـەم هەنگانـەدا شـتومەکی قـورس بارکرا، لەخانەقین دایانمەراند وشتومەکی ئەڵمانەکانیش لە کرماشانەوە بۆ قەسری شیرین گوێزرایانەوە.

ئەڵمانەکان لە کرماشان بە نیـزام ئەلـسەلتەنەوکۆچکردووەکانیان ڕاگەیانـدبوو کە بەهۆی پێشەوە هاتنی لەشکری ئینگلیس ومەترسـی داگیرکردنـی بەغـدا هێـزی عــەلی ئیحــسان پاشـــا ناچـــاربە پاشەکـــشێیە، لەبـــەر ئەمـــە پێویـــستە کـــە کۆچکردووەکانیش هەرچی زووترە کرماشان چۆڵ بکەن وبـەرەو خـاکی عوسمـانی بێن. ڕوونە کەئەم هەواڵە ناخۆش ودڵتەزێنە چی پەرێشانی ونائومێدییـەکی لـەنێو کۆچکردووەکاندا پێکهێنا.

نیزام ئەلسەلتەنەبەناوی چۆڵکردنی شارەوە وئامـادەکردنی وەسـایلی کەوتنـە ڕێ جارێکی تر مەبلەغێکی گەزافی لە ئەڵمانەکان سواڵ کـرد. دەوڵـەتی عوسمـانی ڕازی بـوو کـە ئێرانیـە کۆچـکردووەکان لـەخاکی خۆیدا جێبکاتـەوە بـەڵام لەسـەر ئامۆژگـاری وڕاگەیانـدنی فـەوزی بـەگ بڕیـاردرا تـا دەتـوانرێ ژمـارەیێ کـەمتر لـە کۆچـــکردووەکان مۆڵـــەتی تێپـــەڕین لـــە ســـنوورەوە پێیـــان بـــدرێت. نیـــزام

ئەلسەلتەنەڕەزا عەلی دیوان بیگی کە سەر دەفتەری بوو دەنێرێتە قەسری شیرین وفەرمانی پێدەدا کە تەنها بۆ سەرکردەکانی کۆچکردووەکان بەتایبەت بەکەسانێ کە خەڵکی زۆرتریان لەگەڵدایە پاسەپۆرتیان بداتێ.

گەڕاندنەوەی ڕووداوێ کە لەو ڕۆژانەدا ڕوویدا بێ سوود نیە. زۆر نەبوو هاتبووینە ناوچە گەرمیانەکانمان هەواڵیان هێنا نیزام ئەلسەلتەنە(سەید جەلیلی ئەردەبێلی وئیسماعیل یەکانی وخالۆ ئۆغلی) زیندانی کردووە وبڕیارە ئەوانە لە ژێر چاودێریدا بۆ بەغدا ڕەوانە بکات. زوو تێگەیشتم ڕووداوەکە هۆی چی بووە. دوای ئەوەی کرماشانم بەجێهێڵا کۆمیتەیەك کە ئێمە دژی ئەو دروستمان کردبوو لەکاروچالاکی خۆیدا بەردەوام مایەوە، وگۆڕانکاریەك لە ئەندامەکانیدا ڕوویدابوو، لەوانە میرزا غەفارخانی زنوزی دەرکرابوو وسەید جەلیلی ئەردەبێلی شوێنەکەیی بەشێوەیەکی کاتی گرتبۆوە وهاتبوونە نێو کۆمیتەکەوە ومن بەڕێك وپێکی لەگەڵیاندا پەیوەندیم هەبوو. هەر کە هەواڵی زیندانی کردنی ئەو حەزرەتانەم بیست، بیست سوار لە خزمەتکارەکانی خۆمم ناردە سورخەدیزەو نامەیەکیشم بۆ ڕەشید ئەلسەلتەنە نووسی کە لەگەڵ سوارەکانماندا زیندانیەکان لەدەستی سوارەکانی نیزام ئەلسەلتەنەدەربهێنن وڕزگاریان بکەن وبیان نێرێتە ماڵی ئێمە. بەڵام ئاشکرابوو کە نیزام ئەلسەلتەنەلەڕووی ووردەکارییەوە ئەوانەی لەنێو تایفەی کەلورەوە ناردە مەندەلی ولەوێوە بۆ بەغدا بردبوویانن. ئەم ڕاپۆرتانە ئەو موجاهیدە کە میوانی خالۆ ئۆغلی بووە دابوویە نیزام ئەلسەلتەنە. ئەو بۆئەوەی ڕووداوەکە گەورەتر بنوێنێ دەڵێت کە ئەم شەخسانە بە فەرمانی سلێمان میرزا خەریکی دەسیسە بازی بوونە، هەر لەبەرئەمە چەند ڕۆژێك لەماڵی سلێمان میرزادا یاساوڵ دادەنێن، بەڵام لەبەر ڕەزا نەبوونی پلەدارەکانی جەندرمە وکۆچکردووەکان ناچاردەبن یاساوڵەکان لەبەر دەرگاکەیدا لابەرن.

زۆربەی کۆچکردووەکان لەگەڵ نادلنی وەزیر موختاری ئەڵماندا گەیشتنە قەسری شیرین. کاپیتان شوڵتس لەڕێ تووشی ڕەشید ئەلسەلتەنە دەبێت وهانی دەدات کە ڕێگا لە نیزام ئەلسەلتەنەبگرێت هەر پارەوپولێك کە لە مووچەی سەربازەکان بردوویەتی لێ بسێننەوە. بەگەیشتنیە قەسری شیرین هەواڵی نارد کە سوار بنێرم ئەو پارەو پولەی نیزام ئەلسەلتەنەبەناحەق لە حیساوەکەم بڕیبووی

لێ بسێننەوە. هەروا ووتبووی هەر ئەم مەوزوعەم بە ڕەشید ئەلسەلتەنەیشی ڕاگەیاندووە. بەپەلە بۆ ڕەشید ئەلسەلتەنەم نووسی کە بە هیچ شێوەیەك دەست نەخاتە ڕێگەی نیزام ئەلسەلتەنەوئەویش وەڵامی دایەوە کە هەرگیز ئەو کارەی نەدەکرد.

هەروەك هەموومان لە نیزام ئەلسەلتەنەبێزار بووین، بەڵام لەوکاتەدا لە بارودۆخی پاشەکشێدا، ئەم کردەوەیە شێوەیەکە لە جەردەیی ودزێتی ومایەی ڕسوایی وبێ ئابڕوییە.

ڕوسەکان جارێکی تر کرماشانیان داگیر کرد. شەڕی ئینگلیس وعوسمانیەکان لە شوێنێکی نزیکی بەغدا کە بە سلێمان پاك بەناوبانگە گەرم بووبوو. عەلی ئیحسان پاشا فەرمانی دەرکرد لەماوەی حەفتەیەکدا لەشوێنی دوو ئاوی سیروان وئەڵوەندا پرد ببەسترێت. سەربازەکانی تورك بەپەلە سەرگەرمی پرد بەستن بوون. خۆیشی لەگەڵ جەمعێ سەربازی پیادە وسوارەی هەڵبژێردراودا ونزیکەی دووسەد وپەنجاو سواری بەختیاری لەسەر میلی کرند لە پشت ئۆردووەکەدا مایەوە، وچاوەڕوانی تەواوبوونی پردەکانی دەکرد. تورکەکان بێئەوەی زیانێکی قورسیان لێ بکەوێت پاشەکشێیەکی مێژووییان ئەنجامدا. لە هەمەدانەوە تا قەسری شیرین بڕوا ناکەم دوو سەد کەس زیاتریان لە دەست دابێت وزیانیان لێ کەوتبێت وشتومەکی شەڕ وساز وبەرگ وچەکی قورسیان بەجێنەهێڵا. لەحاڵێکدا پتر لە هەزار سەربازی ڕووسیان کوشت ویا بەدیل گرتیانن.

ڕۆژی گەیشتنی عەلی ئیحسان پاشا بۆ سەرپێڵی زەهاو ڕێکەوتی ڕۆژی داگیرکردنی بەغدا بوو[1]. لەحەقیقەتدا ئەگەر ئەو پێشدەستی نەکردایە ولەشوێنی خۆیدا ئەو پێنج فەوجەی بۆ دابینکردنی پاشەکشێی لەشکرەکەی نەناردایە دووچاری ئابڵوقەی هاوبەشی ئینگلیس وڕوس دەبوو. حەقە میللەتی تورك بەنەخشەی سەردارێکی مەزنی وەها بزانێت کە پاشەکشێکەی کەمتر لە سەرکەوتنەکانی نەبوو، و جێی شانازی بوو. بەپێچەوانەی ئەوەوە خەلیل پاشا بۆچوونی چەوت وسەهو وهەڵەی سیاسی ونیزامی گەورەی لێکەوتەوە، وەکو دەڵێن ئەو پیاوێکی هەرزە وبەشوێن ئافرەتدا وێڵان بووە وزۆربەی کاتی خۆیی

[1] ڕێکەوتی کانوونی دووەمی ١٩١٧.

لەگەڵ مەعشوقەیەکیدا کە بەناوی "فلمن" بوو دەبردە سەر کەسانی کە بینیان دەیانگەڕانەوە بۆم کە میوان نەواز وڕەفتاری نەرم وبە نەوازشت بوو. بەڵام ئەو وەك عەلی ئیحسان پاشا ڕۆحی سەربازی ونیزامی نەبووە، من خۆم چەند جار عەلی ئیحسان پاشام بینیوە. ئەو وەك هەموو نیزامی وعەسکەرییەکان کەمێك لەخۆڕازیو توونـد خـوو بـوو، بـەڵام خـەتای نیزامـی نـەدەکرد وهەمیـشە لـە جوڵانـەوەی دووژمنەکانی ئاگادار بوو ولەبیستو چوار سـەعاتی شـەو وڕۆژێکدا شـانزە سـەعات کاریدەکرد، هەنـدێ کـات ناچـار دەبـوو چـلو هەشـت سـەعاتی ڕەبـەق نەخـەوێت. لەحەقیقەتدا سەردار وفەرماندەیەك بوو کە پێویـستە لـە مێـژووی نیزامیـدا دۆسـت ودوژمن بە گەورەیی وشایستەیی یادی لێ بکەن.

عەلی ئیحسان پاشا بەهێزی پیادە وسـوارەکانیەوە لـە خـدر ئـەلیاس وبـشێوە وپاتـاق هێرشـی ڕوسـەکانی پوچـەڵ دەکـردەوە. فەرمانیـدا کـە شـتومەکی لەشـکرەکەی بەسـەر پردەکـەی ڕووی سـیرواندا تێپـەڕێنن. بەفەرمانـدەکانی فەوجـەکانی شـاخەکانی قەشـقەهە فـەرمانێکی پتـەوی دابـوو لەبەرامبـەر هـەر هێرشێکدا تا ئاخرین هەناسە بەرگری بکەن، خۆی بە دوو فەوجی تـرەوە ناوچـەی شـاخەکانی ئـاغ داغـی هـەتا دووئـاوان پتـەو کـرد وچـوار ڕۆژی تـەواو لەسـنووری قەسری شیریندا بەرامبەر پێشەوەچوونی ڕوسەکانی گرت ونەیهێڵا بـچنە پێـشەوە. ئینگلیسەکانیش دوای داگیر کردنی بەغدا نزیکەی هەشـت هـەزار سـەربازی پیـادە وسوارەیان بە چەك وتفاقی تەواوەوە بەرەو خانەقین ڕەوانـە کـرد، جـەمعێکی زۆر لە عەشایرە عەرەبەکان لەگەڵ ئەو هێزەدا بوون. نزیکی شارەبان شەڕێکی سەخت لەنێوان ئەوان وتورکەکاندا ڕوویدا سـەرئەنجام شـەڕەکە گەیـشتە شـەڕە (نێـزە) و کـارد وخەنجـەر لـە هـەردوو لای ئـەم دوو لەشـکرە، کـە ژمارەکـەی وەکـو دەڵـێن نزیکەی سیانزە هەزار سەربازێك دەبوون پتر لە دوو هـەزار کـەس ڕزگاریـان نـەبوو وزۆربـەی تفـاق وسـاز وبەرگەکـەیان بـێ خـاوەن مایـەوە وکەوتـە دەسـتی ئـەو عەرەبانەی کە لەگەڵ ئینگلیسەکاندا هاتبوون وئەو عەشایرانەی کە لە دەوروبـەری شارەبانو قزل رەباتدا بوون.

لـەو سـاڵەدا تفـەنگێکی ئینگلیـسی یـان عوسمـانی بـە پێـنج یـان دەتومـەن دەفرۆشرا، زۆربەی ئەو تفەنگانەیان خەڵکی پشتکۆ سەندیان.

عـەلی ئیحـسان پاشـا سـەرەنجام لـە پردەکـە کردیـە ئەوبـەرەوە وفەرمانیـدا بیڕوخێنن ڕووسەکانیش خانەقینیان داگیرکرد وپێشقراوڵەکانیان لەنێوان شـارەبان وخان ئەمیریدا گەیشتنە ئینگلیسەکان. ئینگلیسەکان نەیانهێڵا بگەنە بەغـدا بـەڵام خانەقین لە دەستماندا مایەوە.

## هاتنی کۆچکردووەکان بۆ ماڵەکانمان

لەگەرمەی دەرگیری ئەم سـێ هێـزە لـە دەوروبـەری ئێمـەدا بەپێویـستم زانـی عێلەکـەمان دووربخەینـەوە لـە شـەڕ وزیـان بیانپـارێزین. سـەرجەم کۆچـمان کـرد وچووینە ئەودیووی شاخەکانی ئاغ داغەوە، بە ئـەفرادی عێلمـان فەرمانـدا هـەموو جۆرە شتومەکێك وئازووقەیەك وەك خورما وشەکەر وچای کـە هەمیـشە لـە وەرزی بەهاردا دەیسێنن، ئەم ساڵ دوو ئەوەندەی ساڵەکانی پێشوو بسێنن.

نیـزام ئەلـسەلتەنەبەسەلامەتی وتەندروسـتییەوە بـێ ئـەوەی کەسـێك ڕێـی لێبگرێت پێش ئەوەی شەڕ لێی نزیك بێـتەوە گەیشتە قەسـری شـیرین. نامەیـەکی بۆ سەردار ناسر ومن نووسی، داخوازی کردبـوو کـە بـڕۆین بـۆ لای. تـەنها سـەردار ناسر بۆ بینینی ڕۆیشت، مەعلوم بوو کە ئامانجی دۆستی ونەوازشت نواندنە.

سـەردار ناسـر گەڕایـەوە وهـەواڵی هێنـا کـە لـەم ڕۆژانـەدا جـەمعێکی زۆر لـە کۆچکردووەکان دەڕۆنە ماڵمـان. ئەڵمانـەکان لـەڕێی "حـەوش کـری"یـەوە بـەرەو سـەلاحیە (کفـری) ڕۆیـشتن، نیـزام ئەلـسەلتەنەوهەیئەتی حکومەتەکـەی لەگـەڵ دەسـتەیە کۆچـکردووی یـار ولایـەنگیری بـەرەو خـاکی عوسمـانی ڕۆیـشتن. دەستەیەکی تر لـە کۆچـکردووەکان وجەندرمـەکان لەگـەڵ ئەڵمانەکانـدا ڕۆیـشتن، جەمعێکی زۆر کە ئومێد وچاوەڕوانیەکیان لـە عوسمانیـەکان نـەمابوو بڵاوەیـان لێ کرد ولە گۆڕەپانە گشتییەکەوە یا لەنێو تایفەکانی کـەلورەوە بـەرەو کرماشـان یـا زێد ونیشتمانەکانیان گەڕانـەوە بـەڵام بەشـێکی زۆر لەوانـە نـەدڵێکی خۆشـیان بـە نیزام ئەلسەلتەنەهەبوو ونەلێـشی ڕازیبـوون نەیانـدەوێرا بـەرەو ئێـران بگەڕێنـەوە ناچار ڕویان کردبووە ماڵەکانی ئێمە. ئەوانەی مانەوە لە پێـنج سـەد کـەس کـەمتر نەبوون لەگەڵ سەردار ناسر وسالار زەفەردا سـەبارەت بەمانـە دانوسـتانمان کـرد. ئەم جۆرە ئازموونە هەمیشە بۆ هەرکەسێك ڕوونادات، ناوی چاك یان ناوی ڕسوایی

لـەم پێـشهاتانەدا خـۆی دەنوێنێـت، ئەوانــە لــە هەڵبــژێردراوترین ونــاودارترین کەسایەتی ولاتەکەمانن، جێیەکی تر ورێگەیـەکی تریـان بەدەسـتەوە نـەماوە و لـە ڕاستیدا بیٚ دەرەتان بوون. ئێمە بە حوکمی وجدان ونیشتمان پەروەری بەرپرسین کە بەڕاستی وپاکییەوە تا لەتوانادا هەیە وەك بنەماڵەی خۆمان خزمەتیان بکـەینو بیانپارێزین، لەبەر ئەمە لەسەر داخوازی خۆیـان ئـەو کەسـانەی کـە زۆرتـر لەگـەڵ یەکتریدا نزیك بوون لەنێو خۆمانـدا دابـەشمان کـردن گـرنگترین کەسـایەتییەك کـە هاتنـە ماڵەکـەم سـەردار محیـی وحـاجی ئـەمین ئـەلتوجاری ئەسـفەهانی وسـەردار سەولەتی بەختیاری لەگەڵ سوارەکان وخزمەتکارەکانیاندا بـوون. لـەماڵی سـەردار ناسـردا سـالار ئـەعزەم بـەختیاری کـوڕی سـەردار ئەسـعەد ومنوچـهر خـانی مەنوچـەهری وسـوهراب زادە وکەسـانی تـر بـوون. هەنـدیٚ لـە کۆچـکردووەکانی دەوڵەمەند وناسـراو چـادر وشـتومەکیان پێبـوو بـۆ ئەوانـەی کـە چـادریان نـەبوو، بەپێی توانا چادری سپی ودەواری ڕەش کە جێی چەند کەسێك بگرێت ئامادەکرد، بۆ هەر دەستەیەك یەك خزمەتکارمان فەراهەم کرد وفەرمانماندا بەهیچ بەهانەیـەك نابیٚ پارەو پول ودیارییەك لە میوانەکان وەربگرن. هەموو ڕۆژ بەرچایی وخـواردنی نێوەڕۆ وئێوارەمان بۆیان دەنـارد، بۆهەنـدیٚ لـە چـادرەکان کـە خۆیـان سـەماوەر وشتومەکیان هەبوو قەند وچاییمان حەفتانە دابەشدەکرد.

کۆچکردووەکان چـەند نەریتوخوویـەکیان هـەبوو کـە لەگـەڵ نـەریتی وخـووی عەشایەری ئێمەدا نەدەگونجا، زۆربەیان بۆ سەرگەرمی بە کاغەزی قومار یارییـان دەکرد یاوەك لەسەر پـارە قوماریـان دەکـرد. لـە یادگـاری ئەوانـە بـوو کـە خـەڵك وسەرکردەکانی سەنجاوی فێری یاری (پاسور) و(بریج) بـوون و لـە کـاتی قومـاردا زۆربەیان دەستمان دەکـردە جنێودانوقـسەی سـووك بـە یـەکتری ووتـن وهـەتا لـە یەکتریان دەدا کە ڕەنگدانەوەیەکی خراوی لەنێو عێلاتی سادەدا هەبوو. جگە لەمە زۆربەی کۆچکردووەکان مەشروبیان دەخواردەوە یان تریاکیان دەکێشا ئێمـە ئـەم عادەتــە قێزەونــە وشــەرم هێنــەرەمان لــەنێو خزمــەتکارەکان وپەیڕەوەکانمانــدا قەدەغە کردبوو.

لەلایەکی ترەوە خەڵکی عێلەکەمان لەڕووی کونجکاوییەوە حەزیان دەکرد لـە نــەبوونی ئێمــەدا لــە دانیــشتنەکانی کۆچــکردووەکاندا ئامــادەبن ولــەدەوریان

کۆبوونەوە گوێگر وسەیرکەری قسەکان ویاریەکانیان بن. جگە لەمە مەترسی دزی لێکردنیان لە ئارادابوو کە دەبووە مایەی ئازار وئەزیەتیان.

لەبەرئەمە بەسەختی تەواو لە خزمەتکارەکانوخەڵکی تریشمان قەدەغەکردبوو کە نزیك چادر ومالەکانیان بکەونەوە. چەند کەسێك کە سەرپێچییان کردبوو بەسەختی سزایانمان دا. من لەرۆژی یەکەمەوە بەسەردار محیی ومیوانەکانی ترم گووت تکایەکم هەیە لێتان، تا لەماڵی مندان قومار مەکەن[1].

---

[1] وا دەزانم بێ سوود نەبێ نووسینێك سەبارەت بە خزمەتێك کە لە میوانە کۆچکردووەکان کراوە لەیرادا بهێنینەوە وباسی بکەین وئەم نووسینەلە کتێوەکەی "یاداشتەکانی خوالێخۆشبوو حەسەن أعظام (أعظام الوزارة)یە قودسی دا (ئەعزام ئەلوزارە) یە کە خۆی یەکێ لە سەرجەم میوانە کۆچکردووەکان بووە کە بە لوتفێکی تایبەتی خۆیەوە لە سەرتاسەری کێتەوەکەیدا زیادەڕەوییەکی زۆری لە مەدح و ستایشی سەبارەت بە سەنجاویەکان فەرمووە. بەرگی یەکەمی کتێوی (بیرەوەرییەکانی من، یا ڕۆشن کردنەوەی مێژووی سەد ساڵە، چاپخانەی حەیدەری، ساڵی ١٣٤٢، چ٢، ل٤٠١) :

ژمارەی کۆچکردووەکان لەهەر چینێك کەمتر لە چوار سەد نەفەر دەبوون، سەرکردەکانی عێل هەرسێ براکە بەناوی سەردار ناسر کوڕە گەورەی شێرخان وعێلخانی عێلی سەنجاوی، سەردار موقتەدر برای ناوەندی کە نوێنەری عێل بووە بۆ کاروباری حکومەت ودەوڵەت، وسالار زەفەر برا بچووك کە لەکاتی شەڕ وشۆڕ لەگەڵ دوژمنە ناوخۆییەکاندا لەعەشایر وعێلەکانی تردا بەرپرس بوو. ئەم سێ برایە هەموو کۆچکردووەکانیان بەسێ دەستە دابەشکردبوو، کە هەریەك لەم سێ برایە دەستەیەکیان میوانی وخزمەت دەکرد. من وهەڤاڵەکانم لەبەشی برا بچووکەکەدا کە بەناوی سالار زەفەر بوو، بووین، ئێمە لە چادرێکدابووین وبتر لە سەد نەفەر لە چادرەکانی تردا بوون. سالار "وادیارە مەقسودی سالار ناسری خەلەجە" وحەبیب ئەلموجاهیدین دوو چادریان هەبوو، چادرێکی گەورە بۆ سوار وخزمەتکارەکانیان، یەك چادریش سالار وحەبیب وهەردوو براکەی (میرزا سەید جەعفەرخانی ڕەشتی وئەسکەندەر خانی ڕەشتی، ئیسماعیل خانی خوشکەزای میرزا کوچك خان تەرخان کرابوو کە لە ڕەشتەوە لەلایەن میرزا کوچك خانەوە هاتبووە کرماشان کە لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی کاتیدا دانوستان بکات، کە ڕێکەوتی پاشەکشێی موعین ئەلرعایا لە کرماشانەوە بوو، بەرەو ڕەشت دەگەڕێنەوە.

بۆ هەر چادرێك بەپێی ژمارەیان حەفتەی یەك سینی کە پڕ بوو لە چایی وقەند وشەکەر جیرە وسابونی جل وبەرگ شۆرین کە بۆ بەرکارهێنانی حەفتەیەك بەش بکات لەو سینییەدا بوو دەیاندا پێمان، و بۆ خواردنی نێوەڕۆ وئێوارەیش چەندین سینی پڵاو وچێشتی شلە ونان

بـوونی ئـەم خەڵکـە زۆرە لـە ماڵـەکانی ئێمـەدا جگـە لـەوەی کـەم بوونـەوەی ئازووقـەی لێدەکەوتـەوە ئـەم مەترسـیەییش لەنێوانـدا بـوو کـە ڕوسـەکان زۆرتـر سەرنجیان بەرەو ئێمـە ڕابکێـشرێت چـونکە بەڕووکـەش شـێوەی ئۆردوویـەکی بـە خۆوە گرتبوو.

لەم کاتەدا لەلای مسیو نادلنی، وەزیری موختاری ئەڵمان نامەیەکم پێگەیشت وداوای بینینمی کردبوو. لەشوێنێکدا بینیم، دوای ناشتا وچـایی خواردنـەوە ووتـی دەمـەوێ ئەڵمانییـەك بـە جـل وبـەرگی عەشـایرییەوە لـەماڵی ئێـوەدا دابنـێم، کـە هەمیـشە چـاودێری جوڵانـەوەی لەشـکری دوژمـن بکـات ولـەم بـارەوە ئاگادارمـان بکـات. ووتم مانــەوەی ئەڵمانییــەك هــەتا بــە جــل وبــەرگی گــۆڕاوەوە لــەنێو عەشایرەکەدا بەنهێنی نامێنێتەوە وئەمیشە هەم بـۆ ئێمـە وهـەم بـۆ (کۆچـکردووە میوانـەکان) مەترسـی وخەتـەر دروسـت دەکـات، چـاکترە یـەك نەفـەر ئێرانـی لـە ئەندامانی باڵوێزخانە بەعینوانی کۆچـکردوو بنێریـت کـە سـەرنج ڕاناکێـشێت. ئـەو قسەکەمی پەسەند کرد. ئەبو ئەلفەتح میرزای تەبرێزی ناساند ناردییە ماڵمان. کـە لە شوێنێکدا بە (خر زهره درویش دوست عەلی) ناسراوەبو و ماڵی سەردار ناسر لە باباهادی و ماڵی سالار زەفەر لە کەناری ڕووباری قورەتودا بوو، وکۆچکردووەکانی میوانیش لە ماڵەکانی ئێمەدا بوون.

بڕیارمانـدا لەبەرئـەوەی لـە مەیـدانی شـەڕ زۆرتـر دووربکەوینـەوە سـەرجەم کۆچبکەینوبۆ ناوچەی جێگیرانی زەهـاو بگوێزینـەوە، چـونکە شـوێنەکە دوور بـوو

---

وئـاو وگۆشـتیان دەنـارد وهـەموو ڕۆژێـك نـەوعێکیان دەنـارد. بـۆ دوو چـادر یـان سـێ چـادر خزمەتکارێکیان تەرخان کردبوو کە بۆ سەندنی (بەرخ، ومریشك، وماست وشیر بـۆ بەرچـایی، و کەرێ وهێلکە) وهەرچی پێویستی هەبێ لەڕێی ئەوانەوە لەنێو عێلدا بیسێنن.

کۆچکردووەکان هەموو ڕۆژێك ئەوەی پێویستیان بووایە بە پارەوپوولی خۆیـان دەیانـسەند. چونکە لە حەقیقەتدا حەفتەیەك یان پانزە ڕۆژ زیاتر عێل لە شوێنێکدا نەدەمایەوە چونکە بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵ وپەزەکانیان هەرشـوێنێ دەغـلّ ودان وعەلـەفی زۆرتـری هەبووایـە، لەوێـدا دەبـوون لەبـەر ئەمـە کۆچـکردووەکانیش لەگـەڵ عێلـدا کۆچـیان دەکـرد، لـە هەرشـوێنێکدا چادرەکانی کۆچکردووەکان لەگەڵ چادرەکانی عێلەکەدا نزیکەی فەرسـەخێ دووربـوون. هـەر بەم شـێوەیە چـادری سـێ بـرا سـەنجاوییەکە لەگـەڵ چـادری کۆچـکردووەکاندا نزیکـەی دوو کیلۆمەتر دوور بوو.

ماڵیٚ ئەسەدوللابەگی قەڵخانیمان کە لە سەراوی زەهاودا بوو ئاگادار کرد کە بە دووسەد سوارەوە ئەو ڕۆژە میوانیانین، لەگەڵ ڕێزداران وسەردەستەکانی کۆچکردووەکاندا، لەویٚ خواردنی نیوەڕۆمان خوارد وسواربووین، گەیشتینە جیگیران بینیمان عەمەلەکان وماڵە تازە گەیشتووەکان سەرگەرمی دامەزراندنی چادرەکانن. سالار زەفەرمان بەچەند سوارێکەوە نارد کە لەسەر ڕێی گارییەوە دووربین هەڵخات وئەو ناوچانە بپشکنێت. ئەو هێشتانە سەد پێیەك نەچوبووە پێشەوە لەناکادا بینیمان لە مەودای کەمێکدا سوارەکانی ڕوس لە کیلە سپی جیگیرانەوە دەرکەوتن. هەر ئەو ڕۆژەبوو کە سالار ئەعزەم کوڕی سەردار ئەسعەدی بەختیاریوبەهادور ئەلسەلتەنەی برازای ئەمیر موفەخەم وچراغ عەلی سەردار سەولەت وجەعفەر قولی خان زەرغاموی چوار لەنگ وبەهادور لەشکر سەرۆکی حوسەین وەند گەیشتنە ماڵەکەمان.

هەر کە سالار زەفەر پێشقڕاوڵەکانی ڕوسەکان دەبینێت سوارێکی بە پەلە نارد تا ئاگادارمان بکات کە ژنومناڵەکان لەسەر ڕێگاکەوە دووربکەینەوە. ماڵی سەردار ناسر کە سەرگەرمی چادر دامەزراندن بوون بەتەواوی نزیکی جادەکە بوون. ئەوەی توانرا لە ژنومناڵەکان لەپەنای دۆڵی ڕووبارەکەوە کەوتنەڕیٚ کە لە شوێنێکدا خۆیان بشارنەوە. لەلایەکی ترەوە کۆچکردووەکانیش گەیشتن، کتوپڕ سوارەکانی ڕوس هەراسان وپەرێشان بوون، چونکە سەردار ناسر بەچەند سوارێکەوە کە بۆی کۆکرابووەوە ڕێگایانی لێگرت، بەڵام سەردار فەرماندەدات کە کەس چەك بەکارنەهێنێت، مەگەر ڕوسەکان تەقە بکەن. ڕوسەکانیش کە لەبەرامبەریاندا جەمعیەتێکی زۆر وچادرێکی فراوان دەبینن دەترسن وسوارێك کە فارسی دەزانی ناردیانە لای سالار زەفەر. ئاشکرابوو کە ئەم سوارانە پێشقراوڵ بوونە وژمارەکەیان سەد وپەنجا سەربازێك دەبوو، بەڵام ئۆردوویەکی گەورەی چەند هەزار نەفەری لەپشتی سەریانەوە بەرێگاوەن. ئەم سوارانە گەیشتنە لای ماڵەکانی سەردار ناسر بێئەوەی دەست درێژی بکەن، بە ئارامییەوە تێپەڕین، دووبارە وەرگێڕەکەیان ناردەوە وڕایان گەیاند چاکترە عێلەکە دوور بخەینەوە چونکە بەم زووانە لەشکرە گەورەکەیان دەگات.

موسەلەم بوو کە ئەم جەمعە کەمە لەنێو ئێمەدا ئابڵۆقـە درابـوون وبەئاسـانی دەتـــوانین لەگەڵیانـــدا بەشـــەڕ بـــێین، بـــەڵام شـــەڕ ودەرگـــیری لەگەڵیانـــدا بەبەرژەوەندیمان نەدەزانی، چونکە ژنومناڵەکان لە مەیدانی مەترسیدا بوون، جگە لەمـە هـەموو کاتێـك ڕێـی تێدەچـوو ئـۆردووە گەورەکـەیان بگەیـەت وکارەکـەمان پێچیدە ودژوار بکات.

پێشقراوڵەکانی ڕوس بە ئاشتیەوە بەلاماندا تێپەڕین. شوێنێك کە تێیدا بـووین جێی بەرگری نەبوو، لەبـەر ئـەوە فەرمانمانـدا کـە چـادرەکان بخـەوێنن وبارەکـان ببەستن وئامادەی حەرەکەت بن، وچاوەڕوانی وەڵامی ئەو سوارانە بـووین کـە بـۆ پشکنین ناردبوومانن. نزیکەی ئێوارە سوارەکان خەبـەریان هێنـا کـە ئۆردوویـەکی گەورە کە بریتی یە لە سێ تا پێنج هەزار سەرباز لـە چـەمی (زریـسك) تێپـەڕیوون وبەمزوانە دەگەنە ئەم شوێنە.

بەپەلـە خواردەمەنیـەکی کـەممان بـە میوانـەکان دا وفـەرمانی کۆچـکردنماندا بـــەرەو دەربەنـــدێ بـــەناوی (دەربەنـــد دەهـــول) ڕاگەیانـــد، لـــەنێوان کێوەکانـــدا کەوتینـەڕێ. ئـەم کۆچـەی شـەوانە بـۆ ئێمـە ومیوانـە کۆچـکردوەکان بەسـەختی وناخۆشیەکی تەواو تێپـەڕی. زۆربـەی ڕێگاکـان بـەرز بـوون، تاشـەکانمان بـە چـرا دەدۆزییەوە. لەحەقیقەتدا ئەگەر ئەو شەوە لەگەڵ ئەو دووسەد سوارەدا ڕووبەڕوو ببواینەوە هەموو دارونەدارمان لەبەین دەچوو.

پـێش خۆرهـەڵهاتن گەیـشتینە (دەربەنـد دەهـول)، حەشـارگەیەکی موحکـەم وپتەو بوو.ژنەکان ومناڵەکان بەسەر تاشـەبەردە سـاردەکانەوە ڕاکشان وخـەوتن. فەرمانماندا لەو شوێنە تەنگەدا کە کێوەکـان دەوری دابـوو، چـادرەکان لـە نزیکـی یەکتریدا دامەزرێنن. لەسەر بەرزیەکاندا نگەهبانویاساوڵمان دانا.

چـەند ڕۆژێـك لەوێـدا ماینـەوە مناڵـەکان بـەهۆی نزیـك بوونیـان لـە مـاڵی خزمەکانەوە وبەئاسانی کۆبوونەوەیان شاد وچالاکوخۆشحاڵبوون. هەر لەوێـدا بـوو کە لە نـەورۆزی سـاڵی ١٢٩٦هـەتاوی هاتـە پێـشەوە و لـە هـەمووماڵەکانـەوە بـە پلیتەی ئاگر داگیرساندن وتەقەکردن هاتنی نەورۆزیان پیرۆزبایی کرد.

دوای دامـەزران لـەو شـوێنەدا چـەند سـوارێکی هەڵبـژێردراومان ڕاسـپارد کـە سەبارەت بە جوڵانەوی ئۆردووی ڕوسەکان زانیارییەك بەدەست بهێنن. سـوارەکان

خەبەریان هێنا کە ڕوسەکان لەو ڕێگاوە کە هـاتنون گەڕاونەتـەوە (دەشـتی حـر). لـەم ڕوداوە زۆر سەرسـام بـووین ودووبـارە چـەند سـوارێکی ترمـان بـۆ پـشکنین ناردەوە. سوارەکان دەڕۆنە شوێنی ئۆردووی ڕوسەکان، چـەند جـەنازەی مـردوو، وچـەند ئەسـپی تۆپیـو، وشـتومەکی زۆری بـەجێماو دەبیـنن.. سـوارەکان چـەند چادری بچووك وهەندێ شتومەکی تریان لەگەڵ خۆیاندا هێنـا بـوو. ئاشـکرابوو کـە هۆی گەڕانەوە وسەر لێشێواوییان برسێتی بووە. لەمـەودوا بـە پێویـستم زانـی کـە شوێنی تێپەڕینیان بزانین، بەدەستەیەکی کەمەوە کەمینیان بۆ بکەین وهەرچەندی لە توانادا بێت زیانیان لێ بدەین.

ئەم ئۆردووە تاڕادەیەك گرنگە لەبەر بێ سەروبەری وپەرت وبڵاوی پاشەکشێی کرد وعەشایرەکانی سەر ڕێیان لە دۆڵـو جەنگەڵوبێـشەکاندا خۆیـان حەشـاردا بـوو بۆیـان، وزیـانێکی زۆریـان لێ خـستن. لـە هــەموویان زیـاتر جوانڕۆییــەکان ســەد کەسێکیان لێ کوشتن، وڕێی تێدەچێت بتر لە هـەزار کـەس لـەو لەشـکرەدا لەبرسـا یان لەبەر نەخۆشی گیانیان لەدەست دابـێ ومـردبن. زۆربـەی چـەکەکانیان کەوتـە دەستی باوەجانیەکان وجاونڕۆییەکان. ئەمە خۆی بەڵگـە ونموونـەی تـەواوی کـەم وکورتی وبشێوی وبێ تەنزیماتی وبێ پایەیی وبێ سەروبەندی لەشکرەکەیانە.

دوای سێ مانگ کە عێلەکەمان لەم ڕێگاوە بەرەو ناوچەی گەرمیان دەڕۆیـشت چەند تفەنگێك لە پاڵی پاشماوەی تـەرمی گەنـدەڵی مردووەکانـدا ولەسـێبەری دار بەروەکاندا دەبینـرا ودەدۆزرانـەوە. ئاشـکرا بـوو کـە بەشـێکی فراوانـی خۆراکیـان جەنگەڵەکان بـووە وڕێـی تێدەچێت زۆربـەی مردووەکـان لەبـەر زۆرخـواردنی ئـەو بەڕووانە بووبێ. شەوێك هەر لەو شوێنەدا هەروەك میوانەکان لەمەو پێش بـەمنیان بـەڵێن دابـوو قومـار نەکـەن، سـەردار محیـی لەگـەڵ سـەردار سـەوڵەتدا قومـار دادەمـەزرێنن، سـەردار سـەولەت مقداری زۆر پـارە دەدۆڕێنـێ وکارەکـە دەگاتـە جنێـودان بەیـەکتری، لەسـەر ئـەم تێکـچوونە سـبەی تێکـڕا خزمـەتکارەکان وپەیڕەوەکانیان کەوتنە گیانی یەکتری بەبـەرد وسـەنگ ودار وچماقەوە یـەکتریان داگرتـەوە. سـەردارەکانیش لـە چـادرەکان هاتنـە دەرەوە ودەسـتمان کـرد بـە جنێودان. بەختیارییەکان دەستمان دایە چەك ناچار کەوتمـە ناوبژییانـەوە، چـەند

زلەیەکم لەچەند کەسێك لە هەردوو لا وەشاند، خۆشبەختانە شەڕەکە پەرەی نەسەند، کوشتارێك لە هەردوولا نەکەوت.

دوای ماوەیەك ئارد وئازووقەمان بەرەو کەمی دەڕۆیشت ئارد وگەنم تاڕادەیەك پەیدا نەدەبوو، ناچار بووین بۆ خۆراکی خۆمان ومیوانەکان برنج بسێنین. بۆ ئەم ئامانجە بەرەو هۆرین وشێخان کۆچمان کرد وبرنجێکی فراوانمان سەند. ماوەیەك ناچار بووین برنج وشلەی برنجمان دەرخواردی میوانەکان دەدا. دوانزە ڕۆژ لە شێخانداماینەوە. لەو شوێنەدا بوو کە دزیی تایفەی شێخ قادر شەوانە ئەسپی سواری سالار ناسری خەلەج میوانی سالار زەفەریان دزی.

لەوێوە بەرەو کێوی بەمۆ کۆچمان کرد، کە شوێنی تایفەی وەلەد بەگییە. بارام بەگ کە نازناوی سەردار ئەکرەمە سەرۆکی تایفەکەیە ونەوەی پوری ئێمەیە هاتە پێشوازیمانەوە ولەگەڵماندا هاوعەهد وپەیمان بوو. لەشوێنێکدا کە بە باغی سەعید خان بەناوبانگە، کە لە خوارەوەی کێوی بەمۆدایە، نیشتەجێبووین. چادرەکانیماڵی سەردار ناسر ومن وسالار زەفەر ومیوانەکان لە فاسیلەیەکی نزیك بەیەك فەرسەخ دوورتر لەیەك بەرپا کرا.

بەشێك لە عێلی سەنجاوی هێشتانە لە سەر قەڵادا وبەشێکی تریان لە جێگیراندا مابوونەوە. هەواڵیان هێنا کە هەندێ لە ڕوسەکان چوونەتە سەرقەڵا. بۆ یاریوکۆمەکی تایفە بەجێماوەکانمان تێکڕا عێلەکەمان ئاگادار کرد، هاتنە یاریمانەوە، لە لۆچکردووەکانیش، تەنها دووکەس لەگەڵ بیست جەندرمەدا، هاتنە یاریمانەوە. ئەو دووانە یەکێکیان ئیحسانو للا خان وئەوی تریان عیماد خلوەت بوو. بیست کەس لە جەندرمەکانمان لەگەڵ بەرپرسێکدا ناردە (قولەی کەل جەنگە) کە لەوێدا سەنگەر بگرن، بەڵام ئێمە نەگەیشتبووینە ڕوسەکان کە لێکۆڵینەوە مەعلوم بوو کە نزیکەی دوو هەزار سواری هەڵبژاردەی ڕوس هاتوونەتە دەوروبەری قەسری شیرین وسەرپێڵی زەهاو وسەرقەڵا، عێلی سەنجاویش نزیکەی پەنجا خانەواری لەوێ ماونەتەوە.

سەنجاویەکان کە ڕوسەکان دەبینن ماڵەکانیان بێ ئەوەی دەست پێوە بدەن بەجێدێڵن وژن ومناڵەکانیان بەرەو شاخەکانی (پشتی)ی سەرقەڵا دەبەن.

ڕوسەکانیش دێنە سەر ماڵە چۆڵکراوەکانیان ویەك سەر سەردەکەنە ئازووقەکەیان وشتێکی ئەوتۆ ناهێڵنەوە و شتێکی زۆر لەگەڵ خۆیاندا دەبەن ودەڕۆن.

لە وەلەدبەگیەکان موحەمەد بەگ کوڕی سەعید بەگ کە لە خزمەت سەردار ناسری برامدا بوو، وئەحمەد بەگی برای سەردار ئەکرەم بەچەند سوارێکەوە دەکەونە شوێنی ڕوسەکان، وشەڕێکی کورت خایەن لە نێوانیاندا ڕوودەدات. بازووی ئەحمەد بەگ گوللەیەك لێی دەدات کە دوای سێ شەو لەبەر ئەو زامە فەوتی کرد.

لەماوەی مانەوەماندا لە باغی سەعید خان چەند ڕووداوێ ڕوویدا کە ئاماژە بەهەندێ لەوانە بێ سوود نیە. یەکێکیان چاییمان نەمابوو پیاومان دەناردە هەڵەبجە لە خاکی عوسمانیدا مەنێکیان بە حەفتا توومەن دەسەند. ئەڵمانەکان هەر لەوێدا هەواڵی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیان پێمان ڕاگەیاند بەڵام ئەم هەواڵە کەمتر جێی باوەڕکردن بوو.

و یەکێکی تر لەو ڕووداوانە هەر لەسەر قومار لەنێوان کۆچکردووەکاندا بەتایبەت لەنێوان سەردار موحیی وسوهراب زادە ناڕەحەتیەك هاتە پێشەوە. سوهراب زادە ودووبراکەی کە ئەفسەری جەندرمەبوون لەماڵی سەردار ناسردا میوان بوون بەچەند جەندرمەیەکەوە شەوانە دەوری چادرەکەی سەردار موحییان دابوو وهەیاهو وهەراو مەزاتێکیان دروست کردبوو، بەجلی خەوەوە هاتمە دەرەوە وناوبژیم کردن، خۆشبەختانە ئەم جارەیش هەر بە خەیر تێپەڕی.

لە ڕووداوە ناخۆشەکان وجێی داخی تر ئەوەبوو کە لە چادری دەرسی منداڵەکانی سەردار ناسری برامدا تفەنگ لە دەستی عەلی ئەشرەف خانی کوڕی دەرچوو ومامۆستایەکی بێچارەی کە شێخێکی لاوی تارانی بوو دەکوژرێ وسەردار ناسر لەبەر ڕووداوەکە یەکجار ناڕەحەت ومەلول ونیگەران وئالۆز دەبێت، وکوڕەکەی کە منداڵێکی نابالغ ومێرد منداڵ بوو خۆی خستە ماڵی ئێمەوە.

## هەواڵی خۆشی شۆڕشی ڕوسیا وگەڕانەوەی کۆچکردووەکان

لەم ماوەیەدا لەملا ولەولاوە هەواڵی شۆڕشی ڕوسیامان وبێبەند وباری وئاشوفتەیی وپەرێشانی بارودۆخی سوپاکەیانمان دەبیست، بەڵام بە هەواڵی

بێبەڵگە چۆن دەبێت باوەڕبکرێت تا ڕۆژێك بینیمان چەند سوارێك لە ڕێگەی (گاریوە) بەتاو بەرەو ماڵەکانمان دەهاتن، کە گەیشتن مەعلوم بوو لە خزمەتکارەکانی موعاون ئەلمولك و وەکیل ئەلمولك وقەوام ئەلرەعایای کرماشانن. ئەوانەیان لەپێشەوە ناردبوو کە هەواڵێ هاتنیان بگەیەنن. دوای سەعاتێك ئاغاکانیش گەیشتن وهەڵگری موتمانە نامەیەکی فەرمی گشتی لەلایەن فەرماندەی لەشکری ڕوسەکانەوە بوون کە لارییان لە گەڕانەوەی کۆچکردووەکان نیە ودەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ماڵ وزێدی خۆیان. بەهۆی هەندێ لەو هاتووانەوە شازادە محەمەد باقر میرزا وژنوماڵ ومناڵەکەی چەند نامەیەکیان بۆ ئێمە وکچەکانیان –هاوسەرانی من وسەردار ناسر– ناردبوو، وچەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی ئێرانیان وچەند چاپەمەنیەکی تری تارانیان ڕەوانە کردبو. ناوەڕۆکی ئەوانە باسی ڕوودانی شۆڕشی لە ڕوسیادا دەکرد ودەست کێشانەوەی قەیسەری ڕوس لە کاروپلەی وهاتنە سەرکاری حکومەتێکی شۆڕشگێری (کرسنکی) وگۆڕانی بارودۆخی ڕامیاریونیزامی وموژدەی سوڵح وئاشتی وبرایی وئازادی ویەکسانی وسڕینەوەی سیاسەتی ستەمگەرانەی ئیمپریالیستی پێشووی ڕوسیای قەیسەری ڕادەگەیاند.

ماوەیەك بوو کە ڕۆژنامەم نەخوێندبووەوە پێش خوێندنەوەی نامەکان سەرگەرمی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان وگۆڤارەکان وچاپەمەنیەکان بووم، بەدرێژایی ڕووداوی شۆڕشی ڕوسیام خوێندەوە. سەرسام بووم کە ئەم ڕووداوانە ڕاستن ئایا خەونە دەیبینم؟ لەخۆشیدا لە پێستمدا جێم نەدەبووەوە. دوایی نامەکەی شازادە محەمەد باقر میرزام خوێندەوە کە بە خامە بەتوانا وعاقڵانەکەیەوە باسی بارودۆخی ڕۆژ وبێ سەروبەندی هێزەکانی ڕوسیشی کردبوو وگۆڕانکاریی ئایندەیشی موژدەی پێدابووین.

ڕۆژنامەکانمدا بە تەیمور خانی قەناد کە لە شۆڕشگێر وئازادیخوازە نەگۆڕاوەکانی کرماشان بوو، لەماڵی مندا میوان بوو، دوایی ڕامسپارد کە ناوەڕۆکی ڕوداوەکان بێئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەکەی بکات کە محەمەد باقر میرزایە، بڵاوی بکاتەوە. هەراو جموجوڵوخۆشحاڵییەك لەنێوان کۆچکردووەکاندا ڕوویدا، دەستە دەستە بۆ ماڵی یەکتری دەڕۆیشتن، و بۆ ماڵی ئێمە دەهاتن، موعاون

ئـەلمولكو وەكيـل ئـەلمولك لەپێـشدا ڕووداوەكـەيان دەشـاردەوە، تـا دواى شـەو ناردامان ڕۆژنامەكانيان هێنا پيشانماندان. وەكيل ئەلمولك كە كـەمى خوێنـدەوارى هـەبوو سـەيرێكى ڕۆژنامـەكانى كـرد و ووتـى پێويـست بـە خوێندنـەوە ناكـات، ماوەيەكە ئەم ڕووداوە ڕوويداوە وڕوسەكان بەتەواوى گۆڕاون. كە دڵنيـابووين لـەم خەبـەرە خۆشـە ئارامييـەك وخۆشـحاڵييەكى زۆرى لـەنێو ئێمـە وكۆچـكردووەكاندا دروست بوو و هەر ئەو ڕۆژنامەمان لەڕێگەى پەيكێكەوە بۆ هەڵەبجە ڕەوانە كرد.

لـەناو لەشـكرى ڕوسـدا ئەفـسەرانى شۆڕشـگێر وئـازاديخواز زۆربـوون بـەڵام زۆربـــەيان بـــەهۆى زەبتـــووڕەبتى نيزاميووســـەربازييەوە نەيانـــدەتوانى خۆيـــان دەربخـــەن وبخەنـــە بەرچـــاو. بـــەڵام ئێـــستاكە ئـــازادى وديمكراســـى ودادگـــەرى كۆمەڵايەتى وسوڵح وئاشتى لەگەڵ ميللەتەكانى تردا لەلايەن حكومەتى شۆڕشـەوە بـە شـێوەيەكى فـەرمى ڕاگەيەنـدرابوو. ئازاديخوازەكـان لـەنێو سـەربازەكاندا بـە ئاشكرا خۆيان نيشان دەدا وئـەم مەرامـە نوێيـەيان بـڵاو دەكـردەوە، ئەمـە خـۆى دەبووە هۆى بچڕانى زەبتو وڕەبتى نيزامى وپشێويى لەشكرەكە.

فەرمانـدەكان وئەفـسەرە پايـە بـەرزەكان لـەم ڕووداو وبارودۆخـە ناڕەحـەت بوون، بـەڵام لەبـەر ئـاگرى بـەهێزى نـاوخۆى شـۆڕش تـەنها سـازش ومـوداراكردن نەبێت شتێكى تريان پێنەدەكرا.

ئەڵمانەكان ئەم خەبەرانەيان لەهەزاران بەياننامەدا بەچاپگەياند وهەموو ڕۆژێ لەڕێى فڕۆكەوە دەيان باراندە سەرى لەشكرەكانى ڕوسدا. هەر ئەمانە بـووە هـۆى ئەوەى كە جەبهەى ڕوس لە سەلاحيە بپێچرێتەوە، ئەوانە هاتنەوە قەسرى شـيرين ولـەوێوە بەرۆحييـەتێكى لاواز وسـستو داشـكاو ولەيـەك تـرازاوەوە گەڕانـەوە بـۆ كرماشان.

چەند شەوێ موعاون ئەلمولكووەكيل ئـەلمولك وسـەركردەكانى تـرى شـار كـە بەدواى كۆچكردووەكاندا هاتبوون لەماڵى ئێمەدا مانەوە. زۆربەى كۆچـكردووەكان ئامادەى گەڕانەوە بوون. لەگەڵ بارام بەگى وەلەد بەگيدا بڕيارمانـدا كـە سـەرجەم بەرەو گەرميان كۆچبكەين. كـە گەيـشتينە يـەك فەرسـەخى (دەشـتى حـر) كـاتى ڕۆيشتنى كۆچكردووەكان هاتـە پێـشەوە. لەنێوانيانـدا سـەردار مـوحيى خـۆى بـە نەخۆش نيشان دەدا كـە بـەهۆى ئاوسـاندنى (گـوونى)يـەوە نـاتوانى سـوارى وڵاخ

بێت. هاوماڵەکانی سدق ئەلسولّتان ونەسرەتولاّ خان وحیشمەتولاّ خـان و براکـانی ئەمیر حیشمەتی تەبرێزیش ئەویان بەجێنەهێشت. لە میوانەکانی سەردار ناسـریش سوهراب زادە وجەمعێکی تر مانەوە. لەماڵی سالار زەفەردا تەنها چەند کەسێکیان نـەبێت ئـەوانی تریـان ڕۆیـشتنەوە، بـۆ بەدرەقـە و خواحـافیزی لەگەڵیانـدا یـەك فەرسـەخێ ڕۆیـشتین، خواحافیزیمـان کـرد ویـەکتریمان مـاچ کـرد. ئـەوان بـەرەو کرماشان کەوتنەڕێ وئێمەش بۆ دەشتی حور گەڕاینەوە.

دوای چەند ڕۆژێك لەو شوێنە کۆچمان کرد بۆ میرئاوای باوەجانی تا ماوەیـەك لە پەنای شاخەکانی ساراوەندا بووین. محەمەد بەگی ئەمیر ئەسعەد بۆ دیەنیمان هات وپیرۆزبایی هاتنمانی لێ کـرد. عەلـەف ودەغـڵ وسـەوزی ئـەو ناوچـەیە تـەواو بووبوو چووینە ناوچەی زەلان، ودوای ئەوێ بۆ بازان کۆچمان کرد.

چەند کەسێك کە بۆ هاوردنی هەواڵ ناردبوومانـنـە کرماشـان بـەدوای یەکتریـدا هەواڵیان دەهێنایەوە کە ڕوسەکان خەریکی گەڕانەوە بەرەو هەمەدانن.

نامەم بۆ ڕشید  ئەلسەلتەنە وسەفەروخان وئەسـەدوللابەگ وقەنبـەر سـولّتان، سەرکردەکانی گـۆران وقـەڵخانی نووسـی کـە بـۆچ دانیـشتوان ڕێگـە لـە ڕوسـەکان ناگرن. دوای چەند ڕۆژێك هەواڵیان هێنا کە هـەر دوو دەسـتەی قـەڵخانی لەڕێگـەی (سەرتاق) ولەنێوان جەنگەڵەکاندا ڕێگەیان لە ڕوسەکان گرتبـوو. ونزیکـەی بیـست ڕۆژ ئەم ڕێگاگرتنەی قەڵخانیەکان بەردەوام بوو. بێ زیـادەڕەوی زیـانی ڕوسـەکان لە هەزار وپێنج سەد سەرباز کەمتر نەبووە. لـەم ڕۆژانـەدا ئەگـەر کەسـێ بڕوایەتـە نێـو قەڵخانیـەکان وای بـۆ دەچـوو کـە چـووەتە نێـو لەشـکری ڕوسـەوە. هـەموو پیاوەکانیـان جـل وبـەرگی سـەربازی ونیزامـی ڕوسـەکانیان لەبـەردابوو، تفـەنگی ڕوسـیان بەدەسـتەوە بـوو، ودەمانـچەی قـۆزاقی بەناوقەدیانـەوەبوو. سـەرجەم دەستکەوتەکەیان دوو عارەبانەی پـڕ لـە تفـەنگ ودەمانـچەی قـۆزاقی بـوو. لـەنێو دیلەکاندا دوو ژنی ڕوسی کە پەرستاری نەخۆشخانەی لەشکرەکە بوون، دەبینران. یەکێ لەو ژنانە دەکوژرێ وئەوی دی بەدیل دەگیرێت، بـەڵام قەڵخانیـەکان ئەوەنـد لاقەی دەکەن لەبەین دەچێت وفەوت دەکات. لەیرادا دەبێت باسی دەست درێـژی ناموسی ڕوسەکانیش بکرێت

له ڕۆژانی گەڕانەوەی لەشکری ڕوسدا بەوپەڕی بێبەند وبارییەوە جەمعێکی سەد نەفەری ڕوسەکان لەهێڵی ڕیژاوەوە تێدەپەڕن. خەڵکی ئەو گوندە سەرسەوز وخوڕەمە لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا پەنا دەبەنە بەر جەنگەڵەکان وکێوەکان. دوو ژن ودایکێك وکچەکەی یاخود بوکێکوخەسوەکەی لە ترسدا لە ئاسیاوێکدا خۆیان دەشارنەوە. ڕوسەکان دەیان دۆزنەوە، کەمێك لەو شوێنەدا دوور دەکەونەوە کە دەست درێژی دەکەنە سەر ژنە جوانەکە، ئەوەندە تێکەڵاوی دەبن دەمرێت وئەوی تریان یەك مانگ لە جێگادا دەکەوێت. دووسێ پیاوی ڕیژاوی بە تفەنگی کاربینەوە سەری قوللەی ڕێژاویان لێدەگرن. هەر کە ڕوسەکان دەگەنە سەر پردەکە دەیاندەنە بەر تفەنگ، پاشماوەی پیاوەکانیش لەم لاو لاوە هێرش دەهێننە سەریان وکوشتارێکی گەورەیان لێ دەکەن.

له بازانەوە بۆ سادق ئاوا کۆچمان کرد. سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان هاتە دیدەنیمان. لە کرماشانەوە هەواڵ گەیشت کە ڕوسەکان لەسەر ڕاپۆرتی موعازید ئەلمولك بەرپرسی کرماشان شازادە محەمەد باقر میرزایان زیندانی کردووە ولەژێر چاودێریدا بۆ هەمەدان بردوویانە. کوڕە گەورەکەی شازادە محەمەد سادق کە لە ماڵی ئێمەدا میوان بوو یەکجار ئاشوفتە ونیگەران دەبێت. نامەکەی شازادە موحسین میرزام پێ نیشاندا، کە نووسیبووی چەند تەلوگرافێکی بەکەڵك وسوودمەند بۆ مەرکەز نێردراوە وبەهۆی ئەو گۆڕانکارییەوە کە لە سیاسەتی ڕوسەکاندا ڕوویداوە وهاتوەتە کایەوە هیچ جۆر نیگەرانی و زیان وناڕەحەتیەك نایەتە پێشەوە.

## جینایەتی گەورەی محەمەد بەگی ئەمیر ئەسعەد

نزیکەی دوو حەفتە لە سادق ئاوادا ماینەوە، کە نامەیەك لە کاپیتان شۆڵتسی ئەڵمانەوە گەیشت کە ڕایسپاردبوو کە لەگەڵ ڕوسەکاندا شەڕ نەکەین ئەگەر هێزی ئەوان بەرەو ئێوە هاتنە پێشەوە نامەیان بۆ بنووسن کە ئێمە تا ئێستا لەگەڵ لەشکری داگیرکەری ڕوسیای قەیسەریدا لەشەڕدا بووینە، ئێستاکە بارودۆخی ڕوسیا گۆڕاوە حەزناکەین لەگەڵ ئێوەدا دوژمنی بکەین. لەکۆتایی نامەکەدا بەڵێنی دابوو کە خۆی تا یەك هەفتەی تر دێتە دیدەنیم.

بەم جۆرە لە سادق ئاواوە کۆچمان کرد سەرلەنویێ هاتینەوە (زەلان) کە لە ناوچەی باوەجانیەکاندا بوو، سەرکردەکەیان محەمەد بەگی ئەمیر ئەسعەد بۆ دیدەنیمان هات لە هاتنی کاپیتان شولّتس ئاگادارم کرد. چونکە تازە ژنی هێنا بوو بڕیاریدا یەکێ لە خزمەتکارەکانی بۆ خانە شور بنێرێ کە چاوەڕوانی هاتنی کاپیتان شۆڵتس بکات، و ئاگای لێ بێت وڕێنمایی بکات. دوای یەك حەفتە کاپیتان شۆڵتس گەیشتە ماڵی محەمەد بەگ. لەگەڵ مندا بەشێوەیەکی تایبەتی دانوستانی کرد، هەڵوێست ونەخشەکەیی ڕوون کردەوە. ووتی ئەڵمانەکان بڕیاریان داوە هێزێکی مونەزەم وکارا وڕێك وپێك لە بەرامبەر ئینگلیسەکاندا لە ڕۆژئاوای ئێراندا پێکبهێنن نفوز ودەسەڵاتیان لەم ناوچەدا نەهێڵن. بۆم ڕوون کردەوە کە بە هێز وتوانای عەشایرییەوە مومکین نیە ئەو نەخشەیە بڕواتە پێشەوە وئەنجام بدرێت. بەڵێنی ڕاشکاوی دا کە هێزێکی تەواوی تۆپخانەی کێویی ودوو سیریەی مەتریلۆز لەگەڵ شەش هەزار تفەنگی چاك ویەك جۆردا بە جبەخانەی تەواوەوە بخرێنە مەیدانی شەڕەوە.

لەبەر ئەوەی گەیاندنی ئەم جۆرە چەك وساز وبەرگانە لە خاکی باوەجانییەوە تێدەپەڕی درێژەی باسەکەم بە کورتی بەئامادەبوونی بارام بەگی سەردار ئەکرەم سەرۆکی تایفەی وەلەدبەگی بۆ ئەمیر ئەسعەد گەڕانەوە. محەمەد بەگ بەڵێنی هاوکاریدا وسوێندی بە قورئان خوارد تا کۆتایی بەڕاستی و وەفاداری لەگەڵماندا دەمێنێتەوە، لەگەڵ دۆستی ئێمەدا دۆست بێ لەگەڵ دوژمنانماندا دوژمن بێ. بۆم ڕوون کردەوە کە چۆن ئەم چەك وساز وبەرگ وجبەخانانە لە خاکی عێلی ئێوەوە تێدەپەڕێت، سوود وقازانجی گەورەی بۆ خۆت وعێلەکەت دەبێت. دوایی بە ئامادە بوونی سەردار موحیی لەگەڵ کاپیتان شۆڵتس دا دانوستانمان کرد وکاپیتان بە دڵنیاییەوە بۆ (هەڵەبجە) گەڕایەوە وبەڵێنی دا هەرچی زووترە بە مەبلەغێ پارەوپولەوە بگەڕێتەوە تا بەو پارەیە خاڵەکانی پاراستنی تێپەڕینی ئەو چەك وساز وبەرگ وتفاقانە ئامادەبکەین.

دوای گەڕانەوەیان موحەمەد بەگی بێ عەقڵ بۆ تەماعی ماڵ وسامانی دونیا لەگەڵ ئەوەدا قەول وبەڵێنی دابوو وسوێندی بە قورئان خواردبوو دەسیسەیەکی خائینانەی دوور لە مرۆڤایەتی بۆ کوشتنی کاپیتان شۆڵتس دەڕەخسێنێت،

ئەویش بەم جۆرە بوو: غەفاربەگی برایی لەگەڵ چەند کەسێکدا نارده خانە شور، ناوبراو لەگەڵ شێخ کامیلی برای شێخ نەجمەدیندا یەکێ لە شێخەکانی تەریقەتی تەسەوفی ئەو شوێنەیە بەرپرسی پیادەکردن وئەنجامدانی ئەم جینایەتە دەکات، لەگەڵ ئەمەیشدا نامەیەکی بۆ ئیغفال وچەواشەکردنی ئێمە نووسی بوو، کە غەفاری برام نارده خانە شور، کە لە گەڕانەوەی کاپیتان شۆلتس دا لە خزمەتیدا بن ورێنمایی بکەن.

لەم ماوەدا بەهرام بەگی وەلەدبەگی ئاگادارمانی کرد کە موحەمەد بەگی ئەمیر ئەسعەد سەرگەرمی دروست کردنی دەسیسە وخیانەتێکە وبەنهێنی لەگەڵ هەندێ کەسی تردا هاوپەیمان بووە کە لەگەڵا تۆدا هەر ئەو ڕەفتارە بکات کە باوکی حەبیب بەگ لەگەڵ فرامەرز سوڵتاندا کردی. ئەو لەسەر ئەمە داکۆکی دەکرد وسوور بوو کە هەرچی زووترە لە ساراوەند کۆچبکەین، ئێمەش نەك لەبەر ئیمکانی خیانەتی محەمەد بەگ یان ترس لە ئەو، چونکە ئەو کاتە ئێمە خاوەنی شەش سەد سواری خزمەتکاری چاك ولێهاتوو بووین کە ئامادەی خزمەت بوون وبۆ بەرەنگاری هەر ڕووداوێك لەگەڵماندا ئامادەبوون، بەڵکو لەبەر کەمی دەغڵ وسەوزی بۆ ئاژەڵەکانمان لەو شوێنە کۆچمان کرد وتێکڕا لەگەڵ بارام بەگدا هاتینەماڵی موحەمەد بەگ کە لەنزیك تەنگەی لوشەدا بوون. هەروەك ڕوخساری غەدر وخیانەتودوژمنی دەنواند بەڵام بە ڕووکەش لوتف ونەوازشتی دەکرد. بە ڕاشکاوی پێم گوت هەندێ قسەی لەق وبێمایە دەبیسین کە تۆ لەگەڵ هەندێ تایفە وکەسایەتییەکاندا دژی ئێمە دەجوڵێیتەوە وقەسدی دوژمنایەتیت هەیە. سوێندی قورسی خوارد تاگیان لە لەشیدایە خۆموتایفەکەم لە دۆستی ئێوە وبچووکیتان دەست بەردار نابینو هاوڕێیانیو وهاوکاریتان بە ئەرکی ئاینی وئیسلامی خۆمان دەزانین تۆیش نابێت بە قسەی هەندێ لە خراوکار وگەندەڵ وئاشووبگەریی دوژمنانم باوەڕ بکەیت. مەقسودی لە دوژمن وئاشوبگەر بارام بەگ بوو. سەردار ئەکرەم ویستی وەڵامی بداتەوە نەمهێڵا. سەرلەنوێ قورئانێکی هاورد وعەهد وپەیمانی خۆیی سەرلەنوێ دووپات کردەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا محەمەد تەقێ بەگی برا جوانمەردەکەی پێمی گووت کە درۆدەکات وجێی باوەڕ نیە، هەرچی وویستم

مەوزوعەکە ڕوون کاتەوە، نەچووە ژێری، ووتی هەرکاتێ درۆکەی ئاشکرابوو خۆت تێدەگەیت ومەسەلەکەت بۆ ڕوون دەبێتەوە.

دوای سەرلەنوێ کردنەوەی عەهد وبەڵێن وپەیمان لە میراوا کۆچمان کرد ورۆیشتینە (هەلور) دوو شەوی تر لەوێ ماینەوە وچاوەڕوانی هەواڵی کاپیتان شۆلتس بووین، کە لەناکادا پەیکێکی پیادە پەیدا بوو، نامەیەکی لەلایەن خان خانانەوە برازای میرزا عەلی خانی سەرتیپ کە وەرگێڕی کاپیتان شۆلتس بوو، هێنا.

خان خانان لەو نامە دڵتەزێنەدا نووسیبووی بەپێی بەڵێنیك کە ئەمیر ئەسعەد ونێردراوەکانی دابوویان لەگەڵ کاپیتان شۆلتسدا لە هەڵەبجەوە حەرەکەتمان کرد، لە خانە شور غەفار بەگ وبراکەی شێخ نەجمەدین وهاوڕێکانیان پەلاماریان داین، کاپیتان شۆلتس وچەند جەندرمەیەك لەگەڵماندا بوون کوژران وخۆمیش پێم گوولەی وەبەرکەوتووە وبەسەختی شکاوە وبەپێی شکاوەوە خۆمم گەیاندە ماڵی شێخ ئیسماعیل، هەرچی زووترە چەند کەسێك بنێرە فریامانەوە بۆ ئەوەی بمانگەیەننە خەستەخانەی کرماشان.

لەم خەبەرە ناخۆش ودڵتەزێنە بێئەندازە داغدار بووم. بەپەلە مەنسورخان وئاغا بەراری برای کوڕی ئەکبەر ئاشەوانی کرماشانیم، کە خزمەتکاری سەردار ناسر ومن بوون، لەگەڵ پانزە سوارێکدا نارد ونامەیەکی پڕ لە تەعنە وتەشەرم بۆ موحەمەد بەگ نارد ونامەیەکی نهێنیشم بۆ محەمەد ئەمین بەگ نووسی هەرچۆنێ هەیە خان خانان بەسەلامەتی بنێرێت بۆ ماڵمان. هەرچۆنێ بوو ئەو بەنیوە گیانێکەوە گەیشتە لامان. ڕووداوەکەم بۆ میرزا عەلی خانی سەرتیپ نووسی ولەوم داخوازی کرد کە بە پەلە شکستەبەندێکی بەناوبانگی کرماشان بۆ ماڵمان بنێرێت.

خان خانان دوای تیماری زامەکەی تاڕادەیەك تەندروستی کەمێ چاکتر بوو بەدرێژی خیانەتەکەی بەم شێوە گەڕاندەوە، ووتی:

لەگەڵ کاپیتان وجەندرمەکاندا وەکو ئەوساکە هاتینە ماڵی شێخ کامل، خزمەتیان کردین، خۆیشی وەکو جارەکەی تر لەگەڵماندا هات بەڵام ئەمجارە دە چەکداری لەگەڵدا بوو لەو بڕوادا بووین ئەم کردەوەیە بۆ پاراستنی پارەکانمانە کەوتینەڕێ تا گەیشتینە خانە شور، سەیرمان کرد غەفار بەگ بە سی سوارەوە

چاوەڕوانمانە. جوڵانەوە وڕەفتاری خەڵکی گوندەکە دۆستانە نەبوو. غەفار بەگ وشێخ کەمێك لەگەڵ یەکتریدا چپەیان کرد. غەفار بەگ بە کاپیتانی گووت پارەیەك بەم چەکدارانە بدە. کاپیتان وەڵامی دایەوە گەیشتینە ماڵی ئەمیر ئەسعەد ئەوەی پێویست بێت دەیدەم پێیان. غەفار بەگ بێ شەرمانە پێی داگرتوو سوور بوو لەسەر داخوازییەکەی، کاپیتانیش ناچار بوو یەك کیسەی سەد توومانی لەنێو پارەکاندا هێنایە دەرەوە ودایە دەستییەوە. نزیك نیو فەرسەخێ بۆ خانە شوور جارێکی تر بۆخۆی داخوازی پارەی کرد. کاپیتان شۆڵتس بەو بڕوایەوە ئەگەر پارەی بداتێ بێدەنگ دەبێت فەرمانی وێساندنی بارەکانی دا. بارێك کە پارەکانی تێدا بوو هاوردامەن خوارەوە لەناکادا غەفار بەگ وشێخ کامل وهاوڕێکانیان دەست ڕێژمانیان لێ کرد. دوو کەس لە جەندرمەکان لە تەقەی یەکەمدا کوژران وکاپیتانومن وحەوت جەندرمە پارەکانمان بەجێهێڵاو بەشەڕو پاشەکشە خۆمان گەیاندە پەنای بەردەتاشی پیاوخراوەکان کەمێك سەرگەرمی پارەکان بوون، ودوایی کەوتنە شوێنمان. کاپیتان گووتی چاکترە خۆمان بەدەستەوە بدەین، زۆرم هەوڵدا هەر لە شەڕ وپاشەکشێدا بین قبوڵی نەکرد. بەحاڵەتی خۆبەدەستەوەدانەوە هەردوو دەستی بەرز کردەوە ولەگەڵ جەندرمەکاندا وێستان. هەر کە غەفار بەگ وشێخ وهاوڕێکانیان گەیشتن هەموویانیان کوشت. من کەنزیکەی سەد پێیەك دوورتر بووم چەند گوللەیەکم تێ یان تەقاند وبەرەو شاخەکە ڕۆیشتم، مەودایەك لێیان دوورکەوتمەوە گوللەیەك لە دوورەوە دای لەپێم بەڵام لە ئەسپەکەم نەکەوتم وبەرەو ماڵی محەمەد بەگ کە دەمناسی ڕۆیشتم، یەکەم کەس بووم کە گەیشتم و هەواڵی کردەوەی خائینانەی غەفار بەگم بۆ ئەمیر ئەسعەد گەڕاندەوە. لەحەقیەتدا ئەگەر موحمەد تەقیێ بەگ لەوێدا ئامادە نەبووایە منیش کە ئاخرین شایەتی ڕووداوەکە بووم دەکوشت.

سەبارەت بە مقداری ئەو پارە وپولە کە لەگەڵیاندا بوو ووتی: دووهەزار وچوار سەد لیرەی زێڕ وهەشت سەد تومانی زیومان پێبوو، جگە لەوانە هەزار لیرەی خۆی کە لە سندووقەکەی کاپیتان شوڵتسدا بوو، سەرجەم نزیکەی شازدە هەزار تووماں پارەی نەقد کە لەگەڵماندا بوو، بردیان، جگە لە چەك وشتومەکێ کە پێمان بوو.

ئەم عەهد شكێنیوجەردەیومیوان كوژییە كە قێزەونترین و شەرم هێنەرترین جینایەت دەژمێردرێت تەنها لە خوێن ڕێژێكی دڵكوێرەوە كە لە هەموو پێوەر وشەرەفی مرۆڤایەتی شۆرابێتەوە، ئەویش موحەمەد بەگی ئەمیر ئەسعەدی باوەجانییە، دەوەشێتەوە، هەر ئەو كەسە كە نزیكەی دوو ساڵ دوای ئەم ڕووداوە برا دلێر وجەوامیرەكەی محەمەد تەقیّ ئەمیر عەشائیریشی بەدەستی خۆی كوشت.

## سەرەتای سوڵحی بەندار

لەم كاتەدا سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان وتایفەی وەلەدبەگی وتێكڕا سەركردەكانی گۆران لەگەڵ ئێمەدا دۆستایەتی وپەیمانیان بەرقەرار كردبوو، لە سەرجەمیاندا تەنها جەهانبەخش خانی زەرغامو ئەلسەلتەنە بوو كە وەك پێشوو لەگەڵ ڕوسەكاندا هاوكاری دەكرد ولەگەڵ چەند بنەماڵەیەكی دەوروبەریدا پەنای بردبووە مەنسور خان وگوندەكانی للایخانی سەنجاوی، بەڵام زۆربەی كوێخاكانی تایفەكەی هاتبوونە نێو سەنجاوییەوە ولەخزمەت سەردار ناسردا پەیمانی خزمەتگوزارییان بەستبوو.

كاتیّ كە ماڵەكانمان لە (هەلور) بوو نامەیەك لە شازادە موحسین میرزای دەوڵەت دادەوە هاتبوو كە لەنێو زەرفەكەیدا نامەیەكیشی لە شازادە محەمەد باقر میرزاوە تێدابوو، بە ڕاشكاوی ڕایگەیاندبوو كە پالكینگ زاخار چینكف وابەستەی نیزامی باڵوێزخانەی ڕوس لە تاران لەلایەن دەوڵەتی ڕوسوونێرانەوە بەرپرسایەتی چاككردنەوەی نێوان نیزامیەكانوسەربازانی ڕوس لەگەڵ عێل وتایفەكانی ڕۆژئاوای ئێراندا پیّ سپێردراوە وهاتوەتە هەمەدان وخەریكی ڕزگاركردنمە لە بەندیخانەی ڕوسەكان. ناوبراو یەكجار حەزی دەكرد بۆ پێشەوەچوونی كارەكانی لەگەڵ خۆیدا من بۆ كرماشان ببات، بەڵام لەبەر نەخۆشی نەمتوانی لەگەڵیا بڕۆم.

پێویستە تۆ بۆ سەركەوتنی ئامانجی ئاشتی وسوڵح بكۆشیت بەتایبەت ئاشتبوونەوە لەگەڵ تایفەی سەنجاویدا كە گەورەترین ئامانجێتی لەگەڵ ناوبراودا هاوركاری بكەیت. شازادە موحسین میرزا لە نامەكەیدا نووسیبووی كە ئێستا لەگەڵ پالكینگ زاخار چینكف ومیر بەنج شیخلسكی ویەك وەرگێڕدا بە عارەبانە گەیشتنە (بەندار) پێویستە بەپەلە چوار ئەسپی چاك وچەند سوارێك بنێریت

چونکە ئاغاکان بەنیەتی خەیر ودۆستیەوە دێنەماڵەکانتان. جگە لەمە ووتبووی کە بڕیارە ئاغاکان موعاون ئەلمولك وعیماد ئەلرەعایا و وەکیل ئەلمولك وتەیمور خانی قەناد وچەند کەسێکی تریش لە ڕێزدارانی شار هەر ئەم ڕۆژە دەگەنە بەندار کە لەگەڵ یەکتریدا بەرەو ماڵی ئێوە دێن. لەکۆتایی نامەکەیدا ئەم خاڵەی نووسیبوو کە ئەسپێکی چوار پەل قەوی وتەن ومەند هەڵبژێرە وبنێرە کە توانای هەڵگرتنی لەشی قورسی میر پەنج شیخلسکی لە وزەدا هەبێت.

ئێمەش بەشەو چوار ئەسپ لەگەڵ دەسواردا نارمانە بەندار ومالّی سەردار ناسرمان بۆ خزمەتکردنیان تەرخان کرد. یەك چادری گەورەی ڕشە زەردمان بۆزاخار چینکف وشیخلسکی ئامادەکرد وچادرێکی گەورەی ترمان بۆ میوانە عەشایرەکان هەڵدا. سێسەد سواری چاکمان ئامادەکرد کە لەنزیکەی نیو فەرسەخ دوورەوە پێشوازیان لێ بکەن، بەتایبەت حەزمان دەکرد کە سوارەکان لەم پێشوازیەدا سواەرکان هەنەری تفەنگ تەقاندن وسوارچاکیان بنوێنن.

هەر کە گەیشتنە تەنیشتیان بالکینك وشازادە موحسن باقر میرزا وشیخلسکی تەنومەند لە ئەسپەکانیان دابەزین ئێمەیش لە ئەسپەکانمان داوەزین وبەشێوەی ئەوروپایی تەوقەمان کرد. موحسن میرزا وسەردار ناسر ومن وسالار زەفەر وسالار موقتەدرو هەروا لە سەرکردەکانی تایفەکانی تر سالار مەنسوری گۆران وبارام بەگی سەردار ئەکرەمی وەلەدبەگی کە لەگەڵ ئێمەدا بوون ناساند.

کە هاتینە نێو چادرەکانەوە دوای سەلاّو ڕێزلێنانی پەیڕەوکراو زاخار چینکف قسەی دەست پێکرد و ووتی بێگومان بیستووتانە کە ڕژێمی ڕوسیا گۆڕاوە وحکومەتێکی میللی ونیشتمانی هاتۆتە سەر کار. حکومەتی نوێ دەیەوێ لە هەموو دونیادا سولّح وئاشتی بەرقەرار بێت ولەگەڵ هەموو میللەتەکانی دونیادا دۆست بێت ولەخۆرهەلاّتدا ئەو سیاسەتە ئیمپریالیستیەی ڕابردووی لابەرێت وئەو گرێبەستانەی کە دژی میللەتە بچووکەکان بەستراوە وئیمتیازێکی ستەمگەرانەیان بەسەریاندا سەپاندووە هەڵوەشێنێتەوە. من موژدەی دۆستی میللەتی گەورەی ڕوسیا لەگەڵ ئێراندا ڕادەگەیەنم بەتایبەت هاتوومەتە ئەم ناوچانە کە لەگەڵ عەشایری جەنگاوەری خۆرئاوادا کە چەندین سالّی لەگەڵماندا شەڕ دەکەن بڵێم کە کاتی سولّح وبراییە پێویستە ڕابردووەکان لەیاد بوەینەوە وبیخەینە خانەی

فەرامۆشـیەوە وئێمـە ڕوسـەکان فیـداکاریتان لـەڕێگای نیـشتمانەکەتاندا بـەرز دەنرخێنین وستایش وقەدری لێدەگرین وبە نیشانەی دۆستی وڕێز وقەدر زانینتان، لە ئاغای سەردار موقتەدر تکا دەکەین ئەم دیارییەمان بەناوی دەوڵـەتی ڕوسـیاوە لێ قبوڵبکـات. لـەناکادا زاخـار چـینکف لەجێگاکـەی خـۆی هەڵـسا وهاتەپێـشەوە ودەمانـچەکەی لـە کەمـەری خـۆی کـردەوە ودای بـەمن ومنـیش ئـەو دیارییـەم بەسـەرفرازییەوە قبـوڵکرد، چـونکە بـەناوی دەوڵـەتی نـوێی ڕوسـییەوە نیـشانەی سەرکەوتنی تێکۆشان وخەبات وجیهادی ئێمە پێشکەشکرابوو. ئەوەیش پێویـستە بخەمە بەرچاو کە بە پێچەوانەی فەرمانفەرما وکەسانی تـرەوە وتەنانـەت بـۆ یـەك ڕۆژیش ئەو دەمانچەمە نەبەستە ناوقەدمەوە.

نانی نیوەڕۆ خورا، شەو بە دانوستانی تایبەتی تێپەڕێ، زاخار چینکف لەئێمە تکـای کـرد کـە بـۆ بـاقی سـەرکردەکانی گـۆران وسـەردار ڕەشـیدی ئـەردەڵان وسەرکردەکانی تری جوانڕۆ بنوسین کە ئامادەبن تا ئەوانیش لە نزیکەوە ببینێـت. مەقسودی وابزانم ئەوەبوو کە تێبگات ئایا ئەو قسەی ئێمەیە ڕاسـتە یـاخود درۆیـە کە ووتوومانە تایفە وعەشایرەکانی تر لەقسەی ئێمە دەرناچـن. ئێمـەش هـەر ئـەو شـەو نامـەمان بـۆ ڕەشـید ئەلـسەلتەنە وسـەفەروخان وئەسـەدوللاخان وقەنبـەر سوڵتان وعەلی بـەگ سـوڵتان وسـەرکردەکانی گۆران نووسـی وئـەوانمان بـۆ مـاڵی خۆمان بانگهێشت کرد. لەسەردار ڕەشـید کـە بەسـەرۆکی تایفـەی جـاف وجـوانڕۆ دەژمێردرا لەبەر دووری ڕێگاکە تکامان لێکرد کە بێتە چەشمەی قولیخان، وەکیلی جـوانڕۆ و موحەمـەد تـەقیێ بـەگ وحەمـە سـالّح بـەگ سـەرکردەکانی باوەجـانی وقوبادیش دەعوەت بکات، بەڵام بەتایبەت جەختمان لەسەر ئەوەکرد کە موحەمەد بـەگ ئـەمیر ئەسـعەد بکـوژی کاپیتـان شـۆڵتس بـەهیچ شـێوەیەك نابێـت لـەم کۆبوونەوەدا بەشداری بکات. نامەیەکی جیـاوازم بـۆ محەمـەد تـەقیێ بـەگی ئـەمیر عەشایر نووسی کە پێویستە لە چەشمەی قولی خان ئامادە بێت.

لە چـادرەکانی میوانـە شـاریەکاندا شـازادە موحـسین مـیرزا وعیمـاد الرەعایـا وتەیمور خانی قەناد لەدیمکراتـەکان کـە لـە دۆسـتانی ئێمـە بـوون. لـەو شـەوانەدا لەنێو دانوستاندا سەبارەت بە بارودۆخی کرماشان ولەشکری ڕوس خەبەریان هێنـا کـە ئەفـسەرەکانی ڕوس کەسـێك بـەناوی مرزنکـف کـە لـە ئازادیخوازەکـان

وشۆڕشگێڕانی ئەو وڵاتە بووە ساڵەها لە بەندیخانەکانی قەیسەرەکاندا بووە دوای شۆڕش ئازاد کراوە ولەلایەن دەستگای شۆڕشی ڕوسیاوە بۆ ئێران نێردراوە، بەرپرسی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی نوێی شۆڕشگێرانە وئەو مەرامە تازەیە لەنێوان لەشکری ڕوس وئازادیخوازەکانی ئێراندایە. ئەو لە هەمەدان لەگەڵ دیمکراتەکانی ئەو شارەدا یەکتریان بینیبوو، وهەر بۆتە هۆی ئازادبوونی محەمەد باقر میرزا. چەند ڕۆژێکە کە ناوبرا وهاتوەتە کرماشان وبەهۆی پڕوپاگەندە وقسەی بێباکانەیەوە حەماسو شۆر وهەیەجانێکی لەنێو سەربازانی ڕوسدا بەرپاکردووە، کە جەنەراڵ (باراتف) وئەفسەرە باڵاکان ناتوانن بەرەنگاری لێبکەن ودۆستانی دیمکراتمان بە خۆشحاڵیەوە تێیان دەڕوانی، لە حەقیقەتدا ئازادیخوازەکانی ڕوس مافێکی گەورەیان بەسەر میللەتی ڕوس وئێرانەوە هەیە کە بوو نەتە هۆی ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەتی ستەمکارانەی قەیسەری. موعاون ئەلمولك لە ووشەی ئازادی بە سەختی ناڕەحەت دەبوو وبەدوای یەکتریدا بە لەهجەی کرماشانی دەیگووت "باوەکەم ئیسم ئازادی نەیارینان".

دۆستانی شاریمان بۆ ڕابواردن وهاندان وسەرخستنەسەری ئەو هەموو جارێك ووشەی ئازادیان دووپات دەکردەوە وسەبارەت بە چاکی ئازادی دەدوان، ئەویش تووڕە دەبوو بەتکاوە دەیگووت ڕۆژەکانی سەرەتای مەشروتیەتیش هەر دەتانگووت مەشرووتە، مەشرووتە، تا بەهۆی مەشرووتەوە بەشێك لە خەڵکی ئێران بێ دینوئاین بوون. ئێستاکە سەبارەت بە مەشروتە قسەیەکم نیە بەڵام ئەم ئازادیخوازییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە سبەی نە دینێکمان بۆ بمێنێتەوە ونەڕەعیەت وژێر دەستەیە ونە خزمەتکارێ ونە جڵەوی هاوسەرەکانمان پێدەگیرێت. ئەمە بوو نموونەی بیروبۆچوونی یەکێ لە گەورە پیاوەکانی کرماشان لەگەڵ ئەمەیشدا پێویستە بڵێم ناوبراو پیاوێکی دیندار وسەخیو دەست گوشاد وخاوەن خوانوسفرەبوو، هەرگیز لەبێگانە پارەوپولێکی وەرنەدەگرت.

دوای دوو ڕۆژ سەرجەم سەرکردەکانی گۆران گەیشتن. بۆیانم ڕوون کردەوە پێویستە لەکاتی دانوستاندا سەبارەت بە توندوتیژی سەربازەکانی لەشکری ڕوس زیانێك کە لێیان وەشاوەتەوە ناڕەزایی دەربڕن.

لەگـەڵ هـەموو سـەرکردەکاندا لـە چـادرەکەی زاخـار چـینکف دا کۆبووینـەوە سەبارەت بە ئاشتی وئاشتبوونەوە ودامەزراندنی پەیوەندییەکی نوێی پتەو لەگـەڵ ڕوسدا قسە هاتە میانەوە. ڕەشید ئەلسەلتەنە لەلایـەن سـەرکردەکانی گۆرانـەوە وایدەنواند کە لەم ئاشتبوونەوەیە خۆشحاڵ نیە وبەڵگەکەیشی توندوتیژی بێ ڕادە وبەردەوامی لەشکر وسەربازەکانی ڕوسە. سەرجەم سەبارەت بـە بـردن وکوشـتنی گاو مانگا ومەڕومالات وهەندێ جار دەست درێژی ناموسیش بە ژنان قسەیان کرد وئاماژەی بەڕووداوی ڕێژاو کـرد. قـسەکان وشـێوازی قـسەکانی بـالکینکی شـێواند وئالۆزانـد، لـەمنو وسـەردار ناسـر بەشـێوەیەکی تایبـەتی داخـوازی کـرد لەگـەڵیا گفتوگۆ بکەین. لـە دانوسـتانەکانی یەکـەم ڕۆژدا نـاڕەزایی نیـشاندا. ووتـی ئەگـەر دەسـت درێژییـەك یـان تەعەدایـەك ڕوویـداوە پەیوەنـدی بـە ڕابـردووەوە هەیـە، پێویستە ئێوە لەنیەت چاکی ڕژێمی نوێ ڕوسیە کەڵك وەربگرن وهاوکاری لەگەڵیدا بکەن نەك کای کۆن بەبا بکەن. پـێم گـووت کـە سـەرکردەکانی عەشـایر حەقیانـە دڵنیـا نـەبن چـونکە لـەم قۆناغـەدا ولاتەکـەت لـەژێر کاریگـەری شۆڕشـدا بوەتـە بڵێسەیەکی ئاگر وپەیاپەی وەعدە وبەڵێنی چاك بڵاودەکاتـەوە، لەگـەڵ ئەمەیـشدا سـەرکردەکانی نیزامـی ولەشـکری ئێـوە لـە دەسـت تێـوەردانی فەرمانڕەوایانـە وستەمکەرانەیان لە ولاتەکەماندا بەردەوامن. ووتی نـەخێر ماوەیەکـە ئـیتر دەست تێوەردانی بەرپرسانی ڕامیاریولەشکری ئێمـە لـە کاروبـاری ئێرانـدا نـەماوە. ووتم ئەگەر بمەوێ یەك بەیەکی دەس تێوەردانێ کە لـە دەوروبەرمانـدا ڕوودەدات ڕوون بکەمەوە گفتوگۆکەمان درێژە دەکێشێت، بەلام بـۆ نموونـە لـە تـۆ دەپرسـم: ئایـا موجەرەب ئەلدەولە کاروگوزار وبـەرپرس وکارڕاپـەڕێنێکی ئێرانییـە یـان خـەیر..؟ ئایا سەردار ڕەشیدی ئەردەلان ئێرانیە یان خەیر..؟ ووتی بێگومـان ئێـرانین. ووتم پێم ناڵێین بە چی مافێك کـە هـەر ئێـستاکە یـەك کاپیتـانی ڕوس لەگـەڵ جـەمعێك سەربازدا ڕوویان کردۆتە گوندەکانی (شادی ئاوا) ولەدەسەلاتی سەردار ڕەشیدیان بەدەر کردووە، کارمـان بەمـەوە نیـە کـە حـەق لەگـەڵ سـەردار ڕەشـید دایـە یـان موجەرەب ئەلدەولەی بەرپرسدایە، بەلام هەرچۆنێ بێ پێویـستە ئـەم کیـشەیە لـە دادخانـەی ئێرانـدا لێ بکۆڵێنـەوە وتـاوتوێ بکرێـت، ئەگـەر ئێـوە سـەرکردەکانی عەشـایر دڵنیـا بکـەن کـە بـەم زووانـە لەشـکری ڕوس لـە ئێـران دەچـێتە دەرەوە

وبەرپرسـانی ئێـوە ئـەم جـۆرە دەسـت درێژیانـە ناکـەن، هـەر ئـەوان بەوپـەڕی خۆشحاڵیەوە بۆ سوڵح وئاشتی ودامەزرانـدنی پەیوەندییـەکی چاك لەگـەڵ ئێـوەدا ڕازی دەبن. زاخار چینکف کـەمێك بێـدەنگ بـوو، دوایـی ووتـی بـۆ هـەموو ئەمانـە بەڵێن دەدەم کە چاك بکرێت. ئێمەش بـەڵێنمان بـەودا کـە هـەموو سـەرکردەکانی عەشایر بۆ سوڵح وئاشتی ئامادەدەبن. لە کۆتاییدا تکای کرد دوو ژنی ڕوس کە لـە جەنگەڵەکەدا کەوتوەتە دەستی قەڵخانیەکان بدرێتەوە پێیان.

شەو کاتێ گەڕامەوە ماڵ هـەواڵیان هێنـا کـە یـەك نەفـەر ئـەڵمانی لەگـەڵ دوو کەسـی ئێرانیـدا هەنووکـە گەیـشتوونەتە چـادرەکەی سـەردار مـوحیی. بەرپرسـە ئەڵمانیەکـەم لەگـەڵ دوو جەندرمەکـەدا بـە ڕووت وقـووتی بینـی. لـە چـۆنیەتی ڕووداوەکە کۆڵیمەوە و ویـستم زانیارییـەك لـەم بـارەوە بەدەسـت بهێـنم. سـەردار موحیی ئەوی دەناسی وناساندی و ووتی ئەمە دکتور (پۆژە)ی ئەڵمانیە کەماویەکە لە سوڵتان ئاوای عێـراق بـووە وسـەبارەت بـە ئـەوزاعو بـارودۆخی خـەڵکی عێـراق ولورەکانی لورستان بەچاکی ئاگادارە.

دکتۆر (پوژە) دەیگووت کـاتێ کـە کاپیتـان شـوڵتس بـەرپرس کـراوە کـە لـە عەشایری کوردستان وکرماشان هێزی نیزامی وسەربازی لەبەرامبەر ئینگلیسەکاندا دابمـەزرێنێت، ئـەویش بـەرپرس کـراوە بـەرەو لورسـتان وعێـراق بـڕوات خـەڵك وعەشـایری ئـەو ناوچـانە دژی ئینگلیـسەکان هانبـدات و ئەگـەر توانیـشی لەگـەڵ (واسوس)دا پەیوەندی بەرقەرار بکات بەڵام مەخابن لەسەرەتاوە لەڕێگادا تووشـی باوەجانیەکان دەبێت، تالآنی دەکەن. خۆشبەختانە پـارەوپوولی زۆری پێنـەبووە، نەیانکوشتووە وبەچەککردن وڕووتکردنەوەی ئەوو جەندرمەکان ڕازی بووبوون.

دکتۆر (پوژە) فارسی چاك دەزانی دوای شام خواردن پێم گـووت باشـترە کـە تۆ بۆ ماڵی بارام بەگی سەردار ئـەکرەم کـە دۆسـتی ئێمەیـە برۆیـت، ئەسـپ وجـل وبـــەرگت بـــۆ فەراهـــەم دەکـــەم. چـــونکە ڕوســـەکان خانـــەقینو وقەســـری شـــیرینووزەهاویان چـــۆڵکردووە، باشـــترە لـــەڕێی زەهـــاو وهۆرینوشـــێخانەوە بگەڕێیتەوە. ووتی نەخەیر لەوێوە ناڕۆمەوە، ئەگەر ئەسپوجلو وبەرگی سەفەرم بۆ دابین بکەیت ڕێی خۆم دەناسم.

ئەوانم ناردە ماڵی بارام بەگ، سبەی پێش نیوەڕۆ سێ ئەسپ وسێ دەست جل وبەرگ وهەندێ پارەوپولم داپێیان، چوار سوار لە خزمەتکارەکانم لەگەڵیاندا نارد تا ئاخری (دەشتی حور) ئاگایان لێیان بێت.

دوای دووڕۆژی تر دکتۆر (پوژە) وهاوڕێکانی بە سەر وپێی ڕووتەوە گەڕانەوە ماڵی بارام بەگ، مەعلوم بوو کە دوای گەڕانەوەی سوارەکانی سەنجاوی تووشی بیست جەردە ودزی پیادەی قەڵخانیی وتایشەیی دەبن، سەرلەنوێ ڕوت وقووت دەکرێنەوە، ئەمجارەیش چونکە دزەکان ئاشکراو ناسراو بوون لەڕێگەی قەنبەر سوڵتان و عەلی بەگ سوڵتان وئەوی توانرا لە ئەسپ وشتومەکەکانیانم وەرگرتەوە. هەرچیان کەمبوو بۆیانمان دابین کردوو بە دە سوارەی سەنجاوی وچوار سواری قەنبەر سوڵتانەوە ئەوانمان لە پشتی تەنگەی زەهاو وسەرقەڵاو هۆرێن وشێخانەوە ڕەوانە کردو لە ڕێگەی ئەوو هەواڵی کوژرانی کاپیتان شۆڵتسم ڕاگەیاند.

لەم کاتەدا کە ناوچەی خانەقینووقەسری شیرین لە سەربازانی ڕوس چۆڵ بووبوو، ئینگلیسەکان کۆلۆنێل (کنیۆن)یان بە سێ سەد سواری هیندییەوە وچەند خاوەن پلەیەکەوە بە نازناوی کونسوڵی کرماشان ناردیانە کرماشان. هەر بە شێوەیشە ئەڵمانەکان دەیانویست بە هەر بەهایەك بووە لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێراندا جەبهەیەکی پان وپۆڕ لەبەرامبەر ئینگلیسەکاندادروست بکەن تا بەرەنگاری نفوز ودەسەڵاتی ئینگلیسەکان لەم ناوچەیەدا ببن. کۆلۆنێل کنیۆن بە کۆششی بەردەوامی خۆی سەرگەرمی ئەوەبوو کە ڕۆژ بەڕۆژ دەسەڵات ونفوزی بەریتانیای گەورە زۆرتر و کاریگەرتر بکات وڕیشەکانی سیاسەتیان قوڵتر وپتەوتر بکات. گومان لەوەدا نیە کە بەرەو پێشەوەچوونی خێرای سیاسەتی ئینگلیسەکان لەم دەڤەرەدا هۆی ئەو کردەوە خائینانەی محەمەد بەگی باوەجانی بوو کە ئەڵمانەکانی لە پەیڕەوکردن وپیادەکردنی نەخشەکانیاندا نائومێد کرد.

لێقەومانی دکتۆر پوژە ڕێکەوتی ئەو ماوەیە بوو کە زاخار چینکف لە ماڵی ئێمەدا بوو. دانیشتنی دووەمی دانوستانی سوڵح وئاشتی جارێکی تر لە چادرەکەی ئەودا دەستی پێکرد. بالکنیك بە سەرکردەکانی عەشایر بەڵێنی ڕاشکاوی دابوو کە دەستێوەردانی ڕوسەکان لە ڕووداوەکانی ناوخۆی ئێراندا

بەتەواوی نامێنێت. سەرکردەکانیش بە گشتی بەڵێنی دۆستی وبێلایەنیان لەشەڕدا پێدابوو.

دوای تەواوبوونی ئەم دانیشتنە لەگەڵ ڕەشید ئەلسەلتەنە وقەنبەر سوڵتاندا سەبارەت بەو دوو ژنە دیلە ڕوسە گفتوگۆم کرد. مەعلوم بوو کە یەکێکیان بە گوللەی قەڵخانیەکان کوژرا بوو ئەوی تریان بەهۆی دەست درێژی سێکسی زیاتر لە حەفتا کەس گیانی لە دەست دابوو. لەم ڕووداوە دڵتەزێنە یەکجار نارەحەت ومەلول بووم بە خۆم وئەوان جنێوی ناسازم گووت. گووتم سەبارەت بەم ڕووداوە هیچ جۆرە شتێك نەخەنەڕوو. ڕوسەکانم دڵنیا کردەوە کە ژنێکی ڕوس لەنێوان قەڵخانیەکاندا نیە، وڕێی تێدەچێت لەکاتی شەڕدا کوژرابن.

سەرەنجام بڕیاردرا کە مەجلیسی سوڵح وئاشتی گشتی لەنێوان سەرکردەکانی عەشایری ڕۆژئاوا و لەشکری ڕوسدا بە ئامادەبوونی بەرپرسانی ڕامیاری ڕوسەکان وجێنشینی بەڕێوەبەری حکومەتی کرماشان وڕێزدارانی شار پێکبهێنرێت. زاخار چینکف حەزی دەکرد کە جێگای کۆبوونەوەکە لە کاروانسەری مایدەشتدا بێت کە هەم لە شار و نزیکە وزوو دەستمان پێی دەگات وهەم مەرکەزی ئۆردووەکەیان لەوێدا بوو، وهەم لە کەلورەکانەوە نزیك بوو. بەڵام ئێمە وگۆرانەکان سووربووین لەسەر ئەوەی کە شوێنی مەجلیسەکە دەبێت دەست کەم پێنج فەرسەخ لە مەرکەزی لەشکرەکەوە دوور بێت، ئەم ترسەمان لەوەوە بۆ هاتبووە کایەوە ئەگەر هەر نیەتێکی خراویش لە ئارادا نەبێت ڕێی تێدەچێت بە تەهدید وهەڕەشە وفشار ناچارمان بکەن مەرجەکانیان قبوڵ بکەین کە دەبێتە هۆی ڕسوایی وسووکیمان.

بالکینك ووتی لەم حاڵەتەدا پێویستە سەبارەت بە شوێنێکی گونجاو دانوستان بکەین وشوێنێکی گونجاو هەڵبژێرین. من لەکرماشان مەرجەکان تاوتوێ دەکەم وسەرکردەکانی سەنجاوی ئاگادار دەکەم، سەرکردەکانی گۆرانیش بەڵێنیاندا هەر شوێنێك ئێمە پێی ڕازیبین ئەوان لەوێدا ئامادەبن دەبنوبە گونجاوی دەزانن.

دوای گەڕانەوەی سەرکردەکانی گۆران وەڵامی سەردار ڕەشید وسەرکردەکانی تایفەکانی جافیش گەیشت. لە شوێنێك کە بە (تەنگە ئەژدیها) بەناوبانگ بوو کۆبوونەوەکە دانرا. پێش ئەوەی کە بەرەو ئەوێ بڕۆین زاخار چیکنف حەزی دەکرد کە ڕمبازی وغار وتاوی چاکترین ئەسپەکانی سەنجاوی سەیر بکات، ولەو

بڕوادا بوو كە خێرایی ئەسپەكانی ڕوسی لە خێرایی ئەسپەكانی عەرەب پترترە. بەو مەبەستەوە لەناوچەی هەلوردا مەیدانێكی ساف وتەختمان هەڵبژارد، ئەوشوێنەمان بە درێژایی حەوت سەد وپەنجا دەست پێوا ولە سەرەتا وناوەڕاستی مەیدانەكەدا عەلامەتی تایبەتیمان دانا ولەسەرەتاو كۆتایی مەیدانەكەدا دوو ئالآمان دابەدەستی دوو كەسەوە كە یەكێ لەوانە یوسف عەلی بەگ كە خزمەتكاری تایبەتی شیخلسكی بوو.

من وزاخار چینكف لەناوەڕاستی مەیدانەكەدا وەستاین كاتژمێرەكەمان لەگەڵ یەكدا یەكسان كرد. سالار موقتەدری برازام ماینە كرندییە زۆر جوانەكەی هاوردە جەولان، نیوەی یەكەمی مەیدانەكەی لە هەژدە چركەدا ونیوەی دووەمی لە نۆزدە چركەدا سەرجەم ٣٧ چركە دا بڕی. دوای ئەو دوو ئەسپی تر بەشدارییان كرد. یەكێكیان لە ٣٧ چركەدا وئەوی تر لە ٣٩ چركەدا گەیشتنە كۆتایی مەیدانەكە. تا نۆرە هاتە سەر ئەسپە بۆرە گەردن بەرز وكێشراو وبەهێزەكەی حوسەین خانی یاوەری خالۆزامان كە سوارەكەی سواركارێكی ئەندام سووك ولێزانی وەك موراد عەلی تەبال بوو، ئەم ئەسپە هەر حەوت سەد وپەنجا دەستەكەی لە سی وسێ چركەدا بڕی، بەم جۆرە چوار چركە لەوانی تر كەوتە پێشەوە، نیوەی یەكەمی مەیدانەكەی لە حەڤدە چركەدا ونیوەی دووەمی لە شازدە چركەدا بڕی كە بالكنیك وزاخار چینكف لە سەرسامیدا بێ ئیختیار هاتنە جۆشوخرۆشوچەپڵەلێدان.

سبەی ئەو ڕۆژە بەپێی وەعد وبڕیار بۆ بینینی سەردار ڕەشید وسەركردەكانی تایفەی جاف بۆ تەنگەی ئەژدیها ڕۆیشتین پێش ئێمە سەردار ڕەشید وسەید ئەلدەولە و وەكیلی جوانرۆ ومحەمەد تەقیێ بەگی ئەمیر عەشایەر حەمە ساڵح بەگی باوەجانی گەیشتبوون. لەنێو دانوستانەكەدا سەردار ڕەشید جارێكی تر مەوزوعی شادی ئاوای باس كرد، پێمان گووت كە من وسەردار ناسر لەپێشدا سەبارەت بەم مەوزوعە لەگەڵ بالكنیكدا دانوستانمان كردووە وبەڵێنمان وەرگرتووە كە لەشكرەكەی ڕوس لەوناوچەیە بڕۆن.

سەركردەكانی ناوبراو مەوزوعی سوڵح وئاشتیان بە خۆشحاڵیەوە بێ قەید ومەرجێك قبوڵكرد وڕازیبوون و ووتیان لە هەر شوێنێكدا كە ئێمە دایبنێین ئامادەدەبن لەو مەجلیسەدا بەشێوەیەكی تایبەتی لەگەڵ سەردار ڕەشیددا

سەبارەت بە عێلی باوەجانی کە لە زمنی دەسەڵاتی حکومەتی ئەودا بوو گفتوگۆم کـرد وپێـشنیارم کـرد کـە شـەڕی گەنـدەڵێکی وەك ئـەمیر ئەسـعەد لەنێوانـدا هەڵپێچرێت وسەرکردایەتی عێل بدرێتـە دەسـتی موحەمـەد تـەقیٚ بەگـەوە کـە لـە حەقیقەتدا پیاوچاك ولێهاتوویەکی تـەواوە ولـە هـەموو لایەنێکـەوە جێگـەی بـاوەڕ ومونمانەیە. لە ئەو بەڵێنم وەرگرت کە لە کاتی گونجاودا هەردووکمان لـەم بـارەوە دەست بەکار بین.

دوای ئەم بڕیارە پالکنیك زاخار چینکف وهاوڕێکـانی بـۆ کرماشـان گەڕانـەوە. ئێمەش بە دڵنیاییەکی زۆرترەوە لە هەلور کۆچمان کرد ولە گوندەکانی سەنجاویدا کە نزیکتر بوو وبە (ژنە ڕەنگینە) بەناوبانگە جێگیر بووین، لـەو شـوێنەدا بـوو کـە دوای دوو شەو سەردار موحیی سادق ئەلسولتان وسەولەت ئەلسولتان بـرای ئـەمیر حیشمەتی نەیساری کە نزیکەی شەش مانگ لـە مـاڵی ئێمـەدا میـوان بـوون هـەروا سوهراب زادە وبراکەی وجەمعێکی تـر لـە کۆچـکردووەکان کـە هێـشتانە لـە ماڵـیٚ سەردار ناسر وسالار زەفەردا مابوونەوە بەرەو کرماشان ڕۆیشتن، بەڵێنیاندا پێمان کـە لـەکاتی دامەزرانـدنی مەجلیـسی سـوڵحدا سـەرلەنویٚ بگەڕێنـەوە. هـەواڵی حەرەکەتی سەردار موحیی وهاوڕێکـانیم بـۆ دۆسـتەکانمان لـە کرماشـان نووسـی. دیمکراتەکان وزۆربەی خەڵکی شار پێشوازییەکی شایستەیان لیٚ دەکەن وبەڕێزەوە دەیانوەنە نێو شارەوە.

## کۆبوونەوەی بەندار

دوای دە ڕۆژ بالکنیك زاخار چـینکف بـەهۆی تـەیمور خـان و وەکیـل ئـەلمولك وکەسایەتیەك لە خاوەن پلەکانی ئێرانی قۆزاقەکان نامەیەکیان بۆمان نووسـی کـە هـەرکاتیٚ مەجلیـسی سـوڵح وئاشـتی لـە کاروانـسەرای مایدەشـتدا بەسـترا خـەرج ومەسرەفەکەی لەشکری ڕوس دەیگرێتە ئەستۆ، بەڵام ئەگـەر تـۆ وسـەرکردەکانی عەشایر شوێنێکی گونجاوتر پەسەند بکەن دەبێـت خـەرج ومەسـرەفەکەی بگرنـە ئەستۆ. ئێمەش بە پەلە کوێخاکانی سەنجاویمان بانگهێشت کـرد ومەوزوعەکـەمان بۆیان باس کرد، ووتمان لەم کۆبوونەوەدا جگە لە نوێنەران وخاوەن پلەکانی ڕوس ئینگلـیس وئەوانـەی لەگەڵیانـدان لــە کاربەدەسـتان ولێپرسـراوانی کرماشـان وبەرپرسانی سەرجەم دائیرەکانی حکومەت وپیاوماقوڵان وگەورەکانی شار لەگـەڵ

دەزگاودایرەو سوارەکانیانەوە بەشداری دەکەن وپێویستە هەموو سەنجاوییەکان لەم کۆبوونەوەدا ئامادەبن، ڕێی تێدەچێت بەشداربووان لە چوار تا پێنج هەزار تێپەڕ بکات. ئەم مەجلیسی سوڵحە مومکینە ماوەی چەند ڕۆژ تا یەك هەفتە بخایەنێت وپێویستی بە مەسرەفێکی یەکجار قورس وقەبەیە. کوێخاکان ووتیان ئەم جۆرە کۆبوونەوانە کاری دەوڵەتە ولە وزەی ئەودایە بەڵام چونکە لە ناوچەی سەنجاویدا بەرپادەکرێت دەبێتە هۆی سەربەرزی وسەرفرازیمان، خەرج ومەسرەفی ئەم کۆبوونەوە هەرچی بێت بەوپەڕی شانازییەوە دەیگرینە ئەستۆ. لەنێوانیاندا کوێخا سەلیم عەلی ووتی ئەگەر لەم ڕووداوەدا سەرجەم دارونەدارمان تیابچێت هەر شانازییەکەی لەو سامانەی کە لەدەستی دەدەین زیاترە، خوا کەریمە وئامادەی خزمەتین.

بڕیاروابوو کوێخاکان گۆشت وڕۆن وئارد وکاوجۆی پێویست فەراهەم بکەن ئێمەیش سێ براکە پاشماوەی خەرج ومەسرەفی ئەو کۆبوونەوەیە وەك برنج وقەند وشەکر وچایی ونەوت وشیرینی ومەشروب وشتی پێویستی تر بگرینە ئەستۆ.

بەپەلە شەست قاترمان بە چەند هەزار تومانەوە بۆ کرماشان ڕەوانە کرد بۆ دۆستی ئازادیخواز وکارزان وفیدکارمان تەیمورخانی قەناد نووسیمان کە دەخەروار برنجی سەدری وپێویستیەکانی تر وەك قەند وشەکر وچایی شەربەت ومورەبا وتورشیات ومەشروباتی جۆرا وجۆر وشتی تر بسێنێت.

جگە لە نوێنەران وخاوەن پلەکانی ڕوسی وئینگلیس کە دیاریکردن ودەست نیشانکردنیان لەلایەن ئەوانەوە دەکران، موعازید ئەلمولك جێگری فەرمانڕەوا وراپەڕێنەری حکومەتی کرماشان کاربەدەستدانی دایرەکانی حکومەت ونزیکەی سەد کەس لە پیاوماقوڵان وگەورەوە پیاوانی دۆستانی شارمان و ڕەهبەرانی دەستەی مەیانڕەو ودیمکراتەکانمان دەعوەت کرد. هەروا نامەی جیاوازمان بۆ سەرکردەکانی گۆران وسەردار ڕەشیدی ئەردەڵان و وەکیلی جوانڕۆ وسلێمان خانی ئەمیر ئەعزەموعەباس خانی ئەمیر موعەزەم سەرکردەکانی کەلور وفەتح سوڵتانی کولیایی سەرکردەکانی ئەحمەدوەند (هەمەوەند) نووسی ودەعوەتمان

کردن. به هەرچەندی سوار وجەمعیەتەوە کە بە پێویستی دەزانن لـەم کۆبوونـەوە گشتیەدا بەشداری بکەن.

له سەنجاوییەکان داخوازی هیمەتمان کرد وئـەو کەسـانەی ئامـادەی خزمـەتن بۆمان فەراهـەم بکـەن. حوسـەین خـانی سـالار زەفـەری برامـان وحوسـەین خـانی یـاوەری خالۆزامـان کـردە ئەمینـدار وسەرپەرشـتکاری سـەرف وخـەرجی ئـەم کۆبوونەوەیە، ودەکەس لە کوێخازادەکانی سەنجاویمان بـۆ هاوکـاری ویارمـەتییان هەڵبژارد ونزیکـەی دوو سـەد کـەس لـە خزمـەتکارەکان وئەوانـەی پێـشینەیان لـە کاروباری خزمەتگوزاریدا هەبوو بۆ خزمەتکردن تـەرخانکرد قـازانو ولیوانـو ودەفـر ودەوری چینیوومسیوفەرشوودۆشەکو ولێفـەی خـەو لـە هـەموو لایەکـەوە کۆومـان کردەوە، وسەرجەم وەسایلی خزمەتی پێنج هـەزار کـەسمان بـۆ مـاوەی پێـنج ڕۆژ ئامادەکرد، هەروەك کاتەکە تەنگ بوو بەڵام بە کۆشـشی مانـدوو نەناسـی خـەڵکی سەنجاوییەوە کارەکان بەپەلە وبە ئاسانی ڕاپەڕێندران.

قاترەکـان بـەباری شـتومەکە پێویـستەکانەوە دوای دوو ڕۆژ لـە کرماشـانەوە گەڕانەوە. نزیکـەی سـەد دەوار وپـەنجا خێـوەتی سـپی وچـەند دەسـگای چـادری دووپۆشی زەرد وسپیمان دامەزراند. جگە لەم پێویستیانە لە تەیمور خان تکامـان کـرد کـە دەسـتەیەك مۆسـیقاژەنی نیزامیـو ویـەك دەسـتە کارشناسـو ولێزانـی تەرەقەتەقێن بۆ خۆشی نواندن لەگەڵ خۆیدا بهێنێت.

بـە ئامـاژەی دۆسـتانمان لـە (مرزنکوفمـان دەعـوەت کـرد) کـە دەیـانگووت نوێنـەری ڕاسـتەوخۆی (کرنـسکی). سـەردار مـوحیی لەگـەڵ سـدق ئەلـسولتان وسـەولەت الدەولـە وهـەروا سـوهراب زادە وکۆچـکردووەکانی تـری میـوانی ئـەم دواییەی سەردار ناسر وسالار زەفەر بەپێی بەڵێنێك کە دابوویان گەڕانەوە.

لەلایـەن ڕوسـەکانەوە بـارۆن چرکاسـف کونـسوڵی کرماشـان وجەنـەڕاڵ لاستوچکین نوێنەری جەنەراڵ باراتف وپالکونیك زاخار چیکنف، ولە ئینگلیـسەکان کۆلۆنێل کینون کونسوڵی کرماشان وکاپیتان دوزی لێپرسراوی بانگی شاهەنـشاهی بە پەنجا سوارەوە گەیشتن. لـەعێلی گۆران سـەرجەم سـەرکردەکان بـە نزیکـەی چوار سەد سوارەوە هاتن. سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان وسـەرکردەکانی جـوانرۆ بـە دووسەد سوارەوە، وسەرۆکی عێلی هەمەوەنـد (ئەحمەدوەنـد) بەپـەنجا سـوارەوە

وفەتح ئەلسولّتانی کولیایی بەسەد وپەنجا سوارەوە بەشدارییان کرد. عەباس خانی ئەمیر موعەزەمی کەلور بە دووسەد سوارەوە کە زۆربەیان بریتی بوون لە سەرکردە وکوێخا ناسراوەکانیان دوای دوو ڕۆژ گەیشتن. لە عێلی سەنجاوی جگە لەو دووسەد کەسە کە بەشێوەیەکی فەرمی بۆ خزمەت هەڵبژێردرابوون نزیکەی هەزار سوار لە تیرە جیاوازەکان بەشدارییان کرد کە هەر دەستەیەك لە دەوار وچادری تایبەتیدا خەرج ومەسرەفی خۆیانیان لە ئەستۆ گرتبوو.

پیاوماقوڵانو وگەورە پیاوانی خەڵکی شار وهاوڕێکانی موعازید ئەلمولك کە جێگری فەرمانڕەوا بوو، سەرجەم نزیکەی سێ سەد وپەنجا کەس دەبوون.

چادرەکانی ئەوروپاییەکانمان لە باغی بەندارردا بەرپاکرد ودامەزراند. چادرێکی گەورەمان بۆ سەردار ناسر لە دەرەوەی باغەکە لە ناوەڕاستی جەمعیەتەکەدا هەڵدا. لەحەقیقەتدا بووە جێگەی کۆبوونەوە ویەکتری ببینین (مەرزنکوف) ویەکێ لە هاوبیرەکانی بێ ئەوەی شتومەکێك یان جل وبەرگێکیان پێبێ گەیشتن، چادرێکی بچووکمان لەلای گوندەکەدا بۆیان تەرخان کرد.

ڕۆژی دووجار کونسوڵەکان وخاوەن پلە گەورەکانی ڕوسی لەگەڵ سەرکردە وپیاوماقوڵانی شار وسەرکردە پایەدارەکانی عەشایردا لە چادری تایبەتی موعازید ئەلمولك یان چادری سەردار ناسردا کۆدەبوونەوە، وبە دانوستانو وگفتوگۆ سەرگەرم دەبوون.

ئێستاکە بە پێویستی دەزانم بیروبۆچوونی خۆم سەبارەت بەو کۆبوونەوە دەوڵەتی وعەشایرییە بنووسم.

داهێنانی ئەم بیرۆکەیە لەلایەن ڕوسەکانەوە سەریهەڵدا وبەئاگاداری حکومەتی مەرکەزی ئێران هاتە کایەوە چونکە وابەستەی نیزامی وباڵیۆزخانەی ڕوس لە تاراندا جوڵێنەر وهەڵسوڕێنەری سەرەکی ئەم کۆبوونەوەیە بوون. بریکاری حکومەتی ئەیالەتی وبەرپرسی فەرمی کرماشان لەم کارەدا بەشدار بوونە. ئینگلیسەکانی تازە گەیشتووی ناوچەی ڕۆژئاوای ئێران بۆ هاوکاری وهاوبیری هاوپەیمانە سەرەکیەکەیان لەم کارەدا بەشدارییان کرد. بەڵام بارودۆخ وهەڵوێستی نوێنەرانی ئەم دوو دەوڵەتە لەم کۆبوونەوەدا کە یەکێ لە گرنگترین ڕووداوەکانی

شەڕی یەکەمی نێودەوڵەتیە لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئێراندا بەتەوای جیاواز ولەیەك نەدەچوون.

ڕوسەکان دەڕۆیشتن ودەیانویست نیەت چاکی بنوێنن وئاسەواری دوژمنایەتی وتوندوتیژیەکانی ڕابردوو بسڕنەوە، بەڵام ئینگلیسەکان تازە هاتبوونە ناوچەکەوە ودەیانویست بمێننەوە وجێ پێی خۆیان بتەو وموحکەم بکەن. نوێنەرانی ڕوس یەك بیرو یەك دڵ ویەك پارچە و یەك ڕیز نەبوون. ئەفسەرە گەورە و پایە بەرزەکانیان وەك جەنەراڵ (باراتف) وجەنەراڵ راستوچکین وبالکونیك زاخار چینکوف وبیچراخوف وبارون چرکاسف کونسوڵی ڕوس لە کارەکانیاندا هاوکاری ویەك دڵییان نیشان نەدەدا.

بڕیاری دڵدانەوە ونزیکبوونەوە لە میللەتی ئێران وبردنە دەرەوەی لەشکرەکەیان لەئێران بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی ناوخۆی ڕوسیاوە بوو بەپێی فەرمانی بێ قەید ومەرجی حکومەتی شۆڕشگێڕانەوە بوو، کە حوکمڕانیان لە ڕوسیادا گرتبووە دەست، ئەگینا ئەم ئەفسەرانە لایەنگیری ڕەژێمی قەیسەری دەژمێردران وچاوەڕوانی ڕۆژێك بوون کە بارودۆخی شۆڕشگێڕان لە ڕوسیادا سەرنگون بێت ولەناوبچێت، هەر ئەو ڕەوشە پێشووەیان لە ئێراندا بگرنەبەر. وەکو لەم دواییەدا جەنەراڵ باراتف وکۆلۆنێل پیچراخوف بوونە مووچەخۆر وپەیڕەوانی ئینگلیسەکان لەئێران ولەقەفقاسدا بەڵام لەنێوان لەشکری ڕوسدا ئەفسەرانی لاو وسەربازانی شۆڕشگێڕ زۆربوون دەیانویست لە ئێران دەربچن ولایەنگیری ئازادی ڕاستەقینەی ئێران بوون. ئەمانە ڕشتەی ئینزیبات ورەبت ونەزمی نیزامییان لە لەشکری ڕوسدا پچڕاندبوو وتێکیان دابوو، ئەفسەرە پایە بەرزەکانی ڕوس توانای بەرتەك نیشاندانیان لە بەرامبەریاندا لەدەستدا بوو.

نوێنەرانی دەوڵەتی نوێی ڕوس لەنێو قسەکان و ووتارەکانیاندا، کە سەبارەت بە ڕەوشی نوێی حکومەتەکەیان دەدوان داکۆکیان لەسەر دۆستی دەوڵەتی نوێی ڕوسیا لەگەڵ ئێران ودەرچوونی لەشکری ڕوس و سڕینەوەی سیاسەتەکانی ڕابردوویان دەکرد، هەتا ستایشی وەتەن پەرەستیو ئازادیخوازی خەڵکی ئێرانیان دەکرد. بەڵام کونسوڵی ئینگلیس هەمیشە هەروەك ئاماژەی ڕێزگرتنی دەوڵەتەکەی سەبارەت بە سەربەخۆیی تەواوی خاکی ئێران دەکرد ولیوانی

شـەرابی بەسـەلامەتی پادشـای ئێـران بـەرزدەکردەوە، لەبەرامبـەر ئەوانـەدا کـە بەرژەوەندی هاوپەیمانەکان دەخەنە مەترسییەوە وپێویستی بەرەنگاربوونـەوەیان و ڕاوەسـتاندنیان لەشـوێنی خۆیانـدا ودروسـتکردنی ئەمنیـەت وئاسـایش لـەڕێگاو بانەکاندا ودۆستی وهاکاری لەگەڵ خـەڵك وعەشـایری ئێرانـدا، هـەروەها چـۆنیەتی لابردنی ئەو وێرانکاری وبیّ نەزمیو وئالۆزییە کە بەهۆی شەڕەوە هاتبووە کایـەوە، لەگەڵیانـدا دەدوا وقـسەی دەکـرد. قـسەکانی ئێمـەیش شـتێك غـەیری پیـشاندانی هەستی وەتەن پەرستانە وفیداکاریمان لەڕێی سەربەخۆیی ئێراندا لەنێوانماندا ڕەد وبـەدەل نـەدەبوو وقـسەی لێنـەدەکرا ولەحەقیەتـدا قـسەکانمان ئامـانجێکی دیـاریکراوی نـەبوو. بـەڵام لـەدەرەوەی ئـەم دانیـشتنە فەرمیانـەدا دانیـشتنی تایبەتیش دەگیرا کە حاڵو وشۆر وحەماسەیەکی تـری هـەبوو، و ئـەو کۆبوونەوانـە مەرزنکف بەرپای دەکرد شەوان بەسەر ماڵەکانی فەلاح وجوتیارەکانمانەوە دەگەڕا وکۆبوونەوەی دەکرد. جەمعیّ لە سەرکردەکانی عەشایر ودیمکراتـەکانی کرماشـان وچەند کەسێك لە کۆچـکردووەکان وەك سـەردار موحیـو وسـوهراب زادە ولاهـوتی خان لەو کۆبوونەوانەدا بەشدارییان دەکرد.

مرزنکف هەر کە سەرخۆش دەبوو دەستی دەکردە قسەکردن وسـوهراب زادە کە ڕوسی چاك دەزانی قسەکانی وەریدەگێڕاوە فارسی. مرزنکف دەیگـووت بـاوەڕ بە قسەکانی ئـەم جەنـەڕاڵ وکونـسوڵانە مەکـەن، ئەمانـە درۆ دەکـەن ودەیانـەویّ بتانخەڵەتێنن ولەبوونی ئێوە بۆ قازانجی سیاسەتی خۆیان بەهرە وەربگـرن. ئێـوە خەڵك وعەشایری ئێران پێویستە ئاگادربن، خزمەتی بێگانە مەکـەن وبەیەکێتیـەوە دژی ئیمپریالیـستەکان کـە وەك چـەقەڵ وکـەمتیار لـە کەمینـدان بۆتـان و خۆیـان حەشـارداوە. ئـەو لـە مەجلیـسە گـشتیەکاندا بەشـداری دەکـرد وبەئاشـکرا جنێـو وناسـزای بـە جەنـەراڵ بـاراتف دەدا. بـارۆن چرکاسـف وجەنـەراڵ راستوچـکین وباڵکونیك زاخار چینکف شەرمەسارانە سەریان دادەنەواند ونەیاندەتوانی بەرتەکی نیشان بدەن[1].

---

[1] ڕاستکەرەوەی ئەم بیرەوەریە دەڵێت لەم مێژووەدا تەمەنم نزیکەی داوانزە سـاڵ بـوو، کـەمیّ خوێنـدنم دەزانـی چـەند مـانگیّ لـەلای هەنـدیّ لـە کۆچـکردووەکان وەك خوالێخۆشـبوو "مەنوچهری مەنوچهریان" دوایی بـووە لێپرسـراوی دارایـی وسـوهراب زادە مـودەبر ئـەلمولك

له ئەنجامی ئەم پڕوپاگەندانەدا هەیبەتی باراتف وڕوسەکان هەرۆژا ودارمیا وئێرانیەکان له خەبات وکارەکەیاندا ئومێد وجەسارەتیان پەیدا کرد، بەڵام لەگەڵ ئەو بەڵێنەی کە بەمنیان دابوو بەرپرسانی ڕووس لە شادی ئاوادا مابوونەوە، سەردار ڕەشید لەم مەوزوعە ناڕەحەتی ونیگەرانی نیشاندەدا وحەقیشی بوو. خۆم ڕۆیشتمە چادرەکەی زاخار چینکف ولەبەرئەوەی بەڵێنەکانی ئەنجام نەدابوو گلەییم لێ کرد. لە وەڵامەکانیدا دیاربوو قسەکانی ڕاست نیە وخۆیشی نەدەدا بەدەستەوە. وەڵامەکەی تووڕەی کردم، دەنگم بە عەلامەتی ناڕەزایی بەرزکردەوە. لەم کاتەدا مەرزنکف لەگەڵ سوهراب زادەدا هاتنە چادرەکەوە ولەسەرزەویەکە ڕاکشا وهۆی تووڕە بوونەکەمی پرسی. بە یارمەتی سوهراب زادە کێشەکەم بە درێژی بۆی گەڕاندەوە. ووتی خەتای خۆتانە کە دەست درێژکەرەکانتان نەکوشتووە. دوای ڕووی کردە زاخار چینکف ووتی بەپەلە بنێرە کە ساڵداتەکان لەو ناوچەدا نەمێنن ئەینا هەر ئێستاکە بۆ کرماشان دەنووسم کە بڕۆن کۆکوژیان بکەن. خواشاهیدە زاخار چینکف لە عارەقدا تەڕبوو هیچی نەوت. بەڵام بیست وچوار سەعاتی نەخایاند کە هێزی ساڵداتەکان لەشادی ئاوا ڕۆیشتن، سەردار ڕەشیدیش شاد ودڵخۆش بوو.

## دانوستانی ئێمە وئینگلیسەکان لە بەندار

بەڵام سەبارەت بە پەیوەندی ئێمە و ئینگلیسەکان لەم کۆبوونەوەدا دوو ڕووداوی زۆر گرنگ ڕوویدا گە پێویستە بەشێوەیەکی کورت ڕوونی کەمەوە.

---

دەرسم دەخوێند، باوکم منی لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەم کۆبوونەوانە دەبرد. باش لەیادمە کە شەوێك لە مەجلیسێکی تایبەتی مامەم سەردار موقتەردا بەشداریم کرد وگوێم لە قسەکانی مەرزنکف و وەتەن پەرستەکانی ئێران بوو، لەو مەجلیسەدا لاهوتی خان منی بردە لایەکەوە وچەند ووشەیەکی فێرکردم، منیش بە مۆڵەت وەرگرتن لەمامەم کورتەیەك قسەم کرد کە ناوەڕۆکەکەی ئەمە بوو: ئێمە لاوانی عەشایر ئارەزومەندین وەك پوشو پەلایەك کە ئاگری لێدەبێتەوە، وەك ئەو تووله دار ودرەختانە ببینە سوتەمەنی ئاگری سەربەخۆیی ئێران و ببینە قوربانی سەربەخۆیی وئازادیی نیشتمانمان. قسەکانم سوهراب زادە بۆ ڕوسی وەرگێڕایەوە، مرزنکف هاتە شۆر وهەیەجان ولەمامەم داخوازی کرد کە وەك برازای خۆی ڕوومەتم ماچ بکات. لێوە زلەکەی کە بۆنی شەرابی لێدەهات چەسپاندە گۆنامەوە.

یەکەمیان ئەوەبوو کو مسیو (دوری) سەرۆکی بانکی شاهەنشاهی کرماشان کە لەم کۆبوونەوەدا بەشداری کردبوو وپێش شەڕی نێودەوڵەتی لەگەڵ مندا پێشینەی دۆستی هەبوو و جارێك لەگەڵ خوالێخۆشبوو (وسوق ئەلمەمالیك) دا هاتبووە ماڵمان لەم ڕۆژانەدا بەپێی بڕیارێکی پێشوو هاتە خێوەتەکەم ووتی من خۆم بەبێ ئەوەی سیاسەتێك لەنێواندا بی لەگەڵ تۆدا دۆست بووم بەڵام ئێستاکە کە هەم تۆ وهەم منیش هاتووینەتە نێو سیاسەتەوە بە پێویستی سەرشانمی دەزانم کە مەوزوعێك هەیە لەگەڵتا باسی بکەم، ئەویش ئەوەیە کە بە پێشکەوتنو وسەرکەوتنی کاتی ئەڵمانەکان نەخەڵەتێیت، لەم شەڕەدا موسەلەم ومسۆگەرە سەرکەوتن بۆ بەریتانیای گەورەیە چاکترە ڕەوشی خۆت بگۆڕی وسیاسەتی چەوت وهەڵە وناڕاست بخەیتە لاوە ولەم هەلەی کە ئێستاکە فەراهەم بووە سوود وەربگریت. بەتۆ بەڵێن دەدەم ئەگەر هاتوو هاوکار وهاوبیرمان بیت تەرەقیو وپێشکەوتنی گەورە بەدەست بێنی، ئەگەر حەز بکەیتو وئارەزووت لێی بێ فەرمانڕەوایی کرماشانت پێ دەسپێردرێت. جگە لە حکومەتی کرماشان دەوڵەتی ئینگلیس لە نەزەریدایە بۆ پاراستنی ئاسایش وئەمنیەتی ئەم ناوچەیە تەنزیماتێکی نیزامی لە ئێرانیەکان بەناوی پۆلیسی ڕۆژئاوا دروست بکات وسەرکردایەتیەکەی بداتە دەستتەوە.

ئەم مەوزوعە غافڵگیرمی کرد، ماوەیەك مات ومەبهوت مامەوە، ونەمدەزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە، ئەگەر پێشنیارەکانی کاپیتان دووری قبوڵ بکەم خیانەتێکی ئاشکرایە بەنیشتمانەکەم، و ئەگەر قبوڵی نەکەم دوژمنایەتی ئینگلیسەکان بەرامبەر بە خۆمیو وبنەماڵەکەم مسۆگەر دەکەم. خوا گەواە وشاهیدە بەدرێژایی تەمەنم تەنهابو نیشتمان پەرستی وشەرافەت کۆشاوم، هەوڵێکم بۆ سوود وقازانجی تایبەتی خۆم نەداوە وبە پلەوپایە گرنگیم نەداوە. دوای کەمێ بیرکردنەوە وەڵامم دایەوە مەخابن لەڕێگەی دۆستیەوە دوو مەوزوعت دەست نیشانکرد کە پیادەکردنو وئەنجامدانی لەتوانای مندا نیە. یەکەم سەبارەت بە حکومەتیی کرماشان تۆ دەزانی کە لەم شارەدا نزیکەی دوو سەد کەسایەتی لە شازادەکان وپیاوماقوڵان هەن کە ملکەچی وگوێڕایەڵی بۆ یەکێ لە سەرکردەکانی عەشایری ناوخۆ بە نزمیو وشەرمەزەربونیو وسەرنزمی بۆخۆیان دەزانن، جگە لە خەڵکی

شار میره گەورەکانی کەلوریش لەگەڵ ئێمەدا کێبرکێیان هەیە، لەبەر ئەم هۆیانە دوو دەستەیی ودژایەتیەکی فراوان دێتە کایەوە کە لابردنی لە وزە وتوانای ئێمە وئێوە بەدەرە. بەڵام سەبارەت بە پۆلیسی ڕۆژئاوا هەروەك ئەم کارە لەگەڵ پلە وپایەی مندا دەگونجێت وشایستەی منە، بەڵام لە حەقیقەتدا وانیە، یەکەم من نیزامی ولەشکری نیم ودووەم تۆ تەماحو ولوتبەرزیودەمارگیری تایفەکان وسەرکردەکانیان دەناسی، بێگومان ئاگاداری کوشتنی کاپیتان شۆڵتسی ئەڵمانیت، محەمەد بەگی باوەجانی بۆ تەماحی گەندەڵی دونیا جینایەتێکی شەرمهێنەری وەهای کرد کە شەرمەزاری کردین وناوبراو جگە لە دۆستی لەگەڵ ئێمەدا خزممانیشە. ئەگەر سەرکردەکانی عەشایر لەم جۆرە قوماشەبن چۆن دەتوانی بەرپرسیارەتی ئەم کارە بگریتە ئەستۆ. لە حەقیقەتدا هەڵەی گەورەی ئەڵمانەکانیش ئەوەبوو کە سوار وچەکدارییان لە عەشایرەکە دروست کردبوو، بێ هودە وبێ سوود پارەوپولێکیان بە فیڕۆ برد. بەکورتی دۆستانە پێتان دەڵێم نەتوانینی ئیمڕۆ لەشەرمەزاری سبەی چاکترە، لەبەر دۆستییەك کە لەنێوانماندا بەرقەرارە تکام وایە لەگەڵ خاوەن پلەکان وکاربەدەستانی دەوڵەتەکەدا لەم بارەوە جۆرێ قسەبکەی کە تەکلیفی وەها لەم من نەکەن، قبوڵنەکردنی ئەم داخوازییە نەخەنە قاڵبی دژایەتییەوە.

کاپیتان دوری ووتی قسەکانی من لەگەڵ تۆدا دۆستانە بوو ولەڕووی خێرخوازییەوەیە بەڵام بەرپرسانی ڕامیاری ئینگلیس ئەم جۆرە بۆچونوشی کردنەوە وتاوتۆێ کردنانە دەخەنە قاڵبی دژایەتی وکۆسپ دروست کردنەوە، من لەم ناوچەیەدا بەرپرسیاریکی سەربەخۆ نیم وناتوانم کارێکت بۆ بکەم تەنها ئەو نەبێت دەڵێم لەمە زیاتر خۆت بە دوژمنی ئینگلیسەکان مەناسێنە ودژایەتیان مەکە وکەسایەتیە ڕامیارییەکانیان سەبارەت بەتۆ نیەتیان چاك نییە وبە چاکە باست ناکەن، یەکجار خراو لێت گەیشتوون چاکترە هەرچۆن بووە ئەم بۆچوونە خراوەیان سەبارەت بە خۆت ڕاستکەیتەوە وبیگۆڕیت.

قسەکانی مسیو دوری وەك زەنگێکی مەترسیدار لەگوێمدا زرنگایەوە. دەمزانی زوو یان درەنگ ئینگلیسەکان بەدەستی هەر ئەم سەرکردەی عەشایرە بەناو هاوپەیمانانە لە کۆبوونەوەی بەندارا بارودۆخی سەرلێشێوانو ماڵکاولیمان

فەراهـەم دەكـەن، بـەڵام هەسـتى نيـشتمان پـەروەرى وئـازادى بەرادەيـەك لـە دەروونمدا ڕيشەى داكوتابوو، كە هەموو خۆشى وسوود قازانج وپلە وپايـەى دونيـا لەبەرامبەريدا بە هيـچم دەزانـى. بـەڵام ئينگليـسەكان دەكۆشـان پۆليـسى ڕۆژئـاوا دروست بكـەن، لەبەرئـەوەيان چـونكە دەيانويـست جـىّ پێـى خۆيـان پتـەو بكـەن ولەناوچەى ڕۆژئاواى ئێراندا هەر ئەو كـارە بكـەن كـە لـە فارسـو ڕۆژئـاواى ئێرانـدا ئەنجاميان دابوو.

هەر كە ڕوسەكان دەسيان كردە ڕۆيشتنو وئەوان مانـەوە هەسـتياندەكرد ئـەو هێزەى كە ئێـستاكە لـە جەبهـەى بەغـدادا هەيانـە كـافى نيـە تـا بتـوانن بەشـێكى گەورەى بۆ قەسرى شيرين وكرماشان وناوەوەى ئێران ڕەوانە بكـەن وجێـى بـۆش وبەتاڵەكەى ڕوسەكان پڕ بكەنەوە، ئەوەبوو دەيانويست بەناوى پۆليسى ڕۆژئاواوە لەشــكرێك كــە ئەفــسەرە ئينگليــسەكان وهينديــەكان مەشــقيان پێدابــدەن وسەرپەرشتييان بكەن، دامەزرێنن، كـە هەسـتە ومەركەزەكـەى لـە (كرنـد)دا بێـت ولەشارەبانەوە تا كرماشـان وهەمـەدانو وكوردسـتان خـاڵى سـەربازى ڕێكـو وپێـك دابنێن وئەمنو وئاسايشى هێڵەكانى هاتوچۆ و ڕێوبانـەكان بپـارێزن ولـەم بـوارەدا دەسەلاتو وهێز وتوانايان پترتر بكەن.

ڕووداوێكى تر، دانوستانى كۆلۆنێل (كينون) كونـسوڵى ئينگلـيس لەگـەڵ منـدا بوو. چەند ڕۆژێك لە كۆبوونەوەى بەنـدار تێپـەڕيبوو، چـاوەڕوانى هـاتنى جەنـەراڵ (باراتف)مان دەكرد، كـە بـۆ هەمـەدان ڕۆيـشتبوو، سلێمان خـانى ئـەمير ئـەعزەم سەرۆكى عێلى كەلوريش لەم كۆبوونەوەدا بەشدارى نەكردبوو. لە شەوى چوارەمدا نامەيـەك لەلايـەن (جەنـەراڵ باراتوفـەوە) گەيـشت نووسـيبووى كـە گەيـشتوەتە كاروانسەراى مايدەشت ولە هاتن بۆ بەندار مـەعزورە وبڕيـارە بـۆ بينينـى سـلێمان خــانى ئــەمير ئــەعزەم كەلــەپێش هــەموو كەســێكەوە خــۆيى بەڕوســەكانەوە هەولۆاسـيبوو، بـۆ گونـدى چـقابلك ڕۆيـشتبوو ولەسـەركردەكانى عێلـەكانى تـرى ويستبوو بۆ بينينى ناوبراو وێنەر بۆ ئەو شوێنە ڕەوانە بكەن.

بڕياردرا كە بـە كـارى كۆبوونـەوەى بەنـدار كۆتـايى بهێـنين. لـەو شـەوەدا بـە عينوانى كۆتايى جەژنەكە مۆسيقاى سوڵحو وئاشـتى لێـدرا وتەقەيـەكى فـراوان بـۆ خۆخشيو وشـادى كـرا. سـالار زەفـەرمان بەنوێنـەرى خۆمـان دەستنيـشانكرد كـە

سبەی لەگەڵ کونسوڵەکانی ئینگلیسو ڕوس وپالکونیك زاخار چینکف ومیوانە شاریەکان وسالار مەنسور و وێنەری تایفەکانی گۆران وسەردار ڕەشیدی ئەردەڵان وسەرکردەکانی جوانرۆ بۆ بینینی باراتف بڕۆن بۆ ئەو گوندەی کە باسمان کرد، لەکاتی ڕۆیشتنی ئەم جەمعەدا بەرەو چقابلك، بەسوارەکانمانەوە تانزیکی یەك فەرسەخ میوانە بێگانەکان وشاریەکانمان بەدرەقە وخواحافیزیمان لێ کردن. لەڕێگادا کۆلۆنێل بە خۆشڕوویییەوە چەند پرسیارێکی جۆرا وجۆری لێکردم، دوایی گوتی حەزدەکەم دوو کەسە کەمێك لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ بکەین. هەردووکمان لەلای ڕاستەوە کە خۆڵو وتۆزی کەمتر بوو بە (ورتمە) ئەسپەکانمان لە جەماعەتەکە دوورکەوتینەوە، گوتی بێ پێشەکی وپێچوپەنا پێتدەڵێم کە ئەمانەوێ لەم ناوچەیەدا تەنزیمات وتەشکیلاتێ بەناوی پۆلیسی ڕۆژئاوا دروستبکەین ودەمانەوێ کە تۆ لەگەڵماندا هاوکار بکەین وپێویستە جەمعێك بۆ ئەم خزمەتە دامەزرێنین وسەرکردایەتیەکەی تۆ بیگرتە ئەستۆتەوە. وەڵامم دایەوە، پێش دوو ڕۆژ لەگەڵ مسیو دوری دۆستمدا سەبارەت بەم مەوزوعە چەند سەعاتێك دانوستانمان کرد ودڵنیامی کرد کە درێژایی وناوەڕۆکی ئەو دانوستانەتان پێڕادەگەیەنێت. ئەگەرچی دەمزانی هەر ئەو ڕۆژە ئەو مەوزوعەی بە ڕاپۆرتێکەوە بۆی ناردووە. لەم دوو ڕۆژەدا من بتر لەم مەوزوعە بیرم دەکردەوە ولەگەڵ سەردار ناسر وسالار زەفەردا بیرمان گۆڕییەوە. ووتم یەکەم تۆ دەبێت دڵنیا بیت کە دژایەتی وشەڕی دوو ساڵەی ئێمە لەگەڵ ڕوسەکاندا لەبەر دۆستی وخزمەت بە عوسمانیەکان وئەڵمانەکان نەبووە، وەکو دەزانن یەکەمجار کە عوسمانیەکان لەم ناوچەیەدا دەست درێژییان کردە سەر مەملەکەتەکەمان ئێمە، سەنجاویەکان وگۆرانەکان ، لەبەرامبەریاندا ڕاوەستاین وڕاپەڕین و لەگەڵیاندا کەوتینە شەڕەوە تا ناچار بوون کە خاکی ئێران چۆڵبکەن وجێی بهێڵن.. ئایا ئەم شەڕە لەگەڵ عوسمانیەکاندا بەفەرمانی ئێوە یان بۆ خزمەت بەئێوە بووە؟ باوەڕ بفەرمە خەیر.. هەر بەم شێوەیە شەڕو بەرگری لەبەرامبەر ڕوسەکان بەهیچ جۆرێك نازناوی خۆفرۆشی ویان خزمەت بە ئەڵمانەکان ویان عوسمانیەکانی لێ نانرێت. بەڵکو ئەوە ڕاپەڕینێکی گشتی بوو لەبەرامبەر دەستدرێژیو وتوندوتیژیوسەرەڕۆیی چەندین ساڵەی ڕوسەکان وکۆکوژی ئازادیخوازەکان وداگیرکردنی خاك وئاوی ئێران

بوو. و لەم ڕاپەڕینەدا تێکڕا هەموو چین وتوێژەکانی میللەتو ئێران لە شاو سەرۆك وەزیران و وەزیرانەوە بیگرە تا نوێنـەرانی ئەنجومـەنی میللـی وڕەهبـەرانی ئـاینی تێدا بەشدارییان کردووە. وئێمەش لـە بەنگهێـشتی نیـشتمان پـەروەرەکانی ئێـران لەم ڕاپەڕینەدا بەشداریمان کرد وهەر بەرپایی ئـەم کۆبوونـەوەی سـوڵحی بەنـدارە لەلایەن ئێوەوە بەڵگەیەکی ڕوونە کە ئێوە شایەتی بدەن بۆمان کـە ئێمـە لـەڕووی نیەت پاکیو ونیـشتمان پەرستییەوە ئـەم کارەمـان کـردووە. بـەڵام سـەبارەت بـە دامەزراندنی پۆلیسی ڕۆژئاوا بیروباوەڕی من ئەوەیە کە ئـەم کـارە نەپێویستیەکی هەیە ونە لە سوود وقازانجی ئێوەدایە، ئەگەر دامەزراندنی بۆ ڕاوەستان لەبەرامبەر دوژمنانی بێگانەیە، ئێوە ئیتر دوژمنێـك لـە بەرامبەرتانـدا نـەماوە، موسـەلەمە کـە جارێکی تر عوسمانیەکان وئەڵمانیەکان لە توانایاندا نیە کە لەم ناوچـەیەدا خۆیـان بنوێنن ومەترسیتان بۆ دروست بکـەن، جگەلەمـە ئـازموونی ئەڵمانـەکان پیـشانی داوە وسـەلماندوویتی کـە هێـز وچـریکی عەشـایری ناتوانێـت لەبەرامبـەر هێزێکـی لەشکری نیزامیدا خۆڕاگرێت، بەڵام ئەگەر ئامانجی ئێوە پاراستنی ئەمنوئاسایـشی ڕێگە وبانەکانە ئەم کارە پێویستی بە دامەزراندنی تەنزیمی پۆلیسی تایبەتو وئـەم هـەموو خـەرج وسـەرفی گەزافـە نیـە، بـەو هێـزە کەمـەی خۆتانـەوە وهاوکـاری کاربەدەســتانی دایرەکــانی دەوڵــەتی ئێــران وپەیوەنــدی دۆســتانە لەگــەڵ عەشایرەکاندا بەتەواوی ئەو ئامانجەی کە هەتانـە سـەردەگرێت، لەلایـەکی تـرەوە دروستکردنی ئەم هێزی پۆلیسە بەهەرناوێك کـەبۆی دابنێـت ولەبـەر هەرچـی بێـت بــەزیانی ئێوەیــە ودەبێتــە هــۆی ڕەشــبینیو و خــەراو لەیەکدانــەوەی نیــشتمان پەرەستەکانی ئێران. بەڵام سەبارەت بە بەشداری من لەم مەوزوعەدا تکام وایە کە عوزرەکەم قبوڵ بفـەرموون، عوزرەکـەم مەخەنـە قـاڵبی دژایەتییـەوە مـن لەلایـەن خۆمو براکانم وخەڵکی سەنجاوییەوە بەڵێنتان دەدەمێ کە لەگەڵ ئێـوەدا دژایـەتی ناکەین ، داخوازی پەیوەندی چاکین وکۆسپێك بـۆ ئێـوە دروسـت ناکـەین، وڕێگـاو بانەکانتان لەلایەن ئێمەوە مەترسی بۆ نیە.

کۆلۆنێل (کینون) ئیتر وەڵامێکی نەدایەوە بەڵام بـۆمن موسـەلەم بـوو کـە لـەو سەعاتەوە بڕیاری لەنێوچوونی ئێمەیان دابوو.

کۆبوونەوەی بەشکۆی سوڵحی بەندار کۆتایی هات، خەرج وسەرفیاتی کە ئێمە هەرسێ براکە وعێلی سەنجاوی گرتوبومانە ئەستۆ سەرجەم چواردە هەزار توومان خەرجی بوو، کە حەوت هەزار توومانی تیرەکان وکوێخاکان گرتیانە ئەستۆ، ئەو نیوەکەی ئێمە هەرسێ براکە گرتمانە ئەستۆ. لە مەر ورۆن وئارد وشتی تر نزیکەی دوو هەزار تومان شتومەك مایەوە، ئەویشیان سەرۆك هۆزەکان مەردانە بەخشیانە ئێمە. لەحەقیقەتدا ئەو هیمەت ودەهەندەیی ودەست گوشادەیی کە خەڵکی سەنجاوی لەم میوانداریییەدا پیشانیاندا لە یاد ناچێتەوە وپێویستە لەمێژووی پڕ لەشانازی ئەواندا تۆمار بکرێت.

## فەسڵی سێیەم

## شەڕ لەگەڵ ئینگلیسەکاندا

کۆبوونەوەی بەندار لەگەڵ ئەو شکۆ وفەرمیەیشیدا گرێبەستێ یاخود بەخشنامە وبەیانێکی لێ نەکەوتەوە. وئێمەش داخوازی ئەوەمان نەکرد، بەڵام لۆجیك ومەنتیقی دروست بوونی حوکمی دەکرد کە لەمەودوا سەبارەت بەو کۆششو وخەباتەی کە دژی ڕوسەکان نواندمان بۆ بەرگری لە نیشتمانەکەمان تێکڕا لە هەموو جۆرە تۆڵەسەندنەوەیەکی هاوپەیمانان پارێزراوبین. داهێنانی ئەم کۆبوونەوەیە هەروەك لەلایەن ڕوسەکانەوە بوو بەڵام بەشداری وێنەرانی فەرمی دەوڵەتی ئینگلیس لەو کۆبوونەوەدا بەمانای قبوڵی هەموو بڕیار وئەنجام وئاسەواری ئەو کۆبوونەوەن، هەروەك بانگهێشتی کۆچکردووەکانی ئێران بۆ گەڕانەوە بۆ زێد ونیشتمانی خۆیان دڵنیاییەك بوو بۆیان کە تووشی بەدواداچوونو وئەزیەتوئازار نابن. کۆبوونەوە ومەجلیسی بەنداریش دڵنیاییەك بوو لەلایەن دەوڵەتی ڕوس وئینگلیسەوە بۆ هەموو عەشایەرەکانی کرماشان، بەتایبەتی بۆ تایفەی سەنجاوی کە بتوانن بێ ترس لە تۆڵەسەندنەوە لەژیانی عەشایرییاندا بەردەوام بن. ڕوسەکان لەحاڵەتی ڕۆیشتندابوون، نیگەرانی ومەترسی لەلایەن ئەوانەوە لەئارادا نەمابوو بەڵام ئینگلیسەکان دەمانەوە ودەبوایە لەمەودوا لەگەڵیاندا سەروکارمان هەبێت لەبەرامبەردا سێ جۆر ڕەفتار لە توانادابوو کە بکرێت:

یەکەم: قبولکردنی خزمەتکاریومووچەخۆرییان جاچی ئەو مووچەیە لە دارایی خۆیانەوەبێت یان لەگەنجینەی ئێرانەوە، هەرچۆنێ بێ ئەم حاڵەتەیانە بۆ مرۆڤی بەشەرەف قابیلی قبولْ نەبوو، ودەبووە مایەی سەرشۆڕی وشەرمەسارییان.

دووەم: دۆستی وبێلایەنی.

سێیەم: دۆستی لەگەلْ جۆرێ لە هاوکاری لە ڕامیاری جیهاندا وبەتایبەت سەبارەت بەو دەوڵەتانەی کە رێی تێدەچێ دوژمنی هاوبەشی ئەوان وئێران بن، ویان مەترسیان بۆ سەر ئێران بێت ودەستدرێژی بکەنە سەری. ئەم ڕەوشو وڕەفتاری سێیەمیانە لەکاتێکدا لەبار وگونجاوە کە لە شوێنی پێویستدا، لەلایەن دەوڵەتی مەرکەزی ئێرانەوە لەڕێگای کاربەدەستانی نیشتمان پەروەر وبەشەرەفو وجێگای موتمانەوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دوو لایەنە لەگەلْ مەرجەکانی دۆستی ویەکسانیدا هەڵبژێردراو وپەسەند کراو بێت، من خۆم لەڕووی وجدانەوە ناتوانم ڕەوشو وبیروباوەڕی هەندێ لە ڕەهبەرانی ئێران کە لە ڕابردوودا بەتایبەت لە ساڵەکانی سەرەتای مەشروتیەتدا لەبەرامبەر سیاسەتی دەستدرێژکەرانەی ڕوسەکاندا ڕوویان کردبووە ئینگلیسەکان وپەیوەندی بتەویان لەگەڵیاندا بەرقەرار کردبوو بەخراو بژمێرم، زۆربەیان بەدامێنێکی پاکەوە و بەنیەتی ئازادیخوازی ونیشتمان پەروەرییەوە کاریان دەکرد، هەروەك لەدواییدا گۆڕانی ڕەوش وسیاسەتی ئینگلیسەکانو وهاوکاری وهاودەستمان لەگەلْ سیاسەتی ئیمپریالیستی ڕوسەکاندا لێی نائومێد بوون و چوونە ڕیزی دوژمنەکانیانەوە.

بۆ ئێمە لەو قۆناغەدا تەنیا ڕەوشێك دەگونجا ولەتوانامانـدا بوو ولەگەلْ ڕۆح وبڕیارەکانی سولْحی بەندارد‌ا دەگونجا ڕەوشی دووەم بوو، بەمانا ڕەوشی بێلایەنی، چونکە ئێمە نەماندەتوانی خۆمان بسڕینەوە، بوونو وبیروباوەڕ وخەبات وفیداکاری ڕابردوومان وەلاوەنێنو و لە نەزەردا نەیگرین وڕاستەوخۆ وبەیەکجاری بچینە ڕیزی دوژمنانی ئەڵمان وعوسمانییەوە کە تا دوێنێ لەگەڵیاندا هاوکاریمان دەکرد، جگە لەمە ئیتر لە ڕۆژئاوای ئێراندا جەبهەی شەڕ نەمابوو. ئێمە ئامادەبووین لە چوارچێوەی عەشایری خۆماندا بەئاشتی وئاسایش بژین ولەکاروباری ئینگلیسەکاندا دەستدرێژی وخراوکاری نەکەین وکۆسپێ بۆ هاتوچۆ و وەسایلی پێوەندییان دروست نەکەین بەتایبەت ئینگلیسەکان لە وڵاتە لاوازەکاندا

وەك وڵاتێكـی ئیمپریالیـست ئامـادەی قبـوڵی دۆسـتیو وراسـتی نیـە، وەك وایـە مرۆڤەكانی ئەم وڵاتانەیان قابیلی دۆستی نەزانن، بۆیە ڕەوشی ئێمە لەوەدا خەست بووەوە كە برۆینە لاوە ودووریان لێبگرین وبەهانە نەدەینە دەستمانەوە.

## سەرئە نجامەكانی سوڵحی بەندار

دوای كۆتایی هاتنی كۆبوونەوەی بەندار لە هەلور كۆچمان كرد هەر كەسێك لە مایدەشتدا ڕۆیـشتە سـەر شـوێن وخـاكو وئـاو ومـاڵ وژیـانی خـۆی. دوای نزیكـەی بیست ڕۆژ كۆلۆنێل كنیۆن بەناوی دیارییەوە سەعاتێكی ئاڵتونی بۆ سەردار ناسـر، و دوو تفەنگی دوو لوولەی ڕاوی بۆ من وسالار زەفەر نـارد، ونامەیـەكی دۆسـتانەی نووسی و وەڵامێكی دۆستانەی وەرگرتەوە. پێویستی بە ڕوونكردنەوە نیە كـە ئـەو سـەبارەت بەپێـشینە وڕابـردووی ئێمـە بەتـەواوی ئاگـادار بـوو و لـە كۆبوونـەوەی بەنداردا توانا وهێز ونفـوز ودەسـەڵاتی سـەنجاویەكانی بەچـاوی خـۆی دیبـوو، كـە هەموو سەركردەكانی عەشایری كرماشان تەنها سلێمان خانی ئەمیر ئەعزەم كەڵور نـەبێت لەگـەڵ ئێمـەدان و بەقـسەمان دەكـەن وهـەروەهایش بینیبـووی كـە چـۆن لـەماوەی چـوار ڕۆژدا بەنەزموتـەرتیبێكی شایستە و جوانـەوە توانیمـان خزمـەتی جەمعییەتی زیاتر لە چوار هەزار كەس بكەین لەبەرئەمانە لە پلەی یەكەمدا حـەزی دەكرد لە ئێمە بۆ سوودی سیاسەتە ئیمپریالیستەكەی كەڵك وەربگرێت.

چونكە وەڵامێكی نائومێدكـەرەوەی بیـست دەسـتی كـردە ئـەوە كـە سـلێمان خانی ئەمیر ئەعزەم لەناو عەشایرەكانی ئێراندا بنوێنێ وگەورە و بـەرزی بكاتـەوە ولەنێوان ئێمە وسەركردەكانی تایفەكانی گۆراندا جیـاوازی وناڕەحـەتی ونیگـەرانی دروست بكات. موتمانەی بە سلێمان خانی ئەمیر ئەعزەم لەوەدا چڕ دەبـۆوە جگـە لە پێشینەی كۆشش وهەوڵدانی سەركردەكانی كەلور وپێشبڕكێیان لەگەڵ ئێمـەدا، كاتێ هاتە كرماشان سلێمان خـان خزمـەتێكی بەرچـاوی پێیكـرد. هـەروەها كـاتی داگیركردنی بەغدا لەلایەن ئینگلیـسەكانەوە وپاشەكشێی عـەلی ئیحـسان پاشـا تـا سەرپێڵی زەهاو وپێشەوەچوونی ڕوسەكان تا سەر میلی كرند وسـەرتاق، كۆلۆنێـل كینـۆن بـە عینـوانی كونـسوڵی كرماشـان لەگـەڵ هەندێكـدا لـەڕێی ئەسـفەهان وبروجـردەوە دەگاتـە ئـەو ناوچـەیە. لەبـەر پێـشینەی دۆسـتی وئولفـەت لەگـەڵ

کەلورەکاندا بەڕێنمایی موحەمەد خانی وەکیل ئەلمولکی کرماشانی دەڕواتـە مـاڵی سلێمان خانی ئەمیر ئەعزەمولەوێوە هەوڵدەدا کـە بـەهۆی سـوارەکانی کـەلورەوە مەندەلی پێـشی ئـەوەی ڕوسـەکان بگـەن، داگـیر بکـات. وئـەم پەلەیـە پەیوەنـدی لەگـەڵ پێـشبڕکێی و ڕەقابەتـە ئیمپریالیـستەکانی ئینگلـیس و ڕوسـەوە هـەبوو. سلێمان خانی ئەمیر ئەعزەم جڵـەوی خـۆیی دابـووە دەسـتییەوە وبەپەلـە هـەموو هێزی کەلورەکان کۆدەکاتەوە وبەنزیکەی دوو هەزار سوارەوە هێرش دەباتە سـەر مەندەلی. خەڵکی ئازا ودلێری ئەم شارۆچکەیە بەسـەرکردایەتی پێشەوای دلێریـان موسی ئەفەندی دەستدەکەنە بەرگری وکەلورەکان بەسەختی دەشکێنن. کۆلۆنێـل کینۆن نامەیەکی هەڕەشە بۆ موسی ئەفەندی وخەڵکی مەنـدەلی دەنووسـێت، بـەم نـاوەڕۆك ومانایـە: چـەند ڕۆژێکـە بەغـدا داگیرکـراوە وکەوتۆتـە دەسـتی لەشـکری سەرکەوتووی بەریتانیای گەورە، لەبەرئەوەی مەندەلی بەشێکە لە ویلایـەتی بەغـدا ئاگادارتان دەکەم کە دەست لە بەرگری هەڵگرن وخۆتان بدەنە دەستەوە.

موسی ئەفەندی بەوپەڕی بوێری وغیرەتـەوە لـە وەڵامیـدا دەنووسـێ مەنـدەلی بەشێکە لە بەغدا بەڵام بەسەر ئەو خانگەوە کە مـن ئێـستاکە تێیـدام ئـاڵای مـانگ وئەسـتێرە دەشـەکێتەوە. کۆلۆنێـل کینـۆن وئـەمیر ئـەعزەم بـە شەرمەسـارییەوە دەگەڕێنەوە.

ناوەڕۆك و درێژایی ئەم نامانەمان لە وەکیـل ئـەلمولکی کرماشـانییەوە بیـست کە خۆی لەگەڵیاندا بووە.

لەبەرامبـــەر ئـــەم هەڵوێـــستەی کۆلۆنێـــل کینۆنـــدا ئێمـــەیش بـــە هـــەموو توانایەکمانەوە عەباس خانی ئەمیر ئەعزەم سـەرکردەیەکی تـری عێلـی کـەلورمان بەهێز دەکرد. بەداخەوە بەهۆی هاندانو ودنەدانی ئینگلیـسەکان لـەنێو تایفـەکانی گۆرانـــدا دوو دەســـتەیی وجیـــاوازی ڕوویـــدابوو، بـــەڵام دۆســـتە ســـەرەکی وڕاسـتەقینەکانمان لـە هێڵـی ڕاسـتیو بـەڵێنی خۆیـان لایـان نـەدا. هـەر ئـەم دوو دەســتەییە بــووە هــۆی ئــەوەی کــە عەشــایرەکان بــە ململانــێ وکەشمــەکش وپێشبڕکێیان سەرگەرم بن وپۆلیسی ڕۆژئاوا دروست نەبێت.

یەکەمین کـارێ کـە دوای جـێگیر بوونمـان لـە سـەنجاویدا دەبووایـە ئـەنجامی بدەین بەپێویستی سەرشانمان دەزانی ئەویش گوێڕاکێشانی محەمەد بـەگی ئـەمیر

ئەسعەدی باوەجانی بوو. بەپێی بەڵێنێك كە لەنێوان ئێمە وسەردار ڕەشیددا هەبوو، سالار زەفەرمان بە پێنج سەد سوارەوە ئامادەكرد. كە لەگەڵ سەردار ڕەشیددا لە سەركوتكردنی ئەمیر ئەسعەددا بەشداری بكەن. جەمعیەتی سالار زەفەر وسەردار ڕەشید كە نزیك دەبنەوە محەمەد بەگ وزە وتوانای بەرگری لەخۆیدا نابینێ لەگەڵ چەند ماڵێكدا بەرەو شوێنی (كلاش بنجو) هەڵدێت. كوێخاكانی عێلی باوەجانی بەگشتی دەڕۆنە لای سەردار ڕەشید وسالار زەفەر وملكەچیو بەیعەتو وبچووكی خۆیان بۆ محەمەد تەقیێ بەگی ئەمیر ئەلعەشایر دەخەنە ڕوو.

ئەمیر ئەسعەد ماوەی ساڵێكی ڕەبەق تا ئێمە لەو ناوچەیەدا بووین وەك هەڵهاتوویەك دەژیا، وهەموو پولوپارەكەی كاپیتان شۆلتسی بەسەرشۆڕییەوە خەرج كرد، ولەئاخر وئۆخرییەكەیدا پەست وداماو و زەلیل پەژارە بووبوو و كەوتبووە سواڵكەری.

لەم كاتەدا لە (فوندرفل) ی ئەڵمانیەوە كە لە جەبهەی عوسمانیدا وێنەری ئەڵمانەكان بوو، نامەیەكم پێگەیشت، داخوازی كردبوو ئەگەر لە شتومەك ویادگارەكانی تایبەتی كاپیتان شۆڵتس لەدەستایە بۆیان بنێرم، كە بۆ بنەماڵەكەی بگەڕێنرێتەوە. لەم بارەوە لە محەمەد تەقیێ بەگ داوای یارمەتیم كرد. ئەویش بێئەوەی درێغی بكات كەوتە هەوڵدان ولەغەفار بەگ وهاوڕێكانی كە كاپیتانیان ڕووت كردبۆوە، حەلقەی پەنجە ومەدالیا ونیشانێك كە لە ملیدا بوو گەڕاندییەوە. ئەم مەدالیایە وزنجیرەكەی لە ئاڵتون بوو وەك قوتویەكی بچووك بوو دەكرایەوە، لەلایەكیدا وێنەی ژنێكی جوان ولەولاكەیەوە چەند تارێكی مووی زەردی تێدا بوو. بینینی ئەم وێنەیە وئەم تارە مویانە منیان یەكجار ناڕەحەت ومەلول كرد. مەدالیا و زنجیرەكەم بۆ (فوندرفل) نارد. لەوەڵامدا لەگەڵ پیشاندانی سوپاس وقەدرزانیدا داخوازی كردبوو كە لەگەڵ یەكێك لەئێمەدا لە هەرشوێنێك كە بە گونجاوی دەزانین یەكتری ببینین. ڕۆیشتنمانم دوور لە بەرژەوەندی زانی، چون ڕەشید ئەلسەلتەنە لە زەهاودا كشتوكاڵی هەبوو، نامەیەكم بۆی نووسی كە ببینی فوندرفل بەشەو هاتبووە ماڵی ڕەشید ئەلسەلتەنە و لەبینینەكەدا ووتبووی كە

ئەڵمانەکان دەیانەوێ مقدارێکی کافی چەك وفیشەك، بەچاودێری وزانـین وپاڵپـشتی من بەسەر عێلەکاندا دابەش بکرێت.

ڕەشـید ئەلـسەلتەنەم بینـی ودرێـژایی کۆبوونەوەکـەی باسـکرد. سـەیرم کـرد کردەوەیەکی بیّ بناغـە وبـیّ مایەیـە وزۆری پێناچـێت ئاشـکرا دەبیـێت وبەهانەیـەك دەداتە دەستی ئینگلیسەکانەوە کە دژمان بجولێنـەوە. پێمگـووت پێویـست ناکـات لەم کاتەدا وەڵامێکیان بدەینەوە، سەبرکە تا عێل بـەرە وگـەرمیان دەڕۆن، ئـەویش هەروەهای کرد.

دوای دوو سیّ ڕۆژ نامەیەك لە قەنبەر سوڵتانی قەڵخانییەوە گەیشت نووسـیبووی کە ڕەوشەنی بەگی تورك وسەردار عەبدولمەجیدخانی ئەفغانی گەیشتوونەتە ئەویّ و دەیانەویّ بێنە ماڵتان. چونکە لەو کاتەدا ئینگلیسەکان بە نزیکـەی شەسـت سـواریّ ڕوسـەکانەوە لەگـەڵ خـاوەن پلەیەکـدا لـە گونـدی (داروەرفـش)ی سـەنجاوی جـێگیر بووبوون نەمدەویست خەبەری هاتنی ڕەوشەن بـەگ بڵاوبێتـەوە. بـە ئـەبو ئەلفـەتح خانی خزمەتکارم فەرمانمدا کە ماڵەکـەی بباتـە نزیـك ماڵەکەمانـەوە، فەرشـو ولێفـە ودۆشەکو وقەوند شەکرو وچاییو وبرنجو وهەموو شتومەکێکی تری پێویستم پێدا کە لە ماڵیاندا وسیلەی خزمەتیان ئامادە بکات. سەید حاتەمم نارد ڕەوشن بەگ وسـەید عەبدولمەجیدخانی بـۆ مـاڵی ئـەبو ئەلفـەتح خـان هـاورد، شـەو چـووم بـۆ بینینیـان خێراتنیانم کرد. لە مەقسەد وهۆی هاتنەکـەیان تێگەیـشتم کـە دەیانـەویّ بـۆ تـاران بڕۆن. بە قازانجو وبەرژەوەندیم نەزانی بەپەلە کارەکە ئـەنجام بـدەم. نامەیـەکم بـۆ مەلك نیازخان نەسرەت لەشکر نووسی وبۆ ماڵەکەم دەعوەتم کـرد. دوای هـاتنی بـە ڕەوشن بەگم ووت وسیلەی تێپـەڕینتان ئامادەیـە بەپەلـە کەوتنـە ڕیّ، یـەك دەسـت کـەوای بەنەخـشی لـە خۆرجینەکـەی دەرکـرد وکردیـە بـەر و ونزیکـەی دوو مەچـەك پارچەی سەوزی لەگەڵدا بوو، کە نیوەی بەستە ناوقەدیەوە ونیوەکەی تـری بەسـتە سەریەوە وخۆیی سەید حوسەین ناونا. عەبدولمەجید خانیش عەمامەیەکی بـچووکی سپی کردە سەر وکەوایەکی درێژی کـردە بـەر وتـاڵێکی بەسـتە ناوقەدیـەوە ونـاونرا شێخ ئەحمەد.

هـەردووكیانم سـپاردە دەسـتی نەسـرەت لەشـكر كـە بیانواتـە مـاڵی فـەتح ئەلسولتانی كولیایی لە فەتح ئەلسولتانیش دۆستانە تكام كرد كە بە وەسیلەی كەسی موتمانە پێكراو بیانگەیەنێتە مەلایەر.

دوای ماوەیەك ڕەوشەن بەگ گەیشتنی خۆیی بۆ مەلایەر لەڕێگای سوارەكانی فەتح ئەلسولتانەوە ڕاگەیاند ولە هاوكاری وهاوڕێیەتییان ڕەزامەندی نیشاندابوو. بێسوود نیە كە كورتەیەك سەبارەت بەم سیخوڕەی توركە بنوسرێت.

لەپێشدا لە فەسڵی پەیوەند بە شەڕی ئێمە لەگەڵ حوسەین ڕەووفدا بینیمان وماوەیەكیش لە سەنجاویدا میوانی ئێمە بوو. ئەو لە بنەچەكدا لە نەژادی توركە ولەخەڵكی جەزیرەی (كریتە)، هەروەك خۆیی سوشیالیست دەناساند بەڵام لە حەقیقەتدا بیروباوەڕێك غەیری تورك پەرستی نەبێت نەیبوو، لەو بڕوادابوو كە پەروەردگاری عالەم، تێكڕا هەموو نەژادەكانی دنیای بۆ تەبەعییەتو وملكەچیو وخزمەتكاری توركەكان دروست كردووە.

خوێنەواری و زانیاریوچاكی هەبوو جگە لە توركی زمانی فەرەنسەویوڕوسیو وفارسیو ویۆنانی بەڕەوانی دەزانی وقسەی پێدەكرد ولە ئەدەبیاتو وشعریشدا بێ بەهرەنەبوو، شعرێكی شاعیرانەی لە وەسفی نیشتمانەكەیدا (كریت) وەك ئەوەی لەگەڵ كچێكی جواندا گفتوگۆ بكات هەڵی بەستبوو، كە لاهوتی خان بۆمی هەڵگەڕاندەوە، زۆر جوان بوو كە لە دڵدا جێگیر دەبوو.

لە سەرەتای هەوڵدانیەوە لە نەیاران ودژانی مەسلەكی ئیتیحاد وتەرەقی وئەنوەر پاشا وتەلعەت پاشا دەژمێردرا، ماوەیەك وەك تاوانبارێكی هەڵهاتوو خۆی دەشاردەوە، وبەڕووكەش خۆیی بە پەیڕەوی بزاڤی یەكێتی ئیسلامی دەناساند، لەبەرئەمە ماوەیەك پێش شەڕی نێودەوڵەتی هاتە تاران ولەگەڵ سەید محەمەد ڕەزای مساواتدا تۆڕێكی نهێنی یەكێتی ئیسلامییان دروست كرد.

لە ساڵەكانی یەكەمی شەڕدا كاتێك كە توركەكان هێرشیان هێنایە سەر سنووری قەسری شیرین ولەگەڵ ئێمەی سەنجاویەكاندا ڕووبەڕووبونەوە، ڕەوشنی بەگ لەتارانەوە هاتە كرماشان و هاتە نیو هێزەكەی حوسەین ڕەووفەوە بەنازناوی ئەركانی سەری لەشكرەكەی ناسرا وهاتە سەنجاوی.

ئەمجارە ئەو دەیگێڕایەوە کە چەندساڵێك پێش شەڕی نێودەوڵەتی بۆ سیخوڕی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە گەیشتبووە قەفقاس ولەوێ سەرکەوتبوو کە لەڕێی ژنە ڕوسەکانەوە نەخشەی نهێنی وسەربازی ونیزامییان بەدەست بهێنێت. سەبارەت بە هەوەسبازیو بەشوێن ئافرەتدا گەڕانی داستانێکی زۆری دەگەڕاندەوە و ووتی دوای ئاژاوەکەی حوسەین ڕەووف سەرلەنوێ ڕۆیشتوەتەوە تاران وبە جلی گۆڕاوەوە خۆی گەیاندبووە ئەفغانستان ولەنێو ڕەهبەرانی ئەفغانستاندا بیروباوەڕی یەکێتی ئیسلامی بڵاوکردوەتەوە، تا ئەو ڕادەیە لەکارەکەیدا سەرکەوتوو بووە کە مىری ئەفغانستان سەردار عەبدولمەجیدخانی لەگەڵدا ڕەوانەی ئەستەمبووڵ کردووە.

بەڵام لەم دواییەدا ئەوەی زانیم کە ڕەشنی بەگ خۆی نەڕۆیشتوەتە ئەفغانستان وسەردار عەبدولمەجید خانیش بەفەرمی لەلایەن مىر حەبیبوللاخانەوە وێنەر نەبووە، ئەم سەردارە هەروەك لە بنەماڵە گەورە وناسراوەکانی ئەفغانستانە، بەڵام خۆی مرۆڤێکی بەرەڵاو ماجەراجو بووە، ولەم ڕێگایەوە مووچەی خۆی دابین دەکرد ولەم ڕێگایەوە بۆ تاران هاتبوو و لەوێ لەگەڵ ڕەوشنی بەگدا یەکیان بینیبوو، وناوی وێنەر دەچەسپێنێتە خۆیەوە ولەگەڵیا دەڕوا بۆ ئەستەمبوڵ. دوایی هەواڵم پێگەیشت کە ڕەوشنی بەگ بەناوی سەید حەسەن و عەبدولمەجید خان بەناوی شێخ ئەحمەد بە سەلامەتی گەیشتوونەتە تاران.

لەمەودوا هیچ هەواڵێك سەبارەت بە ئەحواڵو ئەوزاعیم نەدەزانی تا جارێکی تر دوای کۆتایی شەڕی نێودەوڵەتی لەساڵی ١٣٠٠ هەتاویدا لە تاران بینیمەوە، کە بە فشە و وڕێنەی بەرز وبێ وینەو هاوتایی تورکەکانی ئەوسا دەوامی دەدا.

دوای چۆڵبوونی ناوچەکانی سەر سنووری عێراق لە هێزەکانی ڕوس وگەڕانەوەیان لەجەبهەی ڕۆژئاوای ئێران لەشکرەکانی ئینگلیس لە سنووری شارەبان بەملاوە نەدەهاتنە پێشەوە. ناوچەکانی خانەقین وقزرەبات ماوەیەك لە هێزە ململانێکەرەکانی دژ بەیەکتری چۆڵبووبوو. تورکەکان لەگەڵ هەندێ نیزامی وسەربازدا وجەمعێ سواری عەشایری عێراق وەك خورشید بەگی دەلو تا خەنەقین دەهاتن وجارێکی تر دەگەڕانەوە بۆ (سەلاحییە)[1]. کاتێ تورکەکان ئینگلیسەکانیان

[1] کفری لە دەورەی عوسمانیەکاندا (سەلاحییە)یان پێ دەگوت.

تـەنها بینـی ولەلایـەن ڕوسـەکانەوە لـەم دەڤـەرەدا دڵنیـابوون، کەوتنـە کەڵکەڵـەی ئەوەوە هێزەکانیان بەرەوپێش ببەن، وچاوەڕوانبوون کە دوو لەشـکری نـوێی تـازە نەفەس لە مەرکەزەوە بگاتە کەرکوك وبەم هێزانەوە لەسێ لاوە هێـرش ببەنـە سـەر ئینگلیـسەکان، چـونکە سـەبارەت بـە موحکـەمی وپتـەوی سـەنگرەکانی بەغـدا ئاگاداربوون دەیانویست لەڕێی مەندەلیـەوە بەشـێك لـە هیزەکانیـان بـەرەو (کـوت) ببەن وئینگلیسەکان لەپشتی سەریانەوە بخەنە مەترسییەوە، بەهەرحاڵ سەرلەنوێ "خانەقین وقزرەبات" داگیر کرد.

وموسی ئەفەندی کە ماوەیەك لەمەوپێش باسی ئـازایی ودلاوەریمـان بیـست، بـە عینوانی فەرمانڕەوای مەندەلی دایاننا. لەم کاتەدا (فوندرفل)ی ئەڵمانیش بە هێزێکی کەمی جەندرمـەی ئێرانییـەوە هاتـە قەسـری شـیرین ودەری نامـەنیگاریو ونووسـین وپروپاگەنـدەی لـەنێو عەشـایرەکاندا کـردەوە. لـەنێو ئەوانـەدا قەنبـەر سـوڵتانی قـەڵخانی بـە تـەماحی بەدەسـتهێنانی مـشتێ پـارەپول چـووە لای ولەلایـەن ئـەوە نامەیـەکی بـۆم هێنـا کـە ئێمـەی سـەرلەنوێ دەعـوەت دەکـرد کـە لەبەرامبـەر ئینگلیسەکاندا جەبهەیەکی بەرگری دامەزرێنین، وبەڵێنی دەدا کە بەم زووانـە چـەکو وپولوپارەی کافی دەخاتە ئیختیارمانەوە. هەروا بە مەسلەحەت وبەرژەوەندیم زانی کە ئەم دەعوەتەیش قبوڵنەکەین وبە قەنبەر سوڵتانم گووت بـەهیچ شـێوەیك کارێك نەکات کە بەهانەیەك بدات بە دەست ئینگلیسەکانەوە.

## هاتنی شازادە سلێمان میرزا بۆ سە نجاوی

کەم کەم وەرزی پایزی ساڵی ١٢٩٦هەتاوی نزیك دەبۆوە وعێل ئامادەی کۆچ بـۆ گـەرمیان دەبـوو، لـەم کاتـەدا کـەمێك لـە هێـزی ڕوسـەکان نـەبێت هێزێکـی تـر لـە کرماشاندا نەمابۆوە و هێـزی سـەرەکی ئینگلیـسەکانیش هێـشتانە نەهاتبوونـە نێـو شارەوە. بەڵام بارۆن چرکاسف وکۆلۆنێـل کینـۆن کونـسوڵەکانی ڕوس وئینگلـیس بەپێی ڕەوتی کۆنی ئیمپریالیـستی سـەرگەرمی بڵاوبوونـەوەی نفـوز ودەسـەڵاتیان بوون، کۆنەپەرەستەکانی ناوخۆ لەدەوروبەریاندا بـە خزمەتـە جـۆرا وجۆرەکانیـان سەرگەرم بوون.

میللیەکانی کرماشان ودۆستانی دیمکرات بـۆ بەرزکردنـەوەی ورەی بـەرگری و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کەسانی خۆفرۆشی ناوخۆدا کەوتنـە بـیری بڵاوکردنـەوەی ڕۆژنامەیەك. ماژور لاهوتی خانیان کە لەدەورەی بەرگری نیشتمانیدا کـە زۆربـەی کات لە لەگەڵ مندا بوو، لە ماڵەکەمدا دەژیا بەرەو شـار ڕۆیـشت، ودەسـتی کـردە دامەزراندنی ڕۆژنامەی بیـستون بـۆ سـەرلەوحەکەی سـەنگ نووسـەکەی داریوشـی هەڵبژارد لەژێریدا ئەم دوو شعرەی کردە دروشمی ڕۆژنامەکە:

**" از این پیش می زد فرشته خروش**

**که گیتی بود کشور داریوش**

**بر انچ اوفزون کرد ما کاستیم**

**زهی زشت نامی که ماخواستیم ".**

ئەوەی کە گرنگە لێرەدا باس بکرێت ئەوەیە کە هـەموو دنیـا وولاتـی داریـوش هەخامنشی بوو، ئەو هەرچی خستە سەر ئەم ولاتە ئێمە لێمان کەم کـردەوە، چـی ناوێکی خراو ونالەبار بوو کە ئێمە ویستمان.

ئـەم ڕۆژنامـە بـە ووتـارە ئاگرینـەکانی شـۆڕ وهەیـەجانێکی نـوێ لـە خـەڵکی کرماشاندا دەخولقاند. لە زۆربەی ژمارەکانیدا هـەواڵێ درێـژی سـەبارەت بـە عێلـی سەنجاوی وخەبات وفیداکاری و وەتەنپەرستیان دەنووسـی، ودەیـان ژمـارەی لـە گوندەکانی سەنجاویدا دابەشدەکرا.

لە مانگی تەرازوودا بوو کە نامەیـەك لـەڕێگای پـەیکێکی تایبەتییـەوە لەلایـەن شازادە سلێمان میرزاوە بـۆ سـەردار ناسـر گەیـشت کـە هـەواڵی گەیـشتنی خـۆیی ومیرزا عیسای برایی بۆ قەسری شیرین ڕاگەیاند، وتکای کردبوو کە چەند سـوارێك بنێرینە شوێنیاندا تا بیانهێنێت بۆ ماڵەکانمان. سەردار ناسریش بەپەلە دە سواری ڕەوانە کرد کە ئەوان لەڕێگای پشت تەنگی زەهاوەوە بۆ سەنجاوی بیانهێنن. وبۆ قەنبـەر سـوڵتان و ئەسـەدوڵڵا بـەگی قـەڵخانیش نامـەی نووسـی، تێیـدا ڕایـانی سپاردبوو کە ڕێز وحورمەتێکی تایبەتییان لێ بگرن، ودوای یەك هەفتە گەیشتن.

سلێمان میرزا کاتی پێشەوەچوونی ڕوسەکان لە زوسانی ڕابردوودا، وڕۆیشتنی نیزام ئەلسەلتەنەوکۆچکردووەکان لە قەسری شـیرین ئـەویش لەگەڵیانـدا ڕۆیـی بـۆ موسڵ بەڵام لەوێ جارێکی تر بە هاندان وتـەحریکی فـەوزی بـەگ ئـەو وهـاوبیرانی

دەکەونە ژێر فشارەوە تا سەرەنجام بەیارمەتی ئەڵمانەکان وسەید محەمەد ڕەزای مساوات موەفەق دەبێ کە بڕواتە ئەستەمبوڵ ولەوێشەوە بۆ بەرلین دەڕوات. بەڵام سلێمان میرزا ومیرزا تاهیری تەنگابنی دوای ئەوەی شۆڕشی گەورەی ڕوسیا دەستی پێکرد وهێزەکانی ڕوس دەستمان بەگەڕانەوە لە خاکی عوسمانی وئێران کرد لەگەڵ هێزێکی سەربازی عوسمانی وجەمعێ لە ئەفسەران ولێپرسراوانی سیاسی ئەڵمانەکاندا هاتنە خانەقین وقەسری شیرین وبڕیاریان دا بێنە سەنجاوی.

سلێمان میرزا دەیویست لەو کاتەدا کە ڕوسەکان سەرگەرمی چۆڵکردنی ئێران بوون بگەڕێتەوەبۆ تاران ولەڕێگای دەوڵەتی ئێرانەوە بۆ سەفەرەکەی ڕەزامەندی وەربگرێت. کاتێ ئەو گەیشتە سەنجاوی نزیکەی چوار سەد سواری ئینگلیس لەگەڵ چەند خاوەن پلەیەکدا لەڕێی پشتکۆوە گەیشتنە کرماشان.

کۆلۆنێل کنیون کونسوڵی ئینگلیس هەندێ لە هێزی ڕوسەکانی لەگەڵ خۆیدا هاوردبوو و لەژێرەوە پەیوەندی لەگەڵ سەرکردەکانیاندا دروست کردبوو، لەوانە جەنەراڵ باراتف وباڵکونیك وپیچراخوف بوون. لەحەقیقەتدا ئەمانە بوونە موچەخۆریان. سلێمان میرزا تەلوگرافێکی بۆ هەیئەتی دەوڵەتی ئێران نارد و داخوازی کردبوو کە وەسیلەی گەڕانەوەی خۆیی وبراکەی بۆ تاران دابین بکەن، سەردار ناسریش هەر بەم مەزمونەوە تەلوگرافێکی بۆ هەیئەتی دەوڵەت ناردە کرماشان، بەڵام تەلوگرافخانە وپۆستخانەی ئێران لەژێر چاودێری ڕوسەکان وئینگلیسەکاندا بوو، دوای چەند ڕۆژێك تەلوگرافەکانیان گەڕاندەوە بێ ئەوەی بنێردرێت.

سەردار ناسر بۆئەوی بتوانێ لەڕێی هەوڵدانی تایبەتی خۆیەوە سەفەری شازادە فەراهەم بکات، بەشێوەی فەرمی کونسوڵی ئینگلیسو وڕوسی بۆ ماڵەکەی دەعوت کرد، بارۆن چرکاسف دەعوەتەکەی قبوڵکرد وهات، بەڵام کونسوڵی ئینگلیس عوزری هێنایەوە. چرکاسف لەگەڵ سلێمان میرزادا لەماڵی سەردار ناسر یەکتریان بینی، لەلایەن خۆیو ولەشکری ڕوسەوە دڵنیای کردەوە کە کەس کۆسپ لەڕێی سەفەرەکەیدا دروست ناکات بەڵام لەلاین ئینگلیسەکانەوە بەڵێنێکی نەدا.

دۆستانی کرماشانیمان نامەیان هەم بۆ ئێمـە یـان سـلێمان مـیرزا دەنووسـی و ڕایاندەگەیاند کە ئینگلیسەکان سـەبارەت بـە ئـەو نیازیـان خـراوە، وبـێ موتمانـە ودڵنیاکردنەوە نەجولێتەوە وناوچەکە جێنەهێڵێت.

چـەند هەفتـە دوای هـاتنی سـلێمان مـیرزا نامەیـەك لـە بالکونیـك (زاخـار چینکفەوە) بۆ سەردار ناسر گەیشت، حکومەتی کرماشـانی بـۆ پێـشنیار، کردبـوو سـهراب زادە (مـودەبیر ئـەلمولکیش) کـە لـە کۆچـکردووەکان بـوو تـا کـاتی کۆبوونەوەی سوڵحی بەندار لەماڵی سەردار ناسردا میوان بوو، دوای کۆتایی هاتنی مەجلیسەکە چووبووە خزمەتی ڕوسـەکان، نامەیـەکی جیـاوازی بـۆ سـەردار ناسـر نوسـیبوو ولـەڕوی خێرخوازییـەوە ئامۆژگـاری کردبـوو کـە ئـەم پلـە ومەقامـە قبوڵبکـات، بـۆ دڵخۆشـکردن وڕازیکـردن لـە نامەکەیـدا نووسـیبووی کـە سـەردار ڕەشیدیش بـۆ حکومـەتی سـنە دەسـت نیـشان کـراوە. لـە حەقیقەتـدا بـۆ ئێرانـی ڕسـوایی ونەگبەتییـەك لـەوە گـەورەتر نیـە کـە بـە فـەرمانی بێگانـە حکومـەت وفـەرمانڕەوایی وپلـە ومـەقامی دەوڵـەتی وەربگرێـت. بەتایبـەت ئـەم کردەوەیـە لەلایەن ڕوسەکانەوە بەڕازیبوونی زمنی ئینگلیسەکانەوە جـەختی لەسـەر بکرێـت، چونکە قبوڵکردنی ئەم پێشنیارە شـێوەیەك بـوو لـە دان پیانـان وگـەواهی کردنـی ناوچەی دەسەلاتی هەردوو دەوڵەتەکە بەپێی گرێبەستی (١٩٠٧) دەناسرا.

سەردار ناسر لە وەڵامی زاخار چینکف لە قبوڵی حکومەت عوزری هێنایەوە بۆ سوهراب زادەی نووسی کە بـەو پێـشینەی وەتـەن پەرسـتییەوە وکۆچـکردنت، لـە تـۆوە دوورە کـە ئـەم جـۆرە پێـشنیارانە بکـەی. لەلایـەکی تـرەوە سـەرگەرمی ئەوەبووین کە زیانی قبوڵی ئەم پلە وپایەیە بۆ سەردار ڕەشید ڕوونکەینەوە، بەڵام مەقام وپلەوپایە پـەرسـتی چـاو ودڵـی نـاوبراوی کوێرکردبـوو. زۆری نەخایانـد کـە سوهراب زادە بـە فـەرمانی فـەرمی حوکمڕانییـەوە ڕۆیـشتە مـاڵی سـەردار ڕەشـید وئەوی بەرەو سنە خستەڕێ. زاخار چینکفیش لەڕێی مـەیان دەربەنـدەوە ڕۆیـشتە ئـەو شـوێنە. سـوهراب زادە لـە ووتـارێکی گـەرم وپرشـنگداردا لەلایـەن خـۆیی وخەڵکەوە بەسەردار ڕەشـید پیرۆزبـایی گـووت وکڵاوێکـی خوریـشی بـووە بەشـی ئەویش بـەمانا لـە دەسـتکەوتەکە بێبـەش نـەبوو. لەحەقیقەتـدا ئـەم کۆچـکردووە

درۆزنە لە دوا دوایی تەمەنی ڕژێمی قەیسەریدا بووە خزمەتکارێکی ڕاستەقینەی ڕوسەکان وبۆ پێشخستنی سیاسەتیان لە هیچ فیداکارییەك درێغی نەکرد.

هەر کە ئینگلیسەکان وڕوسەکان لەلایەن سەردار ناسرەوە نائومێد بوون حاجی مەجدئەلمولکیان بۆ فەرمانڕەوایی کرماشان بە دەوڵەتی ئەو کاتە قبوڵاند. ئێمە لە چەند مانگەی هاویندا هەلێکمان بۆ چاککردنەوەی وێرانی قەڵاکانمان بەدەست نەهێنا بوو، شاد وبار سووك لەوەی کە ڕسوایی وسەرشۆڕییەکمان لێ نەکەوتوەتەوە، لەگەڵ عێلدا بەرەو ناوچە گەرمەسێرییەکانمان کۆچمان کرد، غافل لەوەی کە سەرنوشت ساڵێکی مەرگبار بوو ژیانی خۆمان و تایفەکەمانی موقەدەر کردووە.

سلێمان میرزاش ناچار لە ماڵی سەردار ناسردا مایەوە ولەگەڵ عێلدا کەوتە ڕێ. کاتێ گەیشتینە (تەنگ حەمام) کە لە ناوچەکانی زەهاودایە، میرزا تاهیری تەنگابنی وحاجی محەمەد تەقیێ شاهرودی وسەید عەبدولڕەحیمی خەلْخانی چونکە لە موسلْ ژنی هێنابوو و هاوسەرێکی تورکی لەگەڵدا بوو ئەویش ناچار جادەی گشتی گرتە بەرو بەرەو کرماشان ڕۆیشت، بەڵام میرزا تاهر وحاجی محەمەد تەقیێ مانەوە وچادرێك بوویان لەپاڵ چادرەکەی سلێمان میرزادا هەڵدرا. لەو کاتەدا ڕووداوێکی گرنگ لە شاری کرماشان ڕوویدا کە ئامازە پێکردنی پێویستە ئەویش کوشتنی موعازید ئەلمولك بەرپرسی کاروباری حکومەت لەو شارەدا، لەلایەن فیداکارێکی موجاهیدەوە.

موعازید ئەلمولك کوڕی نەسر ئەلئەتیبا کە بە حەکیم نەسر کە لە بنەچەکدا جوولەکەیە، کە لە پیاوماقوڵان ودەست ڕۆیشتوانی پایەبەرزی ئەو شارە دەژمێردرا، ولەدەورەی دووەمدا نوێنەری ئەنجومەنی شورای میللی بووە. لە حەقیقەتدا ئەو مەغزی بیرکەرەوەی موستەبیدەکان بوو، وڕەهبەری میانڕەوەکان وسەردەستەی لایەنگرانی ڕوسەکان وئینگلیسەکان دەژمێردرا. لەبەرئەمە دیمکراتەکان وئازادیخوازەکان ڕك وکینەیان لێی بوو. لەم دەورەو زەمانەدا دەست تێوەردانی هەموو لایەنەی ڕوسەکان وئینگلیسەکان لە کاروباری ناوخۆی ئێراندا میللییەکان ونیشتمانپەروەرەکانی ئەو شارەی تووڕە وئاڵۆز ونائومێد کردبوو، کۆمیتەیەکی شۆڕشگێڕی بچووك بۆ لەنێوبردنی موچەخۆرانی بێگانە وبەرهەڵستی

کۆشش وهەوڵدانیان بۆ خزمەتی بێگانەکان، دروست کرا، کە بەناوبانگترین کەسێك کە مەوردی نەزەریان بوو ودەبوایە لەنێو بچێت موعازید ئەلمولك بوو.

دوای کوشتنی ئەو لەلایەکەوە ئینگلیسەکان وڕوسەکان ئەم کردەوەیەیان بە دوژمنی ڕاشکاویان بەرامبەر بە خۆیان دەزانی، ولەلایەکی ترەوە دەستە وکۆڕو کۆمەڵەکانی کۆنەپەرستەکانی شار کەوتنە ڕکەبەری وتۆڵەسەندنەوە وکەسانێکی زۆریان تاوانبارکرد و کەوتنە ئەزیەت وئازاریان، یەکێك لەوانە شازادە محەمەد سادق میرزا برای هاوسەرەکانی من وسەردار ناسر بوو، ولەحەقیقەتیشدا ئەو هیچ جۆرە نەخشێکی لەو کارەدا نەبوو. بکوژی ڕاستەقینە ی میرزا ئیسماعیل خانی موعازید ئەلمولك موجاهیدێکی هاوناوی ئەو بەناوی ئیسماعیل خانی تەبرێزی بوو کە دوای سەرکەوتن لە کارەکەیدا ماوەیەك خۆی شاردەوە، دوایی لەشار هەڵهات وهاتە سەنجاوی وپەنای هێنایەماڵەکەم ولەلایەن دۆستانی دیمکراتەوە بەتایبەت تەیمورخانی قەناد هەڵگری نامەیەك بوو کە تێیدا ڕایسپاردبوو بیپارێزین وئاگامان لێی بێت. ئەو لەماوەی ڕۆژەکانی کۆچکردنمدا بۆ خاکی عوسمانی لەگەڵ مندا بوو هەروەها لەگەڵ ئێمەدا بۆ ئێران گەڕایەوە وچووە ڕیزی تەنزیماتی لەشکری نوێوە ولەلەشکری ڕەزائیەدا بەناوی ئیسماعیل خانی جەلالی پلەی سەروانی پێدرا وخزمەتێکی زۆری کرد.

## دانوستان سەبارەت بە سلێمان میرزا

سلێمان میرزا لە سەنجاویدا بە ڕێز وقەدر زانیەوە خزمەتدەکرا وقۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ کۆچی عێلدا بوو، گۆشتی نەدەخوارد، نوێژی ڕێکوپێکو بەردەوام بوو، لە خیوەتێکی بچووکدا لەگەڵ عیسی میرزای برایدا دەژیا، دوو خزمەتکار بەناوی شەفیع خان وکازم ئاغا لەگەڵیدا بوون. لەلای چادرەکەیدا چادرێکی بۆ میرزا تاهیری تەنگابنی وحاجی موحەمەد تەقیٚ شارودی تەرخانکرابوو. سلێمان میرزا زۆربەی کات لەسەرەتای شەودا ماوەیەك دەهاتە خێوەتە گەورەکە کە دیوەخانی سەردار ناسر بوو، یان لەمیوانداریەکانی عێلدا بەشداریدەکرد. لەگەڵ میوانەکان وکوێخاکاندا دادەنیشت گفتوگۆی دەکرد مەجلیسەکەی وقسەکانی زۆرگەرم وبەدڵەوە دەچەسپان، خەڵکی سەنجاوی لە گەورە وبچووکەوە خۆشیان

دەویست. لە خێوەتە بچووکەکەیدا مەجلیسێکی دەرسی بەرپا کردبوو کە دوو کوڕە بچووکەکەی سەردار ناسر هەموو ڕۆژێك بەیانیان دەچوونە خزمەتی، یەکێکیان لای شازادە خۆی وئەوی تریان لای عیسی میرزای برازای[1] دەرسیان دەخوێند.

لەو کاتەدا لە تارانەوە هەواڵێ گەیشت کە لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا شازادە سلێمان میرزا بە عینوانی وێنەری ئەنجومەنی میللی خولی سێیەم بە وێنەرایەتی خەڵکی پایتەخت هەڵبژێردراوە، جگە لەو سێ کەسی تریان لە ڕەهبەرانی دیمکرات یەعنی تەقیٚ زادە ومساوات ومیرزا تاهیری تەنگابنی وپیاوانی میللیونیشتمان پەروەری تر وەك مستەوفی ئەلمەمالیك، موشیر ئەلدەولە وموئتەمەن ئەلمولك وموخبر ئەلسەلتەنەیش هەڵبژێردراوین. ئەمەیشە بووە هۆی پتر ڕێزگرتنی شازادە ومیرزا تاهیری تەنگابنی لەنێو ئێمەدا.

لەم کاتەدا کە عێلی سەنجاوی لە دەوروبەری قورەتو وکانگاکانی نەوت شادا بوون، ئینگلیسەکان بەخشنامەیەکیان بڵاوکردەوە ونوسخەیەکیان بۆ سەنجاوی ناردبوو. لەو بەخشنامەیەدا هاتبوو کە کۆلۆنێل کنیۆن کونسوڵی کرماشان لەگەڵ چەند خاوەن پلەو پایەیەك وچەند ئەندازیارێك دێنە قەسری شیرین وبۆ پاراستن وپاسەوانییان بەشێك لە لەشکری خانەقین دەڕواتە (پاتاق). کۆلۆنێل کنیۆن وهاوڕێکانی لە پاتاقدا گەیشتنە لەشکرەکە، دوای چەند ڕۆژێك لەوێ مانەوە گەیشتنە قەسری شیرین.

لە حاڵێکدا کە هەموو چاوەڕوان بوون کە بەپێی ناوەڕۆکی بەخشنامەکە لەشکرەکەیان بۆ خانەقین بگەڕێنەوە، بەپێچەوانەیە چاوەڕوانکرا ولەشکرەکەیان لە قەسری شیریندا دامەزاند ولە دەوروبەری ئۆردووەکەدا تەلی دڕکیان ڕاکێشا.

چەند ڕۆژێ دوای جێگیربوونی ئەم ئۆردووە لە قەسری شیریندا، مەحمود خان سکرتێری کونسولگەری ئینگلیس هاتە ماڵمان و ووتی لەلایەن کۆلۆنێل کنیۆنەوە هەڵگری پەیامێکی گرنگم کە پێویستە بەتەنها باس بکرێت.

دوای ئەوەی کە چادرەکەمان چۆڵکرد ووتی کونسولێ بۆ دۆستی ئێوە سەنجاویەکان گرنگیەکی زۆر قایلە ومنی بەرپرس کردووە کە لەلایەن دەوڵەتی

---

[1] نازانین ئەم عیسایە برایەتی یان برازایەتی...!؟

بـەریتانیاوە دوو مـەوزوع بـەتۆ پێـشنیار بکـەم. یەکـەم سـلێمان مـیرزا بدەیتـە دەسـتمانەوە. دووەم بـۆ پاراسـتنی ئەمنوئاسایـشی ڕێگـای قەسـری شـیرین وکرماشان (قەرە سواران) دابنرێت کە حەز دەکەن تۆ بەرپرسی ئەم کارە بگرێتـە ئەستۆ، وبۆ مەخارج وموچە وسەرفیاتی ئەم کـارە مانگانـە پـەنجا هـەزار تـوومـان دەخرێتە ژێر دەستانەوە.

دوای کەمێك سەرسامیو ژلێژان سەبارەت بەم پێشنیارە ناپەسەند ونابەجێیانە وچـاوەڕوان نەکراوانـە، لـە وەڵامـدا ووتم لەلایـەن منـەوە بـە کونـسولّ بڵـێ بـەپێی بەڵێنوتامین نامەیەك کە تۆلە بەغدا بە ئێمەت داوە، کە بێلایەنی دەوڵەت وخـەڵکی ئێران ڕێزی لێدەگیرێت، لەم ماوەیەدا بچووکترین کارێك لەلایەن ئێمەوە کە دوژمنی پیشان بدات نەبینراوە، سـلێمان مـیرزا یـەکێ لـە گـەورەترین ڕەهبـەرانی ئێرانـە و وێنەری پایەبـەرزی ئەنجومـەنی میللییـە ولـەماڵی ئێمـەدا میوانـە ونـەکارێکی دژی ئێوە کردووە ونە دەتوانێ بیکـات وداخـوازی تـەنها ئـەوە نـەبێ دەیـەوێ موتمانـە نامەیەکی پێبدرێ تا بگەڕێتەوە بـۆ تـاران، لـەم بارودۆخـەدا چـۆن دەتـەوێ ئێمـە خۆمـان تووشـی ڕسـوایی ونـەنگیو سەرشـۆڕی بکـەین ومیوانەکـەمان بەدەسـت بەستراوی بدەینە دەستتانەوە.

بەڵام سەبارەت بە (قەرەسواران) ئەمیش هەر ئەو پرۆسەی پۆلیسی ڕۆژئاوایـە کـە لەپێـشدا هـۆی قبوڵنـەکردنیم بـۆت ڕونکـردەوە وهێـشتانە هـەر لەسـەر ئـەو بیروباوەڕەم.

میرزا مەحمود خان بێئەوەی شەو لەماڵی ئێمـەدا بمێنێتـەوە گەڕایـەوە ودوای دوو ڕۆژ چووە ماڵی سەردار ناسر وپەیامێکی هەڕەشـەی ڕاگەیانـد. لەپەیامەکەیـدا ووتبووی سلێمان میرزا لەلایـەن عوسمانیـەکانو ئەڵمانەکانـەوە سـیخورە ولـەماڵی ئێوەدا دانیشتووە ورِاپۆرتچی ئەوانە، بەرپرسانی نیزامـی بـەریتانیا لـەم حاڵەتـەدا بێدەنگ نابن کە ناوبراو لـەم جەبهـەدا بمێنێتـەوە ولـە سـیخوڕی خۆیـدا بـەردەوام بێت، تۆ پێویستە سـلێمان مـیرزا بەدەسـتەوە بـدەیت، یـا لـەماڵ وعەشـرەتەکەت دووری خەیتەوە، بەپێچەوانەوە خۆت بە دوژمنی ئێمە بزانە.

سەردار ناسر لە وەڵامدا ووتبـووی کـە سـلێمان مـیرزا سـیخوڕ نیـە، بـەڵکو لـە دەست درێژی عوسمانیەکان هەڵهاتووە ودەیەوێ بۆ تاران بڕوات، من سەبارەت بە

موتمانەنامەی ڕۆیشتنی بۆ تاران تەلوگرافێکم بۆ هەیئەتی دەوڵەت لە کرماشان ناردووە بەداخەوە مۆڵەتی ناردنیان نەداوە، ئێستاکە ئەگەر کونسوڵ حەز بە ڕۆیشتنی ئەو دەکات موتمانە نامەیەکی بۆ بنوسێ کە لەنێو ڕێگەدا سەرباز ونیزامیەکانی ئینگلیس بەرۆکی نەگرن هەر ئێستاکە دەگەڕێتەوە بۆ تاران.

دوای بیستنی ئەم وەڵامانە کۆلۆنێل کنیۆن لە قەسری شیرینەوە بۆ خانەقین ڕۆیشت ومستەر سوون حاکمی سیاسی ئەو ناوچەیەیەی کە لەمەوبەر منی دەناسی وئاشنام بوو، سەید سلێمانی خانەقینی ناردە لام کە هەڵگری پەیامی درکدار وهەروا دڵخۆشکەریش بوو، وله پەیامەکەیدا هاتبوو ئەگەر هاتوو سلێمان میرزا بدەینە دەستەوە لەلایەن دەوڵەتی بەریتانیاوە پارە وپولونیشانتان دەدرێتێ، بەپێچەوانەوەماڵتان کاول دەبێت ونابووت دەبن. من ئەمجارەیش وەڵامم دایەوە ووتم ئەگەر دەوڵەتی بەریتانیا بیەوێت داد وپاراستنی میللەتە بچووکولاوازەکان بە زوڵم وستەم بگۆڕێتەوە ولەشوێنیدا جێگیری بکات، ئێمەیش ئەو کاتە کوشتنوتالانی خۆمانمان لە بێ شەرەفی ورسوایی لا پەسەند ترە ئامادە نابین بۆ قازانج وسوودی کاتی ئەم دنیایە بنەماڵە وتایفەکەمان لەکەدار بکەین.

زوسان هاتە پێشەوە ئێمەیش بۆ دابەشکردنی عێل لە شوێنو هەوارگە زوسانەکاندا ناچار بووین لەگەڵ عێلدا بڕۆین وهەر تایفەیەك لە شوێنە قشلاقیەکانیاندا دامەزرێن. ماڵی سەردار ناسر لەگەڵ بەشێکی عێلدا بەرەو لەوەڕگای ئاق داغ ڕۆیشتن ولە لەوەڕگایەکدا کە بە (بنە باریکە) بەناوبانگە نیشتەجێبوون. من لەگەڵ بەشێکی بچووکتردا لە دەوروبەری کانگا نەوتەکانی قورەتوودا مامەوە، سالار زەفەریش بە بەشێکی زۆرتری عێلەکەوە لە ناوچەی باغچە وقەتاردا بڵاوبوونەوە.

چەند ڕۆژێك دوای ئەم کۆچە گەورەیە نامەیەك لەلایەن کۆلۆنێل کنیۆن لە خانەقینەوە گەیشتە دەستمان کە لە من وسەردار ناسر داخوازی کردبوو کە لە ماڵی یەکێکماندا یەکتری ببینین، ولەبەرئەوەی وسیلەی یەکتری بینینی سلێمان میرزا وکونسوڵ برەخسێنین ماڵی سەردار ناسرمان بۆ بینینەکە دەست نیشانکرد.

لە ڕۆژی دیاریکراودا بەرەو ماڵی سەردار کە دوو فەرسەخێ لە ماڵی منەوە دوور بوو ڕۆیشتین، کونسوڵ کە پێش من گەیشتبوو، بینیم سەرگەرمی دانوستانن.

کۆلۆنێل کنیۆن بە سلێمان مـیرزای گـووت سـەرکردەکانی لەشـکر ونیزامیـەکانمان گومانیان لەتۆ هەیە وپێویستە لـەیرا نـەمێنیت. شـازادە وەڵامـی دایـەوە، یـەکجار سوپاسگوزارتـان دەبم کە مۆڵەتم بدەنێ کە تەلوگرافەکەم بگاتە هەیئەتی دەوڵـەتی ئێـــران وەســـیلەی ســـەفەرم دابـــین بکرێـــت. کۆلۆنێـــل وەڵامـــی دایـــەوە بیروبۆچوونوباوەڕی لەشکریەکانی ئێمە ئەوەیە کە پێویـستە تـۆ بـۆ بەغـدا بڕۆیـت وماوەیەك لەوێ بمێنێتەوە. سلێمان میرزا ووتی من لە سەرگەردانی و لەم لا و لـەو لا گەڕانە بێزاربوومە دەمەوێ بۆ تاران بڕۆم، تاران جەبهەی شەڕکە نیـە. کونـسوڵ بە تێکچوونەوە ووتی خەیر تـۆ ناتـەوێ لـەیرا بـڕۆی تـۆ ڕاپۆرتـچی عوسمانیـەکانو ئەڵمانیەکانیت، تۆ سیخوڕیانیت.

لە حەقیقەتدا ڕازی نـەبوونی ئینگلیـسەکان بـۆ گەڕانـەوەی سـلێمان مـیرزا بـۆ تـــاران بـــەهۆی پێویـــستییەکانی شـــەڕەوە نـــەبوو بـــەڵکو لەبـــەر تیئۆریـــە ئیمپریالیستیەکانیان بوو لە ئێراندا، چـونکە ئـەوان نەیاندەویـست ئـەو بگەڕێتـەوە تـاران وسـەرکردایەتی حیزبـی دیمکـرات بگرێتـە دەسـت. چـونکە کونـسوڵ ئـەم مەوزوعەی بە توندوتیژییەوە باس دەکرد سلێمان میرزا بێدەنگ بوو، سەردار ناسر ومن وەڵاممان دایەوە، ووتمان تۆ مافی ئەوەت نیە لەماڵی ئێمەدا بە شـازادەیەکی بەڕێزی ئێرانی کە نوماینـدەی پەرلەمانە، نوێنەرانی خەڵکی تارانە سووکی بکـەیت. کونسوڵ ووتی ئێـوەش لەگـەڵ عوسمانیـەکان وئەڵمانیەکانـدا هاودەسـتن ئازووقـە وخواردەمـەنییان بـۆ دەنێـرن. لـەم قـسەیە تووڕەبـووم. نـاردم لـەماڵی خـەڵکی ڕەمەکی دەوروبەری ماڵەکەماندا چەند پارچە نانی بەڕوویان هێنا، سـاڵی قڕوقـاتی وبرسێتی گەورەی ١٣٣٦کۆچی بـوو، نانـەکانم بـە کونـسوڵ پیـشاندا وپـێم گـووت خەڵکێك کە نانیان ئەمەبێت چۆن دەتـوانن ئازووقـە وخاروبـار بگەیەننـە ئـۆردووی بێگانـە؟ ئـەو بێئـەوەی وەڵامـێ بداتـەوە لـە ئۆردووەکـە ڕۆیـشتە دەرەوە. زۆری نەخایاند بە ڕوویەکی خۆشەوە گەڕایەوە، لەبەر تووڕەبوونەکەی عوزری هێنایەوە، ووتـی چـۆنە مـن وتـۆ سـێ کەسـە پـەیمانێك بەیـەك بـدەین؟ ووتمـان بەوپـەڕی خۆشحاڵییەوە حەز لە دۆستیت دەکەین وبۆ بەستنی پەیمان ئامادەین. نووسـینێك لەلایـەن کونـسوڵەوە بـە خـەتی مـیرزا مـەحمود سـکرتێری کونـسوڵخانە نووسـرا وکۆلۆنێل (کینۆن) واژووی کرد تیدا نووسرابوو شازادە سلێمان میرزا وئێمە لەگـەڵ

ئەڵمانیەکانـدا پەیوەنـدیمان نـەبووە ولەلایـەن ئینگلیـسەکانەوە موتمانـەدراوین، لەلایەن ئێمەیـشەوە سـلێمان مـیرزا بـە خـەتی خـۆی هـەر بـەو دەقـە نوسـراوێکی نووسی، وهەرسێکمان ئیمزامان کرد ودامان پێی.

لەمـەودوا مەجلیـسەکە دۆسـتانە بـوو سـلێمان مـیرزا تکـای لـە کونـسوڵ کـرد بەهۆی بەرپرسـانی باڵوێزخانەکەیانـەوە بـۆ دانوسـتان لەگـەڵ هەیئـەتی دەوڵـەتی ئێرانـدا تـەلوگرافێ بکـات و وەسـیلەی گەڕانـەوەی بـۆ تـاران فەراهـەم بکرێـت، کونسوڵیش لەم بارەیەوە بەڵێنیدا پێی، دوایـی بـە سـلێمان مـیرزای گـووت مـسیو ئاسـتوکس کـە لەپێـشدا وابەسـتەی نیزامیـو لەشـکریی بـووە، لـە باڵوێزخانـەی ئینگلیسدا لە ئێران لەگەڵ تۆ و تەقیێ زادەدا دۆستە نامەیەکی لەڕێگای سیخوڕێکی تایبەتییەوە بۆ تەقیێ زادە ناردووە، هـەر لـەم ڕۆژانـەدا لەگـەڵ هەیئەتێکدا بـەرەو هەمەدان وتاران دەڕوات، سلێمان میرزا ئاشنایی پیشاندا لەگەڵیدا وتکـای کـرد کـە ببینێ. ووتی بێگومان یەکتری بینینی تۆ ومـسیو ئەسـتۆکس پێویـستە ومـن ئـەم کارە دەرەخسێنم. سلێمان میرزا بینینی ئەوی بـەلاوە گـرنگ بـوو، دەیویـست کـە لەڕێگای ئەوەوە وەسیلەی تاران ڕۆیشتن بەدەست بهێنێت.

دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ کونسوڵ خاوەن پلەیەکی لاوی بیست ودوو ساڵەی کە لەخێوەتەکەی سوارەکاندا بوو بانگ کرد، وبەئێمـەی ناسـاند کـە ئەنـدازیارێکی نەخشەکێـشانە وبەرپرسـە، کـە لـە هـەموو دەوروبـەری دەڤـەری خانـەقین وئـەم سـنوورە نەخشەکێـشی بکـات وئـەمرۆ بـۆ بینینـی تـۆ لەگـەڵ منـدا هـاتووە. ئەندازیارەکە ناوی شوێنی ماڵەکـەی سـەردار ناسـر ودوو قـشڵەکەی نزیکـی ئـەوی پرسی، کونسوڵ نزیکەی عەسر بۆ خانەقین گەڕایەوە، بەڵام ئەندازیارەکە نزیکـەی چەند سەعاتێك لە دەوروبەری ماڵەکەی سەردار ناسردا بە نەخشەکێشان سەرگەرم بوو. مەعلوم بـوو کـە کونـسوڵ ئـەم کەسـەی بۆیـە بەتایبـەت هـاوردووە کـە هـەم سـلێمان مـیرزا بناسـێت وهـەم لـە چـاڵوبەرزی ونزمـی ڕێوبـانی دەوروبـەری مـاڵی سەردار نەخشە بکێشێ تا لەکاتی پێویستدا بەرچاویان ڕوون بێت ئەگـەر ویـستیان کارێك ئەنجام بدەن[1].

[1] ڕاستکەرەوەی ئەم بیرەوەریانە دەڵێت لەو ڕۆژەدا کە کونسوڵی ئینگلـیس هاتـە مـاڵی ئێمـە، باوکم بە جەمعێ سوارەوە بۆ پێشوازی ئەو ڕۆیشت منیشی لەگەڵ خۆیدا برد، من تفـەنگێکی

## دیلیی سلێمان میرزا

دوای ئـەم کۆبوونەوەیـە دڵنیابووینـەوە ولـەو شـوێنەدا ماینـەوە، نزیکـەی حەفتەیەك تێپەڕی، سلێمان میرزا چاوەڕێی بینینـی ئەستۆکسی دەکـرد، مـەعلوم بوو بێئـەوەی ئاگـاداری بکـەن تێپـەڕیووە وبـەرەو هەمـەدان ڕۆیـشتووە. نزیکـەی تەواوبوونی هەفتەی دووەم کە دەوروبەری عەسر فڕۆکەیەکی بچووکی شناسایی لە نزیـك زەوییـەوە بەسـەر ماڵەکـەی سـەردار ناسـردا هەڵـدەفڕی، ئەوانـە بێئـەوەی ترسێکیان بۆ دروست بووبێت ئەم ڕووداوەیان زمنی چـالاکی وجوڵانـەوەی نیزامـی ولەشـکری ئینگلیـسەکان دەژمـارد. کـە ئینگلیـسەکان دڵنیـادەبن لـە بـارودۆخی ماڵەکەی سەردار کە گۆڕانکارییە بەسەریدا نەهاتووە، لەشەوی هەر ئەو ڕۆژەدا کـە مستر سوون حاکمی سیاسی خانەقین نزیکەی چوار هەزار سـەربازی ئینگلـیس کـە لە شاردا بوون دەجوڵێنێتەوە، بـەپێی نەخـشەیەك کـە ووردەکارییەکـەی لەپێـشدا کێشرابوو ئەو هێزەی بە سێ بەشەوە دابەشکرد. کە بەشی سەرەکی لەگەڵ خۆیدا بەرەو مـاڵی سـەردار ناسـر دێـن، بەشـەکەی تـر بـە تـۆپ ومـەتریلۆزەوە دەنێرنـە دەروازەی (دەربەند حەق) کە لەنێوان ماڵی من وسەردار ناسردا بـوو کەلەوێـدا کـە لەوێـدا دامـەزرێن وڕێگـەمان لێ ببەسـتن، بەشـی سـێیەم بـە مـەتریلۆز وچـەند ئۆتۆمبیلێکی شەڕەوە لـە شـوێنێکدا کـە بـە (وەلـەد کـوژراو) بەناوبانگـە سـەنگەر دەگرن، کە نێـوان مـاڵی سـالار زەفـەر وسـەردار ناسـریش بگـرن ونەیـەڵن کۆمـەك ویارمەتی پێبگەیێت. مستر سـوون لەگـەڵ ئـەو هێـزەی کـە لەگـەڵیا بـوو بێـدەنگ وئـارام دەجوڵایـەوە، وبەشـەو دەوروبـەری مـاڵی سـەردار ئابڵوقـە دەدەن، چـەند دەستگای تۆپی گەورە بۆ (قشلەی ئەنبار ئاو) کە لە مەودای هەزار پێی ماڵەکانـدا

---

ڕاوی پێنج تیری دووربینداری ئەڵمانی بە شانمەوە بوو، یەك ئەفسەری هیندی کـە زۆر نزیکـی کونسوڵ دەڕۆیشتە ڕێگاوە سەیری تفەنگە ئەڵمانیەکەمی کرد وگووتی ئـەو تفەنگـەت لـەکوێ هێنـاوە؟ ووتم بـاوکم بـە منـی داوە. ووتـی ئـەو لـەکوێوە هاوردوویـەتی؟ ووتم نـازانم لـەکوێ سەندویەتی.؟ لەو کاتەدا تەمەنم ١٢– ١٣ساڵە بوو، لە یادمـە دیمـەنی ئـەو هیندییـە کـە لـە دەفـری گـەرمتر لـە خواردمەنییـەك دەچـوو، بەڕیـشە خـڕ وتۆپکراوەکەیـەوە کـە بـە قـەیتان بەسترابوو وپانتۆڵە کورتەکەیەوە یەکجار جێی نەفرەت وقێز هاتە بەرچاوم.

بــوو دەبــەن. تۆپــە بــچووکەکان ومــەتریلۆزەکان لــە تەپــەکانی پــشتی مالّــدا وڕووبەڕووی ماڵەکەمان دادەمەزرێنن.

لەگەڵ خۆرهەڵاتندا کـە هێـشتانە دنیـا تاریـك بـوو پـەنجا سـواریّ دێنـە سـەر بەرزییەکی بچووك کە لەنێوان خێوەتی ئەندرۆنی ماڵەوە وخێـوەتی دیوەخانەکـەدا بوو، لەوێدا دادەمەزرێن. سەردار لە خەو هەڵدە ستیّ وپاسـەوانەکە بـانگ دەکـات کە دەنگی پێی ئەم ئەسپانە چی یە؟ پاسەوانەکە دێتە نێو چـادرەکە وبەهێواشـی دەڵێــت کــە هێزێکــی زۆر دەوری ماڵیــان تەنیوەتــەوە. ســەردار لەجێگەکــەی هەڵدەسـتیّ، تفـەنگ وفیـشەك لغەکـەی دەبەسـتیّ، لـە گۆشـەیەکی خێوەتەکـەوە سەیردەکات دەبینێت کە هەموو هێزەکە سەرباز ولەشکری نیـزامین، لوولـەی تـۆپ ومەتریلۆزیان بەرەو خێوەتەکان نیشانە گرتـووە، لەهـەر لایەکـەوە سـەیر دەکـات ماڵەکەی لە ئابلۆقەدا دەبینیّ. بە میهتەرەکەی دەڵێت ئەسپەکەی بـۆ زیـن بکـات، لـەم کاتـەدا خزمەتکارەکـەی مـاڵی سـەردار لـە خێـوەتی دیوەخانەکەیـەوە یەتـە خێوەتی ماڵ ومنداڵەکان ودەڵێت، سلێمان میرزا وعیسی میرزایان گرتوو بردیان.

خوێنەر دەتوانیّ بێتە بەرچاوی کە لەم خەبەر بیستنە چـی حـاڵی بـۆ سـەردار ناسر سەرۆکی عێل کە سیّ ساڵی ڕەبەق بە ئیمان وئـیخلاس وخۆنەویستییەوە لـە ڕێگای نیشتماندا خەبات وفیداکاری کردووە پێـی دەسـت دابێـت. ئـەو هـەزار جـار ڕازی بە مەرگی خـۆی بـوو بـەلاّم ئـەم کارەسـاتە شـەرمهێنەر ودڵتەزێنـەی بەسـەر خۆیی وبنەماڵەکەیدا نەهاتبایـە، وبەوبڕوایـەوە کـە بـەڵکو ئـەویش بگـرن ولەگـەڵ میوانەکاندا بیبەن بـیّ چـەك لـە خێوتەکەیـەوە دێتـە دەرەوە وبـەرەو سـوارەکانی ئینگلــیس دەڕوات. موحەمــەد بــەگی ســورە مــیری کــە ســەرکردەی ســواری عەشایرەکان بوو بەدەنگی بەرزەوە بەخەڵکی ماڵەکـە دەڵێـت ئاسـوودەبن کەسـیّ کاری بەسەر ئێوەوە نیە.

دوای ئەوەی دەسیسەی خائینانەی ئینگلیسەکان سەری گرت لـە تەپەکانـەوە بـە ئـالاّ ئامـاژەی جولاّنـەوە وحەرەکـەت دەدەن وهـەموو لەشـکرەکە لـە گۆشـە وکەناردا بلاّوبوونەوە ولەبەردەم ماڵی سەردارەوە تێدەپەڕن. نۆکەرەکانی سـەردار لـە دیوەخانەکـەدا ئـەو خـاوەن پلـەی ئەنـدازیاری نەخشەکێـشەی ئینگلیـسەیان ناسـیبوو کـە لەگـەڵ دە سـەربازی پیـادەدا، لەگـەڵ ئیـسماعیل چـاووش کـە لـە

سەربازە هەڵهاتووەکانی تورك بوو، کە ماوەیەك لە خزمەتی سلێمان میرزادا بووە، دێتە نێو خێوەتەکەی شازادەوە. شازادە لە خێوەتەکەی دێتە دەرەوە لەو بڕوادا بووە ئەمانە هاتوون بۆ گرتنی سیخوڕی ئەڵمانی دەڵێت من سلێمان میرزام ئەگەر کەسێکی ترتان دەویٚ لەیرادا نیە. ئەو ئەندازیارە دەڵێت خەیر تۆمان دەویٚ وتۆ دەست بەسەریت. شازادە کە دوایی بۆمانی گێڕایەوە پێی ووتبوو مۆڵەتم بدەنیٚ دوو رکعات نوێژ بکەم، چەند خولەکیٚ مۆڵەتی پێدەدەن. دەڕواتە نێو خێوەتەکەیەوە، چەند نامەیەکی گرنگی هەبووە دەیدڕیٚ وپارچەپارچەی دەکات دەیخاتە نێو لەگەنێکەوە، دوای نوێژکردن دێتە دەرەوە سواری ئەسپێکی دەکەن، بەڵام عیسی میرزا و هەر دوو خزمەتکارەکانیانەوە شەفیع خان وکازم ئاغا بە پیادە دەخەنە پێش خۆیانەوە، سوارەکان وپیادەکانی لەشکرەکە بەدوایاندا دەکەونە ڕیٚ[1].

---

[1] ڕاستکەرەوەی ئەم بیرەوەرییە دەلێت بە پێویستی دەزانم بیرەوەری خۆم لەم بارەوە هەروەك منالانەیش بێت بنووسم. لە هاوینی ئەو ساڵەدا چەند ڕۆژێك پێشهاتنی شازادە سلێمان میرزا بۆ ماڵمانلە خزمەت باوکمدا بۆ دەست ماچکردنی موشەرەف بووم. باوکم پێشینەی خوێندنمی لە قوتابخانەی سەمسامییەی قەسری شیرین لای هەندیٚ لە کۆچکردووەکان پێڕاگەیاند ودوای کورتە ئازموونیٚ لێم ئەمری فەرموو سبەی بە کتێوەکانی دەستمەوە بگەمە خزمەتی. لەمەودوای هەموو ڕۆژێك من وبرا بچووکەکەم عەلی ئەسفەرخان لە خزمەتیاندا زانوی ئەدەبمان دادەهێنا ولەبەرامبەریاندا دادەنیشتین. من لە خزمەت شازادەدا وبراکەم لە خزمەت عیسا میرزادا بە دەرس خوێندن سەرگەرم دەبووین. کتێوەکانی دەرسی من پتر بریتی بوو لە حیساو، ئەندازیاری، مێژوو، جوگرافیا بوو. دەرسدانەوە وشێوەی دارەسدانەوەی ئەوەندە شیرین وتێکەڵاو بە لوتف ونەوازشت بوو ئەم شعرەی دەخستەوە یادم:

**درس معلم گربود زمزمە محبتی**

**جمعە بە مکتب رود طفل گریزپارا.**

بە مانا ئەگەر دەرسەکەی بە مەحەبەت ونەرم ونیانی ونەوازشتەوە تێکەڵاو بکات، بێگومان جومعەکانیش قوتابیانی هەڵهاتوو لە قوتابخانەکان دەگێرێتەوە بۆ خوێندن.

چەند مانگێك ئەم دەرسخوێندنە بەردەوام بوو، دەورەیەکی تەواوی حیساو بەپێی کتاوە بچووکەکەی موسی خان کە لە ئەعمالی چوارینەوە تا حیساوی ئەعشار وکەسر وتەناسب وموعادەلات وجەزر وپێشەکی لۆگاریتم فێربووم، لە حیساودا زۆر سەرکەوتوو وزیرەك بووم

ئینگلیسەکان میرزا تاهیری تەنگابنی وحاجی محەمەد تەقیێ شارودی کە خێوەتەکەیان نزیك خێوەتەکەی سلێمان میرزا بوو نەیانگرتن، چونکە لەوان لە ئاستی ڕامیارییەوە ترسێکیان نەبوو، بەڵام بۆچی سەردار ناسر خۆیان نەگرت ونەیانبرد؟ دەتوانرێ بەچەند شێوەیەك لەیەك بدرێتەوە. یەکەم: دەیانویست نیشانی بدەن کە دوژمنایەتیەکی تایبەتییان لەگەڵ ئێمەدا نیە وئامانجیان تەنها سلێمان میرزایە، تا بتوانن لەمەودوا بۆ مەقسودەکانی ناوخۆ بەکارمان بهێنن.

---

کە هەموو موعادەلاتێکم دەزانی دوای ئەوەی جەنابی میرزا تاهیری تەنگابونیش هاتنە ماڵمان حەفتەی یەك دوو جار دەگەیشتمە خزمەتی ولە خەتە جوانەکەی بەهرەم دەبرد یا لەخوێندنی شعرەکانی (حافز وسەعدی) (مەسنەوی) خەریك دەبووم.

لە ڕۆژەکانی دوادواییدا کە ماڵمان لە (بەندەر باریك) بوو، شازادە حەزی دەکرد کە سنفی دەرس خوێندن بۆ پیاوە تەمەندارەکان ڕێك بخات. دەوارێکی گەورەی چوار ستوونی لە نزیك چادرەکەیدا بۆ هەڵدرا وفەرشیان کرد. شەوان خوێندن دەستی پێدەکرد، جەمعێ لە خزمەتکارەکان وکوێخا زادە لاوەکان لەو دەرسانەدا بەشدارییان دەکرد. شازادە بە بەیانێکی گەرم و دڵنشینەوە بە دەرسدان وفێرکردن سەرگەرم دەبوو، قسەکانیم زۆرجار بۆ کوردی وەردەگەڕاندەوە.

ئەو شەوەی لە بەیانیەکەیدا ڕووداوی دەستگیری ئەو ڕوویدا من لە دەوارەکەی ماڵەوەدا لە گۆشەیەکدا کە تایبەت بەمن بوو و ڕۆژان لەوێدا بە ئامادەکردنی دەرس وخوێندن سەرگەرم دەبووم، خەوتبووم، هێشتانە دنیا تاریك بوو خزمەتکارێ کە لەلای من بوو ولەلای جێگاکەمدا دەخەوت بەپەلەو ژلێژاوی لە خەو هەڵیساندم وپرسیم چی ڕوویداوە؟ ووتی دەمانەوێ کۆچبکەین. ووتم بۆچی منت بەم زووە لە خەوهەڵساندووە؟ بە هێواشی ووتی دەوروبەری ماڵەکەمانیان ئابڵۆقەداوە. گۆشەیەکی دەوارەکەی هەڵدایەوە بینیم لە مەودای خێوەتەکەی ماڵدا لەگەڵ خێوەتەکەی موبەقدا جەمعێ سەربازی تفەنگ بەدەست ڕاوەستاون. ماڵەکەی ئێمە لە چاڵێکدا بوو بەو مانایەی دەوروبەری تەپە وبەرزایی گرتبوویە بەر ترسێکی فراوان ژن ومناڵمانی گرتەوە، خوشکە بچووکەکەم بە گریان وزاریەوە دەکەوتە سەر دەست وپێی باوکم تکای لێ دەکرد کە تەقە نەکات. دوای ئەوەی کە شازەدە وهاورێکانیان گرت وبردنیان سەربازە هیندی وئینگلیسەکان لە بەردەم ماڵمانەوە تێپەڕین وڕۆیشتن. باوکم مەلول وماتەم لەگەڵ هەندێ لە خزمەتکارەکاندا بەسەر تەپەیەك کە ڕووبەڕووی خێوەتەکانمان بوو کۆبوونەوە بێ ئەوەی بەرتەکی نیشان بدەن یا بتوانن شتێك ئەنجام بدەن. لەیادمە تا کاتێك ماڵمان لەو شوێنەدا بوو ڕۆژی جارێك دەچوومە شوێنی چۆڵی خێوەتەکەی شازادە و بە تەنهایی فرمێسکم دەڕژاند لەو شوێنەدا.

دووەم: دەیانویست بنەماڵەی ئێمە دوای ئەم هەموو فیداكاری وخەبات وبەناوبانگییە لە نەزەری خەڵكدا ناشیرین وبەدناو بكەن ودەستگیری سلێمان میرزا گوایە بەپێی نەخشەیەكی لەپێشەوە كێشراو بووە، كە ئێمەیش دەستمان تێیدا بووە. سێیەم: من لەو كاتەدا لەژێر دەستماندا نەبووم بەمانەوەی من وسالار زەفەر ودەستگیری تەنهای سەردار ناسر سوود وقازانجێكی بۆیان نەبوو وئەنجامێكی بەرژەوەندی داری لێنەدەكەوتەوە وڕێی تێدەچوو زەحمەتیان بۆ دروست بكرێت.

هەرچۆنێ بێ نەگرتنی سەردار ناسر بە هەر هۆیەك بووبێ، دیلی سلێمان میرزا لە ماڵی ئێمەدا شێوەیەك لە جینایەتیی پیاو فڕاندنە، پەیمان شكاندن وبەدڕەفتاری ونالەباری وپیاوخراوی ئینگلیسەكان دەژمێردرێ كە بووە هۆی سەرشۆری وهۆی ترس وتۆقاندنمان. لەم بارودۆخەدا چۆن دەمانتوانی لەمەودوا لەنێوان خەڵكدا سەربەرز بكەینەوە وبۆ هاووڵاتیەكانمان بێخەتایی وبێگوناهیمان بسەلمێنین.

ئێمە بەشێوەیەك بێ خەبەر وئیغفال ونائامادەبووین كە ئینگلیسەكان بێ ئەوەی فیشەكێ بتەقێنن توانییان میوانەكە لە ماڵمان بڕفێنن، ترسێ لەم لایەنەوە، كەدوای ئەم سەرشۆرییە جارێكی تر ڕووداوێكی وەهامان بۆ بێتە پێشەوە ونەتوانین بە سوڵح وئاشتی بژین، لە ئارادابوو بۆیە پێویست بوو هەرچی زووتر خۆمان ساغكەینەوە وبیخەینە لایەكەوە، هەرچی لەتوانامانداییە بۆ قەرەبووكردنەوەی ئەوەی كە ڕوویدا هەوڵ وكۆشش بكەین[1] .

---

[1] دەستگیری سلێمان میرزا لە دەوروبەری زەمانی سەرۆك وەزیری موستەوفی ئەلمەمالیك لەكۆتایی مانگی بەهمەنی ساڵی ١٢٩٦هەتاوی ڕوویدا، و ڕەنگدانەوەیەكی مەزنی لە تاراندا لێدەكەوێتەوە، هەواڵەكەی لە ڕۆژنامەكانی ئێران لەمێژووی دووشەمە ٢٩ی بەهمەنی ١٢٩٦ ڕێكەوتی شەشەمی جەمادی یەكەمی ١٣٣٦ك/ ١٧فوریە ١٩١٨ دا بڵاوكرایەوە، لە چوارشەمەی هەشتی جەمادی یەكەمدا كۆمیتەی تارانی پارتی دیمكراتی ئێران ئیعتیرازنامەیەكی بڵاودەكاتەوە كە تێكڕا نوێنەرانی پارتە سیاسیەكان وچین وتوێژی جۆراوجۆری میللەت بۆ كۆبوونەوەیەكی گشتی بانگهێشت دەكات، لەو بانگهێشتنامەدا سەرجەم ڕاگەیەندرابوو كە لەم كۆبوونەوەی میللەتی ئێراندا بە هێز وتوانایەكی پتەوەوە بەرگری ئەخلاقی خۆی لەمەر ئەم كردەوە جینایەتكارانەیە نیشان دەدات وئاشكرای دەكات.

هێشتاکە لە زوستان ماوەیەکی مابوو تایفەکە ناچار بوو بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان لە شوێنە قشلاقەکاندا بمێنێتەوە، ناچار ماڵی سەردار ناسر ومن لەگەڵ ژمارەیە کەم لە خزمەتکاردا شەوانە بەرەو شاخی شەواڵ درە لە شاخەکانی دەوروبەری زەهاو وسەرقلا نزیك بە جەبهەی عوسمانیەکان کۆچمانکرد، سالار زەفەریش لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەرەو کێوی (بازی دراز) لە باشووری قەسری شیریندا کۆچی کرد، وتایفە سەرەکیەکە لە لەوەڕگای باخچەدا مایەوە. هەر کە ئینگلیسەکان لە گومانی ئێمە وکۆچی کتوپڕمان ئاگادار بوون کونسوڵ نامەیەکی

---

هەندێ لە دەقی ئەم بەخشنامەیەی هەشتەمی ئەسفەندی (١٢٩٦) هەیئەتی بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکەلە ڕۆژنامەی ئێراندا بەم دەقە بووە:

هاونیشتمانان ستەم ودەستدرێژی دەوڵەتی ئینگلیس سەبارەت بە دەوڵەتی ئێران لە سنوور تێپەڕیووە ئێستاکە دەس درێژییان گەیشتۆتە وێنەرانی میللەت ونوماینەدەکانی ئەنجومەنی میللی، یەك یەك بە فێڵ ودەسیسەی جۆراوجۆر دوور دەخاتەوە ودەستگیریان دەکات. ئێمە بەناوی عەزەمەت وشکۆی میللەتی کۆنی ئێرانەوە لەلایەن هەموو چینە جیاوازەکانی میللەتەوە سەرجەم حیزبە سیاسیەکانەوە بۆ بەرگرییەکی ئەخلاقی بانگهێشتتان دەکەین. لە ژمارەی دەیەمی ئەسفەندی ١٢٩٦ ڕۆژنامەی ئێراندا ئەم هەواڵە بلاوکراوەتەوە "کە سێ سەعات پێش خۆرئاوا، بەپێی بەخشنامەیەك کە لەمەو پێش بلاوکرایەوە نزیکەی بیست هەزار کەس لە خەڵکی تاران لە مەیدانی تۆپخانەدا کۆبوونەوە وقوتابیەکانی قوتابخانەکانیش بە ئالای نیشتمانییەوە وگەرمییەکی تایبەتیەوە بۆ بەشداری لەم کۆبوونەوەدا ئامادەبوون. لە کۆتایی ئەم کۆبوونەوەدا نامەیەکی پەلە لە وەزارەتی دەرەوە گەیشت خوێندرایەوە، تێیدا هاتبوو کە بەپێی نامەی باڵیۆزخانەی ئینگلیس "دەوڵەتی فەخیمەی ئینگلستان" ئامادەیە بەپەلە لەگەڵ دەوڵەتی بەرزی ئێراندا بۆ دانوستان وپەیوەندی دۆستانە سەبارەت بە پۆلیسی باشور وڕۆیشتنە دەرەوەی هێزەکانی لە ئێراندا بکەوێتە دانوستانەوە. لەسەر ئەم نامەیە کۆبوونەوەکە دەوەستێنرێ، بەلام قسەکەرەکە ئەم خەبەرەی بلاوکردەوە دەڵێت "هەروەك ئەم نامەی باڵیۆزخانەی ئینگلیسە لەگەڵ بەڵێنە نووسراو وسەرزاریە هەڵخەڵەتێنەرەکانیان لەیەك دەچێت". لەگەڵ ئەمەیشدا بۆئەوەی باڵیۆزخانەی ئینگلیس نەتوانێ بەهانەیەك سەبارەت بە هاوکاری نەکردن لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا بەدەست بێنێت بە شێوەیەکی کاتی بە چاوەڕوانکردنی بەڵێنی ڕاستەقینەی ئینگلیسەکان ئەم کۆبوونەوە ڕادەوەستێت، بەلام لە حەقیقەتدا ئەو یارمەتیە پراکتیکیە هەرگیز نەبینرا. سلێمان میرزا ماوەی سێ ساڵ لەبەغدا وهیندستان لە دیلیدا دەمێنێتەوە تا لەکۆتایی ساڵی ١٢٩٩هەتاویدا ئازاد دەکرێت وبۆ ئێران دەگەڕێتەوە.

دۆستانەی بـۆ سـەردار ناسـر نووسـی وکردەوەیـەك سـەبارەت بـە  سـلێمان مـیرزا کرابـوو گەڕاندبوویـەوە بـۆ هـۆ و پێویـستیەکانی زەمـانی شـەڕ، ولەترسـی ئێمـە سەرسامی نیشاندابوو ودڵنیامانی کردبوو کە سـەبارەت بـە ئێمـە نـەزەرێکی خـراو لەئارادا نیە. سەردار وەڵامی ئەم نامەیەی دایەوە کە فڕاندنی سلێمان میرزا لەماڵی مندا لەکەیەکی عـار وڕسـواییە بەسـەر شـانی بنەماڵـە وتایفـەی سـەنجاوییەوە کـە قابیلی شۆرین وسڕینەوە نیە مەگەر بە خوێن.

پازدە ڕۆژێك لە دامێنی کێوی شەروالّ دڕە دابـووین کـە شـێخ حوسـەین خـان بەناوی سەرکردەی نوێ (تەشکیلاتی قەرەسواران) هاتە ماڵەکـەم ولەلایـەن مەجـد ئەلمولکەوە حاکمی کرماشان هەڵگری بڕیارێك بوو بۆ سـەردار ناسـر، جەگـە لەمـە فەرمانی کارێکی گشتی بۆ هەموو سەرکردەکانی عەشایری ڕۆژئاوای هـاوردبوو کـە تێکـڕا سـوارەکانیان بـۆ خزمـەتی حکومـەت دەسـت نیـشانکراوە وبیخەنـە ژێـر دەسەڵاتی ئەوەوە ولە ئەو مووچە وەربگرن.؟ ووتم ئەم مووچەیە لـەکوێوە دەدرێ بـەم سـوارانە؟ وەڵامـی دایـەوە بڕیـارە ئینگلیـسەکان لـە قەسـری شـیریندا ئـەم مووچەیە بدەن، وئێمەیش بیدەینە قەرەسوارەکان. نامەکانم وەرگـرت وسـواربووم ڕۆیشتمە مـاڵی سـەردار ناسـر کـە سـەبارەت بـە وەڵامـی نامەکـەی حـاجی مەجـد ئـەلمولك دانوسـتان بکـەین. پـەنجا پێیـەك نەڕۆیـشتبووم بانگیـان کـردم ووتیـان ژمارەیە سواری ئینگلیس خەریکن بۆ ماڵمان دێن. گەڕامەوە، پیادەبووم وئەوانیش پیادەبوون. بینیم لەجیاتی ئینگلیسەکاندا (فوندرفل)ی ئەڵمانیە بە بیست سـواری هینـدی وئەفغانیـەوە، بـەجل وبـەرگی هینـدی وئەفغانیـەوە هـاتوون. درێـژی ئـەم ڕووداوەم بۆ سەردار ناسر نووسی ئەویش تەشریفیان هێنا. نامەی مەجد ئەلمولکم دایـە سـەردار، شـێخ حوسـەینیش بەرپرسـی خـۆیی لەخزمـەت ئینگلیـسەکاندا بـە گەرمییەوە باسکرد، وفەرمانەکانی بەسەردار نیشاندا. فوندرفل بەپرسـیاریەتیەکی زانی وکەوتە ئەو بیرەوە کە نامەو فەرمانەکانی لێ بـسێنێ، ئامـاژەم بـۆ حوسـەین خان کرد نەیداتێ خۆم بە نووسینی وەڵامـی نامەکـەی مەجـد ئەلمولکـەوە خـەریك کـرد، کـە لـەناکادا فونـدرفل لـە شـوێنەکەی هەڵـسا ودڕندانـە پـەلاماری شـێخ حوسەینیدا وخۆی خستە سەریا. نوسخەکانی لە جانتاکـەی بـەزۆر دەرکـرد ودایـە دەست یەکێ لە خـاوەن پلـەکانی هاوڕێیـدا. دۆسـتانە تکـام لێکـرد کـە جانتاکـەی

بداتەوە، ڕازینەبوو، منیش هەڵچووم وبەزۆر جانتاکەم لێیان سەندەوە ودامەوە شێخ حوسەین خان. فوندرفل بە عاجزییەوە وبەتانەلێدانەوە سەبارەت بە دیل گرتن وگرفتاری سلێمان میرزا لە خێوەتەکە چووە دەرەوە. بەڵام زۆری پێنەچوو، پەشیمان لەو کردەوە دڕندانەی خۆی گەڕایەوە بێئەوەی کەسێ بایەخێکی بداتێ عوزری هێنایەوە.

وەڵامێکم بۆ حاجی مەجد ئەلمولك نوسی بەم دەقە: بڕیاری دامەزراندنی قەرەسواران پێویستە لەلایەن کابینەی دەوڵەتەوە داکۆکی لەسەر بکرێت وموچەی سوارەکانیش لە دارایی دەوڵەتی ئێران بدرێت. سەرزمانی بە (حوسەین خان)م گووت ئەم تەشکیلاتە کە حاجی ئەلمولەك بەناوی قەرەسوارانەوە دەیەوێ بۆ ئینگلیسەکان دروستی بکات هەر ئەو پۆلیسی ڕۆژئاوایەیە کە لەپێشدا حوسەین زادە بەرپرسی بوو ودوای وەلانانی میراتەکەی بۆ موعازید ئەلمولك گەڕایەوە کە نەیتوانی کارێك بواتە پێشەوە وکوژرا، ئێستاکە میراتەکەی موعازید ئەلمولکیش بۆ حاجی مەجد ئەلمولك گەڕاوەتەوە کە پارەوپولێکی فراوان وگەزاف لە ئینگلیسەکان وەربگرێت، وبەناوی قەرەسوارانی پۆلیسی ڕۆژئاوایان بۆ دابمەزرێنێت، ئێمە لەسەرەتاوە دژی ئەم کارە بووینە وئێستاکەش هەر دژی ماینەتەوە.

## کارەسات وفاجیعەی دەشتی حر

لەسەرەتای بەهاری ساڵی ١٢٩٧هەتاوی/ ١٣٣٦ك و١٩١٨ز عێل کەم کەم بەرەو شوێنە ئیلاخییەکان دەگەڕایەوە. ماڵی سەردار ناسر ومن لەگەڵ نزیکەی سێیەکی تایفەکەدا، لە لەوەڕگاکانی زەهاودا کۆبووینەوە چاوەڕوانی گەیشتی ماڵی سالار زەفەر وپاشماوەی عێل لەناوچەی باخچەوە دەکرد.

لەو شوێنەدا بوو کە حاجی محەمەد تەقیێ شارودی بازرگانی خۆشناو وفیداکار کەلەنێو کۆچکەرەکاندا لەگەڵ میرزا تاهیری تەنگابنیدا بوو تووشی نەخۆشیەکی درێژخایەن هات ولەماڵی سەردار ناسردا کۆچی دوایی کرد. ئەوان دوای گرتنی سلێمان میرزا لەگەڵ قۆناغ بە قۆناغی کۆچی ئێمەدا بوون.

لەم ماوەیەدا میرزا بە دەرمان وتـەداوی نـاوبراو سـەرگەرم بـوو. دوای فـەوتی حـاجی محەمـەد تـەقیٚ شـارودی مـیرزا تـاهیریش بـە موتمانـە وەرگـرتن لـەڕێگای سەرەکی وگشتیەوە چووە کرماشان ولەوێوە بۆ تاران گەڕایەوە.

ئینگلیسەکان کە لە هاوردنمانە نێو ڕیزی خزمەتکارەکانیانەوە نائومید بـوون، پێش ئەوەی کە عێلی سەنجاوی بگەڕێتـەوە شـوێنە ئێلاخییـەکانیان کەوتنـە ئـەو هەوڵەوە هەر لەڕێگای کۆچدا کە ئێمە لەنێوان تایفـەکانی تـردا ئابلۆقـە دراویـن دە ستمان لیٚ بوەشێنن. بۆ ئـەم ئامانجـە لـە پێشەوە سلێمان خـانی ئـەمیر ئـەعزەم سەرۆکی عێلی کەڵوریان هاوردە پێشەوە وئـەویان بـۆ خـودرەوی تایبـەتی خۆیـان بـردە خزمـەتی جەنـەراڵ (سـێر پرسـی کـۆکس) فەرمانـدەی (میزۆپۆتومیـادا) وجێنشینی جەنەراڵ (مۆد) لە بەغدا.

ئەم کەسە جگـە لـە پێشبڕکیٚ وململانـیٚ کۆنـەکانی عێلایـەتی کینـە وڕکێکـی تایبەتی سەبارەت بە ئێمەی لەدڵدا بوو، کە پێش ڕوودانی شەڕی نێو دەوڵەتی ولە دەوروزەمانی حکومەتی فەرمانفەرمادا لەگەڵ برازاکەی ونەیارەکەی عەباس خـانی ئەمیر مەخسوسدا هاوکاریمان کردبوو، ولەدوو شـەڕی خوێنـاوی بـەدوای یەکتریـدا بەسـەختی شـکاندمان تـا ناچـار بـوو حکومـەت وفـەرمانڕەوایی لەگـەڵ برازاکەیـدا دابەشـبکات، وهـەروا لـەکاتی فیـداکاری وخـەبات وڕاپـەڕینی بـەرگری میللـی لـە دەڤـەری ڕۆژئـاوادا هەمیـشە عێلـی سـەنجاوی خـۆی نوانـدووە وگرنگـی تایبـەتی لەلایەن میللیەکانەوە پێدرابوو وبەم بارودۆخەیە حەسوودی دەبـرد. ئینگلیـسەکان تەنها دژایەتی ئێمە یان لیٚ دەویست، ئەویش بە دڵنیاییەوە ئەم خزمەتەیـەی گرتـە ئەسـتۆ. لـە هـەموو شـتیٚ جێـی سەرسـوڕمانتر ئـەوەبوو عـەباس خـانی ئـەمیر مەخـسوسیش کـە ئـەو هـەموو تەقەلامانـە بـۆ بەهێزکردنوپاراسـتنو وهاوکـاری هەمەلایەنەمان لەگەڵیدا کردبوو ولاوەکانمـان لەڕێگایـدا قوربـانی کردبـوو، لـەڕووی ترسەوە یان بەهۆی تـرەوە لەگـەڵ خواسـت وئامانجـەکانی ئەوانـدا یـەکی گرتبـوو وئامادەی بەشداری لە کوشتنو وتالانی سەنجاویدا بووبوو.

لـە تایفـەکانی گـۆران جەهانبـەخش خـانی زەرغاموئەلـسەلتەنە کـە هەمیـشە لەگەڵماندا دوژمن بووە ولەوکاتەدا ماڵی لە ناوچەی کەلوردا بـوو، وئەسـەدولا بـەگ یەکیٚ لە سەرکردەکانی تایفەی گەورەی قەڵخانی لەگەڵ خۆیدا هاودەست کردبـوو

وڕایکێشابووە خزمەتی ئینگلیسەکانەوە وهـەروەها بـەهۆی فیـت وهانـدانی ئـەوان شـاباز خـانی نـیرژی دژی سـەفەروخانی بـرای هەڵسا ودەسـتی لـە سـەرۆکایەتی تایفەکەی کورت کردەوە، وئەو پیاوە هەڵکەوتوو کارامەی ناچار کرد لەگـەڵ چـەند بنەماڵەیەکدا پەنا بباتە ڕەشید ئەلسەلتەنە.

بەم شێوەیە بەپێی ڕێنمایی ئینگلیسەکان، هەموو ئەو سـەرۆکە ناوبراوانـە لـە قــەڵای شــاهین دا کۆبوونــەوە، ســەبارەت بــە پــەلامار وهێــرش بردنــە ســەر سەنجاویەکان کەوتنە دانوستانەوە. تا ئەو کاتە بارام خـانی ڕەشـید ئەلـسەلتەنە لەدۆستایەتی ئێمەدا نەگوراوو و یەکدڵ وپابەرچابوو. دوای ڕۆیـشتنی سـەفەروخان بۆلای لەگەڵ تایفەکەیدا کۆچـی کـرد وخـۆی پێـچاوە کێـوە سـەخت ودژوارەکـەی (پــیران). ســەرکردەکانی کــەلور وگــۆران بانگهێــشتیان کــرد کــە بێتــە نێــو پەیمانەکەیانــەوە. ئــەویش وەڵام دەداتــەوە مــن ئێــرانیم ولەگــەڵ ســەنجاویدا دوژمنایـەتیم نیـە وئامـادەنیم لەگـەڵ ئامانجونیـەتی ئێـوەدا هاوکـاری بکـەم و بـە هاندانی بێگانەکان عێلێکی ئێرانی لەنێوبەرم ونابودی بکەم.

سەرکردەکانی کـەلور وگۆران لەبەرامبـەر سەرپێـچی ئـەودا بڕیـار دەدەن کـە بەشێوەی میوان بڕۆنەماڵیان وبیەویٚ ونەیەویٚ لەگەڵ خۆیانـدا هاودەسـتی بکـەن. سلێمان خانوعەباس خان نامەیەکی بۆ دەنووسن کە سبەی بـۆ خـواردنی نیـوەڕۆ لەماڵتان میوانین. سەرکردەکان بەگشتی دێنە ماڵی وبـە بەڵێنوهەڕەشـە بێـدەنگی دەکەن وبەشێوەیەکی ڕووکەش دەیتێرنە ڕیزیانەوە.

لەمەودوا خزمـەتکارەکانی ئینگلـیس بـۆ دژایـەتیمان دەڕۆنـە لای فەرمانـدەی ئینگلیسەکان لە قەسری شیرین وبڕیار وبـەڵێنی پێویـستی پێـدەدەن و پێـشنیاری پێدەکەن کە کونسوڵی ئینگلیس لەکرماشان نوێنەرانی بنێرێتە لای سەردار ڕەشید وسەرکردەکانی جوانرۆ وتایفەکانی جاف کە ئـەوانیش خەڵکەکـەیان بجمێـنن ولای باکور وخۆرهەلات لـە عێلـی سـەنجاوی بگـرن وڕێـی ڕزگاربوونوهـەڵهاتنێکمان بـۆ نەمێنێتەوە.

کەلورەکان ئۆردووەکەیان بـەرەو زەهـاو جوڵانـدەوە، سـەفەروخان پـەیکێکی نـاردە لامـان وئاگادارمـانی کـرد کـە ئـۆردووی کـەلور جمـاوە و تایفـەی قـەڵخانی ئەســەدوڵا بــەگیش، هاتوونەتــە کۆپانــەوە و ڕەشـید ئەلـسەلتەنە بەشـێوەیەکی

رووکەش لەگەڵیاندایە، بەڵام لەدڵدا دۆستی ئێمە بوو. ئینگلیسەکان تا ئەو کاتە لەشکریان نەناردبوو، و پڕوپاگەندە سەبارەت بە هاتنی هێزەکەیان زۆرە بەڵام هێشتانە مەعلوم نیە حەقیقەت بێ.

ئێمە لەو باوەڕەدا بووین کە ئینگلیسەکان تەنها بە هاندان وشۆڕاندنی عەشایرەکان ڕادەوەستن وخۆیان یەکڕاست بەشێوەیەکی فەرمی نایەنە نێو شەڕەکەوە، چونکە بەهانە ودەسپێچێك بۆ ئەو کردەوەیە بە دەستمانەوە نەبوو، چونکە ئێمە نەدژی ئەوان دەجوڵاینەوە و نەدەمانتوانی لەگەڵ دوژمنەکانیاندا کە لە دەرەوەی ئێراندا بوون هاوکاری وپەیوەندی بەرقەرار بکەین.

یەکێتی عەشایری دەستکردی ئەوانیش لە بارودۆخ ومەرجەکانی ئەوکاتەدا ئەوەندە بۆمان جێی مەترسی نەبوو، چونکە بەرامبەرەکانمان لەمێژەوە دەناسی وئەوانمان لە مەیدانە جیاوازەکاندا ئازموون کردبوو. لەلایەکەوە دوودڵبووین لە عەباسخانی ئەمیر مەخسوس کە خوشکەکەی هاوسەری سالار زەفەر بوو ولەماڵی دایە و بەم ئاسانییە چاکەی ئێمە لەیاد بکات وبەدڵنیاییەوە لەم دەسیسەیەدا بەشداری بکات وئەگەر بیشیکات لەو بڕوادابووین لە دڵەوە شەڕ لەگەڵ ئێمەدا ناکات. لەلایەکی ترەوە دۆستەکانمان لەنێوان گۆڕانەکاندا سەر قاڵی کار بوون. سەفەر خان لەڕێگەی لایەنگرەکانیەوە تایفەکەی لەشەڕکردن لەگەڵماندا دوو دڵکردبوو. لە ڕەشید ئەلسەلتەنە وبراکانی دڵنیابووین ئەگەر لە لەشکرکێشیشدا بەشداری بکەن رووکەشە و لەڕووی ناچارییەوەیە. لەتایفەیەکی تری قەڵخانیەکان قەنبەر سوڵتان کە بەیەکێ لە سەرۆکی گرنگەکانیان دەژمێردرا، لەگەڵ سالار زەفەری براماندا پەیمان ودۆستی هەبوو. لەم بارودۆخەدا ئومێدمان بە خۆمان دەبەخشی کە ئەم جارەیش لەم ئازموونە سەربەرز دێینە دەرەوە ودەسیسەی سلێمان خانی ئەمیر ئەعزەموئینگلیسەکان ئەنجامەکی شکستیوپوچەڵییە. لەبەرئەمە بە هەستێکی بەرزەوە عێلمان لەناوچەی زەهاو کۆچکرد ولەشوێنێکداکە بە (دەشتی حر) بەناوبانگە کەلەنێوان کێو جەنگەڵدا ئابلۆقەدراوە، نیشتەجێبووین. ماڵی سالار زەفەریش لەگەڵ بەشێك لە تایفەی باخچە و بنەماڵەکانی خزمەتکارەکانماندا گەیشتنە لامان بەڵام بەهۆی تەنگ وچەڵەمەی کۆچەوە هەندێ تر لە بەشەکانی تایفەکە نەگەیشتنە لامان. حەوسەد بنەماڵە

لەڕێگەی کەلورەوە بوو گەڕانەوە بۆ شوێنە هاوینەکانمان ونزیکەی سێ سەد بنەماڵەیەکیش چوونە نێوان عێلی وەلەدبەگیەوە کە لەم قۆناغەدا بەڕووکەش دۆست وهاوپەیمانمان دەژمێردران.

ئامادەبوونی دوژمنان کە موسەلەم بوو، سالار زەفەر مانەوەمانی لە دەشتی حردا بە ناگونجاو دەزانی، لەو بڕوادابوو کە پێویستە بێدواکەوتن عێل کۆچبکات ولە ڕووباری پڕ ئاوی (زەمکان) کە لەسەر ڕێگاماندا بوو تێپەڕین وبەرەو ناوچە ئێلاخییەکان بڕۆین. بەڵام چونکە هێشتانە مانگی یەکەمی بەهار کۆتایی نەهاتبوو وهەوای ئێلاخ بۆ ئاژەڵەکان سارد بوو ولەوەڕگاکان سەوزایی لێنەڕوابوو، من وسەردار ناسر وزۆربەی عێلەکە ڕازی بە بڕوباوەڕ وبۆچوونی ئەو نەبووین، جەختمان لەسەر ئەوە دەکرد پێویستە هەر لەو جێگادا لەگەڵ دوژمناندا ڕووبەڕوو ببینەوە، ئەو سەرسەختی نیشاندا وبێ ڕازیبوونمان لەگەڵ بەشێکی کەم لە عێلەکە وجەمعێ لە بنەماڵەی خزمەتکارەکان وکوێخاکان، لە ڕووبارەکە تێپەڕین وبەرەو مایدەشت ڕۆیشتن.

بەڵام دوای چەند ڕۆژێك لەگەڵ جەمعیەت وسوارە هەڵبژێردراوەکانیدا گەڕایەوە وڕووداوەکانی دوایی بۆمانی ڕوونکردەوە، کە لەم بارەوە ئەو ڕاستی پێکابوو وبۆچوونەکەی لە شوێنی خۆیدا بوو. لەم کاتەدا لە سەرکردەکانی عێل و وعەشایری ڕۆژئاوا تەنها محەمەد تەقیێ بەگی ئەمیر ئەلعەشایر سەرۆکی تایفەی باوەجانی وقوبادی لەدۆستی ئێمەدا پایەدار وپابەرجا مابووەوە، سەرنوشتی خۆیی هاوبەشی سەرنوشتی ئێمە کردبوو. دەشتی حور لەوکاتەدا لە شوێنە گەرمیانیەکانی ئەوان دەژمێردرا. ماڵی محەمەد تەقیێ بەگ خۆی لەگەڵ جەمعێ لە تایفەکەیدا لە نزیکی ماڵەکانی ئێمەدا بوو. بارام بەگی سەردار ئەکرەم سەرۆکی عێلی وەلەدبەگیش لە دۆستیماندا ڕاست بوو، هەربەم بۆنەیەوە بەشێك لە تایفەی سەنجاوی کە لە ئێمە دابرابوون لای ئەوان نیشتەجێ بووبوون. سەردار ئەکرەم نامەیەکی بۆمان نووسی کە ئیمڕۆ کەریم خانی سەردار نەسرەت، برای سلێمان خانی ئەمیر ئەعزەم بەچەند سوارێکەوە لە کوێخاکانی کەلور هاتوونەتە ماڵی یەعقوب بەگی برام وداخوازی لێکردووە کە لەگەڵیا بێتە ماڵەکەم وناچارم بە دوژمنی ئێوە بکات. وەڵامم دایەوە کە لەگەڵ سەرکردەکانی سەنجاویدا دۆستم

وناتوانم لەگەڵ ئێوەدا هاوبیرو هاوکار بم. لەم حاڵەدا چونکە تایفەکەمان هاونە سەر ڕێگایانەوە ڕێی تێدەچێ کە گۆرانەکان وکەلورەکان پێش ئێوە هێرش بهێننە سەرمان، چاکترە ژمارەیەك سواری کافی لەسەر کێوی (گاری)دا دامەزرێنیت کە لە نزیك ئێمەدا بن ولەکاتی پێویستدا یاریوکۆمەك بکەنوبێنە هانامانەوە وبۆ دابینی ئەمنوئاسایشمان. بەتایبەت تکای کردبوو تا گەیشتنی ئەوان ماڵوتایفەکەمان لە دەشتی حور بمێنینەوە. ئەو هەروا سەبارەت بە ئینگلیسەکانیش نووسیبووی بەناوبانگە کەوا لەشکری ئینگلیسەکانیش بەڕێوەن، بەڵام تائێستا نەهاتوونە، وابزانم ئەم ناوبانگە لە ڕاست ناچێت. ئێمەش سالار زەفەرمان بە سەد سوار وسەد پیادەیەکەوە ناردو لە ئەمیر ئەلعەشایر تکامان کرد لەبەرئەوەی ماڵەکانیان لە (گاری)وە نزیکترە، جەمعیەتی ئەوانیش لەگەڵ سالار زەفەردا بڕۆن. ئەویش بە سێسەد تفەنگچی پیادەوە هاتە ڕیزی سالار زەفەرەوە.

هاودەستانی عەشایری هەر کە ئامادەیی خۆیان تەواو دەبینن کەریم خانی سەردار نەسرەت برای ئەمیر ئەعزەم کەلور وسوهراب سوڵتان برای جەهانبەخش خانی زەرغامو ئەلسەلتەنە دەنێرنە قەسری شیرین وراپۆرتی ئامادەیی خۆیان عەرزی فەرماندەی هێزەکانی ئینگلیس دەکەن. بەپێی بڕیارێ کەدرابوو داخوازی دەکەن لەشکرەکەیان بۆ پاڵپشت وبەهێزکردنیان بنێرن، ئینگلیسەکانیش بەپەلە نزیکەی سێ هەزار سوار وسەربازی پیادە بە تۆپخانە وساز وبەرگی شەڕی تەواوەوە ڕەوانە دەکەن. سەرەتا دێنە شوێنێك کە بە (بنەجفت) بەناوبانگەکە سەر بە ناوچەی زەهاوە. لەوێوە لەشکرەکەیان بە جەمعیەتی کەلور وگۆرانەوە تێکڕا بەرەو جێگیران دەکەونە ڕێ.

لەحەقیقەتدا ڕووداوێکی شەرمهێنەر لەڕووداندا بوو. دوو عێلی گەورەی ئێرانی لەگەڵ بوونی پەیمانی دۆستی ویەکێتیدا کە چەند مانگێك لەمەوبەر لە بەندارردا بەستبوویان، بێئەوەی دەستدرێژییەکیان لێبکرێت وبێ ئەوەی بەهانەیەکیان بەدەستەوە بێت، ئێستاکە بە پەیڕەوکردن لە ئامانجوخواستوداخوازی دەوڵەتێکی بێگانە وبەفەرمانی لەشکری بیانی بۆ نابوودکردنی عێلێکی ئێرانی بەپەلە هەوڵ وکۆشش دەدەن.

لەم قۆناغەدا کە هەموو هێزەکانی نـاوخۆ وبێگانـەی کرماشـان دژی ئێمـەی — سەنجاوی— هاتبوونە مەیدانەوە، ئاسمـانیش ناسـازگاری دەست پێکرد، چـواردە شـــەو وچـــواردە ڕۆژ بەبـــەردەوامی بـــاران دەبـــاری، ســـەری کێوەکـــان بـــەفر داپۆشیبوون، ئاوی زەمکان کە لە بارودۆخی ئاساییدا ڕووبـارێکی بـچووکە ببـووە ڕووبارێکی گەورە وخرۆشانو بەتاف.

دوای ئەوەی سالار زەفەرمان بـە نازنـاوی پێـشقڕاوڵ ڕوانـە کـرد، عێلەکـەمان بەشێوەی ئۆردوویەکی پەرتوبڵاو لە دامێنی کێوەکانی باکوری دەشتی حردا، نزیك بە جەنگەڵ وبێشەکە جێگیرکـرد وفەرمانمانـدا کـە سـەری تەپـەکان وبەرزاییـەکان ولەنزیك دەوار وچادرەکاندا سـەنگەر هەڵکـەنوهێزی سـوارە وپیادەمـان لـە خاڵـە هەســتیارەکاندا دامەزرانــدو بەرپرســیارێتی هــەر بەشــێکمان خــستە ئەســتۆی کوێخایــەك یــان خزمــەتکارێکی کــارزان وکارامــەوە. نزیکــەی سێــسەد ســواری هەڵبـژێردراو لەگـەڵ منـدا وسێـسەد سـوار لەگـەڵ سـەردار ناسـردا ئامـادەی شـەڕ بووین. بێگومان ئامادەییەکـەمان بـۆ شـەڕی عەشـایری بـوو نـەك لەگـەڵ هێزێکـی نیزامیدا، لەحەقیقەتدا گرنگییەکی ئـەوتۆمان بـە لەشـکری کـەلور وگـۆران نـەدەدا وهەتا لەو باوەڕەدا بووین کە ئەوان ئەو جەسارەتە ناکـەن بێنـە پێـشەوە ولەگـەڵ ئێمەدا دەرگیری شەڕ ببن، لە هـاتنی لەشـکری ئینگلـیس بێخەبـەر بـووین، ئـەگینا موسەلەم بوو تایفەکەمان نەدەخـستە تەنگانـەوە وبۆلایـەکی تـر بەپەلـە کۆچـمان دەکرد.

لەم ماوەی چواردە ڕۆژەدا لەیەکدانێکی کورتمـان لەگـەڵ گۆرانەکانـدا هـەبوو. ئـەوان بـتر لـە دوو هـەزار پیادەیـان لـەلای خـوارەوەی عێـل لـەنێو جەنگەڵـەکانی کێوەکەی بەرامبەرمانـدا دامەزرانـدبوو، هـەموو ڕۆژێـك هەنـدێك لـەوان بـۆ فڕانـدنی ئاژەڵەکانمان دەهاتنە پێشەوە وتووشـی پێـشقڕاوڵەکانمان دەهـاتن، دوایـی لـەنێو درەخت ودارەکانی جەنگەڵەکـەدا خۆیـان دەشـاردەوە وگـووم دەبـوون، لەشـکری ئینگلیسیش کە هێشتانە هەواڵی هاتنیانمان نەدەزانی، لەگەڵ لەشکری کەلوردا لـە خۆرئاوادا جێگیر بووبوونو دامەزرابوون. لەم کاتەدا لەماڵی سـالار زەفـەرەوە کـە لە جێگا ئێلاخیەکانماندا بوو هەواڵمان پێگەیشت کە چـەند ئەفـسەرێکی ئینگلـیس

ڕۆیشتوونەتە ماڵی سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان لە ڕەوانسەر وسەرگەرمی لەشکر جوڵانەوەن بۆ سەرمان.

سالار زەفەر بە سوار وپیادەکانیەوە کە دەگاتە ماڵی محەمەد تەقیٚ بەگ بە ئامانجی ئەوەوە کە ماڵی بارام بەگ وتایفەی وەلەدبەگی ئەو بنەماڵە سەنجاویانەی کە لەگەڵیاندان کۆچ پێبکەن ولەمەترسی لەسەر ڕێگابووندا دووریان بخاتەوە، پیادەکان جێدەهێڵێت وخۆی بەسەد سواریٚ کە لەگەڵیدا بوو بەرەو ماڵی بارام بەگ دەڕوا. کە دەگاتە سەر (گەردنەی گاری) دووربین هەڵدەخا دەبینیٚ ئۆردوویەکی مەزن لە جێگیراندا دامەزراون ونزیکەی هەزار سوار لەوانە بەرەو کێوی گاری دێن. سالار بەپەلە دەگەڕێتەوە، موحەمەد تەقیٚ بەگ وهەموو جەماعەتەکەی وپیادەکانیان بەرەو کێوەکە دەجوولێنێتەوە. لە حەقیقەتدا هەموو ئەو خۆ پیشاندانە وڕووکەش سازییەی بارام بەگی سەردار ئەکرەم درۆ وفێڵێکی تەواو بوو. ئەو هەر لەو ڕۆژەداکە کەریم خان سەردار نەسرەت دەڕواتە ماڵیان لەگەڵیاندا هاوپەیمان دەبێت ولەهاتنی لەشکری ئینگلیسەکان ئاگادار دەبێت، بیٚ ئەوەی لەم بابەتەوە هەواڵێك بە ئێمە بدات. هەواڵی دەنارد کە ئێمە هەر لەو شوێنەدا بمێنێتەوە هەربۆیە لەماوەی ئەم شەڕ ولەشکرکێشیەدا زیانێکی لێنەکەوت هەتا ئەو بنەماڵە سەنجاویانە کە لەگەڵیدا بوون بەسەلامەتی مانەوە.

سالار زەفەر ومحەمەد تەقیٚ بەگ بەرەو کێوی گاری دەڕۆن پێش گەیشتنی ئەوان جەمعیٚ لە سەرباز ونیزامیەکانی ئینگلیس بە هەزار سوار لە عەشایری کەلورەوە دەگەنە سەری کێوەکە لەکاتێکدا کە هێزەکەی سالار زەفەر لە دامێنی کێوەکەدا بوون، لەنێوان ئەوان ودوژمندا شەڕ هەڵدەگیرسیٚ. سیٚ سەعاتی مابوو بۆ خۆرئاوا هەتا ماوەیەکیش لە شەو تێدەپەڕیٚ پێکدادان ودەرگیری بەردەوام دەبێت. دوژمن چەند سەنگەرێك پاشەکشیٚ دەکات بەڵام لوتکەی کێوەکە بە دەستمانەوە دەمێنێتەوە، سالار ومحەمەد تەقیٚ بەگ بۆ ئۆردووگاکەیان دەگەڕێنەوە ولە خوارەوەی کێوەکەدا لە تەپە بچووکەکانی سەر ڕێگادا سەنگەر دەگرن.

پێش هەتاو هەڵهاتن ماڵ وتایفەی محەمەد تەقیٚ بەگ کۆچدەکەن وبەرەو (کێوی ساراوەند) دەڕۆن. بەڵام دوژمن بەفەرمانی فەرماندەی لەشکری ئینگلیس

لەسەر کێوەکە لە سەنگەرەکانیاندا دەمێننەوە ولەگەڵ ڕۆشنایی ڕۆژدا بەهەموو سەرباز وتۆپ ومەتریلۆزەوە حەرەکەت دەکەن. بەدووربین شوێن وکۆبوونەوە و سەنگەرەکانی سالار زەفەر وئەمیر ئەلعەشایر دەدۆزنەوە وتۆپخانەکەیان بەرەو ئەوان نیشانە دەگرن.

هەر ئەو شەوە هەواڵی شەڕمان پێگەیی سالار زەفەر ومحەمەد تەقیێ بەگ یاریو کۆمەکیان ویستبوو. پێش خۆرهەڵاتن بە سێسەد سوارەوە بۆ یارمەتییان کەوتمە ڕێ، کە گەیشتمە نیوەی ڕێگاکە لەناکادا دەنگی تۆپەکان و ڕیزی مەتریلۆزەکان بەرز بووەوە، و دڵنیابووم ئینگلیسەکان لە شەڕەکەدا بەشدارن. دوو سوارم بەتاو ناردە لای سالار زەفەر وکورتە نامەیەکم بۆ نارد کە بەردەوامی شەڕ لەبەرامبەر لەشکری بەهێزی ئینگلیسدا بێ ئەنجام وبێ سوودە بەپەلە پاشەکشێ بکە. لەلای باشوورەوە پێشقراوڵەکانمان لەگەڵ چەکدارانی پیادەی گۆراندا کە لە جەنگەڵەکەوە دەهاتنە خوارەوە شەڕیان گەرم کردبوو، ئەوانیشم ئاگادار کرد تا سنورێك بەرگری بکەن تا تایفەکە کۆچدەکەن.

ئینگلیسەکان لەماوەی ئەو یەك سەعاتە شەڕەدا لەگەڵ سالار زەفەر ومحەمەد تەقیێ بەگدا زیاتر لە دووسەد تۆپیان بەسەریاندا باراندبوو.

بەرەو ماڵەکانمان گەڕاینەوە وڕۆیشتمە لای سەردار ناسر، کوێخا وخزمەتکارەکان لەدەوری کۆبووبوونەوە، دوای دانوستانێکی کورت بڕیارمان وابوو کە بەپەلە کۆچبکەین وئەوەی لەتوانامانادا هەیە لە تایفەکەمان ڕزگاربکەین. لەحەقیقەتدا لەو بارودۆخە تەنگژە و دژوارەدا تەنها ئەوە نەبێت کە هاوسەر ومناڵەکانمان هەڵگرین وڕزگاریان بکەین ولەماڵ وسامان چاوبپۆشین چارەیەکی ترمان لەبەردەمدا نەبوو. چی ئێمە وچی کوێخاکان وسوارەکان هیچ کەسێ لە ئێمە لەبیری ئەو بێچارانە ولێکەوتوانە وپەککەوتوانەدا نەبووین کە نەیاندەتوانی بڕۆن وخۆیان لە مردن ڕزگار بکەن. لە ترسی دیلی دا وبۆ پاراستنی ناموسمان فەرمانماندا کە ژنەکان ومناڵەکان بەپەلە سوارکەنوبیانخەنەڕێ، دەرفەتێك بۆ هەڵپێچانی دەوار وبارکردنی شتومەکەکانمان بە دەستەوە نەمابوو، ڕێی تێدەچێت ژنەکان توانیبێتیان ئاڵتون وشتومەکی زینەتییان لەگەڵ کەمێك پولوپارەدا لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرن، پیاوەکان توانیبێتیان لەکاتی سوارکردنی ژنەکان ومناڵەکان

لێفەیەك یان جاجمێك بخەنە سەر ماینەكانیان وقاترە ڕووتەكان. جگە لەمانە هەموو خێوەت ودەوارەكان وسەرجەم شتومەكی ماڵەكانی سەردار ناسر ومن وتێكڕا تایفەی سەنجاوی دەستی لێنەدرا وبۆ تالآنكەرەكان مایەوە كە زۆری نەخایاند گەیشتن وسامانی بێخاوەنیان تالآن كرد. من خۆم شەست هەزار فیشەكی كارخانە لە چل سندووقدا هەمبوو كە هەموومان ئاگردا تا نەگاتە دەستی دوژمن.

كاتێ تایفەكە سەرگەرمی حەرەكەت بوون دوو فڕۆكەی ئینگلیس هاتە سەرمان، بەڵام لەبەر بەرزی شاخەكە ودامەزراوی تفەنگچییەكان لە سەنگەرەكاندا كە دایاننە بەر ڕیزی تەقە وناچار بە بەرزەفڕە بوون، ئەوەبوو لەو بۆمبارانەدا زیانێكمان لێنەكەوت. سێ فڕۆكەی تر بەرەو لای تایفەی باوەجانی ڕۆیشتن كە ئەوانیش لە حاڵەتی كۆچدا بوون لەپێشدا تووشی سوارەكانی سالار زەفەر دەبن، سالار فەرماندەدا كە سوارەكان لەژێر درەختەكاندا بڵاوببنەوە وتەقە لە فڕۆكەكان بكەن گوللەیەكی حەبیب میر ئاخور دەدا لە یەكێكیان كە كێشانەی تێكدەچێت وبەرەو قەسری شیرین دەگەڕێتەوە. لەم دواییەدا كۆلۆنێل كنیۆن بەسەردار ناسری گوتبوو كە یەكێ لە فڕۆكەوانەكانیان پێكرابوو. دوو فڕۆكەكەی تر لە تەنگە باریكەدا دەگەنە سەر كۆچی باوەجانییەكان. كۆچكردووەكان لەجیاتی ئەوەدا بڵاوەی لێبكەن وتەقە لە فڕۆكەكان بكەن كۆدەبنەوە وتەماشای دەكەن. باوەجانیەكان دەیانگوت فڕۆكەكان بەئەندازەیەك نزیك بوون لەگەڵ زەویدا دەفڕین كە چاو ودگانی سەرنشینەكانیان وەدەردەكەوت، چوار بۆمبا دەخاتە نێو كۆچكرەكانەوە وزیاتر لە چل كەس لە پیاو وژنومناڵ دەكوژرێت وسەد گاو ولآخ پارچە پارچە دەكات.

بەدوای كۆچدا بەرەو ڕووباری (زەمكان) كەوتینەڕێ، ڕووبارەكە هاتبوو هەلهەلەی دەكرد، ببووە ڕووبارێكی مەزنی قوڕاوی هەتا لە بوارەكانیدا ئەسپەكان دەكەوتنە مەلەكردن. لە كەناری ڕووبارەكەدا مەحشەرێ بەرپا بووبوو، كە خامە لەشەرح وبەیانی بێتوانایە، هەزاران كەس پیاو وژنومناڵ بەگریان وهاوارەوە، لە پەلەقاژەدابوون بۆمانەوە هەزار مەڕ وگا ومانگا وولآخی بەرەڵا سەرگەردان بەسەر یەكدا كەوتبوون، دەنگی ئاژەڵەكان، ناڵەی ژنان وزاری مناڵەكان تێكەڵاوی یەكتری بووبوون. هەر كەسێ لەلایەكەوە خۆی فڕێدەدایە ئاوەكەوە یا دەستی ژنەكەی

گرتبوو ڕایدەکێشا، منداڵەکان بەترسەوە خۆیان چەسپاندبووە دایکیانەوە وچەند کەسێك منداڵەکانیان دا بە ئاوی ڕووبارە سەرکێشەکەدا کەسانێ کە ئەسپ ومایینیان نەبوو سواری گا بووبوون یاوەك کلکیان گرتبوون کە لە ئاوەکە بیانپەڕێنێتەوە.

فەرمانماندا مایەنەکان وقاترەکان بارەکانیان لێبکەنەوە بیانگەڕێننەوە بۆلای خەڵکەکە وهەرچی بتوانێت ژنان ومنداڵەکان کە ئەسپیان نیە بیانکەنە ئەوبەرەوە وبیانپەڕێننەوە، تا توانیمان خەڵکمان دڵنەوایی دەکرد وئامۆژگاریمان دەکردن کە نەتۆقن وبەنەزم لە ئاوەکە بپەڕنەوە، بەڵام مەگەر لەو شلۆغیودڵە ڕاوکێوپەلەیەدا دەتوانرا نەزموتەرتیب بپارێزرێت، بەتایبەت لەکۆتاییدا فڕۆکەکان هاتنە سەر بوارەکە وبۆمبایەکیان فڕێداوە سەر خەڵکی بێچارە وبێ دەرەتانوپەنادا وجەمعێ پیاو وژنومنالۆئاژەڵ دەکوژن ودەخەنە سەر یەکتریدا، هەروەك ئامارێکی ڕاستەقینە لە زیانەکان نەهاتۆتە دەستمان لەگەڵ ئەمەیشدابە جورئەتەوە دەتوانرێ بووترێ جگە لەوانەی کە لەئەنجامی شەڕ ودەرگیریدا لەملا و لەولا کوژراون نزیکەی پێنج سەد کەسێك یان لە ئاوەکەدا خنکان یان بەهۆی بۆمبای فڕۆکەوە لەبەین چوون.

هەموو سامان ودارایی پێنج هەزار بنەماڵەی سەنجاوی بەجێما یەکێ نەیتوانی جگە لە ماین وقاترە ڕووتەکان نەبێت شتێکی تر ڕزگار بکات. سەد هەزار مەڕو پەز وهەزاران گا ومانگا لە کەناری ڕوبارەکەدا بەجێمان وکەوتنە دەستی تاڵانکەرەکان، هەرکاتێ بنووسم کە سەرجەم پتر لە بیست کوور و توومان زیان لە سەنجاوی کەوتووە باوەڕبکە زیادەڕەویم نەکردووە ونەگووتووە.

مێژووی لەبیر نەچووی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە ڕێکەوتی ڕۆژی پێنج شەمە بیستەمی ڕەجەبی ١٣٣٦کۆچی ڕێکەوتی ١٢ئۆردیبەهەشتی ١٢٩٧ هەتاوی ودووەمی مەی ١٩١٨زایینی بوو.

سەرەنجام ئەوەی توانرا بپەڕێنرێتەوە پەڕێنرایەوە وئەوەی مایەوە لەوبەری ڕووبارەکەدا مانەوە. بەدوای تایفەکەماندا لە کێوەکەی بەرامبەرماندا چووینە سەرەوە. بەدڵێکی گرانەوە بۆ بارە قورسەکەی ئەم بەڵا مەزنە کە تووشمان هاتبوو دڵگران بووین، و بۆ لەبەین چوونی پیاوان وژنان ومناڵان دڵگران

ومەلولوپەژارە دامانی گرتبوو، بەهۆی لەناوچوونی ئەو هەموو سامان ودارایيە کەبا بردی. لەبیر وفیکری دوارۆژێکی ڕەش کە چاوەڕوانمان دەکات لەپەژارەدا بوین، بەڵام لەلایەکی ترەوە خۆشحاڵوبار سووك بووین کە بەم قوربانیە مەزنەمان لە تۆمەتی ئەو هەموو خیانەتوهاوکاری و سازشە لەگەڵ بێگانەدا کەدەدراوە پالمان ئاسودە بووبووین، کەوتمەوە یادی فەرمایشتەکەی سەردار ناسر کە دەیگوت دیلی سلێمان میرزا لەکەیەکە بەسەر شانمانەوە هەرگیز پاك نابێتەوە مەگەر بەخوێن.

گەیشتینە سەر کێوەکە پیادەبووین سەیری دوای خۆمان کرد ودووربینمان هەڵخست تالانکەرەکان لە ڕووبارەکە زیاتر نەهاتنە پێشەوە، دەست وشانیان لەبەر باری تالانیەکە ئەوەندە سەنگین وقورس بوو نەیانتوانی لەوە زیاتر بێنە پێشەوە. دەشتی حر ئارام وبێدەنگ وەك ئەوەی پرسەی ماتەمینی بەخۆی گرتبێ دەهاتە بەرچاو، نازانم بۆچی ئەم دەشتە بچووکە ئەم ناوەیان لێناوە بەڵام هەرچی هەیە ناوەکەی بیرەوەری ئەو پیاوە دلێر وئازادەی کەربەلا دەخاتەوە یاد، کە بە شەهادەتی خۆی خەتا وگوناهەکانی سڕییەوە. بیەڵە ئەم ناوە بۆ ئەم دەشتە بمێنێ و یادەوەرییەك بێت بۆ ئازادیخوازان وشەهیدەکانی ئێران.

شەو گەیشتینە (تەنگە ئەژدیها) کە یەکەم ئێلاخی سەرکردەکانی سەنجاویەکانە هێشتانە هەندێ لەزەوییەکان بەفر گرتبووی، جەمعێ لە بنەماڵەکان کە لەپێشدا لەگەڵ سالار زەفەردا کۆچیان کردبوو لەوێ نیشتەجێ بووبوون. بەژنومناڵەکانمەوە هاتینە نێو دەواری فەتح لەلا خان شەهاب لەشکری ئامۆزای باوکم. شامێکیان هاورد خواردمان و لەخزمەت سەردار ناسردا وهەندێ لە کوێخاکان وخزمەتکارەکاندا کەلەوێ ئامادەبوون کەوتینە بیر گۆڕینەوە. کوێخاکان ووتیان کوشتن وتالانی هەرچی بوو تێپەڕی پێویستە لە یادی داهاتوودا بین کە ژنومناڵێ ماون دەربەدەر و ئاوارە نەبن و لەبرسا نەمرن. هەندێ پێشنیاریان کرد کە سەردار ڕەشید سەبارەت بە ئێمە نییەتی خراوە، پێش ئەوەی دژمان هەڵسێت تایفە تالانکراوەکەمان بەرەو گوندەکان بووەین وبیانەوێ یان نەیانەوێ ڕەوانسەر وشوێنەکانی دامێنی کێوی شاهۆ داگیر بکەین وبیکەینە پەناگامان. سەیرم کرد ئەم پێشنیارە فیتنەیەك هەڵدەگیرسێنێ کە ئەنجامێکی خراوی لێدەکەوێتەوە وبەهانە دەدەینە دەستی دوژمنەوە کە دوژمنایەتییان زیاتر بکات. سەرەنجام بیر

وبۆچوونوڕای گشتی گەیشتە ئەم بڕیارە کە خەڵکەکە بگەڕێنەوە سەر شوێن وخاك وئاوی خۆیان وسەردار ناسر سبەی بڕوات بۆ کرماشان و ڕووداوی موسیبەت ولیّ قەومانی سەنجاوی بۆ دەوڵەتی مەرکەزی بە تەلوگراف بنێرێت و لەڕێگای پایەدارانی ئەیالەتەوە و دۆستان وپیاوماقوڵانی شارەوە لەگەڵ ئینگلیسەکاندا بکەوێتە دانوستانەوە تا بتوانین مۆڵەت وتامینی نامەیە بۆ تایفەی تاڵانکراوی سەنجاوی فەراهەم بکرێت کە بتوانن لە شوێنی خۆیاندا نەختیّ بەرهەمی هاوینەیان کۆبکەنەوە. هەر ئەو ڕۆژە پێنج شەمە کە ئێمە لە بوارەکەی زەمکان تێپەڕین سالار زەفەلار بە سوار وچەکدارەکانیەوە لە ڕێی (سیاناوێر)ەوە کە ڕێگایەکی پێچیدە ودژوارە خۆی دەگەیەنێتە ڕووباری زەمکان دەکەوێتە شەڕێکی سەختەوە لەگەڵ سوارەکانی کەلور وگۆراندا و تائێوارە شەڕەکە بەردەوام دە بێت وناهێڵێت یەك ئاژەڵ بکەوێتە دەستی تاڵانکەرەکان. بەشێك لە عێلەکە کە لە دوژمن ڕزگاریان بووبوو بەڵام بەدانی قوربانییەکی زۆر لە بوارەکە دەپەڕنەوە بەڵام هەموو مەڕ وپەزەکانیان لەوبەری ڕووبارەکەوە دەمێنێتەوە.

نزیکەی شەو سالار زەفەریش ئەو شوێنە جێدەهێڵێ، هەموومان بۆی نیگەران وناڕەحەت بووین وشەو نەخەوتین، سبەی زوو گەیشتنیان موژدەدا. لە چادەرەکە بە ڕا هاتینە دەرەوە وبۆ پێشوازی ڕۆیشتین، ڕوویەکی خەستەو گیراوی هەبوو، پرسی چی بڕیارێکتان داوە؟ ووتمان بڕیار وایە کە عێل بگەڕێتەوە بۆ سەر شوێنوجێگای خۆیان وسەردار ناسریش بە ژنومناڵی ئێمەوە بڕواتە کرماشان. بەلێوێکی گریانەوە ووتی وایەتە بەرچاو کە ئەو بەدەستی خۆمان دەیکوژین، سەردار ماچی کرد و ووتی حوسەین چارەیەکی ترمان نیە.

## دیلیی سەردار ناسر

بەیانی جومعە ٢١ی ڕەجەبی ١٣٣٦ سەردار ناسر وژنومناڵەکانی خۆی ومنی و لەسەر ڕێگەیدا مناڵەکانی سالار زەفەر و سالار موقتەدری هەڵگرت وبە دە سوارێکەوە بۆ کرماشان ڕۆیی. لە ژنەکان تەنها غەزالە خانمی هاوسەرەکەی تری سالار زەفەر خوشکی عەباس خانی ئەمیر مەخسوسمان لای خۆمان گلدایەوە، چونکە دەمان ویست بیدەینە دەست کەلورەکانی خزمییەوە.

سەردار بەشەو دەگاتە مالّی سەید حەسەنی ئۆجاق کە بەچاکی خزمەتی دەکات و تا دەتوانیّ بۆ چاککردنەوەی کارەکەی دەکۆشێتو چەند کەس لە پیاوە دەستڕۆیشتووەکانی کرماشان وەك مەعاون ئەلمولك وحاجی ئاغا بەراری موعتەزدی کە لەگەلّ ئینگلیسەکاندا پەیوەندییەکی چاکی بوو دەعوەت دەکات، کە هەموویان لەو باوەڕەدا بوون کە حکومەتی ئەیالەتی کرماشان کارێکی بۆ ناکرێت چاکترە لەگەلّ ئینگلیسەکاندا یەکسەر بکەونە دانوستانەوە. لەبەرئەمە سەردار لەگەلّ خۆیاندا دەبەن ودەڕۆنە کونسولگەری ئینگلیس.

کونسولّ لەپێشدا تۆهمەتە هەمیشەییەکەی سەبارەت بە پەیوەندی لەگەلّ ئەلّمانەکان وعوسمانیەکاندا دووبارە دەکاتەوە. سەردار وەلاّم دەداتەوە لە هاوینی ڕابردووەوە کە مەجلیسی سولّحی (بەندار) بە ئامادەبوونی خۆت و وێنەرانی دەولّەتی ڕوسیا بەسترا ئێمە لەگەلّ ئەلّمانیەکانوعوسمانیەکاندا هیچ جۆرە پەیوەندییەکمان نەماوە. کونسولّ دەلیّ ئێمە سەبارەت بە تۆ وعێلی سەنجاوی نەزەرێکی خراومان نیە، دوژمنی ئێمە سەردار موقتەدرە، بۆچی ئەو نەهاتووە..؟ سەردار وەلاّم دەداتەوە کە سەرۆك وبەرپرسی عێل منم، سەردار موقتەدر پەیڕەوی منە. کونسولّ دەلیّ پێویستە خۆی بداتە دەستەوە وماوەیەك بۆ بەغدا بنێردرێت. سەردار وەلاّم دەداتەوە ئەگەر تۆ تەئمین بدەی ودلّنیای بکەیت بەلّێن دەدەم کە بینێرمە کرماشان یان لە عێلەکە دەریبکەم ودووری بخەمەوە. سەرئەنجام بەلّێننامەیەك لە سەردار وەردەگرن کە لەماوەی سیّ ڕۆژدا بمنێرنە کرماشان.

بەپێی فەرمانی کۆلۆنێل کنیۆن سەید حەسەنی ئۆجاق وموعاون ئەلمولك وئاغا بەراری موعتەزدی دەبنە کەفیلی سەردار ئەگەر منی نەنارد خۆی لەماوەی سیّ ڕۆژدا بۆ کرماشان بگەڕێتەوە.

سەردار ناسر لەشار گەڕایەوە ودرێژایی مەوزوعەکەی باسکرد، دلّنیابووم کە ڕشتەی کارەکان لەیەکتر ترازاوە، موسەلەم بوو ئەگەر برۆمە شار ئینگلیسەکان دەمگرن ورێی تێدەچێت ڕەفتاری دیلی شەڕم لەگەلّدا نەکەن ولە سێدارەم بدەن. لەگەلّ ئەمەیشدا دەمزانی ئەگەر نەڕۆم سەردار ناسر سەرلەنویّ دەگرنەوە و تووش دەبێت، ئەگەر نەڕواتیش ئینگلیسەکان لە بەدواداچوونماندا بەردەوام دەبن

وعێلی سەنجاوی بەتەواوی نابوود دەبێت، لەبەرئەمە بڕیارم دا کە خۆم فیدای بـرا وعێلەکەم بکەم بەمەرجێك تامینی تەواویان بۆ بڕەخسێت.

بەسەد وپەنجا سوارێکەوە بەرەو کرماشان ڕۆیشتم. لەگەردەنەی چـەخماقەی بەناوبانگی نزیکی شارەوە نامەیەکم بـۆ پیـاوە ئاینیـە گـەورەکان وپیاومـاقوڵانی شار نووسی کە من ئێستاکە دێمە نێو شارەوە، بەپێی بەڵێننامەکەی سەردار ناسر خۆم بە جـەنابی کونسوڵ دەناسێنم تێکڕا لـە هـەمووتان تکـا دەکـەم زەحمـەت بفـەرموون بێنـە شـوێنی سـیاە کەمـەر لـە دەرەوەی دەروازەکـەی شـارەوە کـە لەگەڵتاندا سەبارەت بە تامینی ژیانی خەڵکی سەنجاوی وبراکانم دانوستان بکـەین. ئامانج ومەقسودم ئەوەبوو کە بەهۆی پیاوماقوڵانی شارەوە لە نوێنـەری دەوڵـەتی بەریتانیا بۆ عێلی سەنجاوی وسەردار ناسر تامینی دڵنیاکـەر بەدەسـت بهێـنم، کـە دوای گرفتاری وگرتنـی مـن گرفتـاری وناڕەحەتییـەك بـۆ ئـەوان نەیەتـە کایـەوە و سـەردار لـە سـەرۆکایەتی عەشـیرەتدا بمێنێتـەوە. دەمزانـی هـەر ئـەم نامەمـە دەگەیەننە کونسوڵ و لە وەڵامەکەیاندا ڕوون دەبێتەوە کە ئینگلیسەکان سەبارەت بە ئێمە وسەنجاوی چ نەزەرێکیان هەیە.

لە خەڵکی شارەوە وەڵام گەیشت کـە نـاتوانین بـێین و هاتنیـشمان سـوودێکی نیە. وادیاربوو کونسوڵ خۆی نەیهێشتبوو بێن، وای بڵاوکـردەوە کـە مـن دەمـەوێ عولەما و گەورەپیاوانی شار بە بارمتە بگـرم وتـا تـامینی تـەواو بەدەسـت نـەهێنم ئەوان لای خۆم بهێڵمەوە. لە دۆستەکانمانەوە لە شار هەواڵ گەیشت ئەگـەر بێتـو بڕۆیتـە شـار دەتگـرن وڕەوانـەی زینـدانت دەکـەن. سـەرلەنوێ نامەیـەکم بـۆ ئـەو ئاغایانە نووسی کە ئێمە بەپێی بەڵێنێك کە دامان بوو هاتین و ئـەوە بەڵێنەکـەمان ئەنجامدا. مـن ئامـادەم کـە خـۆم بخەمـە ژێـر دەسـەڵاتی بەرپرسـانی بـەریتانیاوە بەمەرجێك کە تەئمین نامەیەکی فەرمی بـە سـەرجەم عێلـی سـەنجاوی وبنەماڵـەی ئێمە بدرێت، ئاشکرایە کە نوێنەرانی دەوڵەتی ئینگلیس نایانەوێ ئەم جۆرە تامینە بدەن، بۆیە هاتنم بێسوود بینی وناچار بە گەڕانەوە بووم.

بێ گومان بەو ئەندازەیە سادە وڕووکەش نەبووم کە وابزانم کارەکە تەواوبووە و ڕێی حەلێك بۆ ڕوزگاریم لەسەرتیاچوون پەیداکردووە، دەمزانی کە ئینگلیسەکان بە ئاسوودەیی نامان هێڵنەوە بـەم زووانـە لەشکرکێـشیمان سـەرلەنوێ دەکەنـەوە

سەر. هەموو ئامانجم ئەوەبوو کە بەڵێننامەکەی سەردار ناسر پوچەڵ کەمەوە. مەترسی کەم بووبووەوە چونکە هاوسەرەکانمان ومناڵەکانمان لە شاردان ولە ئەماندان بارسووك لەگەڵ براکان وجەمعێ سواری هەڵبژێردراودا بێ ژنومال دەدەینە شاخ بەڵکو کەم کەم وەکو جارەکانی تر گرفتارییەکەمان ئاسان بێتەوە.

هەر کە گەیشتمە سەنجاوی مەوزوعەکەم بە درێژی باسکرد. سەردار ناسر بەپێی بەڵێنەکەی خۆیی وکوێخاکان بڕیاریدا سەرلەنوێ بۆ شار بڕوات. هەرچی هەوڵمدا وتێمگەیاند کە بە ڕۆیشتنی من وئامادەنەبوونی گەورەپیاوانی شار و ئەوانەی کە بووبوونە کەفیلی تۆ بۆ دانوستان لەگەڵ مندا بەڵێننامەکەی تۆ پووچەڵبوەتەوە ڕازی نەبوو و نەچووە ژێری. کوێخاکان پێشنیاریان کرد کە نزیکەی هەزار پیاو وژن لەگەڵ سەردار ناسردا بۆ شار بڕۆن هەر بیست کەسی لەماڵی یەکێ لە پیاوە ئاینییەکان و گەورەپیاواندا مان بگرن وهەر وەهایشیان کرد.

سەردار سەرلەنوێ دەڕواتە ماڵی سەید حەسەنی ئۆجاق، ژنان وپیاوانی سەنجاویش هەر بیست کەسێ لە ماڵی یەکێ لە گەورە پیاواندا ماندەگرن. خەڵکی شار تەنها کەمێکی ژمێردراو نەبێت کە سەبارەت بە ئێمە نەزەرێکی چاکیان نەبوو، تێکرا بەگشتی مایل بە هاوکاری وڕاوەستان لەگەڵماندا بوون. بەڵام ئینگلیسەکان بەپەلە سەردار ناسر لە کونسولخانەدا دەست بەسەر دەکەن بەهۆی دەست وپێوەندەکانیانەوە کە ناوهینانیان لە شوێنی خۆیدا نیە، بە هەڕەشە وترساندن ووەعد وبەڵێن دەکۆشن کە خەڵکی شارەکە لە هاوکاری لەگەڵ ئێمەدا بێ ئومێد بکەن. پەنا دەرەکاتی سەنجاوی ناچار دەکەن کە میوانەکانیان دەربکەن.

عەباس خانی ئەمیر مەخسوس کە لەو کاتەدا لە شاردا بووە هەندێ لە سەرکردە بچووکەکان وهەندێ لە کوێخاکانی سەنجاوی بۆ ماڵی ئەمیر کل بانگهێشت دەکات وتەمێیان دەکات کە ڕاوەستانومانگرتنیان سەبارەت بە مەسەلەکەی سەردار ناسر بێسوود وئەنجامە ولەلایەن کونسولەوە دڵنیایان دەکاتەوە. خەڵکەکە لە بەرامبەر ئەم فشارەدا بڵاودەبنەوە و ئینگلیسەکان سەردار ناسر بۆ بەغدا دەنێرن ودەستوپێکانودەستە ودایرەکانیان ناچار دەکەن

که تەلوگراف بۆ دەوڵەتی مەرکەزی بنێرن، سوپاسگوزاری وخۆشحاڵی دەرببڕن سەبارەت بە گرفتاری و دەست بەسەری سەردار ناسر وپاڵپشت نواندن لە کردەوەکەیان.

## ڕەنگدانەوەی ڕووداوی دەشتی حور لە تاراندا

لە ژمارە پێنج شەمە ڕەجەبی ١٣٣٦، ١٩ ئوردیبهشتی ساڵی ١٢٩٧، ٩مەی ١٩١٨ ڕۆژنامەی ئێران ئەم خەبەرەی بڵاوکردەوە "بەچاوخشانێکی بە تەلوگرافێکی تایبەتی دڵتەزێن کە لە ١٥ ثور لە کرماشانەوە نێردراوە ودوێنێ گەیشتنە مەرکەز لە ئەنجامی بۆمبارانی تۆپ وفڕۆکە زیانێکی یەکجار لەتایفەی سەنجاوی کەوتووە. چوار سەد و پەنجا کەس لە ئەنجامی بۆمبارانی فڕۆکەدا لە ئاوی زەمکاندا خنکاون وسەرکردەکانی سەنجاوی بەهۆی فشاری ئینگلیسەکانەوە لە شاخەکاندا خۆیان شاردوەتەوە، سەرگەردان بوونە وزیانێکی فراوان لە ئاژەڵ و وڵاخەکانیان کەوتووە.

لە ژمارە ٢٢ ی ئۆردیبهشت هەر لە ئەو ڕۆژنامەدا نامەیەك لە ئیحتیشام ئەلمەمالیکی کرندییەوە گەیشتووە کە لە (مستر السترِ) وێنەری ئینگلیس لە کرندا سوپاسگوزاری دەکات کە هاوکاری خەڵکی کرندی کردووە و بۆئەوەی خەڵکی کرندی لە مردن ڕزگار کردووە، چونکە مەبلەغێك پارەی بۆ شارۆچکەی کرند ودەوروبەری ناردووە. جگە لەم ڕۆژنامەیە لە کۆورە ڕامیارییەکانی پایتەخت ڕووداوی دەشتی حور ڕەنگدەداتەوە. لە دەستگای دەوڵەتیشدا ڕەنگی دایەوە. حکومەتی مەرکەزی ئێران کە لەم مێژووەدا لەژێر حوکمڕانی حاجی نەجەف قولی خانی سەمسام ئەلسەلتەنەی بەختیاریدا بوو، دەستگای حکومەتی ناوبراو دوو بڕیاری یاسایی ومێژوویی سەبارەت بە نەهێشتنی هەموو گرێبەستە بەزۆر سەپێنراوەکان بەسەر ئێراندا هەروا پوچەڵکردنەوەی یاسای کاپیتو لاسیۆنی دەرکرد. هەر ئەم بڕیارە بووە هۆی دەرکردنی وڕوخانی حکومەتەکەی بەوپەڕی چاوکراوەیی ولە خۆبوردنەوە دەنگی ئیعتیرازی و نەیاری سەخت وتوندی دژی دەوڵەتی ئینگلیس بەرزکردەوە، نوسراو لەنێوانیاندادێت ودەڕوا کە باسی تێکرا ئەم نووسینانە تێکڕایان بۆ تەواوکردنی ئەم مێژووە پێویست دێتە بەرچاو.

**نامـەی وەزارەتـی دەرەوە بـۆ باڵیۆزخانـەی ئینگلـیس لـە تـاران، ڕێکـەوتی غورەی شەعبانی ١٣٣٦ ژمارە ٤٠٧/٤٥٤٦.**

جەنابی جەلالەت مەئاب دۆستانی موشفق موکەرەم میهرەبان.

بەپێی هەواڵێکی ناخۆش کە لە کرماشانەوە گەیشتووە نیزامییەکانی دەوڵەتی فەخیمەی ئینگلیس لەگەڵ عەشیرەتی کەلور وگۆراندا لەناکادا هەڵیان کوتاوە سەر عێلی سەنجاوی، نزیکەی چوارسەد کەسیان بەهۆی تـۆپ وفڕۆکـەوە کـوژراون وبـە مەزەنەی لێزانان دە کـەروور تومـان زیـانی دارایـی ومالییـان لێـداون وسـەرئەنجام سەردار ناسر سەرۆکی عێلـی نـاوبراو کـە بـۆ وکونـسولگەرێتی ئـەو دەوڵەتـە پایـە بەرزە بۆ شکات هاتبوو دەست بەسەر کردووە و ڕەوانەی بەغدا کـراوە. هـەروەها بـەپێێ هـەواڵێکی ڕاسـت سـەد ژن وپیـاو وسـەد هـەزار ئـاژەڵ و ولاخ لـە ترسـی بۆمبارانی فڕۆکەکاندا لە ڕووباری زەمکاندا خنکاون.

دوسـتار بەوپـەڕی داخـەوە دەبیـنین وبەشـێوەیەك کـە پێـشبینی کـراوە وهەمیـشەیش خـستومانەتە یادتانـەوە لەئـەنجامی ڕازی نـەبوونی بەرپرسـانی حکومەتی ئەو جەنابە لەمەڕ داخـوازی بـەردەوامی دەوڵـەتی ئێـران کـە ڕەعایـەتی بێلایەنی ئەو دەوڵەتە گوێ نەدان بەم داخوازییە ڕووداوی ناخۆش و نـا گـەواری لێ کەوتوەتەوە جگە لە زیـانی مـاڵی ومەعنـەوی کـە تووشـی خـەڵکی ئێـران هـاتووە کاریگـەری ناهـەموار وخـراوی بـۆ بەرژەوەنـدی هـەردوو دەوڵەتەکـە یـەکجار زیانبەخشە. بۆیە دوور بوونەوە لێی پێویستە.

هەر لەبەرئەمە دوستار بە پەیڕەوی نوسینەکان و دانوسـتانەکانی بەرپرسـانی دەوڵەتی عەلیەی ئێـران سـەبارەت بـەم مەوزوعـە کـە ئیعـتیرازی سـەخت وتونـدی خۆیـان دەربـارەی ئـەم فاجیعـە دڵتەزێنـە دەربڕیـوە کـە لـە سـەرەوە باسـکرا سەرلەنوێ نەزەری لێپرسراوانی دەوڵەتەکەی جەنابتان سەبارەت بە ڕەزامەندی بۆ ئەم داخوازییە دەخەینەڕوو دووبارە نـەزەرتان لـە بـارەی نوسـراوەکانی دەوڵـەتی ئێـران سـەبارەت بـە چـۆڵکردنی بەپەلـەی خـاکی ئێـران لـە هێزەکـانی لەشـکری ئینگلیس ڕادەکێشین، تکایە کارێکی کاریگەر لەم بـارەوە ئـەنجام بـدەن وهەرچـی زووتر ئەم داخوزییە جێبـەجێ بکـەنو ئـەم گیروگرفتانـە لەنێوانـدا مـەهێڵن، هـەروا

داخوازی تایبەتی دەکەین کە بەپەلە بڕیاری پێویست بۆ ئازادکردنوبەرەڵاکردنی سەردار ناسر دەربکەنو ئەنجامی ئەم داخوازیانەمان پێڕابگەیەنن.

سەبارەت بە خوێن بەهای دیەی کوژراوەکان وزامدارەکان و قەرەبووکردنەوەیان لەو زیانانە کە لێیان کەوتووە دوای لێکۆڵینەوە لە وردەکارییەکاندا بۆ جەنابی جەلالەت مەئابتان نامە دەنووسین.

**وەزارەتی دەرەوە**

**وەرگێڕانی نامەی باڵیۆزخانەی ئێران لە لەندەن بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیس. ڕێکەوتی ١٧ مەی ١٩١٨ ژمارە ٣٦/ ٢٠٣.**

جەنابی ئاغای جیمس بالفور، تەلوگرافی کە لە دەوڵەتەکەی دوستارەوە گەیشتووە بەوپەڕی ڕێزەوە لە خوارەوە دەیخەینە بەرچاوی بەڕێزتان.

هێزەکانی ئینگلیس لەگەڵ عەشایەری کەلور وگۆراندا دژی عێلی سەنجاوی یەکدەست بوونە و لەناکادا بە تۆپخانە وفڕۆکەوە هێرشیان بردوەتە سەریان وچوار سەد کەس کوژراوە ومەبلەغی دەکرور توومان زیانیان لێخستوون. چەندسەد نەفەر ژن وچەند سەد هەزار وڵاخ وئاژەڵ ومەڕ وبزن لە ترسی بۆمبارانی فڕۆکە لە کاتی هەڵهاتندا کەوتوونەتە ڕووبارەوە وخنکاون.

سەردار ناسر سەرۆکی عێلی سەنجاوی بۆ شکایەت ڕۆیشتوەتە کونسولێیەتی بەرزترین حەزرەت پاشای ئینگلیس لە کرماشان بەڵام لێپرسراوانی ئینگلیس خەیاڵیان وایە ئامـاژە پێکراو بۆ بەغدا ڕەوانە بکەن، بە دوستار ڕادەگەیەنین بەپەلە کاربەدەستانی بەرزترین حەزرەت پاشای ئینگلستان لەم ڕووداوانەی کە باسکرا ئاگادار بفەرموون وئیعتیرازمانیان پێی ڕابگەینن، وداخوازی بەرەڵاکردنی سەردار ناسر وجەخت سەبارەت بە قەرەبوویان دەکەینەوە. ووردەکاری ئەم ڕووداوە لە ئایندەدا بە عەرزتان ڕادەگەیەنین.

جگە لەمانە بە دوستار فەرمان دراوە کە درێژایی ئەم ڕوواوە باسکراوەی سەرەوە کە یەکێکی تر لەو کردەوانەیە کە بێلایەنی دەشکێنێ بیخاتە بەرچاو دوستدار لێپرسراوە کە بە دڵنیاییەوە پێتان ڕاگەیەنی کە بەتەواوی لەم شێوە

کردەوانە دوور بکەونەوە چونکە هەم دەبێتە هۆی لەنێوچوونی گیان ومـاڵی وهـەم هۆی دژایەتی وجیاوازی لەنێوان هەردوو دەوڵەتەکەدا بە بار دەهێنێت. سـەرەنجام دەوڵەتی دوستار فەرمان دەدا کە هەرچی زووتر خاکی ئێران لە لەشکری ئینگلیس چۆڵبکرێت.

**نامەی باڵیۆزخانەی ئینگلیس لە تاران، لە وەڵامی نامەی وەزارەتی دەرەوە دا.**
**١٠ شەعبان ١٣٣٦ ڕێکەوتی ٢١ مەی ١٩١٨.**

لە وەڵامی نامەی ئەم دواییەی دەوڵەتی عەلیەی ئێراندا ڕایدەگەیەنین کە دوای لێکۆڵینـەوەی تایبـەت بـۆ باڵیۆزخانـەی بـەرزترین حـەزرەت پاشـای ئینگلـستان ئاشکرابوو کە لەلایەن ئەڵمانەکانەوە بەسەردار ناسر ودوو برای ئامازە پێکراو زێڕ وچەك دراوە وئەم ناوبراوانە دەستپێچوفەسادی ئەڵمانـەکان بوونـە، ئـەم کەسـانە ناویان براوە تایفەکەیان ناچار دەکرد کە بە سیاسەتی ئەڵمانـەکان کۆمـەك بکـەن، بەڵکو نفوز ودەسەڵاتی خۆیان تا لە تونایاندا بووە بە کارهێناوە کە تایفـەکانی تـر دژی ئینگلیس هانبدەن.

یەکەم سەردار ناسر هاتە کونسولییەت بە نووسینی قبـوڵی کـرد کـە عـەلی ئەکبـەر خانیش بهێنێت و بەپێی بـیروڕای کونـسوڵ ڕەفتـار بکـات و یـەکێ لـە براکـانی بـۆ بەغدا ڕەوانە بکرێت بۆ ئـەوەی عـەلی ئەکبـەرخان نـەهات سـەردار ناسـر لـەجیاتی ئـەودا بـۆ بەغـدا نێـردرا ئەمـە تەرتیبێکـە دراوە بـۆ بەرقـەراری ئاشـتی وسـوڵحی ناوچەی تایفەنـشینەکان و قـازانج وسـوودەکەی بـۆ دەوڵـەتی ئێـران دەگەڕێتـەوە چـونکە کـە سـەرکردەکانی پێـشووی سـەنجاوی ماوەیەکـە لـە دانـی بـاج ملپێـچی دەکەن و دەستدرێژی دەکەنە سەر موڵکدارانی میری، بەهەر حـاڵ لەمـەودوا عێلـی سەنجاوی نابێتە دەستپێچی فەسادی ئەڵمانەکان ونابێتە هۆی پێشبردنی تـەماحو وبەرزەفڕەکانی عەلی ئەکبەرخان کە بەپێی هەواڵێ کـە بـە باڵیۆزخانـە گەیـشتووە پیاومـــاقوڵانی کرماشـــان وســـەرکردەکانی عێلـــەکان وکوێخاکـــانی ســـەنجاوی تەلوگرافیان بۆ دەوڵەتی عەلییـە کـردووە کـە سـەرکردەکانی پێـشووی سـەنجاوی نەگەڕێنـــەوە ناوچـــەکە. کونـــسوڵی پایەبـــەرزترین حـــەزرەت پاشـــای ئینگلـــیس دانیشتووی کرماشان هەموو کارێك بۆ ئاسودەیی عێلی سەنجاوی دەڕەخسێنێ کـە بەشێوەیەکی ئازاد لە ناوچەکانی خۆیاندا نیشتەجێ بن.

**وەزیر موختاری ئینگلیس**

**وەرگێـڕدراوی مـۆرکراوی نامـەی وەزیـری دەرەوەی دەوڵـەتی ئینگلـیس لـە وەڵامی وەزیر موختاری ئێراندا ژمارە ٣٤/ ٩٢٤٢.**

سەبارەت بە یاداشتێکی دوستار بۆ ئەو جەنابـە لەمێـژووی ٢١ی ئـەم مانگـەدا لـەبارەی کردەوەیـەك کـە لـەم دواییـەدا دژی سـەنجاویەکان کـراوە بـەڕێزەوە ئاگادارتان دەکەین ئێـستاکە تـەلوگرافیٚ لـە وەزیـر موختـاری دەوڵـەتی بـەرزترین حەزرەت پاشای ئینگلیس— دانیشتووی تاران گەیشتووە باسی ئـەوە دەکـات ئـەو کردەوەی کە کراوە بەرتەکێکی ئاسایی کردەوەکانی دوژمـن بـووە و لێپرسـراوانی وەك سلێمان میرزا کە یەکێکە لە بەکرێگیراوە چالاکەکانی ئەڵمان لەنێو عەشیرەتی ناوبراودا بە هاندان ودنە وپروپاگەنـدەوە خـەریکن، سـەرۆکی ئـەم عێلـە وهـەردوو براکـەی ناسـر و عـەلی ئەکبـەر لـە ئەڵمانـەکان پـارە وچـەکیان وەرگرتـووە و ناوچـەکەیان کردوەتـە مەرکـەزی دەسیـسەی دوژمنـەکانمان، سـەبارەت بـە عەشیرەتەکانی تر زۆربەی دانیشتوانی ئەیالەتەکە ئەم کردەوەیان بەچـاك هاتۆتـە بەرچاو ولەوناوچانەدا سوڵح وئاشتی بەرقەراربووە.

دەوڵەتی پایەبەرزترین حەزرەت لە کوژرانی خەڵکی بێتاوان لـە ئـەنجامی ئـەم کردەوەدا بەداخە بەڵام دوستار بەڕێزەوە ڕایدەگەیەنێت کە دەوڵەتی ئێران بەهۆی مەنع نەکردنی دنە و دەسیسەکانی دوژمنـەکانی دەوڵـەتی ئینگلیسەوە، دەوڵـەتی پایەبەزترین حەزرەتی پاشایی خۆی بـە دەوڵـەتی بـەرپرس دەزانـیٚ کـە پێویـستە ئەم کردەوانە ئەنجام بدات وبیگرێتە ئەستۆی خۆی.

**جیمس بالفور**

**یاداشتی وەزارەتی دەرەوەی ئێران بۆ باڵیۆزخانەی ئینگلـیس لـە تـاران لـە مێژووی ٢١ شەعبان ١٣٣٦ ژمارە ٤٨٠٨.**

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی دەوڵەتی عەلیەی ئێران کە لە پـەیڕەوی نامـەی غورەی شەعبانی ١٣٣٦ ژمارە ٤٠٧/٤٥٤٦ وەزیری کاروبـاری دەرەوەدا سـەبارەت بە ڕووداوی دڵتەزێنی کرماشان ئاگاداربووە کـە لـە سـیەمی ئـەم مانگـەدا سـەردار ناسر بەرەو بەغدا براوە، زمنی ئیعتیراز ولاریمان لەم کردەوە ناڕەوایە کە لە خاکی بێلایـەنی ئێرانـدا ڕوویـداوە ڕەنگدانـەوەی خـراوی ئـەم کردەوانـە بـەو باڵیۆزخانـە

بـەڕێزە ڕادەگەیـەنین، هـەروەها گەڕاندنـەوەی بەپەلـەی سـەردار ناسـری ئامـاژە پێکراو داخوازی دەکەین، چـونکە کۆسـپ لـەم کـارەدا دروسـتکردن دەبێتـە هـۆی ڕووداوی نـاخۆش دروسـت کـردن وەکـو سـەرەتاکەی سـەری هەڵـداوە و هاتوەتـە پێشەوە وبەچاو دەبینرێت. بێگومان ئەنجامەکەی ململانـێ وخوێنڕێـژی ونالـەباری لـە دەڤـەری ڕۆژئـاوای ئێرانـدا لێدەکەوێتـەوە وبەرپرسـیاریەتیەکەی دەکەوێتـە ئەستۆی سەربازەکانی دەوڵەتی بـەرزترین حـەزرەتی پادشـایی ئینگلستانەوە کـە بەهۆی کاروکردەوەی خۆتان ئـەم جـۆرە ڕووداوانـە و زیانانـە دەهێننـە پێـشەوە. وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە ئومێـدەوارە باڵیۆزخانـەی بـەڕێز هـەوڵێکی کاریگـەر وبەپەلە لەم بوارەدا بەکار بێنێت، ئەنجامەکە هەرچی زووتر ڕاگەیەنێت.

**یاداشتی وەزارەتـی دەرەوەی ئێـران بـۆ باڵیۆزخانـەی ئینگلـیس لـە تـاران، مێژووی ١٣ ڕەمەزان ١٣٣٦ ژمارە ٥٠٣/٤٧٦٥.**

وەزارەتی کاروبـاری دەرەوەی دەوڵـەتی عەلییـەی ئێـران گەیـشتنی یاداشـتی مێـژووی دەهـەمی شـەعبان/ ٢١ مـەی ١٩١٨ باڵیۆزخانـەی فەخیمـەی ئینگلـستان سەبارەت بە بەڵگەکانی بەدواداچوون وسـەرکوتی عێلـی سـەنجاوی پیـشان دەدا و بەڕێزەوە لە وەڵامی ئـەو باڵیۆزخانـە فەخیمـەدا ئاگـادار دەکـات کـە نـاتوانێ بـەو بەڵگانە ڕازی بێت چـونکە نـەدانی بـاج یـان دەسـتدرێژی بەسـەر موڵـك ودەوڵـەتی عەلییە یان کردەوەیەکی تر کە دەدرێتە پاڵیان ڕاستیەکەی ڕوون نیـە، هـیچ یـەك لـەم بەڵگانـە نابێتـە دەستپێـچێك بـۆ لەشکرکێـشی ڕاسـتەوخۆی کاربەدەسـتانی بەرزترین حەزرەت پادشای ئینگلستان کـە بـە ئاشـکرا بەپێـچەوانەی سـەربەخۆیی وبێلایەنی ئەو دەوڵەتەیە، بەڵکو ئەم جۆرە کردەوانە بەپێی بناغە وئوسـوڵی یاسـا وڕاو ڕەوشتی دەوڵەتی ململانێکەرەکان بـەدەرە، سـەرلەنوێ نـەزەرتان سـەبارەت بە دەست تێوەردانی نیزامی ولەشکری لەم مەملەکەتەدا و بەردەوام دانی شـەڕ لـە خـاکی ئێرانـدا ڕادەکێـشین، لەبەرئەمـە کاربەدەسـتانی دەوڵـەتی ئێـران داخـوازی دەکەن کە ئەم ڕەوشت وکردەوانە لەلایـەن کاربەدەسـتانی دەوڵـەتی ئینگلیـسەوە وەلاوەبنرێت، تکامان وایە سـەردار ناسـر هەرچـی زووتـر لـەدیلی بـەرەلا بفـەرمن. وەزیری کاروباری دەرەوە سەبارەت بە زیانێ لە گیان وماڵیان کەوتووە قەرەبووی

ئەو زیانانە لەم ماوەیەدا کە زۆربەی ولایەتەکانی لەلایەن کاربەدەستانی لەشکری ولێپرسراوانی ئەو دەوڵەتە تووشی زیانی گیانی ومالّی بوونە داخوازە، سەبارەت بەمانە لەدواییدا بۆ جەنابی وەزیر موختاری ئینگلیس نوسراو دەنێرین.

**تولوگرافی وەزارەتی دەرەوەی ئێران بۆ بەڕێوەبەرایەتی حکومەتی کرماشان سەبارەت بە کێشانەی زیانێك کە تووشی عێلی سەنجاوی لە مێژووی غرەی شەعبانی ١٣٣٦ ژمارە ٤٠١.**

سەبارەت بە مەوزوعی هێرشی لەشکرەکانی ئینگلیس لەگەڵ عەشایەری کەلور وگۆران بۆ سەر سەنجاوی نامەیەکی ناڕەزایی بۆ باڵیۆزخانەی بەڕێزتان نووسراوە. و داخوازی قەرەبووی زیانی گیانی ومالّی سەنجاوی بەرەلاکردنی سەردار ناسر و گەڕانەوەی لەشکری ئینگلیس و چۆلکردنی خاکی ئێران کراوە، پێویستە ووردەکاری وچۆنیەتی ڕووداوەکە بەدرێژی لە ڕاپۆرتێکدا بنێردرێت. ژمارەی کوژراوەکان وزامارەکان ودارایی وسامانە تالاّنکراوەکان بە ئەوپەڕی ڕاشکاوییەوە وبە ووردەکاری وبەڕاستی بنوسرێت وبنێردرێت کە خوێن بەهای کوژراوەکان وزامدارەکان زیان لێکەوتووان دەست نیشان بکرێت، چ مەبلەغێك پێویستە داخوازی بکرێت تێیدا ڕوون وئاشکرا بکرێت.

**ئیعتیلا ئەلمەمالیك**

**ڕاپۆرتی بەرپرسی کرماشان لە وەڵامی تەلوگرافی ژمارە ٤٠٨ لە مێژووی ١٩ شەعبانی ١٣٣٦ دا.**

بۆ مەقامی بەرزی وەزارەتی کاروباری دەرەوە. لە وەڵامی تەلوگرافی ژمارە ٤٠٨ سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە هۆی لەشکرکێشی ئینگلیس بۆ سەر عێلی سەنجاوی ودەست نیشانکردنی کوژراوەکان وکۆی زیانی مالّی داراییان عەرزتان دەکەین هۆی دژایەتی ئینگلیس دەگەڕێتەوە بۆ لایەنگیری سەرکردەکانی سەنجاوی لە سیاسەت وبیرۆکەی ئەڵمانەکان وبەپێچەوانە جولاّنەوەی سەرکردەکانی سەنجاوی و گوێنەدانیان بە فەرمانی ئینگلیسەکان و تێکدانی کاروبار ونەخشەکانیان و نەکەوتنە شوێنی سەرکردەکانی عەشایرەکانی تر وئەم

مەسئەلەیە لە کاتی جێگیربوونی سلێمان میرزا لەنێو ئەو عێلەدا توندتر بـوو، دوای دیلیـی ئامـاژەپێکراو لەلایەکـەوە، سـەنجاویەکان ئـەم ڕووداوەی دیلیـی سـلێمان میرزایـان بـۆ خۆیـان بـە نـەنگ وڕسـوایی دەزانـی ولەلایـەکی تـرەوە ئەگـەر تـۆزە ئومێدەوارێك بۆ ئینگلیسەکان سەبارەت بـە ڕاکێـشان ودڵدانـەوەی سـەرکردەکانی سـەنجاوی کـە لـە ئـارادبوو، لەبـەین چـوو. هەوڵـدان بـۆ سـەرنگوونی وتێداچـوون وپێـشێلکردنی سـەنجاوی دەسـتی پێکـرد، سـەرکردەکانی عەشـایر وەك ئـەمیر ئەعزەم و ئەمیر موعەزەمی کەلور سـەردار ڕەشـیدی کوردسـتانی وسـەرکردەکانی گۆران لە پێشەوەبوونو ناوداریو سەرکەوتنو ناوبانگی عێلی سـەنجاوی ناڕەحـەت بوون، دەستپێچێکی گونجـاو کـەوتبووە دەسـتمان لەگـەڵ ئینگلیـسەکاندا دەست تێکـەڵاو بکـەن، لەڕاپۆرتـەکانی پێـشوودا عـەرز کـرا. بـە هێـزی سـەربازی و سـاز وبەرگـەوە کـاتی کـە عێلـی سـەنجاوی لـە دەشـتی حـردا نیـشتەجێبوون لـەناکادا هێرشیان هێنایە سەریان، دوای چەند ڕۆژێك شەڕ وبەرگری بەشکست و کـوژران و تالآنی عێلی سەنجاوی هاتە ئەنجام.

کوژراوەکانیـان مـەعلوم نیـە وهـەتا سـەنجاویەکانیش نـەیانتوانیوە تـا ئـەمڕۆ گومبووەکان بەشێوەیەکی ڕاست تۆمار بکەن، چونکە لەلایەکـەوە خـەڵك دوچـاری لافاوی ڕووبارەکە ولەلایەکی تـرەوە ببوونـە ئامـانجی گوللـە وبۆمبـای فرۆکـەکانی دوژمن، لەوە دەچێت ئـەو ژمـارەی کـە سـەنجاوییەکان خۆیـان باسـی دەکـەن لـە حەقیقەتەوە دوور نەبێت. ئەو شتەی مەعلوم بووە جگە لەو کەسانەی کە بوونەتە بەرگولـەوە زۆربـەی خنکاوەکـان ژنـان ومنـاڵان بوونـە کـە توانـای تێپـەڕبوون بـۆ ئەوبەری ڕووبارەکە لە وزەیاندا نەبووە. بۆیـە وای بـۆ دەچـین خنکـاو وکـوژراو لـە چوار سەد کەس زۆرتر بووە.

سـەبارەت بـە دەسـت نیـشانکردنی زیـانی یـەکلایی ئـەم بەشـەیش دژوار وپێچیدەیە چونکە ئاسەوارێك لەبەرچاودا نیە، تەنها خـەڵکێك نـەبێت کـە بـێ مـاڵ وژیان لە دەشتەکاندا وێڵان وئاوارە وسەرگەردانن وژمارەی زیانێك کە لە خـوارەوە بە عەرزتان دەگات بە بیروباوەڕی بەندە وورترین ژمارەیەکـە یەتـە بەرچـاو ولەمـە ووردتر ناتوانرێ دەست نیشان بکرێت.

عێلی سەنجاوی سەرجەم نزیکەی پێنج هەزار خانەوار وبنەماڵەیەك دەبن. لەم ژمارەیە تەنها تەنها دوو سەد سێ سەد بنەماڵەیەك، کە لەپێشدا چوونەتە پەنای عەشیرەتەکانی تر، ڕزگار بوونە ئەوەی ماوەتەوە بەشێوەیەك تالانکراون کە دەتوانین بڵێین شتێکیان بۆ نەماوەتەوە، هەرکات کێشانەی زیانەکانیان لەم بارەوە بەراوورد بکەین ئەنجامی خوارەوەمان بەرچاو دەکەوێ:

چوار هەزار وپێنج سەد دەواری ڕەش، هەر دەوارێك قیمەتەکەی شەست توومانە، کە سەرجەم دەکاتە ٢٧٠٠٠٠ تومان.

بۆ بارکردن وگوێزانەوەی هەر دەوارێك و شتومەکی ماڵێك یانزە گاو وڵاخی پێویستە. هەر سەرێك لەمانە قیمەتەکەی پانزە توومانە، سەرجەم دەکاتە ١٠١٢٥٠٠ تومان.

هەر بنەماڵەیەك پێویستییان بە دووسەر قاتر یان مایینە، قیمەتی هەر سەرێك پەنجا توومانە، سەرجەم دەکاتە ٤٥٠٠٠٠ تومان.

چونکە بەپێی داب ونەریتی عەشیرەتی لە هەر گەلەڕان وئاژەڵێك لە ساڵێکدا یەك سەر پەز بەناوی سەرگەلە پێش کەش بەسەرۆك عێل دەکرێت، بەپێی لێکۆڵینەوە لەم ساڵەدا سەرجەم هەشت سەد وبیست سەر مەڕ بەم شێوەیە دەدرێتە سەرۆکی تایفەی سەنجاوی و هەرکاتێ هەر گەلەیەك بەشێوەیەکی مەیانە بە پێنج سەد سەر بژمێرین سەرجەم پەزە تالانکراوەکان بە چوار سەد ودە هەزار سەر مەڕ دەگات و ئەگەر هەر سەری پێنج تومان بژمێرین قیمەتەکەیان دەگاتە ٢٠٥٠٠٠٠ تومان.

شتومەك وپێویستیەکانی هەر ماڵێك بەشێوەیەکی مەیانە (١٥٠) توومانە کە سەرجەم دەکاتە ٦٧٥٠٠٠ تومان کۆی هەموو دەکاتە ٤,٤٥٧,٥٠٠ تومان.

ئەم ژمارە ناوبراوانە کە لەسەرەوەیە تاڕادەیەك لەگەڵ لێکۆڵینەوە وپشکنینێ کە لە تواناداییێ لە سەرچاوە جۆراو جۆرەکانەوە بەدەست هێنراوە و نووسراوە بۆتان، بەڵام ئەگەر بڕیاری سەرچاوەکە لە سەر بناغەی ژمارەییێ کە سەنجاویەکان دەیدەنە دەستەوە بکەینە پێوەر کێشانە وژمارەکە یەکجار لەمە زیاتر تێدەپەڕێت.

**مۆری بەڕێوەبەری حکومەتی**

**ئەیالەتی کرماشان**

لـەو ڕۆژانـەدا بەخـشنامەیەك لەلایـەن كۆلۆنێـل كنیـۆن كونـسوڵی دەوڵـەتی ئینگلیس لە كرماشان بڵاكرایەوەكە دەقەكەی لە ژمارەی ڕۆژی سێ شەمەی سێی شـەعبانی ١٣٣٦/ ٢٤ ئۆردیبهـشتی ١٢٩٧/ ١٤ مـەی ١٩١٨ بەرچـاو دەكـەوێ كـە پیشاندەدرێ ڕۆحی دەستدرێژكەرانە وگوێنەدانیان بە مافی مرۆڤە. چونكە بناغەی سیاســـەتی ئینگلـــیس لەســـەر دامەزرانـــدنی ئەمنیـــەت وئـــارامی و ئاســـایش وبڵاوكردنـەوەی دادگـەری دانـراوە، بـۆ بەرژەوەنـدی گـشتی هـەردوو دەوڵـەتی ئینگلیس وئێران وغەیرە هاتووە نێو خاكی ئێرانەوە و لەگەڵ ئێرانیەكاندا بەوپەڕی مرۆڤایەتییەوە ڕەفتاردەكات لە ئاست ئـەم ڕەفتـارە چاكە وكـردەوە پەسـەندەی ئـەم دەوڵەتـە مەزنـەی ئینگلیـسە لـە فـەرمانڕەوایانی بـەڕێزی گـەورە وبـچووك و پیاوماقوڵان و عەشایر، بەڵكو لە فەرد فەردی خەڵكی ئێـران بەگـشتی چاوەڕوانین كە لەگەڵ لەشكرەكەماندا دۆستانە ڕەفتار بكەن و دژایەتی نەكەن، چونكە لە هـەر چـین وتایفەیـەك دژایـەتی ببینرێـت بێگومـان لەشـكری بـەتوانای ئینگلـیس لـە سەركوتكردن وقەنارە دانیان بەپێی بنەما و یاسای لەشكریی درێغی ناكات.

**كۆلۆنێل كنیۆن**
**كونسوڵی دەوڵەتی مەزنی ئینگلیس**

## دەربەدەری و ئاواربوون لە كێوەكاندا

من وسالار زەفەر لە قەڵاكەی مروەت خانی مامەمان كە تەنها قەڵایەك بوو كـە لە شـەڕی ڕوسـەكاندا بەسـاغی مـابووەوە، نیـشتەجێبووین. دوای دیلیـی سـەردار ناسر وبردنی بـۆ بەغـدا بۆمـان موسـەلەم بـوو كـە ئینگلیـسەكان لـە هـەردووكمان دەست هەڵناگرن، چاوەڕوان بـووین كـە لـە كوێـوە دەنـگ بـەرز دەبێتـەوە. زۆری پێنەچوو كە ئینگلیسەكان دوو كەسیان ناردە لای سـەردار ڕەشـید وسـەرۆكەكانی جوانڕۆ وهـەورامان، لـەماوەی چـەند ڕۆژێكـدا بـە هەڵـسوڕاندنی سـەردار ڕەشـیدی ئەردەڵان جەمعیـەتێ سـوارە وپیـادەی جـوانڕۆ و هـەورامانی لهـۆن و كەمانگـەر و سورسوری و كەشكی وشێخ سمایلی كە نزیكەی هەزار وپێنج سەد كەسێك دەبوون

له ڕەوانسەردا کۆبوونەوە. ولەوێوەیش حەرەکەتیان کرد وله گوندی خوڕەم ئاوادا (خوڕەم ئاوا)دا که یەك فەرسەخ ونیو له ئێمەوە دووربوو ئۆردوویان دامەزراند.

چونکه ئەوانەمان لەپێشدا دەناسی دەمانزانی گەر هێزی ئێمه لەمەیش کـەمتر بێت جورئەت و دڵی هێرشکردنیان له خۆیاندا نـەدەبینی. حـەوت هەشـت ڕۆژ ئـەو ئۆردووە بێکار مایـەوە و ئێمـەش گوێمـان پێیـان نـەدا. ئینگلیـسەکان کـە زانیـان ئۆردووی کوردستان کارێك ناباتە پێشەوە وهیچی پێناکرێت له هەموو لایەکەوە بۆ سەرۆکەکانی عەشایەری کرماشان نامەیان نووسی وئەوانیان بۆ لەشکر ناردنە سەر سەنجاوییەکان هاندا. دوای چەند ڕۆژێك له شارەوە هەواڵمان پێگەیی که لەشـکری کـەلور گەیـشتوەتە هـارون ئـاوا و مایدەشـت وجەمعیـەتی گـۆران وکولیـاییش بـە ڕێگاوەن وبەم زووانە دەگەن.

له حەقیقەتدا جێی سەرسوڕمانە ئەم کۆبوونەوە عەشـایەرییە بۆچـییە؟ ئێمـە لەگەڵ کەلور وگۆران و کولیاییدا تادوێنێ دۆست و هاوپەیمان بووین، چیمان لێیان کردووە که ئێستاکه به خواستی دەوڵەتێکی بێگانە، که بڕیاری کوشـتن ونـابوودی ئێمه یان داوە، عێلجاریی و لەشکرکێـشیمان لێدەکـەن. دەوڵـەتێك بـە پێـچەوانەی مافی مرۆڤـو بـێ ئـەوەی دوژمنـێ لـە خـاکی ئێرانـدا لـە بەرامبـەری خۆیـدا ببینـێ لەشکری هێناوەتـە خـاکی ئێمـەوە و بـەزۆر و سـتەم فـەرمانڕەوایی دەکـات، ئایـا دەمارگیری نیشتمانی وموسوڵمانی و میللـی وهـەتا هەسـتی مرۆڤایـەتی بەتـەواوی لەنێو چووە؟

من وسالار زەفـەر وسـالار موقتـەدر بەرژەوەنـدی خۆمـان وئاسایـشی خـەڵکی تالانکراوەکەمان لەچۆڵکردن وجێهێلانی خاکی سەنجاویدا بینی. دوانزە هەزار سەر مەڕ کە هی منوسەردار ناسـر بـوو کـە شـوانەکانمان پـێش ڕووداوی دەشـتی حـور لەگەڵ کۆچی سالار زەفەردا لـە ڕووبارەکـە پەڕاندبوویانـەوە و لـە تـالان ڕزگاریـان کردبوو، لەنێوان کوێخا تالانکراوەکاندا دابەشمان کرد، نزیکەی چوار سەد قاتریش بۆمان مابووەوە دووسەدیانمان هەر بەم شێوەیە دا بە خەڵکەکە پێشکەشمان کرد له ماڵو سامانی سالار زەفەر وسالار موقتەدر نزیکەی پەنجا بار ئازووقە وشـتومەك بەمەبەستی سووك کردنەوەیان سـەد بارمـان جیـاکردەوە وئینجـا لـە خزمـەتکارە تایبەتیەکانمان و کوێخازادەکانی سەنجاوی ئەو کەسانەی بـێ هاوسـەر بـوون یـان

دەیانتوانی ژنومناڵەکانی بداتە دەستی باوك وبراکانیەوە داخوازیمان کرد لەگەڵمان بن. سێ سەد کەسێ ئامادەیی خۆیان نیشاندا، سەد کەس کە ژیانیان ئاسایی نەبوو لێیان خۆشبووین وبەدوو سەد سوارەوە بەشەو لە قەڵای خدا مروەت خان بەرەو گوندی نیلاوەرە سەرەتای دەرەی بەنی گەز گوێزامانەوە. لە ژنەکان تەنها غەزال ئەلسەلتەنەی هاوسەری سالار زەفەر لەگەڵماندا بوو. هەر شەوی یەکەم پەنجا کەس لەودووسەد سوارە هەڵهاتن. ڕۆژی دووەم بە سەد وپەنجا سوارەوە ڕۆیشتینە کێوی بەنی گەزکە ئێلاخی سەرکردەکانی سەنجاوییە و دوو شەوێك لەوێدا ماینەوە، ولەیراوە دەربەدەری وئاوارەییمان لە کێوەکاندا دەستی پێکرد.

لەنێو سەرۆکەکانی تایفەکاندا بارام بەگی سەردار ئەکرەم سەرۆکی عێلی وەلەدبەگی تا ئەو کاتە هاتوچۆی دۆستانەی لەگەڵماندا نەبڕیبوو، ئەو لەگەڵ سێ براکەیدا نەوەی پوری ئێمە دەژمێردران، هەر بەم بۆنەوە بە باوکم وئێمە خاڵۆیان دەووت. جگە لەمانە سێسەد بنەماڵە وخانەواری سەنجاوی بەتایبەت تایفەی ئەرکەوازی بە لاوە ئازا ودلێرەکانیانەوە لە نزیکیاندا دەژیان. لەبەر ئەمە بریارماندا بەرەو تایفەی وەلەدبەگی، کە هێشتانە لە شوێنە گەرمیانەکاندا بوون بڕۆین.

هەر کە لە سەنجاوی دەرچووین سەردار ڕەشید بە لەشکرەکەیەوە هاتە قەڵای خدا مرووەت خان ولەداواییدا هاتە نیلاوەرە، هەواڵی دەرچوونمانی بە ئینگلیسەکان ڕاگەیاند، لەشکرەکەیان بەشێوەیەکی کاتی بڵاوەیان لێکرد. بەرەو ماڵی سەردار ئەکرەم کەوتینەڕێ، شەو لەدەشتی حردا ماینەوە، ئەو دەشتەی کە مانگێك لەمەوبەر جێی کوشتاری سەنجاویەکان بوو. کەمێك قارچی کێویمان کۆکردەوە، لە تایفەی باوەجانی ئەمیر ئەلعەشایریش هەندێ دۆی هێنا، لەگەڵ ئاردێکدا کە پێمان بوو، هەویرێکمان دروستکرد وبەسەربەردێکەوە بەئاگر سوورمان کردەوە کە لەگەڵ قارچ ودۆکەدا خواردمان.

لە دەشتی حر حەرەکەتمان کرد شەومان جارێکی تر لە شوێنێك کە دم ئەسپەریان پێدەگوت لە کێوەکەدا ماینەوە ولەوێدا شەومان بردەسەر، وڕۆژی دوایی لەوێوە بەرەو ماڵی سەردار ئەکرەم لە گوندی (ئەزگلە) لە دامێنی کێوی بەمۆدا، کەوتینەڕێ. نیو فەرسەخێ مابوو بگەین سوارێکی سەنجاوی کە کەریمی ناو بوو کوڕی کەربەلایی ڕەحیمی ئەرکەوازی خزمەتکاری تایبەتی من کە هەر لەو

سیٚ سەد بنەماڵەنە کە جێنیشینی وەلەدبەگی بووە، ووتی سەردار ئـەکرەم تکـای کردووە کە ئێستاکە نەڕۆینە ماڵیـان تـا خـۆی دێـت و ئـەتانبینیٚ، سەرمـسوڕما و بیرمکردەوە سەردار ئەکرەم لەگەڵماندا بێت یان دژمان بێت چاکترە بڕۆینە ماڵیـان چونکە سیٚ سەد بنەماڵەی سەنجاوی لەوێدا هەن کە سەد سـواری هەڵبـژێردراویان هەیـە، ئێمـەیش بـە سـوار وپیـادەوە نزیکـەی سـەد وپـەنجا کەسـێك دەبـین لـەو حاڵەتەدا ناتوانن دژمان بجولێنەوە.

بیانەویٚ ونەیانـەویٚ چـووینە مـاڵی سـەردار ئـەکرەم، غـەزال ئەلـسەلتەنەیش ڕۆیـشتە هـۆدەی ژنەکانـەوە بـۆ لای ڕەعنـا خـانمی دایکـی سـەردار ئـەکرەمی پوورزامان. خزمەتیان کرد، نەهارێکیان هاورد خواردمـان و حەسـاینەوە. ماڵـەکانی برا ناسراوەکانی سەردار ئەکرەم کـە بریتـی بـوون لـە یـاقوب بـەگ و عـەزیز بـەگ وصـۆفی بـەگ لـە مـاڵی ئـەوەوە دووربـوون کەسـێکی نـاردە شـوێنیاندا کـە بـێن بۆبینینمان، تا خۆرئاوا خەبـەریٚ نـەبوو، سـەعاتێك لەشـەو تێپـەڕیبوو بـارام بـەگ خـۆی هـات، ووتـی براکـان وەڵامیـان داوەتـەوە چـونکە چـەند خـاوەن پلەیـەکی ئینگلیس بە چەند سوارێکەوە هاتونەتە شێخان هاتنیان بەچاك نەزانی.

دوای شام خواردن بارام بەگ بە بەهانەی هاوردنی براکان سـواربوو دەرکـەوت کە درۆی کردووە، براکانی ڕۆیشتونە ماڵی شێخ وەهاب خاوەنی گوندی (ئەزگەلـە) کە لە نزیکەی سیٚ سەد پێی ماڵی بـارام بەگـەوە دوور بـوو، داوایـان لێـی کردبـوو بمبینیٚ. نیوە شەو لەخەو هـەڵیان سـاندم بینیـنم شـێخ وەهـاب کـە لـە دۆسـتانی ڕاسـتەقینەی مـن بـوو ناردبوویانـە لام کـە لـە ماڵـەکانیان دەربـچم چـونکە ئینگلیـسەکان هاتوونەتـە (شـێخان) و کەسـێکیان خـستبووە تـەکی کـە چـاودێری بکات شتێك بە پێچەوانەی فەرمانی ئەوان نەڵێت. لەگەڵ ئەمەیشدا ئـەم شـێخە بـە هێواشی تێمی گەیاند کە بارام بەگ وبراکانی درۆ دەکەن، ئینگلیسەکان نـەهاتوون وتۆیش مەڕۆ. وەڵامم دانەوە لەم کاتە درەنگـەی شـەوەدا بـەهیچ شـێوەیەك لـەیرا ناجولێینەوە.

پەیامهێنەرەکان کە ڕۆیشتن سالار زەفەر وسالار موقتەدر وسـوارەکانم لەخـەو هەڵساند، ڕووداوەکەم بۆیان گەڕاندەوە، فیشەك لغەکانمان بەسـت وتفەنگـەکانمان خستەسەر زانۆمان حازر وئامادە دانیشتین.

سبەی بارام بەگ خۆی هاتە لام، ووتی براکانم ناردووە کە ببینن ئەم لەشکری ئینگلیسانە بۆ هاتوون؟ تکای لێم کرد کە بەشێوەیەکی کاتی لە دیوەخانی ماڵەکەی بگوێزمەوە ئەگەر کەسێکی بێگانە هات نەمبینێ، ووتی سالار زەفەر وئەوانی تر ئەگەر لەیرابن گرفتێکی نیە، لەلای ماڵی خۆیدا ماڵێکیان بۆم تەرخانکرد ورێکخست. دوای ئەمە سوێندی خوارد کە ئەو ئامادەبووە گیان وماڵی خۆی لەپێناوی مندا فیدا بکات، بەڵام ئەیەوێ تا دەتوانێ خۆی بپارێزێ چونکە بارودۆخەکە هەستیارە.

بەسێ وچوار خزمەتکارەوە گوێزامانەوە ئەو ماڵە تا دەوری عەسر خزمەتیان گەرم بوو، دوو سەعاتی بۆ خۆرئاوا مابوو بیستم کە جارێکی تر براکان ڕۆیشتوونەتە ماڵی شێخ وەهاب وسەردار ئەکرەمیش ڕۆیشتوەتە ئەوێ. لەنێو ماڵی بارام بەگدا ڕاپەرینێك بۆ لایەنگیری ئێمە لەلایەن خانمەکانەوە پێکهاتبوو، ژنان تانە وتەشەری ناپیاوییان لە پیاوەکان دابوو و بەهۆی خزمەتکارەکانەوە ئێمەیان لە دەسیسەی براکان ئاگادار دەکرد وڕایان دەگەیاند کە ئاگاداری خۆمان بین.

هەواڵیان هێنا کەبراکانی بارام بەگ ڕۆیشتوونەتە ماڵی شێخ موحەمەدی شاکەل لە شێخ وسۆفیەکانی ئەو ناوچەیە، ئەویان ناردبووە لای ئینگلیسەکان بەهۆی پەیوەندییەکی ئەوەوە کە لەگەڵ ئینگلیسەکاندا هەبووی بۆئەوەی پولو پارەیەکی فراوان لە ئینگلیسەکان بۆ بارام بەگ وەربگرێت. ئەوانیش بەڵێن دەدەن یان من بکوژن ویان بمگرن وبمدەنە دەستەوە. ئێمەیش ناردمان سوارەکانی سێ سەد خانەوارە سەنجاویەکانیان ئاگادار کرد وفەرمانماندا کە ئولاخەکانیان لە لەوەڕگاوە بهێننەوە. خەڵکی تایفەکە بەپەلە ئامادەبوون ودەورمانیان گرت.

ووتمان قاترەکان بار بکەن، کاتێ کە دەمانویست سواربین بارام بەگ ویەعقوب بەگ وعەبدولا بەگی کوڕی ڕۆستەم بەگ شێخ جەمیل وشێخ وەهاب بە چەند سوارێکەوە هاتن، بارام بەگ ووتی هەندێ مەوزوع هەیە پێویستە بە نهێنی وبە تەنهایی بگووترێت، لەم کاتەدا نزیکەی دوو سەد سێ سەد چەکدار وبێچەکی وەلەدبەگیەکان لە دەورماندا بوون. ئێمەیش فیشەکمان خسبووە لوولەی تفەنگەکانمانەوە، چاودێری جوڵانەوەیانمان دەکرد. من و سالار زەفەر

وسالارموقتەدر لە ئەوانەوە نزیکەی پەنجا پێیەك دوور بووینەوە و دانیشتین. بارام ووتی تا ئێستا لەنێوان براکاندا جیاوازی بۆچوون بووە، بەڵام ئێستاکە هەموومان یەك دڵ ویەك زمان ئامادەی هاوڕێیەتیتانین، دەمانەوێ دانیشین وبیروڕا بگۆڕینەوە کە چی بکەین. ناردیان قورئانێکیان هێنا. یەکەم کەس بارام بەگ سەردار ئەکرەم سەرۆکی وەلەدبەگییەکان سوێندی خوارد کە بەوپەڕی ڕاستییەوە تا دوا تنۆکی خوێنی ومالْ وسامان وناموسی خۆی وعەشیرەتەکەی لەگەلْ ئێمەدا بێت. دوای ئەو یەعقوب بەگ و عەبدوڵا بەگیش هەر ئەو سوێندەیان خوارد. شێخ جەمیل سوێندی خوارد تا ئەو کاتەی بارام بەگ دۆستی ئێمە بێت ئەویش بە دۆستی دەمێنێتەوە. دوایی بارام لەلایەن عەزیز بەگ وسۆفی بەگ وبراکانی تریەوە کە لەوێ نەبوون سوێندی خوارد، من وسالار زەفەر وسالار موقتەدریش سەبارەت بە دۆستییان و بەردەوامی ئەو دۆستییە سوێندمان خوارد.

لەدوای ئەم سوێند خواردنە لە ئەنجامی گۆڕینەوەی بیرو تەگبیردا بڕیارماندا سالار زەفەر بنێرینە مالْی قەنبەر سولْتانی قەلْخانی و لەلایەن بارام بەگەوە سۆفی بەگ یان عەزیز بەگ لەگەلْیدا بچن، منیش لای خۆمەوە کەسێکم ناردە لای (ڕەشید ئەلسەلتەنە وسەفەروخان) کە ئەوانیش هاوکاری وهاوڕێیەتیمان بکەن، وهەروایش بڕیاردرا کە ئێمە چەند ڕۆژێك لە مالْی سەردار ئەکرەم دەربچین وئەوانیش دوای ئێمە تەقە بکەن و وابیدەنە بەرچاو کە بەزۆر دەرمانیان کردووە. بارام بەگ ووتی لە یەکێ لە گوندەکانی مندا لە باخی سەعیدخان نیشتەجێ ببن، کە هەموو ڕۆژێ: بۆ تۆ وئەو کەسانەی لە خزمەتتدان خاروبار و ئازووقە دەنێرم وپاشماوەی سوارەکان لەنێوان عێلی خۆتان وعێلی ئێمەدا بڵابکەرەوە هەتا هەواڵێك لە سالار زەفەرەوە دەگات، ئێمەیش لەگەڵ ئێوە کۆچ دەکەین ودەڕۆینە کێوی دالەهۆ، ووتم خەیر بڵاوکردنەوەی سوارەکانم لە بەرژەوەندیدا نیە، من لەگەلْ سوارەکانمدا هەر شەوێك لە جێگایەکدا دەمێنینەوە، تۆیش خەرج وسەرفمان دابین بکە. بەم شێوەیە ڕێککەوتین ئەو قاترانەی کە باری شتومەکی پێویستی بەسەرەوە بوو لای خۆمان گلماندواە، پاشماوەی تریان بە ئەمانەت سپاردمانە سەردار ئەکرەم.

هەر کە لەئەوان دڵنیابووم غەزال ئەلسەلتەنەی هاوسەری سالار زەفـەریش بـێ ڕەزامەندی خۆی لای دایکی بارام بەگ خوشکەزای دایکم جێمانهێڵا و کەوتینـەڕێ، کەمێ دوورکەوتینەوە سالار زەفەریش بیـست سـوار لـە خزمـەتکارەکانی هـەڵگرت وبەرەو ماڵێ قەنبەر سوڵتانی قەڵخانی ڕۆیشت.

ئەو شەوە لە شوێنێکدا کە بە (دم ئەسپەر) بەناوبانگە بردمانـە سـەر. شـەوی دوایی لە پشتی (تەنگەی ئـاوداڵان) ماینـەوە. لـە هـەموو سـامانی مـن گڵێمـێ کـە لـەتاڵان ڕزگـاری بووبـوو لـە گـەڵ خۆمانـدا بردمـان، بـە بەنـد وگـرێ فەرشـێکمان ڕێکخـست ودامانخـست و لەدرەختــەکانی جەنگــەڵ کۆڵەکــەمان دروســتکردبوو وبەگەڵای دار بانماندا وبووە جێگای سێوەری ڕۆژانـەمان. چـی شـەو وچـی ڕۆژ لـە دەوروبـەری خۆمانـدا پاسـەوانیمان دەدا، هــەر ئـەو ڕۆژە لــە پــشتی عەوداڵانــدا پاسەوانەکان یەك کەڵە کێوی ویەك گا کێوی ویەك مەڕە کێویـان ڕاو کـرد. چـونکە ئەو ڕۆژە هێشتانە لەلایەن تایفەی خۆمان یان بارام بەگـەوە نـان وئازووقەیـەکمان پێنەگەیشتبوو، نێچیرەکانمان کردە کەباب ولەنێو خۆماندا دابەشمان کرد.

دوای نێوەڕۆ هەواڵیان هێنا کە خەڵکێك لەڕێی (پلـە پـەری)یـەوە بـەرەو ئێمـە دێن، بە دووربین لێمان ئاشکرابوو بیست سوارێك دەبوون. ئـەوی تریـان کۆچـباری تایفەیــەکن ئاشــکرابوو دوای حەرەکــەتمان لــە ســەنجاوییەوە ســەردار ڕەشــید وموحەمەد بەگی ئەمیر ئەسعەد کە لە یەك ساڵ لەمەوپێشەوە هەڵهاتبوو و لەنێوان هەورامیەکانی لهۆندا بوو، کردوویەتیـە سـەرۆکی هـۆزی باوەجـانی وقوبـادی، ئـەو لەشکرەی بۆسـەرمان کۆکردبـووەوە وبـەرەو لای موحەمـەد تـەقێ بـەگ ڕەوانـەی کردووە تا سەرکوتی بکەن، موحەمەد تەقێ بەگیش ئیتر توانای بەرگری نەمابوو، بەسەد خانەوار وبنەماڵەیەکەوە کە پشتماڵەی دەژمێردران بە ئامـانجی پەیوەنـدی بە ئێمەوە وهاتنەڕیزمانەوە جمابوو. چـونکە لـە نیـەت خـراوی وەلـەد بەگییـەکان بەتایبەت سەبارەت بە ئەو لەپێشەوە ئاگاداریم هەبوو، ڕامسپارد کە لەوێ نـەمێنێ یەکسەر بـەرەو قـەڵای شـەمێران سـەرەتای خـاکی عوسمـانی و نزیـك بـە تایفـەی شەرەف بەیانی بڕوات، بـەڵام ڕایشمسپارد کـە لەگـەڵ بـارام بەگدا بـە ڕووکـەش دۆستی ونزیکی بنوێنێ. کەسێکم ناردە لای بارام بـەگ کـە موحەمـەد تـەقێ بـەگ بەسـەلامەتی لـەنێوان تایفەکەیانـدا تێپـەڕێ. هـەر کـە نوێنـەری ئـەمیر ئەلعەشـایر

دەڕواتە لای بارام بەگ بەڕووکەش وەڵامێکی پڕ لە نەوازشتی دەداتەوە، بەڵام بە نهێنی یەعقوب بەگی برای وچەند کەسێکی تر لە براکانی دەنێرێ کە تاڵانیان بکەن. ئەم هەواڵە لەلایەن سەنجاوییەکانی نیشتەجێی ناوچەی وەلەدبەگی وغەزال ئەلسەلتەنەی هاوسەری سالار زەفەر کەوتە دەستمان. منیش بەپەلە دوو سوارم ناردە لای یەعقوب بەگ پێم ڕاگەیاند، یەکەم ئەمیر ئەلعەشایر دۆستی ئێمە وئەوانە، دووەم دوێنێ کۆچی کردووە بەرەو پشتی قەڵای شەمێران، ئەم کردەوە ناگونجاوە ونالەبارە، بەڵام ئەوان قسەکانی سوارەکانی منیان باوەڕ نەکردبوو، تا خۆیان ڕۆیشتنە شوێنە چۆڵکراوەکەی ماڵی موحەمەد تەقیێ بەگ، سەیریان کردبوو کە پەلەورەکە لە قەفەس هەڵفڕیووە. لەمەودوا بۆم موسەلەم بوو کە بەقەول وسوێند وبەڵێنی وەلەدبەگییەکان ناتوانرێ بە دڵنیاییەوە باوەڕ بکرێت، بۆ پاراستنی خۆمان ئیتر شوێنی شەو خەوتنی خۆمم بەکەس نەدەگووت. ئەوانەی ئازووقەیان دەهێنا شوێنی ڕۆژمان پێ نیشان دەدان، وهەموو ڕۆژێك نیو سەعات لەشەو تێدەپەڕی لە شوێنی ڕۆژانەمانەوە دەجماین و چەند سوارێکمان لەوێ دادەنا کە ئازووقە هێنەرەکانمان لەگەڵ خۆیاندا بهێنن و ئەوانەم شەو لای خۆم گلدەدایەوە ولەگەڵ خۆر دەرچووندا بەرەڵایانم دەکرد کە بۆ ماڵەکانیان بگەڕێنەوە.

چەند شەوێك بەم جۆرە تێپەڕی، ڕۆژێك پەیکێکی بارام بەگ نامەیەکی هێنا و دایە دەستمەوە، سەیرم کرد کە بارام بەگ بە خەتی خۆی "نوسراوێکی نوسیوە"، داخوازی کردبوو وەك ئەو ڕەشنوسە نوسراوێك بۆ بەرپرسی سیاسی ئینگلیس لە قەسری شیرین بنوسم و ئەو نوسراوە بە هۆی شێخ محەمەدی شاکەلەوە بۆ بەپرسی ئینگلیسەکان بنێرم، وا بۆی چووم کە دەیەوێ لە من بەڵگەیەك بەدەست بهێنێ وبۆ عوسمانیەکان بینێرێ.

جارێکی تر بارام بەگ بە خەلیفەیەك لە سۆفیەکانی ئەو ناوچەیە کە باوەڕێکی تایبەتییان پێی بوو ناردیە لام و پەیامی هێنا کە سەردار ڕەشید بە جەمعییەتی جوانرۆوە و هەورامانی لهۆنەوە هاتوونەتە نێو تایفەی باوەجانی وبڕیارە جەمعیەتی گۆرانەکانیش بە ئەوانەوە بلکێن وبەرەو ئێمە بێن. منیش بیرمکردۆتەوە کە چاکترە یەعقوب بەگ بنێرمە لایان بەڵکو وەسیلە وزەمینەی

ئاشتی وسولّح لەنێوانی تۆ و سەردار ڕەشیددا فەراهەم بکەم. هەرچۆنیَ بوو یەعقوب بەگ دەنێرێتە لایان، منیش بە ئاگادارم کرد ئازادە هەرچۆنیَ بە بەرژەوەندی دەزانیَ بجولّێتەوە و ڕەفتار بکات.

نزیکەی عەسر پاسەوانەکانمان یەك نەفەر قاسدیان کە لەنێوان بارام بەگ وقەڵخانیەکاندا هاتوچۆی دەکرد گرتبوویان وهاوردیانە لام. هەڵگری نامەیەك بوو لە ئەسەدوللابەگی قەڵخانییەوە بۆ بارام بەگ. نوسیبووی ئێمە ئێستاکە بۆ بینینی سەردار ڕەشید دەڕۆین تۆیش بێیت بۆ بینینی. ئاشکرابوو کە ئەم قسانە پێشینەیان هەیە، قاسیدەکە گیراوەکە هێشتانە لای ئێمەبوو کە خزمەتکارەکەی بارام بەگ گەڕایەوە، نامەیەکی لە سەردار ڕەشید وسەید ئەلدەولەوە بۆ بارام بەگ ناردبوو بۆیان نووسیبوو پێویستە خۆت یان یەعقوب بەگ بێت تا یەکتری ببینین و دانوستان بکەین. دەمزانی ئەگەر بارام بەگ سست ولاوازی نەنوێنیَ لەشکری سەردار ڕەشید بەرەو ئێمە نایەت بەڵام ئەمەیشم دەزانی کە بەڕۆیشتنی هەریەکیَ لەوانە بۆ لایان بمانەویَ ونەمانەویَ لەشکر بەرەو ئێمە دێت. هەواڵم بۆ نارد کە خۆی نەڕوات بەڵام یەعقوب بەگ بنێرێت.

هەر ئەو ڕۆژە قاسیدەکانی من لەلایەن ڕەشید ئەلسەلتەنە وسەفەروخانەوە گەڕانەوە، هەردووکیان دڵنیاییان دابوو کە سوێند خۆرن و سوورن لەسەر هاوڕێیەتی وهاوپەیمانیمان، بەتایبەت پەیامیان ناردبوو کە سەردار ڕەشید ئێمەیشی بانگهێشت کردووە، بەڵام سەرپێچیمان کردووە و ئامادەی هاوکاری نەبووینە بەڵام جافەکانی گۆران و ئەسەدوللابەگ ڕۆیشتوونە بۆ لایان.

ڕۆژی دوایی کەربەلایی ڕەحیمی سەنجاوی سەرۆکی تایفەی ئەرکەوازی لەلاین بارام بەگەوە پەیامی هێنا کە بڕیارە یەعقوب بەگ بۆبینینی سەردار ڕەشید بڕوات، خوا حەز بکات تەرتیبی ئاشتبوونەوە وچاك کردنەوەی نێوانتان فەراهەم دەکەین.

سوارەکانی پاسەوانمان نزیکەی خۆرئاوا هاتن ووتیان کە جەمعیەتێکی فراوان هاتوونەتە (دەشتی حر)ئالایەکیان پێیە، مەعلوم بوو کە جەمعیەتی سەردار ڕەشید وجوانڕۆ وهەوارامیەکانە. سبەی یەك سەعات پێش نیوەڕۆ سۆفی بەگ وعەزیز بەگ وبراکانی سەردار ئەکرەم بەدووبار نان ویەك بار دۆوە و قازانیَ

یاپراخەوە گەیشتن، سەیف عەلی خزمەتکاری سەردار ناسریش کە بۆ پاسەوانی ڕۆیشتبوو لەگەڵ دووسواری تردا سێ سەر گا کێوییان ڕاوکردبوو. عەزیز بەگ گووتی یەعقوب بەگ لەلایەن سەردار ئەکرەم وئێمەوە ڕۆیشتووە کە دانوستانی سوڵح بڕەخسێنێ و بەڕاشکاوی پێیان بڵی ئەگەر لەشکرەکەیان بڵاوە پێنەکەن ولەدەشتی حر زیاتر بێنە پێشەوە شەڕ دەقەومێ. من گلەییەم لێ کرد کە بڕیاربوو لەگەڵ سالار زەفەردا بۆ قەڵخانی بڕۆیت بۆ نەڕۆیشتی؟ ووتی بەتایبەتی ئیمڕۆ بۆ ئەمە هاتوومە کە لە تۆ فەرمان وەربگرم و بڕۆم بۆ ئەوێ.

عەسر کە عەزیز بەگ وسۆفی بەگ گەڕانەوە، ئێمەش وەك ئەوساکە کە نیو سەعات لەشەو تێپەڕی شوێنەکەمان گۆڕی دە سواری پاسەوانمان ناردە سەر کێوی (گاران). سبەی ئەو ڕۆژە یەك نەفەر لە خزمەتکارەکان کە لەگەڵ سالار زەفەردا بۆ ماڵی قەنبەر سوڵتان ڕۆیشتبوو گەڕایەوە ولەلایەن ئەوانەوە پەیامی هێنا کە بارام بەگ هەرچی بە ئێوەی وتووە درۆ و فێڵی تەواوە، ئەوان لەگەڵ سەردار ڕەشیددا دەستمان تێکەڵ کردووە بەفێڵ بەناوی ئاشتبوونەوە وبەرقەراری سوڵحەوە تۆ بۆ جێگایەك بانگهێشت بکەن وبتکوژن وئەگەر لەم کارەدا سەرنەکەوتن پەلامارت بدەن.

لەم بەینەدا قاسدێ لەلایەن بارام بەگەوە گەیشت ونامەیەك کە لێپرسراوی سیاسی ئینگلیسەکان لە قەسری شیرین بۆی نووسیبوو دای بەدەستمەوە ودەقەکەی بەم شێوەیە بوو. لە وەڵامی نامەکەتا سەبارەت بە سەردار موقتەدر وتایفەی سەنجاوی دوابووی بۆ ئاگاداریتان دەنووسم کە عێلی سەنجاوی خەتاو تەقسیرێکیان نیە، تەنها سەردار موقتەدر وسەرکردەکانیان خەتابارن کە گوێماڵی دران، ئیتر تۆ یان عێلێکی تر نابێت هەڵکوتنە سەریان و دژایەتییان بکەن، مەعلوم نەبوو بارام بەگ لەبەرچی وبەچی ئامانجێکەوە لە ڕووی سەهوو یان لەئەنقەست ئەم نامەیەی بۆ من ناردبوو، بەڵام بەپێی ناوەڕۆکی نامەکە ڕوون دەبووەوە کە لە ئینگلیسەکان بۆ تاڵانی سەنجاویەکانی نیشتەجێی ناوچەی وەلەدبەگی مۆڵەتی ویستبوو بەڵام وەڵامی ناڕازیبوونیانی وەرگرتبووەوە.

عەسری هەر ئەو ڕۆژە قاسیدی ڕەشید ئەلسەلتەنە وسەفەروخانیش گەیشتن، ئەوانیش وەك قەنبەر سوڵتان ئاگاداریان کردبووین کە ئەو سوێندەی بارام بەگ

درۆی تەواوە، نەکەی بە قسەکانیان بخەڵەتێیت،. قاسدەکانم ناردەوە بۆ ڕەشید ئەلسەڵەنە وسەفەروخان پەیامم نارد کە لە کێوەکانی ئەم دەوروبەرەدا خۆم دەشارمەوە و بۆ ڕۆژی چوار شەمەی ئەم هەفتە لە فلان شوێندا چاوەڕوانی دیدارتانم. لەدوای ئەم هەواڵانە لەگەڵ سوارەکاندا بیروڕامان گۆڕییەوە بەرەو کێوێ کە بە (چەرمۆ سوارە) بەناوبانگە ڕۆیشتین. قارەمان ڕەحیم گۆرانی وکەربەلایی ڕەحیم لام بوون کەریمم هێڵایەوە وقارەمانم ناردەوە وڕامسپارد کە شوێنەکەمان بەکەس نەڵێت و ئەگەر پێویست بوو خۆی بێتەوە هەر ئەم شوێنی چەرمۆ سوارە کە لە کەمەری کێوەکەدایە ، کانیەکی ئاو وچەند درەختێك تێیدا ڕواوە کە زۆربەی عێلاتی سونی مەزهەبەکان کردوویانە بە نەزەرگا وزیارەتگای خۆیان. لە کناریدا پاڵم دایەوە غافڵ لەوە کە دەستی تەقدیر بەڵایەکی نوێ تری لەم شوێنەدا بۆم ئامادە کردووە.

## بەڵایەکی تر

یەعقوب بەگ کە دەڕواتە لای سەردار ڕەشید دەبێتە دەلیل وڕینومایییان و لەشکرەکەی نزیك ماڵی سەردار ئەکرەم دادەمەزرێنێ خۆیشی لەگەڵ سەید قەیدەر کە نازناوی سەید ئەلدەولە بوو دێنە ماڵی سەردار ئەکرەم ولەنێوان خەڵکدا بڵاوی دەکەنەوە کە سەید ئەلدەولە لەلایەن سەردار ڕەشید وسەرۆکەکانی جوانڕۆ وهەورامانەوە وێنەرەکە لەگەڵ سەردار موقتەردا دانوستان بکات و بڕیاری چاککردنەوەی نێوانیان ویەکێتی هەموو لایەنە بەرقەرار بکات. سەردار ئەکرەم دەڕواتە لای سەردار ڕەشید بەدوای ئەودا یەعقوب بەگ و هەموو سوارە وپیادەی چەکداری وەلەدبەگیەکان دەجوڵێنێتەوە ولەگەڵ سەید ئەلدەولە دەگەنە لەشکرەکە لەوێوە نزیکەی چوار سەد کەس لە وەلەدبەگیەکان و جوانڕۆییەکان لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ. چوارسەعات لە شەو تێپەڕیبوو بە ئامانجی هێرشکردنە سەرم دەجمێن، هەتا نزیکەی خۆرهەڵاتن چەند شوێنێك کە گومانیان دەکرد منی تێدا بم چەند جارێك دەبشکنن وئێمەیان نەدۆزییەوە و سەرنەکەوتنیان لەم بارەوە ڕادەگەیەننە سەردار ڕەشید. لەبەرئەوەی شوێنەکەمیان نەدۆزییەوە بارام بەگ لەگەڵ سەید ئەلدەولەدا بۆ ماڵەکانیان گەڕانەوە. چونکە ئەیانزانی من لە

کەربەلایی ڕەحیم وکوڕەکانی دڵنیام وجێێ باوەڕێ تەواومن دەنێرنە شوێنیا وپێی دەڵێن کە ئەم ئاغایە سەید ئەلدەولە لەلایەن سەردار ڕەشید وسەرۆکەکانی ترەوە بۆ ئاشتبوونەوە وسولْح ودۆستی لەگەڵ سەردار موقتەدردا هاتووەتە ئەیرا، هەرچی گەڕاوین نەماندۆزییەوە، تۆ دەزانی ئێستاکە سەردار لە کوێدایە؟ کەربەلایی کە لە سەنجاویدا بە سادەیی وخۆشباوەڕی بەناوبانگ بوو لەوەلامدا دەڵی شوێنەکەی نازانم بەلام ئەتوانم پەیدای بکەم. بارام بەگ دەڵێ برۆ بەسەردار بڵێ کە سەید ئەلدەولە لەلایەن سەردار ڕەشیدەوە وێنەرە ودەیەوێ تۆ ببینێ، هەرشوێنێ کە بە گونجاوی دەزانێ داینێ وبە چەند سوارێکەوە تەشریف بێرێت کە نەبێتە هۆی گومانی سەید ئەلدەولە.

بەیانی زوو بینیم سوارێك بەتاو بەرەو ئێمە دێت، دووربینم هەڵخست ناسیم کە قارەمانی کوڕی کەربەلایی ڕەحیمە، زانیم خەبەرێك لە ئارادایە هێشتانە پیادە نەبوو بوو بینیم هەر لەو ڕێگاوە کە ئێمە پیایدا هاتووینەتە چەرمۆ سوار نزیکەی حەفتا هەشتا سوارێك بەرەو ئێمە دێن. قارەمان کە گەیی وپەیامەکەی بارام بەگی ڕاگەیاند وام دەزانی ئەم سوارانە بارام بەگ وسەید ئەلدەولەن. گەیشتنە نزیگی قەلای گردەن وقارەمانم نارد کە بەسەردار ئەکرەم بڵێت ئەم شوێنەی کە ئێمەی تێداین سێبەرێکی چاك وکانییەکی فێنکی تێدایە، پلاو وخواردەمەنی وەدە دوانزە سوارێکمان ئامادەکردووە وچاییشمان کردووە و خۆی و سەید ئەلدەولە لەگەڵ چەند سوارێکدا تەشریف بێرن کە دانوستان بکەین.

قارەمان تازە ڕۆیشتبوو، سەیرم کرد نزیکەی حەوت سەد هەشت سەد سوارێك بە ئالایەکەوە لە پێشیانەوە لەلای ماڵی سەردار ئەکرەمەوە بەرەو ئێمە دێن و دەستە دەستە بیست سوار وسی سوار بەرەو (کەل جەنگە) دەڕۆن ونزیکەی بیست سوارێك کە جل وبەرگی مورادخانییان لەبەردا بوو بەرەو ئێمە دێن. حەفتا هەشتا سوارەکانی دەستەی یەکەم کە گەیشتنە تەپەی گردەنو پیادەبوون وقارەمان پێیان گەیی، دوو سێ خولەکێ تێپەڕی سەیرم کرد تەنها گەڕایەوە تێگەیشتم کە خەیاڵیان خراوە وئەم لەشکرە ئالادارە لەشکری سەردار ڕەشید و جوانرۆییەکانە. بەپەلە چەند سوارێکی چابکم ڕاسپارد کە لەڕێی سی سوارەوە کە ڕێیەکی تاشاوی وبەرد وسەنگ وسەخت ودژوارە قاترەکانیان ڕاکێشن و بیانوەنە

سەرەوە و سەنگەر بگرن. دوایی بە پیاوەکانم گووت کە قاترەکان بار بکەن بەڵکو هەرچۆنێ بووە لە کێوەکە بیوەنە سەرەوە.

قارەمان لەنیوەی ڕێگاکەوە بەپەلە بۆ لای ئێمە دەهات بۆ ئەوەی دوژمنان نەزانن کە ئێمە هەستمان بە نیەت خراوییان کردووە کەریمی برای قارەمانم بەتاو نارد گەیشتە لای قارەمان، لەگەڵ یەکدا قسەیان کرد، کەریم بەرەو دوژمن ڕۆیی وقارەمان بەرەو ئێمە تاوی دا، هەر کە گەیشت ووتی ئەم سوارانە کە لەپێشەوە دێن یەعقوب بەگە، نییەتیانم بۆ ڕوون بووەوە کە خراوە، هەرچی بە کەریمم ووت نەڕوات گوێی نەدامێ، دڵنیابووم دەیکوژن، بەڵام یەعقوب بەگ کە شەو نەیتوانی بوو جێگاکەمان بدۆزێتەوە هەر کە ڕۆژ دەبێتەوە تاریکی نامێنێت شوێنی سمی ئەسپەکانمان بەسەر سەوزییەکانەوە دەدۆزێتەوە وئاگاداری سەردار ڕەشید دەکات کە سەردار موقتەدر لە دەشتی جێگیران تێپەڕیووە ئەوەتانێ جێ پێیان دەدۆزمەوە دەکەومە شوێنیان تۆیش لەشکرەکە بجوڵێنەوە.

کاتێ کەریم گەیشتە چەکدارەکانی یەعقوب بەگ پێشقراوڵی سوارەکانی سەردار ڕەشید جوانڕۆییەکانیش نزیکبوونەوە لێیان. بەدووربین سەیرم کرد کەریمیان گرت، یەعقوب بەگ وسوارەکانیشی سواربوون لەکاتێکدا کە من لەوان نیو سەعات دووربووم، هێرشیان هێنا. هێزی سەردار ڕەشید وجوانڕۆییەکان وهەورامیەکان وسەردار ئەکرەمیش بوونە دووبەشەوە ولە دوو لاوە پەلامارمانیاندا. کوڕانی ئاغا بارام لەگەڵ وەکیلی جوانڕۆدا بەو نیتەوە کە پشتی سەرمان لێبگرن لەڕێی کەل جەنگەوە بەرەو سەرقەڵا ڕۆیشتن کەلەوێوە کەلی (هوانمان) لێ بگرن.

هێشتانە هەموو قاترەکان بارنەکرابوون، ئەوەی بارکرابوو ووتم حەرەکەتیان بدەن. ئیسماعیل خانی موجاهیدی تەبریزی کە دوای ڕووداوەکەی موعازید ئەلمولك لەماڵی مندا بوو لەگەڵ سەربازێکی هەڵهاتووی تورکدا بەناوی (هاردین) و چەند چەکداری پیادەم نارده باڵی ڕاستمەوە و ڕامسپاردن کە چاودێری بکەن هەرکاتێ ئێمە لەیرا جوڵاینەوە ئەوانیش بێنە سەرەوە خۆم وسالار مەقتەدر وچەند سوارێکی تر لەوێ ماینەوە ودەستمان کردە دەستڕێژ کردن، هێرشکەرانمان لە باڵی چەپدا ڕاوەستان، لە باڵی ڕاستیشدا ئیسماعیل خان وچەند کەسێکی تر بەرگرییان دەکرد، چونکە بینیم هێزێکی گەورە بەرەو ئەو باڵە هێرشیان هێناوە

بۆ ئەوەی دوژمن بەرەو خۆم ڕاکێشم سەنگەرەکانمان چۆڵکرد ولەو بڕوادابووم بەپێی فەرمانێ کە لەپێشدا دامبوو ئیسماعیل خان وهاوڕێکانی هەر کە دەبینین ئێمە لە سەنگەرەکانمان دەرچووین ئەوانیش بەرەو سەرەوەی کێوەکە هەڵدەکشێن.

من وسالار موقتەدر وئەو سوارانەی کە لەگەڵ ئێمەدا بوون بەرەو ڕێی کێوی سپی سواربوین، لەپێشدا ئەو هێزەی کە لەبەرامبەر باڵی ڕاستماندا بوون زانییان کە من وسالار موقتەدر لەکوێداین کە گەیشتنە سنگی کێوەکە، دامانیانە بەر دەستڕێژ. خۆمان گەیاندە تەنگەی ڕێگەکە کە لەپێشمانەوە چەند سەر قاتر بە بارەوە ودوو ئەسپی سوارەکانمان پێکرابوون و کەوتبوونە سەر یەکدا بەشێوەیەك کە ڕێی تێپەڕین بەتەواوی بەسترابوو، پیادە بووین، (گل نەزەری) کە دەلیل و ڕێنمامان بوو کە لە خزمەتکارە بە وەفا وتایبەتیەکانم دەژمێردرا لەگەڵ سێ کەسی تردا بۆئەوەی بارەکان بگەیەننە سەرەوەی کێوەکە دەست بەکار بوون. ماینەکان چونکە بەهێزتر بوون بەسەر لاشە وباری قاترەکاندا تێدەپەڕین. ماینەکەم لەکاتێکدا بەسەر لاشەی قاترەکاندا بازی دەدا دووبارە بەسەختی دای لەزەوی، هەرچۆنێ بوو بارەکانیان گەیاندە سەرەوە.

هەر کە گەیشتینە سەری کێوەکە سەنگەرەکانمان لە دوژمنەکانمان بەرزتر بوو دایانمانە بەر دەستڕێژی گوولە، من خۆم سوارێکم پێکا بە دووربین بینیم کە هاردین سەربازە تورکەکە لەگەڵ ئیسماعیل خاندا بەرەو ئەو سوارە دەڕۆن، سێ سواری تر لە دوژمن پەلاماری هاردینیان دا ، منیش بەرەو ئەوان دەستڕێژم کرد، یەکێ لەوانە لە پێشیانەوە ڕایکرد وخۆی خستە پشتی تاشە بەردێکی گەورەوە دوو گوولەی مەترسیداری تێم هاویشت، زانیم ئەم چەکدارە دەستم لێدەوەشێنێ، خۆمم دا بە ئەرزدا هەرچیمکرد نەمتوانی لەپشتی ئەو بەردە گەورەدا بیپێکم. نزیکەی دوو چرکەیێ تێپەڕی نە ئەو تەقەی کرد نەمن، هاردینم بینی کە چووە نێو چەکدارەکانی دوژمنەوە وخۆیی دا بەدەستەوە، وام زانی کە ئیسماعیل خانی موجاهید وئەو چەند کەسەی ترەیش هەر بەو بەلایە گرفتار بوونە. لەپشت سەرمەوە بەردێکی گەورە بوو، دەمویست خۆم بهاوێژمە پشتییەوە و لە پەنایدا بەرگری بکەم، لە کاتی جماندندا دەستی ڕاستم کەوتە دەر، هەستم کرد بازووم

بەرەو دوا بووەوە جوڵاندمەوە بینیم ناجوڵێتەوە زانیم کە شکاوە، خۆمم بەچالاکی گەیاندە ئەو بەردە وکردمە سەنگەرم وتفەنگەکەمم بە دەستی چەپ خستە سەرشانم، سالار موقتەدرم بینی کە بە شوێنما دەگەڕێ وبانگ دەکات، وەڵامم دایەوە لەیرام، بەهێواشی پێمگووت پێکراووم، دەڕۆم سواری ماینەکەم دەبم تۆیش دوای ئەم خەڵکە پشتی سەری من بگرە وبەری مەدە.

(یارە) فەراشباشی کە لەگەڵ چەند سوارێکی تردا بۆ سەری کێوەکە ناردبوو کە سێکی بەپەلە نارد بۆ لام کە سوارێکی زۆر هاتوونەتە سەر قەڵا لەلای (مەیان قۆپی)یەوە بۆ پشتی سەرمان دێن و دەیانەوێ کەلی (هوانمان) لێ بگرن. منیش ئەو سوارەم ناردە لای سالار موقتەدر خۆیشم بەرەو ماینەکەم گە بەدەست گل نەزەرەوە بوو ڕۆیشتم گەیشتمە لای مەجید بەگ کە سوارێکی دلێر وخزمەتکاری سەردار ناسر بوو پێم گووت کە بازووم پێکراوە تۆ بڕۆرە یاری سالار موقتەدرەوە، وەڵامی دایەوە تفەنگەکەم شکاوە، منیش تفەنگەکەم لەگەڵ فیشەکدانەکەدا دا پێی، بەرەو گل نەزەر کە ماینەکەمی بەدەستەوە بوو ڕۆیشتم پێم گووت بازووم گوللە لێی داوە، فەقیانەی کراسەکەیی کردە ملم ودەستم هەڵواسی کەمێك ئاسوودە بووم، گل نەزەر لەژێر پێمدا خەوت تا پێ بخەمە ورزەنگییەوە وسوار ببم، بەدەستی ورزەنگیەکەی گرت، هەروەك دەشکامە سەر زینەکەدا بەڵام بە سەختی وناڕەحەتی سواربووم، نزیکەی دووسەد پێیەك ڕۆیشتم لە تەکانی ماینەکەدا بازووم ژانێکی سەختی دەست پێکرد ولە زامەکەوە بە توونەدی خوێن دەهات، جارێکی تر کەوتمە یادی قسەکەی سەردار ناسر. گل نەرزەرم بانگ کرد پیادەبوو پارچەکانی دەوری کڵاوەکەمم کردەوە پێمدا، بە هەردوو تاکەکەی بە موحکومی دەستمی بەست دوور بینەکەمم لە ملم کردەوە وبە دەستماڵێکی تردەستم بەسەر کیفەکەیەوە موحکەم بەستمە پشتمەوە بەتەواوی ئاسوودە بووم، هێزی تاودانم تێدا مابوو، گەیشتمە دوای سوارەکان وقاترە بارکراوەکان، بە گل نەزەرم ووت لەگەڵ چەند سوارێکدا بگەڕێنەوە بۆ یاری سالار موقتەدر، کاتێ گل نەزەر لەمن جیابۆوە کەلێکی کێوی گەورە لەپێشمەوە تێدەپەڕی بێئەوەی گوێبدەمە ئەوەی لە چ حاڵێکدام هانی ئەو خەڵکەی کە لە دەوروبەرمدا بوون دەدا، "کەڵەکە بکوژن"، ویستم دەست ببەم کە دەمانچەکەم ڕاکێشم بینیم کە

دەستم ناجولێتەوە لەم هاندانەی خۆمە لەم حالەدا پەشیمان بوومەوە و عەرەق ناوچاوانمی داپۆشی.

چونکە ڕێی (کەلی بشکان) بەرەو قەسری شیرین دەڕوات ولەوێدا چەند هەزار سەربازێکی لەشکری ئینگلیس نیشتەجێن، دووژمن لەو باوەڕەوە کە من لەو ڕێگاوە ناڕۆم سەرجەم بەرەو کەلی (هوان) ڕۆیشتبوون، کە ڕێمان لێ بگرن. سوارەکانی پشتیان کە سەد سوارێك دەبوون کە بەدوای ئەوانەوە بوون، هەر کە هێلی ڕیگاکەمانیان بەرەو بیشکان بینی بەپەلە وبەتاو جمیان کە پێش ئێمە کەلەکە بگرن، منیش بە چەند سوارێك کە لەگەلمدا بوون ناردمن کە تەپەیەکی بچووك وتاشە بەردێ کە لە پێشیاندا بوو، نزیکەی چارەکە سەعاتێك گرتیان تا ئێمە لە کێوەکە هاتینە خوارەوە وگەیشتینە دەشتی بێشکان، سالار موقتەدر وسوارە جێماوەکانیش لە کێوەکە هاتنە خوارەوە. هەر لەو دەشتەدا سالار موقتەدر ویار وگل نەزەر وئەعزەم برزا وئاق موراد لەگەڵ دوو سواری تردا لە خزمەتکارەکانی سالار موقتەدر لەبەرامبە ئەم سەد سوارەدا دلێرانە ڕاوەستان وهەتا دووجاریش ئەمان هێرشیان دەبردە سەر ئەوان ونزیکەی مەیدانێك پاشەکشێیان پێ کردن. لە حەقیەتدا ئەو ڕۆژە ڕۆژی سالار موقتەدر بوو کە جەوهەری ئازایی خۆیی بەچاکی نواند. شابازخان ڕەزا خانی نێرژی برا نمەك حەرامەکانی سەفەر خان کە لەگەلیدا دوژمنایەتییان دەکرد وبە فەرمی بووبوونە موچە خۆری ئینگلیسەکان، لەو دەوروبەرەدا دەژیان، دەنگی تەقەی تفەنگ کە دەبیسن بێ ئەوەی بزانن هەواڵ چیە وچی باسە و سەرکەوتوو بەزاو کێیە، بەتاو هاتن کە بەردەممان بگرن، پێش ئەوەی ئەوان بگەنە ئێمە سەختاییەکانی کەلی بێشکانمان گرت. سەرلەنوێ سالار موقتەدر وئەو شەش سوارەی ترە نیو سەعات تەنگەکەیان لە هەردوو لاوە بەست، هەتا ئێمە لە تنگەی بێشکان تێپەڕین. چەند چەکدارێکی پیادەیان لەگەلدا بوو کە ئەسپەکانیان کوژرابوو یان جێمابوون، بە تفەنگەوە بەدژواری لە شاخی بێشکان هاتنە سەرەوە تا خۆرئاوا لەگەڵ سوارەکانی دوژمندا شەڕیان کرد ونزیکەی خۆرئاوا کە تاریك داهات لەکێوەکە هاتنە خوارەوە بۆ لای سالار زەفەر ڕۆیشتن، کە لەمالی قەنبەر سولتاندا بوو.

له تەنگەی بێشکان تێپەڕین، خۆم لەپشت سوارەکانەوە بووم پێیانم ڕاسپارد کە بڵاوەی لێنەکەن ولەوێوە دەڕۆم بەدوامدا بێن، بەومەقسەدەوە کە شوێنی پێمان بە ئاسانی نەدۆزنەوە هەر ڕێگایەك لمو زیخی زۆربووایە وسەوزی کەم بووایە دەمگرتە بەر. چوار یەکی فەرسەخێ کە ڕۆیشتین گەیشتینە لوەڕگای (بان لوانە) دەستمان کردە غار وتاودان، ڕەزا خان وشابازخان کە پێشقراوڵی سوارەکانی دوژمن بوون جارێکی تر تووشی سوارەکانی سالار موقتەدر وسوارەکانی هاوڕێی دێن، ئێمە کە نزیکەی هەزار وپێنج سەد پێیەك لە پێشیانەوە بووین، بەهۆی خوێنێك کە لە بازووم ڕۆیشتبوو سستی و بێ حاڵی ولاوازییەکی زۆرم هەست پێکرد، زۆر تینووم بوو. گەیشتمە ڕووباری قورەتوو سوارێك لەلایەن سالار موقتەدرە گەیشت، ووتی سوارەکانی دوژمن بە دواتانەوەن و تەعقیبتان دەکەن، چاکترە نزیکی خاڵی سەربازی ئینگلیسەکان بووبووینەوە گونجاو نەبوو تەقە بکەین، چاکتر بوو بەتاو و بەپەلە بڕۆین، هەم خۆم هێزی جوڵانەوەم نەمابوو هەم ماینەکەم لەبەرئەوەی بەسەر پشتدا کەتبوو نەیدەتوانی تاو بدات، بەو سوارەم ووت بە سالار بڵێ ماوەیەك لەوێدا بەرامبەریان ڕاوەستێ وبەرگری بکات تا ئێمە لە ڕووبارەکە دەپەڕینەوە، لە ڕووباری قورەتوو کەمێك ئاوم خواردەوە دەنگی تەقەی سوارەکانی سالار موقتەدر ودوژمن بەرزبووە و دەوری ئێمە وخاڵی سەربازی ئینگلیسەکان نزیکەی نیو سەعات ڕێگا دەبوو لەوێدا ڕێگاکە بە دوو هێڵ دابەشدەبوو، ڕێیەك بەرەو ڕێگای سەرەکی و جگەر لووەوە دەڕۆیشت و ئەوی تریان لە چەپ دەرەوە بەرەو دەشتی زەهاو دەڕۆیشت، ئێمە ڕێی چەپە دەرمان گرتە بەر، کاتێ سالار موقتەدر وسوارەکانی گەیشتە ڕووباری قورەتوو بەگولەی دوژمن ئەسپەکەی (یارە) زامار دەبێت.

لاوازی وسستی وبێ حاڵیم لە هەموو کاتێ پتر تر دەبوو، لەلایەن سالار موقتەدرەوە بەردەوام پەیامیان دەنارد کە توندتر وخێراتر بجوڵێنەوە، بەڕوونی وەڵامم دایەوە کە توانای تاوم نەماوە، یان خۆتان بمکوژن وجێم بێڵن یانبەرگری بکەن ومەیەڵن دوژمن بێتە پێشەوە. هەر کە ئێمە ڕێگای چەپەدەرمان گرتە بەر سوارەکانی سالار موقتەدریش گەیشتنە ڕووبارەکە، بەپەلە خۆیان دەگەیەننە ئەو دۆڵە وخۆیان لەوێدا دەشارنەوە، دوژمن کە دەگاتە ڕووبارەکە نایانبینێ

وبەدواياندا ڕێی جگەر لوویان گرتە بەر، هێشتانە لەنێو ڕێی تەنگەی چەپەدەردا بووین کە سالار موقتەدر وسوارەکانی گەیشتن وموژدەیاندا کە ئاسوودەبووینە، خوای گەورە چاوی دوژمنی کینە لە دڵی کوێر کرد وئێمەیان نەدی وڕێگەیەکی جیاوازیان گرتە بەر.

هەر کە ترسی کوشتن ولەنێوچوون کەم بۆوە لاوازی وبێ حاڵیم پترتر بوو، ماینەکەمیش بەهۆی ئەو ئازارەوە کە لێی کەوتبو ناڵەکەیشی فڕیدابوو، بەزۆری ورزەنگی دەڕۆیشتە ڕێوە. لە سالار موقتەدر و ئەوانی تر تکام کرد کە من لەنێو قامیشەڵانەکانی تەنگ حەمامدا لەگەڵ دوو کەسدا بۆ خزمەتکردنم جێبهێڵن و بەقیەتان بەرەو ماڵی سەفەروخان وڕەشید ئەلسەلتەنە بڕۆن، وسبەی شەوئەگەر توانیتان بێن و بمبەنەوە. هەرچی تکام کرد گوێیان نەدامێ، لە تکای خۆم و ڕازینەبوونی ئەوان پەشیمان بوومەوە، هێزم بە دڵمدا و چوومە ئەو باوەڕەوە کە بەم زامە نامرم ئەگەر لە بەرامبەر ئەم کەسە فیداکاریودەست لە گیان شۆردووانەدا لاوازی وسستی نیشان بدەم سبەی ناتوانم سەیریان بکەم و ڕووی پیشاندانیانم نامێنێ.

گەیشتینە کانی دۆست عەلی پیادەبووین. سەرو ڕوومان شۆرد وکەمێك ئاوم خواردەوە، مەتارەیەکی سەربازیم لە ئاوی پاك وگوارای ئەو کانییە پڕ کرد. کە گەیشتینە دەشتی زەها و سوارەکانم ڕاسپارد گەر دەگەنە هەر کەسێ وپرسیارمانی کرد بڵێن ئێمە پیادەکانی ئەمان للا خانی سەنجاوین کە لەم دواییەدا بوەتە حوکمڕانی سەنجاوی وئەم قاترانەی بۆ دیاری داواکردووە کە پێشکەشی حوکمڕانی کرماشانی بکات.

گەیشتینە نزیکی سەرپێڵی زەها وخودەرەویی ئینگلیسەکان لەم لاولەولاوە دەهاتن و دەچوون، چون جەمعیەتەکەی ئێمە نزیکەی پەنجا سوارێك دەبووین بۆ ئەوەی لە قراوڵەکانی ئینگلیسەکان ڕزگاربین خۆمان گەیاندە ڕووباری وەلاش یا (بلاش). ئەم ڕووبارە مێژووییە ئەوەندە گەورەیە ئەگەر ئاوی لێبێت ئەبێتە ڕووبارێکی گەورە و بەتاف، لەو کاتەدا وشك بوو، چوومە نێو ڕووبارەکەوە بەسوارەکانم گووت بە دوامدا بێن. هەر بە ڕووبارەکەدا دەڕۆیشتین تا گەیشتینە شوێنێك کە (تەپە ڕەش)یان پێدەگووت، لەوێدا لە ڕووبارەکە هاتینە دەرەوە و

دامانە دامێنی کێوی کەندرە کە ڕێیەکی یەکجار سەخت ودژوار بوو. لەبەرئەوەی ماینەکەم نالّی نەمابوو سواری قاتریکی سواری (یارە) فراشباشی بووم و عەبایەکی ناسکم لە خزمەتکارەکانم وەرگرت کردمە سەرشانم بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێ پێمان گەیی زامدارییەکەم نەبینیّ. لەنێو ڕێگادا تووشی چەند کەسێ لە تایفەی قەڵخانی ڕەشید ئەلسەلتەنە بووین، منیان ناسی وسەلاویان کرد، بەلاّم نەیانزانی زامارم، تا گەیشتینە گوندی (پیران) مولّکی تایبەتی ڕەشید ئەلسەلتەنە. لە خوارەوەی گوندەکەدا پیادەبووین، کەمێك ئاویان لە ڕووباری ئەڵوەندەوە هێنا، بەدەستی چەپ سەرو ڕووم شۆری ونەفەریّ لە چوتیارەکانی پیران سەرگەرمی ئاودان بوو، یەك تومانم پێدا کە بڕوات خزمەتکارێکی ڕەشید ئەلسەلتەنە بهێنێتە لامان.

نیو سەعات بۆ خۆرئاوا مابووەوە سواربووین لە ڕووباری ئەلوەند تێپەڕین. لەم بەینەدا (نام خاس) کە خزمەتکارێکی پێشووی ئەبولفەتح خانی قەڵخانی بوو بەتاو گەیشت، ئەبو ئەلفەتح خان لە پیاوە بەڕێزەکانی قەڵخانی وخزمەتکاری من بوو لە ڕووداوی دەشتی حردا لە ڕووباری زەمکاندا خنکا. (نام خاس) ئێستاکە لە خزمەت ڕەشید ئەلسەلتەنەدایە، کوێخای پیرانە، پیادەبوو، دەستمی ماچ کرد ودەستی چەپم داپێی هەواڵم پرسی وسەبارەت بە کەس وکاری ڕەشید ئەلسەلتەنە پرسیارم لێکرد، ووتی ئێستاکە کوێخا حوسەین و یارك لیلی لەیران، و ووتم بڕۆ بە کوێخا حوسەین بڵیّ من کە گەیشتمە سەر کێوەکە پیادە ئەبم با خۆی بێت دوو کەس لەگەلّ خۆیدا بهێنێت کە ببنە دەلیل وڕێنمامان هەتا ماڵی ڕەشید ئەلسەلتەنە.

یەك چوارەمی سەعاتی بۆ خۆرئاوا مابوو گەیشتینە سەر کێوی بەناوبانگی (شالگووش) و پیادەبووین، بە هۆی گەرمی زامەکەمەوە بەردەوام تینووم دەبوو، فەرەجی خزمەتکارم بانگ کرد و ووتم برسیمە و تام هەیە، لەنێوان سوارەکاندا بگەڕیّ بزانە ڕۆن پەیدا دەکەی. کەمیّ: ڕۆن وپارویەك نانی بۆم هێنا، نانەکەم لەگەلّ ڕۆنەکەدا خوارد. بەتەواوی تینوێتیم شکا. لە نزیکەی خۆرئاوادا کوێخا حوسەین ودوو کەسی تر کە لەگەڵیدا بوون هاتن. ویستی دەستم ماچ بکات قووتووی جیرەکەم بە ئەنقەست گردە دەستی ڕاستمەوە ودەستی چەپم بۆ

ڕاکێشا وبەو پەڕی گەرمیەوە هەواڵم پرسی وگاڵتەم لەگەڵیدا کرد، هەستی نەکرد کە زامارم. پیاوە پیادەکانی لامان بەجێهێڵاو خواحافیزی کرد.

گەیشتینە خواری باغی ڕێژاو جارێکی تر پیادەبووین، ئولاخەکانمان لەوەڕاند وکەوتینە ڕێ لای ڕێنماکان وسوارەکاندا خۆم بە نەخوش دەنواند تا ئەگەر سبەی ڕەنگ وڕووم ببینن بزانن بەهۆی تاوە ڕەنگم تێکچووە. لە خوارەوەی باخەکانی ڕێژاوەوە تا سەرەوەی (بانەڕین) پیادە ڕۆیشتین، ڕێگەیەکی یەکجار سەخت ودژوار بوو. کوێخا ئەعزەم تا سەری کێوەکە لەگەڵمدا هات، بەدەستی نەیدەهێڵا بکەوم. گەیشتینە سەری کێوەکە دانیشتین وهیلاکیمان دەرکرد. دوایی سواربووین، ڕێگەی ماڵێ سەفەر خان وڕەشید ئەلسەلتەنەمان گرتە بەر، دەمە وبەیانی نزیکی ماڵەکانیان بووینەوە. لەوێوە سوارەکانم دابەشکرد، سالار موقتەدر وعەلی ئەشرەف خانی برازام بەچەند سوارێکەوە ناردە ماڵی قادر سوڵتان برای ڕەشید ئەلسەلتەنە. کوێخا ئەعزەمویارە فەراشباشی و چەند سوارێکی ترم ناردە ماڵی سەفەروخان، بەیارەو ئەعزەمم ڕاسپارد دوای پیادەبوون هەواڵی زامارییەکەم بەنهێنی بۆ سەفەر خان بگەڕێنیتەوە، بەڵام لەنێو خەڵکدا بڵێن کە سەردار زامار بووە ونەیتوانی بەسەر ماینەوە ڕاوەستێت و جێما ئیتر نازانین دوژمن پێی گەیشتووە وزیندووە یان خەیر. ئەوان سبەی ڕوو دەکەنە ماڵی سەفەر خان کە نزیکتر بوو. سەفەر خان لە خەو هەڵدەستێنن لەنێو خەڵکدا هەر بەو شێوەیەی فەرمانم دابوو پێیان هەواڵەکەیان بڵاوکردەوە، سەفەر خان بێ ئیختیار دەست دەکاتە شیوەن وگریان، هێواش پێی دەڵێن کە سەردار زامێکی بچووکی پێوەیە و بەرەو ماڵی ڕەشید ئەلسەلتەنە دەڕوات و ڕایگەیاندووە کە تۆ زوو بڕۆیت بۆ بینینی.

دوای ڕەوانە کردنی سالار موقتەدر وئەوانی تر سبەی زوو سواربووین لە نزیکەی چەند بنەماڵە وخانەوارێکی سەفەروخاندا وێستاین. کوێخای گوندکە ناردی قۆری وکتری چاییان هێنا و یەك بەرخیشی سەربڕی ودەستی کردە کەباب کردن. بینیم سەفەروخان ئەو پیاوە دلێر وبەوەفایە بەتاو هات، چاوی بە من کەوت بەدەنگێکی بەرزەوە دەستی کردە گریان، چوومە پێشوازییەوە بەدەستی چەپ باوەشم پێدا کرد وماچم کرد، هێواش ووتم زامەکەم بچووکە مەگری، مەهێڵە ئەم حەزرەتانە بزانن کە من زامارم. بە پیاسە لە خەڵکەکە دوور کەوتینەوە، ئەوکاتە پێمگووت کە بازووم شکاوە.

## نموونەی جوانی لە جەوا نمەردی و مەردایەتی

لەگەڵ سەفەر خاندا لە کوێرە ڕێگایەکەوە بەرەو ماڵی ڕەشید ئەلسەلتەنە ڕێکەوتین پێمگووت لەم بارودۆخەدا و بە زامارییەوە ڕاست نیە لە ماڵی کەسێکدا بمێنمەوە. لە نزیکی ماڵی ڕەشید ئەلسەلتەنەدا تووشی کوێخا کەریم هاتین، کە لە کوێخا ڕیزدارەکانی تایفەی قەڵخانیە، لەگەڵ خۆماندا بردمان لە پێنج سەد پێی ماڵی ڕەشید ئەلسەلتەنەدا لەنێوان جەنگەڵەکەدا پیادەبووین، لەژێر سێوەری درەختێکدا دانیشتین. سەفەر خان ڕۆیشت بۆ لای ڕەشید ئەلسەلتەنە، چونکە چەند میوانێکی نەناسراو لەوێ بوون بە نهێنی هاتنمی پێڕاگەیاندبوو، ڕەشید ئەلسەلتەنە بەپەلە لاهوتی خان کە یك دوو مانگێك بوو لە من تۆرابوو و لەماڵی ئەودا بوو لەگەڵ کوێخا دەروێش یارکە ومیرزا عەباسی ناردنی بۆ لام. و خۆیشی بەشێوەیەك میوانەکانی بەڕێکرد و لەگەڵ سەفەر خاندا هاتن ، لە دوورەوە کە بینیم بە پێکەنین وگاڵتەوە ووتم ڕەشید ئەلسەلتەنە ئەزانم ئێستاکە سامان وسەروەتم نەماوە، هەرچی بوو تاڵانیان کرد وبردیان نازانم خۆشەویستم لات یان خەیر، ئەگەر خۆشمیشت ناوێ ئەوا هەلێکی چاك کەوتوەتە دەستت ئەتوانی بە قیمەتێکی گونجاو بە ئینگلیسەکان بمفرۆشیت. بە مەردایەتی هەمیشەییەوە وەڵامی دایەوە شەرەفی نیە ئەو کەسەی تۆ بە تێکڕا دارایی دنیا بفرۆشێت، بێ ناموسە ئەوەی هەست و گیانی لەڕێی تۆدا فیدا نەکات. هاتە پێشەوە منیش هەڵسام، یەکتریمان لەئامێز گرت ویەکتریمان بەگەرمی ماچکرد. دوایی لە زامەکەم پرسیاری کرد و ووتم زامەکەم سەختە بازووم شکاوە، بەڵام حاڵم چاکە، فەرمانیدا دەوارێك لە نزیکی ماڵەکەیدا هەڵدەن بۆم وچێشتکەرە تایبەتیەکەیشی بە هەموو شتومەکییەوە بۆ خزمەتکردنم نارد.

منیش لەگەڵ کوێخا کەریمدا ڕۆیشتم ولە جێگەیەکدا کە جەنگەڵێکی چڕ وپڕ بوو بۆ هەڵدانی دەوارەکە دەست نیشان کرد. دوای هەڵدانی دەوارەکە سەرەکەیمان بە گەڵای دار ودرەختی جەنگەڵەکە داپۆشی، کەمێك دوورتر خێوەتێکمان بۆ چێشتکەر وخزمەتکار وپاسەوانەکان کە ڕەشید ئەلسەلتەنە بۆ پاسەوانی شەو وڕۆژی من داینابوون هەڵماندا وسەری دەوارەکانی ئەوانیشمان بە گەڵای درەختەکان پۆشاند.

دوای ئــەو هــەموو خیانــەتو درۆ ودەلەســە ودەسیــسە کردنانــە کــە لــە وەلەدبەگیەکان وسـەردار ڕەشـیدەوە بینـیم و دوای ئـەو تـاڵی وناخۆشـیە لـە وزە بەدەرەی دوێنیێ، سوپاسی خوام دەکرد کە ئێستاکە هامـە نێـوان دۆسـتانێکی دڵ ودەروون پـاك وموتمانــە پێکـراودا. ڕەشـید ئەلـسەلتەنە وسـەفەروخان ووتیـان موحەمەد عەلی ناویێ کە لە گوندەکەی سەفەر خاندایە کە سەری لە شـکان وئێـسك بەنـدی دەردەچـێ بـۆ بینینــی زامەکــەت دەنێرینــە شـوێنیدا. موحەمــەد خــانی خانزادیـان بـەتاو نـارد هـاوردی، قـۆڵی کراسـەکەمی دڕی ودەسـتماڵەکانی سـەر زامەکــەیان کــردەوە بەئەندازەیــەك چــاك بەســترابوو وەك ئــەوەی شــکانەکە گیرسابێتەوە، نزیکەی چوار میسقال ئێسك لـەنێو کراسـەکەمدا کۆیـان کـردەوە، بــەئاوی نیــو گــەرم خــوێن وپیــسیەکانی زامەکــەیان شـۆری، لــەماڵی ڕەشــید ئەلـسەلتەنەوە چـەند بـاڵ کـەتانی سـپی ودە هێلکـەیان هێنـا، جەراحەکـە کەوتـە کارەوە، بە لولەی قامیش تەتەیـەکی موحکـەمی بـۆ بەسـتنی بـازووم دروسـتکرد، دەیویست بە ئاوی ئاسی فنك ناوی زامەکە بشۆرێت نەمهێڵا، ووتم هەر ئەم خـوێنی نێــو زامــە یارمــەتی گریــسانەوەی ئێــسکەکان دەدات. بەلێزانینــەوە ئێــسکە شکاوەکانی خستە سەر یەك، زەردەی هێلکەکانی ماڵیە بازوومدا، لۆکـەیکی پـاکی بەسەر زەردی هێلکەکانەوە پـان کـردەوە وبەچـەند پارچـە کـەتان بەسـتی، دوای ئەمە تەتەکەی بەست وهەردوولای بڕییەوە.

یەك دەسـت جـل وبـەرگم لـە کوێخـا کـەریم کـە ئەوەنـدەی مـن بـوو وەرگـرت وکردمــە بــەر. لــە ڕەشـید ئەلـسەلتەنە تکـام کـرد کەسـێك بنێرێتــە لای ســەید مەحمودی کرندی بەڵکو هەندێ دەوای دژی گەندەلی وتاییبەت بە شـۆرینی زام بـۆم ڕەوانــە بکــات. ســەی مــەحمود بــە تــەلاش وهــەولێکی زۆرەوە توانیبــووی لــە نەخۆشخانەی ئینگلیسەکان هەنـدێ ئاسـی فنـك پەیـدا بکـات. لـەم بەینـەدا عـالی خانیش خزمەتکارەکـەمیش کـە لـە جـەراحی وشکستەبەندیدا سـەری دەردەچـوو گەیـشتە لام.هەرکـە سـالار زەفـەر لـە مـاڵی قەنبـەر سـوڵتاندا هـەواڵی زامـاریمی بیستبوو دەینێرێ بۆ لام. عالی خانیش مقدرای (یودوفورم) و چەند بەسـتە لۆکـەی نیزامی هەبوو، موحەمـد عـەلی جـەراحیش مەڵهـەمێکی چـاکی فەراهـەم کـرد. بـەو

شتانەی کە بە دەستەوە بوون کەوتینە تیمار وتەداوی زامەکە وڕۆژ بەڕۆژ هەستم دەکرد بەرەو چاکی دەڕۆم.

دوای گەیشتنە (پیران) ئیتر مەترسیەکم هەست پێنەدەکرد، بەڵام هێشتانە دوو دڵەڕاوکە وناڕەحەتی گەورەم هەبوو، یەکێکیان بۆ سالار زەفەر کە دەترسیام قەنبەر سوڵتان هەر ئەو ڕەفتارە بکات کە وەلەدبەگیەکان لەگەڵ مندا کردیان و نیگەرانی وناڕەحەتیەکی تریشم بۆ ئیسماعیل خان تەبرێزی موجاهیدی ئێران پەرەست وئازادیخواز بوو، لەو کاتەوە کە ناردمە بالی ڕاستی شەڕەکەوە ئیتر هەواڵم نەدەزانی. ڕەشید ئەلسەلتەنە سەبارەت بە سالار زەفەر دڵنیا بوو دەیگووت مەحاڵە کە قەنبەر سوڵتان ڕەفتارێکی نامەردانە سەبارەت بە ئەو ڕەوا ببینیّ. بەڵام لە ئیسماعیل خان بێخەبەر بووم، هەتا عالی خان لای سالارەوە هات وڕایگەیاند کە بە دیلیی گیراوە. بۆی زۆر ناڕەحەت وداغدار بووم، دوای چەند ڕۆژێك لەناکادا دیم ئیسماعیل خان بە جل وبەرگی تەواو کوردییەوە گەیشت، سەرجەمی ڕووداوەکەم لیّ پرسیارکرد. ووتی هەر ئەو کاتەی تۆمان بینی لە سەنگەرەکەت هاتیتە دەرەوە ئێمەش سەنگەرەکانمان چۆڵ کرد، بەڵام هەرچی تەلاشمان کرد ڕێگایەکمان بۆ چوونە سەرەوەی کێوەکە پەیدا نەکرد، دوو کەس لە هاوڕێکانم کوژران تفەنگەکەی هاردین گوولە لێیدا وڕۆیی خۆیدا بە دەستەوە، وڕێی هەڵهاتن ودەربازبوونمان لێگیرا، دووربین وتفەنگەکەم لەنێو بەردەکانی کێوەکەدا شاردەوە و ڕۆیشتمە بەردەم دوژمن وخۆم دا بە دەستمانەوە، ئەوان من ودوو کەسی تریان دیل کرد وبردیانینە لای سەردار ڕەشید، سەید ئەلدەولە ناسیمی وبە نهێنی لەگەڵ سەردار ڕەشیددا گفتوگۆی کرد. سەردار بەپەلە سەرکەوتننامەی خۆیی بۆ کونسوڵی ئینگلیس ڕاپۆرت کرد لەنێویدا نووسیبووی کە بکوژەکەی فلان کەسمان بە دیل گرتووە، دڵنیابووم ئەگەر بۆ شار بمنێرنەوە بیّ دواکەوتن دەمکوژن، جافر سوڵتانی هەورامی شەفاعەتمی کرد، بەڵام سەردار ڕەشید قبوڵی نەکرد وڕازینەبوو، خۆم کەوتمە تەلاشی هەڵهاتنەوە، قەڵخانیەکم دۆزییەوە پێمگووت ئەگەر بمگەیەنیتە ماڵی قەنبەر سوڵتان هەموو ئەم جلوبەرگەی کە لەبەرمدایە لەگەڵ دوو لیرەدا دەتدەمیّ ڕازیبوو. کاتی شام خواردنی ئێوارە کە پاسەوانەکان سەرگەرمی چێشت خواردن بوون لەگەڵ

ڕێنماکەمدا کوێرە ڕێگایەکمان گرتە بەر، خۆشبەختانە بێ ئەوەی تووشی تەگەرە وکۆسپێك ببین گەیشتمە ماڵێ قەنبەر سوڵتان. لەوێ جل وبەرگەکەم داکەند، ئەو پارەی کە بەڵێنم دابوو دام بەو پیاوە هەژارە دەست نەڕۆیشتووەی هاوڕێم وخۆم بەدەرپێ وکراسێك وپێ خاوسەوە گەیشتمە خزمەت سالار زەفەر، بەپەلە ئەم جلوبەرگە کوردییەی بۆم ئامادەکرد، و خزمەتکارێکی خۆی وپیاوێکی قەنبەر سوڵتانی لەگەڵمدا نارد، ئەوەتا کە ئێستاکە وا لە خزمەت تۆدام.

لە بینینی بە ئەندازەیە خۆشحاڵبووم وەك ئەوەی سەردار ناسر لە دیلیی ڕزگاری بووبێ. هەروا سیکە (سەیفو للا) ناوێ کە خزمەتکاری سالار زەفەر بوو یەکێکی تر لە دیلکراوەکانی سەنجاوی بوو، توانیبووی لە ئۆردووەکەی سەردار ڕەشید هەڵبێت وخۆی ڕزگار بکات دەیگێڕایەوە کە ڕۆژی دوای هەڵهاتنی ئیسماعیل خان هەموو شوێنێك بە شوێنیدا گەڕان نەیانتوانی بیدۆزنەوە، سەردار ڕەشید یەکجار مەلول ودڵتەنگ بوو، بەلام جافر سولتانی هەورامی خۆشحالێ خۆیی نیشاندەدا، سەردار ڕەشید وبارام بەگ وسەید ئەلدەولە لە خۆشحالێ وکەیف وزەوقەکەی ناڕەحەت دەبوون ودەیانگووت کە تۆ مەرەخەست کردووە. لە وەلامدا ووتی بە خوای گەورە سوێند دەخۆم ئاگام لە هەلهاتنی نیە، من هەولمدا لەگەڵ چەکدارەکانی مندا بۆ هەورامان بڕوات بەلام ئەو دەیویست بۆ ناوچەی قەڵخانیەکان بگەڕێتەوە و پیاوەکانی من ئەو ناوچانەیان نەدەناسی. سەردار ڕەشید پێی گووت بۆ تۆ دژی ئێمەیت؟ ووتی هەروەك لەگەڵ ئێوەدام بەلام خۆم بە گوناهکار و ئێوەش بە کافری موتڵەق دێتە بەرچاووم، ئەوکاتەی وەك لەشکری یەزید هێرشمان هێنایە سەر سەردار موقتەدر بۆ سەلامەتی ئەو نەزرێکم کرد وئێستایشە گایەك دەکەمە مەولود کە خوا ئاگای لێی بێت وبیپارێزێت هەتا ڕۆژێك بتوانێت تۆڵەی خۆی لە هەمووومان بەتایبەت لە تایفەی وەلەدبەگی بسێنێتەوە. سەردار ئەکرەم ویەعقوب بەگ لە قسەکانی ناڕەحەت بوون، جافر سوڵتان پێیان دەڵێت ئێوە نابێت لە مەجلیسی پیاوەکاندا دانیشن، نەك هەر پیاو هەتا مافی ئەوەشتان نیە کە لە مەجلیسی ژنە بە حەیاو حورمەتەکانیشدا دانیشن و گفتوگۆ بکەن.

ماژوور لاهوتی خان کە ماوەی سێ ساڵ لە ماڵێ مندا بوو، وەك برای من وابوو هەر کە ئینگلیسەکان سلێمان میرزایان گرت ودوژمنییان لەگەڵ ئێمەدا خستەڕوو بێ هۆیەك لە من تۆرا وزیز بوو وبۆماڵی ڕەشید ئەلسەلتەنە ڕۆیی، لەم ماوەی زامارییەمدا دووبارە هاتەوە، لە حەقیقەتدا بووە پەرستارم و هەتا شەوان لای جێگای خەوەکەمدا ئێشکچیی دەکرد. لەلایەن ڕەشید ئەلسەلتەنەوە کوێخا کەریم وکوێخا دەروێش شەریف یار شەو وڕۆژ سەرگەرمی خزمەتم بوون، لە پیاوەکانی خۆم عالی خان وئاق موراد وئیسماعیل خانیش هەبوون، گل نەزەر لە ماڵی کوێخا کەریمدا بوو، ماینەکانیشم لەماڵی ئەودا بوون، ماینە جوانەکەم کە لە دامێنی کیوەکەدا گلیابوو بریا ودوای چەند ڕۆژێك لەبەین چوو.

ڕەشید ئەلسەلتەنە وبراو کوێخاکان و سەرۆکی تایفەکانی بانگهێشت کرد ولەگەڵیاندا بیروڕای گۆڕییەوە، لەسەرەتاوە بە براکانی گوتبوو بە شەرافەت ومرۆڤایەتیم سوێند دەخۆم کە لە گیان وڕۆحی خۆم چاودەپۆشم وبەم هێزە لاوازەوە کە هەمە لەبەرامبەر تێکڕای عەشایر ولەشکری ئینگلیسدا بۆ پاراستنی سەردار موقتەدر ڕادەوەستم، ئێوە هەرسێ براکە ئەگەر لەگەڵمدان هاوبیرن هەڵوێستتان بخەنەڕوو وئەگەر نین هەر بلێن تا هەڵوێستی خۆم بۆ ڕوون بێتەوە. قادر سوڵتان ونادر ئاغا وڕەشید ئاغا هەرسێکەیان یەك دەنگ وەڵامیان دایەوە کە ئێمەیش بە شەرەف وناموسمان سوێند دەخۆین لەگەڵ تۆدا هاوبیر وهاوباوەڕین و هەرکاتێ بیروباوەڕی تۆ بەپێچەوانەی ئەمەبووایە کە براگەورەمانی زوویر دەبووین. دوای ئەوان ڕوودەکاتە فەتح عەلی بەگ کە لە سەرکردە ڕیزدارەکانی ئەو تایفەیەیە بیروڕای پرسی، ئەویش وەڵامی دایەوە هەموو سامانم نەزر بێت کە تائێستا بە پێچەوانەی دۆستی سەردار موقتەدر نەجوڵاومەتەوە ولەمەودوایش ناجوڵێمەوە. لە حەقیەتدا چی فەتح عەلی بەگ وچی قادر سوڵتان وچی ڕەشید ئاغا هەرکاتێ دەمیانبینی بێ خۆ ڕاگرتن دەستمان دەکرد بە گریان، دوایی براکان و کوێخاکانیش هاودەنگ پەیمان دەبەستن و سوێندیان خوارد وهەتا ئافرەتەکانی تایفەی ڕەشید ئەلسەلتەنەیش ئامادەبوون بۆ پاراستنم چەك هەڵگرن ولەگەڵ دوژمندا شەڕ بکەن. ئەم هیمەتوغیرەتوپیاوەتیە بێ هاوتایە تا ئێستا لە هیچ عێل وعەشیرەتێکم نەبینیوە. ئەمانە دەنووسم کە بۆ منداڵەکانمان ونەوەکانمان وهەر

خوێنەرێك ببێتە نموونە وعیبرەت، ئەگەر لەنێوان تایفەكاندا فلان وفلان لە خراویدا بەرچاو دەكەون نموونەی ڕەشید ئەلسەلتەنە وسەفەر خان وموحەمەد تەقیٚ بەگیش دەبینرێن ودەست دەكەون.

جگە لەمانە دوو مەوزوعی تر بۆ تەواوكردنی ئەم قسانە لە ئارادان كە نموونەی لێهاتوویی وپیاوەتی ڕەشید ئەلسەلتەنە و براكانیەتی كە پێویستە ئاماژەی بۆ بكەم لە هاوڕێكانی مندا. خزمەتكار وكوێخایەكی گەورەی سەنجاوی هەبوون كە كە تۆمەت باری كوشتنی باوك ودایكی ڕەشید ئەلسەلتەنە وبراكانیەوە بوون. یەكەمیان یارەی فەراشباشی بوو كە باوبوو پێش هاتنە سەنجاوی لەشەڕێكی ناوخۆی نێو گۆرانەكاندا شێرخان یاوەر باوكی ڕەشید ئەلسەلتەنە بەدەستی ئەو كوژرابوو. دووەمیان ئەعزەم بەرزا كوێخای تیرەی دەست جەی سەنجاوی كە خزمەتكاری تایبەتیم بوو، دەیانگووت لە شەڕێكدا حاجی موراد بەگی گۆرانی لەگەڵ سەرجەم تیرەی تفەنگچیدا بردووەتە سەر ماڵی شێر خان یاوەر كە لەو شەڕەدا حەنیفە خانم دایكی قادر سوڵتان ونادر ئاغا وڕەشید ئاغا كوژراوە. یارە وئەعزەم لە ترسی ئەم تۆمەتانە نەدهاتنە ماڵی ڕەشید ئەلسەلتەنەوە وپەنایان بردبووە ماڵی سەفەر خان. لەو ڕۆژەدا كە ئەو عەهد وپەیمانە گشتیە بەسترا ڕەشید ئەلسەلتەنە وهەر سیٚ براكەی یارە وئەعزەمیان بانگهێشت كرد، هەڵسیان و دەستمان خستە ملیان. ڕەشید ئەلسەلتەنە ووتی یارە مەگەر ناڵێن تۆ باوكمت كوشتووە، تۆ بێرە جێی باوكم، و هەربەم شێوەیە قادر سوڵتانیش كوێخا ئەعزەمویارەیان ناچار كرد بڕۆنە ماڵیان و تا كاتیٚ ئێمە لەویٚ بووین بە شێوەیەكی چاك خزمەتیان كردن.

باسكردنی ئەم نموونانە چاكە لە یاد نەكرێت و بمێنێتەوە بۆ ئایندەكانمان، بێگومان عیبرەتێكیشە بۆ نەوەكانی ئایندەمان.

دوای ئەم عەهد وپەیمانە ڕەشید ئەلسەلتەنە لە تەنها كەسێك بتر تر لەهەموو عەشایرەكان وئینگلیسەكان لێی دەترسا ئەسەدوللابەگ سەرۆكی تایفەی قەڵخانی عەلی سوڵتانی بوو. لە سەرەتای ئەم یاداشتانەدا كورتەیەك سەبارەت بە ناسنامەی ئەم تایفەم نووسی كە ناودارترین تایفەی گۆران دەژمێردران و دوو تیرەیان بەناوی (قری و ڕۆستەم) بە ئازایی وبیٚ باكی و ڕاستی بەناوبانگ بوون

بووبوونــه مایــەی تــرس وهەراســی تایفــەکانی دراوســێیان. ئەســەدوللا بــەگ ســەرۆکەکەیان لــەم کاتــەدا نموونــەی تــەواوی پیــاوەتی وکارامــەیی ولێهــاتوویی تایفەکەی بوو. و زادەی ئەو هەلومەرجە عێلایەتیە بـوو، ئـەو هـەروەك قـسەزانی و ڕووخۆشــی وپیاوخاســی ڕەشــید ئەلــسەلتەنەی نــەبوو ئاســۆی بینینــی لــە کێــو وشاخەکانی دەوروبەریدا تێنەدەپەڕی، بەڵام پیاوێکی کەم قسە وکاکڵدار وهۆشیار و سەرسەخت وبێ نەوازشت وبەزەیی بوو وقازانج وسوودی کاتی خۆیی بە غـەریزە دەزانی وهەرگیز لە دەستی نەدەدا.

سەرۆکی تری ئەم تایفە قەنبەر سوڵتانی برای ئەسەدوللا بـەگ بـوو. پیـاوێکی سادە ودڵ ونیەت پاك تا لە توانایدا بووایـە لـە عەهـد وبـەڵێن وپەیمانیـدا پایـەدار دەمایــەوە. جــەهانگیری کــوڕی ئەســەدوللابەگ نموونــەی تــەواوی بــاوکی بــوو، شەڕکەرێکی بوێر وترسناك وڕاوچیەکی کارامە ولێزان بوو، تفەنگچیەکی چـاوتیژ و تا شەوانێکی چالاك وبە وزە بوو کە خەسـتە نـەدەبوو. ڕەشـید ئەلـسەلتەنە ووتـی ئەسەدوللا بەگ وقەڵخانیەکان لەگەڵ ئێمەدا دوژمنن، تا یەك هەفتەی تـر لـەڕێگای جەهانبــەخش خــانی زەرغاموئەلــسەلتەنەوە لەشــکری ئینگلــیس وســەرجەم عەشایرەکان دێرنە سەرمان، چاکترە هەر سبەی کۆچ بکەین ولەنێوان ڕێـژا ویـاران کە شوێنێکی یـەکجار سـەخت ودژوارە، سـەنگەر بگـرین وخۆمـان ئامـادە بکـەین، ئەگەر لەشکری ئینگلیس هاتە سەرمان بتوانین بەرگری بکەین وئەگـەر شکستمان هانی لەگەڵ تۆدا پەنا دەبەینە خاکی عوسمانی. ووتمە ڕەشید ئەلسەلتەنە لەگەڵ ئەم بۆچوونە ونەخشەیەی تۆدا هاوبیر نیم، تـۆ ئـەم کـارە لەبـەر ڕزگـارکردنی مـن دەیکــەیت ئێــوە بیروڕاکــەی منــیش قبــوڵ بکــەن. لــەوم پرســی ئەســەدوللا بــەگ لەسەرچی لەگەڵ ئێوەدا دوژمن ونـەیارە؟ ووتـی لەسـەر مـوڵکی (بەیامەیـە). ووتم بەرژوەندی ئێوە لەوەدایە کە بـە شـێوەیەکی دۆسـتانە لەگەڵیانـدا ڕەفتـار بکـەن. سەفەر خان وقادر سوڵتان هەردوو قسەکەی منیان سـەلماند. بڕیـار وابـوو ڕەشـید ئەلـسەلتەنە وقــادر ســوڵتان لەگــەڵ ســەرجەم کوێخاکانـدا هاوسـەرەکەی ڕەشـید ئەلسەلتەنە کە کچی ئەسەدوللا بـەگ بـوو لەگـەڵ خۆیانـدا هـەڵگرن وبیبەنـە مـاڵی ئەســەدوللابەگ. قــادر ســوڵتان ووتــی هــەردوو گونــدی بەیامــە هــی منــە ئەگــەر ئەســەدوللابەگ ڕازی نــەبوو هــەردووکیان لەســەری تــاپۆ دەکــەم. قــادر ســوڵتان

وکوێخاکـان لەگـەڵ هاوسـەری ڕەشـید  ئەلـسەلتەنەدا بـۆ مـاڵی ئەسـەدوللا بـەگ ڕۆیشتن، ڕەشید  ئەلسەلتەنەش ڕۆیشت لەگەڵیاندا بەهلول وقەنبەر سولڵتانیشی بۆ ئـەوێ بانگهێـشت کـرد. لـەوێ پێـێ دەڵـێن کـە سـالار زەفـەر ماوەیەکـە لـە ماڵـێ ئێوەدایـە سـەردار موقتـەدریش خـۆی داوەتـە پـەنای کێوەکـانی دالـەهۆ و سـالار موقتەدری کوڕی سەردار ناسریش هاتۆتە ماڵمـان، ئێمـە گۆرانـەکان بـێ شـەرەفی خۆمـان بـۆ عـالم خـستەڕوو، ئەگـەر ئێمـە لەگـەڵ ئینگلیزەکـان وکەلورەکانـدا هاوکاریمان نەکردبایێ ئەوان نەیاندەتوانی دەستدرێژی بکەنە سەر سەنجاوییەکان. ئێستاکە من وتۆ لەگەڵ یـەکتردا هاوپـەیمانین، مـن ئامادەبوومـە کـە گیـان و مـاڵ وناموسی خۆم لەڕێی سەردار موقتەدردا فیدا بکەم، ئایـا تـۆ کـە سـالار زەفـەر لـە ماڵتدایە ئامادەی لەم ڕێگەدا لەگەڵیدا بیـت؟ قەنبـەر سـولڵتان بـەڵێنی پێـدەدا لـەو شوێنەی کە لای گۆرانەکان پیرۆزە بە ئاین مەزهەبی خۆیان سوێند دەخۆن وعەهد وپەیمان دەبەستن. لەدوایدا هەردووکیان دەڕۆنە ماڵی عەلی بـەگی سـولڵتان جـاف، سـەرکردەی تایفـەی تایـشەیی ئـەویش لەگەڵیانـدا هـاو سـوێند دەبـێ. ڕەشـید ئەلسەلتەنە و قەنبەر سـولڵتان وعـەلی بـەگی سـولڵتان وکوێخـا مـستەفای تایـشەیی سەرجەم دەڕۆنە ماڵی ئەسەدوللابەگ و لەوێ دەبینن، کە لـەم شـەو وڕۆژەدا قـادر سولڵتان وکوێخاکان وهاوسەرەکەی ڕەشید  ئەلسەلتەنە هەرچـی پـەنا دەبەنـە بـەر کەلامی خوا و کتێبی نەورۆز بـۆ ڕازیکردنـی ئەسـەدوللابەگ، بـەڵام ئـەم کردەوانـە کاریگەرییـەکی بەسـەر ئەسـەدوللا بەگـەوە نـەبوو بـوو. لەگـەڵ هـاتنی ڕەشـید ئەلسەلتەنە وقەنبەر سولڵتان ودانوستانی بـەردەوامیان سـەرەنجام ئەسـەدوللابەگ دەڵێت کە ئەم کارە بەستراوە بە بیروڕای جەهانگیری کوڕمەوە. هەموویان دەڕۆنە ماڵی جەهانگیر، جەهانگیر دەڵـێ ئەگـەر دەتانـەوێ لەگەڵتانـدا هـاوڕێبم پێویـستە قادر سولڵتان هەردوو گونـدی (بەیامـە)م بـداتێ. قـادر سـولڵتانیش هـەر لەوێـدا بـە خـەتی خـۆی مـافی خـۆی سـەبارەت بـەو موڵکـە ناوبراوانـە بـۆ جـەهانگیر خـان دەگوێزێتەوە. دوایی هەموویان بە کـەلامی خـوا ونیـاز بۆیـەکتری سـوێند دەخـۆن وسەرجەم دەڕۆنە ماڵی ئەسەدوللابەگ.

## کەشمەکەش وململانێی نوێ

دوای ڕۆژێك گشتییان قەنبەر سولّتان وعەلی بەگ سولّتانی تایشەیی هاتنە دیدەنیم وموژدەی عەهد وپەیمانی گشتیان پێدام. قەنبەر سولّتان لە قسەکانیدا نیەتی باش بوو، بەڵام قسەکانی عەلی بەگ سولّتان بۆنی دوو ڕەنگی لێیەوە دەهات. یەکێ لە خزمانی ڕەشید ئەلسەلتەنە کە لەماڵی جەهانگیردا خزمەتی دەکرد بە نهێنییەوە ڕەشید ئەلسەلتەنەی ئاگادار کرد کە سەری نەبەسێتە درۆ وفێڵەکانی ئەسەدوللابەگ وجەهانگیرەوە، ئەوان دوای ڕۆیشتنت نامەیەکیان بۆ سەردار ڕەشید ووەلەدبەگیەکان و جەهانبەخش خان نووسیوە کە سەردار موقتەدر لە ماڵی ڕەشید ئەلسەڵەنەدایە، لەبەر شکانی دەستی توانای هەڵهاتنی نەماوە، هەرچی زووترە لەشکرەکەتان بجوڵێننەوە و ئێمەیش دێینە ڕیزتانەوە، هەم سەردار موقتەدر دەخەینە چنگمانەوە وهەم ڕەشید ئەلسەلتەنەیش سەرکووت دەکەین.

لەلایەکی ترەوە هەواڵمان زانی کە ئاغای سەید ڕۆستەم بەناو کە پیری خەڵکی گۆران و سەنجاوییە، بێئەوەی هیچ خراویەك لە ئێمەوە ببینێ سەید شەمسەدینی کوڕی بۆ کرند ناردبوو کە ڕاپۆرتێ سەبارەت بە ئێمە بە بەرپرسەکانی نیزامی ئینگلیسەکان ڕاگەیەنێت. ئەم هەواڵەیش سەید عەلی کوڕی ئاغا سەید عەزیز برازای سەید ڕۆستەم وهەم سەید مەحمودی کرندیش پێیان داین. ڕەشید ئەلسەلتەنە ووتی بەڵێ ئەم خەبەرە ڕاستە خزمەتکارەکەی منیش لە کرند سەید شەمسەدینی بینیوە. بەپەلە لەلایەن خۆیەوە فەتح عەلی بەگی ناردە لای ئاغا ڕۆستەم کە بۆچی دەتەوێ سێ تایفە بکەیتە دوژمنی خۆت؟ ئەگەر هات وئینگلیسەکان لەشکریان هێنا و وەکو سەنجاویەکان تاڵانمانیان کرد و دوو سەد پیاوی قەڵخانی ونیرژیان کوشت بەم دووسەد کەسە ئێمە لەنێو ناچین، هەر ئەوەندەمان ئەمێنێتەوە کە تۆڵەی خۆمان لە تۆ وەرگرینەوە. منیش لەلایەن خۆمەوە کوێخا ئەحمەد بەرزام ناردە لای وپێشینەی دۆستی وپلە وپایەیان لەنێو تایفەی سەنجاویدا خستەوە یادیان وگلەییم کرد کە ئەم کردەوەیە لە خوارەوەی پلە وپایە وشان وشەوکەتی تۆدایە کە ببیتە ڕاپۆرتنووسی بێگانەکان. دوای ڕۆژێ سەید ڕۆستەم هات بۆ لام و پەشیمانی خۆیی خستە ڕوو عوزری هێنایەوە، بەڵام

ڕاپۆرتەکەی ئەو ونامەکەی ئەسەدوللابەگ کاری خۆیی کردبوو. ئینگلیسەکان سەرلەنوێ کەوتنەوە بیری لەشکر کێشیەوە. لە ڕۆژی حەوتەمی زامارییەکەمدا لەبەر پاککردنەوە شوێنەکەم جێ وخێوەتەکەم گوێزایەوە و نیو فەرسەخێ دوورتر لەماڵی ڕەشید ئەلسەلتەنە لەلای کانیەکدا کە بە (کانی قت) بەناوبانگە جێگیر بووم.

لە قەنبەرە سولّتانەوە هەواڵ گەیشت کە ئەسەدوللابەگ و جەهانگیر لەگەڵماندا درۆ دەکەن وسەردار ڕەشید بەهۆی ڕاپۆرتی ئەوانەوە سەرلەنوێ لەشکری خستوەتە ڕێ و بڕیارە ئەمڕۆ جەهانگیر بڕواتە لایان و لەلایەن ئەسەدوللابەگیشەوە بۆ ڕەشید ئەلسەلتەنە خەبەریان هێنا کە سەردار ڕەشید وجەمعیەتی جوانڕۆیی وهەورامی وباوەجانی و وەلەدبەگی لەمیر ئاوا کۆبوونەتەوە، منیش جەهانگیرم ناردۆتە لایان بەڵکو لەشکرەکەیان تێك بدەم. ڕوون وئاشکرابوو کە ئەم قسانە ڕووکەش ودرۆیە و لەهەمان کاتدا وا هەواڵ گەیشت کە جەمعیەتی کەلور هاتوونەتە هارون ئاوا (شائابادی ئەمڕۆ) ڕەشید ئەلسەلتەنە وسەفەروخان کەوتنە بیرەوە وبریاریاندا بڕۆن بۆبینینی ئەسەدوللابەگ، قەنبەر سولّتانیشیان ئاگادار کرد کە بگاتە لایان. لەنێوان ڕێگادا دەبیسن کە جەهانگیر لە لەشکرەکە گەڕاوەتەوە و موحەمەد تەقیێ بەگی ئەمیر ئەسعەدی باوەجانی لەگەڵ خۆیدا بۆ ماڵی ئەسەدوللابەگ هێناوە، ئەوانیش ناچاردەبن کە بڕۆنە ئەوێ. دوای سەڵاو وهەواڵ پرسین ئەسەدوللابەگ پێیان دەڵێت ئەمیر ئەسعەد لەلایەن سەردار ڕەشیدەوە هاتووە کە تۆ سەردار موقتەدر لە ماڵەکەت دەربکەی. ڕەشید ئەلسەلتەنە دەپرسێ تۆ چی وەڵامێکت داوەتەوە؟ دەڵێن ووتوومە کە سەردار موقتەدر لەماڵی تۆ دانەماوە، هەرچۆنێ بێ لەو بڕوادام کە تێکڕا بەگشتی بڕۆینە (ئۆردووەکە) ولەگەڵ سەردار ڕەشیدا دانوستان بکەین، بەڵکو توانیمان لەشکرەکەی بڵاوە پێ بکەین. هەردوو لا لەگەڵ ئەمیر ئەسعەددا دەڕۆنە ماڵی عەلی بەگی سولّتان تایشەیی دەبینن سەرکردەکانی وەلەدبەگیەکانیش هاتوونەتە ئەوێ و تایشەییەکانیش لەگەڵیاندا دەستمان تێکەڵاو کردووە. هەر لەو مەجلیسەدا بارام بەگ وبراکانی بە ڕەشید و ئەلسەلتەنە سووکی دەکەن تا ئەو ڕادەیەی عەزیز بەگ هەڕەشەی کوشتنی لێدەکات.

دوای ئـەم دانوسـتانە سـەفەروخان وقەنبـەر سـوڵتان بـە ڕەشـید ئەلـسەلتەنە دەڵێن هەرچی ئەسەدوللا ووتی پێمان درۆ دەرچوو، چی سەبارەت بە جوڵانـەوەی لەشـکری کوردسـتان وچـی سـەبارەت بـە هـاتنی محەمـەد بـەك بـۆ ماڵیـان وچـی سەبارەت بە ڕۆیشتنی وەلەدبەگیەکان بۆ ماڵی عەلی بەگ سـوڵتان. هـەموو ئەمانـە بە فیتی خۆی بووە و ڕۆیشتنمان نێـو لەشـکرەکەی سـەردار ڕەشـید بـێ سـوودە. لەنێو خەڵکەکـەدا ئەسـەدوللابەگ بـە ڕاشـکاوی و ڕوونـی بـە ڕەشـید ئەلـسەلتەنە دەڵێ من لەگـەڵ ئـەم ئاغایانـەدا دۆسـت وهـاوبیرم بـەهیچ جۆرێـك نـاتوانم لەگـەڵ سەردار موقتەدردا هاوپەیمان وهاوڕێ بم. ئێوە پێویستە ئەوەی سەردار ڕەشـید و ئەم حەزرەتانە دەیلێن قبوڵی بکەن ولاریتان لێی نەبێ، یان خۆتان بۆ شەڕ ئامادە بکـەن. سـەردار ڕەشـیدیش دەڵـێ ئێمـە هـەموومان بەگـشتی یـەکێتیمان هەیـە وئینگلیسەکانیش پاڵپشتمانن، ئێـو بۆچـی دەتانـەوێ بـە پێـچەوانەی هەمووانـەوە ڕەفتار بکەن. ڕەشید ئەلسەلتەنەیش بە بیستنی ئەم هەڕەشانە و لە ترسی گیـانی خۆیـدا وەڵام دەداتـەوە کـە سـەردار موقتـەدر لـەماڵ و عێڵـی منـدا نیـە، لـەکێوی (داڵەهۆ) یە، من پەیڕوی عەشیرەتی گۆرانم ئێستاکە ئـەم عەشـیرەتە نایـەوێ ئـەو بپارێزێ وبیگرێتە خۆی منیش هەرچی بیروڕای ئەسەدوللابەگە هەر ئـەوە دەکـەم. ئەسەدوللابەگ ئەڵێ بە گشتی بە کەلامی خوا سـوێند بخـۆن کـە لەگـەڵ سـەردار موقتەدردا هاورێیەتی نەکەن لای خۆمان جێی نەکەینەوە و هەر بـەم شـێوەیە کـار بکرێت و ڕەفتار بکەین. بەڵام بەپێی ڕێکەوت نوسینەکە لە پشتی قورئانەکەوە بـە ئەنقەست یان لەڕووی هەڵەوە لەجیاتی ئەوەی بنوسرێت بەگشتی لەگـەڵ سـەردار موقتـەدردا دوژمـنین دەنوسـێ دۆسـت بـین. ڕەشـید ئەلـسەلتەنە بەمـە دەزانـێ قورئانەکە مۆردەکـات ودەڵێـت بـە حـەقی ئـەم قـسەی خوایـە بـەپێی دەقـی ئـەم نووسراوە ڕەفتار دەکەین. دانیشتوانی مەجلیـسەکە پـەی بـەم نووسـینە دەبـەن، نووسینەکە دەخوێننەوە وڕاستی دەکەنـەوە. ئەسـەدوللابەگیش لەلایـەن خۆیـەوە سەبارەت بە ڕەشید ئەلـسەلتەنە دانیـشتوانی مەجلیـسەکە دڵنیـا دەکـات وبـەڵێن دەدات کە من لە خاکی گۆران دەربکەن.

دوای ئەم ڕووداوە ئۆردووەکە بڵاوەی لێدەکات وهەرکەسێك دەگەڕێتـەوە بـۆ ماڵی خۆی. لەنێو ڕێدا ڕەشید ئەلسەلتەنە بە نهێنی بـە قەنبـەر سـوڵتان دەڵـێ بـە

حەقی ئەو کەلامی خوایە کە مۆرمان کرد، ئەگەر هەموو دنیا لەگەڵ سەردار موقتەدردا ببێتە دوژمن لە دۆستی ئەو دەست هەڵناگرم وئەم سوێندەم هەر لەبەر پاراستنی بوون وگیانی ئەو وناموس وئابڕوی عەشیرەتەکەم لەڕووی ناچاریەوە خوارد. قەنبەر سوڵتان دەڵێت منیش لەگەڵ تۆدا هاوڕێم. دوای دڵنیابوون لە قەنبەر سوڵتان هەر کە نزیکی ماڵی ئەسەدوللابەگ دەبنەوە پێیّ دەڵێت بۆچی وەهات کرد وشەرەفمانت بۆ نەهێڵا؟ من سوێندم خواردووە کە بەپێی نەزەر وبۆچوونی تۆ ڕەفتار بکەم، بەڵام سەردار موقتەدر ئێستاکە لە ماڵی ئێمەدا نیە، ئەگەر بڵێم پێویستە لە داڵەهۆیشدا نەمێنیّ براکانم وعەشیرەتەکەم لێم دەبڕین. قەنبەر سوڵتانیش دەڵیّ منیش ناتوانم لەگەڵ سالار زەفەردا ئەم ڕەفتارە بکەم. ئەسەدوللابەگ لە قسەکانیان نارەحەت دەبێت و مەوزوعەکە لەنێوانیاندا دەمێنێتەوە وناخرێتە لایەکدا.

هەر ئەو ڕۆژە دوو تەیارەی ئینگلیز بۆ دۆزینەوەی جێگاکەم بەسەر شاخەکانی داڵەهۆوە دەفڕن دوای ڕۆیشتن سەر لەنویّ ماڵەکەم یەك فەرسەخ دوورتر لە (کانی قیت) لەنێو جەنگەڵەکەدا دامەزراند. شەو ڕەشید ئەلسەلتەنە وسەفەروخان هاتنە لام و بەدرێژیی باسەکەیان گەڕاندەوە، بڕیار لەسەر ئەوە درا کە سبەی بە شێوەیەکی کاتی لە ناوچەکەدا دەربچم وبەرە و(باوە یادگار) بڕۆم. ڕەشید ئاغای برای ڕەشید ئەلسەلتەنەیش لەگەڵ سی چل سوار لە کوێخا وکوێخازادەکانی قەڵخانی بەناوی هاوڕێیەتی و هاوبیریمانەوە و نەیاریی براکەی لەگەڵماندا هاتن. لەلایەکی ترەوە قەنبەر سوڵتانیش چەند کەسێك لە عەشیرەتەکەی لەگەڵ سالار زەفەردا نارد کە ئەویش بێتە باوە یادگار. دوایی من بەشەو لەڕێیەکی ترەوە بۆ داڵەهۆ بگەڕێمەوە، سالار زەفەر وڕەشید ئاغا بەرەو کەلور بڕۆن. مەوزوعەکەم وەك خۆی بۆ سالار زەفەر وقەنبەر سوڵتان گەڕاندەوە.

دوای ڕۆژێك ڕەشید ئاغا لەگەڵ سالار موقتەدر و چل سوار لە کوێخاکان بە نیشانەی نارەزایەتی ماڵی ڕەشید ئەلسەلتەنەیان بە جێهێشت منیش نزیکەی عەسر لە شوێنەکەم کەوتمە ڕێ. ڕەشید ئەلسەلتەنە کوێخا دەروێش وکوێخا دەوڵەتیار ئەیاز ناویّ کە خزمەتکاری تایبەتی خۆی بوو لەگەڵماند ناردیانی، ڕۆستەم ناویّ و بەشیرزاوالەیی بەرپرسی چێشت دروست کردن وخزمەتی ترەوە

کرد و ئازووقەی یەك هەفتەی لە ماڵەکەی خۆی داپێیان. نیو سەعات لەشەو تێپەڕیبوو گەیشتینە (سەراوی سیاوانە) کە سەرچاوەی ڕووباری ئەڵوەندە، و شەومان لەگەڵ سالار موقتەدر و ڕەشید ئاغا ونەوەد سوارێکی هەردوو لاماندا لەوێ تێپەڕاند ودوای ڕۆژێك بەرەو باوە یادگار ڕۆیشتین، کە گەیشتینە لای دەری گۆمەزییەکەی زیارەتمان کرد[1].

نزیکەی عەسر سالار زەفەر وقەنبەر سوڵتانیش گەیشتن. سەعاتێ لە شەو تێپەڕیبوو باوە یادگارمان جێهێڵا، من وهاوڕێکانم کە هەشت کەس دەبووین لە ڕێیەکی ترەوە بەرەو دالەهۆ کەوتینەڕێ. سالار زەفەر وسالار موقتەدر وڕەشید ئاغا لەگەڵ سوارەکاندا بەرەو خاکی کەلور کەوتنەڕێ ڕامسپاردن کە شەو لە (بان زەردە) ببەنە سەر، سبەی لەپاڵی کێوی بازی درازا بڕۆنە ناوچەی کەلور وگەیلان غەربەوە و بەناوی منەوە لە گوندەکانی سەر ڕێگایان خار وبار وئالیك بەدەست بهێنن و وا بڵاوی بکەنەو کە بەرەو ماڵی والی پشتکۆ دەڕۆین.

هەموو بارو بەنەیەکم بریتی بوو لە یەك لێفە ودۆشەکی خەوتن وئازووقەی حەوت ڕۆژ کە باری قاترێکم کردبوو قاترێکی کەهینی سواریی ڕەشید ئەلسەلتەنە

---

[1] باوە یادگار کە مەرقەدەکەی دەکەوێتە نێو دڵی کێوە سەرسەخت ودژوارەکەی داڵەهۆوە زیارەتگای پەیڕەوانی ئەهلی حەق (یارسانە). بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانایەکی کورد ئەم زاتە سەید موحەمەدی کوڕی شێخ عیسای بەرزنجی کوری سەید بابا عەلی هەمەدانی کوڕی سەید بابا یوسف کوڕی سەید عەبدولعەزیز لە کوڕەکانی ئیمام ئیسماعیلی برای حەزرەتی ئیمام موسای کازمە (ع) شاعیری بەناوبانگی کورد سەید عەبدولڕەحیمی تاوگۆزی باەجانی کە نازناوی (مەعدومی) بووە بە مەولەوی بەناوبانگە لە وەسف وپەسنی بارەگای ئەو حەزرەتەدا پارچە شیعرێکی هۆندوەتەوە کە چەند بەیتێکی لەیرادا دەهێنینەوە :

**سەر شار صەبای بەزمی موناجات**
**مەلجای ئیلتیجای ئەرباب حاجات**
**جای رجای جرگەی پادشا ودەرویش**
**بارەگاە پەناە پەی بیگانە خویش**
**شکۆفە وشەوبووی رەیحانەی رەسوول**
**نەوبا وەی نەمام طەیبەی بە توول**
**سەروس یەدار نیشاندەی وەلی**
**یەعنی یادگـــار مـــورتەزا عەلی**

بوو بۆ خۆم تەرخانم کرد. قاترەکانمان بە دوو کەس سپارد کە لەڕێگەیەکی چاکترەوە بیهێننە سەرەوەی مەرقەدەکە، ئێمەیش لەگەڵ ئیسماعیل خانی موجاهید وهاوڕێ پیادەکانماندا لەڕێگایەکەوە چووینە سەرەوە. قاتیرەکانیان هێنا وئەو شەوەمان لەسەر کێوەکەدا بردە سەر. دوای ڕۆژێك سبەی زوو کەوتینە ڕێ، قەڵخانیەکان وپیاوەکانی ڕەشید ئەلسەلتەنە کەوتنە پێشەوە لە ڕێیەکی نەناسراوەوە بۆ خاڵێك کە بە (مەربوول) ناسراوە، کە جێگایەکی یەکجار قایم وپارێزراوە، بردمانیان. لە پەل وپۆ وپەلکی درەختەکان سەکۆ وسەربانێکیان بۆ خەوتنم دروستکرد.

دوای ڕۆژێك ئەیاز کە ڕاوچیەکی زەبر دەست وچالاك ولێزان بوو ڕۆیشت بۆ ڕاو وبە شەش فیشەك چوار بزنە کێوی گەورە ویەکێ بچووکی کوشت، یەکێ لە بزنە کێویەکان وبچووکەکەیشی بەسەر شانیەوە هاوردی، دوایی قاترێکی برد وئەو چوارەکەی تریشی هێنا.

چوار شەو لەو شوێنەدا ماینەوە هەتا چەند خانەوارێکی (بەهارە چڕ) لە نزیکماندا دەواریان هەڵدا بەشەو ئەو شوێنەمان جێهێڵاو نزیکەی فەرسەخێ دوورتر لەو جێگایە لە شوێنێکدا کە ڕووبەڕووی مەغارەی بەناوبانگی (سەید براکە) جێگیر بووین. جارێکی تر هاوڕێ چالاکەکانم سەکۆیان ڕێکخست ودامەزراند.

پێنج شەو لە هەموو شتێك بێخەبەر بووین، ئەیازم نارد کە لەماڵی ڕەشید ئەلسەلتەنە هەم ئازووقە وهەم خەبەرێکمان بۆ بهێنێ. دوای ڕۆژێك گەڕایەوە و لەلایەن ڕەشید ئەلسەلتەنەوە ئەم خەبەرە دڵنیا کەرەوە وئارام بەخشەی هێنا. ئەوەش ئەوەبوو کە هەر ئەو شەوە کە تۆ مەرقەدەکەی باوە یادگارت بە جێهێڵا بوو سیخوڕێکی ئەسەدوللابەگ کە لەوێدا بوو هەواڵێکی تۆی پێدابوو ئەویش بەو خەیاڵەوە کە تۆ لە داڵەهۆ دەرچوویتە تا ڕادەیەك دڵنیا بووبوو، و لەگەڵ مندا پتر خۆشەویستی ونەوازشت دەنوێنێ و بەڵێنی داوە برۆینە دەرگای مەرقەدەکە ولەوێوە بۆ ماڵی سەفەروخان برۆین بەڵکو لەنێوان ئەو وبراکانیدا ئاشتی و برایەتی بەرقەرار بکەین. هەروەها ئەسەدوللابەگ خەبەری ڕۆیشتنی تۆی لە داڵەهۆ و جێهێڵانی ئەو ناوچەیەت گەیاندوەتە سەردار ڕەشید و لەشکرەکەیان گەڕاونەتەوە و بۆپاراستنی سێسەد بنەماڵەکەی سەنجاوی کە لەنێوان وەلەدبەگیەکاندا بوون

لێپرسـراوێ لەلایـەن کونـسولّی ئینگلیـسەوە چـووەتە ئـەو ناوچـەیە ئـەوانی بەسەلامەتی بۆ جێگاکانی خۆیان لە سەنجاوی کۆچداوە. لەشکری کـەلوریش کـە هاتبوونە هارون ئاوا بلآوەیان لێکردووە و ئێستاکە بارودۆخەکە لە هەموو لایەکەوە ئارامە ودەنگ وباسێك نیە.

دوای چـەند رۆژێـك بیـستم کـە رەشـید ئەلـسەلتەنە وئەسـەدوللابەگ وقەنبـەر سولّتان وسـەفەر خـان سـەرجەم رۆیـشتوونەتە مـاڵی شـابازخان بێئـەوەی بتـوانن نێـوانی براکـان چاککەنەوەئاشـتی بخەنـە نێوانیانـەوە گەڕاونەتـەوە وهاتوونەتـە دەرگای مەرقەدەکە.

منیش عالی خانی خزمەتکارمم نارد کە خەبەرێك بهێنێتەوە، گەڕایەوە و ووتـی رەشید ئەلسەلتەنە و قەنبەر سولّتان ووتوویانە کـە ئەسـەدوللابەگ ئامـادە بـووە بەوپەڕی ڕاستیەوە لەگەڵ مندا هاوکاری بکات وبەتایبەت وویستوویانە کە ئیمشەو برۆیت بۆ لایان ولەگەڵ ئەسەدوللابەگدا یەکتر ببینن و ڕایان سپاردووە کـە بەشـەو برۆیت و بگەڕێتەوە کە هیچ کەسێك نەتبینێ. منیش نزیکـەی خۆرئـاوا کەوتمـە ڕێ چونکە لە موغارەکەی (سەید براکە)وە ڕێیەکی یەکجار سـەخت ودژوار بـوو ناچـار نزیکەی چوار فەرسەخ لەو ڕێگامانـە بـە پیـادەیی وبـەو پـەڕی سـەختییەوە بـڕی، هەروەك زامەکەم گیرسابووەوە بەلآم دەستم هێشتاکە کەمێك ژانی دەکرد، دەستم بە ملمەوە هەڵواسرابوو. پێش خۆرهـەلآتن گەیـشتین ولـەنزیکی مەرقەدەکـەوە لـە شـوێنیکدا حەسـاینەوە. نـاردم خەبـەریان پێـدان ئەسـەدوللابەگ وڕەشـید ئەلسەلتەنە وقەنبەر سـولّتان هەرسـێکیان هـاتن، دوای کورتـە هـەواڵ پرسـینێك و دانوسـتانێك ئەسـەدوللابەگ هـەر بـەو ئیمـام زادەیـە سـوێندی خـوارد کـە تـا دوا تنۆکی خوێن گیان وماڵ وناموسی لە ڕێگـەم دا فیـدای دەکـات، لـە ڕووی ڕاسـتی وپاکیەوە دۆستم بێت ئەوان ڕۆیشتن منیش دووارە لەسەرکێوەکەی باو یادگـارەوە لە شوێنێکدا کە بە قەلآی یەزدگرد بەناوبانگە مامەوە.

سبەی لـە کێوەکـە هاتمـە خـوارەوە و لـە شـوێنێکدا کـە بـە (دەغـلان) نـاوی دەرکردووە لەژێر سێوەری درەختەکاندا فەرمانمدا کە حەمامێ لە چێخ دامـەزرێنن بۆم، لـە شـتومەکەکانی مەرقەدەکـەی بـاوە یادگـارە قـازانێکی گـەورەیان هێنـا و ئاویان گەرم کرد ودوای بیست ڕۆژ زامەکەمم شۆرد. نزیکەی خۆرئاوا زیـارەتم کـرد

و لەگەڵ هاورێکانمدا گەڕاینـەوە بـۆ سـەری کێوەکـە، دوای ڕۆژێ: ئـەو شـوێنەمان جێهـێڵا، و لـە شـوێنێکدا کـە نـاوی (قـم کـاوە نیایـە) بـە ئەشـکەوتی مـەجنون بەناوبانگە جێنشین بووین. چوار شەو لەوێدا ماینەوە لەم چـوار شـەوەدا لـە مـاڵی حاتەم خانی قەڵخانییەوە خوشکەزای قەنبەر سوڵتان ئازووقـەیان بۆمـان دەنـارد. حاتەم خان خۆیشی شەوان لام دەمایەوە زۆر خزمەتی دەکرد ولەگەڵیـدا دوو جـار بـۆ ڕاوە ورچ ڕۆیـشتین. لەبـەردەم دەرگـای مەرقەدەکـەوە لەگـەڵ حەزرەتەکانـدا یەکتریمان بینی، قەنبەر سوڵتان نامەیەکی لە ئاغا سەید حەسـەنی ئۆجاقـەوە کـە لە کرماشانەوە بۆ ئەو وڕەشید ئەلسەلتەنەی نووسیبوو نیشانیدام، ئامۆژگاریـانی کردبوو، نەکەن ئەو ئێرانییەت وئیـسلامییەتەتان لەکـەدار بکـەن، لەسـەرەتاوە لـە بەرژەوەندی ئێـوەدا نـەبوو لـە کوشـتن وتـاڵانی سـەنجاویەکاندا بەشـداری بکـەن، ئێستاکە سەردار موقتـەدر وسـالار زەفـەر هاتوونەتـە ماڵتـان نـا مـەردی مەکـەن و وەکو وەلەدبەگییەکان خۆتان ڕسوا مەکەن، تا دەتـوانن لـە پاراسـتنیاندا کۆشـش بکەن تا خوا وەسیلەیەکی ڕزگار بوون بەرپا دەکات. ئەم نامە پـتر بووبـووە هـۆی بـەهێزبوونی ورەی قەنبـەر سـوڵتان. لـە حەقیقەتـدا ئـەو وڕەشـید ئەلـسەلتەنە وسـەفەروخان بـەدڵ وگیانـەوە دەکۆشـان یەکێتیـەك لـەنێوان عەشـایری گۆرانـدا دروست بکەن وبارودۆخێك بهێننـە پێشەوە کـە سـالار زەفـەر بگەڕێتـەوە، بـەڵام ئەسەدوللابەگ دوای یەکتر بینینمان لەگەڵ ئەوەیشدا کە سوێندی خواردبـوو دوای گەڕانەوەی بۆماڵەکەی، جەهانگیری کوڕی دەنێرێتـە لای جەهانبـەخش خـان پێـی دەڵێت کە ئەوەی ڕەشید ئەلسەلتەنە پێمانی ووتبوو درۆبـووە و سـەردار موقتـەدر هێشتانە لە دالەهۆدایە. خۆیشی نامەیەکی بۆ بارام بـەگی وەلەدبـەگی ونامەیـەکی بۆ محەمەد بەگی باوەجانی نووسیبوو و بوونی منی لە دالـەهۆ پێیـان ڕاگەیانـدبوو ئەوانیش زوو نامەیان بـۆ سـەردار ڕشـید نـاردبوو کونـسوڵی ئینگلیـسیش کـە لـەم ڕووداوە ئاگـادار دەبێـت سـەرلەنوێ دەسـت دەکەنـەوە بـە هانـدان ولەشکرکێشی عەشایری دژ بە ئێمە.

لەم کاتەدا لە ماڵی ڕەشید ئەلـسەلتەنەوە هـەواڵیان پێمانـدا کـە بـۆ کوشـتنم بەڵێنی پارەیەکیان بە جـەهانگیری کـوڕی ئەسـەدوللابەگ داوە و پێویـستە زۆرتـر ئاگامـان لـە خۆمـان بێـت، ڕاسـت یـان درۆ لەبـەر دوو هـۆ نـەیتوانی لـەم کـارەدا

سەرکەوێت، یەکەم پیاوەکانی عەشیرەتی قەڵخانی خەڵکێکی بە غیرەت وئازا وکارامەن و حەز لە نامەردی ناکەن. هۆکەی تر ئەوەبوو کە ڕەشید ئەلسەلتەنە لەبەر خزمایەتی نزیکیەوە لەگەڵ ئەسەدوللابەگ وجەهانگیردا ڕۆژ بەڕۆژ ڕاپۆرتی کارەکانی ڕادەگەیاند پێمان و خەبەرمان لە هەموو شتێکیان هەبوو، لەم دواییەدا ئەسەدوللابەگ دژایەتی خۆیی لەگەڵ ڕەشید ئەلسەلتەنەدا ئاشکرا کرد.

هەر لەو ڕۆژانەدا کە لە ئەشکەوتی مەجنونەدا بووم ڕۆژێ سەرگەرمی هەڵخستنی دووربین بووم بەرەو پشتی تەنگەی زەهاو کوێخا دەروێش بۆ ڕاوکردن لەمن جیابووەوە تفەنگێکی تەقاند وکەوێکی ڕاوکرد بەرەو ئەو دووربینم هەڵخست دوو ڕاچیم بینی کە نزیك بوونەوە لێی کوێخا دەروێش کەمێك لایداوە بەرەو لای من گەڕایەوە پرسیم ئەو دووکەسە کێ بوون؟ ووتی یەکێکیان خانی خزمەتکاری جەهانگیرە بە بیستنی ناوی خزمەتکاری جەهانگیر کەوتمە تێفکرینەوە. عەسر حاتەم خان خوشکەزای قەنبەر سوڵتان کە بۆ هاوردنی ئازووقە ڕۆیشتبوو گەڕایەوە و ووتی واباوە کە ئینگلیسەکان سەرگەرمی جوڵانەوەی لەشکرن.

دوای ڕۆژێك لەلایەن ڕەشید ئەلسەلتەنەوە بە کوێخا دەروێش ودەوڵەت یار خەبەریان دابوو کە هانی جەهانگیرخان دراوە بۆ ئەوەی جێگە وشوێنی سەردار موقتەدر بدۆزێتەوە یاوەك دەستی لێبوەشێنێت، بە وردی ئاگادار وهۆشیار بن. دەروێش پێمی گووت چاکترە شوێنەکەت بگۆڕی چونکە پیاوەکەی جەهانگیر کە دوێنێ بینیمان هەواڵی تۆیان دەپرسی. فەرسەخێ دوور تر لەو شوێنە جێگیر بووین. شەو نویجان شۆخە یەکێ لە کوێخا ڕێزدار وموعتەبەرەکانی قەڵخانی یەك بار نان و ماست ودۆ وکەرە وچایی لەگەڵ بەرخێکدا بۆ هێنایین.

ئەیازم جارێکی تر بۆ هەواڵهێنان ناردە ماڵی ڕەشید ئەلسەلتەنە، گەیشتنی ئینگلیز وکەلوری بۆ کرند ولەشکری کوردستانیەکان بۆ میرئاوا ئاشکرابوو. ڕەشید ئەلسەلتەنە کە هەواڵی هاتنی لەشکری لە دوو لاوە بیست لەگەڵ قەنبەر سوڵتاندا دەڕۆنە ماڵی ئەسەدوللابەگ دەبینن کە جەهانگیر سەرگەرمی چەکدار کوکردنەوەیە. ئەسەدوللابەگ نامەیەك کە لەسەردار ڕەشیدەوە بۆی نوسرابوو پیشانی ڕەشید ئەلسەلتەنەی دەدا. ناوەڕۆکی نامەکە ئەوەبوو کە ڕەشید ئەلسەلتەنە بەتەواوی درۆی لەگەڵماندا کردووە وهێشتانە خزمەتی سەردار

موقتەدر دەکات ئێستاکە لەشکری دەوڵەتی بەریتانیا لەگەڵ لەشکری کەلوردا لەولاوە جوڵاونەتەوە وئێمەیش لەم لاوە هاتووینەتە میرئاوا چاوەڕوانین کە هەرچی زووتر بە خەڵکەکانتانەوە بگەنە ئێمە. ئەسەدوللابەگ وجەهانگیر قسەی سووك بە ڕەشید ئەلسەلتەنە وقەنبەر سولْتان دەکەن و پێی دەڵێن کە تۆ دەبیتە هۆی سەرلێشێوانومالْوێرانی سەرجەم عەشیرەتی گۆران، ئەگەر ئێوە بەڵێن بدەن کە سەردار موقتەدر لە دالّەهۆ دەربکرێت بەڵێن دەدەین کە نەیەڵین ئەم لەشکرە لە ڕووباری زەمکان تێپەڕێت و بۆ ئەم ناوچەیە بێت. سەرەنجام وا بڕیاردرا کە قەنبەر سولْتان خزمەتکارێ کە جێی باوەڕی ئەوان بێت لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت کە لەگەڵ مندا بکەوێتە ڕێ وبەچاوی خۆی ببینێ کە دەڤەری گۆرانم بە جێهێڵاوە و ئەم هەواڵە بە ئەسەدوللابەگ وجەهانگیر بگەیەنێت، ئەوکاتە ئەوان سەبارەت بە گەڕانەوەی لەشکرەکە دەست بەکار دەبن. ئەوان هەر ئەو (خانی)یە خزمەتکارەکەی جەهانگیریان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هەڵبژاردبوو. ڕەشید ئەلسەلتەنە وقەنبەر سولْتان بیرورا لەگەڵ یەکتریدا دەگۆڕنەوە کە بەرووکەش چەند ڕۆژێك من لەناوچەی گۆران دوور بخەنەوە تا لەشکرەکە بڵاوەی لێدەکات و سەرلەنوێ بۆ دالّەهۆ بگەڕێمەوە. ئەیاز کە لای ڕەشید ئەلسەلتەنەوە گەڕایەوە نامەیەکی پڕ سۆزی بۆم هێنابوو تێیدا دەڵێ هەندێ خەیاڵ نەکەی من لەبەڵێنەکەم لامدابێت، بەخوا وبە شەرەفی مرۆڤایەتی سوێند دەخۆم من پەیمانەکەم لەگەڵ تۆدا دەپارێزم و دەیبەمە سەر بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو بێ شەرەفیە کە وەلەدبەگیەکان لەگەڵ تۆدا کردیان من دەبێت ژیانی خۆم لەڕێی تۆدا فیدا بکەم تا ئینگلیسەکان لەمێژووی خۆیاندا بنوسن کە ئەم جۆرە پیاوانەیش لە ئێراندا هەن ودەستدەکەون ئەیاز ووتی ڕەشید ئەلسەلتەنە وسەفەر خان هەموو تایفەکەیان لەشوێنێکدا لە دالەهۆ کە بە (تەل قوی) بەناوبانگە کۆکردوەتەوە وئامادەی بەرگرین لە بەرامبەر هێزی ئینگلیسەکان وعەشایرەکانی تردا. بیرم کردەوە وبینیم لەم بەینەدا کەسێکی کە سەری لێدەشێوێت ومالْوێران دەبێت ڕەشید ئەلسەلتەنە وتایفەکەیەتی. بەدوور لە پیاوەتی وجوانمەردیم زانی کە ببمە هۆی مالْوێرانی و سەرلێشێواوی ئەم کەسایەتیە بەشەرەفە وعێلوعەشیرەتەکەی. وەڵامم دانەوە لە حەقیقەتدا تۆ تەنها دەبینم ئەوانی تر یان لەگەڵتدا نین یان هەرچۆنێ بێ پەنایێ

بۆ خۆیان دەدۆزنەوە. بەرژەوەندی خۆم و تۆ لەوەدا دەبینم کە بە یەکجاری وبێ گەڕانەوە لە ئێران دەربچم بزانین خوا چی دەکات چی سەرنوشتێك لە پێشمانەوەیە، تکایە هەرچی زووترە ئەسپێکی سواری چاکم بۆ بنێرە. و لەلایەکی ترەوە سالار زەفەر وسالار موقتەدر ورەشید ئاغا کە دەگەنە ناوچەی کەلور دوای دوو ڕۆژ خۆیان لە ناوچەکەداپیشاندەدەن لەکێوی بازی درازەوە بەرەو کێوی بیشکان دەڕۆن، شەوێك لەوێ دەمێننەوە ودوایی دەچنە چنارانی مورادخانی چەند شەوێك لەماڵی قەنبەر سوڵتانەوە ئازووقەیان بۆ دەڕوات دوای دوو سێ شەو کە ئیتر ئازووقە ناگەیێت سالارو دوو سوارە کە لەگەڵیدا بوون دەنێرێتە ماڵی موحەمەد تەقێ بەگی ئەمیر ئەلعەشایر کە لەپشتی شەمێران سەر سنووری عوسمانیدا بوون. موحەمەد تەقێ بەگ لە وەڵامیدا نامەیەك سەبارەت بە هێز وتوانای عوسمانیەکان بوی دەنووسێ و بۆ ماڵی خۆی بانگهێشتیان دەکات. سالار ڕووداوەکەی پێمڕاگەیاند.

دوای خواحافیزیوماڵئاوایی لە ڕەشید ئەلسەلتەنە وقەڵخانیەکان لەگەڵ سالار موقتەدر وسوارەکانی سەنجاویدا بەرەوماڵی محەمەد تەقێ بەگی ئەمیر ئەلعەشایر ڕۆیشتین. ئەیازم بە وەڵامی نامەکەی ڕەشید ئەلسەلتەنەوە گەڕاندەوە و خۆمیش دووبارە بۆ (قم کاوەنیا) ڕۆیشتم، قەنبەر سوڵتان قاسیدێکی نارد وتکای کردبوو کە لە خاڵێ (بروین) دا ببینم، بەرو ئەو شوێنە دەڕۆیشتین کە تووشی ماڵی کوێخا ئەنویجان شۆخە بەسەر ڕێگاکەمانەوە بووین ئەویش بە میهرەبانی و ڕووخۆشیەوە خزمەتمانی کرد، چایی ئامادە کرد و بەرخێکی سەربڕی، کەبابێکمان خواردوو سواربووین.

لە بەریندا قەنبەر سوڵتان لەلایەن خۆیەوە و هەروا لەلایەن ڕەشید ئەلسەلتەنەوە سووربوو لەسەر ئەوەی کەمن چەند شەوێك زیاتر لە دالەهۆ دوور نەکەومەوە و دوای بڵاوەکردنی لەشکرەکە بگەڕێمەوە. لەم نێوانەدا هەواڵیان هێنا کە دووسەد سواری پیادەی ئینگلیس گەیشتوونەتە تەنگە عەلی کە دەکەوێتە پشتی تەنگەی زەهاوەوە ئەو شوێنە کە ئێمەی تێدا بووین بەردە عەلی دیار بوو دووربینمان هەڵخست و سەربازەکانی ئینگلیسم بینی کە چادریان هەڵداوە، مەعلوم بوو کە ڕێنما وریێ پیشاندەریان شابازخان برا ناپیاوەکەی سەفەروخانە.

هەر ئەو ڕۆژەی گەیشتینە بەروین کە جێی دیاریکراوی بینینی قەنبەر سولّتان بوو مەجید بەگ خزمەتکارەکەی سەردار ناسر لەلایەن سالار زەفەرەوە نامەیەکی بۆم هێنا کە بانگهێشتمی کردبوو بۆ ماڵی موحەمەد تەقیێ بەگی ئەمیر ئەلعەشایر لە پشتی قەڵای شەمێراندا. دوو نامەی مۆرکراوی یەکێ لە قایمقامی هەڵەبجەوە ویەکێ لە تاهیر بەگی کوڕێ عوسمان پاشای جافەوە کە بەرپرسی شارەوانی هەڵەبجەیە هێنابوو، کە لەنامەکەی سالاردا خۆشحاڵییان بۆ ڕۆیشتنمان بۆ هەڵەبجە نیشاندا بوو.

سەعاتێك لە شەو تێپەڕیبوو ئەیاز گەڕایەوە. ڕەشید ئەلسەلتەنە ماینەکەی خۆی بۆخۆم وئەسپی بە زین وبەرگەوە بۆ لاهوتی خان ناردبوو و بە ئەیازدا پەیامی ناردبوو چونکە بڕیاری ڕۆیشتنت داوە لاهوتی خانیش لەگەڵ خۆتدا ببە، چونکە پێشینەی ڕەفتاری لاهوتی خانم دەزانی بۆم ڕوون بووەوە کە ڕەشید ئەلسەلتەنە لێی بێزاربووە و حەزدەکات دووری خاتەوە. نامەیەکم بۆ لاهوتی نوسی پێمگووت لەم ماوەیەدا تۆ وەك برایەك هاوڕێ وپشتیوانم بوویتە، ئێستاکە بەرەو خاکی عوسمانی دەڕۆم حەزدەکەم تۆیش لەگەڵمدا بێیت، بەڵکو بتوانین بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەمان کارێك بکەین.

ئەیاز هەروا نامەیەکی لە ڕەشید ئەلسەلتەنەوە بۆ قەنبەر سولّتان پێبوو کە نوسیبووی هەموو لەشکری کەلور وئۆردووی ئینگلیس گەیشتوونەتە (بیوەنیج) هەندێ لە سەنجاویەکان لەگەڵ فەرمانڕەوای دەست نیشاندەی نوێیاندا هاتوونەتە (دەرویت)، من شەڕ دەکەم ئەگەر تۆ هاوڕیەتیم بکەی هەرچەند خەڵکت لە دەوردایە ولە تواناداپە کۆیکەرەوە وبیگەیەنە لام، قەنبەر سولّتان ووتی موسەلەمە کە دەڕۆمە یاریوکۆمەکی ڕەشید ئەلسەلتەنەوە.

## بەجێهێڵانی نیشتمان

نامەیەك کە گویای بارودۆخی دەروونیم بوو لەو کاتەدا بەمانای قەدردانیو سوپاسگوزاریم لە پیاوەتی ومەردایەتی وکارامەیی ڕەشید ئەلسەلتەنە وبراکانی و خزمانی وعوزرهێنانەوە لەو هەموو زەحمەتومەینەتانە وئەو دەردو تاڵیانەی کە بەهۆی منەوە دووچاریان بووبوو، هەروا غەمگینی وپەژارە ومەلولیم لەبەر

جێهێشتنی نیشتمانو ڕۆیشتن بۆ وڵاتێك كه خۆی دووچاری نههامهتی وسهر لێشێواوی وشیرازه تێكچوون ولهیهك ترازان بووه، و ئاگالێبوون وپاراستنی سهفهر خان كه له گۆراندا تهنها وبێ كهس ماوهتهوه، ومالئاوایی له ههمو دۆستان وئومێدهواری به ئاییندهیهك كه ئازادی ونیشتمان پهروهری گوناه وتاوان نهژمێردرێت، بۆ ڕهشید ئهلسهلتهنهم نووسی و داكۆكیم لهسهر ئهوه كردهوه وڕامسپارد كه شهڕ نهكات و بههەر تهگبیرێ بووه شهڕ له خۆیی دووربخاتهوەو چاوەڕوانی ههواڵ له منهوه بێت. دوایی چهند سوارێكم له قهنبهر سوڵتان داخوازی كرد كه تا ماڵی موحهمهد تهقیێ بهگ لهگهڵمدا بێن. ئهویش موحهمهد حهمهی كه سوارێكی ئازا وجهربهزهبوو لهگهڵ چوار سواری تردا دهست نیشان كرد. لهوێدا لهگهڵ كوێخا دهروێش ودهوڵهت یار وئهیاز خواحافیزیم كرد. ئهم هاوری دڵپاكه و بێ ئالایشه فیداكاره كێونشینانهی منه تا ئهو ڕادهیه غهمگین ومهلول بوون دهستمان كرده گریان منیش بێ ئیختیار لهگهڵیاندا دهستم كرده گریان.

هاوڕێكانم لهم سهفهرهدا بریتی بوون له پێنج سواری قهنبهر سوڵتان ومهجید بهگی خزمهتكاری سهردار ناسر وكوێخا موحهمهد وهلی عهباسوهند وئیسماعیل خانی موجاهیدی تهبرێزی و لاهوتی خان وئاغا مورادی خزمهتكارم كه بهسهر بهنه وبارهوه سواردهبوو، ههروهك زامهكهم بهتهواوی چاك بووهوه بهڵام هێشتانه دهستم لهملمدا مابوو نهمدهتوانی چهك ههڵبگرم. كه گهیشتینه گهردهنهكهی "گرووه"خانی خزمهتكاری ئهسهدوللابهگ وجههانگیر له ئێمه جیابووهوه كه ههواڵی دهرچوونمان له ناوچهی گۆران به ئاغاكانیان كه له ئۆردووی كوردستانیهكاندا بوون ڕاگهیهنێت.

نێوهڕۆ له نزیكهی (پله پهری)دا كه كانییهكی بچووكی تێدا بوو پیادهبووین چاییمان دروست كرد، دوای خواردنی خواردهمهنیهكی سووك كهوتێنهڕێ. یهك سهعات له شهو تێپهڕی لهگوزهرگای (لهق لهق) كه جێگیهكی سهخت ودژوار بوو تێپهڕین. لهگهڵ خۆرههڵاتندا گهیشتینه گوندی "پشتهی" شێخ نهجمهدین. شێخ نهجمهدین ههروهك تهبهعهی دهوڵهتی عوسمانیه بهڵام گوندی پشته وچهند قشلاقێكی تری له خاكی ئێراندا ههبوو كه باوهجانیهكان خستویانهته ژێر تهسهروفیهوه، ولهوێداخانگێكی نایاب وبهرز وباغێكی چاكی دروست كردووه

وهاوسەرەکەی کە کچی خوالێخۆشبوو مستەفا خانی کوڕی حەبیبوللا بەگی باوەجانیە، بەسەر ئەو موڵکانەوەیە ولەوێدا دەژیا. بەڵام شێخ خۆی لەگەڵ دوو هاوسەری تریدا لە بیارە کە لەسەر سنوری هەوارامان وشارەزوور بوو دەژیا.

نزیکەی خۆرئاوا گەیشتینە ماڵی موحەمەد تەقیٚ بەگی ئەمیر ئەلعەشایر لە پشتی قەڵای شەمێراندا، ئەو لەگەڵ سالار زەفەردا بۆ هەڵەبجە ڕۆیشتبوون، هەواڵی گەیشتنم پێیان ڕاگەیاند. دوای ڕۆژێك هەواڵگەیشت وئاشکرابوو کە سالار بەپێی بانگهێشتی (پاریزەر) وقوماندان مستەفا بەگ کە فەرماندەی لەشکری ئەو ناوچەیە بۆ سلێمانی ڕۆیشبوو. موحەمەد تەقیٚ بەگ نووسیبووی کە سبەی دەگەڕێنەوە. قائیمقامی هەڵەبجە وتاهیر بەگی کوڕی عوسمان پاشای جاف کە سەرۆکی شارەوانی ئەو شارەبوو نامەیەکی دۆستانەی سەبارەت بە پیرۆزبایی هاتنمان وخێرهاتنی گەرمی لە نامەکەیدا لێمان کردبوو و ئومێدی یاریوکۆمەکی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە پێماندابوو.

دوای دوو شەو مانەوە لەماڵی موحەمەد تەقیٚ بەگدا سوارەکانی قەنبەر سوڵتان گەڕانەوە، هەر ئەو نامەی تاهیر بەگ وقائیمقامی هەڵەبجەم بەهۆی دوو قاسیدەو بۆ ڕەشید ئەلسەلتەنە نارد، داخوازیم لێکردبوو کە سەبارەت بە چۆنیەتی بارودۆخی ناوچەکە دوای ڕۆیشتنمان هەواڵێکمان بۆ ڕەوانە بکات. دوای چوار شەو قاسیدەکانی گۆران گەڕانەوە وهەواڵیان هێنا کە لەشکری ئینگلیس وکەلور گەیشتوونەتە (بیوەنیج) و ئەسەدوللابەگوجەهانگیر بە هەموو توانایەکیانەوە چوونەتە ڕیزی کوردستانیەکانەوە. قەنبەر سوڵتانیش بۆ یارمەتی ڕەشید ئەلسەلتەنە کات دەباتە سەر. کوێخا دەروێش ودەوڵەت یار وئەیاز کە دەگەڕێنەوە ونامەکەم دەدەنە ڕەشید ئەلسەلتەنە هەروەك جەمعیەتەکەی کەم بوو چەکدارەکانی ئامادە دەکات بەڵام لەبەرگری وشەڕکردن چاودەپۆشیٚ ونامەیەك بۆ کونسوڵی ئینگلیس کۆلۆنێل کنیۆن دەنووسیٚ ئەگەر ئەم لەشکر کێشیە بۆ سەر سەردار موقتەدرە ئێستاکە ئەو لەخاکی عوسمانیدایە و لەپشتی قەڵای شەمێراندایە، وئەگەر بۆ سەرکووتکردن وکوشتن وتالانی منیشە تکام وایە تۆ کە نوێنەری دەوڵەتی بەریتانیا وسەرکردەی ئەم لەشکرەی زەحمەت بفەرموو تەشریف بێرە (کەندەهەر) کە بگەمە خزمەتتوکێشەکەم بۆت ڕوون کەمەوە، ئەو

کاتە هەرچی بە پێویست دەزانیت بیکە. کونسوڵیش تکاکەی قبوڵدەکات ولەو شوێنە ناوبراوەدا یەکتری دەبینن. لەسەرەتادا هەڕەشەی لێدەکات وناسزای پێدەڵێ، ڕووی تێدەکات ودەڵێ تۆ وسەردار موقتەدر کە دوژمنی دەوڵەتی بەریتانیایە بردووتەتە ماڵی خۆت وبوویتە هاوکار وهاودەستی. ڕەشید ئەلسەلتەنە وەڵامدەداتەوە قبوولکردنی سەردار موقتەدر بەو شێوەیە لە ماڵی خۆمدا وەزیفەیەکی عێلاتی ومرۆڤایەتیم بووە، بەڵام من لەگەڵ ئەودا هاودەست نەبوومە وهیچ کارێکیشم دژی ئێوە نەکردووە. کونسوڵ پێشنیازی پێدەکات ئەگەر بمگرێت وبمداتە دەستەوە خزمەتەکەی بێ پاداشت نامێنێتەوە. ڕەشید ئەلسەلتەنە وەڵامدەداتەوە سەردار هەر کە هەستی کرد مانەوەی لەنێو ئێمەدا دەبێتە هۆی سەرلێشێوان وناڕەحەتیمان ماڵەکەمی بە جێهێشت وچەند ڕۆژێك لە کێوەکانی داڵەهۆدا سەرگەردان بوو، لە دواییدا بەرەو سنوری ئێران وعوسمانی ڕۆیشت و ئێستاکە دڵنیام لەخاکی عوسمانیدایە و لەدەست دەرچووە کە بتوانین لەم بارەوە خزمەتی بە تۆ بکەین، بەڵام ئەگەر قسەی من قبوڵ دەفەرمی دەمەوێ خزمەتی گەورەتر بە ئێوە بکەم هەم بۆ کەسایەتی تۆ دەبێتە هۆی ناوچاکی وهەم بۆ دەوڵەتەکەت سوودمەند ومەسڵەحەتە. کونسوڵ دەپرسێ چی خزمەتێ؟ ڕەشید ئەلسەلتەنە دەڵێ سەنجاویەکان هەر گوشار وناڕەحەتی وزیانێك کە پێویستە بیبینن بینییان، بەڵام ڕۆیشتنی سەردار موقتەدر لە ئێران وبوونی لە عوسمانیدا لە بەرژەوەندی ئێوەدا نیە و ڕێی تێدەچێت ناڕەحەتیش دروست بکات، ئەگەر تۆ لە دوژمنایەتییان چاو بپۆشی و دڵنیایان بکەیتەوە بۆئەوەی بگەڕێنەوە سەر شوێن وجێگە وژیانیان سەردار ناسریش بگەڕێنیتەوە ئەوانە بیانەوێ ونەیانەوێ دەبنە دۆستی ئێوە. ئەگەر پێشنیازەکەم قبوڵ بفەمیت ئامادەم ئەم خزمەتە بگرمە ئەستۆ وبڕۆم بۆ خاکی عوسمانی ولەلایەن تۆوە بە سەردار موقتەدر وسالار زەفەر وسالار موقتەدر تامین بدەم وبیانگێڕمەوە بۆ ئێران، وئەگەر لەم بارەوە پێویست بێت باجێك یان غەرامەتێك بدەن دڵنیام ئامادە دەبن بیدەن، و من کە هاوڵاتیەکی بچووکی ئێرانم مسۆگەرکردنی دانی ئەو باج وجەریمەیە دەگرمە ئەستۆ. کونسوڵ ئەم پێشنیارە بە تەواوی ڕەت دەکاتەوە و دوایی دەڵێت سەفەروخانی نیرژی لەگەڵ ئەڵمانەکاندا دۆستە ودووسەد تفەنگی

لێیان وەرگرتووە پێویستە ئەو تفەنگانە بداتـە دەسـتی بەرپرسـەکانمانەوە و ئـەو بنەماڵـە وخانـەوادە نیرژیانـە کـە لەگەڵیـدان بیانـسپێرێتە شـابازخانی بـرای، تـۆو سەفەر خانیش خەرج ومەسروفاتی ئەم لەشکرەی کە خستومانەتە ڕێ وئامادەمان کـردووە بگرنـە ئەسـتۆ. ڕەشـید ئەلـسەلتەنە تێکـڕا ئـەم فەرمانـە بـێ جێیانـە قبوڵدەکات، تەنها تکا دەکات کـە شـوێنی زەوی بنـەوجووتی سـەفەروخان کـە لـە زەهاودایە و شابازخانی برای زەوتی کردووە بۆی بگەڕێنێتەوە کە ببێتە وەسیلەی دابینی موچە وگوزەرانی ژیانی. کونسوڵ ئەم داخوازییە قبوڵدەکات و دەگەڕێتەوە ودوو کەس لەگەڵیدا دەنێرێت کە ئەو وڕەشید ئەلسەلتەنە بەڵێنەکانیان جێبـەجێ بکەن. ڕەشید ئەلسەلتەنە نزیکەی سەد وپـەنجا تفـەنگ لـە تایفـەی سـەفەروخان وەردەگرێت و دەیدا پێیان، جگە لەمە هەزار وپێـنج سـەد سـەر مـەڕ وپێـنج سـەد تومان پول لەلایەن خۆیەوە دەدا پێیان بەم شێوەیە شەڕ لـەخۆی دووردەخاتـەوە وئـــۆردووی بیـــوەنیج بـــۆ کرنـــد دەگەڕێتـــەوە، کـــەلورەکان دەگەڕێنـــەوە وکوردستانیەکان بڵاوەی لێدەکەن.

لە وەڵامەکاندا کە ڕەشید ئەلسەلتەنە وسەفەروخان و قەنبەر سـوڵتان دەیـان دایەوە لەمن چاوەڕوان بوون کە من هەرچی زووتر بە لەشکر وسازو بـەرگی کـافی عوسمانیەوە بۆ ئێران بگەڕێمـەوە و ئـەوانیش ببنـە هاودەسـت ولایـەنگرم، چـەند نامەیەك لەم بارەوە لەنێوان من وئەوانـدا هاتوچـۆی کـرد. موجاهـەدەت وخـەباتی بێوچانمان لە نیشتمانی ئازیزماندا لەیرادا هاتە کۆتایی. لـەم مێـژووەوە فەسـڵێکی نوێ لە ژیانمدا دەسـتی پێکـرد فەسـڵی بەجێهێـشتنوکۆچکردن لـە ئێـران کـە لـەو بڕوادام داستانەکەی بێ مایە وپووچ نەبێت و سوودمەند وبەکەڵك بێت.

# فەسڵی چوارەم

## کۆچ بۆ خاکی عوسمانی

ڕۆژی شانزەهەمی ڕەمەزنی ١٣٣٦/ مانگی تیری ١٢٩٧ یەعنی نزیکەی دوومانگ دوای ڕووداوی دەشتی حر و کوشتن وتالانکردنی سەنجاوی لەگەڵ پێنج کەس لە هاوڕێکانمدا گەیشتمە ماڵی موحەمەد تەقیٚ بەگ ئەمیر ئەلعەشایر کە لە سەرەتای خاکی عوسمانیدا بوو. پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات کە ئەم ڕێگامانە بە بارێکی قورسوغەموپەژارەوە بڕی، غەمو جێهێشتنی نیشتمان، جێهێڵانی ماڵومولکمانوژیانمان، بەجێهێڵانی هاوسەر ومناڵوعێلوعەشیرەتمان و نیگەرانی وناڕەحەتی سەبارەت بە مەقسەدیٚ کە بۆی دەڕۆیشتین، نێگەرانی وناڕەحەتی سەبارەت بە بارودۆخی ئاڵۆز وتێکچووی دەوڵەتی عوسمانیو ئایندەی چی بەسەر دێت بەتایبەت لەو کاتەوە کە لەشکری بێگانە دەسیان کردە کوشتن وبڕینی سەنجاویەکان پێش ڕووداوی دڵتەزێنی دەشتی حر.

بەمانا هەر لەو کاتەو کە تایفەی سەنجاوی لە شوێنە زستانەکانیاندا بوون کە دەکەوێتە سنووری ئێران وعوسمانیەوە ئێمە دەمانتوانی بەپێی گرێبەستێك کە لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانیدا بوومان دەمانتونی بەشی سەرەکی یاوەك هەموو عێلەکە و سوارە هەڵبژێردراوەکانمان بۆ خاکی عوسمانی ببەین. هەتا لە توانادایە هێزی شەڕکەر وسامانمان بپارێزین، یان دەست کەم دوای کوشتن وتالانی (دەشتی حور) لەجیاتی ئەوەدا سەردار ناسر بنێرینە کرماشان بیدەینە دەستەوە وبەدیل بگیرێت یا ئێمە نزیکەی یەك مانگ لەنێو عەشایرە دوژمن ودۆستەکاندا، لەکێو وشاخەکاندا ئاوارە و وێڵان ببین وتووشی ئەو هەموزیان وبەلا قورسانە ببینین، ئەمانتوانی بەرەو عوسمانی کۆچ بکەین وبچێنە ڕیزی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە کە هێشتانە بە نائومێدییەوە لە بەرامبەر ئینگلیسەکاندا بەرگرییان دەکرد. بەلام ئەم کارەمان نەکرد چونکە نە دڵێکی خۆشمان لە ڕەفتار و کرداری عوسمانیەکان سەبارەت بە ئێران هەبوو، نە ئومێدێکمان سەبارەت بە هاوکاری وهاوڕێیەتی و وەفا وبەڵێن وعەهد وپەیمانی ئەوان هەبوو. بەلام ئێستاکە کە

دوژمن لەگـەڵ (سـەگە) ناوخۆییەکانـدا سـورن لەسـەر ڕاوکردنمـان و ئـیتر لـە هـەر لایەکـەوە دەرفـەتی ژیانمـان لـە سـەرزەمینی ئێرانـدا نـەماوە، ناچـارین لـەڕووی ناچـارییەوە بـۆ ئـەوەی بـاری قورسـی تـرس وخەتـەرمان بەسـەر شـانی ڕەشـید ئەلسەلتەنەوە هەڵگرین و ڕزگاربوون لەدەسـت دوژمنـان بـەو ئومێـدە لاوازەوە کـە یارمەتی لە عوسمانیەکان وەربگرین بۆ ڕاوەستان لە بەرامبەر ئینگلیسەکاندا، بـەم مەبەستەوە ئەم ڕێگە نادیارەمان گرتە بەر.

ڕۆژی هەژدەی ڕەمەزان موحەمەد تـەقیٚ بـەگ ئـەمیر ئەلعەشـایر لـە هەڵەبجـە گەڕایـەوە. ئومێـدێکی فراوانـی سـەبارەت بـە هاوکـاری و یارمـەتی عوسمانیـەکان پێدابن. پێش گەیشتنمە ئەویٚ ئەو وسالار زەفـەر لەگـەڵ عوسمـان بـەگ سـەرۆکی عێلی شەرەف بەیانیـدا یـەکترییان بینیبـوو وعەهـد وپـەیمانیان بەسـتبوو، منـیش لەڕێگەی نامەوە بانگهێشتم بۆ هاوکاری وهاوڕێیەتی لێکرد.

لـەنێوان تایفـەی سـونی مەزهەبـەکانی ئـەو سـنوورەدا دوو شـێخی گـەورەی تەریقـەتی نەقـشبەندی هـەن کـە شـێخ حوسـام ئەلـدین وشـێخ نجـم الـدین کـە دەسەڵاتێکی فراونیان هەیە. چەند نامەیەك پڕ سۆزم بۆیان نووسی لە هەردووکیان بەناوی ئیسلامەوە بۆ ڕاوەستان لـە بەرامبـەر دوژمنـانی ئیـسلامدا داخـوازی یـاریو ڕێنماییم کرد.

شێخ حوسام ئەلـدین کـە پێـشینەی دۆسـتایەتی ونەوازشـتی لەگەڵمـدا هـەبوو لەوەڵامـدا ئامـادەیی هاوکـاری وهاوڕێیـەتی خـۆی نوانـد بـوو، و سـەرزاری بـە قاسـیدەکەی ووتبـوو ئەگـەر دەوڵـەتی عوسمـانی هـەرکاتیٚ هـەزار سـەرباز بێرێتـە سـنووری هـەورامان وشـارەزوور مـن هـەموو تایفـەکانی ئـەم سـنوورە دەهێنمـە ڕیزیانەوە. بەڵام شێخ نەجم ئەلدین هەروەك دۆستانە وەڵامـی دابـووەوە بـەڵام لـە دڵدا چی خۆی وچـی شـێخ کـامیلی بـرای بـەهۆی بەشـداری لـە کوشـتنی کاپیتـان شۆڵتسی ئەڵمانیدا لەگەڵ ئینگلیسەکاندا بەتەواوی نزیك بووبوونەوە وکوڕەکەی لە خانەقیندا لە ئینگلیسەکان مووچەی وەردەگرت، ئـەوان بـەردەوام جـافر سـوڵتانی هەورامی وعەشایری جافی موراديان بۆ شۆڕش دژی عوسمانیەکان هان دەدا.

لەم کاتەدا بوونم لەپشت قەڵای شمێراندا موسەلەم بووبوو ئینگلیـسەکان سـیٚ سەد سوارێك لە عەشایری مووچەخۆری خۆیان لەگەڵ چەند سەرباز وئەفسەر ودوو

تۆپ ومەتریلۆزێکدا ناردبووە هۆرین وشێخان. کوڕەکەی وبراکەی شێخ نجم ئەلدین سەید سلێمانی خانەقینی کە خزمەتکار وبەگرێگرتەیەکی دڵگەرمی ئینگلیسەکان بوو لەگەڵیاندا بوون. عەلی بەگی کوڕێ مەحمود پاشا سەرۆکی تایفەی گەورەی جافی مورادی لەلایەین باوکیەوە هاتبووە خانەقین بۆ لای ئینگلیسەکان بۆ وەرگرتنی هەندێ تفەنگ وفیشەك لەم کاتەدا هاتە هۆرین وشێخان وچەند شەوێك لە ئۆردووی ئینگلیسەکاندا مایەوە.

لێپرسراوی ڕامیاریونیزامی ئینگلیسەکان لەنێوان عەشایری جاف و(یەزدان بەخشی) ئەو دەوروبەرەدا کەوتبوونە پڕوپاگەندەیەکی بەرفراوان. چەند کەسێك لە ساداتی بنەماڵەی مەولەوی شاعیری بەناوبانگی کورد کە لە موڵکەکانی مەحمود پاشادا نیشتەجێبوون و هەریەکێ لەوانە لە دێهاتەکانی خۆیاندا نزیکەی سی چل چەکدارێکیان هەبوو بەسەرۆکایەتی سەید مەحمودی مەولەوی چوونە خزمەتیانەوە. لەم کاتەدا کە سالار زەفەر بە دەعوەتی پارێزگاری سلێمانی و موستەفا بەگی قوماندان بۆ سلێمانی ڕۆیشتبوو زیاو ئەلدین بەگی قوماندان بە تابورێك کەم وکورتەوە وچوار مەتریلۆزەوە بۆ بەرەنگاری ئینگلیسەکان گەیشتبووە هەڵەبجە. چونکە ڕاپۆرتی هاتنی ئینگلیسەکانم بۆ هۆرین وشێخان ڕامگەیاندبووە موستەفا بەگی قوماندان نامەیەکی دۆستانەی بۆم نووسیبوو وە پیرۆزبایی هاتنمی تێدا کردبوو و ئومێدی دابوو کە بەم زووانە دوو لەشکری گەورە دەگاتە هەڵەبجە و سالار زەفەریش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. لەم لایشەوە هەر لەو کاتەدا کە من لەماڵی موحەمەد تەقیێ بەگدا بووم سەردار ڕەشید نامەیەکی بۆ موحەمەد بەگی ئەمیر ئەسعەد نوسیبوو ووتبووی بەفەرمانی دەوڵەتی پایەبەرزی ئینگلیس بەهێزێکی گەورە وساز وبەرگی شەڕەوە کەوتوومەتە ڕێ و بەرەو دەشتی (خانە شوور) دێم، بەپێی ڕاپۆرتێك کە گەیشتبووە کونسوڵی ئینگلیس سەردار موقتەدر لەپشتی قەڵای شەمێران لەنێوان عەشایرەکاندا سەرگەرمی هاندان ودنە وتەحریکاتە، بڕیارە لەشکری بەریتانیایش لە خانەقینەوە بۆ ئەو ناوچەیە بڕوات کە بەتەواوی تۆی فەساد وگەندەڵی لەو دەڤەرەدا ڕیشە کەن بکرێت کە پێویستە تۆ لەگەڵ هێزەکەتدا لە خانەشوور بگەیتە ئێمە، ئەگەر لەشکردی دەوڵەتی پایەبەرزی ئینگلیس گەیشتوەتە شێخان حەرەکەتی

لەشکرەکەمانیان پێ ڕابگەیەنە. پێشقراوڵەکان وپاسەوانەکانی موحەمەد تەقیّ بەگ کە لەو دەوروبەرەدا پاسەوانییان دەکرد قاسیدەکەی ئەمیر ئەسعەدیان کە هەڵگری نامەکەی بۆ سەید سولەیمانی خانەقینی بوو، دەستگیر دەکەن وهاوردیانە لامان. لەمەودا کەوتینە خۆمان ولە دەوروبەری خۆماندا چاودێری و پاسەوانیمان بتر تر کرد. بۆ دەستخستنی ئەم جێگایە کە ئێمەی تێدا بووین تەنها دوو ڕێگای هەبوو، ڕێگایەك کە بە (گوورگە مل) بەناوبانگە، دووەمیان ڕێگای (دەروەنیخان) (دەربەندیخان) کە بە بەهێزکردن وبترکردنی پاسەوانەکان ئەو ڕێگانەمان بتەو وموحکەم کرد.

ڕۆژێك پاسەوانەکانمان پلەدارێکی ئینگلیس کە بۆ بینین وسەرکەشی ڕێگاکە هاتبوو دەبینن، پاسەوانەکان خۆیاندەخەنە پشتی دەوەنەکانەوە تا سوارەکان دەگەنە لایان گوولەبارانیان دەکەن، سێ سوار دەکوژرێن وپاشماوەکەیان هەڵدێن. ئێوارە گەڕانەوە ودرێژایی ڕووداوەکەیان گەڕاندەوە. ڕاپۆرتی هاتن وکوشتنی قراوڵەکانی ئینگلیسم بۆ هەڵەبجە نووسی. دوای دوو ڕۆژ لەڕێگای قارەمانی خزمەتکارمەوە کە لەگەڵ سالار زەفەردا کە بۆ سلێمانی ڕۆیشتبوو، نامەیەکی لە سالار زەفەرەوە بۆم هێنا ووتبووی بەرەو هەڵەبجە دێین ومنیشیان بانگهێشت کردبوو کە بڕۆم بۆ هەڵەبجە.

## جێگیربوون لە هەڵە بجەدا

لەگەڵ ئەمیر ئەلعەشایر وسالار موقتەدردا بۆ هەڵەبجە ڕۆیشتین. قائیمقامی هەڵەبجە وزیاء ئەلدین بەگ قووماندانی سنوور وتاهیر بەگی کوڕی عوسمان پاشای جاف تا یەك فەرسەخی شار هاتنە پێشوازیمانەوە. هاتنی ئێمە لەگەڵ هاتنی مستەفا بەگدا ڕێکەوت. نزیکی شارۆچکەکە سالار زەفەر و یاوەر مستەفا بەگیش پێمان گەیشتن. بەگشتی بەڕێز وشکۆوە هاتینە هەڵەبجەوە. عادیلە خانم دایکی تاهیر بەگ کە لە ژنانی ڕەوشت بەرز وپایەبەرزی جافی موردای بوو ماڵەکەی خۆیی بۆ خزمەتکردنمان ئامادە کردبوو. بەڕیزی ئێمەوە ئەو ڕۆژە قائیمقام وهەموو پلەدارانی لەشکریشی دەعوەت کرد. نزیکەی عەسر لە مستەفا بەگ

وقائیمقام دیەنیم کرد. مستەفا بەگ یارمەتی بێ دریغی دەوڵەتەکەی موژدە داپێم بڕیار درا کە سبەی لە ماڵێ ئەودا بەدرێژی دانوستان بکەین.

سالار زەفەر کە لە سلێمانی بوو سەبارەت بە شان وشەوکەت و هێزی عوسمانی داستانێکی زۆری بۆم نوسیبوو بە گەیشتنمە هەڵەبجە لە بارودۆخ وئەوزاعی سەرباز وئەفسەرەکانیان بێ ئومێد بووم. مستەفا بەگ لەجیاتی دوو تابوور سەربازدا کە بەڵێنی دابوو لەگەڵ خۆیدا بیانهێنێ تەنها نزیکەی پەنجا سەربازی سوارەی لەگەڵ دوو مەتریلۆزدا و جەمعێ لە سەرکردە بچووکەکانی عەشایری هەمەوەند (ئەحمەدوەندی چەلەبی) و کەسانی تری لەگەڵدا بوو. بەنهێنی لە سالار زەفەر پرسیارم کرد کە بڕیار وانەبوو. لە وەڵامدا ووتی سەرەتا بڕیار وابوو مستەفا بەگ بە چوار تابوورەوە بگاتە ئەیرا بەتایبەت فەرمانی پێبوو کە مەحمود پاشا سەرۆکی هۆزی جافی مورادی کەدەڵێن لەگەڵ ئینگلیزەکاندا پەیوەندییەکی نزیکی هەیە دەستگیر بکات وبینێرێتە (موسڵ) لە سلێمانیش شێخ مەحمود کە لە دواییدا بە مەلیك مەحمود ناوبانگی دەرکرد و ئەحمەد بەگی کوڕی تۆفیق بەگیش دەست بەسەر بکات ولەژێر چاودێریدا بیاننێرێتە موسڵ. بەهۆی خزمایەتیەکەوە کە لەگەڵ ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگدا هەمبوو من شەفاعەتم بۆ کرد ومستەفا بەگیش ڕاپۆرتی بێ گوناهی وبێ تەقسیری وداخوازی عەفو ولێبوردنی ئەوی نووسی بەڵام وەزعی شێخ مەحمود زۆر سەخت ودژوار تر بوو. سالار ڕوونی کردەوە کە کاتێك ئەم تۆهمەت بارانەیان بۆ موسڵ دەنارد لەشکریش لە جوڵانەوەدا بوو، هەواڵێ کۆچی دوایی سوڵتان مەحمود ڕەشاد گەیشت، جوڵانەوە وحەرەکەتی لەشکرەکە ڕاوەستا، و فەرمان گەیشت کە لەگەڵ سەرکردەکانی جافدا بەنەرمی ڕەفتار بکرێت. منیش ئەم هەلەم قۆزتەوە و بەپێی تکایەك کە مەحمود پاشا سەبارەت بە عەلی بەگی کوڕی لێم کردبوو، شەفاعەتم بۆ کرد وقبوڵکرا. مستەفا بەگ بڕیاری لێبووردنەکەی بۆ قائیمقامی هەڵەبجە نارد وبەمنیش ئیجازەیدا کە خەبەرەکە بۆ مەحمود پاشا یەك ڕاست تەلوگراف بکەم.

سبەی بەپێی بەڵێنی کە دابووم بۆ ماڵی مستەفا بەگ ڕۆیشتم. دوای سڵاو وهەواڵ پرسین ووتی کە لەلایەن دەوڵەتی خۆیەوە بەڵێن دەدەم کە هەموو جۆرە یارمەتییەك بە تۆ بکرێت، و تۆ لەم خاکەدا میوانی ئازیز وڕێزدار دەبیت و ئەگەر

لەشکر لەگەڵ مندا ڕەوانە نەکرا هۆکەی فەوتی سوڵتان بوو کە خەبەرەکەمان یەك هەفتە بەنهێنی هێڵایەوە و ئیمڕۆ بە تەلوگراف خەبەرم پێگەیشتووە کە سوڵتان وەحید ئەلدینی شەشەم بەسەر تەختی سەڵتەنەت وخیلافەتەوە دانیشتووە. ئەم عەسرە لە دائیرەی لەشکریدا مەجلیسێکی ماتەمی فەرمی بەرپا دەکرێت کە تۆیش تکایە لەوەدا بەشداری بکە. دوایی پرسی چی شێوە یارمەتییەك لە دەوڵەتی عوسمانی چاوەڕوان دەکەیت؟ وەڵامم دایەوە، دوای لەبەین چوونی هێزی ڕوسەکان لە ئێراندا بە هۆی شەڕ وشۆڕی ناوخۆیانەوە ئینگلیسەکان لە دەڤەری خۆرئاوادا جێیان گرتنەوە و هەوڵێکی زۆریان دا کە ئێمە بەلای خۆیاندا ڕاکێشن و دژی ئێوە بجوڵێینەوە، بەڵام لەبەر هەستی نیشتمانی وئیسلامی ئامادەی هاوکاری لەگەڵیاندا نەبووین ئەوەبوو بڕیاری نابوودی ولەنێوبردنی ئێمەیاندا، و چەند مانگێك لەمەوپێش سلێمان خانی ئەمیر ئەعزەم سەرۆکی عێلی کەلور بۆ بەغدا ڕۆیی وگەیشتە خزمەتی جەنەڕاڵ سێر پرسی کۆکس، یەك ئۆردووی تەواوی عەشایەری لەگەڵ عەشایەری کەلور وگۆراندا ولەگەڵ پێنج فرۆکەدا بەکارهێنا وکوشتن وبڕین وتاڵانیەکی فەجیعیان لە سەنجاوییەکان کرد، و سەردار ناسری سەرۆکمانیان بەدیل گرت وڕەوانەی بەغدایان کرد، هەنووکە خۆم لەگەڵ براکانمدا پەنامان بۆ دەوڵەتی پایەبەرزی عوسمانی هێناوە وچاوەڕوانین بەو شێوەیەی جەنەڕاڵ کۆکس فەرماندەی لەشکری ئینگلیس لەگەڵ سلێمان خانی ئەمیر ئەعزەم کەلوردا ڕەفتاریان کردووە بەرپرسانی دەوڵەتی ئیسلامیش یارمەتی ئێمە بدەن، بەڵێن دەدەم ئەگەر هێز ویارمەتی تەواو وکافیمان پێبدرێت هەموو عەشایری سنووری ئێران وعوسمانی دژی دوژمنەکانتان بکەمە یەك و شەڕکەین لەگەڵ ئینگلیزەکان ولایەنگیرەکانیاندا. ئینجا ئەو نامانەی کە سەرکردەکانی گۆران وجوانڕۆ وجاف بۆمیان ناردبوو پێم نیشاندا و تایەر بەگ ناوەڕۆکی نامەکانی بۆی هەڵگەڕاندەوە کە هەموویان ئامادەی ڕاپەڕین وچاوەڕوانی گەڕانەوەمن. ووتی لەکوێوە دەست پێبکەین؟ ووتم شێخ حوسام ئەلدین وشێخ نەجم ئەلدین بانگهێشت بکە و داخوازییان لێبکە توانا ودەسەڵاتی خۆیان لەنێو عەشایری ئێران وعوسمانیدا بەکاربێنن. مستەفا بەگ بەپەلە ناردی بەشوێن هەردووکیاندا، منیش

چەند نامەیەکم بۆیان نووسی و لەڕێگای حاجی موطاع خزمەتکاری موحەمەد تەقیێ بەگەوە بۆیانم نارد.

ڕۆژی بیست وپێنجەمی ڕەمەزان کە هەردوو شێخەکە هاتن دوای دانوستانێکی زۆر بەڵێنی هاوکارییان دا. شێخ حوسام ئەلدین لەڕووی ئایینداری وئیخلاسەوە بەڵێنی دا کە هەموو سەرکردەکانی هەورامان وجوانڕۆ دژی ئینگلیسەکان بجولێنێتەوە. بەڵام شێخ نجم ئەلدین هەروەك بەڕووکەش بەڵێنی هاوڕێیەتی وهاوکاری ویارمەتیدا، بەڵام لەژێرەوە ئەو ڕاستی ویەك ڕەنگیەی شێخ حوسام ئەلدینی نەبوو. دوای دوو شەو هەردوو شێخەکە گەڕانەوە و بەڵێنیاندا کە دوای مانگی پیرۆزی ڕەمەزان بۆ هەڵەبجە بگەڕێنەوە.

دوای ڕۆژێك مستەفا بەگ هاتەماڵمان ووتی ئەو پێشنیازەت کە هەیە بەیانی بیکە وبیخەڕەڕوو تا بیگەیەنینە عەرزی کاربەدەستانی عوسمانی، منیش پێنج تابوور سەرباز و دە تۆپی کێوی، بیست مەتریلۆز ودوو فڕۆکەم داخوازی کرد، هەروەهاش ووتم بۆ دڵخۆشکردن وڕاکێشانی عەشایر پێویستە چەند ئەفسەرێکی ئەڵمانی بە مقداریێ تفەنگ، و فیشەك، و ساز وبەرگ ومەبلەغێ پارەو پولەوە لەگەڵ لەشکرەکەدا بن، جگە لەمانە ئەم لەشکرە لە خاکی ئێراندا لە ئاستی ڕامیارییەوە و شێوەی ڕەفتاریان پێویستە پەیڕەوی بیروبۆچوونی من بن، کە لەنێوان خەڵکی نیشتمانپەروەری ئێراندا ناڕەزایی وبێزاری وکینە دروست نەکەن. پێشنیازەکانی منی بەتەواوی یاداشت کرد ولەگەڵ ئەو زانیاریوبیرۆکانەدا کە خۆی بەدەستی هێنابوو بۆ خەلیل پاشای تەلوگراف کرد. خەلیل پاشا ڕازی بوونی خۆیی دەربڕی بوو ولە تەلوگرافەکەدا نووسیبووی کە لە سەردار موقتەدر لەلایەن منەوە پیرۆزبایی بکەن ولە مەرحەمەت ونەوازشتی دەوڵەتی عوسمانی دڵنیای بکەن هەرچۆنی داخوازی کردووە یارمەتی دەدرێت.

لەم چەند ڕۆژەدا کە ئێمە لە هەڵەبجە بووین خەبەرمان پێگەیشت کە دوو فڕۆکەی شەڕیی ئینگلیس کە لە دەوروبەری پشتی قەڵای شەمێراندا هەڵفڕیوون و لەجیاتی ماڵی موحەمەد تەقیێ بەگی ئەمیر ئەلعەشایر چەند بۆمبایەکی فڕێداوەتە گوندی سەید مەحمودی مەولەوی کە دۆستیان بوو دوو ژن ویەك پیاو وسێ منداڵی وهەندێ مانگا وگا وچوارپێی کوشتبوو.

## ژلێژاوی وشێواوی بارودۆخی عوسمانی

به دانیشتنی سوڵتانی نویٚ بارودۆخی عوسمانیەکان گۆڕا ـ هەتا فەرماندەکانی جەبهەکانیش جێگاکانیان گۆڕانکاری بەسەردا هات. خەلیل پاشا کە فەرماندەی (میزوپوتومیادا) و حەلەب بوو کراوە بەرپرسی جەبهەی قەوقاس وعەلی ئیحسان پاشا لە جێگەکەیدا دانرا و لەقەفقاسەوە گەیشتە ئەستەمبولٚ هەتا کەم وکورتی لەشکری میزوپوتومیادا تەگبیر بکات و نەیهێڵێت. ئەو لە ئەستەمبولەوە فەرماندەیی خۆی بە لێپرسراونی هەموجەبهەکان ڕاگەیاند، فەرماندەی لەشکری کەرکوکی گۆڕی ولەجێی ئەودا عاشر بەگی کە بەرپرسی ئەرکانی شەڕی خەلیل پاشابوو کردە فەرماندەی فیرقەکە. لەلایەن عاشر بەگیشەوە تەلوگرافێك گەیشتە دەستی مستەفا بەگ کە پێویستە بگەڕێیتەوە بۆ سلێمانی وبەهێزەکەیەوە بەرەو ئاڵتۆن کۆپری بڕوات.

لەڕاستیدا بارودۆخی عوسمانیەکان ئایندەیەکی ڕەش و پەرێشان و نائومێدی دەخستە دڵەوە. لەلایەکەوە ئینگلیسەکان وهاوپەیمانەکانیان لە دەڤەری فەلەستیندا بەخێرایی دەڕۆیشتنە پێشەوە، لەلایەکی ترەوە بەهۆی ناڕەزایی کوردەکان وهاوکارییان لەگەڵ ئینگلیسەکاندا کەرکوك لە مەترسی ڕووخاندا بوو، لەگەڵ ئەمەیشدا ئاژاوە وشێواوی ئیمپراتۆری قەیسەر و هەیەجانوسۆزو شۆری خەڵکی قەفقاس وتورکستان خەونی پان تورکەکانی لەبیری ئەواندا بزواندبوو و لەشکرێکیان بۆ قەفقاس ناردبوو و هێزێکیان هاوردبووە ئازربیجان وکوردستانی ئێرانەوە و تا سنووری گەرۆس وبیجار ڕۆیشتبوونە پێشەوە. ئەمانە لەم لەشکرکێشیە بیٚ سود و هودەیە دوو شتیان دەویست، یەکەم بەڵکو بتوانن بەشێك لە هێزەکانی ئینگلیز لە ئێراندا سەرگەرم بکەن، و لەفشاریان بەسەر جەبهەکانی (میزوپوتومیادا) وفورات وفەلەستینەوە کەم کەنەوە. دووەمیان ئەوەبوو کە بە هۆی بەهانەی هاوزمانی ئازربیجانەوە وبەناوی هاو مەزهەبی کوردستانی ئێرانەوە بیان هێننە ژێر ڕکێف ودەسەڵاتی خۆیانەوە. بەم مەبەستەبوو کە مەجد ئەلسەلتەنەی ئورومەییان بۆ ئازربیجان نارد. یەکێتی تورکیان کردە دروشمیان. لەبەرامبەر ئەم مەقسەدە شومانەدا پیاوە نیشتمانپەروەر وئازادیخوازەکانی ئازربیجان وەك خیابانی و میرزا ئیسماعیلی نەوبەری دەستمان دایە دژایەتی

ونەیاری، کونسوڵی ئەڵمانیش لە تەبرێزدا بە نیشتمانپەروەران ومیللیەکانی ئێرانی هاوڕێیەتی وهاوبیری نیشاندەدا، تا ئەوەی خەلیل پاشا خۆی بۆ تەوریز ڕۆیشت، خیابانی ونەوبەری وچەند کەسێك لە سەرۆکەکانی پارتی دیمکراتیان دەستگیرکرد وناردیانە قەفقاس لە کوردستانیشدا چەند شێخێکیان بۆ سنە ومەهاباد وچەند شوێنێکی تر ڕەوانە کرد تا بە شان وشەوکەتی خیلافەتی ئیسلامیدا هەڵبدەن وپڕوپاگەندەی بۆ بکەن ودەمارگیری دژ بە عەجەمەکان بڵاو بکەنەوە، هەروەك کوردەکانیش بتر لە عەرەبەکان سەبارەت بە عوسمانیەکان بێزارییان نیشاندەدا.

هەر کە گەیشتمە هەڵەبجە و نیەتی خراوی عوسمانیەکانم سەبارەت بە ئێران زانی لە هاتنم بۆ ئەم وڵاتە نائومێد وپەشیمان بوومەوە. هەروەك لەلایەن عاشر بەگەوە بە مستەفا بەگ فەرمانەدرابوو کە ئێمە لە هاوکاری ویارمەتی دەوڵەتی عوسمانی دڵنیا و دڵگەرم وئومێدەوار بکات. بەڵام هەر ئەم بیرۆکەیە ڕۆژ بە ڕۆژ لە بیرمدا بەهێزتر دەبوو کە پێویستە هەر لە هەڵەبجەوە ولەڕێی کوردستانەوە بۆ ئێران بگەڕێمەوە و هەرچۆنێ بووە خۆم بگەیەنمە تاران. لەم کاتەدا لە کرماشانەوە هەواڵم پێگەیشت کە کونسوڵی کرماشان بڕیاریداوە بە لەشکرێکەوە بەرەو سنە بڕوات. دوای چەند حەفتەیەك مەحمود بەگی شا بەندەری سنە نامەیەکی بۆ قائیمقامی هەڵەبجە نارد، تێیدا هاتبوو: کە کۆلۆنێل کنیۆن کونسوڵی کرماشان بە شەش سەد سوار و لەشکرێکەوە لەگەڵ چەند تۆپ ومەتریلۆزدا بەڕێگەوەن بەرەو سنە دەڕۆن. هەر کە ئینگلیسەکان نزیك دەبنەوە شابەندەری ناوبراو سنە بەجێدەهێڵێ و پەنا دەهێنێتە ماڵی حوسەین بەگ یەکێ لە سەرکردەکانی هەورامانی تەخت. دوای سێ ڕۆژ هەواڵگەیشت کە ئینگلیسەکان پتر لە یەك شەو لە سنەدا نەماونەتەوە وبەرەو سەقز ڕۆیشتوونە. ئەم هەواڵە بووە مایەی سەرسوڕمان کە ئەوانە چۆن ئەم جەسارەتەیان بەخۆیان داوە و ئەم جوڵانەوەیە بکەن لەکاتێکدا هێزەکانی عوسمانی تا سنووری بیجار ڕۆیشتوونەتە پێشەوە و ئەو دەڤەرانە لەژێر دەسەڵاتیاندایە.

بە پێی فەرمان وداکۆکی عاشر بەگ فەرماندەی فیرقەی کەرکوك مستەفا بەگ فەرماندەی هێزەکانی هەڵەبجە کەوتنەڕێ، پێش جوڵانەوەیان هاتە دیدەنیم، ووتی کە ئیمڕۆ عەسر پێویستە بۆ سلێمانی بڕۆیت، پەنجا لیرەیان حەواڵە کردووە بۆ

جل وبەرگی سوارەکانتان پێشکەشتانی بکەین یەك حەفتە ناخایەنێ داوات دەکەن بەتایبەت فەرماندراوە پێم کە پێت ڕاگەیەنم کە لەم مێژووەوە تۆ میوانی دەوڵەتی عوسمانیت، بە زیاء ئەلدین بەگ قوماندانی سەر سنوور فەرماندراوە کە شام و نەهاری خۆت وسوارەکانت وئالیکی وڵاخەکانتان دابین بکات. تکام لێکرد هەر یارمەتی وکۆمەکێ بە ئێمە دەکرێت با لەیرادا بکرێت وئێمە لە ڕۆیشتن بۆ سلێمانی وجێگایەکی تر مەعزورین. مستەفا بەگ ووتی بەڵێنت دەدەمێ کە دەوڵەت هەموو جۆرە یارمەتییەك بە تۆ دەکات، بەڵام سەبارەت بە شێوەی ئەو یارمەتیە پێویستە قوماندانی لەشکرەکە بڕیاری لەسەر بدات. ئەو ڕۆیشت پەنجا لیرەکەم دا بە سالار زەفەر کە لەنێوان سوارەکاندا دابەشی بکات و ئەو یارمەتیە لە شوێنی خۆیدا بوو، چونکە لەم ماوەیەی دوو سێ مانگەی ئاوارەیی لەکێوەکاندا زۆربەی سوارەکان جل وبەرگیان شڕ بووبوو. دوایی بەسالار زەفەرم ووت من بارودۆخ وئەوزاعی عوسمانی بە چاك نایەتە بەرچاوم، ئەوانە نە دەتوانن ونە دەیانەوێ یارمەتی ئێمە بدەن و بێنە هانامانەوە، نیەتیشیان سەبارەت بە ئێران خراوە، بە بۆچوونی من چاکترە کە هەر لەیراوە لە هێڵی کوردستان وبیجار وخەمسەوە خۆمان بگەیەنینە تاران. دیاربوو لەگەڵ بۆچوونەکەمدا نەبوو، ووتی باشە لەم بارەوە لەگەڵ ئەمیر ئەلعەشایر وچەند کەسێکی هۆشیاری سوارەکانمان بیروڕا دەگۆڕینەوە. منیش ئەمیر ئەلعەشایر وسالار موقتەدر ولاهوتی خان وچەند سوارێکی ترم بانگهێشت کرد. دانیشتین وبەبیروڕا گۆڕینەوە سەرگەرم بووین. گفتوگۆکەمم لەگەڵ مستەفا بەگدا سەبارەت بە ڕۆیشتنم بۆ سلێمانی و کەرکوك بۆیان گێڕایەوە و بیروباوەڕی خۆمم بەم شێوەیە بۆیان خستە ڕوو، و ووتم: ئەگەر ئێمە ئەیرا جێبهێڵین وبڕۆینە نێو قوڵایی خاکی عوسمانیەوە ئیتر ئەوان ئەهمیەت وگرنگی وقورساییەك بۆمان دانانێن و دوور نیە کە یارمەتی وموچەی سەربازیش ببڕن، ئەو کاتە ناچار دەبین دەست بۆ ئەڵمانەکان ڕابکێشین و لەوان داوای یارمەتی بکەین، بۆم ڕوون بوەتەوە سیاسەتی ئەڵمانیەکان و عوسمانیەکان سەبارەت بە ئێران دوو شتی جیاوازە، ڕێی تێدەچێ کە ئەڵمانەکان ڕوومان بدەنێ و خۆی ئەمە دەبێتە هەڵقوڵان وهاتنە جۆشی نیەت خراوی و دژایەتی عوسمانیەکان، جگە لەمانە دوور نیە پێشنیازمان پێبکەن بڕۆین بۆ تەورێز ولەگەڵ

سیاسەتی ئەواندا سەبارەت بە ئازربیجان هاوکاری بکەین، هیچ ڕسواییەك لەوە پترتر نیە دوای ئەم هەموو گیان بەختکردن وکوشتن وبڕین وتالانی و دیلی و دەربەدەریە لەرێی نیشتماندا وەك جیرە خوار وکرێگرتەو ودەست نیشاندەی بێگانەکان بناسرێین، و شەرافەتی ئێرانیەتمان لەکەدار بکەین، لەبەر ئەمە لەو بڕوادام کە پاشماوەی سوارەکانمان هەر لەیرادا مەرەخەس بکەین وخۆمان بەچەند سوارێکەوە لە رێی کوردستانەوە بەرەو تاران بڕۆین. هەموویان بەگشتی دژی بیروباوەڕ وبۆچوونەکەم ڕاوەستان بەتایبەت لاهوتی خان کە لە هەمووان زیاتر سوور بوو لەوەی کە لە خاکی عوسمانیدا بمێنینەوە، ئەو لەو دانوستانەی چەند ڕۆژ لەمەوپێشی ئێمەدا سەبارەت بە دامەزراندنی هێزی بەرگری لە ڕۆژئاوای ئێراندا و هاتنی ئەفسەرانی ئەڵمانی بە پارە وپول وچەکەوە ئەم ئومێدەی بۆ خۆی دەرەخساند کە لەو دامەزراوانەدا ببێتە خاوەنی نازناو وپلە و پایەی دیاریکراو. چونکە لە هەوڵ وتەقەلاکەم بۆ ڕازیکردنیان ئەنجامێکم دەستگیر نەبوو، هەروەك لام ڕوون بوو کە ئەم ڕێگایەی پێیدا دەڕۆین ڕووبە تورکستانە نەك بۆ کەعبەی موراد وخواستو ویستمان، هەرچۆنێ بێ نەزەر وبیرو باوەڕ وبۆچوونی زۆربەم قبوڵکرد و ئامادەبووم بۆ سلێمانی بڕۆم. چونکە یەك دوو ڕۆژ پێش ئەم دانوستانە قارەمانی خزمەتکارم لەگەڵ دوو سواری تردا بە هۆی نائومێدی وسەختی بارودۆخی ژیانیانەوە هەڵهاتبوون پێیانم گووت ئەوە بزانن کە قارەمان لە هەموومان تێکڕا هۆشیارتر وعاقڵتربوو کە زووتر هەڵهات وخۆی ڕزگار کرد.

لەو ڕۆژەوە هاتبووینە هەڵەبجە بە شەست سوارێکەوە کە لام مابوونەوە لە ماڵێ عادیلە خانمدا میوان بووین، چی خۆی وچی تاهیر بەگی کوڕی وهەموو خزمان وکەس وکار وخزمەتکارەکانیان بەوپەڕی میهرەبانی وڕووخۆشی وڕەوشت چاکی وئەدەبەوە لەگەڵماندا ڕەفتاریان دەکرد. بۆ ڕێزلێنانمان هەمیشە جەمعێ لە بەگزادەکانی جافی مورادی و مەحمود پاشا خۆی ئامادە دەبوون، هەموو ڕۆژێك بۆخواردنی نیمەڕۆ (نەهار) بیست جۆر خواردنیان ئامادە دەکرد و بۆ خواردنی ئێوارەیش بیست جۆر خواردنی جۆراوجۆریان کە زۆر چاك دروست کرابوون دەیانهێنا. چونکە عادیلە خانم لە خزمانی وەکیل ئەلمولکی سنەییە شێوەی سفرە وخوانی لە سفرەو خوانی گەورە ماڵانی ئێرانی دەچێت، و پەیوەندییەکی لەگەڵ

عوسمانیەکاندا نیە. بەو نیازەوە کە لەمە زیاتر نەبمە مایەی زیان و زەحمەتی ئەم کەڵە ژنـە ڕێـزدار ودەسـت گوشـادە، پێـشنیاری مـستەفا بـەگم سـەبارەت بـەوەی لەمەودوا میوانی دەوڵەتی عوسمانین وموچە و ئالیکی وڵاخەکانمان دابین دەکـەن بە خۆشحاڵیەوە قبوڵکرد. چونکە تایەر بەگ پلەی سەرۆکی شـارەوانی هەڵەبجـەی هەبوو، تکام لێکرد کەماڵێکمان بـۆ بدۆزێتـەوە. دایکـی پـەیامی نـارد کـە سـوێند بەخوای گەورە تا لـە هەڵەبجـەدا بـێ دەبێـت میـوانی منبیـت، ئەگـەر سـاڵێك یـان زیاتریش بمێنیتەوە. سەرەنجام بەهۆی سووربوونمان ڕازیبوو کە من وسالار زەفەر وسالار موقتەدر وئـەمیر ئەلعەشـایەر ولاهـوتی خـان و ئیـسماعیل خـانی موجاهیـد لەگەڵ دوو سێ کەس پێش خزمەتـدا لـەماڵی ئـەوان بمێنینـەوە وبـاقی سـوارەکان ماڵێکی سەربەخۆیان بۆ بگرین.

مـاوەی مانوەمـان لـەماڵی عوسمـان پاشـادا سـەرجەم هـەژدە ڕۆژی خایانـد، خزمەتەکەیان ڕۆژ بەڕۆژ پترتر دەبوو. لەحەقیقەتدا هەرچی سەبارەت بە گەورەیی وکارامەیی وشایستەیی ومیوان نەوازی ئـەم شـێرە ژنـە بنووسـم کـەمم نوسـیووە، عوسمان پاشای هاوسەریشی لە ژیانیدا لە پیاوە گەورە وناودارەکانی ئەم بنەماڵـە نەجیبە بووە، بەڵام تاهیر بەگی کوڕی هەروەك شەهامەت وئـازایی عێلایـەتی تێـدا بەدینەدەکرا، بەڵام پیاو چاکێکی خۆنەویستی ڕاستگۆ ومیهرەبـان وڕوخـۆش بـوو، شـاعیرێکی بـەتوانا ونـازك خـوو کـە لـە ئـەدەبیاتی فارسـیدا بەهرەیـەکی زۆری بەدەسـت هێنـابوو، عاشـقی حـافز وسـەعدی بـوو و زۆربـەی غەزەلـەکانی حـافزی تەسمیت کردبوو، شعرە کوردیەکانی لە نازکی وزرافەت وووردە کارییاندا کەم وێنە وبەناوبانگە، لەهەندێ شعرەکانی غەزەلێکم لەیاد ماوە، بۆنموونە دەینوسم.

موقەدەر گەر نەبێ ئاخر بە میهری مەرخانم چی
بە ناڵە ناڵی نصفی شەو بە ئاهی بەربەیانم چی
نیشانی ئیفتیخاری من لە سینەم داغی هیجرانە
برۆو ئەی ناسحی موشفو بە روتبە یا نیشانم چی
غەرەز وابوو مقابل کەم لەگەڵ گل ڕەنگی ڕوخسارت
و گەر نەبێ قەدی سەروت بە سەیری گلستانم چی
ئەمن میحرابی ئەبرۆی تۆ مەقام وسوجدەگاهم بێ

دە تروك زاهیدی خود بین مەوعیدی جنانم چی

شەوم وەك ڕۆژ ڕوناكە لە شەوقی ڕومەتی ئالْت

بلْی بە یەك بارە ئاون بیْ، بە مانگی ئاسمانم چی

بەمن قسمەت نادریْ تەفسیری سری گلمەتت

گەرانە بۆمن طاهرا بە تەفسیر وبەیانم چی

شەش ڕۆژ دوای ڕۆیشتنی قوماندان مستەفا بەگ تـەلوگرافیْ لـە ئـەوەوە گەیـشت دەلْیـت فەرمانـدەی فیرقــە فــەرمانی حەرەكـەتی تـۆی بــە زیـاء ئەلـدین بــەگ فەرماندەی سنوور ڕاگەیاندووە سالار زەفـەرم بـە تەلوگرافەكـەوە نـاردە لای زیـاء ئەلدین بەگ مەعلوم بـوو جگـە لـە ئێمـە بڕیـار دراوە ئـەویش بـە تابوورەكەیـەوە بەرەو سلێمانی بڕوات.

كەم كەم دەبیسترا كە ئینگلیسەكان وفرەنساوییەكان لـە جەبهـەی فەلەسـتین وشـامدا پێـشكەوتوونە و عوسمانییـەكان سـەرگەرمی كۆكردنـەوەی هێـزە پـەرت وبلاوەكەیانن. هەوالْی ڕۆیشتنمان وتابورەكەی ضیاء بەگ لە هەلْەبجـە، وهـەوالْی پێشەوەچوونی ئینگلیسەكان و شكستی عوسمانیـەكان غوبـارێكی غـەم ومـەلولی وپــەژارە ڕوخـساری تـاهیر بـەگ و كـەس وكارەكـەی پۆشـاند، بـە پێـچەوانەوە مەحمود پاشـا خۆشـحالْی وچـالاكیەكی زۆری نیـشاندەدا، چـەندین سـالْ بـوو كـە عوسمانیەكان ئەویان بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەلْ ئینگلیسەكاندا لە سـەرۆكایەتی عێلی جافی موورادی بەلاوە نابوو، بەپێچەوانەوە تاهیر بـەگ لـەماوەی شـەڕی نێـو دەولْەتیدا بەوپەڕی ئیخلاس وڕاستیەوە خزمەتی دەولْەتی عوسمانی كردبوو، پێش ئەوەی هەلْەبجە بەجێبهێلْین مەحمود پاشـا داخـوازی بینینێكـی نهێنـی لـێم كـرد، نزیكەی عەسر بۆ مالْیان ڕۆیشتم كە لەمالْیْ حامید بەگدابوو. بەتەنها پێمـی گـووت عەلی ئەكبەر خان حەیفە تۆ هەستی وتەمەنی خۆت بە با دەدەی ولـەم عوسمانیـە سپلْە وبیْ سیفەتانە پەیڕەوی وپـشتیوانی دەكـەی، ئەمانـە پـتر لـە ئینگلیـسەكان دوژمنـــی ئێـــران وئێرانیـــەكانن. دوایـــی ئاشـــكرای كـــرد كـــە پەیوەنـــدی لەگـــەلْ ئینگلیـــسەكاندا چـــاكە، ووتـــی ئەگـــەر مـــن بـــەلْێنی پـــیْ بـــدەم كـــە دەســـت لـــە عوسمانیەكان هەلْگرم دەتـوانیْ كێشەكەم لەگـەلْ ئینگلیـسەكاندا چـاك كاتـەوە و

وەسیلەی بەرەلاکردنی سەردار ناسر برەخسێنێت وەلامم دایەوە، لەپێش هەموو شتێکدا من ئێرانیەکم دلێکی خۆشیشم سەبارەت بە عوسمانیەکان نیە، ئەگەر ئەم کۆچەم کردووە لە ڕووی ناچارییەوە بووە، ئەگەر ئینگلیسەکان سەردار ناسر ئازاد بکەن و تامین ودلنیاییەك برەخسێنن کە بتوانین بڕۆینەوە سەر خاك وئاومان وجێی باوباپیرانمان و بە ئاسوودەیی بژین، هەتا یەك ڕۆژیش لە خاکی عوسمانیدا نامێنمەوە، بەلام ئێستاکە کە بێ تامین ودلنیایی گەڕانەوەمان بۆ ئێران لەگەڵ عەقڵدا ناگونجێت. ئەو بەلێنیدا کە هەم سەردار ناسر بەرەلا بکات وهەم تامین نامەم بۆ بەدەست بهێنێت. دوای ئەم باسە تکای کرد ئەگەر چوومە سلێمانی وکەرکوك ئەگەر لە توانامدا هەبوو بڕیاری قائیمقامی هەڵەبجەی بۆ وەرگرمەوە. دوایی دەستی کردە زەمی کردەوەکانی تاهیر بەگی برازای، ووتی ئەگەر ئەوان نەبوایەن وبەرەنگاری کارەکانمیان نەکردبایە ئیمڕۆکە یەك کەسی عوسمانی لەم دەڤەرەدا بەچاو نەدەبینرا من بەلێنی دۆستی وهاوڕێیەتیم پێدا، بەلام بەهۆی نمەك کردنم لە مالی تاهیر بەگدا وئەو خزمەتە بێ گەردەی بنەمالەی عوسمان پاشا کە لێیان کردم لەدلەوە لە قسە ناخۆشەکانی مەحمود پاشا سەبارەت بە ئەوان یەکجار دلگران وناڕەحەت بووم. کە گەڕامەوە مالّ بە تاهیر بەگم ڕاگەیاند ئاگای لە خۆی بێت.

تا توانیمان پەیوەندیمان لەگەڵ خەلکی عەبابەیلێدا کە نزیکەی هەزار وپێنج سەد مالێك دەبوون وپێنج سەد تفەنگێکیان هەبوو، چاك کردەوە، بە ئەمیر ئەلعەشایریشم ڕاسپارد لە خزمەت وهاوڕێیەتی وهاوکاری لەگەڵ تاهیر بەگ وکەس وکاریدا درێغی نەکات.

دوای وەرگرتنی ئازووقەی سوارەکان وئالیکی دوو شەوی ولاخەکان لەگەڵ خاوەن مالە میوان نەوازەکەمدا خواحافیز ومالئاواییم کرد. مانگی شەوال بوو کە بەرەو سلێمانی ڕۆیشتم.

## جێنشینی لە سلێمانی

بەهۆی گەرمای هاوینەوە نزیکەی عەسر لە هەڵەبجە کەوتینەر ڕێ، یەك سەعات لە شەو تێ پەڕیبوو گەیشتینە گوندێکی مەحمود پاشای جاف کە دوو فەرسەخ لە هەڵەبجەوە دوور بوو. چایی وخواردنی ئێوارەمان خوارد کاتێ سوار

بووین زانیمان که له هاوڕێکانمان کوێخا ئەعزەم برزا ودوو سواری تر هەڵهاتوون. سالار زەفەر بە پێنج سوارەوە کەوتە شوێنیان بۆ چاوەڕێکردنی سالار تا خۆرهەڵهاتن لە دەشتەکەدا مانەوە، لەبەر گەرما پەنامان بردە یەکێ لە گووندکەکانی شارەزوور، عەسر سالار بێئەوەی بگاتە هەڵهاتووەکان گەڕایەوە. شەو کەوتینەڕێ ئیسماعیل خانی موجاهیدمان لەپێش خۆمانەوە بۆ کرێگرتن وئامادەکردنی ماڵێك بۆ سلێمانی نارد سبەی زوو لەگەڵ هەتاو هەڵهاتندا گەیشتینە دەروازەی شار، ئیسماعیل خان چاوەڕوانمانی دەکرد و بردینیە ماڵی ڕەشید ئەفەندی کە بۆ نیشتەجێبوونمان تەرخانکرابوو. ماڵەکەی خانگێکی پاك وخاوێن وڕێك وپێك بوو، بەڵام لە مزگەوتی خوا پاکتربوو، خانگێکی ڕووت وقووت وو چونکە هیچی تێدا نەبوو ئێمەیش نە فەرشێك و نە شتومەك ولێفە ودۆشەکێکمان پێ نەبوو، ناوماڵەکەمان بریتی بوو لە یەك دەست لێفەودۆشەك کە لە ماڵی ڕەشید ئەفەندییەوە هاوردبوویان و لە شتومەکی ناوماڵە تەنها قۆریەك وکتریەك چوار پیاڵە وژێر پیاڵەکیان هەبوو. لە یەکێ لە هۆدە بێ فەرش وڕووتەکاندا لە زەویەکەدا ڕاکشاین.

قووماندان هاتە دیەنیمان چونکە فەرش وشتی لە ماڵەکەدا نەبینی بەپەلە سەربازێکی ناردە شوێنی عیزەت بەگی کوڕێ عوسمان پاشای برای تاهیر بەگدا کە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بوو، چەند پارچەیەك فەرش و چەند لێفە ودۆشەك و لەگەڵ کەمێ پێویستیو شتومەکی ناو ماڵەدا هێنایان، هۆدەیەك بۆ ئاغاکان و هۆدەیەك بۆ سوارەکانیان کەم وزۆر فەرشکرد.

پارێزەری سلێمانی پەیامی ناردبوو کە ئاغاکان ئێستاکە هیلاك وخەستەن عەسر دێمە دیەنییان. دوای ڕۆیشتنی قووماندانی شار کاتی خواردنی نیوەڕۆ سێ دەوری خۆراك بۆ ئێمە وبۆ هەریەك لە سوارەکان نانێکی سەربازی ولەگەڵ ئاو وگۆشتدا هێنایان . نزیکەی عەسر پارێزەر لەگەڵ دکتۆر (ملکیە) و کەسێکی تر کە حاجی ئەحمەد بازرگانی سلێمانی بوو هاتنە دیەنیمان. ئەم حاجی ئەحمەدە پیاوێکی قسەزانوچالاکوزیرەك بوو، لە حەقیقەتدا کاروباری پارێزەرەکانی دەبردە ڕێگاوە، لەکاتی وەرگێڕانی قسەکان لەنێو من وپارێزەردا چونکە هەستی کرد کە ئەو ڕێزێکی زۆر وتایبەت بۆ من دادەنێت بە کوردی پێمی گووت چاکترە سەبارەت

به ئازادی شێخ مەحمود قسەبکەم، منیش گووتم لەکاتی خۆیدا دەیکەم. لەنێوان گفتوگۆکەماندا هەستم کرد بەناوی منەوە سەبارەت بە ئازادی شێخ مەحمود قسەدەکات، ئیسماعیل خانی موجاهیدی تەبریزی چونکە تورکی دەزانی مەوزوعەکەی تێمگەیاند. منیش پێم گووت لەلایەن منەوە بە پارێزەر بڵێ لەم ماوەدا ئەوەی تێگەیشتوومە لەم سنوورەدا خەڵك و عەشایەری کورد لە دەستبەسەرکردنی شێخ مەحمود ناڕەحەت وناڕازین، چاکترە کە تۆ بەرپرسێکی دەوڵەتیت بۆ دڵدانەوەی ئەم خەڵکە سەبارەت بە ئازادی شێخ دەست بەکاربیت وهەوڵ وکۆشش بکەیت. بە حاجی ئەحمەدیشم گووت تکایە بەناوی منەوە ئیتر لە خۆتەوە قسە مەکە.

دوای گەڕانەوەی پارێزەر خاوەن پلە وپایە لەشکرییەکان هاتنە دیەنیمان. سبەی منیش لەگەڵ سالار زەفەر وسالار موقتەدر ولاهوتی خاندا ڕۆیشتینە دیەنییان، کاتی بینینی پارێزەر کە لە ساختمان وکۆشکێکی فەرمی حکومەتدا بوو تکای لێم کرد کە بۆ خواردنی ئێوارە "شام" بۆ ماڵە تایبەتیەکەی بڕۆم و لەوێ دانوستان بکەین. دوای خواردنی خواردەمەنی ئێوارە نزیکەی نیو سەعات لەلایەن دەوڵەتی خۆیەوە هیوا وئومێدی یارمەتی وکۆمەکی پێداین، لەنێو قسەکانیدا ووتی دەوڵەتەکەم حەز دەکات بۆ هەموو عێلی سەنجاوی جێ و هەوارگە و بارودۆخی گوزەران وئاسایشیان فەراهەم بکات، فەرمانم پێدراوە پێت ڕاگەیەنم کە عێلەکەت بانگهێشت بکەی کۆچ بکەن وبێنە ئەم دیوی سنوورەوە. لەم پێشنیارە بێ عەقڵانەی ئەم بەرپرسی ڕامیارییە ماتو سەرسام بووم کە ئەم قسە لەقو نەگونجاوە هی خۆیەتی یاخود بەهانەیەکە دەوڵەتەکەی بۆ سەرگەرمکردنی ئێمە بەکاری دێنێ هەروا بۆ کات بردنە سەر وسەرلێشێوانمانە. لە وەڵامدا ووتم: کێشەی جێگا وهەوارگەمان نیە، جگە لە خۆمان کە نزیکەی چل پارچە موڵکی مەوروسیشمان هەیە سەنجاوییەکانی تر خاوەنی بتر لە سەد گوندی زەوی کێڵراون و بەکشتوکاڵەوە سەرگەرمن. وادیارە جەنابتان نازانن بەڵام بەرپرسانی لەشکری وڕامیاری دەوڵەتەکەت کە لەئێراندا بوون دەزانن کە لەم ساڵانەدا ئەم فیداکاری وجیهادی ئێمەیە یەکەم بۆ خۆشەویستی ئێران بووە، و دووەم بۆ دەمارگیری ئیسلامیەت بووە. بەو پەیوەندییە بەهێزەوە کە لەگەڵ ئاو وخاکی خۆمانەوە

هەمانە کەسێك ئامادەنیە نیشتمانەکەی جێبهێڵێت. ووتی ئەگەر وابێ دەوڵەتی عوسمانی چۆن دڵنیابێ کە هاوکاری وهاورێیەتی ودۆستایەتی دەکەی؟ سەیرم کرد ئەم پیاوە یەکجار بێ مێشکە، گەمژەیە، جگە لە قسەی لەق کردن وادیارە نیەتو بۆچوونو بڕیاری نهێنی دەوڵەتەکەی، کە ڕێی تێدەچێت لەلایەن والی موسڵەوە پێی ڕاگەیەندرابێ، بەئاشکرا دەیخاتە ڕوو، پێم گووت پێشنیاری خۆمم بەهۆی مستەفا بەگەوە بە بەرپرسانی دەوڵەتەکەتم ڕاگەیاندووە، و دوای دانوستان لەگەڵ ناوبراودا بەپێی تەلوگرافێ کە بۆ خۆم نێردراوە بەڵێنی هاوکاریم پێدراوە، ئێستاکە ئەگەر توانای هاوکاری و یارمەتی لەنێواندا نیە چاکترە مۆڵەتمان بدەنێ هەر لەم شوێنەوە بۆ ئێران بگەڕێینەوە. بەڵێنیدا کە دانوستانی پێویست لەم بارەوە بکات و وەڵامی یەکسەرەم پێڕاگەیەنێت. لە گەڕانەوەماندا بە سالار زەفەرم گووت تێبینی ئەوەت کرد کە چاوەڕوانی ئێمە لەیرادا بێ ئەنجام وبێ سوودە؟ ووتی چاکترە چاوەڕوان بین تاوەڵامی پارێزەرمان پێدەگات.

هەر لەو ڕۆژانەدا بوو کە مەحمود بەگی شابەندەری عوسمانی دانیشتووی سنە کە بەهۆی نزیکبوونەوەی لەشکری ئینگلیس هەڵهاتبوو، چووبووە نێوان هەورامیەکانی تەخت لەڕێی پێنجوێنەوە گەیشتە سلێمانی،. هەواڵ گەیشت کە ئینگلیزەکان تا سەقز وبانە هاتوونەتە پێشەوە. بەجۆرێك کە دەیانگێڕایەوە شابەندەر بە لێپرسراوانی لەخۆی گەورەتری پێشنیارکردبوو بۆ ڕاوەستانی پێشڕەوی ئینگلیسەکان تابوورە عەسکەرەکەی زیاء ئەلدین بەگ لەگەڵ مندا بۆ سنە بنێردرێت، ووتبووی بە هاتنەوەی سەردار موقتەدر هەموو عەشایەری ئەم سنوورە دژی ئینگلیسەکان ڕادەپەڕن، هەروەك کۆلۆنێل کنیۆن هێزە سەرەکیەکەی لەگەڵدا نەبوو و لەلایەکی ترەوە هێزی عوسمانی لەنێو ئێراندا تا سنووری بیجار ڕۆیشتبووە پێشەوە لەگەڵ ئەمەیشدا خەبەری گەیشتنی ئینگلیزەکان بۆ سەقز وبانە بەو ڕادەیە ژلێژاندبوویانی لە حەقیقەتدا ئەگەر کونسوڵی ئینگلیس تا پێنجوێن بهاتایە ئەوان سلێمانیشیان چۆڵ دەکرد.

چەند ڕۆژێ تێپەڕی ڕأفەت بەگ قووماندانی گشتی هێزەکانی سلێمانی لەجێی مستەفا بەگدا گەیشتە سلێمانی، یەك تابور سەربازی لەگەڵدا بوو میرباشی بوو بەڵام وەك والییەك دەسەڵات ونفوز ورێزی هەبوو، بە نەزم وئازایی وکارزانی

بەناوبانگ بوو، تابوورەکەی ڕێك وپێکترین وپۆشتەترین تابوورەکانی لەشکری عوسمانیەکان دەژمێردرا. ئۆردووەکەی لە شوێنێکی خاوێندا نزیك بە کانییەك بەرپاکردبوو، نەخۆشخانەیەکی چاکی لەگەڵدا بوو، جل وبەرگەکەی سادە و خواردەمەنیەکەی هەر لەو خواردەمەنیەی سەربازەکانی بوو، پڕکار وچالا ك و خۆشەویستی سەرباز وئەفسەرەکانی بوو، بۆ دیەنی ڕۆیشتم زۆر ڕێزی لێگرتم. سەبارەت بە هاتنی ئینگلیسەکان ووتی مومکین نیە بتوانن لە بانە وسەقزدا بمێننەوە و دوای چەند ڕۆژێك دەگەڕێنەوە. بەلاّم لەو مەجلیسەدا هەندێ لە خاوەن پلە وپایەکان وخەڵکی شاری سلێمانی کە ئامادەبوون، نیگەرانی وناڕەحەتیان نیشاندەدا، تا هەواڵ گەیشت کە ئینگلیسەکان سەقز وبانەیان چۆڵکردووە.

هەر لەو ڕۆژانەدا قاسیدەکەمان خەیر عەلی لە کرماشان گەڕایەوە، ووتی ئەو ڕۆژەی ئەو لەشار دەرچووە کونسوڵی ئینگلیس بە هێزەکەیەوە کە بۆ (سنە) ڕۆیشتبوو گەیشتوەتە کرماشان. ئەم هەواڵانە بەشێوەیەکی کاتی بووە هۆی ئارامی وئاسایشی خەڵك ولێپرسراوانی سلێمانی.

## جێگیربوون لە کەرکوکدا

ماوەی مانەوەمان لە سلێمانی دوانزە ڕۆژ بوو، ڕۆژی دەهەم سەرلەنوێ دیەنیم لە پارێزەر کرد وسەیرمکرد سەبارەت بەو قسانەی کە لە دانیشتنەکەی پێشوودا ووتبووی پەشیمانە وتکای کرد کە ئەو قسانە لە ڕوانگەی دۆستایەتیەوە سەیر بکەم، وەك دانوستانێکی تایبەتی و نافەرمی بزانم، و سەبارەت بەو قسانە لەگەڵ کەسدا باسی نەکەم.

عاشربەگ فەرماندەی گشتی هێزی کەرکوك تەلوگرافێکی بۆ قووماندانی گشتی کردبوو فەرمانێکی دابوو کە ئێمە بەڕێزەوە بەرەو کەرکوك ببەن، مووچەی خۆمان وئالیکی دوو ڕۆژی ولاّخەکانی سوارەکانمان لەگەڵ دوو سەد وپەنجا مەجیدی پێشکەشمانی کرد هەر ئەو شەوە کە بڕیاربوو بۆ سبەی بۆ کەرکوك بڕۆین چەند کەس لە سوارەکانمان لە ناڕەحەتیدا هەڵهاتن. سولەیمانی خزمەتکارم تفەنگەکەی دایەوە وپیادە بەرەو ئێران گەڕایەوە.

لە هێڵی ڕێگاکەماندا بەرەو کەرکوك پێویست بوو کە لەنێوان تایفەکانی ئەحمەدوەند (هەمەوەند) (حەمەوەندی چەلەبی) تێپەڕین. ئەم تایفەیە لەو دەورروزەمانەدا کە ئێمە بەرپرسی پاراستنی سنووری قەسری شیرین بووین زۆربە دەست درێژییان دەکردە سەر سنووری ئێران، زۆرجار لەنێوان ئێمە وئەواندا دەرگیری و لەیەکدان ڕوویدەدا وچەند کەسێك لە ناودارەکان وبەگزادەکانیان کوژرابوون، بەتایبەت لە شەڕێکدا کە لەگەڵ خۆمدا لە دەورەی حوکمڕانی ئیقبال ئەلدەولە و عەلائەلدەولەدا ڕوویدا حەوت کەس لە سەرکردەکانیان کوژریان. چونکە ڕێگای تێپەڕین هەر ئەو ڕێگایەبوو بە بەرژەوەندیمان زانی بەپێی دا ب ونەریتی عێلایەتی وەك میوان بڕۆینە ماڵەکانیان، و دەمانزانی لەلایەن پارێزگار وفەرماندەی هێزی کەرکوکەوە فەرمانیان بە لێپرسراوانی نێو ڕێگاکە دابوو کە ئاگاداریمان بکەن.

شەو کەوتینەڕێ دوای ڕۆژێ لەگەڵ خۆرهەڵاتندا نزیکی بازیان وچەمچەماڵ بووینەوە و ڕۆیشتینە ماڵێ کەریم بەگی کوڕی فەتاح بەگی هەمەوەند کە لە حەقیقەتدا سەرۆکی هەموو هەمەوەندییەکان دەژمێردرا، نزیك بووینەوە، بە بینینی سوارەکانمان بەپەلە کەریم بەگ خۆی لەگەڵ چەند کەسێکدا کە لەگەڵیدا بوو لەبەرزاییەکی پشت ماڵەکەیەوە سەنگەری گرت و ژنومناڵەکەی لەماڵ هێنایە دەرەوە، زانیمان ئەم ترسانە بە بۆنەی ئێمەوە نیە، بەڵکو لەبەر کینە ودوژمنایەتییە کە عێلاتی کورد سەبارەت بە تورکەکان هەیانە.

سوارێکمان بەتاو نارد کە کەریم بەگ خۆی بە ئێمە بناسێنێت، لەلای جۆگەی ئاوێکدا پیادەبووین وسەرو ڕوومان شۆرد. بەخۆمان پێدەکەنین دەمانگووت ئایا عەشیرەت وعێلێك هەیە کە لەگەڵ ئێمەدا دوژمن نەبێت؟ هەر کە سوارەکەمان نزیکی کەریم بەگ بووەوە وپەیامەکەی پێگەیاند لە سەنگەرەکەی هاتە خوارەوە، ژن ومناڵەکەی گەڕاندەوە، خۆی هاتە پێشەوە و بە میهرەبانی و ڕووخۆشییەوە بردینیە ماڵەوە وخزمەتێکی باشمانی کرد. دوایی لەڕێی خێرخوازییەوە ووتی بە بەرژەوەندی نازانم بڕۆنە کەرکوك، عوسمانیەکان تا ئەو کاتەی پێویستیان هەیە دۆست و میهرەبانن، بەڵام هەر کە پێویستیەکەیان نەما هەمووان فەرامۆش دەکەن و لەبیری دەبەنەوە، دڵنیابن کە خەیرێ لەوانەوە دەستگیرتان نابێت. قسەکانیم

سەلماند و ووتم ناچارین و دەبێت لەم ڕێگادا بەردەوام بین. شەو و ڕۆژێك گلی داینەوە دوایی کەوتینە ڕێ وپێش نیوەڕۆ گەیشینە چەمچەماڵ. قائیمقامی ئەوێ لەگەڵ مەحمود ئاغای ئەحمەدوەند وکوڕەکەی فەقێ قادر هاتنە پێشوازیمانەوە و ئێمەیان لەجێگای ئەفسەرەکانی تورکدا جێکردەوە، کە شوێنێکی خاوێن بوو. خواردنی نیوەڕۆیان هێنا خواردمان و بۆ خواردنی ئێوارە قائیمقام بۆ ماڵێ خۆی دەعوەتمانی کرد، دوای شام خواردن گەڕاینەوە ماڵەکەمان. مەحمود ئاغای ئەحمەد وەند کە بە (مەحمود خدر) بەناوبانگە کە پلەی تابور ئاغاسی لە لەشگری عوسمانیدا هەبوو بۆ دیەنیمان هات. بێ ئەوەی خۆی یان یەکێکی تر لە تایفەکانی هەمەوەند لە لایەنگیری ئینگلیسەکان بن لەڕووی دەمارگیری عێلایەتی وکوردایەتییەوە ئامۆژگاریمانی کرد کە دەوڵەتی عووسمانی جێ پەنای لێقەوماوان نیە، ئێمە ئەمانە دەناسین دڵنیابە لەجێی چاکەدا خراوەتان لەگەڵدا دەکەن. بەڵام کاری ئێمە لەم قسانە تێپەڕیبوو، پێش خۆرهەلاتن چەمچەماڵمان بەجێهێشت، لاهوتی خان لەگەڵ ئەو هەموو هاندانەدا لە هەڵەبجە وسەرپێچی لە بیروباوەڕ وبۆچوونی من و سووربوون لەگەڵ عوسمانیدامانەوە، لەم دوو شوێنەدا کەقسەکانی سەرکردەکانی عەشایری ئەحمەدوەندی بیست بیروباوەڕی گۆڕی، هەر ئەو شەو کە بڕیاربوو لە چەمچەماڵ بڕوین لە "سیکە" سەیفوڵا خزمەتکارەکەی سالار زەفەر کە گاڵتەچی بوو لێی ناڕەحەت بوو، و ئەوەی کردە بەهانە و بە تۆرانەوە لە ئێمە جیابووەوە، تا خۆرهەلاتن هەرچی گەڕاین ئاسەوارێکمان لێ پەیدا نەکرد، بەناچاری ڕێگەمان گرتەوە بەر. نزیکی کەرکوك لەلای کانیەکدا پیادەبووین وئەم جارەیش ئیسماعیل خانی موجاهیدمان بۆ ئامادەکردنی ماڵی بۆ شار ڕەوانە کرد شەومان هەر لەو وشوێنەدا بردە سەر وسبەی گەیشتینە دەروازەی کەرکوك ماڵەکەمان لە قوتابخانەی پیشەسازیدا بوو و ماڵی سوارەکان لەسێ خانودا لەنێو شاردا دەست نیشانکرابوو جێگاکانمان کەمێ دووری ماڵەکانی سوارەکانمان نەبێت خراوییەکی ئەوتۆی نەبوو. یەك سەعاتی مابوو بۆ ئێوارە سەیرمان کرد سەروکەلەی لاهوتی خان لەگەڵ دوو سواری هەمەوەندا پەیدابوون. لەگەڵ یەکێ لە هاوڕێکانیدا هاتە سەرەوە نامەیەکی دا بە دەستمەوە، نامەکە لە مەحمود خدرەوە بوو کە سەبارەت بە لاهوتی بوو کە

شـەفاعەتی لێکردبـوو. مـەعلوم بـوو کـە هـەر ئـەو شـەوە لەئێمـە جیابوەتـەوە ڕۆیـشتوەتە مـاڵی موشـیر ئاغـای کـوری مـەحمود سـلێمانی هەمەوەنـد و لـەوێوە ڕۆیشتوەتە ماڵی مەحمود خدر کە شەوێك لەمەوپێش لای ئێمە دژی عوسمانیەکان دەدوا، بەو بڕوایەوە کە ئەو لایەنگری ئینگلیسەکانە، لـە مـەحمود خـدر داخـوازی دەکات کە پیاوێکی شارەزای تا ئۆردووی ئینگلیسەکان لەگەڵدا بنێرێـت. مـەحمود خدر پێی دەڵێت مەگەر لە سەردار موقتەدر چی خـراوە و سـوکییەکت بینیـوە کـە دەتـەوێ لێـی جیابیتـەوە وبڕۆیتـە لای ئینگلیـسەکان، ئاشـکرایە پیـاوێکی خـراو وبەدتەشەی، هەروەك لە ماڵی منەوە تا ئۆردووی ئینگلیسەکان بتر لەپێنج سەعات دوورتر نیە، ئەم کـارە ناکـەم، و ئەگـەر لـە ماڵەکەمـدا نەبوایـەی لـەژێر چـاودێریدا ئەمـدایت بـە دەسـتی عوسمانیەکانـەوە، بـەڵام ئـەمجارەیش ناچـاریت بڕۆیتـەوە خزمەتی سەردار موقتەدر، بتـەوێ یـان نەتـەوێ. لەگـەڵ دوو سـواردا ناردبوویـەوە ونامەیەکی دۆستانەی بۆ شەفاعەتی نوسیبوو . نامەکەم خوێنـدەوە و پـێم گـووت شیتێتیەکەی تۆ نوێ نیە. بە زەبوونییەوە تکای کرد کە نامەکەی مەحمود خـدری بدەمێ ووتم دەزانم دەترسی نیشانی عوسمانیـەکانی بـدەم، دڵنیابـە ئـەو کـردەوە لەمن ناوەشێتەوە.

عەسری هەر ئەو ڕۆژە عاشـر بـەگ فەرمانـدەی هێـز، خـەیری بـەگ بەرپرسـی ئەرکانی شەڕ لەگەڵ پزیشکێکی فیرقەدا بـۆ دیـەنیمان هـاتن. دوای ڕۆژێـك لەگـەڵ سالار زەفەر وسـالار موقتـەدر ولاهـوتی خانـدا بـۆ دیداری عاشـر بـەگ ڕۆیـشتین. دوایدانوستانێك سـەبارەت بـە کوشـتن وتـالانی سـەنجاوی دیلیـی سـەردار ناسـر، پرسی ئێستاچی جۆور کۆمەك ویارمەتیەکت دەوێ؟ من سەرلەنوێ پێـشنیازەکانی خـۆمم دووپـات کـردەوە. ووتـی بـێ فـەرمانی فەرمانـدە پایـە بـەرزەکان نـاتوانم لەخۆمەوە بەڵێنێکی دیاریکراوتان بدەمێ، بەڵام چونکە فەرماندەی ئـەم جەبهەیـە عەلی ئیحسان پاشایە تۆیش بەچاکی دەناسێ، منیش کە عاشر بەگم لـە پێـشینەی موجاهەدەت وخەباتی تۆ ئاگادارم دڵنیام کە هەموو جۆرە یارمەتی و کۆمـەکێ بـە تـۆ دەکـات، ئێـستاکە پێویـستە چـاوەڕوان بـین تـا عـەلی ئیحـسان پاشـا لـە ئەستەمبوڵەوە دێتەوە ودەگاتە جێگـای فەرمانـدەیی خـۆی. دوایـی سـەبارەت بـە

ژمارەی ساز وچەکو بەرگی ئینگلیسەکان لە ئێراندا پرسیاری کرد، منیش ئەوەی دەمزانی بۆم گەڕاندەوە.

عاشر بەگ ئەفسەرێکی ئازا ودلێر وفەرماندەیێکی لایق وکارامە ورەوشت بەرز ولە بنەچەکی چەرکەسیەکان بوو نزیکەی یەك ساڵ سەرۆکایەتی ئەرکانی شەڕی خەلیل پاشای لە ئەستۆدا بووە، دوو مانگ لەمەو پێش فەرماندەی فیرقە وهێزی کەرکوك بە ئەستۆی عەلی بەگەوە بوو، ئینگلیسەکان لە ناکاو هێرشیان هێنایە سەر کەرکوك، ئەم هێرشە بووە هۆی غافلگیر بوونیان وبە تۆمەتی کەمتەرخەمییەوە عەلی بەگیان لە فەرماندەیی فیرقەی کەرکوك بەلاوەنا، و عاشر بەگیان خستە شوێنەکەی. ئەو فیرقەی کە لەژێر فەرمانی ئەودا بوو بریتی بوو لە هەشت هەزار سەرباز کە سێ هەزار سەربازی لە جەبهەی تاوغ وخورماتوودا بوون ونزیکەی چوار هەزاریان لە دەوروبەری کەرکوکدا بوون. هەموو ڕۆژێك بەیانی، نیوەڕۆ وعەسر لەلایەن مامۆستایان وئەفسەرانی ئەڵمانییەوە بە مەشقکردن سەرگەرم بوون، نەخۆشەکان وزامدارەکان لە سێ بیمارستانی ئامادەکراودا تیمار دەکران، نزیکەی هەزار کەس بەرپرسی وەسایل وئەبزاری هاتوچۆ وساز وبەرگ بوون کە هەموو ڕۆژێك ئازووقەیان دەهێنایە نێو شارەوە، ئەم فیرقە هەشتا مەتریلۆز وشانزە تۆپ وپێنج فرۆکە وتەلوگراف وبێتەلی هەبوو بەرێك وپێکییەوە کارەکانیان هەڵدەسوڕاند ودەگەیاندە ئەنجام. عاشر بەگ هەموو ڕۆژێك بەیانی یان عەسر سەرکێشی لە ئۆردووگاکە دەکرد و بارودۆخەکەی چاودێری دەکرد ولەگەڵ ئەفسەر وسەربازەکاندا خواردنی دەخوارد وگفتوگۆی لەگەڵیاندا دەکرد و هەمووان خۆشیان دەویست.

ڕێزدارانی کەرکوك ولێپرسراوانی دەوڵەتیش هاتنە دیەنیمان شێخ مەحمود کە دەست بەسەر بوو نامەیەکی بۆ عاشر بەگی نووسیبوو، داوای بینینمی لێکردبوو، مۆڵەتیان دا ولەژێر چاودێری شەش سەربازی چەکداردا هاتە ماڵمان. ئەو یەك سەعاتەی کە لەگەڵ یەکدا بووین سەربازەکان لە هۆدەکەی سەربازەکاندا بوون. شێخ سەبارەت بە ستەمی تورکەکان و مەزلومیەتی میللەتی کورد قسەی کرد بێئەوەی وشەیەك سەبارەت بە دۆستی ئینگلیسەکان باس بکات.

دوایی عوسمانیەکان ئەفسەرە ئەڵمانیەکان وپزیشکەکان بۆ دیـەنیمان هـاتن، سالار زەفـەر دوو ڕۆژێك بـوو نـەخۆش بـوو دیـاربوو سـەرمای بـوو بـوو، پزیـشکە ئەڵمانیەکە کـە تەوقـەی لەگەڵیـدا کـرد پێـی گـووت تـۆ تایـەکی زۆرت هەیـە ئایـا موعالەجەت کردووە؟ سالار ووتی شتێکی گرنگ نیە وابزانم ئاڵەمەتمە. پزیـشکەکە ووتــی خــەیر، ئەمــە ئاڵەمــەتی ســادە نیــە، ئەمــە نەخۆشــیەکی ســرایەتدارە کــە ئەنفلۆنزای ناوە، لە ئاسیاوە وەدەرکـەوتووە وبـە هـەموو ئـەوروپادا بڵاوبوەتـەوە وگەیشتۆتە ئەیراش، فەرمانی دەرمان وپـارێز وئیـسراحەتی پێـدا. لـە مـاوەی دوو ڕۆژدا هەر پەنجاودوو کەسەکەمان تەنها لاهوتی خان نەبێت، تووشی ئەو نەخۆشیە بووین. قوتابخانەی پیشەسازی جێگاکەمان سەرداوێکی لەژێر زەویدا هەبوو بیست کـەسمان لـەو ژێـر زەوییـەدا خـەوتین وپاشمـاوەی سـوارەکان لـە ژێـر چـاودێری پزیشکیدا لەماڵەکـەی خۆیانـدا مانـەوە. پزیـشکەکانی عوسمـانی بـە میهرەبـانی و نەوازشـتەوە هــەموو ڕۆژێـك دووجـار بـۆ تیمـار وبیـنین وسەرکێـشیمان دەهـاتن، چاودێری چاکیان لەیاد ناچێتەوە.

لەو کاتەوە گەیشتینەتە کەرکوك بەرپرسانی ئەڵمانی بەرپرسی تەلوگراف (بـێ تەل) ڕاپۆرتی هاتنمانی بە کونسوڵی ئەڵمانە دانیشتووی موسـڵ ڕاگەیانـدبوو، لـەم کاتەدا کاروبـار وکێـشەی ئێـران لـە وەزارەتـی دەرەوەی ئـەڵمان لـەژێر چـاودێری مسیۆ نادولنی باڵیۆزی پێشووی ئەڵمان لە ئێراندا بوو، کە بەچاکی ئێمەی دەناسی وسەبارەت بە ململانێ وخەباتمان دژ بـە ڕووسـەکان بەتـەواوی ئاگـادار بـوو. ڕۆژێ هێـشتانە کــە لــەژێر زەویەکــەی قوتابخانــەی پیــشەسازیدا خــەوتبووم دەنگــی ئۆتۆمبێلێکم لە بەرامبەر ماڵەکەماندا بیست خەبەریان هێنا کە یەك نەفەر ئـەڵمانی دەیەوێ تۆ ببینێ، لاوێك بوو لە تەمەنی سی و حەوت هەشـت سـاڵەدا، بەمویـەکی ڕەشەوە وبالایەکی بەرزەوە هاتە سەرداوەکەوە، بیست کەس بە نەخۆشی لەگـەڵ یەك یاریدەی پزیشکدا بینی زۆر ناڕەحەت بـوو، بێئـەوەی پارێزبکـات لەگـەڵ مـن وسالار زەفەر وسـالار موقتـەدردا تەوقـەی کـرد و خـۆیی بـەناوی زیلـەر کونـسوڵی ئەڵمان لە موسڵ ناساند و ووتی ماوەیەك لە ئێران بوومە ودوایی کەوتوومەتە دیلی ئینگلیسەکان ولە دەستمان هـەڵهاتم ولـەنێوان عەشـایەری ئێرانـدا بـەجل وبـەرگی گۆڕاوەوە گەیشتمە قەسری شیرین. دوایی زەرفێکـی دەرهێنـا دای بەدەسـتمەوە،

ووتــی تەلوگرافێکــە کــە لەلایــەن دەوڵــەتی ئەڵمانــەوە پــێم گەیــشتووە و فــەرمانم پێدراوە کە بێمە کەرکوك وپیرۆزبایی هاتنتان لێ بکەم وبەپێی ئەم تەلوگرافە لە تۆ بانگهێشت کراوە لەگەڵ سەرکردەکانی سەنجاوی چەند خزمەتکارێکدا بـۆ بـەرلین بڕۆن وببیتە میوانی دەوڵەتی ئەڵمان. لەوەڵامی قسەکانیدا سوپاسـم کـرد، و ووتم بەداخەوە کە هەنووکە لەبەر دوو هۆ ناتوانم ئەم دەعوەتە نەقبوڵ بکەم و نـەڕەتی بکەمەوە. زیلەر سەبارەت بە هۆکەی پرسی، ووتم دەزانی کە چـی زیانێـك تووشـی تایفـەی سـەنجاوی بـووە؟ ئێمـە ئومێـد وچـاوەڕوانین هـەر لـەو شـوێنەدا لەلایـەن دەوڵــەتی ئــەڵمان وعوسمانیــەوە یارمــەتی بــدرێین تــا بتــوانین تۆڵــەی خۆمــان بکەینــەوە. هۆکــەی تــر ئەوەیــە ئێمــە ئێــستاکە لــەنێوان عوسمانیەکانــداین وەکـو دەزانیت هەر ئێرانیەك لەگـەڵ ئێـوەدا دۆسـت بـێ دەکەوێتـە بـەر تانـە وتەشـەر و دوژمنایــەتییان، ڕووداوەکــەی ســلێمان مــیرزام وەك نموونــە گەڕانــدەوە. وەڵامــی دایەوە لەپێشدا وەهـا بـووە بـەڵام ئێـستاکە توانـای ئـەو جموجوڵانـەیان نـەماوە، سەرلەنوێ بۆچوونمی سەبارەت بە قبـوڵکردنی دەعـوەتی ڕۆیـشتن بـۆ ئـەڵمانی لێ پرسیم. ووتم چاوەڕوانی ئێمە لە ئێوە لە بانگهێشتی ڕۆیشتن بۆ ئەڵمان گەورەترە. پرسی چی جۆرە یارمەتیەکە کە دەتەوێت دەوڵەتی ئەڵمان بـۆت فەراهـەم بکـات؟ ووتم پێنج هـەزار تفـەنگ ولـەگەڵ هـەر تفەنگێکـدا هـەزار وپێـنج سـەد فیـشەك، دە مەتریلۆز وچوار تۆپی کێوی لەگـەڵ چـەند ئەفـسەرێك پلـەداردا ومەبلـەغێك پـوول وپارەی کافی بۆ دڵڕاکێشان وئامادەکردنی موجاهیدینەکانی عەشایەر، جگە لەمانە دوو تابور سەربازی عوسمانی یاریدەرمان بێت، بەم یارمەتیەوە بـەڵێنت پێـدەدەم هەموو عەشایری ڕۆژئاوای ئێران دژی ئینگلیسەکان ڕاپەڕێنم و وەزعو بارودۆخیـان لە دەڤەری ڕۆژئاوای ئێراندا ژڵێژاوە. زیلەر هەموو ئەم داخوازیانەی یاداشت کـرد و ووتی چۆن کونـسوڵی فـەرمی موسـڵم پێویـستە ڕووداوی ماموریەتەکـەم بـۆ عاشـر بەگ بگەڕێنمەوە. لەماڵی منەوە یەك راست بۆ دیەنی ئەو ڕۆیشت، دوای بینینی لە جێگای مانەوەی ئەڵمانەکانی نیشتەجێی کەرکوك جێگیر بوو.

دوای ڕۆژێـك کـە بـۆ دیـەنی ڕۆیـشتم بیروبـاوەڕی عاشـر بـەگم سـەبارەت بـە دەعوەتەکـــەمان بـــۆ ئـــەڵمان لێپرســـی، ووتـــی پرســـی لـــێم ســـەردار موقتـــەدر دەعوەتەکانی قبوڵ کردووە یا خەیر، وەڵامم دایەوە هەنووکـە نـە قبـوڵی کـردووە

ونە ڕەتی کردوەتەوە، زیلەر دوای چەند ڕۆژ مانەوە بۆ موسڵ گەڕایەوە. خەبەر گەیشت کە عەلی ئیحسان پاشا گەیشتوەتە مەقەڕی فەرماندەییەکەی، لەبەر نەخۆشی من وسالار زەفەر هێشتانە بە تەواوی خاس نەبووبووینەوە لاهووتی خانم نارده لای عاشر بەگ لەپێش هەموو شتێکدا لەم ماوەدا لەبەر نەخۆشی نەمانتوانیوە بێین بۆ لای لەم بارەوە داوای لێبووردنمان بۆ بکات. دووەم تکا بکات ئێستاکە عەلی ئیحسان پاشا گەڕاوەتەوە بۆ موسڵ وەزعی ئێمە زووتر یەك لا بکاتەوە وئەگەر بە پێویستی دەزانێ خۆم بۆ موسڵ دەڕۆم ولەگەڵیا دانوستان دەکەم. زۆری پێنەچوو لاهوتی خان بە پەرێشانی و ڕەنگ تێپەڕینەوە گەڕایەوە. پرسیم چی ڕوویداوە؟ ووتی نیمچە شەرێکم تووشبوو، ووتیکە گەیشتمە ماڵی عاشر بەگ بە پاسەوانەکانیم گووت دەمەوێ عاشر بەگ ببینم لەلایەن سەردار موقتەدرەوە هاتووم لەگەڵ قوماندانىدا گفتوگۆ بکەم ئاجوودانەکەی هەواڵەکەی گەیاند. عاشر بەگ بە تووڕە بوون وئالۆزییەوە هاتە دەرەوە، وەکو بۆمبایەك تەقییەوە، ووتی تۆ بۆچی هاتوویتە ئەیرا؟ ووتم لەلایەن سەردار موقتەدرەوە هاتووم. ووتی خەیر خەیر سەردار موقتەدر کارێکی لەگەڵ ئێمەدا نیە، کاری ئەو لەگەڵ ئەڵمانەکاندا یە. و بێ ئەوەی مۆڵەتم بداتێ، وەلامێکم بداتەوە چووە هۆدەکەیەوە. منیش سالار زەفەرم هەروەك هێشتانە نەخۆش ولاوازبوو نارد کە بە عاشر بەگ بڵێت ئێمە لە تۆ چاوەڕوانی میهرەبانی وکۆمەك و یارمەتی و دۆستایەتی بووین، ئەگەر ئەو بێ لوتفی و کەم نەوازشتیە لەگەڵ لاهوتی خاندا بەهۆی دەعوەتی ئێمە لەلایەن ئەڵمانەکانەوە بووە، خۆ ئێمە ئەم داخوازیەمان لە ئەڵمانەکان نەکردووە، ئەوان مەحەبەت ونەوازشتیان نواندووە، بەلام ئێمە هێشتانە بانگهێشتەکەیانمان نەقبوڵ کردووە و نە ڕەت کردۆوەتەوە، ئێمە چاوەڕوانی دەوڵەتی عوسمانین چی بڕیارێك سەبارەت بە ئێمە دەدات. عاشر بەگ لە سالار دەپرسێ سەردار موقتەدر دەعەوەتی ئەڵمانەکانی قبوڵکردووە یان خەیر؟ سالار وەلام دەداتەوە هێشتانە قبوڵی نەکردووە و ئەگەر لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بێ لوتفی نەکرێت قبوڵی ناکات وبەو دەعوەتە ڕازی نابێت، عاشر بەگ دەڵێ لەم حاڵەتەدا منیش لە هاوکاری و هاوڕێتیتان درێغی ناکەم، هەر ئەم یەك دوو ڕۆژە لەگەڵ پاشادا دانوستان دەکەم ئەنجامەکەیشی پێتان ڕادەگەیەنم.

(سـەید ڕۆسـتـەم ئەفەنـدی) بـرای خـوا لێخۆشـبوو سـەید وەلـەد ئەفەنـدی لـە سەیدە ڕێزدارەکان ودەست ڕۆیشتووی ئەهلی حەقی ئەو دەڤەرەیە، دەعوەتمـانی کردبوو کە چەند ڕۆژێك برۆین بۆ ماڵیان لە تـاووغ، مـن لەبـەر چـەند هۆیـەك داوای لێبووردنم کرد کە ناتوانم خۆم بێم بەڵام سالار زەفەر وسالار موقتـەدرم لەگـەڵ دە سوارێکدا نارد بۆ ماڵیان ڕۆژێ دوای ڕۆیشنی سالار زەفەر عاشر بەگ هاتە دیەنیم، دوای داوای لێبووردن ووتی پاشا حەز دەکات خۆت لە موسڵدا ببینێ ئەگـەر سـوار لەگەڵ خۆتا نەبەیت بایتۆن ئامادەیە سبەی بۆ موسڵ بتبات.

## ڕۆیشتن بۆ موسڵ

دوای ڕۆژێك خەیری بەگ ئاجودانەکـەی بـە پایتونێکـەوە هاتـە ماڵمـان منـیش لاهوتی خان وئاغا موردادی خزمەتکارم لەگەڵ خۆمدا بردوو کەوتێنەڕێ، نامەیـەکم بـۆ سـالار زەفـەر نووسـی دامـە دەسـتی گـل نـەزەری مـیر ئـاخورەوە کـە دوای گەڕانەوەی سالار لە ماڵی سەید ڕۆستەم بیداتە دەستیەوە.

لە کاتی جمانماندا سەیرم کـرد خـەیری بـەگ حاڵـەتێکی ئـاڵۆزی هەیـە وەکـو ئەوەی دەیەوێ شتێك بڵێت و لـە ووتنـی شـەرم بکـات، سـەرەنجام لاهـوتی خـانی بردە لایەکـەوە سـواری پایتونەکـە بـووین وکەوتینـەڕێ. لـە لاهـوتی خـانم پرسـی کێشەی خەیری بەگ بۆ چی بوو؟ سەیرم کرد بیست مەجیدی لە گیرفانی دەرهێنـا و ووتی ئەم پارەی بەمن داوە، ووتبووی قومندان ئەم پارەی لە گیرفانی خۆی بـۆ خەرجی ومەسـرەفی ڕێگـای سـەردار موقتـەدر نـاردووە بـەڵام شـەرم دەکـەم ئـەم مەبلەغە کەمەی بدەمێ، تۆ بیدەرێ ولەلایەن قوماندانەوە عـوزری بـۆ بهێنـەرەوە. لە تەنگ دەستی وبەرچاو تەنگی عوسمانیەکان پێکەنین گرتمی بەڵام بـیری خـۆمم کردبووەوە، لەپێشدا لەڕێی تەلوگرافێکەوە لەو قەرزەی کە بەسـەر ئەڵمانەکانـەوە هەمبوو مەبلەغێك پول وپارەم لە زیلەر کونسوڵی ئەڵمانەکان لە موسڵ بـۆ سـەرف وخەرجی ڕێگا داخوازی کرد، پەنجا لیرە یـان حەواڵـەکردبوو کـە لـە کـەرکوك پـێم درا. شەو لەڕێگادا ماینەوە، ڕۆژی یەکەم سبەی زوو گەیشتینە ئاڵتون کـۆپری. دە مەجیـدم لـە پارەکـانی عاشـر بـەگ دا بەدەسـتی پەیتونـچیەکەی خۆیانـەوە، پایتونـچیەکە ئەفـسەرێکی لاو کـە پلـەی سـوڵتانی هـەبوو، لـە سـەرەتای شـاردا

چاوەڕوانمان بوو، هاتە پێشەوە وناوەی پرسی ئەدەبی نواند بردمانی بۆ مالّی قوماندانی ناوچەکە لەم کاتەدا مستەفا بەگ فەرماندەی پێشووی سلێمانی کە زۆرتر ئەو هاندەری هاتنمان بۆ عوسمانی بوو، لە ئالّتون کۆپریدا فەرماندەی یەدەکی بوو، بەپەلە هات بۆ دەینیمان ولە مالّی فەرماندەی ڕێگەکەدا خواردنی نیوەڕۆمان بەیەکەوە خوارد، تەلەفونێ لە عاشر بەگەوە هات کە هەر ئەو ڕۆژە دێتە ئالّتون کۆپری، لە من بەتایبەت تکای کردبوو بۆ بەشداری لە خۆپیشاندنێکی مێژوویی نیزامیدا کە سەربازەکانی تورك ئەرائەی دەدەن ئامادە ببم وشەو لەوێ بمێنمەوە.

ئۆتۆمبێلێ کە بڕیار بوو بمانباتە موسڵ هێشتا نەگەیشتبوو، ئێمەیش منەتێکمان خستە سەر فەرماندە وشەو ماینەوە وسەیری نومایشی سەربازەکانی تورکمان کرد کە لە حەقیقەتدا یەکجار بەسۆز ودلّڕفێن بوو.

دوای دوو شەو درەنگێ خودرەوەکە گەیشتە ئالّتون کۆپری و بەرەو موسڵ ڕۆیشتین. شەو لەناوچەی "گوڕ" میوانی یوزباشی فەرماندەی ناوچەکە بووین دە مەجیدی پاشماوەی پارەکەی عاشوور بەگم دا بەدەست شۆفێری خودرەوەکەوە، سبەی زوو ئۆتۆمبیلێکی تر گەیشت کە شۆفێرەکە کەسێکی ئەلّمانی بوو ئێمەی گەیاندە موسڵ، نزیکی پردەکە پیادەبووین پلەدارێ چاوەڕوانمان بوو، هاتە پێشەوە و ناومی پرسی ووتی بەفەرمانی پاشا پایتونێکم هێناوە بتان گەیەنمە مالّەکەتان شتومەکێ کە لەگەلّ خۆمدا هێنابووم بە ئاغا موڕادی خزمەتکارم سپارد کە بە پایتون بیگەیەنێتە مالّەکە، من ولاهوتی خان وهەر ئەو ئەفسەرە سواری پایتونەکە بووین، لەپێش سەرای حکومەتەوە تێپەڕین وگەیشتینە باب نەبی بەرەو ئەو مالّەی کە بۆمانیان تەرخان کردبوو، لەلایەن مێز وکورسی وجێگەی خەوتنەوە زۆر ڕێك وپێك بوو. یەك سەعات لە مالّەکەدا پالّ کەوتین کە ئەفسەرێکی تورك بۆ دیەنیمان هات، خۆیی بە یوزباشی ئەسعەد بەگ بەرپرسی کاروباری تایبەتی پاشا خۆی ناساند، لەلایەن پاشاوە گەیشتنمی پیرۆزبایی کرد و ووتی پاشا فەرمویەتی کە ئیمڕۆ خەستە وهیلاکن بحەسێنەوە، سبەی یەکتری دەبینین. دوایی ووتی سبەی دوو سەعاتی بۆ خۆرئاوا بمێنێ بە پایتونەوە دێم کە بتگەیەنمە خزمەتیان.

سبەی لەگەڵ خۆرهەڵاتندا ئەسعەد بەگ گەڕاوە ووتی پاشا فەرمویەتی بۆئەوەی لەپێشەوە سەبارەت بە داخوازییەکانی ئاگاداربم پێشنیارەکانت بفەرمە کە یاداشتی بکەم وبیگەیەنمە خزمەتیان. منیش بیرۆکەی خۆمم بۆ دامەزراندنی جەبهەیەك لە ڕۆژئاوای ئێراندا بۆی ڕوونکردەوە، ئەسعەد بەگیش یاداشتی کرد. دوای ڕۆیشتنی ئەو ئەفسەرە پلەدارەکانی تورك بەدوای یەکتریدا بۆ دیەنیم دەهاتن.

نزیکەی عەسر بەپێی بەڵێنێکی پێشوو بەو پایتونە کە گەیشتە ماڵمان، لەگەڵ لاهوتی خاندا سواربووین، بۆ ماڵی فەرماندەی گشتی ڕۆیشتین. عەلی ئیحسان پاشا کاتی گەیشتن بەڕێزەوە تا نزیکی دەری ماڵەکەی هاتبووە پێشوازیمانەوە ودوای تەوقەکردن وخێرهاتن بەدەستی خۆی لە نزیکی خۆیدا کورسییەکی بۆم دانا، لاهوتی خان وئەسعەد بەگ کەمێ لە خوارتری ئێمەوە دانیشتن، دوای هەواڵپرسین، لە لاهوتی خان سەلاو وهەواڵ پرسی کرد. لاهوتی لە بەرامبەر نەوازشت وپرسیارەکانیدا بەسەر کورسیەکەیەوە هەڵدەستایە سەرپێ وبەشێوەی سەلاوی سەربازی وەڵامی دەدایەوە، چەند جارێك ئەم کارەی دووپات کردەوە، پاشا بە گرژی ومۆنییەوە پێی گووت دانیشە بۆ هەڵدەسیتە سەر پێ ؟ ووتی چونکە ئەفسەرم قسە وگفتوگۆ لەگەڵ پاشادا بە شانازی دەزانم. عەلی ئیحسان پاشا ووتی هەموو شتێك جێگا ومەوقیعی خۆی هەیە، سەرباز یان ئەفسەر لەشوێنی خۆیدا پێویستە سەلاو بکات وناگونجاو ونابەجێ سەلاو نەکات.

دوایی پرسیاری بارودۆخی ئێران ودەڤەرەکەی لێم کرد، ئەوەی دەمزانی بۆم باسکردو هەرچی لەو قۆناغ وکاتەدا گونجاوی باس کردن بوو خستمە ڕوو، سەبارەت بە کوشتن وتالانی سەنجاویەکان پرسیاری کرد، بەکورتی بۆم گەڕاندەوە. ووتی داخوازی تۆ ئیمڕۆکە لە دەوڵەتی عوسمانی چیە؟ ووتم ئیمڕۆکە لەگەڵ ئەسعەد بەگدا لەم بارەوە گفتوگۆم کردووە وداخوازییەکانمی یاداشت کردووە کە بیگەیەنێتە خزمەتتان، ووتی بەڵێن دەدەم هەر یارمەتییەك کە لەتوانادا بێت بەتۆ دەکرێت. منیش ووتم هێزی ئینگلیسەکان زۆر لەوە کەمتر وبێ هێزترن لەو لەشکرەی ڕوسەکان کە تۆ تا دەروازەی قەزوین شکاندنت وڕاوتنان، بەپێی خەبەرێك کە پێم گەیشتووە ئەوان لە بەرامبەر هێرش وبەرگری میرزا

(کوچك خان) وجەنگەلی کاندا دەرماندە ودەستەپاچە وزەبوون بوونە، هەرکاتێ دەوڵەتی عوسمانی دوو هەزار سەرباز لەگەڵ میقدارێ چەکی کافیدا یارمەتیمان بدات ئومێدمان بەوەیە کە وڵاتەکەمان لە وجودی پیسیان پاککەینەوە. دوایی ژمارەکەمانی لێپرسی، ووتم لەیرادا سێ کەسن بەڵام بە سوارەکانی کەرکوکەوە پەنجا ودوو کەسێ دەبین. ووتی چەند کەس بەگزادەن؟ وەڵامم دایەوە لەگەڵ مندا سالار زەفەر وسالار موقتەدری برازام و چواردە کەس لە کوێخا وپیاوماقوڵانی سەنجاویم لەگەڵدایە کە ناو وشۆرەت ونازناو و وێنەی هەموویانی وەرگرت. دوای ئەم دانوستانە ووتی تۆ بڕۆرەوە ئیسراحەت بکە بەخێرایی لەلایەن دەوڵەتەوە موچەی مانگانە بۆ بەگزادەکان وسوارەکانت دابین دەکرێت، تا ڕۆژێ تر سەبارەت بە داخوازییە سەرەکیەکانت وەڵامی یەکلابیت دەدەمەوە. بە ئومێدەوە هەڵسایین لەکاتی خواحافیزیدا سەرلەنوێ پێم گووت پاشا چاوەڕوانی لە تۆ کە سەردارێکی گەورە وشەرافەتداری ئیسلامی ئەوەیە گە هەر لەو ئاستی یارمەتیەدا بیت کە جەنەڕاڵ کۆکس یارمەتی سلێمان خانی ئەمیر ئەعزەم سەرۆکی کەلوری کرد. وەڵامی دایەوە خوا حەز بکات هەر وادەبێت .

دوای دوو سێ ڕۆژ ئەسعەد بەگ هات بۆ لام لەلایەن پاشاوە ڕایگەیاند کە موافەقت کراوە جگە لە ئالیکی ئەسپەکانتان لە مانگێکدا حەفتا وشەش لیرە دوو سێیەك کاغەز و یەك سێیەم زێر بۆ سەرف وخەرجی بەگزادەکان وسوارەکانتان پێتان بدرێت و هەروەها بڕیار دراوە ڕۆژی دووجار خواردەمەنی بە بەگزادەکان لە خواردەمەنی ئەفسەر وپلەدارەکان بدرێت پێتان وبۆ سوارەکان لە خۆراکی سەربازەکان بدرێ پێیان بەڵام بەهاو قیمەتی ئەم خۆراکە مەرجە لەو حەفتا وشەش لیرەیەکەم بکرێتەوە. لەو کاتەدا قیمەتی نان بە مەنێك دوو تومان بوو، سەیرم کرد بەم حیساوە جگە لە پارەکەی ئەوان دەبێت هەندێ لە گیرفانی خۆمانیش سەبارەت بە بەهاو قیمەتی خواردەمەنیەکان پێشکەش بکەین. بە ئەسعەد بەگم گووت عەرزی پاشا بکە بۆ ئەوەی ئێمەی لەگەڵ ئەفسەرەپایەدارەکان وسەربازەکانی عوسمانیدا یەکسان کردووە یەکجار سوپاسی دەکەم، بەڵام چونکە ئێمە تاڵان کراوین ولەیرادا کەس نامان ناسێ و ناتوانین لەکەسێ قەرز بکەین تکایە ئەو مانگی حەفتا وشەش لیرەیە نەدات پێمان، تەنها

ئـاليكى ولأخـەكان وموچـەى سـوارەكانمان بەشـێوەيەك كـە دانـراوە مەرحەمـەت بفەرمێت.

دواى رۆژێ ئەسعەد بەگ گەڕايـەوە، ووتـى هـەروەك لـە باسـى ئـەم مەوزوعـە شەرمەندەم بەڵام چونكە فەرمانم پێدراوە ناچارم عەرزتان بكـەم. پاشـا فـەرمووى يەكـەم يارمـەتى نيزامـى ولەشـكرى كـە پێـشنيارتان كـردووە بـە فيعلـى توانـاى جێبەجێ كردن و ئەنجامدانى لە ئارادا نيە. دووەم سەبارەت بـەو موچـەيە كـە بـۆ سەرف وخـەرجتان دانـراوە بـە فـەرمانى دەوڵەتـە وگۆڕانكارييـەكى تێدا ناكرێـت. منيش گووتم لەلايەن منەوە عەرزى پاشا بكە لەم بارودۆخەدا كە توانـاى يارمـەتى وكۆمەككردن لە ئـارادا نيـە و بـە بەرژەوەنـدى نـازانن لـەم بـارەوە كارێـك بكرێـت ورێگايەكى تر بۆ خەرج ومەسرەفى ئێمە فەراهەم نيە، تكـا دەكـەم مۆڵـەتمان پـێ بفەرمێت كە لەيراوە بۆ ئێران بگەڕێينەوە.

ئەسعەد بەگ ڕۆيشت ودواى دوو سەعات گەڕايەوە ووتـى پاشـا دەفـەرمێ كـە دەوڵەت لەم پەناهەندەييەى تۆ دڵخۆش نيە ، چونكە ئەنجامێك و بەرژەوەندييەكى تێدانيە وئەگەر تێبينيەك لە ئارادا نەبووايە بۆ گەڕانەوەتان موافەقەت دەكرا، بەڵام لەم هەلومەرجەدا گەڕانەوەت بۆ ئێران لـە بەرژەوەنـدى ئێمـەدا نيـە، ئەڵمانيـەكان لەگەڵ تۆدا پێشينەى دۆستيان هەيـە و دەعوەتيـشيان لێ كردوويت، ئەگـەر حـەز بەكەيت دەتوانيت دەعوەتەكەيان قبوڵ بكەيت و بۆ ئەڵمان برۆيت. ئاشـكرا وڕوون بـوو كـە عوسمانيـەكان دووچـارى نائومێـدى وتـوڕەيى بووبـوون و ئـيتر نابێـت ئومێدێكيان لێ چاوەڕوان بكرێت.

بێ دواكەوتن لاهوتى خانم نـاردە لاى زايلەر لەبەرئەوەى لەم حەفتەدا نەهاتۆتە لام گلەيى لێبكات، و سەبارەت بە دانوسـتانەكەمان لەگـەڵ عـەلى ئيحسان پاشـادا هەرچى هەبوو بۆى باس بكات، و پرسـيارى لێبكـات ئايـا دەعوەتەكـەى دەوڵـەتى ئەڵمانى هەر بەردەوامە يان خـەير. لاهـوتى خـان دواى چـەند سـەعاتێك گەڕايـەوە ووتى لەلايەن تۆوە گلەييم لە كونسوڵ كرد وەڵامـى دامـەوە لەكـەركوك دەعـوەتى دەوڵەتى ئەڵمانم بەسەردارموقتەدر ڕاگەيانـد لـە قبـوڵكردنى دوو دڵ بـوو، واديـارە چاوەڕوانى شتێكى گەورەتر بوو لـە عوسمانيـەكان، ئەگـەر تائێـستا نەهاتوومەتـە ديەنى وسەرلێدانى لەبەرئەوە بووە كە دەمويست بـۆى ئاشـكرا وڕوون بێتـەوە كـە

عوسمانیەکان لەم بارودۆخەدا ئیتر هێز وتوانای هاوکارییان نەماوە و نە دەیانەوێ ئێوە لە تورکیادا بمێننەوە. لاهوتی خان ووتی پێم گووتووە ئێستاکە ئەم حەقیقەتە بۆ سەردار ڕوون بوەتەوە وئەوەی لەنێوان سەردار و عەلی ئیحسان پاشادا ڕوویدابوو بۆم گەڕاندەوە، کونسولێ ووتی کەوای لێهات ئیمڕۆ عەسر دێم بۆ دیەنی سەردار بۆ ئاگاداری بانگهێشتی دەوڵەتی ئەڵمان هەروەك خۆی بەردەوامە.

نزیکەی عەسر زایلەر بۆ دیەنیم هات، سەبارەت بەوکەم خزمەتیو هەڵویستە نالەبارەی عوسمانیەکان نارەزایەتی وبێزاری خۆی نیشاندا. ووتی ئەگەر بۆچوون ورای منت لا پەسەندە هەر ئیمڕۆ نامەیەکم بۆ بنووسە و دەعوەتی دەوڵەتی ئەڵمان بەشێوەیەکی فەرمی قبولێ بکە. منیش دوای گەڕانەوەی نامەیەکم سەبارەت بە قبوڵی دەعوەتەکەم بۆی نووسی و بەهۆی لاهوتی خانەوە ناردمە کونسولگەری ئەڵمان لەلایەکی ترەوە ئەسعەد بەگم داواکرد، پێم گووت دوای دانوستانەکەت کە لەلایەن پاشاوە لەگەڵما کردت چونکە چارەیەکی ترم بۆ نەماوەتەوە، دەعوەتەکەی ئەڵمانەکانم قبولێ کرد، و هەر ئێمڕۆ نامەیەکم بۆ کونسوڵی ئەڵمان نووسی، تکایە ڕووداوەکە بۆ پاشا بگەڕێنەوە ولەلایەن منەوە تکای لێبکە هەرچی زووترە، وەسیلەی هاتنی سالار زەفەر وسالار موقتەدریش بۆ موسلێ برەخسێنێت.

نامەیەکی درێژم سەبارەت بە دانوستانەکەم لەگەڵ عەلی ئیحسان پاشادا و پەیامەکانی ئەم دواییەی و ئەو نائومێدییەی کە سەبارەت بە هاوکاری ویارمەتی و خزمەتکردنی عوسمانیەکان تووشم بوبو وقبولکردنی دەعوەتی ئەڵمانەکانم بۆ سالار زەفەر نووسی، فەرمانم داپێی کە بەپەلە هەموو سوارەکان لەگەڵ وەرگرتنی بەلگەنامەی ڕێ لێ نەگرتنیان لەلایەن پلەدارانی لەشکری عوسمانیەوە مەرەخەسیان بکات، بۆئەوەی بگەڕێنەوە و لەلایەن منەو خواحافیزی لە یەکە یەکەیان بکات و چەند قاترێك کەبۆیان مابووەوە بۆ خەرجی ڕێگایان بفرۆشێت و ئەسپ ومایینەکانی تایبەتی خۆمان بە ئەمانەت بداتە دەست سەید ڕۆستەم ئەفەندییەوە وخۆی وسالار موقتەدر هەر کەسێکتان لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بۆ موسلێ بێن. چونکە پۆست وتەلوگراف بە توندی لەژێر چاودێری دەوڵەتی عوسمانیدا بوو

نامەکەم لەسەر قسەی زایلەر لەرێگای فرۆکەوانەکانی ئەڵمانیەوە ناردە کەرکوك کە بیگەیەننە سالار زەفەر.

عەلی ئیحسان پاشا لەوەڵامی نامەکەی زایلەردا سەبارەت بە ئێمە نووسیبووی چونکە لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵماندا یەکێتی بەرقەرارە بەپێی فەرمانی بەرپرسانی گەورەی دەوڵەتی پایەبەرزی عوسمانی خزمەت وخەرج ومەسرەفی سەردار موقتەدر وهاورێکانی تا ئەستەمبوڵ لە ئەستۆی دەوڵەتی عوسمانیدایە و لەدوای ئەوێوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەڵمانەکانەوە، سەبارەت بە سالار زەفەر وسالار موقتەدریش تەلوگرافێکم بۆ فەرماندەی کەرکوك کردووە کە وەسیلەی هاتنیان بۆ موسڵ فەراهەم بکات. دوای رۆژێك فرۆکەوانی ئەڵمانی لە کەرکوکەوە گەڕایەوە ونامەیەکی لە سالار زەفەرەوە هێنا بۆم کە بووە مایەی سەرسامی وپەژارەییم، نامەکەی لە نامەی دوژمنێك دەچوو، وەك ئەوە بوو دوژمنێك بۆ دوژمنەکەی بنووسێت. کورتەی نامەکەی ئەوەبوو ئێمە بۆ ئەڵمان نایەین، بڕۆ لەبراییمان چاو بپۆشە. من لەپێشدا وای بۆچووم کە ئەم نامە وتەلوگرافی سالار زەفەرە هی خۆی نیە و لە ئەنجامی فشاری فەرماندەکانی عوسمانیدا نووسیوویەتی، بەڵام دوای چەند رۆژێك ئیسماعیل خانی موجاهید لە کەرکوکەوە گەیشتە لامان و نامەیەکی کورتی لە سالارەوە پێبوو کە بەراشکاوی سەرپێچی لە هاتن کردبوو. لە ئیسماعیل خانم پرسی ئایا لەم بارەوە فشارێك نەخراوەتە سەریان؟ ووتی خەیر، ئاغاکان خۆیان حەز بەهاتن ناکەن ونایانەوێ بۆ ئەڵمان برۆن، کاتێ نامەکەت گەیشت سالار زەفەر وسالار موقتەدر نامەکەتیان بۆ چەند کەسێك لە خزمەتکارەکانیان خوێندەوە، سوارەکان دەستمان کردە گریان وزاری کە ئێمە بەچی ڕوویەکەوە بۆ وڵاتەکەمان بگەڕێینەوە و چی زەمانەتێك بۆ ژیانمان لە ئارادایە. سالار زەفەریش پێیانی گوت کە بارودۆخەکە وەهای لێهات ئێمەیش لەگەڵ سالار موقتەدردا بۆ ئەڵمان نارۆین و لەگەڵتانا دەمێنینەوە بزانین خوا چی دەکات وهەموویان لەم بارەوە عەهد وپەیمانیان بەست کە لەمەودوا سالار نامەکەت کە بەهۆی فرۆکەوانەکەوە ناردبووت بۆ بۆ عاشر بەگی برد، عاشر بەگ پێی دەڵێ لەم بابەتەوە تەلوگرافێ سەبارەت بە بردنی ئێوە بۆ موسڵ لە عەلی ئیحسان پاشاوە پێم گەیشتووە. سالار وەڵام دەداتەوە رۆیشتن بۆ ئەڵمان بۆ

هەرکەسێك لە ئێمە ناخۆشە وپەسـەند نیـە، بـە هـیچ جۆرێك ڕازی نـین بـۆ ئـەویٚ بڕۆین ئەگەر دەوڵـەتی عوسمـانی بمـان پـارێزیٚ وئاگـای لێمـان بـیٚ بەگشتی بـەم سوارانەوە کە هەمانـە هـەر لـەیرادا دەمێنینـەوە. عاشـر بـەگ دەڵێـت بەڕاشـکاوی پێتان دەڵێم کە پاشایش بـەهیچ جۆرێك حـەزناکات سـەردار موقتـەدر بـۆ ئـەڵمان بڕوات، کاریٚ بکەن ئەویش لەم ڕۆیشتنە چاو بپۆشێت، دەوڵـەت بـە چـاکی ئاگـای لێتان دەبێت.

چـونکە لەلایـەن سـالار زەفـەر وسـالار موقتـەدرەوە بەتـەواوی نائومێـد بـووم بڕیارمدا کە خۆم بەتەنیایی بۆ ئەڵمان بڕۆم.

## ڕەفتاری زبری عوسمانیەکان

چـەند ڕۆژیٚ تێپـەڕیبوو یوزباشـی ئەسـعەد بـەگ هاتـەماڵمـان، ووتـی پاشـا نـاردومێتی کـە پێتـان بڵـێم دەوڵـەتی عوسمـانی ئامادەیـە بەوپـەڕی چـاکییەوە خزمەتتان بکات، بۆچی دەتەویٚ بۆ ئەڵمان بڕۆیت؟ پاشا حەز دەکات کـە تـۆ ئـەم بانگهێـشتە قبوڵنەکـەیت. وەڵامـم دایـەوە کـە سـیٚ مانگـە لـە چـاوەڕوانی لوتـف ومەرحەمەت ویاریوکۆمەکی پاشادا بەسەختی ودژواری تێدەپـەڕێنم، چـەند ڕۆژێك لەمەوبەر خۆت لەلایـەن پاشـاوە هاتیـت ووەڵامـی قبوڵنـەکردنی داخوازیـەکانمانت پێراگەیاندین ڕێنماییت کـردین کـە دەعـوەتی ئەڵمانـەکان قبـولٚ بکـەین، هێـشتانە ئیمزای ئەو نامەیە کە بـۆ کونـسوڵی ئـەڵمان نووسـیومە ووشـك نەبوەتـەوە، چـۆن دەتوانم بە پێچەوانەیەوە بنوسم، ووتی دۆستانە پێت دەڵێم پاشا نایەڵێت بڕۆیت.

دوای ڕۆیشتنی ئەسعەد بەگ لاهوتی خانم لەگەڵ خۆمدا بردو بۆ بینینـی زایلـەر ڕۆیشتم، درێژایی پەیامەکەی عەلی ئیحسان پاشـام پێراگەیانـد، ووتـی چـونکە بـە فەرمی وەڵامی ڕازیبوونیان داوەتەوە گومـان ناکـەم بـە ئاشـکرا تەگـەرەیٚ بخەنـە ڕێگای ڕۆیشتنتان، ووتیشی دوای بینینت لـە کـەرکوك تـەلوگرافێکم سـەبارەت بـە داخوازییەکـەی تـۆ بـۆ ئـەڵمان نـاردووە، وەڵامەکـەی گەیـشتووە کـە بـۆت وەری دەگێڕمـــەوە. نـــاوەڕۆکی وەڵامەکـــە ئەمـــە بـــوو کـــە دەوڵـــەتی ئـــەڵمان لـــە نیشتمانپەروەری وموجاهەدەت وخەباتی سەختی سەردار موقتەدر وسەرکردەکانی تـری سـەنجاوی بەتـەواوی ئاگـادارە و هــەر یارمەتییــەك پێیـان لـەکاتی خۆیـدا

دەکرێت. دوایی تکام لێکرد کە لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتەکەی دانوستان بکات تا لەو مەبلەغەی هەشتا وحەوت هەزار توومانەی کە داومانە پێیان کە قەرزە بەلایانەوە و دووساڵ لەمەوبەر لەلایەن کاپیتان شۆڵتسەوە داکۆکی لەسەر کراوە ئێستاکە مەبلەغی دە هەزار تومان بۆ خەرج وسەرفی سەفەری خۆم وجلوبەرگ وسەفەری سوارەکان پێمان بدەن، بۆیم ڕوون کردەوە ئەم حیساوە لە کاتی وەزیر موختاری مسیو نادولنی دا کراوە کە ئێمڕۆ لە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵماندا بەرپرسی کاروباری ئێرانە یەك ڕاست لەژێر چاودێری ئەودایە ودەتوانی لەم ڕووەوە بگەڕێنەوە بۆ دەفتەرەکەی کاپیتان شۆڵتس.

دوای ئەم قسانە کەوتینە دانوستانی گشتی یەوە لێم پرسی ئەم کردەوە دوژمنانە کە عوسمانیەکان سەبارەت بە ئێران دەیکەن جێی ڕەزامەندی دەوڵەتی ئەڵمانە یان خەیر؟ ووتی بۆنموونە چی جۆرە کردەوەیەك؟ ووتم ناردنی لەشکر بەسەرکردایەتی مەجد ئەلسەلتەنەی ئەروومەیی کە بە ئاشکرا بۆ دابەشکردنی ئازەربایجان ودابڕاندنی لە ئێرانە. ووتی چاك بوو ئەم پرسیارەت کرد، پێویستە پێت بڵێم نەتەنها دەوڵەتی ئەڵمان لەم کردەوانە نارازییە بەڵکو بە توندی دژیەتی وبۆ پوچەڵکردنەوەی هەوڵدەدات، دەوڵەتی ئەڵمان لەم دواییەدا بڕیاری داوە کە خۆی یەك ڕاست هێزێکی کافی بۆ قەفقاس وئازەربیجان بنێرێت ڕێی تێدەچێت کە تۆیش بنێرن بۆ ئەنجامدانی ئەم لەشکرکێشیە وبەسەرپەرشتی تۆ ئەنجام بدرێت. منیش ووتم بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە بۆ تێکدانی نەخشەی دوژمنانەی عوسمانیەکان لە ئێراندا ئامادەی هەموو جۆرە فیداکارییەکم.

گەڕاینەوە بۆ ماڵ لاهوتی خان لەخۆشیدا لە پێستیدا جێی نەدەبووەوە، ووتی دەبێ بەڵێنم پێبدەی گەر ئەم نەخشەیە پیادەکرا و ئەنجامدرا من بکەیتە فەرماندەی ئەو لەشکرە. ووتم لاهوتی تۆ یەکجار خۆشباوەڕ و توندڕەو وئاگرین میزاجیت، ئەم قسەی کونسوڵە وەك بەخشینی ئاسکی نێو دەشت وبیابانە ئێمە لە کوێ ولەشکری قەفقاسی وئازەربایجان لە کوێ؟ ووتی خەیر کونسوڵێکی فەرمی ئاگداری تەواوی نەبێ ئەم قسانە ناکات. بەگاڵتەوە پێم گووت زۆر چاکە ئەگەر ئەم کارە بە سەرپەرشتی من سەریگرت دڵنیابە دەبیتە بەرپرسی لەشکری ئەو هێزە.

نزیکی خۆرئاوای هەر ئەو ڕۆژە ئەسعەد بەگ دووبارە لەلایەن عەلی ئیحسان پاشاوە هاتەوە، تەلۆگرافێکی لە سالار زەفەرەوە وتەلوگرافیٚ لە عاشر بەگەوە فەرماندەی هێزەکانی کەرکوکی بۆ هێنابووم. تەلوگرافی سالار زەفەر باسی بڕیاری یەکجاری خۆیان سەبارەت بەنەهاتنیان بۆ ئەڵمان دەکرد، تەلوگرافی عاشر بەگیش ڕاپۆرتێك بوو پاشا ناردبووی ونووسیبووی کە بەپێی فەرمان وەسیلەی هاتنی ئاغاکانم بۆ موسڵ فەراهەم کردووە، بەڵام سالار زەفەر وسالار موقتەدر لارییان هەیە بۆئەڵمان ڕۆیشتن دەڵێن ئێمە موسوڵمانین و دەمانەوێ لە پەنای دەوڵەتی ئیسلامدا بمێنینەوە. ئەسعەد بەگ ووتی پاشا فەرموویەتی کە ئێستاکە تۆیش دەتوانی ئەم تەلوگرافی براکانتە بکەیتە بەهانە بۆئەوەی لە ڕۆیشتن بۆ ئەڵمان چاو بپۆشیت و ئەم بڕیارە بە کونسوڵی ئەڵمان بگەیەنیت. وەڵامم دایەوە کە ئەم کارە هەرگیز ناکەم ئەگەر ئەوانە براو برازای بچووکی منن و دەست لەمن هەڵدەگرن، منیش گوێیان نادەمیٚ وبە تەنیا دەڕۆم. ووتی پاشا فەرموویەتی سوورە لەسەر ئەوەی کە بە هیچ جۆرێك نەیەڵێت کە تۆ بۆ ئەڵمان بڕۆیت، دووەم بۆ ئەوەی هەست بە بێکاری نەکەیت بڕیاریداوە تۆ بۆ ئازەربیجان بنێرێت کە لەگەڵ مەجد ئەلسەلتەنەدا هاوکاری بکەیت. ووتم بەڕاستی پاشا لوتف ونەوازشتی خۆیی لەگەڵمدا گەیاندوەتە پۆپە، دەیەویٚ بمنێرێت بۆ کارێك کە بە خیانەت سەبارەت بە وولاٚتەکەم دەیژمێرم. ووتی بەکورتی وقسە وفەرمانی پاشا ئەوەیە کە تۆ نابیٚ بۆ ئەڵمان بڕۆیت. ووتم بە قسەکانت باوەڕم نیە، ئەگەر لە حەقیقەتدا پاشا ئەم نیەتەی هەیە و ئەمەیە بڕیاری بەڕاشکاوی بۆم بنوسێت تا لەبەرامبەر ئەڵمانەکاندا بیکەمە بەهانەیەك بۆ چاوپۆشین لەو سەفەرە. ئەسعەد بەگ ووتی پاشا ئەم شتە نانوسیٚ، دۆستانە پێت دەڵێم لەگەڵ فەرماندەیێکی گەورە و خاوەن دەسەلاٚتی وەك ئەودا ململانیٚ وسەرپێچی مەکە، ڕێی تێدەچێت مەترسیەکی گەورەت بۆ دروست بکات. ووتم ئەفەرمی مومکینە دەست بەسەرم بکات یان لە سێدارەم بدات؟ ووتی چی کۆسپ وتەگەرەیەك هەیە ئەگەر ئەم کارەی کرد؟ لەم دەست درێژیە ناگونجاوەو وبیٚ جێیە وئەم هەڕەشە دڕندانەیە ناڕەحەت وتووڕە بووم. ووتم تکا دەکەم لە لایەن منەوە بە پاشا بڵیٚ کە لە زیندان و کوشتن ناترسم، لەو ڕۆژە کە بۆ نیشتمانەکەم ڕاپەڕیووم وددەستم بە خەبات کردووە بووم

کوشتن وبڕینم لەبەرچاو بووە، جگە لەمە کوژرانم لەیرادا شەهید بوونە وخزمەت لەڕێی نیشتمانەکەمدایە چونکە هەموو ئێرانیەکان بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم هەموو قسانەی سەبارەت بە برایی ویەکێتی ئیسلامی دەیکەن درۆیەکی ئاشکرا وڕوونە..

لاهوتی خان لەم مەجلیسەی دانوستانەدا ئامادەبوو. دوای ڕۆیشتنی ئەسعەد بەگ ڕەوشتی گۆڕا و ووتی ئامادە نیە بێ دەعوەتی فەرمی دەوڵەتی ئەڵمان لەگەڵمدا بێت. پرسیم بۆچی؟ ووتی رەقیب و ڕکەبەرێکی وەك یاوەر موحەمەد تەقیێ خانی پسیانم هەیە کە لە بەرلیندا میوانی دەوڵەتی ئەڵمانە. ووتم من و تۆ تائێمرو وەکو برا بووینە و ئێستاش هەروەکو برا لەگەڵمدا دەبیت. پرسیم مەگەر لە سالار زەفەر وسالار موقتەدر بە جیاوازی دەعوەتیان لێ کردوون؟ ووتی خەیر، تۆ دەتوانی من بەنازناوی سەردەفتەر و(سکرتێر) وەرگێر لەگەڵ خۆتدا ببەیت. چونکە سەبارەت بەو دانوستانەی ئەم دواییەی کونسوڵ لەگەڵمدا ئاگاداربوو ناچار بووم نازی بکێشم وهەرچی دەڵێ قبوڵی بکەم. ووتم خۆت لەلایەن منەوە بڕۆ لای کونسوڵ وهەرچۆنێ بە چا کی دەزانی دانوستانی لەگەڵدا بکە. ڕازیبوو، ڕۆیشت وبە مەئیوسی گەڕایەوە کونسوڵ پێی دەڵێ تۆ دەتوانی لەگەڵ سەردار موقتەدردا بڕۆی و پێویست بە بانگهێشتێکی جیاواز ناکات. ووتبووی بەڵام من بێ دەعوەت ناڕۆم. ووتم تۆ چاك دەزانی کە پەیوەندی تۆ لەگەڵ ئەڵمانەکاندا هەمیشە چاك نەبووە، بۆنموونە کاتێ کە ڕووسەکان هاتنە کرماشان لەگەڵیاندا تا تاران ڕۆیشتیت و لەگەڕانەوەتدا بۆ کرماشان، کاتێ کە من لە گەرمیاندا بووم، ئەڵمانەکان دەست بەسەریان کردیت. ووتی بەڵێ لەگەڵ ڕوسەکاندا تا تاران ڕۆیشتم بەڵام لەوێ لەگەڵ (مسیو زومر) کارداری باڵیۆزخانەی ئەڵمان پەیوەندیم کرد چەند نامەیەکی نهێنیم بۆ نادولنی وەزیر موختاری ئەڵمان لە کرماشاندا هێنا. ووتم من سەبارەت بەم پەویەندییانە ئاگادرییەکم نیە چۆن دەتوانم سەبارەت بەمانە شتێك بنوسم؟ لە قسەکانم ناڕەحەت بوو وەك هەمیشە هەڵچوو تۆریا ولە هۆدەکە چووە دەرەوە و شەو نەگەڕایەوە.

دوای ڕۆژێ شیخ مەحمود کەسێکی ناردە لام وتکای کردبوو بۆ دانوستانێکی گرنگ بۆ دیەنی برۆم. کاتێ گەیشتمە ئەوێ بینیم لاهوتی خانیش لەوێدایە، کاتێ

کە بینیمی لە هۆدەکە چووە دەرەوە. شێخ مەحمود پرسیاری کرد بۆچی لێت تۆراوە؟ ووتم هۆکەیت لە خۆی پرسیار کردووە؟ ووتی بەڵێ، دەڵێ سەردار موقتەدر بۆ دژایەتی دەوڵەتی عوسمانی دەیەوێ بۆ ئەڵمان بڕوات. ووتم یەکەم دەوڵەتی ئەڵمان ودەوڵەتی عوسمانی دۆست وهاوپەیمانن و سیاسەتی جەهانی خۆیان بەخاتری من وئەمسالی من ناگۆڕن. دووەم من کەی ئەو هێز وتوانایەم هەیە تا بتوانم لەگەڵ دەوڵەتێکی گەورەدا دوژمنایەتی بکەم؟ دوایی شێخ تکای کرد لەگەڵ خۆمدا بیوەمەوە، ووتم نکوڵیم لەوە نیە، و ئەگەر بیەوێ هەر وەك دۆست وبرای من دەمێنێتەوە. شێخ مەحمود ڕۆیشت کە بینێرێتەوە لام، بەلام ئەو ئامادەی هاتن نەبوو، و شێخ مەحمود بەگاڵتەوە ووتی ئەم پیاوە شێتێکی زنجیری یە.

لاهوتی خان لەماڵی شێخ مەحمودەوە یەك ڕاست بۆ بینینی یوزباشی ئەسعەد ڕۆیشتبوو لەگەڵیا گەیشتبووە خزمەتی عەلی ئیحسان پاشا. بێگومان سەبارەت بە دانوستانەکەی کونسوڵی ئەڵمان لەگەڵ مندا وسەبارەت بە وەفاداری خۆی بۆ عوسمانیەکان زۆری بۆ عەلی ئیحسان پاشا باس کردبوو. دوای ئەم دانوستانە بێ دواکەوتن ئەویان لەماڵی ئەسعەد بەگدا جێکردەوە، مانگی پێنج لیرە مووچەیان بۆ بڕییەوە. نزیکەی عەسری هەر ئەو ڕۆژە ئینزیباتێك لەگەڵ شەش سەربازدا هاتنە ماڵمان لەپێشەوە جێ خەوتنەکەی لاهوتی خانیان برد، و دوایی هەر ئەوە ئینزیباتە لەگەڵ سەربازەکاندا گەڕانەوە و لەبەردەم ماڵەکەمدا مانەوە. پێش ئەوان ئینزیباتێکی تر کە ناوی حوسنی ئەفەندی بوو لە ماڵەکەی مندا بوو کاروباری تایبەتی ڕادەپەڕاند. لەم ڕۆژە بەدواوە، عەسرەکان لەماڵ دەچوومە دەرەوە، دەکەوتنە دوام تا ڕۆژێك پێیانم گووت ڕازی بەم زەحمەتەی ئێوە نیم. ئینزیباتێك ووتی ئێمە فەرمانمان پێدراوە کە لەبەر ڕێزگرتنت هەمیشە لەگەڵتا بین. سەیرم کرد لە حەقیقەتدا بەشێوەیەکی ڕیزدارانەوە لەژێر چاودێریدام. گەڕامەوە ماڵ یاداشتێکم بۆ زایلەر نووسی، شەو بێ ئەوەی ئینزیباتەکان بزانن لەڕێگای ئیسماعیل خانی موجاهیدەوە بۆ کونسوڵم نارد، وەلامی دابۆوە کە سبەی دێمە لای.

سـبەی پـێش نیـوەڕۆ کونـسوڵ هـات ووتــی لاهـوتی خـان کـە لـەتۆ تـۆراوە وڕۆیشتووەتە لای عوسمانیەکان بێگومان دانوستانەکەی ئێمەی بـۆ عـەلی ئیحسان پاشـا گەڕاندۆتـەوە. ووتم موسـەلەمە لـەو کاتـەی کـە گەیـشتوەتە ئـەویَ ئـەوەی ویـستویەتی گەڕاندوویەتیــەوە، لەبەرئەوەیــە ئــەم ئینزیبــات وســەربازانەیان لــە دەورماندا داناوە. ووتی گرنگ نیە، هەر ئێمڕۆ بەرلین لە ڕووداوەکە ئاگادار دەکەم. خۆمیش تەلوگرافێکم بۆ تەقیَ زادە نارد سەبارەت بەو ڕەفتارە خراو وبـیَ ڕێـزەی عوسمانیەکان لەگەڵمدا دەیکـەن سـکاڵام کردبـوو، کونـسوڵ ئەویـشی بـرد کـە بـە تەلوگراف بینێریَ.

دوای ڕۆیشتنی کونسوڵ شێخ محەمەد خالسی کـە لـە قوتابیـەکانی تەبەعـەی ئێران بوو و مرۆڤێکی مەرموزبوو هاتـە دیـەنیم. ئـەو بـەهۆی ئـەوەوە کـە زۆربـەی ئێرانیەکان بۆ لام دەهاتن ئەویش دەهات، ئەمجارەیان لەلایەن پاشاوە هاتبوو کـە ڕازیـم بکـات بـۆ ئـەڵمان نـەڕۆم، لەلایـەن عوسمانیەکانـەوە بـەڵێنی زۆری پێـدام، سەردانەکانی چەندجار کـردەوە، چـونکە دانوسـتانەکەی کاریگـەری نـەبوو عاجـل پاشا (عجیل پاشا) کە لـە سـەرۆك عێلـە گـەروەکانی عـەرەبی بەسـرە و شـیعەیە، لەگەڵ مندا دۆستییەکی تایبەتی هـەبوو، هـات بـۆ دیـەنیم، و هـۆی ڕۆیـشتنمی بـۆ ئــەڵمان پرســی منــیش داســتانی کۆچــکردنم بــۆ خــاکی عوسمــانی و وەعــدە و بەڵێنەکانی مستەفا بەگ وعاشر بەگ وتێکڕا لێپرسراوانی تری حکومەت ولەشـکری عوسمانی و بینینی پاشا و گۆڕانی بۆچوون و ڕایـان لـەم دواییـەدا و ئـەو ڕەفتـارە سەمەرە و شەرمهێنەرەیان لەگەڵمدا و ڕووداوی دەعوەتی ئەڵمانـەکانم بـە تـەواوی بۆ گەڕاندەوە. ووتم هەروەکو قبوڵی دەعوەتی دەوڵەتی ئەڵمان بـە مۆڵـەتی پاشـا خۆی بووە. ئێستاکە ئەسعەد بەگ دەنێرێتە لام وهەڕەشـەی حـەپس وکوشـتنم لیَ دەکات، چەند ئینزیبات وسەربازی لەبەردەم دەرگای ماڵەکەمدا داناوە کـە ئـازادی وهاتوچۆی لیَ قەدەغە کـردووم. پـێش بیـستنی ئـەم ڕووداوانـە وقـسەکانم دەسـی کردە جنێو وناسزا بە پاشا دان ودەوڵەتی عوسمـانی. ووتـی ئـەم میللـەتی تورکـە جگە لە خۆپەرستی و دەمارگیری بیَجێی سیاسەت ودۆستایەتی وڕاستیان نیە، لە حەقیقەتدا بارەکەیان لێژبۆتەوە کە بەم جۆرە ڕەفتارانە لەگەڵ تۆدا دەکەن.

جارێکی تر بۆ دیەنی زایلەری کونسوڵ ڕۆیشتم هەردوو ئینزیباتەکە تا دەم دەرگای کونسولگەری هاتن و لەوێدا وێستان. کونسوڵ پرسی لەم چەند ڕۆژەدا جارێکی تر دانوستانیان لە گەڵتدا نەکردەوە؟ ڕووداوی هاتنی شێخ محەمەد خالسی وعاجل (عجیل) پاشام بۆ گەڕاندەوە. ووتی وەڵامی تەلوگرافەکانم گەیشتوەتەوە، ئەم نامەمە ئامادەکردبوو کە بۆت بنێرم خۆشبەختانە خۆت هاتیت. سەیرم کرد نووسیوویەتی کە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمان لەگەڵ (تەلعەت پاشا) سەرۆك وەزیرانی عوسمانیدا کە ئێستاکە لە بەرلیندایە دانوستانی کردووە و بەڵێنی وەرگرتووە کە وەسیلەی ڕەوانە کردنم بەپەلە بۆ ئەڵمان برەخسێنێت. هەروەها سەبارەت بە مەبلەغێك کە داخوازیم کردبوو، ووتی دووهەزار لیرە لە داخوازیەکەت گەیشتوەتە باڵیۆزخانەی ئەڵمان لە ئاستامبوڵ بۆت نێردراوە وتا سێ یان چوار ڕۆژی تر دەگاتە ئەیرا.

دوای ڕۆژێ بینیم ئینزیبات وپێنج سەربازەکەی کە لەبەردەم دەرگای ماڵەکەمدا دایان نابوو، نەمابوون، تەنها حوسنی ئەفەندی ئینزیباتەکەی پێشوویان لەگەڵ سەربازێکدا هێڵابووەوە، بەڵام ئەو ئینزیباتەکەی تر کە زۆر نارەحەتمانی دەکرد لە بینایەتێکی ڕووبەڕووی ماڵەکەمدا جێگیر بووبوو، و هەر لەوێوە جوڵانەوەم و هاتوچۆم لە ژێر چاودێرییاندا بوو. چەند ئەفسەرێکی فڕۆکەوانی ئەڵمانی لە بینایەتێکی هاوسێماندا بوون لە هۆدەی خەوەکەمەوە ولەڕێگای سەربانەوە ڕێگا بۆ ماڵەکەیان هەبوو. دوای ڕۆیشتنی لاهوتی خان وتەنگ پێ هەڵچنینم و ڕێگای پەیوەندی لێگرتنم بەم ڕێگایەم زانی، زۆربەی کات بێ ئەوەی ئینزیباتەکان بزانن هاوسێ ئەڵمانەکانم بۆ دیەنیم دەهاتن یان من دەچووم بۆ ماڵی ئەوان و دانوستانمان دەکرد.

هەر لەو ڕۆژانەدا مەیانەی عەلی ئیحسان پاشا وحەیدەر بەگ والی موسڵ تێکچوو، هۆکەی هەروەکو دەیانگووت کێبرکێ وململانێیان لەسەر خانمێکی جوانی ئەرمەنی بوو، و دەستمان کردە شکایەت لە یەکتری کردن. کونسوڵی ئەڵمان لە والی پشتیوانی دەکرد و هەواڵ گەیشت کە بڕیارە عەلی ئیحسان پاشا لە فەرماندەیی ئەم جەبهەیەوە بەلاوە بنرێت وو لەجێیەکەیدا تۆفیق پاشا دابنرێت. ئەڵمانەکان ئەم هەواڵەیان پێم گەیاند تاڕادەیەك خەیاڵم لەلایەن ئەوەوە ئاسوودە بوو.

## شكيان لە جەبهەكاندا

هەر ئەو كاتـەبوو كـە لەشـكرى ئينگلـيس وعـەرەب لـە جەبهـەى فەلەسـتيندا شكسـتێكى سـەخت وخـراوى هـاورد بـە سـەر عوسمانيەكانـدا، زۆربـەى ئەفسـەرە پلـەدارەكانى ئـەڵمانى ونەمـساوى و بەشـێكى زۆرى سـەربازەكانى تـورك بـەديل گيران، بەشێكى سەرەكى ساز وبەرگ وتۆپخانەكەيان كەوتـە دەسـتمان، لەشـكرى تێكـشكاوى تـورك نـەيتوانى بـەرگرى لـە شـام بكـات وتـا سـنوورى حەلـەب پاشەكشێيان كرد. لە ئەنجامى ئەم تێكشاكانە گەورەيەدا دەنگ وباسى شۆڕش لە ئەستەمبوڵ كەوتە سەر زمانەوە. لايەنگرانى ئينگليس بۆ دەست لە شەڕ هـەڵگرتن و بەرقەرارى سـوڵح كەوتنـە هـەوڵ و تەقـەلاوە و ئـالآى دژايـەتييان سـەبارەت بـە فيرقەى ئيتيحاد وتەرەقى و حكومەتەكەى تەلعەت پاشا بەرزكردەوە، ئەڵمانـەكان كە هەستيان بە ژلێژان وتێكچوونى ئەركانى دەوڵەتى عوسمانى كرد لەماوەى يـەك حەفتەدا هێزێكى تاڕادەيەك مەزنيان لـەڕێى هێڵـى ئاسـنەو گەيانـدە ئەسـتامبوڵ و بەشێوەيەكى كاتى ئەو قەيرانەيان هێور كردەوە.

شكست لە جەبهەى فەلەستيندا بووە هۆى كە عەلى ئيحسان پاشـا هێزەكـانى عوسمانى لە خۆرئاوا وباكورى خۆرئاواى ئێران بكشێنێتەوە ودوو لەشـكرى گـەورە بـۆ پاراسـتنى حەلـەب وشـام ڕەوانـە بكـات. لـە جەبهـەى (ميزوپوتوميـادا)يـشدا ئينگليسەكان لە دەوروبەرى تكريت وسامەڕا وتاووغەوە دەستمان بەهێرش كـرد و نزيكـــەى پێـــنج فەرســـەخ عوسمانيـــەكانيان بـــەدواوە بـــرد. ورەى ســـەرباز وئەفسەرەكانى عوسمانى لەهەموو لايەكەوە لاواز ولەرزۆك بووبوو، ئەم نائومێدى و ورە نەمانـە كـاتێ پـتر تـر بـوو كـە هـەواڵى داخـوازى دەسـت لەشـەڕهەڵگرتنى بولغارەكـانى هاوسـێى ديـوار بـەديوارى توركەكانـەوە بـڵاو بـۆوە. ئەڵمانـەكان هـەروەكو هێزێكـى تاڕادەيـەك مـەزنيان لـە ئەسـتامبوڵدا هـەبوو، حەقيقـەت لـە عوسمانيەكان ئومێديان بڕيبوو.

تەلعەت پاشا لـە بەرلينـەوە بـۆ ئەسـتامبوڵ گەڕايـەوە وبـێ دواكـەوتن لەگـەڵ ئـەنوەر پاشـادا دە سـتمان لـەكار كێـشايەوە. حكومـەتى تـەوفيق پاشـا دامـەزرا وداخـوازى دەسـت لەشـەڕ كێـشانەوەى كـرد. بـەڵام ئينگليـسەكان بـێ ئـەوەى گوێڕايەڵى ئەم داخوازييـە بـن لـە هـەموو لايەكـەوە لـە هێـرش وپێـشەوەچوونياندا

بەردەوامبوون. چوار تابور لە هێزەکانی عوسمانییەکان کە لە باکوری ڕۆژئاوای ئێرانەوە گەیشتبوونە موسڵ بۆ جەبهەی تکریت ڕەوانە کریان. ئینگلیسەکان لە کوێرە ڕێگاکانەوە، لە پشتیانەوە هێرشیان هێنایە سەریان وچوار سەد باری حەوشتر ئازووقە وساز وبەرگیان دەستکەوت بوو، و دەستمان بەسەردا گرت. عەلی ئیحسان پاشا دوو تابوری تریشی بۆ یاریو کۆمەکیان ڕەوانە کرد. لەلایەکی ترەوە ئینگلیسەکان لە جەبهەی کەرکوکیشدا کەم کەم چەند فەرسەخێ هاتنە پێشەوە .

چونکە لەیرادا سالار زەفەر وسالار موقتەدر هەست بە پەرێشانی و سەرلێشێوانی عوسمانیەکان دەکەن دەکەونە بیری ڕزگاری خۆیانەوە. بەپێی ئەو فەرمانەی پێشووەم قاترەکان دەفرۆشن، خەرج ومەسروفی ڕێگا دەدەنە سوارەکان ومەرەخەسیان دەکەن بۆ ئێران بگەڕێنەوە و خۆیان بەرەو موسڵ دەکەونە ڕێ.

دوای چەند ڕۆژێك ئینگلیسەکان وەڵامی داخوازییەکەی عوسمانیەکان بۆ دەست لەشەڕ کێشانەوە دەدەنەوە ویەکێ لەو مەرجانە کە ویستبوویان ئەوە دەبێت کە ئەڵمانەکان و نەمساویەکان لە سەرتاسەری خاکی عوسمانیدا نەمێنن. عوسمانیەکان چی لە ئەستامبوڵدا وچی لە هێڵەکانی تردا بە ئەڵمانەکانیان ڕاگەیاند کە پێویستە لە ماوەی یەك مانگدا وڵاتی عوسمانی چۆڵ بکەن.

زایلەر کونسوڵی موسڵ کە لەم ماوەدا ئەو پەڕی هاوکاری سەبارەت بە من نیشان دا بوو، هات بۆ ماڵمان. ووتی هەروەك ئیمڕۆ فەرمانم داوە کە شتومەك ولەوازمی کونسوڵخانە بگوێزنەوە بەڵام چون سەبارەت بە تۆ تەلوگرافم کردووە وچاوەڕوانی وەڵامەکەم، بەڵام بەرژەوەندی تۆ لەوەدا دەبینیم کە بۆ ئێران بگەڕێیتەوە، چونکە بارودۆخی ئەڵمانەکانیش چاك نیە، ڕێی تێدەچێت هەر لەم ڕۆژانەدا لەوێشدا شۆڕشێك بەرپا ببێت.

لەبەرانبەر ئەم ئەوزاع وبارودۆخە ئاڵۆزەدا بڕیارمدا بۆ ئێران بگەڕێمەوە، بەڵام لە دوو لاوە نیگەران وناڕەحەت بووم. یەکەمیان هیچ هەواڵێکم لەلایەن سالار زەفەر و سالار موقتەدرەوە نەبوو. دووەم بەهۆی چاودێری سەختی عوسمانیەکانەوە کە هێشتانە هاتوچۆ وجوڵانەوەمیان بە توندی خستبووە ژێر چاودێرییەوە.

سەید سلێمان ئەفەندی لـە سـاداتی ئـەهلی حـەقی موسـڵ لـە خزمـانی سـەید ڕۆسـتەم ئەفەنـدی کـە لـە سـەرەتای هاتنمـە موسـڵەوە پەیوەندییـەکی پتـەوی لەگەڵمدا هەبوو هاتە دیەنیم، ووتی سەید ڕۆستەم ئەفەندی ڕایسپاردووە کـە هـەر فەرمانێکت هەبێت ئـەنجامی بـدەم. سـەبارەت بـە گەڕانـەوەم بـۆ ئێـران لەگەڵیـدا دانوسـتانم کـرد و داخـوازی ئامۆژگـاریم لێ کـرد. ووتـی ئـەوەی عوسمانیـەکان بارودۆخیان بەتەواوی تێکچووە وئـەم هـەموو شـوێنانە لـە دەست دەدەن قسەی تێدا نەماوە، بەڵام بە ڕۆیشتنی ئەڵمانەکان ئایا مۆڵـەتی گەڕانـەوەت دەدەن؟ ووتم باوەڕناکەم. ووتی کەوای لێهات پێویستە لەبیری هەڵهاتندا بیت و ئاسانکاریت لـەم بارەوە بۆ دەڕەخسێنم، لە نزیکەی موسوڵدا تایفەیەك هەن کە بانیانی (بادینـانی، بهـدینانیان) پـێ دەڵـێن کـە ئـەهلی حەقیـشیان تێدایـە و کوێخاکـەیان ئاشـنامە لەڕێگەی ئەوەوە ئەم کارە دەڕەخسێنم.

سبەی ئەو ڕۆژە زایلەر بۆ خواحافیزی هاتە لام بەوپـەڕی مەلولییـەوە عـوزری هێنایەوە ووتی بەداخەو بەهۆی گرفتـاری وتـەنگ وچـەڵەمەی زەمانـەوە نـەیتوانی کـارێکم بـۆ بکـات. بـەپێی تـەلوگرافێ کـەبۆی کرابـوو نیـشانی پایـە دوو لەگـەڵ شمـشێرێکدا کـە لەلایـەن دەوڵەتەکەیـەوە پێـشکەش کرابـوو پێمـی ڕاگەیانـد، و بەڵگەی ئەو نیشانەی بەڕووی کاغـەزێکی فـەرمی کونـسولگەری ئەڵمانـەوە داپـێم. ووتـی دوو هـەزار لیرەیـەك کـە داخوازیـت کردبـوو گەیـشتووە. بـۆ گەڕانـەوەمان داخـوازی سـێ تفـەنگم لێ کـرد، ووتـی تفەنگـەکانیش ئامادەیـە. دوایـی لەکاتێکـدا فرمێسکی دەڕژاند لەگەڵمدا خواحافیزی کـرد وسـەعاتێ لـە شـەو تێپـەڕیبوو یـەك نەفەر لە خزمەتچیەکانی کونسوڵخانە یـەك ڕاسـت پـارە وتفەنگـەکانی بـۆ ماڵمـان هێنا. خۆشبەختانە ئەو کاتە حوسنی ئەفەندی بـۆ گەیانـدنی ڕاپـۆرتێکی ڕۆژانـەی لـــەماڵ چـــووبووە دەرەوە. تفەنگـــەکان لەگـــەڵ فیـــشەکەکاندا لـــەژێر لێفـــە ودۆشەکەکەمدا شاردەوە، دوو هەزار لیرەکەشم کە لـەنێوان سـندووقی مـۆر ومـۆم کراودا بوو وەرم گرت وبەڵگەی وەرگرتنیم پێدا.

سبەی زوو کونسولێ لەگـەڵ فڕۆکەوانـەکانی ئەڵمانـدا بـە فڕۆکـە ڕۆیـشتن، مـن مامەوە، و پاشماوەی هێزی تێکشکاوی عەلی ئیحسان پاشـا. چـونکە شـەڕ لەگـەڵ عوسمانیدا کۆتایی هـاتبوو بـەهۆی یوزباشـی ئەسـعەد بەگـەوە لـە عـەلی ئیحـسان

پاشام داخوازی کرد که ئێستا شەڕ کۆتایی هاتووە وسوڵح وئاشتی بەرقەرارە، تکایە مۆڵەتم پێبدات کە بۆ کەرکوك بگەڕێمەوە تا لەگەڵ سالار زەفەر وهاوڕێکانمدا، بۆ ئێران بگەڕێینەوە. ئەسعەد بەگ دوای سەعاتێك وەڵامی هێناوە، کە پاشا فەرموویەتی کە سالار زەفەر سەرجەم سوارەکانی خۆیی مەرەخەس کردووە، خۆی لەگەڵ سالار موقتەدردا بەرەو موسڵ هاتوون و ئێمڕۆ دەگەن وتەرتیبی ڕۆیشتنیان دەڕەخسێنم.

نزیکەی خۆرئاوا سالار زەفەر وسالار موقتەدر لەگەڵ سێ کەس لە هاوڕێکانیاندا هیلاك وخەستە وبێ دەرەتان گەیشتنە لام. لێیانم پرسی بۆ چی هاتن؟ و سوارەکانت چی لێ کرد؟ سالار گووتی هەر کە ئینگلیسەکان لە هەموو شوێنێکەوە تەنگیان هەڵچنیو ڕشتەی زەبت وڕەبتی عوسمانیەکان لەیەك ترازا وتێکچوو کەوتینە بیری چارەسەری خۆمانەوە، بەڵگەی تێپەڕینی سوارەکانمان دا بە دەستمانەوە وبۆ وڵات گەڕاندنیانمەوە، ئەسپەکان ومایینەکانیشم بەسەید ڕۆستەم سپارد، و هەردووکمان لەگەڵ ئەم سێ کەسەدا هاتوین کە لەگەڵتا بۆ بەرلین بڕۆین. لە داخدا پێکەنین گرتمی، ووتم ئاغاکان لەدنیا بێ خەبەرن ئەو کاتەی کە ئەمانتوانی بڕۆین بۆ ئەڵمان تێپەڕی وبەسەرچوو.کو نسولڵ هەر ئیمڕۆ موسڵی بەجێهێشت منیش لەیرا لەژێرچاودێریدام، هەر ئەو ئینزیبات و سەربازە کە لە بەردەرگاکەدا دەیبینی چاودێری من دەکەن.

ئەو شەوە تا دوو سەعات لە نیوە شەو تێپەڕیبوو هەر نەخەوتین و بیروڕامان گۆڕییەوە، سەرەنجام بڕیارمان وابوو کە سالار زەفەر بۆئەوەی پەیوەندی باشە لەگەڵ عوسمانییەکاندا بڕوات بۆ بینینی پاشا و مەودای گەڕانەوەمان بۆ ئێران بۆ دابین بکات.

سبەی سالار زەفەر بۆ بینینی پاشا ڕۆیشت و بەدڵگرانی و مەلەولی و نائومێدییەوە گەڕایەوە، عەلی ئیحسان پاشا بەڕاشکاوی پێی گوتبوو لەم قۆناغەدا گەڕانەوەتان بۆ ئێران مەوردی قبوڵ نییە، لەگەڵ لەشکرەکەدا بەرەو دیاربەکر بڕۆن. دوای ئەم بینینە بڕیاری هەڵهاتنمان دا و کەوتینە هەوڵ و تەقەلاوە بۆ چۆنییەتی هەڵهاتنمان.

## ڕووداوی هەڵهاتن لە موسڵ

یەکێ لەو کەسانەی لەم شوێنەدا وامانەزانی یارمەتیەکی گەورەیە بۆمان ئەفسەرێکی بێکاری لەشکری توورکەکان بوو بەناوی ئەحمەد بەگ، کە لە بنەڕەتدا کورد و لە خەڵکی کەرکوك بوو، لەمەوپێش ئەسیری ئینگلیسەکان بووە وماوەیەکی لە بەغدا بەسەر بردووە و لەوێ سەردار ناسری بینیووە و بە زەحمەتێکی فراوان هەڵدێت و دێتە کەرکوك و بەو گومانەوە کە ئازایی و خزمەتێکی گەورەی کردووە خۆی بە دەسەڵاتدارانی نیزامی عوسمانی دەناسێنێ، بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانیەوە، عوسمانیەکان سەبارەت بە ئەو گوماندار دەبن و دادگایی دەکەن، ئەو پەیڕەوی مەزهەبی ئەهلی حەق بوو، و لە کەرکوك لەگەڵ سالار زەفەر و سوارەکانی سەنجاوی ئاشنایی و دۆستایەتی پەیدا دەکات، و لەم ماوەیەدا لە موسڵ خەریکی خزمەتێکی پێ سپێردراو بوو، سالار زەفەر و کوێخا عەلی، کە لەگەڵیدا بوو، شوێنەکەیان دەزانی. سالار کوێخا عەلی نارد کە ئەحمەد خان بێرێت، منیش کەسێکم نارده شوێن سلێمان ئەفەندی. ئەحمەد بەگ لەگەڵ کوێخا عەلیدا هاتنە ماڵمان. لەپێشدا لەوەیان کۆڵییەوە لەوەی کە نیەتی چی یە. کاتێ کە بۆمان موسەلەم بوو کە بڕیاری هەڵهاتنی داوە بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە لە یەخسیری ئینگلیسەکان هەڵهاتبوو دەترسا و نەیدەویست بۆ کەرکوك و وڵات و زێدەکەی خۆی بگەڕێتەوە، پێشنیارمان بۆ کرد کە لەگەڵ ئێمەدا بۆ ئێران بێت، بە دڵ و گیانەوە ئەم پێشنیارەی قبوڵ کرد، و بەڵێنیدا تا لە خاکی عوسمانیدا بین ببێتە ڕێنما و دەلیلمان و لە ئێرانیشدا ئاگامان لێی بێت و خزمەتی بکەین.

بە پەلە سی لیرەمان داپێی کە چەند هێسترێك بۆ هەڵگرتنی شتومەك و پێداویستیەکانمان بهێنێت. ئەو هەر ئەو ڕۆژە هێسترێك و ئەسپێکی بە سی و دوو لیرە لە ئەفسەرێکی توورك، کە دەگەڕایەوە، سەند. سەید سلێمان ئەفەندیش هات بۆ ماڵمان ووتی پێنج ڕۆژە نامەم بۆ کوێخا خدر و کوێخا ئەسعەد بانیانی نووسیووە بەڵام تا ئێستا وەڵامیان نەداوەمەتەوە. ووتم تا دە ڕۆژی تر مسۆگەرە ئەم شوێنە چۆڵ دەکرێت، باشترە کەسێکی خۆت بنێریت کە چەند کەسێکیان هەشت هێستر بهێننە نزیکی شوێنەکەی نەبی یونس، بەڵێنیدا ئەگەر هەتا خۆرئاوا هەواڵێکیان نەگەیشت، کوڕەکەی دەنێرێتە شوێنیان.

یوزباشی ئەحمەد بەگ لەلایەن عەلی ئیحسان پاشاوە پەیامێکی هێنا کە پێویستە تا پێنج ڕۆژی تر بڕۆین بۆ دیاربەکر. پێمگووت لەلایەن ئێمەوە عەرزی پاشا بکە ئێمە وەسیلەیەکی هاتوچۆمان نیە، لوتف بکات چەند ئەسپێکی سواری و قاتری باری بۆمان دابین بفەرمێت. عەسر وەڵامی هێنا پاشا فەرموویە ئەسپ و هێستر سواری لە دەست ڕەسماندا نیە، چەند حوشترێك بۆ سواری و بارلێنان پێیان دەدرێت. بە توڕەییەوە وەڵامم دایەوە، ئەگەر لەم موسڵەدا یەخسیری ئینگلیسەکان ببم ئامادەنیم سواری حوشتر ببم. پاشا سەبارەت بەم وەڵامەی من وتبووی ئەگەر حوشتری ناوێت ئەوا پایتونێکی گاکێشی بۆ دەنێرم کە هەر تۆکەیان سواری بىن. سالار زەفەر بە ئارامی بە ئەسعەد بەگی ووت ئەگەر هەموومان بە پیادە ڕێبکەین ئاسانە بەڵام داواکارم دەستکەم ئەسپێك بۆ سەردار دابین بکەن، بارەکانیش دەخەینە سەر بایتونەکە. ئەسعەد بەگ ڕۆیشت، سەرلەنوێ هەواڵی هێنا، بە هیچ شێوەیەك وڵاخی سواری فەراهەم ناکرێت. بێچارەیی و حەقارەت و حەقنەناسی عوسمانیەکان بەڕاستی جێی سەرسامییە. لەم چەند ڕۆژەدا کە هەواڵی ئامادەبوون بۆ سەفەر پێمان ڕاگەیەندرابوو، جل و بەرگی سەفەرمان پۆشیبوو دەمانچە و دووربین و فیشەکدانمان لە خۆمان بەستبوو، هەر بەم قیافە و شێوەوە عەسران بۆ گەڕان و سەیرکردن دەڕۆیشتینە دەرەوە، لە پردەکە دەپەڕینەوە بۆ مەی خواردن تا شەوێکی درەنگ لە نێو باخ و باخچەکانی نزیك بە پردەکە دەماینەوە.

لەم کاتەدا لە حوسنی ئەفەندی و ئەو سەربازەی لەگەڵیدا بوو ڕامان دەسپاردن کە چەند پێیەك لە ئێمە دوورتر بوەستن، چەند شەوێك کە ئەم کارەمان دووبارە دەکردەوە ئەوان دڵنیابوون کە ئێمە کەسێك نین هەڵبێین و ئامادەین لەگەڵ لەشکرەکەدا بکەوینەڕێ.

شەوان کە بۆ ماڵ دەگەڕاینەوە و چراکانمان لەبەر خەوتن دەکوژاندەوە و سەربازەکان دەڕۆیشتن، شتومەکەکانمان پارچە پارچە بەهۆی خزمەتکارەکانەوە بۆماڵی سەید سلێمان ئەفەندی دەنارد، میعادگای کۆتاییمان بۆ کۆبوونەوەی شتومەکەکانمان (نەبی یونس) دەستنیشانکرد. ئەحمەد بەگ هەموو شتومەکەکانی لەگەڵ شەش تفەنگی، کە هەمانبوو، بەو ئەسپ و قاترەوە کە لە

پێشدا سەندرابوون بۆ نەبی یونس گوێزابۆوە، چونکە لە شاردا حکومەتی نیزامی بەرقەرار بوو، لە ڕاستیدا ئەگەر ئەحمەد بەگ و جل و بەرگە ئەفسەرییەکەی نەبووایە گوێزانەوەی ئەم جل و بەرگ و شتومەکانە ئاسان نەبوو.

چەند ڕۆژێك چاوەڕوانی هەواڵ بووین، لەلایەن کوڕەکەی سەید سلێمان ئەفەندییەوە، کە بۆ هاوردنی ئەسپ و وڵاخی باری بۆماڵی کوێخا خدر و کوێخا سەفەر بانیانی ڕۆیشتبوو. کات لە چاوەڕانی بەفیڕۆ دەچوو، سەرەنجام بڕیارماندا ئەگەر تا سبەی هەواڵێك نەگەیشت، شەو هەرچۆنێ بووە ڕێی هەڵهاتن بە پیادەیی بگرینەبەر، دوای ڕۆژێك بەیانی زوو سلێمان پەیدابوو، موژدەی هێنا کە کوڕەکەی کوێخا خدری بە پێنج سوار وهەشت ئەسپەوە ناردۆتە (نەبی یونس) و لەوێ چاوەڕوانمانن. ئەم هەواڵەمان وەکو کردنەوەی دەرگای ڕەحمەتی خوا زانی.

نیوەڕۆی هەر ئەو ڕۆژە ئەحمەد بەگ لەلای ماڵەکەمانەوە تێپەڕی، ئاماژەیەکی کرد، کوێخا عەلیمان ناردە لای ووتبووی خۆم هەموو شتومەکەکانم بردۆتە (نەبی یونس)، کوێخا خدر هاتووە و چەند وڵاخێکی هێناوە، باشترە بەپەلە چەند کەسێك بنێرێت بەسەر شتومەکەکانەوە ڕاوەستن. منیش کوێخا عەلی و کوێخا ئەکبەر و محەمەدم نارد کە لە نەبی یونس بمێننەوە و چاوەڕوانمان بن. نزیکەی عەسر وەك عادەتی ڕۆژانەمان بەناوی گەڕان و ڕابواردن و سەیرانەوە لەماڵ هاتینە دەر بەڵام ئەمجارە نیەتی گەڕانەوەمان نەبوو، گرفتی سەرەکی ئێمە چۆنیەتی ڕزگاربوون بوو لە ئەفسەر و سەربازە چاودێرەکانمان. سالار زەفەر ئەم بەرپرسیاریەتییەی گرتە ئەستۆ. بڕیارمان وابوو کە ئەو و هاوڕێکانی سەرگەرمی گەڕان و ڕابواردن بن تا من و ئیسماعیل خان و حوسنی ئەفەندی دەڕۆینە ماڵی ئەسعەد بەگ، بۆ تەئکیدکردن لەسەر ئەوەی کە سبەی زووتر بایتونەکە بنێرێت. کاتێ گەیشتینە ماڵی یوزباشی بینیم یەکجار غەمگین و ئەفسوردەیە، ووتی چەندجارێك سەبارەت بە تۆ لەگەڵ عەلی ئیحسان پاشادا دانوستانم کردووە، بەڵام چونکە یەزدان ئەم میللەتەی خۆپەرست و ناسوپاس خوڵقاندووە کاریگەرییەکی لە ئەودا نەبووە. لەنێوان قسەکانیدا حوسنی ئەفەندی خۆی لە دەرەکەوە نزیك کردەوە و گوێی دەگرت، یوزباشی قیڕاندییە سەریدا ووتی بێ ئەدەب بڕۆ هۆدەی خزمەتکارەکان و لەوێ چاوەڕوانبە. دوای ڕۆیشتنی ئەو، ووتی من بە بەرژەوەندی

نازانم بەرەو دیاربەکر بڕۆن، ئەم پیاوە دەمارگیر و یەك دەندەیە ڕێی تێدەچێت سەرت تیاببات و ئازارت پێ بگەیەنێت، تا هەفتەیەکی تر ئینگلیسەکان دەگەنە ئێرە و کاریان بەسەر تۆ و ئەمسالی منەوە نیە. وەڵامم دایەوە، لە تۆ سوپاسگوزارم، دەزانم ڕێگایەکی پڕ لە مەترسیم لە بەردەمدایە، بەڵام چارەیەکی ترم نیە، ئینگلیسەکان بگەنە ئێرە مسۆگەرە کە ئەسیرم دەکەن، منیش ئەسیری بۆ خۆم بە عار و ڕسوایی دەزانم، چونکە تۆ پیاوێکی بە ویژدان و شەرەفی پێتان ڕادەسپێرم وەك وەسیەتێك ئەگەر لەم سەفەرەدا کوژرام، تەرمەکەم هەرچۆنێ بووە بۆ ئێران ڕەوانەکەرەوە، کە ئەم قسەم کرد فرمێسك لە چاوی ئەسعەدبەگ هاتە خوارەوە و بەڵێنیدا ئەم کارە ئەنجام بدات. لەکاتی خواحافیزیدا بە دەنگێکی بەرزەوە کە حوسنی بەگ بیستی سەرلەنوێ تکام کرد کە سبەی هەرچی زووتر تا هەوا فێنکە بایتونەکە بنێرێت.

کاتێك گەیشتینە لای پردەکە بینیم سالار موقتەدر و یەدوللا خان و ئاغای موڕادی خزمەتکار هەر سێکیان لەوێدان. پرسیم سالار زەفەر لەکوێیە..!؟ ووتیان لە مەیدانی هەراجییەکە دایە. ووتمە حوسنی ئەفەندی بە سالار زەفەر بڵێ بۆ ئێرە بێت. دوای چەند چرکەیەك سالار زەفەر تەنها بە پەلە گەیشت و ووتی دوا مەکەون. حوسنی ئەفەندیم خەڵەتاند و ناردمە شوێنی (نووکی ڕەشدا) ئێستا کاتی دانوستان نیە، بەگشتی لە پردەکە بەرەو باخەکە و لەوێوە بەرەو نەبی یونس کەوتینەڕێ. لەنێو ڕێگادا بینیمان کەسێك بە پیادە بەرەو ئێمە دێت و سوارێك بە تاو بەرەو موسڵ دەڕوات، دووربینم هەڵخست سوارەکەمان ناسی کە ئەحمەد بەگە، ئیسماعیل خانم ناردە سەر ڕێگاکەی گەڕایەوە، پیادەکەیش کوێخا عەلی بوو کە هەردووکیان بۆ ڕێنمایی هاتبوون. ئەحمەد بەگمان بە تاو نارد کە بارەکان بار بکات، ئێمەش بە دوای ئەودا کەوتینە ڕێ. لەنێو ڕێگادا لە سالار زەفەرم پرسی حوسنی ئەفەندیت چی لێ کرد؟ ووتی پێم گووت ئاغای حوسنی ئەفەندی لەگەڵ تۆدا کارێکی تایبەتی و دانوستانم هەیە، ووتم دەزانیت کە نزیکەی شەش مانگە لە وڵاتەکەم بە دوورم، چونکە سەردار موقتەدر برای گەورەمە لەبەر ڕێزی ئەو ناتوانم لە ماڵدا ڕابوێرم، ئەمڕۆ لە دوو ئافرەت بەڵێنم وەرگرتووە کە سەرەتای شەو بێنە ئێرە، ئەگەر تۆ قبوڵ بکەی دەمەوێ ئافرەتەکان بێرمە ماڵی

هەر ئەو ئینزیباتەی هەڤاڵت کە لە بەردەم ماڵی ئێمەدایە، یەکێ لە ئافرەتەکان بۆ تۆ و ئەویتریان بۆ من، پێشنیارەکەمی بەو پەڕی مەیلەوە قبوڵکرد. دوو لیرەی ئاڵتونیم پێدا و تکام لێ کرد هەندێ مەشروب و مەزە بسێنێت و لیرەیەکی ترم پێدا کە هەندێ کەباب ئامادە بکات. بەڵێنم پێدا سەعاتێ لە شەو تیپەڕی ئافرەتەکان بهێنمە ئەوێ. ئێستا ئەو تا یەك دوو سەعات لە شەو تێ ئەپەڕێت سەرگەرمی ئامادەکردنی مەشروب و مەزە و کەباب و ماڵ ڕێکخستنە و چاوەڕوانی من و ئافرەتەکانە، تا ئەو ئاگاداربێت ئێمە ڕۆیشتووین و تا دەستبەکاربێت ڕاپۆرتی بدات کە بەدوای ئێمەدا بگەڕێن، ئێمە چەندین فەرسەخ لە موسڵ دوورکەوتووینەتەوە. لەگەڵ ئەو هەموو دڵەڕاوکە و پەژارەیەدا کە هەبوومان لەم کارەی سالار زەفەر زۆر پێکەنین.

نزیکەی خۆرئاوا گەیشتینە (نەبی یونس) کوێخا خدر و کوێخا سەفەر بانیانی و چەند سوارێکی تر بە وڵاخەکانەوە چاوەڕوانمان بوون و ئەوانە هەموویان موریدی سەید سلێمان ئەفەندی و ئاشنای ئەحمەدبەگ و پەیڕەوی تەریقەتی (ئەهلی حەق) بوون.

نیو سەعات لە شەو تێپەڕیبوو لە نەبی یونس سواربووین، سەرجەم هەڵهاتووەکان دە کەس بوون، کە بریتی بوون لەمانە: من و سالار زەفەر و سالار موقتەدر و ئەحمەدبەگ ئەفسەری هەڵهاتووی عوسمانی و ئیسماعیل خانی موجاهید و نایب یەدوللا خان ئەفسەری جەندرمەی ئێران کە لە کەرکوك بووبووە هاوڕێی سالار زەفەر و کوێخا عەلی کوڕی کوێخا سەلیم و کوێخا ئەکبەری سەنجاوی و ئاغا موڕادی خزمەتکارم و موحەمەد خزمەتکاری سالار موقتەدر.

ئەم کۆیە سەرجەم شەش تفەنگ و چەند دەمانچەیەکمان هەبوو، دوو هەزار لیرەکەیش من و سالار زەفەر و سالار موقتەدر لەنێوان خۆماندا دابەشمان کرد و لە پشتوێن و بازیبەندەکانماندا شاردمانەوە، و هەندێ پارەشمان بە هاوڕێکانمان دا بوو بۆ ئامادەکردنی پێویستیەکانی سەفەر و خەرجی ڕێگاکەیان.

لەگەڵ خۆرهەڵاتندا گەیشتینە ڕووباری (گوڕ) زێی گەورە، لە ڕووبارەکە بە بەلەمێ، کە هی خاوەنی گوندەکە بوو، پەڕینەوە، چونکە گوندەکە نزیك بوو تا ماڵی کوێخای گوندەکە بە پیادە ڕۆیشتین. چایی و بەرچایی بەیانییان بۆمان

هێنا، سەعاتێك حەساینەوە، بەپێی بەڵێنیك كە لەنێو ڕێگادا كە كوێخا خدر دابووی پێمان تكامان كرد كە وڵاخێكی سواری بە قیمەتێكی دادوەرانە پێمان بفرۆشن و چەند سوارێكیش لە هۆزەكەیان تا گوندی مەلا ئەفەندی و جەمیل ئەفەندی، كە قۆناغی دووەممانە، لەگەڵماندا بنێرێت، ووتیان ناردوومانە كوێخاكانی تریش بێن تا وڵاخی سواری پەیدا بكەین، و چەند كەسێك دەستنیشان بكەین تا هەولێر لەگەڵتان بن. خواردنی نیوەڕۆیان هێنا خواردمان، دوای نەهار خواردن ئەو كوێخایانەی كە هاتبوون مەجلیسێكی تەكبیر و تاوتوێكردنی بیروڕایان لەنێو خۆیاندا دامەزراند، ئەحمەد بەگمان نارده لایان تا دانوستان لەگەڵیاندا بكات ووتبوویان ناردوومانە وڵاخەكان بهێنن، تا عەسر هەواڵێك نەبوو، سەرلەنوێ ئەحمەد بەگمان نارده لایان. دوای یەك سەعات گفتوگۆ یەكێ لەوان هاتە لامان و لەلایەن هەمووانەوە گووتی یەكەم وڵاخی فرۆشییان نییە، دووەم لە حەقیقەتدا ئێمە لە میری دەترسین و ناتوانین یارمەتی ئێوە بدەین بەتایبەت لە هاوسێیەتی ئێمەدا هۆزی دزەیی دوژمنمانە و دەبنە هۆی ماڵ وێران كردن و خراوكردنمان. ئاشكرابوو كە ئەم كۆبوونەوە بەم مەبەستەوە كراوە كە هەواڵ بگەیەننە مەركەزی جەندرمەی عوسمانیەكان كە سێ فەرسە خی لەم گوندەوە دووره و چاوەڕوانی وەڵامی ئەوانن. سەیرمانكرد چاوەڕوان كردن بێ سوودە بێ ئەوەی كوێخاكان بزانن بە هەر شێوەیەك بوو ماینێك كە بیست توومەنی نە ئەهێنا بە قیمەتی بیست لیرە سەندمان، و شتومەكەكانمان باركرد و نزیكەی خۆرئاوا بارەكانمان خستە پێشمانەوە و خۆمانیش پیادە كەوتینە دوای بارەكان. بەگوێی خۆم دەمبیست كە هەموویان بە ئێمە پێ دەكەنین و دەیانگوت قەیناكە سەرۆك و سەرداره ئێرانیەكان بهێڵە با هەندێ بە پێی ڕێبكەن.

## بەرزی و نزمییەكانی سەفەر

لەم مێژووەوە تاڵیو شیرینیەكانی سەفەره پڕ لە ڕووداوەكان لە موسڵەوە تا تاران دەستی پێكرد، گوایە هەر تاڵی و ناخۆشیەكانی ئم سەفەره ئەزموونێك بوو، كە بێ توانایی و هیچ و پوچی خۆمان دەرك بكەین، و هەر دەرگا كرانەوەیەك و خۆشی و شادومانیەك كە لەمەولا تووشی دەبووین بەرەو ڕوومان دەبووه و

ناچارمانی دەکرد تا زیاتر بە ڕەحمەت و عینایەتی بێ پایانی پەروەردگار ئیمان بێنین.

نیو فەرسەخێ کە لە گوندەکەوە دوورکەوتینەوە گەیشتینە گەردنەیەك، لە گەردنەکەوە سەرەولێژ بووینەوە، لە دۆڵێکدا تا خۆرئاوابوو ماینەوە. هەر لەوێدا کە دانیشتبووین سەیرمان کرد دوو کەسی پیادە بەدواماندا دێن. کەوتینە بیر و خەیاڵەوە، ڕێی تێدەچێ لەلایەن کوێخاکانەوە هاتبن تا ئێمە بە هۆزی دزەیی بناسێنن، بۆئەوەی ڕووتمان بکەنەوە. بڕیارماندا هەردووکیان بگرین و دەست وپێیان ببەستینەوە. هەر کە نزیك بوونەوە و ئێمەیان بینی سەد پێیەك لە ئێمەوە دوورتر دانیشتن. بانگیانمان کرد و کەوتینە لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا، بینیمان نایانەوێ ناسنامەی خۆیان ئاشکرا بکەن، هەر یەکێکیان کۆڵێکیان بەسەر شانەوە بوو، پرسیمان کۆڵەکەتان چیە؟ ووتیان شتومەکێکە کە بە سواڵکردن کۆمان کردوەتەوە، فەرمانماندا کۆڵەکانیان بکەنەوە، ئەمجارە ووتیان ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئێمە هەردووکمان سەرباز بووینە لە جەبهەی حەلەبدا، دوای سەرکەوتنی ئینگلیزەکان و لەناوچوونی هێزی عوسمانیەکان هەڵهاتین و ئەم بارو کۆڵە جلوبەرگە سەربازییەکانمانە، کاتێ کۆڵەکانیانمان کردەوە لە ڕاستی قسەکانیان دڵنیا بووین.

دوایی لەنێو خۆماندا کەوتینە شۆرەوە کە چی بکەین شەو ڕێبکەین یاخود ڕۆژ لە لاڕێگەوە بڕۆین، یاخود ڕێگای گوندەکان بگرینەبەر؟ کوێخا عەلی گووتی با تیر و پشك بکەین، بە قسەکەی زۆر پێکەنین، ئەنجامی تیر و پشکەکەی ئەو ئەوەبوو پێویستە ڕۆژ لە لاڕێگەوە ڕێ بکەین، بەڵام من بەم بۆچوونە ڕازی نەبووم، ووتم هەر ئەمشەو حەرەکەت دەکەین و ڕێگای گوندەکان دەگرینە بەر، و نەخشەی ڕۆیشتنمان بەم شێوەیە دامەزراند کە ئەحمەد بەگ بە جل و بەرگی ئەفسەری تورکەوە بکەینە سەرکردەی خۆمان، ئەو دوو ئەفسەرە هەڵهاتووەمان کە یەکێکیان چاووش بوو دڵنیا کرد کە ئەگەر لەگەڵ ئێمەدا بێن زیانێکیان لێ ناکەوێت و ئێمە دەیانپارێزین، و پێیانمان ڕاگەیاند کە جل و بەرگە سەربازییەکەیان لەبەر بکەن. نایب یەدوللا خان کە جل و بەرگەکەی نیزامی بوو و لە پلەدارە نیزامیەکانی تورك دەچوو کردمانە ئاجودان و پارێزەری ئەحمەد بەگ، ئیسماعیل خان کە جل

و بەرگی موجاهیدینەکانی لەبەردا بوو، ئەویش وەك سەربازەکان وابوو، کردمانە سەردەستەی خۆمان. بەڵام ئێمە بە جل و بەرگی عەشایرییەوە ماینەوە. ئەحمەد بەگ کە چەند ساڵێك لە دەوری فەرماندەیی خەلیل پاشا و عەلی ئیحسان پاشادا لە لەشکری پێنجەمدا خزمەتی کردبوو، چەند بەرگە کاغەزێکی مۆرکراوی نیزامی هەڵگرتبوو، پێمان ڕاگەیاند بەخەتی خۆی بەسەر ئەو کاغەزانەوە بە زمانی تورك فەرمانێ لەلایەن پاشاوە بۆ سەرکردە و کوێخا و خەڵکی دزەیی بنووسی کە ئەحمەد بەگ کارێکی گرنگی پێ ڕاسپێردراوە و پێویستە بەگشتی سەبارەت بە داخوازییەکانی و ویستەکانی کۆمەکی و یاری بکەن، و ئیمزا و واژوویەك وەك واژووی پاشامان لە خواری فەرمانەکەوە نووسی.

بەم شێوەوە کەوتێنەرێ، گەیشتینە یەکەمین گوندی تایفەی دزەیی، ئەحمەد بەگ لەگەڵ یەدوڵلا خان و ئیسماعیل خان چاوش کەوتنە پێشەوە، هاتینە نێو گوندەکەوە. بە پیشاندانی فەرمانە ساختەکە کەسێکی شارەزامان لەو گوندەوە وەرگرت و بەردەوام بووین لە ڕۆیشتندا، لە گوندەکەی تردا دەلیلەکەمان مەرەخەس کرد وڕێنما و دەلیلێکی ترمان وەرگرت، و بەرەو گوندێ، کە بە تورجان بەناوبانگە، کەوتینەڕێ. کەم کەم کاریگەری هیلاکی و خەستەییمان لە پێماندا هەست دەکرد. چاووشە هەڵهاتووەکە لەگەڵماندا ڕێگاوبان و کۆڵانەکانی تورجانی بەچاکی دەزانی، چونکە چەندین ساڵ خزمەتکاری یەکێ لە دەرەبەگەکانی ئەو گوندە بووە. بەیانی زوو بە حاڵێکی خەستە و پێی زامدارەوە گەیشتینە تورجان. بەو چاووش و سەربازەی ترمان ڕاگەیاند سەبارەت بە ئێمە هیچ شتێك باس نەکەن، ئەوان خۆیشیان هەڵهاتوو بوون، لە ئێمە زیاتر ترسیان هەبوو.

ئەحمەد بەگ و چاووش ڕۆیشتنە بەردەم ماڵی یەکێ لە خاوەنەکانی گوندی تورجان، خۆی لە ماڵدا نەبوو، یەکێ لە خزمەتکارەکانی کەوتە بەرمان و لە ماڵێکی چەند هۆدەیەدا لە دەرەوەی ماڵەکەی جێی کردەوە، بارەکانمان داگرت و چەند سەعاتێ خەوتین. لە خەو هەستاین قۆماندان ئەحمەد بەگ فەرمانە ساختەکەی خستەڕوو، فەرمانی دا بە پەلە چەند نان و هێلکە و توراغ بە پارەی خۆمان بسێنن، خۆمان شەکەر و چایی و کتری و قۆری و چەند پیاڵەیەکمان

پێبوو، چاییمان ئامادە کرد، خزمەتکارەکانمان سەرگەرمی کەباب دروستکردن بوون، هەندێ لە خەڵکی گوندەکە لە دەوروبەرماندا کۆبوونەوە، پێمان ووتن چەند ماینێکمان پێویستە بە پارە دەیسێنین، یەکێ لەوانە ووتی ماینێکی فرۆشیم هەیە. رۆیشت ماینێکی لێکەوتوو مەفلۆوکی هێنا، ئەگەر یابویەکمان سەندبایە لەوە چاکتر بوو. ئاماژەم بۆ سالار زەفەر کرد هەر قیمەتێکی ویست بە پەلە بیدەرێ، قیمەتەکەیم پرسیارکرد ووتی بە نۆ لیرە سەندمە و کەمتر نایدەم، ئێمەش بە پەلە نۆ لیرەی زێڕمان داپێی، ئەوانی تر کە چاویان بە لیرەی زێڕ کەوت هەر یەکێکیان لە لایەکەوە دەیگووت من ماینێکی چاکترم هەیە. لە ماوەی سەعاتێکدا نزیکەی بیست سەر ماینیان هێنا نواندیان، چونکە لەنێوان فرۆشەرەکاندا کێبەرکێ هەبوو نەیانتوانی لە قیمەت زیادکردندا زیادەڕەویی بکەن. حەوت سەر ماینمان بە زین و بەرگی خراپەوە سەند.

خواردەمەنی نیوەڕۆمان خوارد و بارەکانمان بارکرد وسواربووین، بە ڕێنمایی شارەزایەك ڕێگای گوندی باد ئاوامان کە موڵکی جەمیل ئەفەندی و مەلا ئەفەندی بوو، کە ئاشنای هەردووکیان بووین، گرتە بەر. جەمیل ئەفەندی زاوای شێخ حوسامەدین ڕەهبەری گەورەی تەریقەتی نەقشبەندی بوو، خودی شێخ سەبارەت بە من لوتف و نەوازشت و دۆستیی دێرینی هەبوو، چەند نامەیەکی بەهۆی جەمیل ئەفەندییەوە بۆم ناردبوو، و نامەیەکی ئاگا لێبوونم بەهۆی منەوە بۆی نووسبوو. لەنێو ڕێگەدا بە هەرکەس دەگەیشتین سەبارەت بە لەشکری عوسمانیەکان لە هەولێردا پرسیارمان دەکرد، هەموویان دەیانگووت دوێنێ خۆرئاوا هەولێرییان چۆڵکرد، وادیارە ئێمرۆ ئینگلیسەکان هاتوونەتە نێو شارەوە.

نزیکەی خۆرئاوا کە گەیشتینە نیو فەرسەخی هەولێر بینیمان نزیکی سەد سوار لە ڕێگای سەرەکیەوە، کەمێ دوورتر لە ڕێگاکەی ئێمەوە، بە خۆشی و شادییەوە ڕمبازی دەکەن، بە هاوڕێکانمان ووت کە لە پاڵ چاڵ و جۆگە و کارێزەکاندا خۆیان بشارنەوە. من و ئەحمەد بەگ چووینە سەر بەرزاییەك و دووربینمان هەڵخست، بینیمان کە سەرجەم سوارەکان جەندرمەی عوسمانین، لەوەی کە هێشتا ئینگلیسەکان نەهاتبوون شادومان بووین. هەر لەوێدا ماینەوە تا سوارەکان تێپەڕین، دوایی ئێمەیش کەوتینە ڕێ.

نزیکەی حەوت سەعات لە شەو تێپەڕی گەیشتینە گووندی بادئاوا، لە خەڵکی گوندەکە شوێنی ماڵی مەلا ئەفەندی و جەمیل ئەفەندیمان پرسیارکرد ووتیان هەردووکیان ڕۆیشتوون بۆ شار. ڕۆیشتینە ماڵی سەرکارەکەی جەمیل ئەفەندی، دەرگاکەیان کردەوە و چاویان بە جل و بەرگی سەربازی کەوت ترسان، دڵنیامان کردنەوە کە سەرباز نین، کە پیشەی دەستدرێژی و ستەممان هەبێت، دۆستین و خزمی جەمیل ئەفەندین. هەندێ پارەمان دا بە خاوەن ماڵەکە کە بۆمان و وڵاخەکانمان هەندێ کا و جۆ و بۆ خۆمان هەندێ نان و هێلکە و شتی تر بهێنێت. هەر کە پارەکەی بینی دڵنیا بووەوە و ئیشەکانی ڕووبەڕووی هاوسەرەکەی کردەوە و خۆی لە لاماندا دانیشت. کاتێ کە سەرگەرمی گفتوگۆکردن بووین، لە دیواری هاوسێکەیەوە، کەسێك سەری کێشا و خاوەن ماڵەکەی بانگ کرد، ئەمیش ڕۆیشت، دوای کەمێك گەڕایەوە. پرسیمان کێ بوو؟ و چی دەویست؟ ووتی کوڕی محەمەد ئەفەندی برای جەمیل ئەفەندی بوو، سەبارەت بە ئێوە پرسیاری دەکرد و دەکۆڵایەوە. پرسیم محەمەد ئەفەندی خۆی لە کوێیە؟ ووتی لە هاوسێیەتی ئێمەدایە. ئەومان نارد کە تکا بکات بۆ بینینمان تەشریف بێنێت. زۆری پێنەچوو پیاوێکی بە ویقار لە تەمەنی شەستساڵیدا کە کەوایەکی قووچانی لەبەردابوو، هاتە ژوورەوە، سڵاوێکی بە ڕێزەوە کرد، وەڵامێکمان بە ڕێزەوە دایەوە. هەر کەبینی ئێمە بەسەر زەوییەکی بێ فەرش دانیشتووین، بە خاوەنی ماڵەکە جنێوێکی دا و ڕۆیشت و گلیمێکی ڕاخستە ژێرماندا. لەمنی پرسی تۆکێیت..؟ و لە کوێوە هاتوویت..؟ وەڵامم دایەوە، مەحمود خانی دزڵی هەورامیم، لە موسڵەوە هاتووم، و پێشینەی دۆستایەتیشم لەگەڵ جەمیل ئەفەندیدا هەیە. سەبارەت بە ئەحمەد بەگ و یەدو للا خان و ئیسماعیل خان پرسیاری کرد، ووتم هەرسێکەیان خاوەن پلەی عوسمانین و بە فەرمانی عەلی ئیحسان پاشا و شێخ حوسامەدین هاتبوونە ماڵەکەم و بەیەکەوە ڕۆیشتین بۆ موسڵ و ئێستاکە دەگەڕێینەوە.

بە پەلە خزمەتکارەکەی نارد، لە ماڵەکەی خۆی سەماوەریان هێنا و چاییان دروست کرد، دوایی ووتی لەبیری ئامادەکردنی خواردنی ئێوارەدا مەبن، ئەوەی خوا بەشی کردبێت خواردن لە ماڵی ئێمەوە دەهێنین. ووتی من برای جەمیل ئەفەندیم ماڵی من ماڵی تۆیە، دوای چای خواردن تەشریف بێنە ماڵەکەم، لەوێ

پتر ڕەحەتتر و ئاسوودەتر دەبیت. لە حەقیقەتدا خزمەتی سادە و بێ ئالایش و ڕیا و مهرەبانیەکەی هیلاکی و خەستەیی لە بەدەنماندا نەهێڵا.. تکام لێ کرد ئەگەر لە توانادا هەیە، لەڕێگەی پیاوێکی متمانە پێکراوەوە نامەیەك بۆ جەمیل ئەفەندی بنێرم، و پێویستە ئەو نامەیە بگاتە دەستی خۆی. ووتی چونکە شار حکومەتی نیزامی تێدا بەرقەرارە بەشەو ڕۆیشتنە نێو شار مەحاڵە، نامەکە بنووسە سبەی زوو کوڕەکەم دەنێرم بۆئەوەی جەمیل ئەفەندی بگەڕێتەوە. دوایی سەبارەت بە بارودۆخی موسڵ پرسیاری کرد. ووتم عوسمانیەکان لە سەرجەم جەبهەکانی شەڕدا شکستیان هێناوە، شام وحەلەبیان لەدەست چووە، ئەبێت کەرکوکیشیان چۆڵکردبێ. ووتی بەڵێ، ئینگلیسەکان دوێنێ ئالتون کۆپرییان داگیرکرد. پرسیم تا ئێمە لە موسڵ بووین هێشتا شەڕ نەوەستابووەوە و هودنە جاڕ نەدرابوو. ووتی دوێنێ شەو بە فەرمی بڵاوکرایەوە فەرماندەی نیزامی هەولێر بە پێی فەرمانێ کە پێی درابوو، سەرگەرمی چۆڵکردنی شار بوو، نزیکەی نیوە شەو لە پاشاوە فەرمانێکی تەلوگرافی گەیشت، کە شەڕ وەستاوەتەوە و هودنە بەرقەرارە و دەست لە چۆڵکردنی شار هەڵگرن، لە شوکرانەی ئەم فەرمانەوە نزیکەی دوو سەعات خەڵکی شار و دوو سەد سوارێك کە لە لای فەرماندە مابوونەوە لە خۆشیدا تەقەیان دەکرد و ئۆردووەکەیان گەڕاندەوە. لەنێوان دانوستانەکەدا پرسی عەلی ئەکبەر خان سەردار موقتەدر کە لە موسڵ بوو، چی دەکرد، و عوسمانیەکان چیان بەسەردا هێنا؟ وەڵامم دایەوە ئێمە بە تایبەت بۆ دیداری ڕۆیشتین، لە ڕەوشت لاری پاشا و توندوتیژی عوسمانیەکان یەکجار مەلول و دلگران بوو، دەستی کردە جنێوان بە پاشا و سیاسەتی چەوتی تورکەکان. هەر کە لە بیروڕای دڵنیابووم بەهێواشی پێمگووت من سەردار موقتەدرم و ئەمانە سالار زەفەری برام و سالار موقتەدری برازامە. دەستی کردە عوزر هێنانەوە، ووتی لە سەرەتاوە کە بینیتم بەدڵما هات کە تۆ دەبێ سەردار موقتەدر بیت. ئێمەی بەپەلە بردە ماڵەکەی، خواردنی ئێوارەیان هێنا خواردمان و لێفە و دۆشەکیان هێنا، دوای دوو شەو هیلاکی و خەستەیی حەساینەوە.

سبەی زوو لە خەو هەڵسام خەریکی بەرچایی خواردن بووین، کە جەمیل ئەفەندی گەڕایەوە و بە میهرەبانیەوە لە ئامیزمی گرت. بە درێژی سەبارەت بە

ڕەفتاری عوسمانیەکان و هەڵهاتنم لە سەرەتاوە بۆی گێڕایەوە و تکام کرد هەرچی زوو تـرە وەسـیلەی بـەردەوامی سـەفەرمان بـۆ بڕەخـسێنێ. پرسـی لـە چـی ڕێگایەکـەوە دەتـەوێت بڕۆیـت..؟ ووتم لـە ڕێگـای عەشـیرەتەکانی کوێـسنجەق و پشدەرەوە، یان لەڕێگای شـوان و شـێخ بزێنـی[1] و ئەحمەدوەنـدی چـەلەبییەوە[2]. ووتی لە هەر ڕێگایەکەوە بڕۆیت پێویستە شێخ مـەعروف، هاوکاریتـان بکـات، مـن یـەکێك لـە خزمـەکانی خـۆم تـا مـاڵی ئـەو لەگەڵتانـدا دەنێـرم، نامەیەکیـشی بـۆ دەنووسم کە براکەی یان کوڕەکەی تا ناوچەی پشدەر لـە گەڵتانـدا ڕەوانـە بکـات. لەم بەینەدا هەواڵیان هێنا کە دوێنێ (سەدرەدین) برای شێخ مەعروف و کوڕەکەی بۆ شتومەك سـەندن هاتوونەتـە هـەولێر و ئـەمڕۆ دەگەڕێنـەوە. جـەمیل ئەفەنـدی بەپەلە کەسێکی نارد بۆ شار کە بۆ بادئاوا بیانهێنێت.

دوای خواردنی خواردەمەنی نیوەڕۆ و (نەهار) جەمیل ئەفەنـدی نامەیـەکی لـە (شێخ حوسامەدین)ەوە خستەڕوو کە بۆی نووسیبوو، بە ئامادەبوونی خـۆت پێـتم ڕاسـپاردبوو عـەلی ئەکبـەرخان سـەردار موقتـەدر دۆسـتێکی نزیکـی منـە، هـەر هاوکارییـەك کـە پێویـست بێـت سـەبارەت بـە ئـەو درێغـی نەکـەی. ئینجـا ووتـی سـوێندت دەدەم بـە گیـانی شـێخ حوسـامەدین هەرچیت پێویـستە بیفەرمـە، مـن دەتوانم بۆ خەرج و مەسرەفی تۆ تا هەزار تومان بڕەخـسێنم. ووتم بـەگیانی شـێخ حوسامەدین پێویستیەکم بە پول و پارە نیە، بەڵام ئەگەر لە وزەدا هەیە، ماینێکی چاك بە زین و بەرگەوە بسێنین سوپاسگوزار دەبین.

بەپەلە نـاردی ماینێـك بـەزین و بەرگـەوە بـە قیمـەتی حـەفتا تومـان سـەند و هاوردیان ، زۆری پێنەچـوو بـرا و کوڕەکـەی شـێخ مـەعروفیش گەیـشتن. جـەمیل ئەفەندی بە دوو شێخەکەی گووت ئەم زاتە مەحمودخانی هەورامییـە لەگـەڵ شـێخ حوسامەدیندا دۆست و مەنسوبە، زەحمەتی ئێمە بۆتان ئەوەیە کە ئەم ئاغایانە تا ماڵی شێخ مەعروف بگەیـەنن، خۆشـم نامەیـەك دەنێرمـە خزمـەتیان، تکـا دەکـەم یەکێ لـە ئێـوە تـا نێـوان هـۆزی پـشدەر بیانگەیـەنن. خـۆمیش بـە ئـەوانم گـووت ئاغاکان ئێوەیش شێخ و سەیدن، من نـاوی خـۆم لـە ئێـوە ناشـارمەوە، مـن عـەلی

---

[1] ئەم ناوە لەجیاتی (هەمەوەند) لە ئێراندا بەکارهاتووە.

[2] شێخ برینی نووسراوە، ڕاستەکەی شێخ بزینی یە.

ئەکبەرخانی سەنجاویم و ئەمانەیش سالار زەفەر و سالار موقتەدری برا و برازامن. هەردووکیان وەڵامیان دایەوە پیرۆزە خوای گەورە موەفەقمان بە خزمەتی نموونەی ئێوەمانان بکات. شێخ (سەدرەدین) ووتی ماوەیەك شێخ مەعروف لە قەسری شیریندا میوانی خوالێخۆشبوو باوکت بووە، هەمیشە ئارەزوومەند بووینە لە پاداشتی ئەو زەحمەتەدا خزمەتێکتان پێبکەین، سوپاس بۆ خوا کە ئارەزووەکەمانی بەراووردکرد و لە خزمەتتاندا دەبین.

لەم بەینەدا هەواڵیان هێنا کە مەلا ئەفەندیش بۆ کۆشکەکەی گەڕاوەتەوە، لەگەڵ جەمیل ئەفەندیدا سواربووین، ڕۆیشتین بۆ بینینی. سەیری باخ و باخچەکەیمان کرد. دوای چایی خواردن، عەسر لە هەمووان خواحافیزیمان کرد بەرەو ماڵی شێخ مەعروف کەوتینەڕێ کە سی فەرسەخ دوور بوو نزیکی شەو گەیشتینە ماڵی شێخ مەعروف، کوڕەکەی پێش ئێمە ڕۆیشتبوو ڕووداوەکەی بۆ باوکی گێڕابووەوە. کاتێك گەیشتینە ئەوی ٚ بە ئەندازەیەك ڕێز و میهرەبانیان نواند کە بیرەوەرییە شیرینیەکەی هەمیشە لە یادما ماوەتەوە، برا و کوڕانی شێخ تا پێنج سەعات لە شەو تێپەڕیبوو لە خزمەتماندا سەرگەرم بوون.

جگە لە ئێمەیش جەمعێکی زۆری تریش میوانیان هەبوو، بەپێی بارودۆخی خزمەتەکەیان ڕوون بوو کە پیاوێکی میوان نەوازە. لە یەکەم ڕۆژی هیجرەتمانەوە تا ئەو شەوە شەش مانگ تێپەڕیبوو، جگە لەو چەند ڕۆژەی کە لە ماڵی عادیلە خانمی هاوسەری عوسمان پاشای جافدا میوان بووم، پلاوی برنجم بەچاو نەبینیبوو.

سبەی لە خۆرهەڵاتندا بەرچاییان هێنا. مۆڵەتی ڕۆیشتنمان خوازی شێخ ووتی خەیر نابێت، پێویستە بەکەمەوە دووشەوی تر لێرە بمێننەوە. لە خزمەتە چاکەکەیان سوپاسگوزاریمانکرد. ووتی میوانداری و خزمەتی هاوڕەگەزان ئەرك و وەزیفەی هەر مرۆڤێکە، بەڵام من قەرزداری تایبەتی ئێوەم، چەند ساڵێك لەمەو پێش سێ شەو میوانی باوکت (سەمسام ئەلمەمالیك) بووم. هەرچۆنێ بێ عوزرەکەمانی قبوڵکرد، مۆڵەتی ڕۆیشتنی پێداین و شێخ (سەدرەدینی) برای ڕاسپارد تا دەگەینە نێو هۆزی پشدەر لەگەڵماندا بێت. لە حەقیقەتدا تا زیندووم میهرەبانیو دڵسوزیو هاوڕێیەتیو خزمەتەکانی شێخ مەعروف و خزمەکانی لەیاد

ناکەم، و یەکێ لە ئارەزووەکانم هەمیشە ئەوەبووە و هەیە کە خوا یاریم بدات ڕۆژگارێ بتوانم خزمەتێکی شایان بە شێخ و کوڕەکانی و خزمەکانی ئەنجام بدەم.

نزیکەی نیوەڕۆ گەیشتینە گوندێکی شێخ مەعروف، کە سی فەرسەخ لە ماڵەکەیانەوە دوور بوو، خواردنێکی سوکی نیوەڕۆمان خوارد، کەوتینەڕێ و نزیکەی ئێوارە گەیشتینە یەکێ لە گوندەکانی (کۆی سنجق)، لەماڵی یەکێ لە خاوەن موڵکەکان دابەزین، کا و جۆی وڵاخەکانمان سەند، بەڵام شیوی شەومان خاوەن ماڵەکە گرتیە ئەستۆ. دوای ڕۆژێك نێوەڕۆ گەیشتینە گوندێك کە دەیانگووت سەرجەم خەڵکەکەی سەیدن وکشتزار و لەوەڕگاکانیان بەشێوەیەکی بنەماڵەیی لەنێوان خۆیاندادا دابەشکردووە. سەیرمان کرد وەسیلەی شایی و دەهۆڵ و زوڕنا بەرپا کراوە و جەمعێ ژن و پیاو دەستمان گرتووە و بەشێوەی کوردی هەڵدەپەڕن، خەڵکی گوندەکەیش بۆ تەماشاو خۆشگوزەرانی لە ماڵەکانیان هاتوونەتە دەرەوە و فەرش و گلیمیان لەملاولا داخستووە و دانیشتوون، هەر کە ئێمەیان بینی دوو کەس بەپەلە بەرەو گوندەکە ڕایانکرد و لەماڵێك دووپارچە فەرشیان هێنا و لە گۆشەیەکی خاڵی جواندا دایانخست، و لەو ماڵانەوە خواردنی نێوەڕۆیان بۆ هێنایین. لە شێخم پرسی وادیارە ئەم ماڵە ماڵی گەورەی گوندەکەیە. ووتی خەیر ئەمانە چەند بنەماڵەیەکن لە هەر بنەماڵەیەك کەسێك دەستنیشان دەکەن و میوانداری لەنێوان خۆیاندا دەکەنە نەوبەت و هەر کەسێك لە نەوبەتی خۆیدا بەرپرسی خزمەت و میوانداری ئەو میوانانەی کە دێنە نێو گوندەکەیانەوە وئەو خزمەتە دەگرنە ئەستۆ. لە ڕووخۆشی و ڕەوشت چاکی و میوانداری ئەم سەیدانە زۆر چێژم وەرگرت، بەڵام بەداخەوە خۆشی و ئارامی و ژیانی ئەمانە وەکو دەیانگووت هۆزی پیرانی[1] هاوسێیان بەسەرکردایەتی پیاوێکی دەست درێژکەری وەك سوار ئاغا بەردەوام تێك دەدرێت و دەشێوێت.

کاتێ نزیکی ئەم گوندە بووینەوە لە دەوروبەریدا دوو سوارمان بینی کە تانجیان رس کردبوو، سەرگەرمی ڕاوکردن بوون، ئەوان کە ئێمەیان بینی دەستمان لە ڕاو هەڵگرت و بەرەو ئێمە هاتن، نەگەیشتنە من و شێخ نەسرەدین چونکە کەمێك لەپێش ئەوانەوە بووین، سالار زەفەر و سوارەکانی تریان بینی بوو،

---

[1] ئەم هۆزەم نەبیستووە.

له سالار پرسیار دەکەن، خەڵکی کوێن؟ وەڵام دەدەنەوە ئێرانین و ئەم چەند کەسە خاوەن پلەیشە لەلایەن عەلی ئیحسان پاشاوە بەرپرسن، سالار لێیان دەپرسیٚ ئێوە لە چی هۆزێکن؟ دەڵێن ئێمە لە عێلی بلّباسین و لە خزمانی سوارە ئاغاین، سالار پێیان دەڵێت ئێمە ئەمشەو میوانی سوارە ئاغاین. دەڵێن عەیبی نیە. سالار زەفەر گەیشتە ئێمە و ووتی ئەم دوو سوارە لە خزمەتکارەکان و خزمانی سوارە ئاغابوون. پرسیم لە خوورەوشتی عێلایەتیان چی تێگەیشتیت؟ ووتی هەروەکو هیچیان نەگووت، بەڵام لە حەقیقەتدا سیما و روویان دۆستایەتی تێدا بەدی نەدەکرا.

خواردنی نیوەڕۆمان خوارد، لە سەیدە میوان نەوازەکان خواحافیزیمان کرد و سواربووین، نیو سەعاتی بۆ خۆرئاوا مابوو گەیشتینە یەکەمین گوند لە گوندەکانی سوارە ئاغا. لەیەکێکمان پرسی لێرەوە تا ماڵی سوارە ئاغاچەند دوورە؟ ووتی سەعاتیٚ کەمتر، بەڵام ئەگەر کارتان بە سوارە ئاغا هەیە، خۆی لێرەیە و شەویش لێرە دەمێنێتەوە. نزیکەی دە سواری تریش کە کەسیٚ سەرکردایەتی دەکردن، پێشتر لە ئێمە گەیشتبوون، ئێمەیش دەستمان لە ڕۆیشتن بۆ ماڵی سوارە ئاغا هەڵگرت.

بەدوای سوارەکاندا هاتینە گوندەکە، کوێخای گوندەکەوە لە ڕێزدارەکان و بەگزادەکانی ئەو هۆزە بوو و دیوەخانەیەکی لە دەرەوەی ماڵەکەی بوو کە گەیشتینە بەر دەرگای ماڵەکە هەر وەکو سیٚ کەس وەستابوون کەسێکیان نەهاتنە پێشوازیمانەوە، پیادەبووین و سەلاممان کرد، کەسێك وەڵامی نەدایەوە شێخمان خستە پێش خۆمانەوە و ئێمەیش بە دوایدا هاتینە نێو دیوەخانەکەوە، شێخ سەڵاوی کرد و وەڵامیان دایەوە بەڵام بە سەڵاوەکەی ئێمە کەسیٚ وەڵامی نەدایەوە ئێمەش ملکەچانە وەکو مسکێنەکانی ڕەعیەت لە خوارەوەی مەجلیسەکەدا دانیشتین. کەسێك بە فیزە وەستابوو خۆی لە خزمەتکارەکانی تر زیاتر دەنواند، سالار ووتی ئەمە هەر ئەو سوارەیە لە نێو ڕێگادا بینیمان، پێمگووت وادیارە شادمانی و خۆشحاڵییەکەی هۆی مژدەیەکە کە بە سەرۆکەکەی داوە و لەو بڕوادان ئەم سنووقانەی ئێمە پڕیەتی لە لیرەی عوسمانی، سالار زەفەر جانتایەکی چەرمی هەبوو کە تاقمە تەراشەکەیی تێدا بوو، و هەمیشە بە دەست

ئەکبەری خزمەتکارەکەیەوە بوو، چەندجارێك پێمگووت سـەرئەنجام ئـەم جانتـای تۆیە بە کوشتمان ئەدات لەم کاتـەدا ئەکبـەر هاتـەژوورەوە وبـەڕێزەوە جانتاکـەی خستە بەردەم سالار، ئاماژەم بۆ کرد جانتاکە بکاتەوە تا بزانن لیرەی تێدا نییـە. دوایی بە سالارم ووت ڕۆحم لەم سوارە ئاغایە دەترسێت، ئەگـەر لـە دەسـتی ئـەم (شمرە) گیان بە سەلامەت دەربکەین تەمەنێکی درێژ دەبەینە سەر.

هۆش و حەواسم لای سوارە ئاغابوو، لەژێر چاوەوە سەیرم کـرد کـە ڕووگـرژ و وشـك دانیـشتبوو، گوێنـەدان بـە ئێمـە شـێخ نەسـرەدینی بێـزار کـرد، بەهێواشـی سەرگەرمی دانوستان بـوو لەگەڵیـدا، ئـەویش بـەبێ ئیعتینایيـەوە وەڵامـی دەداوە ئاشکرابوو سەرزەنشتەکانی شێخ کاریگەری تێ نەدەکرد، کەسێك کـە پـێش ئێمـە بە سوارەکانیەوە گەیشتبوو مام محەمەد ئاغا سەرکردەی یەکێ تـر لـە هۆزەکـانی ئەو دەڤـەرەبوو کـە خوشـکەکەی هاوسـەری سـوارە ئاغـا بـوو و خوشـکی سـوارە ئاغاش هاوسەری ئەو بوو، ئەم دوو هۆزە کە هاوسێی پشدەرییەکان بوون هەمیشە لێیـان دەترسـان و بـۆ پاراسـتنی خۆیـان لـە بەرامبەریانـدا، بووبوونـە خـزم و هاوپەیمانی یەکتری.

کەم کەم دانوستانی شـێخ نەسـرەدین لەگـەڵ سـوارە ئاغـادا درێـژەی کێـشا، وادیارە شێخ لێی بێ ئومێد بووبوو، نزیکـی مـام محەمـەد ئاغـا بـووەوە، دەسـتی کـردە گفتوگۆ لەگەڵیـدا دوای ئەمـە مـام محەمـەد ئاغـا ڕووی کـردە مـن و چـەند پرسیارێکی کرد وەڵامێکی کورتم دایەوە، دەمەویست بزانم چۆن پیاوێکـە و چـۆن تێدەفکرێت، کە زانیم دوژمنی عوسمانیەکانە زانیم چۆن لەگەڵیدا دانوستان بکـەم، پرسی بۆچـی لـە موسـڵ هـەڵهاتیت، وتم لـە حەقیقەتـدا عوسمانیـەکان لـە فیکـری ئیسلامدا نین، ئەوان هەر لـە فیکـری سـەروەری خۆیانـدان و خۆیـان لـە هـەمووان بەرزتر و گەورەتر دەزانن و کوردەکان زیاتر لە هەمووان بە سوکی سـەیر دەکـەن، لەگەڵ ئەو هەموو خزمەتەدا کە لەڕێی ئیسلامدا بە ئەوانمان کرد، بەڵام ناسوپاسی و گوێنەدان و سوکییان پێ ڕەوا بینین، بەڵکو لەم دواییەدا دەیانویـست دەسـتگیر و نابودمان بکەن. مام محەمـەد ئاغـا دەسـتی کـردە جنێـودان بـە عوسمانیـەکان، بەڵام سـوارە ئاغـا تـوڕە و بـێ بەرتـەك دانیـشتبوو، بـێ ئـەوەی بیروبـاوەڕی لـەم بارەوە بخاتەڕوو سەیری ئێمەی دەکرد لەم بەینەدا یەکێ لە خزمەتکارەکان نزیکی

سواره ئاغا بووەوە و چپەیەکی بۆ کرد، سوارە ئاغا ڕۆیشتە دەرەوە و دڵنیـابووم ئێستا هەر نیەتێکی سەبارەت بـە ئێمـە لەسـەردابێ ئـەنجامی دەدات. دوای چـەند خولـەکێك بینـیم مـەلول و نیگـەران گەڕایـەوە هۆدەکـە، دوای ئـەو محەمـەد ئاغـا ڕۆیشتە دەرەوە ئـەویش مـەلول و غـەمزەدە و پەرێشان گەڕایـەوە، مـەعلوم بـوو کاتێ مام محەمەد ئاغا هاتبووە ئێرە کوڕەکەی بـە سـەختی نـەخۆش بـوو و دوای ڕۆیشتنی ئەو وەفاتی کردبوو، مام محەمەد ئاغا ئۆقرەی لێ هەڵگیرا و سـوارە ئاغـا کەوتە دڵدانەوەی، ئێمەیش هەندێ سەبارەت بە باروۆدخی خۆمان دڵنیا بووینەوە، پرسە و سەرەخۆشیمان لـە مـام محەمـەد ئاغـا کـرد، دوای ئـەم ڕووداوە کەوتینـە بیری وڵاخەکانمانەوە، مەعلوم بوو کا و جۆیان نەداوە پێیان. کوێخا عەلیم لەگـەڵ خزمەتکارەکـەی شـێخ نەسـرەدیندا نـار لـە دەرەوە هەنـدێ ئالیـك بـسێنن دوایـی خواردەمەنی شـامیان هێنـا خواردمـان، چـەند لێفەیـەکی دڕاو و چـڵکنیان پێـدایـن خـەوتین، سـبەی کـە لـە خـەو هەڵـساین، جـارێکی تـر وەك دوژمنێکـی خـوێنی سەیرمانی دەکـرد، بـەگوێی خـۆم بیـستم بـە یـەکێ لـە خزمـەتکارەکانی دەگـووت نەخەیر ئەمانە موسوڵمان نین عەجەمن. لەشـێخ نەسـرەدینم پرسـی وادیـارە ئـەم حەزرەتانە ئێرانیەکان بە کافر دەزانن، ووتی بەڵێ ئەمانە تەنها خەڵکی کوردستان و مـوکری کـە سـنی مەزهـەبن بـە موسـوڵمان دەزانـن و ئێرانیـەکانی تـر بـە کـافر دەژمێرن.

کاتی کەوتنە ڕێمان وڵاخە سوارییەکانی مام محەمەد ئاغا و سوارە ئاغایـشیان ئامـادە کردبـوو ئەوانـە کـە سـواربوون ئێمـەیش کەوتینـە ڕێ، و لەسـەرخۆ دەجوڵاینەوە تا لەوان دوورکەوتینەوە، سوار ئاغا بۆ بەشداری لە پرسە دا بۆ ماڵی محەمەد ئاغا دەڕۆیشت، ئێمەیش لە ڕێگەی ئاسـاییەوە بـەرەو پـشدەر ڕۆیـشتین، نزیکی ماڵی سوار ئاغـا گەیـشتینە ڕووبـارێ پیـادە بـووین، دەموچـاومان شـۆری، برسـێتی سـەری کردبـووە خۆمـان و وڵاخـەکانمان، خزمەتکارەکـەی شـێخ نەسرەدینمان نارد لە گوندەکەی سوار ئاغـا مـەنێ جـۆ و هەنـدێ نـانی سـەند، لـە کەناری ڕووبارەکەدا چاییمان دروست کرد و بەرچاییمان خوارد، کـاتێ سـواربووین زانیمان کە یەکێ لە وڵاخەکانمانیان دزیوە، بۆ ئەوەی ئیـسماعیل خـانی موجاهیـد

بیٚ ولاٚخ نەمێنێتەوە، باری ولاٚخێکمان بەسەر ولاٚخەکانی تـردا دابەشـکرد و بـەرەو ماڵی حاجی ڕەسول ئاغای پشدەری کەوتینەڕێ.

نزیکەی عەسر گەیشتینە گوندێك لەسەرەتای تەنگەی پشدەردا ئاوی ڕووبـاری ئالتون کۆپری هەر لەو تەنگـەوە تێدەپـەڕی چـونکە دوو لـە هێسترەکانمان لـەپێ کەوتبوون ناچار هـەر لـەو گونـدە کـە خاوەنەکـەی ئـەمیش هـەر ڕەسـول ئاغایـان پێدەگووت، ئەم ڕەسول ئاغایە حاجی ڕەسول ئاغای پشدەری نەبوو، بـەڵکو هـەر هاوناوی ئەو بوو، لەوێ پیادەبووین، خاوەنی گوندەکە لە ماڵدا نەبوو. هەنـدێ لـە خزمانی هاتنە پێـشەوە و پێـشوازییان لێ کـردین، ئاشـکرابوو کـە خـەڵکی ماڵەکـە تەعزیە بارن، ووتیان هـەر ئـەمڕۆ کوڕەکـەی ڕەسـول ئاغـا وەفـاتی کـردووە و بـۆ ناشتنی ڕۆیشتووە، تـا ڕەسـول ئاغـا نەگـەڕابووەوە لـە ئێمـە بەچـاکی خزمـەتیان دەکرد، پرسیاری ناسنامە و مەقسەدمانیان کرد، وەڵاممان دایەوە خزم و کـەس و کاری بەگزادەکانی پشدەرین و بەرەو ماڵی حاجی ڕەسول ئاغـا دەڕۆیـن، نزیکـەی خۆرئاوا خاوەن ماڵ گەڕایەوە، بێ ئەوەی گوێ بە ئێمە بدات کە میوانی بووین، لە دیوەخانەکە دەرچوو بەرەو حەرەمـسەرای ماڵەکـەی ڕۆیـشت، ئـەم کردەوەیـەمان گەڕاندەوە بۆ دڵگرانی و ناڕەحەتی و لەدەستدانی کوڕەکەی. نزیکـەی شـەو هاتـە دەرەوە، هەندێ پیاسەی کرد، دوایی هاتە لای ئێمـە، بـێ هـەواڵ پرسـی و سـەلام پرسی خەڵکی کوێن..؟ ووتمان ئێرانین. ووتی موسوڵمانن یان عەجـەم؟ لـەم قـسە دڕندانــە و نەخوێندەوارانــەی یــەکجار دڵگــران بــووین بــەلاٚم خــۆم گــرت، شــێخ سەدرەدین وەلاٚمی دایەوە سوپاس بۆ یەزدان موسوڵمانن، هیجرەتیـان بـۆ وولاٚتـی عوسمانی کردبوو، ئێستاکە بەرەو شوێنەکانی خۆیان دەگەڕێنەوە، چونکە لەگـەڵ بەگزادەکانی پشدەردا خزمایەتییان هەیە بەرەو ماڵی حاجی ڕەسول ئاغا دەڕۆن.

دوای چەند خولەکێك هەڵسا، جارێکی تـر دەسـتی کـردە پیاسـەکردن. (شـێخ سەدرەدینی) بانگ کرد، زانیمان قازانی تەماحی ئەویش هاتوەتە جۆش، شێخ کـە بۆلای ڕۆیشت سالار زەفـەر وکوێخـا عـەلی لـەپاڵ دیوارەکـەوە خۆیـان لێیـان نزیـك کردەوە گوێیان لە دانوستانەکەیان بوو، بیستیان کە ئەو بە شێخ دەڵێـت، ئەمانـە لە مەزهەب بەدەرن، عەجەمن و سەندوقەکانیان پڕ لە لیرەیە، ئەگەر تۆ ناڕەحـەت نەبیت نایەڵم لێرە گیان بە سەلامەت دەربکەن، شێخ پێی دەڵێت ئـەم حەزرەتانـە

موسوڵمانن و ڕاسپێردراوی جەنابی شێخ حوسامەدینن ولەگەڵ شێخ مەعروفدا پێشینەی دۆستایەتیان هەیە و شێخ منی لەگەڵیاندا ناردووە، تا گیان لە لاشەمدایە نایەڵم زیانێکیان لێ بکەوێت، جگە لەمە ئەمانە خزم و کەس وکاری پشدەرییەکانن، ئەگەر دەستمان بۆ درێژ بکەی حاجی ڕەسول ئاغا و بەگزادەکانی تری پشدەری لەنێوتان دەبەن و نابودتان دەکەن. هەر چۆنێ بێ قازانی تەماحی ئەو لەو شەوەدا لە جۆش کەوت.

سبەی زۆر زوو کەوتینەڕێ، هەر کە گەیشتینە دەڤەری پشدەرییەکان هەستمان بە ئاسودەیی و ئارامی کرد. کاتێ لە تەنگەکە تێپەڕین، نزیکەی نیو فەرسەخێ ڕۆیشتینە پێشەوە سەیرمان کرد، لە کوێرە ڕێگایەکی هەر ئەو شاخەوە چواردە چەکداری پیادە بەرەو سەری ڕێگاکە دێن. زانیمان کە ئەم چەکدارانە ڕەسولێ ئاغا ناردوونی کە سەری ڕێگامان لێ بگرن و ئەگەر بتوانن ڕووتمان بکەنەوە، وادیارە لەبەر دژواری و سەختی شاخەکە نەیانتوانی بە شەو لە شاخەکە بێنە خوارەوە، و لەو بڕوایەدا نەبووبوون ئێمە بەم زووە بکەوێنە ڕێ و ئەو مەسافەتە ببڕین، ئێمەیان کە بینی بەپەلە سەرەولێژ بوونەوە تا بگەنە سەر جادەکە، ئێمەیش من و سالار زەفەر و سالار موقتەدر و شێخ سەدرەدین کوێخا عەلی و ئیسماعیل خانی موجاهید، ئەم شەش سوارە خۆمان گەیاندە بەرزایی شاخەکە و سەنگەرمان لێ گرتن، بانگمان کرد ڕێگاکە چۆڵ بکەن، هەر کە بینییان ئێمە سەنگەرمان گرتووە و ئامادەی شەڕین، بەپەلە ڕێگاکەیان بەردا و هاتنە لای جادەکەوە هاوڕێکان و بارەکانمان گەیشتن و لەوان تێپەڕین لە سەنگەرەکەدا بە ڕووی سەریانەوە ماینەوە و نەجوڵاین تا بارەکان چارەکە فەرسەخێ دوورکەوتنەوە، ئینجا لە شاخەکە هاتینە خوارەوە و بەردەوام بووین لە ڕێگاکەماندا، گەیشتینە بارەکان، چەکدارەکان بە شەرمەسارییەوە لەو ڕێیەوە کە هاتبوون گەڕانەوە.

پێش نیوەڕۆ گەیشتینە ماڵی حاجی ڕەسولێ ئاغای پشدەری خۆی لە ماڵدا نەبوو، چونکە دوو ڕۆژ لەمەوپێش عەلی ئاغا سەرۆکی هۆزی گورگ لە هۆزەکانی کوردی ئێران پەنای بردبووە ماڵەکەی حاجی ڕەسول ئاغا، لەگەڵ خۆیدا بردبووی بۆ ماڵی (ئەبا بەکر ئاغای سەلیم ئاغا) بۆئەوەی بەینیان چاك بکاتەوە و ئاشتی

لەنێوانیاندا بەرقەرار بکات. حەوت هەشت کەس لە دانیشتووانی ماڵەکە هاتنە پێشەوە و بە ڕووخۆشییەکی فراوانەوە بردمانیانە دیوەخانەکە، کوڕێکی حاجی ڕەسول ئاغا کە تەمەنی دە ساڵێك دەبوو، هاتە لامان. دوای خواردنی خواردەمەنی نیوەڕۆ تکامان کرد کە شارەزایەك لەگەڵماندا بنێرێت ڕێنماییمان بکات تا ماڵی عەباس ئاغا برا بچووکی حاجی ڕەسوڵ ئاغا کە ماوەیەك لەمەوپێش کرابووە سەرکردەی گشتی عێل. سەعاتێ بۆ خۆرئاوای مابوو گەیشتینە ماڵی عەباس ئاغا، ئەویش هەر بۆ ماڵی ئەبابەکر ئاغای سەلیم ئاغا ڕۆیشتبوو، چونکە عەباس ئاغا تازە بووبووە سەرۆکی عێل هێشتانە وەزعی دیوەخانەکەی ڕێك و پێك نەبوو. شەو لەدەرەوە فەرشیان ڕاخست و ئاگرێکی زۆریان کردەوە، دوو سەعات لە شەو تێپەڕیبوو، عەباس ئاغا خۆیشی گەڕایەوە، چونکە خەبەری هاتنمانی بیستبوو بەخێرهاتنمانی کرد و میهرەبانی نواند.

بەیانی زوو دەوارێکیان بۆ مان هەڵدا و فەرشیان کرد، چوینە نێو دەوارەکەوە، دوای ماوەیەکی کەم حاجی ڕەسوڵ ئاغا و مەحمود ئاغای کوڕی و چەند کەس لە بەگزادەکانی پشدەر هاتن بۆ دیەنیمان، پرسیاری تابور ئاغاسی ئەحمەد بەگی تەوفیق بەگمان کرد، کە لەگەڵ ئێمەدا خزمایەتی هەبوو، دایکی تەوفیق بەگ خوشکی ئەبابەکری سەلیم ئاغا بوو و ئەحمەد بەگ کوڕی خاڵۆی بەگزادەکانی پشدەر دەژمێردرا. زۆر حەزمان دەکرد ببینین، حاجی ڕەسوڵ ئاغا ووتی ئێستاکە ئەحمەد بەگ لە ماڵی ئەبابەکر ئاغادایە دوێنێ شەو لە ئەسپ کەوتووە و پێی لە جێ چووە و ناتوانێت بجوڵێتەوە، سالار زەفەرم بۆ هەواڵپرسی ڕەوانە کرد. حاجی ڕەسوڵ ئاغا بۆ خۆ نواندن بە ئێمە وتیە کوڕەکەی ڕمبازییەك بە ماینەکەی لەپێش ئێمەدا بکات دوایی چەند ماین و ئەسپی تریان هێنا و نواندیانن، لە حەقیقەتدا سوار چاك و ماینی ڕەسەن و جوانیان هەبوو حاجی ڕەسول ئاغا خۆی نزیکەی هەشتا ساڵ لە تەمەنی تێپەڕیبوو لەگەڵ ئەمەشدا لاشەیەکی ساغ و تەندروست و تەنومەند و بەهێزی هەبوو، ڕووخۆشی و ڕاستی و بەڵێن ڕاستی لە سیما و ڕوویدا خۆی دەنواند.

خواردنی نیوەڕۆیان هێنا و خواردمان، دوای نان خواردن سالار زەفەر لەگەڵ ئەحمەد بەگی تابورئاغا سیدا گەیشتن، ئەحمەد بەگ پێی بە جارێك ئازاری

بینیبـوو، نەیـدەتوانی بجولێتــەوە لەگـەڵ ئەمەیـشدا کـە سـالار زەفـەری بینیبـوو هەواڵی هـاتنی ئێمـەی بیـستبوو بـۆ دیـەنیمان هـات. دۆشـەکێکیان بـۆ ڕاخـست و پشتیەکیان خستە ژێر پێیەوە، ئەو لە حزوری هەمووانـدا دەسـتی کـردە جنێـودان بە عوسمانیەکان و خزمەتی ئێمەی لـە شـەڕی دژ بـە ڕووسـەکان و ئینگلیـسەکاندا بەرز نرخاند.

سێ شـەو ئێمـەیان لـەوێ گلدایـەوە، لـەجیاتی ئەسـپێکی دزراو و دوو وڵاخـی پەککەوتوودا بەهۆی ئەحمەد بەگەوە لە عـەباس ئاغـا داخـوازی سـێ وڵاخمـان تـا سەرەتای خاکی ئێران کرد. سبەی ماینێـك و دوو هێـستریان بۆمـان ئامـادە کـرد. مەحمود ئاغای کوڕی ئەبابەکر ئاغا و دوو سواری تر لەگەڵمانـدا هـاتن، لێـرەدا بـە سوپاسگوزارییەکی فراوانەوە لە شێخ سەدرەدین جیابووینەوە، لە ڕاسـتیدا ئەگـەر عینایــەتی شــێخ حوســامەدین و گــەورەیی شــێخ مــەعروف و مەردایــەتی شــێخ سەدرەدین نەبوایە، تێپەڕینی سەلامەت لەنێوان ئەم خەڵکە جاهیل و نەخوێندەوار و دەمارگیرەدا بۆ ئێمە مومکین نەبوو.

یەك سەعات دوای نیوەڕۆ گەیشتینە گوندێکی حاجی ڕەسـوڵ ئاغـا، مـەحمود ئاغا فەرمانی دا خواردەمەنی نیوەڕۆمان بـۆ ئامـادە بکـەن، شەویـشمان هـەر لـەو شوێنە بردە سەر، بە کەبابی بەرخەوە خزمـەتیان کـردین. ڕۆژی دوایـی هـەر وەك بەفر دەبـاری هـەوا سـارد بـوو کەوتینـە ڕێ، گەیـشتینە گەردەنەیـەك دەیـانگووت سنووری ئێران و عوسمانیە، لەوێدا مەحمود ئاغا خواحافیزی کرد و گەڕایەوە، دوو سوارێك کە لەگەڵیدا بوون ناردی لە گەڵماندا. بە سـەختی لـە گەردەنەکـە چـووینە سەرەوە، لە هەندێ شوێندا کە بەرەو با بوو یەك چارەك بەفر لە زەویدا دەبینرا.

لە گەردنەکە سەرەولێژ بووینەوە، گەیشتینە (ئاسیاوی) کە دەیانگووت هێڵـی سنوور لەم ئاسیاوە تێدەپەڕێت. سالار زەفەر و سـالار موقتـەدر و سـوارەکانی تـر پیادەبوون، بەفرەکەیان ماڵی وزەویەکەیان زیارەت کرد. هەروەك ئەم خاڵە سنوور دەژمێردرا لەگەڵ ئەمەیشدا پشدەرییەکان زەوی و زارێکی فراوانی ئێرانیـان داگـیر کردووە، گوندەکان و خەڵکی ئەو گوندانـەیان کردوەتـە مـوڵکی خۆیـان و لەلایـەن خۆیانــەوە وەکیلێکیــان بــۆ ئیــدارەی ئــەو گوندانــە لــە سەردەشــت دەستنیــشان کردووە.

نزیکی عەسر گەیشتینە گوندێك کە یەکەم گوند بوو لە خاکی ئێراندا کە بەسەر ڕێگاکەمانەوە بوو، ئەم گوندە و چەند گوندێکی تر بەشی عەباس ئاغا بوو کە سەرکارەکەی ئەوگوندانەیان ئیدارە دەکرد، کوێخا عەلی لەگەڵ یەکێ لە سوارەکانی مەحمود ئاغادا ڕۆیشتن بۆ سەندنی ئالیکی وڵاخەکان. خواردنی ئێوارەمان سەرکارەکەی عەباس ئاغا گرتیە ئەستۆ، سبەی زوو کەوتینەڕێ. سەعاتێك پێش نیوەڕۆ گەیشتینە سەردەشت، لە پێنج سەد پێی شارۆچکەکەدا تەپەیەکی بەرز شارۆچکەکەی گرتبووە بەر، سەردەشت وەکو گومەز بوو، بە بارەگای ئیمامزادەیەك هاتە بەرچاوم لەسەر دەم لەسەر زەوییەکە ڕاکشام، شارۆچکەکەم کردە قیبلەم و خاکەکەم ماچ کرد، وەکو ئەوەبوو بۆنی سینگی دایکمم کردبێت، بێ ئیختیار فرمێسك لە چاوم هاتە خوارەوە و سوپاسی خوام کرد.

بەم جۆرە داستانی کۆچمان بۆ عوسمانی هەر لەوێدا کۆتایی هات و لەمەودوا فەسڵێکی نوێ دەست پێدەکات، فەسڵی گەڕانەوە بۆ نیشتمان کە هەندێ لە ڕووداوەکانیشی لە شیرینی و ووردەکاری بەدەر نیە.

# فەسڵی پێنجەم

## گەڕانەوە بۆ ئێران

ئەم وەجد و شۆر و شەعفە و حاڵەتی پەرستنە دوای گەیشتنە خاکی ئێران و بینینی یەکەمین گوندی ئەم سەرزەمینە دوای چەند مانگێ دووری لە نیشتمان و ڕزگاربوون لە چنگی عوسمانیەکان ورەفتار و کرداری سوکیان کە دووچاری هاتبووین بێگومان سەرچاوەکەی ئەو خۆشەویستیو سۆزەیە کە ناوی سەربەرزی ئێران، لەئێمەدا خولقاندبوی خۆشەویستیەك کە ئێرانی شاهنامە و ئێرانی شا ئیسماعیل و شا عەباس و نادر شایە لە هەر ئێرانیەکی نیشتمانپەروەردا دەیخولقێنێت و دەیرووێنێت. جگە لەمە خۆ لە ڕاستیدا دەڤەرەکانی ئەم دیو و ئەو دیووی سنوور خەڵکەکانیان نە لە بابەت بارودۆخی هەرێمەکانیانەوە و نە لەبابەت ڕەگەز و داب و نەریت و زمان و ئاینەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەکتردا نیە، هەردوو لایان ئێرانین و ئێرانی بوون، کە ڕووداوەکانی ڕۆژگار و ڕووداوە نالەبار و دژوارەکانی مێژوو هێڵێکی دروستکراوی لەنێوانیاندا دروست کرد. لایەکی ئێران و ئەولاکەی تری عوسمانی نێونرا.

بەبۆچوونی من هۆی ئەم حاڵەتی شۆر و هەیەجانە بوو کە شارۆچکەی سەردەشت وەك بەهەشتێکی بەرین و سەرسەوز و دڵڕفین لەبەرچاوماندا خۆی بنوینێ. هەروەك لە دەورەی شەڕی نێو دەوڵەتیدا هاتنی عوسمانیەکان نیوەی سامان و دار و نەداریان بەناوی یارمەتی سەربازەکانی ئیسلامەوە تالان کرا، هەروەك ڕوسەکان لەشەڕی دژ بە عوسمانیەکاندا ئەو شارۆچکەیەیان کاول کرد و کردیانە تەپەیەکی خۆڵەکەوە و خۆڵەمیش، دوای ڕۆیشتنی ئەمانە پشدەرییەکان خۆیان سەپاندە سەریدا و گوندەکانیان لەنێو خۆیاندا دابەشکرد. لەگەڵ ئەم گشتە کارەساتەدا لە ڕەنگ و ڕووی تەڕو سەوزی ماڵەکانی و هەوڵ و کۆششی خەڵکەکەی ئاشکرا بوو هاتووینەتە دونیایەکی تر و مەملەکەتێکی ترەوە کە لەگەڵ عوسمانیدا جیاوازە. لە سەرجەم شارۆچکەکەدا کەسێکی ناشیرین و ناحەزت نەدەبینی، منداڵەکانیان هەموو زەریف و جوان و دڵڕفێن بوون، حەزم وابوو

منداڵەکان بـانگ بکـەم و قـسەیان لەگەڵـدا بکـەم، پیـاوان و ئافرەتـەکان خـەریکی قورکاری و نەوژەنکردنەوەی ماڵە نیوە سوتاو و وێرانکراوەکانیان بوون.

ڕۆیـشتینە مـاڵی کەسـێکەوە دەیـانگووت لەمـەوپێش یەکـەم سـاماندار و دەوڵەمەندی ئەم شارۆچکەیە بووە و لەگەڵ سابڵاخ و سلێمانیدا بازرگانی هەبووە. ئەو کە لە ئێرانی بوونی ئێمە دڵنیابوو دەستی کردە باسی دەسـتدرێژی و سـتەمی پشدەرییەکان ووتی دەکەس لـە بـەگزادەکانیان دە کۆشـکیان لـەم شارۆچـکەیەدا دروستکردووە، شارۆچکەکەیان بە پێنج بەش دابەشکردووە، لەهەر بەشـێکدا هـەر ماڵێـك پێویـستە ڕۆژی دوو کەسـیان بـۆ بێگـاری پێـشکەش بکـەن، ئەگـەر هـاتو کارگەریان دەستنەکەوت پێویستە سێ قران لەجیاتی هـەر کارگەرێکـدا بـدەن، لـە لایەن حاجی ڕەسوڵ ئاغا و عەباس ئاغاوە کەسێك لە بنەماڵەی (ئەبابەکری سەلیم ئاغا) بەنازناوی جێنشینی حوکمڕان لەوێ دانراوە کە هەموو جـۆرە دەسـتدرێژی و ناحەقییەك دەرحەق خەڵکەکە ڕەوا دەبینی.

هەروەك بەگزادەکانی پشدەر خزمایەتیان لەگەڵماندا هەیە و سەبارەت بە ئێمە ئەوپەری میهرەبـانی و کۆمـەك و دۆسـتایەتیان نوانـد بـەڵام لـە کردەوەکانیـان لـە ئێراندا و دەستدرێژیکردنیان سەبارەت بە ئێرانیەکان یەکجار ناڕەحـەت و دڵگرانـی کردین.

حاجی ڕەسوڵ ئاغا و عەباس ئاغا بـۆ قـەرەنی ئاغـا لـە بـەگزادەکانی پـشدەر نامەیان نووسیبوو تێیدا ڕایان سپاردبوو کە شەو خزمـەتمان بکـات، قـەرەنی ئاغـا خۆی بۆ سەردەشت هاتبووەوە، کاتێ سەرگەرمی خواردنی نیوەڕۆ بـووین گەیـشتە ماڵ. سوارەکانی عەباس ئاغام مەرەخـەس کـرد، وڵاخـەکانیانمان نـاردەوە و سـێ وڵاخـی باریمـان بـە سـێ تومـان بـەکرێ گـرت، لەگـەڵ قـەرەنی ئاغـادا بـۆ ماڵیـان ڕۆیشتین. ماڵەکەی لە یەك فەرسەخ و نیوی سەردەشتدا بوو، گوندێك کە ماڵەکـەی تێدا بوو یەکێك لەو گوندانەیـە کـە لـە خـەڵکی سەردەشـت زەوتیـان کـردووە، کـە چەند ساڵێك لەمەوپێش لـە ململانێیـەکی عێلایەتیـدا پـشدەرییەکان لەگـەڵ هـۆزی گورگـدا پـەلاماری سـەرۆك و خـاوەن موڵکەکـەی ئـەو ناوچـەیان دابـوو، سـەرجەم بنەماڵەکـەیان بـە گـەورە و بـچووکەوە کوشـتبوون و هـەموو موڵکـەکانی خـاوەن موڵکەکەیان زەوتکردبوو، ولەنێوان خۆیاندا دابـەش کردبـوو. ئەوموڵکـەی قـەرەنی

ئاغای تێدایە چل و هەشت جووت زەوی چاك و بەپیتی، کە نیوەی بەراوە، بە بەرەوەیە.

ئەو شەوەی کە لە ماڵی قەرەنی ئاغادا بووین دوو کەس لە گەندەڵە پیاوکوژەکانیشی لەوێ بوون، یەکێکیان کە خۆی بە شێخیش دەنواند لە پاڵمدا دانیشتبوو، پرسی ناوت چیە و لەچی عێلێکی؟ ووتم ناوم عەلی ئەکبەرە، نازناویشم سەردار موقتەدرە و لە عێلی سەنجاویم. پرسی ئێوە لە قەسری شیرینیش موڵکتان هەیە؟ ووتم بەڵێ حوکمڕانیی ئەو دەڤەرە بەدەست باوکم شێر محەمەدخانی سەمسام ئەلممالیکەوە بووە. ووتی درۆدەکەی ناوی باوکت حوسەین خانە و ناوی عێلەکەتان گۆرانە. ووتم بیست و دوو ساڵ لەمەوبەر حکومەتی قەسری شیرین بەدەست گۆرانەکانەوە بووە، بەڵام نزیکەی بیست ساڵە ئێمە لەو دەڤەرەدا حوکمڕانی دەکەین و بەرپرسی سنوورین. ووتی دووبارە دەڵێم درۆدەکەی، تۆ ئەوەی کە ووتم مەزهەبتان نەسیری یە، و عەجەمن و گۆشتی بەراز بە حەڵاڵ دەزانن. بەڕادەیەك لە بێ شەرمی و زمان درێژی و گوستاخی و دەمارگیری جاهیلانەی ئەم فیتنەگەرە تووڕە بووم کە دەمویست هەر لەوێدا تۆڵەی ئەحمەقیو هەڵەشەییەکەی لێ بکەمەوە. قەرەنی ئاغا ناڕەحەتیەکەمی هەست پێکرد، ئاماژەی بۆ کرد لە سەری نەڕوا، ئیتر ئەو ناپیاوە لە قسە کەوت.

## لەنێوان تایفەی گورگدا

سبەی باران دەباری بەڵام ئێمە لە ترسی بەفربارین و ڕێبەندانەدا پیاوێکی شارەزامان لە قەرەنی ئاغا داخوازی کرد، و بەرەومالّی حوسەین ئاغا کەوتینە ڕێ. بێ ئەوەی پاڵتۆی زستانیمان لەبەردا بێت، نزیکی پێنج سەعات باران لێی داین. نزیکی عەسر گەیشتینە گوندەکەی حوسەین ئاغا گوایە ناوی گوندەکەی نەیستانە. کۆشکەکەی، دیوەخانەکەی دەرەوەی و ژوورەکانی ناوەوەی لە کاتی شەڕی ڕوسەکاندا ئاگریان تێبەردرابوو، ئێستاکە لە ماڵێکی ئاسایی ڕەعیەتیدا دەژی. لەبەردەم ماڵەکەدا دەوارێکی کۆنە هەڵدرابوو کە بەهیچ جۆرێك بەری بارانی نەدەگرت.

چەند خولەکێك بە سوارییەوە چاوەڕوان بووین، تا پیاوێکی باڵا بەرز بەجل و بەرگێکی ڕێك و پێکەوە هاتە دەرەوە، ووتی خانم دەفەرمێ بێنە ژوورەوە. بردینیە هۆدەیەکەوە کە خانمێکی جوانو زەریف لە سەرەوەی هۆدەکەدا دانیشتبوو و لەپاڵیا جێگایەکیان داخستبوو کە لاوێکی بیست و پێنج ساڵەی تێدا نووستبوو، بەسەر و ڕووی لاوەکەدا دەردەکەوت کە یەکجار نەخۆش و بیمارە. سڵاوێکمان کرد، خانم بە نەزاکەت و ویقارەوە وەڵامی دایەوە و لەپاڵی کوڕەکەدا جێی بۆمان دیاریکرد. سەبارەت بە نەخۆشیەکەی پرسیارمان کرد، بە دەنگێکی نەرمەوە وەڵامی بە سوپاسەوە دایەوە.

مەعلوم بوو کە حوسەین ئاغا خاوەنی ماڵەکەیە، کاتێ ڕوسەکان دژی عوسمانیەکان هێرشیان بۆ سەردەشت هێناوە ئەو و چەکدارەکانی لە بەرامبەریاندا بەرگری دەکات و شکست دەهێنێت و لە کێوەکاندا خۆی دەشارێتەوە و بەهۆی سەرما وسەهۆڵەوە تووشی (ذات الجنب) دەبێت، کە پێو دەستەکانی ئاوساوە و ماوەیەکە لە جێگادا کەوتووە و سەرپەرشتی عێل و ئیدارەی بنەماڵەکە لە ئەستۆی خانمەکەیدایە. بۆئەوەی بزانم کە هاوسەریان یا خوشکی حوسەین ئاغایە پرسیم حوسەین ئاغا دایکی هەیە..؟ خانم ووتی من دایکیم. ووتم جێی باوەڕ نیە، تۆ لەوە زۆر جوانتریت کە دایکی بیت، وەڵامی دایەوە دوو کچی گەورەتریشم هەیە، کە هەردووکیان شوویان کردووە و هەر یەکێکیان چەند منداڵێکیان هەیە، کوڕێکی بچووکتریشم هەیە، بەڵام کوڕێکم کە جێی ئومێد بێت، شایستە و کارامە بێت هەر ئەم حوسەین ئاغایە.

بەپەلە چاییان بۆمان هێنا، هەر کە جل و بەرگەکەمان ووشك بووەوە و هیلاکیمان دەرچوو، خانم فەرمانیدا هەرچی بۆ خواردنی نیوەڕۆ ئامادەیە بیهێنن، کاتێ سەرگەرمی خواردن بووین، لە هۆدەکە چووە دەرەوە و دوای نیو سەعات بەجل و بەرگی گۆڕاوەوە و ئارایشێکی جوانەوە گەڕایەوە، قەد و باڵایەکی ڕێك و پێك و گێسویەکی ڕەشی درێژی شۆڕ کردبووەوە. بەڕاستی من ئافرەتێ بەم پاك و جوانی و ڕێك وپێکیەم نەبینیبوو.

هەوای هۆدەکە کە گەرم بوو دەرگاکانیان کردەوە، لەبەردەم دەرگای هۆدەی مناڵەکاندا بووك و کچەکانی خانمیش خۆیان دەرخست و سەرە تاتکێیان دەکرد،

ئـەوان لـە داكيـان جـوانتر و دايكـيش لـەوان جـوانتر و خـوێن شـيرينتر بـوون. بـە بۆچوونی من ئەم بنەماڵەيە كۆمەڵگای جوانەكانە.

دوو سەعاتی بۆ خۆرئـاوا مـابووەوە كـە ماڵێكيـان لـەدەرەوە بۆمـان تـەرخان كرد. بۆ ئەو ماڵە گوێزراينەوە، زۆربەی خەڵكی گوندەكـە بـۆ تەماشـا كۆبوونـەوە. خەڵكی ئەم گوندە بە ئافرەت و پياوەوە كـە بينيمـان بەگـشتی جـوان و باڵايـەكی ڕێك و پێكيان هەبوو، بەتايبەت ئافرەتەكانيان دڵتەڕ و ڕووخۆش بوون. لـەم خـۆم دەپرسی ئايا ئەم شوێنە (حۆريستانی) ئەم مەملەكەتەيە.

كاتێـك بـەرەو ماڵـە تەرخانكراوەكـە دەهـاتين سـەيرم كـرد دوو دەستكێـشی چەرمييان فڕاندووە، هەرچی بەشوێنيدا گەڕام بێ ئەنجام بوو، گومانم وايە كە بـە ئاماژەی خانم براوە، چونكە لەنێو قسەكانيدا ووتی كە دەيەوێ حوسـەين ئاغـا بـۆ موعالەجە و تيماركردنی بۆ سەقز ببات، وابزانم ئەمانـەی بـۆ ئـەو پێويـست بـووە. لەنێوانمانـدا تـەنها عـەلی كـوڕی كوێخـا سـەليم عەبايـەكی نـائينی هـەبوو، چـونكە هێشتانە تەڕبوو بۆ ئەوەی وشك بێتەوە بەسەر دارێكەوە هەڵيخـستبوو، تـا كەوتـە خۆی ئەويشيان دزی. شوێنێك كە بۆ ئێمەيان دانا بوو زۆر ناخاوێن بوو. هەرچۆنێ بوو پێش خۆرئاوا بۆ وڵاخەكان كا و جۆمان فەراهەم كرد.

سەرەتای شەو برای خـانم و خـاڵۆی حوسـەين ئاغـا هـات بـۆ ماڵەكـەمان، بـۆ خواردنی ئێوارە كەمێ نان و پەنير و ماستيان بۆ هێناين، خواردمان. لەترسی دزدا تا ڕۆژ بووەوە بە نەوبەت پاسەوانيمان دەدا.

سبەی كە سەرگەرمی باركردنی بارەكان بووين، بە مەبەستی كەوتنەڕێ بەرەو ماڵی عەلی ئاغا لە سەرۆكەكانی عێلـی گـورگ، بـەفر دەسـتی كـردە بـارين، كوێخـا عەليمان ناردە لای خانم كـە سـوارێكمان لەگەڵدا بنێرێـت. وەڵامـی دابـووەوە كـە سوارمان نيە، لەم بەينەدا يەكێ لـە خزمـەتكارەكانی ئـەو ماڵـە لـێم نزيـك بـووەوە ووتی خانم سڵاوت لێدەكات، ئەم پارەی ناردووە كە چەند قاڵب سابوونی حەلـەبی بۆ بنێريت. هەندێ پارەی پێنج قرانـی سـپی پـێم نيـشاندا، لەبەرئـەوەی چـەندين مـانگ بـوو چـاوم بـە پـارەو پـولی ئێرانـی نەكـەوتبوو، خۆشـحاڵبووم، بـەڵام لـە داخوازييە بێجيو نەگونجاوەكەی خانم سەرم سوڕما، چونكە ئارايشكەرێكی چاكە واديــارە ئێمــەی بــە بازرگــانی ســابوون زانيبــوو. بــەزمانێكی پــاراوەوە بــە

خزمەتکارەکەیم گووت سڵاوم بگەیەنە خزمەتی خانم و لەلایەن منەوە عوزری بۆ بهێنەرەوە کە بەهۆی مەترسی لە عەشیرەتەکان نەمانتوانی بارەکانمان بە تەواوی لەگەڵ خۆماندا بهێنین، خوا حەز بکات کە گەیشتینە بۆکان ڕادەسپێرم کە بارەکان بخەنەڕێ، هەر کە گەیشت یەك دەرزەن سابوون پێشکەشی خانم دەکەم، پێویست ناکات بەهاو قیمەتەکەیشی بدەن. بەپێی فەرمانی خانم کە قەدەغەی کردبوو کەسێ نەیەت لەگەڵماندا هیچ کەسێك ئامادە نەبوو ببێتە ڕێنما و دەلیلمان، تا یەکێك لە تایفەی عەلی ئاغا کە بۆ ئەم گوندە هاتبوو دەگەڕایەوە بە کوێخا عەلی گووتبوو کە بەسێ تومان لەگەڵتاندا دێم و ڕێنماییتان دەکەم و کەوتە تەکمان و کەوتینە ڕێ. لەبەر سەختی ڕێگاکە و بەرزی گەردەنەکە دوو وڵاخی باریمان لەپێ کەوتن، کەمێ ماینەوە، وڵاخەکانمان ئالیکدا و خۆشمان بەسەر پێوە خواردەمەنیەك کە پێمان بوو خواردمان. جارێکی تر کەوتینە ڕێ.

نزیکی خۆرئاوا گەیشتینە ماڵی عەلی ئاغا، چەند کەسێك هاتنە پێشەوە ودامانیان بەزاند. لە بارودۆخی دیوەخانەوە بۆمان ئاشکرابوو کە عەلی خان پیاوێکی میواندارە، بردمانیانە ماڵەوە، چوینە نێو هۆدەیەکی زۆر جوانەوە، دیاربوو کە شوێنی دانیشتنی هاوسەری عەلی ئاغایە، چەند کەسێك دانیشتبوون، هەڵسانە سەرپێ و بەخێرهاتنیان کردین، لەنێوانیاندا کەسێك لە وەزع و قیافەیدا وا دەردەکەوت کە سەرۆکە، پرسیم وادیارە کە جەنابتان عەلی ئاغان. ووتی خەیر من برای ئەوم. کوڕێکی عەلی ئاغا کە تەمەنی دە ساڵێك دەبوو لە پاڵیدا دانیشتبوو کە یەکجار قسەزان و بەهۆش و زیرەك و بزێو هاتە بەرچاو، بە مامەیم گووت چاکە بینرێریت بۆ خوێندن، حەیفە بە نەخوێندەواری بمێنێتەوە. بیستم بە گاڵتە و لاقرتیەوە بەیەکێك کە لە پاڵیدا دانیشتبوو، دەیگووت دەیەوێ بینێرمە قوتابخانە کە وەکو خۆی لە ئایین هەڵگەڕێتەوە. بارودۆخەکەم بەراووردکرد زانیم کە لە چی شوێنێکدام و لەنێو چی خەڵکێکی نەخوێندەواردا، بێ دەنگ بووم. شەو لەوێ ماینەوە، بە چاکی خزمەتیان کردین. سبەی خەڵکی گوندەکەمان بینی سەرجەم بە ئافرەت و پیاوەوە جوان و زەریف و ڕێك و پێك و خۆش ئەندام بوون، مەعلوم بوو ئەم جوانی و خوێن شیرینیە تایبەتە بە ڕەگەز و بنەچەکی ئەم خەڵکەوە.

هاوسەرەکەی عەلی ئاغا تازە بووك بوو، دەیانگووت کچی یەکێ لە بەگزادەکانی فەیزوڵا بەگیەکانە.

کاتی خواحافیزی شارەزایەکیان لەگەڵماندا نارد و نیوەڕۆ گەیشتینە ماڵی یەکێکی تر لە بەگزادەکانی عێلی گورگ، کە ئامۆزای عەلی ئاغا بوو. باوکی ئەم پیاوە چەند ساڵێك لەمەوبەر بە یارمەتی کوێخاکانی موکری وسەرداری بۆکان ماوەیەك بووبووە سەرۆکی ئەم تیرەیەی عێلی گورگ، بەڵام چونکە خەڵکەکە پتر عەلی ئاغایان خۆشدەویست و لایەنگری ئەو بوون لە سەرۆکی لایان بردبوو.

گەیشتنمان ڕێکەوتی نانی نیوەڕۆ بوو، خاوەن ماڵەکە هاتە پێشەوە، خێراتنێکی گەرمی لێ کردین، بردینیە سەرەوەی سفرەکە و بەشداری خواردنەکەیانی کردین. دوای نان خواردن و هەروەها چایی خواردن، ڕووداوێ کە بۆ گێڕانەوە دەشێ، شەڕ و دەعوای ئیسماعیل خانی موجاهید و نایب یەدوڵلا خان ئەفسەری جەندرمە بوو.

ئیسماعیل خانی موجاهید نەخۆشی (سوسەنەکی) تووشهاتبوو، زین و بەرگی سواری ئازاری دەدا، بنە و بارێکمان هەبوو، دوو لێفەمان دابوو بەسەریدا، قاترەکەشی ڕەوتەکەی نەرم بوو، زۆر بە نایب یەدوڵلا خان سواری ئەو قاترە دەبوو، لەنێو ڕێگادا ئیسماعیل خان تکای لێدەکات کە ولاخەکانیان بگۆڕنەوە، یەدوڵلا خان ڕازی نابێت و دەعوا و شەڕ لەنێوانیاندا دەست پێدەکات، بە مەیانگیری سالار زەفەر و کوێخا عەلی ئاشت دەبنەوە. ئێمە چون لەپێشەوە بووین بەم کەین و بەینەمان نەزانی بوو، لەناکادا یەدوڵلا خان هاواری لێ هەڵسا و گەڕاینەوە سەیرمان کرد، ئیسماعیل خان لە هێسترەکە دایگرتووە و خۆی سواری بووە و یدللا خان بەدوایدا بە پێ ڕادەکات. هەرچی هەوڵماندا و لێی پاڕاینەوە کە ئەویش سواری ماینەکەی ئیسماعیل خان ببێت ڕازی نەبوو بەپێ ڕێی دەکرد. ئێمەش ماینەکەمان دا بە دەستی ئیسماعیل خانەوە کە لقاوەکەی ڕاکێشی و بەدوایدا بێت.

دوای ئەم ڕووداوە بەردەوام بووین لە ڕۆیشتندا، ئیسماعیل خان کە لەدواوە بوو، هەر دەگاتە لای یەدوڵلا خان پێی دەڵێ ئەگەر سوار نەبیت دەتکوژم، ئەویش بەناچاری سوار دەبێت، کەبینیمان یەدوڵلا خان سوار بووە سەرمان سوڕما، ئەم

هەموو تکا و پاڕانـەوەی ئێمـەی قبـوڵ نـەکرد ئێـستا چـی ڕوویـداوە کـەوا ئاشـت بوەتەوەوە و سوار بووە. چاوەڕێمان کرد تا گەیـشتن، سـەیرمان کـرد یـدللا خـان وەك دیلێکی بێ دەرەتان بەناچـاری سـوار بـووە و دەگـری. پرسـیمان تـۆ ئاشـت بوویتەوە ئیتر بۆ دەگریت؟ بەگریانەوە وەڵامی دایەوە، خۆ من بە ئارەزووی خـۆم سـوار نەبوومـە، ئەگـەر سـوار نەبوومایـە ئـەم (شمـرە) دەی کوشـتم. وەسـیلەی ڕابواردنمان تا خۆرئاوای ئـەو ڕۆژە شـەڕ و دەعـوا و ئاشـت بوونـەوەی ئیـسماعیل خانو یەدوللا خان بوو.

## بۆکان و موکری

نزیکی خۆرئاوا گەیشتینە گوندی مـستەفا بـەگی حـاجی ئیلخـانی، کۆشـکێکی چاکی هەبوو، گەیشتینە دەرگای ماڵەکە، کەسێکی تەمەن شەست ساڵە بـە جـل و بەرگێکی تەمیز و پاکـەوە کـە چـاوی بـە ئێمـە کـەوت بـە ڕێـزەوە وەسـتا، چـەند کەسێکی بانگ کرد، وڵاخەکانیان لێ گرتین، کـە دابـەزین بەپەلـە پرسـیاری نـاومی کـرد، منــیش یــەك ڕاســت خــۆم و ســالار زەفــەر و ســالار موقتــەدرم ناســاند، بــەخێرهاتنێکی گــەرمی کــردین، تــا دەری هۆدەکـە ڕێنمـایی کـردین و دووبـارە بەڕێزەوە خێرهاتنمانی کرد. لاوێکی شیرین و ڕێکوپێك ئەنـدام لـە تەمـەنی بیـست ساڵەدا وەسـتابوو، فـەرمانی پێـدا شـتومەکی پێویـستی سـەفەریەکانمان بهێـنن و لەیەکێ لە هۆدەکاند دایبنێن و هاورێکانمـان هـەر لـەو هـۆدەدا جـێ بکەنـەوە. بـە بانگکردندا بۆمان ڕوون بووەوە کە ئەم لاوە کوڕی مستەفابەگە. دوای نیو سەعات دوو کوڕی تری مستەفا بەگ، کە ناویان محەمەد بەگ و عەبدوڵا بـەگ بـوو، هاتنـە لامان. بەهۆی میهرەبانی و خۆشـڕوویی مـستەفا بـەگی حـاجی ئیلخانـەوە زۆر زوو هیلاکیمان لە لەش دەرچوو.

مستەفا بەگ فەرمانیدا کە حەمامەکە بۆ سبەی تەمیز و ئامادە بکەن. شەو بۆ هـەر یـەکێکمان دۆشـەك و لێفەیـەکی تـەمیز و چـاکیان هێنـا. سـبەی زوو لەگـەڵ خۆرهەڵاتنـدا ڕۆیـشتین بـۆ حەمامەکـە، دوای خـۆ شـۆردن چـایی و بەرچـاییەکی چاکیان بۆ ئامادە کردبووین، هەرچی تکامان کرد کـە لـەپێش خـواردنی نیـوەڕۆدا مۆڵـەتمان بـداتێ بـەرەو بۆکـان بـڕۆین بـەهیچ جۆرێـك ڕازی نـەبوو. خـواردنی نیوەڕۆمان خوارد بە تکایەکی زۆرەوە مەرەخەسی پێداین، هەرسـێ کوڕەکـەی تـا

یـەك فەرسـەخ لەگەڵمانـدا ڕەوانـە کـرد. خواحـافیزی وماڵئاواییمـان لێیـان کـرد، سوارێکیان تا بۆکان بۆ ڕێنمایی لەگەڵماندا نارد.

نیو سەعات لە شەو تێپەڕیبوو گەیشتینە شارۆچکەی بۆکـان، کـە گەیشتینە دەم دەرگای کۆشکی سەرداری بۆکـان، دەنگـی سـاز و گـۆرانی دەهـات، ئێمـەیان بینی دەنگی ساز و گۆرانیەکەیان ڕاوەستان، سەردار خۆی لە ژوورەوەی ماڵەکـەدا بـوو، خزمـەتکارەکانی هاتنــە پێــشەوە، وڵاخــەکانمانیان دا بــە دەســتی چــەند کەسێکەوە و ئێمەیان بـۆ هۆدەیـەکی گـەورەی یـەکجار تـەمیز و پـاك بـرد، چـەند کورسییەك و مێزێکی گەورەی چاکی تێدا بوو، سۆبەکەیان داگیرساند. عـەلی خـان سەرداری بۆکان بە جلو بەرگی سەربازی و نیزامیـەوە هاتـە ژوورەوە، بـێ ئـەوەی کەسێ لە ئێمە بناسێ بە قیافە وجلو بەرگەکەیەوە ناسیمان، ئەویش لە پیاوەکەی حاجی ئیلخانی ناومـانی پرسـی بـوو، بـەو پـەڕی ڕێـزەوە خزمـەتمانی کـرد. دوای ئەوەی چاییمان خوارد و گەرم بووینەوە، پێمی گووت حەز لە مەشـروب دەکـەی؟ ووتمان ڕەزای تۆمـان دەوێ. مەشـروبێك و مەزەیـەکیان هێنـا، سـاز ژەنێـو تـەپڵ لێدەرێو گۆرانی بێژێ هاتنە ژوورەوە. مەجلیـسێکی گـەرم و خـۆش ئاراسـتە کـرا، میوانداری و ڕەفتـار جـوانی و سـەفا و ئـازادی بـیری مەجلیـسەکەی ئـەوم لەگـەڵ مەجلیسە تاڵ و تفت و ترسهێنەرەکەی سوارئاغا و ڕەسـوڵ ئاغـادا بـەراوورد کـرد، جیاوازییان زۆر بوو، لەوێدا برا لە برا دڵنیا نەبوو.

هە ئەو شەوە کوڕە گەورەکەی محەمەد ئاغای حاجی ئیلخانی دبوکریـان، کـە زاوای سەرداری بۆکان بوو، خەبەری دابوو کە سبەی پێش نیوەڕۆ مەحمود بەگ و حاجی بایەزید ئاغا و عەلی ئاغا هەرسێ کوڕەکەی حاجی ئیلخانی دێنە دیـەنیمان، کە هاتن سالار ئەسعەدیش لـە خزمـانی مـستەفابەگیش هـات. ئـەو ڕۆژە و شـەوی دووەمیش لەماڵی سەرداری بۆکاندا ماینـەوە. سـەردار پێـشنیاری کـرد بـۆ دیـەنی حاجی محەمەد ئاغای ئیلخانی گەورەی دبوکریان بڕۆین، خۆشم حەزم لە زیـارەتی دەکرد. کاتێ کەوتینە ڕێ، من و سالار زەفەر سواری پایتونە تایبەتەکەی سـەردار بووین، هـەر کـە گەیـشتین حـاجی بایەزیـد ئاغـا و مـەحمود ئاغـا بـۆ پێـشوازیمان دووسەد پێیەك لە ماڵەکەوە دوور ڕاوەستابوون، چاوەڕوانیان دەکرد، بە پیـادەیی کەوتنــە پێــشمانەوە تــا گەیــشتینە ماڵەکــە، حــاجی ئیلخــانی لــە دەرەوەی

دیوەخانەکەدا وەستابوو، پیادەبووین یەکجار ڕێزی لێگرتین، دوو دڵ بووم کە ئەم ڕێزە سەبارەت بە ئێمەیە یاخود سەرداری بۆکانە، بەڵام کاتێ لە هۆدەکەدا بووین سەردار بۆ کارێ ڕۆیشتە دەرەوە حاجی ئیلخانی لەبەری هەڵنەسا و نەجولایەوە، ئەو سەبارەت بە سەردار و بەگزادەکان بێ ئەندازە خۆ بەزلزان و خۆگربوو. حاجی ئیلخانی تەمەنی لە دەوروبەری حەفتا و پێنج ساڵ هەشتا ساڵیکدا دەبوو، پشتوێنێکی شاڵی سپی و ڕەشی بەستبوو، مێزەرێکی هەر لەو شاڵە بە دەوری سەریدا پێچاندبوو، جلەکەی و عەباکەی لە پارچەیەکی بە قیمەت بوو، ڕوخساری سەوزە و باڵایەکی مەیانە، ناوقەدی باریك و سنگێکی تا ڕادەیەك پان و پۆڕی هەبوو. دوای خواردنی نیوەڕۆ شەویش هەر لەوێ ماینەوە. بۆ سبەی بۆ خواردنی نیوەڕۆ میوانی مەحمود ئاغا کوڕە گەورەکەی حاجی ئیلخانی بووین، بنەماڵەی حاجی ئیلخانی لە بەناوبانگترین و ڕۆشنفکرترین بنەماڵەکانی کوردی ئێرانن، بەتایبەت حاجی بایەزیدی کوڕی پیاوێکی زانایە، عەرەبیزان و ئەدیب و فەقیهە، بیروباوەڕی دیمکراتە و هاوبیری دیمکراتەکانە، ئامانجی سەربەخۆیی میللەتی کوردە، لەو باوەڕەدا بوو کە ئینگلیسەکان بە میللەتانی دونیا ئازادی دەبەخشن، بەتایبەت ئەو عەهد و پەیمانەی کە لە بەغدا بە کوردیان داوە بە ئەنجامی دەگەیەنن. من لەگەڵ بیروباوەڕی ئەودا نەدەگونجام و دژی ڕاوەستام و گووتم یەکەم، ئینگلیسەکان لە دەرەوەی وڵاتەکەیان ئازادیخواز نین، بەڵکو تا بتوانن ئازادیخوازەکان و نیشتمانپەروەرەکان و پیاوچاکەکانی مەملەکەتەکان بەتایبەت لە وڵاتە ژێر دەستەکاندا زەلیل و زەبوون دەکەن. دووەم، مەسەلە و دۆزێك کە پێشەوایانی چاك و کارامە و خەڵکی بەغیرەتی کورد پڕوپاگەندەی بۆ بکەن و هەوڵ و تەقەلا و فیداکاری بۆ بکەن سەربەخۆیی کورد نیە، بەڵکو لکاندنەوە و تێکەڵاوبوون لەگەڵ بنەچەك و نەژادی ئێرانیەکەیاندایە[1]. لەم بیروباوەڕمە ناڕەحەت بوو، ووتی بۆ کوردەکان عەجەم یان عەرەب یان تورك جیاوازییەکی نیە. ووتم ئەگەر کەسانێکی نەخوێندەوار وەك سوار ئاغا و ڕەسوڵ ئاغا کە ئێمەیان لەم سەفەرەدا بە عەجەم دەژمارد و کوشتنمانیان بە پێویست دەزانی ئەم قسانەیان بکردایە مەعزور بوون، بەڵام تۆ پیاوێکی خوێندەوار و فازل و

[1] ئەم بۆچوونو بیروباوەرە هەمان بیروباوەری خوالیخۆشبو کەریم سەنجاوی یە. "وەرگێر"

مێژووناسی، زۆر نەگونجاوە ئەم قسانە بکەیت. لەم قسانە هەڵچوو، هەندێ قسەی سوکی بە ئێران و ئێرانیەکان ووت. منیش لە بەرامبەریدا ڕاوەستام، و تووڕەبووم، ووتم ئــەم بیروبــاوەڕەی تــۆ میراتــی ســەدان ســاڵی پڕوپاگەنــدەی لار و خێــچی سوڵتانەکانی عوسمانیە و شەڕ و دەمارگیری مەزهەبی سونە و شیعەیە، کە ئێرانیە موسوڵمانەکان بە عەجەم و ڕافزی دەژمێرن، ئایا ئەمە ڕاستە..؟ کە تۆ هەتا من و هەزاران کوردی ئێرانی تەنها لەبەرئەوەی کە سنی مەزهەب نین، بە عەجەم ناویـان دەبەی، خـۆت، کـە بـەپێی زمـانی عـەرەب عەجـەمێکی تـەواوی، بـەڵام خـۆت بـە عەجەم و ئێرانی نـازانی. کـەم کـەم تـا نیـوەی شـەو شـەڕە قـسەی مـن و حـاجی بایەزید درێژەی کێشا. گەیـشتە قـسەی نـاخۆش و سـووك بـە یـەکتری کـردن، تـا گەیشتە ئەو ڕادەیەی ووتی ئەگەر لـە ماڵمانـدا میـوان نەبوایـەی بەشـێوەیەکی تـر لەگەڵتـدا ڕەفتـارم دەکـرد، ئەگـەر نەمتوانیایـە بتکـوژم، خـۆمم بـە کوشـتن دەدا. ئامادەبووان هاتنە نێوانمانـەوە، و ناوبـژیمانیان کـرد و هـەردوو لامانیـان بێـدەنگ کردەوە، بەڵام حاجی بایەزید ئاغا بەتەواوی زویر بوو لێمان، منیش ئەو شـەوە تـا ڕۆژ بووەوە خەو نەچووە چاوم، لەلایەکەوە ناڕەحەت بووم کە میواندارێکی ئێـسك سووکم زویر کرد، لەلایەکی ترەوە بیرم دەکردەوە خوایە ئەمە چ سـەر لێـشێوان و ڕێ گومکردن و نەگبەتیەکە تووشی ئێمەی کورد هاتووە، تا ئـەو ڕادەیـە ئەسـڵ و بنەچـەك و ڕەگـەزی خۆیـان لـەیاد ببەنـەوە، و لەگـەڵ خۆمانـدا بێگانـە بووینـە و گرفتـاری داوی بـارودۆخی عەشـایەری و دەرەبـەگی و خـان خـانی و کۆچـەری و خەرافات و ئەفسانە و دەمـارگیری مەزهـەبی بووینـە، هـۆی دەرد و پەرێـشانیمان ئەمانەیــە، تــاوان خــستنە ئەســتۆی عەجــەم و عــەرەب و تــورك بــێ ســوود و نەگونجاوە.

سبەی بۆ خواردنی نیوەڕۆ لەماڵی مەحمود ئاغادا بووین، دوای نان خـواردن و بـەپێی دەعوەتێـك نزیکـی عەسـر بـۆ مـاڵی سـالار ئەسـعەد ڕۆیـشتین، بەڕاسـتی خزمەتێکی شایان و دۆستانەی لێ کردین. شەو و خـواردنی نیـوەڕۆی ڕۆژی دوایـی هەر لەوێ بووین، بەڵام حاجی بایەزید ئاغا بەهۆی زویری و دلگرانـی لـە مـن پـێش نیوەڕۆ بـەرەو مـاڵی خۆیـان گەڕایـەوە. نزیکـی عەسـر لەگـەڵ سـەرداری بۆکـان و مـەحمود ئاغـا و عـەلی ئاغـا کـوڕانی حـاجی ئیلخـانی و سالار ئەسـعەد بـۆ بۆکـان

گەڕاینــەوە. شــەو لــە مــاڵی ســەرداردا ماینــەوە، کــاتی خــەو کــە ســەرکردەکان و بەگزادەکان لەگەڵ سەرداردا ڕۆیـشتن و ئێمـەیش لـە ماڵەکـەی خۆمانـدا ماینـەوە، یەکێ لە خزمانی عـەلی ئاغـا گەڕایـەوە، و ئیـسماعیل خـانی موجاهیـدی بـانگکرد، ئاشکرابوو کە عەلی ئاغا وایبۆچووە کە ئێمە بەهۆی کوشتن و تاڵان و گرفتـاری لـە وڵاتــی عوسمانیـدا ڕێـی تێدەچـێ بـۆ خـەرج و مەسـرەفمان دامـابین، پێـنج سـەد تومـەنی نـاردبوو، هـەر وەك ئـەو مرۆڤایـەتی و مەردایـەتی نوانـدبوو، بـەڵام ئـەم کردەوەیـەی لام گـران بـوو، و لەشـەرمدا عـەرەقمکرد، بـە سوپاسـەوە پارەکـەم ناردەوە.

سبەی لەگەڵ خۆرهەڵهاتنـدا لـە تەرچیەکی خـەڵکی سلێمانی کـە لـە بۆکانـدا وڵاخی بە کرێ دەدا سێ قاترمان بە کرێ گرت، و بڕیاری سەفەرمان دا، سـەردار و سەرجەم بەگزادەکان بۆ خواحافیزیمان سواربوون، هەرچی هەوڵماندا کـە نەیـەن و زەحمەت نەکێشن، ڕازی نەبوون تا نیو فەرسەخ دوور لە شارەوە لەگەڵماندا هاتن. لە بەگزادەکانخواحافیزیو ماڵئاواییمان کرد. ئەوان گەڕانەوە، سالار زەفـەر کـە بـۆ بەستن و موحکەم کردنی تەنگەیو زینی ماینەکەی دوا کەوتبوو بـەتاو بـەرەو ئێمـە دەهات، هێشتا بەگزادەکان سەد پێیەك دوور نەکەوتبوونەوە، سـالار بـەردێکی لـە دووری هەزار پێیەکدا نیشانە گرت، و بەقیلو قـاج گوللەیـەکی تێگـرت و بەتـەواوی نیشانەکەی پێکا. دەنگی ئافەرین و دەستخۆش لە بەگزادەکان بەرز بوویەوە، هەر وەك ئەم کردەوەی سالار کەمێك لەڕووی تافی لاویەوە بوو، بەڵام چونکە لـە مـاڵی عەلی خانی سەرداری بۆکاندا قسە وگفتوگۆ سەبارەت بە سوارچاکی و دەستڕاستی لەنێو عەشایەردا کرابوو، ئەم خۆنواندنە یەکجار چاکو گونجـاو و لەشـوێنی خۆیـدا بوو.

قۆناغی دوای ئەوێمان ماڵی قوچ خان بوو، کە لەسەر ڕێگای تیکان تەپە بـوو، عەلی خانی سەردار دوو سواری شارەزای لەگەڵماندا نارد. نزیکی عەسـر گەیـشتینە ئەوێ، چونکە ئاگادار بووبـوو کـە چـەند شـەوێك لـە بۆکانـدا بووینـە زۆر خزمـەتی کردین و ڕێزی لێ گرتین، ئەمری کرد خواردنی نیوەڕۆ، کـە ئامـادە کرابـوو، بۆمـان بهێنن، ماڵەکەی لە ماڵەکانی بەگزادەکانی مـوکری پۆشـتەتر بـوو، دەیـانگوت دە

برای هەیە، لە ساڵی ڕابردوودا گوایە یەکێ لە براکانی لە شەڕ و دەعوایەکدا لەگەڵ هەندێ لە بەگزادەکانی موکریدا کوژراوە.

قووچ پیاوێکی ماقوڵ و کارامە و بەتوانا بوو، بەڵام وا باوە کە بەهۆی زۆری تەماحو توندوتیژیو دەمارگیرییەوە زۆربەی براکانی لێی دوورکەوتوونەتەوە.

قۆناغی دوای ماڵی قووچ خان ماڵی جەهانگیرخان، یەکێکی تر لە سەرکردەکانی موکری، کە دەکەوێتە پێنج شەش فەرسەخی تیکان تەپەوە، بەتایبەتی خۆم دەمناسی و لەگەڵیدا پێشینەی ناسیاویو ئاشناییم هەبوو، چونکە لە دەورەی شەڕەکانی مەشروتییەت لەگەڵ سالار ئەلدەولەدا هاتبووە کرماشان. لە قووچ خان داخوازیمان کرد تا ماڵی ئەوان سوارێکی شارەزامان لەگەڵدا ڕەوانە بکات. ووتی دوو ڕۆژ لەمەوپێش نامەیەکم بۆی نووسیوە بڕیارە ئەمڕۆ بێت بۆ ئێرە. نزیکی ئێوارە جەهانگیرخان گەیشت، شەومان لەماڵی قووچ خاندا تێپەڕاند، سبەی لەگەڵ جەهانگیرخاندا کەوتینەڕێ. دوای بڕینی دوو فەرسەخێك گەیشتینە گوندی یەکێ لە براکانی قووچ خان، داخوازیان لێ کردین دابەزین و خواردنی نیوەڕۆ بخۆین، بەڵام چونکە تا ماڵی جەهانگیر خان بتر لە شەش سەعات ڕێگا بوو، بەناچاری دەعوەتەکەیانمان قبوڵ نەکرد. دوای ئەم گوندە گەیشتینە گوندێکی تری یەکێك لە براکانی قووچ خان، خۆی هاتە پێشوازیمانەوە و جەختێکی زۆری کرد کە دابەزین، قبوڵمان کرد، دابەزین و بووینە میوانیان، ئەو بچووکترین برای قووچ خان بوو، کە بە خانی بەناوبانگ بوو، بە میوانداریش ناوی دەرکردبوو، لەنێو ڕێگادا هێشتانە نەگەیشتبووینە ماڵیان جەهانگیرخان ووتی مەحاڵە خانی بهێڵێت بێ خواردنی نیوەڕۆ و ئێوارە (نەهار و شام) لە ماڵەکەی بڕۆینە دەرەوە. نەهارێکمان خوارد، هەرچۆنێ بوو مەرەخەسی کردین. کەوتینەڕێ، نزیکی خۆرئاوا گەیشتینە ماڵی جەهانگیرخان، وەزعی ناوەوە و دەرەوەی ماڵەکەی خراپ نەبوو، فەرشەکانی دیوەخانەکەی لە فەرشە چاکە عێراقیەکان بوو، کە لە دەورەی هاوکاری و هاوڕێیەتی سالار ئەلدەولەدا لە تالانی دەوروبەری مەلایەر و سوڵتان ئاوادا دەستی کەوتبوو.

شەومان لەوێ بردە سەر و ڕۆژی دوایی لەگەڵ کەسێکی شارەزادا بەرەو ئەفشاری ئازەربایجان کەوتینەڕێ.

## ڕووداوی ماڵی سەردار ئەفشار

دوای دوو کاتــژمێر ڕێکــردن گەیــشتینە ڕووبــارێکی بــچووك، ئــەو ســوارە شارەزایەی کە لەگەڵماندا بوو ووتی ئەمە سنووری نێوان مـوکری و ئازەربایجانـە. لـەویێ دابــەزین تــا کــەمێك بحەوێینــەوە، ســەر و ڕوومــان شـۆرد و جلـو بەرگـە کوردییــەکانمان داکەنـد و جـل و بـەرگی موجاهیـدیمان پۆشـی، نزیکـی ئێـوارە گەیشتینە یەکەمین گوندەکانی عێلی ئەفشار، گەیشتنمان ڕێکەوتی شەڕ و شۆڕێك بوو لەنێوان ئەم بەشەی ئەفشارەکاندا لەگەڵ هۆزێکی کورد کە ناویان کەلور بـوو، ئەم کەلوڕانە پێنج سـەد بنەماڵەیـەك دەبـن، ڕوون نیـە لـە چ زەمـانو دەورەیەکـدا هاتوونەتە ئەم دەڤـەرە، چـەند ڕۆژێـك لەمـەوپێش سـەرۆکەکەیان کـە بـە ئیلخـان بەناوبانگە بە دوانزە سـوارێکەوە هێرشـیان هێنـابووە سـەر یـەکێ لـە گونـدەکانی ئەفـشار، ژمارەیـەك گـا و مانگایـان بـە تـاڵان بردبـوو، سـەرۆکی ئـەم ئەفـشارانە کەسێکە بـەناوی کـەریم خـان، ئـەو و کوڕەکـەی فەرەیـدون خـان کـە بـە ئـازایی ناوبانگیان دەرکردووە کە ئاگاداری هێرشی کەلوڕەکان دەبن بە چەند سوارێکەوە دەکەونــە شــوێنی تاڵانکــەرەکان و لــە شــەڕ و پێکدادانێکـدا ئیلخـان ســەرۆکی کـەلوڕەکان دەکـوژن و تاڵانەکـە دەگێڕنـەوە. کـەلوڕەکان دوای ئـەم شـکانە پـەنا دەبەنە بەر تایفەکانی گەڵباخی و مەنمی[1]، دوو سەد سوارێکی گـەڵباخی بـۆ یـاریو کۆمــەکیان ئامــادە دەبـن. دوای ئــەم ڕووداوە ئەفـشارەکان لــە ترســی شــاڵاوی گەڵباخیەکانـدا بەســەر هــەموو تەپــە و بەرزییەکانــەوە چــەکدار دادەمــەزرێنن و سەنگەر دەگرن.

نزیکی عەسر لە گوندەکەی کەریم خان نزیك بووینەوە، هەر وەك ئێمـە ڕێگـای باکورمــان گرتبــووە بــەر، دوژمنــەکانیان لــەلای باشــوور و باشــووری ڕۆژئــاواوە دامەزرابوون، بەڵام ئەفشارەکان چەند گوللەیەکیان تەقاند تا خۆمانمان ناساند کە دۆســتین، تەقــەیان ڕاگـرت، گەیـشتینە بـەردەرگای مـاڵی کـەریم خـان، نـاوبراو بەوپــەڕی ئــەدەب و خۆشەویــستیەوە هاتــە پێــشوازیمانەوە، ووتــی بۆئــەوەی

---

[1] مەنمی عەشیرەتێکی سەربەخۆ بوونە لە ئێراندا، بەڵام لە عێراقدا سەر بە عێلی گەورەی جاف دەژمێردرێت.

درێغییەك لە خزمەتدا ڕوونەدات خۆتان بناسێنن، منیش بـێ تێبینـی نـاوی خـۆم و هاوڕێکانم پێ گووت. بردینیە دیوەخانەکەی.

کەریم خان پیاوێکی قسەخۆش و خۆش مەشرەب بوو لە ڕووخسار و سیما و ڕەفتاری فەرەیدون خانی کوڕیدا ئازایی و جوانمـەردی خـۆی دەنوانـد، ئاشـکرابوو کە ئەم ناوبانگی ئازاییـە کـە دەری کـردووە ڕاسـتە و جێـی دوودڵـی نیـە، بـەهۆی هاوسێیەتیان لەگەڵ موکریەکاندا زمانی ئاساییان کوردی بوو، هەروەك هەندێ جار لەگەڵ یەکتریدا بە تورکی قسەیان دەکرد.

شەو لەوێ ماینەوە، بە ڕووخۆشی و نەوازشتەوە خزمەتیان کـردین. بۆئـەوەی بگەینە تیکان تەپە لە کەریم خان داوای شارەزایەکمان کرد، پرسی لەوێ دەچـیتە ماڵی سەردار ئەفـشار یـان ماڵێـك بـەکرێ دەگریـت؟ ووتم بێگومـان دەڕۆینـە مـاڵی سەردار ئەفشار. ووتی باوەڕناکەم جێتان بکاتەوە.

لە گوندەکـەی کـەریم خانـەوە تـا تیکـان تەپـە چـوار فەرسـەخ ڕێ بـوو. نیـو سەعات دوای نیوەڕۆ گەیشتینە بەردەرگای کۆشکەکەی، سەردار ئەفشار ئەو کاتە لە دەرەوەی گوندەکەدا بوو، لە چوار ساڵ لەمەو پێشەوە خـەریکی دروسـتکردنی کۆشك و تەلارێکـە، وەکـو دەیـانگووت کـە مەسـاحەتەکەی نزیکـەی نیـو فەرسـەخ دەبێت. گەیـشتینە بـەردەرگای کۆشـکەکە جەمعیـەتێکی عەمەلـە و بـەناو وەسـتا سـەرگەرمی کـاربوون. پیـاوێکی باڵابـەرز لەتەمـەنی پـەنجا شەسـت سـاڵەدا بـە ویقارەوە ڕاوەستابوو، عەبایەکی قاوەیی پۆشیبوو، کڵاوێکی چەرمی لەسەردا بوو، عەینـەکێ لـە چـاودا و گۆچـانێکی بەدەسـتەوە بـوو، گـاە گـاهێ بـە عەمەلـەکان فەرمانی دەدا، مەعلوم بوو کە سەردار ئەفشار خۆیەتی، چونکە وڵاخـەکانمان زیـن و بەرگی چاکی بەسەرەوە نەبوو، کەمێك دوور لە کۆشکەکە دابەزین، وڵاخـەکانمان دا بە دەستی خزمەتکارەکانەوە و خۆمان بەرەو سـەردار ڕۆیـشتین، بـەپێی داب و نەریتی خۆمان سڵاوێکم بە دەنگـی بـەرز کـرد، وەڵامـی دامـەوە، بـەڵام لەشـێوەی سەیرکردنیدا وادیاربوو چاوەڕوانی ملکەچیمانی لێ دەکـرد و کوڕنوشـی بـۆ ببـەین، بەکەم تەرخەمییەوە پرسی کێن..؟ و کارتان چـی یـە؟ وەڵامـم دایـەوە بـەم پەلـە عەرزێکمان نیـە، کەسـانێکین لەڕێگایـەکی دوورەوە هـاتووین و میـوانی تـۆین. بـە توڕەییەوە ووتی ئێرە خۆ میوانخانە نیـە. ووتم مومکینـە بفـەرمیت لـە گوندەکـەدا

جێیەکمان بدەنێ، خەرجی خۆمان دەکەین. پیاوێکی لەگەڵماندا نارد و لە گوندەکەدا ماڵێکی پێ نیشانداین، خاوەنی ماڵەکە لە دوو هۆدەدا جێمانی کردەوە، هۆدەیەکیان چەند گلیمو فەرش و سۆبەیەکی ئاسنینی تێدا بوو، ناردمان هەندێ داری سوتەمەنی و نان و پەنیر و کەبابیان سەند، سۆبەکەمان داگیرساند و کتریە هەمیشەییەکەمان بۆ چایی دروستکردن خستە سەر سۆبەکەوە. سەرگەرمی خواردنی نانی نیوەڕۆ بووین، سەیرمان کرد لەلایەن ماڵی سەردارەوە خواردنی نیوەڕۆ و سەماوەرێك لەگەڵ پیاڵە و قۆری چاییان هێنا. خواردنەکەی سەردارمان دایە خزمەتکارەکان، سەرمان سوڕما.! ئایا چی بووە، سەردار لەو سەختگیری و زیزییەوە لە هەڵوێستەکەی پەشیمان بوەتەوە، خواردنمان بۆ دەنێرێ و خزمەتمان دەکات، لەگەڵ سالار زەفەردا لەم بارەوە قسەمان دەکرد، تۆ بڵێی کەسێ ئێمەی ناسیبێ؟ کوێخا عەلی ووتی من پیاوێکی سنەییم بینی هەم تۆ و هەم سالاری دەناسی و هەرچی ئینکاریم کرد نەچووە گوێیەوە. دڵنیابووین هەر ئەو کەسە شتێکی بە سەردار سەبارەت بە ئێمە گوتووە. لەم بەینەدا سەیرمان کرد چەند کەسێ لە خزمەتکارەکانی سەردار هاتن و قاڵییەکیان هێنا، پێمان گووتن ڕازی بە زەحمەت نین، هەر ئەم گلیمانە کافیە و پێویست بە شتی تر ناکات. ووتیان سەردار خۆی بۆ دیەنیتان دێت. وەڵامم دایەوە، ئەگەر فەرمایشێکی هەیە داخوازیمان بکات دەگەینە خزمەتی. خزمەتکارەکان ڕۆیشتن، یەکێکیان گەڕایەوە، گوتی ڕازی نەبوو، خەریکن تەشریف دەهێنن. بە سالار زەفەر و سالار موقتەدرم ڕاگەیاند کاتێ گەیشت کوڕنوشی بۆ ببەن و سەر دانەوێنن، هەر کە نزیك بووەوە لە هۆدە و حەوشەکە چوینە دەرەوە و لەبەردەم ماڵەکەدا کڕنووشی بچووکیمان بەجێ هاورد، گەیشتنە دەرکی هۆدەکە سەردار داخوازی لێمکرد پێش بکەوم و بڕۆمە ژوورەوە، بەڵام بە تەعزیمێکەوە کە شانازی پێوە دیار بوو ڕازی نەبووم. سەردار چووە ژوورەوە ولەسەرەوە دانیشت. ئیقبال لەشکری تەبرێزی کە لەمەوپێش بینیبووم لەگەڵیدا هاتبوو، لە پاڵیدا دانیشت، من و سالار زەفەر و سالار موقتەدر بە پێوە ڕاوەستاین، سەردار ووتی بۆچی نافەرمن..؟ لە وەڵامدا ووتم لە خزمەتتدا ڕاوەستاوین. دووبارە داخوازی دانیشتنمانی لێ کردن و وەك خزمەتکارێکی بە ئەدەب لەسەر ئەژنۆ دانیشتین. هەردوو سالار بە ڕاوەستاوی

مانەوە، چەند جارێك داخوازی كرد دانیشن، سەرئەنجام ئەوانیش دانیشتن. لە منی پرسی ناوت چیە..؟ خۆمم بە مەحمود خان و سالار زەفەر بە عەلی خان و سالار موقتەدرم بە سلێمان خان ناساند. پرسیاری كرد نازناوتان چیە؟ ووتم نازناومان نیە. پرسی بۆچی نازناوتان نیە؟ ووتم ئەمرۆ لەئێراندا نازناو كەڵكو ڕێزی لەدەستداوە و ئێمەیش بەدوایەوە نەبووینە. پرسی خەڵكی كوێن؟ وەڵامم دایەوە لە خاوەن موڵكەكانی نێوان نەهاوەند و مەلایەرین. ووتی هەنوكە لەكوێوە بەرەو ئێرە هاتن؟ ووتم لەنێوان سەركردەكانی موكرییەوە، كار و خزمەتێك لەلایەن دەوڵەتەوە پێمان ڕاسپێردرابوو، خەریكی ئەنجامدانی ئەو كارەین. ووتی ئەتوانی بۆم بگێڕیتەوە؟ ووتم ئەگەر حەزرەتی بەرزتان تەنها بوونایە دەمگێڕایەوە، چونكە ئەم خزمەت و كارەمان لە بەرژەوەندی تۆدایە بێگومان بۆتانمان دەگێڕایەوە. ووتی ئەم ئاغایە وێنەری دەوڵەتە و جێی باوەڕە. ووتم كەوابوو دەیگێڕمەوە. ووتم وەكو دەزانن تایفەكانی گەڵباخی و مەنمی، لەم دەڤەرەدا، تا ڕادەیەكی زۆر خەڵكیان ئەزیەت و ئازار داوە، هەتا دەستدرێژیان كردۆتە سەر هۆزێكی وەكو هۆزی ئەفشار، سكاڵای زۆر لەو بابەتەوە گەیشتووە دەوڵەت بڕیاری سەركوتكردنیانی داوە، چونكە لەكاتی فیتنەی سالار ئەلدەولەدا جەمعێ لە سەركردەكانی موكری لەگەڵیدا بوون هەتا دەڤەرەكانی كرماشان و نەهاوەند و مەلایەر هاتبوون، بەندە لەگەڵ چەند كەسێك لە سەركردەكانیاندا ڕەفاقەت و دۆستایەتیم بەرپاكردبوو، و چەند جارێك بۆ دیەنی یەكتری ڕۆیشتبووین، دەوڵەت لەم پەیوەندییانە ئاگادار بووە و لەسەر فەرمانی شازادە فەرمانفەرما ڕاسپێردراوم لەگەڵیاندا دانوستان بكەم و ئەوان ئامادە بكەم، هەركاتێ دەوڵەت بۆ سەركوتكردنی ئەو یاغی و تاوانبارانە دەست بەكار بوو، ئەوانیش بە هێزەكانیانەوە كۆمەك و یاری دەوڵەت بدەن. سەردار بە ڕووخۆشییەوە پرسی، باشە سەركردەكانی موكری چی وەڵامێكیان دایەوە. ووتم هەموویان ئامادەی خزمەتن، بەڵام دوو داخوازییان هەیە، كە پێویستە بە عەرزی دەوڵەتی بگەیەنم. ووتی ئەو دوو داخوازییە چیە؟ ووتم یەكێكیان ئەوەیە، چونكە ململانێ لەگەڵ گەڵباخیەكاندا لە سەرەتاوە تا كۆتایی ئەو كارە، ڕێی تێدەچێت مانگێك یان زیاتر بخایەنێت، لەم ماوەدا دەوڵەت پێویستە موچەیەك بە سوارەكان تەرخان بكات

بۆئەوەی تەعەدا و دەستدرێژی لە گوندەکانی سەر ڕێگاکانیان نەکەن. ئەوی تریان داخوازی دەکەن بە هەر سوارێکیان دوو سەد فیشەك بدرێت. ووتی لـە حەقیقەتـدا داخوازییەکەیان مەعقولە و بەجێیە. دوایـی پرسـی لەچـی ڕێگایەکـەوە بـۆ مـوکری ڕۆیـشتیت؟ ووتم لــە ڕێگــای ئەســەد ئــاوا و هەمــەدان و قــوروەوە و مــەریوان و سەقزەوە. ئەمجارە بە نەرم و ڕێزەوە ووتی ئەوەی لێم پرسیت وەڵامێکت دایـەوە کە ناتوانم باوەڕی پێنەکەم، بـەڵام بێتـو ڕاسـت بڵێیـت، بـەپێی قـسەی یـەکێك لـە خەڵکی سنە، تۆ عەلی ئەکبەر خانی سەردار موقتەردی. ووتم خـەیر بەپێـچەوانەوە بە عەرزتیان گەیاندووە، بەندە سەردار موقتەردم نە بینیوە و نـە ئەیناسـم، بـەڵام لە ڕۆژنامەکاندا خوێندوومەتەوە کە لەگەڵ ئینگلیسەکاندا شەڕی کردووە و خۆی و تایفەکـەی تــاڵانکراوە، خــۆی لەگــەڵ بــراو کــەس و کارەکانیــدا بــۆ عوسمــانی و ئیــــستامبوڵ کۆچــــیان کــــردووە. ووتــــی ڕاســــتە ئێمــــەش لــــە ڕۆژنامەکانــــدا خوێندوومانەتەوە، بەڵام ڕێی تێدەچێ تۆ سـەردار موقتـەدر بیـت کـە ئێستاکە لـە عوسمانیەوە بـۆ ئێـران گەڕاویتـەوە. گـووتم زانـیم مەوزوعەکـەیان بـە پێـچەوانەوە گەیاندوەتـە خزمـەتتان، چـونکە کـاتێ لـە بـەردەم کۆشـك و تەلارەکـەدا دابـەزین ووتمـان میـوانین، فـەرمووت خـۆ ماڵمـان میوانخانـە نیـە، و فـەرمانت فـەرموو لـە گوندەکـەدا ماڵێکیـان بـەکرێ بۆمـان گـرت، بـەڵام لـە دواییـدا ڕەوشـتت گـۆڕی و خواردن و چاییت بۆمان نـارد، و ئێـستاکە خۆتـانیش تەشـریفتان هێنـاوە یـەکجار شەرمەسـارم کـە هەڵەیـەکی ئـەوتۆ ڕوویـداوە بوەتـە هـۆی زەحمـەت و تەشـریف هاوردنی حەزرەتی پایەبەرزتان. ووتی من دان بە گوناح و خـەتا و کـەم تەرخـەمی خۆمدا دەنێم، و هاتوومە بە شەرمەوە عوزرت بۆ بهێنمەوە و تۆ دەتوانی هەر بـەم گۆچانە ئەدەبم بکەیت، بەڵام بـە مرۆڤایـەتی سـوێندت دەدەم هـەر کەسێك هـەی خۆت بناسێنە، منیش بـە گوسـتاخییەوە چـوومە پێـشەوە ولایـدا دانیـشتم و پـێم خستە سەر پێ و ووتم بەڵێ مـن عـەلی ئەکبـەر خـانی سـەردار موقتـەردم، ئـەویش حوسـەین خـان سـالار زەفـەری بـرا بـچووکمە و ئەویـشیان سلێمان خـانی سـالار موقتەدری برازامە کـە ئێستا بـاوکی لـە بەغـدا دیلـی ئینگلیـسەکانە، و هاوڕێکـانم ئەفسەرێکی هەڵهاتووی عوسمانی و یەك نەفـەر موجاهیـدی میللـی و چـەند کوێخـا زادەیەکی سەنجاوین، کاتێ هاتینـە بـەردەم ماڵەکـەت کـە دەڵـێن دەور تـا دەوری

نزیکی نیو فەرسەخێکە ووتمان میوانین و لەڕێی دوورەوە هاتووین، ووتت ماڵەکەم میوانخانە نیە، هەر ئەم کەسایەتییە کە لە خزمەت جەنابتدا دانیشتووە، چونکە منی لە جل و بەرگێکی تردا بینیووە و شێوە و قەوارەیەکی تر ڕێی تێدەچێ نەمناسێت، بەڵام من ئەو دەناسم، ئەو ئیقبال لەشکری تەبریزییە و لەلایەن حکومەتی ئەیالەتی ئازەربایجانەوە ڕاسپێردراوە سەبارەت بە باج و دەرامەت دابەشکردنی میرات و سامانی تەواو نەبووی باوکت بکۆڵێتەوە و پشکنین بکات کە دوای چەند مانگێك هێشتانە موەفەق بە یەکلایی کردنەوەی کارەکەی نەبوەتەوە. ووتی لەسەرەتاوە ووتم مافی ئەدەب کردن و گوێ ڕاکێشانمت هەیە و ئەگەر دەتەوێ فەلاقەیشم بکەی ئامادەم. دوای ئەوە یەمین لەشکری برای تکایان لێم کرد کە بۆ ماڵەکەیان برۆین. بە گاڵتەوە ووتم ماڵی جەنابتان خۆ میوان خانە نیە. هەرچی هەوڵیاندا ڕازی نەبووم. سەرئەنجام بڕیارمدا بۆ بەرچایی خواردن سبەی برۆمە ماڵیان.

دوای ڕۆیشتنی سەردار لاوێکی نەجەفی هاتە دیەنیمان، کە لە تیکان تەپەدا ماڵ و ژنی هەبوو، و دەستگیرانی خوشکی سەردار ئەفشار بوو، وەکو دەیگێڕایەوە لەگەڵ خوالێخۆشبوو خوسرەوخانی مامەمدا کاتێك بۆ زیارەتی مەزارە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلا ڕۆیشتبوو دۆستیان بەرقەرار کردبوو، چونکە سەبارەت بە ڕووداوەکەی ئێمە و سەردار ئاگادار بووبوو، هاتە ماڵەکەمان، وەکو دۆستێکی دێرین دەستی کردە ملم و ووتی هەروەك تا ئێستا تۆم نەبینیووە، بەڵام ناوبانگی تۆم بیستووە، لەگەڵ خەسرەوخانی مامتدا لە قەسری شیرین ئاشنایەتیم پەیدا کرد، جارێك میوانی خوالێخۆشبوو سەمسام ئەلمەمامليکی باوکت بووم، لە ڕووداوو ڕەفتاری ناپیاوانەی سەردار لەگەڵتدا یەکجار ناڕەحەت و دڵگرانم، و ئێستاکە هاتووم تکات لێ بکەم کە تەشریف بهێنن بۆ ماڵەکەم و شەو لەوێ بمێننەوە. دەعوەتەکەی ئەویشم قبوڵ نەکرد، بەڵام بەڵێنمان پێدا پێش ڕۆیشتنمان بۆماڵی سەردار بێین بۆماڵەکەی. سبەی زوو سەید هات، بۆماڵەکەی ڕۆیشتین بەرچایی ئامادە کردبوو خواردمان، بەپێی بەڵێنێك کە دابوومان ڕۆیشتین بۆ ماڵی سەردار ئەفشار، هەر کە گەیشتینە دەری کۆشکەکەی سەیرمان کرد سەردار لەگەڵ خەڵکێکی زۆر لە پەیرەودانو کەس و کاریدا چاوەڕوانمانن، چەند

پێیەك هاتە پێشەوە پێشوازی کرد، پیاوێك لە خواجەکانی دێرینـی محەمـەد عـەلی شای لەگەڵدا بوو کە زۆر زوو ناسیم ئەویش ناسیمی، سەری دانواند و سڵاوی کرد. ئەم خواجەیە لەو دەورو زەمانەدا یەکجار کارامە وخۆش سیما بوو، محەمـەد عـەلی شا و شاژن یەکجار خۆشیان دەویست و زۆربەی کـارە گرنگـەکانی ئـەمیر بـەهادور ئەو ئەنجامی دەدا، دوای وەلاوە خستنی محەمەد عەلی شا ئەویش هـەڵهات، خـۆی گەیاندە سەردار ئەفشار و بوەتە خواجەی حەرەمسەراکەی سەردار ئەفشار.

سەردار ئاماژەی بـۆ خواجەکـە کـرد، کەوتـە پێـشەوە وبردینـی بـۆ تـەلارێکی گەورە کە هێشتانە سپی کاری نـەکرابوو، و دەرو پەنجـەرەیان لێ نەبەسـتبوو، لـە چەند هۆدەیەك تێپەڕین کە دەر و پەنجەرەی هەبوو، شوێنێك کە دیمان بەشێك لە دەرەوەی کۆشـکی نایـاب و شـکۆدارەکەی سـەردار ئەفـشار بـوو. زیادەیـە کـە سەبارەت بە ڕازاوەیـی هۆدەکـان و کـەل وپـەل و ئەسـاس و شـتومەکەکانی بـاس بکەم. سەرلەنوێ بەرچاییەکی کەممان خوارد. کەوتینەڕێ، سەردار خزمـەتکارێکی تایبەتی خۆی لەگەڵماندا نارد و بۆ یەکێك لە سـەرکردەکانی، کـە ماڵەکـەی لەسـەر ڕێگەکەماندا بوو، نامەیەکی نووسی کـە خزمـەتمان بکـات. بـۆ خۆرئـاوا گەیشتینە مـاڵی ئـەو کەسـە، خزمـەتێکی تـەواوی لێمـان کـرد وخـواردنی ئێـوارە (شـام)ی داپێمان، ئەگەر ماڵی سەردار خۆیشی بوایـە بـەم چـاکی و ڕێـك و پێکیـە خزمـەت نەدەکراین، سەماوەرەکەی هەتا نیوەشەو دەکوڵا، کاتی خـەو بـۆ هـەر یـەکێکمان دۆشـــەك و لێفەیـــەکی پـــاك و خـــاوێنی ئامـــادەکرد. خـــەوتین، ئـــەو هیلاکـــی و خەستەییەی تیکان تەپە لە گیانمان دەرچوو، بە تەواوی حەواینەوە.

## بەهادور سوڵتانی دەویرانی

قۆناغی دواییمان ماڵی بەهادور سـولتانی دەویرانـی بـوو. چـونکە دەیـانگووت لەم گوندەوە تا ماڵەکەی لە گوندی (ئەنگوران) حەوت فەرسەخ ڕێمان لە پێشدایە، سـبەی زوو هـەروەك هـەوا سـارد بـوو، زەویـش بەسـتبووی، کەوتینـەڕێ. لەگـەڵ بەهادور سـولتاندا پێـشینەی دۆسـتایەتیەکی بتـەوم هـەبوو، دەمویـست ئـەو ڕۆژە هەرچۆنێ بێ، هەتا هەر سـەعاتێکی شـەو بێـت، بگەینـە ماڵیـان. خزمەتکارەکـەی سەردار ئەفشار لەگەڵ دوو سواری تردا لەگەڵمانـدا هـاتن، گەیـشتینە گەردنەیـەکی

دژوار و یەکجار سەختی ئێلاخی، دەیانگووت سنووری نێوان عێلی ئەفشار و دەویرانە. لە دامێنی گەردنەکەدا نزیکەی مەچەکێك بەفر باریبوو، بە سەختی چووینە سەرەوە، هەر کە گەیشتینە خاکی دەویران، هەوای گەرم و موعتەدلی ئەو ناوچەیەمان هەست پێکرد.

سەعاتێك پێش نیوەڕۆ گەیشتینە گوندێك کە دەیانگووت نیوەی مولکی ئەسعەد ئەلدەولەی زەنجانی یە و ئەو نیوەکەی مولکی سەرکردەکانی دەویرانە. خواردنی نیوەڕۆ ئامادە کراو خواردمان، لەوێ چەند خزمەتکارێکی بەڕێزی ئەسعەد ئەلدەولەمان بینی کە دوو (قووشی) تەرلانیان پێبوو، دەیانویست بۆ ڕاو بڕۆن، ئێمەیان بینی لە ڕاو و شکار چاویان پۆشی، یەکێکیان پرسیاری ناومانی کرد و بەرەو کوێ دەچین. ووتم مەحمود خانی سنەییم بۆ تاران دەڕۆم، لەبەرئەوەی لەگەڵ سەردار ئەفشار و بەهادور سوڵتاندا پێشینەی دۆستایەتیم هەیە، لەم ڕێگاوە هاتم کە بیانبینم، سەیری وەزعی جل و بەرگ و زین و بەرگی کۆن و داڕزاوی وڵاخەکانمانیان کرد دڵنیابوون چاوەڕوانی یارمەتین، ئیتر لە سەری نەڕۆیشتن و هیچیان نەگووت.

خزمەتکارەکانی سەردار ئەفشار لەوێوە گەڕانەوە، ئێمەش شارەزایەکمان تا ماڵی بەهادور سوڵتان بەکرێ گرت. کەوتینە ڕێ، سەرەتای شەو گەیشتینە گوندی ئەنگوران، یەك ڕاست بەرەو ماڵی بەهادور سوڵتان ڕۆیشتین، خۆی لە هۆدەیەکی دەرەوەی ماڵەکەیدا ڕاکشابوو، چوومە ژوورەوە، سڵاوێکم لێ کرد، لە وەڵامەکەیدا بۆم دەرکەوت نەی ناسیومەتەوە. وتم هەروەك وادیارە نەتناسیمەوە، بەڵام دەبێ ماچت بکەم، هەڵسا و باوەشی کردەوە، دوای دەستدان و تەوقەکردن چپاندمە گوێیدا ووتم عەلی ئەکبەر خان سەردار موقتەدرم و ناوی هەنوکەم مەحمودە، چەند جارێك ماچمی کرد، یەکێ لە خزمەتکارەکانی ڕاسپارد کە ئاگای لە هاوڕێکان و وڵاخەکانمان بێت.

داری سوتەمەنیەکی زۆریان لە سۆبەکەدا کۆکردەوە و ئاگریان تێبەردا، گۆرانی بێژێکی زنجانی کە لە هۆدەکەدا بوو، چووەدەرەوە. سەبارەت بە ئەوزاع و ئەحوال و سەرهەتمانی لێ پرسیم، منیش سالار زەفەر و سالار موقتەدرم پێ ناساند و سەرهاتی خۆمانم لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە کورتی بۆ گێرایەوە. کە

گـەرم بوویـنـەوە مەشـروبێك و تارێـك و مەزەیـەكیان هێنـا، بـەهادور سـوڵتان تارژەنێكی چاك بوو، دەستی كردە تارلێدان و سەیدیش بە گۆرانی ووتن سەرگەرم بوو. بەهادور سوڵتان فەرمانیدا حەمام بۆسبەی زوو گەرم و ئامادە بكەن. سبەی دوای خۆشـۆردن و بەرچـایی خـواردن، مەجلیسەكەمان چـۆڵكرد و سـەبارەت بـە ڕێگایەك كە بیگرمەبەر دەمویست بیروبۆچـوونی بـەهادور سـوڵتانم بـزانم، چـونكە لەمەودوا لە هاتوچۆ و چاودێری ئینگلیسەكان دەترسام. بۆچوونی وابوو كە هەموو شتومەكەكانمان لەگەڵ كەسێكدا لە ماڵەكەیدا بەجێ بهـێڵین، پاشمـاوەی ڕێگاكـە، ڕێگای نێوان زنجان و كەرسەف هەتا تاران بگرینەبەر، سێ وڵاخـی سـواریمان لاواز بووبوون، بەهادور ووتی ئەسپی زۆرم هەیە، هەرچیت دەوێ بیبە. سـێ ئەسـپم بـە زین و بەرگی گونجاوەوە داخوازی لێ كرد، مەیتەرەكەی بانگ كـرد، و ئەسـپەكانی دەستنیشان كرد وفەرمانیدا لـە تەویلەكـە بیانهێننـە دەرەوە و لـەماوەی ئـەو دوو ڕۆژەدا كە لەوێ بووین ئەسـپەكان بجوڵێننـەوە، بۆئـەوەی ئامـادەی ڕۆیـشتن بـن، دوایـی بانگهێـشتمانی كـرد بـۆ سـەیری تەویلەكـەی و تەماشـاكردنی ئەسـپەكانی، نزیكەی دە ماین و سێ سەر ئەسپی چاكی هەبوو، كە لـە چـاكترین بارودۆخـدا بـە خاوەن دەكران، دوایـی گـوتی لەمانـە چـاكتر قـاترێكم هەیـە كـە شـایانی بینینـە، بەیەكێ لە مەیتـەرەكانی گـووت پڵنگەكـە بهێنـە. مەیتەرەكـە ڕەشمـەی وڵاخێكـی ڕادەكێشا و هاوردی، ئەگەر لە پێشەوە بـەهادور سـوڵتان باسـی نەكردایـە بـاوەڕم نەدەكرد كە ئەم وڵاخە قاترە، قاترێكی تەمەن هـەژدە مانگـەبوو، كـە پێـستەكەی سەرجەم سپی بوو، بەڵام لە هەموو لەشیدا خاڵی ڕەشـی ڕێـك و پێـك و ورد و ڕیـز وەك خاڵی پڵنگێكی كۆنە ساڵ دەبینـرا، لـە هـەردوو لای ڕانەكانیـەوە نزیكـەی دە خاڵی گەورە و درشـتتری خـاڵی پڵنگێكـی دیـاربوو، سـاق و پێـی كـەمێ ئەسـتوور دەهاتە بەرچاو، بەگشتی لەشی یەكجار جوان و خۆش قالب بوو. لە ڕاستیدا ئەگەر جـوتێكی لـەم هێـسترە هەبووایـە بـۆ بـایتون ڕاكێـشان بـێ هاوتـا و كـەم نـەزیر دەژمێردرا.

شەوی دووەمیشمان بە خۆشی و شادی و خزمەتێكی چاكی بـەهادور سـوڵتان تێپەڕانـد. شــەوێك درەنــگ لەگــەڵ هــەردوو ســالاردا بیروڕامــان گۆڕییــەوە و بــە چاكترمان زانی كە هەر بەم بار و بنـە و وڵاخ و شـتومەكەمانەوە ڕێگـای كەرسـەف

بگرینە بەر، تا دەگەینە ماڵی جەهانشاخانی ئەمیر ئەفشار، کە یەکە پیاوی دەسەڵاتداری ئەو ناوچەیە، لەوکات و زەمانەدا، دەژمێردرا. پەیوەندی ئەمیر ئەفشار لەگەڵ بەهادور سوڵتاندا یەکجار خراپ و ئاڵۆز بوو. چونکە میواندارەکەمان پێشینەی پەیوەندی لەگەڵ ئەڵمانەکاندا هەبوو، ئەگەر هاتو بەگوێی ئەومان بکردایە، بەو شێوەیەی ئەو تەگبیری کردبوو، لەڕێگای ئەوەوە بەرەو تاران بڕۆیشتینایە، بێ ئاگاداری ئەمیر ئەفشار، ڕێی تێدەچوو بەو پەیوەندییە موحکەمەی کە ئەمیر ئەفشار لەگەڵ ئینگلیسەکاندا پەیدای کردبوو بەهادور سوڵتانیشی، تووشی ناڕەحەتی و گرفتیشی بکات و لەڕێی ئێمەیشدا گیروگرفت و ناڕەحەتی دروست بکردایە.

سبەی بەهادور سوڵتان هاتە دەرەوە، مەوزوعەکەم بۆ باسکرد و کێشەکەم بۆ ڕوون کردەوە، قسەکانمی سەلماند و ووتی ئەوەی بە باشی دەزانن بیکەن. سوارێکی شارەزای بۆ ڕێنمایی و دەلیلیمان دەستنیشان کرد. جگە لەمە یەك دەست کراسی سەرداری لە شاڵی خەڵخالی، کە هی خۆی بوو، لەگەڵ کڵاوێکی سادەی خەمسەییدا پێشکەش کردم و دام بەدەستی خزمەتکارەکانەوە، کە لە کاتی پێویستدا کەڵکی لێ وەربگرم.

هەر بەیانی ئەو ڕۆژە خواحافیزی و ماڵئاواییمان لێ کرد، بۆ خواردنی نیوەڕۆ گەیشتینە گوندێك، کە موڵکی بەهادور سوڵتان بوو، لەپێشدا لەوێ دەژیا، ماڵ و دیوەخانەیەکی چاکی لەوێدا دروست کردبوو، بەڵام ئێستاکە ئەو کۆشکە بەرەو داڕمان و کاول بوون دەچێت، وەکو دەیگێڕنەوە دووساڵ لەمەوپێش ئەمیر ئەفشار چەکدارێکی زۆر دەنێرێتە سەری و گوندەکە داگیر دەکەن، و کۆشکەکەی دەسوتێنن. نزیکەی عەسر گەیشتینە گوندێکی تر کە بەشێکی موڵکی بەهادور سوڵتان بوو، ئەوبەشەکەی موڵکی ئەمیر ئەفشاری ئازەربیجانی بوو. بەهادور سوڵتان گوندەکانی بەچاکی لە بەرامبەر گەڵباخیەکاندا پاراستبوو، بەڵام پاشماوەی گوندەکانی خەمسەیی و گەڕوسی لە دەستدرێژییان ئاسایشیان نەمابوو، و ڕاحەتییان لێ هەڵپێچرابوو.

شەومان لەماڵی کوێخای ئەو شوێنەدا تێپەڕاند، بۆ سبەی نیوەڕۆ گەیشتینە شوێنێکی گەورە و فراوان کە بە سەر ڕێگای کوردستان و هەمەدانەوە بوو،

زۆربەی کاروانە بازرگانیەکانی ئەو دەڤەرانە لەو شوێنەوە تێدەپەڕی. لەم شوێنەدا کەسێك کە نازناوی بەهادور لەشکری هەبوو، لەلاین ئەمیر ئەفشارەوە وەك نوێنـەر و جێنشینی بوو، کاتێ لە ماڵی بەهادور سوڵتاندا بووین وا بەناوبانگ بـوو، خـاوەن پلەیەکی ئینگلیس لەگەڵ بیست و پێنج سەربازدا لە کەرسەفدان. لەنێو ڕێگـادا لـە هەر کێمان پرسیار دەکرد، ئاگاداری ئەم باسە نەبوون، لەم گوندەیش لە نوێنـەری بێ هەیبەتی ئەمیر ئەفـشار پرسـیارمان کـرد، وەڵامێکـی ڕاسـتی نەدایـەوە، گـاهێ دەیگووت، لەوێن و گاهێ دەیگووت ڕۆیشتوون، بەڕاستی سەری لێمان شـێواندبوو، پرسیم لەم شوێنەوە تا کەرسەف چەند فەرسـەخە..؟ ووتـی لـە دە فەرسـەخ بـتر ترە، بۆئەوەی ڕێگای هەڵهاتنمان کـورت کردبێتـەوە، نەوەسـتاین، بەدرێـژایی ئـەو ڕۆژە بـەڕێگاوە بـووین. نیـو سـەعات لەشـەو تێپـەڕیبوو گەیـشتینە گونـدێك کـە خانووی زۆری زارع و ڕەعیـەتێکی زۆری تێـدا بـوو، بـەڵام چـۆڵکرابوو، تـەنها سـێ بنەماڵەی تێدا دەژیا. شەومان لەماڵی پیرەژنێکدا تێپەڕاند، ئەوەی دەستکەوت بـە پارە سەندمان.

ڕۆژی دوایی لەمەیدانی نمکـزاری خەمسە تێپـەڕین، نزیکـی عەسـر گەیـشتینە گوندێك کە مـوڵکی سـەرهەنگ بـوو... دەیـانگووت لـە سـەد بنەماڵـە ئێستاکە دە بنەماڵەی تێدا ماوەتەوە، چونکە بەهۆی پەتا و نەخۆشییە سرایەتدارەکانەوە وەك ئاوڵە و ئەنفلۆنزاوە لەنێو چووبوون، چووینە بەردەم ماڵی سـەرهەنگ، بـەڵام ڕازی نەبوو جێمان بکاتەوە، هەڕەشەمان لێ کرد کە ئێمە لە دۆستانی ئەمیر ئەفـشارین، ئەگـەر جێگامـان نەکەنـەوە هـەر لێرەدا نامەیـەکی بـۆ دەنووسـم، شـکایەتتان لێ دەکەم. دوای ئەم هەڕەشـەیە ماڵەکـەی بـرای سـەرهەنگیان بـۆ چـۆڵکردین. شـەو لەوێ ماینەوە، هەرچی پێویستی خۆمان و وڵاخەکانمان بوو بە پارە سەندمان.

## لە ماڵی ئەمیر ئەفشاردا

ڕۆژی دوایی یەك سەعات پێش نیوەڕۆ گەیشتینە گونـدێکی یـەکجار گـەورە بـەڵکو شارۆچکەیەك کە ناوی قیدار بوو کە نزیکـەی نیـو فەرسـەخ درێـژی باغـەکانی بـوو ئەمیر ئەفشار خۆی لەوێ باغێکی گەورە وباخـچەیەکی گـەورەی دروسـت کردبـوو، پرسیارم کرد کـێ سـەرکاری گوندەکەیـە؟ ووتـی سـەیدێك خـەڵکی ئەرومیەیـە کـە

نوێنەری تایبەتی ئەمیر ئەفشارە. چوین بۆ ماڵی سەید لەماڵ نەبوو بەڵام خەڵکی ماڵەکە بە خۆشـڕووییەوە پێشوازییان لێ کـردین و هۆدەیـەکی فـەرش کراویـان داپێمان کە کورسیەکی تـەمیزی تێدا بـوو، بەپەلـە سـەماوەریان هێنـاو چـاییمان خوارد، لەوێوە نامەیەکم بۆ ئەمیر ئەفشار نووسی کە ئێمە لەم گوندە دایـن وهـاین لە پەناتدا. هەڵگری نامە سالار زەفەری برامە کە بە حوسەین خان ناوی ببە، ناوی ئێستاکەی منـیش مـەحمود خانـە، ئەگـەر ئینگلیـسەکان لـە کەرسـەفدا هــەن جێیەکمان بۆ دەستنیـشان بکـە کـە لەوێدا نیـشتەجێ بـین، ئەگـەر پێویـست بـێ بگەینە خزمەتت بفەرمە بۆمان بنووسە. چونکە لەگەڵ نەسـیر لەشـکردا پێـشینەی دۆسـتایەتیم هـەبوو، ناوبراولـەکاتی کۆچـکردنەکەداماوەیەك لـە مـاڵی ئێمـەدا بـوو سالار زەفەرم ڕاسپارد کە یەکڕاست بۆ ماڵی ئەو بڕوات. سالاریش کراسـە ئامانەتـە سـەرداریيەکەی بـەهادوور سـوڵتانی کـردە بـەر وکـڵاوە خەمـسیەکەی کـردە سـەر ولەگەڵ کوێخا عەلی دا بۆ کەرسەف ڕۆیشتن وئێمە لەو شوێنە چـاوەڕوانی وەڵامـی ئەوان بووین. بە خزمەتکارەکانم سپاردبوو بوڵاخەکان کا ویونجـە بـسێنن. دەنگـی سـەید خـاوەنی ماڵەکـەم بیـست، دەیگـووت ئێـوە نـابێ بیـسێنن چـونکە میـوانن هەرچی پێویستتانە ئامـادەی دەکـەین. لـەم بەینـەدا سـەید خـۆی ئامـادەبوو، بـە حەدێك ڕووخۆشو میهرەبان بوو نەوزاشتی دەکرد، لە وەڵامیدا شەرمەسار مامەوە. دوایی دانیشت و ناومی پرسی ووتم مـەحمود خـان خـەڵکی سـنەم و لەگـەڵ ئـەمیر ئەفشاردا پێشینەی دۆستایەتیم هەیە و ئێستاش پشت بەو دۆسـتایەتیە دەڕۆم بـۆ بینینی. بەدەم گفتوگۆوە کەم کەم هاتە نێو سیاسـەتەوە لەقسەکانیەوە مـەعلوم بـوو کەسـێکی ئاگـادار وموجاهیـد ولایـەنگری مەسـلەکی دیمکراتەکانـە ویـەکجار نیشتمانپەروەرە، هەرچی زیاتر دەدوا ڕێـزی زیـاتر لام پـتر دەبـوو. سـەبارەت بـە ڕەوشی ئـەمیر ئەفـشار لەگـەڵ ژێـر دەسـتەکانیدا چـۆنە، پرسـیارم کـرد، وەڵامـی دایەوە لەگەڵ ژێر دەستەکان وپەیڕەوانیدا هەروەك سەختگیرە بەڵام لە حەق لانادا و مافپەروەرە وخۆش ڕەفتارە، بەڵام سەبارەت بە دوژمنەکانی بێ ڕەحم وکینە لە دڵە. ووتی من چەندین ساڵ لەگەڵ جەهانشاخاندا پێشینەی دۆستایەتیو هاوکـاریم هەیە، هیچ عەیبێکم تێدا نەبینیوە تەنها کینـە تـۆزێ نـەبێت، بـەڵام لـەم دواییـەدا عەیبێکی تری زیاد کردووە ئەویش سـازش لەگـەڵ ئینگلیـسەکاندایە هـەروەك ئـەم

کارەی لە ڕووی سیاسەت وبەرژەوەندی ومەسڵەحەتەوەیە، نە لەڕووی ڕەغبەت ومەیلەوە. دوایی پرسیاری کرد ئایا عەلی ئەکبەر خانی سەنجاوی کە بۆ عوسمانی ڕۆیشتبوو هەر لەوێیە یان گەڕاوەتەوە؟ ووتم کردەوەکەی ئەو بۆ پارە وپول وەرگرتن لە ئەڵمانەکانەوە بووە نەك لەڕووی نیشتمان پەروەرییەوە، گومان ناکەم بتوانێ جارێکی تر بۆ ئێران بگەڕێتەوە. ڕەنگی سەید ڕەش داگەڕیا و ووتی تۆ میوانی منیت هەرکاتێ ویستت سەبارەت بە کەسانی نیشتمان پەروەری ئەم وڵاتە سوکایەتی بکەیت، لەماڵی مندا مەیکە. ووتم مەگەر تۆ عەلی ئەکبەر خانت بینیوە، یان دەیناسیت؟ ووتی من ئەوم نەبینیوە بەڵام ئاگادارم یەکێ لە نیشتمان پەروەرترینی کەسانی ئەم وڵاتەیە، زەرەر وزیانێ کە ئەو وبنەماڵەکەی بینیوویانە کەمتر کەسێ لە ئێراندا بینیویەتی. گوتم من ئەو بەتەواوی ناناسم و ئەمەی باسم کرد لە چەند مەلایەکی سنەیی بیستوومە، لەم حاڵەتەدا بفەرمە ئەگەر لەجێی مندا کە لە خزمەتی تۆدا دانیشتووم عەلی ئەکبەر خان دانیشتبێ چیت دەکرد؟ گوتی میوان هەرکێ بێ ئازیزە، بەڵام ئەگەر ئەو لەیرادا بووایە سەعادەت وشانازییەکی گەورەبوو بۆم. گوتم ڕێی تێدەچێت من خۆم عەلی ئەکبەرخان بم. سەیرێکی بە مەحەبەت ونەوازشتەوە کردم تا ناوەڕۆکی دڵم کاریگەری بوو. ووتی ڕاستە ڕێی تێدەچێت کە تۆ ئەو بیت؟ گوتم ئاغا گاڵتەم کرد خوا دەزانێ ئێستاکە عەلی ئەکبەر خان لەکوێیە، چی بەڵایێکی بەسەر هاتووە.. گوتی لە هەرکوێیەبێت باپیرم پێغەمبەری خوا ئاگاداری بێت. لەمە زیاتر خۆ نەناساندنم پەسەند نەزانی. ووتم ئاغا موژدەت دەدەمێ کە عەلی ئەکبەر خان ئەم کاتە تەندروست وئاسوودە لەماڵی سەیدێکی موسوڵمانی ئێران پەروەردا دانیشتووە ولەگەڵتدا هاودەم وهاو قسەیە. لەم قسەیە زۆر خۆشحاڵ بوو، ڕووی کرایەوە ولەجێگەی خۆی هەڵسا دەستم ماچ بکات سەر وڕووی یەکتریمان ماچ کرد، و فرمێسك لە چاوەکانی هاتە خوارەوە دوایی بەپەلە هەڵسا و ویستی بە پەلە لە هۆدەکە بڕواتە دەرەوە، زانیم دەیەوێ فەرمانی گۆڕینی خواردەمەنیەکەی نیوەڕۆ بدات. گوتم لەجیاتی ئەم موژدەیەدا تکایە داخوازییەکەم قبوڵ بکە وشتێکی نوێ بۆ خواردنی نیوەڕۆ دروست مەکەن ئەوەی کراوە دەیخۆین. لەپاڵمدا دانیشت و سەبارەت بە بەسەرهاتەکانم پرسیاری کرد، منیش ئەوەی بەسەرماندا هاتبوو لەسەرەتاوە تا

کۆتایی به کورتی بۆم باسکرد. له حەقیقەتدا ئەم سەیدە ئازیزە کە بە ڕێکەوت ناسیم ئەو ڕۆژە ئەوەندە غەرقی میهرەبانی وقەدردانی ونەوازشتی خۆیی کردم کە هەموو زەحمەت وهیلاکیەکانی ڕێگام لەیاد چووەوە.

خواردنی نیوەڕۆیان هێنا خواردمان، چاوەڕوانی خەبەرێك بووین لەلایەن سالار زەفەرەوە. لەم بەینەدا ووتیان نەسیر لەشکر بۆ دیەنیت دێت. ئەمیر ئەفشار دوای گەڕانەوەی سالار ناردبووی بۆ لامان لە وەڵامی نامەکەمدا نووسیبووی لە ئینگلیسەکان کەسێ لەیرادا نیە، ئەگەر لێرەش بن گرنگ نیە، وادیارە منت بە عێل وعەشرەت نەزانیوە کە بەم جۆرە تێدەفکریت.

دوای نیوەڕۆ لەگەڵ نەسیر لەشکردا بەرەو کەرسەف ڕۆیشتین شوێنەکەمانی لەماڵی یەکێك لە کچەکانی ئەمیر ئەفشاردا دەست نیشانکردبوو. کۆشکی چاك وشام نەهار وخزمەتێکی ڕێك وپێك کراین. ئەمیر ئەفشار خۆی بەپەلە هات بۆ دیەنیمان لەبەر پیری ولاوازی لەش باڵیان دەگرت کە دەچووە ڕێوە. سەردار فاتحی کوڕی لەبەرئەوەی لە باوکی تۆرابوو نەهاتە دیەنیمان، نامەی پیرۆزبایی گەیشتنمی بۆ ناردبووم و هۆی نەهاتنی نەخۆشی دابووە قەڵەم، بەڵام بیستم نەخۆشیەکەی مەی نۆشی وتریاك کێشی وتەمەڵی یە.

نزیکەی عەسر بۆ دیەنی ئەمیر ئەفشار ڕۆیشتم، لە بەردەم کۆشکەکەیدا نزیکەی شەست لاوچاکی خۆش سیما بە تفەنگی فلزیوە وێستابوون، لەنێو کۆشکەکەیشیدا نزیکەی پەنجا شەست تفەنگ بەدەستی دەستە دەستە لەلاملا و لەولای کۆشکەکەدا وێستابوون لەبەردەم تەلاری میوانخانەکەدا چوار پاسەوانی چەکدار چاوڕێیان دەکرد.

ئەمیر ئەفشار لەگەڵ میرزا بنوسەکەی لە هۆدەکەیدا دانیشتبوو، ئێمە کە هاتینە ژوورەوە میرزاکە ژێر باڵی گرت هەڵسێت، هەرچی هەولمدا هەڵنەسێت گوێی نەدامێ. نزیکەی دوو سەعاتێ کە لەوێ بووین لەو هەموو خەڵکە دەنگێك نەدەبیسترا، هۆدەکەی کە ئێمە وئەمیر ئەفشاری تێدا بوو، دەنگ کاتێ دەبیسترا کە ئەمیر ئەفشار داوای چایی یان قلیانی بکردایە. کاتێ بۆ دیەنیمان هاتبوو سەبارەت بە ئەحوالی ئەوزاعی عوسمانی وئینگلیسەکان وکوشتن وبڕین وتاڵانکردنی سەنجاویەکان پرسیاری کرد. عەسر کە من بۆ زیارەتی ڕۆیشتم

سەبارەت بە بارودۆخی مەرکەز وپایتەخت پرسیارم لێ کرد. سەیرێکمی کرد و گوتی وەزعی ئینگلستان دەپرسیت، تا خەیاڵ بکەیت رێك وپێکە و شاریش بە تەرتیبە و هەیئەتێ کە بەناوی دەوڵەتی ئێرانەوە حکومەت دەکەن هەموویان کارمەند و موچەخۆر وگوێڕایەڵ وملکەچن، لە مانگێکدا نزیکەی یەك تورەکە پارەو پول لە ئینگلیسەکان وەردەگرن وبە ڕەزامەندییان ئەوان بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆیان سەرفی دەکەن، لە ئێراندا غەیری بەریتانیای گەورە حکومەتێکی تر لە ئارادا نیە، من کە ئەمیر ئەفشارم هەرچی چاوم گێڕا و هەوڵ وکۆششم کرد ئاسەوارێکم لە ئێرانییەت نەدۆزییەوە ، خۆمم دا بەدەست ئینگلیسەکانەوە ئێستاکە بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنم لەیرادا دانیشتوومە خزمەتکاری گوێ بە فەرمانی ئەوانم، سەبارەت بەتۆیش لەو بڕوادام بڕۆی بۆ تاران کە گەیشتیتە ئەویً یەکڕاست بڕۆ بۆ باڵیۆزخانەی ئینگلیس، موسەلەمە کارەکەتان بەپەلە دروست دەکەن. وەڵامم دایەوە ئەزانم کە ئەم قسانەت بە جدیی نەفەرمووە ئێمە کە هەموو هەستی و بوونمان لەپێناو نیشتمانپەروەریدا لەدەست داوە، چۆن دەتوانین پەنا ببەینە باڵیۆزخانەی دەوڵەتێکی بێگانە ! ! ؟ دوای ڕاوەستانێ بە بزەوە ووتی لە وەزع وبارودۆخی مەرکەز وپایتەختی ئێران بێ خەبەریت لەبەرئەوە شۆر وئیحساسات دەنوێنی، گیانی من، ئازیزی من نەمەرکەزێکمان هەیە ونەدەوڵەتێ و نەلە کۆبوونەوە وخۆپیشاندانی ومورزاهەرە نیشتمانی خەبەرێك ماوە، سەرلەنوێ پێتان دەڵێم یەکڕاست بڕۆنە باڵیۆزخانەی ئینگلیس، بەڕاستی پێتان دەڵێم چونکە ئەگەر بڕۆنە ماڵی وثوق ئەلدەولە کە ئیمڕۆ سەرۆك وەزیرانی مەملەکەتە ئینگلیسەکان بچووکترین فشارێکی بۆ بهێنن بەپەلە ئەتانداتە دەستەوە، یان لەگۆشە وقوژبنێکی تاراندا سەرگەردانتان دەکات و ئەگەر دەنگتان دەرکەن وشکایەت بکەن بەناوی ئاشووبگەڕەوە زیندانیتان دەکات یان دوورتان دەخاتەوە.. جارێکی تر پێت دەڵێم لە بەرژەوەندیتانە یەکسەر موعامەلە لەگەڵ ئینگلیسەکاندا بکەن. ئیمام جومعەی تاران لەگەڵ مندا دۆستە ئینگلیسەکانیش موتمانەی تەوایان پێی هەیە، نامەیەکی بۆ دەنووسم وڕایدەسپێرم کە ببێتە واسیتەی کارەکەتان و دروستی بکات ولەگەڵیدا بۆ باڵیۆزخانە بڕۆن. چونکە بینیم سوورە لەسەر ئەم دوو مەسئەلەیە گوتم زۆر چاکە نامەی ڕاسپاردنەکەمان بەناوی

مەحمود بنووسە کە گەیشتینە تاران بە ئامۆژگاری دۆستەکانمان دەجولێینەوە. ئەویش بە نووسەرەکەی فەرمانیدا نامەیەك بۆ ئیمام جومعە و ڕاسپاردەیەکی تر بۆ زەفەر نیزام وچەند سەرکارێکی تری بۆ نێوان ڕێگامان بنوسێت هەروەکو بەڵێنی دابوو چەند ڕۆژێك دوای حەرەکەتی ئێمە پەیکێکی بۆ کرماشان بنێرێت وگەڕانەوەمانی خەبەر بدابوە سەید حەسەنی ئۆجاق و ماڵ ومناڵ و بنەماڵەکەمان.

سەرەتای شەو پیاوێکی ناردە لامان کە هەرچی پێویستیمان هەیە بێ شەرم داخوازی بکەین. منیش چونکە وڵاخە سواریەکانمان پەکیان کەوتبوو تکام کرد چوار ئەسپ تا تاران بە زین وبەرگەوە بماندات یەك دوو خزمەتکاریش لەگەڵماندا بنێرێت ئەسپەکان بگەڕێننەوە. ئەم داخوازییانەی هەر شەو ئەنجامدابوو. سبەی بە یانی بۆ سوپاس وخواحافیزی بۆ دیەنی ڕۆیشتم، هەر ئەو کۆبوونەوە چەکدارانە وهەر ئەو نەزم وتەرتیبەم بینی، میرزا بنوسەکەی زیاتر لە سەد پاکەت وزەرفی کراوە وبەستراوی بۆ خوێندنەوە هێنابوو، هەموو کاغەکانی ئەمیر بە ووردی دەیخوێندەوە و هەر کامیان کەم و کوڕییەکی تێدا بووایە فەرمانی چاککردنەوەی دەدا. کاتێ لە ماڵی بەهادوور سوڵتاندا بووم تکای لێکردم کە سەبارەت بە ئەو لەگەڵ ئەمیر ئەفشاردا دانوستان بکەم و ئەگەر نیەتی چاك بوو خەبەری پێبدەم. بە ئەمیرم گووت کاتی هاتنم بەهادور سوڵتان بەپێی نامەی جەنابتان دەیویست بگاتە خزمەتت بەڵام نەخۆشی وتێکچوونی باری تەندروستی بووە هۆی دواکەوتنی. ووتی هەرکاتێ من داوای بکەم نەخۆشە بەڵام ئەگەر لەلایەن ئەسعەد ئەلدەولەوە بانگهێشت بکرێت بە نەخۆشیشەوە دەڕوات. گوتم چاکە جەنابتان دڵی ئەم جۆرە کەسایەتیانە بێرێتە جێ ولە خۆتی نزیك بکەیتەوە. گوتی پێشینەی دۆستیت لەگەڵیا هەیە؟ ووتم خەیر، هەر ئەم سەفەرە بۆ ماڵەکەی ڕۆیشتوومە گوتی پیاوێکی بە ئازار وجێی موتمانە نیە، چاوەڕوانی مەرگی من دەکات بەڵام من نامرم تا پاداشتی کردارەکانی دەخەمە مشتیەوە. ئەمیر ئەفشار بۆ هاوسەفەریمان کەربەلایی موحەمەد خانی یاساوڵی خۆی دەستنیشانکرد فەرمانەکانی پێ ڕاگەیاند کە چی دەبێ سەبارەت بە ئێمە بیکەن پێیانی ڕاگەیاند ئامادەی کەوتنە ڕێ بووین ڕووداوی دانوستانەکەم لەگەڵ ئەمیردا بۆ بەهادوور سوڵتان نووسی و

خزمەتکارەکــەیم لەگــەڵ نامەیــەکی ڕەزامەندیــدا نــاردەوە مــاینێکم بــەناوی پێشکەشییەوە پێشکەش کرد.

بۆ نەهار گەیشتینە ماڵی کەربەلایی موحەمەد خان وشەویشمان بە خزمەتێکی فراوانەوە لەوێ تێپەڕاند. نزیکەی سی چل نەفەر لە خزمان وبەستەکانی دەعـوەت کردبوو کە هەموویان سوارانی ئازا وکارامە وشایـستە بـوون. دوای شـام موحەمـەد خان ووتی دەیەوێ هاوسەرەکەشی لەگەڵ ئێمەدا بۆ تـاران بێرێـت کـە لـەوێوە بـۆ زیارەتی خۆراسان بڕۆن. بەم شـێوەیە دوو سـواری تـر هاتنـە سـەر کاروانەکـەمان بوونی ئافرەتێك بۆ ئاسایش وئەمنیەتی ڕێگاکە سوودمەند بوو.

دوای ڕۆژێ نزیکەی خۆرئـاوا گەیـشتینە مـاڵی مـیر نیعمـەتوللا خـان. سـەرەتا نەیدەویـست خزمــەتمان بکـات تـا کەربـەلایی محەمــەدخان ڕاسـپاردەکەی ئــەمیر ئەفشاری پێ نیشاندا. میر نیعمەتو للا خان سەیدێك بوو لاواز وبـچووك کـە هـەموو ڕۆژێك چەند میسقاڵ تریـاکی دەکێـشت. دوای ئـەوەی کەربـەلایی موحەمـەد خـان گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی سەید دەستی کردە شکایەت کردن، ووتی ئێمـە چـەند برایەك بووین کە هەموومان ئەمیر ئەفشار نێوانمانی تێکدا وچەند پارچە موڵکێك لە موڵکەکانمانی بە قیمەتێکی زۆر کەم لێ سەند و ئەو چەند پارچـەی تـرەیش ناچـار بووین بیکەینە ناویەوە و قەوالەی بۆ بکەین. لە بابەت ئەم موڵکە کەمەوە کـە بـۆم ماوەتەوە پێویستە ساڵانە مەبلـەغێکی فـراوان بدەینـە سـەرکار وخزمـەتکارەکانی ئەمیر ئەفـشار تـا لەشـەڕیان ڕزگـار بـین. دوای ئـەم قـسانە دەسـتی کـردە گریـان ومەرگی خۆی لەخوا پاڕایەوە تا بەقسەی خۆی لە شەڕی ئەم جـەنگیز و زەحـاکی زنجانە ڕزگاری ببێت.

## لە ڕێی تاراندا

لەم ڕێ درێژەدا لە سنووری ئێران وعوسمانیەوە تا ئەیرا هەمیـشە ڕێگاکـەمان لـەنێو تایفـە وعەشـایرەکان وکـوێرە ڕێگاکانـدا هەڵدەبـژارد و لـەهیچ شـوێنێك لـە شارەکان یان جێگا گرنگەکان کە دەستگاکانی دەوڵەت وبەرپرسانی دەوڵەتی تێدا بێ تێ نەدەپەڕین و دوور دەکەوتینەوە، چونکە بەهۆی بوونی لەشـکری ئینگلـیس لە ئێراندا مەترسی ئەوەمان بوو کە توشیان بین یان بەرپرسـەکانی دەوڵـەت بمـان ناسن وڕاپۆرتمان لێ بدەن. ئێستاکە کە گەیشتووینەتە دەشتی پـان ویـۆڕ ودێهاتـە

گـەورەکانی دەشـتی قـەزوین ترسمـان لـە تـووش بـوون لەگـەڵ ئینگلیـسەکان وبەرپرسانی دەوڵەت پتر تر بووبوو. بەتایبەت چەکدار بووین و چەك هەڵگرتن ڕێی تێدەچوو ببێتە هۆی ڕاکێشانی نەزەری ڕێبوارەکان و پاسدارانی ڕێگاکان.

تا لەنێوان تایفەکاندا تێدەپەڕین خان وسەردار بووین، بەڵام لەمەودوا نازنـاوی زیارەتکـەرمان بـە خـۆوە نـا کـە بـۆ زیـارەتی حـەزرەتی ڕەزا دەڕۆیـن. هـاتنی هاوســەرەکەی موحەمــەد خــانیش خزمــەتکاری ئــەمکیر ئەفــشار لەگەڵمانــدا دەسپێچێکی گونجاو بوو بۆ نەناسینەوە وخۆ شاردنەوە. نزیکی جـادەی هەمـەدان بۆ قەزوین فەرمانماندا سوارەکان چەکەکانیان بشارنەوە و بەحەزەرەوە لە کەناری دێهاتەکانــدا بــێ داوەزیــن تێپــەڕین. لەســەر جــادەی شوســە خودڕەوەکــانی ئینگلیسەکان دیاربوون کە هاتوچۆیان دەکرد لە کۆتایی ڕێگایەکدا کە ئێمە تیایـدا ڕێمــان دەکــرد پەیوەنــد دەبــووەوە ڕێگایــەکی تــرەوە. لــە دوورەوە هەیکــەلی بینایەتێکمان بینی لە مەرکەزی جەندرمە وسەرباز دەچوو. لە بینینی ترس دامانی گرت هەرەوەك چەند دووربینێکمان هەبوو چی من وچی سوارەکان دووربینەکانمان لەبیرچووەوە وچاوەڕوان بووین تا کەربەلایی موحەمـەد خـان هاتـە پێـشەوە ، لـە ئـەو سـەبارەت بـە مەرکـەزی جەندرمـەکان پرسـیارمان کـرد، سـەیری کـردو بـە سەرسـوڕمانەوە ووتــی تــا مــانگێ پــێش ئێـستا لـەیرادا یاسـاوڵخانەی نـەبینیوە ئـەمجارە کەوتینـە یـادی دووربینـەکان سـەیرمان کـرد ئـەم بەرزاییـە مەترسـیدارە سەدێکە کە بەسەر دۆڵێکەوە بەسـتراوە تـا سـەیلی بـەهار گلداتـەوە، لـەم هـەموو ترسە بێ جێیە عەرەقی شەرم بەسەر توێڵمەوە دەرکەوت.

کـاتێ بـە ڕێگاکـەدا دەڕۆیـشتین خۆشـبەختانە خـودڕەویی لـەهیچ لایەکـەوە گـوزەری نـەدەکرد. لـە دێهـاتێکی گـەورە تێپـەڕین ونزیکـەی خۆرئـاوا گەیـشتینە گوندێکی بچووك بەناوی (پەناباد) لەلاوێك تکامان کرد ماڵێکمان بۆ بدۆزێتـەوە کـە شەوێك هۆدەیەکی بەکرێ بگرین، هەرچی پێویست بێ بە پارە دەیسێنین. وەڵامی دایەوە ماڵەکەی خۆم ئامادەیە و کرێش پێویست ناکات پێم بدەن. کەوتە پێشەوە و بردمانی بۆ ماڵەکەیان دوو هـۆدەی فەرشـکراوی پـێ نیـشاندابن و بـەهۆی ئـەوە مەڕێکمان سەند وشەومان بەوپەڕی ڕەحەتییـەوە بەسـەر بـرد سـبەی مـاینێکم لـە ماینەکانی خۆم بەنازناوی پێشکەشی لە پاداشتی خزمەتەکەیەوە داپێی.

هەنـدێ نـان وپـەنیر وهێلکـەمان ئامـادەکرد لـە دەشـتێکدا کـە دەکەوتـە خوارەوەی جادەکە بەرەو تاران کەوتێنە ڕێ. وەکو هەمیشە بە سـوارییەوە لـەنێو ڕێگـادا نـەهارمان خـوارد دوو سـەعات بـۆ خۆرئـاوا مـابوو گەیـشتینە گونـدی (ئیشتیهارد) مێردمنداڵێك لە تەمەنی پانزە تا بیست ساڵەدا هاتـە پێشەوە ووتـی ماڵ وهۆدەمان بۆ کرێدان هەیە، ووتمان ئێمە فەرش ولێفە ودۆشەکمان نیە. ووتـی هەموو شتێك ئامادەیە. هۆدیەکی بە فەرش وکورسـی پـاك وتـەمیزەوە نیشانمانی دا، وڵاخەکانی بۆ تەویلە برد. دوای ماوەیـەك بـاوکی ئـەو لاوە پەیدا بـوو ئـەدەب ونەوازشـتی بـتر لـە کوڕەکـەی نوانـد. بـە کوێخـا عـەلی کـە سەرپەرشـتی خـەرج وسەرفمان بوو فەرمانمدا برنج وڕۆن ومریشك بسێنێت، لە هاوسەری خاوەن ماڵەکە تکامان کرد بۆ شام ونەهاری سبەی پڵاو ومریشکێکمان بۆ دروست بکات. شاممان خوارد وقابلەمەکانمان بۆ نەهاری سبەی هەڵگرت.

سبەی زوو بەرەو (عەلیـشا عـوض) کەوتینـە ڕێ، هـەوا چـاك وموعتـەدل بـوو باران نم نم دەباری هێشتا دوو فەرسەخێ نەڕۆیشتبووین کـە سـالار زەفـەر حـەزی پڵاو ومریـشك دای لەسـەری سـوور بـوو لەسـەر ئـەوەی دابـەزین و نـەهار بخـۆین. چونکە ڕێگاکەمان تا ئەندازەیەك دەناسـی دەمـانزانی قۆناغەکـەمان دوورە، ڕازی نەبووم داوەزین، سەرەنجام لەسـەر قـسەی ئـەو لەماڵێکدا لـە دێهاتـەکانی نزیکـی ڕووباری کەرەج داوەزین، چاییمان دروسـت کـرد، خواردنـەکانمان گـەرم کـردەوە، باران توند بوو، تا نزیکەی عەسر لەو شوێنەداماینەوە. نزیکی عەسر سالار زەفەر وسالار موقتەدر لەپێشەوە ڕۆیشتن ماڵێکمان بۆ ئامادە بکەن.

سەرەتای شەو گەیشتینە قاوەخانەیەك نزیکی (عەلیشا عوض) هەردوو سـالار لەوێ چاوەڕوان بوون کەوتنە پێـشەوە وبردمانیانـە ماڵێـك کـە وەسـایلی خزمـەتی تاڕادەیەك ڕێك وپێکی هەبوو. شەومان لەوێ بەسەربرد سبەی بەرەو حەزرەتی شا عەبدولعەزیم کەوتینە ڕێ چونکە نەمان دەویـست یەکڕاسـت بـچینە نێـو تارانـەوە، کەمێ لە نیوەڕۆ تێپەڕیبوو کە گەیشتینە حەزرەتی عەبدولعـەزیم هـەردوو سـالار و هاوڕێکانیان لە کاروانسەرایەکدا داوەزاند و خۆم بێ دواکەوتن لەگەڵ کوێخا عەلیـدا لەڕێگـەی هێڵـی ئاسـنەوە بـۆ تـاران ڕۆیـشتین، مەقـسەدم مـاڵی شـازادە مرئـات ئەلسوڵتان هاوزاوای خۆم و سەردار ناسر بوو کـە شـازادە محەمـەد بـاقر میرزایـش

هەر لەویّ بوو. بەداخەوە نیشانی ماڵەکەیم نەدەزانی ماڵەکانی پیاوە ناودارەکانی ترم کە دەناسی جێی موتمانە نەبوون، بڕیارمدا بۆ ماڵی حاجی شێخ مورتەزا ئاشتیانی کە لە سەفەرەکانی پێشوومدا چەندین جار گەیشتوومەتە خزمەتی بڕۆم و لەویّ نیشانی ماڵی مرئات ئەلسولّتان وەربگرم، بایتونێکم بە کریّ گرت سواربووین بەرەو گەلو بەندەك ڕۆیشتین، چوینە ماڵی ئاغاوە خۆی لە ماڵدا نەبوو، بە خزمەتکارەکەیم ووت من لە پەیڕەوانی ئاغام لەڕێی دوورەوە هاتووم ودەمەویّ مەوزوعیّ عەرزی بکەم. خزمەتکارەکە بە بیّ بایەخیەکەوە کەوتە بەرم وبردمانی بۆ ئەیوانێك کە نیوکەتێکی کۆنی تێدا بوو، من وکوێخا عەلی لەسەر ئەو نیوکەتە دانیشتین و چاوەڕوانی ئاغامان دەکرد، سەفەری چل ڕۆژەمان کۆتایی هێنا بوو، لەو ماوەیەدا چونکە هەمیشە ڕێیەکی دوور لە پێشمانەوە بوو و بەرەو مەقسەدێك دەڕۆیشتین هەستمان بە خەستەیی وهیلاکیەك نەدەکرد، بەڵام ئێستاکە گەیشتبووینە مەقسەد، لە ناکادا هەستم بە خەستەیی وهیلاکی وداڕمانم دەکرد، وادەزانم ئەم هەستە لەم بارودۆخەی کە تێیدا بووم بە تایبەت ئایندەیەکی نامەعلوم لەبەرمانەوە بوو هەڵدەقولاّ.

بە خزمەتکارەکەی ئاغام ووت چاییمان بۆ بهێنێت، ووتی ئێستاکە چایی ئامادە نیە، ووتم ئەگەر زووتر چایی نەیەریت شکاتت لای ئاغا لێدەکەم و بەرپرسی دەبیت. بەپەلە چووە ژوورەوە وچەند چایەکی هێنا، لەم بەینەدا بینیم کە ئاغا شێخ ئەحمەد ئاغا زادە هاتە ماڵەوە، هەروەك چەندین جار یەکتریمان بینیبوو نەمی ناسی ولە خزمەتکارەکە شتێکی پرسی ورۆیشتە ژوورەوە، لەمەودوا بۆم موسەلەم بوو کە ئاغایش نامناسێت و بەڵکو جل وبەرگ وڕەنگ وهەیکەل وئەندامم دەبێتە هۆی ترسانی، وەزعی زاهیریم وێنەیەکی هەبوو کە خۆمیش لێی بێزار بووبووم، کراسێکی سەرداری لە شاڵی زوسانی دووراوی ناوچەی خەمسە کە بەهادور سولّتانی دەویرانی پێی دابووم لەبەرمدابوو، کلاوێکی خۆری رسەفی لەسەردا و یەك جووت چەکمەی زەرد لەپێدا لەم چل ڕۆژەدا کە بەڕێوەبووین تەنها حەوت ڕۆژ نەبیّ لە موسڵەوە تا کویسنجق کە تا ڕادەیەك گەرمیان بوو، پاشماوەی ڕێگاکەمان لە ئێلاخە سارد وسەختەکاندا تێدەپەڕی، لە کاریگەری گەرما

وسەرماوە هەموو دەست وڕوومـان سـووتاو وڕەش داگیرابـوو لـە سیاپوسـتەکانی جەنگەڵەکانمان دەکرد.

لەم بەینەدا بیرم کردەوە لە بەرامبەر ئاغادا ڕەفتارم چۆن بـێ لـەناکادا بینـیم لە حەمام هاتەوە، هەڵسام چوومە پێشەوە سەلاوم کرد، دوای وەڵامـی سـەلاوەکە سەیرێکی کردم کە نیشانەی سەر سوڕمان وتـرس بـوو، بۆیـە پرسـی قـسەیەکتان هەیە؟ وەڵامم دایەو بەڵێ عـەرزێکم هەیـە، ئەگـەر بـۆ دەرەوە تەشـریفتان دەڕوات ئەوا لە خزمەتدام بەڵام ئەگەر بۆ ژوورەوە تەشریف دەبەی مۆڵەتم بدەرێ کە هـەر ئێـستا عـەرزتان بکـەم، ووتـی نـەختێ خەسـتە وهـیلاکم دەبێـت بڕۆمـە ژوورەوە بحەسێمەوە وئیسراحەت بکـەم. منـیش ڕۆیـشتمە پێـشەوە، ڕەنـگ ورووی گـۆڕا و بۆئەوەی کەمتر بژلێژێ بـە پەلـەم، لەسـەرخۆ گـوتم ئاغـا منـی نەناسـی مـن عـەلی ئەکبەر خانی سەنجاویم. گوتی تۆ سەردار موقتەدریت بێ ئیختیـار دەسـتی کـردە ملم منـیش دەسـتم مـاچ کـرد و گـوتم دوایـی بەدرێـژی دەگەمـە خزمـەتت، ئێـستا داخوازیتان لێدەکەم کە نیشانی مـاڵی مرئـات ئەلـسولتان ئەگـەر لـە توانـادا هەیـە بیدەنە بەندە. خزمەتکارەکەی بانگ کرد، ووتی لـە خزمـەت ئـەم ئاغـادا تـا مـاڵی مجەلــەلو ئەلــسولتان بــڕۆ، هاوســەرەکەی خوالێخۆشــبوو وســوق ئەلمــەمالیکی کرماشانی لەوێدایە نیشانی ماڵی مرئات السوڵتانتان دەداتێ. لە ئاغـا خواحـافیزیم کرد، لەگەڵ ئەو خزمەتکارەدا بە پایتونێکی کرێ بـۆ جـادەی عـەین ئەلدەولـە کـە ماڵی مجلەلو ئەلسولتان لەوێ بوو ڕۆیشتین.

میهر ماە خانم هاوسەری وسوق ئەلدەولە نیشانی ماڵی مرئات ئەلـسولتانی لـە جادەی خانەقا داپێمان، خزمەتکارێکی لەگەڵماندا نارد و هـەر بـەو بایتونـە بـەرەو ئەوێ ڕۆیشتین. دەرگای ماڵەکەم لێدا فەرەج سەنجاوی خزمەتکاری محەمـەد بـاقر میرزا دەرگاکەی کردەوە زوو ناسیمی دەستمی ماچ کرد و ویستی ڕابکات موژدەی هاتنمی پێیـان بـدات دەسـتم گـرت ونـەمهێڵا، هۆدەکـەی شـازادەی پـێم نیـشاندا. بــەرەو ســەرەوە ڕۆیــشتم چــوومە هۆدەکەیــەوە ســەلاوم کــرد شــازادە لــەپاڵ مەنقەلەیەکدا بەسەر دۆشەکێکەوە دانیـشتبوو کتـاوێکی بەدەسـتەوە بـوو، پرسـی ئاغا قسەیەکیان هەیە؟ گوتم حەزرەتی پایە بەرز نامان ناسیت؟ چوومە پێشەوە و دەستیم ماچ کرد، دوایی ناسـیمی بەگـەرمی باوەشـی پێمـدا کـرد، ووتـی هەیئـەت

وقیافـه وڕەنـگ وڕوویـەکی عـەجیبت پەیـدا کـردووە. گـوتم ڕاسـت لـە زوغـاڵ فرۆشەکانی جەنگەڵ دەکەم. گوتی لەو بڕوادا بووم ئێستاکە لە بـەرلینی، سـوپاس بۆ خوا کە بۆ ئێران گەڕایتەوە.

زۆری نەخایاند ئاغاکان ڕەشید یاسەمی زڕ کوڕەکەم بۆ تـەواوکردنی خوێنـدن هاتبووە تاران، لەماڵی مرئات ئەلسولتاندا دەژیا و شازادە محەمـەد هـادی مـیرزای دەوڵـەت داد کـوڕە گەورەکـەی محەمـەد بـاقر مـیرزا گەیـشتنە مـاڵ، لـەم دیـدار وگەیشتنەیەکە شاد ودڵخۆشبووینەوە. مرئات الـسولتان بـۆ بەشـداری هەڵبـژاردنی نوێنەرانی دەورەی چوارەمی ئەنجومەنی میللی نوێنەران بۆ کرماشـان ڕۆیـشتبوو، لـە خزمـەت شـازادە وئاغاکانـدا سـەبارەت بـەوەی چـی دەبـێ بیکـەین کەوتینـە تـەگبیرەوە. شـازادە محەمـەد بـاقر مـیرزا ووتـی سـەرکەوتووی ڕاسـتەقینەی ئـەم شەڕی جەهانیەی ڕابردووە ئینگلیسەکانن، ئیمپراتۆریەتی ئەڵمان ونەمـسا وڕوسـیا لە بەین چوون ودەوڵەتی عوسمانی پارچە پارچە بوو نەما. ئێستاکە ئینگلیسەکان لـە خۆرئـاوای ئێرانیـشدا بوونەتـە هاوسـێمان، "میزۆبۆتۆمیـا" و کوردسـتانی عوسمانییان بەستوەتە ناوچە داگیرکراوەکانیانەوە ولەشکریان لـە ئێرانیـشدا لـەم شـوێنانە، کرماشـان وهەمـەدان وقـەزوین جـێگیر کـردووە، بەشـێك لەوانـە بـە فەرماندەیی جەنەڕاڵ دونسترویل ڕۆیشتوونەتە قەفقاس، هـەروەك لـەملاوە لەگـەڵ بەلشەفیکەکان ومیرزا کوچك خاندا دەرگیرن، بـەڵام وەزعـی بەلـشەفیکەکان ڕوون نیە، ڕاپەڕینی میرزا کوچك خانیش بەداخەوە پایە وبناغەیـەکی پتـەو وموحکـەمی نیە، لەلایـەك تـرەوە ئینگلیـسەکان لـە دەوروبـەری ئەفغانـستان وخوراسانیـشەوە لەشکریان بۆ تورکستان وتورکمەنستانی ڕوسیا ناردووە و کەنارەکانی خۆرهـەڵاتی دەریـــای خـــەزەریان داگیرکـــردووە، لـــە باشـــووری ئێرانیـــشدا بـــە پۆلیـــسی باشورەکانیانەوە بە هاوکاری شازادە فەرمانفەرما والی ئەیالـەتی فـارس وئـەوزاعی ئـەو ناوچـەیەیان گرتۆتـە دەسـت وقەشـقاییەکانیان سـەرکووت کـردووە، لـە کرماشانیـشدا عـەباس مـیرزا سـالار لەشـکری کـوڕی فەرمانفـەرما فەرمانڕەوایـە و لەگەڵ دوژمنەکەی تۆدا کۆلۆنێل کنیۆن کونـسوڵی ئینگلـیس هاوکارییـەکی نزیکـی هەیـە. ئێـستاکە هـەروەك وثـوق ئەلدەولـە سـەرۆك وەزیرێکـی بـە توانـا ودەستڕۆیشتووە بەڵام لە ژێـرەوە لەگـەڵ وەزیـری دادەکەیـدا نەسـرەت ئەلدەولـە

فەیروز میرزا کوڕی فەرمانفەرما لە ململانێ وپێشبڕکێدان، نەسرەت ئەلدەولە بۆ حکومەت گرتنەوە دەستی ئاینەدەی خۆی لە تلاشدایە وجێ موتمانەی تەواوی ئینگلیسەکانە بەو دژایەتی ئینگلیسەکان لەگەڵ تۆدا وبەو پێشینە خراوەی کە لەگەڵ فەرمانفەرمادا هەبووتە ئەگەر یەکڕاست بەرەو وسوق ئەلدەولە بڕۆیت ڕێی تێدەچێت فەرمانفەرما سەبارەت بە تۆ کۆسپ وتەگەرە دروست بکات، وسوق ئەلدەوله بۆ حوکمڕانی خۆی پێویستی بەتۆ و تایفەی سەنجاوی نیە، هەرکاتێ ڕووبەڕووی ناڕەزایی ئینگلیسەکان و فەرمانفەرماییەکان ببێتەوە ئامادە نیە لەبەر تۆ دەردەسەریو تەنگژە دروست بکات وڕێی تێدەچێت ئامادەبێت کە ئەزیەتیشت بدات، بەڵام بەپێچەوانەوە فەرمانفەرما لە کرماشاندا موڵك وپەیوندییەکی فراوانی هەیە لە توانا ودەست ڕۆیشتویی تۆ و تایفەی سەنجاوی ئاگادارە و دەزانێ دۆستیووهاوکاریی تۆ بۆ ئەو وخانەوادەکەی سودمەندە، لەبەر ئەمە بەرژەوەندی تۆ لەوەدایە کە بێ دواکەوتن یەکڕاست بۆ ماڵی فرمانفەرما بڕۆیت و چاککردنەوە وهەموارکردنی وەزعی خۆت وبراکانت وتایفەکەت و ئازادکردنی سەردار ناسر لە دیلی ئینگلیسەکان لە نەسرەت ئەلدەوله فیروز داخوازی بکەی. ئاغاکان محەمەد سادق میرزا وڕەشید یاسەمیش بیروباوەڕی شازادەیان بەپەسەند زانی وپاڵپشتیان کرد. هەروەك لەبەر ئەو پێشینەی کە لە چوار ساڵی ڕابردوودا لەنێوان ئێمە وفەرمانفەرمادا تێپەڕیبوو، قبوڵی ئەم پێشنیارە بۆ من یەکجار سەخت وناخۆش بوو بەڵام لەو ئەوزاع وئەحوال وبارودۆخەدا ڕێیەکی ترم لە بەردەمدا نەبوو، ناچار ملمدا وملکەچ بووم. لەبەرئەوە هەر ئەو شەوە موحەمەد سادق میرزا و ڕەشید ئەلسولتان یاسەمیم لەگەڵ خۆمدا برد وبۆ ماڵی فەرمانفەرما ڕۆیشتین.

## لە ماڵی فەرمانفەرمادا

کاتی گەیشتنمان نەسرەت ئەلدەوله لە باڵیۆزخانەی فرەنسە میوان بوو هاتنی منیان بە تەلەفۆن پێ ڕاگەیاند، شازادە خۆی بەتەلەفۆن هەواڵ پرسی وخێرهاتنێکی گەرمی لێ کردم و فەرمانی ڕێك وپێك کردنی ماڵەکەی بە خزمەتکارەکانی ڕاگەیاند، لە تەلاری پارکەکەی دەرەوەی فەرمانفەرمادا شامان

خـوارد. زۆری نەخایانـد نەسـرەت ئەلدەولـە هاتـەوە ونەوازشـتێکی فراوانـی نوانـد وخزمەتێکی زۆری کرد.

دوای سەلاو وخێرهاتن ووتم پێی سالار زەفەری برام وسالار موقتـەدری بـرازام لەگـەڵ چـەند کەسـێکی تـر لـە خزمـانم لـە حـەزرەتی عەبدولعەزیمـدا بـەجێهێڵاوە وهەموویان چەکدارن. بە پەلە دووکەسی لە پیاوەکانی خۆیی کە یەکێکیان شازادە جەهانبەخش میرزای تویسرکانی بوو بەرپرسی کرد و فەرمانی دا کە سبەی زوو بە دوو پایتونەوە بۆ حەزرەتی عەبدولعـەزیم بـرۆن و بیـان هێـنن، یاداشـتێکی نوسـی دای بەدەست جەهانبەخش میرزاوە کە جەندرمەکان لە نێو ڕێگادا دەست نەهێننە ڕێگایان وچەکەکەیان لێ نەسێنن.

ماڵەکەمانیان لە بینایەتێکی ڕووبەڕووی پارکی شـوعاع ئەلـسەلتەنەدا دەسـت نیشان کرد، دوو خزمەتکاری تایبەتیشیان کە ناویان موحەمەد خان وعەلی ڕەزابوو بۆ خزمـەتی هەمیـشەییمان تـەرخان کـرد. پاشمـاوەی هاوڕێکانمـان سـبەی پـێش نیوەڕۆ گەیشتنە لامان. مێژووی گەیشتنمانە ماڵی فەرمانفەرما ڕێکەوتی دووشـەمە ١٢ ڕەبیعی یەکەم ١٣٣٧هـ/ ٢٤ ئـازەریی ١٢٩٧ك/ دسـامبری ١٩١٨ زایینـی بـوو. نەسرەت ئەلدەولە هاتنامانی بۆ ماڵەکەی بە تـەلوگراف بـە شـازادە فەرمانفـەرمای ڕاگەیاند. دوای دوو ڕۆژ تەلوگرافێ لە فەرمانفەرماوە گەیشت کە یەکجار مەحەبەت و نەوازشتی نواندبوو، مەعلوم بوو کە تەلوگرافەکە ئینشای خۆیەتی. تەلوگرافێکی تریش بۆ حاجی مـوەقر ئەلدەولـەی نـاردبوو کردبوویـە میوانـدارمان سەرپەرشـتی خەرج ومەسرەفمان. ووشەکانی تەلوگرافەکەم چاك لەیاد ماوە کـە دەقەکـەی بـەم شێوەیە:

**حاجی موەقر ئەلدەولە :**

سەردار موقتەدری سەنجاوی لەگەڵ براکـان وهاوڕێکانیـدا هاتوونەتـە ماڵەکـەم ماڵی هەر باوکێ بۆ کوڕەکەیەتی، سەردار موقتـەدر کـوڕی منـە، چـونکە نەسـرەت ئەلدەولـە ئـیش وکـاری زۆرە بۆئـەوەی درێغـی وکەمتەرخەمییـەك ڕوونـەدات تـۆ بەرپرسی خزمـەتیانیت. هـەر شـام و نـەهاریێ پـلاو دوو قـاپی تـەواو و زۆر چـەور، چلەو دووقـاپ، خورشـت دوو جـۆر پـڕ ڕۆن، ماشـی چـاك ودۆی فراوانـی هەمیـشە بەسـەر سـفرەو خوانەکەیانـەوە بێـت. پێـنج سـەد توومـەن بـۆ جـل وبـەرگ کـڕین

بەسەردار موقتەدر بدە، مانگی پەنجا توومان بۆ خەرجی گیرفان وسی توومان بە سالار زەفەر وسی توومان بۆ کوڕەکەی قاسم خان بدە. پەنجا توومان پارە بۆ خەرجی گیرفان قابیلی سەردار موقتەدر نیە، بەڵام ئەم مەبلەغە هەر ئەوەیە کە مانگانە دەیدەمە نەسرەت ئەلدەولە. بە پایتون بە دوو ئەسپی چاکەوە و پایتونچیەك هەمیشە لەگەڵیاندا بێ، هەر ئەم تولوگرافەم نیشانی نەسرەت ئەلدەولە بدە، پێی بڵێ بە سەردار موقتەدر هەرچی مەحەبەت ونەوازشت بکات بەفیڕۆ ناچێت.

موەقر ئەلدەولە پێنج سەد توومانەکەی پێمدا بەو پارەیە جل وبەرگێکی ڕێك وپێکم بۆ خۆم و هاوڕێکانم سەند. ئەو لە حەفتەیەکدا سێ یان چوار جار دەهاتە لامان لە خزمەتکارەکان سەبارەت بە کەم وکوڕی وپێویستیەکانمان پرسیاری دەکرد. بە کورتی هەرچی سەبارەت بە خزمەتی چاکی ومیهرەبانی و نەزم و ڕێك وپێکی ماڵی فەرمانفەرما بنوسم کەمم نوسیووە.

ئەم خزمەتە وڕەوشت جوانیە هیلاکی ناهەمواری سەفەر وسەختی وتوند وتیژی عوسمانیەکان وخواردنی قاروانە کە خواردنی ڕۆژانەی سەربازەکان بوو هەموو ئەمانەی لەیاد بردمەوە وفەرامۆش کرد.

مەوزوعێکی تر کە ئاسایش وخۆشحاڵی وشادومانی ئێمەی بتر تر کرد وگیر وگرفتەکەمانی ئاسانتر کرد تەلوگرافێك بوو کە دوای دوو ڕۆژ لە کرماشانەوە گەیشت، موژدەی دەدا کە هەر شەوی دوانزەی ڕەبیعی یەکەم کە ئێمە گەیشتینە ماڵی فەرمانفەرما لە تاران، سەردار ناسری برامانیش لە دیلی ئینگلیسەکان ودوورخستنەوەی هەشت مانگەی خۆی لە بەغداد ئازادکرا وگەیشتوەتە کرماشان وماڵەکەی خۆی. گەیشتنی ئەم هەواڵە جگە لەوە بیری مەلول وپەژارەمانی لەلایەن ئەوەوە ئاسوودە دەکرد، ئەم ڕووداوە خۆشەمان بە خاڵێکی باش ژمارد. خەبەری گەیشتنمان بۆ تاران بەپەلە لە شاردا بڵاوبووەوە. هەندێ لە دۆستانی دیموکرات وکۆچکردووە نیشتمانپەروەرەکان لە ڕۆیشتنمان بۆ ماڵی فەرمانفەرما خۆشحاڵ نەبوون، بەڵام زۆربەیان بارودۆخی ئەو ڕۆژانە و گیروگرفتی ئێمەیان دەرك دەکرد. بەڕوویەکی کراوەوە هاتنە خێراتنمان و پیرۆزبایی گەیشتنیان کردم، و بۆ چاککردنەوەی کاروبارمان تەکبیر وبیروباوەڕی خۆیانیان ڕادەگەیاند

وڕێنماییمانیان دەکرد. لەو کەسانە میرزا کوچك خان کە لە دەوروبەری جەنگەڵدا هێز وتوانا ودەستی دەڕۆیشت تەلوگرافێکی بۆ نەسرەت ئەلدەولە کردبوو، تێیدا ووتبووی هەروەکو من سەبارەت بە حەزرەتی پایە بەرزتان ئیرادەت ودۆستایەتیەکم نەبووە بەڵام لەو کردەوە چاکە وئەو خزمەتە ڕێك وپێکە سەبارەت بە عەلی ئەکبەر خانی سەنجاوی کردوتە بەئەرکی سەرشانمی دەزانم کە سوپاستان لێ بکەم.

لەم شوێنە ئاسایشدارەدا کە لەڕووی ناچاریەوە هەڵمان بژاردبوو هەموو کارو هەوڵ وکۆششمان سەبارەت بە سەرو سامان دان بە ژیانی تێکچوو و لەیەکترازاوی خۆمان و عێلەکەمان دوای ئەو سەرکوتکردنە و وێرانیەی کە بەهۆی شەڕی نێودەوڵەتیەوە تووش هاتبووین خەست دەبووەوە، بەڵام ناتەوانی ولاوازی دەوڵەت بۆ جێبەجێ کردنی وداخوازییەکانمان بەردەوام بوون لەژیانی بلا تەکلیفیدا لە تاران دەژیاین، وبارودۆخ و ڕووداوەکانی مەملەکەت کەم کەم تێکەڵاوی دەرگیریەکانی سیاسەتی گشتی کردین کە پێویستە سەبارەت بەم دوو مەوزوعە قسەیەکی لێبکەین و ڕوونی کەینەوە.

## هەوڵ وکۆشش بۆ ئازادی وسەرو سامانداني ژیانمان

کارو کۆششی ئێمە سەبارەت بە چالاك کردنەوەی ئەوزاع وکاروباری خۆمان و عێلەکەمان لە دوو خاڵدا خەست دەبۆوە. یەکەمیان بەدەستهێنانی ئازادی و تامین نامەیەك بۆ گەڕانەوەمان بۆ نێوان ماڵ و ژیانی ئاساییمان. دووەم بەدەستهێنانی حکومەتی سەنجاوی بۆ سەردار ناسر کە تازە لە دیلی ئینگلیسەگان ئازاد بووبوو و گەڕابووەوە کرماشان. ئاسایی بوو ئێمە ئەوەندە سادە وبێئاگا نەبووین کە لەو بارودۆخە ڕامیارییەدا کە ئێرانی تێدابوو چاوەڕوانی قەدردانی دەوڵەت، یان چاوەڕوانی قەرەبووی خەسارەت و زیانەکان بین، یارمەتی وکۆمەك بە عێلە تالآنکراو وقات و قڕی لێدراوەکەمان بکەین. بە شێوەیەك کە ئاماژەی بۆ کرا لەم مێژووەدا سەرتاسەری ئێران لە ژێر فەرمان ودەسەڵاتی سیاسی وسەربازی ئینگلیسەکاندا بوو. حکومەتی وسوق ئەلدەولە هەروەك بە ڕوکەش هێز وقودرەتی دەنواند بەڵام لە حەقیقەتدا دەستنیشاندە وگوێڕایەڵی فەرمانی باڵیۆزخانەی

ئینگلیس بوون. لەشکری ئینگلیس لە کرماشـان و هەمـەدان، قـەزوین و لەهـەموو جێگا وشوێن وڕێگا وبانـە سـەرەکیەکاندا جـێگیر بووبـوون بـیٚ بەدەسـت هێنـانی ڕەزایەت وموافەقەتی ئەوان، گەڕانەوە بـۆ کرماشـان و بـۆ سـەر مـاڵ وژیانمـان لـە ئیمکانـدا نـەبوو. بـەڵام ئێـستاکە کـە شـەڕی نێودەوڵـەتی کۆتـایی هـاتبوو ئـیتر ئینگلیسەکان لـە دەڤـەرەکانی ڕۆژئـاوای ئێـران دوژمنێکـی سـەرەکییان نـەمابو و دەوڵەتی ئێران لەژێر فەرمانیاندا بوو، پەنا هاوردنمان دوای ئـەم دەربەدەرییـە بـۆ ماڵی فەرمانفـەرما بـەو پلـە وپایـە و دەسـت ڕۆیـشتنە کـە نەسـرەت ئەلدەولـە لـە حکومـەت وسیاسـەتی گشتی مەملکەتـدا هـەبووی، ولەگـەڵ ئـەو دەسـت ڕۆیـشتن ونفـوزە مەعنەوییـەی فەرمانفـەرمادا و پاڵپـشتیو پاراسـتنماندا، جگـە لەمانـەیش کوڕەکـەی تـری فەرمانفـەرما عـەباس مـیرزا سـالار لەشـکر لـەو دەوروزەمانـەدا حوکمڕانی کرماشان بوو، جیٚ بەجیٚ کردنی داخوازییەکانمان زۆر ئاسایی و ئاسـان دەهاتە بەرچاو.

پێشەکی پێویستە سـەبارەت بـە تایفـەی سـەنجاوی ڕوونکردنەوەیـەك بدەمـە دەستەوە. دوای ڕووداوی تالاّنی دەشتی حر ودیلی سەردار ناسر و کۆچی ئێمە بـۆ خـاکی عوسمـانی، ئینگلیـسەکان کەسـێکیان لـە سـەرکردەکانی سـەنجاوی لـە بنەماڵەی بەرخورداری کە ناوی ئەمانو لـلا خـان بـوو کردیانـە فـەرمانڕەوای تایفـە وناوچـەکە ولـە حکومەتـەوە نازنـاوی سـالار ئـەکرەمیان بـۆ وەرگـرت. بنەماڵـەی بەرخورداری وەکو لە پێشەکی ئەم مێژووەدا ئاماژەم بۆ کرد خزمی ئێمەن، ئـەمان للا خانیش پیاوێکی خۆنەویستو ونەفەس چاك بوو بـەڵام خـەڵکی سـەنجاوی دوای ئـەو سـەرکوتکردن وتـالاّن وکوشـتنە سـەرەڕای ئەمانـە حکومـەتێکی وەهایـان بەسەریاندا سەپاندبوو، ڕازی نەبوون و لەگەڵیا هاوکارییان نەدەکرد. لە سەرەتاوە چـەند مانگێـك چـونکە هێـشتانە لـەژێر کاریگـەری تـرس وپەرێـشانی شـەڕ وتـالاّن وقاتوقڕییەوە بوون سـەبر ودان بـەخۆدا گـرتن و سازشـیان دەکـرد بـەڵام کـە ئـەو بارودۆخە ئاسایی بـووەوە و بەهانـەی تۆمـەتی ئاشـووب ویـاغی بـوون هەڵپێـچراو نەما، ناڕەزایی وشکایەت ونا سازگاری و دژایەتی لە هـەموو لایەکـەوە سـەریهەڵدا. ژن و منداڵەکانمان کە پەنایان بـۆ شـار بردبـوو لـە مـاڵی خزمـان و دۆسـتان و یـان لەماڵی کرێدا جـێگیر بووبـوون، هـەروەك لـە لایـەن ئینگیـسەکان وخـەڵکی تـرەوە

ئەزیــەت وئازاریــان نــەدیبوو، بــەلاّم لــە دەســتکەوت و واردات وداهــاتی موڵــك ومەحسولاتی کشتوکاڵی ئەو ساڵە بێبەش بووبوون. بەو مەعنایە کە فـەرمانڕەوای نوی دەڤەری سەنجاوی هەموو موڵك وکەشتزارە بێ خاوەنەکانمانی داگیرکردبوو و داهـات ودەرامەتەکـەیی بـۆ خـۆی وکـەس وخزمـانی خـۆی زەوت کردبـوو، و هـیچ کاربەدەستێکی دەرەوە یان ناوەوە گوێی بە شکایەت وسکالاّی هاوسەر ومناڵە بێ سەرپەرشتەکانمانیان نەدابوو.

ساڵی ١٣٣٦ ساڵێکی نەهاتی وقاتوقڕی و برسێتی گەورەبوو، لەو ساڵەدا گەنم قیمەتی خەروارێکی گەیشتە سێسەد تومـان. لـەم سـاڵەدا تایفـە تالاّنکراوەکـانی سەنجاوی کـە بـۆ سـەر مـاڵ وکەشـتزارە ئێلاخـەکانیان ڕۆیـشتبوون، پـێش ئـەوە داهــاتی تــازە ومەحــسولی نوێیــان بەدەســت کــەوێ لەوپــەڕی تــەنگ دەســتی ونەهامەتیــدا ژیانیــان تێدەپەڕانــد جــەمعێکی زۆر لــەوان لەبــەر برســێتی ونەخۆشـیەکانی برسـێتیەوە لـەنێو چـوون وئەمـەیش هۆیـەکی سـەرەکی بـوو بلاّوبوونەوەی نارەزایەتیەکان.

پێش ئـازادی وگەڕانـەوەی سـەردار ناسـر بۆکرماشـان جـەمعێك لـە کوێخاکـان وسەرکردەکانی سەنجاوی ئەسەدوللاخان سالار موکەرەمی ئامۆزامانیان..[1]

---

[1] بەداخەوە بیرەوەریەکانی سەردار موقتەدر لەم بەشەدا ناتەواو ماوەتەوە.

## پاشكۆ

به داخەوە نوسخەی بیرەوەریەكانی سەردار موقتەدر كە لە دەستدایە لەم بەشەدا كۆتایی پێدێت لاپەڕەی ٦٢٠ دەقی دەستنوسەكەی ناتەواو دەمێنێتەوە. ئایا ئەو بیرەوەرییەكەی تا چ دەور وزەمانێ لەم ڕووداوانەدا تۆماركردووە؟ ئایا دكتۆر سەنجاوی بە نوسین وپەراوێزدانانی ئەم بەشەیش كە ماوەتەوە سەركەوتوو بووە یان خەیر؟ یاوەك لە پێچ ودەورەی ڕۆژگاردا ئەم نووسراوانە چیان لێهاتووە و چی هاتوەتە سەریاندا وەڵامی ئەم پرسیارانە ڕوون نیە لەم ڕووەوە بەو ئومێدەوە كە بەڵكو لە ئایندەدا لەسەرنوشتی پاشماوەی بیرەوەرییەكانی شتێكمان وەچنگ كەوێ، لەبەرئەوە بیرەوەرییەكەی بە ناتەواوی نەمێنێتەوە كەوتینە هەوڵ و كۆششەوە، لە بەردەوام بوونی ئەم بەشەدا بەپێی ئەو زانیارییانەی كە هەیە سەبارەت بە سەرگوزەشتی سەردار موقتەدر لەم زەمینەدا كەمێك بدوێین تا ئەم بیرەوەرییە بەشێوەیەكی ناتەواو و كەم وكورت و لەیەك پچڕاو نەمێنێتەوە. بڕیاری سەردار موقتەدر لە پەنا هاوردنە ماڵی عەبدولحوسەین میرزای فەرمانفەرما بڕیارێكی ڕاست وبەجێ بوو. ڕەوشی سیاسی فەرمانفەرما وپەیوەندی وتێبینیە گشتیەكانی سەبارەت بە دەڤەرەكانی ڕۆژئاوا ئەم زاتەی پاڵپێوە دەنا كە گرنگی بداتە ئەم دەڤەرە جێگەی بەهێزی ئەو وكوڕەكانی. لە ڕژێمی حوكمڕانیشدا بووە هۆی ئەوەی لە توانا و دەسەڵاتێكی فراوان بەرخوردار بن. لە ئەنجامی تەلاش وكۆششەكانی نەسرەت ئەلدەولە كە یەكێ لە وەزیرەكانی حكومەتی وسوق ئەلدەولە لە تاراندا بوو، هەروەها هەوڵی عەباس میرزا سالار لەشكر والی كرماشان ڕێكەوتی ذي القعدەی ١٣٣٦ تا شەوالی ١٣٣٧ كە هەمووی بە تەدبیر وبیروڕای باوكیان ئەنجامی گرتبوو. سەرەنجام كاربەدەستانی سیاسی بەریتانیا كە كرماشانیش وزۆربەی شوێنەكانی تری ئێرانیان كەوتبووە ژێر دەسەڵات وداگیركردنی نیزامییانەوە، مۆڵەتیان دا كە قاسم خان سەردار ناسر جارێكی تر كاروباری سەنجاوی بگرێتەوە دەست، ئەو لەڕۆژگاری حوكمڕانی سالار لەشكردا لە دیلی میزوپوتومیادا گەڕابووەوە ئێران، لە كرماشاندا جێنشین بووبوو،

لـە ڕەمـەزانی ١٣٣٧ گەڕایـەوە نێـو عێلەکـەی وسـەردار موقتـەدر کـە مۆڵـەتی گەڕانەوەی پێنەدرا، لە تاراندا مایەوە[1].

لەم ڕۆژانەدا کرماشان بە بەراورد لەگەڵ ئەو هەموو بەرزی ونزمـی وگێروگرفـت وکارەساتی ساڵەکانی لەمەوپێشدا بارودۆخێکی تاڕادەیەك ئارامی ئازموون دەکرد، ئەگەر چی بە هۆی دەست هەڵگرتنی وسوق ئەلدەولە لـە سـەرۆك وەزیـری وهاتنـە سەرکاری حکومەتی موشیر ئەلدەولە لـە شـەوالی سـاڵی ١٣٣٨ بـۆ کاربەدەسـتانی ئینگلـیس ئـەم گومانـە هـاتبوە پێـشەوە، کـە ئـەم دەوڵەتـە نوێیـە ڕەوشـێکی دیموکراتیانە دەگرێتەبەر ڕێی تێدەچوو سەنجاویەکان پاڵپشت بکات وبیان پارێزێ ئـەم پاڵپـشت وپاراسـتنە بـێ گومـان کاریگـەری بەسـەر بـارودۆخی ناوچـەکەوە هەبوو[2]. بەڵام بارودۆخەکە لە عەمەلدا بە پێچەوانەوە دەرچـوو. چـونکە دەوڵـەتی نـوێ نـە تـەنها مووچـەی سـەردار موقتـەدری بـڕی، بـەڵکو سـەرلەنوێ سـالار زەفەریشی بۆ تاران هێنایەوە[3].

---

[1] بـۆ زانیـاری پـتر تـر سـەیری هەڵبـژێردراوی مەجموعـە ودیکیۆمێنتـەکان وئەسـنادەکانی عەبدولحوسەین میرزا فەرمانفەرما، چ٢، ل ٧٧- ٦٧٦، ٨٢- ٦٨٠، ٦٩٢- ٧٠٦- ٧٠٥ بکە.

[2] بڕوانـە : Nonman to curzon- Thran sertbm be. ١١- ١٩٢٠, Tehran monthly summary, August ١٩٢٠ in Iran political diaries. [I. P. D] – ١٨٨١ – ١٩٦٥- Volume, ٥. M, Burell, (General Editor) Archive Editions ١٩٩٧, P ٨٤٧.

[3] بـەپێی ڕاپۆرتێـك کـە ڕێکـەوتی ٨ی زی حیجـەی ١٣٣٨ لـە فطـن ئەلدەولـەوە سـەبارەت بـە بـارودۆخ وگۆڕانکارییـەکانی تـاران فەرمانفـەرما دوای دامەزرانـدنی کابینـەی حکومـەتی نـوێ یەکەم موخبر ئەلسەلتەنە وەزیری دارایی سێ سـەد توومـانی موچـەی مانگانـەی بـۆ سـەردار موقتەدر دابین کرد.

دووەم: صارم ئەلدەولە لە سالار زەفەر بەد گومان بووبـوو ئامـاژەی بـۆ ئینگلیـسەکان کردبـوو بەدەسـت بەسـەری بـۆ تـاران دووریـان خـستبووەوە. ئـەو لەبـەردەوامی ئـەم ڕاپۆرتانـەدا دەنووسێ لەبەرئەوەی سەردار موقتەدر بەپێی پێشینەیەك کە هـەبووی لـەم دەوڵەتـە نوێیـە چـاوەڕوانی بـتر تـری هـەبوو، و لـەم کردەوەیـان تـووڕە بووبـوو لـە مەجلیـسدا بـە مـوخبر ئەلـسەلتەنەی ووتبـوو، بـاوکی تایفـەی سـەنجاوی فەرمانـەکان و ڕێنماییـەکانی جـەنابتان وموسـتەوفی ئەلمـەمالیك دای بـە بـای فـەنادا ولەبـەینتان بـرد، بـەردەوام ئێمـەتان دژی ئینگلیـسەکان هانـدەدا ئێـستاکە سـامان وداراییمـان بـەهۆی فەرمانـە بـێ جێکانتانـەوە

لەم قۆناغەدا کە ڕێکەوتی ڕۆژگاری حوکمڕانی ئەکبەر میرزای صارم ئەلدەولە لە کرماشاندا بوو گیروگرفت وکێبرکێ و ڕکەبەری کۆنی عەباس خانی ئەمیر موعەزەم وسلێمان خانی ئەمیر ئەعزەم بۆ بەدەستهێنانی سەرۆکایەتی عێلی کەلور خۆی نواند. لە بەشێکی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە وتەنگژەیەدا لە هاوینی ١٢٩٩دا غولام ڕەزاخانی ئەمیر جەنگ والی پێشکۆ پاڵپشتی لە ئەمیر موعەزەم کرد وئەو پاڵپشتیەش ئاڵۆزییەکی فراوانی لە ناوچەکەدا دروست کرد. سەرەنجام بە دەست تێوەردانی بەرپرسانی ناوخۆیی موفەخەم ئەلمولك بریکاری حوکمڕانی ئەیالەتی ڕۆژئاوا[١] و مەیانەگیری کونسوڵی بەریتانیا ئەو گیروگرفت وئاڵۆزیە هێور بووەوە[٢].

ناڕەحەتی و نیگەرانی سەرەکی ئینگلیسەکان لە ڕێکەوتی ئەم ڕووداوە لەگەڵ شۆڕشی شیعەکانی عێراقدا سەریهەڵدا. تەلاشی هەندێ لە زانایانی شوێنە پیرۆزەکان بۆ دەرگیرکردنی عەشایری کرماشان لەم ڕووداوانەدا دەبینرا، بەڵام گوێنەدانی هێزە عەشایرەکانی کرماشان سەبارەت بەم ڕووداوە لە لایەکەوە وبێ دەنگبونەوەی ڕووداوەکەی کەلور لەلایەکی ترەوە بارودۆخەکەی هێور کردەوە[٣].

بارودۆخەکە کاتێ گۆڕانکاری بەسەردا هات کە هێزەکانی ئینگلیس لە ئێراندا بەهاری ساڵی ١٣٠٠/ ١٩٢١ کەم کەم دەرچوون. کە یەکێ لە سەرەکیترین هۆکاری کاریگەر و گرنگی ئەم ساڵە بوو تا ڕادەیەك پاراستنی بارودۆخە ئاڵۆزەکەی ئەو دەڤەرانە بەهۆی ئەوانەوە دابین دەکرا.

هەروەك ئەو ڕژێمەی کە بەهۆی شۆڕشی سێیەمی ئەسفەندی ١٢٩٩ هاتە سەرکار لەشکرێکی یەکپارچەی دامەزراند وپاراستنی ئەمنوئاسایشی ناوچەکانی

---

لەنێوچوو، و ئەو سێ سەد توومانە موچەی مانگانەکەم کە وسوق ئەلدەولە دەستنیشانی کردبوو بۆم بڕیووتانە.

[١] ڕۆژنامەی ئێران، میزانی ١٢٩٩.

[٢] Tehran monthly summary. ١٩٢٠,I. P. D. OP. Cit. ٨٤٥.

[٣] ئەمیر ئەعزەموئەمیر معەزەم لە سەرەتاوە بۆ کرماشان لەدوایی بۆ تاران داواکران. دوایی ئیعتیماد هومایۆن سەرۆکی کرماشان بەشێوەیەکی کاتی تا نەمانی ئەو دووبەرەکیە لە شار کراوە حاکمی کەلور.

ڕۆژئاوای خستە ژێر دەسەڵاتی بەشێك لەم لەشکرەوە و پێیانی سپارد. بەڵام لەبەر لاوازی ئەم لەشکرە ناوبراوە و هەروەها شەڕ ودەرگیرییەکانی ناوچەی گەیلان وئازربیجان بەشێکی گرنگی هێزەکانی لەشکرەکەی بۆ سەرکووت کردنی ئەو شۆڕشانە تەرخانکرابوو[1].

لەم قۆناغەدا بۆ دەوڵەت تەنها گەڕانەوە بۆ شێوەکانی کۆنی مەملەکەتداری، کە سوود وەرگرتن لە کێبەرکێ و ڕەقابەتەکانی عێلایەتی یە، ڕێیەکی تر لە ئارادا نەبوو. یەکێ لەو ڕێگایانە ئازادکردنی سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان ومۆڵەتی گەڕانەوەی بوو بۆ کوردستان. ئەو دوای چەندین ساڵ ئاشوب وپاخیگەری لە دەورەی وسوق ئەلدەولەدا دەست بەسەرکرا ولە تاران لەژێر چاودێریدا هێڵایانەوە. بەڵام بە هاتنە سەرکاری سەرۆك وەزیر سەید زیاء ئەلدین تەباتەبایی و بە مەیانەگیری باڵیۆزخانەی بەریتانیا ئازاد کرابوو و بۆ کوردستان گەڕایەوە. ئامانجی دەوڵەت لە بەرەڵاکردنی ئەوەبوو لە بوونی بۆ پاراستنی نەزم وئاسایش لەو دەڤەرەدا سوود وەربگرێت. بەڵام گەڕانەوە وجێگیربوونی سەردار ڕەشید لە کوردستاندا ئەگەر نەڵێین بووە هۆی بێ نەزمی وئاشووب وئاژاوەی بتر تر دەستکەم بەو مەعنایەبوو کە ئەندامێکی چالاکی ئاشووبگەڕ چووە ڕیزی ئاشووبگەرەکانی ترەوە[2].

بە گەیشتنی ڕاپۆرتەکان سەبارەت بە زیادبوونی دەرگیری و شەڕ وئاشووبی ناوخۆ لە ناوەڕاستی ساڵی ١٣٠٠ بەدواوە سەرجەم لەو ڕاپۆرتانەدا سەبارەت بە دەرگیری سەردار ڕەشید لەگەڵ عەشایری هەورامان و ئامادەبوونی بۆ هێرش بۆ سەر عەشایری وەلەدبەگی وباوەجانی باس دەکرێت، هەروەها سەبارەت

---

[1] بۆئاگادلری پتر تر سەبارەت بە دامەزراندنی لەشکری ڕۆژئاوا وکاریگەری ئەو لەشکرە بەسەر بارودۆخی نیزامیەوە لەم قۆناغەدا بڕوانە: ئەحمەد ئەحمەدی: خاطرات نخستین سپهبد ایران، به کوشش غلام محسن زرگری نژاد، تهران مؤسسة ثزوهش مطالعات فرهنگی، ج٢، ج١، ص ٢٣١– ١٨٨.

[2] بۆ ئاگاداری زیاتر لەم بارەوە بڕوانە: وتارەکەی کاوە بەیات بەنازناوی عەباس خان سەردار ڕەشید وکوردستان لە گۆڤاری وەرزی گەنجینەی ئەسناد، ساڵی دووەم، دەفتەری یەکەم و دووەمی بەهاریی ١٣٧١، ل ٢٧– ٢٤.

هاوپەیمانی سەردار ڕەشید وسەردار ناسر سەنجاوی و ڕەشید ئەلسەلتەنەی قەڵخانی بەمەبەستی هێرش کردنە سەر کۆبوونەوەی وەلەد بەگی وباوەجانی و باڵی ڕەقیبی قەڵخانیەکان[1] و ئامادەبوونی گروهێ لە کەلورەکان باڵی ئەمیر ئەعزەم بۆ هێرش کردنە سەر سەنجاوی بە فراوان نووسراوە[2].

دەوڵەت لەبەر بەردەوامبوونی دەرگیری نیزامی لە شوێنەکانی تردا بەتایبەت لەو هێرشەدا کە دژی ئیسماعیل خانی سمکۆ کردبووی نەیدەتوانی هێزێك بۆ ئەو شوێنانە بنێرێت، هەر ئەو سیاسەتە کۆنەی پێشینی گرتە بەر ولەسەرەتای اردیبهشتی ١٣٠١ ڕاپۆرتێ نێردرا کە سەردار موقتەدری سەنجاوی گەڕاوەتەوە بۆ کرماشان. بە کردنەوەی دەورەی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی میللی کە ئاسۆی سیاسەتی وڵاتی گۆڕی و ڕەنگێکی تازەی پێ بەخشی وەزعییەتی سەنجاویەکان وهاوپەیمانە سیاسیەکانیشیان گۆڕانکاری بەسەردا هات[3]. هەنگاوی

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] روزنامەیی ئیران، ١٤ عقرب ١٣٠٠.

[3] لە ڕاپۆرتی ساڵانەی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە تاران سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی وڵات ساڵی ١٩٢٢/ ١٣٠١، بەشێکیشی بۆ گۆرانگاری و ئەوزاع و بارودۆخی سەنجاوی تەرخان کراوە. هەروەك ڕاستی ودرۆیی ئەم ڕاپۆرتانە تەنها لەژێر کاریگەری نیگەرانی ومەترسی سەرەکی ئینگلیسەکان سەبارەت بە دەست تێوەردان و هاندانی ئیحتیماڵی ڕوسەکانەوە هەڵدەقوڵێت بۆیە نابێت لە ڕاستی ئەم ڕاپۆرتانە دڵنیا بین، بەڵام ئاگاداری لەم ڕاپۆرتانە بێ سوود نیە. "عێلی سەنجاوی بە درێژایی ساڵ لە ئارامی وئاسایشی تەواودا بووە سەرۆکەکانیان سەبارەت بە پاراستنی سوڵح وئاشتی پابەندی تەواویان نیشانداوە، سەردار موقتەدر وسالار زەفەر تا مانگی ئووت (ئەسەد) لە تاراندا لەژێر چاودێریدا بوونە ونوێنەرانی یەکێتی سۆڤیەت هەوڵیان داوە کە بەرەو خۆیان ڕایانبکێشن. وادیارە ئەم هەوڵ وکۆششە نەگونجاوە سەبارەت بە سەردار موقتەدر تا ڕادەیەك ئەنجامی بووە وکاریگەری بووە. جگە لەمە دەوڵەتی ئێران لە مانگی ئووتدا مۆڵەتی دا کە ئەوان بۆ نێو عێلەکەیان بگەڕێنەوە، باڵیۆزی دەوڵەتی حەزرەتی پاشای بەریتانیا هەواڵیان زانی کە باڵیۆزخانەی یەکێتی سۆڤیەت مەبلەغێك پارەیان بەنازناوی خەرجی سەفەر بەئەوان داوە وپێشکەش کردووە، مەرجەکانی ئەم یارمەتیە داراییە ڕوون نیە بەڵام لە مانگی ئۆکتۆبەر (میزان) باڵیۆزی دەوڵەتی بەرزترین حەزرەت هەواڵیان زانی کە کونسوڵی یەکێتی سۆڤیەت لە کرماشان لە باڵیۆزخانەکەیەوە فەرمانیان پێگەیی کە بەو پەڕی ووردەکاری و نازکیەوە بەو سەرۆکە ناوبراوانە کە قەرزاری

یەکـەم لـەم گۆڕانکارییـەدا پەیوەنـدی بـەو گوفتـارە درێـژەی سـلێمان مـیرزای ئەسـکەندەریەوە بـوو سـەبارەت بـە گۆڕانکـاری سیاسـی وڵات لـەنێوان دەورەی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەران تا دامەزراندنی دەورەی چوارەمی ئـەو ئەنجومەنـە، کە لەم ماوەیەدا ڕاپەڕینی کۆچکردووەکان و بەشـداری سـەنجاوییەکان لـە هـەموو قۆنـاغێکی ئـەم ڕاپەڕینـەدا کەوتـە بـەر لێکۆڵینـەوە ودانوسـتان. و لـەدوای ئـەم دانوستانەدا بوو کـە ئەنجومـەنی نوێنـەران سـەرلەنوێ مووچـەی مانگانەیـەکی بـۆ سەردار موقتەدر وسالار زەفەر کە بۆ تاران دوورخرابوونەوە دەست نیشان کرد[1] .

لەم چوارچێوەدا و بەدوای ناوهێنانی سەرلەنوێی سەنجاوییەکان لـە ئاسـتێکی بەرزی مەملەکەتدا ڕەزاخانی سەردار سپە بڕیاریدا کە سەردار موقتەرد ببینـێ. لـە بیرەوەریـەکانی ئەسـغەرخانی سـەنجاوی کـوڕی قاسـم خـانی سـەردار ناسـر لـەم بارەوە هاتووە: ڕەزاخان سەردار موقتـەدری بینـی خوالێخۆشـبوو سـەردار لەگـەڵ سالار زەفەری برایدا ڕۆیشتنە لای کاتێ چـوونە کاخەکـەوە ڕەزاخـان لـە حەوشـی کاخەکـەدا ڕاوەسـتابوو، دەیگێڕنـەوە دوای هـەواڵ پرسـین هەڵدەسـتێت ولەگـەڵ خوالێخۆشـبوو سـەردار موقتـەدردا دەسـت دەکەنـە پیاسـە کـردن، پێـشنیاری دەسـتگیری خوالێخۆشـبوو سـەردار ڕەشـیدی پـێ دەکـات. سـەردار موقتـەدر بـە

---

باڵیۆزخانەی سۆڤێتن. بەتەواوی ڕوون وئاشکرایە کە نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت لەیرا وای بۆچووبوو کە ئەم سەرکردانەی هەڵخەڵەتاندووە، بەڵام جگە لەو ڕاپۆرتانەی کە کات بەکات باسی دیداروسەردانی ئەوان لە کونسوڵی یەکێتی سۆڤیەت لە کرماشان دەکات وادێتە بەرچاو کە ئەوان سەبارەت بە دەوڵەتەکەیان بەتەواوی وەفاداربوونە. سەنجاوییەکان هیچ کاتێك لەگەڵ ڕوسەکاندا پەیوەندی دۆستانەیان نەبووە، ئەگەر لەکاتێ لەژێر چاودێری بوونی ئەو سەرۆکە ناوبراونە لە تاران زانیارییەك بەپێچەوانەی ئەم ڕاستیە ببینرێتیش پێویستە لەسەر ئەم پایە وئەساسە لەیەك بدرێتەوە کە ئەوان ئامادەبوونە بۆ پەلە کردن وخێرا گەڕانەوەیان بۆ ناوچە وزێدیان پێشوازی لە هەموو جۆری یەکێتی وهاوپەیمانێتیەکی کاتی بکەن. بڕوانە:
Persia annual Report ١٩٢٢. Lorain to curzon "Received August ٧, (N. I. P. D) Vol O. I. P. D. P. ٣٥٦.

[1] بۆ زانیاری زیاتر سـەبارەت بـە گوفتـاری سلێمان مـیرزا بڕوانـە ڕۆژنامـەی ڕەسمـی دەوڵـەتی شاهەنـشاهی ئێـران، دانوسـتانەکانی دەورەی چـوارەمی ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی میللـی، ١٠ئەسەد ١٣٠٠ ، ئەو موچـە نـاوبراوە لـە دانیـشتنی ٢٩بـسبلدی ١٣٠١ ئەنجومـەنی نوێنـەران داکۆکی لەسەر کرد.

عـەرزی دەگەیـەنێت دەسـتگیرکردنی ئاسـانە، بـەڵێنی ئەنجامـدانی ئـەو کـارەی پێدەدات[1].

یەکێ لەو بەشانەی لە بیرەوەرییەکانی سەردار موقتـەدردا هەسـتی پێـدەکری ئـەو بەشـەیە بۆچـی سـەردار موقتـەدر ئـەم پێـشنیارەی قبـوڵ کـرد؟ لەمـە سەرسوڕهێنەرتر ئەوەیە لە قۆناغی دووەمدا بۆچی هاتە ڕیـزی هێزەکـانی سـەردار ڕەشیدەوە و ڕێگەیەکی چاوەڕێ نەکراوی گرتە بەر؟

ڕوونکردنـەوەی پێـشوازی سـەردار موقتـەدر لـە پێـشنیازی بەشـداری لـە سەرکووتکردنی سەردار ڕەشیددا لەو دوژمنایەتییەوە کە لەنێوان ئەو دوو کەسـەدا هەبوو و بەشێوەیەکی ڕوون وئاشکرا لەم بیرەوەرییـەدا دەردەکـەوێت، بۆیـە هـۆی قبوڵکردنی ئەو پێشنیارەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە بـەڵام وەرگـەڕانی دوایـی سـەردار موقتەدر ڕوون نیە.

سەردار موقتەدر بەپێی نووسینەکانی شێخ موحەمـەد مـەردۆخی کوردسـتانی تەنها لەو ڕوووەوە سەردار سپە مۆڵەتی گەڕانەوەی پێ دابوو کە بە زیندوویی یـان کوژراوی سەردار ڕەشید بەدەست بهێنێت[2]. هەر بە گەیشتنیە ناوچـەی سـەنجاوی پەیمانی لەگەڵیدا بەست. لەو زانیارییەوە کـە بـە دەسـتەوەیە وا دەردەکـەوێ کـە سەردار موقتەدر و سالار زەفەر لە کرماشاندا لەگـەڵ ئـەمیر لەشـکر ئەحمـەد خـان فەرمانـدەی لەشـکری خۆرئـاوایش کۆبووەتـەوە، بـەڵام دوای گەیـشتنیە دەڤـەری سـەنجاوی و دانوسـتان لەگـەڵ سـەردار ناسـردا تـا ڕادەیـەك لەگـەڵ کـارێکی ئەنجامـدراودا ڕووبـەڕوو بـووەوە. بـەپێی نووسـینەکانی ئەسـغەرخانی سـەنجاوی: دوای دانوستان لەگەڵ سـەردار ناسـردا بـۆ خوالێخۆشـبوو سـەردار موقتـەدر ڕوون بووەوە کە باوکم وتیرەکانی تری سەنجاوی لەگەڵ عەباس خانی سەردار ڕەشـیددا

---

[1] یاداشتاکانی ئەسغەرخانی بـەختیار سـەنجاوی ل ٢٤. نوسـخەیەك لـەم یاداشـتانە کـە لەسـەر داخوازی خوالێخۆشبوو عەلی ئەردەڵان بۆ تەواوکردنی ئەو بەشـە ناتـەواوەی بیرەوەرییـەکانی سەردار موقتەدر نووسراوە لای نووسەرە.

[2] شێخ محەمەد مردۆخ کوردستانی، تاریخ کرد و کردستان و و توابع یا تاریخی مردوخ، سـندج، کتابفروشی غریقی، ج٢، بی . تا، ص٣١٣.

پەیمانیان بەستووە کە بە پشتیوانی جوانڕۆییەکان هێرش بکەنە سەر هەورامانی لهۆن وسەردار موقتەدریش ملکەچی ئەم بڕیارە دەبێ[1].

هێرشی هێزەکانی هاوپەیمانی جوانڕۆیی وئەردەڵان وسەنجاوی دوای سەرکەوتن وپێشەوە چوونێك لەسەرەتادا لەبەر گۆڕانکاری لە هەڵوێستی جوانڕۆییەکاندا لە گەرمەی شەڕەکەدا بوونەتە هاودەست لەگەڵ جافر سوڵتاندا دژی هاوپەیمانەکانیان، ئەم وەرگەڕانە دەبێتە هۆی شکاندنیان، لەشکرە تێکشاوکەیان بەسەر شۆڕییەوە دەگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان.

چون وەرزی زوستان دێتە پێشەوە و کاتی کۆچ دەگات عێلی سەنجاوی دەگەڕێنەوە بۆ لەوەڕگا وهەوارگەکانیان ودەوڵەتی ئێران لەسەردار موقتەدر تووڕە وزیز دەبێت[2].

زۆری نەخایاند دوای ئەو هێرشە سەرکەوتووانەی لەشکری خۆرئاوا دژی سەردار ڕەشید لە بەهاری ساڵی ١٣٠٢ کە سەرەنجامی جێگیربوونی هێزەکانی دەوڵەت بو لە ڕەوانسەردا وهەڵاتنی سەردار ڕەشیدی لێکەوتەوە[3] نەوبەت هاتە سەرەی سەنجاوییەکان. ئەحمەد خان لە ڕەوانسەرەوە فەرمانی ئامادەبوونی سەردار موقتەدر وسالار زەفەری دەرکرد کە بێنە ڕەوانسەر، دوو تیرە لە سەنجاوییەکان لە سەردارەکان یاغی دەبن سەرکردەکانی تیرەکانی تر دێنە خزمەتی عەلی ئەکبەرخان و دەڵێن ئەگەر بۆ ڕەوانسەر بڕۆیت بێگومان زیندانی دەکرێیت، هەتا مەترسی لەنێوبردنیشت لە ئارادایە ئەوەتە ئێمە لە سنووردایین چاکترە بڕۆینە خاکی عێراقەوە و بەگشتی بۆ ئەویێ کۆچ بکەین دڵنیاین کە قبوڵی دەکەن وناوچەیەك بۆ جێنشین بوونمان تەرخان دەکەن. سەردار بەم پێشنیارە ڕازی نابێت وقبوڵی ناکات، وەڵام دەداتەوە کە ئێمە هەردوو براکە هەموو

---

[1] هەروەك لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، لە پایزی ١٣٠٠یشدا بە هاوکاری سەردار ناسر وسەردار ڕەشید وسەعید ئەلسەلتەنەی وەکیلی جوانڕۆ هێرشیان بردبووە سەر تایفەکانی تری ناوچەکە چەندین ڕاپۆرت لەو بارەوە گەیشتبوو. بڕوانە: روزنامە ایران، ٢٥ میزان ١٣٠٠.

[2] یاداشتەکانی ئەسغەرخانی سەنجاوی، ل٣٨.

[3] سەرچاوەی پێشوو، بیات، ص٢٨.

مەترسییەکان دەگرینە ئەستۆ ، بەمەرجێك عێلی سەنجاوی دەربەدەر نەبن، و پێشنیارەکەی ئەمیر ئەحمەدی قبولْ دەکات.

سەرەتا حوسەین خان سالار زەفەر بۆ ڕەوانسەر دەڕوات ودوای دانوستانێك ئەمیر ئەحمەدی لەنامەیەکدا بۆ سەردار موقتەدر ئاگاداری دەکات "بەپێی ئەم نامەیە بەڵێنی سەربازی ونیزامیت پێدەدەین کە بە هیچ جۆرێك لەشکر سەبارەت بە تۆ نیەتی خراوی نیە، ئەگەر هەروەك لەو نامەدا کە سالار زەفەر لەلایەن تۆوە هاوردوویەتی ڕەفتار بکەن هەمیشە لە پەنا وپاراستنی لەشکردا دەمێننەوە. دەتوانی بێ ترس و دڵەڕاوکە بکەویتە ڕێ و بێیتە کرماشان بۆ بینینم[1].

دوای گەیشتنی سەردار موقتەدر بۆ نێو لەشکرەکە ئەمیر ئەحمەدی نامەیەکی تر بۆ سەردار ناسر دەنێرێت لەهەمان کاتدا دڵنیای دەکاتەوە کە فەرمانڕەوایی حکومەتی سەنجاوی بەدەستیەوە وەکو ڕابوورد و دەمێنێتەوە، لە سەردار ناسری ویست دوای هاتنی عێلەکەی بۆ مایدەشت سالار زەفەر بۆ وەرگرتنی فەرمان ورێنماییەکان بنێرێتە لای[2].

دوای ئەوەی هەردووکیان دەست بەسەر دەکات ئەمجارە سەر لەنوێ نامەیەکی تر بۆ سەردار ناسر ڕەوانە دەکات داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە تۆ وەکو ڕابووردو حکومەتی سەنجاویت بەدەستەوە دەمێنێت، و بۆی نووسیبوو لەبەرئەوەی کەش وهەوا و فەزای سەنجاوی بۆ بیرۆکەکان ونەزەریاتی سەردار موقتەدر و سالار زەفەر بچووکە لەبەر ئەمە دەوڵەت داخوازی کردووە شوێنێکی تریان بۆ دابین بکات و ئەوان ئێستاکە لەنێو لەشکرەکەدان و لای منن[3]. جگە لەمە عدەیەك سەربازیش لەگەڵ یاوەر عبدللا میرزادا کە بەپێی نووسینەکەی ئەمیر ئەحمەدی بۆ بەهێزکردن وپاڵپشتی ئەو ناردویانیتی ئەمانە نوێنەرن لەلای منەوە وهەروەها خاوەن پلەیەکی نیزامی بە دوو سەربازی ترەوە بۆ پاراستنی موڵکەکان

---

١ نامەی ژمارە ١٣٢٣ مێژووی ٤ پور ١٣٠٢ ئەمیر لەشکری ڕۆژئاوا کە لە گوفتارەکەی حائری لادەوە لە دانیشتنی ٣١ سوری ١٣٠٣ ئەنجومەنی نوێنەران وەرگیراوە.

٢ نامەی ژمارە ٨٣٨ مورخی ١٤ی سور ١٣٠٢ ئەمیر لەشکری ڕۆژئاوا هەر ئەو سەرچاوە.

٣ هەمان سەرچاوە.

بەرپرسی سەنجاوی کردبوو، لەحەقیقەتدا ئەم کردەوە سەرەتای جێگیربوونی حکومەتی نیزامی و سەربازی لەنێو عێلی سەنجاویدا دەژمێردا[1].

له بەهاری ساڵی ١٣٠٣ بەو مانایە دوای یەك ساڵ کە سەردار موقتەرد و سالار زەفەر بە فەرمانی ئەمیر ئەحمەدی لە قەڵا کۆنی هەمەدان زیندانی دەکرێن حائیری زادە یەکێ لە نوێنەرە بەرجەستەکانی کەمینەی ئەنجومەنی نوێنەران و وەزارەتی ناوخۆی ڕەزاخانی ئیستیزاح کردبوو سەبارەت بە هۆی زیندانی کردنی ئەم دوو سەرۆکە پرسیاری کردبوو، لەم ئیستیزاحەدا سووربوون وداکۆکی حائیری زادە لەسەر ئەوەبوو بۆچی دام ودەستگای لەشکر بەپێچەوانەی دەقی ڕوونی نوسراوەکانیانەوە سەبارەت بە تامین ودڵنیاکردنەوەی فەرمی بۆ سەردار موقتەدر وسالار زەفەر، کە ئاماژە بە بەشێکی کرا، جوڵاونەتەوە وئەم دوانەی دەست بەسەرکردووە؟[2]. هەروەك بریکاری وەزارەتی ناوخۆ کە وادیارە قاسم خانی صور لەوەڵامی ئەم پرسیارانەدا ئەم مەوزوعەی بەشێوەیەکی کورت وسەروبن بەستراو گفتوگۆی دەربارە کردبوو، بەڵام هەر لەو ئاماژە گشتیینە ڕوون نەبووانە دوو خاڵی قابیلی دەرك خۆی دەنوانێ. یەکێکیان پەیوەندی ئەم کێشەیە لەگەڵ ڕووداوەکانی

---

١ هەر ئەو سەرچاوە سەرلەنوێ لە ڕاپۆرتی ساڵانەی باڵیۆزخانەی بەریتانیا سەبارەت بە گۆڕانکاری ئێران لەساڵی ١٩٢٣ / ١٣٠٠٢ا بەشێکی سەبارەت بە سەنجاوی تەرخانکردووە، هەروەك بە ڕووکەش بە ئەسڵی ڕووداوەکان لەو دەوروبەرەدا پەیوەندییەکی ئەو تۆی نیە، بەڵام ئاگاداری لەوانە بەتایبەت لەلایەن لێکۆڵینەوەوە سوودمەندە، لەم ڕاپۆرتە هاتووە کە "بەهاری ساڵی ١٩٢٣/ ١٣٠٢سەرۆکەکانی سەنجاوی دووچاری دەردەسەریی بووبوون، دوو کەس لەو سێ ڕەهبەرانە ماوەیەك بوو لەبەر گومان لە بێ وەفایی یان سەبارەت بە دەوڵەتی ئێران کەوتنە بازنەی ئیتیهامەوە. لەئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکدا کە سەبارەت بە چەند کوشتنێك کە لە کرماشاندا ڕوویدا بەڵگەیەك کەوتە دەست کە سالار زەفەر وسالارموقتەدر پڕوپاگەندەی کۆمۆنیستییان کردووە، ئەو دوو سەرۆکە ناوبراوانە دەست بەسەر دەکرێن ودەخرێنە زیندانەوە. سەرپەرشتی عێلەکە دەبێتە دوو بەشەوە، سەردار ناسر وەکو ئەوساکە سەرۆکایەتی بەشێکی لە ئەستۆدا بوو، سەرپەرشتی ئەوبەشەکەی تری خرابووە ئەستۆی ئەمان الله خانەوە".

Persia annual Report. ١٩٢٣. LorAin to McDonald (Received April ٧٤)> L.P.D. OP.CIT. P ٦٩٥.

٢ کۆبوونەوە ٢١– ٣١ سوری ١٣٠٣. هەمان سەرچاوە.

سەردار ڕەشیددا کە هێشتانە لـە ناوچـەکانی ڕۆژئـاوادا بـەردەوام بـوو، و کۆتـایی نەهێنابوو. ئەوی تریانیش پەیوەندی ئەم مەسئەلە ومەوزوعـە لەگـەڵ گۆڕانکارییـە سیاسییەکانی ئەو قۆناغەی دەوڵەتی مەرکەزیدا بوو.

هەر باسکردنی ئەم مەوزوعە لەلایەن حائیری زادەوە ئەیتوانی ببێتە پاڵپـشتی ئـەم بۆچـوون وگومانـە کـە هەرچـۆنێ بـێ سـەنجاوییەکان لەلایـەنی سیاسـییەوە لەچوارچێوەی کێبرکێ ورەقابەتی کەسایەتییەکانی مەرکەز گرنگییەکی بەرچاویان هەبووە. هەورەها ئـەمیر ئەسـعەدیش لـە بیرەوەرییـەکانیا لـەم بابەتـەوە دەڵێـت: دوای دەستگیرکردنی ئەم دوانە سەردار سـپە زمنـی سـتایش نامـە وتەقـدیرێك کـە لـەمنی کردبـوو فـەرمانی دابـوو عـەلی ئەکبـەر خـان وحوسـەین خـان هـەر لـەو ئۆردووگایەدا بهێڵمەوە، چونکە لە مەرکـەز بـاڵی چـەپی ئەنجومـەنی نوێنـەران بـە ڕەهبەری سلێمان میرزای ئەسکەندەری و مدرس وحائیری زادە لەمانـە پاڵپـشتیان دەکـرد ودەیـان پاراسـتن وئەگـەر بگەیـشتنایەتە پایتـەخت وەسـیلەی بـەرەڵایی وئازادییانیان بەهەر شێوەیەك فەراهەمیان دەکرد [1].

هەروەکو دەسنیشانکرا خاڵێکی تر کێشەی سەردار ڕەشـید بـوو کـە هێشتانە لەناوچەکانی ڕۆژئاوادا دەجولایەوە وچالاکی دەنواند، هەروەك بریکاری وەزارەتـی نـاوخۆ سـەبارەت بـەم دوو خاڵـە وەڵامێکـی ڕوون وئاشـکرای نەداوەتـەوە و لـەم قـسانەی حـائیری زادە سـەبارەت بـەم مەوزوعـە سەرسـوڕمانی نیـشانداوە. ئـەم پرسیارەیان لەکاتێکدا دەخاتە ڕوو کە خۆیان دەزانـن لـە هەنـدێ گۆشـە وکـەناری مەملەکەتدا چی شـەڕ وشـۆر وئاڵۆزییـەك بەرپایـە کـە نـاتوانین بـە ئاسـانی باسـی بکـــەین. بـــەڵام هەرچـــۆنێ بـــێ کێـــشەی ســـەردار ڕەشیدیـــشیان بـــێ وەڵام نەهێشتۆتەوە [2]. ئەو لـەزمنی ئومێدەواریـدا بـە ئەنجامـەکانی هـەوڵ و کـردەوەی دەوڵەت لەڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیەدا ودۆزینەوەی حەلێك بۆی هۆکاری ئەم فیتنە وفەسادە چی لە دەرەوە و چی لە مەرکەزدا بە سـزادان کۆتـایی دەهێنێـت کە ئەم بیرۆکەیە هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران پێشوازی لێدەکەن.

سەبارەت بە کێشەی سەردار موقتەدر و سالار زەفـەریش پوختـەی قـسەکانی بریکاری وەزارەتی ناوخۆ ئەوەبوو "تـا کـاتێ هـەموو چـەکەکانی ئەوعێلاتانـە لـەو

---

١ ئەمیر ئەحمەدی، سەرچاوەی پێشوو، ص١٩٨.

٢ کۆبوونەوەی ٢١– ٣١ سوری ١٣٠٣ هەر ئەو سەرچاوە.

دەڤەرەدا لێیان نەسەنرێتەوە و چەك بکرێن گومان ناکەم لە توانای دەوڵەتدا بێت کە ئەم دووانە ئازاد وبەرەڵا بکات[1].

لەم نێوانەدا لە بارودۆخی لەشکرکەشی هێزەکانی دەوڵەتدا لـە بـەهاری سـاڵی ١٣٠٣ سەرەنجام سەردار ڕەشید لە خاکی ئێران هەڵهات وبووە پەناهەنـدەی شـێخ مەحمودی بەرزنجی لە سلێمانی، بەم جۆرە بەپەلە بە هەوڵ وتەقەلای ئەو کۆتـایی هێنابوو[2]. تەنها لە ساڵی ١٣٠٥دا دوای سێ ساڵ لە زیندانیو پەرێشانیو بەلاوەنانی ئەمیر ئەحمەدی لە فەرماندەیی لەشکری ڕۆژئاوا ودانـانی ئـەمیر لەشـکر حوسـەین خانی خوزاعی لەجێی ئـەودا لـە بـارودۆخ و وەزعییـەتی سـەردار موقتـەدر وسـالار زەفەردا گۆڕانکارییەك ڕوویدا ڕێی تێدەچێت لەم ساڵەدا ئەم دووانە لە هەمەدانەوە بۆ کرماشان گوێزرابنەوە، هەردووکیان لە بنایـەتی کلاوفـەرەنگی کرماشـان لـەژێر چاودێریدا دەمێننەوە هێـشتانە زۆر لـەم گۆڕانکـاریو گوێزرانـەوە تێنەپـەڕیبوو کـە سالار زەفەر لە زیندانەکە هەڵدێت. وا دیارە دوای ئەم ڕووداوە سەردار ناسر کە لە حاڵێکدا محەمەد خانی کوڕی سالار زەفەریش لەگەڵیا دەبێ بۆ تاران دەڕوا ولە شا ڕەزا داخوازی لێبووردنی دەکات[3].

لەم نێوانـەدا سـالار زەفـەر دێتـە تـاران ولـەماڵی شـادا مـان دەگرێـت. بـەپێی بیرەوەرییەکانی ئەسغەر خانی سەنجاوی "بە گەیشتنی سـالار زەفـەر بـۆ تـاران و پەناهەندەبوونی لە مـاڵی بـەرزترین حەزرەتـدا فـەرمانی ئـازادی سـەردار موقتـەدر دەردەچێت و شا فەرمانی دا چون سالار زەفەر لە زیندان هـەڵهاتووە و پـەنای بـۆ خۆم هێناوە لـە گونـاهی چـاو دەپۆشـم بـەڵام دەبێـت لـە تارانـدا بمێننـەوە، بـەم شێوەیە سەردار موقتەدر وسالار زەفەر سەرلەنوێ لە تاراندا جێنشین بوون"[4].

لە حاڵێکدا کە حوسەین خانی سالار زەفەر توانا وتەحـەمولی دوورخـستنەوەی لە وزەدا نەمابوو، دوای چەند ساڵێك لە ئێران هەڵهات وبووە پەناهەنـدەی یـەکێتی سۆڤیەت[5]. سـەردار موقتـەدر وا دیـارە دوای ئـەم ڕووداوە نزیکـەی دوو سـاڵی تـر

---

١ هەر ئەو سەرچاوە.

٢ کاوە بیات، هەمان سەرچاوە.

٣ یاداشتەهای أصفرخان سنجابی، ص٣٩.

٤ هەر ئەو سەرچاوە.

٥ بۆ زانیاری پتر لـەم بـاروە بڕوانـە: محەمـەد عـەلی سـوڵتانی "احـزاب وانجمـن هـای سـری در کرماشان، تهران، مؤسسە فرهنگی نشر، سال ١٣٧٨، ج٢، چ١، ص ٧٢– ٢٥٨.

سەرلەنوێ لە زیندانی قەسری قەجەردا زیندانی کرا، تا کۆتایی تەمەنی لە تاراندا لەژێر چاودێریدا مایەوە تا ئەو کاتە ڕێکەوتی مانگی خوردادی ساڵی ١٣١٤/ ١٩٣٥ز لە تاران کۆچی دوایی کرد و لەمەزارگای (ابن بابویه) بە گۆڕ سپێردرا[١].

دواترین پیاهەڵدانێ کە بەجێماوە سەبارەت بە سەردار موقتەدر نووسینێکە بە خامەی (روبیرت بلوشیر) باڵیۆزی ئەڵمان لە ئێران لە دەورەی ڕەزا شادا، ئەم نووسراوە خۆی لە خۆیدا بەو ڕادەیە ڕۆشن وڕوونە شایەنی ئەوەیە بۆ باسی کۆتایی بڵاوکرێتەوە.

بلوشێر کە لەکاتی شەڕی نێودەوڵەتیدا لەگەڵ سەنجاویەکاندا ئاشنایی وهاوکاری هەبووە دەنوسێت: ڕۆژێك کارتێکی داخوازیم پێگەیشت کە لەسەری نووسرابوو (سەردار موقتەدر) بەپەلە کەوتمە یادی عێلی سەنجاوی و سەرۆکە کارامە ولێهاتووەکانیان بە جل وبەرگە عەشایەرییەکانیانەوە و بەچاوە گەشو درەخشانەکانیانەوە بەسواری ئەسپەکانیانەوە تاویان دەدا و ڕمبازییان دەکرد، ئەوان لە پێشەوەی سوارەکانیانەوە بوون، کە سەردار موقتەدر لەهەموویان بەرجەستەتر و بەرچاوتر و بەشکۆ تربوو. کاتێ دەرگاکە کرایەوە پیاوێك بە باڵایەکی مەیانەوە بە سەروڕوویەکی ئاسایی وجل وبەرگێکی ئەوروپایی نەگونجاوەوە بەهەنگاوە لەسەرخۆکانیەوە و سەیرکردنێکی خەستە وماتەوە هاتە ژوورەوە. لەسەرەتاوە نەمناسی، کاتێ کە زانی نەمناسیوە بەتاڵییەکی تەواوەوە بزەیەکی کرد و گوتی بەڵێ لەو سەردار موقتەدرەی کۆن هیچی لێ نەماوەتەوە. کاتێ کەوتە قسە مەعلوم بوو کە ساڵانێکی درێژە لە بارودۆخێکی ئەسەف باردا لە زینداندا بووە و ئێستاکە بە فەرمانی شا لە تاراندا دەست بەسەرەو بۆی نیە بڕواتە دەرەوە. باوکی مردووە وهەردوو براکەی لە کرماشان لەژێر چاودێریدان، عێلەکەیش چەك کراون و توانا و هێزیان نەماوە، بەم شێوەیە پای ڕۆژگاری نوێ بەرەو کێوەکانی کوردنشینی کەنار جادەی مێژوویی پاتاقیش کراوەتەوە وڕۆمانتیسمی عەشایری دابونەریتەکانیان شتێکی ئەوتۆی لێ بە جێنەماوەتەوە[٢].

---

١ مکری سەرچاوەی پێشین.، ص٩٤.

٢ ویلبرت بلوشر: سفرنامه بلوشر، ترجمه کیکاوس جهانداریی، تهران، انتشارات خوارزمی، ١٣٦٣، ص١٨٣.



## کتێبە چاپکراوەکانی
## کۆڕی زانیاری کوردستان و ئەکادیمیای کوردی

**کۆڕی زانیاری کوردستان:**

١) فەرهەنگی زاراوە (عەرەبی ـ کوردی)، بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٢، (١٤٢ لاپەڕە).

٢) کوردی تورکمانستان ـ مێژوو ـ ئەتنۆگرافیا ـ ئەدەب، د. مارف خەزنەدار، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٣، (٢٥٨ لاپەڕە).

٣) زاراوەی یاسایی، لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٤٠ لاپەڕە).

٤) زاراوەی کارگێڕی، لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٤٧ لاپەڕە).

٥) من ينابيع الشعر الكلاسيكي الكردي، ج١، رشيد فندی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٢٤٠ لاپەڕە).

٦) ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٥٦ لاپەڕە).

٧) ڕێزمـانی کەسـی سـێیەمی تـاك، د.شـێرکۆ بابـان، هـەولێر، چـاپخانەی وەزارەتـی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (١٥٩ لاپەڕە).
٨) چوارینێن خەیام، د. کامیران عالی بەدرخان، وەرگێڕانی لە لاتینییـەوە د. عەبـدوڵڵا یاسین ئامێدی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٩٤ لاپەڕە).
٩) شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، د. زەریٚ یوسوپۆڤا، و: لە ڕوسییەوە د. کوردستان موکریانی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢١٦ لاپەڕە).
١٠) العروض في الشعر الكردي، احمد هردی، هـەولێر، چـاپخانەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٢١٨ لاپەڕە).
١١) ژانرەکـانی ڕۆژنامـەوانی و مێـژووی چـاپخانە ١٤٥٠ ـ ١٥٠٠، د. مەغدیـد سـەپان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢٧٨ لاپەڕە).
١٢) زاراوەی ڕاگەیاندن، لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چـاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٠٨ لاپەڕە).
١٣) فەرهـەنگی زاراوەگـەلی ڕاگەیانـدن (ئینگلیـزی ـ کـوردی ـ عـەرەبی)، بـەدران ئەحمـەد حـەبیب، هـەولێر، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، سـاڵی ٢٠٠٥، (١٦٥ لاپەڕە).
١٤) ئەدەبی منداڵانی کورد ـ لێکۆڵینەوە ـ مێژووی سەرهەڵدان، حەمە کەریم هەورامی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٤٠٦ لاپەڕە).
١٥) گیرەکێن زمانیٚ کوردی، د. فازل عمـر، هـەولێر، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٣٤ لاپەڕە).
١٦) ل دۆر ئەدەبیٚ کرمانجی ل سەد ساڵاٚ نـوزدیٚ و بیـستیٚ زایـینی، تەحـسین ئیـبراهیم دۆسکی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢٧٦ لاپەڕە).
١٧) دەنگسازی و بڕگەسازی لە زمانی کوردیدا، د. شـێرکۆ بابـان، هـەولێر، چـاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢٠٦ لاپەڕە).

١٨) هۆنراوەی بەرگری لەبەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا ١٩٣٩ ـ ١٩٧٠، د. عبدالله یاسین عەلی ئامێدی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٣٢٠ لاپەڕە).

١٩) یوسف و زولەیخا، حەکیم مەلا ساڵح، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٤٠٧ لاپەڕە).

٢٠) زمانی کوردان ـ چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆجی زمان، پ. د فریدریش موولێر ئەوانی تر، و: لە ئەڵمانییەوە د. حمید عزیز ، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٩٢ لاپەڕە ).

٢١) ڕێبەری بیبلۆگرافیە کوردییەکان ١٩٣٧ ـ ٢٠٠٥، شوان سلێمان یابە، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٤٠٠ لاپەڕە).

٢٢) فەرهەنگی گەورەی من. د. کوردستان موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦ ، (٨٠ لاپەڕە).

٢٣) دیوانی عەزیز ـ محەمەد عەلی قەرەداغی ـ هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠، (١٤٤ لاپەڕە).

٢٤) زاراوەگەلی کاروباری مین ـ جەمال جەلال حوسێن ـ دلێر سابیر ئیبراهیم ـ دەزگای گشتی هەرێم بۆ کاروباری مین، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٨٠ لاپەڕە).

٢٥) زاراوەی ڕاگەیاندن ـ کەمال غەمبار ـ هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٩٦ لاپەڕە).

٢٦) زاراوەی ئەدەبی ـ ئامادەکردنی: لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٣٨٠ لاپەڕە).

٢٧) ئیندێکسی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد (١٩٧٣ ـ ٢٠٠٢) ـ شوان سلێمان یابە ـ هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٢٤٠ لاپەڕە).

٢٨) The Historical Roots of the National Name of the Kurds ـ د. جـەمال رەشـید، هـەولێر، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، سـاڵی ٢٠٠٦، (١٠٧ لاپەڕە)
٢٩) فەرهەنگی کۆمەڵناسی ـ عوبێد خدر ـ چاپخانەی دەزگـای ئـاراس ـ هـەولێر، سـاڵی ٢٠٠٧، (٨٣ لاپەڕە).
٣٠) بزاڤـی ڕزگـاریخوازی نیـشتیمانی لـە کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـدا (١٨٨٠ ـ ١٩٣٩ز) ـ د.سەعدی عوسمان هەروتی ـ چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هـەولێر، سـاڵی ٢٠٠٧، (١٥٥ لاپەڕە ).
٣١) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا ، نووسـینی: حەسـەن عەلی خانی گەڕووسی ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی ـ چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ( ٢٠٤ لاپەڕە ).
٣٢) شۆڕشـی شـێخ عوبەیـدوڵڵای نـەهری لـە بەڵگەنامـەی ئەرمەنیـدا، نووسـینی: ئەسکەندەر غوریانس، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ـ محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١٢٨ لاپەڕە ).
٣٣) فەرهەنگی کـوردی ـ فارسـی، وەرگێڕانـی لـە فارسـییەوە ـ محەمـەد حەمـە بـاقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١١٢ لاپەڕە ).
٣٤) شۆڕشـی شـێخ عوبەیـدوڵلای نـەهری لـە بەڵگەنامـەی ئینگلیـزی و ئـەمریکی دا ـ نووسینی ـ وەدیع جوەیدە. وەرگێڕانی لـە عەرەبییـەوە ـ محەمـەد حەمـە بـاقی . چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ( ١١٦ لاپەڕە ).
٣٥) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا، نووسینی: عەلی خان گۆنەخان ئەفـشار. وەرگێڕانـی لـە فارسـییەوە ـ محەمـەد حەمـە بـاقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٤٢٦ لاپەڕە ).
٣٦) شۆڕشی شێخ عوبەیـدوڵڵای نـەهری لـە بەڵگەنامـەی قاجـاری دا، نووسـینی: عـەلی ئەکبەر سـەرهەنگ. وەرگێڕانـی لـە فارسـییەوە: محەمـەد حەمـە بـاقی. چـاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧. (١٩٢ لاپەڕە).

٣٧) چەپكێك لە زاراوە گەلی كشتوكاڵ ـ ئامادەكردنی ـ حەمە ساڵح فەرهادی ـ چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١٤٤ لاپەڕە).
٣٨) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەكانی وەزارەتی كاروباری دەرەوەی ئێران دا. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٢٧٠ لاپەڕە)
٣٩) فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی، سالم، كوردی)، نووسینی ـ د. محەمەد نووری عارف، چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١٠٠٠ لاپەڕە).
٤٠) یەكەم فەرهەنگی تۆ، وەرگێڕانی: د.كوردستان موكریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٨٦ لاپەڕە).
٤١) ئەدەبی منداڵانی كورد دوای ڕاپەڕین، نووسینی: حەمە كەریم هەورامی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٣٦٨ لاپەڕە).
٤٢) فەرهەنگی هەراشان، كۆكردنەوە و داڕشتنی: كۆمەڵێك مامۆستا، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٣٣٦ لاپەڕە).

**ئەكادیمیای كوردی:**

٤٣) ئەلبوومی كەشكۆڵ، ب ١، دانراوی: محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٥٢ لاپەڕە).
٤٤) الأدب الشفاهي الكردي ، علي الجزيري ، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٠٠ لاپەڕە).
٤٥) بەركوڵێكی زاراوە سازیی كوردی، ئامادەكردنی: جەمال عەبدول، دووەم چاپ، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٣٠ لاپەڕە).
٤٦) دیوانی قاصد، ساغكردنەوەی: شوكر مستەفا و ڕەحیم سورخی، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٥٢ لاپەڕە ).
٤٧) چەند لێكۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی كورد لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، نووسینی: دكتۆر زرار سدیق تۆفیق، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٠٨ لاپەڕە).

٤٨) كيمياى ژەهرى دەستكرد. نووسينى: پ.د. عەزيز ئەحمەد ئەمين، چاپخانەى خانى ـ دهۆك، ساڵى ٢٠٠٨، (٢٠٨ لاپەڕە).

٤٩) ڕۆڵى سەربازيى كورد لە دەوڵەت و ميرنشينە ناكورديەكان لە سەردەمى عەبباسيدا، نووسينى: مەهدى عوسمان حسێن هەروتى، چاپخانەى خانى ـ دهۆك، ساڵى ٢٠٠٨، (٣٦٨ لاپەڕە).

٥٠) دور نواب السليمانية في المجلس النيابي العراقي (١٩٤٥ ـ ١٩٥٨)، دانانى: سالار عبدالكريم فندى الدوسكى، چاپخانەى خانى ـ دهۆك، ساڵى ٢٠٠٨، (٣٠٤ لاپەڕە).

٥١) عبدالله گۆران، رائداً لحركة تجديد الشعر الكوردي، دانانى: كەمال غەمبار چاپخانەى خانى ـ دهۆك، ساڵى ٢٠٠٨، (٣٢٠ لاپەڕە).

٥٢) وثائق بريطانية عن تشكيل دولة كوردية مستقلة ١٩٢٤ ـ ١٩٢٧ ، دانانى: د.عبدالفتاح على البوتانى، چاپخانەى خانى ـ دهۆك، ساڵى ٢٠٠٨، (٢٦٨ لاپەڕە).

٥٣) ساڵنامەى ئەكاديمياى كوردى ، ئامادەكردنى: پرۆفيسور د. وريا عومەر ئەمين . چاپخانەى حاجى هاشم ـ هەولێر، ساڵى ٢٠٠٩، (٥٦ لاپەڕە).

٥٤) مەمێ و زينێ، ئامادەكردنى: جاسمێ جەليل، دوكتۆر عيزەدين مستەفا ڕەسووڵ خستوويەتييە سەر نووسينى كورديى عيراق و پێشەكيى بۆ نووسيوە و لێى كۆڵيوەتەوە، چاپخانەى حاجى هاشم ـ هەولێر، ساڵى ٢٠٠٩، (١٦٨ لاپەڕە).

٥٥) هەنگاوێك لەسەر ڕێگەى لێكۆڵينەوەى (ديوانى سالم)دا، محەمەدعەلى قەرەداغى، چاپخانەى حاجى هاشم ـ هەولێر، ساڵى ٢٠٠٩، (٨٠ لاپەڕە).

٥٦) كەرەسە بەتاڵەكان لە روانگەى تيۆرى دەسەڵات و بەستنەوە ((شێوەزارى كرمانجى سەروو))، نووسينى: ڤيان سلێمان حاجى، چاپخانەى حاجى هاشم ـ هەولێر، ساڵى ٢٠٠٩، (٢١١ لاپەڕە).

٥٧) هێز و ئاواز لە دياليێكتى كورديى ژووروودا، نوسينى: عەبدولوەهاب خاليد موسا، چاپخانەى حاجى هاشم ـ هەولێر، سالى ٢٠٠٩، (١٤٦ لاپەڕە).

٥٨) گەپنامەى مێرگولان، نوسينى: رەسوڵ دەروێش، چاپخانەى حاجى هاشم ـ هەولێر، ساڵى ٢٠٠٩، ( ١٧٦لاپەڕە).

٥٩) دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆرو هەندی لایەنی ڕستەسازیی کوردی، ئامادەکردنی: یوسف شەریف سەعید، چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩ (١٣٤ لاپەڕە).
٦٠) هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلآت و بەستنەوە (GB) لەزمانی کوردیدا، ئامادەکردنی: د.سەباح ڕەشید قادر، چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩ (١٧٢ لاپەڕە).
٦١) الحیاة الاجتماعیة للکورد بین القرنین (٤ - ٩هـ/١٠ - ١٥م)، دانانی: دکتۆرە فائزە محەمەد عزەت، چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٢٧٢ لاپەڕە).
٦٢) العلاقات الایرانیة - السوفیتیة ١٩٣٩ - ١٩٤٧، دانانی: نزار ایوب حسن الگولی، چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٢٩٠ لاپەڕە).
٦٣) بیبلیۆگرافیای کوردناسی لە سەرچاوە فەرەنسییەکاندا، د. نەجاتی عەبدوڵلا، چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٥٢٨).
٦٤) بیبلیۆگرافیای کوردناسی لە سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا، د. نەجاتی عەبدوڵلا، چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٤٤٨).
٦٥) امیر امراء کردستان (ابراهیم باشا الملی ١٨٤٥ - ١٩٠٨)، دانانی: أ. د. عبدالفتاح علی البوتانی - علی صالح المیرانی، چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (١٦٠ لاپەڕە).
٦٦) دیوانا مەلا محەمەدێ سەیدا، بەهەڤکار: سەید جەلال نزامی، چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٨٨ لاپەڕە).
٦٧) داستانی هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود، نووسینی: محەمەد ساڵح سەعید، چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٣٢٦ لاپەڕە).
٦٨) کیمیای ژینگە، پیسبوونی ئاووهەوا، پ . د. عەزیز ئەحمەد ئەمین، چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (١٦٠ لاپەڕە).
٦٩) گەشتنامەی پوژولا بۆ کوردستان ساڵی ١٨٣٧، وەرگێڕانی: د. نەجاتی عەبدوڵلا، چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (١٩٨ لاپەڕە).
٧٠) ڕێزمانی کوردی، وەرگێڕانی: د. نەجاتی عەبدوڵلا، چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (١٤٤ لاپەرە).

٧١) بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، دانانی: د. ئـازاد ئەحمـەد مـەحموود، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩ (٢٥٨ لاپەڕە).
٧٢) الحركــة الــشيوعية في تقــارير مديريــة الامــن العامــة ١٩٥٩ ـ ١٩٦٢، نووســینی: د. عبـدالفتاح علـى البوتـانی، چـاپخانەی حـاجی هاشـم ـ هـەولێر، سـاڵی ٢٠٠٩، (٢٨٨ لاپەڕە).
٧٣) فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی (جزیری و مەحوی)، نووسینی: د. ئیـبراهیم ئەحمـەد شوان، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، (٣٦٠ لاپەڕەیە).
٧٤) چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٩١ ـ ٢٠٠٥)، دانانی: ڕازاو ڕەشید صەبری، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، (٢١٢ لاپەڕە).
٧٥) هەولێر لە سەردەمی ئەتابەگیاندا، نووسینی: پ. د. موحسین موحەممەد حوسـێن، عثمان علی قـادر کردویـە بـە کـوردی، چـاپخانەی حـاجی هاشـم — هـەولێر، سـاڵی ٢٠١٠، (٤٧٣ لاپەڕە).
٧٦) هەورامان باشتر بناسین، نووسینی: محەمەد رەشیدی ئـەمینی، چـاپخانەی حـاجی هاشم — هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، (٩٦ لاپەڕە).
٧٧) فەرهەنگا کـانی، نووسـینی: محەمـەد سـالح پێنـدرۆیی (جگـەر سـۆز)، چـاپخانەی سپیرێز — دهۆك، ساڵی ٢٠١٠ (٦٣٩ لاپەڕە).
٧٨) وشەنامە، نووسینی: جەمال حبیب الله (بێدار)، چاپخانەی سپیرێز— دهۆك، سـاڵی ٢٠١٠ (١١٤٧) لاپەڕە).
٧٩) بیبلیۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی، ئامادەکردنی لیژنەی بیبلیۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی سپیرێز — دهۆك، ساڵی ٢٠١٠ (٤٠٠) لاپەڕە.
٨٠) ئاسـوورییەکانی باشـووری کوردسـتان، نووسـینی د. عەبـدوڵلا غـەفور، چـاپخانەی سپیرێز — دهۆك، ساڵی ٢٠١٠ (٢٠٨) لاپەڕە.
٨١) جوگرافیای ئابووری نەفت لە کوردستاندا، چـاپی سـێیەم، نووسـینی د. عەبـدوڵلا غەفور، چاپخانەی حاجی هاشم— هەولێر، ساڵی ٢٠١٠ (٣٠٥) لاپەڕە.
٨٢) فلسفة العشق الإلهي في شعر الجزيري، تألیف محمـد امـین دوسـكي، الطبعـة الثانيـة، مطبعة سپیرێز— دهۆك، سنة ٢٠١٠ (١٩٦) صفحة.

٨٣) فەرهەنگی کوردی – فەرەنسی، نووسەر: ئۆگست ژابا، بلاوکەرەوەی زانستی: فێردینانـد یۆسـتی، وەرگێڕانـی پێـشەکی و دووبـارە لەچـاپدانەوەی: د.نـەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١٠ (٥٠٥) لاپەڕە.
٨٤) فەرهـەنگی ئـابووری، دانـانی: پ.ی.د. سـەلاحەددین کـاکۆ خۆشـناو، چـاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١٠ (٢٥٦لاپەڕە).
٨٥) الوسـائل التعليميـة ومعوقاتهـا في تـدريس العلـوم، رشـيد فنـدي، مطبعـة سـپيرێز – دهوك، سنة ٢٠١٠ (١٣٠) صفحة.
٨٦) سایکۆلۆژی زمان
٨٧) الكُرد في مؤلفات المقريزي التاريخية – دراسة تحليلية، الدكتور فرهاد حاجي عبوش، مطبعة سبيريز– دهوك، سنة ٢٠١٠ (٤١٨) صفحة.
٨٨) من معالم الحياة الكردية في سوريا / تأليف ميديا عبدالمجيد محمود، مطبعة سپيرێز – دهوك ٢٠١٠، ٢١٦ صفحة.
٨٩) ئێل و ئویجاخێن کـوردا ل کوردسـتانا ئیرانـێ، وەرگێرانـا مەسـعود گـولی، چـاپخانا سپیرێز – دهۆك ٢٠١٠، ١٤٠ لاپەڕە.
٩٠) سمکوییێ شکاك و شۆڕەشا وی د بەلگەنامەیێن ئیرانیدا، ئامادەکرن و تویژاندن فاخر حەسەن گولی و وەرگێران و پێداچوون نزار ئەیوب گـولی، چاپخانا سـپیرێز – دهـۆك ٢٠١٠، ٣٨٤ لاپەرە.
٩١) الفارقى ومنهجه من خلال كتابه تاريخ ميافارقين وآمد، تأليف سطظان محمـد سـعيد كوچر، مطبعة سپيرێز – دهۆك ٢٠١٠، ٣٠٨ صفحة.
٩٢) پەندی کـوردی، نووسـینی حەمیـد رەشـاش، چـاپخانەی سـپیرێز – دهـۆك ٢٠١٠ ، ٣٢٤ لاپەڕە.
٩٣) دو فەرهەنگێن ڤەهاندی نووبار و (مرصاد الأطفال) بەرهـەڤکرنا تەحـسین ئیـبراهیم دۆسکی، چاپخانەی سپیرێز – دهۆك ٢٠١٠، ١١٢ لاپەرە.
٩٤) دو ڤـەهینۆکێن کرمـانجی د علمـێ تەجویـدێ دا، بەرهـەڤکرنا تەحـسین ئیـبراهیم دۆسکی، چاپخانەی سپیرێز – دهۆك ٢٠١٠، ١٠٠ لاپەرە.
٩٥) لێکولێنەوەو سـاغکردنەوەی بەشـێك لـە دیـوانی مـوخلیس. د. ئیـبراهیم ئەحمـەد شوان، چاپخانەی سپیرێز – دهۆك ٢٠١٠، ٣٢٤ لاپەرە.

٩٦) دیوانا نەفعی، ساخکرن و بەرهەڤکرن تەحسین ئیبراهیم دۆسکی و مەسعود خالد گولی، چاپخانا سپیریز/ دهۆك ٢٠١٠، ٢٦٠ لاپەرە.
٩٧) بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستان، نووسینی ڕێزان عوسمان (خالە دێوە)، چاپخانەی سپیریز/ دهۆك ٢٠١٠، ٢٧٦ لاپەرە.
٩٨) تورك لە بولگارستان، کورد لە تورکیا، نووسینی، عەزیز نەسین، وەرگێران و ئامادە کردنی، بەکر شوانی و سیروان ڕەحیم، چاپخانەی حاجی هاشم/ هەولێر ٢٠١٠، ١٤٠ لاپەرە.
٩٩) الدولة الأيوبية وفق نظرية الدولة لابن خلدون، تأليف: د. حكيم عبدالرحمن البابيري، مطبعة، حاجي هاشم/ أربيل ٢٠١٠ ، ٣٢٠ صفحة.
١٠٠) فەرهەنگی پزیشکی، دانانی د. جەمال ڕەشید، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٠، بەرگی یەکەم ٨٤٠ لاپەرە.
١٠١) فەرهەنگی پزیشکی، دانانی د. جەمال ڕەشید، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٠، بەرگی دووەم ٧٩٦ لاپەرە.
١٠٢) فەرهەنگی پزیشکی ، دانانی د. جەمال ڕەشید، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٠، بەرگی سێیەم ٦٨٠ لاپەرە.
١٠٣) ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، ئامادەکردنی: لێژنەی زاراوە لەئەکادیمیای کوردی، هەولێر ساڵی ٢٠١٠، چاپخانەی حاجی هاشم — هەولێر، (٦٤) لاپەڕە.
١٠٤) ڕۆژنامەنووسی پڕۆفیشناڵ و ئیتیکی ڕۆژنامەوانی، نووسینی: محەمەد ساڵح پێندرۆیی (جگەرسۆز)، چاپخانەی حاجی هاشم — هەولێر، ٢٠١٠، (١٨٤) لاپەڕە.
١٠٥) ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە باشووری کوردستان لەساڵانی (١٩٨٠– ١٩٩١) دا، نووسینی : د. حوسێن غازی کاك ئەمین گەلاڵەیی، چاپخانەی حاجی هاشم– هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، (٢٣٥) لاپەڕە.
١٠٦) فەرهەنگی میدیا (کوردی–کوردی)، بەرگی یەکەم، نووسینی: د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، چاپخانەی حاجی هاشم — هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، (٢٨٩) لاپەڕە.
١٠٧) لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، نووسینی: د.ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، چاپخانەی حاجی هاشم — هەولێر، ساڵی ٢٠١١، (٤٢٥) لاپەڕە.

١٠٨) فەرهەنگی زاراوەکانی ئاو، نووسینی: ناهیدە تاڵەبانی – د.خالید بەرزنجی – فەیروز حەسەن عەزیز، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١١، (٤٢٨) لاپەرە.
١٠٩) مذكرات دولة الرئيس حسني بك البرازي رئيس الوزراء السوري الأسبق (١٨٩٥–١٩٧٥) تقديم: الدكتور عبدالفتاح علي البوتاني، مراجعة الهوامش: علي صالح الميراني، مطبعة الحاج هاشم – اربيل ، سنة ٢٠١١، ( ١٢٤ ) صفحة.
١١٠) عەقیدە نامەیێن کرمانجی، کۆمکرن و بەرهەڤکرن: تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١١، ( ٤٢٥) لاپەرە.
١١١) المعجم التاريخي لإمارة بهدينان، تأليف: الدكتور عماد عبدالسلام رؤوف، مطبعة الحاج هاشم – اربيل، سنة ٢٠١١، (٤٢٢) صفحة.
١١٢) مذكرات دولة الرئيس حسني بك البرازي، رئيس الوزراء السوري الاسبق (١٨٩٥–١٩٧٥)، من مطبوعات الاكاديمية الكوردية، مطبعة الحاج هاشم – اربيل، سنة ٢٠١١ (١٢٧) صفحة.
١١٣) ما مِنْ مكانٍ نختبئُ فيه، مذكرات ممرضة بريطانية في العراق ١٩٥٤–١٩٩١، تأليف: سوزان فرانكس و أندرية كروفس، ترجمة: ابتسام نعيم الرومي، مطبعة الحاج هاشم – اربيل، سنة ٢٠١١، (٢٩٥) صفحة.
114) Aspects of the Verbal Construction in Kurdish, Auther : Dr. Waria Omar Amin, Printed in : Haji Hashim Printing House, Erbil- 2011, (179) page.
١١٥) بیرەوەرییەکانی عەلی ئەکبەرخانی سەنجاوی سەردار موقتەدر، ساغکردنەوەی: دکتۆر کەریمی سەنجاوی، وەرگێڕانی : دکتۆر حەسەن جاف، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١١، (٦٨٧) لاپەرە.

لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی
هەولێر ٢٠١١